# سمكۆ

# (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)

## و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد



هەواڵنامەی کتێب

&

KURD ARSHIV

نووسینی: محمد رسول هاوار

APEC

# سمكۆ

# (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)

## و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد

نووسینی: محمد رسول هاوار

چاپخانەی ئاپێک

# سمکۆ

# (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)

## و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد

نووسینی: محمد رسول هاوار

چاپخانەی ئاپێک
سوید ـ ستۆکهۆڵم
ساڵی ١٩٩٥



سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)

پێشکەشە بە گیانی شەهیدانی ڕێگەی خەبات و
تێکۆشانی کورد لە پێناوی دیموکراتی و ئازادی و
سەربەستی و مافی چارەنووسی
میللەتی کورددا .

ـ هاوار ـ

# ناوەڕۆک

بەشی یەکەم
پێشەکی 13
بەشی دووهەم 21
ناوچەی ژووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران و کێشە لەسەر ئەو ناوچانە: 23
یەکەم: کوردەکانی ئەو ناوچانە و شوێنی کوردە نیشتەجێبووەکانی ئەو ناوچانە.
دووهەم: کێشە لەسەر ئەو ناوچانە. 42
بەشی سێهەم:
کورتەباسێکی مێژوویی دەربارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە و ئازربایجان. 71
بەشی چوارهەم:
بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد: 85
یەکەم: مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەو ناوچانەدا. 87
دووهەم: سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەو ناوچانەدا. 101
١- بزووتنەوەی بدرخان پاشا. 101
٢- بزووتنەوەی شێخ عبیداللەی نهری. 111
٣- بزووتنەوەی شێخ عبدالرزاق بدرخان 146
بەشی پێنجەم:
شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوێست و ڕووداوەکان لەو بەشەی کوردستاندا. 171

بەشی شەشەم:
مشروطیەی ئێران لە ساڵی ١٩٠٦دا و ڕاپەڕینی جەنگەلییەکان و دەوری کوردی کوردستانی ئێران. 187
بەشی حەوتەم:
ئێلی شوکاک و بنەماڵەی سمکۆ: 207
یەکەم: عەشیرەتی شوکاک. 209
دووهەم: بنەماڵەی سمکۆ: 220
ا ـ اسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ. 224
ب ـ علی ئاغا (علی خان)ی کوڕی اسماعیل ئاغا و باپیری سمکۆ. 226
ج ـ محمد پاشای شوکاک (باوکی سمکۆ) و جعفر ئاغای کوڕی محمد پاشا. 229
بەشی هەشتەم:
اسماعیل ئاغای شوکاک (سمکۆ)... دەرکەوتنی و بەناوبانگبوونی سمکۆ و تەقەلای کوشتنی لە لایەن ئێرانەوە: 251
یەکەم: دەرکەوتن و بەناوبانگبوونی سمکۆ. 251
دووهەم: تەقەلای ئێران بۆ کوشتنی سمکۆ بە بۆمبا (نارنجۆک). 285
بەشی نۆهەم:
چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆ: 289
یەکەم: قۆناغی یەکەمی چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆ بە هاوکاریکردنی عبدالرزاق بدرخان. 295
دووهەم: قۆناغی دووهەمی چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆ لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی. 298
بەشی دەهەم:
پێوەندی سمکۆ لەگەڵ وڵاتاندا: 303

306 ١- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ روسی قیصری و سۆڤیێتدا.
311 ٢- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکانا لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بەر لە شکاندنی لە شەڕەکانیا لەگەڵ ئێران و تورک.
341 ٣- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و تورکە کەمالییەکاندا.
347 ٤- پێوەندی سمکۆ لەگەڵ کوردەکانی خوارووی کوردستاندا.
بەشی یازدەهەم:
363 کێشەی سمکۆ و ئاسورییەکان.
369 یەکەم: هۆی هاتنی ئاسورییەکان بۆ ژووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران و ئازربایجان و چۆنێتی نیشتەجێبوونیان لەو ناوچانەدا.
376 دووهەم: هۆی تێکچوونی سمکۆ و ئاسورییەکان و هۆی کوشتنی مارشمعون.
390 سێهەم: چۆنێتی کوشتنی مارشمعون.
398 چوارەم: هێرشی ئاسورییەکان بۆ سەر سمکۆ دوای کوشتنی مارشمعون.
407 پێنجەم: گواستنەوەی ئاسورییەکان لە لایەن ئنگلیزەکانەوە بۆ همدان - بعقوبە - و لەوێوە بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خوارودا.
بەشی دوازدەهەم:
413 هۆی تێکچوونی سمکۆ لەگەڵ ئێرانییەکاندا.
بەشی سیازدەهەم:
421 شەڕەکانی سمکۆ:
423 أ- شەڕەکانی سمکۆ لەگەڵ ئێراندا بەپێی سەرچاوەکان (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێران).

یەکەم: سەرەتای شەڕەکانی سمکۆ لەگەڵ ئێراندا. 426

دووهەم: شەڕی مهاباد و داگیرکردنی. 434

سێهەم: شەڕەکانی تری سمکۆ هەتا شکاندنی. 475

ب- باسی شۆڕشەکانی سمکۆ لە دوکیومێنتەکاندا. 531

ج- باسی شۆڕشەکانی سمکۆ لە ڕۆژنامەکانی خوارووی کوردستاندا. 540

بەشی چواردەهەم:

شکانی سمکۆ لە شەڕەکانیا لەگەڵ ئێران و تورکیا و سەرەنجامی ئەو شکاندنە. 547

بەشی پازدەهەم:

پێوەندیکردنی سمکۆ بە ئینگلیزەکانەوە لەدوای شکاندنی بەرامبەر بە ئێران و تورکیا و هاتنی بۆ خوارووی کوردستان. 561

یەکەم: هاتنی سمکۆ بۆ خوارووی کوردستان. 565

دووهەم: چوونی سمکۆ بۆ سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخ مەحمووددا. 580

بەشی شازدەهەم:

بەجێهێشتنی سلێمانی لە لایەن سمکۆوە و چوونی بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ سەر سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیا. 603

بەشی حەڤدەهەم:

چوونی سمکۆ بۆ شنۆ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێرانیەکاندا و کوشتنی لە لایەن ئێرانییەکانەوە. 635

بەشی هەژدەهەم:

هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ. 669

## بەشی یەکەم

# پێشەکی

نووسینی پێشەکییەک کە بۆ ئەم باسەی سمکۆ بشێ، شتێک نەبوو کە بتوانم هەر لەسەرەتاوە ئامادەی بکەم بەڵکو هێشتمەوە بۆ کاتی دواپاکژکردنی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی سمکۆ دواون. لەبەر ئەوەی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا، لە هەر یەکێکیانا لە شوێنی خۆیدا و لە باسی خۆیدا بە پێی ئاگاداری و بۆچوونی خۆم سەرنجی خۆم دەربارەی سەرچاوەکان دەربڕیوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستم نەزانی هیچ جۆرە سەرنجێک دەربارەی ئەو سەرچاوانە پێشکەش بکەم.

هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کە نووسینی ئەم باسەی سمکۆ ماندووبوونێکی زۆر زۆری ئەوێ چونکە بزووتنەوە و شۆڕشەکانی سمکۆ و بار و هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی کە ئەو شۆڕشەکانی تیایاندا کردبوو ئەوەندە ئاڵۆز و پێکاهەڵچووبوون کە بەئاسانی مرۆڤ چوارچێوە و سنووری بەشەکانی بۆ دەستنیشان ناکرێ و لەپاش دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی کە بە پێویستم زانی ئامادەیان بکەم، بۆم دەرکەوت ئەو باسانەی لەو سەرچاوانەدا هەن بەشێکی زۆریان باسەکانیان بە شێوەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز و پێکاهەڵچوو تۆمارکراوە لەبەر ئەوەی بژارکردنیان و جیاکردنەوەیان و دابەشکردنیان بەسەر بەشەکانی ئەم کتێبەدا گەلێک کۆسپیان ئەهێنایە بەردەمم، لەبەر ئەوە بەناچاری بڕیارم دا کە هەندێک لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لەو سەرچاوانەدا باسکراون منیش لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا هەندێ جار هەندێکیان دووبارە بکەمەوە بۆ ئەوەی زنجیرەی بەشەکان لێک نەپچڕێن و ئەڵقەکانی بەشەکانی ئەم کتێبە بەپێی ئەوە ببەستمەوە بەیەک کە ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو.

بێگومان ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی سمکۆ وەنەبووبێ هەمووی هەر بەرهەم و زادەی سمکۆ بووبێت و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی هەر لە خۆیانەوە هەڵنەقولاون و هەمووی لە سمکۆ و لە زەمانی سمکۆوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو بەر لە سمکۆ زنجیرەیەک بەسەرهات و ڕووداو و ڕاپەڕین و شۆڕشێکی زۆر ڕوویداوە و کە سمکۆ بووە بە دەسەڵاتدار و لە ناوچەکەی خۆیدا جڵەوی شۆڕش و ڕاپەڕینی سەردەمی خۆی گرتووە بە دەستیەوە گەلێک بەسەرهاتی مێژوویی بەر لە خۆی، سمکۆی بەرەو ئەوە پاڵ پێوەنابوو کە زنجیرەی ئەو بەسەرهات و ڕاپەڕین و شۆڕشانەی بەر لە خۆی تەواو بکات.

له نووسینی ئەم کتێبەدا منیش بۆ ئەوەی ئاورێک لەو ڕووداو و باسە مێژوویيانەی بەر لە سمکۆ بدەمەوە و پوختە و کاکڵەی ئەوانە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم، وام بە باش زانی بەوە دەست پێ بکەم کە باسێکی ناوچەی ئازربایجان و موکریان و نیشتەجێبووەکانی ئەو ناوچە و کێشەی دەوڵەتان لەسەر کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوایەتی و هەندێک لە شۆڕشەکانی ئەو ناوچانە بەر لە سمکۆ و ئەو هەل و مەرجانەی کە شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ سمکۆیان ڕەخساندبوو باس بکەم، ئەوسا بچمە سەر باسی سمکۆ و عەشیرەتی شوکاک و شۆڕشەکانی سمکۆ و شکاندنی و ئاوارەبوونی هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی ۱۹۳۰دا لە شنۆ لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە شەهیدکرا.

نووسینێکی تێر و تەسەل دەربارەی سمکۆ، هەروەکو ئەوەی شێخ مەحموود شتێک بوو لە مێشکما پەنگی خواردبووەوە و خستمیە سەر سەودای ئەوەی کە شتێک دەربارەی سمکۆ بنووسم، بەتایبەتی لە کاتی نووسینی دوو بەرگەکەی کتێبی شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی کوردستاندا ورده ورده باسەکەی سمکۆم لەو سەرچاوانەوە بۆ ڕوون ئەبووەوە کە بۆ کتێبەکەی شێخ مەحموود سوودم لێ وەرگرتبوون. هەر لە کتێبەکەی شێخ مەحموود بوومەوە، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بە بیرما دەهات بۆ ئەو باسەی سمکۆ پێویست بوون.

له کتێبخانەی جامعەی لندن (ساواس) گەلێک کتێبی فارسی و ئینگلیزی دەسگیر ئەبن کە لەوانەدا باسی سمکۆ و شۆڕشەکان سمکۆیان کردووە کە بێگومان زۆربەی کتێبە فارسییەکان بە پێنووسێکی پاک و ئەمین نەنووسراون و زۆریان پڕن لە ژەنگ و ژاری شوڤێنیتی و قین بەرامبەر بە سمکۆ و بە شۆڕشەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بەرامبەر بە کورد و کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە هەوڵی ئەوە بدەم لە ڕێبازی نووسینی ئەو سەرچاوانەدا سەرنجی خۆم بەرامبەریان دەرببڕم و بەراوردی درۆکان هەندێکیان بکەم و بەپێی توانا بەرپەرچیان بدەمەوە.

لێره لە لندن، هەروەکو برادەرانی کوردی ئێران ئەڵێن لە ئینگلستان، برای بەڕێزم مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی و لە شاری سقز برای خۆشەویستم مامۆستا محمدی حەمەباقی ئەوەی کە دەستیان کەوتبوو دەربارەی سمکۆ بەسوپاسەوە بۆیان ناردووم لەگەڵ چەند سەرنجێکی بەسوود و بەنرخی خۆیانا.

هەروەها برادەرانی بەڕێزی وەکو کاک عمری فاروقی لە سقز و کاک ئەحمەدی شەریفی لە سابلاغ، ئەوانیش دووبارە بەسوپاسەوە ئەوەی دەستیان کەوتبوو دەربارەی سمکۆ بۆیان ناردم، بێجگە لە بەرهەمەکانی خۆیان کە هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیدا لێیان دواوم. بەداخەوە ڕێگەی پۆستەی بغداد قوڕی پیادا دراوە بۆیە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەکو بۆ کتێبەکەی شێخ مەحمود یەک لەدوای یەک سەرچاوەی بۆ ئەناردم، بۆ ئەمە دەست و دەمم نەیگەیشتێ، ئەگەر وا نەبووایە لەو و لە مامۆستایان دوکتۆر کەمال مەزهەر و مامۆستا ڕۆژبەیانی کە هەردووکیان شارەزای ئەو سەرچاوانەن گەلێک سەرچاوەی ترم دەست دەکەوت.

هەر چۆنێک بێت، لەو سەرچاوانەی کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا باسمکردوون، بۆ هەر یەکێکیان ژمارەی زنجیرەی سەرچاوەکەم لەو لیستەی سەرچاوانەدا دەسنیشان کردووە لە هەر شوێنێکی کتێبەکەدا کە پێویستی بە ناوهێنانی ئەو سەرچاوانە بوویێت ژمارەکەیم لە کەوانەدا داناوە و ئیتر پێویستی نەکردووە هەموو جارێک بە دوورودرێژی باسی شوێنی چاپ و ساڵی چاپکردنی ئەو سەرچاوەیە لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا دووبارە بکەمەوە.

وا بەپێی ئەو سەرچاوانە ئەوی پێویستم پێ بوویێت گوڵبژێرم کردوون و هەر باسەم لە شوێنی خۆیدا تۆمارکردووە.

مامۆستا کەریمی حسامی لەو باسەیدا کە بۆ سمکۆی تەرخان کردووە گلەیی لە نووسەرانی کورد کردووە و ڕەخنەی لێگرتوون کە بایەخیان نەداوە بە سمکۆ و هەوڵ نەدراوە دەربارەی سمکۆ شتێک بنووسرێت. لەڕاستیدا کاک حسامی زۆر ڕاستی کردووە و ئێجگار باشی بۆ چووە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە نەک هەر تەنها بەرامبەر بە سمکۆ کەمتەرخەمی کراوە، بەڵکو گەلێک باسی گرنگی تریش هەیە پشتگوێ خراوە لەوانەی کە پێوەندی بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەیە لە کوردستانی ئێراندا، بۆ نموونە: تا ئێستا باسێکی تێر و تەسەل دەربارەی ژیانی شەهیدی کۆماری مەهاباد قازی محمد نەکراوە و وا تازە لەم دواییەدا چەند کتێبێک دەربارەی کۆماری مەهاباد نووسراوە وەکو ئەوەی کاک کەریمی حسامی و ئەوەی مامۆستایان نوشروان مصطفی بە ناوی (حکومتی کوردستان) چاپی ساڵی ۱۹۹۳ و کۆماری مەهاباد نووسینی کریمی حسامی و گۆڤاری نیشتمان نووسینی دوکتۆر جمال نەبەز، ساڵی ۱۹۸۵ و دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامە و دوکیومێنت بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی مامۆستا محمود ملا عزت، چاپی سوید ساڵی ۱۹۹۲ و

کۆماری میللی مەهاباد و هەروەها ئەو کتێبەی (کورد و عجم)ی کە بە ناوی صالح محمد امین ساڵی ١٩٩٢ چاپ کراوە.

ئەوەی کاک حسامیم لە ڕۆژێکدا هاتەوە بیر کە لە ساڵی ١٩٩٤دا بە یادی کۆماری مەهاباد لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لندن کۆڕێک بەسرا، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا کە پێویست بوو هەموو برادەرانی کوردی ئێران لەو کۆڕەدا بەشداری بکەن و ئامادە بن و هەر هیچ نەبووایە ٣٠-٤٠ کەسێکیان بهاتنایە، بەڵام بەداخەوە جگە لەو برادەری کە ئەو کۆڕەی ڕێک خستبوو و برادەرێکی خۆشی ئیتر کەسی تریان نەهاتبوون، لە بەشەکانی تری کوردستانەوە شوێنەکەیان پڕکردبووەوە کە بۆ ئاگاداریش ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکشەمە بوو، ڕۆژی کار و فرمان نەبوو کە وەکو برادەرانی کوردی ئێران خۆیان ئەڵێن کەس لەو ڕۆژەدا خەریکی (پووڵ) پەیداکردن نەبوو، لام وایە وەکو بۆ ئاهەنگەکانی گۆرانیبێژە فارسییەکان ئەچن و بلیت ئەبڕن و چەند (پۆند)ێکیش ئەدەن ئەیانتوانی لەو ڕۆژە پیرۆزەشدا ئامادەبوونایە.

بەکورتی ئێمە هەموو لایەکمان کەمتەرخەمین و حساب بۆ ئەوە ناکەین کە دوژمنانی کورد، بەتایبەتی نووسەرە فاشیستەکانی فارس هەر لە کۆنەوە سەدان کتێبیان چاپ کردووە و ئیمڕۆش لەژێر پەردەیەکی تردا لەو جۆرە کتێبانە چاپ دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە کە نووسەرەکانیان سەدان درۆ و دەلەسەیان بۆ کورد و بۆ بزووتنەوەی کورد و بۆ ڕابەرانی کورد هەڵبەستووە و بە هەموو جۆرێک هەوڵیان داوە ناوی گەورەپیاوانی کورد و شۆڕشەکانی کورد بزڕێنن و قارەمانێکی کۆڵنەدەری وەکو سمکۆ لە سەدان سەرچاوەی فارسیدا ناوی بە خراپ براوە و تەنها بە چەتە و ڕێگر و تالانیکەر و پیاکوژ باسیان کردووە و تاقە نووسەرێکیان چاوی بەرایی نەهێناوە کە دانی خێر بە سمکۆ و بە شۆڕشی کورددا بنێت و ئەو هەموو تاوان و ڕاووڕووت و چەساندنەوە و بەرتیلخواردن و ڕووتاندنەوەی کە کاربەدەستانی ئێران بەرامبەر بە کورد کردوویانە و مافی کوردیان خواردووە و پێشێلکردووە کە کورد بەرامبەر بەوە ناچار بووە بێزاری خۆی دەرببڕێ و ڕاپەڕێ و شۆڕش بکات، ئەمانە هیچی حسابی بۆ نەکراوە، بۆیە برادەرانی کوردی ئێرانی فارسیزان پێویستە لەسەریان بەو کتێبە فارسییانەدا بچنەوە و ئەگەر لە ئێرانیش ماوەی ئەوەیان نەبێت لە دەرەوەی وڵات بە سەدان ڕۆشنبیریان هەیە کە هەندێکیان فارسییەکەیان لە نووسینی کوردی باشترە و لە ئەرشیفی کتێبخانەکانەی دەرەوەدا سەدان کتێب و دوکیومێنت (وەکو خۆیان پێی ئەڵێن اسناد محرمانه) هەیە کە پڕن لە باس و بەڵگەی

بەنرخ کە بتوانن بەرپەرچی ئەو درۆ و دەلەسانە بدەنەوە کە نووسەرە فاشیستەکانی ئێران دەربارەی کورد چاپیان کردووە و چاپی ئەکەن.

هەر چۆنێک بێت، ناڵێم من شتێکی گرنگم کردووە لەم کتێبەدا، بەڵام هیوادارم وەکو کوردێک ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ هێنابێت و ئومێدەوارم ببێتە هاندەرێک بۆ نووسەرانی برادەرانی کوردی ئێران، ئەوەی من لەم باسەدا بۆی نەچووم و ئەوان لەبەر ئەوەی لە من شارەزاترن لەو ڕووەوە هەر یەکە لەلای خۆیەوە بە کتێبێک، کتێبۆلکەیەک، باسێکی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە ئەم باسە فراوانتر بکەن و هەوڵ بدەن باسێکی تێر و تەسەل لەسەر ڕێبازێکی زانیارانە دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە شێوەیەکی گشتی یا باسی شۆڕشێک لە شۆڕشەکانی پێشکەش خوێندەواران بکەن و لە هەمووی گرنگتر ئیمڕۆ ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ بە زمانەکانی بێگانە وەکو چۆن دوکتۆر کەمال مەزهەر چەند کتێبێکی بە عەرەبی دەربارەی شۆڕشەکانی کورد و باسی کوردستانی ئێران نووسیوە و دوکتۆر جەمال نەبەز بە ئەڵمانی (کوردستان و شۆڕشەکەی)، کاک مصطفی قەرەداغی بە ئینگلیزی لە ئەمریکا (Kurdistan Times)یان نووسیوە، گەلێک باسی گرنگی تر هەیە کە پێویستە هەوڵ بدرێ بە زمانی بێگانە بنووسرێت و چاپ بکرێ و بڵاو بکرێتەوە.

بەداخەوە ئێستەش لای هەندێک کەس وایە کە خەبات تەنها هەر بە چەکی ناو سەنگەرەکان ئەکرێت... ڕاستە شۆڕشی چەکدارانە پێویستە، بەڵام چەکێکی کاریگەری تر هەیە کە ئێمە زۆر دەمێکە پشتگوێمان خستووە، ئەویش ئەوەیە کە بە نووسین و لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و چاپەمەنییەوە نەمانتوانیوە کێشەی کورد و باسی کورد و مافی ڕەوای کورد و باسی پارچەپارچەکردن و داگیرکردنی کوردستان لە میلەتان بگەیەنین و میلەتانی تر بەزۆری لە گۆشەی سەرچاوە بێگانەکانەوە وەکو کتێبەکانی ئیگڵتن و ئادم شمیت و گەلێکی ترەوە سەیری میللەتی کورد ئەکەن و خۆمان توانای ئەوەمان نەبووە کە پەژارە و خەم و ناسۆری ناو قووڵایی دڵی میللەتەکەمان بۆ میلەتان ڕوون بکەینەوە کە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانی زۆر پیرۆزە و هیچی لە شۆڕشی چەکدارانە کەمتر نییە و لەوە زیاتر نابێت کەمتەرخەمی تیادا بکرێت.

لێرەدا ئەگەرچی لە باسەکەش لامان ئەدات، بەڵام وەکو هەموومان ئەزانین

شۆڕشی میللەتی کورد لە هەموو بەشەکانیا بریتیە لە زنجیرەیەک... هەر لایەک لەو بەشانە تووشی نائارامی و نوشوستی و شکستی بێت کار ئەکاتە سەر بەشەکانی تر هەروەکو چۆن ئێش و ئازاری ئەندامێکی لەش ئەبێتە هۆی ئێش و ئازاری هەموو لەش، بەو پێیەش دەرد و ناخۆشی و کەساسی و شکاندن و کپکردنەوەی شۆڕشی لایەک لە بەشەکانی کوردستان کار ئەکاتە سەر هەموو بەشەکانی تر... ئیمڕۆ لە کوردستانی تورکیادا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کارێکی زۆر گرنگە و بوومەلەرزەی ڕاپەڕینی کوردی کوردستانی تورکیا بەشێکی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و هەواڵەکانی ڕۆژانە داگیرکردووە، بەڵام لام وایە شانبەشانی ئەو خەباتەش، خەباتێکی تر زۆر پێویستە کە بەداخەوە ئەوە لە بەشی کوردستانی تورکیادا لە هەموو بەشەکانی تر کەمتەرخەمی تیادا کراوە...

لام وایە تەنها هەر بە بڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێکی چەپرەوانە ئەو ئەرکە گرنگە بەجێ ناهێنرێ دەربارەی شـۆڕشی تورکـیـا بەبێ ئەوەی کـە بایەخ بدرێت بە بڵاوکردنەوەی گەلێک باس و کتێب لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانا...

بەڵێ ڕاستە کوردی تورکیا تا ئێستە لەناو وڵاتدا بوار و ماوەی ئەوەی نییە کە هیچ جۆرە چالاکییەکی ڕۆشنبیری هەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە ئاگادارین لە دەرەوەی وڵات ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کوردی کوردستانی تورکیا هەیە کە لە شوێنێکی وەکو ئەڵمانیادا ژمارەیان دەگاتە نیوملیۆن، کە ئەگەر تۆزێک کەمتەرخەمی نەکەن، نەک ساڵی جارێک بەڵکو هەموو مانگێک ئەتوانن شتێک دەربارەی کوردستانی تورکیا و مێژووی ڕابووردووی میللەتی کورد چاپ بکەن و بڵاو بکەنەوە و ئەگەر خۆشیان ئەو توانایەیان نییە، لام وایە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە تیایا دەژین، بە زمانی ئەو شوێنە هەیە کە یارمەتییان بدەن، بەڵام بەداخەوە وا دیارە هێشتا ماویانە کە نرخی ئەو تەقەلادانە بزانن.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا داوای لێبووردن ئەکەم لە هەر هەڵەیەکی مێژوویی یا کەموکوڕییەک کە بێتە پێش چاوی خوێندەواران و وەکو لە هەندێ لە نووسینەکانما بارەها باسی ئەوەم کردووە کە من هێشتا خۆم بە شوانێک ئەزانم لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، کورد وتەنی: دیاری شوان یا شنگە یاخود هەڵەکۆکە، بۆیە هیوادارم برادەرانی کورد وەکو ئەو شوانە ئەم دیارییەم لێ قبوڵ بکەن.

هاوار

ـ لندن ـ ١٩٩٤/٦/١

بەشی دووهەم

# ناوچەی ژوورووی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران و کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیە

هەروەکو لە پێشەکییەکەشدا ڕوونمان کردەوە، ئەم کتێبە بۆ ئەو بەشەی کوردستانی ئێران تەرخان کراوە کە ئەکەوێتە ژووروی ڕۆژئاوای ئێران و کوردستانی ئێرانەوە کە حکومەتی ئێران بە بەشێک لە ڕۆژئاوای ئازربایجانی خوارووی ئەژمێرێ، بە ناوچەی موکریانیشەوە.

لەڕاستیدا کورد لەو ناوچانەدا لەبەر گەلێک هۆی مێژوویی لە زۆر شوێندا لەگەڵ ئازەرییەکانی ئەو ناوچانەدا تێکەڵ بووە کە باسکردنی ئەوە کارێکی زۆر دووردرێژە و ئەمانباتەوە بۆ لاپەڕەکانی مێژووی نیشتەجێبوونی ئەو ناوچانە کە ئەوە دوورە لە باسەکەی ئێمەوە و چوونە بنج و بناوانی ئەو مێژووە کۆنە پێویستی بە زنجیرە کتێبێک هەیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ سالآنی پێش زەردەشت و دوای زەردەشت و بۆ باسی ئەو هەموو ئەفسانانەی کە لە ئێران و توووران دواون تا ئەو قۆناغەی تورکمانەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتن و بەسەر ئەو ناوچانەی ئەو بەشەی کوردستاندا بەرینەوە بۆ ئەنادۆڵ و لە ئەرزروم نیشتەجێ بوون و دەوڵەتی عوسمانییان دامەزراند و هەندێکیشیان لەناو کوردنشینەکانی ژووروی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێراندا جێگیر بوون.

چ نووسەرانی بێگانە و چ نووسەرانی خۆمان هەر لە (شرەفخانی بدلیسی)یەوە لە شرەفنامەدا، هەتا نووسەرانی ئەم سەدەیە هەر یەکەیان بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیان بووە باسی ئەو ناوچەیەی کردووە، بۆیە ئێمەش لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین لە هەندێک لەو سەرچاوانە بدوێین و کورتەیەکی ئەو باسانە پێشکەشی خوێندەواران بکەین.

بۆ ئاسانکردنی باسەکە، وام بە باش زانی کە بیکەم بە دوو بەشەوە. یەکەم: باسی کوردە نیشتەجێبووەکانی ئەو ناوچەیە و عەشایرەکانی، دووهەم: کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیە.

## یەکەم: ناوچەی ژووروی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران

ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسی کورد و کوردستان لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٥٧) دەربارەی ئازربایجان نووسیوێتی: 'ئازربایجان لە کۆندا پێی وتراوە (میدیای بچووک) هەتا ئەو کاتەی (فرهادی چوارەم) کە ملکی

(اشکانی)یەکان بوە لە ساڵی (٣٣) پێش میلادا داگیری کرد، بەو جۆرە اشکانیەکان سەربەخۆیی میدیای بچووکیان لەناوبرد ئەگەرچی نەیانتوانی بە هیچ جۆرێک هەستی سەربەستی و ورەیان پێ بەر بدەن و سەربەخۆیی ناوخۆیان هەر لەژێر سایەی چەند حکومەتێکی بچووکدا مایەوە کە ئەو حکومەتانە توانییان کاروباریان ببەن بەڕێوە.

ئەمین زەکی بەگ لە هەمان لاپەڕەدا ئەڵێ: "...بەڵام بەداخەوە شارەزاییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە دەربارەی ئەو اقلیمەی کورد لە چەند سەدەیەکی پێش اسلام و لە کاتی اسلامیشدا و ئەو بێ ئاگاداریە بە رادەیەکی ئەوتۆیە کە مێژوونووسەکان و گەڕۆکەکانی عرەب خۆشیان نەیان توانیوە هیچ شتێک باس بکەن لەو ماوەیەدا لەبەر ئەوە ناتوانرێت هیچ تەقەلایەک بدرێت دەربارەی بەستنی ڕووداوەکانی پێش اسلام بەوانەی دوای اسلامەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانرێت بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لە ڕووداوەکان دواون بوترێ کە ئەو اقلیمە حکومەتێکی گەورەی سەربەخۆی تیادا دروست بوە کە توانیبوی کاروباری خۆی ببات بەڕێوە کە ئەو ناوچەیە هەمیشە بوبو بە گورەپانی ئەو کێشە و شەڕانەی لە نێوانی حکومەتەکانی ایران و دەوڵەتی رومانیدا روی ئەدا (ڕۆمانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

دو کەس لەوانەی کە بایەخیان داوە بەو ناوچەیە ١- ابن خرداذبە ـ ابوالقاسم عبیداللە بن عبداللەی فارس ـ بوە کە لە ساڵی ٢٣٢ی هجریدا چوتە تەوریز لە کاتی ئەمارەتی (محمد الروادی)، و ٢- اصطخری بوە کە لە ساڵی ٩٥١ میلادیدا کوچی دوایی کردوە و لە کاتی خویدا بە چاوی خۆی (تبریز و جبردان = دیخوارگان و اشنو) کە لەژێر حوکمی عشایری (الردینیە)دا بوە کە هاوچەرخی حکومتی (بنی الساج) بوە کە مرکزی شارەکەی (مراغە) بوە و لەپاشدا بوە بە (أردبیل=اردویل) هەمووی دیوە.

یاقوت الحموی لە کتێبەکەیدا (معجم البلدان) وتویەتی:

اقلیمی ازربایجان لەژێر چنگی تورکدا مایەوە هەتا (کەیخسرو)ی مەلکی ایران توانی بەسەر (افراسیاب)دا زال بێت و بیکوژێت...

ئەمین زەکی ئەڵێ: "بەڵام ئەوەی یاقوت الحموی ڕاست نیە کە وای وتوە و تەنها شتێکی ئەفسانەیی بوە چونکە زۆرباش ئەزانین کە افراسیاب ملکی (تورکستان) بوە

و به هیچ جوریک حاکمی ازربایجان نەبوه.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە ولاتی میدیای بچووک لەژێر دەسەلاتی ئەو کوردانەدا بوە کە لە نەوەی (میدی)یەکان بون هەر لە زەمانی میدیاوە هەتا ئەو کاتەی تورکەکان بەرەو رۆژئاوا هاتن و دوای ئەوەش سلجوقیەکان لە ساڵی (٤٢٠)م دا داگیریان کرد.

ئەمین زەکی بە دوور و درێژی باسی ئەوانەی تر ئەکات کە ئەزربایجانیان داگیرکردووە تا ئەگاتە ئەوەی لە باسەکەیدا پەنای بردۆتە بەر سەرچاوەی (شرەفنامە)ی شرفخانی بتلیسی کە وتوویەتی: یەکێک لەو عەشیرەتە گەورە و گرنگانەی کورد کە لەو ناوچانەدا ژیاون بریتی بووە لە عەشیرەتی (موکری).

دامەزرێنەری ئەمارەتی موکری (سیف‌الدین) بووە کە لە سەدەی نۆهەمی هجریدا سنووری دەسەلاتی گەیشتوتە ناوچەی (دولی باریک) و (اختاجی) و (ایلتمور) و (سلدوز) و ناوبانگی بڵاوبوبوەوە و ئەمارەتەکەی ناونرا ئەمارەتی (موکری) و خۆشی بوو بە بە ئەمیری موکری.

ئەمین زەکی بێجگە لەو باسەی کە لە بەرگی دووهەمی کتیبەکەیدا باسی کردووە، لە بەرگی یەکەمیشدا لە لاپەڕە (/٣٧٠دا ئەڵێ: "میجر. (راولنسون) لە باسی عەشیرەتەکانی ناوچەی (شنۆ) و (رواندوز)دا لە کاتی لێکۆڵینەوەی پایتەختی (میدیا)دا، لەو گەشتەی کە لە ساڵی ١٢٥٢ هـ رێکەوتی ١٨٣٦دا کردبووی، وتویەتی: عەشیرەتی (بلباس) کە لە ناوچەکانی (شنۆ، ڕەواندز، ڕانیە)دا ژیاون سێ بەش بوون: پیران، مەنگوڕ، مامش کە لکەکانی ئەو سێ بەشەی وەکو خوارەوە باس کردوە:

١- پیران: کە لکەکانی بریتی بوون لە: موخانە، برچم، صوریک، یوسف خلیکە، سبرەما، ستا، وستاپیرە، ورمزیار، نانەکەلی، حسن ئاغایی، مەمەندە شینە، پاوە.

٢- مەنگوڕ: لکەکانی بریتی بوون لە: قادرویسی، زوری، باسکەیی، بابارشو، مرنەکنە.

٣- مامش: کە لکەکانی بریتی بوون لە: همزەئاغایی، مربوک، جوخور، بلاوند، مریابکرە، فقی وسمانەسین، بانیک.

لە باسی عەشیرەتی (برادۆست)دا کە لە ناوچەکانی (کانی ڕەش)ی ناوچە شاخاوییەکانی (شنۆ)دان کە هەردوو ئەمارەتی (سومای) و (تەرگەوەڕ) لەژێر

سایەی ئەم عەشیرەتەدا بون، بەلام ئێستا (مەبەست لە کاتی نوسینەکەی راولنسونە کە لە ساڵی ١٨٣٦دا چاپی کردوە) ئەمانە زۆر کەم و بێ هێزن و ژمارەی گوندەکانیان لە (١٠٠) گوند تێپەڕ ناکا کە بریتین لە چەند سەد خێزانێک.

بەهێزترین عەشایری ئەو ناوچەیە (باڵەکی)یە کە ژمارەی خێزانەکانیان دە هەزار خێزانێک ئەبێ کە ئەکەویتە ئەودیوی چیای (قندیل) لە نێوانی شنۆ و لاهیجاندا."

ئەمین زەکی لە لاپەڕە (٤٢١)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەربارەی (موکری) ئەڵێ: "ئەم عەشیرەتە کە هەمیشە لە چیاکانی ناوچەی سابلاغدان و سەرکردەکانیان هەمیشە لەقەبی (خان)یان هەبوە، مرۆڤ ئەتوانیت بریار بدا کە ئەم عەشیرەتە هەر لە سەرەتای مێژووەوە لەو ناوچەیەدان کە پێی وتراوە (ماکنا ـ Machna)ی میدی کە شێوەی زمانەکەیان نزیکە لە شێوەی ابستاق و توانیویانە دەستووری زمانەکە بپارێزن و هەندێ شێوەی (زند)ی کۆنیشی پێوە دیارە."

ئەمین زەکی لە هەمان لاپەڕەی بەرگی یەکەمدا ئەڵێ: "مستر جاکسۆن) کە یەکێکی زۆر لێکۆڵەرەوەی وردە دەربارەی (زەردەشت) ئەڵێ: "جێگەی لە دایک بوونی زەردەشت لە شوێنێکی ناوچەی خواروی دەریاچەی (ورمیە)دا بوە کە بەشی زووری ناوچەی موکری ئەگرێتەوە کە ئەمە هیچ گومانی تیادا نیە نیشانەی ئەوەیە کە موکری یەکان لە نەوەی (میدیا)ن چونکە لە هەمو دانیشتوانی ایراندا ئەمان زۆرتر نزیکی شوێنی لە دایکبوونی (زەردەشت) بون، جگە لەوەی شێوەی زمانەکەیان لە هەموو زمانەکانی تری ایران نزیکی زمانی (زەردەشت)ە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕەی (٤٢١)دا ئەڵێ: "زۆربەی ئەو لەشکرەی شاە عباسی صفوی کە لە ساڵی ١٠٣٤هـ=١٦٢٤ز دا توانی تورکەکان بشکێنێت لە کوردی موکریان پێک هاتبوو، ئەم عەشیرەتە هەمیشە پلە و پایەیەکی بەرزیان هەبوە لەناو لەشکری ئێراندا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو عەشیرەتێک خاوەنی هێزێکی بەقوەتی تایبەتی خۆی نەبوە و بەوێنەی عەشیرەتی ئەردەلآن زانا و شاعری لێ هاتوو و هەڵکەوتوویان تیادا دەرنەکەوتوە.

باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا دەربارەی عەشیرەتی موکریان ئەڵێ:[٣٢] "عەشیرەتی موکری نیشتەجێی باشووری دەریاچەی (ورمیە)ن کە پێی وتراوە (شاخەی جنوبی) و لهجەی موکری یەکێکە لە لەهجە کۆنەکانی زمانی کوردی. عەشیرەتی موکری لەگەڵ بابانەکانی شارەزوور خزمایەتیان هەبوە و لە قەرنی پازدەهەمدا بە

سەرکردایەتی (سیف‌الدین) چوونەتە ناوچەی سابلاغ و بەشێک لە ناوچەی دریاز (شەهرویران)یان لە تورکەکان داگیرکردوە بەتایبەتی بەشێک لە (دوڵەباریک) و (اختاجی) و (ایلتمور)یان گرتۆتە دەست خۆیان (لام وایە باسیل نیکتینیش هەروەکو ئەمین زەکی سەرچاوەکەی هەر شرفنامەکەی شرفخانی بتلیسییە.)

لە دوای (سیف‌الدین)، لە ساڵی ١٥٨٣دا (ئەمیرە بەگ) بوە. لە دوای ئەو لە زەمانی (حیدرخان)ی کوڕیدا کوردەکانی موکری ناوچەکانی خۆیان پەرەپێدا و بەشێک لە ناوچەی (مەراغە) و (اجری Adjeri) و (لیلان) و شاری (میاندواو) و قەڵا سەختەکەی (ساروقوغان) کە نزیکی مەراغە بوە بە دەستیانەوە بوە.

بەر لەوەی عەشیرەتی موکری بچێتە ئەو ناوچانە، عەشیرەتێکی تر بە ناوی عەشیرەتی (دیبوکری) لەو ناوچانەدا هەبووە و لە ئەنجامدا ئەو دیبوکرییانە چوونەتە ژێردەستی موکریانەکانەوە.

باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "هیچ دوور نییە وشەی (موکری)ش هەر لە (دیبوکری)یەوە وەرگیرابێت.

ئەو سەردارانەی کە چەند سەدەیەک بوو لە پایتەختە بچووک و سەیرەکەی (سابلاخ)دا حوکمڕانییان ئەکرد، لە دوای ئەوەی قاجارییەکان بەسەر کریم خانی زەندا سەرکەوتن، (بوداغ خان) لایەنگری کریم خان بوو، بەڵام دوای ئەوە پێوەندی لەنێوانی ئەو و قاجارییەکانیشدا پەیدا بوو.

لە زەمانی (فتح علی شاه)دا ئەمیری موکری ناسێنرا بە خەڵک و لەدوای بوداغ خان، (عزیز خان) ناوبانگی پەیداکرد، بەڵام لەدواییدا عزیزخان بەوە تاوانبار کرا کە هەوڵی ئەوەی دابوو سەربەخۆیی بۆ کورد موسوەگەر بکات.

لە ژووروی ناوچەی موکرینشیندا وێرانەیەک هەیە کە ئێمڕۆ پێی ئەوترێ (تەخت سلیمان) کە هەندێ شوێنەواری شاری (شیز) ماوە کە پاشماوەی پایتەختی مادەکان بوە لە (شیز)دا، ئەو کەلاوە وێرانانەی لە ولایەتی (ئەفشار)دایە لە نزیک (سایین قەڵا)، هەروەها ئەو وێرانانە بە (اکباتانی شمالی)ش ناو ئەبرێن کە لەو شوێنەدا (ئەشکانی)یەکان ڕۆمەکانیان خراپ شکاندبوو.

لای دانیشتوانی ناوچەکە وایە کە (کۆشکی سلیمان) پێغەمبەر لەو شوێنەدا بوە."

هەروەها باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا باسی گەلێک ئەفسانەی تری کردوە دەربارەی کەلاوەکانی ئەو وێرانە و شوێنەوارانە.

باسیل نیکتین دەربارەی ئەوەی کە (میجرسون) لە کتێبەکەیدا وتویەتی: "زەردەشتی پێغەمبەری پایەبەرزی ئێران لە ناوچەی موکریاندا لە دایک بووە و لەوێوە دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی خۆی"، لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەو باسەدا ئەڵێ: "تازەترین باسێک کە لەو ڕووە کراوە، ئەوەیە کە زەردەشت لە ڕۆژهەلاتی ئێراندا لە دایک بووە نەک لە ناوچەی موکریاندا".

مینورسکی لە کتێبەکەیدا دەربارەی کوردستانی ئێران دەڵێ: "کوردەکان لە هەموو بەشەکانی ناوچەی کرماشان و کوردستان (سنە)دا دائەنیشن و لە ناوچەی (گەرووس) و بەشێکی ئازربایجان و هەموو ناوچەی سابلاغ و لە خوارووی دەریاچەی ئورمیە و ڕۆژئاوای ڕووباری (تاتاو)، لەو هێڵەوە کە ماوەیەکی زۆر درێژ ئەبێتەوە هەتا نزیکی تورکیا و لە بەشەکانی خوارووی ورمیە و سەلماس و خۆی و ماکودا.

کورد لە دانیشتوە کۆنەکانی ناوچەکانی خواروون کە وابزانم ئەمانە ڕاستەوخۆ لە نەوەی (میدیا)ی کۆنن کە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەو ولاتەدا ژیاون.

لە بەشەکانی ژووروودا، بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەکانی میلاددا شاری (سەلماس) ناوچەیەکی سەربەخۆ بوە کە ئەرمەنییەکان پێیان وتوە (کورتچیا) کە مانای کوردستان بوە، بەلام ئەوانەی لە خوارووی دەریاچەی ورمیەدان ئەوانە لەدواتردا نیشتەجێ بوون. لە هەندێ ناوچەی سابلاغدا هێشتا هەندێ شوێن ناوەکانیان هەر تورکییە و سەرچاوە کوردییەکان بەئاشکرا دەری ئەخەن کە عەشایری (موکری) کە خزمی بابانەکان بوون، لە کاتی (بەرخی سپی=ئاق قوینلی) و (بەرخی ڕەش = قەرە قوینلی)دا دەرکەوتون کە ئەمە لە دەورووبەری سەدەی یازدەهەمدا بوە.

مینورسکی لە باسەکەیدا دەربارەی ئەوەی کە کورد لە نەوەی مادن لە لاپەڕە (١٢٧)دا ئەڵێ: "بەشی ژووروی ڕۆژئاوای ئێران بە ناوی (میدیا Media)وە ناو ئەبرا، ئەو شوێنەوار و نووسراوە کۆنانەی ئەو ڕۆژانە دەری ئەخەن کە لەو ناوچانەدا چەند حکومەتێکی بچووک و چەند عەشیرەتێکی تیادا نیشتەخێ بووبوو کە خەڵکی ناوچەکە بوون و لەدواییدا لەناو ئەو کۆچکردوە تازانەی کە ڕوویان کردبووە ئەو ناوچەیە تواونەتەوە کە پێیان ئەوتران (ایران).

بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانرێ بوترێ کە دوو تاقم عەشایر هەبوون، کە یەکەمیان

تاقمی (میدیا)کان بوون و دووهەم تاقمی (فورس parsa یان parsua) و یەکەم سەرچاوە کە ناوی بوونی (parsua)ی ناو هێناوە لە ساڵی ٨٤٤ی پێش میلاددا ئاسورییەکان بوون و ناوی (میدیا)شیان لە ساڵی ٨٣٦ی پێش میلاددا ناو هێناوە کە ئەکەوێتە ناوچەکانی خوارووی دەریاچەی (ورمیە) کە ناوچەی کوردستانی موکریی ئیمرۆ دەگرێتەوە.

مینورسکی لە کێتبەکەیدا ئەڵێ: "چەند وشەیەکی کەمی کوردی ئەزانرێ کە لە (میدی)یەوە هاتوە، بەڵام سەرکردەکانی میدیا و مێژوویان دەری ئەخەن کە میدیاکان ئەگەر برای فارسەکانیش نەبووبن، هیچ نەبێ ئامۆزای یەکتر بوون."

مینورسکی لە لاپەڕە (١٢٩)دا ئەڵێ: "ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە وشەی (parsua) زۆری پێ نەچوو لە ناوچەی خوارووی ورمیەدا ناوی نەما و بەزۆری لەوە ئەچێ کە بەرەوخوار کۆچیان کردبێ و لەوێ ناویان بوە بە (parsa) کە ئەو شوێنەیان کرد بە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکییان، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان (میدیا)کان هەر لە ژووررووی ڕۆژئاوادا لە شوێنی خۆیانا ماونەوە و ئەو دەوڵەتە بچووکە ناوچەییەیان کە لەو ناوانەدا هەبوو دەستیان بەسەر هەموویدا گرت و توانیان ئەوانەی لە ژووررووەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوچەیە و ناویان (سکیفی) بوو بەسەریانا سەرکەوتن و بێجگە لەوە بەسەر دەوڵەتی (اورارتو)شدا سەرکەوتن کە لە ناوچەی (وان)دا بوو."

مینورسکی دەربارەی لەناوبردنی دەوڵەتی ئاسوری لەلایەن میدیەکانەوە ئەڵێ: "لە ساڵی (٦١٣)ی پێش میلاددا بە سەرکردایەتی ملکی میدی کە ناوی (کیاخسار Uk-sitar. Huvaxsazara) (کە وەرگێڕ لە پەراوێزی لاپەڕە (١٣٠)دا ئەڵێ کەیخسرەوە یەکێک بووە لە ملکە هەرە بەرز و بەناوبانگەکانی میدیا کە توانیبووی عەشیرە چەکدارەکانی میدیا کە لە شێوەی میلیشیای جیاجیادا بوون هەموویان یەک بخا و بیانکا بە لەشکرێکی یەککگرتوو.) بوو لە ساڵی ٦١٢ی پێش میلاددا (نبیوکی) داگیرکرد و ڕووی کردە ئاسیای بچووک. دەربارەی ئەو دەوڵەتی میدیایە کە (١٧٥) ساڵ درێژەی کێشا، لەلایەن کوروشی دامەزرێنەری دەوڵەتی فارسی لە ساڵی (٥٥٠)ی پێش میلاددا لەناوبرا، بەو جۆرە دەسەڵات لە میدیاوە کەوتە دەس فارس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە (میدیا)دا گەلێک ڕاپەڕین ڕووی دا دژی مەلکەکانی فارس، بۆ نموونە ئەو ڕاپەڕینەی کە لە زەمانی (دارا Darayavahus)دا ڕووی دا کە

لەئەنجامیا ژمارەیەک لە میدیاکان کۆچیان کرد بەرەو ڕۆژئاوا.

قۆناغی سێهەمی میدیاکان هاوجووتە لەگەڵ هێرشەکەی اسکندری مکدونی بۆ سەر ئێران لە ماوەی سالانی (٣٣١ هەتا ٣٢٣)ی پێش میلاددا کە (اتروپات) کە سەرکردەیەکی سەربازیی پێشووی دارای سێهەم بوو دەوڵەتێکی تازەی دامەزراند بە ناوی (میدیای بچووک)ەوە لە ناوچەی ئازربایجانی خوارووی ئێستادا کە پێی ئەوترا (اتروپاتکان Aturpatakan) (کە وەرگێڕی کتێبەکە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە پەراوێزی لاپەڕە (١٣٢-١٣٣)دا دەربارەی اتروپاتکان ئەڵێ: "اتروپاتکان ناوی یەکێک لە ناوچەکانی ئازربایجانی خواربوو بووە لە عصوری کۆن و ناوەڕاستدا کە بریتی بووە لە میدیای باکوور یا میدیای بچووک کە ئەکەوێتە نێوانی شاخەکانی طالش و ڕووباری ئاراس و گۆلی ورمیە، کە اتروپات ئەوە بووە کە ناوچەکەی لە سەدەی چوارەمی پێش میلاددا گرتۆتە دەست و وشەی ئازربایجان لەوە پەیدا بووە.)

مینورسکی لە لاپەڕە (١٣٣)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "ئەو دەوڵەتی (اتروپاتین)ە کە دروست بوو پاشماوەی میدیاکانی گرتە خۆی و لەدواییدا لە کاتی (ئەرشاک)یەکاندا (٢٤٨-٢٢٦)ی پێش میلاددا لە ئازربایجانی باشووردا چەند عەشیرەتێکی تری ئێرانی لە ڕۆژهەلاتەوە ڕوویان کردە ناوچەکە هەروەکو عەشایرەکانی (parth-ava, pahlav) کە بوو بە هۆی ئەوەی پاڵ بە تاقمێکی تری (میدی)یەکانەوە بنرێت و بچنە ناو دەوڵەتی ئەرمەنیای تازەوە.

حسێن حوزنی موکریانی ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی بەناوبانگی کورد کە ئارشیبالد هاملتون لە کتێبەکەیدا Roads through Kurdistan چاپی لندن ساڵی ١٩٥٨ بە ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە خۆی ئەینووسی و خۆی چاپی ئەکرد و خۆی بلاوی ئەکردەوە کە نموونەیەکی تاک بووە لە جیهانی ڕۆژنامەگەریدا، حسێن حوزنی لە کتێبەکەیدا بە ناوی عەشیرەکانی موکریان کە لە ساڵی ١٩٣٨دا لە ڕواندز چاپی کردووە باسی چەند عەشیرەتێکی کوردی موکریانی کردووە، لە لاپەرەکانی ٣٧-٣٩دا کە وتویەتی: "ئەم عەشیرەتانەی خوارەوە لە کوردستانی موکریاندا هەبوون:

١- ناوی عەشیرەتی (سولدز)ی هێناوە لە مَحالی سندوسدا و وتویەتی عەشیرەتێکی گەورە بوون لە خاکی بانە و سقز و ڕۆژئاوای موکریاندا.

٢- ناوی عەشیرەتی (زرزا)ی هێناوە کە وتویەتی لە شاری شنۆدا بووە.

هەواڵنامەی کتێب
KURD ARSHIV

٣- له باسی عەشیرەتی (ڕاوەند)دا وتویەتی له خاکی ئێستەی (مەراغە) و گەرمەر و کێوی سەهەند و گەوگان و دینخورگان دانیشتون که بنەماڵەی صلاح‌الدینی ایوبی له (ڕاوند)ەکان بوون.

٤- هەروەها ناوی عەشیرەتی (بانوکی)ی هێناوه که وتویەتی: له زەمانی حکومتی ئەمەویدا هەندێکیان چووبوونه ناو سوپای ئەمەوییەکانەوه.

٥- هەروەها ناوی ئەم چەند عەشیرەتەی هێناوه که وتویەتی ئەم هەشت عەشیرەته ئایینی (داسنێ)یان هەبووه (که داسنێ مەبەستی یەزیدی بووه.) ١- بانوکی ٢- هویدی ٣- دول خیزان ٤- بوجیان ٥- زیلان ٦- بیسان ٧- زکزیان ٨- بەرازی.

له لاپەڕه (٤٠)دا وتویەتی: له خاکی موکریانەوه عەشیرەتی بلباس و قوالیس که (١٩) تیره بوون باریان کرد و چوونه شاری (خۆ) له شوێنێک که پێی ئەڵێن (تاو-تاب) و، له هەمان لاپەڕەدا باسی عەشیرەتی (ڕۆژەکی) کردووه.

له لاپەڕه (٤٤)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "عەشیرەتەکانی ئێستای موکریان بریتین له: ١- بگزاده ٢- دیبوکری ٣- حسن خانی ٤- مەنگوڕ ٥- گەورک ٦- مامش ٧- پیران ٨- زرزا ٩- تیلەکۆ ١٠- چارداوەروو ١١- باشوکی ١٢- ئەومەریل ١٣- باریک ١٤- ورمزیار ١٥- سیت ١٦- سیەلەکەیی ١٧- یەختەچی ١٨- گەلباخی ١٩- گۆران ٢٠- شقاق (که مەبەستی شوکاک بووه.)

بێجگه لەوه حسێن حوزنی موکریانی به چەند بەرگێک باسی ئاترویاتین (ئازربایجان)ی کردووه.[٦٥]

جارێک له (تۆفیق وەهبی)م پرسی دەربارەی بیر و بۆچوونی خۆی بەرامبەر بەو ئاترویاتینەی حسێن حوزنی موکریانی، له وەرامدا پێی وتم: "لەڕاستیدا حسێن حوزنی موکریانی کوردێکی دڵسۆز و چالاک و بێ وێنه بوو له تاقەت نەچوونا بۆ پشکنین و گەڕان بەسەر هەر باس و نووسینێکدا که پێوەندیی به کورد و کوردستانەوه هەبووبێت و له کاتی شەڕی جیهانیدا ماوەیەک پێکەوه له بەغداد ئیشمان کرد له دەرهێنانی گۆڤاری (دەنگی گێتی)دا، لەو ڕۆژانەدا لەگەڵیا چەند جارێک باسی ئەوەی ئاترویاتینم کرد و پێم وت ئەو بەڵگانەی که تۆ پەنات بۆ بردون له نووسینی ئەو کتێبەدا سەرچاوەکانیان بەزۆری بریتین لەو چیرۆک و ئەفسانه کۆنانەی که له کتێبه فارسییەکاندا نووسراون و هیچ سەرچاوەیەکی شارەزا به

مێژوو و ئارکیولۆجی دان بەو چیرۆک و ئەفسانانەی کۆندا نانێن و لەوەرامدا حسێن حوزنی وتی: ئەوی ڕاستی بێ نووسەرانی ئێران قەت دۆستی کورد نەبوون، جا شتێک کە دوژمن دەربارەی کوردی نووسیبێت مانای ئەوەیە، لەگەڵ ئەو ڤینەش کە لە کوردیان هەبووە، بەلام دانیان بە هەندێ ڕاستیدا ناوە بۆیە من بە سەرچاوەیان ئەژمێرم.

حسێن حوزنی لە کتێبی ئاتروپاتیندا لە لاپەڕە (١٠)ی بەشی یەکەمدا وتویەتی:(٦٥) "خاکی کوردستانی موکریان بەو خاکە ئەڵێن کە کەوتۆتە نێوان گۆلی ورمیە و سنە و گەروس و زابی گەورە و دیالە و کێوەکانی هەورامان، بەلام ئێمڕۆ بریتیە لە جنوب و جنوبی غربیەوە لە گۆلی ورمیەوە بەسەر سنووری ئێران و عراقدا تاکو دەچێتە شاخەکانی هەورامان وە لە شرقەوە بو شمالی شرق بە پشت تیلەکۆ و خاکی مادی بچووک (ئاترپاتەگان ٤٠٠ سال لە پێش میلاد هیچ جوێ نەبووە و بچووک نەکراوەتەوە کە تماشای خریطەی پێش میلاد بکرێ شاری سابلاغ ناوچەی موکرییە، لە ڕۆژهەلاتیەوە سقز و لە جنوبیەوە سەردەشت و لە جنوبی ڕۆژهەلاتیا (بانە) و لە ڕۆژئاوای شمالیەوە (شنۆ)، لە شمالەوە گۆلی (ورمیە)، لە ڕۆژهەلاتی شمالیەوە (ساین قەلا) داخلی موکریانی ئێمرۆیە.

لە دەوری (مادی)یەکانا بەو خاکەیان وتوە (مادی بچووک) وە لەپاشدا بە اتورپاتەگان (ئازربایجان) ناونرا کە ئێمڕۆ بە موکریان ناو ئەبرێت."

دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (دراسات فی تأریخ ایران الحدیث والمعاصر) دەربارەی ئازربایجان ئەڵێ:(٩) "ئازربایجان ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی خوارووی ئەو ناوچەیەی کە پێی ئەوترێ قفقاس کە ژوروەکەی داغستانە و لە ژورووی ڕۆژئاوایدا جورجیایە و لە خوارووی ڕۆژئاوایدا ئەرمەنیا و تورکیایە و لە خوارویدا خاکی کوردستانە.

ئازربایجانییەکان لە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە دەژمێررێن کە لە زەمانی کۆنا پێی وتراوە (ئاتروپاتین) وە یاخود ئەلبانیای قفقاس و هەر لە کۆنەوە تێکەڵ بوون لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی ئێران و تورکدا.

لەنێوانی سەدەی یازدەوە هەتا سەدەی سیازدە، زمانی ئازەری یەکگرتوو دروست بوو، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەوە پەیدا بوو کە چەند عەشیرەتێکی تر کە بە زمانی تورکی ئەدوان کۆچیان کرد و تێکەڵ بوون بە وانەی لە ئازربایجاندا بوون (مەبەستی

ئەو عەشیرەتە کۆچەرییانەی تورکە کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە ڕوویان کردە ئەو ناوچەیە و هەندێکیان چوونە ئەنادۆڵ و دەوڵەتی عوسمانییان لەدواییدا دامەزراند و ئەوانی تریشیان تێکەڵ بە عەشیرەتە ئازەرییەکانی تر بوون کە لەو ناوچەیەدا بوون.)

دوکتۆر کمال دەربارەی نیشتەجێبووەکانی کوردستانی ئێران و ئەو ناوچەیە ئەڵێ: "لە ئێراند نزیکەی (٣٠) عەشیرەتی کورد هەیە کە زۆربەیان نیشتەجێ بوون و کەمیان لە کۆچکردندا ماون. کوردستانی ئێران هەر لە کۆنەوە کێڵگە و پێشێلراوی ئەوانە بوون کە شەڕەکەرەکانیان بەناو خاکی کوردستاندا تێپەڕ بووە یان شەڕیان تیادا کردووە و هەر لەکۆنەوە شەڕی یۆنان و ئێران یەکێک بوە لەو شەڕانەی کە خاکی کوردستانی ئێرانیشی گرتبووەوە.

لە سەرەتادا (ئەخمینی)یەکان کە بەسەر کوردستاندا زاڵ بوون و حوکمداریتی کوردستانیان کردوە بە هۆی بنەماڵەی (هرکان)ی ئەرمەنییەوە کە سەر بە ئەخمینییەکان بوون حوکمیان کردوە، کە لە دوای ئەوان بەڕێزە و یەک لە دوای یەک: اسکندری مکدونی، دووبارە ئەخمینییەکان (کە ئەم جارەیان بە هۆی بنەماڵەی ئەرشاکی ئەرمەنییەوە بووە)، دوای ئەو اسکندری کوڕی مارک انطونیو، دووبارە ئەرشاکییەکان کە هەندێ جار بە ناوی (فرث) و هەندێ جار بە ناوی (رومان)ەوە حوکمداریتییان کردوە.

لە دوای ئەوان نۆرە هاتۆتە سەر ساسانییەکان کە لە زەمانی (ئەردەشیر) و (شاهپور)دا فەرمانڕەواییان کردوە، دوای ئەوە دووبارە رومان، ئنجا لەنێوانی ساسان و بیزەنتیەکان مایەوە هەتا ڕوودانی ئایینی ئیسلام و هاتنیان بۆ ناوچەکە.

کورد لەو هەموو ماوەیەدا دژی هەموو پادشاکانی ئەخمینی و فرث و ساسانی و یونان و رومان و بیزەنطی ڕاپەڕیوە و (زینفون)ی سەرکردەی یونانییەکان و فیلسوفی ناسراو باسی گرنگیتی مێژووی ئەو سەردەمانەی کردووە و لە کتێبەکەیدا (اناباسیس) باسی ئەوەی کردووە کە چۆن کوردەکان لەناو خۆیانا سەربەخۆ بوون و بە هیچ جۆرێک سەریان بۆ مەلکی داگیرکەرەکان دانەنواندووە و لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن لەشکرەکەی یۆنان لە کاتی کشانەوەیدا لە ناوچەی کوردنشینەکاندا تووشی دەردیسەری و پەلاماردان بووە و لەشکرەکەیان شپرزە کردووە و باسی ئەوەی کردووە کە چۆن پادشاکانی ئێران کە هێزیان ئەنارده سەر

کوردستان هەمیشە لەلایەن هێزی کوردەکانەوە تووشی شکستی ئەبوون.

دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا باسی دروستبوونی ئەمارەتی (راودیە)ی کوردی سەربەخۆی کردووە کە مەرکەزەکەی (تەورێز) بووە و لە سەرەتای سەدەی دەهەمەوە هەتا ساڵی ١٠٧١م درێژەی کێشاوە.

لە لاپەرە (٢٢٩)ی کتێبەکەیدا پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی ئەمین زەکی (کورد و کوردستان) و کتێبەکەی سرتیپ علی رزم ارا بە ناوی (جوگرافیای نظامی ئێران) و ئەڵێ: "لە زەمانی صفوییەکانا (١٥٠٠م-١٧٣٦م) سەرەتای مێژوویەکی نارەحەت و سەخت بووە بۆ کوردی کوردستانی ئێران کە تووشی گەلێک کارەسات و بەسەرهاتی خوێناوی بوون. شاە اسماعیل صفوی (١٨٤٧م-١٥٢٤م) بە هیچ جۆرێک دانی بەوەدا نەنابوو کە کورد هەیە و بگرە ئەو ئەمیرە کوردانەش کە چووبوونە لای لە (خۆی) بۆ ئەوەی لایەنگرێتی خۆیانی پێشان بدەن، لەجیاتی ئەوەی پێشوازییان لێ بکا هەموویانی گرت و لەجیاتیی ئەوان (قزلباش)ی دانا و کردنی بە ئەمیر.

ڕەفتار و کرداری شاە اسماعیل بەرامبەر بە کورد بریتی بوو لە زۆرداری و تاوانێکی ئێجگار دڕندانە کە هۆی ئەمەش ئەوە بوو کوردەکان (سوننی) بوون و صفوییەکان (شیعە) بوون، لەبەر ئەوەی بڕوای بە کورد نەکردووە و لە هەر دەرفەتێکدا بۆی دەستدابێ دەستی لێوەشاندوون. عوسمانییەکان کە (سوننی) بوون زانیبوویان چۆن سوود لەو هەڵوێستەی ئێران وەربگرن بەرامبەر بە کوردی ئێران و وایان لێ کردبوون کە بەلای خۆیانا ڕایان کێشێت. لە ئەنجامی ڕەفتاری صفوییەکانا، کورد لە هەموو شوێنەکانی کوردستانی ئێرانا بەرامبەریان ڕاپەڕیون و توانیبوویان حاکمەکانیان لە ناوچەکانی خۆیان دەر بکەن هەرچەند لەو ڕاپەڕینانەشیاندا تووشی گەلێک زیان بوون.

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٥٥٤)دا شاە طهماسبی یەکەم هێرشی بردە سەر کوردستان و لە ڕێگایدا هەرچی هاتە سەرەڕێگای هەمووی وێران کرد و دوای ساڵێک پەلاماری شارەکانی دا و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوان کوشت و تاوانەکانی بە جۆرێکی ئەوتۆ بوو کە لە تاوانەکانی هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ خراپتر و خوێنڕێژانەتر بوو و لە تاقە ڕۆژێکدا (٤٠٠) کەسی لە عەشیرەتی (دومبلی) کوشت و ئەو دومبلییانەش کە لە خزمەت بارەگای شادا بوون هەمووی گرتن و قەلاچۆی

کردن و ئەوی لە تاوانی شاە طهماسبی ڕزگاری بوو بەناچاری پەنای بردە بەر خاکی عوسمانی.

لە دوای ئەو شاە عباسی یەکەم (١٥٨٧-١٦٢٩) تاوانێکی زیاتری لەوەی شاە طهماسبی کرد خۆی سەرکردایەتی هێزەکەی ئەکرد و ڕووی کردە شاری (خۆی) و لەوێوە پەلاماری عەشیرەتی (مەحمود)ی دا کە سەرکردەکەیان مصطفی بەگ بوو کە ئازایەتییەکی بێوێنەی نواند بۆ پاراستنی قەڵای (ماکۆ) بەڵام بەرگەی هێزی ئێرانیان نەگرت و کوشتارێکی زۆر لەو شەڕەدا کرا و بە هەزاران ژن و منداڵیان لە کوردەکان گرت و ئاوارەیان کردن بۆ شوێنی تر (مەبەستی ڕاگوێزانی ژمارەیەکی زۆری کورد بووە بۆ ناوچەی خۆراسان و قوچان.)

لە ساڵی ١٦٠٨دا شاە عباس ئابڵوقەی قەڵای (دمدم)ی دا کە کوردی برادۆستی تیا بوو لە نزیک (ورمیە)، کە ئەو ئابڵوقەدانە چەند مانگێکی خایان و ئەوانەی لەگەڵیا بوو هەموو لە پێناوی پاراستنی ئەو قەڵایەدا خۆیان بە کوشت دا.

لە دوای قەڵای دمدم شاە عباس بە خۆی و لەشکرەکەیەوە پەلاماری عەشیرەتی موکری دا و کوشتارێکی زۆری لێ کرد و دووبارە ژمارەیەکی زۆریشی لە ژن و منداڵی ئەوانیش بە دیل گرت و نزیکی (١٥) هەزارخێزان لە زەمانی ئەوا ئاوارەکران بۆ (خۆراسان).

لەگەڵ ئەو هەموو تاوان و کوشتارەدا وەنەبێ کورد ملی بۆ صفوییەکان کەچ کردبێت، بەڵکو لە هەموو لایەکەوە بزووتنەوە و ڕاپەڕین دەستی پێ کردووە. بۆ نموونە: لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا (هەڵۆخان)ی سەرۆکی ئەردەلان ڕاپەڕی و سەربەخۆیی خۆی ئاشکراکرد و لەدوای هەڵۆخان (خان ئەحمەد خان)ی کوڕی جێی گرتەوە و بەربەرەکانی صفوییەکانی کرد و بە ناوی خۆیەوە پارە (سکە)ی لێدا و لە ناوچەی کرماشانەوە هەتا ورمیە دانانی کاربەدەستان بە دەست ئەو بوو.

دەربارەی خان ئەحمەد خان، لە کتێبەکەی پیرەمێردی نەمردا کە ساتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٠ لە بغداد چاپم کردبوو، لە لاپەڕە (١٣٣)یدا ئەم چەند دێڕەم دەربارەی خان ئەحمەد خان هەڵبژارد بۆ ئەم باسە (هەرچەند تۆزێکیش لە باسەکە لامان ئەدا)، تاریخی راشد دەربارەی خان ئەحمەد خان نووسیویتی: "ساتێک سوڵتان مورادی چوارەم لەشکری ئامادە کرد کە بچێتە سەر بغداد، لەپێشدا لەشکرەکەی لە دەشتی شارەزووردا بار و بارگەی خستبوو، خان ئەحمەد خان پەلاماری ئەو

لەشکرەی سلطان مرادی دا و ڕاوی نا و تالانی کرد و بارگەکەی (صدر اعظم)ی دەست کەوت، کە لەو لاپەڕەیەدا بە چوار دێڕ شعری فارسی باسی ساڵی هاتنە دنیای خان ئەحمەد خان و ساڵی چوونە سەر تەخت و ساڵی لابردنی و ساڵی مردنی باسکراوە کە ئەڵێ:

خان اکراد، یعنی خان احمد   سال بخت(١) امد از عدم بیرون
ساڵ (کچ بخت)(٢) یافت و حکم و جلوس   در غلط(٣) گشت واڵە و مجنون
باز صبح بیافت اند رغم   یافت حکمی زبیشتر افزون
سال (غمها)(٤) هزیمتش دادن   رفت بیرون ازین زمانەی دون

بە حسابی ئەبجەد ئەوانەی لە کەوانەدان:

١- (بخت) بە حسابی ابجد ئەکاتە (١٠٠٢)هـ کە ساڵی لەدایکبوونی خان احمد خانە.

٢- کچ بخت بە حسابی ابجد ئەکاتە (١٠٢٥) کە ساڵی چوونە سەر تەختیتی.

٣- (غلط) بە حسابی ابجد ئەکاتە (١٠٣٩) کە ساڵی لەسەر تەخت لابردنیتی.

٤- (غمها) بە حسابی ابجد ئەکاتە (١٠٤٦) کە ساڵی کۆچی دوایی خان ئەحمەد خانە.

زنوری کە شاعیرێکی کوردی ناوچەی سنە بووە بە شێوەی هەورامی بە شعرێک باسی بەسەرهات و حوکمڕانیی خان ئەحمەد خانی کردووە و پیرەمێرد گۆڕیویەتە سەر شێوەی سلێمانی و لە ڕۆژنامەکەیدا کە لە سلێمانی دەری ئەکرد ئەو شعرەی بڵاوکردۆتەوە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٣٢)ی کتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "شای ئێران (صفی‌الدین ١٦٢٨-١٦٣٩ز) پەلاماری خان ئەحمەد خانی دا و لەگەڵ ئەوەشدا عوسمانییەکان یارمەتی خان ئەحمەد خانیان دا، لە کەناری گۆلی مەریوان (کە بە گۆلی زیرێباریش ناو ئەبرێ)، بەڵام خان ئەحمەد خان شکا و بەناچاری پەنای بردە بەر عوسمانییەکان و لە موصل نیشتەجێ بوو هەتا کۆچی دوایی کرد.

لە دوای ئەوە نۆرە هاتە سەر (نادر شای ئەفشار) کە ئەویش تاوانی خۆی کرد لە کوردستاندا بەڵام لە سالانی شەستەکانی سەدەی هەژدەهەمدا ڕاپەڕین لە هەموو لایەکی کوردستانی ئێراندا دەستی پێ کرد کە پریشکی ئەوە گەیشتە (خۆی) و (سەلماس) و لەدواییدا نادر شاە لە لایەن کوردەکانی خۆراسانەوە کوژرا.

لەپاش ئەو (کەریم خانی زەند) هاتە پێشەوە، هەرچەند صفوییەکانی گرتبوو و لە زیندان توندی کردبوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەقەبی پادشایەتی لە خۆی نەنا و بە خۆی ئەوت (وەکیل). لە دوای کەریم خان بنەماڵەکەی بێ دەسەڵات و لێنەهاتوو بوون و (محەمەد خانی قاجاری) دەستی لە زەندییەکان وەشان و لە ساڵی (١٧٩٦ز)دا سەرەتای دەسرۆیینی بنەماڵەی قاجاری لە ئێراندا دەستی پێ کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کەریم خانی زەند خوشکێکی محەمەدخانی هێنابوو بەڵام کە محەمەد خانی قاجاری چووە سەر تەخت زەندییەکانی تەفروتووناکرد.

سەیر ئەوەیە لەکاتێکدا محەمەد خان ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر بە وکرد ئەکرد کەچی لە هەمان کاتدا لەناو سەرۆکەکانی کورددا هی وا هەبوو وەکو (صادق خانی شکاک) کە لەو ڕۆژانەدا خاوەنی (١٥) هەزار چەکدار بوو، هەروەها (خسرو خانی ئەردەڵان) کە لە ناوچەکەی خۆیدا سەربەخۆ بوو کەچی بوون بە لایەنگری محەمەد خانی قاجاری (کە وەکو سعید نفیسی لە کتێبەکەیدا تاریخ اجتماعی وسیاسی ایران در دورهء معاصر لاپەڕە (٥٢-٥٤)دا باسی محەمەد خانی کردووە وەکو کابرایەکی ڕقاوی و دەغەزار کە لە پێناوی کورسییەکەی خۆیدا دەستی لە نزیکترین کەس و خزم و خوێشی خۆی ئەکردەوە.)

ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو (پیرسی سایکس) دەربارەی کوشتنی محەمەد خانی قاجاری وتویەتی: "ساتێک محەمەد خانی قاجار خۆی ئامادە دەکرد هێرش بباتە سەر جورجیا، لە ساڵی ١٧٩٧دا لەناو چادرەکەی خۆیدا لە شاری (شوش) کوژرا و تاوانی ئەو کوشتنە درایە پاڵ صادق خانی شکاک کە لەدواییدا لە باسی بنەماڵەی شکاکدا باسی ئەکەین."

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (١٩٩)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "لە ئەنجامی شەڕەکانی ساڵانی ١٨٠٤، ١٨١٣، ١٨٢٦، ١٨٢٨ ئازربایجان بوو بە دوو بەشەوە کە بەشی خوارووی لەگەڵ ئێرانا مایەوە و بەشەکەی ژووررووی کەوتە ژێر دەسەڵاتی روسی قیصرییەوە."

دەربارەی عەشیرەتەکان و نیشەجێبووەکانی کوردستانی ئێران دوکتۆر ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٧٩)ی کتێبەکەیدا دەربارەی کوردستانی ئێران ئەڵێ:(٣٨) "کوردستانی ئێران لە ژووررووی گۆلی ورمیەوە (رضائیە) دەست پێ ئەکا و بەرەوخوار ئەبێتەوە بۆ (میاندواو) تا ئەگاتە (خورساباد) و لەوێوە درێژ ئەبێتەوە تا

ئەگاتە شاری کرمنشاه، درێژییەکەی نزیکی (٣٠٠) میلە و پانییەکەی لەنێوانی (٥٠-١٠٠) میل ئەبێ.

لە باسی عەشیرەتەکانا ناوی گەلێک عەشایری کوردی هێناوە کە ناوی (٢٤) عەشیرەتی بردووە (هەندێک لەو عەشیرەتانەی کە ناوی هێناون لە ناوچەی ئازربایجان و موکریاندان و هەندێکی تریان لە شوێنەکانی تری کوردستانی ئێراندان و لە ناوبردنی هەندێکیان بەداخەوە ڕاست بۆی نەچووە و لە دابەشکردنی عەشیرەتەکانا بە دوو زنجیرەوە هۆی ئەو جیاکردنەوەی باس نەکردووە کە بۆچی بەو جۆرە کردوونی بە دوو بەشەوە.)

زنجیرەی یەکەم (بەپێی باسەکەی ولید حمدی الاعظمی):

١- عەشیرەتی (قرەپاپاخ) کە لە ناوچەی (سلدوز)دایە و ئەڵێ ئەمانە لەسەرەتاوە لە ناوچەی قفقاسەوە هاتوون و لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون.

٢- عەشیرەتی (دیبوکری) کە لە ناوچەی نێوانی مهاباد (سابلاغ) و (میاندواو)دان تا ئەگاتە (بۆکان).

٣- عەشیرەتی مەنجور (کە مەبەستی عەشیرەتی مەنگوڕە کە پێتی گ لە عەرەبیدا ئەکرێ بە ج.) لە ناوچە شاخاوییەکانا ئەژین (نەیوتوە کام ناوچەی شاخاوی!).

٤- عەشیرەتی (بگزادە) کە لە ناوچەی (مهاباد) و (سەقز)دان.

٥- عەشیرەتی (زرزە) لە ناوچەی (شنۆ).

٦- عەشیرەتی پیران.

٧- عەشیرەتی (کاورک) لە ناوچەی سەردەشت و سەقز و میاندواودان (کە مەبەستی گەورەک بووە.)

٨- عەشیرەتی (مامش) کە لە ناوچەی (لاهیجان)دان.

زنجیرەی دووهەم: نووسەر ئەڵێ: "لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێراندا چەند عەشیرەتێک ئەژین کە لەوانە:

١- عەشیرەتی (بانە) لە ناوچەی بانەدا (لام وایە و نەشمبیستووە عەشیرەت هەبێ بە ناوی عەشیرەتی بانەوە.)

٢- عەشیرەتی (عبدوی) لە ناوچەی شاهپور.

٣- عەشیرەتی (فینیک) لە ناوچەی (کونو).

٤- عەشیرەتی (فیض الله بەگی) لە (تیکاب... کە تێنەگەیشتم ئەو شوێنە کوێیە!)

٥- عەشیرەتی (روکی) لە ناوچەی (تیکاب...؟)
٦- عەشیرەتی هەورامان (نووسەر لە کتێبەکەیدا بەهەڵە ئەڵێ لە ناوچەی بانە کە ڕاستییەکەی هەورامانی لهونە.)
٧- عەشیرەتی (هەنارە) لە ناوچەی برادۆست.
٨- عەشیرەتی (جەلالی) لە ناوچەی ئاکری و ماکۆ!
٩- عەشیرەتی (مامری) لە ناوچەی (شاهپور)
١٠- عەشیرەتی (مامش) لە ناوچەی لاهیجان و شنۆ (ئەم عەشیرەتەی لە هەردوو زنجیرەکەدا باس کردووە.)
١١- عەشیرەتی (مەریوان) ئەڵێ: لە ناوچەی (کانی سانان)؟
١٢- عەشیرەتی شقاق (کە مەبەستی شکاکە) ئەڵێ لە ناوچەی (سومی)دان.
١٣- عەشیرەتی (سیبران) لە ناوچەی (شاهپور).
١٤- عەشیرەتی (سورینی) لە ناوچەی (سەردەشت).
١٥- عەشیرەتی (تیلاکو) کە ڕاستییەکەی (تیلەکۆ)یە، ئەڵێ لە ناوچەی (سەقز)دان.
١٦- عەشیرەتی (زرزە) لە ناوچەی سولدوز و نەغەدە و شنۆدان (دووبارە عەشیرەتی زرزەشی لە هەردوو زنجیرەکەدا ناوبردووە.)

نووسەر لە پەراوێزی لاپەڕە (٣٨٣)ی کتێبەکەیدا ئیشارەتی بۆ ئەو سەرچاوەیە کردووە کە باسی ئەو عەشیرەتانەی لێ وەرگرتووە کە بریتییە لە دوکیومێنتی ژمارە (F.O. 371-35093) کە لە ڕۆژی ١٩٤٤/١/١١دا لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادایە وەرگیراوە. نووسەری کتێبەکە لە لاپەڕەکانی (٣٨٧-٣٨٨)دا باسی ڕاپۆرتێکی تری کردووە کە لە دوکیومێنتی ژمارە (F.O.371-956) ڕۆژی ١٩١٠/٢/١٦ کە لە لایەن (Mr. Barclsy)ەوە نێرراوە بۆ سیر ادورد گرای ئەڵێ: "لە ساڵی ١٩١٠دا لە ترسی ئەوەی حکومەتی تورکیا دەستی کردبوو بەوەی کە چەک لە کوردەکانی تورکیا بسێنێتەوە، ژمارەیەک لەو کوردانەی تورکیا کە نزیکی هەزار کەس ئەبوون بە ژن و پیاوەوە لەوانەی کە پیاوەکانیان لە سوارەی (حمیدی)دا بوون ڕایان کرد و چوونە خاکی ئێرانەوە و ڕوویان کردە ناوچەی (ماکۆ) کە سەرکردەی ئەو تاقمە ڕاکردووە (حسێن پاشا) بوو، ئەو سەرکردەیە داوای لە (اقبال السلطنه) کرد کە سەرکردەی ئێران بوو لەو ناوچەیەدا کە شوێنێک بۆ خۆی و تاقمەکەی تەرخان

بکرێت بۆ نیشتەجێبوونیان و لە ئەنجامی ئەوەدا گوندی (قرەعینە)یان بۆ تەرخان کرا لە ناوچەی ئازربایجاندا و، ئێرانییەکان تۆوی کشتوکاڵیان دانێ بۆ ئەوەی لە زەوییەکانیانا کشتوکاڵ بکەن کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی تری کورد لە کوردستانی تورکیاوە ڕوویان کردە ئێران کە ژمارەی هەموویان گەیشتە حەفتا هەزار کەس.

مارتن ڤان برونسون لە کتێبەکەیدا باسێکی دوور و درێژی تەرخان کردووە بۆ عەشیرەتی شکاک کە لەدواییدا لەو بەشەی کە بۆ عەشیرەتی شکاکمان تەرخان کردووە باسی ئەکەین.

هەروەها لە لاپەڕە (٣٧٩-٣٨٠)ی کتێبەکەیدا باسی ژمارەی خێزانەکانی چەند عەشیرەتێکی تری کوردی کردووە کە دراوسێی شکاک بوون و ئەڵێ: (٢٨) "بۆ ئاگاداربوون لە ژمارەی عەشیرەتەکانی تری ئەو ناوچانەی کە شکاکی تیادا بووە لە کۆندا سەرچاوەیەکی وا بە دەستەوە نییە کە بۆ ئەو مەبەستە دەس بدا و سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام لەدواییدا لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەم ژمارانەی خوارەوە دەستنیشان کراون و ئەتوانرێ بەپێی ئەوە حساب بۆ هەموویان بکرێت، وەکو خوارەوە:

١- عەشیرەتی شکاک، ژمارەی خێزانەکانی (٤٤٠٠) خێزان.
٢- عەشیرەتی هەرکی، ژمارەی خێزانەکانی (١٣٥٠) خێزان.
٣- عەشیرەتی زرزا، ژمارەی خێزانەکانی (٧٥٠) خێزان.
٤- عەشیرەتی حیدرانلی، ژمارەی خێزانەکانی (٣٠٠) خێزان.
٥- عەشیرەتی میلان، ژمارەی خێزانەکانی (٢٠٣٠) خێزان.
٦- عەشیرەتی جەلالی، ژمارەی خێزانەکانی (١١٢٥) خێزان.
٧- عەشیرەتی پیران، ژمارەی خێزانەکانی (٦٥٠) خێزان.
٨- عەشیرەتی مەنگوڕ، ژمارەی خێزانەکانی (١٥٠٠) خێزان.
٩- عەشیرەتی مامش، ژمارەی خێزانەکانی (٩٥٠) خێزان.
١٠- عەشیرەتی بەگزادە، ژمارەی خێزانەکانی (٥٠٠) خێزان.

ئەبێ ئەوەش بخرێتە بەرچاو کە زۆربەی ئەم هۆزانە بەشێکیان لەوبەری سنوورەکانی ئێراندا ئەژین (مەبەستی کوردستانی خوارو و کوردستانی تورکیایە) هەروەکو هەرکی و حیدرانلی و...(لەڕاستیدا بێجگە لە هەرکی و حیدرانلی کە مارتن ڤان برونسون باسی کردووە هەندێ لە عەشیرەتەکانی تریش وەکو مەنگوڕ و ماش،

هەندێکیان لە کوردستانی خوارووداا ئەژین.)

بێجگە لەو عەشایرانەی کە ولید حمدی الاعظمی و مارتن ڤان برونسون باسیان کردوون، ابراهیم (اسکندر نیا)ش لە کتێبەکەیدا (سازمان ئیلات و شیوەء معیشت ازربایجانی غربی)(٤٧) باسی عەشایرەکانی کردووە و هەروەکو خۆی لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەو باسەدا باسی کردووە سەرچاوەکانی بۆ ئەو باسە بریتی بووە لە:

١- کلیم الله توحدی، حرکت تاریخ کرد بە خراسان، دانشگاه مشهد، ساڵی ١٣٥٩.

٢- سید احمدی کسروی تبریزی، تاریخ مشروطیەء ایران، چاپی تاران ١٣٦٣ﻫ.

٣- علی دهقان، سرزمین زردشت، تهران، ابن سینا، ساڵی ١٣٤٨.

اسکندر نیا لە لاپەڕەکانی (٣٦٩ هەتا ٣٧٧) بە شێوەیەکی گشتی باسی عەشایرەکانی هەموو ئازربایجانی کردووە کە لە لاپەڕەکانی (٣٧٠-٣٧٢) باسی شجرەی تیرەکانی عەشیرەتی شکاکی کردووە کە لە باسی بنەماڵەی شکاکدا ئەگەڕێینەوە سەر ئەو باسەی اسکندر نیا.

دانیال متی لەو باسەیدا کە سەرچاوەکەی لە چەند ڕاپۆرتێکی فرنسیەوە وەرگرتووە دەربارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە کتێبەکەیدا ئەڵێ:(٢٤) "کوردی دەوروبەری ورمیە لە دووبەشی سەرەکی پێک دێن.

بەشی یەکەمیان لە نێوانی (باشقەلا) و (قطور)دا نیشتەجێن کە سەرۆکی ئەم تاقمە ڕێگرێکی ناودارە بە (سمکۆ) کە هەڵسوکەوتی هەمیشە جێگەی گومانلێکردن بووە.

بەشی دووهەم لە ناوچەکانی نیوان (شنو) و (سابلاغ)دا نیشتەجێن لەژێر سەرۆکایەتی (سلێمان خان)دا، ئەو سلێمان خانە هاتۆتە لای ئێمە (کە مەبەست لە فرەنسییەکانە) و ئامادەیی خۆی پێشان داوە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئێمەدا (هەروەکو لە پەراوێزی لاپەڕە ٤٤ی گۆڤاری ئەنستیتوتی پاریسدا کە باسەکەی تیادا ترجمە کراوە بە فارسی، دانیال متی ئەڵێ باسەکەی لە ڕاپۆرتێکی کاپتن گاسفیلد وەرگرتووە کە ژمارەی ڕاپۆرتەکەی (7.N.16404) بووە لە ساڵی ١٩١٩دا بەپێی ترجمەکەی دانیال متی، کاپتن گاسفیلد کە سەرۆکی دوکتۆرە فرەنسییەکان بووە نووسیویتی: "من ئیمڕۆ کە ١٠ی ژانویەی ١٩١٨یە، لەگەڵ سلێمان خان کە یەکێکە لە سەرۆکی کوردەکانی شنۆ یەکترمان بینی کە ڕەنگە ناویشتان بیستبێت کە

ماوەیەکی زۆر دۆستی ڕووسەکان بوو.

سلێمان خان باسی بێزاربوونی خۆی کرد بەرامبەر بە هەڵوێست و باسی تێکچوونی خۆی کرد لەگەڵ جنراڵ (چرنزوکف)دا و ناومێدی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە هەڵوێستی ڕووسەکان و ئێستە زۆر شادمانە بە دۆستایەتیکردن لەگەڵ ئینگلیز و فرەنسەدا. سلێمان خان نزیکی دوو هەزار کەسی لەگەڵە کە بێجگە لەوە دەسەڵاتی بەسەر هەندێ ناوچەی تری کوردیشدا هەیە".

دانیال متی لە باسەکەیدا ئەڵێ: "کە دوکتۆر (کوژول)ی فرەنسی جارێک لەگەڵ کولونیل (شاردنی)دا بووە، دەعوەتی بۆ کردووە و لەو دانیشتنەدا بۆی دەرکەوتووە کە پێوەنییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانی فرەنسییەکان و سمکۆ تا ئەوسا پەیدا نەبووبوو، ئەگەرچی کولونیل شاردنی لەم پیاوە ڕێگرە و لە ڕەفتارەکانی دڵنیا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوە ئەدا کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وا لە سمکۆ بکرێ کە بەرەو هاوکاریکردن لەگەڵ فرەنسییەکانا بڕوا و لێیان نزیک بێتەوە.

ساتێک لە ساڵی ١٩١٨دا کولونیل شاردین چاوی بە (کمال بدرخان) کەوت کە لە (تفلیس) بوو و کمال بدرخان سمکۆی لەنزیکەوە ئەناسی، شاردین توانی کمال بدرخان وا لێ بکات کە لەو ڕووەوە نامەیەک بنووسێت بۆ سمکۆ.

هەرچۆنێک بووبێت، دیپلۆماسیەتی فرەنسە لەدواییدا زۆر خەفەتی ئەوەی ئەخوارد کە بۆچی کاتی خۆی بایەخیان نەدابوو بە سمکۆ کە بە خۆڕایی لە کیسیان چووبوو.

## دووهەم: کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیە

باسی کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیەی کە مەبەستی ئەم کتێبەیە باسێکی ئێجگار دوور و درێژ و ئاڵۆزە و بە باس و دوو باس تەواو نابێت و نووسەران هەر یەکە بەپێی شارەزایی خۆی لە چمکێک لەو کێشە دوور و درێژە مێژووییە دواوە. بازرگان و گەڕۆکەکان کە چوونەتە ئەو ناوە و ماڵی بازرگانییان بردووە بۆ فرۆشتن و کەرەسەی خاوی ئەو ناوچانەیان کڕیوە و بە کێشیان کردووە بۆ بازاڕی وڵاتی خۆیان و گەڕۆکەکان کە هەر یەکەیان بۆ مەبەستێک بەو ناوچانەدا گەڕاون و پێوەندییان بە خەڵک و بە سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەوە کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دانیشتوانی ناوچەکە و تۆمارکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارەزابوون لە کێشەی دانیشتوان و پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا کە ئەو

تۆمارکراوانە لەگەڵ باس و تۆمارکراوەکانی ئەو میسونێرانەی کە بە ڕواڵەت بە ناوی ئایینەوە نێرراون بۆ ئەو ناوچانە و لە کەنیسە و بنکە ئایینیەکانی سەر بە خۆیاندا کاریان کردووە و بیروباوەڕی ئایینەکەی خۆیان بڵاوکردۆتەوە و لە خەڵکیان گەیاندووە و پارێزگارییان لە هاوئایینەکانی خۆیان کردوو لەو ناوچانەدا، ئەو هەموو باس و تۆمارکراوانە هەموویان بوون بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بۆ کاربەدەستانی خۆیان بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا و لە شوێنی خۆیدا سوود لەو زانیارییانە وەربگرن و ئەو سەرنجانەی کە لەو تۆمارکراوانەدا باسکراون هەمووی بخرێتە بەرچاو و هەر کاتێک حکومەتەکەیان لەو ناوچانەدا بوو بەدەسەڵاتدار بەپێی ئەوە بجووڵێنەوە و لەژێر تیشکی ئەوەدا هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ دانیشتواندا.

نموونەیەکی بچووک دەربارەی ئەوە لە باسێکی تۆماکراوی بازرگانێکدا دەرنەکەوێ کە ناوی (جین باپتیست تاڤیرنەر Jean Baptistte Tavernier) کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی لە بەغداد، بەرگی هەشتەمی ساڵی ١٩٨١دا لە لایەن مامۆستا شوکور مصطفی ترجمە کراوە بە کوردی کە: "جین باپتیست بازرگانێکی گەڕۆک بووە و نەخشەی جوگرافیا و کاڵا و قوماش و بەردی بەنرخی فرۆشتوە و لە ساڵی ١٦٦٨زدا سەفەرێکی بەناو کوردستاندا کردووە و لە یاداشتەکانیا باسی (سەلماس)ی کردووە کە لە سەرەڕێگای کاروانی بازرگانیدا بووە کە لە (حلب)ەوە بەسەر کوردستانی تورکیادا ئەچوون بۆ ناوچەی تەورێز لە ڕێگەیدا بەسەر سەلماسدا تێپەڕیوە (کە جین باپتیست لە یاداشتەکانیا بە سەلماستر ناوی بردووە)، دەربارەی سەلماس وتویەتی: "سەلماس شارێکی جوانە لەسەر سنووری ئاسوور و ماددا هەڵکەوتووە، ئەم هەرێمە لایەکی دیکەی سنووری دەوڵەتی ئێرانە... کاروان ناتوانێ بچێتە ناو شارەوە بەڵکو پێویستە لەپێشدا لەگەڵ دوو سێ سەرەکی کارواندا بە دیارییەکی چاکەوە بچێتە خزمەت (خان) و چاک و چۆنی لەگەڵدا بکرێ و دیارییەکانی پێشکەش بکرێت، ئەوسا ئەتوانێ بچێتە ناو شارەوە."

بەپێی وتەی ئەو بازرگانە، لە ڕێگەی هاتوچۆکردنیا بۆ ئەو ناوچەیە تووشی گەلێک دەردی سەری بووە لە لایەن سەرکردەکانی کوردەوە کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی قازانجێکی ئەوتۆی دەست نەکەوێ لەو بازرگانیەیدا کە لەو ناوچەیەدا کردویەتی."

بێگومان هەر لەکۆنەوە کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی و ئەو ناوچەیەی کە مەبەستی ئەم باسەمانە لەلایەن بێگانەوە چاوی تێبڕاوە و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان

له کێشەیەکی بێ ووچاندا بوون بۆ دەستگرتن بەسەریا.

دەربارەی کێشەی دەوڵەتان، گەلێک لە نووسەرانی بێگانە و خۆمانە و سەرچاوە فارسییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی باسیان کردووە و ئێمەش لەم باسەدا چەند بۆچوونێکی هەندێک لەو نووسەرانەمان هەڵبژارد و پوختەی بۆچوون و بیر و باوەڕی ئەو نووسەرانە پێشکەش خوێندەواران ئەکەین.

پرۆفیسۆر خالفین لە کتێبەکەیدا (خەبات لەڕێی کوردستاندا)، وە یا بە مانایەکی تر (کێشە لەسەر کوردستان) بە شێوەیەکی دوور و درێژ باسیکردووە و بایەخێکی ئێجگار زۆری داوە بەو باسە کە ئەڵێ:(١٥) "لە سەرەتای سەدەی نوزدەهەمدا خاکی کوردستان بووبوو بە هۆی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران. وڵاتە ئەوروپاییەکانیش هەروەکو رووس و ئینگلیز و لە دوای ئەوانیش ئەڵمانەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا چاویان بڕیبووە کوردستان و دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکەدا و بۆ ئەو مەبەستە هەڵوێستی هەر یەکەیانی بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسەنگاندوە و لێی دواوە:

## ١- کێشەی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران:

هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە خاکی کوردستان لەنێوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێراندا بەشکرابوو لە ئەنجامی ئەو شەڕەی لەنێوانی سوڵتانی عوسمانی (سەلیم باوز) و شا اسماعیلی یەکەمی صفوی ڕوویدابوو، بەپێی ئەوە ئێران دەستی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا و بەرلەوەش حکومەتی ئێران توانیبێتی بەتەواوی کوردەکان بخاتە ژێر دەسەلات و ڕکێفی خۆیەوە چونکە لەڕاستیدا فەرمانڕەوایی ڕاستیی هۆزە کوردەکان هەر لە لایەن سەرۆکی هێزەکانی خۆیانەوە ئەبرا بەڕێوە و بەدرێژایی ئەو سەدەیە دەسەلاتدارێتی هەردوو حکومەتەکە بەسەر کوردستاندا هەر بە ناو هەبووە.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەدرێژایی سنووری ئێران و تورکیا، فەرمانڕەواییە دەرەبەگیە نیمچە سەربەخۆکەی سەرداری موکری پەیدابوو کە شوێنی دانیشتنی لە ناوچەی (ساوج بولاق ـ مهاباد)دا بووە کە سەدە و نیوێک ئەو فەرمانڕەواییە درێژەی کێشاوە و پێوەندییەکی بەهێز و یەکگرتنێکی پتەوی هەبووە لەگەڵ کوردەکان

باباندا هەرچەند خۆشی لە کوردی موکری بوو.

ئەو فەرمانڕەواییەی کورد لەناو خۆیانا بووبوو بە چەند فەرمانڕەواییەکی بچووکەوە کە هەر بە ناو لەژێر ڕکێفی ئێراندا بوون (خالفین لە پەراوێزی لاپەڕەی باسەکەیدا ئەڵێ: سەرچاوەی باسەکەی بریتیە لە باسێکی ڤیلچیڤسکی کە لە گۆڤاری ئاسیای نزیک لە لاپەڕە (١٨٢)ی بەرگی پێنجەمدایە.)

(راولنسن)ی ئینگلیزی کە سەرکردەیەکی سوپایی بووە لەناو لەشکری شاهنشاهی ئێراند (کە دیارە کرێگرتە بووە)، لە ساڵی ١٨٣٩دا لە باسێکیدا بە ناوی (گەشتێک لە تەورێزەوە)، بەرگی دەهەم، لاپەڕە ٦٥، چاپی ساڵی ١٨٤٠ نووسیویێتی ئەڵێ: "کوردەکانی موکریانی ناوچەی (سلدوز) کە ساتێک کەوتنە ژێر دەسەڵاتی تورک و ئێرانەوە، بەشێکی زۆری ئەو سەربەخۆییەی کە هەیان بوو لە کیسیان چوو."

خالفین لە باسەکەیدا دەربارەی کێشەی ئێران و عوسمانی لەسەر کوردستان ئەڵێ: "ئەو سنوورەی لە کوردستاندا لە نێوانی تورکیا و ئێراندا هەیە کە هەتا سەرەتای سەدەی ڕابووردوو (مەبەستی سەدەی نۆزدەهەمە) هێشتا نیشان نەکرابوو، لەدوای دیاریکردنیشی کوردە کۆچەرییەکان هەر گوێیان نەئەدایە ئەوە و کام شوێنیان بە دڵ بووایە سنووریان بۆ ئەبڕی و ڕوویان ئەکردە ئەو شوێنە."

کونسولی بریتانیا (تیلەر) لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەو ڕووەوە نووسیویێتی: "تێکەڵبوونی ژێردەستەکانی دوو دەوڵەت (مەبەستی تورکیا و ئێران بووە) و نەچەسپاندنی سنوور لەنێوانیانا بۆتە هۆی ئاژاوە و نائارامی و نارێکییەکی هەمیشەیی لەنێوانی عوسمانی و ئێراندا.

کورد هاتوچۆکردنی ئەمدیو و ئەودیو، بە ماڵ و بە مافی خۆی ئەزانێ و هەر کاتێک ئارەزوو بکا و بیەوێ و بە باشی بزانێت لەملاوە ئەگوێزێتەوە بۆ لایەکی تر."

(پەناڤرین)ی کونسولی ڕوسیا لە تەورێز دەربارەی دووریی کوردستان لە ڕێگەوبانی بازرگانی و سەختی ناوچەکە و نەبوونی بازرگانییەکی باش وتویەتی: "هەرچەند موکریان ـ سابلاغ، کە (٧٥٠) گوندی تیادایە و بە پیتترین ناوچەی ئێرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر نەبوونی ڕێگاوبان ناتوانێت بەرهەمی کشتوکاڵی خۆی پەرەپێبدا و خاوەن زەوی و زارەکان ناچارن بەرهەمەکانیان لە شوێنی خۆیانا بە نرخێکی هەرزانی ئەوتۆ بفرۆشن کە هەندێ جار مایەکەی خۆی دەرناهێنێتەوە."

خالفین لە باسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "سەرەڕای ئەو بارە نالەبارەی ئەو ڕۆژانەی ناوچەکە، ئێرانی و عوسمانییەکانیش بە هەمووجۆرێک بەرهەڵست و تەگەرەیان ئەخستە بەردەمی ڕێگەی پێشەکوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد و ئەو گەلانەی تریش کە لەژێر دەستیاندا بوون. بەرتیل و دزی و دەمچەورکردن نیشانەی ئاشکرای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران و کاربەدەستەکانی هەردوولایان بوو.

خالفین بۆ ئەوە، باسێکی (ف. دیتێل)ی ڕووسی شارەزای هێناوەتەوە بە بەڵگە کە لە ساڵی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری لە ئێران داوە و لە کتێبەکەیدا (گەشتێک بە ڕۆژهەڵاتدا) ساڵی ١٨٤٢-١٨٤٥ز کە لە ساڵی ١٨٤٩دا چاپکراوە نووسویێتی: "ڕەشوڕووتەکان قایشی سپییان بەسەر شاندا هاتۆتە خوارەوە... ئا ئەمەیە لەشکری وڵات؟! ئا ئەمەیە سەربازی هەرگیز نەشکاو؟ ئەم پارێزەرانەی ئیمپراتۆریەتە، هەموو جۆرە مافێکیان هەیە و بۆیان هەیە کە بازرگانی، دزیکردن، تاڵانکردنی دانیشتوان کە ناچارن لەترسدا لە شوێنێکەوە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر... بەکورتی هەموو شتێک ئەکەن و ساتێک لەشکری ترسناک ئەبینن، لەترسدا هەرچییەکیان پێ هەڵبگیرێ ئەیبەن لەگەڵ خۆیانا و بۆی دەرئەچن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بەشێک لە ماڵەکەیان لە دەست ئەم تاقمە ترسناکە ڕزگار بکەن و خۆیان دەرباز بکەن و ئەوەش کە بۆیان دەرناچێ وەکو کەپر و کۆخ و کێڵگە و بێستان و باخی میوە، زۆر بەخێرایی لەناوئەبرێ و ئەرووتێنرێتەوە و چۆڵ ئەکرێ."

## ٢- هەڵوێست و ڕۆڵی ئینگلیز و ڕووس:

ئینگلیزەکان لە هەموو دەوڵەتە ئەورپاییەکانی تر زۆرتر بایەخیان دابوو بە هۆزەکانی کورد چونکە کوردستان شوێنێکی ستراتیجی گرنگە و ئەکەوێتە نێوان تورکیا و ئێران و ڕووسەوە، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان، بەتایبەتی کۆمپانیای (West India)، و بۆ ئەو مەبەستە بە سەدان دیپلۆماسی میسونێریان ناردوە بۆ کوردستان و بە دیاری و بەرتیل خۆیان لە سەرۆکهۆزەکان نزیککردۆتەوە و بەلای خۆیانا ڕایانکێشاون و بە هۆی ئەوەوە دەستیان کردبوو بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ شارەزابوون دەربارەی هێزی چەکداری کورد و دەسەلاتیان و شارەزابوون لە ڕێگاوبانی ناو کوردستان.

ئینگلیزی شارەزا و پروپاگاندەکەر، بەتایبەتی پسپۆر و شارەزاکانی کۆمپانیای وێست ئینديا لە رێگای سەرۆکی کۆمپانیاکەوە کە مستر (د. ریچ) بووە لە ساڵی ١٨٠٦ زۆر چالاکانە کەوتە خۆی و بەیارمەتیی (هاین)ی دۆستی، ئاشنایەتی لەگەڵ سەرۆک و دەرەبەگەکانی کورددا پەیداکردووە و ریچیش هەروەکو دەربەگێک خۆی پیشان ئەدا و هەمیشە تاقمێک چەکداری هیندیی دوای خۆی ئەخست و لە (بصرە)ش (کەلکۆهون)ی ئینگلیزی بە هەمان رێبازدا ئەرۆی و رەفتاری ئەکرد.

بە هۆی ئەمانەوە کاپتن (ماکدونالد کینیر) کە سەرۆکی بەشی سیاسیی ئەو کۆمپانیایە بوو گەشتێکی کرد بۆ کوردستان و ئەرمەنیا کە ئەو چوونەی بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و شارەزابوون بووە.

چ ماکدۆناڵد و چ ئەوانەی دوای ئەویش وەکو (و. هید) لە ساڵی ١٨١٧دا و (د. ک. پورتیر) کە ئەمەی دوایی لە بەغدادەوە بە کرکوکدا چووە بۆ سلێمانی و لەوێوە گەیشتۆتە سابلاغ و تەورێز هەموو بۆ مەبەستی هەواڵ و شارەزابوون چوونەتە ئەو ناوچانە.

لە ساڵی ١٨٢٠دا کە مستر ریچ گەشتەکەی خۆی کرد بۆ کوردستان و چووە رۆژهەڵات سەری لە مەریوان و سنە و بانەش دا و پێوەندیی بە سەرۆکهۆزەکانەوە کردووە کە ئەفسەرە ئینگلیزەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەناو مەشقیان بە لەشکری ئێران ئەکرد، بەڵام شانبەشانی ئەوەش هەوڵیان ئەدا دەست بخەنە کاروباری کوردستانەوە.

لە دوای ریچ، ئنجا (د. فریزەر) لە ساڵی ١٨٢١-١٨٢٢دا بە فەرمانی (جاکسن) کە نوێنەری حاکمی عەسکەری ئینگلیز بوو لە (بۆمبای) نەخشەیەکی ئامادەکرد دەربارەی ئابووری و کانە مەعدەنەکانی ناوچەکە و لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکانی کوردیشدا کەوتۆتە گفتوگۆکردن.

فریزەر لەو باسەیدا کە بە ناوی (گەشتێک بە خۆراساندا) ساڵی ١٨٢١-١٨٢٢ لە لاپەرە (٥٢٢)دا وتویەتی: "ئەگەر هەر وڵاتێکی ئەوروپایی یارمەتیی کورد بدا، ئەوا کورد ئامادەیە هەوڵی لەناوبردنی قاجارییەکان بدەن کە کورد ئێجگار رقیان لێیانە."

لەدوای ئەو لە ساڵی ١٨٢٨دا کاپتن (ر. میگان) بەرەو کوردستان رۆیشت و لە رێگەی کفری و سلێمانیەوە چووە بانە و لەوێوە بۆ (میاندواو) و دوای ئەوە لە تەورێزەوە چووە روسیا.

له ساڵی ١٨٢٩دا کومیته سیاسییەکەی قەفقاس ئاگادار کرا کە دوو ئەفسەری ئینگلیزی لە لایەن کۆمپانیای (وێست ئیندیا) بۆ مەشق و فێرکردنی سوارە کوردەکان نێرراون بۆ سلێمانی (ئەو سەردەمە دەوری بابانەکان بووە.)

لە سالانی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ماوەیەکی زۆر ئەفسەری ئینگلیزی (هـ. ڕاولنسون) لەناو لەشکری ئێراندا کاری کردووە و لە سالانی ١٨٣٤-١٨٣٦دا فەرماندەی لەشکرێکی ئێرانی پێ سپێردرا کە حکومەتی ئێران لە کوردەکانی پێک هێنابوو.

## ٣- ڕۆڵی ئەمریکاییەکان:

ئەمریکاییەکان کە هەتا ئەوسا هیچ دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نەبووە لە ئاسیادا، ئەوانیش کەوتنە خۆیان و دەستیان کرد بە ناردنی میسونێرەکانی خۆیان بۆ ناو خاکی کوردستان. ڕابەرە ئایینیەکانی ئەمریکاییەکان پارمەتییەکی زۆریان لە گەلێک لاوە دەستگیر بوو بە بۆنە و بیانووی ئەوەی کە مەسیحی لە ئێران و تورکیادا هەن و زۆرجار ئەچوونە ناو ئەوانەوە و هەولیان ئەدا لەناو موسولمانە کورد و تورکەکان و نەتەوەکانی تردا جێی خۆیان بکەنەوە کە ئەم هەوڵ و تەقەلایەیان بە شوێنەیەکی گشتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکردبوو و لە کۆتایی ئەو سەدەیەوە و سەرەتای سەدەی بیستدا پەرەیانسەند و چالاکییان دەستی پێکرد.

## ٤- پێوەندیی ڕووسیا و کورد:

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووسیای قیصری بەپێچەوانەی ئینگلیزەکان گوێیان نەدابووە کوردستان و هەوڵێکی ئەوتۆیان نەدابوو بۆ پێوەندیکردن و تەنها بە بوونی ئەو بازرگانییەی کە لەگەڵ تورکیا و ئێراندا هەیانبوو قایل بوون.

یەکەم پێوەندی کردن ڕووس و کورد ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕەکانی ڕووس و تورک و ئێران. ئێران و تورکیا کوردیان بە دەسکەلای خۆیان دائەنا و کاربەدەستانی هەردوولایان بە بەتیل و دیاری و تالانی وایان لە سەرکردەی هۆزەکانی کورد کردبوو کە چەکدارەکانی کورد دژی ڕووس بجەنگن، کە ئەمە زۆرجار ئەبووە هۆی ئەوەی کوردەکان لەناو خۆشیانا تێک بچن و لەیەکتر بدەن کە بەوە زیانێکی زۆر لە کوردستان کەوتبوو. لەو شەڕانەدا کە تورک و ئێران لەگەڵ ڕووسیای قیصریدا

دەیانکرد لە سەدەی پازدەهەمەوە لەشکریان لە کوردەکان دروست ئەکرد و لەژێر فەرماندەی سەرکھۆزەکانی خۆیان ئەیانکردن بە گژ ڕووسیادا (کە هیچ گومان نییە کە تورکیا و ئێران هەستی ئایینیی کوردیان بزواندووە و ئەو شەڕە خۆڕاییانەیان بە کورد کردووە.)

ڕووسیا هەوڵێکی زۆری دا کە کورد لەو شەڕانەی تورکیا و ئێران لەگەڵیانا ئەکرد وا لێ بکا کە بێلایەن بن، بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەو شەڕانەی کە تورکیا و ئێران لەگەڵ ڕووسیادا ئەیانکرد، کوردەکان سەریان بۆ تورکیا و ئێران نەوی نەکردووە، بەڵکو بە هەموو توانایانەوە هەوڵی پاراستنی خاک و سامانی خۆیان داوە و زۆرجاری وا هەبووە سەرۆکھۆزەکانی کورد بە پێچەوانەی جاران لەگەڵ ولاتانی دژ بە ئێران و تورکیادا کەوتوونەتە گفتوگۆکردن و لە زۆر شەڕیشدا یارمەتیی ئەو دوژمنانەی ئێران و تورکیایان داوە کە ئەمە نیشانەی ئەوە بووە کورد خۆی بە بێگانە زانیوە بەرانبەر بە تورکیا و ئێران.

لەکاتێکدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دوژمنایەتی کورد لەگەڵ ئێران و عوسمانیدا لە سەرەتایدا بوو، بەڵام لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا گەیشتە ڕادەی ڕاپەڕین و پەلاماردانی چەکدارانەی کورد دژی دەرەبەگەکانی ئێران و تورکیا. (لەڕاستیدا وەکو خالفین باسی کردووە کوردی ئەو ناوچانە بێجگە لە بوونی کێشەیان لەگەڵ حکومەتی ئێران و تورکیادا کێشەیان لگەڵ دەرەبەگەکانی تورک و فارس و ئازەریدا هەمیشە هەر بووە و زۆرجار بۆتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی تورکیا و ئێران خۆیان تێکەڵی ئەو کێشەیە بکەن.)

لازاریف، لە کتێبەکەیدا (دۆخی جیهانیی کوردستان)، دەربارەی کێشەی دەوڵەتان لەسەر کوردستان [٢٤] ئەڵێ: 'لە ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥دا حکومەتی بریتانیا گەورەترین دوژمن و بەربەرەکانێکەری ڕووسیا بوو لە کوردستاندا. کاربەدەستەکانی ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ئاسیای ناوەندا سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیایان بەکار ئەهێنا و لەو باوەڕەدا بوون کە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی ڕووسیا لە کوردستاندا هەڕەشەیەکی گەورە پەیدا ئەکا بۆ باری سیاسی و ئابووری ئینگلیز، لەبەر ئەوە هەمیشە ئەیویست دەسەلاتی ئیمپریالیستی خۆی لەسەر حسابی ئێران و ولاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی لە ئاسیای بچووکدا بچەسپێنێت و نەیئەویست لە خۆی بەولاوە هیچ هێزێکی دەسەلاتداری تر لە

کوردستاندا هەبێت، چونکە بەبێ کوردستان ئینگلیز نەیئەتوانی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکەدا بچەسپێنێت.

بێجگە لەوە ئینگلیز مەترسییەکی تریشی هەبوو لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەو ناوچانەدا، بۆیە ئینگلیز زۆر لای مەبەست بوو کە جەماوەی کورد سەر بە ئینگلیز بێ و تەنها مل بۆ خۆی کەچ بکات.

تەقەلای ئینگلیز بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە، لە پێکهێنانی (سوارەی حمیدیە)ی عوسمانیدا دەرئەکەوێ کە (نیلدوف) لە نامەیەکیدا لەو ڕووەوە وتویەتی: "پێکهێنانی سوارەی حمیدیە لە کوردەکان بەزۆری بە ڕاوێژ و ڕاسپاردەی ئینگلیزەکان دروست بووە."

لازاریف لە باسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "کاتێک کێشەی ئەرمەنییەکان هاتە کایەوە، ئینگلیزەکان ئیتر بایەخیان دا بەو هێزی حمیدیەی کە لە سوارەکانی کورد پێک هاتبوو (لە کوردستاندا ئەوانە بە ئێسترسوار ناسرابوون و لازاریف لەوەدا مەبەستی ئەوەیە کە ساتێک کێشەی ئەرمەنی و عوسمانی پەیدابوو، ڕووسەکان لە ڕووی ئایینیەوە بوون بە لایەنگری ئەرمەنییەکان کە ئەمە ئەبووە هۆی ئەوەی ڕووسەکان بە هۆی ئەرمەنییەکانەوە جێپێیەکیان دەسگیر بێت، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان عوسمانییەکانیان هاندا کە سوارەی حمیدیە لە کوردەکان پێکبێنن بۆ ئەوەی دژی ڕووسیای قیصری بەکاریان بهێنن.)

بەڵام وەنەبێ تورکەکان لەو ئاوڕلێدانەوەی ئینگلیز دڵنیا بوون یا دڵیان پێی خۆش بووبێت بەتایبەتی تورکەکان ئەوەیان بە دڵ نەبوو کە ئینگلیزەکان پێشنیازیان کردبوو (زەکی پاشا) بکرێت بە سەرۆکی لقی چوارەم لە فرقەی هەشتەم و تورکەکان لەوە ترسابوون کە بە هۆی ئەوەوە دەسەڵاتیان بەسەر کورددا نەمێنێت.

هۆی سەرەکیی سڵەمینەوەی تورک ئەوە بوو کە ترسیان پەیداکردبوو لەوەی کە ئینگلیزەکان کارێکی وا بکەن کورد و ئەرمەنییەکان بکەن بە دوژمنی یەکتر و ئەمە بکا بە بیانوو کە دەست بخاتە کاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە.

ئینگلیز بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی خۆی پشتی حکومەتی ئێرانی گرتبوو و هەوڵیشی ئەدا دەسەڵاتی خۆی لەناو کوردەکانی ئێرانی سەرسنووردا پەرەپێبدا و لەلایەکی تریشەوە یارمەتیی ئەرمەنییە ڕاپەڕیوەکانی سەر سنووری ئێرانیشی ئەدا بۆ ئەوەی یارمەتیی برا ئەرمەنییەکانی ئەودیو بدەن (مەبەستی ئەرمەنییەکانی ناو

خاکی عوسمانی بوو.)

لازاریف لەو ڕووەوە باسی نامـــەیەکی صـــدری اعظم (کـە سـەرەکـوەزیران ئەگریتەوە)ی عوسمانییەکان ئەکا کە ناردبووی بۆ وەزیری جەنگی عوسمانی، لەو نامەیەدا بە دوور و درێژ مەبەستی هەڵوێستی ئینگلیزی تیادا باس کردووە کە چۆن ویستبوویان ئاشووب بنێنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کونسوڵی بریتانیا لە (وان) بە ڕووالەت هەستی دۆستایەتی خۆی دەربڕیوە.

نامـەکـەی صدری اعظم ئەڵێ: لەڕاسـتـیـدا پێوەندییـەکی تەواو هەیە لەنێـوانی ئینگلیز و حکومـەتی ئێراندا و کوردەکانی ئێران هانئەدا و دەیانوروژێنێت و پارە و پووولێکی زۆری بەناویانا بڵاوکردۆتەوە کە بریتانیا بەم ڕەفتار و هەڵوێستەی ئەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کوردی ئێراندا بسەپێنێت.

لازاریف لە باسـەکـەیدا ئەڵێ: "سـەیر ئەوەیە ساتێک ئاشـووبی ئەرمـەنییـەکـان پەیدابوو، بریتانیا دژی ئامـانجـەکانی ئەرمەنی ڕاوەسـتـا و شـانبـەشـانی ئەوەش تەقەلای ئەدا دەسەڵات و توانای ڕووسەکان لەناو کریستانەکانی کوردستانی تورکیا و ئێراندا کەم بکاتەوە.

کونسوڵی فرەنسا لە (ئەرزروم) دەربارەی ئەوە ڕاپۆرتێکی نووسـیوە، ئەڵێ: "هەر کـاتێک کـونسـولێکی ڕووس سـەری لە هەر سـەرۆکـێکی کـورد بدایە، دەمـودەست کونسولی ئینگلیزیش سەری لەو سـەرۆکی کوردە ئەدا و کـونسـسـولەکانی ئینگلیز هەمیشە هەروەکو سێبەری کونسولەکانی ڕووس وابوون ولێیان دوور نەدەکەوتنەوە."

لازاریف ئەڵێ: "دوای ئەوەی ئەو شـەڕەی لەنێـوانی ڕووسـیـا و ژاپۆندا ڕوویدا و ڕووســەکـان شکان (مـەبەسـتی شـەڕی سـاڵی ١٩٠٥ بووە لەنێـوانی ژاپۆن و ڕووسـیـادا)، ئینگلیـزەکـان بەگـەرمـیـەوە هەواڵی ئەو شکاندنەی ڕووسـیـایان بەناو کوردەکاندا بڵاو ئەکردەوە. ڕووسەکانیش وەنەبێ دەستەپاچە وەستابن بەرامبەر بەو هەڵوێسـتـەی ئینگلیـز، بەڵکو ئەوانیش لە کـوردسـتـانـدا هـەمـان تەقـەلایان دژی ئینگلیزەکان ئەدا و پروپاگاندەکان دژیان بڵاو ئەکردەوە، بەلام تەقەلاکانی ڕووس بێ سوود بوو، تەنها توانیبوویان یەکێکی وەکو (حامد صدیق)ی شـمزینی بکەن بە دۆستی خۆیان کەئەو خۆی لووتی لەو دۆستایەتیە ئەخورا و ئەیویست کاربەدەستانی ڕووس لەگەڵیا ڕێک بکەون کە لەڕاستیدا سەردانەکەی حامد صدیق بۆ کونسوڵی ڕووس لە (وان) و لە (رضائیە- ورمیـە) سەر و دڵی ئینگلیزەکانی گرتبوو وە زراوی

نوێنەرانی ئینگلیز و ئەڵمانیای لە تورکیادا تۆقاند.

لە کوردستانی ئێراندا ڕووسەکان هەندێ کاروباری دارایی خۆیان ئەبرد بەڕێوە و بە هیوای ئەوە بوون کە لەو ڕێگەیەوە پێوەندییان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەدا بەهێز بکەن، بۆیە داخوازییەکی قەشەی (نسطوری)یەکان کە ناوی (سینا مادکا) بوو خرایە بەرچاو و بایەخی پێدرا کە داوای ئەوەی کردبوو ڕووسیا پشتگیری لە کریستیانەکانی ئەو ناوچانە بکا و خەمیان بخوا و کۆنسولخانەیەکی خۆیانی تیا دابنرێ و بانقەکەی ڕووس کە لە ئێراندا بوو کاروباری فراوانتر بکرێت.

ڕووسەکان لەئەنجامی ئەوەدا دەستیان کرد بە بایەخدان بەو خێڵانەی لەو ناوچانەدا بوون و هەروەکو نیمچە موستەعمەرەیەک سەیریان ئەکردن و لایان وابوو کریستیانەکانی کوردستان سوودیان لێ وەرئەگیرێ بۆ ڕووسیا چونکە بازرگانی وایان تیادا بوو کە ئەوانیش سوودیان لەوەدا بوو کە پێوەندییان لەگەڵ ڕووسەکاندا بەهێز بکەن هەرچەند سەرۆکی میسونێرەکانی ڕووس کە نێررابوو بۆ ئەو مەبەستە قەشەیەکی زۆر دڵڕەق بوو کە ناوی (سیرگی) بوو و کردەوەکانی لەناو کوردی کوردستانی ئێراندا زیانێکی زۆری گەیاند بە ڕووسیا و ناوی ڕووسی لەناویاندا زڕاند.

دەربارەی کێشەی دەوڵەتان لە کوردستاندا لە کتێبی (بزووتنەوەی کورد لە ماوەکانی کۆن و نوێدا) کە تاقمێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس نووسیویانە ئەڵێ:(١٧) "ناوچەی ئازربایجان و هەندێ بەشی کوردستان، بەپێی ڕێکەوتنی ڕووس و ئینگلیز لە ساڵی ١٩٠٧دا بوو بە هۆی ئەوەی ڕووسەکان لە ژووروی ئێراندا و ئینگلیز لە خوارویدا ببن بە دەسەڵاتدار.

بەر لە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان، تورکیا و ئەڵمانیاش لەو ناوچانەدا دەسەڵاتیان هەبووە و پێوەنییان لەگەڵ دانیشتواندا پەیدا کردووە.

ڕووسەکان دوو جۆرە سیاسەتیان گرتۆتە بەر بەرامبەر بە کورد:

١- بەهێزکردنی دەسەڵات و توانای عەسکەری و ئابووری و سیاسی لەو ناوچانەدا.

٢- بەهێزکردنی دەسەڵاتی پارێزگاریکردنی سنوورەکانی قەفقاس بەرامبەر بە هەڕەشەی تورک کە هاوکاری ئەڵمانەکان بوون و ئەڵمانیا هاوکاری تورک بوون. ڕووسەکان بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستانەیان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان ئەدا لە

ناوچەی ژووروی ڕۆژئاوای ئێراندا (شوێنی مەبەستی ئەم کتێبەی سمکۆ) جۆرە هێمنی و ئاسایشێک بەرپا بکرێ و ڕێگە لەو پشێوی و ئاژاوانە بگرێ کە بە هۆی سەرۆکعەشیرەت و دەرەبەگەکانی ئەو ناوچانەوە پەیدا دەبوو، چونکە بوونی هەموو جۆرە پشێوی و ئاژاوەیەک سوودی عوسمانییەکانی تیادا بووە.

کوردەکانیش بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبوو، لەبەر ئەوە بۆی دەست نەئەدان کوێرانە فەرمانەکانی ڕووس بەجێبهێنن، هی وا هەبوو لەناو کوردەکانا لە پێوەندیکردن لەگەڵ ڕووسدا تەنها مەبەستیان دەسگیربوونی سوود و قازاجی تایبەتی خۆیان بوو، هی واش هەبوو هەروەکو عبدالرزاق بدرخان و عبدالقادر شمزینی و سید طه شمزینی و هەندێک ڕۆشنبیری تر، قووڵتر سەیری هەڵوێستیان دەکرد و ویستبوویان کورد لە کوردستانی ئێراندا یەک بگرێ بە جۆرێک کە کوردی تورکیاش بگرێتەوە.

سەفیری ڕووسیا لەو ڕووەوە وتویەتی: "سەرگرتنی ئەو تەقەلایە زیانی هەبوو بۆ بەرژەوەندیی ئێمە کە یەکێک لەو تەقەلایانەی کورد کە هەروەکو شێخ عبدالقادری شمزینی نەخشەی بۆ کێشابوو لە ساڵی ١٩١٣دا بریتی بوو لە سازکردنی حوکمی زاتی لە کوردستانی ئێراندا."

بەو جۆرە کێشەی کورد لەناو کوردستانی ئێراندا زۆر ئاڵۆزبووە و ئەو حکومەتانەی چاویان بریبووە ناوچەکە هەروەکو ئەڵمانیا و تورک کە نەخشە و پلانی خۆیان بۆ سازکردبوو و، جموجۆڵیان لە پەرەسەندندا بوو، لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕووس بەرامبەر بە کورد نەیانتوانیبوو سیاسەتێکی ڕێکوپێک و ئاشکرا دەسنیشان بکەن. بێگومان ئینگلیز و ڕووس دەسەڵاتێکی زۆریان پەیداکردبوو دەربارەی کورد و هەردوو لا گەیشتبوونە ئەوەی کە پلانێکی وا ساز بکەن کە پەرژینێکی قایم و پتەوی پێ دروست بکرێ بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی تورک لە کوردستانی ئێراندا کە حکومەتی ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە ئەیویست کوردەکانی ئێران لەگەڵ کوردی تورکیادا یەک بخا لەژێر سایە و دەسەڵاتی خۆیدا، هەروەها ئەو پەرژینە ئەبووە هۆی ئەوەی پێوەندیی نێوان کوردی ئێران و تورکیا وا لێ بکات کە ئاسان نەبێت و ڕێگە لەوە بگرێ کە تەوژمی بزووتنەوەی کورد لەو دوو بەشەی کوردستاندا یەک بگرێ.

نەخشەی ئەو پلانەی کە لە ساڵی ١٩١١ەوە دەستی پێ کردبوو لە ١٩١٤/١٠/٢٨

دا لە لایەن ئەو لیژنە چوارقۆڵییەی کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی ڕووس و ئینگلیز و عوسمانی و ئێران تەواوبوو، بەڵام هەمووی تاقەڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕی نەکردبوو کە عوسمانییەکان هێرشیان بردە سەر ڕووسیا (مەبەستی دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو)، بەو جۆرە تەقەلا و کاری ئەو لیژنەیە بێ سوود بوو. (مینۆرسکی نووسەری کتێبی کورد، یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە کە نوێنەری ڕووسیا بووە دەربارەی ئەو سەرنەگرتنەی لیژنەکە کە وتویەتی: شەڕی یەکەمی جیهانی شیرازەی نەخشەی هێڵی سنوورەکانی هەڵوەشاندەوە.)

ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە باسەکەیاندا لەسەری ئەڕۆن و دەڵێن: "لە مانگی ئابی ١٩١٤ بەدواوە بێ وچان بەکرێگیراوەکانی ئەڵمانیا و تورکیا لە کوردستانی ئێران و ئازربایجاندا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگاندەیەکی بێشمار، ئەو پروپاگاندانە بەتایبەتی دژی ڕووسیا بووە و توانیبوویان سمکۆ بکەن بە لایەنگری خۆیان، بەتایبەتی سمکۆ کە زۆرجار هەڵوێستی خۆی ئەگۆڕی و یەکێکی وەکو سردار (مرتضی قلی خان) داوای لەو دەروێشانەی کوردی تورکیا ئەکرد کە ئەچوون بۆ کوردستانی ئێران، لەوێ هەواڵی کفر و بێدینیی ڕووسەکان لەناو خەڵکدا باس بکەن و بەناویاندا ئەو هەواڵە بڵاو بکەنەوە. ئەڵمانەکان زۆریان هەوڵدا کوردەکانی ژووروی ڕۆژئاوای ئێران و ئەوانەی لە ڕۆژهەلاتی ئەنداوڵدا بوون (کە هەردووکیان هاوسنوور بوون) بەلای خۆیاندا بەکێشیان بکەن و داوایان لێ ئەکردن کە بەشداری بکەن لەو شەڕەدا کە دژی ڕووس دەستی پێکردبوو بۆ بەهێزکردنی ئەو هێزەی تورک کە لە جەبهەی قەفقاسدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی عوسمانی هەر لە شکاندندا بوون بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥دا ئەو هێزەی تورک خراپ شکا و لەشکری ڕووسیا گەیشتە ڕۆژهەلاتی تورکیا هەتا گۆلی (وان). لەڕاستیدا چ عوسمانی و چ ئەڵمانەکان چەک و جبەخانەیەکی ئەتۆیان نەدابوو بە کوردەکان کە شەڕی پێ بکەن، لەبەر ئەوەی کە سوپای عوسمانی شکا، تەنها هەر هەشت هەزار چەکداری کوردی سەر بە عوسمانی مابوونەوە کە ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوەستن و ئەوانی تر هەموو کشابووەنەوە."

ستیڤن پولیتیر لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز لەو ناوچەیەدا ئەڵێ:(٣٥) "ئینگلیزەکان لەدوای داگیرکردنی هندستان پێویستییان بەوە هەبوو کە ڕیزی زنجیرەی ئەو شوێنانەی لە نزیک هندستاندا بوون، ئەو شوێنانە وا لێ بکا

لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ، یا ئەگەر ئەو شوێنە سەربەخۆ بێت ڕێگەی ئەوە نەدا هیچ لایەکی تر دەسەڵات و توانای بەسەریدا هەبێت.

ئینگلیزەکان بۆ سەرگرتنی ئەو نەخشەیەیان دوو جۆر هەڵوێست و بۆچوونیان هەبوو: یەکەم: هاوبەشیکردن لەگەڵ ڕووسەکاندا کە هەردوو لایان لە ئێراندا دەسەڵاتدار بن. دووهەم: هێشتنەوەی ئەو ناوچانە بە سەربەخۆیی.

ئینگلیزەکان لە پاش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە، بۆچوونی دووهەمیان هەڵبژارد چونکە ئەوەیان خستە بەرچاو کە هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ڕووسیادا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لەئەنجامدا ڕووسەکان بیر لەوە بکەنەوە کە وردە وردە دەستدرێژی بکەن بۆ سەر هندستان و کەنداو، لەبەر ئەوە دوا نەخشەی ئینگلیز لەو ڕووەوە ئەوە بوو کە ئێران بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە و ڕێگە نەدرێ بە دەسەڵاتی هیچ بێگانەیەک. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ۱۹۰۷دا ئینگلیز و ڕووس بۆ ماوەیەک لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەردووکیان دەسەڵاتدار بن لە ئێراندا.

ئەم هەڵوێستە مایەوە هەتا شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێکرد کە لەو شەڕەدا ڕووسەکان لەگەڵ ئینگلیزدا بە جووتە هاوکار بوون دژی تورکیا و ئەڵمانیا لەبەر ئەوە لە ماوەی شەڕدا هەر لەسەر ڕێکەوتنی پێشوویان مانەوە تا ڕووخانی ڕژێمی قیصری (مەبەستی شۆڕشی ئۆکتوبەری ۱۹۱۷ بووە.) دوای ئەوە ئینگلیز کەوتە سەر ئەو سیاسەتەی کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئێراندا بسەپێنێت.

لورد کررزنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا توانی کە حکومەتەکەی خۆی قایل بکا کە ئێران بە شێوەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و لە ساڵی ۱۹۱۹دا لەگەڵ حکومەتی ئێراندا پەیمانێکیان بەست (لە باسێکی تایبەتدا کە بۆ شەڕی جیهانی یەکەممان تەرخان کردووە بە دوور و درێژی باسی ئەو پەیمانەی نێوان بریتانیا و ئێران کراوە.)

بەپێی ئەو پەیمانە ئەفسەرەکانی ئینگلیز مەشقیان بە سەربازەکانی لەشکری ئێران ئەکرد و ئابووریی ئێرانیان خستە ژێر چاودێری خۆیانەوە، بەڵام دوای ئەوە ئەو پەیمانە سەری نەگرت چونکە پارلەمانی ئێران ئەوەی هەڵوەشانەوە، بۆیە ئینگلیزەکان ڕێگەیەکی تریان گرتەبەر و ڕێگەیان بۆ ئەوە خۆش کرد کە وردە وردە دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاری لە ئێراندا نەهێڵن و بنەماڵەی پەهلەوی ڕێگەی بۆ خۆش کرا کە بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە مەبەستەکانی خۆیان بەئاسانی و

بەباشی مسۆگەر بکەن.

ڕووسەکان لە مایسی ١٩٢٠دا دەستیان بەسەر ناوچەی (گیلان)دا گرت، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکانیش ئەوەیان کرد بە بیانوو ناوچەکانی خوارووی دەریاچەی (خزر – قزوین)یان گرت، بەڵام لەدواییدا هەردوو لایان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە جووتە واز لەوە بێنن و گەڕانەوە سەر ڕێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٠٧ کە بێگومان لەوەدا ئێران قازانجی کرد بەوەی کە هەردوولا دەستیان کێشایەوە و تاقە کێشەیەک کە مابوو ڕووبەڕووی حکومەتی ئێران ئەبووەوە بریتی بوو لە کێشەی کورد و لوڕی بەختیاری و عەرەبی (محمرە).

ئینگلیزەکان هەرچەند کە پێوەندیی دیلۆماسییان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەبوو، بەڵام لەگەڵ عەشیرەتەکانیشدا ڕاستەوخۆ پێوەندییان هەبووە کە مەبەستی ئینگلیز لەوەدا شتێکی ئاشکرا بووە و بۆ ئەوە بووە کە ئەگەر هەر کاتێک حکومەتی ئێران لەگەڵ ئینگلیزەکان سەرپێچی کرد و پەرژەوەندیی ئینگلیز کەوتە مەترسییەوە ئەو عەشیرەتانە لە حکومەتی ئێران هان بدەن و گێرە و کێشەی بۆ پەیدا بکەن. بۆ نموونەی پێوەندیکردنی ئینگلیز لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەدا و بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگرتیان ئینگلیزەکان لە ٣٠٪ی نەوتی هەندێ ناوچەی خوارووی ئێرانیان دابوو بە شێخەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی چاڵە نەوتەکانیان بۆ بپارێزن.

مارتن ڤان برونسون لە کتێبەکەیدا دەربارەی کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیە، ئەڵێ(٢٨) "لە ساڵی ١٩٠٦دا لەشکری عوسمانی هێرشی بردە سەر ناوچەی ئازربایجانی ئێران و بەشێکی گرنگی ناوچە کوردییەکانیان لەو مەڵبەندەدا داگیرکرد، عوسمانییەکان بەبێ ئەوە هیچ دەسەڵات و کۆنترۆڵێکیان بەسەر هێزەکانی ئەو ناوچە داگیرکراوانەدا هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩١١دا توانییان هەندێ هێزیان لەو ناوچانەدا بهێڵنەوە.

ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٠٩دا هێرشیان بردبووە سەر ئەو مەڵبەندە و شاری تەورێزیان داگیرکردبوو کە ئەو سەردەمە لەگەڵ شاری (ڕەشت)دا دوا مەڵبەندی مشروطیەخوازەکان بوو، هێزی پیادە و قوزاقی ڕووسی لە تەورێز و خۆی و دیلەمان جێگربووبوون کە ئەمە مایەوە هەتا سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووسەکان هەتا ڕادەیەک توانیبوویان ئاسایش لەو ناوچەیەدا بەرپا بکەن و بەدرێژایی شەڕ ناوچەی ئازربایجان چەند جارێک ئەم دەستاودەستی کردووە لەنێوانی تورک و

ڕووسدا.

تورکەکان لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩١٥دا ناوچەکەیان داگیرکرد، بەڵام ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٦ و ١٩١٧دا دووبارە دەستیان بەسەردا گرتەوە و لەدوای شۆڕشی ئوکتوبەر و کشانەوەی ڕووس، تورکەکان جارێکی تر لە ساڵی ١٩١٨دا داگیریان کردەوە.

لە کاتی خۆیدا و لە ساڵی ١٩١٤دا کە شەڕ دەستی پێکرد، نەستورییەکانی ناوچەی (هەکاری) لە ترسی کوشتار و دەستدرێژیی تورکەکان شاری (ورمیە) و (سەلماس)یان بەجێهێشت و پەنایان بردە بەر ڕووسەکان و ساتێک ڕووسەکان هێرشیان هێنایە سەر کوردستان ئەو نەستوریانە (کە مەبەستی ئەو ئاسوریانە بووە کە وتبووی لە ساڵی ١٩١٤دا پەنایان بردبووە بەر ڕووسەکان) بوون بە پێشەنگی ئەو لەشکرەی ڕووس و لە زۆر هەڵوێستیانا تۆڵەی ڕقی کۆنیان لە موسوڵمانەکانی ئەو ناوچانە ئەکردەوە (کە دیارە کوردەکان بەشێک بوون لەو موسوڵمانانە)، کە لەڕاستیدا نێوانی کریستیان و موسوڵمانەکان لە کاتی شەڕدا خراپ تێک چووبوو و لەدوای شەڕ حکومەتی ئێران دەوڵەتێکی زۆر لاواز و بێدەسەلات بوو و بە جۆرێکی وای لێهاتبوو شیرازەکەی لێکترازابوو، ئەو پەیمانەش کە لە ساڵی ١٩١٩دا کە لەنێوانی ئینگلیز و ئێراندا مۆرکرا ئەوەندەی تر خەڵکی ئێرانی بێزارکرد و لە زۆر لاوە ڕاپەڕین دژی حکومەتی ئێران دەستی پێکرد (کە مەبەستی ڕاپەڕینەکانی ئازادستان بوو کە باسێکی تایبەتیمان بۆ ئەوە تەرخان کردووە لەدواییدا... هەروەها دەربارەی ئەوەی کە ئاسورییەکان لە ساڵی ١٩١٤دا پەنایان بردە بەر رووسیا و لە هێرشی ڕووسەکاندا ئەو ئاسوریانە بوون بە پێشەنگی لەشکری ڕووس و تۆڵەسەندنەوەیان لە موسوڵمانەکان بەشێک بووە لەو ناکۆکییەی کە لەنێوانی کورد و ئاسووریدا هەبوو کە لەدواییدا سمکۆ لە ساڵی ١٩١٩دا مارشمعونی کوشت و شەڕی بە ئاسورییەکان فرۆشت و ناچاریکردن ئەو ناوچانە بەجێبێڵن و ئاوارەی کردن بۆ دەوروبەری کرمانشان و لەوێوە بۆ خانقین و ئینگلیزەکان لەدواییدا کردیانن بە داردەستی خۆیان بۆ داپڵۆسینی شۆڕشەکانی کورد لە خوارووی کوردستاندا هەروەکو لە باسی کێشەی سمکۆ و ئاسورییەکاندا لە شوێنی خۆیا دوور و درێژ باسی دەکەین.

ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٨٧)ی کتێبەکەیدا دەربارەی بزووتنەوەی کورد

ئەڵێ: "ناوچەی ورمیە یەکێک بوو لەو ناوچە گرنگانەی کە ڕاپەڕین و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردی تیادا بەتین بووە لە کوردستانی ئێراندا. کوردەکانی کوردستانی ئێران لە ژوور و لە خواروویدا لە ساڵی ١٩٠٨دا ڕاپەڕیون و هێرشیان بردۆتە سەر بنکەکانی لەشکری ئێران لەنێوانی (ورمیە) و (سەلماس)دا سەرچاوەکانی ئینگلیز لەو ڕاپەڕینانەی کورددا عوسمانییەکانیان بە هاندەری کوردەکان داناوە کە تورک مەبەستی ئەوە بووە لەوەدا شوێنی پێیەک بۆ خۆی دەسگیر بکات بە بیانووی پارێزگاریکردن لە کوردە (سوننی)یەکانی سەرسنوور.

کاربەدەستانی تورک لەسەر سنوور هەڕەشەیان لە قومێسێری سەرسنووری ئێران کردبو کە بە هیچ جۆرێک نابێ دەسدرێژی بکەنە سەر کوردەکان کە ئەو هەڕەشەکردنە بوو بە هۆی ئەوەی (محتشم السلطنه) کە سەرۆکی لێژنەی سنووری ئێران بوو نەتوانێت بە هیچ جۆرێک دوای ئەو کوردانە بکەوێت کە لە سنوور ئەپەڕینەوە بۆ ناو خاکی تورکیا.... بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە دوکیومێنتی ژمارە (F.O.371-469) ڕۆژی ١٩٠٨/٣/٢٧ کە لە مستر (مارلینگ)ەوە لە تارانەوە نێررابوو بۆ سێر (ئەدورد گرای) ئەڵێ: "ساتێک ئێرانییەکان بێزاریی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو هەڵوێستەی تورکی عوسمانی، سەرۆکی لێژنەی عوسمانی سەرسنوور کە (طاهر پاشا) بوو لەوەرامدا پێی ئەڵێ: بەپێی مادەکانی (٢ و ٣)ی پەیمانی ئەرزروم کە لە ساڵی ١٦٣٩ی میلادیدا مۆرکراوە هەموو سنجاقە کوردییەکانی ئەو ناوچانە هی تورکیایە و ئەو هەڵوێستە مابووەوە تا سەدەی نۆزدەهەم کە ئێرانییەکان دەرفەتیان لە ئاڵۆزبوونی باری ناوخۆی عوسمانی بینی کە کوردەکان دژیان ڕاپەڕیبون و، ئێران ئەوەیان بە هەل زانیبوو هەندێک لەو ناوچانەیان داگیرکردبوو و، لەئەنجامی ئەوەدا سەرۆکی لێژنەی تورکی لە سەرسنوور داوای لە ئێران کرد کە ئەو کێشەیە بە گفتوگۆکردن چارەسەر بکرێت."

دوکتۆر ولید لە لاپەڕەکانی (٣٨٩-٣٩٠)دا دووبارە دەربارەی کێشە لەسەر کوردستانی ئێران و ئازربایجان ئەڵێ: "مستەر مارلنگ لە ڕۆژی ١٦ی تەمموزی ١٩١٦دا لە نامەیەکیدا وتویەتی: "ساتێک ڕووسەکان بە سەرکردایەتی جنراڵ (باراتوف) چوونە ناو خاکی ئێرانەوە و هێزەکانیان گەیشتە خانقین و قەصری شیرین، لە ئەنجامی ئەو هەموو ڕەفتارە نالەبارانەی کە ڕووسەکان کردبوویان کە بریتی بوو لە ڕاووڕووتکردن و تاڵانی و دەستدرێژیکردن، ئیتر کوردەکان لە ڕقی ئەو

هەڵوێستەی ڕووس بوون بە لایەنگری عوسمانییەکان. (دەربارەی ئەو نامەیەی مارلینگ کە ولید حمدی الاعظمی باسی کردووە کە ڕووسەکان لە ناوچەی خانقیندا تاڵانی و ڕاووڕووتیان کردووە، لە هەمان کاتدا ئەو لەشکرەی ڕووسیا گەیشتبووە ناوچەی مەریوان و لەوێش هەمان دەستدرێژی و تاڵانی کردەبوو، عوسمانییەکان داوایان لە شێخ مەحمود کردبوو کە هێزێک کۆبکاتەوە و شەڕ لەگەڵ ئەو ڕووسانەدا بکا کە لە مەریواندا ئەو تاوانانەیان کردبوو، شێخ مەحمود لەشکرێکی کۆکردەوە و ڕووسەکانی لە مەریواندا شکان و دەربارەی ئەو شەڕەی شێخ مەحمود و ڕووسەکان لە لاپەڕە (٣٨٤)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحمودی قارەمان بە دووردرێژی باسی ئەو شەڕەم کردووە.) و، ئنگلیزەکانیش لە لایەن خۆیانەوە هەوڵێکی زۆریان دا کە ڕێگە نەدەن کوردەکان ببن بە دۆستی عوسمانییەکان.

لە دوکیومێنتی ژمارە (F.O.371-7386) ڕۆژی ١٦ی دیسەمبری ساڵی ١٩١٨دا ڕاپۆرتێکی تیادایە کە لە دائرەی هندستانەوە دەرچووە لەژێر ناوی Kurdistan situa-tion یانی (هەڵوێست لە کوردستاندا) ئەڵێ: "ساتێک وەزارەتی هندستانی بریتانی (ئەو کاتە لەناو کابینەی حکومەتی بریتانیادا وەزارەتێک هەبووە بە ناوی وەزارەتی هندستانەوە کە کاروباری هندستان و ناوچەی میسوپوتامیا و خوارووی ئێران و خلیجی ئەبرد بەڕێوە) چاوی بەو پێشنیازە کەوت کە مندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد لە ١٩١٨/١٢/١٢دا پێشنیازی کردبوو (لام وایە ئەوە هەڵەی چاپەمەنی بووبێت چونکە لە ساڵی ١٩١٨دا ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا بووە و لەدوای ساڵی ١٩٢٠ مندوبی سامی بریتانی لە بەغداد دانرا کە سیر پرسی کوکس بوو)، کە دەوڵەتێکی کوردی لەژێر چاودێریی بریتانیادا دروست ببێت، بۆ وەرامی ئەوە لە دوکیومێنتەکەدا ئەڵێ: وەزارەتی هندستان وەرامی دایەوە کە بەجێهێنانی ئەو پێشنیازە گەلێک کێشە و سەریەشەی لێ پەیدا ئەبێت بۆ بریتانیا چونکە بریتانیا بەئاسانی ناتوانێت دەستی بگاتە ناوچە کوردیەکانی کوردستانی ئێران و جگە لەوە حکومەتی بریتانیا ئەگەر توانای ئەوەشی هەبێت و ڕێگەنەدا بە کوردەکانی ئێران کە بچنە پاڵ ئەو کۆنفیدرالییەی کوردی عوسمانی، بەلام حکومەتی بریتانیا ناتوانێت ڕێگەی ئەوەیان لێ بگرێت کە دوژمنایەتی نەکەن بەرامبەر بە حکومەتی ئێران و هەر ساتێک کوردەکانی کوردستانی ئێران بگەنە ئەو مەبەست و ئامانجەی خۆیان ئەو کاتە حکومەتی بریتانیا لە هەڵوێستێکی زۆر گران و سەختدا ئەبێ بۆ پاراستنی

یەکپارچەیی خاکی ئێران کە حکومەتی بریتانیا بەر لەمە بەڵێن و پەیمانی دابوو کە ئەبێ یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزی و هەمووی یەک بێت. هەر بزووتنەوە و گۆڕێنێک کە بریتانیا لەو بەشەی سەرسنووری تورکیادا بیکا، ئەم کارە ئەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی ئێران جیا بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی زۆر گرانە کە بتوانرێ هەتا سەر ڕێگەی ئەوەیان لێ بگیرێ و نەهێڵرێ (کوردەکانی ئێران) لەگەڵ کوردی شوێنەکانی تردا یەک بگرن، چونکە سنووری ئێران و تورکیا سنوورێکی داتاشراوە و دەسکردە و لەسەر بناغەی هەندێ بڕوبیانووی مێژوویی داتاشراوە نەک لەسەر بناغەی نەتەوایەتی یا ئایینی هەروەکو (سوننی) و (شیعە)، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر حکومەتی بریتانیا کە ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڵوێستێک کە لەگەڵ سیاسەتەکەیدا یەک ناگرێتەوە لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە، هەرچەند هێشتا ڕوودانی ئەوە شتێکی دوورە و ماوێتی و ئەگەر هات و ئەو پێشنیازەی وێلسن (حاکمی گشتی مەدەنی بریتانیا بووە لە بەغداد وەکو لە پێشتردا باسمانکرد.) پێشکەش کردووە بەجێهێنرا، ئەوا پێویستە باربووی ئێران بەوە بدرێ ئەگەر هات و کوردستانی ئێران لە خاکی ئێران جیابووەوە، لەجیاتی ئەو بەشەی کە لە ئێران جیا ئەبێتەوە و جمهوریەتی ئازربایجان (دیارە مەبەستی ئازربایجانی ژووروو بووە کە جمهوری بووە و سەر بە رووس بووە.) بە شێوەیەک لە شێوەکان بخرێتە سەر خاکی حکومەتی ئێران هەروەکو چۆن پێش سەدەیەک لەمەوبەر ئەو بەشەی ئازربایجان لە خاکی ئێران جیاکرایەوە و درا بە ڕووسیا.

هەتا ئێرە بیرتی بوو لە باسی کێشە و بینبڕکێی دەوڵەتانی ئەوروپا لەسەر کوردستان و ئەو بەشەی کوردستانی ئێران، بێگومان کێشەی تورکیا و ئێرانیش کە هەروەکو لەپێشتردا باسکرا، هەر لە زەمانی صفویەکانەوە هەتا ئەم دواییە زنجیرەی ماوە و لێک نەپساوە و هەر لایە بە جیا هەوڵی داوە کوردی بەشەکەی تر بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و هەردوو بەشەکەی کوردستانیش بکات بە گژ لاکەی تردا...

بۆ کوتایی باسی ئەو بینبڕکێ و کێشانە حەزمکرد ئەو نامە و تلگرافەی کە لەنێوانی کاربەدەستانی ئەو دوو دەوڵەتەدا ئاڵوگۆڕکراوە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم کە لە (کتاب سبز)دا بە دووروودرێژی باسکراوە کە ئەڵێ:(٥٥) لەو کتێبەدا باسی تەلگرافی ڕۆژی ٤ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٣٢هـ کە لەوەزارەتی

هەواڵنامەی کتێب
KURD ARSHIV

کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە نێرراوە بۆ باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبول گلەییەکی زۆریان لە عەشایری عوسمانی سەرسنوور کردووە کە ئەمەی خوارەوە تەرجەمەی ئەو تلگرافەیە:

"ژمارە ٢٣، ڕۆژی ٤ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٣٢

سەرکردەکانی عەشایری عوسمانی زۆر بەگەرمییەوە لە سەرسنوور خەریکی هاندانی ئاژاوەنانەوەن. عوسمانییەکان لە شێخی بارزانی خۆش بوون کە جاران عوسمانییەکان داوایان لە ئێران ئەکرد بەرهەڵستی بکەن، ئەوا ئێستە ڕایان سپاردووە کە عەشایرەکان هان بدات (عبدالعلي خان) و (ئەمیر حشمەت) و (حاجی باباخان) لە (خانەسوور) دامەزراون و ئەڵێن بۆ ڕاونانی سالاری عەشایر سمکۆ ئەچین.

لە (موانە) و دەوروبەری (ورمیە)دا لەنێوانی ڕووس و کورددا شەڕێک قەوماوە و خەڵکی گوندەکان تالانکراون و بە ماڵوێرانی ڕژاونەتە ناو شاری ورمیەوە. شابەندەری ورمیە لە جاران زۆرتر کاری بێجێ و نارەوا ئەکا و عەشایرەکان هان ئەدا. ڕەفتار و هەڵوێستی سەرباز و سەرۆکعەشایر و شابەندەرەکانی عوسمانی پێچەوانەی دۆستایەتی و پێوەندیی دوو دەوڵەتی دراوسێیە.

لەم ڕووەوە لەگەڵ باڵیۆزخانەی عوسمانی وتوێژکراوە، جەنابیشتان بە شێوەیەکی پێویست چی بە باش ئەزانن لەو ڕووەوە بیکەن.

امزا محمد علی علاء السلطنه

کە (وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بووە.)

لە هەمان کتێبی (سبز)دا ئەڵێ: "باڵیوزخانەی عوسمانی لە تاران نامەیەکی ناردووە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە ڕۆژی ٥ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٣٢دا کە ئەو نامەیە لە لاپەڕە (٣٢٥-٣٢٦)ی کتابی سبزدا بە فارسی بڵاوکراوەتەوە:

ژمارە ٣٢٥

نامەی باڵیوزخانەی بەرزی عوسمانی بۆ وەزارەتی کاروباری دەروەی ئێران ٥ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٣٢ی هجری.

نامەی ڕێزلێگیراوی جەنابی پایەبەرزتان کە لە ٥ی ذی الحجەی ١٣٣١دا نووسرابوو وەرگیرا کە دەربارەی ئەو ڕوودوادە ناخۆش و پڕ لە خەمانەی کە لە

ورمیەدا ڕوویداوە و هەواڵی تلگرافی کاربەدەستانی ئەویَ کە هۆی ئەو ڕووداوانەی خستۆتە ئەستۆی کاربەدەستانی سەرسنوور و عەشایری عوسمانی، بەڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە چۆن ئەگونجێ لەگەڵ ئەو هەموو ئاگاداربوونەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەربارەی ئازربایجان هەتانە، بەتایبەتی لە پاش سەرنجدان لە هەڵویست و ڕەفتاری ئەو کاربەدەستانە کە چۆن ئەگونجێ بەرامبەر بەوانە و بە قسەی ئەوانە بە شێوەیەکی ڕەسمی نامەی لەو جۆرە ئاراستەی باڵیۆزخانەی بەرزی عوسمانی بکەن (بەداخەوە کتێبی سبز باسی نامەکەی حکومەتی ئێرانی نەکردووە کە نێرراوە بۆ باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران.) سەرەڕای ئەوە چۆن ئەگونجێ بە قسە و ڕاپۆرتی کاربەدەستێکی وەکو (اعتماد الدولە) کە ئەویش بەهۆی زوڵم و زۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە، چۆن باوەڕ بە قسەکانیان ئەکرێ کە تەنانەت لای ئێوەی مەزنیش نەناسراون؟

ئایا سمکۆی سەردەستەی چەتە و ڕێگران، یاخود عبدالله و تیمور و جانقور، سەرەکخێڵی قاردار (مەبەستی کاردار بووە.) و پیر ئاغای سەرەکهۆزی هەرکی و (قورد بەگی) سەرۆکی (بگزادە) و سەرۆکەکانی عەشیرەتی (زرزا) کە لەناو خۆیاندا لە سەرمولک و ماڵ ناڕێکن و ئێستا خەریکی شەڕ و هەران لەناو خۆیاندا، چۆن ئەبێ ئەمە لەسەر عوسمانی حساب بکرێ؟؟

ئایا اعتماد الدولەی ناسراو کە خەریکی نانەوەی ئاژاوەیە و هەمیشە تەقەمەنی و چەک ئەدا بە سمکۆ و بە دەستوپێوەندەکانی و تفەنگ و فیشەک بەناو نەستوریەکاندا بڵاو دەکاتەوە و بووەتە مایەی فیتنە و کوشتار و تاڵانی و ئەتککردن و ئاگربەردان لە گیان و ماڵ و گوند و نامووسی موسوڵمانان، ئەو بەرپرسیاری ئەو تاوانانەیە یاخود کاربەدەستانی عوسمانی لەسەر سنوور کە لەم دواییەدا بارزانیی تاوانباریان گرت لەپاش ئەوەی کە هیوایان بە کاربەدەستانی ئێران نەمابوو کە بیگرن و بیدەن بە دەستەوە و چار نەما مەفرەزەی بۆ نێردرا و دوای کەوتن و گرتیان!؟

ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوەی (صوفی عبدالله) بە تۆپ و تفەنگەوە هێرشیان ببردایەتە سەری لە ناوچەی (سوما) و (برادوست)، بێگومان ئەم هەموو شەڕ و هەرایەش ڕووی نەئەدا و ئەگەر لەم ماوەیەدا حاکمی پایەبەرزی (ورمیە) چاوی لە زوڵم و زۆری سمکۆ نەپۆشیایە، بێگومان ئەو هەموو بەسەرهاتانە

ڕووی نەئەدا.

ئەوەی عەشایری ئێرانی بۆ سوودی تاقەکەسێک ئەیکەن و، یاخود بەهۆی هاندان و پشتگیریکردنی ڕوون و ئاشکرای حاکم و زۆردارانی تر کە بە گژ یەکتردا ئەچن، بۆچی ئەبێ تاوانی ئەوە بخرێتە ئەستۆی عەشایر و کاربەدەستانی عوسمانیی سەرسنوور؟ ئایا ئەشێ چاو لەو هەموو تاوان و زۆرداریانە بپۆشرێ کە عەشایری سەرسنوور ئەیکەن و بارەها لە سالآنی ڕابردوودا هەمووی خرابووە پێش چاوی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەزنتانەوە؟!

ئاشکرایە بوونی سمکۆ و دەستوپێوەندەکانی و بوونی تیمور ئاغا لە سەرسنوور و بوونی حاکمێکی دەسەلآتداری وەکو (اعتماد الدولە) و ئەوانی تری وەک ئەو هەمیشە دەبنە هۆی زیانگەیاندن و نەبوونی ئاسایش لەسەر سنوورەکان.

ساڵی ڕابردوو لە (تەرگەوەڕ) و (مەرگەوەڕ) و (دەشت) ئەو کێشانە هاتنە پێشێ و بوونە هۆی ڕوودانی ڕاپەڕین و ئاژاوەی سەرسنوور، ئایا ئەوانە چەک و فیشەکیان لە کوێ بوو لە کوێوە هێنابوویان؟ کریستانەکانی پێشڕەوی سوپا تفەنگ و فیشەکیان لە کوێ دەست کەوتبوو؟

چەند ساڵێکە باڵیۆزخانەی مەزنمان داوای ئەوە ئەکەن کە سمکۆ و تاقمەکەی لە ناوچەکانی سەرسنوور دەربکرێت بەلآم ئەم داخوازیانە هیچیان سوودیان نەبوو! بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەوە بوو لە لایەن دەوڵەتی پایەبەرزتانەوە نازناوی (سالار) و سەرەک عەشیرەتی بە سمکۆ درا، سەرەڕای ئەمانە هەمووی چۆن ئەشێ عەشایرەکانی سەرسنوور و کاربەدەستانی ئێمە بە هاندەر بژمێردرێن؟ ئایا بەدرێژایی ماوەی ڕابردوو بارەها باڵیۆزخانەی مەزنمان نامەیەکی زۆری نەناردۆتە خزمەتی بەڕێوەبەرەکانی دەوڵەتی مەزنتان دەربارەی ڕەفتار و هەڵوێستی سمکۆ و دەستوپێوەندەکەی و ڕەفتاری کاربەدەستەکانی ناوچەکانتان؟ ئایا بەڕێوەبەرانی دەوڵەتە مەزنەکەتان پەسەندی ئەوە ناکەن کە بوونی ئەو پشێوی و ئاژاوەیە زیان بە ئاسایش و بازرگانی سەرسنووری عوسمانی ئەگەیەنێت و ئایا ئەو کارە ناڕەوایانەی شابەندەرەکانی ئێران و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە خەڵکی عوسمانی کراوە هەتا چ ڕادەیەک شان و شەوکەتی ئەم دەوڵەتی دۆستی ئێوەی پێ هاتۆتە کزی؟

ئایا ئەو هەموو دانبەخۆگرتنەی ئێمە بەرامبەر بەو هەڵوێستانە هەمووی لەبەر

خاتری نەپچراندنی پێوەندیی نێوانی هەردوو دەوڵەتدا بووە یان نا؟!، دەنا هەر یەکێک لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە تووشی شابەندەر و ڕەعیەتی و مافەکانی عوسمانی بوون بەس بوو بۆ ئەوەی کە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و ناخۆشی لەنێوانی هەردوو دەوڵەتەکەماندا!!

جا لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی مەزنی دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران ئاگاداری ئەو هەموو ڕاستییانەن و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر درێژە بە قسەیەک نەدرێ کە ببێتە هۆی نیگەرانی، بۆیە ئەو هەموو تاوانانەی کە لە نامەکەتانا دابووتانە پاڵ کاربەدەستان و عەشایری عوسمانی، هەمووی بەرپەرچ ئەدەمەوە و ناوەڕۆکی دوو نامەی پێشووی خۆم کە لە ڕۆژانی ٣و٤ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٣٢دا ناردبووم دووپاتی ئەکەمەوە و بەزوویی چاوەڕوانی ئاکامی کردەوە و هەڵهێنانی هەنگاوم کە لەو ڕووەوە بنرێ...

هەمیشە ڕێزی زۆری خۆم بۆ ئێوە تازە دەکەمەوە.

امزا عاصم

کە (باڵیۆزی عوسمانی بووە لە تاران)

**کورتەی بەشی دووهەم:**

لەدوای پێشکەشکردنی ئەو سەرچاوانەی باسی کێشە لەسەر کوردستان و بینبڕکێی دەوڵەتانمان کرد ئەتوانین ئەم چەند سەرنجانەی خوارەوە پێشکەشی خوێنەری بەڕێز بکەین:

یەکەم: کوردستانی ئێران هەر لەکۆنەوە بووە بە سەرەڕێ و کێڵگەی ئەو لەشکرانەی لەو ناوچەیەدا شەڕیان کردووە یا بەسەریا ڕۆیشتوون بۆ پەلاماردانی یەکتری کە ئەمە لە شەڕی یۆنان و ئێراندا ڕوویداوە هەروەکو (زینفون)ی سەرکردە و مێژوونووسی یونانیی بەناوبانگ لە کتێبەکەیدا (اناباسیس) بە دووردرێژ باسی کردووە.

هەروەها هەروەکو چیرۆک و ئەفسانەکان و شانامەی فیردەوسیش باسیان کردووە شەڕی نێوانی ئێران و توورا‌ن شێوەیەک بووە لەو شەڕانەی کە گەڕی ئەو شەڕانە لە کورد ئاڵاوە و گەلێک کوردی ئەو ناوچانەش تووشی بەشداربوونی ئەو شەڕانە بوون.

دوای ئەوەی لەشکرەکانی ئیسلام گەیشتنە کوردستان و بە زەبری شیر و تیر

کوردیان ناچار کرد کە ببێت بە ئیسلام، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شەڕانەدا دووبارە کورد زیانێکی زۆری لێ کەوتووە و وڵاتەکەی وێران کراوە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا شوێنەواری ئەو شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوانە تا ئێستاش ماون لەژێر هەندێ ناودا کە پێی ئەوترێ دار و شەخس، ئەوانە کراون بە جێنزرگەی داگیرکەرانەی خاکی کوردستان و هەندێ شوێنەواری تر لەژێر ناوی (ئەصحابەکوژ)دا هەر ماون کە ئەو شوێنانە بریتین لەو کەڵەکەبەردانەی کە کوردی ساویلکە ئەو بەردانەیان گرتۆتە جێنزرگەی ئەو باووباپیرانەی خۆیان کە لە کاتی خۆیدا بەرگرییان لە پاراستنی خاکی نیشتمانەکەی خۆیان کردووە.

دووهەم: لەدوای ئەوەی کورد تووشی بەڵایەکی تر بوو کە بریتی بوو لە شەڕی مەزهەبی، کە لەنێوانی دەوڵەتی عوسمانیی سوننی و صەفوییە شیعەکاندا ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردی زۆرووی ڕۆژئاوای ئێران هەموویان سوننی بوون، بەڵام بەپێی پێوەندیی کۆنیان لەگەڵ دانیشتوانی ئێراندا بەشێکی زۆریان بوون بە شەڕکەر و لەناو لەشکرەکانی صەفوی و لەوەشدا بەخۆڕایی ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە و سالەهای ساڵ خاکی وڵاتەکەیان لەژێر سمی وڵاغی هەردوو لادا پێشێلکراوە.

سێیەم: لەدوای ئەوەی لە ئەوروپادا شۆڕشی پیشەسازی ڕوویدا و وڵاتە ئەوروپاییەکان بەتایبەتی وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکانیان لە پیشەسازی و بازرگانیدا گەیشتنە ئەو قوناغەی کە بەرهەمی پێشەسازییەکانیان زۆر لە پێویستەکانی ناوخۆیان زۆرتر بووە، لەبەر ئەوە گەڕاون بەدوای ئەو بازاڕانەدا کە بتوانن بە شێوەیەکی ئازاد و بەسەربەستی ئەو بەرهەمانەی کە لە خۆیان زیادبووە لەو ناو بازاڕانەدا ساغی بکەنەوە و بیانفرۆشن و بەنرخی ئەوە کەرەسەی خاوی هەرزان لەو شوێنانە بکرن و بە کێشی بکەن بۆ کارگە و عەمارەکانی خۆیان کە لە ئەنجامی ئەوەدا وڵاتانی سەرمایەدار کەوتنە بینبڕکێیەکی بێوچان لەناو خۆیاندا بۆ ئەوەی دەست بەسەر زۆرترین و باشترین بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە بەپیتەکانی تردا بگرن کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەزاران نەخشە و پیلانیان سازکردووە کە نموونەی زەقی ئەوە لە ئیمپراتۆریەتی بریتانیادا بەدی ئەکرێ کە چۆن لە پێش هەموویاندا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا دەستپێشکەرییان کرد و دوای ئەوەی هندستانیان کرد بە باشترین جەواهیری سەر تاجی ئیمپراتۆرییەتەکەیان، کە

بێگومان بۆ پاراستنی ئەو تاجە بەنرخەی هندستان پێویستییان بەوە هەبوو کە وڵاتانی دەوروبەری و ئەو شوێنانەی ئەکەوتنە سەر ڕێبازی هاتوچۆکردنیان دانیشتووەکانیان هەموو دەستەمۆ بکەن و لە ڕێگەی سەرکردە و پیاوە ناودار و دەسەڵاتدارەکانی ئەو شوێنانەوە مەبەستەکانی خۆیان بهێننە دی کە وردە وردە داگیرکردنی چاڵە نەوتەکانی خوارووی ئێران وای لە کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز کرد کە حسابێکی وردیش بۆ کورد و کوردستان بکەن کە وەکو لەو سەرچاوانەی پێشوودا ڕوون بۆتەوە کە چۆن کوردستان هەروەکو بڕبڕاگەی پشتی ئەو ناوچە گرنگانەی کە ستراتیجییەتی بریتانیا نەخشەیەکی دووردرێژی بۆ کێشا بوو هەموو مەبەستەکانی ئیمپراتۆرییەت هێنرایە دی و لە کاتی پێویستدا بوون بە لایەنرگی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە سوود و بەرژەوەندیی خۆیان کە بێگومان ئێستەش هەمان نەخشەی جاران، بەڵام بە شێوەیەکی قووڵتر و جیاوازتر لە جارانی بەرامبەر بە کورد بە کار ئەهێنرێت.

بێگومان ڕووسی قیصریی دراوسێی ئێران و تورکیا و کوردستان زووتر لە وڵاتەکانی تری ئەورووپا هەستی بەو نیاز و نەخشەکێشراوانەی بریتانیا کردبوو، لەبەر ئەوەی ئەویش کەوتە خۆی و جاران کە تەنها حسابی بازرگانیی بۆ ناوچە کوردییەکان کرد بوو ئیتر ئەویش کەوتە سەر سەودای ئەوەی کە لە ڕووی سیاسیی و سوپاییەوە بایەخ بدا بە کوردستان و کەوتە سەر تەقەلای ئەوەی پێوەندی بە کورد و بە سەرۆک هۆزەکانی کوردەوە بکا بۆ ئەوەی بە لای خۆیاندا دایانشکێنێت، کە شانبەشانی ئەوەش ڕێبازێکی تریشی گرتبووە بەر کە برتیی بووە لە هەڵکردنی ئاڵای پاراستنی کریستیانەکانی ناو کوردستان بە هیوای ئەوەی ئەوە ئەکا بە بەردەبازی ڕێگە تازەکەی و بە هۆی ئەوەوە دەست ئەخاتە ناو کاروباری کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچانەوە.

بەو جۆرە بینبڕکێ لەنێوانی ڕووس و ئینگلیزدا شێوەیەکی تازەی گرتەبەر کە چەکی بەکارهێنراوی هەردوو لا بریتی بووە لە بەستنی پێوەندی و دۆستایەتی پەیداکردن لەگەڵ ئەوکریستیانانەی لەو ناوچانەدا ئەژیان و پەیتاپەیتا قوتابخانەی ئایینیان تیادا دەکردەوە و میسونێر و پیاوی ئایینییان بۆ ئەناردن و دیاری و بەرات و خەڵاتیان بەسەردا دابەش دەکردن کە بەوە هەڵوێستێکی تازەیان هێنایە کایەوە و هەستی دەمارگیریی ئایینیان بزرواند و گەرای ناکۆکییان لە دڵا چاندن و بەر لەوەی

ئەوان دەست بخەنە کاروباری ناوچەکەوە زۆر کەم کێشەی ئایینی لەئاردا مابوو، بەلام بە هۆی ئەو دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالیستانەوە ئاگری ئاکۆکی خۆشکرا و بۆ سوود و پەرژەوەندیی خۆیان جارەها ئەو کریستیانانەیان تووشی شەڕ و گێچەڵی خۆرایی ئەکرد و کە کاریش نەگەیشتە ڕادەی ئەوەی سوود و پەرژەوەندیی خۆیان بکەوێتە مەترسییەوە بەئاشکرا دەستبەرداری ئەوانە ئەبوون و پشتگوێیان ئەخستن کە نموونەی زەقی ئەوە لە هەڵوێستی ئینگلیزەکاندا خۆی ئەنوێنێت کە چۆن لە ساڵی ١٩١٩دا بە ڕواڵەت بوون بە باوەپیارەی کریستیانەکان و لەئەنجامی ئەو شەڕەی کە لەنێوانی کورد و ئاسوریدا ڕوویدا و ئاسورییەکان ئاوارەکران، ئینگلیزەکان لەجیاتی ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ کێشەی ئەو ئاسورییە لێقەوماوانە بدۆزنەوە، هەموویان بەکێشکردن بۆ میسوپۆتامیا و ماوەیەک لە ئوردوگای خانقیندا هێشتنیانەوە و لەدواییدا ناردیانن بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خوارووداو لە دوای ئەوەی چەکداریان کردن و ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکانیان کران بە سەربازی (لیڤی) بۆ ئەوەی خزمەتی لەشکری بریتانیا بکەن و لەجیاتی ئەوەی خۆیان ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕەکانی کورد ببنەوە ئاسورییەکانیان کرد بە کوتەکی دەستی خۆیان و شەڕەکانی شێخ مەحمود و بارزان و ناوچەی زێبار و شوێنەکانی تریان پێ کردن و ئەو تەقەلایەی کە ئاسورییەکان دابوویان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە (هەکاری) ئینگلیزەکان پشتگوێیان خست هەروەکو لەو باسە تایبەتییەی کە بۆ کێشەی ئاسورییەکانمان تەرخانکردووە ڕوونی ئەکەینەوە.

دەربارەی شەڕی یەکەمی جیهانی و تەواوبوونی و مۆرکردنی پەیمانی سیڤر و چواردە مادەکەی ویلسنی سەرەک کۆماری ئەمریکا کە لە مادە ١٢یدا بەئاشکرا دانی بەوەدا نابوو کە ئەو میللەتانەی لەژێر ڕکێفی عوسمانیدا بوون مافی ئەوەیان هەبووە چارەنووسی خۆیان دەستنیشان بکەن، ئەوەش پلانێکی کاتیی بریتانیا بوو بۆ سەرگرتنی ئەو سراتیجیە تایبەتیەی بوو کە ویستبووی لەو قۆناغەدا بەپێی ئەو پەیمانە عراق بە کوردستانیشەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکا، بەلام لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی ئیعلانی شەڕی نەکردبوو بەشداریی شەڕی نەکردبوو و بۆیە لە پەیمانی سیڤردا بە هیچ جۆرێک ناوی کورد و کوردستانی ئێران نەهێنراوە و لەڕاستیشدا حکومەتی بریتانیا کە کەڵەگای ئەو ڕۆژانە بوو و ڕۆڵی

ئیمرۆی ئەمریكای بینیوە، بە هیچ جۆرێک لە نەخشەیاندا شتێكی وا نەبوو كە حكومەتێكی كوردی دروست ببێت و بەئاشكرا تەقەلای داوە كە كوردستانی ئێران هەمیشە بەشێک بێت لە خاكی ئێران و بەرهەڵستی هەموو هەوڵدانێكی كردووە كە بۆنی ئەوەی لێ هاتبێت كوردستانی ئێران یا سەربەخۆ بێت یان لەگەڵ كوردستانی خوارووا یەک بگرێت و لە هەردوولا حكومەتێكی كوردی پێک بهێنرێت.

سەیر ئەوەیە هەندێ نەزان و هەندێكی تری بێ ویژدان كردوویانە بە بنێشتەخۆشەی دەمیان، بەتایبەتی شۆڤێنیزمەكانی نەتەوەی گەورەی وڵاتە داگیركەرەكانی كوردستان، هەمیشە وایان بڵاوكردۆتەوە كە بزووتنەوە و ڕاپەڕینی كورد بە هاندانی بریتانیا بووە كە هەموو بەڵگەمێژووییەكان ئاشكرایان كردووە كە بەپێچەوانەوە تەنها ئینگلیز هۆی سەرەكیی خنكاندنی هیوا و ئاواتی كورد بووە و هەر ئینگلیز بە زەبری فرۆكە و بەو هێزی لیڤی و سەربازی هیندی و سیكانەی كە لە هندستانەوە بە كێشی كردبوون وای لە كورد كردبوو كە كۆڵ بدا و بەئاشكرا ئەو حكومەتەی كە شێخ مەحمود لە خوارووی كوردستاندا دروستی كرد و هیوای ئەوەی لێ دەكرا كە ببێت بە بەردی بناغەی ڕاپەڕین و ڕزگاركردنی بەشەكانی كوردستان ڕووخانی و بە زۆرەملی كوردی وا لێكرد كە وڵاتەكەی بلكێنرێت بە عێراقەوە و ئینگلیز بۆ سوودی خۆی مەلیک فیصلی لە حجازەوە بە كێش كرد و حكومەتی عراقی دامەزراند بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو حكومەتەوە سوودی خۆی بەتایبەتی نەوتی چاڵە نەوتەكان لەژێر دەسەڵاتی كۆمپانیاكانی خۆیدا ببێت بەو شێوەیەی كە چاڵە نەوتەكانی ئێرانیشی لە ڕێگەی ڕەزاخانی پەهلەوییەوە بۆ خۆی مسۆگەر كردبوو.

نموونەیەكی تر بۆ سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بە كورد لەو دوكیومێنتەدا دەرئەكەوێ كە بەر لەمە لێی دواین ژمارەكەی (F.O.371-7386) و ڕۆژی ١٩١٨/١٢/١٦ كە بەئاشكرا لەوەدا دانی پیادا نراوە كە ئینگلیز بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوەی نەداوە كە كوردستانی ئێران بچێتە پاڵ كوردستانی خوارو هەردووكیان یەک بگرن.

هەروەها مۆركردنی پەیمانی ساڵی ١٩١٩ لە نێوانی ئینگلیز و ئێراندا جۆرێكی ترە لە سیاسەتی بریتانیا كە نووسەری كتێبی كورد و عەجەم لە لاپەڕەكانی ٣٣١-٣٣٢دا باسی كتێبەكەی محمد جواد شیخ الاسلامی كردووە (اسناد محرمانەء وزارتی خارجەی بریتانیا دربارى قراردادی ایران و انگلیز)، كە لەو ڕاپۆرتەدا حكومەتی بریتانیا بەڵێنی دابوو بە احمد شای قاجار كە ئەگەر شۆڕشێک ڕوویدا

ئەوانەی ئەو پەیمانەیان مـــۆرکـــردبوو کـــە بریتی بوون لە (وثوق الدولە)ی سەرەکوەزیران و (فیروز مرزا نصرالله)ی وەزیری کاروباری دەرەوە و شازادە (اکبر صارم الدولە) هەر یەکەیان لە شوێنێکی باشدا پەناهندەیەتییان بۆ دابین بکرێت و جگە لەوە ئینگلیز بەڵێنیشی دابوونێ کە دەسکاریی هەندێ لە سنوورەکانی سەرووی ئێران و لای رۆژئاوای ئێران بکرێت بۆ سوودی ئێران.

دەربارەی ئەو بەڵێنەی ئینگلیز، لەڕاستیدا لە دواییدا ئینگلیز بیریان لەوە کردبووەوە کە بۆ ئەوەی سەریەشەی خۆیان لە کوردستانی عراقدا کەم بکەنەوە پێشنیازێکی وا هەبوو کە ئەو هێڵەی ئەکەوێتە نێوانی عمادیە ـ سلێمانی، رۆژهەڵاتی ئەو هێڵە بخرێتە سەر ئێران بۆ ئەوەی ئینگلیز لە کێشەی ئەو بەشە رزگاری ببێت کە ئەو باسەم بە دوورودرێژی لە بەرگی دووهەمی کتێبی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستاندا باسکردووە و پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، هەرچەند وەکو لەو باسەشدا دەرکەوتووە کە ئەو پێشنیازە سەری نەگرتبوو.

بەشی سێهەم

# کورتەباسێکی مێژوویی دەربارەی نیشتەجێکانی ئازربایجان و کوردلەو ناوچانەدا

باسی نیشتەجێبووەکانی ناوچەی ئازربایجان و ناوچەی موکریان بە کورد و ئازەری و کریستیانەوە، باسێکی دوورودرێژە و نووسەران هەر یەکە بە جۆرێک لێی دواون و هەندێک لەو باسانە پڕە لە باسی ئەفسانەی کۆن (وەکو نووسینەکانی حسێن حوزنی موکریانی لە ئاترۆپاتیندا کە تۆفیق وەهبی لێم بیستووە ئەیوت: سەرچاوەکانی موکریانی بە زۆری لە ئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراوە.) هەر لە باسی ئێران و تورانەوە کە فیردەوسی لە شانامەکەیدا باسی پاڵەوانێتی و شەڕەکانی هەردوولای کردووە وەکو ڕۆستەم و ئەفراسیاب و گیو و گۆدەرز کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بوو بە بنێشتەخۆشەی سەر دەمی حکایەتیخوانەکانی کورد لە قاوەخانەکاندا، هەروەها سەرچاوەکان باسی ئەوەی مادیان کردووە کە لە باسی دووهەمدا لەو سەرچاوانە دواین باسیان کردووە و پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە هەتا ئەو سەردەمەی تورکمانەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچانە و هەندێکیان تێکەڵ بوون بە ئازەرییەکان و ئەوانی تریان پەڕینەوە بۆ (ئەرزروم) و ئەمانەی دوایی زۆری پێ نەچوو دەوڵەتی عوسمانییان دامەزراند و ئاڵای ئیسلامەتییان هەڵکرد و کوردیش لەژێر سایەی ئەو ئاڵایەدا بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک لەپێناوی غەزای ئیسلام و پاراستنی خەلافەتی ئیسلام لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا خرێنرایە ناو ئاگردانی ئەو شەڕانەی کاربەدەستانی عوسمانی بە ناوی دینەوە ئەیانکرد و کورد لە ئەنجامی ئەو هەموو خۆیەکوشتندانەدا مایەپووچ دەرچوو شوفێنزیمەکانی تورک بەوپەڕی درندانەوە لەجیاتی دانەوەی چاکە بۆ کورد بەرامبەر بەو هاوکارییەی کە لەگەڵیاندا کردبووی بۆ دەرکردنی یۆنانییەکان لە (ازمیرو) سەرکردەی لەشکری تورک لەدوای سەرکەوتن بەسەر یۆناندا ساتێک پەردەی لە ڕووی (جندی المجهول=سەربازی نەناسراو) هەڵدایەوە، بەئاشکرا وتبووی بێگومان ئەو سەربازە نەناسرواە کورد بووە، هەروەها دوای ئەوانیش بنەماڵەی قاجاری و پەهلەوی بۆ لاسایکردنەوەی تورکە شوڤێنیزمەکان هەرچی ئەشێ و ئەکرێ بە کورد و کوردستانی ئێرانیان کرد و ئەوەی صەفەوییەکان دەربارەی کورد پێیان نەکرابوو ئەو دوو بنەماڵەیە تەواویان کرد.

میللەتی کورد لە ڕێبازی ئەو بەسەرهات و ڕووداوە خوێناویانەدا تووشی هەزاران

ماڵکاولی و دەردیسەری و تاڵانی بوو و هەر لەو ڕۆژەوە کە کەمتەرخەمی نواندبوو هەستی نەتەوایەتیی لەپێناوی هەستی ئاینیدا پێشێل کردبوو، جارێک بە ناوی مەزهەبی سوننییەوە ئەبوو بە لایەنگری ئیسلامی سوننیی مالکیی تورکیا هەرچەند کوردی بەشی ژووروویی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران بەشێکی زۆری سوننی شافعی بوون و، بەر لەوە لە زەمانی صەفەوییەکاندا بەپێچەوانەی سروشتی مەزهەبییەوە بووبوون بە لایەنگری صەفەوییەکان دژی عوسمانیی سوننە و لە ئەنجامی ئەو بێنەوبەرە و کێشەیەدا کورد کەوتبووە گێژاوێکی تەواوەوە و سەری لێ تێکچووبوو، هەر جارە سەرەکهۆزێکی کورد بەرەو لایەک بە کێشی ئەکردن. بێجگە لە لەیەکچوونی مەزهەبی سوننی لەنێوانی کوردەکانی کوردستانی ئێراندا، بەشی ژووروویی لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا، ئەو کوردانەی هەردوو دیوی سنووری تورکیا و ئێران بەشێکی زۆریان لە شێوەی گفتوگۆ و زمانیشدا لەیەک ئەچوون کە هەردوولا بە شێوەی کرمانجی ژووروو دەوان، جگە لە بەشی موکری و ناوچەی ئەردەڵان نەبێت کە شێوەیان بریتییە لە شێوەی کرمانجی خواروو لەگەڵ شێوەی خوارووی کوردستاندا لە یەک ئەچن.

ئەمە بوو شێوەی پێوەندیی کوردی ئەو ناوچانە کە بەداخەوە تەنها هەر زمانەکەیان هەبووە لە یەکیان نزیک بکاتەوە، ئیتر هەستێکی تری ئەوتۆ نەبوو کە پاڵیان پێوە بنێ و یەکیان بخا و یەکیان پێ بگرێ، بۆیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانیان یەک لەدوای یەک بە فیڕۆ ڕۆین و کەس بە کەس ڕازی نەبوو و ئەم شار لەگەڵ ئەو شاردا ڕێک نەبوون و هاوکارییان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە و دوژمنانی کوردیش بە ئارەزووی خۆیان گەشتی خۆیان لە کوردستاندا کردوو ە ومیللەتەکەیان چەوساندۆتەوە و لە شارستانێتی دووریان خستونەتەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە باسی مێژووی نیشتەجێبووەکانی ئەو ناوچانەیان کردوو هەر یەکەیان بە جۆرێک و بۆ مەبەستێک تۆماریان کردوو کە بەداخەوە ئێمەی کورد لە ڕابردوودا مەگەر بە ڕێکەوت هی وا هەبوو بێ باسێکی مێژوویی یا بیرەوەرییەکی خۆی تۆمارکردبێ و ئەوەی لەو ڕووەوە کە هەبێ بریتییە لە یاداشت و نووسینی گەڕۆکەکان بەتایبەتی ئەو ئەوروپاییانەی کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی گەشتیان کردووە بۆ کوردستان یا ئەوانەی لە لایەنی میسونێرەکانەوە تۆمار کراون.

ئەوانەی کە لەلایەن نووسەرە فارسەکانەوە نووسراون بەشێکی زۆریان بە

مەبەستێکی پاک نەنووسراون و زۆربەیان بۆ ئەوە بووە کە ناوی کورد بزڕێنن و بەئاشکرا هەندێکیان ڕقی دڵ و دەروونیان وەکو ژەهراو بەسەر لاپەڕەی نووسینەکانیاندا داچۆڕاندووە و قینی دڵیان بەرامبەر بە کورد بەوە دامرکاندۆتەوە.

ئەگەر سەرکردەی کوردێک بۆ پاراستنی خۆی و هۆزەکەی یا بۆ دەسگیربوونی مافی نەتەوەکەی و بۆ ئەوە تێکۆشا بێت کە لە دەست جەور و ستەمی داگیرکەر ڕزگاری بکا ئەو نووسەرانە هەزار درۆ و دەلەسەیان بۆ هەڵبەستووە و ئەو هەموو تاوان و دەستدرێژی و ڕاووڕووتکردنەوەی کاربەدەستانی نەتەوەکەی خۆیان فەرامۆش کردووە و بەلایدا نەچوون.

کوردی کوردستانیش لە هەموو بەشەکانیدا ئەوی بە بیریدا نەهاتبێت ئەوە بووە کە یاداشتێکی ڕۆژانەی خۆی تۆمار بکا بۆ ئەوەی دوارۆژ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو یاداشتانەوە ئەوەی دوای خۆی بتوانێت وەرامی درۆ و دەلەسەی بێگانەکان بداتەوە و خوێندەواری و ڕۆشنبیری بە شتێکی بایەخدار نەژمێردراوە لە ژیاندا و هەوای کۆچوباری گەرمیان و کوێستان و قاسپەی کەوی ناو حەشار و غاری ئەسپی دوای تانجیی ڕاوکەوتن و شەقەی نازەنگیی شۆڕەسوار کە ئەمەی دوایان تاقە کەلەپووریکە لە باووباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و نووسەرانی بێگانە کوردیان بە شۆڕەسوارەکانی ڕۆژهەڵات داناوە کە ئێمڕۆ زۆربەکان شانازی پێوە ئەکەین.

بێجگە لەوانە باسی ڕووباری هەنگوینی ناو بەهەشت و بەڵێنی پەری و حۆریی بەهەشت و هەندێ شتی تر باووباپیرانمانی وا گێژ کردبوو کە بیر لە دوارۆژ نەکەنەوە و تەقەلای ئەوە نەدەن لە قۆناغێکی عەشایری و کۆچەرییەوە بپەڕێنەوە بۆ قۆناغی شارستانێتی و لە دەرەبەگێتی و فیودالییەوە باز بدەن بۆ قۆناغی پارەداری و بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی شاری گەورە و ڕووکردن بەرەو پیشەسازی و پێشکەوتن هەروەکو میللەتانی وڵاتانی تری خواپێداو.

بەداخەوە کورد بەپێچەوانەی میللەتانی ترەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەداوە بە ڕۆشنبیری و خوێندەواری و نموونەیەکی زەق و ئاشکرا بۆ ئەوە، جەعفر ئاغای براگەورەی سمکۆ و سمکۆ خۆی لەناو کوردی خۆیدا خوێندەوارێکیان دەست نەکەوتووە بیانکەن بە مرزا و کاتبی خۆیان و لە ئازەری و فارسەکان کاتبیان بەکارهێناوە و ئەو خوێندەواری کوردانەش کە هەبوو بێت لەو ڕۆژانەدا لە چەند مەلا و فەقێیەکی ناو مزگەوتەکان بەولاوە کە کاری هەندێکیان ڕاست بێت هەتا ڕادەیەک

شتێک لە خوێندەواری فێربوون و تاکەتاکە شاعیریان تیا هەڵکەوتووە و ئەوانی تر لە (ئەرێ بابەی ناو مزگەوت) بەولاوە و لە کتێبە شڕۆڵە ئایینیە کۆنەکان بەولاوە توخنی هیچی تر نەکەوتوون کە باجی ئەو دواکەوتنەی باوباپیرانمان زۆر کەوتووە لە سەرمان و هەتا ئێستەش هەر بەو دەردە کۆنەوە ئەتلێینەوە.

دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە کتێبەکەیدا (کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) لە لاپەڕە (١٤٨)دا باسێکی بلاوکردۆتەوە و ئەڵێ: (٥٧) "ئێران لە سەدەی نۆزدەدا لەناو شەڕی ناوخۆ و لەسەر تەختی پاشایەتی و دەسگیربوونی دەسەلاتداریتی بە جارێک داوەشابوو، لە خوراسان ئاژاوە پەیدا بووبوو لەئەنجامی دۆخی ئابووریی پەشێواو و نەبوونی، کزیی دەسەلاتی ناوچەیی چ لە تورکیا و چ لە ئێراندا، دانیشتوانی کورد لە هەمووان زۆرتر کەوتبوونە ژێر بارێکی قورسەوە و گەڕەلاوژە و بێ ئاسایی و بەڕەلایی، دزی و جەردەیی و ڕووتاندنەوە، شەڕ و کوشتاری ناوخۆی بێ پشوو و کێشەیەکی تەواوی دروست کردبوو.

(ک. ڕاولنسن)ی نوێنەری ئینگلیز دەربارەی هەژاری و قوڕبەسەریی کوردەکانی ئێران، لەو کەسانەوە کە دەرد و پەژارەی خۆیان بۆ گێڕاوەتەوە نووسیویتی: "ئێمە هەرموو ڕۆژێک ڕەنج ئەدەین و عارەق ئەڕێژین، لەئەنجامی ئەوەدا بە شەڕەشەق پارچەنانێکمان دەست ئەکەوێ کە تەنها خۆمان و ماڵ و منداڵمان بە نانەسکیی پێی ئەژین و خۆمان لە مردن ڕزگار ئەکەین... ماڵ و منداڵ هەروەکو ئێمە هەموو شڕ و ڕووت و پێخاوسن.

کاربەدەستان و لێپرسراوانی دەوڵەتی ئێران بە هۆی زۆرداری و ڕووتاندنەوەی خەڵک و چەوساندنەوەیان ئەوەندەی تر ژیانیان پێ تاڵ کردووین."

(ئی. ئو. سیمونج)ی باڵیۆزی ڕووسیا لە تاران لە ساڵی ١٨٣٣دا لەم ڕووەوە نامەیەکی بۆ (گ. ڤ. روزنیا)ی سەرکردەی هێزی قەفقاس نووسیوە و ئەڵێ: "بەلای منەوە شتێکی زۆر سەیر نییە کە (مرزا جهانگیر)ی تەماعکار بۆ سوود و قازانجی خۆی کوردەکان بورووژێنێت و ڕاستیان بکاتەوە."

نموونەی تری چاوچنۆکیی و چەساندنەوە و بەرتیلخواردن و سەرانەسەندنی کاربەدەستانی حکومەت ئێجگار زۆرە و کۆتایی نایە، بۆیە ویستم شێوەیەکی تریش لە جۆری چەوساندنەوەی ڕەشوڕووتی کورد لەلایەن کورد خۆیەوە بخەمە بەرچاو بۆ ئەوەی بزانرێ کە کورد تەنها هەر بێگانە زوڵمی لێ نەکردووە، بەڵکو زوڵم و زۆری

خۆمانەش سەرباری بووە و کورد لەو ڕووەوە دوو جار برژاو بووە.

زێوەری شاعیر کە لە ساڵی ١٩١٩دا لەگەڵ خێزانە ئاوارەبووەکانی ماڵی شێخانی سلێمانی لەتاو جەور و ستەمی ئینگلیزەکان پاش بەدیلگرتنی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان و ئاوارەکردنی بۆ هندستان، بەناچاری ڕوویان کردە کوردستانی ئێران و ماوەیەک بەئاوارەیی مانەوە... زێوەر لە یاداشتەکانیا، (گەنجینەی مەردان، یاخود یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری)، باسێکی تۆمارکردووە کە ئەڵێ:(٣٧) "ساتێک بەئاوارەیی گەیشتینە ناوچەی (مەریوان)، ڕۆژێک لە گوندێکی مەحمودخانی کانیسانان (کە لە شێخ باباعەلی شێخ مەحمودم پرسی فەرمووی ئەو گوندەی زێوەر مەبەستی بووە، گوندی درزیان بووە) کە دانیشتوانی گوندەکە توتنیان تیادا کردبوو، لەوێ لە ڕەنجبەرێکم پرسی ئەم گوندە ساڵی چەند بار تووتنی ئەبێ؟ لەوەرامدا وتی: هیچ!! منیش لێم پرسی: ئەی ئەو هەموو بەراوە تووتنانەی کە لەبەرچاون و دیارن، ئایا ئەوانە چین؟؟ وتی: هی ئێمە نییە و بۆ مەحمودخانی ئەکەین. کە لێم پرسی: ئایا هەقەئاوتان ئەداتێ؟ (وابزانم زێوەر لەمەدا مەبەستی ئەوە بوو ئایا هەقەئاودان یا ڕەنجبەریتان ئەداتێ، چونکە بێگومان تووتنەوان ڕەنجبەر بووە و خاوەن ئاو نەبووە تا هەقەئاو بسێنێت)، لەوەرمدا وتی: ساڵی پار هیچی نەداینێ... منیش پێم وت: جا باشە کە هیچتان ناداتێ ئیتر بۆچی تووتنی بۆ ئەکەن؟ لەوەرامدا وتی: کوێر هەتا ئەمرێت هەر بەتەمای چاوە... ساڵی پار هیچی نەداینێ ئەڵێین بەشکو ئەمساڵ دڵی نەرم ببێت و ڕەحمی بجووڵێت و شتێکمان بداتێ، یا بەشکو ئەوە خوایە حاکمێک پەیدا ببێت کە ڕێگە نەدا ئەم جۆرە غەدرەمان لێ بکرێت."

هەروەکو لە هەندێ خەڵکی ناوچەی موکریانم بیستووە کە ئەوانیش لە باوباپیریانەوە بۆیان باس کردوون سەردارەکانی موکریانیش لەو جۆرەی مەحمودخانی کانیسانان ستەمکارتر بوون.

باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا دەربارەی عەشیرەتی موکری کە عەشیرەتێکی گەورە و ناسراوی ئەو ناوچانە بووە وتوویەتی:(٣٢) " لە زەمانی شاە عباس و نادر شا و فتح علی شاهدا، ئێرانییەکان عەشیرەتی موکریانیان بەکارئەهێنا لەوشەڕانەی کە لەگەڵ دوژمنەکان ئێاندا ئەیانکرد و لە ئەنجامی ئەوەدا ئێرانییەکان توانیبوویان بە هۆی ئەو کوردانەوە لە زۆر شەڕدا عوسمانییەکان بشکێنن." و لە پێوەندیی عەشیرەتی

موکریان و بڵباسدا ئەڵێ: "هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەردووکیان لە پێشەدا ئەچنەوە سەر یەک."

باسیل نیکتین دەربارەی سەردارەکانی موکری باسی (بوداغ خان)ی کردووە کە پیاوێکی زۆر بەناوبانگ بووە و بە (ئەوشیروانی دووهەم) ناوبراوە و بە پیاوێکی زۆر دادپەروەر و ڕاست ناسراو بوو.

پرۆفیسۆر خالفین دەربارەی کوردی ئەو ناوچەیە لە کتێبەکەیدا ئەڵێ:(١٥) "ناوچەی ئازربایجان کە زۆربەی دانیشتوانی کورد و تورکمانی ئازەرین، بە هۆی ئەوەوە کە ئێران بە زۆری دەسەلاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا هەبووە، چ ئازەرییەکان و چ فارسەکان کە (شیعە) بوون جۆرە هاوکارییەک هەبووە لەناویاندا و هەستی (مەزهەبی) زۆرتر لە یەکتریی نزیک کردونەتەوە وەک لە هەستی نەتەوایەتی فارسی و ئازەری، لەبەر ئەوە لە زۆر هەڵوێستدا یەکگرتوو و هاوکاری یەکتری بوون، بۆیە کوردە سوننییەکان لەناویاندا هەمیشە تووشی چەوساندنەوە و زۆرلێکراوی بوون چ لە لایەن حکومەتی ئێران و پارەداران و دەرەبەگەکانی ئازەرییەوە بوویێت یاخود لەلایەن حکومەتی ئێران و کاربەدەستانیانەوە کە خاوەنی زەبروزەنگ و دەسەلات و پارەدارێتی بوون و خاوەنی سوپا و لەشکر بوون و بەوە هەمیشە کوردیان داپڵۆسیوە و چەوساندویاننەتەوە."

شرەفخانی بدلیسی لە کتێبەکەیدا (شرفنامە) لە باسی کێشەی مەزهەبیی سوننی و شیعەدا لەو ناوچانە، وتویەتی کێشەی نێوانی کوردە سوننییەکان و (ئاق قوینلی)ی شیعە ماوەیەکی دووروودرێژی خایاند و گەلێک بەسەرهاتی ناخۆشی لێ پەیدا بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، چ ئەوەی شرفنامە باسی کردووە و چ ئەوەی لە سەرچاوەکانی تردا باسکراوە، بە شێوەیەکی گشتی چ لە کاتی (ئاق قوینلی)یەکاندا و چ لە دەوری (قزڵباش)دا ، هەموویان دوژمنی خوێنەخوییی کورد بوون.

ئەو ڕق و کینە مەزهەبییەی کە هەبووە بەرامبەر بە کورد، بەتایبەتی لە زەمانی صەفەوییەکانەوە تا ئەهات پەرەی ئەسەند و تەقەلای شاە ئیسماعیلی صەفەوی لە کاتی حوکمدارێتیدا بۆ ئەوە بوو کە بە زۆرەملی و بە هەڕەشەکردن کورد بکا بە شیعە، کە ئەو هەڕەشە و ترسە هەتا ئەهات ئاگری قین و دوژمنایەتی خۆشتر ئەکرد و کوردیش بەرامبەر بەوە هەوڵی داوە کە بەرگری لە خۆی و لە مەزهەبەکەی بکا و لە

پێناوی ئەوەدا بە هەزاران شەهید و قوربانی داوە و خۆی بۆ داوە بە کوشت.

پرۆفیسۆر خالفین نموونەیەکی لە ڕەفتاری دڕندانەی صەفەوییەکان باس کردووە کە لە پاش ئەو هەموو خوێنەی لە لایەن شاە ئیسماعیلی صەفەوییەوە بەرامبەر بە (ئەمیرخانی برادۆست) ڕژا کە ئەو ئەمیرخانە بە ئەمیرخانی یەکدەست ناسراوە (بێجگە لەوە بە لەپزێڕینیش ناوبراوە)، کە یەکێک بووە لە گەورەپیاوان و دەسەڵاتدارانی کوردی ئەو سەردەمە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی (ورمیە)دا، کە لەو ڕۆژانەدا شاە ئیسماعیل بۆ سوود و مەبەستێکی کاتی و تایبەتیی خۆی و بۆ ئەوەی بە هۆی کوردەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێت، ئەمیرخانی کردبوو بە حاکمی (ورمیە) کە لەو ڕۆژانەدا سەرکردایەتی (تەرگەوەڕ) و (مەرگەوەڕ) و (سوما) و (برادوست) و موکریانی ئەکرد و قەڵای (دمدم)ی ئاوەدان کردبووەوە و پتەو و قایمی کردبوو و، هێزە پڕڕ چەکەکەی خۆی تیادا حەشار دابوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو گەڕی لە ئەمیرخان ئالان و لێی کەوتە گومانەوە و دەستی کرد بە دۆزینەوەی بیانوو و بەهانە گرتن و لە ئەنجامدا هێزێکی گەورەی نارده سەری و لە ساڵی ١٠١٨ھ. دا بە هەزارانی لێ کوشت.

لەدوای ئەو، شاە عەباس تەنها هەر بە ئەمیرخان وازی نەهێنا، بەڵکو کوشتارێکی زۆریشی لە ئێلی موکری کرد.

لە زەمانی ئەو شاە عەباسەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئەو ناوچانە ئاوارەکران بۆ (خۆراسان) و لەجیاتی ئەو ئاوارەکراوانە (قزڵباش)ێکی زۆری هێنا و لە شوێنی ئەوان نیشتەجێی کردن کە ئەم کارە هەتا ماوەیەکی دووروودرێژ بوو بە دوژمنایەتییەکی بەهێز لە نێوانی کورد لە لایەک و ئێرانی و ئازەری لە لایەکی ترەوە.

پاش ئەو هەموو تاوانانەی صەفەوییەکان، نۆرە هاتە سەر تاوانی قاجارییەکان کە ئەوانیش هەر بەو ڕێبازەی صەفەوییەکاندا ڕۆیشتن و هەروەکو بەشە میراتێک ئەوەیان بۆ مابووەوە کە ئەوان و لەدوای ئەوانیش بنەماڵەی پەهلەوی ئەوەی صەفەوییەکان تەواویان نەکردبوو ئەو دوو بنەماڵەیە بڕیاریان دابوو کە تەواوی بکەن بۆ ئەوەی زنجیرەی تاوانەکان بەرامبەر بە کورد ئەڵقەکانی لێک نەپچڕێت.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە کتێبەکەیدا (کوردستان و شۆڕشەکەی) لە لاپەڕە (٨٠)دا دەربارەی کوردی ئەو ناوچانە و هاتنی تورکی مەغۆلی بۆ ناو خاکی کوردستانی ئێران و عێراق ئەڵێ:(٥) "کاتێک تورکە مەغۆلەکان لە ساڵی (١٢٥٨ز.)دا لەژێر

فـەرماندەی هۆلاكۆدا بغداديان داگيـركـرد و دەوڵەتی ئیسـلامیـان ڕووخـاند، لەو ڕۆژانەدا ئایینی شیـعـە لە ئارادا بوو، بەڵام لە نێوان فـارسـەکـانـدا ڕەواجی هەبوو، زۆربەی کوردەکـان (سـوننی) بوون. لە سـەرەنجامی هێرشی ئەو تورکە مەغۆلییەدا ژمارەیەکی زۆری تیرەی تورک هـاتنە ئاسیـای گچکەوە، ئەوە بوو (ئاق قـوینلی) لە سـاڵی ١٣٧٨-١٥٢٠ز. دا و (قـەرە قـوینلی) لە سـاڵی ١٤٠٤-١٤٤٧دا ڕژانە کوردستانەوە و وڵاتەکەیان تاڵانکرد و نیازیان وابوو میللەتەکەش تووبڕ بکەن.

لە ١٤٥٣/٥/٢٩دا تورکەکان توانییان (قوستەنتینیە-ئەستەمبول) داگیر بکەن و کۆتایی بە دەسەڵاتی (بیزەنطی)یەکان بهێنن و لەدواییدا ئەو دەوڵەتە تازەیەی تورک کە دامەزرا فراوان بوو و بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوی دەرکرد.

بەرامبە بەوانیش فارسە شیعەکان خۆیان کرد بە بەرگریکەری ئایینزای شیعە کە لە سەردەمی شاە اسماعیلی صەفەویدا (١٥٠٢-١٥٢٤)دا کرا بە ئایینزای ڕەسمیی وڵات. بەو جۆرە کێشەیەکی خوێناوی بۆ وەدەسهێنانی دەسەڵات لە نێوانی فارس و تورکدا، بە ناوی (شیعە) و (سوننی)یەوە دەستی پێ کرد.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە (٨١)دا لە سـەری ئەڕواو و ئەڵێ: "ئەو میرنشینە کـوردییـانەی کـە هەبوون وەکو ئەمـارەتی (بتلیس) لە دەوروبەری سـاڵی ١٤١٧دا و ئەمارەتی (ئازیزان) لە جزیرەدا، بە هۆی هاومەزهەبییەوە چوونە پاڵ تورکەکان، بەو جۆرە تورکەکـان لە شـەڕی (چاڵدێران)دا لە سـاڵی ١٥١٤دا بە هـۆی کۆمـەککردنی کوردەکانەوە توانییان لەو شەڕەدا بەسەر فارسەکاندا سەر بکەون.

سـوڵتان سـەلیمی تورک بە بەرتیل و دەمچەورکـردن وای لە زانای کورد (ئیدریس بتلیسی) کرد کـە بە هۆی پلەوپایەی ئایینیەوە تین و تاوێکی زۆر کـاریگـەری هەبوو لەسـەر میرنشینەکانی کورد و توانی هەموویان هـان بدا لە دەوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خڕ ببنەوە و پشتگیرییان لێ بکەن کە سیاسەتی دڕندانە و شێتگیرانەی صەفەوییـەکانیش لە کوردسـتـاندا یارمەتیدەرێک بوو بۆ سـەرخستنی ئەو پلانەی بتلیـسی کـە لەناو کـوردەکـاندا بە (ئیـبلیـسی بتلیـسی) ناو ئەبرێ و هـەروەکـو خۆفرۆشێک و خائینێک لە مێژووی کورددا تۆمار کراوە.

دوکتـۆر جـەمال لە پەراوێزی هـەمـان لاپەڕەدا دەربارەی ئەو بەرتیلەی کـە سـوڵتان سلیم دابووی بە بتلیسی پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی (خواجە سعدالدین) بە ناوی (تـاج التـواریخ)، جلدی دووهـەم، چاپی ئەسـتـەمـبـول، ١٢٧٩/١٢٨٠هـ.

(١٨٦٢-١٨٦٣ز.)

دوکتۆر جەمال بۆ تاوانبارتێتی صەفەوییەکان بەرامبەر بە کورد باسی هێرشە درندانەکەی کردووە بۆ سەر قەڵای دمدم لە نزیکی ورمیە لە ساڵی (١٦٠٦)دا کە مێژووناسی فارسی (اسکندر نشی) بە چاوی خۆی دیوێتی و لەو شەڕەدا بەشدار بووە و لەگەڵ ئەو هەموو ڕق و کینەیەی کە بەرامبەر بە کورد هەیبووە، نەیتوانیوە چاو لە ئازایەتی و قارەمانێتیی کورد بپۆشێت و ئەوانەی هەمو ولە کتێبەکەیدا (تاریخ عالم ارای عباس)دا باسی کردووە و، بێجگە لەو زۆر نووسەری تریش هەر باسیان کردووە.

دەربارەی کوردەکانی موکریان (زێوەر)ی شاعیر لە لاپەڕە (١٩١)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ:[٣٧] "کە چووینە موکریان (لە ساڵی ١٩١٩ز.دا بەئاوارەیی چووەتە ئەو ناوە)، لە (تورجان)ەوە چووینە ناو خاکی موکریانەوە کە موکریان وڵاتێکی زۆر خۆشی بە وارداتە، عەشیرەتی (دیبوکری) و (بەگزادە) لە موکریاندا ساکنن، هەر عەشیرەتێک ڕەئیسێکی هەیە، مولەقەبە بە (ئێلخان).

ئێلخانی دیبوکری کوڕانی ئەو حاجی بایز ئاغا و مەحمود ئاغا و سەردار ئەسعەد عەلی ئاغا ئیدارەی عەشیرەتەکە لەگەڵ داخیل و خارج ئەکەن. موقتەزای تەبیعەتی کوردە هەر تایفەیەک لەگەڵ تایبفەیەکی تر عەداوەتی هەیە.

ئەمما بە واسیتەی حوسنی ئیدارەی کوڕانی حاجی ئێلخانی قسمێک لە مەنگوڕ و قسمێک لە بەگزادەیان کردووە بە دۆست و ئەو کەسەی دۆستیان بێ زۆر ریعایەتی دەکەن و بۆ موحافەزەی تێدەکۆشن.

وەقتی شەڕ، نەزدێکی هەزار سواریان دەبێ، زۆر تالیب بە عیلم و مەعریفەتن، قەدری عولەمایان لا هەیە. ئەگەر موعەللیمیان دەست بکەوێ بە تەرتیبی تازە بە منداڵیان دەخوێنن، بۆ حکومەت زۆر موتیعن، قەمچیی دەستی حکومەتی سابلاغ ئاغایانی دیبوکرییە. قیسمی بەگزادە ئەوانیش زۆرن. ئەوی بەقودرەتە تایەفەی فیزوڵڵابەگی پێ دەڵێن. ئەم تایفەیە مەحاڵی سەقز و بۆکان هەتا سابلاغ و سەرحەدی گەورکیان ئیشغال کردووە. هەموو ساحیب قۆناغ، ساحیب نان، ساحیب سەیف و قەلەم. (مع التأسف) ئەکسەری غەرقی سەفاهەتە، غەیری عوشرەت و خواردن و نووستن هیچ فکرێکی کەیان نیە. لەگەڵ ئەوەش لە ئەحواڵی عالەم باخەبەرن، وەک (طوایف الملوک) وانە، کەس قسەی کەس ناخوێنێتەوە. ڕئیسیان

نفووزی نیە، ئەمما وەقتی شەڕ... ئیتیفاقیان هەیە. بۆ حکومت ئەوەندە موتیعن بەو هەمو ئیقتیدارەوە سالْداتیکی ئیرانی (سالْدات مانای سەربازە کە وشەیەکی ڕووسیە، بێجگە لەوە جۆرە تفەنگێکیش بووە هەتا زەمانی لاوێتی ئێمە مابوو هەر پێی ئەوترا تفەنگی سالْدات.) ئەتوانێ هەموو ئەمرێ لەناویانا ئیجرا بکا.

زیوەر لە لاپەڕە (١٩٣)دا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "قسە قسە ئەبرێ، والیی سنە (شریف الدولە) بە مەوجودێکی سەد کەسیەوە هاتە سەقز و نەیانتوانی لە موقابەلەیا حەرەکەتی مەزبووحانە بکەن، وە پازدە کەسی کورە کورەی لێ حەپس کردن و بە پازدە هەزار تومان جەریمە خۆیان نەجات دا.

ئەو شەجاعەتەی کە لە فەیزوڵلا بەگی جەدیان (باپیریان) نەقڵ ئەکرێ زۆر لە ئەولادەکانی دوورە، وەلێ زۆر تەجەدود پەرستن، عاشقی مەکتەب و مەعاریفن، فکری قەومیەت لە بەعزێکیانا مەوجودە، ئەویش لەبەر ئیستبداد و زولم کردن لە ڕەعیەت و ئەهالیی بەردەستیان ئیزهاری ناکەن.

ڕەعیەتیان زۆر جاهیلە و عەوامن، عەکسی کوردستانی جنوبیە، لە جنوبدا قیسمی عەوام فکریان نوورانیە و خواس جاهیلن، لە ششیمال خەواس خەواسە و عەوام عەوامە.

زیوەر لە لاپەڕە (١٩٣)دا ئەڵێ: "لە تەئریخی کورد کە ئەلمان نوسیویانە و بە تورکی ترجمە کراوە (مامۆستا شوکر لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا تێهەڵکێش بۆ ئەوەی زیوەر وتویەتی زیوەر لەوەدا مەبەستی کتێبی کوردلرە کە دوکتور فریچ ناوی ئەلمانی نووسیوێتی و دائرەی ترجمە و نشری موهاجرین لە دەوڵەتی عوسمانیدا کردویەتی بە تورکی کە سەرەتایەکی دوورودرێژی هەیە کە زۆری لە دژی کوردە و لەڕاستیدا پیاچوونەوەیەکی لێکدانەوەی شرفنامەی بتلیسییە.) ئەو تاریخە وەکو زیوەر باسی کردووە و وتویەتی: حکومەتێکی کورد لەژێر ئیدارەی (بوداق بەگ) تەشکیل کراوە، مەرکزی موکریان بوە، قەڵەمرەوی ئەو حکومەتە: مەراغە، ئورومیە، سابلاغ، سەقز، بانە، سنە، سلیمانی، کفری وە لە تەرەفی غەربەوە هەتا جزیرە ڕۆیوە. لە پاش وەفاتی خوی ئەو لەناو خۆیانا ئیختیلافیان تێ کەوتوە، هێندیک

تەشەببوسی بە شای ئێران کردە و هێندیکیان چوونە ئەستەمبول دەخالەتیان بە عوسمانی بردوە، گاه ئەم غالب و گاه ئەو. سیاسەتی دەولەتین (مەبەستی دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بووە.) و نیفاقی ناوخوی کورد بوو بە سەبەبی مەحوی ئەو حکومەتە و ولاتیان دابەش کرا.

لە موکریان لە قیسمی بەگزادەدا (عزیزخانی سردار) زۆر بە ئیقتیدار و بە جەوهەر و عەشیرەت دوست، ساحیب شیر و تیر و قەلەم و تەدبیر بوو. مەناقیب و مەحامیدی ئەو بەتەنها کتیبیکی دەوێ. لەپاش ئەو (حسین خانی سردار) کوری عزیزخان بوو بە حاکم سابلاغ، قەومیەت و دیانەت لای ئەو عەیش و نۆش بوو، لەگەل ئەو هەموو ئەملاکە جەسیمە کە بووی و ئەو هەمو جەریمە و جەزای حکومەتەی کە راجع بە خوی بوو، دائما سەد هەزار تومان قەرزار بوو. نەتیجەی سەیئاتی ئەو باری قەرز بە ئیرسی بۆ عەلی خانی کوری مایەوە.

زابتیکی عوسمانی نەقلی کرد (گێرایەوە) وتی: شەوێ چوومە مەجلیسی سەردار حسین خان لە سابلاغدا دانیشتم، تەماشام کرد یەکیک دەستی خستبوە بناگوێیی ئامان ئامان گورانی دەوت، یەکیکی تر تاری لێ ئەدا و چەند ئاغایەک لە دیبوکری و فەیزوللابەگی دانیشتبون، سفرەیەک لەبەر دەستیانا راخرابوو، هەر یەکەی شووشەیەک قونیاغ و فرووجیکی سوورەوەکراو بۆ مەزە و خوشی، لە لایەکەوە کەوتبوو ئاگای لە خوی نەبوو، چەند نوکەریک ڕاوەستابون، یەکیک بازیکی بەسەر دەستەوە بو، قەدەریک سەیری ئەو وەزعیەتەم کرد و لەپاشا هەستام و رویشتم."

لە گەڵ عزیز خانی باوکی نوقتەی موقابیل بون، لە شەری روس و عوسمانیدا بە توهمەتی جاسوسی رووس گیرا و حەپس کرا.

ئەحمەدی شریفی لە کتبەکەیدا (سمکۆ) بە فارسی ئەڵێ:[٤٤] "ساتی خۆی لە زەمانی خەلافەتی (علی)دا کە ئیسلامەکان گەیشتنە ئەو ناوچانە، کریستیانەکان بە هاوکاریی کورد (کە بێگومان کورد لەو ڕۆژانەدا زەردەشتی بووە) بەرەنگاری ئیسلام و عەرەبەکان بوونەوە و سەرپێچیان کرد لە دانی باج بە ئیسلامەکان، بەڵام لە ئەنجامی شەڕدا کورد و کریستیانەکان لە شوێنێکدا شکان کە پێی ئەوتری

(رامهرز).

هەروەها لە لاپەڕە (٥)ی نامیلکەکەیدا باسی بەیاننانەمەیەکی کردووە کە لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٥دا کە بە ناوی حزبی (خویبون)ەوە دەرچووە لە وبەیانە دووقۆڵییەی کە لە نێوانی کوردەکان و کریستیانەکانی تورکیادا بڵاوکرابووەوە سەرکردەکانی خویبون داوایان کردبوو بە هەردوو لایان شۆڕشێک دژی عوسمانی بەرپا بکەن.

لەڕاستیدا نەمزانی کاک ئەحمەد شریفی ئەو شکاندنەی کورد و کریستیانی لە (رامهرز)دا لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، بێجگە لەوە ئەوەی خویبونیشی کە وتویەتی لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٥دا باسی بەیانی دووقۆڵی تیاکراوە، خویبون هەروەکو هەموو سەرچاوەکان باسیان کردووە (خویبون) لە ساڵی ١٩٢٧دا درست بوە کە ئەو ساتە عوسمانی نەمابوو بەڵکو تورکیا بووبوو بە جمهوری و مصطفی کمال سەرەک کۆمار بوو.

هیچ دوور نییە کاک ئەحمەدی شریفی مەبەستی حزبی (هیڤی) بوو‌بێت کە لە پەراوێزی کتێبەکەی جەلیلی جەلیل لە لاپەڕە (٩٧)دا وتراوە هیڤی لە ساڵی ١٩١٢دا دروست بووە و، ئەمین زەکی بەگ لە لاپەڕە (٣٣٢)ی کتێبەکەیدا، تاریخی کورد و کوردستان، وتویەتی هیڤی لە ساڵی ١٩١٠دا دروست بووە.

## بەشی چوارەم

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری کورد و سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوانە

## یەکەم:بزووتنەوە

لەدوای لەناوچوونی حکومەتی مادی بچووک لە ناوچەی ئازربایجان و ناوچەی موکریاندا لە ساڵی ٣٧ی پێش میلاددا لە لایەن (ئەشکانی)یەکانەوە بە سەرکردایەتی فەرهادی چوارەم کە مەلکی ئەشکانییەکان بوو، ئیتر کورد لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا کەوتە دوای داگیرکەرانەوە و خاکی کوردستان کرا بە پێشێلی ئەو لەشکرانەی بەسەریدا تێئەپەڕین و یا کوردستانیان کردبوو بە مەڵبەندی شەڕەکانیان.

هەر لە زەمانی فرس و بیزەنتیەوە تا لافاوی هێرشی لەشکرەکانی ئیسلام ئیتر بەرودوا کوردی ئەو ناوچەیەکە لەژێر باری داگیرکەرانا ناڵاندوێتی و ئارام و ئاسایشی بە خۆیەوە نەدیوە و بواری ئەوەی پێ نەدراوە لە خاکی وڵاتەکەی خۆیدا بەبێ گێچەڵ بژی و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا وردە وردە هەستی نەتەوایەتی هاتە کزی و هەستی ئاینی و پارێزگاریکردن لە ئایینی ئیسلام و لە ئاڵای ئیسلام، کوردی ئاڵاندە گەرێکی بێوچانی ئەوتۆوە کە نە ئەو هەستە ئەوەی بۆ هێنایە بەرهەم کە لەناو خاکی خۆیدا خاوەنی تەواوی دەسەڵاتی خۆی بێ و نە خۆشی ئەوەی لەبارا بووە تۆزی ئەو وەیشوومە تازەیە لە لەشی داتەکێنێ و لە زۆربەی ئیسلامی نەتەوەکانی تر باج و سەرانەی ئەو هەڵوێستە تازەیەی داوە و شەڕ و غەزای ئیسلام نەبووە کە کورد بەشداریی تیادا نەکردبێ و ئەگەر جارو بارە لە سووچێکی کوردستاندا ئەمارەتێکی بچووکی کورد بە تەقەلای چەند سەرکردەیەکی کورد پێک هاتبێت، ئەو ئەمارەتە ئەوەندە کز و کەمدەسەلات بووە و خەڵکەکەی ئەوەندە پێکەوە نەلکاوبوون لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ یەکتردا ناڕێک و ناکۆک بوون، تەنها بە پەلاماردانی هێزێکی ڕێکوپێکی بێگانە شیرازەی ئەو ئەمارەتە هەڵوەشێنراوەتەوە و لە ماوەی دەسەڵاتداریتی کاربەدەستانی ئەو ئەمارەتەدا نەتوانراوە بناغەیەکی چەسپاوی پتەوی ئەوتۆ دابمەزرێ کە بتوانێت لە دوای ڕووخان و هەرەسهێنانی خۆی بگرێتەوە و دەستێک بە خۆیدا بهێنێتەوە و ببووژێتەوە و سەرلەنوێ دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکاتەوە.

بێگومان دەردی کوشندەی ناو کوردەواری هەر لەکۆنەوە کە هەروەکو نەخۆشیی شێرپەنجە وایە، بریتییە لە دەردی یەکنەگرتن و هاوکارینەکردن لەگەڵ یەکتردا و

ڕازینەبوونی کەس بە سەرکردایەتی و فەرماندارێتی هیچ کەسێکی تر و دوژمنانی کورد هەر لە کۆنەوە شارەزای ڕەگ و دەماری ئەو نەخۆشییەی کورد بوون و توانیویانە لە کاتی پێویستدا بەو کەلێن و دەلاقانەی کە لەناو کۆمەڵگاکانی کورددا هەبوون بەئاسانی دەست بکێشنە کار و باریانەوە و زۆرجاری وا هەبووە کە فەرماندارێتی بێگانەیان لا پەسەندتر بووە لە هی خۆمانە و دیارە کەڵەڕەقیی کورد هەر ئیمڕۆ و دوێنێ نەبووە، بەڵکو دەردێکی کوشندەی کۆنە و ئێستەش هەر بەو دەردەوە ئەتلێینەوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد لە بارستایی و قەوارەی ئەو حکومەت و ئەمارەتە پچڕپچڕانەی کورد بکۆڵینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە لە دوای ڕووخاندنیان ئیتر وەنەبووبێ چ لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و پارەدارییەوە بووبێت، یا لە ڕێی دەزگا بەرەلاکانی بەڕێوەبردنی کاروبارەوە، هەر بە ڕووخاندنیان ئیتر هەست بە شوێنەوارێکی وا نەکراوە کە هەبووبێت بۆ ئەوەی ببێتەوە بە بناغەی هاندانی دانیشتوانی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ تەقەلای پێکهێنانەوەی ئەو حکومەتە یا ئەو ئەمارەتە بدەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاربەدەستانی داگیرکەر و پارەدار و بازرگانەکانیان لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر هەموو کاروبارێکی ئابووری و بازرگانیتی ئەو شوێنەدا بگرن و هەموو شوێنەواری کۆنی کورد کوێر بکەنەوە و شەقڵێکی تایبەتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕێگەی ئەوە نەبێ ڕەگی درەختی هەستی پێشووی کوردی ئەو ناوچەیە ببوژێتەوە و سەرلەنوێ گەڵاو چرۆ بکاتەوە.

مرۆڤ لەدوای پشکنین و هەڵسەنگاندنی باری ئەو ڕۆژانە تاس ئەیباتەوە و خەم و پەژارە داینەگرێ و بە خۆی ئەڵێ باشە هۆی ئەو دەرد و نەخۆشییە چی بووە و بۆچی لە ڕێڕەوی ئەو مێژووە دووروودرێژەی میللەتی کورددا هیچ نەبێت لە شوێنێکیدا بیر لەوە کرابێتەوە کە چۆن چارەسەرێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون؟! ئایا میللەتانی تریش هەموو هەروا بوون؟ ئەگەر هەموو هەروا بووبن ئەی چۆن ئەو هەموو حکومەتە و فەرمانڕەواییانەیان دروست کردووە و توانیویشیانە هەتا سەر ببیبەنە سەر و بیپارێزن و ڕێگە نەدەن بە هەرەسهێنان و ڕووخاندنی؟

بۆ وەرامی ئەو پرسیارانە، مەگەر پیاو بەئارەزوو بیەوێ خۆی گێل بکا و لە

ڕاستی لابدا ئەگینا زۆر شت لەو ڕووەوە ڕوون و ئاشکرایە و لەکۆنەوە هەستی پێکراوە، بەڵام ئایا هەوڵی چارەسەکردنی دراوە؟

ڕاستە وەکو شارەزایان ئەڵێن کورد تووشی کارەساتێکی (جیوپولیتیکی) بووە و نەبوونی کوردستان لەسەر دەریادا کە بە هۆی دەریاوە دەروازەیەکی گەورە و والای بۆ بکرێتەوە کە بتوانێت وەکو میللەتان لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە بگاتە ڕیزی وڵاتانی تر و لە ڕێگەی دەریاوە بتوانێت پێوەندی بە میللەتانی ترەوە بکا و لە ڕێگای شارەزابوون بە کاروباری میللەتانی تری جیهان گەلێک شتی وا فێر ببێت کە کورد بە هۆی ئەوەی خاکەکەی زۆربەی ترنجاوەتە ناو ئەو هەموو شاخ و داخەی کە نەک هەر لە میللەتانی دابڕیوە، بەڵکو لەناو خۆشیانا لێک پچڕاون و ئەمدیو و ئەودیوی چیایەکی سەخت بەس بووە بۆ ئەوەی شێوەی ژیان و باری گوزەران و ڕەفتاری لایەک لەوی تر جیا بێت و هەر لایە لە چوارگۆشەی سنوور و ئاسۆی ڕوانینی خۆیەوە سەیری ژیانی کردووە و کۆمەڵگای کورد پچڕپچڕ و پێکەوەنەلکاو بووە و ڕوحی تێکەڵبوونی لەگەڵ یەکتردا بێهێز بووە و حەزی بە کونجنشستیی ناوچەکەی خۆی کردووە و بەداخەوە لە زۆربەی میللەتانی تری ناوچەکە درەنگتر وازی لە خێڵایەتی و کۆچ و باری گەرمیان و کوێستان هێناوە و لە شارستانێتی زۆر نزیک نەکەوتۆتەوە و لەگەڵ ئەو هەموو فیوداڵ و ئاغا و خان و بەگە زۆرەی لە کوردستاندا هەبوون، هەموو کوردستان بگەڕێیت لە یەک دوو منارەی کۆن و چەند دیوار و شوورەی قەڵایەکی کۆن کە ئەویش بۆ سەنگەری شەڕ بەکارهێنراوە ئیتر هیچ شوێنەوارێکی تری شارستانێتی تیا بەدی ناکرێ کە لە ئەنجامی ئەوەدا کورد بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر لە کاروانی پێشکەوتنی میللەتانی تر دواکەوتوو بووە و هەر ئەسپی بووبێت سواری بێ و تفەنگی هەبووبێ نیشانی پێ بپێکێ و شەڕی پێ بکا ئیتر لە کەپرا بووبێت یا لە دەواردا ئیتر گوێی نەداوەتێ و خواکەریمە و دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە بنێشتە خۆشەی دەمی بووە و گوێی نەداوەتە دنیا. بێجگە لە دەردی کارەستانی جیوپولیتیکی، بەهێزبوونی چینی فیودال لە کوردستاندا ئەمەش دەردێکی گران بووە و ئەگەر چەند کەسێکیان لێ دەر بکەین کە لە ژیانیاندا ڕێبازی نیشتمانپەروەرییان گرتبووە بەر، ئەوانی تر هەمووی بریتی بوون لە باری گرانی سەرشانی زۆربەی میللەتی چەوساوە و ڕەشوڕووت کە لەژێر ئەو باری فیودالانەدا زۆربەیان بە سکێ برسی و بە سکێک تێر بوون کە دیارە میللەتی برسی و

ڕەشوڕووت ئەگەر زیرەک و کارامەشی تیادا هەڵکەوتبێت، سەرکوتکردنی ئەو جۆرە کە لە لایەن دەرەبەگی زۆردارەوە هەمیشە بە چاوێکی خەشم و قینەوە سەیری کراوە، بەپێچەوانەی میللەتانی تر کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش بە هەمان ڕێبازی کورددا تێپەڕ بوون و فیوداڵ و پارەدار و دەسەلاتداریان ڕۆڵی خۆی بینیووە و گەشتی خۆی کردووە، بەڵام ئەوانە زۆر دەمێکە خۆیان لەو قۆناغە دەرباز کردووە و بازیان داوە بۆ قۆناغی شارستانێتی و بازرگانی و پیشەسازی و ئێمەش هێشتا لە دەوری گاگۆلکێ و دارەدارە داین و هەتا ئێمە ئەگەینە ئەم قۆناغەی ئیمڕۆ یان ئەوان ئەوسا دوو سێ قۆناغی تر لە پێش ئێمەوە ئەبن.

نموونەیەکی زۆر بچووکی ئاشکرا و زەق ئەهێنمەوە بۆ خوێندەواری بەڕێز.

سمکۆی شۆڕشگێڕ و ئازا و پارەدار و خاوەن زەوی و زار و دەسەلاتداری ناوچەکەی خۆی، چ خۆی و چ جعفرئاغای برای هەروەکو لە باسی هەردووکیاندا لە شوێنی خۆیدا لێیان ئەدوێین، لەو هەموو ناوچانەی خۆیاندا خوێندەوارێکی کوردیان چنگ نەکەوتبوو کە بیکەن بە کاتب و بە مرزای خۆیان و ناچار ئەبوون لە ئازەری یا لە فارس کاتبێک پەیدا بکەن و کاروباری خۆیانی پێ بسپێرن کە ئەو کاتب و مرزایە بە هۆی ئەوەوە ئاگاداری هەموو هەست و نەستێکیان بووە کە هیچ گومان لەوەدا نییە ئەوانە نەیانوێراوە هیچ نەهێنییەکی سمکۆ و جعفرئاغا لای کاربەدەستانی حکومەتی ئێران بشارنەوە.

وەکو وتمان دەردێکی گرانی تر کە تووشی میللەتی کوردی کەساس بووە بریتییە لە دەردی خۆخۆیی و کەس بە کەس ڕازی نەبوون و هەروەکو کورد وتەنیش: من ئاغا و تۆ ئاغا... ئەی کێ جێمان بۆ ڕاخا؟!

ئێمە هەموومان کودین وەک کورد وتەنی هەمووومان ڕێوی کونێکین و دەماری یەکتری ئەناسین و نابێ ڕاستییەک هەیە بیشارینەوە دەربارەی خۆمان کە ئەمە شتێکی تازە نییە و کۆنە ئەویش ئەوەیە کەسمان چاوی بەوی تردا هەڵنایە... کەس بە کەس ڕازی نییە و کەس نایەوێ یەکێکی تر هەبێ لە خۆی شارەزاتر و کارامەتر و دەسەلاتدارتر بێت و ئەگەر سوور بزانێت کە لەوەدا بە هەڵەدا چووە، بەڵام هەروەکو سروشتێک لە کەلی شەیتان نایەتە خوارەوە و پێ دائەگرێ و پێی شەرمە دان بە ڕاستیدا بنێت.

لێرەدا شیعرێکی (حەمدی بەگی صاحبقران)م هاتەوە یاد کە ساتی خۆی بۆ

هەواڵنامەی کتێب
8
KURD ARSHIV

(حمدی بەگی بابان)ی وتبوو کە چووبووە سلێمانی بۆ ئەوەی تێکەڵ بە خەڵک ببێت و شارەزای هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی ناوچەکە ببێت لەو سەردەمەدا کە نیاز وابوو لەدوای ئاوارەکردنی شێخ مەحمود، حمدی بەگ بکرێت بە حوکمداری خوارووی کوردستان و حمدی بەگی صاحبقران بە دێرە شیعرێک پێی ئەڵێ:

ئولفەت نەبێ، خەیاڵی اطاعەت لە کوردان مەکەن

مەعلوومە، سەر ڕەقین، ڕەق و تەقە مەکانمان

بەڕاستی حمدی بەگی صاحبقران وەکو دوکتۆرێکی نەفسی بە باشی دەستی خستۆتە سەر زام و برینی ناو دڵ و مێشکی کورد بۆیە ئەو داخەی دڵی بەو جۆرە بۆ حمدی بابان هەڵڕشتووە. بێگانەش وەنەبووبێ گەمژە و نەزان بووبن، بەپێچەوانەوە زۆر باش ئەم ڕاستییەیان لە کورددا هەست پێ کردووە و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان هەمیشە سوودیان لەو هەموو کەموکوورییانەی کورد وەرگرتووە و زۆر باش لە دەماری کورد شارەزا بوون و هەر جارەی بە جۆرێک لەگەڵیدا هەڵسوکەوتیان کردووە و جارێک بە دانی کورسی و مەنصەب (وەکو ئەو گاڵتەپێکردنەی کە عوسمانییەکان هەندێ کوردییان ئەکرد بە پاشا تەنها بەوەی کە ئەو پاشایە لە ڕەشوڕووتی ناوچەکەی خۆی سەربازی بۆ پەیدا کردوون و نێرراون بۆ غەزا و شەڕی خەلافەت و سەڵتەنەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی نائیسلام، هەندێ جاری تر بە پارە و دەمچەورکردن کڕیویانن و هەر کاتێک پێویستییان زۆرتر بەو دەرەبەگانە هەبووایە لە زەوی و زارەکانی میری بە بەخشینی یا بە پارەیەکی کەم ئەیاندانێ بۆ ئەوەی بیانکەن بە قامچیی دەستیان بۆ داپڵۆسینی هەر کەسێک کە سەرپێچی لەگەڵ شاە یا خەلیفەدا کردبێت.

بەو جۆرە، بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەناو کورددا لەکۆندا لە دڵ و مێشکی کورددا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خەسێنرابوو، لەم سەدەی نۆزدە و بیستەوە کورد کەوتە خۆی کە وەکو ئەوترێ لە پاش باران کە پەنک!!

باسی بزووتنەوەی کورد وەکو باسێک لە کتێبێکی وادا، لەبەر ئەوەی باسێکی زۆر دوورودرێژە و ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ، بۆیە هەوڵ ئەدەین باسی ئەو سەرچاوانە بکەین کە لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد دواون.

لەم باسەدا جگە لە باسی ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد دواون وام بە باش زانی باسی بزووتنەوەکانی کورد بکەم لە

کوردستانی ئێراندا لەو بەشەی کە لەم کتێبەدا مەبەستمانە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا شۆڕشەکانی سمکۆ و کوشتنی سمکۆ لە شنۆ.

ئەوەی بایەخم پێ داوە لەم باسەدا لە بزووتنەوکەی بدرخان پاشاوە کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لەو بەشەی کوردستانی ئێراندا ئەگەرچی بدرخان پاشا لە کوردی کوردستانی تورکیا بوو، لە دوای ئەو دێمە سەر شۆڕشی شێخ عبیداللە نهری (شمزینی) و پاش ئەو ڕۆڵی عبدالرزاق بدرخان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و پەرەپێدان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێراندا، کە ئەو سێ بزووتنەوەیە هیچ گومانی تیادا نییە هەموویان بنەمایەکی سەرەکی و بەهێز بوون بۆ بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ڕاپەڕینەکانی سمکۆ و شۆڕشەکانی کە لام وایە بەرهەمی ئەمانە لەدواییدا لە کۆماری مەهاباددا بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگی دایەوە کە ئەوەی مهاباد باسێکی ئێجگار دووردرێژە و هیوادارم نەک هەر کتێبێک، بەڵکو مەوسووعەیەکی زۆر گەورەی لەسەر بنووسرێت.

لەگەڵ ئەو هەموو جەور و ستەمەی کە ڕژێمی قاجاری و پەهلەوی لە ئێراندا بەرامبەر بە کورد نواندوویانە و بە زەبری چەک و بە لەشکری زۆری ئێرانەوە کە ئەو بزووتنەوانە یەک لەدوای یەک خامۆش کرا و نەتەوە، ئیتر لە ڕێڕەوی ئەو خەبات و تێکۆشانانەدا ژمارەیەک لە کوردی کوردستانی ئێران ڕوویان کردۆتە ناو کۆمەڵگای کورد کە لە ئەستەمبوڵدا لە کوردی هەموو لایەک پێک هاتبوو کە کتێبەکانی جەلادەت بدرخان و قدری جمیل بەگ و گەلێک نووسەرانی تر باسی ڕۆڵی هەندێ لە کوردەکانی کوردستانی ئێرانیان کردووە کە لە ئەستەمبوڵدا بوون وەکو مصطفی شوقی کە خەڵکی مهاباد بووە و (محمد مهری، لە ساڵی ١٨٨٥ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٥ لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە.) و (زنوری) کە ئەمەی دواییان بە شیعرێکی دووردرێژ بە شێوەی گۆران باسی حوکمدارێتی خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی کردووە، هەروەها بدیع الزمان پیرەمێردی شاعیر ئەیوت ئەو کەڵە شاعیر و فەیلەسوفەی ئەردەلان بلیمەتێکی تەواوی زەمانی خۆی بووە و پیرەمێرد لە شیعرێکیدا کە بدیع الزمان لە بەندیخانە بوو باسی ئەو بدیع الزمانەی کردووە و (کە ناوی ملا سعید بدیع الزمان بووە) و وتویەتی:

کاک ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا

زۆر کەس لە سایەی تۆوە نان ئەخوا

لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ
هەر تۆی سەربەرزیی قەومەکەت ئەوێ
کە لە زیندانیان تێک خزاند بوون
سێدارەیان بۆ داچەقاندبوون
تۆ چووبوویتە لای (بدیع الزمان)
مژدەت دابوویە بە ژیان و مان
فەرمووبووت ئێوە نامرن ئەمێنن
تا سەرئازادیی گەلتان ئەسێنن

هەروەکو لە پێشەکیەکەشدا لێی دواین کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان هەستی بزووتنەوەی نەتەوایەتییە لە کوردستانی ئێراندا لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستدا کە بۆ ئەو مەبەستە وەکو لەدواییدا باسی ئەکەین، لە بدرخان پاشاوە دەستی پێ ئەکەین هەتا سمکۆ و بە کوشتنی سمکۆ واز لە باسەکە دەهێنین کە ئەوەی دوای ئەو قۆناغێکی تازەیە کە کوردی کوردستانی ئێران هەستی نەتەوایەتی لەناویدا بە شێوەیەکی جیاواز لە هی جاران خۆی نواندووە و خەباتکەرانی کورد زۆربەی رۆشنبیر و خوێندەوار بووە و لەسەر رێبازێکی پێشکەوتوانەتر بیریان لە خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کورد کردۆتەوە و رێکخراوی سیاسی هاتۆتە کایەوە وەکو (ژ.ک) و، دوای ئەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە شێوەیەکی جەماوەری فراواندا کە لە پێکهاتنی کۆماری مەهاباد بە سەرکردایەتی قازی محمدی شەهید خۆی نواندووە، بەڵام ئەمە ئیتر وەنەبووبێ لە کوردستانی ئێراندا بەر لە بدرخان پاشا هەستی کوردایەتی لە کوردستانی ئێراندا نەبووبێت، بەپێچەوانەوە هەتا جەور و ستەمی کاربەدەستانی ئێران زۆرتر زەیفی لە کورد و لە عەشایرەکانی کورد بسەندایە هەستی نەتەوایەتی کوردیش کە بریتی بووە لە هەستکردن بە مافخوراوی و دەستدرێژیکردنی داگیرکەر و عەشایری ئازەری و کاربەدەستانی فارس لەناو کورددا کە ئەوە وەکو وتمان باسێکی دووردرێژە و ئەمانباتەوە بۆ خەباتی چەندان ساڵەی پێش بدرخان وەکو باسی ناوچەی ئەردەڵان و رۆڵی ئەمیرەکانی ئەردەڵان و چالاکی و بەربەرەکانیکردنی هەندێک لە سەردارەکانی موکریان کە ئەگەرچی ئەمانە زۆرجار بۆ سوودی عەشایری خۆیان جارێک لەگەڵ ئێراندا بوون دژی عوسمانیی سوننی و جارێک لەگەڵ عوسمانیدا بوون دژی فارس و ئازەریی شیعە، بۆ نموونە

هەر لە زەمانی ئاق قوینلی و قەرە قوینلییەوە و لە زەمانی صەفەوییەکانەوە کێشە لە نێوانی عەشیرەتەکانی کورد و فارس و ئازەریدا هەبووە و کورد ویستویەتی (بەتایبەتی سەرۆک عەشیرەتەکان) کە دەسەلاتی بێگانەیان بەسەردا زاڵ نەبێت و کاربەدەستانی ئێرانیش هەمیشە ویستویانە بەزۆرەملی و بە زەبر و ستەم دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچە کوردیەکاندا بسەپێنن کە لە ئەنجامی ئەوەدا بۆ نموونە گەلێک گیرە و کێشە لە نێوانی سەرکردەکانی موکری و کاربەدەستانی ئێرانی و عەشیرەتەکانی ئازەریدا ڕوویداوە.

ساتێک ئاق قوینلییەکان بوون بە دەسەڵاتدار و ناوچەی موکریان و مەڵبەندەکانی تر کەوتنە ژێر دەسەڵاتداران و ئێلاتی تورکمانەوە (سیف‌الدینی موکری) سەرێلەکانی کوردی کۆکردوتەوە و پەلاماری تورکمانەکانی داوە و دەریکردوون و جۆرە میرایەتییەکی دامەزراندووە و دەستی بەسەر هەندێ ناوچەی کوردستاندا گرتووە و لەدوای ئەویش (صارم خان)ی کوڕی سیف‌الدین کە هاوچەرخ بووە لەگەڵ شاە ایسماعیل صفەویدا ناچار بووە ڕووبەڕووی قزڵباش بێتەوە کە ئەم کێشە و ڕووبەڕووی قزڵباش بێتەوە کە ئەم کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەیە لە زۆر سەرچاوەی فارسیدا بە دووروودرێژ تۆمارکراوە و باسێکی ئێجگار دووردرێژ و لە باسەکەمان لامان ئەدا و لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامەی کە بۆ ئەم کتێبەمان داناوە ئەچێتە دەر کە بۆ نموونە عبدالحسین نوائی و ڕحیم زادەی صفوی کە دەربارەی شاە اسماعیل صفوییان نووسیوە، هەروەها لە شەرەفنامەی شرفخانی بدلیسیدا گەلێک نموونەی ئەو کێشە و بەرەیە باسکراوە، کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٦٠)ی کتێبەکەیدا هەندێ نموونەی لەو سەرچاوانەوە بە دووروودرێژ وەرگرتووە و باسی کردووە دەربارەی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

پرۆفیسۆر خالفین ئەڵێ: "بدرخان بەگی پێشەوای بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی تری کورد کە هەمیشە لەناو خۆیاندا نارێک بوون، بدرخان نرخی یەکگرتن و هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ یەکتردا بە شتێکی زۆر گرنگ و بایەخدار ئەژمارد بۆ خەباتی گەلی کورد دژی دوژمنەکانی، کە لەڕاستیدا بدرخان بەگ بە هۆی ئەو دووربینی و سیاسەتە ڕاستەیەوە توانیبووی دۆستایەتییەکی پتەو و پشتگیریکردنی کوردەکانی ناوچەی موکریان و سەرۆکی موکری بۆ خۆی دەسگیر و مسۆگەر بکات.

له کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا له ئەنجامی زۆرداری و تاوانی کاربەدەستانی ئێران و عوسمان، کورد ناچار کرا ڕێگەیەکی تازە بگرێتە بەر و وای لێ هات کە دەس بکەن بە ڕاپەڕینی چەکدارانە و شۆڕش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیان. زۆربەی سەرچاوە ئەوروپاییەکان کە باسی کوردستانی سەردەمی سەدەی نۆزدەهەم ئەکەن، لەو باسانەیاندا کوردیان بە چەتە و ڕێگر ناوبردووە کە ئەم تۆمەتە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە چونکە ئەگەر ئەو ڕاپەڕینانەی کورد بەرامبەر بە دوژمنەکانیان بە چەتەیی و ڕێگری دابنرێت، ئەی ئاخۆ ڕاپەڕینەکانی ئەوروپاش وەکو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی (گالی) و (گۆن) و (ئەنگلۆسەکسۆن) و ڕاپەرینەکانی تریش ئەبێ هەروەکو ئەوەی کورد حسابیان بۆ بکرێت، خالفین باسی کتێبێکی کردووە کە نووسەرێکی ئەوروپایی نووسیوێتی کە ناوی (رایموند) بووە، ئەو نووسەرە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کورد و ولاتەکەیان) کە لە ساڵی ١٨٣٩دا چاپکراوە وتویەتی: "تورک و ئێران زۆر لەوە بێهێزترن کە بتوانن بە چەک و بە شەڕکردن سەر بە کوردەکان دانەوێنن، لەبەر ئەوە هەردوولایان (تورکیا و ئێران) پشێوی و ناڕێکی ئەخەنە نێوان هۆزە کوردەکانەوە و یارمەتیی لایەکیان ئەدەن بەرامبەر بە لاکەی تر کە لەوەدا هەمیشە سوود و کەڵکی خۆیان مەبەست بووە."

دوکتۆر جمال نەبەز لە کتێبەکەیدا (کوردستان و شۆڕشەکەی)، لە لاپەڕە (٨٣)یدا دەربارەی سەرەتای بزووتنەوەی کورد ئەڵێ:(٥) "لە ساڵی ١٦٣٩ز. دا تورک و فارس سەرەڕای ئەو دوژمنایەتیە مەزهەبیەی نێوانیان پەیمانی (زەهاو)یان مۆرکرد و کوردستانیان لەناو خۆیاندا دابەش کرد. ئەم بەشکردنە تەنها هەر بە ناو هەبوو چونکە میرنشینە کوردەکان زۆرترین کات پابەندی هیچ لایەکیان نەبوون و سەربەخۆ فەرمانڕەواییان کردووە.

میری کوێرە (پاشاکوێرە) توانی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی (سۆران)ەوە دامەزرێنێت و، میربدرخان پاشا ناوچەیەکی بەرفروانی بە ناوی (بۆتان)ەوە ئازاد و سەربەخۆ کرد و فەرمانڕەوایی دەکرد.

سوڵتانە عوسمانییەکان جارێکی تریش چەکی ئاینیان خستەکەر و توانییان یەک لەدوای یەک ئەو ئەمارەتانەی هەبوو لەناویان ببەن، ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٣٦ز.)دا سۆران و لە ساڵی ١٨٣٧دا (بادینان) و لە ساڵی ١٨٤٧دا (بۆتان) و لە ساڵی ١٨٥١دا (بابان)، کە بەمە دوامیرنشینەکانی کوردیان ڕیشەکێش کرد.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا زنجیرەیەک شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردانە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرپاکرا وەکو شۆڕشی ئەورەحمان پاشای بابان لە ساڵی (١٨٠٦)دا و شۆڕشی بلباس لە ساڵی (١٨١٨)دا و شۆڕشی بدرخان پاشا لە ساڵانی (١٨٤٣-١٨٤٧) و شۆڕشی یزدان شێر لە ساڵی (١٨٥٣-١٨٥٥)دا و شۆڕشی شێخ عبداللەی نهری لە ساڵی (١٨٨٠)دا و ڕاپەڕینی (هەکاری) لە ساڵی (١٨٩٥)دا، بەڵام هەموویان بە چەکی ئایینی چەواشەکران و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت توانییان ئەو شۆڕشانە سەرکوت بکەن.

پاشاکانی فارس بێپەروا هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە کوردە شیعەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بەڵام هەموو کاتێک نەیانتوانیبوو میرنشینە سوننیەکان بکەنە دۆست و داردەستی خۆیان. بۆ نموونە: میرنشینی (ئەردەڵان) کە لە ساڵی (١٦١٢-١٨٦٧)دا پایتەختەکەی شاری (سنە) بوو، ناوچەیەکی زۆر فراوانی بەسەربەخۆیی فەرمانڕەوایی کردووە."

دوکتۆر نەبەز لە لاپەڕە (٨٤)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "بەداخەوە یەکێک لە نەگبەتییەکانی کورد نەبوونی ئایینزایەک، یا قوتابخانەیەکی فەلسەفی بوو، واتە نەبوونی ئایدیولۆژییەکی تایبەت بە خۆ، کە هەروەکو چۆن شیعەگەرێتی هەموو فارسەکانی کۆکردەوە، کەچی کورد بەپێچەوانەی ئەوە بوون بە پاشکۆ و پابەندی تورک و فارسەکان، بەو جۆرە زمان و کەلتووری خۆیان پشتگوێ خست و فەرامۆشیان کرد، مەگەر تەنها تاکە تاکەیەکی وەکو (ئەحمەدی خانی) شاعیر و زانای بلیمەت نەبێت (١٦٥٠-١٧٠٦) کە بە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (مەم و زین)، گازندە و گلەیی لە میللەتەکەی کردووە کە ئەو شاکارەی شان لە شانی شاکارە جیهانییەکان هەڵدەسووێت.

پاش ڕماندنی میرنشینەکان، ئەوسا کورد بە هۆشدا هاتەوە و گومانیان لە ڕاستێتی ئەو (برایەتیی ئیسلام)ە پەیداکرد و چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێکیان بەرپاکرد. بەڵام ئەو شۆڕشانە، بۆ نموونە شۆڕشەکەی شێخ عبداللەی نهری لە ساڵی ١٨٨٠دا شتێک نەبوون لە پەلەقاژەی مەرگ بەولاوە، هەموو هەڵچوون و هەژانێکی لەناکاو و ناڕێکخراو بوون، بۆیە سەرپاکیان یا بە زەبری ئایین یاخود لە ڕێگەی فەند و فێڵ و فیرودانەوە خامۆشکراون.

ئەم شۆڕشانە ئیدیولۆژییەکی جەماوەری و ڕەگداکوتاویان نەبووە پاش لەناوچوون

و مردنی سەرکردەکانیان شۆڕشگێڕان بڵاوەیان لێ کردووە و لەسەر ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بوون.

(تا ئێستە هیچ بزووتنەوەیەک نەیتوانیوە بێ ئیدیۆلۆژییەکی چەسپاو و گونجاو بەردەوام بێت، بزووتنەوەی سیاسی هەروەکو گیانلەبەرێک وایە، بەردەوام پێویستی بە خۆراکێکی ڕوحی هەیە، هیچ شۆڕشێکی چەکدارانە بەبێ دەستلەملانی قەڵەم و تفەنگ سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.)

لە پاڵ ئەوانەدا هۆیەکی دیکەی ئەو بارە ناهەموارەی کورد لە سەدەی پێشوودا، دەست تێکەڵکردن و جموجۆڵی ئیمپریالیزمانە بوو، سیخوڕ و بەکرێگیراوانی ئەورووپایی و ئەمریکایی بە ناوی مژدەدەرانی عیسایی (میسونێر)یەوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد تا بەپەنهانی گیانی دوژمنایەتی و دژایەتیی کورد پەرە پێ بدەن. ئیمپریالیزمەکان بە هەموو جۆر و شێوەیەک کنەی ئەوەیان دەکرد بەهانەی وا پەیدا بکەن کە بتوانن لەو ڕێگەیەوە دەست لە کاروباریی نێوخۆی ئیمپراتۆریەتە شڕۆڵەکە وەردەن و بۆ ئەوە چارشێوەی (برایەتیی عیسایی)یان پەیداکرد و لەژێریەوە دەستیان تێکەڵ کرد.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە (٨٦)دا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "ئەم هەوڵانەی (مژدەدەرە عیسایی)یەکان لە کوردستاندا لە لایەن تورکیا و ئێرانیشەوە چوونیەک پشتگیریی لێ دەکرا.

ئیگڵتن لە کتێبەکەیدا (کۆماری مەهاباد) دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا ئەڵێ:(٢٢) "شەپۆلی ڕاستکردنەوە و دانانی دەستوور کە لە ئێراندا بە مەشروتیەت ناسراوە و لە ساڵی ١٩٠٥دا لە لایەن حکومەتی قاجارییەوە بەناچاری دانی پیادانراوە و هی تورکیا کە لە ساڵی ١٩٠٨دا بووە، بوون بە هۆی ئەوەی کوردی هەردوولا بیر لە نەتەوەکەی خۆیان بکەنەوە و ڕۆشنبیرەکانی کورد بۆ ئەو مەبەستە گەلێک کۆمەڵ و ڕێکخراویان پێک هێنا کە کوڕانی بدرخان پاشا بوون بە پێشڕەوی ئەو جموجۆڵ و ڕاپەڕینانە.

کولۆنیل (ویلسن)ی حاکمی گشتیی بریتانیا لە عێراق لە کتێبەکەیدا (Mesopotamia 1917-1920) دەربارەی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا ئەڵێ:(٥٨) "بیری سەربەخۆیی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەوەوە سەری دەرهێنا کە ساتێک (لوتانیت کولۆنێل کینیون Kenion) لە حزیرانی ساڵی

١٩١٨دا بە گەڕان چووبوو بۆ (سەقز)، لەوێ سەرۆکی عەشیرەتی موکری پێی وتبوو: دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمەنی لە ناوچەکانی ژووروی تورکیادا لە لایەن کوردەوە پەسەند ئەکرێ و لایەنگیری لێ ئەکرێ ئەگەر حکومەتێکی کوردیش لەنێوانی ئەو حکومەتە ئەرمەنیە و حکومەتی عەرەبدا دروست بکرێت.

دوکتۆر عزیز شمزینی لە کتێبەکەیدا دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد وتویەتی:(٦) "تەوژمی جووڵانەوەی کوردی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە زادەی شۆڕشی سۆشیالیستی ڕووسیا بوو. کوردی ئێران بە ڕقێکی ئەستوورتر لە جاران درێژەی بە خەباتی خۆی دا دژی دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و جووڵانەوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دەست پێ کرد.

بە هاتنە سەر کاری ڕەزا شا، ڕژێمێکی پادشایەتی ئوتوکراتی دەسەڵاتی سیاسیی گرتە دەست بەڵام تێرۆر و دیکتاتۆریەتی ئەو ڕژێمە نەیتوانی بزووتنەوەی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدە لەناو ببات.

لە ساڵانی ١٩١٨، ١٩٢٠، ١٩٢٥، ١٩٣٠ چەند ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی ناوچەکانی موکریان و ورمیە و هەورامان و مەنگوڕایەتی و گەڵباخی تەنیەوە و ئامانجی سەرەکی تێکڕای ڕاپەڕینەکان بریتی بوو لە ڕزگارکردنی کوردستان لە ستەم و فشاری کۆنەپەرستانی ئێرانی و دەوڵەتی ئێرانیش لە لایەن خۆیەوە بڵاوی ئەکردەوە کە ئەو ڕاپەڕینانە هەمووی بە فیتی حکومەتی بریتانیا ڕوویداوە، لەم بارەوە بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیوێتی: بێگومان هیچ کەسێک باوەڕ بەوە ناکا کە ئیمپریالیزمی بریتانیا شۆڕش ساز بکا و گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا هان بدا بۆ ئەو مەبەستە، چونکە دەوڵەتی ئێران خۆی لەخۆیدا داردەست و بلوێرژەنی ئینگلیزە و ئەبێ ئەوەشمان لا ڕوون بێ و بزانین ئەگەر وترا شۆڕش بە فیتی سیخوڕانی ئینگلیز هەڵدەگیرسێنرێت ئەبێ ئەو ڕاستییەش بخرێتە بەرچاو کە ئەو سیخوڕانە ئەگەر لەباریاندا بێ شتێک بکەن تەنها ئەوانن دەستی یارمەتی بۆ شۆڕشێکی خەملیو و کەلالەکراو درێژ بکەن و تەنها ئەتوانن کەڵک لەو تەنگ و چەڵەمەیە وەربگرن."

میر بصری لە کتێبەکەیدا (اعلام الکرد) (٥٢) لە لاپەڕە (٢٨١)دا باسی کتێبەکەی (حسن ارفع)ی قائدی عسکری ئێران ئەکا کە لە لندن لە ساڵی ١٩٦٦دا کتێبێکی بە ئینگلیزی چاپ کردووە بە ناوی (کورد)ەوە، کە حسن ارفع خۆی یەکێک بووە لە

سوپای ئێراندا دژی کورد شەڕی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ لە سەرۆک کوردەکاندا هەبووە و لە ماوەی (١٩٤٤-١٩٤٦)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران بووە و لەو کتێبەیدا باسی گەلێک لە ئەمارەتەکانی کوردی کردووە و لە بزووتنەوەی هەستی نەتەوەی کوردیش بەم جۆرەی خوارەوە دواوە: "کوردەکان کە بە شێوەیەکی بڵاو و لێکجیاواز لە تورکیا و ئێران و عێراقدان، هەموویان یەک زمان کۆیان ئەکاتەوە ئەگەرچی شێوەی ژیانیان لە یەک جیاوازە و جلوبەرگیان و ڕەوشتیان لە یەک جیاوازە، جگە لەوە هەستی نەتەوایەتیشیان جیاوازە لەگەڵ ئەو میللەتانەی تردا کە دەوری کوردیان داوە وەکو فارس و تورک و عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووری.

هەرچەند کورد تێکەڵ بەو نەتەوانە بوون، بەڵام توانیویانە شەخسیەتی تایبەتی خۆیان بپارێزن کە ئەمە هانیان ئەدا و پاڵیان پێوە ئەنێت بەرەو یەکگرتن و سەربەخۆیی مل بنێن.

حسن ارفع لە کتێبەکەیدا دەربارەی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد ئەڵێ: بەشی زۆری ئەو ڕاپەڕینانەی کورد وەنەبێ هۆکەی تەنها هەر هەستی نەتەوایەتی بووبێت، بەڵکو زۆرجار چاوچنۆکیی سەرۆک و شێخەکانیان ناچاریان کردوون و دژی زۆرداری و ستەمیان ڕاپەڕیون وەیا ویستویانە پارێزگاری لە ڕەوشت و عەنعەناتی کۆنی خۆیان بکەن و بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانرێ بووترێ هەستی نەتەوایەتی کورد لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە گەڵاڵە بووە و پەرەی سەندووە، بە تایبەتی لەدوای پارچەپارچەبوون و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و لاوانی کورد لە قوتابخانەکانی دەرەوە خوێندبوویان و چاویان بە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی میللەتان کەوتبوو کە ئەوانەش کاریان کردبووە سەر هەندێ کەسی تر لەوانەی کە زۆرجار بۆچوون و لێکدانەوەیان لەگەڵ هی سەرۆکعەشیرەت و پیاوە ئاینیەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە کە ئەمانەی دوایی هەر لەسەر ڕەوشتی کۆن ئەرۆیشتن بەڕێوە.

دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو لە کتێبەکەیدا[٦٣] باسی ئەنجوومەن (سۆڤیەتەکان)ی ناوچەی مەهاباد و سنە و کرماشان ئەکا و ئەڵێ: "لەدوای مشروتیەی ساڵی ١٩٠٥ پێکهاتنی ئەنجومەتنی مەهاباد لەژێر سەرکردایەتی شاعیری ناسراوی کورد (قازی فتاح) داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کرد و عەشیرەتی شکاک کە لە ناوچەی (ورمیە)دا

بوون، بوون بە پێشڕەوی داواکارانی ئەو داخوازییە، کە زنجیرەی ئەو ڕاپەڕینە و ئەو خەباتە لەدواییدا بە سەرکردایەتی سمکۆ درێژەی کێشا.

نووسەرانی کتێبی (الحركه الكرديه فی الزمن الحديث والمعاصر) کە تاقمێک لە موستەشرقینی ڕووس نووسیویانە دەربارەی بزووتنەوەی کورد ئەڵێن:(١٧) "بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێراندا، لە پێش شەڕی جیهانیدا هیچ جۆرە پارمەتییەکی لە دەرەوە دەسگیر نەبووبوو، بەو جۆرە ئەو بزووتنەوەیەی کورد لە ئێراندا بەلاوازی و بەپەراگەندەیی مایەوە."

لە کۆتاییی باسی سەرچاوەکاندا سەرنجێکی کورت و گرنگی ئەمین زەکی بەگی نووسەری کتێبی مێژووی کوردستان پێشکەش ئەکەین دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد کە لە لاپەڕە (٢٤٨)ی کتێبەکەیدا فەرموویەتی:(١٤) "بەڕاستی مێژوو ئاوێنەیەکی بالانمایە بۆ دەرخستنی بەسەرهات و ڕووداوەکان و وەرگرتنی پەند لە ڕووداوەکانی ڕابردوو.

پێویستە لەسەر مرۆڤ زۆر بەوردی لاپەڕەکانی مێژوو بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەرسێکی تەواوی لێ وەربگرێت و نەکەوێتە هەڵە و کردەوەی واوە کە ئەوانەی پێش خۆی کردبوویان و تێی کەوتبوون کە مێژوو باسی هەموو جۆرە هەڵە و نارێکییەکانی کردووە.

ئاشکرایە هۆی هەرە گەورەی سەرنەکەوتن و هەرەسهێنانی هەموو شۆڕشەکانی کورد بە هۆی جەهالەت (نەخوێندەواری)یەوە بووە کە بەداخەوە لەناو عەشایرەکاندا خوێندەواری نەبووە بێجگە لە نەشارەزایی سەرکردە و ئەو کاربەدەستانەی کاروباری شۆڕشەکانیان بردووە بەڕێوە و نەیانتوانیوە بار و دۆخی سەردەمی خۆیان و وڵاتەکەیان هەڵسەنگێنن کە ئێمە هێشتا لەو ڕووەوە هەتا بڵێی زۆر دواکەوتووین.

بێگومان دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆ، بەتایبەتی لەم سەدەیەدا بەنگە بە دوو شتی سەرەکییەوە کە یەکەم بریتییە لە پارەداری دووهەم بوونی زانیاری و ڕۆشنبیری و خوێندەواری و هەر میللەتێک بێبەش بێت لەو دوو گەنجینە بەنرخە، بە هیچ جۆرێک هیوای سەرکەوتنی لێ ناکرێ لە هیچ ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکیدا و هەر بزووتنەوە و ڕاپەڕینێک بوونی ئەو دوو شتە نەکا بە بناغە، تووشی زیانێکی زۆر ئەبێت چ لە ڕووی گیانییەوە بێت چ لە ڕووی داراییەوە بێت.

ئەوە شتێکی جیایە کە ڕەنگە هەندێ جار ڕێکەوت و باری ڕۆژگار ڕێگە بە سەرکەوتنێکی کاتی ساز ئەکا بەبێ بوونی ئەو دوو شتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو میللەتەی دەزگاکانی کاروباری لەسەر ئەو دوو بناغەیە دروست نەبووبێت ناتوانێت لە بەروبوومی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە بخوات چونکە دوای ئەو سەرکەوتنە کاتییە ئەبێتە پابەندی سیاسەتی دەوڵەتانەوە کە نموونە بۆ ئەو ڕاستییە زۆر زۆرە.

## دووهەم: سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری لەو بەشەی کوردستانی ئێراندا:

لەوەی پێشوودا باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێراندا بەپێی ئەو سەرچاوانەی لێی دواون پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێز کرا. لێرەدا ئەمەوێ باسی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیەی کوردستانی ئێران بکەین، کە بە بزووتنەوەکەی بدرخان پاشا دەست پێ ئەکەین و لەدوای ئەو دێینە سەر باسی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی نەهری لە ساڵی (١٨٨٠ز.)دا و پاش ئەو دێینە سەر باسی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و دەوری عبدالرزاق بدرخان لە گەشەپێدانیدا لەناو کوردستانی ئێراندا، دوای هەر سێکیان باسێکی تایبەتی بۆ سمکۆ تەرخان کراوە لەگەڵ شۆڕشەکانیدا کە لە شوێنی خۆیدا بە دوورودرێژی باسی ئەکەین.

## ١- بزووتنەوەی بدرخان پاشا و ڕۆڵی ئەو بزووتنەوەیە لەناو کوردستانیئێراندا:

دەربارەی بزووتنەوەکەی بدرخان پاشا گەلێک لە نووسەرانی خۆمانە و بێگانە لێی دواون، بێگومان هەروەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا لێی دواوین، زۆر بزووتنەوەی کورد هەبوو کە تەنها هەر پێوەندیی بە بەشێکی کوردستانەوە نەبووە، بەڵکو بەشەکانی تری کوردستانیشی گرتۆتەوە وەک ئەوەی بدرخان پاشا یەکێک بووە لەو جۆرە بزووتنەوانە، هەرچەند ئێمە لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین بەزۆری لەو بەشەوە بدوێین کە پێوەندیی بە کوردستانی ئێرانەوە هەبووە.

جـەلیلی جـەلیل لە کتـێبـەکـەیدا (ڕاپەڕینی کوردەکانی سـاڵی ١٨٨٠) دەربارەی بدرخان پاشا لە لاپەڕە (٢١٤)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ:[٢١] "بدرخان پاشا هەوڵێکی زۆری دا لەگەڵ سەرۆکی (هەکاری)دا ئاشت بێتەوە و توانی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکاندا پەیمانێک ببەستێ کە پێی وترا (پەیمانی پیرۆز)، بەو نیازەی دژی عوسمانی ڕاپەڕن و کوردستان ڕزگار بکەن و حکومەتێکی کوردی سەربەخۆی دروست بکەن بێجگە لەوە بدرخـان پاشـا کـە سـەرۆکی ئەو پەیمانە بوو توانی سـەردارێکی گـەورەی کوردستانی ئێران کە سەرداری (ئەردەڵان) بوو لەو پەیمانەدا بەشداریی پێ کرد، بەو جۆرە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی کورددا و لە پێناوی سەربەخۆیی کورددا لە چوارچێوەی تورکیا دەرچوو.

بدرخان پاشا ویستی چاو لە میری ڕواندز بکات (پاشا کۆرە) و هەروەکو ئەو، کارگەی چەک دروستکردن دامەزرێنێت و بۆ ئەوە کارگەیەکی بۆ بارووت دروستکردن و کارگەیەکیشی بۆ دروستکردنی چەک ئامادە کرد.

بدرخان پاشا لەو پرۆگرامەیدا کە داینابوو ئاوڕێکی دۆستانەی لە ئەرمەنی و ئاسورییەکان دایەوە کە ئەوانە سەدەهای ساڵ بوو لەگەڵ کورددا ئەژیان و زۆر بە لایەوە گرنگ بوو کە ئەوانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە دژی تورک شۆڕش بکەن.

بدرخان پاشا بە تەمای ئەوە بوو لە دوای دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە کوردستانی تورکیادا ئیتر ڕوو بکاتە کوردستانی ئێرانیش کە ئەم بیرکردنەوەیەی هەروا لە خۆڕایی نەبوو، بەڵکو هەستی بەوە کردبوو لە کۆتایی ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نێوانی حکومەتی عوسمانی و ئێران لەسەر سنوور تێکچووبوو و نیـازی ئەوە بوو هەمـوو ناوچەکـانی وان و بتلیس و مـووش و دیاربکر هەتا دەریاچەی ورمیە (ڕەزائیە) بخاتە ناو چوارچێوەی حکومەتەکەیەوە و لەو حکومەتەی دواڕۆژدا بدرخان پاشا چەند شوێنێکی بە پلە و پایەبەرزی بۆ ئەرمەنییەکان تەرخان کردبوو، ئەرمەنییەکان لەبەر ئەوەی دەستێکی باڵا و شارەزاییان لە بازرگانی و پیشەسازیدا هەبوو، بۆیە بڕیار وابوو کاروباری ئابووریی وڵات بدرێتە دەست ئەوان و بدرخـان پاشـا بـەوەشـەوە نەوەسـتـا، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی هەردوولا دەرگای ژن و ژنخوازیشی لەنێوانی کورد و ئەرمەنیدا کردەوە.

جـەلیلی جـەلیل لە باسـەکـەیدا بە دوورودرێژی باسی ئەوە ئەکـا کـە چۆن

میسونێرەکانی ئەوروپایی دەستیان کردبوو بە تێکدانی پێوەندیی نێوانی کورد و ئەرمەنییەکان و بە دوورودرێژی باسی دەوری ئینگلیزەکان ئەکا کە چۆن ئەرمەنییەکانیان هان ئەدا کە لەگەڵ کورددا پێوەندی نەکەن و تەنها هەر پشت بەوان ببەستن و کار گەیشتە رادەیەک ئینگلیزەکان هەوڵیاندا (مارشمعون)یش بەلای خۆیاندا بە کێش بکەن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی ئاسانتر دەست لە کاروباری ناوچەکە بدەن. مارشمعون وای لێ هاتبوو لە بارەگاکەی خۆیدا ئاڵای بریتانیای هەڵکردبوو، بەلام کە ساتێک لە ساڵی ١٨٤٦دا لە ئاسوورییەکان درا، هەموو یارمەتی و لایەنگریی ئینگلیز بۆیان بریتی بوو لەوەی پارە بدەن بەو ئاسوریانەی لێیان قەومابوو.

جەلیلی جەلیل لە لاپەڕە (٢٤٢)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "ئەستەمبوڵ چاوەڕوانی ئەوە بوو هەردوو میللەتە سەرشۆڕنەکەرەکە (کورد و ئاسوری) بە شەڕی ناوخۆی و لەناو خۆیاندا هەردوولایان پەریشان بکرێن و لەئەنجامی ئەو هەڵوێستەی ئاسورییەکان بە هاندانی ئینگلیزەکان، هەروەکو (بێجێر)ی نوێنەری بەعسەی ئینگلیزەکان دانی بەو هاندانەی ئینگلیزدا ناوە و ڕێگەی ئەوە نەدراوە کە نوێنەرەکانی بدرخان پاشا لەگەڵ ئاسورییەکاندا کۆببنەوە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتردا و (بیجیر) بەئاشکرا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن داوا لە مارشمعون کرا کە پێویستە دەست لە دۆستایەتی کردنی میری بۆتان (بدرخان پاشا) هەڵبگرێت و لە دوای سەرگرتنی ئەو پلانەی ئینگلیز و لێدانی ئاسورییەکان، ئینگلیزەکان فشاریان خستە سەر حکومەتی تورکیا بۆ لێدانی بدرخان پاشا.

جەلیلی جەلیل لە لاپەڕە (٢٤٥)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "هەرچەند بدرخان پاشا لە سەرەتادا توانی بەرگەی هێرشی تورک بگرێت، بەلام لەدواییدا لە ئەنجامی خیانەت و خۆفرۆشتنی (یەزدان شێر)ی ئامۆزای بدرخان پاشا (احسان نوری پاشا لە یاداشتەکانیدا لە پەراوێزی لاپەڕە ١٢یدا کە باسی شەڕی ئاگری داغی کردووە وتویەتی یەزدان شێر خوشکەزای بدرخان پاشا بووە.)[٢٣]

لە ئەنجامی شکاندنی ئەو شەڕەدا بدرخان پاشا گیرا و نێررا بۆ ئەستەمبوڵ و دوا ساڵەکانی ژیانی لە دمشق بردەسەر لەوێ لە ساڵی ١٨٦٨دا کۆچی دوایی کردووە (بەلام جەلادەت بدرخان، بلەچ شیرکوە، لە کتێبەکەیدا ئەڵێ لە ئەستەمبوڵەوە ئاوارەکرا بۆ دوورگەی کریت و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.)[١٢] بەلام ئیحسان نوری

پاشا له یاداشتەکانیدا ئەڵێ: بدرخان پاشا لەسەرەتادا نێررا بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێوە ئاوارەکرا بۆ شاری (ڤارنا) له بولغارستان و لەوێوە نێررا بۆ کریت و لەدواییدا گەڕایەوە بۆ دمشق و له ساڵی ١٨٦٨دا له دمشق کۆچی دوایی کرد و له گۆڕستانی حی الاکراد (رکن الدین) نێژرا.)

جەلیلی جەلیل له لاپەڕە (٢٤٧)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "دوای بەدیلگرتنی بدرخان پاشا، گەلێک له سەرۆک کوردەکانی هاوکاری بدرخان پاشا، ڕوویان کردە سنووری ئێران و داوایان له حکومەتی ئێران کرد کە ڕێگەیان بدا بچنە ئەودیو سنوور و له وەرامی ئەو داخوازییەدا ئێرانییەکان بەبێ پێچ و پەنا پێیان ئەڵێن ئەگەر بە مەبەستی ئەوە دێنە ئەمدیو سنوور کە ڕووبەڕووی عوسمانی ببنەوە و له کاتی شکاندتاندا دووبارە پەنا بهێننەوە بەر ئێمە ئەوا بەتەمای ئەوە مەبن بەڵکو بە دوژمنتان له قەڵەم ئەدەین و ئەگەر بێ تەقەکردن و بەبێ دەنگ دائەنیشن ئەوا ڕێگەی پەناهەندەییتان ئەدەین."

جەلیلی جەلیل له لاپەڕە (٢٤٩)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "سەرکەوتنی ئەستەمبوڵ بەسەر بەدرخان پاشادا ئەوەندە بە گرنگ حساب کرا لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە کە (مدالیا)یەکی تایبەتی دروستکرا کە له ڕوویەکی ئەو مدالیایە شێوەی قەڵای (ئاروخ)ی تیادا بوو و لەودیویشی نووسرابوو مدالیای کوردستان."

دوکتۆر جەمال نەبەز له کتێبەکەیدا دەربارەی ڕۆڵی میسونێرەکان لەو ڕۆژانەدا ئەڵێ:(٥) "هۆیەکی گەورە کە بوو بە هۆی باری ناهەمواری کوردستان له سەدەی نۆزدەهەمدا بریتی بوو له دەستتێکەڵکردن و جموجووڵی ئیمپریالیزمەکان و سیخورە بەکرێگیراوەکانی ئەورووپایی و ئەمریکایی کە بە ناوی (مژدەدەرانی عیسایی - میسونێر)یەوە ڕوویان له کوردستان دەکرد هەتا بەپەنهانی گیانی دوژمنایەتی و دژایەتی کورد پەرە پێ بدەن. ئیمپریالیزمەکان بە هەموو جۆر و شێوەیەک کنەیان ئەکرد بۆ ئەوەی بەهانە پەیدا بکەن کە بتوانن له ڕێگەی ئەوەوە دەست له کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریەتە شرۆڵەکە (عوسمانی) بدەن. لەبەر ئەوەی ئەو بەکرێگیراوانە هیچ فرێکیان بەسەر گیان و باوەڕی ڕاستەقینەی عیساییەوە نەبوو و، سوودێکیان له فڕ و فێڵەکانیان دەسگیر نەبوو و نەیانتوانی قسەکانیان بکەن بە کردار و نەیانتوانیبوو تاقە موسوڵمانێک وا لێ بکەن کە بۆ مەرامی چەپەڵی خۆیان هەڵیسووڕێنن، له داخی ئەوە کەوتنە دنەدانی (هاندانی) کەمایەتیە عیساییەکان دژی

برا موسوڵمانەکانیان.

ئەو تەقەلایانەی (مژدەدەر عیسایی)یەکان لە کوردستاندا بە دڵی تورک و ئێران بوو وە پشتگیری لێ ئەکرا چونکە هەردوولایان پەژارەی ئەوەیان لێ نیشتبوو ئەو سێ نەتەوە برایە کە کورد و ئەرمەنی و ئاسووری بوون، بتوانن برایانە یەک بگرن کە دیارە ئەو یەکێتییە بۆ ئەو دوو لایە دەستی نەئەدا.

شایانی باسە، هەتا کۆتایی جەنگی ڕووس و عوسمانی لە ساڵی (١٨٢٨)دا کورد و ئەرمەنییەکان بە ئاشتی و برایانە پێکەوە ژیابوون.

دوکتۆر جەمال نەبەز دەربارەی ئەوەی کە بەدرخان پاشا وتبووی لە ساڵانی ١٨٤٣-١٨٤٧ کە دژی عوسمانی ڕاپەڕیبوو دوای سەرگرتنی مەبەستەکەی مافی ئۆتۆنۆمی بە هەموو گەلە ناموسوڵمانەکان بدات بەتایبەتی بە ئەرمەنی و ئاسووری کە سەرچاوەکەی بۆ ئەو بۆچوونە لە کتێبەکەی (ئارشاک سفرستیان، چاپی لندن، ساڵی ١٩٤٨)

دەربارەی بەدرخان پاشا، میجر نویل لەو گەشتەیدا کە لە ١٩١٩/٦/١٤ هەتا ١٩١٩/٩/٢١ بە کوردستانی تورکیادا کردویەتی، ئەو گەشتەی بە ڕاپۆرتێک بە ناوی special duty in Kurdistan باسی کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی کوردەکانی تورکیای تیادا بڵاو کردۆتەوە لەوانەی کە خۆی دیونی و گفتوگی لەگەڵدا کردوون و لەو گەشتەدا وتویەتی بەدرخان پاشا (٩٠) کوڕی هەبوو، بەڵام کریس کوچرا لە کتێبەکەیدا[١٨] دەربارەی ژمارەی منداڵەکانی بەدرخان پاشا وتویەتی، لە لاپەڕە (٥٤)دا، کە لە زمانی کونسول (ثروتە)وە بیستویەتی کە بەدرخان (٤٠) کوڕ و (١٤) کچی بووە.

لەڕاستیدا دەربارەی ژمارەی مناڵەکانی بەدرخان پاشا گەلێک ڕوایەت هەیە یەکێک لەوانە کامەران بەدرخان بووە کە ئەویش لە دایک و باوکی خۆی بیستووە کە وتویانە بەدرخان (٩٩) منداڵی هەبوو، بەڵام ئەوەی ئاشکرا بووە ساتێک بەدرخان کۆچی دوایی کردووە (٢١) کوڕ و (٢١) کچی ماوە.

لەڕاستیدا بنەماڵەی بەدرخان لەدواییدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینیوە چ لە ڕووی سیاسی و شۆڕشگێڕی و بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە بوبێت چ لە ڕووی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەرتییەوە بوبێت، بەڵام شتێک هەیە کە زۆر جێی داخە ئەویش ئەوەیە لەگەڵ بنەماڵەی شێخ عبدالقادری شمزینیدا لەسەر

هەندێک شت ڕێک نەبوون کە ئەو ڕێکنەکەوتنە کاتی خۆی زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند و ئەوی سوودی لێ وەرگرت بریتی بوو لە مصطفی کمال پاشا و داروەستەکەی و ئەو تەقەلایەی شەریف پاشای خەندان دابووی لە پەیمانی سیڤردا هەمووی بەخۆڕایی ڕۆیشت و یەکنەبوون لەنێوانی کوردەکانی تورکیادا بوو بە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستانیش لە کیس بچێت و لەدواییدا هەتا ڕادەیەکیش زیانێکی زۆری گەیاند بە کوردستانی ئێران.

باسیل نیکتین لە لاپەڕە (٤١١)ی کتێبەکەیدا دەربارەی بدرخان پاشا ئیشارەتی بۆ کتێبەکەی بلەچ شێرکوە کردووە کە وتویەتی بەدرخان پاشا لەگەڵ کریستیانەکانی ناوچەکەیدا ناڕێک بووە کە هۆی ئەو ناڕێکییەش وەنەبووبێ لەبەر جیاوازیی ئایینەوە بووبێت، بەڵکو بە هۆی کێشەی عەشایرییەوە بووە کە لەنێوانی هەردوولادا بووە و بە هۆی یزدان شێری ئامۆزایەوە لەو شەڕەی لەگەڵ تورکدا کردی کە یزدان شێر خیانەتی لێکرد لەو شەڕەدا لە ساڵی ١٨٤٣ تا ساڵی ١٨٤٦دا لە ئەنجامیدا شکا.

بێجگە لەوانە چ ئەمین زەکی لە کتێبی مێژووی کورد و کوردستاندا لە لاپەڕە (٢٣٦)دا و چ دوکتۆر عزیز شمزینی لە لاپەڕەکانی (٥٦-٥٧)دا هەردووکیان باسی ئەوەیان کردووە کە بەدرخان پاشا لە بزووتنەوەکەیدا هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکا و سکەی پارەی بە ناوی خۆیەوە لێداوە و لە ئەنجامی شەڕەکانیدا لەگەڵ تورکدا بە هۆی خیانەتی یزدان شێرەوە شکاوە.

بەڵام جەلادەت بەدرخان (بلەچ شێرکوە) کە کوڕەزای بەدەرخان پاشا بووە لە لاپەڕە (٥١)ی کتێبەکەیدا وتویەتی:[١٢] "لە ساڵی ١٨١٢دا کە بەدرخان پاشا لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو ئەمارەتی جزیرە و بۆتانی گرتبووە دەست و مەبەستی تەنها هەر ئەوە نەبوو کە هەر ئەمارەتە کوردییەکانی ناو خاکی عوسمانی ڕزگار بکات، بەڵکو ویستویەتی هەموو ئەمارەتە کوردییەکان یەک بخا و یەکێتی و هاوکاری لەناو هەموو کورددا پێک بهێنێت.

بەدرخان بۆی دەرکەوتبوو کە دوو هۆی سەرەکی هەبوو کە کوردی دواخستبوو:

١- نەبوونی بیر و باوەڕێکی یەکگرتوو دەربارەی هەستی نەتەوایەتی کورد.

٢- نەبوونی پیشەسازی و کارخانەی دروستکردنی چەک و جبەخانە لە کوردستاندا.

(لەڕاستیدا بێجگە لەو دوو هۆیەی بلەچ شیرکوە باسی کردووە، ئەمین زەکی بەگە ئیشارەتی بۆ هۆیەکی تریش کردووە، هەروەکو لە شوێنی خۆیدا باسمانکرد، کە بریتی بووە لە نەبوونی پارەداری، چونکە کە پارە نەبوو کارخانەش دروست ناکرێت. بەکورتی کورد لە قۆناغی پێویستیدا چینی بۆرجوا و پارەداری بەهێز نەبووە کە بتوانێت بەرامبەر چینی بۆرجوای نەتەوەکانی ولاتە داگیرکەرەکان خۆی ڕابگرێت.)

جەلادەت بەدرخان لە کتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: 'بدرخان پێوەندیی بە گەلێک لە سەرکردەکانی کورد کردووە و داوای لێ کردون کە هەموویان پێکەوە هاوکاری بکەن و تێبکۆشن بۆ ڕزگارکردنی هەموو کوردستان و گەلێک لەو سەرکردانە وەرامی ئەو داخوازییەیان دابووەوە وەکو مصطفی بەگ و درویش بگە و محمود بەگ لە سەرکردەکانی ناوچەی (وان) و نورالله بەگی سەرۆکی (هەکاری) و فتاح بەگی هەکاری، خالد بەگی زەعیمی (خیزان) و شەریف بەگی سەرۆکی (مووش) و حسێن بەگی سەرۆکی عەشایری ناوچەی (قارس و ئاجار) و شێخ یوسف لە ناوچەی زاخۆ و شێخ محمد لە دانیشتوانی ناوچەی موصل.

بەدرخان پاشا هەر بەوەوە نەوەستابوو کە تەنها پێوەندی بە کوردەکانی تورکیاوە بکا، بەڵکو لەگەڵ کوردەکانی کوردستانی ئێرانیشدا پێوەندی هەبووە کە یەکێک لەوانە (ئەمیری ئەردەلان) بووە.

بەدرخان پاشا لە ناوچەی (جزیرە) کارگەیەکی پێکهێنابوو بۆ دروستکردنی چەک و کارخانەیەکی بارووتیشی دروست کردبوو و چەند قوتابییەکی ناردبوو بۆ ئەوروپا بۆ شارەزابوون لە چۆنیتی دروستکردن و بەکارهێنانی چەک و جبەخانە و بایەخێکی زۆری دا بە دروستکردنی کەشتی (سەفینە) لە گۆلی (وان)دا و هەندێ جار ئەو ئەمیرە کوردانەی بەرهەڵستیی ئەو تەقەلایانەیان بکردایە بەدرخان پاشا ئەچوو بەگژیاندا و پەشیمانی ئەکردنەوە.

پاش ماوەیەک ناخۆشی کەوتە نێوانی بەدرخان پاشا و نسطورییەکان بە هۆی سەندنی (باج)ەوە (لەکاتێکدا ئەوانە باجیان بە عوسمانی ئەدا، بەڵام بە هاندانی ئینگلیزەکان سەرپێچییان کرد لە دانی باج بە کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی ئەمارەتەکە) و لەئەنجامدا لەشکرێکی دەهەزار کەسی نارده سەریان و تەمێی کردن. (بێگومان هەروەکو لە پێشیشدا باسکراوە ئینگلیزەکان دەورێکی زۆریان هەبوو بۆ تێکدانی نێوان کورد و کریستیانەکان هەروەکو جەلیلی جەلیل و دوکتۆر جەمال

نەبەز باسیان کردووە.)

بابی عالی لە ئەستەمبوڵ لە بوونی ئەو هێزەی بەدرخان پاشا کەوتە گومانەوە و مەترسیی لێ نیشت و هێزی عوسمانیی ئامادەکرد بۆ لێدانی بەدرخان پاشا و لەپێشدا حکومەتی عوسمانی سیاسەتی بەکارهێنا و خەڵکی نارد بۆ لای بۆ دڵنیاییکردنی و بەڵێنی ئەوەی دایە کە ئەمارەتەکەی فراوان بکرێت بە مەرجێک واز لەوە بهێنێت کە ئەیویست هەموو کوردستان بکا بە حکومەتێکی یەکگرتوو.

ئەوروپاییەکان لەو ڕۆژانەدا بۆ سوودی خۆیان و بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی خۆیان لەو ناوچانەدا کەوتبوونە جموجووڵ و بە ناوی پارێزگاریکردن لە کریستیانەکانی ئەو ناوچانە داوایان لە خەلافەتی عوسمانی کرد کە پێویستە بەدرخان پاشا تەمێ بکرێت. لەڕاستیدا بەدرخان پاشا لەو کەسانە نەبوو کە بە هۆی جیاوازیی ئایینەوە لەگەڵ کریستیانەکاندا نارێک بێت، چونکە باوەڕێکی تەواوی بە دیموکراتیەت هەبوو.

جەلادەت بەدرخان لە لاپەڕە (٥٣)ی کتێبەکەیدا بۆ بەڵگەی ئەوەی کە بەدرخان پاشا گوێی نەدابووە جیاوازیی ئایین ئەڵێ: "ساتێک بەدرخان پاشا کاروباری ئەمارەتەکەی خۆی گرتە دەست بڕیارێکی زۆر هیچ و پووچ هەبوو کە حکومەتی تورک بڕیاری لەسەر دابوو کە ئەبووایە کریستیانەکان بەرزەپێ لەبەر غەیری خۆیان هەڵسن، بەدرخان پاشا ئەو بڕیارەی لابرد و نەیهێشت و، (هەروەکو لەوەی جەلیلی جەلیلیشدا باسکراوە بەدرخان دەروازەی ژن و ژنخوازیشی لەنێوانی کورد و ئەرمەنییەکاندا کردبووەوە.)

بەڵام لەسەر پێداگرتنی ئەوروپاییەکان کە بەر لە هەموویان ئینگلیزەکان دەستیان پێکرد و دوای ئەوان فەرەنسیەکان فشارێکی زۆریان خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی و کاربەدەستانی عوسمانیش ئەو نارەزایی و بێزاربوونەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیان بە هەڵ زانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتانە بەڵێنیان دابوو بە حکومەتی عوسمانی کە هەموو جۆرە یارمەتییەکی بدەن بۆ دوورخستنەوەی بەدرخان پاشا لە ئەمارەتەکەی.

تورکەکان لەسەرەتادا نوێنەرێکی خۆیان نارد کە بە هۆی (حافظ پاشا)وە نێررابوو کە ناوی (محمود افندی) بوو و، داوای لە بەدرخان پاشا کرد کە بۆ زیارەت بچێتە لای خەلیفە لە ئەستەمبوڵ، ئەمیرش زۆر باش لە مەبەستی ئەوە گەیشتبوو و

نەشی ئەتوانی بەئاسانی دەستبەرداری ئەمارەتەکەی بێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دا نەچێتە ئەستەمبوڵ و بەپێچەوانەی ئەو داخوازییە، کەوتە خۆکۆکردنەوە بۆ بەرەنگاربوونی هەموو جۆرە ڕووداوێک.

ئەو لەشکرەی عوسمانی کە بە سەرکردایەتی (عوسمان پاشا) نێررابوو لەپێشدا زۆر خراپ شکا و لە ئەنجامی ئەوەدا بەدرخان پاشا ئیعلانی سەربەخۆیی کوردی کرد و لە ساڵی (١٢٥٨هـ.)دا سکەی پارەی لێدا کە لە ڕوویەکی ئەو پارەیە ناوی (ئەمیر بەدرخان)ی لەسەر نووسرابوو، لە دیوەکەی تری ساڵی ١٢٥٨هـ. لەسەر نووسرابوو بۆ چەسپاندنی ساڵی دەرکردنی ئەو سکەیە (پارە).

بەدرخان پاشا لە شۆڕشەکانیا ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پەرەیسەند و گەیشتە (وان) و تا ناوچەی (سابڵاغ) و (ڕواندز) و (موصل) و قەڵای (سنجار)یشی داگیرکرد، هەروەها شاری (سعرت) و شاری (ویرانشهر)یشی داگیرکرد.

ساتێک لە موصل شۆڕشێک هەڵگیرسا بەرامبەری بەدرخان پاشا خۆی بە هێزێکەوە چووە ئەوێ و ئاسایشی بەرپاکرد و دوای گەڕانەوەی ڕووی کردە ناوچەی سابڵاغ و شنۆ و لەدواییدا (ورمیە)شی گرت.

بەڵام عوسمانییەکان وازیان نەهێنا و لەشکرێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی فریق (عمر پاشا) و لیوای ئەرکان (صبری پاشا) ناردە سەر بەدرخان پاشا و لە یەکەم شەڕدا کە لە نێوانی (ورمیە)دا ڕوویدا لەو شەڕانەدا بەدرخان پاشا سەرکەوت، بەڵام عزالدین شێر (کە بە یزدان شێر ناسراوبوو) و سەرکردەی هێزەکەی بەدرخان پاشا بوو خیانەتی لە کورد و لە بەدرخان پاشا کرد و بە خۆی و هێزەکەیەوە چووە پاڵ هێزی عوسمانی و ئیتر بەدرخان پاشا شکا و ئەمارەتی (جزیرە) لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیرکرا، بەڵام بەدرخان پاشا هەر کۆڵی نەدا و هێزەکانی تری کۆکردەوە و پەلاماری هێزی تورک و یزدان شێری دا و توانی لە ناوچەی (جزیرە) دەریان بکات، بەڵام دوای ئەوە لە شەڕەکانیا بەرگەی هێزی عوسمانی نەگرت و ناچار بوو واز لە شۆڕش بهێنێت و ڕوو بکاتە قەڵای (ئەروخ) کە لەو قەڵایەدا ماوەی هەشت مانگ لە لایەن هێزی عوسمانی و یزدان شێرەوە ئابڵووقەدرا و لەدواییدا شکا و ئاواتەکانی سەری نەگرت و هەروەکو لە پێشتردا باسمان کرد لەوە ئەچێ جەلیلی جەلیلیش لە جەلادەت بەدرخانەوە وەری گرتبێت کە باسی مەدالیای تورکی کردبوو وێنەی قەڵای (ئەروخ) و ساڵی شکاندنی بەدرخان

پاشای لەسەر نووسرابوو.

جەلادەت بەدرخان لە کتێبەکەیدا باسی دوای بەدرخان پاشا ئەکا و ئەڵێ: "لەدوای بەدرخان پاشا تەقەلای هەردوو کوڕەکەی (کنعان پاشا) و (عوسمان پاشا) بێهوودە بوو لە سەرنەگرتنی ئەو ئاواتانەی باوکیان خواستبووی، هەرچەند هەردووکیان بۆ ماوەیەکیش توانیبوویان بچنە (جزیرە) و ئیعلانی سەربەخۆییان کرد و لە مزگەوتەکاندا خوتبە بە ناوی عوسمان پاشای کوڕی بەدرخان پاشاوە ئەخوێنرایەوە نەک بە ناوی خەلیفەی عوسمانییەوە، بەڵام بابی عالی لە ئەستەمبوڵ بۆ هێمنکردنەوەی هەڵوێست ئەوانەی لە بنەماڵەی بەدرخان گیرابوون هەموویان بەردران و حکومەت نوێنەری نارد بۆ لای هەردوو کوڕەکەی بەدرخان کە وازبهێنن و نەبنە هۆی ڕشتنی خوێنی موسوڵمانان و لەئەنجامدا دەستکرا بە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا کە داخوازیی هەردووکیان بریتی بوو لەوەی داخوازییەکانی کورد بەجێبهێنرێت و ئەوجارەش هەردووکیان بە بەڵێنی درۆی بابی عالی خەڵەتێنران و چوونە ئەستەمبوڵ و هەرچەند لە چوونیاندا لەپێشدا پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، بەڵام لەدواییدا گیران و خرانە بەندیخانەوە و بە مەبەرجێک بەردران کە لە ئەستەمبوڵ نەچنە دەرەوە.

بەو جۆرە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە باسمان کرد، ئەو تەقەلایەی بەدرخان پاشاش سەری نەگرت و ئەمارەتەکەی تێکچوو کە مرۆڤ ئەتوانێت یەک دوو سەرنج بخاتە بەرچاوی.

١- ئایا بەدرخان پاشا لە توانایدا نەبوو کە خۆی تووشی ئەو گێچەڵە نەکا لەگەڵ کریستیانەکاندا کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان زۆر لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن کە ئەمارەتەکەی (جزیرە) لەناو ببات؟

٢- خیانەتی یزدان شێر هۆی چی بوو، لەکاتێکدا وەکو سەرچاوەکان باسیان کردووە ئەو خیانەتەی لەو شەڕەی ورمیەدا لەکاتێکدا بوو کە هێزەکەی بەدرخان پاشا بەسەر هێزی عوسمانییدا سەرکەوتوو بووە؟ ئەو یزدان شێرەی لەدوای ئەو خیانەتە ئیتر وای ئەزانی ئەتوانێت جێگەی بەدرخان پاشای خزمی بگرێتەوە، کەچی

ئەیزانی دوای ئەو نۆرەش دێتە سەر خۆی و سەرەڕای ئەو خیانەتەی بۆ سوودی تورکەکان کردبوو دژی میللەتی کورد و دژی ئەمارەتەکەی بەدرخان پاشا، تورکەکان خۆشیان گەڕیان لە یزدان شێر ئالآن و بەو خیانەتەوە کۆتایی بە ژیانی هێنرا.


٣- ئایا بەدرخان زۆر پەلەی نەکردبوو لە فراوانکردنی ئەو شوێنانەی کە ئەیویست بیانخاتە ژێر دەسەلآتی خۆیەوە؟ ئایا لەوەدا تەنها ئیعتمادی کردبووە سەر چەکدارەکانی ناوچەکەی خۆی و ئایا ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کەو وەرامیان دابووەوە کە ئامادەن هاوکاریی لەگەڵدا بکەن، هەتا چ ڕادەیەک بەڵێنەکانیان بەجێ هێنابوو.

ئەمانە هەموو پرسیارن و لێکدانەوەیان ئەوێ و هیوادارم لەدواڕۆژدا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی تورکیادا بە شێوەیەکی تایبەتی زنجیرەیەک نووسین و کتێبی لەسەر بنووسرێت، چونکە بەڕاستی بناغەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ئەوێ بووە و کە هیوای ئەوێ بڕا ئیتر دوژمنەکانی کورد ئەوانی تریان بەئاسانی لەناوبردووە.

## ٢- بزووتنەوەی شێخ عبیداللەی نەهری

بەڕاستی وەکو چۆن باسی بنەماڵەی بەدرخانییەکانمان کرد کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بووە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا، شانبەشانی ئەوانیش بنەماڵەی نەهری و شەمزینی ( کە هەردووکی هەر یەک بنەماڵە بوون)، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، کە جگە لە کاری دنیایی دەورێکی گرنگیشیان بووە لە ڕووی هەستی ئاینییەوە کە ئەو بنەماڵەیە هەڵگری ئاڵای (نەقشبەندی) بوون کە یەکێک بووە لە ڕێبازە ئاینییە ناسراوەکانی کوردستان کە شانبەشانی (قادری)یەکان هەر یەکەیان بە شێوەیەک و بە جۆرێک هەوڵیان داوە بۆ پەرەسەندنی ڕێبازەکەیان.

لێرەدا حەزمکرد شەجەرەیەکی کورتی ئەو بنەماڵەیە لە شێخ عبیداللە بەدواوە پێشکەش بکەم بۆ ئاشنابوونی خوێندەواری بەڕێز لە ڕادەی پێوەندی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ یەکتریدا




شێخ عبیدالله یەکێک بووە لە دانا و زانا و ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕە پاک و دڵسۆزەکانی کورد و هەموو ئاواتی لە دنیادا ئەوە بووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان یەک بگرێ و کورد بە ئازادی و سەربەستی لەناو وڵاتی خۆیدا بژی.

شێخ عبیدالله وەکو هەموو سەرچاوەکان باسیانکردووە مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیر و دووربین بووە و بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری درواسێ کریستایانەکانی کردووە و وەکو هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بە هەڵەدا نەچووبوو لە دژیان بێ و لەپێناوی دەسگیربوونی مافی کورددا تەقەلای داوە لەگەڵ هەموو لایەکدا پێوەندی و دۆستایەتی پەیدا بکا کە بۆنی ئەوەی لێ هاتبێت دوژمنی کورد نەبووە و هەوڵی داوە پشتگیریکردنیان بۆ کورد مسۆگەر بکات، ئەگەرچی بەداخەوە لە تەقەلاکانیدا هیچی دەسگیر نەبوو.

شێخ عبیدالله بە هۆی دووربینییەوە (کە بێگومان ڕاپەڕینەکەی بەدرخان پاشا دەرسێکی گەورە بوو لەو قوتابخانە سەرەتاییەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و هەستی نەتەوایەتیدا) تەقەلایەکی زۆری دابوو کە پێوەندی لە نێوان سەرکردەکانی کورد بەهێز بکا و یەکیان بخا و بۆی دەرکەوتبوو یەکێک لەو هۆیانەی کە کوردی

سەرگەردان و پارچەپارچە کردبوو بریتی بوو لە ناکۆکی و ناڕێکی سەرۆک کوردەکان، بۆ چارەسەری ئەو مەبەستە هەوڵێکی زۆری داوە و ژمارەیەکی زۆری لە سەرکردەکانی کورد بە لای شۆڕشەکەی خۆیدا ڕاکێشاوە، کە بێگومان هەروەکو چۆن یزدان شێری خزمی بەدرخان پاشا خیانەتی لە میللەتی کورد و لە ڕاپەرینەکەی بەدرخان پاشا کرد لەو شەڕانەی کە لە نزیک ورمیەدا ڕوویدا و ئەو خیانەتە بوو بە هۆی شکاندنی شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا، هەروەها لە شۆڕش و ڕاپەرینەکەی عبیداللەی نەهریشدا سەرۆکی کوردی وا هەبوو کە هەمان دەوری خیانەت ببینێت و لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ میللەتەکەی خۆیدا بێت بووە بە نۆکەری بێگانە و دژی میللەتەکەی خۆی شەڕی کردووە کە (تەیمورخان)ی سەرۆکی (جەلالی) نموونەیەکی تری ئەو خیانەتە بووە کە لە هەمان ناوچەی (ورمیە)دا شانبەشانی سوپای ئێران دژی کورد شەڕی کردووە و بووە بە هۆی شکاندنی شۆڕشەکەی کورد.

تەقەلایەکی زۆر گرنگی شێخ عبیداللە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی باری کورد ئەوە بوو کە هەوڵێکی زۆری دابوو لەگەڵ کریستیانەکاندا دۆست بێ و هاوکاری یەکتری بن لە ڕاپەرینەکاندا کە بەداخەوە لەدواییدا ئەو تەقەلایەی ئەویش هەروەکو تەقەلاکەی بەدرخان پاشا دووبارە بە هۆی پلان و هەڵوێستی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە و بە هۆی میسونیەکانیانەوە، بەتایبەتی لە ئەنجامی سیاسەتی ڕووس و ئینگلیزدا بەرامبەر بە پووچەڵکردنەوەی ئەو تەقەلایەی شێخ عبیداللە، ئەویش هەر سەرنەکەوت و چ ئینگلیز و چ ڕووس وەکو هەموو سەرچاوەکان ڕوونیان کردۆتەوە تەنها ئەوەیان لا مەبەست بووە کە کامیان بتوانن کاربەدەستانی حکومەتی ئێران بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بەرەو مەبەستەکانی خۆیان بیانبەن بەڕێوە و ئەگەر جاروبار حکومەتی ئێران یا تورکیا سەرپێچییان کردبێت بەرامبەر بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە، بۆ مەبەستێکی کاتی و بە ڕواڵەت خۆیان وا پیشانداوە کە لایەنگری کوردن لە داخوازییەکانیا، بەلام هەر کە قورسایی و بارستایی شۆڕشی کورد گەیشتبێتە ئەو ڕادەیەی مەترسی پەیدا کردبێت بۆ حکومەتی ئێران و تورکیا، کاربەدەستانی ئەو دوو حکومەتە پەنایان بردۆتە بەر ئینگلیز و ڕووس و هەردووکیان بۆ سوودی خۆیان گێرپیان گۆڕیوە و بوون بە لایەنگری تورک و ئێران و شانبەشانی ئەوەش ئەو کریستیانانەی کە بە ڕاوێژی ئەوان بەڕێوە ئەچوون و مسیونێرەکانیان لە

کەنیسە و قوتابخانەکانیاندا هەروەکو ئاگری بن کا پیلانیان ئەگێڕا، ئەوانەش لە کورد هەڵدەگەڕانەوە و دژی کورد ڕائەوەستان.

بوونی شێخ عبیداللەی نەهری و ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی بەتەواوی سەر دڵی حکومەتی ئێرانی گرتبوو وە لە زۆر هەڵوێستدا حکومەتی ئێران ناچار بووبوو کە هاوار بباتە بەر ڕووس و هەندێ جاریش بەرامبەر بە تورکیش لەگەڵ ئەوەشدا کە دوژمنایەتییەکی کۆن هەبووە لەبەینیاندا.

بۆ بەڵگەی ئەو سەرودلگرتنەی ئێران حەزمکرد نامەیەکی (ناصرالدین شاه) کە لە مانگی ذی القعدەی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٧٩ی زایینی کە ناردویتی بۆ (میرزا حسێن خان)ی سوپاسالار کە ئەو نامەی دەسخەتەی ناصرالدین شاه لە کتێبێکی، کۆکردنەوەی ئیبراهیم صەفایی، چاپەمەنیی بابەک، ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی، تهران، کە برای بەڕێزم مامۆستا محەمەدی حەمەباقی بۆی ناردووم هەروەکو خۆی پێشکەشی ئەکەم:

نامەکەی ناصرالدین شاه بۆ مرزا حسین (سوپاسالار) بۆ سەرکوتکردنی کورد بووە کە وتویەتی:

"جەنابی مشیر الدولە:

سەرەڕای سەرقاڵی و ماندووبوونی زۆریشم، ناچارم بە خەتی خۆم فەرمانێکی کورتتان بۆ بنووسم و هەر ئێستاش یەحیاخان (معتمد الملک)م ڕاسپارد کە (یەحیاخان، معتمد الدولە، برای مشیر الدولە و مێردی عزت الدولەی خوشکی ناصرالدین شاه بووە، کە مشیر الدولە هەرچەند کاروباری ئازربایجانی پێ سپێردرابوو، بەڵام لە قەزوین دانەنیشت کە مشیر الدولەش نازناوی مرزا حسێن خانی سەرۆکهێز بووە)، کە بە تەتەرێکدا بینێرێ، بۆیە هەر بە گەیشتنی ئەم فەرمانە، بە وتەی خەڵکی ڕەشۆکی ئەگەر ئاویشت بە دەستەوەیە مەیخۆرەوە و بگەرە ئازربایجان و بە یاریدەی خوا بەپەلە ئەو پشێویەی ئەوێ چار بکرێ و ناوەڕۆکی ئەم فەرمانەش بدە بە (ولیعهد) تا بیخوێنێتەوە، کە لەڕاستیدا بە بڕوای من ئەگەر لە دابینکردنی ئازربایجاندا هاوکاریت لەگەڵ نەکات و هەر لەسەر بیر و بۆچوونە کۆنەکانی خۆی مابێتەوە، ئەوا بانگی ئەکەم بۆ تاران.

دەوڵەت نەزۆکە و وەجاخی کوێرە و پێویستی بە ڕێکخستنە، کردەوەی ئەم کوردانەش ئێجگار خراپ بووە، هەر کە گەیشتیتە ئەوێ چارەسەرێکی بنبڕ و

کورجیان بۆ بدۆزەرەوە هەتا دواتر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بڕیارێکی تۆکمە بۆ داهاتوو ئەدەین.

لەشکرێک لە تارانەوە ئەنێرم کە یەکسەر بچێتە (سابلاغ) و ئەو دەوروبەرە ڕێک بخاتەوە و خۆیان بگەڕێنەوە. ئێوەش فەرمان بدەن بە (حشمت الدولە) کە چی بکات.

زۆربەی ئەم کارانە بە چەشنێکی وەک ئەڵێن اقبال الدولەی حاکمی ورمیە نەخۆش و بێحاڵ و پەککەوتەیە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ورمیەی داوەتە دەست برازاکەی و دۆستایەتی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلادایە و ناوچەکانی شنۆ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و زۆربەی شوێنە گرنگەکانی سەرسنووری ورمیەی داوە بە کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵلا بە کرێ و خۆی ئەوی هێناوە و خزاندوویەتیە مەملەکەتەوە کە لە پێشتریش هەر بە هەمان دەستتێوەردانەوە توانیبووی دەسەڵاتی بەکرێدانی ئەو ناوچانە بدات بە کورد و بەم جۆرە و بەم ڕێگایە، تا ڕادەیەک هەرچی ئەو وتویەتی: چوونەتە ژێر فرمانیەوە، ئەمەش لە هەرزەیی کوردەکانی خۆمانە، بەتایبەتی کوردەکانی موکری و سابلاغ، کە ئەبێ زۆر سەخت تەمێ بکرێن و بە پشتیوانی خوا سەر لە بەریان و سەرۆکەکانیان بەزنجیرکراوی بنێرێتە تاران.

پوختەی دار و باری ئازربایجان ئەمە بووە و، ئەمەیە و، ئێمەش هەموومان سەروەر لە تاران بێئاگا لە دەنگوباس و هەموو ئەمانەش بەپێچەوانەوە تێپەڕ ئەبوو.

پشت بە خوا، بەخێرایی فریاکەوە، بەڵکو سەرکوتیان بکەیتەوە بەگوێرەی هەواڵێکیش کە بیستوومە، تەیمورخان پاشاخان (کە فەرماندەی هێزی سوارەی ماکۆ بووە) خەیاڵی پەیوەندیکردنی هەیە بە (ولیعهد)ەوە لەبەر ئەوە ئەمە بە باش نازانم و هەوڵ بدە سەر نەگرێ.

برێ فەرمانیش بە (معتمد الملک) بێژرا کە بە ئێوەی ڕابگەیەنێت، دوای ئەمانەش ئەگەر لێپرسینەوەیەک یان قسە و شتێکی تر هاتە گۆڕێ، بە (امین السلطان)م وتوە کە بە (معتمد الملک) بڵێ و ئەویش بۆ ئێوەی بنووسێت و وەڵام بدرێتەوە.

بە هیچ جۆرێکیش بە دەم و بە دەستی کەسی تر نەگاتەوە... امین السلطان پیاوێکی دەوڵەتخوایە و بۆ یەکخستنی کارەکان و لابەلاکردنەوەیان هاوکاریی بکە. یەکەمین کارێک کە ئەیکەی بە پشتیوانیی خوا، بە هەر ڕێگایەک و و بەگورجی چارەسەریی پشێوی کوردەکانە... دڵی زانایان و موجتەهیدانی تەورێزیش زۆر بدەروە و بازرگانان و کاسبکاران و تێکرا و... تێکرا نائومێد و پەرێشانحاڵ و

ئێجگار شپرزەن... نازانم چییان کردووە! نەفرەتی خوا لە مرۆڤی بێفەڕ.

دوو وەڵامنامەشمان بە تەلگراف لە ولیعهد (کە مظفرالدین مرزا بووە) و مجتهد (کە حاجی مرزا جواد بووە) پێگەیشتووە و بۆ ئێوەم ناردن... دیارە زۆر بەزوویش ڕائەپەڕیت... (اقبال الدولە)ش بە هیچ جۆرێک بە کاری ورمیە و هیچی تر نایەت... کە انشاءالله دواتر بە درێژی باس ئەکرێ.)

پرۆفیسۆر خالفین لە کتێبەکەیدا زۆر بەدوورودرێژی باسی شێخ عبیداللە کردووە و وتویەتی:(١٥) "شێخ عبیداللە ئەیویست هەموو هۆزەکانی کورد یەک بخا و خۆی ببێتە سەرۆکی ناوچە فراوانەکەی سەر سنووری تورکیا و ئێران و ڕووسیا.

شێخ نامەیەکی ناردبوو بۆ کاپتن (کلیپتون) کە کونسولی ئینگلیز بووە لە (وان) و ئاگاداری کردووە کە دانیشتوانی هەموو کوردستان ئەیانەوێ یەک بگرن و نابێ وڵاتەکەیان هەروا بەدابەشکراوی بمێنێتەوە.

لە ٣٠/١٠/١٩٨٠دا (تومسون)ی باڵیۆزی ئینگلیز لە تاران نامەیەکی نارد بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا و ئاگاداری ئەوەی کرد کە شێخ عبیداللە نامەیەکی ناردبوو بۆ (اقبال الدولە)ی حاکمی ورمیە (ئەو اقبال الدولەیە لە نامەکەی ناصرالدین شاهدا ناوی هاتووە کە ئیبراهیم صفائی بڵاوی کردۆتەوە، هەروەکو لە پێشتردا بڵاومان کردەوە کە شاە وتبووی بە کاری هیچ نایە و نەخۆشە و دۆستایەتی لەگەڵ شێخ عبیداللەدا هەبووە)، وە بۆ ڕێکخراوە ئەمریکاییەکانی ئەو ناوچەیە و، لەو نامەیەدا ئاگاداری کردبوون کە کوردە چەکدارەکانی ناردووە بۆ ئێران بۆ داواکردنەوەی ئەو مافانەی لێیان زەوتکراوە و ئاگاداری کردون کە سەرۆکی هۆزەکانی کورد ئامانجیان ئەوەیە کوردستان هەمووی ببێت بە یەک و سەربەخۆ بێت و لەسەرەتاوە عوسمانییەکان هانی شێخ عبیداللەیان دا کە دژی ئێران بجووڵێتەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەموو شتێکی فارسەکاندا بگرێت و هەتا لە توانایدا بێ داگیری بکا و لەوەدا (سمیح پاشا)ی سەرکردەی ئۆردووی چوارەمی لەشکری ئەنادۆڵ زۆر یارمەتیی شێخ عبیداللەی داوە.

سوڵتان عبدالحمیدی خەلیفەی عوسمانی لە بەهاری ساڵی ١٨٨٠دا بەهری بەگ (لام وایە بەحری بەگ بێ کە پیتی ح لە زمانەکانی ئەوروپاییدا ئەبێت بە ه) کوڕی بەدرخانی بە نوێنەری خۆی نارده ناوچەکانی هەکاری و لە ساڵی ١٨٨٠دا شێخ عبیداللە بەئاشکرا کەوتە خۆئامادەکردن بۆ پەلاماردانی ئێران لە کوردستانی

ئێراندا و بە یارمەتیی بەھری بەگی بەدرخان توانی ھۆزی مامش و مەنگوڕ و پیران ڕێک بخا و ئەو ناکۆکییەی لەنێوانیاندا ھەبوو نەیھێڵێ و بۆ ئەوە ژمارەیەکی زۆری شەڕکەر لەناو ئەو ھۆزانەدا پەیدا بکات.

سەرکونسولی ڕووس لە تەورێزەوە لەو ڕووەوە نووسیویەتی: "لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لە کردەوە و ڕەفتاری کاربەدەستانی ئێران تەواو بێزار بووبوون، بۆیە پۆل پۆل دەھاتنە ژێر سایەی ئاڵای شێخ عبیداللەوە. شێخ عبیداللە نەک ھەر ھەوڵی ئەوەی ئەدا کە تەنھا کوردەکان یەک بخا، بەڵکو تەقەلای ئەوەشی ئەدا ئەرمەنی و نەستورییەکانیش بەشداری پێ بکا لەگەڵ خۆیدا و، بۆ ئەوە داوای لە مارشمعون (بێگومان مارشمعون ناوی یەکێکی تایبەتی نەبووە، بەڵکو لەقەبێکی ئاینی بووە لەناو ئاسورییەکاندا و ھەر کەسێک ئەو پلە ئاینییەی پێ بدرایە پێیان وتووە مارشمعون، یا مارشیمون) و سەرۆکی ئەرمەنییەکانی کرد کە ئەوانیش دژی سیاسەتی چەتەگەریی حکومەتی عوسمانی بوەستن و مارشمعون ئەو پێشنیازەی شێخ عبیداللەی پەسەند کرد."

کاپتن (کلیتون)ی ئینگلیزی دەربارەی ئەوە نووسیویەتی: "نەستورییەکانی شەمزینان (مەبەستی ئاسوری بووە) بڕیاریاندا یارمەتیی شێخ عبیداللە بدەن و لە تەمموزی ١٨٨٠دا سەرۆکی زۆربەی ھۆزە کوردەکان چوونە لای شێخ و لەگەڵیدا کۆبوونەوە و ھەندێکیان وایان پێشنیاز کرد ئەو ھۆزانەی کە کورد نەبوون لە ناوچەکانیاندا لەناویان ببەن بەڵام شێخ عبیداللە بەرپەرچی ئەوەی دایەوە و دژی ئەو بۆچوونە وەستا و تێیگەیاندن کە پێویستە کورد لەگەڵ کریستیانەکانی دراوسێیدا ڕێک بێ و ھەموو یەک بگرن دژی دوژمنیی داگیرکەر و بۆی ڕوونکردنەوە کە پێویستە بە ھەموو لایەک کوردستانێکی یەکگرتوو دامەزرێنرێ. بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە داوای لە ھەمووان کرد کە چالاکانە دژی حوکەمتی تورکیا و ئێران ڕاپەڕن و خەبات بکەن، چونکە ھەردوو لایان بەرامبەر بە کورد وەکو دڕکی سەر ڕێگەی پێشکەوتن و سەرگرتنی ئامانجەکانی کورد وان."

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بۆ دەستپێکردنی شۆڕش لەشکرەکانی کورد لە یەک کاتدا لە ھەردوو بەشەکەی کوردستاندا پەلاماری ھێزەکانی تورکیا و ئێران بدەن (کە لەڕاستیدا وەکو دەر ئەکەوێ لە ھەر سێ بەشکەی کوردستاندا بووە) و، بۆ ئەوە بڕیاردرا کە کوردی مامش و مەنگوڕی سەر سنووری ئێران لەژێر سەرکردەی حاجی

شێخ صدیق کوڕە گەورەی شێخ عبیداللەدا بێ وە ئەوە هێزە پەلاماری ڕواندز بدا و بیگرێ و لەوێشەوە پەلاماری بغداد بدەن (کە ئەوسا والیی عوسمانی تیادا بووە) و شێخ عبدالقادری کوڕە ناونجیی شێخ عبیدالله پێی سپێررا کە موصل و ئامێدی بگرێ، ئەوسا شێخ عبیدالله خۆشی (وان) داگیر بکا و لەوەدا (فەرهان پاشا)ی سەرەکهۆزی عەرەبەکانیش لە ویلایەتی بغداد بەڵێنیان بە شێخ دابوو کە لە کاتی هێرشبردندا بۆ سەر موصل یارمەتیی بدەن، بەڵام لە دوای لێکۆڵینەوە شێخ عبیدالله هەستی بەوە کردبوو کە هێرشبردن بۆ سەر هێزەکانی ئێران و تورکیا لە یەک کاتدا هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بۆیە بەو بڕیارەی پێشوودا چوونەوە و بڕیاردارا کە لەپێشدا پەلاماری لەشکرە شڕ و لاوازەکەی ئێران بدەن کە لەو کاتانەدا خەریکی شەڕ و هەرا بوو لەگەڵ تورکمانەکاندا (ئازەرییەکان) و شێخ وتی: با جارێ هاونیشتامنەکانی ئێـــرانمان ڕزگـــار بکەین بۆ ئەوەی ئەوێ بکرێ بە بنکەیەکی ئازادکـــراو بۆ خۆئامادەکردن بۆ خەبات دژی دوژمنە گەورەکەمان کە عوسمانییەکانە. (خالفین لەمەدا سەرچاوەکەی بریتیە لە کتێبەکەی (اڤریانوڤ، شەڕی تورک و ئێران و ڕووس).

بەو جۆرە نەخشە و بڕیاری پەلاماردان بۆ سەر لەشکری ئێران ئامادەکرا و دوو لەشکر پێک هێنرا کە یەکەم لەشکر بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر و هێزەکانی موکری بە سەرۆکایەتی همزاغای مەنگووڕ کە ئەبووایە ئەو هێزە تەورێز داگیر بکات و لەشکری دووهەم بە سەرکردایەتی شێخ محمد صدیق و خەلیفە محمد سعید کە ئەبووایە ورمیە و خۆی و سەلماس و ماکین داگیر بکەن.

لە ئەیلولی ١٨٨٠دا لەشکرەکەی شێخ بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر و همزاغا پەلاماری هێزەکانی ئێرانیان دا و سەرکەوتنێکی گەورەیان دەستگیر بوو، هۆی سەرکەوتنی ئەو هێزەی شێخ ئەوە بوو کە کوردەکانی کوردستانی ئێران لەو ناوچانەدا کە شەڕی تیادا کرا یارمەتییەکی باشیان دا و لە ماوەیەکی کەمدا لەشکرە هەزار کەسییەکەی کە پەلاماری هێزی ئێرانیان دا لە ناوچەی (ئەردەڵان)دا وردە وردە ژمارەی زۆر بوو گەیشتە حەوت هەزار کەس و دوای ئەوە سابڵاغ و مەڵبەندەکانی تری موکریانیان گرت و زۆری پێ نەچوو شۆڕشگێڕەکان (مەراغا) و (میاندواو)یشیان گرت و لە تەورێز نزیک بوونەوە.

ڕووداوەکانی ئێران و سەرکەوتنەکانی کورد مەترسییەکی تەواوی خستبووە دڵی

کاربەدستانی ئێرانەوە، چونکە لەکیسچوونی تەورێز کە گەورەترین شاری ئێران بوو لە دوای تاران و شارێکی بەپیت و بەرەکەتی ئازربایجان بوو، ئێرانی تەواو پێ کز ئەبوو، زیانێکی زۆری لێ ئەکەوت. کاربەدەستانی حکومەتی ئێران دەیانزانی ئەو هێزەی بە دەستیانەوە بوو بەرگەی ئەو هێرشەی کوردی نەدەگرت لەبەر ئەوە داوایان لە ڕووسیا کرد کە فریایان بکەوێ و یارمەتیان بدات.

لە ٢٠ی ئەیلولی ١٨٨٠دا (زینوڤیف)ی بالیۆزی ڕووس لە تەلگرافێکیدا کە بۆ پترسبورگ (لینینگراد)ی ناردبوو ڕایگەیاندبوو کە شای ئێران تکا لە حکومەتی ڕووس ئەکا لەشکر بنێرێتە سەر سنووری ئازربایجان و لە هەمان کاتدا داواشی لە حکومەتی عوسمانی کردبوو کە هەوڵی دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی کورد بدات و سەرکردەکانیان تەمێ بکات و هەر زیانێکیشان لە ئێران دابوو، هەمووی پێ ببژێرن.

زینوڤیف بە تەلگراف چەند جارێک ئەو داخوازییەی دووبارە کردبووەوە و لە حکومەتی ڕووسیای گەیان کە حکومەتی ئێران دەسەڵاتی کوژاندنەوەی ئەو ئاژاوەیەی نییە و حکومەتی ئینگلیزی تاوانبار کردبوو کە کوردەکانیان هانداوە و پشتگیریان ئەکەن.

لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠دا تەلگرافێک نێررا بۆ زینوڤیف کە شای ئێران ئاگادار بکا کە حکومەتی ڕووسیا ئامادەیە یارمەتی ئێران بدات و داواشی لە بالیۆزخانەی ڕووس کردووە لە ئەستەمبوڵ کە هەوڵ بدا تورکەکان هان بدا کە دژی کوردەکان بەشداریی شەڕ بکا، بەڵام کاربەدستانی عوسمانی لە وەرامی ئەوەدا وتبوویان نایانەوێ خۆیان تووشی ئەو شەڕە بکەن دژی شێخ عبیداللە و کە ئەم هەواڵە گەیشتە زینوڤیف لە پتروسبورگی گەیاند کە شێخ عبیداللە لەناو کۆشکی سوڵتانی عوسمانیدا شوێنێکی تایبەتیی هەیە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە لە ساڵی ١٨٧٩دا لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ عبیداللە ویستبووی دژی حکومەتی عوسمانی بجووڵێتەوە لەجیاتی سزادانی، بەپێچەوانەوە خەڵات و بەرات و نیشان بۆ شێخ نێررا بوو چونکە حکومەتی عوسمانیش لەو ڕۆژانەدا هێزێکی ئەوتۆی نەبووە کە بەرەنگاری ببێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسەکان هەر کۆڵیان نەدا و سەریان خستە سەر تورکەکان و ناچاریان کردن لەشکر بنێرێت بۆ کوردستان بەتایبەتی کە تورکیش بۆی دەرکەوتبوو شێخ لەو ڕاپەرینەیدا نیازی جیابوونەوەی کوردستانی

هەبووە لە دەوڵەتی عوسمانی بە هاندانی ئینگلیزەکان، کە ساتێک حکومەتی عوسمانی ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا بوو، شێخ ئابلووقەی (ورمیە)ی دابوو لە نامەکانیدا بۆ حاکمی ورمیەی ڕوون کردبووەوە (وەکو لەپێشتردا باسکراوە حاکمی ورمیە اقبال الدولە بووە) کە ئامانج و مەبەستی لەو ڕاپەڕینەدا ئەوەیە (٥٠٠ هەزار) خێزانی کوردی تورکیا و ئێران یەک بخا و ئەیەوێ وڵاتە ئەوروپاییەکان ئاگادار بکا کە کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و پێویستە یارمەتیی کورد بدرێت بۆ یەکخستنەوەی کوردستان.

(زینوڤیف) ڕوونی کردەوە کە شێخ عبیداللە زۆر دەمێکە ئاشکرای کردووە کە ئیتر سەرۆکە کوردەکان ناتوانن لەوە زۆرتر چاو لە چەوساندنەوە و باری خراپی ژیانی کوردی ئێرانی و تورکیا بپۆشن، لەبەر ئەوە بڕیاریان داوە بە هەموو جۆرێک تێ بکۆشن بۆ ئەوەی کوردستان هەموو بەشەکانی بکەن بە یەک کە مافی ئۆتۆنۆمییان هەبێت.

کاربەدەستانی عوسمانی کە جاری جاران ئەیانویست شێخ عبیداللە بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن لەناو خاکی ئێراندا، ئەوا بۆیان دەرکەوتووە کە شێخ عبیداللە مەبەستی چییە و بۆچی هەوڵ ئەدا، ئیتر دەستیان کرد بە دژایەتی شێخ عبیداللە.

عوسمانییەکان لە تشرینی دووهەمی ١٨٨٠دا بەتالیونێکی سوارەیان بە چەک و جبەخانەوە نارد بۆ ولایەتی (وان) بۆ ئەوەی ڕێگا لە هۆزەکانی کوردی تورکیا بگرێ کە نەچنە ناو خاکی ئێرانەوە و یارمەتیی شۆڕشگێڕان نەدەن و بەپێی فەرمانی سوڵتان، حسێن ئاغا و دلاوەر ئوغلو و ڕشید بەگی قائمقام لە (وان) ڕاسپێرران کە سەر لە شێخ بدەن و کە چوون داوایان لێ کرد لەشکرەکەی بڵاوە بپێ بکا و بگەڕێتەوە ناو خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و، لە هەمان کاتدا حکومەتی ئێران لە کوردەکانی عەشیرەتی (جەلالی) لەشکرێکی پێکەوە نا بە سەرکردایەتی (تەیمورخان) کە یەکێک بوو لە دوژمنەکانی شێخ عبیداللە و فەرماندەرێکی زۆر ئازا و چالاک بوو، دەسەڵات و توانایەکی زۆری هەبوو لای دەرەبەگەکانی ژوورووی ئێران، ئەو هێزەی تەیمورخان لە (مالین)ەوە بەرەو (ورمیە) ڕۆیشت و لە نزیک ورمیەدا شەڕێکی گەورە کرا کە لەو شەڕەدا لەشکری شێخ شکا و لە شاری ورمیە کرایە دەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

ئەو شکاندنە پشتی شێخ عبیداللەی شکاند و ساتێک تەماشای کرد هەردوو لەشکری ئێران و تورک بە جووتە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، ئیتر هیچ چاری نەما و بڕیاریدا بکشێتەو ناو خاکی تورکیا و بەپێی بڕیاری شێخ و همزاغا بڕیاریش درا کە بەبێ شەڕ شاری سابڵاغیش بەجێ بهێڵن بۆ لەشکری ئێران.

لەسەرەتادا شێخ عبیداللە لە ورمیەوە ڕوویکردە (مەرگەوەڕ)، بەڵام کە پێیزانی هێزەکەی تەیمورخان هەر بەدواوەیەتی، ناچار بوو گەڕایەوە بۆ شوێنە نەژادەکەی خۆی کە کوردستانی تورکیا بوو.

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۸۸۰دا هەتا ڕادەیەک شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە خامۆش کرا و زۆربەی دەرەبەگ و سەرەکهۆزەکانی ئێران لە شێخ جیابوونەوە (کە لەڕاستیدا ئەمە پیشەیەکی هەمیشەیی دەرەبەگ و سەرەکهۆزەکانی کورد بووە بەدرێژایی مێژوو، کە نەک هەر ئەوانەی کە خالفین باسیکردوون، بەڵکو لە هەموو شۆڕشەکانی تریشدا وەکو ئەوەی شێخ مەحمود و ئەوەی سمکۆ و دوای ئەوە هی قازی محمد لە کۆماری مەهاباددا بە هەمان ڕێبازدا ڕۆیشتوون و لە هەموو بەشداربوونێکیاندا کە دوژمنیان بینیووە سەرکەوتوو و بەهێز بووە ئیتر ڕیزەکانی کوردیان بەجێهێشتووە و زۆریان چوونەتەوە پاڵ دوژمنانی کورد و ڕووبەڕووی میللەتەکەی خۆیان بوونەتەوە. لێردا ئەو سەرنج و ڕاسپاردە بەنرخەی ئەمین زەکی بەگی نووسەری مێژووی کوردستانمان ئەهێنێتەوە بیر کە لە ساڵی ۱۹٤۱دا لە دوای هەرای ڕەشید عالی لە عێراقدا و جموجووڵی هەندێ لە کوردەکان لە کوردستانی خوارووداا کە ئەچنە لای ئەمین زەکی بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لێ بپرسن لەو ڕووەوە لەوەرامدا پێیان ئەڵێت: زینهار هەرچییەک ئەکەن بیکەن، بەڵام تەنها پشت بە عەشایر مەبەستن، چونکە لە ناسکترین و گرنگترین کاتدا ئامادەن بتانفرۆشن و لێتان جیاببنەوە، لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا باسی ئەوەی ئەمین زەکی بەگم بەدووروودرێژی کردووە، پێویست بەوە ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.)

پرۆفیسۆر خالفین لە کتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "لەدوای ئەو شکاندنەی شێخ عبیداللە باری کوردستانی ئێران هەروا بەئاڵۆزی مایەوە و ئەو هۆزە کوردانەی کە سەرۆکی هەندێکیان ڕایانکردبوو خۆیان حەشاردابوو، چەکدارەکانیان لەژێر باری گرانی کاربەدەستانی ئێراندا مابوونەوە و تووشی هەزار چەرمەسەری چەوساندنەوە بوون و ئێرانییەکان بەویەڕی دڕندەیەتیەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکردن

و دەستیان کرد بە کوشتار و قەلاچۆکردنی کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێران بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ژن و منداڵ و پیر و، هەزارانیان دارکاری کرد و پتر لە دوو سەد گوندی کوردستانی ئەو ناوچانەیان سووتاند.

لە ١٤ی تشرینی دووهەمی ١٨٨٠دا (شولتریفسکی) نامەیەکی بۆ (زینوڤیێف) ناردبوو دەربارەی کوشتاری تەیمورخان لە کوردەکانی ناوچەی ورمیە و ئاگاداری کردبوو کە لەئەنجامی ئەوەدا زۆربەی خەڵکی سابڵاغ و لاهیجان ناچاربووبوون ڕوو بکەنە چیاکان کە باری کوردەکانی سابڵاغ لە هەموویان خراپتر و شپرزەترە و ژمارەیەکی زۆریان لەناوچوون و ئێران ئەو دەرفەتەی بە هەل زانی و هەڵیکوتایە سەر ئەو ناوچانە و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سەرانە و باج لە کوردەکان.

لەئەنجامی ئەو ڕەفتارەدا باری کوردەکان بە ڕادەیەک خراپ و شپرزە بوو کە ڕووسەکان خۆیان پێ نەگیرا و نەیانتوانی لەوە زیاتر بەرامبەر بەو هەڵوێستە بێدەنگ بن، کە ئەمەشیان لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبوو، بەڵکو ڕووس لەوە ترسا بوو کە ئەم هەموو زوڵم و ستەمە زۆرە ببێتە هۆی ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی تر.

لەو ڕووەوە (زینوڤیێف)ی باڵیۆزی ڕووس لە تاران نامەیەک ئەنێرێ بۆ (شولتریفسکی) کە سەرکونسولی ڕووس بووە لە تەورێز، پێی ڕاگەیاندبوو کە نابێ شتێکی وا بکرێت ڕاپەڕینێکی تری کورد دووبارە دەست پێ بکاتەوە، بۆیە پێویستە وا لە ئێران بکرێ کە شتێکی وا نەکا کوردەکان سەرلەنوێ ڕاپەڕینێکی تر دژی حکومەتی ئێران بکەن.

(نوڤیکوف) لە تەلگرافێکیدا کە بۆ تەورێزی ناردبوو وتبووی: ئێران نەک هەر تەقەلای ئەوە نادا کە باری کوردە لێقەوماوەکان سووک بکرێت، بەڵکو ئەیەوێ بە سەندنی باج و سەرانە ئەوەندەی تر پشتیان بشکێنێت.

خالفین ئەڵێ: بەو جۆرە ئەو ڕەفتارە نالەبارەی ئێران دووبارە کوردی ناچارکرد کە ڕاپەڕینێکی تر دەست پێ بکاتەوە و وەنەبێ شێخ عبیداللەش بەتەواوی کۆڵی دابێ، بەڵکو ئەویش خۆی کۆ دەکردەوە و خۆی ئامادە ئەکرد بۆ دەرفەتێکی تر.

لەڕاستیدا هەڵوێستی تورک بەرامبەر بە شێخ عبیداللە زۆر دووڕووانە بووە، لەگەڵ ئەوەدا لەشکرەکەی ڕێگەی لەوە گرتبوو کە هۆزەکانی کورد بەشداری بکەن لەو شۆڕشەی شێخدا لەناو خاکی ئێراندا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە حکومەتی

ئێرانیشی بە دوژمنێکی سەرەکیی خۆی ئەزانی بۆیە بەتەواویش پشتی شێخ عبیداللەی بەر ئەئەدا کە عوسمانییەکان لەو هەلۆیستەدا دوو مەبەستاین هەبووە، یەکەم: بۆ ئەوەی بە هۆی شێخ عبیداللەوە لەشکری ئێران لاواز بکرێت، دووهەم: بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی شێخ عبیدالله هەر لەناو خاکی ئێراندا بمێنێتەوە و تەشەنە نەکا بۆ ناو خاکی تورکیا و ئەیویست شێخ هەر لەژێر چاودێریی خۆیدا بمێنێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە تورکەکان بە هۆی ڕەشید بەگی قائمقامی (وان)ەوە گەلێک یارمەتییان نارد بۆ شێخ عبیدالله و شێخ دەعوەت کرا بۆ ئەستەمبوڵ، کە عوسمانییەکان لە لایەکی ترەوە ئاگاداری ئەوەش بوون کە ئێران پشتی بە ڕووس بەستبوو.

شێخ بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ خاکی تورکیا، تەقەلای ئەوەی دابوو پێوەندی لەگەڵ ڕووسدا بکا و بۆ ئەو مەبەستە (سعید خلیفە)ی ناردبوو بۆ لای ڕووسەکان، بەلام ئەوان گوێزیان لەو تەقەلایەی شێخ کرد و پشتگوێیان خست.

لەو سەردەمەدا کە شێخ ناچارکرابوو بکشێتە ناو خاکی تورکیاوە، ئێرانییەکان دەستیان کردبوو بە ڕاونانی هاوکارەکانی شێخ کە هێشتا تا ئەوسا هەندێکییان چەکیان دانەنابوو، بەتایبەتی لە ناوچەی سەردەشت کۆبووبوونەوە و همزاغا کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ لە چالاکیدا بوو.

بەرامبەر بەوە شای ئێران لەشکرێکی لە سابلاغەوە بە سەرکردایەتی حاکمی ساباڵغ نارد بۆ سەردەشت، بەلام ئەو حاکمە دەیزانی لەبەر بەفر و سەهۆڵبەندان و گیرانی ڕێگای ناوچە شاخاویەکان نەیئەتوانی بگاتە سەردەشت. بۆیە دەستی کرد بە پیلانگێڕان و فروفێڵکردن و ناردنی نامە بۆ همزاغا بە ناوی ئەوەوە کە ئەیەوێ لەگەڵیا ڕێک بکەوێت و واز لە چەکدارەکانی کورد بهێنێت و وای لێ کرد کە بچێتە لای بۆ ئەوەی پەیمانی ئاشتی مۆر بکەن لە پاش ئەوەی کە بەڵێنی پێدابوو لە کارەکانی ڕابردووی خۆش بێت.

همزاغا بە سوێندی شەرەفی حاکمی ساباڵغ بڕوای کرد و چووە ساباڵغ و هەر لەوێ لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی نامەردانە کوژرا (هەروەکو هەموو ڕەفتارەکانی تری کاربەدەستانی ئێران کە بەداخەوە کورد قەت دەرسی لەوە وەرنەگرتووە و کورد لەو ڕووەوە وتویەتی: جارێک خەڵەتاندمت خوا بتگرێ... دووجار خەڵەتاندمت خوا بتگرێ... سێ جار خەڵەتاندمت ئەمجارە خوا خۆم بگرێ.)

دوای ئەو سەردانەی شێخ عبیداللە بۆ ئەستەمبوڵ پێوەندیی نێوانی عوسمانی و ئێران تەواو ئاڵۆز بوو، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووهەمی ١٨٨٠دا (فەخری بەگ)ی باڵیۆزی عوسمانی لە تاران داوای لە ئێران کرد کە هەر زیانێک لە شێخ عبیداللە کەوتووە هەمووی ببژێرێ و بەهەرەشەوە ئەو داخوازییەی گەیانبوو بە ئێران و پێی وتبوون ئەگەر ئەوە نەکرێ ئەبێتە هۆی ڕاپەڕینێکی تری چەکدارانە دژی حکومەتی ئێران.

بەڵام (مرزا سعید خان)ی وەزیری دەرەوەی ئێران ئەم داخوازییەی ڕەدکردەوە. وتی: ئەو ناوچانەی کاولکرابوون هیچی موڵکی شێخ نەبوو، بەڵکو هی حکومەتی شاه بووە کە هەندێکی بە کرێ درابوو بە شێخ و هەندێکیشی بە تاپۆی ساختە بە ناویەوە تۆمارکراو.

مرزا سعید خان دەربارەی ئەو داخوازییەی باڵیۆزی عوسمانی پەنای بردە بەر (زینوڤیف)ی باڵیۆزی ڕووس لە تاران بۆ ڕاوێژکردن و داوای ئامۆژگاریی لێکرد و ئەویش لەوەرامدا پێی وت: کە بە ئەستەمبوڵ ڕابگەیەنێت کە حکومەتی ئێران سەری سوڕماوە لەو هەڵوێستەی تورک کەوا پشتی شێخ ئەگرێت لە کاتێکدا کە ئەبێ شێخ پارەی ئەو زیانانەی کە لە ئازربایجاندا بە هۆی ئەوەوە لە خەڵک کەوتووە هەمووی ببژێرێ و بیدات بە بە حکومەتی ئێران.

(محسن خان)ی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبوڵ لە نامەیەکیدا حکومەتی تارانی ئاگادار کرد کە لەدوای ئەوەی دەسەلاتی حکومەتی عوسمانی لە ئەوروپادا کز و لاواز بووە، ئەیەوێ ئەوەی کە لەوێ لە کیسی چووە لەسەر حسابی ئێران دەسگیری بێتەوە کە بۆ ئەمە یەکخستنی ئیسلامەکانی کردووە بە بیانوو ئەیەوێ میللەتە (سوننی)یەکان بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەلاتی خۆیەوە و بۆ گەیشتن بەوە کوردەکان هان ئەدا کە دژی حکومەتی ئێران ڕاپەڕن.

ناصرالدین شاه دووبارە پەنای بردە بەر باڵیۆزی ڕووس لە تاران و بیری خستەوە کە بەرامبەر بەوەی حکومەتی ئێران وازی لە هەموو چالاکییەکی خۆی هێناوە لە ئاسیای ناوەڕاستدا، بەرامبەر بەوە پێویستە ڕووس پشتگیری ئێران بکات لەو کێشەیەی کە لەگەڵ عوسمانیدا هەیەتی.

(زینوفیف) بەڵێنی دا بە حکومەتی ئێران کە ڕووسیا یارمەتی بدا و لەو ڕووەوە بترسبرگی ئاگادارکرد و بۆ ڕوونکردنەوە کە بێهێزبوون و لاوازبوونی ئێران زیانکی

زۆری هەیە بۆ ڕوسیا و لەئەنجامی ئەوەدا حکومەتی ڕووسیا ئەو پێشنیازەی (زینۆفیف)ی سەلماند.

بەدرێژایی چەند مانگێکی ساڵی ١٨٨٢ کێشە لەنێوانی ئێران و تورکیادا لەسەر داخوازییەکانی شێخ عبیداللە لەئارادابوو وە لە مانگی ئابی ١٨٨٢دا دەنگ بڵاوبووەوە کە شێخ عبیداللە لە ئەستەمبوڵ ڕایکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و لەدواییدا دیپلۆماسیەکانی ڕووس بۆیان دەرکەوتبوو کە شێخ بە پاسپۆرتی ساختە لە باڵیۆزخانەی ڕووسیا لە ئەستەمبوڵ ڤیزەی وەرگرتووە و بە پاپۆڕێکی ڕووسی بە ناوی بازرگانێکەوە لە ئەستەمبوڵەوە خۆی گەیاندبووە (پۆتی) و لەوێشەوە بۆ (تفلیس) و بۆ (یریڤان) و لەوێوە خۆی گەیاندبووە ناوچەی (هەکاری)، بەڵام ئەو ڕووسانەی شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵات بوون لایان وابوو کە ڕاکردنی شێخ عبیداللە بە ئاگاداریی سوڵتانی عوسمانی پێک هاتبوو.

چوونی شێخ عبیداللە بۆ کوردستان جارێکی تر باری سنووری ئێران و تورکیای ئاڵۆزکرد و دەنگ بڵاوبووەوە کە شێخ داوای لە سەرۆکهۆزەکانی کورد کردبوو کە لە گوندی (ناوچە) لەگەڵیا کۆببنەوە و دەنگ وا بڵاوبوو کە لەشکری کورد لە ناوچەی (هەکاری) کۆ ئەبێتەوە و هەموو بە چەک لە چەشنی (مارتین) پرچەک ئەکرێن.

گەڕانەوەی شێخ بەتەواوی بوو بە هۆی شڵەژانی تاران و فەرمان درا بە باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبوڵ کە هەوڵ بدا بە زووترین کات شێخ لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە بگیرێت و لە کوردستان دوور بخرێتەوە.

ناصر شاە چەند جارێک لەو ڕووەوە لەگەڵ زینوفیف کۆبووەوە و تکای کرد کە ڕووسیا وا لە تورک بکا کە ڕێگەی ئەوە نەدا ڕاپەڕینێکی تری کورد ڕوو بدات.

هەڵوێستی ڕووس دەورێکی زۆر گرنگی هەبوو لە ناوچەکەدا و شێخ عبیداللە ئەم ڕاستییەی باش ئەزانی، بۆیە هەوڵیدا بۆ ڕووبەڕوونەوەی کورد لەگەڵ تورک و ئێراندا پشتگیری بکا.

شێخ عبیداللە لەو دواییەدا، بەپێی ئەوەی کە شارەزای باری سیاسەتی دەوڵەتان بوو و، گەیشتبووە ئەوەی کە سەرکەوتنەکەی کاتێک باشتر مسۆگەر ئەکات ئەگەر بێت و لە دوژمنایەتی ئێران لادا و دوژمنایەتییەکەی ئاڕاستەی حکومەتی عوسمانی بکات، چونکە ئەیزانی کە ڕووس دۆستی ئێران بوو.

لەدوای گەیشتنی شێخ بۆ هەکاری، شێخ علی قاسم ئوغلی کە نوێنەری خۆی بوو،

ناردی بۆ لای کومیسیرەکانی ڕووس لە (وان) و لە زمانی شێخەوە پێی ڕاگەیاندن کە کورد ئیتر لەمە زیاتر ناتوانێت فەرمانڕەوایی تورک قبووڵ بکا و بۆ خەباتکردن دژی تورک داوای کرد کە ڕووسەکان یارمەتی بدەن و پشتگیریی بکەن و ئەگەر ڕووسیا بەڵێن بدا و بەوە قایل بێت ئەوا کورد ئامادەیە شۆڕشێک لە سەراپای کوردستاندا بەرپا بکات.

شێخ عبیداللە بە تەمای ئەوە بوو دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بە لەشکرەکەی خۆی بتوانێت دەسەلاتی تورک لە هەکاری و بتلیس نەهێڵێت، ئەوسا بە قسەی عەلی قاسم ئوغلی ئەچێتە ژێر سایەی ڕووسەوە کە کورد ئەمەی زۆر لا باشە و پێی خۆشە. بەڵام دەرکەوت کە کومیسرەکانی ڕووس فەرمانی تەواویان پێ درابوو کە بە هیچ جۆرێک بەڵێن بە شێخ نەدرێت و لەئەنجامدا بە شێخ وترابوو کە پێویستە گوێڕایەڵی کاربەدەستانی تورک بێت.

بترسبورگ داوای لە نوێنەری خۆی کرد لە ئەستەمبوڵ کە بەگورجی باسی دەرکردنی شێخ عبیداللە بکرێ لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا و شانبەشانی ئەوە ڕووسەکان پشتگیرییەکی تەواوی داخوازییەکانی ئێرانیشیان کرد بۆ لەناوبردنی شێخ عبیداللە.

بەو جۆرە شێخ عبیداللە هیوای لە هەموو لایەک بڕا و لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٢دا گیرا و نێررا بۆ (ئەسکەندەرونە) و لەوێوە بە پاپۆرێکی ئینگلیزی نێررا بۆ (بێروت) و لەوێوە لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاوارەکرا بۆ (مەکە) و زۆری پێ نەچوو لەوێ کۆچی دوایی کرد.

خالفین لە باسەکەیدا ئەڵێ: دوای ئاوارەکردنی شێخ عبیداللە، لە کوردستانی ئێراندا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕاپەڕین و بزووتنەوەی هۆزەکانی کورد و پەلاماردانی هێزەکانی ئێران کۆتایی نەهاتبوو، بەتایبەتی لە ماوەی ١٨٨٦-١٨٨٧دا پەرەی سەند.

هۆزی دەشت (کە لام وایە مەبەستی دانیشتوانی ناوچەی سەردەشت بووە) زۆر ئازایانە دژی دەرەبەگەکانی فارس و ئازەری ئەجەنگان کە هۆی سەرەکی ئەوەش ئەگەڕایەوە بۆ ڕەفتارە چەتەگەری و ڕاووڕووتەکانی (ئەمیر جهان سۆز) کە فەرماندەی ورمیە بوو کە لەناو کوردەکاندا بەئاشکرا دەیکرد.

(حەسۆ بەگ) و (بەدری بەگ)ی کوڕانی (حەسەن بەگ)ی سەرەکهۆزی سەردەشت

کە باوکیان لە بەندیخانەی ئێرندا مردبوو، زۆر چالاکانە هێزێکیان پێکەوەنا و دەستیان کرد بە پەلاماردانی هێزەکانی ئێران و ترسیان خستە دڵی حاکمی ورمیەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٨٣دا، هۆزی (گەورک)ی ناوچەی سابلاغیش چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوەکان و فەرمانداری سەردەشت کە (عزیز خان) بوو ڕایکرد بۆ سابلاغ و ڕاپەڕیوەکان نامەیان نارد بۆ (سیفالدین خان)ی سەرۆکی کاروباری حکومەت لەو ناوچانە و تێیان گەیاند کە ئەو ڕاپەڕینانە هەمووی دژی زۆرداری و سەرانەسەندنی نارەوای فەرمانداری سەردەشتە، بەو جۆرە بزووتنەوەی نیشتمانی هەموو کوردستانی ئێرانی گرتەوە.

هێزی ئێران بە (٢٥٠٠) سوارەوە هێرشی بردە سەر (گەورک) بەڵام بە یارمەتیدانی کوردەکانی تر هێزەکەی ئێران شکا و سیف الدین خانی لێپرسراوی حکومەت لە سابلاغ ناچار بوو داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات و (عزت خان) دەربکا و لەجیاتی ئەو کوردێکی دانا کە ناوی (ئەحمەد بەگی موکری) بوو.

لەدوای ئەوە لە ساڵی ١٨٨٧دا حکومەتی ئێران بڕیاریدا ڕاپەڕینەکەی ورمیە بە شەڕ دامرکێنێتەوە بەڵام لەو تەقەلایەیدا سەرنەکەوت و ناچاربوو داخوازییەکانی کوردی ئەوێش جێبەجێ بێنێت و (جهان سوز)ی لابرد و کاروبار کەوتە دەست کوردەکان.

پاش ئەوە هەرچەند بۆ ماوەیەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێران بێدەنگ بوو بەڵام چ ڕووس و چ ئینگلیز گەیشتنە ئەوەی کە پێویستە بایەخ بدرێ بە کورد، ئینگلیزەکان پەیتا پەیتا ڕابەر و نوێنەرانی خۆیان ئەنارد بۆ ناو کوردەکان. کولونێل (بیل) کە پێی سپێررابوو دەنگ و باس و هەواڵی سیاسی و جەنگیی ئەو ناوچانە کۆ بکاتەوە لەگەڵ چەند سەرۆکهۆزێکی کورددا پەیوەندییان پەیداکرد و (بیل) لەگەڵ (مارشمعون) و نەستورییەکاندا کۆبووەوە و داوای لێکردن کە چەک دژی حکومەتی تورک هەڵنەگەرن و کوردەکان نەکەن بە دوژمنی خۆیان کە لەوانە گرنگتر ئەوە بووە کە بە هیچ جۆرێک لە ڕووس نزیک نەبنەوە.

دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی نەهری، جەلیلی جەلیل لە دوو سەرچاوەیدا بە دوورودرێژی باسی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی کردووە.

لە سەرچاوەی یەکەمیاندا لە لاپەڕەی (١٣٩)ی (نهضه الاکراد الثقافیه والقومیه)

دەربارەی شێخ عبیداللە وتویەتی:[٢١] "تەقەلای بەهێزکردنی پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووسدا یەکێک بووە لە چالاکییەکانی شێخ عبیداللەی نەهری. شێخ لە دانان و نەخشەکێشانی پروگرامەکەیدا هەڵوێستی دەوڵەتانی خستبووە بەرچاو و لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و مەبەستی ڕووسدا بەرامبەر بە کورد بەم جۆرەی خوارەوەی لێک داوەتەوە کە وتویەتی: لە هەڵبژاردنی دۆستایەتی ڕووس و ئینگلیزدا پیاو وا باشە شێر بە باشتر دابنێت بە دۆست (کە مەبەستی ڕووسیا بووە)، وەک لە ڕێوی (کە مەبەستی ئینگلیز بووە.)

شێخ عبیداللە چالاکی و دەسەلاتی ڕووسەکانی لە ناوچەکەدا بە سوودی کورد ژماردووە و لەو ڕووەوە لای وابووە کە شوێنی ستراتیجیی خاکی کوردستان گەلێک دەرفەتی باش و لەبار بۆ ڕووسەکان ئەڕەخسێنێت ئەگەر هات و ڕووس لەدوارۆژدا بچێت بە گژ تورکیادا (کە بێگومان لەمەدا بەهەڵەدا چووبوو، هەروەکو خۆی لە پاسی دووهەمیدا لە ڕوونکردنەوە و باسی شۆڕشدا هەڵوێستەکان و دەستی ڕووسی بۆ ئاشکرا ئەبێت)، جەلیلی جەلیل لە باسەکەیدا ئەڵێ:

"بەلام لەڕاستیدا وەنەبێ ئەو تەقەلایەی شێخ عبیداللە کە سەرۆکی کوردەکان بووە سوودێکی بووبێت، چونکە لاوازی و یەکنەبوونی کورد لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە و نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەلایەتی کە بتوانێت جڵەوی خەبات و شۆڕشی میللەتی کورد ببات بەڕێوە بار و هەڵوێستێکی وای دروست نەکرد کە ئەو حسابەی کورد بە تەمای بوون لەگەڵیاندا بکا.

سیاسەتی ڕووسیا لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ ئەوەدا بووە کە بەلای کریستیانەکانی ناوچەکەدا دایشکێنێ. ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بایەخێکی ئەوتۆی نەدابوو بە کوردستان بەلام ساتێک لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا چالاکیی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان لە ناوچەکەدا ئاشکرا بوو، ئەو بایەخپێدانەیان کاری کردە سەر ڕووسیا و وای لێ هات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشی ژووروی ڕۆژئاوای ئێران کە کوردنشینە کەوتە ژێر دەسەلاتی ڕووسەوە و شاری سابلاغ بوو بە بنکەیەکی بازرگانیی گەورە بۆ بازرگانی ڕووس و بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لەو بازارەدا و لەئەنجامی ئەوەدا بازرگانە کوردەکانیش دەستیان کرد بەوەی کە پێوەندی بە ڕووسەکانەوە بکەن.

بەلام جەلیلی جەلیل لە باسی دووهەمیدا (ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا) بە دووروودرێژی باسی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی کردووە کە وتویەتی:[٢٠]

"شێخ عبیداللە کە شوێن ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ کەوتبوو، لەو شەڕەی کە لەنێوانی رووس و تورکدا ڕوویدا، هەوڵی دا کە دەسەلاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچە کوردییەکاندا بڵاو بکاتەوە و باری نالەبار و سەختیی ژیانی کوردستان وایان لە کوردەکان کردبوو کە پشتگیریی هەوڵ و تەقەلاکانی شێخ بدەن.

شێخ عبیداللە لەسەرەتادا ویستی شۆڕشەکەی دژی حکومەتی عوسمانی ئاراستە بکا کە دوای ئەو شەڕەی ڕووس و تورک دەستی کرد بە چالاکی و خۆکۆکردنەوە دژی عوسمانی کە حکومەتی عوسمانی هەستی بەو چالاکییەی شێخ کردبوو لەبەر ئەوەی موفتی (وان)یان نارده لای بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکا، بەلام ئەو ناردنە بێ ئەنجام بوو.

جەنراڵ (مایدر زیلونی) لە ڕاپۆرتێکیدا لە ١٨٨٠/٢/١٥دا کە ناردبووی بۆ ئەرکانی قەفقاس، لەو ڕاپۆرتەدا دەربارەی نیاز و هەڵویستی شێخ عبیداللە وتویەتی: "شێخ نیازی وایە سوود لەو بێهێزی و بێدەسەلاتییەی ئیمرۆی عوسمانی وەربگرێت و لای وایە کە عوسمانی بەرەو ڕووخانێکی تەواو مل ئەنێت، لەبەر ئەوە ئەیەوێ لە عوسمانی جیابێتەوە و سەربەستییەکی ڕاستەقینەی دەسگیر ببێت."

دەنگ و باسی ئەو خۆئامادەکردنەی شێخ دەنگدانەوەیەکی خۆشی بەناو هەموو کورددا دایەوە و بەوپەڕی خۆشیەوە پێشوازیی لێکرا. شارەکانی کوردستانی ئێران وەکو (خۆی) و (سابلاغ) و (ورمیە) و (شنۆ) بوون بە بنکە بۆ ئامادەکردنی چەک و جبەخانە بۆ ڕاپەڕیووەکان.

لەو ڕووەوە کۆنسولی ڕووس لە ئێران (کرییلی) لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٩دا نووسیویەتی: "شێخ نیازی وایە هەرایەک دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسێنێت و بەتەمایە لە کوردستانی عوسمانیدا حکومەتێکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی خۆی پێک بێنێت و شاری (موصل)یش بکاتە بنکە و بارەگا.

شێخ عبیداللە لە مەیدانی سیاسەتکارییدا زۆرتر پشتی بە ڕووس ئەبەست نەک بە بریتانیا و کە ئەهاتە سەر ئەوە دەیوت: باشتر ئەوەیە کە پیاو لایەنگری شێر بێت نەک هی ڕێوی (کە لە سەرچاوەکەی پێشووشیدا هەر هەمان شتی وتووە.)

شێخ بارەها لە ڕێگەی کۆنسولی ڕووس لە (ئەرزروم) کە (ئوبیتر میلیری) بووە هەوڵی ئەوەی داوە پشتگیریی ڕووسەکانی دەسگیر ببێت و دوای ئەوە کۆنسولخانەی ڕووس لە (وان) کرایەوە، شێخ بەپەلە دووجار (یوسف ئاغا)ی باوەڕپێکراوی خۆی بە

پێشنیازەوە ناردە لای کۆنسول و بە هۆی باوەڕپێکراوەکانیەوە هەوڵی ئەدا کە لە ڕووسەکان بگەیەنێت کە لەو خەباتەیدا پشتی بەستووە بە پاراستن و لێپرسینەوەی ڕووسیا و پشتئەستوورە بە پشتگیریی ڕووس بۆ کورد و ڕوونی ئەکردەوە کە لەبەر ئەوەی ڕووسیا دراوسێی کوردە، لەبەر ئەوە هەمیشە زۆرتر ڕێزی لێگیراوە وەک لە بریتانیا.' بەڵام کامسارکانی ڕووس لە نامەکانیاندا بۆ باڵیۆزی ڕووس لە ئەستەمبوڵ ئەیاننووسی کە وایان لا باشە ئاور لە داخوازییەکانی کورد نەدرێتەوە بەڵکو باشتر ئەوەیە کە کریستیانە نیشتەجێبووەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بکرێن بە بەردی بناغە (هەروەکو خالفینیش باسیکردووە، جەلیلی جەلیلیش ئەم باری سەرنجەی لە سەرچاوەی سیاسەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیای قەیسەری وەرگرتووە.)

شێخ عبیدالله نیازی وابووە کە کوردەکانی عوسمانی و کوردی کوردستانی ئێران لە یەک کاتدا و پێکەوە ڕاست ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەوڵیشی ئەدا کە میللەتە چەوسێنراوەکانی تریش وەکو عەرەب و ئەرمەنەی و ئاسووری بەشداریی ڕاپەڕینەکەی بکەن.

شێخ بۆ ئەوەی هاوکاری و یارمەتیی میللەتە دراوسێکان مسۆگەر بکات لەگەڵ (مارشمعون)ی سەرەک ئایینی ئاسوری و (شەریفی مکە) و (خدیو)ی میصردا کەوتە گفتوگۆکردن.

جەلیلی جەلیل لە باسەکەیدا، هەروەکو چۆن خالفینییش باسی کردووە، باسی ئەوەی کردووە کە ئەبووایە بەشێک لە هێزی شۆڕشگێڕان بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادری کوڕە بچووکی شێخ لەگەڵ هێزەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامشی ئێران، شارەکانی (ئامێدی) و (موصل) داگیر بکەن و بەشێکی تریش بە سەرۆکایەتی شێخ عبیدالله خۆی شاری (وان) بگرێ.

ئینگلیزەکان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس لە ساڵی ١٩٧٩دا دەستیان کردبوو بە ناردنی پیاوەکانی خۆیان کە (لیوتنانت کر) و (فودمیرو فووزێر) نێرران بۆ ناوچەکانی ژووری ڕۆژهەڵاتی عوسمانی.

لەو ڕۆژانەدا لە مانگی شوباتی ١٨٧٩دا، لە ڕۆژهەڵاتی گۆلی (وان)دا بزووتنەوەیەکی لەخۆڕادا (عفوی) لەناو عەشیرەتی (حیدرانلی)دا دژی عوسمانی بەرپا بوو کە هۆی ئەوە بریتی بوو لە برسێتی و نەبوونی و هەژاری و

شۆڕشگێڕەکانی ئەو بزووتنەوەیە چوونە پاڵ شێخ عبیداللە.

لەگەڵ ئەوەشدا عوسمانییەکان کەوتنە خۆیان و سامی پاشا کە فەرماندەی لەشکری چوارەمی ئەنادۆلی حکومەتی عوسمانی بوو کە دەسەڵاتێکی زۆری پێدرابوو، نامەیەکی نارد بۆ شێخ کە لەگەڵ (بەحری بەگ)ی نوێنەر و باوەڕپێکراوی سوڵتاندا بکەوێتە گفتوگۆ.

بەحری بەگ ڕاسپێررابوو کە هەومو جۆرە ڕێگەیەک بگرێ لە ڕێگەی بەشینی پارە و پووڵ و دەمچەورکردنی شێخ بە مەرجێک واز لەو ڕاستبوونەوەیەی بهێنێت و (زیلونی) لە نامەیەکەیدا ئەنووسێ: "دەنگ بڵاوە کە حکومەتی عوسمانی لە ڕێگەی بەحری بەگەوە (شیر و مدالیای) ناردووە بۆ شێخ، لەگەڵ ئەوەشدا زمانلووسی و تەقەلای بەحری بەگ هیچ ئەنجامێکی نەبوو، شێخ فەرمانی دەرکرد بۆ هەموو کوردەکانی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی کە هیچ کەس باج و سەرانە نەدەن بە حکومەتی عوسمانی و لە ڕوویدا ڕاست ببنەوە. ئاسورییەکان لە ماوەی ئەو ڕووداوانەدا یارمەتییەکی زۆری کوردیان دا و پشتگیرییان لێ کردن."

کاپتن (کلایتۆن) لە نامەیەکیا لە ئەیلولی ١٨٧٩دا بۆ میجەر (ترۆتێری) ناردبوو کە ترسی ئەوەی هەیە کە مارشمعون و چەند کوردێکی دەستڕۆیو لە شاری (وان) پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕیوەکاندا هەیە و لە زۆر شوێندا ئاسورییەکان هەستی دوژمنایەتییان بەرامبەر بە قەشە ئەمریکاییەکان دەربڕی و بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوەیان نەئەدا ئەو قەشانە شارەزای ڕێگاوبانی ناوچەکانی ورمیە و موصل پەیدا بکەن و بەرەنگاری ئەو قەشە ئینگلیزانەش دەبوونەوە کە قەشە ئەمریکاییەکانیان دەپارست و بەو جۆرە ئاسورییەکان چوونە ڕیزی ناحەزانەوە.

جەلیلی جەلیل بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵوێستەی مارشمعون ئەڵێ: شێخ ڕەفتار و کردەوەیەکی زۆر باشی هەبووە لەگەڵ ئاسوریەکانی ناوچەکەدا و ئینگلیزەکان وایان لێک دابووەوە کە ئەو هەڵوێستەی مارشمعون لەبەر ئەوە بووە کە شێخ دژی ئەوە بووە لە لایەن هیچ کوردێکەوە زۆر لە ئاسوری بکرێ و تاڵان بکرێ و گەلێک جار شێخ مەرومالاتی تالانکراوی ئاسورییەکانی ئەگێڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان، کە ئەم پێوەندییە بەهێزەی نێوانی شێخ و ئاسوری بوو بە هۆی پەرژارەیەکی زۆر لەلای ئینگلیزەکان دەربارەی سیاسەتیان لە ئێران و عوسمانیدا. بزووتنەوەی کوردەکانی هەکاری لەناو کوردەکانی ئێراندا دەنگی دایەوە و زۆر پێخۆشحاڵ بوون و شێخ بۆ

هاندانیان بانگەوازێکی تایبەتی بۆ ناردن کە لە پێش هەمووانەوە عەشیرەتی (شکاک) چوو بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە و چەکدارەکانیان سنووری ئێران و تورکیایان بڕی بۆ ئەوەی بچنە پاڵ هێزەکەی شێخ.

لەبەر ئەوەی ئەو ڕاپەڕینەی شێخ مەترسی ئەوەی لێ ئەکرا کە بەناو گەلێک ناوچەی تری کوردستانی تورکیا و ئێراندا بڵاو ببێتەوە و تەشەنە بکا، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە ئینگلیز چاوی تێ بڕیبوو و هەوڵی لەناوبردنی ئەدا.

جەلیلی جەلیل لە باسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: شێخ عبیداللە وای لا باش بوو کە دان بە خۆیدا بگرێ و چاوەڕوان بێت کە ئەمەشی لەبەر ئەوە بوو کە هێشتا نەیتوانیبوو بەتەواوی هەموو سەرۆکە کوردەکان یەک بخا کە هاتبوونە ڕیزی ڕاپەڕینەکەیەوە، بۆیە ئەیویست پەلە بکا و سەرکێشی بکا و ڕووبەڕووی هێزی عوسمانیی پڕچەک و مەشقپێکراو بووەستێت و کە زستان هات چالاکیی ڕاپەڕیوەکانی تەواو کزبوو. عوسمانییەکان ویستیان بە دوو شێوە نیازی خۆیان دەرببڕن:

لەلایەکەوە هەوڵێکی زۆریان دا لە ئەوروپاییەکان بگەیەنن کە یەکگرتنی کورد ئەبێتە مایەی مەترسییەکی زۆر گەورە دژی ئەرمەنییەکان و ویستیان بەم تەقەلادانە پشتگیریی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن ئەگەر دەست کرا بە لێدانی کورد.

لەلایەکی تریەشەوە ڕۆژنامەی (عوسمانلی) کە لە ئەستەمبوڵ دەرئەچوو ئەرمەنییەکانی بەوە تاوانبار ئەکرد کە لەڕێی ئاینی کریستاینیەوە ئەیانەوێ موسوڵمانە کوردەکان بتوێننەوە.

بێجگە لەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەی (وەقت) و (حەقیقەت)یش دەمدرێژی خۆیان ئەکرد و بە درۆ و ڕوواڵەت بۆ کوردە قوڕبەسەرەکان ئەکەوتنە لاوانەوە و فرمێسکرشتن و بڵاویان ئەکردەوە کە خوێنی کورد لە لایەن ئەرمەنیە خوێنمژەکانەوە ئەمژرێ.

دیپلۆماسیەتی ئینگلیز بە هەموو شێوەیەک دژی پێکهاتن و یەکگرتنی کورد بوو وە لەناو ئەرمەنییەکانا پروپاگاندەیەکی زۆریان دژی کورد بڵاو ئەکردەوە و نیازی عەشیرەتەکانی کورد بۆ یەکگرتن هەتا ڕادەیەک ئینگلیزی خستبووە پەژارەوە هەروەکو لە سەرچاوەی COMMENCING WITH ACCESSIN OF WILLIAM VOL VI-1880, LONDONدا باسکراوە، لەولاشەوە ڕۆژنامەکانی ئەرمەنی ئەو دووڕوویی و

درۆ و دەلەسانەی ڕۆژنامەکانی عوسمانییان بە درۆ ئەخستەوە.

جەلیلی جەلیل لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "ئینگلیزەکان تەقەلایەکی زۆریان دا کە ئاسورییەکان بەشداریی ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیداللە نەکەن. پاش ئەوە ئینگلیزەکان هەوڵی ئەوەیان دا کە سنووری نێوانی عوسمانی و ئێران کونبڕ بکەن بۆ ئەوەی ڕێگەی هاتوچۆکردنی کورد بگیرێت و ڕاپەڕینەکەی کورد لەناو بچێت.

باڵیۆزەکانی ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ و تاران لەگەڵ سوڵتان و شای ئێراندا کەوتنە گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی توانای هەردوولایان یەک بخەن بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردەکانی سەرسنوور، بەڵام شێخ بەهۆی دووربینی خۆیەوە گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئێرانی بە لاواز بینی بوو، بۆیە لەلای ئەو وا باش بوو ڕاپەڕینەکەی لە ئێرانەوە دەست پێ بکات و ڕزگارکردنی کوردەکانی عوسمانیی دانا بۆ قۆناغی دووهەم.

شێخ عبیداللە لەناو کوردەکانی ئێراندا ناوبانگێکی گەورەی هەبوو، گەلێک لە عەشیرەتە کوردەکان خۆیان بە لایەنگر و پیاوی شێخ دائەنا و ڕادەی ناوبانگی و دەسەڵاتی شێخ لەناو کوردەکانی ئێراندا گەیشتبووە پلەیەک و بە جۆرێک پەرەیسەندبوو کە (ئابوت)ی کۆنسولی ئینگلیز لە (تەورێز) بەترسەوە (ئوفسوف) ئاگادار ئەکا کە شێخ توانیویەتی بەشێکی گەورەی عەشیرەتی شکاک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەو شکاکەی کە جاران دۆست و جێگەی بڕوای شای ئێران بوو. (ئابوت) لە ڕاپۆرتێکیدا ئەڵێ: "قەت حەز بەوە ناکرێ و نابێ ڕێگا بە شێخ بدرێت دەسەڵات و توانای خۆی لەناو کریستاینەکانی ئێراندا بڵاو بکاتەوە."

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر) ئەڵێ:(٩) لورد کیرزنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە باسی شێخ عبیداللەدا وتویەتی: "نەک هەر تەنها بێزاربوونی کوردی ئێران لە حکومەتی ئێران وای لە کوردەکانی ئەوێ کردبوو کە دژی ئێران بن و بەبن بە لایەنگری شێخ عبیداللە دژی حکومەتی قاجاری بەڵکو داپەروەری و ڕەوشتبەرزیی شێخ عبیداللە وای لەو خەڵکە کردبوو کە بە چاوی خۆیان جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوانی ئەو و کاربەدەستانی ئێراندا بەدی بکەن."

سەیر ئەوەیە، چ ئینگلیز و چ ڕووس، هەر یەکەیان بە جۆرێک شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەیان هەڵسنگاندبوو. بۆ نموونە ڕۆژنامەی DAILY TELEGRAPH ی ئینگلیزی نووسیبووی کە ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیداللە بە هاندانی ڕووس بووە و ڕۆژنامەی (قەفقاس)ی ڕووسیش نووسیبووی ئینگلیزەکان هانی شێخ عبیداللەیان دابوو لە

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیدا . لەولاشەوە ئەرمەنییەکان ئەیاننووسی ڕاپەڕینەکانی کورد بە هاندانی تورکە و دەستی تورکی تیادایە.

ئیگلتن لە کتێبەکەیدا (جمهوریەتی مهاباد) دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە لە لاپەڕە (١٩)دا وتویەتی:(٢٢) کوچران JOSEPH P. COCHRAN کە مسیونێرێکی بەناوبانگ و دوکتۆرێکی ناسراو بوو، لە خەستەخانەکەیەوە کە لە ورمیەدا بوو چووە چیاکان بۆ زیارەتی گوندە دوورەکانی ئاسوری کە هەندێک لەو گوندانە لەژێر دەسەلاتی شێخ عبیداللەدا بوو لە ناوچەی شەمزینانی تورکیادا و، لە کاتی ئەو زیارەتەیدا دۆستایەتییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ زەعیمێکی کورد، ئەو زەعیمەی کە زۆرجار مایەی کوشتن و هەڕەشەکردن بوو لە کریستیانەکان کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زەعیمە مایەی ڕێزلێگرتن و بەرزێتی بوو لە لایەن میسونێرەکانەوە و ئەڵێن کە گوایا شێخ عبیداللەشی لە نەخۆشی سی چاک کردبووەوە، و کوچران بە گوێی خۆی گوێی لەو شێخە بووە کە وتویەتی: کورد زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی یارمەتیی لە ئەمریکا و بریتانیاوە دەسگیر ببێت بۆ ئەوەی خۆیان لە کەڵەمەی عوسمانی و فارسی ڕزگار بکەن.

لەڕاستیدا لەو ڕووەوە شێخ عبیداللە لە ساڵی ١٨٧٨دا نامەیەکی ناردبوو بۆ کۆنسولی ئەمریکایی و بۆی ڕوونکردبووەوە کە کورد میللەتێکە خاوەنی تایبەتییەکی خۆیەتی و هەمیشە دژی ئەو کار و ڕەفتارە دڕندانەیە کە هەردوو حکومەتی تورک و فارس بەرامبەر بە کورد ئەیکەن.

لە هاوینی ساڵی ١٨٨٠دا حکومەتی فارس تاوانێکی گەورەی کرد بەرامبەر بە کورد لەبەر ئەوە شێخ عبیداللە بڕیاریدا تۆڵەی ئەو تاوانەی بسێنێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ همزەئاغای سەرۆکی مەنگوڕدا ڕێککەوت و هەندێک سوارەی کەم چەکی کوردستانی تورکیاشی ئامادەکرد و لە ناوچە شاخاوییەکانی تورکیاوە چووە ناو خاکی ئێرانەوە لە بەرزاییەکانی خوارووی ورمیە و ڕۆژئاواییدا کە لەئەنجامدا ژمارەی شەڕکەرەکان گەیشتە بیست هەزار چەکدار و شێخ عبدالقادری کوڕی کرد بە سەرکردەی بەشێک لەو هێزە و شاری سابلاغی بەبێ بەرگری داگیرکرد و لەوێوە ڕووی کردە (میاندواو) و کوشتارێکی زۆری لە تورکە ئازربایجانەکانی ئەو ناوچانە کرد و بە هێزەکەیەوە لەوێوە ڕووی کردە (مەراغە) و لەوێش هێزێکی سوارەی ئێرانی شکاند و ڕاوی نان و ئەو شکاندنە مەترسیی خستە دڵی دانیشتوانی تەورێزەوە و

لەدواییدا کوردەکان کشانەوە بۆ بەرزاییەکانی خۆرئاوای نزیکی (ورمیە) و خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرشبردن.

کاربەدەستانی ئێران ئاگداری ئەوە بوون کە هێزی یارمەتیدەری ئێران بەڕێگاوە بوو کە بگاتە ئەو ناوچەیە بۆ یارمەتیدانی لەشکری ئێران، بۆیە بۆ دەسکەوتی وەخت تکایان لە دوکتۆر (کوچران) کرد کە بچێتە سەر شاخی (سەنیر) بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عبیداللەدا بکا بۆ دەستنیشانکردنی مەرجی خۆبەدەستەوەدانی ئەو کاربەدەستانەی ئێران (کە دیارە لەلایەن هێزی شێخەوە ئابڵووقە درابوون).

کوچران بۆیە ئەو کارەی کە ئێرانییەکان ڕایان سپاردبوو بەجێی هێنا، چونکە ئەیویست ئەو کریستیانانەی لەو ناوچانەدا بوون ڕزگاریان بکا لەو کوشت و بڕ و تالآنییەی کە دوور نەبوو تووشیان ببێت لەو شەڕەی کە لەنێوانی کورد و فارسدا بە دەستەوە بوو ڕوو بدات.

بەو جۆرە ئەو تەقەلایەی ئێران بۆ بەکارهێنانی کوچران فێڵێکی ئاشکرا بوو وە بۆ ئەوە بوو شەڕی کوردەکان لەگەڵ ئێراندا دوابخەن هەتا ئەو هێزی یارمەتیدەرەی کە بەڕێگاوە بوو ئەیانگاتێ.

بەو جۆرە شێخ عبیداللە هەل و دەرفەتێکی باشی لە کیس خۆی دا و بە گەیشتنی هێزە تازەکەی ئێران ئیتر خۆی پێ نەگیرا و ناچاربوو بکشێتە دواوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سەرسنوور و بۆ ناو هاوکارەکانی ئەو ناوە.

شێخ لە ساڵی ١٨٨١دا ناچاربوو مل بۆ سوڵتانی عوسمانی کەچ بکا لەکاتێکدا لەو ڕۆژانەدا عوسمانییەکان لەگەڵ حکومەتی شای ئێراندا لەسەر هەندێ ناکۆکی کۆن کە هەیان بوو ڕێککەوتبوون و شێخ لەئەستەمبوڵەوە ئاوارەکرا بۆ مەکە و لە ساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کرد. (بەڵام میر بصری لە لاپەڕە (٢٧٢)ی کتێبەکەیدا اعلام الکرد[٥٣] ئەڵێ شێخ لە ساڵی ١٨٨٢دا کۆچی دوایی کردبوو.

ئیگڵتن لە کتێبەکەیدا ئەڵێ:[٢٢] "شێخ محمد صادق (کە لەڕاستیدا وەکو لە سەجەرەکەشدا ناوی هاتووە محمد صدیق بووە نەک محمد صادق)ی کوڕی شێخ عبیداللە تاوانی ئەو کارەساتەی بەسەر باوکیدا هاتبوو خستیە ئەستۆی (کوچران) و لە تۆڵەی ئەوەدا بڕیاریدا تۆڵە لە هەموو میسونێرەکانی ئەمریکا بکاتەوە لەو ناوچانەدا، بەڵام سەیر ئەوە بوو زۆری پێ نەچوو ژنەکەی شێخ محمد صادق (صدیق) نەخۆش کەوت و ناردی بۆ خەستەخانەی میسونێرەکان لە ورمیە و لەوێ

چاودێرییەکی باشی ژنەکەی کرا و بەپێچەوانەی بڕیاری پێشووی شێخ محمد صدیق لە پاداشتی ئەوەدا دیارییەکی زۆر بەنرخی نارد بۆ کوچران کە بریتی بوو لە بارێکی ئێستر لە باشترین هەنگوین لەگەڵ باشترین تووتن.

بەڵام دوو کەسی تر لە دۆست و هاوڕێکانی شێخ عبیداللە کە جەلیل ئاغا و همزئاغای مەنگوڕ بوون، وەکو شێخ محمد صدیق ڕەفتاریان لەگەڵ نەکرا و ئەوە بوو جەلیل ئاغا کە کوشتاری (میاندواو)ی درابووە پاڵ خرایە ناو لوولەی تۆپێکەوە و پارچە پارچە بوو و هەمزئاغای مەنگوڕیش بە فێڵ لە ڕێگای سابلاغ بۆسەیان بۆ نایەوە و کوژرا.

هەرچەند ئاوارەکردنی شێخ عبیداللە بۆ مەکە و کوچکردنی دوایی لەوێ بۆشاییەکی تەواوی بەجێهێشت، بەلام لە ماوەی بیست ساڵێکدا دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و ناسیاوانی کورد پێوەندییان بە ڕووسەکانەوە کرد و ڕووس توانی ئەوانە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ئەوە بوو ڕووسەکان جعفرئاغای سەرۆکی شوکاک و عبدالرزاق بەدرخان و سید طەی شمزینییان دەعوەت کرد و چوونە لای قەیسەری ڕووس کە نیکۆلای دووهەم بوو و بە دیارییەکی زۆرەوە گەڕانەوە کە ئەو چوونەیان بوو بە هۆی ئەوەی هیوا و ئاواتێکی تازەیان بکا بەبەردا و زۆر دڵیان بە پەیداکردنی ئەو پێوەندییە خۆش بوو."

لەڕاستیدا ئیگڵتن هەر چۆنێک بووبێ، هەتا ڕادەیەک دەمارگیرێتی ئاینی کاری تێکردبوو و ڕاستییەکی مێژوویی شاردۆتەوە لە باسەکەیدا بەوەی کە زۆر بە شان و باهووی دوکتۆر (کوچران)دا هەڵیداوە و لە لاپەڕە (٢٠)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "ئەو دوکتۆرە باشە ژمارەیەکی زۆری لەو کریستیانانە ڕزگارکرد لەوەی لەلایەن عەشیرەتە کوردەکانەوە تووشی ڕاورووت و تالانی ببن و بکوژرێن کە لەڕاستیدا هەندێ لە سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن کە ئەو دوکتۆرە ڕۆڵێکی زۆر گلاوی هەبوو لە نانەوەی ئاژاوە و سازکردنی پیلان دژی شێخ عبیداللە بە هاوکاریی ڕژێمی ئێران کە لەوەدا سوود و مەبەستی ئێرانییەکان لەگەڵ سوود و مەبەست و سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکاندا یەکی گرتبووەوە، کە دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە (٩٠)ی کتێبەکەیدا باسی ئەو هەڵوێستەی (کوچران)ی کردووە.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە کتێبەکەیدا (کوردستان و شۆڕشەکەی) لە لاپەڕە (٨٨)دا دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە ئەڵێ:(٥) "کاتێک شێخ عبیداللەی نەهری

ڕووبەڕووی خوێنڕێژی و درندەیەتی ڕژێمی فارس ڕاست بووەوە و شۆڕشی بەرپاکرد، هەڵوێستێکی شەرەفمەندانەی هەبوو بەرامبەر بە (دیانەکان)... (بەپێچەوانەی ئەوەی ئیگلتن وتویەتی کە شێخ عبیداللە زۆرجار مایەی کوشتن و هەڕەشەکردن بووە لە کریستیانەکان، دیان).

شێخ عبیداللە لە نامەیەکیدا لە ساڵی ١٨٧٨دا کە بۆ کۆنسوڵی ئینگلیزی ناردبوو لەو ورمییە، لەو نامەیەدا مەبەست و خواستی شۆڕشەکەی ڕوونکردۆتەوە کە وتویەتی: "کورد نەتەوەیەکی قارەمان و ئازادیخوازە، تایبەتمەندییەکی پڕ بایەخ و داب و نەریتێکی سەربەخۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنەکانی هەوڵ ئەدەن بە خوێنڕێژی و دڕندەیەتی ناویان بزڕێنن. سەرکردەکانی کوردی تورکیا و ڕوسیا و ئێران یەک هیوا و یەک مەبەستیان هەیە، بۆیە پێویست دەکا چارەسەرێکی لەبار بۆ کێشەکەیان بدۆزرێتەوە دەنا خۆیان چارەسەرێکی گونجاو دەکەن. ئیتر لەوە زیاتر ناتوانن بە سیاسەتی قڕکردن و زۆرداریتی دوژمنەکانیان دان بەخۆدا بگرن. ئێمەی کورد هەرگیز ئەو ئاواتە پیرۆزە بەلاوە نانێین، هەرچییەکمان هەیە بە ماڵ و بە ژیانەوە هەتا دواتنۆکی خوێنمان لە پێناوی شۆڕش و چۆکپێدانی تورکیا و ئێران و دەسگیربوونی ئازادیمان خەرجی ئەکەین (دوکتۆر نەبەز لە پەراوێزی لاپەڕەی باسەکەیدا ئەڵێ سەرچاوەکەی بۆ ئەو نامەیە بریتیە لە کتێبەکەی دوکتۆر ئارشاک سافرستیان).

شێخ عبیداللە ئامادەیی خۆی پێشاندابوو بۆ هاوکاریکردنی لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکادا دژی ڕژێمی ئێران و تورکیا، بەڵام ئینگلیز و ئەمریکا هەستیان بەوە کردبوو کە شێخ عبیداللەی نەهری ئەو کەسە نییە و ئامادە نییە ببێتە داردەست و بەکرێگیراویان بۆ ئەوەی بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاری بێنن، بۆیە ئیمپریالیزمی ڕوس و ئینگلیزی دژی شێخ کنەیان دەکرد و تورکیان بەوە قایل کرد کە لەگەڵ ئێراندا ڕێک بکەوێ و پێکەوە دژی شێخی نەهری کار بکەن و دوکتۆر جوزیف کوچران کە ڕێبەرێکی عیسایی ئەمریکایی بوو ڕایانسپارد بە هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا پیلان دژی شێخی نەهەری ساز بکەن و شێخ عبیداللە ناچار بوو بە لەشکرێکی هەزار کەسیەوە هەرەس بە پیلانەکەی کوچران بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عبیداللە تۆڵەی ئەو تاوانەی لە کریستیانەکان نەسەندەوە کە ئەم هەڵوێستەی بە نایابترین هەڵوێستی مێژوویی ناوبراوە.

نووسەری کتێبی کوردوعەجەم لە لاپەڕەی (١٥٤)ی کتێبەکەیدا دەربارەی شێخ عبیداللە ئەڵێ:(١٩) "شێخ عبیداللە لە دوای باوکی بوو بە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی، باسی پیرۆزی و کارزانیی شێخ لە هەموو جێگەیەک دەنگی دابووەوە، هەموو ڕۆژێک لە دیوەخانەکەیدا میوانداریی ٥٠-١٠٠ کەسی ئەکرد و لەناو کورددا بە ئەمیرێکی بچووک لە قەڵەم ئەدرا.

لە شەڕی ڕوس و عوسمانیدا (ساڵی ١٨٧٧) کە سوڵتان عبدالحمید جاڕی غەزای دا بۆ بەشداریکردنی موسوڵمانەکان، شێخ عبیداللە لەگەڵ چەند سەد کەسێک لە موریدەکانی خۆی بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە چوو بۆ قۆڵی (بایزید) کە لەلایەن سوپای ڕووسەوە داگیرکرابوو، شەڕ بە تێکشکانی عوسمانی کۆتایی هات و شێخ لەو بەشداربوونەیدا چاکتر شارەزای دیوی ناوەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، لەوەدا لاوازییەکانی عوسمانی و گیروگرفتەکانی شارەزابوو دەسەڵاتی کاریگەری بێگانە و پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان تێگەیشت و ناسیاویی زۆرتر لەگەڵ پیاوە گەورەکانی کورد و ناوچەکانی پەیداکرد و چاکتر ئاشنای هەلومەرجی باری نالەباری ژیانی خەڵکی کوردستان بوو، هەندێ چەک و تفاقی جەنگی دەسکەوت و شارەزایی جەنگیی وەدەسهێنا.

شوێنی شێخ عبیداللە لەناو کورددا لە ناوچەکەدا نەک هەروەکو شێخێکی تەریقەت، بەڵکو وەکو ڕابەرێکی ناسراوی دینی، سیاسی، سپایی دەرەوشایەوە.

نووسەری ئەو کتێبە لە لاپەڕە (١٥٥)دا بە شێوەیەکی گشتی باسی ستراتیجی شێخی کردووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە لەوەدا:

١- هەوڵی دا هەموو کورد، بێ گوێدانە جیاوازیی خێزان، بنەماڵە، خێڵ، ناوچە، لەهجەی زمان لەسەر بنچینەی پێوەندیی نەتەوەیی کۆ بکاتەوە و لە دەوڵەتی بەناو ئیسلامیان دابڕێ (عوسمانی).

٢- دوژمنەکانی کورد: ئیمپراتۆریەتی قاجاری و عوسمانی لە کوردستان دەر بکات.

٣- هەردوو بەشی کوردستانی ئێرانی و عوسمانی لەژێر دەستی بابی عالی و دەرباری قاجاری دەربهێنێت و یەکی بخات.

٤- ئاسایشی سەروماڵیی خەڵک، بازرگانی، خوێندەواری، پیشەسازی، شارستانێتی لە کوردستاندا دابین بکات.

٥- هاوکاریی دۆستانە لەگەڵ گەلانی مەسیحی: ئەرمەنی و ئاسوری، هاونیشتمانی کورد لەسەر بنچینەی لێبووردنی دینی و ڕێزگرتنی یەکتری دابمەزرێنێ.

٦- هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەلانی موسوڵمانی ئێران و عەرەب (ویلایەتەکانی موصل، بەغداد، حجاز، میصر) دروست بکات.

٧- دانپیانانی سیاسی و قانوونی دەوڵەتانی گەورەی ئەورووپا بە دەست بهێنێ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە گەورانەش، ئوسلوبەکانی کاری سیاسی، دیپلۆماسی، سپایی بەکاربهێنێت.

نووسەری ئەو کتێبە لە لاپەڕە (١٦٢)یدا باسی ئەو نامەیەی کردووە کە شێخ ناردبووی بۆ (عباس مرزای باوک برای ناصرالدین شاه) کە هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا ناڕێک بوون و ناصرالدین شاه کە بووبوو بە شاه، ترسی ئەوەی هەبوو عباسی برای پیلانی بەرامبەر بکا و بێتە جێگەی. شێخ عبیدالله لەو نامەیەیدا کە بۆ عباس مرزای ناردبوو داوای لێ کردبوو کە هاوکاریی لەگەڵدا بکا بۆ شەڕکردنی دژی ناصر شاه. ئەو نامەیەی بە دوو نوێنەری خۆیدا ناردبوو بۆ عباس مرزا. عباس مرزا لەجیاتی ئەوەی بە دەنگ شێخەوە بچێت هەردوو نوێنەرەکەی شێخ ئەگرێ و لەگەڵ نامەکەی شێخدا ئەیانێرێت بۆ ناصرالدین شاه و ئەویش لە پاداشتی ئەو دڵسۆزییەیدا حوکمڕانی (قەزوین) ئەبەخشێت بە عباس مرزا.

نووسەر لە لاپەڕەکانی (١٦٣-١٩٤)دا بە دوورودرێژی باسی پێوەندیی شێخی کردووە لەگەڵ کریستیانەکان و لەگەڵ گەورەپیاوانی عەرەبدا بۆ هاوکاریکردن تا ئەگاتە باسی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە بەرامبەر بە هێزەکانی ئێران و لە لاپەڕە (١٦٩)دا باسی ئەوەی ئەکا کە بۆچی شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی لە کوردستانی ئێراندا دەستی پێ کردبوو نەک لە کوردستانی تورکیا کە لەو ڕووەوە وتویەتی:

١- ئێران لە تورکیا لاوازتر بووە.

٢- هێزەکانی ئێران لەو کاتەدا (بەپێی ئاگاداریی شێخ) بە شەڕی خێڵە تورکمانەکانەوە خەریک بووە.

٣- بەشێکی هێزەکانی حکومەتی ئێران کوردن، بە هیوای ئەوە بوو ئەو کوردانە ڕیزەکانی دوژمن بەجێ بێڵن.

٥- هەروەها زوڵم و زۆری عەجەم، باج و سەرانەی زۆر، جەریمەکردن (غرامە) و

سزاداني نارەوا، ئابرووبردن و سووكايەتی پێكردن، كوشتن و لێدان و ڕاونان لە كوردستانی ئێراندا گەیشتبووە ڕادەی تەقینەوە.

نووسەر لە لاپەڕەكانی دوای ئەوە دێتە سەر باسی ڕووبەڕووبونەوەی هێزەكانی شێخ لەگەڵ هێزەكانی ئێران بە سەركردایەتی اقبال الدولە و هەتا تێكشكانی شۆڕشەكەی شێخ عبیداللە كە هەروەكو سەرچاوەكانی تریش لێی دواون و بەر لەمە پێشكەشی خوێنەرانمان كرد.

هەروەها لە لاپەڕە (١٧٨)دا باسی ئامانجەكانی شێخی كردووە لە بزووتنەوەی دیبلۆماسی و پێوەندیكردن لەگەڵ دەوڵەتاندا كە ئەوەی لە چەند خاڵێكدا دەستنیشان كردووە:

١- خۆشناوكردنی كورد و سەلماندنی ڕەوای جیابوونەوەی لە ئێران و توركیا و بەدەستهێنانی مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی.

٢- ڕیسواكردنی زوڵم و زۆری ڕۆم و عەجەم لە كوردستاندا و خستنی ئەو خراپانەی كە ڕوویان ئەدا بەسەر ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئەواندا.

٣- دەرخستنی گرنگیتی كوردستانی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتانی ئەورووپایی لە ڕووی جێگیركردنی ئاسایش ناوخۆ و دابینكردنی ئازادی و سەلامەتی بازرگانی و ڕەفتاری باش لەگەڵ گەلانی مەسیحی و گرنگیتی ستراتیجیەتی شاخەكانی كوردستان لە كاتی جەنگدا.

ئامانجی سەرەكی لەمانەش هەمووی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی مەعنەویی دەوڵەتانی ئەورووپایی بوو بۆ خەباتی نەتەوەی كورد و دانپێنانی یاساییان بە دەوڵەتی كوردستانی یەككرتوو سەربەخۆ و جیا لە دەسەڵاتی قاجاری و بابی عالی توركی.

لە لاپەڕەكانی (١٨٠)دا باسی تەقەلایەكی سەرنەگرتووری شێخ عبیداللە ئەكا لە دیپلۆماسیەتی شێخ عبیداللەدا بەرەو ڕووسیا كە شێخ لە خەباتیدا دژی عوسمانی پشتی بە پاراستن و لێپرسینەوەی ڕووس ئەستوور بووە كە بیانووی شێخ لەمەدا ئەوە بووە ڕووسیا دراوسێی كوردە لەبەر ئەوەی كورد ئەتوانێت كار بكاتە سەر چارەنووسی شەڕەكە، چونكە هەموو ڕێگاوبانە شاخاوییە گرنگەكانی (وان) و (دیاربەكر) بە دەست كوردەوەیە (كە وەكو لە پەراوێزی لاپەڕەكانیدا باسی كردووە سەرچاوەكانی بۆ ئەوە نووسینەكانی جەلیلی جەلیل و خالفینە.

لەدوای ئەوەی باسی ئەوە ئەكا كە دیپلۆماسیەتی شێخ لەگەڵ ڕووسەكاندا كەڵكی

ئەبوو ئەوجا دێتە سەر بزووتنەوەی دیپلۆماسیی لەگەڵ بریتانیادا کە لەڕاستیدا لەوەشدا هیچ سوودێکی نەدی و لە لاپەڕە (١٨٥)دا باسی هەندێ لە نامەی دیپلوماسییەکانی بریتانیا کردووە کە هیچیان لەگەڵ ئاوات و مەبەستی کورددا نەبوون کە وەکو باسی کردووە بۆچوونی ئەو دیپلۆماسیانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆیان نواندووە:

١- خواستە نەتەوەییەکانی کورد پشتگیری نەکرێ.

٢- دواوا لە کورد بکرێ گوێڕایەڵی حکومەتە مەرکەزییەکان بێ.

٣- گەلە مەسیحییەکان لە بەشداریکردنی بزووتنەوەکەی شێخ عبیداللە دوور بخرێتەوە.

٤- ناوبانگی بزووتنەوەکەی شێخ بشێوێنرێ و تاوانی هاندانی ڕووسیا و ئاگاداری و پشتیوانی سوڵتانی عوسمانی بدرێتە پاڵی بۆ ئەوەی گوایا ئێران لاواز بکرێ و ڕووس ئەو هەلە بقۆزێتەوە.

٥- دەنگ و باسە نهێنییەکانی جووڵانەوەکە بەرێت بۆ کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی (لەلایەن ئینگلیزەوە) بۆ ئەوەی هەردوولا لە پلانی دامرکاندنەوەیدا کەڵکی لێ وەربگرن.

نووسەر لە لاپەڕە (١٨٦)دا ئەڵێ: "بەو جۆرە گەلەکۆمەکێی چوارقۆڵی بوو بە هۆی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیداللە (کە لەو چوارقۆڵییەدا مەبەست ئێران و عوسمانی و ڕووس و ئینگلیز بووە).

لە کۆتایی ئەو باسەیدا نووسەر باسی ئەنجامەکانی ئەو تێکشکانەی کردووە بەم جۆرەی خوارەوە:

١- لە کوردستانی ئێراندا هێزی حکومەت بە نیزامی و میلیشیایەوە بەربوونە وێزەی خەڵک و سزادانی بەکۆمەڵ، بۆ سەرکوتکردن و چاوترساندن بۆ ئەوەی جارێکی تر بیر لە ڕاپەڕینی تر نەکەنەوە کە بە قسەی سەرچاوەیەکی شارەزا وەکو (مسعود مرزا ظل السلطانی)ی کوڕی ناصرالدین شاە لەو چەند هەفتەیەدا سەدهەزار کەس کوژاران و سەد هەزار دەربەدەرکران و دوو هەزار گوندی بچووک و گەورە وێران کران کە ئەمە زیانێکی زۆر قورس بوو لە کورد کەوت کە تا نزیکی (٣٠) ساڵ وزەی جووڵانی لە بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی ئێراندا نەهێشت.

٢- لە کوردستانی عوسمانیدا، سوڵتان عبدالحمید بە پێچەوانەی ئێران هەوڵیدا

کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشت بۆ سەرکوتکردنی ئەرمەنییەکان و بەکارهێنانی ئەو کوردانە لە شەڕدا دژی ڕووس و ئێران و دەستی کرد بە نزیککردنەوەی ئاغا و شێخ و مەلاکانی کورد لە خۆی بۆ پێکهێنانی سوارەی حمیدیە (کە بە ئێسترسوار ناسرابوون).

٣- بزووتنەوەی نەتەوەیی ١٨٨٠ ئەگەرچی تێکشکا، بەلام سەرنجی دەولەتە ئەورووپاییە گەورەکانی ڕاکێشا و گرنگیی جیوپۆلیتکی کوردستانیان بۆ دەرکەوت و هەولیاندا لە جاران زۆرتر دەسەلاتی خۆیان لە کوردستاندا بەهێز بکەن و گەڕیدە و ئەفسەر و ئارکیۆلۆجی و جاسووسیان نارد بۆ سەردان لە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و فەرهەنگ و دەزگا زانستییەکانی ڕووس و ئینگلیز و ئەلمان پەرەیانسەند و زۆربوون کە ئەوە بەلگەی بایەخدانی ئەو دەولەتانە بووە بە کوردستان.

مامۆستا جەلال تالەبانی لە لاپەڕە (١٩٥)ی کتێبەکەیدا(١٠) دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە، کتێبەکەی ئارشاک سافرستیانی کردووە بە سەرچاوە کە ئیشارەتی بۆ ئەو نامەیەی شێخ عبیداللە کردووە کە ناردبووی بۆ کۆنسولی بریتانیا لە ورمیە. کە ئەو نامەیەش هەر ئەوەیە کە دوکتۆر جەمال نەبەز ئیشارەتی بۆ کردووە، بۆیە پێویستی بەوە نەکرد نامەکەی کۆنسولی بریتانیا دووبارە بکەینەوە.

نووسەر لە لاپەڕە (٨٨)ی کتێبەکەیدا باسی دروستبوونی (کۆمەلی عەشایری کورد)ی کردووە کە لە گوندی (نەهری) لە تەممووزی سالی ١٨٨٠دا دروستکرابوو، بەر لەوەی ئەو کۆمەلە دروست ببێت، شێخ عبیداللە پێوەندی کردبوو بە گەلێک لە سەرکردەکانی کورد و دراوسێیەتییەکی دۆستانەی هەبو ولەگەل ئەرمەنی و وئاسوورییەکان و کریستیانەکانی تردا بێجگە لە پێوەندیکردن بە دەولەتە بێگانەکانەوە وەکو ئینگلیز و ڕووس بۆ ئەوەی باسی کێشەی کوردیان بۆ بکا و بۆ ئەوەی لە ڕاستیی کێشەی کورد بگەن و ببن بە لایەنگری داخوازییەاکنی کورد، بەلام کە شەڕ و ڕاپەڕین دەستی پێکرد، هەرچەند لەسەرەتادا چەند سەرکەوتنێک دەستگیر بوو بەلام سەرکردەی شۆڕش خەلەتێنرا، بەتایبەتی لەدوای دەستێوەردانی ڕووسی قەیسەری و بریتانیا دژی شۆڕشی کورد بەتایبەتی لەدوای ئەوەی هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا لەگەل یەکدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بەجووت شۆڕشەکەی کورد لەناوببەن و لەئەنجامدا شێخ ناچارکرا بۆ گفتوگۆکردن بچێتە ئەستەمبول و لەجیاتی وتووێژکردن لەگەلیدا خرایە بەندیخانەوە و لەدوای گرتنی

سەرکردەی شۆڕش ئیتر ئەو شۆڕشە خۆی نەگرتەوە و نەیتوانی بەرگەی دوژمن بگرێ، چونکە لەڕاستیدا ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی فراوانی جەماوەری نەبوو بەڵکو شێوە و شەقڵی عەشایری زۆرتر پێوە دیاربوو ڕێکخراوێکی جەماوەری شارەزا و کارامەی نەبوو بیبات بەڕێوە هەروەکو هەموو بزووتنەوەیەکی تری عەشایری کە مێژوو دەریخستووە کە ناتوانن بگاتە قۆناغی سەرکەوتنی تەواو بێجگە لەوە کێش و قەوارەی هێزە سەربازییەکەی تورکیا و ئێران بە لایەنگیریی ڕووس و ئینگلیز گەیشتبووە ڕادەیەک کە لەتوانادا نەبوو هێزی عەشایر بتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.

دوکتۆر عەزیز شەمزینی لە کتێبەکەیدا[٦] دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە، سەرچاوەکەی بریتییە لە کتێبەکەی (ا. ا. اراليكيان) کە باسی کوردستانی ئێرانی کردووە و وتویەتی: "کۆنگرەیەکی عەشایری کورد لە ناوچەرگەی کوردەوە پێکهات و شێخ عبیداللە بەکردەوە هەوڵیدا حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنێت کە لەئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو کۆنگرەیەدا کوردەکان بۆیان دەرکەوت کە پشتبەستن و پێوەندیکردن بە بێگانەوە هیچ دادیکیان نادا لەبەر ئەوە لەژێر سەرکردایەتی شێخ عبیداللەدا ڕاپەڕین و کوردی زۆر شوێن وەکو شەمزینان و موکریان و سۆران و بادینان و ناوچەی وان و هەندێ شوێنی تر بەشدارییان کرد و شۆڕشگێڕەکان توانییان دەست بگرن بەسەر مهاباد و ورمێ و هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئازربایجاندا و لەو شەڕەی کە لەگەڵ لەشکری ئێراندا کرا هێزی ئێران شکا و کوردەکان بەرەو تەورێز ڕۆیشتن بۆ ئازادکردنی ئەوێش.

ئێران شپرزە بوو کەتەوتە پەلەپرووسکێ و داوای لە بریتانیا و حکومەتی قەیسەری ڕووس کرد فریای بکەون بۆ لێدانی شۆڕشەکەی کورد و لەئەنجامدا دوای هەڕەشە و گوڕەشەی ئەو دوو حکومەتە شێخ ناچاربوو کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەستەمبوڵدا و تورکەکان ئاوارەیان کرد.

## هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی شێخ عبیداللە:

لەدوای خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە، دەربارەی هۆی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە و سەرنەکەوتنی هەروەکو ئەوەی بەدرخان پاشا، ئەتوانین چەند سەرنجێک بخەینە بەرچاو:

١- شێخ عبیداللەش هەروەکو بەدرخان پاشا تەقەلایەکی زۆری دابوو کە زۆربەی سەرۆک کوردەکانی کورد کۆ بکاتەوە و بەشداریان بکا لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکەیدا، بەڵام لەڕاستیدا نەخشە و پرۆگرامەکانی بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە بریتی بوو لە نەخشەیەکی سەرپێیی و دووبارە هەروەکو ئەوەی بەدرخان پاشا بناغەکەی لەسەر پێکهاتنی سەرۆکعەشیرەتەکان دامەزراوە کە زۆرجار پشت بە عەشایر نابەسترێت و شۆڕشێک کە بناغەی ڕاپەڕینەکەی عەشایر بێت و دوور بێت لە جەماوەرەوە ئەگەر لەسەرەتاشدا چەند سەرکەوتنێک و دەسکەوتێکی هەبێت بەڵام لەئەنجامدا ناتوانێت بەرگەی هێزی سوپای حکومەتێکی چەکدار و مەشقپێکراو بگرێ و ئەنجامەکەی هەر بەو جۆرەی لێدێت کە شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا و شێخ عبیدالله بەسەریدا هات و بەداخەوە ئەویش هەروەکو شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا نەیتوانیبوو ڕێکخراوێکی سیاسی و دەزگایەکی لێوەشاوە و لێهاتوو لە چەند کەسێکی کارامە و شارەزا پێک بهێنێت لەگەڵ ئەوەشدا چ لە سوپای عوسمانیدا و چ لە کوردستانی ئێراندا ئەگەر بەوردی کارەکە ببرایە بەڕێوە ئەتوانرا لەناو ئەفسەر و شەرکەرەکانی کورددا دەزگایەکی سوپایی پێکبهێنرێت کە بناغەکەی لەسەر جەماوەری کوردی چەوساوە دروست ببووایە.

٢- شێخ عبیداللەش تەقەلایەکی زۆری دابوو، کە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا بکا بەتایبەتی لەگەڵ بریتانیا و ڕووسیادا، بەڵام تەقەلاکانی بێ حساب بووە و هەر جارەی لەگەڵ لایەکیاندا تەقەلای داوە و ئەو دوو لایەش هەر یەکەیان نەخشەی تایبەتی خۆی و مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو لە ناوچەکەدا کە ئەو مەبەستانە هیچیان لەگەڵ ئاواتەکانی کورددا یەکی نەگرتۆتەوە و ئەوانە هەمیشە ئەوەیان بە باش زانیوە کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک حکومەتی ئێران و عوسمانی بە لای خۆیاندا ڕابکێشن و مەبەستیان نەبووە کورد بۆچی هەوڵی داوە و مافی نەتەوایەتی خۆی هەبووە یان نا. بەداخەوە نەک هەر ئەو سەردەمانەی بەدرخان پاشا و شێخ عبیدالله بەڵکو بگرە هەتا ئیمڕۆش لێکدانەوەکانمان بۆ پێوەندیکردنی لەگەڵ حکومەتانی بێگانەدا حسابێکی سەرپێیی و کورتبینانە و لەسەر لێکدانەوەیەکی کاتییە و ئەو دەوڵەتانەش هەمیشە بەرژەوەندییەکی خۆیان هەبووە لە ناوچەکەدا کە زۆرجار کورد بەخۆڕایی خۆی لەو بەرژەوەندییەی بێگانەوە ئاڵاندووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی مسۆگەری بە دەستەوە بووبێت لەو پەیداکردنی دۆستایەتیەدا و

حکومەتانی بێگانە وەنەبووبێ کەمژە و گێل بووبن بەڵکو شارەزابوون و پسپۆری خۆیان هەبووە و هەموو جۆرە زانیارییەکی گەلاڵەکراو و تۆمارکراویان لەبەردەستدا بووە کە ساڵەهای ساڵ بوو سیخوڕ و میسونێرەکانیان دەربارەی کورد بۆیان کۆکردونەتەوە و ئەو زانیاریە تۆمارکراوانە هەمووی کەرەسەی بەسوود بوون بۆ کێشانی نەخشەی ئەو دەوڵەتانە لە پێوەندیکردنیاندا لەگەڵ کورددا و بەڵگەش ئەوەیە کە هەر بۆ خوێی چێشتیش بووبێت تاقە جارێک ئەو دەوڵەتانە بەڕاستی لەگەڵ کورددا نەجووڵاونەتەوە و هەرچییەکیان کردووە و وتویانە هەمووی ڕووالەت بووە و بۆ دەستبڕین بووە و کوردی خۆشبڕوا و ساویلکەش بە شتی ڕووکەش هەمیشە خەڵەتاوە و لەخشتەبراوە کە بەداخەوە ئێستاش نەتوانراوە هەروەکو میللەتانی تری سەر رووی جیهان لەناو کوردی هەموو کوردستاندا ڕێکخراوێکی کارامە لە کوردی لێهاتوو و شارەزای هەموو لایەک پێکبهێنرێت بۆ کێشانی نەخشەی هەر یەکێک لە بەشەکانی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی و نەخشەیەکی ستراتیژیی دوورودرێژ بۆ دواڕۆژی هەموو میللەتی کورد لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانیدا.

٣- نابێ شتێکی زۆر گرنگ هەیە چاوی لێ بپۆشرێ، ئەویش ئەوەیە کە کورد لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا بارەکەی زۆر ئاڵۆزە. لە لایەکەوە کێشەی نەتەوایەتی هەبووەو هەیە لەگەڵ فارس و عەجەمدا (ئازەری)، لە لایەکی تریشەوە کێشەیەکی ئاینی زۆر کۆن هەیە لەنێوانی کورد و ئازەری و فارسدا کە ئەمەیان لەڕادەبەدەر کاریگەرە و زۆرجار ئەوانە لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو نەتەوەی جیاوازن کە فارس و ئازەرییە، بەلام هەستی مەزهەبییان ئەوەندە بەتینە و ڕابەرەکانیان ئەوەندە توندوتیژن لەو ڕووەوە کە کار دێتە سەر بەراوردکردنی هەستی نەتەوایەتی و مەزهەبی، بایەخ بەمەی دوایی ئەدەن و ناڕێکیی نەتەوەیی ئەخەنە لاوە کە ئەو هاوکارییەی کە هەیە لەنێوانی ئازەری و فارسدا بەرامبەر بە کورد بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو ڕاستییە.

٤- بوونی ئەو دانیشتوانەی کە موسوڵمان نین لە کوردستاندا و ئەوانەی دراوسێی کورد بوون لە دێرزەمانەوە نەتوانراوە چارەسەرێکی بنبڕی بۆ بدۆزرێتەوە و ڕێگەی ئەوە نەدرێ ئەو جیاوازیی ئایینیە ببێتە هۆی ئەوەی کە زیان بە کورد بگەیەنێت. وڵاتانی سەرمایەدار و ئیمپریالیزمی ئەوروپا و ئەمریکا هەر لە ساتی پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازییەوە یەکێک لەو چەکانەی کە بەکاریان هێناوە بۆ

سوودی خۆیان بریتی بووە لە ئاوازی قەوانی جیاوازیی ئاین و ئەو دەوڵەتانە بۆ سوودی خۆیان بوون بە باوەڕپیارەی ئەو ئاین جیاوازانە و چوونەتە بنکڵێشەیانەوە و هەمیشە هەوڵیانداوە تۆوی ناکۆکی لەنێوانی ئەوان و ئەو میللەتانەی کە لەگەڵیاندا ژیاون، بەتایبەتی کورد، پەرە پێ بدەن و کێشە و نارێکی پەیدا بکەن بۆ ئەوەی لە درز و دەلاقەی ئەو نارێکی و ناکۆکیەوە بواری ئەوەیان هەبێت کە دەست بکێشنە کاروباری ناوچەکەوە کە بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلا زۆرانەش کە لە لایەن هی وەکو بەدرخان پاشا و شێخ عبیداللە و گەلێک لە سەرۆک کوردەکانی تر دراون نەتوانراوە هەتا سەر ئەو دۆستایەتیەی کە هەبوو لەگەڵ کورد و ئەرمەنی و ئاسوریدا بپارێزن و هەندێ جار سەرچڵیی و هەڵەشەیی هەردوولا بۆتە هۆی ئەوەی پشێوی و نارێکیی خۆڕایی ناڕەوا لەنێوانی هەردوولادا پەیدا ببێت کە لەوەدا ناتوانین بڵێین هەر کورد خەتابار بووە، بەڵکو زۆرجاریش ئەو کریستیانانە لەلایەن مسیونێرە بێگانەکان و پسپۆر و سیخورەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیزمەوە لەخشتەبراون و بەناڕەوا کراون بە دوژمنی کورد لەکاتێکدا کە ئەبووایە هێز و توانا و دەسەڵاتی هەموویان بۆ یەک شت تەرخان بکرایە کە بریتی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە داگیرکەرەکان کە ئەوانیش بێجگە لە دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان توانیبوویان ڕۆڵێکی زۆر گەورە ببینن بۆ پەرەسەندن بە ناکۆکی و نارێکی لەنێوانی کوردە موسوڵمانەکان و درواسێ کریستیانەکانیان کەئەم نەگبەتیە لە تێکچوونی نێوانی ئەرمەنی و کورددا و لەنێوانی ئاسوری و کورددا زۆر بەئاشکرا و بەزەقی لە قۆناغەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا دەرکەوتووە کە سەرچاوەکان بە دووروودرێژی باسیان کردووە و نووسەر و ڕەخنەگەری بەویژدان ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تۆمارکردووە و پێویستە لەسەر کورد لە هەموو کاتێک زیاتر ئیمرۆ بایەخ بەوە بدا و ڕێگە نەدرێ بە هەڵەکانی کۆندا بچێتەوە.

## ٣- بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و خوێندەواری عبدالرزاق بەدرخان

عبدالرزاق بەدرخان کوڕی نەجیب پاشا بووە کە نەجیب پاشای باوکی کوڕەگەورەی بەدرخان پاشا بووە.

جەلیلی جەلیل، لە کتێبەکەیدا، نهضە الاکراد الثقافیە، کە لەدواییدا باسی

ئەکەین لە لاپەڕە (١٤٣)ی ئەو کتێبەدا، ترجمەی عەرەبی لەڕووسیەوە[٢١] دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی عبدالرزاق وتویەتی: لە ساڵی (١٨٦٤ز.)دا لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە. بەڵام دوکتۆر کەمال عەلی لەو باسەیدا کە لە گۆڤاری (چوارچرا)ی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٦ کە لە سوید دەرچووە وتویەتی: لە ساڵی ١٨٤٦دا لە دایک بووە، کە لام وایە یەکێکیان هەڵەی چاپەمەنی بێت، کە ژمارەی ٤ و ٦ ڕەنگە پاشوپێش کەوتبن.

عبدالرزاق بەدرخان یەکێک بووە لە هەرە ڕۆشنبیر و دووربینەکانی کوردی سەردەمی خۆی کە بەڕاستی لە هەندێ بۆچوونیدا ئەوەندە زیرەکانە بۆی چووبوو ئەگەر بار و هەڵوێستی دەوڵەتان لەو ڕۆژانەدا یارمەتیی بدایە و ڕێگەی هەبووایە مەبەستەکانی بهێنێتە دی، میللەتی کورد لەناو خۆیدا یەک بووایە و فیوداڵی و کەمتەرخەمیی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کورد نەبووایە و هاوکارییان لەگەڵ عبدالرزاق بدرخاندا بکردایە، دوور نەبوو دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپای ئەو ڕۆژانە کە دەمیان ژەندبووە کاروباری ناوچەکەوە حسابێکی تریان بۆ میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی و بۆ مافی ڕەوای ئەکرد و بە چاوی میللەتێکی دواکەوتووی پەکنەگرتوو و سەیریان نەدەکرد.

بەڵام بەداخەوە پلەی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی ئەوەندە کز و نزم بووە لە کوردستاندا کە بە دانسقە خوێندەواری کورد هەبووە و هەروەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسکراوە، شۆڕشگێڕێکی ئازا و نەبەردی وەکو سمکۆ نەیتوانیبوو خوێندەوارێکی کوردی لای خۆی بکا بە کاتب و میرزای خۆی و چ ئەو و چ جعفرئاغای برای کە لە ساڵی ١٩٠٥دا لە لایەن ئێرانییەکانەوە، لە فارس و ئازەرییەکانیان کردبوو بە کاتبی خۆیان.

ئەو تاکوتەرا خوێندەوار و ڕۆشنبیرانەی کوردیش کە لەو سەردەمانەدا هەبوون ئەوەندە کەم بوون کە نەیانتوانیوە بەو تاکوتەرایە ڕۆڵێکی گرنگ ببینن و بەداخەوە ئەو ڕۆژانە تەنها ڕۆژ ڕۆژی سوارچاکی و دەستڕاستی و نیشانگرتنەوە و شەقە لە ئاوزەنگیدان بووە و تاکوتەرایەکی وەکو مەلا محمدی تورجانی و بنەماڵەی قازی لە سابڵاغ و چەند مەلایەکی خوێندەواری تر نەبێت ئەوی تر فری بەسەر خوێندەوارییەوە نەبووە، بۆیە گرنگێتی عبدالرزاق بدرخان و تەقەلاکانی لەوەدا بووە کە پەنجەی خستبووە سەر زامە سەختەکانی لەشی کورد و کەوتە هەڵپەی

بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و بایەخدان بە ڕۆژنامەگەریتی کە بێگومان حاجی قادری کۆیی شاعیر کە مامۆستای عبدالرزاق بدرخان بووە لەمنداڵیدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لە هەڵدانەوەی مەڵاشووی هەست و هۆشیدا و هاندەرێکی کاریگەر بووە بۆ چەسپاندنی هەست و هۆشی نەتەوایەتیی کورد لە مێشک و دڵیدا.

عبدالرزاق بدرخان وەکو یەکێک لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە هەموویان ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوون و هەر یەکەیان بە جۆرێک و لە قۆناغێکدا دەوری تایبەتی خۆی هەبووە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا کە بەداخەوە دوای کامەران بەدرخان ئیتر هەواڵی چالاکی هیچ لایەک لەو بنەماڵەیە نابیستینەوە.

عبدالرزاق بدرخان چ بە چاوی خۆی بوویێت کە بەسەرهاتەکانی دیوە و لە کاتی ژیانیدا ڕوویداوە، چ لە دەمی کەسوکارەکانیەوە هەواڵی بەسەرهاتەکانی پێشووی لێ بیستوون، ئەمانە هەمووی لە مێشکیدا کەڵەکەی کردووە و بیری لەوە کردۆتەوە کە بۆچی میللەتەکەی لەناو ئەو هەموو میللەتانەی ناوچەکەیدا وا بەشخوراوو و دابەشکراو و نەخوێندەوار و بێبەشن لە شارستانێتی و لە کاروانی ڕۆشنبیریدا چەند قۆناغێک لەدوای میللەتانەوەن، بۆیە عبدالرزاق بدرخان بە زۆری بیری لە شۆڕشی فیکری و ڕۆشنبیر و شارستانیی کردۆتەوە و ئەو شێرپەنجەیەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لەشی کوردی دائەرزان و میللەتی کوردی خستبووە ژێر باری گران و چەوساندنەوەی داگیرکەرانەوە بە شەو و ڕۆژ بەدەمیەوە تلاوەتەوە و بڕیاری داوە تەقەلای ئەوە بدا کە چارەسەرێکی بنبڕی بۆ دواکەوتنی کورد بدۆزێتەوە کە لەوەدا چەند شتێکی گرنگی خستۆتە پێش چاوی خۆی کە بەر لە هەموویان بریتی بووە لە کردنەوەی قوتابخانە بۆ خوێندنی منداڵی نەوەی تازە و بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بتوانێت گەلێک شتی بەنرخی تیادا بڵاو بکرێتەوە بۆ هاوولاتییەکانی و لەو باسانەوە بتوانن باری خۆیان و وڵاتەکەیان هەڵسەنگێنن و بە هەمووان دەست بکەن بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و خوێندەواری بۆ هێنانە بەرهەمی دوارۆژێکی دوور لە تاریکایی نەخوێندەواری و زاڵبوون بەسەر تەقالید و عەنعەناتی کۆنی پڕوپووچدا کە ساڵەهای ساڵ بوو میللەتی کوردیان بردبوو بە ناخی دواکەوتندا و بەڕاستی لەوەدا عبدالرزاق بدرخان لەگەڵ ئەو شیعرەی پیرەمێردا بوو کە لە دوای ساڵەهای ساڵ ئەویش هاواری کردووە و وتویەتی:

خوێندەوارییە... ئاخ خوێندەوارییە هەر میللەتێک خوێندەوار نەبێ دەردی کارییە

دەربارەی چالاکیی ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی و خوێندەواری عبدالرزاق بدرخان و گەلێک سەرچاوە باسیانکردووە.

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٣٨٤)دا ئەڵێ: "عبدالرزاق بدرخان لە ساڵی ١٩١٢دا لە شاری ورمیە ڕۆژنامەیەکی مانگانەی دەرکرد، بەڵام پاش ماوەیەک ڕووسەکان عبدالرزاق بدرخانیان لە ورمیە دوورخستەوە و هەروەکو باسیانکردووە لەدوای عبدالرزاق بدرخان، ئیتر سمکۆ ئەرکی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی هەتا ساڵی ١٩١٤ کە ئیتر ئەو ڕۆژنامەیە لە دەرچوون وەستا. (علاءالدین سجادی لە لاپەڕە (٥٥٢)ی کتێبەکەیدا، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارفی بغداد، ساڵی ١٩٥٢) باسی دەرچوونی گۆڤارێکی کوردیشی کردووە کە لە ورمیە لە لایەن میسونێرەکانەوە لە ساڵی ١٩١٢دا بڵاوکراوەتەوە کە هیچ زانیارییەک لەو ڕووەوە نییە.)

بێجگە لەو ڕۆژنامە مانگانەیەی کە عبدالرزاق بدرخان بۆ سمکۆی بەجێهێشت لە ساڵی ١٩١٢دا کە هەتا ساڵی ١٩١٤ درێژەی پێدابوو، لەدواییدا لە ساڵی ١٩٢١ سمکۆ ڕۆژنامەیەکی تری دەرکردووە کە لەدواییدا لەو باسە تایبەتییەی کە بۆ سمکۆمان تەرخان کردووە لە باسی چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی سمکۆدا بە دوورودرێژەی لێی ئەدوێین.

لەڕاستیدا دەربارەی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیەی کە مارتن ڤان برونسون باسیکردووە کە گوایا عبدالرزاق بدرخان دەریکردوە لە ورمیەدا و لەدواییدا سمکۆ درێژەی پێداوە تا لە ساڵی ١٩١٤دا داخراوە، نەختێک ئاڵۆزی هەیە کە ئەو ئاڵۆزییە لەوەدا دەرئەکەوێ کە سمکۆ چالاکیی خۆی لەگەڵ عبدالرزاق بدرخاندا لە شاری (خۆی)دا کردوە نەک لە ورمیە کە هەروەکو لە سەرچاوەکانی دواییدا باسیان ئەکەین ئەو ڕاستیە دەرئەکەوێ، لەبەر ئەوەی لام وایە ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە دەریشچوبێت لە شاری (خۆی)دا بووە نەک لە ورمیە، ئەوەی ورمیە ئەوە بوو کە لەدواییدا سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا دەریکردووە کە لە شوێنی خۆیدا باسی ئەکەین.

دەربارەی چالاکیی عبدالرزاق بدرخان ئەو کتێبەی بە ڕووسی تاقمێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس لە ساڵی ١٩٨٧دا چاپیان کردووە وتویانە:(١٧) "لە ساڵی ١٩١٣دا عبدالرزاق بدرخان لە شاری (خۆی) کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری پێکهێنا کە وەکو ئەو سەرچاوە ئەڵێ ناوی کیهاندن بووە، بەڵام لەڕاستیدا ناوی (جهاندانی) بووە. ئەو

کۆمەڵە پرۆژە و نەخشەیەکی ئامادەکرد بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی لەگەڵ کڕینی چاپخانەیەک و کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی و عبدالرزاق بدرخان داوای لە قۆنسوڵی ڕووس کرد لە (خۆی) کە چاودێری و سەرپەرشتیی ئەو کۆمەڵە بکا و عبدالرزاق بدرخان پرۆگرامێکی تەواوی ئامادەکرد بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی پێوەندیی ڕۆشنبیریی کوردی-ڕووسی بە هاوکاریکردنی ئەکادیمی (ن. یا. مار) و (ئی. ا. ئوربیللی) لەگەڵ پرۆژەی ناردنی گەنجی کورد بۆ خوێندن لە ڕووسیادا بەڵام هەموو تەقەلاکان هاتە سەر ئەوەی کە قوتابخانەیەک لە شاری (خۆی)دا بکرێتەوە لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩١٣دا کە دەسبەجێ لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانەوە دەست کرا بە بەربەرەکانیکردنی ئەو قوتابخانەیە و ڕووبەڕووبوونەوەی سەرگرتنی تەقەلاکانی تر کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێگا لەوە بگیرێ کە ئەو قوتابخانەیە دەنگێکی تەواو باش و کاریگەر لەناو جەماوەری کورددا بڵاو بکاتەوە. هۆی ئەمەش ئەوە بوو ئەوانەی لەو تەقەلادانەدا بەشدارییان کردبوو، زۆربەیان دەرەبەگ و پیاوی ئاینیی وشک بوون، بۆیە بۆچوونەکانیان و لێکدانەوەی چینایەتی و سیاسییان لەگەڵ مەبەستەکانی ئەو ئامانجانەدا یەکی نەدەگرتەوە بۆیە، ئەو تەقەلایانە نەیانتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست بهێنن.

ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە باسەکەیاندا دەربارەی کوردەکانی ئەو ڕۆژانە وتویانە: "ناوچەی (وان) و ئەرزروم بوون بە مەڵبەندی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا و عبدالرزاق بدرخان و سید طەی شەمزینی لە بەهاری ١٩١٣دا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی عوسمانی و بنەماڵەی بەدرخان داوای سەربەخۆیی کوردستانیان ئەکرد لەژێر سایەی ڕووسیادا.

بەڵام ناکۆکیی نێوان کورد لەسەر ئەوەی کە کامیان بن بە سەرۆکی کورد بوو بە هۆی ئەوەی هەر یەکەی بە جۆرێک و بە لایەکدا بیر بکاتەوە. تاقمی عبدالرزاق بدرخان سەر بە ڕووس بوون و تاقمی (حسن بەگ)ی ئامۆزای عبدالرزاق لایەنگری ئینگلیز بوون، بەڵام شێخ عبدالقادری شەمزینی هەر بە لایەنگرێتی تورک مایەوە (لەڕاستیدا ئەو هەڵوێستەی شێخ عبدالقادری شەمزینی هەر بەو جۆرە مایەوە و لەدوای شەڕی جیهانی لەگەڵ بەدرخانییەکاندا لەسەر ئەوە ناڕێک بوون چونکە شێخ عبدالقادر هێشتا هیوای بە تورک مابوو کە بە میراتگری خەلافەتی ئیسلامی دائەنان و تاقمی بەدرخانییەکان دژی ئەو بۆچوونە بوون کە وەکو لە شوێنی خۆیدا

هەواڵنامەی کتێب
KURD ARSHIV

باسمکردووه میجر نوئیل که چووبوو بۆ کوردستان بۆ ئەوە چووبوو کە ڕێگە لەوە بگرێ بەدرخانییەکانیش بچنە سەر ئەو بۆچوونەی شێخ عبدالقادر کە بەداخەوە لەئەنجامدا ئەو ناڕێکییەی کورد لە تورکیادا بوو بە هۆی زیندەبەچاڵکردنی هیوا و ئاواتی کورد و پەیمانی سیڤر پشتگوێ خرا و پەیمانی لۆزان هاتە کایەوە.

نووسەرەکان ئەڵێن: "لەو هەلومەرجەدا سید طەی شەمزینی کە برازای شێخ عبدالقادر بوو پەنای بیردە بەر ڕووسیا، بەو جۆرە تەقەلاکانی هەموو لایەکیان بێ سوود بوو. لەو ڕۆژانەدا شاری (بتلیس) بووبوو بە مەڵبەندی بزووتنەوەی کورد بە سەرکردایەتی (مەلا سەلیمی بەتلیسی)، کە ئەمە بوو بە هۆی بزووتنەوەیەکی گشتی لەلایەن کوردەوە کە هەندێ سەرکردەی کورد لەو بزووتنەوەدا بەشداربوون وەکو عبدالرزاق بدرخان و یوسف کامل و سید طە و سمکۆ.

بەلام تورکەکان زۆر دڕندانە پەلاماری ئەو ڕاپەڕینەیان دا و سەرکردەکانی کورد خۆیان کۆکردەوە و داوایان لە ڕووس کرد کە یارمەتی سپایی و سیاسییان بدات، نووسەرانی ئەو کتێبە لە باسەکەیاندا ئەڵێن: "بەلام بەداخەوە لە پێش شەڕی یەکەمدا لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلایانەی کە درا نەتوانرا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی تورکیا و ئێراندا یەک بگرێ و کورد لەو ماوەیەدا یارمەتیی هیچ دەوڵەتێکی دەستگیر نەبوو."

زنار سلوپی (قدری جمیل بەگ) لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (١٠١)دا دەربارەی عبدالرزاق بدرخان وتویەتی:[١١] "لە ساڵی ١٩١٤دا عبدالرزاق بدرخان و سمکۆ و شێخی نەهری کوڕی شێخ عبیداللە (مەبەستی سید طە شەمزینی بووە کە لەوەدا بە هەڵە چووە چونکە سید طە کوڕی شێخ عبیداللە نەبووە، بەڵکو کوڕەزای بووە.)، لە ڕووسەکانی قەیسەری نزیک بوونەوە و پەیمانێک بەسترا کە هەموویان بە یارمەتیی ڕووس ڕاپەڕن و داوای مافی ڕەوای کورد بکەن، بەلام ئەمە مایەوە هەتا شۆڕشی ئۆکتوبەر ڕوویدا ئیتر ئەوانە هەموویان گەڕانەوە بۆ تورکیا. عبدالرزاق بدرخان دەستبەسەر کرا و نێررایە بەندیخانەی موصل، بەلام بەر لەوەی محاکەمە بکرێت ئیعدامیان کرد. بەلام سید طە و سمکۆ کە لە ڕووسیا گەڕانەوە دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر خۆیان نەدا بە دەستەوە و گەڕانەوە ناو خاکی کوردستانی ئێران.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە دوو کتێبیدا باسی چالاکیی ڕۆشنبیری و سیاسی عبدالرزاق بدرخانی کردووە لە کوردستانی ئێراندا.

سەرچاوەی یەکەم (دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر)(٢٩) لە لاپەڕە (٢٤٤)دا وتویەتی: "لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی مشروتیەی ئێران سەرنەکەوت (مەبەستی مشروتییەی ساڵی ١٩٠٦ بووە کە ئەمەی ئێران بەر لە مەشروتییەی تورکیا بووە کە لە ساڵی ١٩٠٨دا بووە)، بەڵام هەتا سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای ئەوەش کوردستانی ئێران ئاسایشی بە خۆیەوە نەدیبوو.

لەو ماوەیەدا لە کوردستانی ئێراندا عبدالرزاق بدرخان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی دەربارەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردستانی ئێراندا و لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣دا کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری دروستکردبوو لە شاری (خۆی) کە یەکەم قوتابخانەی کوردیی تیادا کردەوە و هەوڵی دا یارمەتیی ڕووسەکانی دەستگیر ببێت بۆ خەباتی میللەتی کورد دژی ڕژێمی قاجاری و عوسمانی و لە ئەنجامی فشاریاندا عبدالرزاق بدرخان ناچار بووبوو بچێتە (تفلیس) لە (جۆرجیا) و لەوێوە چوو بۆ پاریس."

لە سەرچاوەی دووهەمیدا (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا)(٦٤) لە لاپەڕە (٣٧)ی ئەو کتێبەدا باسی چالاکیی عبدالرزاق بدرخانی کردووە لە کوردستانی ئێراندا و وتویەتی: "هەروەکو چۆن مامۆستا (خلیل خیالی) لە تورکیادا کوردێکی ڕۆشنبیری چالاک بووە و بایەخی دابوو بە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری لەناو کوردەکانی کوردستانی تورکیادا، بەو جۆرەش عبدالرزاق بدرخان هەمان ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەناو کوردەکانی کوردستانی ئێراندا و جێگەی خلیل خیالی گرتبووەوە.

عبدالرزاق بدرخان لە ساڵی ١٩١٣دا کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری دامەزراند و بەتەمای ئەوە بوو چاپخانەیەکیش دابنێ و ڕۆژنامەیەک دەر بکا و هەنگاوی هەرە گەورەی ئەو کۆمەڵە بریتی بووە لە کردنەوەی یەکەم فێرگە (قوتابخانە)ی کوردی لە شاری (خۆی) کە بە پارە و باربووی کوردەکانی ئەو ناوچانە ئەبرا بەڕێوە.

دوکتۆر کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە (٣٨)دا ئەڵێ: "هەروەکو لازاریف باسیکردووە ئەو فێرگەیە لە ڕۆژی ١٩١٣/١١/٢٤دا کراوەتەوە و بەو بۆنەوە لە شاری (خۆی) ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕا. ژمارەی یەکەم دەستەی ئەو فێرگەیە (٢٩) قوتابی بووە کە بە زمانی کوردی دەرسیان خوێندووە و بە ئەلف و بێی ڕووسی دەیاننووسی و شانبەشانی کوردی، زمان و ئەدەبی ڕووسیشیان فێر دەکردن و لەناو قوتابخانەکەدا

نەخۆشخانەیەکی بچووکیشیان هەبوو."

دوکتۆر کەمال عەلی لەو باسەیدا کە لە گۆڤاری (چوارچرا)دا بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی چالاکیی عبدالرزاق بدرخان ئەڵێ:(٣٦) "سەرکردە کلاسیکیەکانی کورد هەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ویستویانە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە ڕووسەکانەوە گرێ بدەن و بە یارمەتیی ئەوان سەربەخۆیی کورد بە دەست بێنن. یەکێک لەو سەرکردانەی ئەو ڕێبازەی گرتبووە بەر عبدالرزاق بدرخان بووە.

عبدالرزاق بدرخان کوڕەگەورەی نەجیب پاشا بووە کە کوڕی بدرخان پاشا بووە و لە ساڵی ١٨٤٦دا لە دایک بووە (وەکو لەپێشدا باسمانکرد جەلیل جەلیلی ساڵی لەدایکبوونی بە ١٨٦٤ز. داناوە.)

عبدالرزاق بدرخان قوتابیی حاجی قادری کۆیی شاعیری مەزن بووە و ڕۆشنبیرێکی بەرزی کورد بووە و زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئەورووپایی زانیوە و لە شۆڕشی فرەنسا و بیروباوەڕی دیموکراتیی بۆرجوازی شارەزاییەکی تەواوی هەبووە و ساتێک کراوە بە سکرتێری باڵیۆزخانەی عوسمانی لە ڕووسیا، لەوێ زمانی ڕووسیش فێر بووە.

عبدالرزاق بدرخان لە سەرەتای چوونە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە هەتاکو کاتی مردنی پێوەندنیی بەردەوامی لەگەڵ ڕووسی قەیسەریدا هەبووە و ویستویەتی بە یارمەتیی ئەوان سەرکەوتنی کورد وە دەست بێنێت.

عبدالرزاق یەکێک بووە لەو سەرکردە ژیرانەی کورد کە بیری لەو چارەنووسی نەتەوەی کورد کردۆتەوە و تەنانەت یەکەم سەرکردەی کورد بووە کە بەرنامە و پلانی سەربەخۆیی کوردستانی بە جۆرێکی ڕێکوپێک داناوە.

دوکتۆر کەمال عەلی لە باسەکەیدا ئەڵێ: "زانا و کوردناسی بەناوبانگی سۆڤیێتی (ئا. ئوربیللی) لە چاوپێکەوتنێکی عبدالرزاق بدرخاندا لەگەڵیدا بەم جۆرەی خوارەوە باسی عبدالرزاق بدرخانی کردووە کە بە ئوربیللی وتوە: "هەرگیز ئەوە لە بیر ناکەم کە میللەتەکەم لە کۆت و زنجیری عوسمانی و قاجاریدایە، هیوا و ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و داگیرکەر ڕزگار بکەین.

ئنجا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە، گەلەکەمان پێویستییەکی زۆری بە خوێندەوار هەیە، کلیلی ئەمەش بریتیە لە ڕەخساندنی هۆی فێربوون و خوێندەواریی

گەلی کورد، لەمەدا یارمەتیمان بدەن، ئەگەر بە من و هەڤاڵانیشم ڕزگار نەکرا، هەر کاتێ کورد بوو بە خاوەنی دەست و قەڵەم و خوێندەواری، ئەوسا دەتوانێت بە خۆیدا بێتەوە و ئازادیی خۆی ببینێت. (سەرچاوەی ئەمەی دەربارەی ئۆربیللی لە قەناتی کۆردۆوە وەرگرتووە، هەروەکو لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەو باسەدا لێی دواوە.)

لە سەرەتاوە دەردەکەوێ، کە هۆی پێوەندیی عبدالرزاق بدرخان لەگەڵ ڕووسیادا بێهوودە نەبووە، بەڵکو ئەو ئامانجەی کە بۆی تێکۆشابوو، پلانی تایبەتیی خۆی بۆ دانابوو کە بەر لە هەموو شتێک گەرەکی بوو لەو دوژمنایەتیە بنجداکوتاوەی کە هەر لەکۆنەوە لەنێوانی تورک و ڕووسدا هەبووە سوود وەربگرێ و لەو ڕێگایەشەوە هاوکاریی ڕووسیا بۆ کورد مسۆگەر بکات. لە لایەکی تریشەوە ڕووسەکان دەستەڵاتیان لەناو کوردستانی سەر بە قاجاریشدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە وڵاتی ڕووسیا هاوسێی خاکی کوردیش بووە.

هەرچەند ئەورووپای ڕۆژئاواش، بەتایبەتی بریتانیا لەڕێگای میسیۆنێرەکانیەوە، ئەیانویست سەرکردە و سەرەکهۆزەکانی کورد بکەنە دۆست و بەلای خۆیاندا ڕایانکێشن، بەڵام عبدالرزاق زۆرباش لە فروفێڵی ئینگلیزەکان گەیشتبوو بەرامبەر بە میللەتانی ڕۆژهەڵات، ئەمە بێجگە لەوەی کە عبدالرزاق بدرخان ماوەیەک لە بریتانیادا ژیابوو (عبدالرزاق بدرخان لە ساڵی ١٨٩٤دا کە لەتاو ڕەفتاری عوسمانییەکان ڕایکردبوو، خۆی گەیاندبووە یەریڤان بۆ ئەوەی لە کوردستانەوە نزیک بێت، بەڵام لەسەر داوای عوسمانی ڕووسەکان دووریان خستەوە و ناچاربوو بۆ ماوەیەک بچێتە بریتانیا و لەدواییدا سوڵتان بە تێکۆشانی نەجیب پاشای باوکیەوە لێی خۆشبوو کە بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و سوڵتان کردبووی بە سەرەک تەشریفاتی خۆی)، کە بە هۆی ئەو ماوەیەی کە لە بریتانیادا ژیابوو شارەزاییەکی تەواوی دەربارەی سیاسەتی ئینگلیز هەبووە و لەو بارەوە وتویەتی: "ئینگلیزەکان کوردیان هەڵخەڵەتاندووە و سەرنەگرتنی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە لە ساڵی ١٨٨٠دا بەڵگەیەکی زیندووە کە کورد جارێکی تر نابێ متمانە بە ئینگلیز بکات. (کە سەرچاوەی بۆ ئەم بۆچوونەی بریتیە لە کتێبەکەی ئەڤریانۆڤ بە ناوی (کورد لە شەڕی ڕووس لەگەڵ تورک و فارسدا لە سەدەی نۆزدەهەمیندا).

بەو پێیە گەشەکردن و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و بەرزکردنەوەی ڕادەی کۆمەڵایەتی و زانستیی جەماوەری کورد و مسۆگەرکردنی پاڵپشتێتی ڕووس دوو

شتی گرنگ بوون لە خەباتی عبدالرزاق بدرخاندا کە بەردەوام بیری لێ دەکردەوە و سەرگرتنی ئەوەی بە مەرجی سەرگرتنی سەربەخۆیی کورد دائەنا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، چەند هۆیەک وایان لە ڕووسەکان کرد نەختێک سیاسەتی خۆیان بگۆڕن و خۆ لە کورد نزیک بکەنوە و لە مەسەلەکەی بکۆڵنەوە. لە هەمان کاتدا، وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی تری ڕۆژئاواش لەو سەردەمەدا هەتا ئەهات هێز و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا پتەو دەکرد کە بێگومان ڕووسەکان ئاگاداری ئەوە بوون، لەبەر ئەوە ڕووسەکان کەوتنە خۆیان و لە ماوەیەکی کەمدا توانیان ڕۆژئاوای ئێران بهاوێژنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سابڵاخیان کردبوو بە بازارێکی گەورەی ساغکردنەوەی کەلوپەلی خۆیان و لە هەمان کاتدا پلانە سیاسییەکانیشیان ئەنجام دەدا و لە دیوی کوردستانیشدا بازرگانێتی خۆیان بەهێز کردبوو.

بێجگە لەوە، ڕووسەکان ئەیانویست بە لایەنی کەمەوە بێلایەنیی کورد لە نێوانی تورک و فارسدا مسۆگەر بکەن بەتایبەتی لەدوای دروستکردنی سوارەی حمیدیە لە لایەن سوڵتان عبدالحمیدەوە کە ئەمە بۆ تۆقاندنی ڕووسەکان بووە کە لەو کاتەدا ڕووسەکان مامەڵەی کوردەکانی لای خۆیان گەلێک بە خراپی دەکرد. بێجگە لەوە، لەو ڕۆژانەدا کە بزووتنەوەی کورد سەری هەڵدابوو و بەئاشکرا دەویسترا جەماوەری کورد دژی عوسمانی ڕاپەڕن و داوای سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان بکەن. قونسوڵی ڕووس لە (وان) گەیشتبووە ئەو بیر و ڕایەی کە مەسەلەی کورد بە نیسبەت ڕووسیاوە مانایەکی گرنگ و تایبەتی هەیە.

(گردەلیڤسکی) کە ماوەیەک لەناو کورددا ژیاوە بەم جۆرەی خوارەوە بۆ هەڵوێستی ڕووس چووبوو: "ڕووسیا ئەرکێکی ڕۆشنبیریی زۆر گەورەی کەوتۆتە ئەستۆ ئەویش ئەوەیە کە پێویستە میللەتی کورد بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا یارمەتیان بدات. کام لا باشترە بۆ کورد؟ ئایا بچنە پاڵ ڕووسیا یاخود هەر لە چوارچێوەی تورکیادا بمێننەوە؟

با کوردەکان بێنە سەر ئەو بیروڕایەی کە کولتوری ڕووس باشترە بۆیان لە هی تورک. عبدالرزاق جگە لەو بۆچوونەی بەرامبەر بە ڕووس و تەقەلای پێوەندیکردن لەگەڵیاندا، لەو دە ساڵەی خەباتی دواییدا پێوەندییەکی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ

سەرکردەکانی هەردوو پارچەکەی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ (کورحسین پاشا) و سمکۆی شکاک و شێخ عبدالقادری شەمزینی و سید طە و لە هەموو جموجوولێکی خۆی ئاگاداری کردوون و بە خەبات و هاوکاریکردنی هەموو لایەک ئەیویست نەتەوەی کورد لە ژێر دەستی ئەو دوو حکومەتە زاڵمە ڕزگار بکا.

بەڵام جەلیلی جەلیل ئەڵێ: عبدالرزاق بدرخان لە هەمووان زۆرتر بایەخی بە چالاکیی ڕۆشنبیری داوە لەو ڕۆژانەدا کە ئەو ئەرکەی گرتبووە ئەستۆی خۆی و لە کتێبەکەیدا بە دوورودرێژی باسی ئەو تەقەلادانەی کردووە لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەڵست و کۆسپ و تەگەرانەی کە حکومەتی ئێران و تورکیا لە لایەک و ڕێکخراوەکانی میسونێرەکانی ئەوروپایی لە لایەک دژی ئەو تەقەلایە وەستابوون و لە کتێبەکەیدا لەو ڕووەوە ئەڵێ:(٢١) "عبدالرزاق بدرخانی کوڕی نەجیب پاشای کوڕەزای بەدرخان پاشا لە ساڵی (١٨٦٤ز.)دا لە شاری ئەستەمبوڵ لە دایک بووە (وەکو لەپێشتردا وتمان دوکتۆر کەمال عەلی لە باسەکەیدا وتویەتی ساڵی ١٨٤٦ لە دایک بووە.) و هەر لە منداڵییەوە فێری زمانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە و شارەزابوونی لە زمانی فرەنسیدا وای لێ کردبوو کە مێژووی فرەنسا و شۆڕشەکەی و نووسەرانی بۆرجوازیی دیموکراتی کاری بکەنە سەر بیروباوەڕی و سوڵتان عبدالحمید هەمیشە بەربەرەکانی ئەوەی کردووە کە عبدالرزاق بدرخان بچێتە فرەنسا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی.

حاجی قادری کۆیی شاعیر و ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە لە پەروەردەکردنی عبدالرزاقدا کە مامۆستای بووە و هەستی نەتەوایەتیی تیادا بزواندووە.

عبدالرزاق بدرخان گەلێک کاروباری حکومەتی عوسمانی گرتۆتە دەست کە یەکێک لەمانە ئەوە بووە کە کرابوو بە سکرتێری سێهەمی باڵیۆزخانەی عوسمانی لە پترۆسبۆرگ، پایتەختی ڕووسیای قەیسەری، و لەوێ فێری زمانی ڕووسی بووە و لەدواییدا کراوە بە سکرتێری دووهەم لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران، بەڵام هەروەکو خۆی باسیکردبوو حکومەتی عوسمانی لێی کەوتبووە گومانەوە بۆیە هێنابوویانەوە بۆ ئەستەمبوڵ و بە یارمەتیی کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی ڕووس لە ئەستەمبوڵ لە ئەیلوولی ١٨٩٢دا خۆی دەرباز کردووە و چووە (سواستپول) و لەوێوە چووەتە (تبلیس) بە هیوای ئەوەی کە لەوێوە بچێتە (یەریڤان) بۆ ئەوەی نزیک بێ لە

کوردستانەوە، بەلام عوسمانییەکان زۆریان لە حکومەتی رووسیا کرد کە لە خاکی رووسیا دەری بکەن و ئیتر ناچاربوو لەوێوە بچێتە بریتانیا و لە لندن پێوەندیی لەگەڵ هەندێ رێکخراوی ئەرمەنیدا پەیداکرد، بەلام لەدوای چەند ساڵێک سوڵتان عبدالحمید لە رێگەی ئەجیب پاشای باوکیەوە لێی خۆش بوو هێنایەوە بۆ ئەستەمبوڵ و کردی بە سەرۆکی تەشریفاتی خۆی لە کۆشکی سوڵتاندا، بەلام هەمیشە لەژێر چاودێری سیخورەکاندا بووە.

لەدوای کوشتنی (رضوان پاشا) لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٩٠٦دا کە سەرۆکی سازمانی ئەهێنی بووە، عبدالرزاق بدرخان یەکێک بووە لەوانەی کە لە بەشداربوونی کوشتنیدا تاوانبارکرابوو، گیرا و ئاوارەکرا بۆ ترابلس لە ژووروی ئەفریقا و لەدواییدا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بریاری ئاوارەکردنی هەمیشەیی دەرچوو. بەو جۆرە ماوەی چوار ساڵ لەئاوارەییدا مایەوە و ئەو بریارەی کە لە ساڵی ١٩٠٨دا لەدوای ئیعلانی مەشروتیە (هی تورکیا) دەرچوو عبدالرزاق بدرخانی نەگرتەوە و هەروا مایەوە تا لە ساڵی ١٩١٠دا گەرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ.

کە هاتەوە بۆ ئەستەمبوڵ پێوەندی بەهێز کرد لەگەڵ باڵیۆزی رووسدا و هەروەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە، (چاریکوف)ی باڵیۆزی رووسی ڤیزەی بۆ سازکرد و مافی ئاوارەبوونی پێ درا لە رووسیا و (چاریکوف) داوای لە (سازانوف)ی وەزیری دەرەوەی رووسیا کرد کە رێگە بە عبدالرزاق بدرخان بدرێ لە (یەریڤان) دابنیشتێت و لەوێ وەزیفەیەکی رۆشنبیری بدرێتێ.

کە عبدالرزاق چووە (سیواستپول) و لەوێوە چووە (بتلیس)، ئیتر رێگەیان نەدا کە بچێتە (یەریڤان) و لەدوای مانەوەی چەند مانگێک لە تبلیس خۆی گەیاندە ناو خاکی ئێرانەوە بۆ ئەوەی لە هەواڵی کوردستان ئاگادار ببێت و شتێکی وا بکا کە کوردەکانی ئێران و تورکیا بە قسە و هاندانی حکومەتی عوسمانی نەچن بە گژ حکومەتی ئێران و ئەو کریستیانانەی کە لەو ناوچانەدا ئەژین. کاتی خۆی عبدالرزاق بدرخان بە (کاخانوڤسکی) کە نائیبێکی رووس بوو لە قەفقاس گەیاندبوو کە هەوڵی ئەوە ئەدا دەسەلاتی رووسیا لە کوردستاندا بەهێز بکا و کورد ببێت بە لایەنگری رووس.

کە عبدالرزاق لە (بتلیس)ەوە چووە ئێران، لە رێگا بە شارەکانی (شاهنامی، ماکۆ، کاتور)دا تێپەری کرد و لەو شوێنانەدا لەگەڵ سەرۆکەکانی کورددا گفتوگۆی

کرد و لەوانەی کە زۆر لایەنگری بوون سمکۆ بوو کە لەناو کوردەکاندا زۆر ناسراو بوو.

عبدالرزاق بەرلەوە ناسیاوی لەگەڵ محمد ئاغای باوکی سمکۆدا هەبوو، لەو ماوەیەدا کە محمد ئاغا کاتی خۆی لە ئەستەمبوڵدا پەنابەربووە (ئەو پانەبەرییەی محمد ئاغای شوکاک لەدوای کوشتنی جعفر ئاغای کوری بووە کە لە ساڵی ١٩٠٥دا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی ناپیاوانە کوژرابوو کە لە باسی بنەماڵەی شکاکدا باسی ئەو کوشتنە و ئاوارەبوونی محمد ئاغا بەدووروودرێژی ئەکەین.)

جەلیلی جەلیل لە باسەکەیدا ئەڵێ: "جگە لەو ناسیاویەی کە لە ئەستەمبوڵدا یەکتریان ناسیبوو و بەرلەوە کاتی خۆی کە محمد ئاغا ئاوارەکرابوو بۆ (ترابلس) و لەوێ لەزینداندا دارکاری و سزا درابوو لەژێر ئەشکەنجەدا مردبوو. لەو رۆژانەدا عبدالرزاق بدرخانیش هەر لەوێ بووە و لەوێوە دووبارە یەکتریان بینیووە (کە لەراستیدا ئەو مردنەی باوکی سمکۆ کە جەلیلی جەلیل باسی کردووە گوایا لە بەندیخانەی تەرابلسدا مردووە لەگەڵ ئەوەدا یەکناگرێتەوە کە لە کاتی خۆیدا رۆژنامەی (بانگ کردستان) کە لە شاری سلێمانیدا دەرئەچوو لە ژمارەکانی (٢ و ٣)یدا کە لە ١٩٢٢/٨/١٤ و ١٩٢٢/٨/٢١دا دەرچووە، لەوێدا وتراوە محمد ئاغای باوکی سمکۆ ئاوارەکرابوو بۆ دوورگەی (رۆدوس) و لەوێ کۆچی دوایی کردووە. کە باسی ئەوە لە بنەماڵەی شوکاکدا ئەکەین.)

لە ماوەی بوونی عبدالرزاق بدرخان لە ئێراندا تورکەکان تەقەلای کوشتنیان دا و لە ساڵی ١٩١٢دا نەقیبی ئەرکانی گشتی کە (خیری بەگ) بوو نێررا بۆ ئێران بۆ ئەوەی لەنزیکەوە شارەزای هەڵوێستی عبدالرزاق بدرخان بێت و ساتێک ئەگاتە (خۆی) و لەوێوە ئەیەوێ بچێتە (قوتور) ئەبووایە بەو ڕێگایەدا لە ژێر پاراستنی سەربازەکانی ئێراندا برۆیشتایە چونکە لەوە ترسا بوو چەکدارەکانی سمکۆ لەو ناوچانەدا تووشی شەرەشەقی بکەن.

ساتێک خیری بەگ ئەبیستێ کە عبدالرزاق لە (دیلمان)ە، رۆژی ١٩١٣/١/٣ ئەچێتە دیلمان و ئەچێتە ماڵی ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ)، بەڵام خیری بەگ چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد لەو کاتەدا سمکۆ لەماڵەوە بێ.

ساتێک خیری بەگ ئەچێتە ژوورەوە پرس ئەکا: سمکۆ و عبدالرزاق لە کوێن؟

سمكۆ وەڵامی ئەداتەوە و پێی ئەڵێ: سمكۆت بۆ چییە! ئەگەر ئێشت پێیەتی ئا ئەوەتە لەبەردەمتایە. خیری بەگ بەوە زۆر ئەشڵەژێ و تکا لە سمكۆ ئەکا بە زووترین کات بیگەیەنێتە سەر سنووری ئێران و تورکیا. بەر لەوەی خیری بەگ بڕوات، سمكۆ ڕووی تێ ئەکا و پێی ئەڵێ: "گوێم لێ بگرە و تێ بگە من نەسیحەتی هیچ ئەفسەرێکی تورک ناکەم بێتە ئەم ناوچەیە، چونکە هیچ مرۆڤێکی ڕووسی پاک و باش لە توانایدا نییە جاسووسێکی تورک بپارێزێت و ڕزگاری بکا لەو سزادانەی کە سمكۆ دەربارەی ئەو جاسووسەی تورک ئەیکا".

لە ساڵی ١٩١٢ەوە سەرەتای ساڵی ١٩١٣ بەدواوە ئیتر عبدالرزاق بدرخان دەست ئەکات بە چالاکیی ڕۆشنبیری لە (خۆی) بێجگە لە چالاکی سیاسی.

جەلیلی جەلیل لەکتێبەکەیدا دەربارەی عبدالرزاق بدرخان ئەڵێ: "عبدالرزاق بدرخان هەروەکو سیاسییەکی ڕۆشنبیر و شارەزا هەڵسوکەوتی کردووە و دوور بووە لە لێکدانەوەی و بۆچوونی عەشایری و مەبەستی ئەوە بووە ئامانجەکانی شێخ عبیداللەی شەمزینی تەواو بکا و ئەویش هەروەکو شێخ عبیدالله بۆی دەرکەوتبوو کە ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد پێویستە لە ئێرانەوە دەست پێ بکا بۆ ئەوەی ئەوێ ببێت بە بنکەیەکی بەهێز بۆ ڕاپەین و شۆڕش لە کوردستانی تورکیادا، بەڵام لەو تەقەلایەیدا هیچ هیوایەکی بە یارمەتیدانی دەوڵەتە ئەورووپاییەکان نەبوو".

جەلیلی جەلیل لە لاپەڕە (١٦٣)ی باسەکەیدا ئەڵێ: "عبدالرزاق بدرخان بیروباوەڕی بەرامبەر بە ئینگلیز وابوو کە خیانەت و درۆی لەگەڵ کورددا کردووە و لەوەدا لەگەڵ بۆچوونەکەی شێخ عبیداللەدا یەکیان گرتبووەوە و لای وابوو کە باشترین شت ئەوە بووە کە ڕاپەڕین و شۆڕش لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێ بکرێ ولەو ڕووەوە وتبووی: من ئێستە ئەتوانم بچم بەئاسانی (وان) بگرم و تورکی لێ دەر بکەم، چونکە ژمارەیەکی زۆری سەربازەکان کوردن، بەڵام من ئەوە بە شتێکی ڕاست نازانم چونکە دوای داگیرکردنی (وان) توانای ئەوەمان نابێت شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ تورکدا بکەین، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە وا باشە بنکەیەکی پتەو و بەهێز لەناو خاکی کوردستانی ئێراندا دروست بکەین و حکومەتێکی سەربەخۆی تیادا دابمەزرێنین، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتین ئەوسا ئەتوانین لە کوردستانی تورکیاشدا بزووتنەوە و ڕاپەڕین دەست پێ بکەین، ئێمە لەوێ زۆر شتی ئامادەکراومان هەیە و لە تورکیادا تەنها ئەمانەوێ ئەو شوێنانە بگرین و بیانخەینە

ژێر دەستمانەوە کە لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا بێ و نامانەوێ لەوە زیاتر بچینە ناو خاکی ئێران و تورکیاوە. ئەگەر هات و ئەوە سەریگرت ئەوسا داوا لە ئیمپراتۆریەتی ڕووس ئەکەین کوردستان و کوردی سەربەخۆ بپارێزێت."

جەلیلی جەلیل ئەڵێ: "لەڕاستیدا ئەو بیرکردنەوەی عبدالرزاق بدرخان کە شۆڕشی ئازادیخوازیی کورد لەپێشدا لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێ بکا شتێکی خەیاڵی بوو، دوور بوو لە واقعەوە... عبدالرزاق لای وابوو ئەگەر هات و ئەمەی کرد ئیتر شای ئێران یەکسەر ناچار ئەبێت بیکا بە حاکمی کوردستانی ئێران بە مەرجێک ئەو تورکانەی کە بە زەبری هێز چووبوونە ناو سەلماس و ورمیەوە هەموویان دەر بکا ... ئەوەی عبدالرزاق بۆی چووبوو موغامەرەیەک بوو بەئاسانی سەری نەدەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بۆچوونەی عبدالرزاق بدرخان ئەوەی دەرئەخست کە ئامادە بوو هەموو شتێک بکات لەپێناوی سەرگرتنی ئاواتە کۆنەکەی میللەتەکەیدا کە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی کورد لە تورک و ئێران.

عبدالرزاق بدرخان بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستەی هەوڵی ئەوەی دا کە لەگەڵ هێزەکانی تری دژ بە تورکیا وەکو حزبی تاشناقی ئەرمەنی و حزبی (سەربەستی)ی تورکیا هاوکاری بکات لەپاش ئەوەی عوسمانی لەو شەڕەدا شکا کە لەگەڵ (سرب)یەکاندا کردیان، ناچاربوو هێزەکەی بکێشێتەوە کە ئەمە بوو بە هۆی ڕوودانی جۆرە گۆڕین و پیداچوونەوەیەک لە سیاسەتی ڕووسیادا بەرامبەر بە کورد کە هەتا ساڵی ١٩١٢ ڕووس خۆی دوورەپەرێز گرتبوو لێی، ئیتر دوای ئەوە هەڵوێستی باش و لەبار هاتە پێشەوە بۆ ڕووس کە بتوانێت توانا و دەسەڵاتی خۆی لە ژووروی ئێراندا بچەسپێنێت و بۆ ئەو مەبەستە چاو ببڕێتە کوردەکان بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی ئەوانی تیادا بوون بکەونە ژێر سایە و دەسەڵاتی خۆیەوە و بۆ ئەوەی کوردە ناودار و ناسراوەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت پشتی بەو کوردانە بەست کە لای وابوو لایەنگری ڕووس بوون، بەتایبەتی (سمکۆ) لە ناوچەی قتوردا بە دەسەڵاتدارێکی بەهێز ناسرابوو، ڕووسەکان زۆر مەبەستیان بوو.

(چیرکۆف)ی قونسوڵی ڕووس لە (خۆی) ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ پەیداکردن و پتەوکردنی پێوەندی ڕووس و کورد و چەند جارێک توانیبووی عبدالرزاق بدرخان و سمکۆ بپارێزێت لە درۆ و دەلەسە و بوختانی ئێران و تورکیا و چیرکۆف گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ڕووسیا هەتا ئێستە زۆر بە هەڵەداچووبوو دەربارەی کورد کە

هەمیشە هەروەکو شاخاوییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرد و بۆ دوورخستنەوەی ئەمە لە مێشکی هەندێ لادا هەوڵێکی زۆری دا لەناو کۆمەڵگای کوردەکاندا باری زانیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری چاک بکرێت. لەو ڕووەوە ڕۆژهەلاتناسی گەورەی ڕووس (گردلیفسکی) وتویەتی: "ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە دیپلۆماسی و زاناکانی ڕووس واز لە بیرە کۆنەکانیان بێنن دەربارەی نەتەوەی کورد و پێویستە دان بەو بۆچوونە پڕ لە هەلانەی جاراندا بنرێت دەربارەی لە کورد نەگەیشتن، کە ئەو میللەتە بەپەرۆشەوە تەقەلای ئەوە ئەدا بگاتە ڕیزی میللەتە شارستانییەکانی جیهان.

چیرکۆف لە ساڵی ١٩١٣دا بیری خۆی بەرامبەر بە کورد بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوە: "ئەوەی هەتا ئێستە بەسەر کورددا هاتووە بریتی بووە لە ماڵ کاولبوون و وێرانی بە دەست تورکەکانەوە کە زۆرجار هەروەکو نیشانە کوردیان ئەدایە بەر گوللەی تۆپ و لەولاشەوە کاربەدەستە چاوچنۆکەکانی ئێران هەتا ئێستە هەر خەریکی ڕووتاندنەوەی کوردن."

گردلیفسکی کە لە سەرەتای شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەناو کورددا ژیابوو و لە خووڕەوشتیان شارەزابووبوو لە وتارێکدا نوسیبووی: "پێویستە لەسەر ڕووس ئەرکی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لەناو کورددا بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی بیووژێنەوە، باش لە خۆیان بگەن ئایا لەگەڵ کام لادا بن باشترە بۆیان و تێیان بگەیەنن و بۆیان دەربکەوێ کە ڕۆشنبیری ڕووس زۆر بەرزترە لە هی تورک."

جەلیلی جەلیل لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "عبدالرزاق بدرخان جگە لە چالاکیە سیاسییەکانی ڕۆڵێکی ئێجگار زۆر گەورەی هەبوو لە هاندانی کورد بۆ پەرەپێدان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری و لەو تەقەلایەیدا سمکۆ پشتگیریی عبدالرزاق بدرخان بووە کە لە کوردستاندا ڕۆشنبیری و خوێندەواری بڵاو ببێتەوە بەتایبەتی لە شوێنێکی وەکو (خۆی)دا کە نزیکی ٢٠ هەزار کەسی تیا بووە و بە هیچ جۆرێک شوێنێکی تیا نەبووە بۆ فێرکردنی خوێندن."

چیرکۆف لەو ڕووەوە وتویەتی: "لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا لەگەڵ بازرگان و دەرەبەگ و ئاغاکان و کاربەدەستە گەورەکاندا تەقەلای ئەوەم ئەدا کە هانیان بدەم منداڵەکانیان فێری خوێندن بکەن و نەسیحەتم ئەکردن کە قوتابخانەی پیشەسازی بکەنەوە.

بێگومان دەرەبەگ و کاربەدەستە گەورەکان هیچ گوێیان نەئەدایە خوێندەواری

لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ساڵی ١٩١٢دا و لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣دا کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری بە تێکۆشانی سمکۆ و عبدالرزاق بدرخان لە شاری (خۆی) دروست بوو کە سەرۆکەکەی عبدالرزاق بدرخان بوو، مەبەستی ئەو کۆمەڵە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ناسراو و دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیە پشتگیریی ئەو کۆمەڵەیان کرد.

پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە بریتی بوو لە کردنەوەی قوتابخانەیەک لە (خۆی) و هەوڵدانی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و دانانی ئەلف و بێیەکی تایبەتی بۆ زمانی کوردی و ناردنی لاو و گەنجەکان بۆ خوێندن لە وڵاتانی ئەوروپادا.

عبدالرزاق بدرخان بە ناوی ئەو کۆمەڵەوە لە شوباتی ١٩١٣دا نامەیەکی نارد بۆ نوێنەری ڕووس لە (خۆی) کە بۆی نووسیبوو: ئەو کوردانەی تورک و ئێرانی زۆردار ئابڵووقەیان داوە و ڕێگەی ئەوەیان لێ گرتووە کە خۆی نزیک بکاتەوە لە شارستانێتی ئەوروپا، فارسەکان بە هیچ جۆرێک گوێیان نەداوەتە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو کورددا، تورکەکانیش هەمیشە ویستویانە کورد لە خوێندەواری بێبەش بێ بۆیە تا ئێستە پلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو کورددا زۆر نزمە.

عبدالرزاق بدرخان و هاوکارەکانی بایەخێکی زۆریان بەوە دابوو کە جێگری قونسوڵی ڕووس لە (خۆی) یارمەتییان بدا، لەبەر ئەوەی داوایان لە (چیرکۆف) کرد کە ئەو کۆمەڵی ڕۆشنبیرییە یەکسەر بخاتە ژێر چاودێری خۆیانەوە (لە تەرجەمە عەرەبییەکەدا ناوی ئەو کۆمەڵ بە غیخاندی هاتووە و لەو باسەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووس ئامادەیان کردووە، کە لە پێشتردا لێی دواین، ئەو کۆمەڵەیان بە ناوی (کیهانە)وە ناوبردووە کە ڕاستییەکەی جیهاندانییە.)

چیرکۆفی جێگری قونسوڵی ڕووس لە (خۆی) لەو ڕووەوە بۆ بترووسبورگ (کە پایتەختی ڕووسیای قەیسەری بووە)ی نووسیوە: "دەستپێشکەرییەکانی عبدالرزاق بدرخان کە پڕە لە ئاواتی بەجێهێنانی گەلێک شتی بەسوود بۆ میللەتەکەی بە یارمەتیدانی ڕووس شتێکە کە نابێ پشتگوێ بخرێت."

جەلیلی جەلیل ئەڵێ: "پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە تەنها هەر بایەخدان نەبووە بە ڕۆشنبیری، بەڵکو تەقەلای ئەوەشی ئەدا کە نزیکبوونەوەیەکی ڕوحی (گیانی) لە نێوانی کورد و ڕووسدا پەیدا ببێت کە لەمەدا عبدالرزاق دوو مەبەستی هەبووە:

یەکەم: ئەیزانی کە پیتی عەرەبی بەشی دەنگەکانی زمانی کوردی ناکا، بۆیە هەوڵی دا چارەسەری ئەوە بکرێ. دووهەم: بەکارهێنانی پیتی ڕووسی ئەبێ بە هۆی ئەوەی منداڵانی کورد لەو ڕێگەیەوە فێری زمانی ڕووسی ببن و لەو ڕێگەیەوە فێری پێشکەوتن و شارستانێتی و ڕۆشنبیریی ڕووس ببن کە ئەمە ئەبێتە هۆی فراوانکردنی ئاسۆی مێشکی منداڵی کورد بۆ فێربوونی خوێندەواری.

عبدالرزاق لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسدا پێوەندی هەبوو وەکو (ن. ی. مار) و (ی. ا. ئوربیللی) و باسی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و زانیاریی لەگەڵدا ئەکردن کە بە یارمەتیی ڕووس لە کوردستاندا بڵاو ببێتەوە و داوای ئەوەی لە ڕووسەکان کرد کە پەیمانگایەک بکرێتەوە لە پتروسبورگ بۆ خوێندنی زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی و پێشنیازی کردبوو کە زاناکانی ڕووس چەند کتێبێک دەربارەی کورد بنووسن و تەرجەمەی بەرهەمی شاعیرە ناودارەکانی کورد بکەن بۆ ڕووسی و کە بەشی کوردی لە زانکۆی پتروسبورگ کرایەوە هیوای ئەوە پەیدا بوو کە ژمارەیەکی زۆری کورد تیایا بخوێنن کە ئەمە ببێتە پتەوکردنی پێوەندیی نێوانی ڕووس و کورد و دامەزراندنی ئەو بەشە لە زانکۆی پتروسبورگ دەنگی دایەوە هیوای کۆمەڵی (غیخاندی) بەرزکردەوە.

ئەو ئەبجەدیە (ئەلفوبێ)ی ئوربیللی داینا لەدوای ساڵی ١٩١٩/١٩٢٠دا بوو بە هۆی هاندانی کوردەکان لە بتلیس وەکو خەلیل خیالی و محمدامین کە ئەبجەدییەک بۆ زمانی کوردی دابنێن (وەکو وتمان ناوی ئەو کۆمەڵە جیهاندان بووە نەک غیخاندی وەکو جەلیل باسیکردووە.)

جەلیلی جەلیل دەربارەی ئەو پرۆگرامەی کە لە (خۆی) بۆ خوێندن دانرابوو وتویەتی: بڕیاردا ئەو زەکاتی ساڵانە ئاینییەی ئیسلام کە ئەدرا، بۆ ئەو مەبەستە کۆ بکرێتەوە بۆ کڕینی چاپخانەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و داوا لە سمکۆ کرا ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتە بگرێتە ئەستۆی خۆی تا دەست بکرێت بە ئامادەکردنی قوتابخانەکە.

پرۆژەی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە و کردنەوەی، لە لایەن زۆر لاوە بەربەرەکانی لێکرا بەتایبەتی میسونێرەکان بەئاشکرا دژایەتی خۆیان بەرامبەری دەربڕی و کاربەدەستانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش ئەو کارەیان پێ خۆش نەبوو، چونکە وا لێکدرایەوە کە بوونی ئەو قوتابخانە کوردییە بە پشتگیریکردنی ڕووس ئەبێتە هۆی

زۆربوونی دەسەڵاتی ڕووس لەناو کوردەکاندا و ئەوانەی دژی ئەوە بوون کەوتنە پروپاگاندەکردن دژی سمکۆ و هەر لایە بە جیا کەوتە کار و تاقمێک سمکۆیان بە (اباحیه-تەگە و بەران) تاوانبارکرد و کاربەدەسانی بەلچیکا لە باڵیۆزخانەی ئەو لەو ناوچەیەدا و کاربەدەستانی ئێرانی بە سەرکردایەتی (دوغم) دەستیان کرد بە هاندانی خەڵک کە ئەو زەکاتە نەدەن و خەڵکی گوندی (یزدیکان) کە لەسەر ئارەزووی خۆیان ئەو زەکاتەیان دابوو زۆریان لە خەڵکی ئەو گوندە کرد کە بڵاوی بکەنەوە ئەوەیان بە زۆرەملیی لێسەنراوە و (دوغم) دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگاندە دژی سمکۆ بەوەی کە گوایا بە سەندنی ئەو زەکاتە گەلێک کوردی ناچار کردبوو لەناو ئەوە ڕابکەن و بچنە ناو خاکی عوسمانییەوە و (مرتضی گولی خان) کە سەرکردەیەکی خاوەنموڵکی ناسراوبوو کە کوردەکانی (سوماس)ی (کە ڕەنگە یا سومای بووبێ یا سەلماس) هاندا کە پرۆپاگاندە دژی سمکۆ بڵاو بکەنەوە و بڵێن سمکۆ کورد بەرەو ئەوە ئەبا کە ببانکا بە کریستیان.

بەڵام (چیرکۆف) لایەنگری تەقەلای کوردەکان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و لە نامەیەکیدا کە بۆ تاران و تبلیس و بترۆسبورگی ناردبوو هۆی دژایەتی کاربەدەستانی ئێرانی بۆ ڕوونکردبوونەوە کە بۆچی حەزیان نەکردووە ئەو قوتابخانەیە بکرێتەوە و بۆچی بەرهەڵستی خوێندەوارییان کردبوو لەناو کوردەکاندا.

جەلیلی جەلیل لە باسەکەیدا ئەڵێ: "ئەو کۆمەڵە خانوویەکی گەورەیان پەیداکرد کە بکرێت بە قوتابخانە و شوێنی باخێکی گەورەشی تیادا ئامادەکرا، بەڵام بۆ چاککردن و باشکردنی ئەو خانووە و ڕێکخستنی باخەکەی پارێزگاری (خۆی) کە (ئەمیر ئەمجەد) بوو گەلێک تەگەرەی هێنایە پێش و بەئاشکرا دیاربوو ترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو کورددا ببێتە هۆی کەمدەسەڵاتی و لاوازیی حکومەتی فارس و بۆ بەربەرەکانیکردنی ئەو قوتابخانەیە دەستی کرد بە جۆرە هەڕەشەکردنێک لەو کرێکارانەی کە لەو خانووەدا ئیشیان ئەکرد.

جەلیلی جەلیل لە لاپەڕە (۱۷۷)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "چیرکۆف لەو ڕووەوە نووسیویەتی: لەئەنجامی ئەو ڕەفتارەی ئەمیر ئەمجەددا کەسێکی وا دەست نەکەوت کە ئەو خانووبەرانە پاک بکاتەوە و چاکیان بکات، لەبەر ئەوەی عبدالرزاق بدرخان ناچاربوو داوای لە دۆستێکی فەرەنسیی خۆی کرد کە ناوی (کاریت) بوو لە شاری

(تبلیس) و بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەوە خانووەکە چاککرا و لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی ئامادەکرا.

شێوەی ژوورەکانی ئەو قوتابخانەیە لەسەر شێوەی قوتابخانەکانی ئەورووپا ڕێکخرابوو، ژوورێک تەرخانکرا بۆ مامۆستاکان و ژوورێک بۆ نانخواردنی قوتابییەکان کە بەشی (٣٠) قوتابیی ئەکرد و بە شێوەیەکی ڕەسمی قوتابخانەکە لە ١٩١٣/١٠/٢٧دا کرایەوە و شانبەشانی ئەوەش خەستەخانەیەکی بچووکیش ئامادەکرا و لە کردنەوەی قوتابخانەکەدا بە چاودێری سەرکردەی هێزی ڕووس کە جنراڵ (فیسیلوفسکی) بوو هەندێ ئەفسەر و ئەمیر ئەمجەد و هەندێ بەگزادە و بازرگانیش لەو ڕۆژەدا لە کردنەوەی قوتابخانەکەدا ئامادەبوون.

ڕۆژێک بەر لەوە، لە ١٠/٢١دا، سمکۆ (٢٩) منداڵی لە (جاریک، چهریق ـ چاری) و سومای و برادۆست و خایدار هێنابوو بۆ قوتابخانەکەی (خۆی) و منداڵەکان دوو ڕیز بوون کە بەرگی ئەوروپاییان لەبەردابوو، هەموویان جلەکانیان لە یەک جۆر بوو، کڵاوەکانیان لە شێوەی کڵاوی (قەفقاس-قوقازی) بوو کە ڕەنگەکەی سپی بوو و (٤٠) چەکدار لە چەکدارەکانی سمکۆ پارێزگاریی ئەو منداڵانەیان دەکرد.

ئەو منداڵانە کە تەمەنیان ٨-١٠ ساڵ بوو بەناو شاردا بەڕێکوپێکی ڕۆیشتن و ڕوویانکردە قوتابخانەکە کە لە پێشیانەوە تاقمێک سوار بووبوون بە پێشڕەوی ئەو بەچکە گورگە شاخاوییانە (نووسەر ئەڵێ: خەڵک وا ڕاهاتبوون کە بەو جۆرە ناویان ببەن، کە لەهەندێ شوێنی تری کوردستان ئەوەی جەلیلی جەلیل بە گورگی ناوبردووە پێیان ئەوترێ بەچکەشێر.) و لە کاتی ئێوارەدا تەلگراف نێررا بۆ تاران و تەورێز و ئەستەمبوڵ کە کوردەکان شاری (خۆی)یان داگیرکردووە. عبدالرزاق بدرخان لە کردنەوەی ئەو قوتابخانەیەدا وتارێکی خوێندەوە کە باسی هەموو پێویستییەکانی ئەو قوتابخانەیەی بۆ ئامادەبووەکان ڕوونکردبووە و بۆی باسکردن.

کردنەوەی قوتابخانەکە بە دەستپێکردنی بانگێک بوو کە شێخی قوتابخانەکە ئەو بانگەی دا و لە خوا پاڕایەوە کە ئەمە سەرەتای کارێکی خێر و سوودبەخش بێت بۆ نەوەی تازەی کورد و داوای لە منداڵان و باوکەکانیان کرد کە سوپاسی خوا بکەن بۆ ئەو بەخشندەییەی پێی دوان و بە چاوی خۆیان کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی ئەبینن و سوپاسی ڕووسیا بکەن بۆ ئەو یارمەتیدانەیان بۆ سەرگرتنی ئەو پرۆژەیە.

دوای ئەوان (سمکۆ) سوپاسنامەیەکی خوێندەوە و سوپاسی قەیسەری ڕووسیای

کرد کە پارمەتییەکی باشی دابوو بۆ دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە و نامەیەکی سوپاسنامە لەو ڕووەوە نێررا بۆ قەیسەری ڕووسیا.

بۆ وەرامی ئەو نامەیە (سازانۆڤ)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە ١٣ی تشرینی دووهەمدا نامەیەکی ناردبوو بۆ جێگری باڵیۆزی ڕووسیا لە تاران وتبووی: "تکایە لە ڕێگای چیرکۆفەوە سوپاسی ئەو لوتفە بکەن کە سمکۆ و هاوکارەکانی بەرامبەر بە ئیمپراتۆر پێشانیان دابوو"

پرۆگرامی دەرس وتنەوە لە قوتابخانەکەدا بریتی بوو لە وتنەوەی مێژوو، ماتماتیکی سەرەتایی، جوگرافیا، کە وتنەوەی دەرسەکان لەسەر شێوەی وتنەوەی قوتابخانەکانی ڕووسیا بووە بۆ فێرکردنی منداڵ و ئامادەکردنیان بۆ فێربوونی کار و فرمانی پیشەسازی. لە قوتابخانەکەدا دارتاشی و ئاسنگەری و بەشی بەرگ و دروومان کرایەوە و هەموو جۆرە کەرەسە و پێویستییەک بۆ ئەو مەبەستانە ئامادەکرا.

چیرکۆف لەو ڕووەوە نووسیویەتی: "لە دوارۆژێکی نزیکدا بە هۆی ئەو زەوییەی کە بۆ باخ تەرخانکراوە قوتابییەکان فێری کشتوکاڵکردن ئەبن و فێری ئەوەش ئەبن کە چۆن بایەخ بدەن بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی میوە و دار و درەخت و سەوزەوات و پارمەتییەکی پزیشکی باشیش بۆ کوردەکان ئامادەکرا. قوتابخانەکە خەستەخانەیەکی بچووک، دەرمانخانە (ئەجزاخانە)یەکی لەپاڵدا هەبوو کە برینپێچێک و مامانێکی ڕووس سەرپەرشتییان ئەکرد کە هەردووکیان کوردییەکی باشیان ئەزانی. مردن لەناو منداڵانی کورددا بە هۆی نەخۆشی و نەشارەزایی لە کاتی منداڵبووندا زۆر بوو، بۆیە بایەخدان بە دۆزینەوەی چارەسەری ئەوە شتێکی زۆر پێویست بوو. بە هۆی ئەو دەرامەتەوە کە بۆ قوتابخانەکە دابینکرابوو کاروباری ئەبرا بەڕێوە و لە ئەنجامی سەرگرتنی ئەو قوتابخانەیەدا چیرکۆف هەوڵی دا کە قوتابخانەی تر لە (چاری – چهریق) و (سومای) و (برادۆست) و ناو کوردەکانی ماکۆدا بکرێتەوە و بۆ ئامادەکردنی مامۆستا بۆ ئەو قوتابخانەیە بڕیاردرا لە خۆیان (لە کوردەکان) مامۆستا لە قوتابخانەی (یەریڤان) ئامادە بکرێت و دەربچێت و ببێت بە مامۆستا.

لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست لە کردنەوەی ئەو قوتابخانەیەی (خۆی) بە گەلێک جۆر لێکدرایەوە، بەلام ڕۆژنامە تورکییەکان و ئەرمەنییەکان هەواڵی کردنەوەی ئەو

قـوتابخـانەیان بڵاوکـردەوە. تورکـەکـان بۆ بەربەسـتکردنی بڵاوبوونەوەی دەسـەڵاتی ڕووسـیا لەناو کوردەکاندا کە ئەمە بەتەواوی سەر و دڵی گرتبوون، ئەوانیش بەپەلە کـەوتنە ئەوەی پارەیان تەرخـان کـرد بۆ کـردنەوەی قـوتابخـانەی کـوردی و بڵاویان کـردەوە کـە (١٧٥٠٠) لیـرەی تورکی تەرخـانکراوە بۆ کـردنەوەی قـوتابخـانەیەک لە گوندی (ئەرتامید) لە نزیکی (وان) کە بۆ هەزار قوتابی دەستی ئەدا و بەشی ئەکرد لەگەڵ تەرخانکردنی (٢٥٠٠) لیرەی تورکی تر بۆ دروستکردنی چەند قوتابخانەیەکی بچووکی سەرەتایی لە چەند ناوچەیەکی تردا.

ئەڵمانەکانیش لەلای خۆیانەوە کەوتنە چالاکی و نائیبی قونسوڵی ئەڵمانیان لە (موصل) کە ناوی (گوڵد شتین) بوو گەشتێکی بە کوردستاندا کرد و بڵاوی کردەوە کـە حکومـەتی ئەڵمـانیـا هەرچی لەتوانادا بێ ئەیکا بۆ پەرەسـەندن و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو کوردەکاندا و لە موصل گوڵد شتین توانی ئیحسان بەگ (کە برای عبدالرزاق بدرخان بوو) ڕازی بکا و لەوە دڵنیا بێت کە ئەڵمانەکان لەو تەقـەلایەیاندا مـەبەسـتـیـان باش و پاکـە و پڕ بە دڵ ئەیانەوێ گـەشـە بدرێ بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو کوردەکاندا و بڵاوی کردەوە کە پارەی بۆ (١٠) قـوتابیی کـورد تەرخـانکراوە کە بچن بخوێنن و بڵاوی کردەوە کە لەدوای کردنەوەی قونسوڵیەتی ئەڵمان لە (وان) لەوێش قوتابخانەیەک ئەکرێتەوە بۆ منداڵانی کورد و بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆی لەگەڵ پارێزگاری (وان) کە (تەحسین بەگ) بوو کردبوو.

جەلیلی جەلیل لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "بەڵام بەڵێنەکانی ئەڵمان و تورک تەنها هەر قسە بوو و ڕووالەت بوو، چونکە هیچ هەنگاوێکیان نەنا بۆ سەرگرتنی ئەو قسانە و لەڕاستیدا سەرگرتنی ئەو کارەشیان بە دڵ نەبوو.

بەڵام زۆری پێ نەچوو ناکۆکی لەنێوانی ئەندامانی کۆمەڵی (غیخاندی) پەیدا بوو بەتایبەتی لەنێوان سمکۆ و عبدالرزاق بدرخاندا پەیدا بوو دەربارەی ئەوەی ئایا مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵە چی بووە!!

عبدالرزاق بدرخان ئەیویست ئەو پارە و دەرامەتەی کە دەست کۆمەڵ ئەکەوێت بۆ ئەوەی تەرخان بکرێت کە چەکداری کوردی پێ ئامادە بکرێ، بەڵام سمکۆ ئەوەی بە دڵ نەبوو چونکە ئەو تەقەلایەی عبدالرزاق بدرخانی بە بێهوودە ئەهاتە بەرچاو و سمکۆ ئەیوت: ئەگەر عبدالرزاق بدرخان ڕاست ئەکا و بەڕاستی ئەیەوێ ڕاپەڕینێک

دژی حکومەتی تورک بەرپا بکات بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە بابی عالی لە ئەستەمبوڵ تووشی گێرەوکێشە و نائارامی بوو بەهۆی شەڕەکانی (اوزبک) و (بالقان)ەوە، ئەوا سمکۆ ئەیوت: من ئامادەم بەو ئیشە هەستم بەڵام ئەگەر نیازی عبدالرزاق تەنها هەر ئەوەیە کە تورکەکان بێتاقەت بکا و تووشی سەریەشەیان بکا بە هەڵسانی چەند بزووتنەوەیەکی بچووک و لەناو چوارچێوەی کورددا، ئەوا ئەوە بە تەقەلایەکی خۆڕایی و بێسوود ئەزانێت چونکە هیچی لێ نەدەهاتە بەرهەم جگە لە بە کوشتدانی چەند کەسێک بەخۆڕایی، کە ئەمە بێجگە لەوەی کە لەگەڵ مەبەستی سمکۆشدا یەکی نەدەگرتەوە کە مەبەستی ئەوە بوو ئەو قوتابخانەیە سوودەکەی بۆ کوردی ئێران بێت. هەروەها سمکۆ وای لێک دابووەوە، پارەیەک کە بۆ کۆکردنەوەی قوتابخانە و بۆ بڵاوبووەنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کۆدەکرایەوە (کە وەکو لەپێشتردا باسکراوە سمکۆ لە زەکاتی خەڵک ئەو پارانەی کۆ دەکردەوە)، خەرجکردنی بۆ مەبەستێکی تر زیانێکی زۆر ئەگەیەنێت بە کۆمەڵەکەیان و زیانیش ئەگەیەنێت بە ناوبانگی عبدالرزاق بدرخان لەناو عەشیرەتەکانی کورددا.

بەڵام سمکۆی وریا و زرنگ نەشیویستبوو عبدالرزاق بدرخان سارد بکاتەوە لەو مەبەست و نیازەی کە ئەیویست بۆ تێکۆشان و ڕاپەڕینێکی کورد خۆی ئامادە بکا دژی حکومەتی (تورکیای لاو).

عبدالرزاق وەکو سەرۆکی ئەو کۆمەڵە هەندێ پارەی کۆمەڵەی خستبووە ژێردەستی خۆیەوە و دەستی کرد بە خەرجکردنی بۆ ئامادەکردنی چەکدار لە ناوچەکانی (ئەرزروم) و (وان) کە ئەمە بوو بە هۆی ڕوودانی ساردییەک لەنێوانی عبدالرزاق بدرخان و سمکۆدا، کە لەڕاستیدا ئەو ناکۆکییە بوو بە هۆی سستی و وەستاندنی چالاکیی کۆمەڵە و هەتا ڕادەیەک چالاکیی ڕۆشنبیری پەکی کەوت.

جەلیلی جەلیل لە لاپەرە (١٨٣)یدا ئەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕاستی ئەو کۆمەڵە ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگی هەبوو بۆ ڕاپەڕین و وریاکردنەوە و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤دا ئەو چالاکییەی وەستاند."

لەو ڕووەوە زانای سۆڤیێتی ناسراو (و. ل. ڤیلچیڤسکی) ئەڵێ: "ئەو کۆمەڵە

ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی و بۆ زۆر لە سەرکردە و پیاوە ناسراو و سەردارەکانی کورد ئەو کۆمەڵە بووبووبە هەوێنی بزووتنی هەستی نەتەوایەتی جگە لەوەی کە بوو بە هۆی پەیداکردنی پێوەندی لەنێوانی ڕووس و کورددا."

وەکو لە باسەکانی پێشوودا باسکرا، دوای ئەوەی عبدالرزاق بدرخان چووبوو بۆ ڕووسیا و دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر هاتبووەوە تورکیا و لەلایەن تورکەکانەوە گیرا و نێررا بۆ موصل و بەر لەوەی محاکەمە بکرێ هەڵیان واسیبوو.

## هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی عبدالرزاق بدرخان بەکورتی:

بەرلەوەی بچینە سەر باسێکی تر و بەشێکی تری ئەم کتێبە، بە پێویستم زانی کورتەیەک دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی عبدالرزاق بدرخان بدوێین، بۆ ئەوەی بزانین لە تەقەلاکانیدا هەتا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە.

یەکەم: ئەویش وەکو شێخ عبیداللەی نەهری وای بۆ چووبوو کە باشتر وابووە بزووتنەوەکەی و تەقەلای بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێ بکات کە هۆی ئەمەش دوو شت بووە. یەکەم: ئێرانی بە لاوازتر و کەمدەسەڵاتتر دانابوو وەک لە حکومەتی عوسمانی کە ناتوانێت وەکو عوسمانییەکان بەربەرەکانی ئەو تەقەلایەی بکات. دووهەم: حسابی ئەوەی کردبوو کە ئەو هەوڵ و کۆششەی بەبێ لایەنگریی و پشتگیریکردنی ڕووسەکان سەری نەدەگرت و ڕووسەکان لە ئێراندا زۆرتر دەسەڵاتیان هەبووە وەک لەناو خاکی عوسمانیدا بۆیە هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە لەسەرەتادا بە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دەست پێ بکا و لەوەوە خۆی ئامادە بکا بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی چەکدارانە کە بتوانێت ڕووبەڕووی دوژمنانی کورد ببێتەوە.

دووهەم: عبدالرزاق بدرخان لە هەوڵدانی پێوەندیکردن لەگەڵ دەوڵەتاندا تەنها پێوەندیکردنی لەگەڵ ڕووسەکاندا بە شتێکی ڕاست زانیوە و هەر لەسەرەتاوە

حکومەتی بریتانیای بە درۆزن و دەستبڕ لە قەڵەم داوە کە ئەمەشی لەخۆڕایی نەبووە، یەکەم: شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی نەهری بەر لە خۆی لەبەر چاو بووە کە چۆن بەئاشکرا بریتانیا دژی بووە و هەوڵ و تەقەلای نەهێشتنی شۆڕشەکەی داوە، دووهەم: عبدالرزاق بدرخان ماوەیەک لە بریتانیادا ژیابوو لەنزیکەوە شارەزای بلۆف و درۆ و دەلەسەی بریتانیا بووبوو لە سیاسەتی پڕ لە ڕووالەتیدا بۆیە نەیویستبوو خۆی بئاڵێنێتە داو و فێڵ و دەستبڕینی ئینگلیزەکانەوە.

سێیەم: ئەو هەموو تەقەلا بێوچانەی دابووی بۆ بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ ڕووسەکان و هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ڕووس لە کوردستاندا بە هیوای ئەوەی  ئەو دەسەڵاتدارییەی ڕووس سوودێکی باشی ئەبێت بۆ کورد تەنها لە شتێکی چوارچێوە تەسکدا ئەو سوودەی دەستگیر بوو ئەویش یارمەتیدانی ڕووسەکان بوو بۆ بڵاوبووەنەوەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کە ئەوەش هەتا ڕادەیەک بوو بە هۆی بەربەرەکانیکردنی میسونێری وڵاتانی تر و ئینگلیز بەئاشکرا دژی ئەوە بووە و خەڵکی لە سمکۆ و عبدالرزاق بدرخان هانداوە لە ترسی ئەوەی کە تەقەلای هەردووکیان ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕووس لە ناوچەکەدا.

لێرەدا تاقە پرسیارێک خۆی ئەسەپێنێت ئەویش ئەوەیە ئایا هۆی دوورخستنەوەی عبدالرزاق بدرخان چی بوو لە لایەن ڕووسەکانەوە کە نەیانهێشت لە (خۆی) دوای کردنەوەی ئەو قوتابخانەی کە کرابووەوە بە یارمەتیدانی ڕووسەکان عبدالرزاق بدرخان بمێنێتەوە و ڕۆژنامەکەی بەجێهێشت بۆ سمکۆ کە هەتا ساڵی ١٩١٤ و دەستپێکردنی شەڕ درێژەی پێ بدا کە سەیر ئەوەیە سەرچاوەکان هیچیان باسی هۆی ئەو دوورخستنەوەیەیان نەکردووە.

بەشی پێنجەم

# شەڕی یەکەمی جیهان و هەڵوێست و ڕووداوەکان لەو بەشەی کوردستانی ئێراندا

شەڕی یەکەمی جیهانی ئەگەرچی بەناو سەرەتاکەی لە کوشتنی (ولی عهد)ی نەمسا (نوتریش)ەوە دەستی پێ کرد لە شاری (سرایڤۆ)، بەڵام لەڕاستیدا دەمێک بوو فتیلی بیانووی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئامادەکرابوو، کەڵاڵەبووبوو. دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالیزمەکانی جیهان لەناو خۆیاندا لەسەر دابەشکردن بازاڕی جیهان ڕێک نەکەوتن و دەوڵەتە کەڵەکا و ملۆزمەکانیان هەر یەکەیان بۆ دەستگرتن بەسەر زۆرترین و باشترین بازاڕی وڵاتاندا لەگەڵ یەکتر کەوتنە بینبڕکێ و هەر یەکە نەخشەی دادۆشین و ڕووتاندنەوەی میللەتانی وڵاتانیان کێشابوو. وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵات کە لە پارووە چەورەکان بوو ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارانە دەمیان ئاوی بۆ ئەکرد و لەئەنجامی ئەو بینبڕکێیەدا بەرەی دەوڵەتانی شەڕخواز بوون بە دووبەشەوە کە گرنگترین وڵاتانی بەرەی یەکەم بریتی بوو لە ئینگلتەرە و فەرەنسا و ڕووسیا و لاکەی تری ئەڵمان و تورک و هەندێ وڵاتانی تری ئەورووپا بوون و هێشتا لەو شەڕەدا ئەمریکای سەرمایەدار دەمی نەژەندبووە کاروباری ناوچەکەوە بۆیە لەوەدا دواکەوت و بەپێچەوانەوە ویلسنی سەرەککۆماری ئەمریکا ئیعلانی چواردە مادەکەی کرد کە لە مادەی دوازدەهەمدا داوای کردبوو کە ئەو وڵاتانەی لە ژێر ڕکێفی عوسمانیدا بوون، لەدوای شەڕ مافی چارەنووسی خۆیان هەیە کە کورد یەکێک بووە لەو میللەتانەی دڵی بە مادە دوازدەی ویلسنی سەرەککۆماری ئەمریکا خۆش کردووە و شێخ مەحمودی قارەمانی دەربەندی بازیان و بەردەقارەمان لەدوای گیرانی بە برینداری و دانی بە مەحکەمەی عەسکەریی ئینگلیز لە بەغداد، ترجەمەی مادە دوازدەی بەیانەکەی ویلسنی بەکوردی لەناو بازیبەنگەکەی قۆڵیدا دانابوو، بەرامبەر مەحکەمەی عەسکەری ئینگلیز وتی: "من بەپێی ئەم مادەیە داوای مافی میللەتەکەی خۆم کردووە و من پیاوکوژ و چەتە نەبووم و ئێوە داگیرکەری وڵاتەکەمن و بە زۆری چەک ئەتانەوێ ملمان پێ کەچ بکەن." بەڵام نە ئەوەی ئەو سوودی هەبوو نە پەیمانی سیڤر کە بەئاشکرا دانی بە مافی کورددا نابووە، پارێزگاری لە مافی کورد دەکرد.

ساتێک شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا لە ئێراندا کە ڕژێمی قاجاری دەستی بەسەر وڵاتدا گرتبوو، ئەو ڕژێمە داڕزاو و داوەشاوەی کە میللەتەکەی لە ژێر باری زۆرداریی کاربەدەستانی ئێراندا ئەیناڵاند و سوپا و لەشکرەکەی نزمترین پلە و بە ڕابەرێنێکی ڕێکوپێکی ئاسایی بەئاسانی ئەتوانرا هەرەس بەو ڕژێمە بهێنرێت،

لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی (علاء الدولە) بە شێوەیەکی ڕەسمی بێلایەنیی حکومەتەکەی بڵاو کردەوە بە ئومێدی ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت خۆی ڕزگار بکا و عەرشی قاجاری بپارێزێت، بەڵام ئەو تەقەلایە بێ سوود بوو، سەری نەگرت چونکە ستراتیجیەتی ئێران و گرنگیی شوێنەکەی و بوونی بەشێکی زۆر لە سنووری ئێران لەگەڵ ڕووسیا و تورکیادا هاوسنووربوو و ڕووسیا و عوسمانی کە هەردوو لایان لەمێژ بوو دوژمنی خوێنەخۆری یەکبوون، ئەمانە هەمووی کارێکی وای کرد کە چ ڕووس و چ حکومەتی عوسمانی هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیەوە بکەوێتە پەلەقاژەی داگیرکردنی ژووروی ڕۆژئاوای ئێران کە بریتی بوو لە بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی ئێران.

دەربارەی هەڵوێستی دەوڵەتان لە کاتی دەستپێکردنی شەڕ و لە کاتی شەڕدا و لەدوای شەڕ گەلێک لە نووسەران چ خۆمانە و چ بێگانە دەربارەیان نووسیوە کە لێرەدا هەوڵ ئەدەین کورتە و پوختەی هەندێکیان بخەینە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز و هەروەکو (لازاریف) باسی کردووە یەکەم دەنگی تەقەی شەڕ لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەناو خاکی کوردستاندا دەستی پێ کرد و لەو شەڕەدا میللەتی کورد بەخۆڕایی بە کێش کرا بۆ ئەو شەڕە و ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا بەبێ ئەوەی هیچ مەبەست و سوودێکی بووبێت لەو شەڕەدا و دەوڵەتی عوسمانی کە بە درۆ خۆی بە نوێنەری خەلافەتی ئیسلامی ئەزانی بە هاوکاریی ئەڵمانیای دۆستی توانیان هەستی ئاینی ئیسلام لە دڵ و مێشکی کوردی ساویلکەدا ببزوێن و بەخۆڕایی کورد کرا بە سووتەمەنیی ئەو شەڕە و هەتا دوا کاتی شەڕ کوردی ناو خاکی عوسمانی ئالای ئیسلامی دانەواند و سوڵتانی عوسمانیی کە خۆی بە خەلیفەی ئیسلام و پارێزەری ئاینی ئیسلام ئەژمارد لە کاتێکدا شریف حسین، شەریفی مەککەی نەوەی پێغەمبەر بەئاشکرا چووە پاڵ ئیمپریالیزمی بریتانیا و دژی ئەو خەلافەتی ئیسلامییە شەڕی کرد و لە ئەنجامی ئەوەدا شەریفی مەککە توانی سوود لە هەندێ بەڵێن و پەیمانەکانی ئینگلیز وەربگرێ و فیصلی کوڕی لە حجازەوە بە کێش کرا و کرا بە مەلیکی عێراق و بە زەبری فڕۆکەی ئینگلیز حکومەتەکەی شێخ مەحمودیان بۆ تێکدا و بەزۆرەملی کوردستانی خوارووییان لکاند بە عێراقەوە و میللەتی کورد لەوەدا بوو بە قۆچی قوربانیی سوودی خاوەن کۆمپانیاکانی نەوت و لە کوردستانی تورکیاشدا هەتا درەنگێک شێخ عبدالقادری شەمزینی هەر هیوای بە

خەلافەتی ئیسلامیی تورکیا مابوو لەسەر ئەوە لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخاندا نارێک بوون و لە کوردستانی ئێرانیشدا، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی بەشداریی شەڕی نەکردبوو لەبەر ئەوە نە لە پەیمانی ئاشتیدا و نە لە سیڤردا ناوی ئێران و کوردستانی ئێران نەهات و کوردی کوردستان لە گێژاوی ئەو بینبڕکێیەی کە لە نێوان دەوڵەتاندا هەبوو نەیتوانیبوو ڕێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان بکا، بۆیە کە شەڕ برایەوە لە غەیری ئەو هەموو ماڵکاولی و وێرانی و برسێتی و گرانی و ڕەشوڕووتییەی کە شەڕ بۆی بەجێهێشتبوو هیچی تری بۆ نەمابووەوە.

ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس لە کتێبەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) لە لاپەڕە (٢٥٩)دا دەربارەی ئەو زیانانەی لە کورد کەوتبوو بە هۆی شەڕی جیهانیەوە وتویەتی:(١٤) "شەڕی یەکەمی جیهان هەروەکو ئەو شەڕانەی پێشووتر کە لە نێوانی عوسمانی و ڕووسدا ڕووی ئەدا لەم شەڕەشدا میللەتی کورد تووشی گەلێک زیان و ماڵکاولی بوو.

حکومەتی عوسمانی لە سەرەتای شەڕی یەکەمدا کەوتبووە سەر بەجێهێنانی خەیاڵە کۆنەکەی جاران و بە هەوای بووژاندنەوەی هەستی (یەکگرتنی ولاتانی سەر بە توران) کەوتە سەودای ئەوەی کە دەرفەتێکی باش و لەباری بۆ ڕەخسابوو بۆ سەرگرتنی ئەو ئاواتە و کەوتە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە ئێران و توران داگیر بکات و بەوەشەوە نەوەستێت بەڵکو بگاتە هندستانیش.

لەبەر ئەوە کە شەڕ دەستی پێ کرد یەکسەر ئیعلانی شەڕی کرد بەرامبەر بە ڕووسیا و بەپەلە هێزێکی لە چەکدارەکانی سەرسنوور و سوارەی عەشایر و قوتابیی ناو قوتابخانە بەرزەکان پێکەوە نا و چەند ئەفسەرێکی کرد بە سەرکردەیان و هەموویانی بە کێش کرد بۆ ناو خاکی ئێران و هێزەکانی لە هەورامانەوە هەتا تەورێزی گرت، بەتایبەتی ناوچەی موکریان و بانەی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، ئیبراهیم بەگی سەرکردەی یەکێک لە هێزەکانی عوسمانی دەستی کرد بە ڕاووڕووت و سزادانی خەڵک و حسین خانی حاکمی موکری لە بنەماڵەی بابامیری و حەمەخانی حاکمی بانەی هەڵواسی و دەستی بەسەر هەموو موڵک و ماڵەکانیدا گیرا و هێزەکانی تری عوسمانی ناوچەکانی نێوانی (کرند) و (خانەقین) لە لایەک و ناوچەکانی نێوانی (ڕواندز) و (لاهیجان) لە لایەکی ترەوە هەمووی وێرانکرا و

(عمرناجی) و (ئیبراهیم بتلیسی) کە دوو سەرکردەی عوسمانی بوون تاوانەکانیان گەیشتبووە ڕادەیەک کە پێنووس شەرمی ئەکرد باسی ئەو تاوانانە تۆمار بکات، بێجگە لەو تاوانانەی پێشوو دوو هێزی تری عوسمانی لە ولایەتی (وان) و (بدلیس)ەوە ڕوویانکردە ناو خاکی ئێرانی سەرسنووری عوسمانی و لە ناوچەی (دیلمان) کاری ئێجگار نارەوایان کرد بەڵام لەدوای ئەو هەموو زیانانەی کە عوسمانی بە کوردی (کوردستانی ئێران)یان گەیاند ناچاربوون کە لەژێر فشار و پەلاماردانی ڕووسەکاندا پاشەکشە بکەن و ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵن.

دەربارەی هەڵوێست لە کوردستانی ئێراندا، لەکاتی شەڕ و لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، نووسەرانی کتێبی (بزووتنەوەی کورد لە کۆن و تازەدا) لە نووسینی ژمارەیەک لە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس وتویانە:(١٧) "لەڕاستیدا کە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، میللەتی کورد نەیویستبوو بەخۆڕایی خۆیان بخەنە ناو کوورەی ئاگری ئەو شەڕەوە و خوێنی خۆیان بڕێژن لەپێناوی شتێکی بێسووددا و کوردەکان گاڵتەیان بە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگ و باسانە ئەکرد کە تورکەکان بە هاوکاریی ئەڵمانەکان خۆیان بڵاویان ئەکردەوە دەربارەی سەرکەوتنەکانیان و بەپێچەوانەوە هەندێ لە کوردەکان جنێویان بە تورک و بە هەندێک لەو سەرۆک عەشیرەتانەی کوردیش ئەدا کە بەخۆڕایی بە قسە و پروپاگاندەی تورکەکان هەڵخەڵەتابوون.

ئەو ئیعلانی جهاد و غەزایەی کە تورک و ئەڵمانەکان بە هۆی هەندێک لە شێخەکان و پیاوە ئایینیەکانەوە بڵاویان ئەکردەوە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی کورد لە سوپای عوسمانی ڕایان ئەکرد بەبێ ئەوەی هیچ بەرگرییەک بکەن لە هاتنی ڕووسەکاندا بۆ ناوچەکانیان.

هەندێک لە سەرکردە و ڕۆشنبیرانی کورد وەکو عبدالرزاق بدرخان و یوسف کامل بدرخان و کوڕ حسن پاشا و گەلێکی تر بانگەوازێکیان بەناو کوردەکاندا بڵاوکردەوە کە لە کاتی شەڕدا چەکەکانیان ئاراستەی تورک بکەن (کە لەوەدا هەروەکو ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆی چوون باسیل نیکیتین لە کتێبەکەیدا هەر بە هەمان جۆر بۆی چووە.) دوای ئەوەی تورکەکان لەو تەقەلادانەیاندا نائومێد بوون کە کورد بەکاربێنن دژی ڕووس، ئیتر دەستیان کرد بە بەکارهێنانی سیاسەتێکی تر کە لەپێشدا بەرامبەر بە ئەرمەنییەکان و لەدواییدا بەرامبەر بە کوردەکان بەکاریان هێنا.

ئەرمەنییەکان زۆربەیان ئاوارەکرابوون بۆ بیابانەکانی سوریا و هەندێکیان فریاکەوتبوون چووبوونە ڕووسیا، ئاسورییەکانیش کە لە ناوچەی (هەکاری)دا بوون تووشی کارەسات بوون و لە ترسی سوپای تورک ڕوویانکردە ژووروی ڕۆژئاوای خاکی ئێران بۆ ناوچە کوردییەکان (کە لەدواییدا لەوێش بە هۆی سمکۆوە تووشی ماڵوێرانی و ئاوارەیی بوون و ئینگلیزەکان دەستی ئەوانیشیان بڕی و بەکێشیان کردن بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خوارووودا و بۆ ماوەیەک کردنی بە کوتەکی دەستی خۆیان دژی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و ناوچەی بارزان و زێبار بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی کە پێی دابوون کە بیانگێڕیتەوە بۆ وڵاتی خۆیان لە ناوچەی هەکاری)

نووسەرانی ئەو کتێبە ئەڵێن: "لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان توانیبوویان هەندێک لە سەرکردەکانی کورد بخەڵەتێن و تەفرەیان بدەن و هەندێ تاوانیان پێ کردن دژی ئەرمەنی و ئاسووری بەرامبەر بە بەڵێنێکی درۆ کە زەویوزاری ئەرمەنی و ئاسوورییەکانیان ئەدەنێ (کە لەدواییدا دەرکەوت نەک هەر ئەو زەویوزارانە، بەڵکو ئەوانەی خۆشیان داگیرکرد و بە هەزارەهایان لێ ئاوارەکردن و هەزارانیشیان لێ کوژرا و لەناو بەفر و سەهۆڵبەنداندا لەبرساندا مردن.)

ئەو نووسەرانە ئەڵێن: گەلێک لە نووسەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەدوای ئەوەی چوونەتە بنج و بناوانی ئەو بەسەرهاتانەوە بۆیان ڕوون بۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە سەرکردەکانی کورد لە زۆر هەڵوێستدا یارمەتیی ئەرمەنییەکانیان داوە دژی تورک کە یەکێکی وەکو (گردلیڤسکی) کە چەند جارێک سەری لەو ناوچانە دابوو باسی ئەوەی کردووە کە ئەرمەنییەکان لەناو کوردەکاندا دۆستی زۆریان هەبووە و زۆرجار لە چنگی تورکی تاوانبار ڕزگاریان کردوون.

لە سەرەتای ساڵی یەکەمی شەڕی جیهاندا ناوچەکانی کوردستان نائارام بووە و حکومەتی ئێران جڵەوی کاروباری بە دەستەوە نەمابوو لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو ڕووسەکان بەشی ژووروی کوردستانی ئێرانیان گرت، هەرچەند ڕووس لەو ماوەی داگیرکردنەدا تەنها هەر بە زەبروزەنگ توانیبووی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێ، بۆیە کە ڕووسەکان کشانەوە زۆربەی سەرۆک کوردەکان دژی ڕووس ڕاوەستان کە لە هەموویان زۆرتر دژی ڕووس وەستا سمکۆ بوو کە لەدواییدا لە لایەن ڕووسەکانەوە گیرا و ئاوارەکرا بۆ (تفلیس)، بەڵام لەدوای هێرشبردنی ڕووسیا

بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە ساڵی ١٩١٦دا ئیتر گۆڕینێکی تەواو ڕووی دا دەربارەی هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد بەرامبەر بە ڕووسیا و هەندێک لەو سەرکردانە ئەومیان خستە بەرچاوی ڕووسەکان کە پێویستە مافی چارەنووسی کورد زۆر بایەخی پێ بدرێ. لەو ڕووەوە یوسف کامل بدرخان داخوازیی کوردی دا بە پرنس (نیکۆلای نیکۆلایڤیتش) بەڵام ڕووسەکان لە بترۆسبورگ و تبلیس ئەو داخوازییەی کوردیان پشتگوێ خست و بایەخیان نەدا بەوەی کە سەیری ئەو داخوازییە بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی ڕووس بەسەر تورکیادا لە ساڵی ١٩١٦ بوو بە هۆی ئەوەی لە کوردستانی ئێراندا هەڵوێستێکی تازە بێتە ئاراوە کە بوو بە هۆی پتەوکردنی پێوەندی سەرکردەکانی لەشکری ڕووس و سەرکردە کوردەکان، کە ئەنجامی ئەمە بەوە گەیشت ڕووس بیر لەوە بکاتەوە بە هەڵوێستی جارانیدا بچێتەوە بەرامبەر بە کورد و لە ساڵی ١٩١٦دا سمکۆیان ئازاد کرد و گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

نووسەرانی ئەو کتێبە دەربارەی هەڵوێستی ڕووس بەرامبەر بە کورد ئەڵێن: "لەدوای وەستانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، کوردەکانی تورکیا بە سەرکردایەتی یوسف کامل بەگ بەدرخان کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕووسەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ ئەمیر (شاخوفسکی) کە مدیری گشتیی مدنی ڕووس بوو لە ناوچەکانی ئاسیای بچووکدا، بەڵام نە ئەو تەقەلایەی پێشووی زەمانی قەیسەری ڕووسیا و نە لەگەڵ ئەو حکومەتە کاتییەش کە لەدوای ئەوان دروست بوو توانای ئەومیان نەبوو کێشەی کورد لەسەر بناغەیەکی دیموکراتی چارەسەر بکەن.

لە ساڵی ١٩١٧دا بەر لە شۆڕشی ئۆکتوبەر تا ڕادەیەک ڕووسەکان تاکتیکی خۆیان بەرامبەر بە کورد گۆڕیبوو، بە هاندانی مینورسکی بیریان لەوە کردبووەوە کە دۆستایەتی لەگەڵ کورددا پەیدا بکەن و لە حزیراندا سیخوڕێکی عەسکەری نێررا بۆ خوارووی کوردستانی ئێران کە عقید (زاخارچفکۆ) بوو بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی کورد و ڕووس و بە ناوی حکومەتی ڕووسەوە بەڵێنی دۆستایەتی و یارمەتیدانی کوردی گەیاند و بە هۆی تەقەلای ئەوەوە لە ١٣ی تەمموزی ١٩١٧ لە نزیک شاری کرماشاندا، یەکەم کۆنگرەیەکی مێژوویی لە کوردستانی ئێراندا بەسترا کە سەرکردەکانی کورد بەشدارییان تیادا کرد و سێ ڕۆژی خایاند و لەو کۆنگرەیەدا

بریاری دۆستایەتی نێوانی ڕووس و کورد درا و کوردەکان بەڵێنی ئەوەیان دا کە ئاسایشی هاتوچۆکردنی ڕووسەکان لەو ناوچانەدا بپارێزن (هەروەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە ڕووسەکان لەکاتی شەڕی جیهانیدا گەیشتبوونە کرماشان و ئەسفەهان و هەتا خانەقین چووبوون و هەندێ هێزی تریشیان گەیشتبووە ناوچەی مەریوان و نزیک ولیاوای لای پێنجوینەوە و شێخ مەحمود لەسەر داخوازیی دەوڵەتی عوسمانی بەرەنگاری ئەو هێزەی ڕووس بووەوە کە لە مەریواندا بوو و دەریکردن هەروەکو لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا بەدوورودرێژی باسکراوە.)

نووسەران لە کتێبەکەیاندا ئەڵێن: "جگە لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە (زاخارچەکو) توانیبووی پێوەندی لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکانی تری کورددا بکا کە لە هەمووی گرنگتر ئەو چالاکییەی بوو کە لە نزیک شاری (سنە)وە لەگەڵ (٢٧) سەرۆکی کورددا توانی لە ١٩١٧/٩/٤دا کۆنفرانسێک ببەستێت و جەنراڵ (باراتوف) کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو ئەو ڕێکەوتنەی مۆرکرد و لەو ڕێکەوتنەدا ڕووس بەڵێنی یارمەتیدانی بە کورد دابوو، بە وجۆرە کوردی ئەو ناوچانە لە دوژمنایەتی ڕووسەوە بوون بە دۆستیان، بەڵام ئەو ڕێکەوتنە هیچ بەرهەمێکی نەبوو چونکە هەڵوێستی ڕووس بە جۆرێک بوو کە بە شێوەی داگیرکەر لەگەڵ کورددا ئەجووڵایەوە کە ئەمە بوو بە هۆی بێزاربوونی کورد لە ڕووسیا و زۆری پێ نەچوو ئەو هێزەی ڕووس کێشرایە دواوە (مەبەست ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتوبەر و وازهێنانی ڕووسیا بووە لە شەڕ.) لەپاش کشانەوەی ڕووس ئیتر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێراندا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی بریتانیاوە.

بەو جۆرە ئەنجامی شەڕی یەکەم و کەڵەگایەتیی ئیمپریالیزم لە لایەکەوە و دواکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و نەخوێندەواری و نزمی پلەی ڕۆشنبیری و نەشارەزابوون لە باری سیاسی و عەسکەری، ئەمانە هەموویان بەکۆمەڵ وایانکرد تەقەلاکانی کورد بێسوود بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆری پێ نەچوو قۆناغێکی تری بزووتنەوەی کورد دەستی پێ کرد و لەوەدا لەچاو جاراندا ڕۆڵ و دەسەڵاتی دەرەبەگی کورد تاڕادەیەک کەمبووەوە و میللەتی کوردیش چاوی کردەوە و ڕوانیە دواڕۆژی خۆی و بە شێوەیەکی تر دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کوردستان.

دوکتۆر کەمال مەزهەر دەربارەی هەڵوێست لە کوردستانی ئێراندا لە کاتی شەڕی

یەکەمی جیهانیدا لە دوو کتێبیدا بەدوورودرێژی باسی کردووە.

یەکەمیان بریتیە لە کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیدا) کە لە لاپەرە (٢١)دا وتویەتی:(٦٤) "ڕووسەکانیش هەروەکو ئینگلیزەکان دەمێک بوو چاویان بڕیبووە کوردستان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە سەر سنوور یا نزیکی سنووری وڵاتی ڕووس بوون.

ڕووس لەوەدا ئەیانویست ئاسایشی ناوچەکانی قەفقاس بپارێزن بەتایبەتی ئاگاداری ئەوە بوون کە چ تورکیا و چ ئەڵمانیای دۆستی تورک کەوتبوونە هاندانی هۆزەکانی کوردی ئەو ناوچانە دژی ڕووسیا.

لەڕاستیدا بەر لە دەستپێکردنی شەڕ هەلێکی باش و لەبار بۆ ڕووسەکان هەڵکەوتبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە سەرداران و ناودارانی کورد وەکو عبدالرزاق بدرخان لە ڕەفتاری کاربەدەستانی عوسمانی و ئێران بێزار بووبوون و داخلەدڵ بوون بەرامبەریان و لە لایان وابوو ئەتوانرێ بە پێوەندیکردن و بە یارمەتیی ڕووس کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنرێ و هەندێک لەو سەرۆک کوردانە داوای ئۆتۆنۆمییان ئەکرد بۆ کوردستان و ئەوەیان کردبوو بە یەکێک لەو مەرجانەی کە لەسەرگرتنیدا بە دەسەلاتدارێتی ڕووس قایل ئەبوون، بەلام ڕووسەکان لە ترسی پەیدابوونی هەرا و کێشەیەکی گەورە لەسەر سنوورەکانیان نەیان ئەوێرا خۆیان لەو داخوازییەی کورد نزیک بخەنەوە و لەوە ئەترسان کە ئەنجامی ئەوە سوودی خۆیان تیادا نەبێت چونکە ئەیانزانی تورکەکان لەو هەڵوێستەی ڕووس بێدەنگ نەدەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسەکان بایەخیان دا بە بڵاوکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری خۆیان لە کوردستاندا و خۆیان بۆ ئەوە مەلاس دابوو هەر کاتێک بۆیان بلوێ بەشێکی خاکی کوردستان داگیر بکەن.

بۆ نموونە ڕووسەکان مەشروتیەتی ئێرانی ساڵی ١٩٠٥-١٩١١یان بە هەل زانی کە لە ساڵی ١٩١٩دا ناوچەیەکی فراوانی کوردستان داگیر بکەن و بەتەمای ئەوە بوون هەروەکو وڵاتەکانی تری پشت قەفقاس ئەوێش بخەنە سەر ئیمپراتۆریەتەکەیان.

بایەخدانی ڕووس بە کوردستان پاڵی بە حکومەتی ڕووسیاوە نا کە گەلێک کۆنسلخانە و قوتابخانەی تایبەتی و بنکەی ئاینی لە هەندێ لە شارەکان کوردستانی تورکیا و ئێراندا ساز بکەن و بەر لە دەستپێکردنی شەڕی جیهانی

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

چاپخانەیەکیان لە شاری (ورمیە) دانا (بێگومان ئەوەی دوکتۆر کەمال باسیکردووە جگە لەو چالاکییانەی تر بووە کە لە باسی عبدالرزاق بدرخاندا دەربارەی ڕووسەکان لێی دواین.)

شازادە (باریس شاخۆڤسکی)ی کۆنە کۆنسوڵی ڕووس لە (دمشق) لە ساڵەکانی شەڕدا کە سەرپەرشتیکردنی کاروباری کوردستانی پێسپێررابوو، لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاوە، بایەخێکی زۆری دا بە بەستنی ئابووریی کوردستان بە پێچکەی ڕووسیاوە، کەلوپەلی ناو ڕووسیا و بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتەکانی تری ئەوروپا، هەر لە ڕێگەی خاکی ڕووسیاوە ئەگەیشتە بەشێکی زۆر لە بازاڕەکانی کوردستان کە ئەمە پاڵی بە ڕووسەکانەوە نا بنکەی بازرگانی لە شارەکانی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە. کە ئەم چالاکیەی ڕوس ئەڵمانەکانی بێزار و بێتاقەت کردبوو، بۆیە دەستیان کرد بە هەوڵدانی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئابووری و بازرگانیی ڕووس لە کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوسەکان هەروەکو دەوڵەتەکانی تر چاوی بڕیبووە کوردستان بەڵام ڕێبازێکی ڕوون و ئاشکرا و دووربینی نەبوو و زۆرجار سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد بەپێی کات و شوێن ئەگۆڕی.

کۆنسوڵی ڕوس لە (ورمیە) لە یەکێک لە دوکیومێنتەکاندا (کە بریتی بووە لە و دوکیومێنتەی کە سەرچاوەکەی لە کتێبەکەی لازاریفەوە وەرگرتووە)، بەئاشکرا دانی بەوەدا ناوە کە ڕوسەکان بە ڕادی یەکەم لە کۆشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمینیای سەربەخۆوە سەیری کورد و دوارۆژی کوردستانیان کردووە، کە ئەم هەڵوێستەیان بووبوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی کوردەکانی سەرسنوور لە ڕووسیا، و بەو جۆرە ڕوس دوو سیاسەتی جیاوازی هەبوو بەرامبەر بە ئەرمەنی و کورد.

جارێک نەبووە کە بەتەواوی لە مەسەلەیەکی گرنگدا پشتگیریی کورد بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە بەبێ وچان هەمیشە پشتگیری ئاسووری و بەتایبەتی هی ئەرمەنییەکانی کردووە و لەکاتی پێویستدا چەکی ئەدانێ، بێجگە لەوەی کە ڕووسیا سیاسەتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرای هەبووە دەربارەی پاشەڕۆژی ئەرمینیا، کە ئەم هەڵوێستە ئاشکرایەی ڕوس بەرامبەر بە ئەرمەنی وای لە ئەرمەنیە داخلەدڵەکان کرد کە بەڕقەوە لەگەڵ کوردەکانی دراوسێیاندا بجووڵێنەوە.

کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٥٨)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: "کە شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد، لە کوردستانی ئێراندا چەند شەڕێکی قورس دەستی پێ کرد. دوو هێزی

عوسمانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی ئێرانیان داگیرکرد کە مەبەست لەو داگیرکردنە ئەوە بوو کە تورک و ئەڵمانیا ڕێگا لە پێکگەیشتنی هێزەکانی ڕوس لەژوورووەوە و ئینگلیز لە خوارووەوە بگرن.

عوسمانییەکان لەسەرەتادا گەیشتنە (ورمیە) و دەورویەری بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بکەن بە بنکەیەکی جەنگی بۆ خۆیان و توانیبوویان ئەو ڕوسانەی لەو ناوچانەدا بوون دەریان بکەن و چەند هۆزێکی کوردیش بەلای خۆیاندا داشکێنن وەکو عەشیرەتی شوکاک، بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕوسەکان تەنگیان بە تورکەکان هەڵچنی و توانیان ئەو شوێنانەیان لێ بگرنەوە و لە کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩١٥دا بەرەو باشووری دەریاچەی (ورمیە) ملیان نا و لەدوای شەڕێکی بچووک بەرامبەر بە چەکدارەکانی شکاک، ڕوسەکان توانییان لە ١٩١٥/٥/٢٥دا ورمیە داگیر بکەن، بەو جۆرە کۆتایی هێنرا بە دەسەڵاتدارێتی عوسمانی لەو ناوچانەدا.

ڕوسەکان لەدوای گرتنی مهاباد، چوونە مهاباد و شنۆ، بەڵام لەو ناوچانەدا تووشی بەرهەڵستییەکی گەرمی چەکدارانی کورد بوون و لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧دا کار گەیشتە ئەوەی ئێران بکەوێتە ژێردەستی ڕوسەوە و کە هەتا ئەسفەهان گەیشت و ئینگلیزەکانیش خوارووی ئێرانیان گرتبوو.

ساتێک تورکەکان لەکاتی شەڕدا هاتبوونە ناو خاکی ئێرانەوە، لەشکرەکەی تورک و هەندێ عەشایری سەر بە تورک زۆر دڕندانە کەوتبوونە گیانی (فەلە)کانەوە بە بیانووی ئەوەی هاوکاریی ڕوسیایان کردبوو لەشەڕدا و لە ئەنجامی ئەوەدا سەد گوندیان سووتاند و زۆریان لێ کوشتن و ئەوانی تر ئاوارەکران و بەدەربەدەریش تورکەکان بێبەزەییانە لەگەڵیاندا ئەجووڵانەوە کە لەوەدا لە کوردەکانیش دوو سەردار کە (محمد حسین خان) و (سیفالدین خان)ی سەقز بوو هەردووکیان لە سێدارە دران و بۆ چاوترساندنی خەڵک بۆ ماوەیەک لاشەکانیان بە سێدارەوە هێڵرانەوە.

فەلەکانی ناوچەی ورمیە لە ڕقی تورکەکان ئەوەندەی تر لە ڕوس و ئینگلیز نزیک بوونەوە و خەڵکی ناوچەی سابلاغ بە سەرکردایەتی (قازی فتاح ١٨٣٢ز.-١٩١٦ز.)ی بەناوبانگ کە برابچووکی باپیری قازی محمد بوو یەکێک بووە لە پیاوە هەرە ئازاکانی ناوچەی موکریان، دەستی کرد بە بەربەرەکانیکردنی تورک و ڕوس.

ئەوەی شایانی باسە، دوکتۆر کەمال مەزهەر لە پەراوێزی لاپەڕە (٦٣)ی

کتێبەکەیدا دەربارەی فتاحی قازی (قازی فتاح) وتویەتی: "فتاحی قازی یەکێک بووە لە پیاوە هەرە گەورە و ناودار و ئازاکانی موکریان کە تەمەنی لاوێتی و پیریی خۆی لە ڕێگەی خزمەتی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بردۆتە سەر و کە لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیدا بەرگریی لە ناوچەی سابڵاغ کردووە و کوڕێکی لەو شەڕانەدا بە دەستی سەربازەکانی ڕوس شەهیدکراوە و هەروەکو ئەگێڕنەوە هەتا دوا گوللەی کە پێی بووە شەڕی کردووە و کە گوللەکانی تەواو بووە لە سەنگەر هاتۆتە دەرەوە و ڕوویکردۆتە لەشکرەکەی ڕوس و پێی وتون: مەلعوونینە، ئیتر دەتوانن بەسەر لاکی خۆم و کوڕەکەمدا تێپەڕن و شارەکەم داگیر بکەن، ئیتر بشمکوژن دڵم خۆشە چونکە لە ڕێگەی نەتەوەکەمدا کوڕێکم شەهیدکراوە و ئەوا خۆشم فیدای کوردستان ئەکەم." کە فتاحی قازی کوژرابوو (١٧) گوللە بە لەشیەوە بوو کە سەرچاوەی ئەمەی لە دەستنووسە چاپنەکراوەکەی دوکتۆر ڕەحیمی قازییەوە وەرگرتووە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی دووهەمیدا (دراسات في تاريخ ايران المعاصر) لە لاپەڕە (٨٩)دا دەربارەی شەڕی یەکەمی جیهان لە ئێراندا ئەڵێ:(٩) "لەگەڵ ئەوەشدا ئێران لە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئیعلانی بێلایەنیی خۆی کرد بەڵام هیچ لایەک ڕێزیان لەوە نەگرت و دانیان بەو بێلایەنییەی ئێراندا نەنا. بابی عالی (عوسمانی) لەوەرامی ئیعلانی ئەو بێلایەنییەی ئێراندا بە حکومەتی ئێرانی وتبوو دان بەو بێلایەنیەیدا نانرێ هەتا وا لە ڕوسی قەیسەری نەکرێ هێزەکەی لە ژووروی ئێراندا بکشێتەوە.

ساتێک ئێران داوای لە ڕوسی قەیسەری کرد هێزەکەی بکێشێتەوە بۆ سەرگرتنی ئەو بێلایەنییەی لەوەرامدا روسکان پێیان وت: مانەوەی ئەو هێزەیان لە ژووروی ئێراندا شتێکی زۆر پێویستە بۆ پاراستنی ڕەعایای بێگانە. سەفیری ڕوس لە تاران بەئاشکرا بە سەرەکوەزیرانی ئێرانی وتبوو کە حکومەتەکەی ترسی ئەوەی هەیە ئەگەر هێزەکەی خۆی لەو ناوچانە بکێشێتەوە دەمودەس هێزی عوسمانی ئەچێتە جێگەی ئەوان و ئەو شوێنانە داگیر ئەکات.

نەخشەی عوسمانییەکان کە لە لایەن ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگی عوسمانیەوە بە ڕاوێژ و هاوکاریی ئەڵمانەکان نەخشەی کێشرابوو بریتی بوو لەوەی کە ژووروی ئێران داگیر بکەن و ئەوە بوو بەپێی ئەو نەخشەیە لە مانگی تشرینی دووهەمەی ساڵی ١٩١٤دا هێزی تورک چووە ناو خاکی ئێرانەوە و لەسەرەتادا (خۆی) و

(ورمیە)ی داگیرکرد و دوای ئەوە ڕوویکردە (هەمدان) و (کرمانشاه) و هەتا نزیکی خانەقین بووەوە.

لەو ڕۆژانەدا کە ئەو شوێنانە داگیرکران، هەندێ لە کاربەدەستانی ئێران و ئەنجوومەنی وەزیران ڕوویانکردە (قم) و لەوێ حکومەتی نیشتمانییان دانا کە ئەڵمانەکان و هاوکارەکانی دانیان بەو حکومەتەدا نا کە دروشمی ئەو حکومەتە بریتی بوو لە (بووژاندنەوەی نەتەوەی سەربەخۆی ئێران.)

دوا شای قاجاری کە (ئەحمەد شا) بوو ویستی ئەویش بچێتە لای ئەوانەی چووبوونە (قم) بۆ ئەوەی ببێت بە لایەنگریان، بەڵام لەئەنجامی هەڕەشەکردنی ڕوس و ئینگلیزدا پاشگەزبووەوە چونکە پێیان ڕاگەیاندبوو ئەگەر شتی وا بکا ئەوا عەرشی ئیرانی لە کیس ئەچێت. لە گێژاوی ئەو ڕووداوانەدا ڕوس و ئینگلیز بە نهێنی کەوتنە گفتوگۆکردن لەناو خۆیاندا بۆ دەستنیشانکردنی شێوەی پاشەڕۆژی ئێران، کە بەپێی ئەوە بڕیاریاندا ژووروی ئێران بۆ ڕوس بێ و خوارووی ئێران بۆ ئینگلیز بێت (کە لام وایە هەردوولایان لەو گفتوگۆ و ڕێکەوتنەیاندا درۆیان کردبوو، ئەوەی کە ڕێک کەوتبوون لەسەری شتێکی کاتی بووە چونکە هەروەکو لە باسی کێشەی نێودەوڵەتاندا لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا لە هەموو سەرچاوەکانەوە دەرئەکەوێ کە هەردوولایان بۆ سوودی خۆیان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی هەوڵیانداوە ئێران وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هیچ لایەکیان بیانووری ئەوەی نەبێ بە شێوەیەکی ئاشکرا دەست بەسەر ئێراندا بگرێ کە ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوەی تەقەلا و شۆڕشەکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەپێناوی سەرگرتنی سیاسەتی دووقۆڵیی ئینگلیز و ڕوسدا هەر لەکۆنەوە سەری نەگرتووە و هەمیشە هەردوولایان دژی کورد وەستاونەتەوە لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی کە بەرامبەر بە ئێران کراوە.)

دەربارەی ئەو تەقەلایەی ئەحمەد شا کە ویستبووی بچێتە (قم) کە دوکتۆر کەمال مەزهەر باسی کردبوو، لۆرد کیرزنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە یاداشتێکیدا کە لە دوکیومێتی ژمارە لاپەڕە (٧٠٢) دا Document on BEP-First Vol. وتویەتی: شاه ئەحمەدی قاجاری ترسنۆکترین کەسێکە لە هەموو خاکی ئێراندا. لەدوای شەڕی ئۆکتۆبەر کە ڕوسەکان وازیان لەو ڕێکەوتنەی نێوانی ڕوس و ئینگلیز هێنا، ئینگلیزەکان ویستیان لە ژووروی ئێراندا جێگەی ڕوسەکانیش بگرنەوە، بەڵام

ساتێک ئەو تەقەلایەی ئینگلیز سەری نەگرت ئنجا کەوتنە سەر سەودایەکی تر کە برتی بوو لە بەهێزکردنی حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی بیکا بە قەلا و شوورەیەک بۆ ڕێگرتن لە بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە ئێراندا، بەلام لەڕاستیدا ئەو توانا و دەسەلاتەی نەبوو کە بتوانێت ئەو دەورە ببینێت.

پاش ماوەیەک ڕۆلی ئەمریکا هاتە پێشەوە دوای ئەوەی لە ئێراندا هی وا پەیدابوو کە لایان وا باش بوو ئێران لە ئەمریکا نزیک بێتەوە، جگە لەوە هێزی چەپڕەویش لە ئێراندا لە پەرەسەندندا بوو و کەوتبووە جموجوولّ دژی ڕژێمی ئێران، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان وایان بە باش زانی کە جۆرە گۆڕینێک بەسەر ئێراندا بهێنن و بۆ ئەو مەبەستە ئینگلیزەکان ڕەزاشایان هەلبژارد و پەسەندیان کرد و وردە وردە پێشیان خست بۆ ئەوەی ئەو هەلوێستە چارەسەر بکا.

ئینگلیز لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی هەستی بە لاوازی و پەککەوتەیی ڕژێمی ئێران کردبوو بۆیە هەتا ئەو کاتەی کە کاروبار کەوتە دەست ڕەزا شاە، ئینگلیزەکان ویستیان لە ڕێگەی بەستنی پەیمانێکی دووقۆلّی نێوانی خۆیان و ئێران چارەسەری هەلوێست بکەن، بەو جۆرە لە ١٩١٩/٨/٩دا پەیمانێک لەنێوانیاندا مۆرکرا (کە محمد جواد شیخ الاسلام لە کتێبەکەیدا اسناد محرمانەی وزارتی خارجەء بریتانیا ئەو پەیمانەی بە قراردادی (١٩١٩) ناسراوە کە وثوق الدولەی سەرەکوەزیرانی ئێران و سیر برسی کوکس مندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد مۆریان کردووە، کە لە زۆر شوێنی تردا باسی ئەو قراردادە کراوە کە نووسەری کتێبی کورد و عجم بە شێوەیەکی دووردرێژ لێی دواوە.)

دوکتۆر کەمال لە باسەکەیدا ئەلێ: "ئەو پەیمانەی لەنێوانی ئێران و ئینگلیزدا کرا، دەسەلاتێکی زۆری دابوو بە حکومەتی بریتانیا کە لەئەنجامی ئەوەدا لە هەموو لایەکەوە لە ئێراندا بیزاریی خۆیان دەربڕی و گوایا چەند ئەفسەرێکی ئێرانی لە داخی ئەو پەیمانە خۆیان کوشتبوو و ڕۆژنامەی (ستارە) و (ئافتاب) داوایان لە کاربەدەستانی ئێران کردبوو ئەو پەیمانە بەزوویی هەلوەشێنرێتەوە بۆ ئەوەی ناموس و شەرەفی ولاتەکەیان بپارێزن.

بێگومان هەموو شەڕێک، بەتایبەتی شەڕی جیهانی یەکەم کە بەشێکی زۆری شەڕەکانی نێوانی ڕوس و عوسمانی بەشێک لە خاکی کوردستانی گرتبووەوە بە کوردستانی ئێرانیشەوە، لە برسێتی و مالوێرانی بەولاوە هیچ ئەنجامێکی تری نەبوو، لاوانی کورد بە ناوی پارێزگاری لە ئاینی ئیسلام چ لە لایەن حکومەتی

عوسمانیەوە و چ لە لایەن ئەو سەرۆکعەشیرەتانەی کە عوسمانییەکان هەستی ئاینیان بزواندبوون زۆربەی لاوانی کوردیان تووشی ئەو شەڕە کردبوو بە کێش کرابوون بۆ ناو کۆڕی شەڕ و ماڵ و خێزانیان هەموو برسی و سەرگەردان و ماڵوێران بوون و برسێتی و نەخۆشی بەناو زۆربەی میللەتی کورددا بڵاوبووەوە کە لەلایەکەوە بە گوللەی کۆڕەکانی شەڕ ئەکوژران و لەلایەکی تریشەوە داسی برسێتی و نەخۆشی دروێنەی ئەکردن و کوردی کوردستانی ئێران بەو شەڕەی کە بەکێشکرابووە ناو وڵاتەکەیانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەبێداریدا ئەتلانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەڕە و ئەنجامی ئەو شەڕە و ڕاپەڕینی میللەتان بۆ دەستگیربوونی مافی ڕەوای خۆیان کوردیشی وریا کردەوە و وەکو میللەتانی تر بیری لەوە کردەوە کە لە جاران زۆرتر بۆ دەستگیربوونی مافی خۆی تێبکۆشێت و لەگەڵ ئەو هەموو زۆرداری و جەور و ستەمەی کە لە لایەن ڕژێمی قاجاری و پەهلەویەوە تووشیان بوو، بەڵام هەتا ئەهات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆرتر سوور ئەبوون لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ دەستگیربوونی مافی ڕەوای خۆیان و دەرکەوتنی سمکۆ و شۆڕشەکانی لەگەڵ ئەو هەموو هەڵە و کەموکوڕیانەی کە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیدا هەبوو، بەڵام هەر چۆنێک بووبێت بە قۆناغێکی نوێ ژمێرراوە و سەرەتایەکی تازە بووە بۆ کوردی کوردستانی ئێران کە لە ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی بێوچان لانەدەن و کۆڵنەدەن، هەرچەند بەداخەوە خەبات و ڕاپەڕینی کورد بە هۆی دواکەوتنی لە رووی شارستانێتی و کەمدەرامەتی و پاشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و خوێندەواری بە هۆی نەخشەی کاربەدەستانی ئێران کە هەمیشە هەوڵیان داوە کوردستان بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و لەچاو بەشەکانی تری ئێراندا لە هەموو ڕوویەکەوە دواکەوتوو بووە و بە دانسقە کاربەدەستانی ئێران هەتا ئێمرۆش لە پرۆژەکانی ساڵانەیاندا حسابیان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی و دامەزراندنی کارگە نەکردووە لە کوردستاندا و هەمیشە کاربەدەستانی ناوچەکانی کورد یا فارس بوون یا ئەزری بوون و ئەگەر کوردێکی کارامە و لێهاتووش هەڵکەوتبێت ئەوا دوور خراوەتەوە و فرمانێکی لە دەرەوەی کوردستان دراوەتێ و باری خوێندەواری و ڕۆشنبیری و چاپەمەنی لە کوردستاندا هەمیشە لە پلەیەکی نزم و دواکەوتوودا بووە و ڕێگە بە کورد نەدراوە بەسەربەستی لە مێژووی میللەتەکەی خۆی و کەلەپەری میللەتەکەی خۆی شارەزا بێت و گەشەی پێ بدات.

بەشی شەشەم

# هەڵوێستی کوردی کوردستانی ئێران بەرامبەر مەشروتیەی ساڵی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٦ و ڕاپەڕینی جەنگەلییەکان

له ئێراندا، چ له كاتی سه‌فه‌ویه‌كاندا و چ له‌دوایدا له كاتی بنه‌ماڵه‌ی قاجاری و په‌هله‌ویدا، هه‌میشه كاروباری ئێران به شێوه‌یه‌كی به‌ره‌لایی براوه به‌ڕێوه و كاربه‌ده‌ستانی ئێران هه‌موو ته‌قه‌لا و كۆششێكیان بۆ ئه‌وه بووه كه جێگه‌ی خۆیان بچه‌سپێنن و به هۆی ئه‌وه‌وه خۆیان ده‌وڵه‌مه‌ند بكه‌ن و كۆشك و قه‌ڵاكانیان برازێننه‌وه له‌سه‌ر حسابی چه‌وساندنه‌وه‌ی میلله‌ت و بۆ ئه‌و مه‌به‌سته هه‌ر یه‌كه‌یان تاقمێك پیاوكوژ و چاوچلێس و مفته‌خۆریان له خۆیان كۆكردۆته‌وه و به سه‌ندنی سه‌رانه و پاره‌ی جه‌ریمه‌ی درۆ و باجی ناڕه‌وا خه‌ڵكیان ڕووتاندۆته‌وه و نۆكه‌رانی ئه‌و كاربه‌دستانه بۆ قایمكردن جێگه‌ی خۆیان لای ئه‌و كاربه‌ده‌ستانه میلله‌تیان بۆ ڕووتاندونه‌ته‌وه كه به‌درێژایی مێژووی ئێران ئه‌وه شتێكی ڕوون و ئاشكرا بووه كه به‌رتیل و سه‌رانه‌سه‌ندن یه‌كێك بووه له ڕه‌وشته ناپه‌سه‌نده‌كانی كاربه‌ده‌ستانی ئێران كه زۆرجار ئه‌و ڕه‌فتاره بۆته هۆی بێزاربوونی خه‌ڵك و ده‌ربڕینی ناڕه‌زایی و ڕاپه‌ڕین دژی ده‌زگاكانی حكومه‌تی كه له‌وه‌دا ئاخونده‌كان و پیاوه ئاینییه‌كان له هه‌مووان زۆرتر ده‌فیان ده‌نگی داوه‌ته‌وه و له مینبه‌ری حسێنیه‌كاندا ده‌مه‌هراش بوون و تاڕاده‌یه‌ک كاربه‌ده‌ستانی حكومه‌تی سڵیان لێ كردونه‌ته‌وه و زۆرجار بوونه‌ته هۆی لابردنی ئه‌و كاربه‌ده‌ستانه‌ی كه له‌و ڕووه‌وه شووڵیان لێ هه‌ڵكێشا بوو.

بێگومان جگه له هۆی ناوخۆ، هه‌ندێ هۆی ڕووداوی ده‌ره‌وه‌ش كاری كردۆته سه‌ر دانیشتوانی ئێران و كه‌موزۆر هه‌ستی بزواندوون و هه‌وڵیانداوه پێڕه‌وی به‌شداربووه‌كانی ئه‌و ڕووداوانه‌ی ده‌ره‌وه بكه‌ن بۆ گه‌یشتن به ئامانج و مه‌به‌ستی خۆیان كه میلله‌تی كورد له هه‌مووان زۆرتر سزادراو و به‌شخوراو و تامه‌زرۆی ئه‌و به‌شداربوونه بووه.

بۆ نموونه ڕووداوه‌كانی سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م چ له ڕوسیای دروستی ژووروویاندا و چ له خاكی عوسمانیدا كه ورده ورده وڵاتانی بنده‌ستی عوسمانی دژی عوسمانی ڕاپه‌ڕیون و ده‌ریانكردوون، كه ئه‌مانه هه‌مووی كارێكی ته‌واویان كردبووه سه‌ر دانیشتوانی ئێران و شا و داروده‌سته‌كه‌ی نه‌یانتوانیبوو هه‌موو جارێك و له هه‌موو كاتێكدا به‌ئاسانی ڕاپه‌ڕینه‌كانی دژیان خامۆش بكه‌ن.

ئه‌و به‌سه‌رهات و ڕووداوانه ئێجگار زۆرن و باسكردنیان كارێكی دوورودرێژه و لێره‌دا ئه‌مانه‌وێ باز بده‌ین بۆ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌م و بۆ كاتی شه‌ڕی یه‌كه‌می

جیهانی کە لەو دوو ماوەیەدا دوو ڕاپەڕینی گرنگ لە ئێراندا ڕوویانداوە و کوردی کوردستانی ئێرانیش کەموزۆر پریشکی ئەوەی بەرکەوتووە و لەو ڕووداوانەدا بەشداری کردووە.

ڕووداوی یەکەمیان بیرتیە لە مەشروتیەی ساڵی (١٩٠٦) و، دووهەمیان بریتیە لە ڕاپەڕینی جەنگەلییەکان و ڕێکخەرەکانی (ئازادستان) لە هەندێ ناوچەی ئێراندا بە کوردستانی ئێرانیشەوە.

دەربارەی بزووتنەوە و مەشروتیەی ساڵی (١٩٠٦ز.، ١٣٢٤ھ.) کە پێش مەشروتیەی عوسمانی کەوتبوو (کە هی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ز.دابووە)، هەندێ لە نووسەران شۆڕشی ڕوسیای ساڵی ١٩٠٥ بە هەوێنی ئەو مەشروتیەی ئێران دائەنێن و هەندێ نووسەری تر بۆ زۆر لەوە پێشتر چوون و ئەو هەموو کردەوە نالەبار و ڕەفتارە درندانەیەی کە کاربەدەستانی قاجاری بەرامبەر بە میللەت کردبوویان هەمووی لەناو مێشک و دڵی خەڵکدا پەنگی خواردبووەوە و گەیشتبووە ڕادەیەک خەڵک خۆی پێ نەگیرا و لە هەومو لایەکەوە بێزاری و نارەزایی پاڵی پێوە نان کە لەوە زیاتر بێدەنگ نەبن و ساتێک پزیسکی چەخماخەی داخوازیی بایەخدان بە یاسا بوو بە هۆی بڵێسەی ئاگری ڕاپەڕین، ئیتر لە هەموو لایەکەوە خەڵک کەوتە خۆی و بەئاشکرا بێزاریی خۆیان بەرامبەر بە ڕژێم دەربڕی و چۆن بەندیخانە و قەڵای باستیل بووبوو بە ڕەمزی ستەم و زۆرداریی کاربەدەستانی فرەنسا، بەو جۆرەش کۆشکی قاجاری کە نیشانەی جەور و ستەمی کاربەدەستان بووە و ئەوی چووبێتە ئەو بەندیخانەوە ئیتر بێ سەروشوێن بووە و کەسوکاری هیوای ڕزگاربوونیان نەماوە، بەو جۆرەش میللەتی ئێران لە هەموو لایەکەوە ڕاپەڕی و داوای دانانی یاسایان کرد کە ببێت بە بناغەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و دانانی سنوورێک بۆ ئەو بەرەڵاییەی کە لەناو وڵاتدا هەبووە.

گەلێک لە نووسەران دەربارەی مەشروتیە و هۆی مەشروتیە نووسیویانە و هەر یەکەیان بە جۆرێک بیر و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

ئەحمەدی کسروی لە کتێبەکەیدا تاریخ مشروطەء ایران، چاپی یەکەم، امیر کبیر، ساڵی ١٣٦٣ھ. باسێکی دوورودرێژی لەو ڕووەوە نووسیوە، کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی ٣٢١-٣٢٦دا تەرجەمەی ئەو بەشەی ئەحمەدی کسروی کردووە کە ئێمەش لێرەدا هەندێک لەو تەرجەمەکراوەی ئەو کتێبە پێشکەش

خوێنەران ئەکەین:[١٩] "زوڵم و زۆری بێ لێپرسینەوەی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران خەڵکی بەگیرهێنابوو ئاخوندەکانی شیعە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە بەتایبەت لە محرم و ڕەمەزاندا دەستیان کردبوو بە دژایەتی هەڵوێست و ڕەفتاری هەندێک لە کاربەدەستانی گومرگ و سووکایەتیکردن بە دین و بە ئاخوندەکان.

بازرگانەکانی تاران سکاڵایەکیان نارد بۆ (عین الدوله)ی صدری اعظمی ئێران (سەرۆکوەزیران) بێزاریی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە باجی گومرگ و داوای کەمکردنەوەیان کردبوو لە دانیشتنێکی هاوبەشیی عین الدوله و کاربەدەستانی گومرگ لەگەڵ بازرگانەکاندا، لەباتی ئەوەی گوێ لە داخوازییەکانیان بگرن دەستیان کردبوو بە جنێودان بە بازرگانەکان و سەندنی باج بە شێوەی جاران و لە ئەنجامی ئەوەدا بازرگانەکان بە ئاگاداربوونی هەندێ لە ئاخوندەکان دوکان و بازاڕیان داخست و پەنایان بردە بەر (عبدالعظیم).

لە گێژاوی ئەو ڕۆژانەدا (مظفرالدین شاه) ئەچوو بۆ ئەوروپا و محمد علی مرزای کوڕی لە تەورێزەوە هاتە تاران بۆ ئەوەی لە جێی باوکی بێ هەتا کاتی گەڕانەوە.

کە محمد علی مرزا هاتە تاران، بە قسەی خۆش توانی مانگرتنەکە بە بازاڕ بشکێنێت و گفتی پێدان کە لەدوای گەڕانەوەی شاه خواستەکانیان جێبەجێ بکات، لەو ماوەیەدا ڕووداوێکی ئەوتۆ نەقەوما جگە لە کوشتنی جوهر ئاغای (جعفر ئاغا)ی شکاک لە تەورێز بە فەرمانی وەلیعەهد (لە باسی شوکاک و بنەماڵەی سمکۆدا بەدووروودرێژی باسی چۆنیەتی ئەو کوشتنەی جەوهەر ئاغا ئەکەین)، بەڵام دوو ئاخوندی گەورە و دەسەڵاتداری تاران کە (سید محمدی طباطبائی و سید عبدالله بهبهانی) بوون لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٣ھ. دا بەنهێنی لەگەڵ یەکتر ڕێک کەوتبوون بۆ بەرهەڵستیکردنی زوڵم و زۆری صدری اعظم و زۆردارانی تر.

عین الدوله صدری اعظم و حاکمی تاران لە مانگرتنی پێشوودا بەقین بوون بەرامبەر بە بازرگانەکان و بۆ هەلێک ئەگەڕان تۆڵەیان لێ بکەنەوە، گرانبوونی قەندیان کرد بە بەهانە و چەند کەسێکی ناسراویان لە بازرگانەکان گرت و فەلاقەیان کردن. ئەو کارە بوو بە هۆی ئەوەی ناو بازاڕ کەوتە جووڵە و دوکانیان داخست و لە مزگەوتی (شا) کۆبوونەوە و دادی خۆیان بردە بەر ئاخوندەکان کە ئەمانەش لەناو خۆیاندا دوو بەش بوون. تاقمی ئیمام جومعەی تاران پشتیوانییان لە عین الدوله دەکرد و ئەوی تر تاقمەکەی طباطبائی و بهبهانی بوو کە بوویوون بە پشتیوانی

بازرگانەکان و خەڵکی تر. طباطبائی و بهبهانی و دەستوپێوەندەکانیان تارانیان بەجێهێشت و پەنایان بردە بەر عبدالعظیم و بەرامبەر بەوە دەوڵەت بەزۆرەملی بازاڕی بە خەڵک کردەوە و ئەوی دوکانی نەکردایەتەوە فەرمان دەرچووبوو کە دوکانەکەی تالان بکرێت.

عبدالعظیم نزیکەی دووهەزار کەسی لە ئاخوند و واعظ و قوتابیی ئاینی و هەندێ بازرگانی کۆکردەوە و بازاڕ داخرا و دەوڵەت بەزۆر دوکانی پێ ئەکردنەوە و کێشە هەتا ئەهات گەورەتر ئەبوو و مانگرەکان لەگەڵ عین الدولەدا نەگەیشتنە ئەنجام.

مانگرەکان لە ڕێگەی باڵیۆزی عوسمانیەوە لە تاران یەکسەر داخوازییەکانی خۆیان نارد بۆ شا و کە گرنگترینی ئەو داخوازیانە بریتی بوو لە دامەزراندنی (عدالەتخانە) لە هەموو ئێراندا. باڵیۆزی عوسمانی بە هۆی موشیر الدولەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران خواستەکانی گەیاند بە شاە، هەرچەند عین الدولە پێی خۆش نەبوو بەڵام شاە موافەقەتی لەسەر دامەزراندنی عدالەتخانە کرد و بە خەتی خۆی فەرمانی بۆ ئەو مەبەستە دەکرد.

عین الدولە و زۆربەی کاربەدەستانی تری دەوڵەت دژی دامەزراندنی عدالەتخانە بوون و لەدوای هێمنبوونەوەی هەڵویست نەیانهێشت فەرمانەکەی شاە جێبەجێ بکرێت و بەپێچەوانەوە دەستیان کرد بە کوشتنی خەڵک و ڕاونانی ئازادیخوازەکان و دوورخستەوەیان لە تاران. لەپاش ئەوە دووبارە داواکردنی دانانی عەدالەتخانە لەلای خەڵکەوە پەرەیسەند و کوشتنی سەیدێکی ئازادیخواز کرا بە بیانوو، کۆبوونەوەیەک لە مزگەوتی (ئادینە)کرا بۆ داواکردنەوەی عەدالەتخانە و هێزەکانی دەوڵەت گەمارۆیان دان و ڕێگەی ناردنی ئاو و نانیان لێ گیرا و ئەو تەقەلای مانگرتنە سەری نەگرت و بەزۆر بازاڕ و دوکان کرایەوە بەڵام شاە ڕێگەی لەوە نەگرت کە ئاخوندەکان بۆ کوێ ئارەزوو بکەن بچن، بەو جۆرە کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویانکردە (قم) و لە ڕۆژی ٢٦ی جمادی الاول دا پەنجا کەس لە بازرگان و قوتابیی دینی پەنایان بردە بەر باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران و لەوێ جێگیر بوون و خەڵک کە بۆیان دەرکەوت باڵیۆزخانە ڕێگەی داون ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر ئەبوو هەتا ژمارەیان گەیشتە (١٣ هەزار کەس) و بازاڕی تاران بەتەواوی داخرا.

محمد علی مرزای ولیعهد لەگەڵ عین الدولەدا ناکۆک بوون و عین الدولە ئەیویست یەکێکی تر بکا بە وەلیعهد و محمد علی مرزاش ئەویست خۆی ببێت بە شای ئێران

و بۆ ئەوەی بگات بەو مەبەستە بوو بە لایەنگری ئاخوندەکان و خەڵک بەئەهێنی لەتەورێزەوە تەلگرافیان نارد بۆ شا و لەو تەلگرافانەدا بوون بە پشتیوانی داخوازییەکانی خەڵک کە ئەمە وای لە ئاخوندەکانی تەورێزیش کرد کە تەلگرافی لەو جۆرە بنرێن بۆ شا و لەئەنجامدا شا موافەقەتی لەسەر داخوازییەکەی محمد علی مرزا کرد و بەو پێیە فەرمانی مەشروتیەتی دەرکرد. (شۆڕش لە ١٩٠٥دا دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٣٢٤ی هجری قمری و ١٢٨٦ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٩٠٦ مۆرکرا.)

لە ٢٧ی جمادی دووهەمدا نزیکی دوو هەزار کەس لە ئاخوندیان و کاربەدەستان و وەزیران و سەرۆکەکانی بزووتنەوە و خەڵکی تر لە (مدرسەء نظام) لە تاران کۆبوونەوە بۆ دانانی ئەنجومەنێکی کاتی بۆ ئامادەکردن بەرنامەی هەڵبژاردن.

لە ١٦ی مانگی ڕەجەبدا ئەو بەرنامەیە (نیزامنامەی انتخابات) مۆرکرا کە بەپێی ئەوە خەڵک کران بە شەش چین: شازادەکان و قاجارییان، عالمەکان و قوتابییەکان، ئەعیان، بازرگانەکان، خاوەن زەوی و زار و جووتیار، پیشەوەرەکان.

لە مانگی شەوالی هەمان ساڵدا لە تاران هەڵبژاردنی گشتی کرا بۆ (مجلسی شورای میللی) کە بۆ تاران (٦٠) نوێنەر دیاریکرابوو کە (٤) لەوانە بۆ شازادەکان و (٤) بۆ عولەما و قوتابی، (١٠) بۆ بازرگانەکان، (١٠) بۆ خاوەن زەوی و زار و جووتیار، (٣٢) بۆ پیشەوەرەکان.

لە ٢٤ی ذی القعدەی ١٣٢٤هـ. دا مجلس (قانونی ئەساسی) لە پەنجا مادەدا دەستنیشانکرا و شا و محمد علی مرزای ولیعهد ئیمزایان کرد و بەو جۆرە ئێران لە ڕژێمی ئوتوکراتیەوە بوو بە ڕژێمێکی پادشایەتیی دەستووری و زۆری پێ نەچوو مظفرالدین شاە مرد و محمد علی مرزا چووە جێگەی.

ئەو هەموو ڕووداوانە لە تاران ڕوویدا کەچی شارەکان تری ئێران کشومات بوو و مەشروتیەی نەگەیشتبوویە، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی نوێنەرانی تاران شاری تەورێزیش ڕاپەڕی و بە سەدان کەس خۆیان خزاندە کونسوڵخانەی بریتانیاوە و داوایان کرد مەشروتیە ئازربایجانیش بگرێتەوە.

لە مانگی ربیع ثانی ساڵی ١٣٢٥دا مەجلیسی قانونی بڕیاری دانانی (ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی) دانا و کردی بە بەشێک لە قانونی ئەساسی کە بەگوێرەی ئەو یاسایە ئێران کرا بە چوار ئەیالەتەوە: ١-ئازربایجان، ٢-خوراسان، ٣-فارس، ٤-کرمان (سەیر ئەوەیە بە هیچ جۆرێک باسی هیچ ناوچەیەکی کوردستان (سنە)

نەکراوە کە دیارە هەمووی لەسەر ئازربایجان ژمێرراوە)، و هەر یەکێک لەمانە ئەنجومەنی هەڵبژێرراوی تایبەتی خۆی هەبوو.

هەرچەند مەشروتیە دەستکەوتێکی دیموکراتی بوو بۆ ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گیروگرفتی نەتەوەیی و مەزهەبیی چارەسەر نەکرد و کورد لە ڕووی نەتەوایەتییەوە کە جیاواز بووە لە فارس و ئازەری و لە ڕووی مەزهەبیشەوە زۆربەی کوردی ئێران (سوننی) بوون لەکاتێکدا کە مەزهەبی ڕەسمیی حکومەتی ئێران شیعە بووە. لەبەر ئەوە کورد لە مادەکانی مەشروتیەدا کە بە هیچ جۆرێک ناوی نەهاتووە و باسی نەکرابوو هەستی بە مافخوراوی و زۆرلێکراوی کردبوو کە هەر ئەوەش بوو زەمینەی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد خۆشکرد کە لەدوای شەڕی یەکەم سمکۆی شکاک جڵەوی ئەو شۆڕشگێڕییەی گرتە دەست و دەستی کرد بە شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ئێران.

دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو لە لاپەڕە (٥٥)ی کتێبەکەیدا ڕوودان و داواکردنی مەشروتیەی ئێرانی ساڵی ١٩٠٥ وا لێکداوەتەوە کە چ ئەوەی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥دا و چ مەشروتیەی تورکیا لە ساڵی ١٩٠٨دا هەردووکیان زادەی ئەو شۆڕشەی ناو ڕووسیا بوون کە پریشکی پەڕیبووەوە بۆ ئێران و تورکیا و، لە کتێبەکەیدا دەربارەی بەشداربوونی کورد لە مەشروتیەی ئێراندا لەو لاپەڕەیەدا وتویەتی: "هەروەکو چۆن لە تەورێزدا داخوازیی بۆ سەرگرتنی مەشروتیە دەستی پێ کردبوو بەو جۆرەش لە کوردستانی ئێراندا چەند ئەنجوومەنێک دروست بوو (کە قاسملو ئەو ئەنجوومەنەی بەرامبەر سۆڤیەتی -حوکمی شەعب- ناوبردووە.) لە مهاباد و سنە و ستاخیز و کرمانشاە کە ئەوەی مهاباد بە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕی ناسراو و شاعیری بەناوبانگی کورد (قازی فەتاح) بووە و لە کرمانشاە نزیکەی دە ئەنجومەن پێکهێنرا و لەدواییدا دروشمی داخوازیی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە لایەن عەشیرەتی شوکاکەوە بەرزکرایەوە کە لە دەوروبەری ورمیەدا ئەژیان. (سەیر ئەوەیە دوکتۆر قاسملو لە باسی ئەنجومەنەکانی کوردستاندا ناوی ئەنجومەنی سەقزی نەهێناوە، کە دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٤١)ی کتێبەکەیدا (دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر) ناوی سەقز و بۆکانیشی هێناوە و وتویەتی ئەوەی سەقز لە هەموویان چالاکتر بووە دەربارەی داواکردنی مافی کورد لە ئێراندا.)

مامۆستا جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕە (٩١)ی کتێبەکەیدا دەربارەی مەشروتیەی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥دا وتویەتی:(١٠) "کە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ لە ڕوسیا ڕوویدا، نیشتمانپەروەرەکانی کورد پێوەندییان لەگەڵ یاسا خوازەکانی تورکیادا هەبووە و ئامادەبوون بۆ شۆڕشکردن لەپێناویدا و، ساتێک شۆڕشی دەستووری لە ساڵی ١٩٠٥دا لە ئێران ڕوویدا ژمارەیەکی زۆری کورد بەتایبەتی عەشیرەتی (کەلهوڕ)ی گەورەی کورد بەچەکدارییەوە بوو بە لایەنگریان و بەرەنگاری سوپای ڕوس بوونەوە کە ویستیان بە هێز ئەو شۆڕشە کپ و خامۆش بکەن و هەروەکو دوکتۆر ڕەحیمی قازی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا بە ناوی (پێشمەرگە)وە باسی پرۆفیسۆر (ب. برنتیس)ی ئەڵمانی کردووە کە وتویەتی: "مرزا فتاح، مامی دوکتۆر ڕەحیمی قازی ساڵەهای ساڵی لەناو زیندانەکانی ئێراندا بردە سەر بە هۆی ئەوەی کە بەشداریی شۆڕشی ئێرانی کردبوو لەپێناوی سەرگرتنی دەستووردا کە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کوردی ناوچەی موکریان هاوبەشی بوون لە داواکردنی چاککردنی یاسادا و بۆ دانانی دەستوور.

دوکتۆر عەزیز شەمزینی لە لاپەڕە (٦٣)ی کتێبەکەیدا دەربارەی کارتێکردنی شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥دا لەناو کوردەکاندا، کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە بریتییە لە ڕاپۆرتێکی سەرکردایەتی هێزی ناوچەی قەفقاس، ژمارە ٤٠، تفلیس ساڵی ١٩١٣ کە وتویەتی: "لەکاتی هاتوچۆکردنی بازرگانەکانی کورد و پارمەتیدەرە خوێندەوارەکانیان (کە مەبەستی کاتبەکانیان بووە) بۆ (نزنی نوفکورد) بۆ بینینی پێشانگای (ماکاریوف)، لەوێ لەگەڵ دیموکراتەکان و سەربازەکانی ڕوسدا کە چاویان بە یەکتر ئەکەوت ئەو دیموکرات و سەربازانە باسی ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕوسیایان بۆ ئەکردن."

لە لاپەڕە (٦٤)یشدا ئەڵێ: "کوردەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لە شۆڕشی ١٩٠٥-١٩١١ی ئێراندا بەشدارییان دەکرد و لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێراندا وەکو کرمانشاە و مەهاباد و سەقز ئەنجومەنی شۆڕشگێڕانە پێکەوە نرا، ئەو ئەنجومەنە شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ دەستکەوتەکانی شۆڕشیان دەپاراست و ڕووبەڕووی ئەو تورکانەی عوسمانی بوونەوە کە بەشێکی ناوچەی کوردنشینەکانی ئێرانیان داگیرکردبوو و ئەو ئەنجومەنانە بە شێوەیەکی تێکڕایی وەکو فێرگەیەکی سیاسی وا بوون بۆ پەروەردەکردنی گەلی کورد و بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە سەردەمی تەوژمی ساڵی ١٩٠٧دا پەرەی سەند و لەگەڵ پێشکەوتووخوازەکانی تورکیا و ئێراندا پێوەندیی تێکۆشانیان دامەزراندا، بەڵام لەدواییدا لە ئەنجامی هەڵوێستی شۆڤێنی یانەی فارسەکان هیچ گوێ نەدرایە مافی کورد بۆیە میللەتی کورد ناچار بوو ڕاپەڕینی خۆی لە چوارچێوەی کوردایەتی خۆیدا دەست پێ بکات. دوکتۆر شەمزینی لە کتێبەکەیدا وتویەتی: "سمکۆ لەگەڵ شێخ محمدی خیابانی کە ڕابەری جووڵانەوەی دیموکراتی ئازربایجان بۆ پێوەندییەکی پتەوی هەبووە لەگەڵیدا.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (تاریخ ایران الحدیث والمعاصر)[٩] بەدووروودرێژی باسی مەشروتیەی ئێرانی ساڵی ١٩٠٥ و بزووتنەوەی جەنگەلییەکان و (ئازادستان)ی کردووە. لە لاپەڕە (٢٤١)دا دەربارەی مەشروتیەی ساڵی ١٩٠٥ وتویەتی: "ساتێک ئیعلانی مەشروتیەی ئێران کرا لە ساڵی (١٩٠٥)دا زۆربەی کوردەکان لەگەڵیدا بوون بەڵام هی واشیان هەبوو لەگەڵیدا نەبوو.


هێزە نیشتمانییەکانی کورد زۆر بێزار بووبوون لە ڕژێمی قاجاری و کاربەدەستانی بۆیە نەیانتوانی گۆشەگیر بوەستن بەرامبەر بەو ڕووداوانەی لەئەنجامی مەشروتیەدا هاتبوونە پێشەوە. هەروەکو سەرچاوەی کتێبەکەی (لازاریف)ەوە باسی کردووە، لە کتێبەکەیدا کوردستان کێشەی کورد، چاپی ساڵی ١٩٦٤، ڕوسیا، مۆسکۆ، وتویەتی: "لە ساڵی ١٩٠٧دا نزیکی (٣٠) هەزار چەکداری کورد لە ناوچەکانی (خۆی) و (ماکۆ) دژی ئەوانە ڕاپەڕیبوون کە بەربەرەکانیی ئەو شۆڕشەیان ئەکرد کە لەئەنجامی مەشروتیەدا ڕوویدابوو، وە لە دوکیومێنتێکی تردا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن کوردەکان یارمەتیی شۆڕشگێڕانی ناوچەکانی (ورمیە و سابڵاغ و سەلماس)یان دابوو کەئەو ناوچانە هەمووی کوردنشین بوون و یاساخوازەکان گەلێک (ئەنجومەن)یان لە شارەکانی کورددا دروست کردبوو وەکو کرماشان و مهاباد و سنە و سەقز و بۆکان کە ئەنجومەنی سەقز لە هی هەموویان چالاکتر بوو کە داوای مافی نەتەوەیی کوردیان ئەکرد لە ئێراندا."

ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینانە لە ناوچەکانی کوردستاندا لەدوای چەند ساڵێک زەمینەیان خۆشکرد بۆ بزووتنەوەیەکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێراندا کە عبدالرزاق بدرخان ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی دیبوو لەو بزووتنەوە و چالاکیانەدا.

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٤٣-٢٤٤)ی هەمان کتێبدا باسی پسپۆڕێکی ئەمریکایی کردووە کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بەکرێگیرابوو بۆ چارەسەرکردنی باری ئاڵۆزی ئابووریی ئێران کە ناوی (مورگان شوستر) بووە، ابو الحسن موسوی شوشتەری بە نای اختناقات ایران چاپی ساڵی ١٣٥١ه باسی تەرجەمەی ڕاپۆرتەکەی کردووە و چاپی کردووە کە وتویەتی: "ئەو باجانەی کە لە خەڵک ئەستێنران بە ناوی باجی خوێ، پێنج قات لەوە زیاتر بوو کە بڕیاری لەسەردرابوو کە هەمووی ئەچووە گیرفانی باجگۆکەرەکان و کاربەدەستانەوە و هەموویانی پێ دەوڵەمەند ئەبوون.

لە هەمان باسدا باسی موفەتیشێکی مالیی ئێرانی کردووە لە کوردستاندا باجی سەندووە و وتویەتی: خەڵک وای لێ هاتبوو ئەوەیان زۆر لا باشتر بوو لە خواردنەکانیاندا خوێ بەکار نەهێنن هەر بۆ ئەوەی کە ئەو باجە نەدەن بە دەوڵەتی ئێران."

بەو جۆرە بێزاربوونی کورد لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیدا ئەوەندە خەڵکی داخلەدڵ کردبوو بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێران کە ئامادە بوون بچنە پاڵ هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەک کە دژی سوود و بەرژەوەندیی ئێران بوویێت، جگە لەوە کورد لە هەندێ شوێندا وای لێ هاتبوو بەربەرەکانێی هەموو جۆرە داگیرکەرێک بکات و بۆ نموونە دانیشتوانی ناوچەی مهاباد بە سەرکردایەتی قازی فەتاح (١٨٣٢-١٩١٦) کە برابچووکی باپیری قازی محمد بوو بەرامبەر بە هێزی داگیرکەری ڕوسیش و عوسمانیش هەروەکو لە باسی پێشوودا، شەڕی یەکەمی جیهانی باسی لە سەرچاوەکەی دوکتۆر کەمال مەزهەردا باسمان کرد کە وتبووی فەتاحی قازی لە (١٨٣٢ز.-١٩١٦)دا ژیاوە، لەکاتێکدا حسین حوزنی موکریانی لە بەشی سێهەمی کتێبەکەیدا ئەترویاتین وتویەتی لە ساڵی ١٩١٦دا لە مانگی کانونی یەکەمدا شەهیدکراوە و وێنەیەکی مرزا فتاحی قاضی و کوڕەکەی لەو بەشی سێهەمەی کتێبەکەیدا بڵاوکردۆتەوە کە لەژێرەوە نووسیویەتی ئەو وێنەیە لە ساڵی ١٩١٤دا لەگەڵ کوڕێکیا وەرگیراوە و لە هەمان لاپەڕەدا وێنەی (ملا محمد سعید صدر العلمای موکریانیشی بڵاوکردۆتەوە کە وتویەتی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٧دا وەفاتی کردووە وا ئێمەش ئەو دوو وێنەیە پێشکەش خوێنەران دەکەین.



نموونەی علمایەکی موکوریان
(ملا محمد سعید صدرالعلماء)
مانگی تموز ١٩٣٧ وفاتی کرد



وێنەیەکی پهلوانی موکوریان
(میرزا فتاح قاضی و کوڕێکی)
ساڵی ١٩١٤ وەرگیراوە و
مانگی کانون ١٩١٥ شەهیدکراوە.

هی بەشی سێیەمی ئەم کتێبەیە
(مەبەست لە کتێبەکەی حوزنی موکریانییە.)

بێجگە لە بەشداربوونی کورد لە مەشروتیەی ئێرانی ساڵی ١٩٠٥دا، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ١٩١٤-١٩١٨ گەلێک ڕاپەڕین دژی حکومەتی ئێران لەکاتی شەڕدا و لەدوای شەڕیش ڕوویداوە کە کورد لەوەشدا بەشداریی کردووە، بەتایبەتی لە بەشداربوونی ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچەی (گیلان)دا لە ژووروی ئێران بە سەرکردایەتی مرزا کوچک خان ڕوویدا کە ئەو ڕاپەڕینە لە مێژوودا بە ناوی (جەنگەلییەکان)ەوە ناو ئەبرێ. ئەوی شایانی باسە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا کە جەنگەلییەکان لە چالاکیدا بوون لە ژووروی ئێراندا، بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩١٧، ئینگلیزەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە چالاکیی جەنگەلییەکان هەموو ئێران بگرێتەوە و بەرژەوەندی ئینگلیز لە

خوارووی ئێراندا کە بریتی بوو لە نەوتی ناوچەی خوزستان بکەوێتە مەترسییەوە، (میجر نویل) بەرلەوەی بکرێ بە نوێنەری حکومەتی بریتانیا لەو حوکمداریەتیەی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود لە سلێمانیدا پێکهاتبوو، نوێل لەو ڕۆژانەدا لە لایەن حکومەتی بریتانیاوە نێررابوو بۆ ژوورووی ئێران بۆ ئەوەی دژی جەنگەلییەکان کار بکات.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا (کورد، تورک، عرب) باسی دەوری خۆی و میجر نویلی بەم جۆرەی خوارەوە کردووە دەربارەی جەنگەلییەکان(٢٧) "کە لە شوشتر بووم لە خوارووی ئێراندا، دوو هاوڕێم هەبوو یەکەمیان میجر سۆن بوو کە یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسی بوو لە (دزفول) و دووهەم نویل بوو کە نائبی قونسول و یاریدەری ئەفسەری سیاسی بوو لە (ئەهواز).

من و نویل هەردووکمان لە بەهاری ساڵی ١٩١٣دا بەشداریمان کرد لە ڕاونانی (وکلاء الجهاد)ی ئەڵمانی کە دەستەیەک بوون لە لایەن ئەڵمانەکانەوە نێررابوون بۆ ئێران بۆ ئەویە لەو ناوچانەدا ئاژاوە بنێنەوە (بێگومان مەبەست لە ئاژاوەنانەوەی ئەڵمان کە ئەدمۆنس لێی دواوە ئەوە بووە کە عەشایرەکانی ئەو ناوچانە هان بدەن دژی ئیگلیز و، ئەڵمانەکان بە هۆی تورکەکانی عوسمانییەوە هەوڵیان دابوو پروپاگاندەی ئیسلامەتی بۆ دەوڵەتی عوسمانیی دۆستیان بکەن دژی ڕووسی قەیسەری کە لای زۆربەی عەشایرەکان بە موسقوفی ناو ئەبران کە بەرامبەر بە وشەی کافر بەکارهێنرابوو و دژی بریتانیا بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەوە نەدەن ئینگلیزەکان بەئاسانی سوود لە نەوتی خوارووی ئێران وەربگرن هەروەکو باسی ئەوەم لە لاپەڕە (٣٩١)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا کردووە.)(٦١)

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: میجر نویل توانی بەناوبانگترینی ئەوانە کە ناوی (واسمۆس) بوو لە نزیکی بەندەر ئیلام گیرا بەڵام بە شەو توانی خۆی لە یاساوڵەکان بە شەو دەرباز بکا.

دوای ئەوە نویل بە هێزێکەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا نێررا بۆ (باکۆ) و لە ڕێگا (جەنگەلی)یەکان لە نزیکی شاری (ڕەشت) گرتیان و بە هاندانی بۆلشەویکەکان زۆر خراپ ڕەفتاری لەگەڵدا کرا و ماوەی پێنج مانگ لە زینداندا مایەوە، بەڵام لەدوای شکاندنی جەنگەلییەکان بەردرا و لەوێوە نێررا بۆ بغداد و بۆ کرکوک و کرا بە ئەفسەری سیاسی و موستەشاری سپا لای شێخ مەحمود کە وەکو

قونسوڵ یا نوێنەری حکومەتی بریتانیا وابوو لە خوارووی کوردستاندا.
دەربارەی جەنگەلییەکان دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا دراسات تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، لە لاپەڕەکانی (٢٤٦-٢٤٨) بەم جۆرەی خوارەوە دەربارەی جەنگەلییەکان دواوە:[٩] "لە سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و لەدوای شەڕیش نیشتمانپەروەرەکانی کورد ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەو ڕاپەڕینەی لە ناوچەی (گیلان)دا ڕوویدا لە ژوورووی ئێراندا بە سەرۆکایەتی (مرزا کوچک خان) کە لەمێژوودا بە بزووتنەوەی (جەنگەلییەکان) ناسراوە کە شاری (گیلان)یان کردبوو بە بنکەی ڕاپەڕینەکەیان. سەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینە و هاوکاران و بەشداربووانیش تێکەڵ بوون لە چەند نەتەوەیەکی ئێران و بێجگە لە دانیشتوان ناوچەی (گیلان) ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکانی تر بەشدارییان کردووە کە هەندێک لەوانە لە تاران و تەبرێزەوە و هەندێک لە ناوچە کوردییەکانەوە بەشداریان کردبوو.
ئەو دروشمەی کە هەموویانی یەکخستبوو لەکاتی گەرمەی شەڕی جیهانیدا بریتی بوو لە تێکۆشان دژی داگیرکەرانی ئێران کە بەزۆری مەبەست لە ڕووس و ئینگلیز بوو و، هەموو بۆ ئەوە تێدەکۆشان کە سەربەخۆییەکی سیاسی بۆ ئێران مسۆگەر بکەن و بەشداربووەکان هەموو سوێندیان خواردبوو هەتا ئامانجەکانیان نەهێننە دی کۆڵ نەدەن و وازنەهێنن.
ئەوەی بەزۆری پاڵی بە خەڵکەوە نابوو، بەتایبەتی لەناو فەلاح و جووتیارەکاندا کە لەو ڕاپەڕینە کۆببنەوە بریتی بوو لەوەی هەموو لایەک بگەڕێنەوە بۆ ڕەوشتی ڕەسەنی دینی ئیسلام و بەکارهێنانی ئەو دروشمە هەروەکو چەکێکی کاریگەر وابوو دژی داگیرکەران و دژی کاربەدەستانی ناوخۆی ئێران کە سزای خەڵکیان ئەدا و ئەیان چەوساندنەوە و ئەیان ڕووتاندنەوە (کە بێگومان لەوەدا ئەڵمانەکان بەیارمەتیی عوسمانییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە بزواندنی هەستی ئاینی ئیسلام دژی ڕوس و ئینگلیز وەکو لەپێشتردا باسکرا.)
جەنگەلییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا لیژنەیەکیان هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتیکردنی بزووتنەوەکەیان کە پێیان ئەوت (یەکگرتنی ئیسلام) و ئەڵمانەکان زۆر چالاکانە جووڵابوونەوە بۆ بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەیانزانی بە هۆی

ئەو جەنگەلییانەوە ئەتوانن دەستێکی باش لە ڕوس و ئینگلیز بوەشێن و بۆ ئەوە چەند ئەفسەرێکی خۆیان ناردە ناویان کە لەناو ئەوانەدا ئەفسەرێکی تورکیشی تیادا بوو بە ڕوتبەی مقدم کە ناوی (حسین افندی تبریزی) بوو کە شارەزای ناوچە کوردییەکان بوو لەکاتی بەشداربوونیدا لەو شەڕانەی کە لە کوردستاندا لەنێوانی ڕوس و عوسمانیدا کرابوو و، لەڕاستیدا سوودێکی زۆریان لەو جەنگەلیانە دەستگیر بوو بە ڕادەیەکی ئەوتۆ (مراز کوچک خان)ی سەرۆکیان ژمارەیەک (مجاهدین)ی نارد بۆ یارمەتیدانی تورک و ئەڵمان لە هەندێ شوێندا وەکو ناوچەی کرماشان.

ژمارەیەک لە فەلاحە کوردەکان بەگەرمیەوە بەشدارییان لەو بزووتنەوەیەدا کرد و (خالۆ قوربان)ی کورد بوو بە یەکێک لە هەرە بەرزترین سەرکردەی مراز کوچک خان و بێجگە لە خالۆ قوربان ژمارەیەکی تری کورد لەناو جەنگەلییەکاندا ناوبانگیان سەند هەروەکو (کریم خان) و (قنبر خان) و (خالۆ حشمت) و (بابا خان) کە ئەمەی دوایی بە خزمایەتی ئەگەیشتە خالۆ قوربان.

خالۆ قوربان پلە و پایەی لەناو جەنگەلییەکاندا بەرزبووەوە و گەیشتە پایەی (قومیسیر) کە بەرامبەر وەزیری حربیەی ئەگرتەوە، بەڵام لەدواییدا خالۆ قوربان لە جەنگەلییەکان جیابووەوە و کەوتە بازاڕی مامەڵە و سەودای خۆفرۆشتن و لەدواییدا لەناو سوپای ئێراندا، لەو شەڕانەی کە سمکۆ دژی ئێران کردی لە یەکێک لە شەڕەکاندا خالۆ قوربان کوژرا (وەکو لەدواییدا لە شەڕەکانی سمکۆدا باسی ئەکەین.) ئەوەی شایانی باسە، خالۆ قوربان لە کوردەکانی (هەرسین)ە و پرسیارێک دێتە پێەشەوە دەربارەی هۆی پێوەندیکردنی خالۆ قوربان و هەرسینییەکان بە جەنگەلییەکانەوە وەکو برادەرێکی کوردی ئێران لە لندن بۆی باسکردم کە مامۆستا (ئەنوەر سلطانی)یە، کە ئەوانە کاتی خۆی هەموو ساڵێک بۆ کەتیرەکردن ئەچوون بۆ ناوچەی گیلان کە کەتیرەی زۆری لێ پەیدا بووە و لەوەوە ئاشنایەتی و تێکەڵاویان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە پەیداکردووە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە کوردی زۆر شوێنی تر ئەو هەرسینییانە بەشداری ئەو ڕاپەڕینەی جەنگەلییەکان بن.



وێنەی خالۆ قوربان

دوکتۆر کەمال مەزهەر هەر لە باسەکەیدا ئەڵێ: "بزووتنەوەی جەنگەلییەکان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕوس و برانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕوویکردە قۆناغێکی نوێ و لە ڕۆژی ١٩٢٠/٦/٥دا (جمهوریەتی گیلان) پێکهات و دوای ئەوە شۆڕشگێڕان خۆیان کۆکردەوە و خۆیان ئامادەکرد، ڕوویانکردە (قەزوین) و حکومەتی ئێران فەرمانی دەرکرد بۆ هێزی (قوزاق) کە پەلاماریان بدەن بەڵام قوزاقەکان لەو شەڕەدا خراپ شکان و پاشەکشەیان کرد و بەناو گوندەکانی (قەزوین)دا پەرەوازە بوون و بڵاوبوونەوە.

حکومەتی تاران مەترسیی لێ نیشت و باڵیۆزخانەی بریتانیا خۆی کۆکردەوە کە بگوێزێتەوە بۆ (ئەسفەهان) و بانقی شاهنشاهی لقەکانی خۆی لە (ڕەشت) و (تەبریز) داخست، بەڵام ئەو هێزەی ئینگلیز کە لە (قەزوین) بوو ڕێگەی ئەوەی لە جەنگەلییەکان گرت کە بچنە ناو تارانەوە، جگە لەوە لاوازی و نارێکی و یەکنەبوونی پێوەندی لەنێوانی هێزە نیشتمانییەکان و نەتەوەکانی ئێراندا کەلێنێکی گەورەی لەنێوانی ڕیزەکانی جەنگەلییەکاندا پەیداکرد کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی لە تشرینی دووهەمەی ساڵی ١٩٢١دا خۆیان و جمهوریەتەکەیان لەناوبچێت و مرزا کوچک خان لە شەڕێکی ناو شاخەکانی (تالش)دا کوژرا و کەللەسەرەکەیان هێنا بۆ تاران.

دوکتۆر کەمال لە لاپەڕە (٢٤٨)ی هەمان کتێبدا ئەڵێ: "وەنەبووبێ کوردەکان لەو چالاکیی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەیاندا تەنها هەر بەشداریی ڕاپەڕینەکانی جەنگەلییەکانیان کردبێت، بەڵکو بەشداریش بوون لە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانی تری ئێراندا دژی حکومەتی (وثوق الدوله) کە سەر بە ئینگلیزەکان بوو بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بکرێ هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێ و بۆ ئەوە کەلێک کۆبوونەوەی جەماوەری کرا لە کرماشاندا کە شاعری کوردی بەناوبانگ (لاهوتی-ابوالقاسم لاهوتی) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەو کۆبوونەوانەدا.

ئەوەی شایانی باسە دەربارەی ئەو (ابوالقاسم لاهوتی)یەی کە دوکتۆر کەمال لە کتێبەکەیدا باسی کردووە، هەرچەند لاهوتی کورد بووە بەڵام هیچ هەستێکی کوردایەتی تیادا نەبوو بەڵکو هەروەکو ئێرانییەک بیری کردۆتەوە کە مەبەستی ئازادیی هەموو ئێران بووە. لاهوتی خەڵکی کرماشان بووە و لە ساڵی ١٨٨٥دا لە کرماشان لە دایک بووە و شاعیر و نووسەر و مترجم بووە و لە ڕاپەڕینەکانی تەورێزدا بەشداریی کردووە و لەدوای شکاندنی ئەو ڕاپەڕینە ڕایکردووە بۆ وڵاتی

سۆڤیەتی و لە زەمانی (ستالین)دا جائزەی (لینین)ی دراوەتێ و کراوە بە وەزیری فەرهەنگی لە (تاجیکستان) و کە مردووە لە گۆڕەپانی سووری مۆسکۆدا نێژراوە.

لەو کتێبەی کە (عەلی حەسەنیانی-هاوار) بە ناوی (شاری وێران)ەوە[٤٨] نووسیوێتی بەشێک لەو کتێبەی بیرەوەریی پیاوێکی پیر تەرخان کردووە کە ناوی (عەموسان) بووە کە ئەو بیرەوەرییەی خۆی دەربارەی مرزا کچک خان و اسماعیل ئاغای شوکاکی بۆ عەلی حەسەنیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: "من کاتی خۆی یەکێک بووم لە پیاوەکانی (مرزا کوچک خان)ی سەرداری جەنگەل و ڕۆژێک مرزا کوچک خان لە مانگی (جۆزەردان)دا ناردی بە شوێنمدا و پێی وتم: سەفەرێکم وەبەر ناوی بۆشوێنێک بە مەرجێک کەس نابێ ئەمەت لێ ببیستێ و فەرمووی دەبێ بچیت بۆ (ورمیە) بۆ لای ئیسماعیل ئاغای سیمتقو (سمکۆ) کە نامەیەکی بۆ دەنووسم و ئەبێ زۆر بەئەمێنی هەڵی بگری و بە دەستی خۆی ئەبێ نابێ نامەکە بدەی بە هیچ کەسێکی تر و وەڵامەکەشم بۆ بهێنەرەوە و ئەوەش بزانە کە ئەم نامەیە زۆر گرنگە و دوارۆژی گیلان و تەواوی ئێران پێوەندیی بە وەڵامی ئەم نامەوە هەیە، ڕەنگە مانگێکت پێ بچێت بەڵام هەوڵ بدە زووتر بگەڕێیتەوە.

مرزا کوچک خان نەخشەی بۆ کێشام و پێی وتم: لێرەوە بە (ئەردەوێل) و (تەورێز)دا دەچیت بۆ (ورمیە) و لەوێ کوردی لێیە و لە هەر کامێکیان بپرسیت ئیسماعیل ئاغات پێشان ئەدەن.

عەموسان لە یاداشتەکەیدا ئەڵێ: کە چوومە ورمیە، لە خاوەنی کاروانسەراکەم پرسی ئایا لەم شارەدا هیچ کوردێک ئەناسیت چونکە خزمێکم هەیە دەڵێن لە گوندی ئیسماعیل ئاغا دائەنیشێت و دەمەوێ بچم ئەو خزمەم ببینم.

کابرای کاروانسەرا پێی وتم: کە چوویتە دەرەوە زۆر کورد ئەبینیت کە هی وایان هەیە پشتێنیان بەستووە و مێزەریان لە سەرە و کڵاوێکی وەک مەنجەڵی سەرەونوخونیان لە سەر ناوە. کە چوومە دەرێ چاوم بە چوار لاوی کورد کەوت و لێم پرسین: ئایا ئیسماعیل ئاغای سیمتقو لە کوێیە؟ لێیان پرسیم: ئیسماعیل ئاغات بۆ

چییە؟ لەپێشدا ترسام کە لێم کەوتونە گومانەوە، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەوەیان لەبەر خۆشەویستی ئیسماعیل ئاغا بوو نەک لەبەر دوژمنایەتی، منیش ئیتر ترسم نەما و پێم وتن: من پیاوی مرزا کوچک خانی جەنگەڵیم و پەیامێکم بۆ ئیسماعیل ئاغا هێناوە، ئەوانیش بە ڕوویەکی خۆشەوە وەرامیان دامەوە و وتیان ئامادین یارمەتیت بدەین دووانیان لەگەڵم هاتن بۆ ماڵێک و لەوێ پیاوێکی پیر پێشوازیی لێ کردم و لە ئامێزی گرتم و ئەملا و لای ماچکردم و کە دانیشتین شێوەی سەر و کڵاوەکەی وای لێ کردم کە چاوی تێ ببڕم.

کابرای پیرە کە ناوی (مام عەرفۆ) بوو کە سەرنجی منی دا بەرامبەر بە سەر و کڵاوەکە چوو کڵاو و مێزەرێکی بۆ هێنام و وتی: ئەم دیارییەم لێ قبوڵ بکە و منیش زۆرم پێ خۆشبوو، وەرمگرت و ماچم کرد و لەدواییدا بۆم دەرکەوت ئەو چوار کوڕەی کە لەپێشدا دیبوومن دوانیان کوڕی (مام عەرفۆ) بوون و چووبوون پارەی خانەکەشیان بۆ دابووم و بارگیرەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ هێنابوومە ئەو ماڵە.
مام عەرفۆ زانیبووی کە من بەپەلەم، هەر ئێوارە پیاوی ناردبوو بۆ لای ئیسماعیل ئاغا ئەویش ڕایسپاردبوو بە زووترین کات بمنێرن بۆ لای خۆی و کە چوومە گوندەکەی پێشوازیم لێکرا و چوومە ماڵەکەی ئیسماعیل ئاغا. حەوشێکی گەورە بوو چوومە لای ئیسماعیل ئاغا و لای خۆیەوە دای نام و ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون چوونە دەرەوە و ماینەوە من و ئیسماعیل ئاغا و نامەکەم دایە و پێم وت: مرزا کوچک خان هەر لە گیلانەوە تا ئێرە دوعا و سەلامت بۆ ئەنێرێ و ئیسماعیل ئاغا نامەکەی لێ وەرگرتم و ماچی کرد و چاوێکی پیادا خشاند و دایە دەست مرزا محمد و ئەویش خوێندیەوە و هەردووکیان بە کوردی هەندێ قسەیان کرد کە من هیچیان لێ تێنەگەیشتم (کابرای عموسان ئازەری بووە.)

ئیسماعیل ئاغا پێی وتم: ئەم نامەیە گیانێکی نوێی وەبەرنام و زۆرم پێ خشبوو بە شێنەیی وەڵامی بۆ دەنووسمەوە.

ئیسماعیل ئاغا بەزۆر ماوەی هەفتەیەک لای خۆی گلی دامەوە و کە خۆم ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بارگینێکی باشتر و زینێکی ئینگلیزی لەگەڵ پسوولەیەکدا و خەنجەرێکی دەبانی دامێ کە کێلانەکەی ڕازێنرابووەوە بە جواهرکاری و وتی ئەمە دیاریی منە بۆ سەرداری جەنگەڵ و هیوادارم بە زووترین کات چاومان بە یەکتر بکەوێ.

کاک عەلی حەسەنیانی لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "لە عموسانم پرسی: ئایا نەتزانی نامەکەی مرزا کوچک خان بۆ ئیسماعیل ئاغا دەربارەی چی بوو؟ لەوەرامدا عموسان هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: با... لەبارەی یەکێتی و پێوەندیی هەردوو شۆڕشی گیلان و کوردستانەوە بوو کە سردار پێشنیازی کردبوو بۆ سمکۆ کە پێوەندی و یەکێتییان هەبێت و هەوڵ بدەن تورکەکانی ئازربایجانیش بەشداری بکەن لە شۆڕشدا بۆ ئێرانێکی ئازاد و سەربەخۆ.

ئەی ئیسماعیل ئاغا چ وەرامێکی دابووەوە؟

لەوەڵامدا عموساسان وتی: ئیسماعیل ئاغا پێشوازیی لە داخوازییەکەی سردار کردبوو بۆ هەموو چەشنە هاوکارییەک و بۆشی نووسیبوو کە پێویستە لە ئێرانی ئازاددا مافی گەلانی ئێران بەتەواوی لەبەرچاو بگیرێ و بدرێ لە سەرداریش لەمەدا لەگەڵ سمکۆدا هاوبڕوا بوو.

ئەی لەدواییدا چی بەسەرهات؟

لەوەرامدا عموسان وتی: بەداخەوە بەرلەوەی گەڵاڵەیەکی ورد بۆ شۆڕشەکەیان دارێژن، هەردووکیان بەجووتە یەک لەدوای یەک بە دەستووری ڕەزا شا لەناوچوون.. تازە لە کوێ سەردارێکی تر و سمکۆیەکی تر دەبێتەوە!! من ئەوا لاقم لەسەر لێوی قەبرە و ئەوە نابینم بەڵام ئێوە نابێ نائومێد بن.

بەشی حەوتەم

# ئێلی شوکاک و بنەماڵەی سمکۆ

هەروەکو لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا و لە هەندێ لە باسەکانی داهاتوویدا لەوە دواوین کە ئەم کتێبە بۆ سمکۆ و شۆڕشەکانی سمکۆ تەرخانکراوە.

بێگومان باسی شۆڕشگێڕێکی وەکو سمکۆ بەوە تەواو نابێت کە یەکسەر نووسەر بچێتە سەر باسی ژیانی سمکۆ و شۆڕشەکانی هەتا کاتی مردنی، بەڵکو پێویستی بە هەندێ ڕوونکردنەوەی پێشەکی هەیە بۆ ئەوەی بزانرێت بەر لە سمکۆ ئەو ڕووداوانە و ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوانە چی بوون کە بەر لە هەڵکەوتنی سمکۆ و دەرکەوتنی سمکۆ ڕوویدا بوو و، پێویستی بەوەیە کە بزانرێ سمکۆ لەکۆێدا ژیاوە و لە چ عەشیرەتێک بووە و بنەماڵەی ئەو عەشیرەتە لە کامیانەوە سەری هەڵداوە و کێیان تیادا هەڵکەوتووە و چییان کردووە و لەو کردەوانەیان کامی باش بووە و کامی خراپ بووە و هۆی چی بووە و عەشیرەتەکەی ئەو پێوەندیی بە عەشیرەتەکانی تری کورد لەو ناوچەیەدا چی بووە و لەگەڵ کێدا دۆست بوون و کێ نەیاریان بووە، هەڵوێستیان چی بووە بەرامبەر بە حکومەتی ئێران و حکومەتی ئێران بە چ جۆرێک ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون، کە ئەمانە هەمووی کەرەسەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕوودواو و باسانەی کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی سمکۆ، بۆیە بە پێویستم زانی باسێکی تایبەتی بۆ عەشیرەتی شوکاک و بۆ بنەماڵەی سمکۆ تەرخان بکەم و ئەم باسە بکەم بە دوو بەشەوە:

یەکەم: عەشیرەتی شوکاک و قەوارەی ئەو عەشیرەتە و پێوەندیی بە عەشیرەتەکانی تری کوردەوە.

دووهەم: بنەماڵەی سمکۆ و ئەوانەی لە کۆنەوە لەناو سەرچاوە مێژووییەکاندا ناویان هاتووە و باسیان لێ کراوە.

## یەکەم: عەشیرەتی شوکاک:

دەربارەی عەشیرەتی شوکاک گەلێک نووسەر لێی دواوە و ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین کە کورتەی هەندێک لەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستماندایە پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکەین.

دەربارەی ئێلی شوکاک، مارتن ڤان برونسون کە لە کاتی خۆیدا لەوە ئەچێ بەتایبەتی چووە بۆ کوردستانی ئێران و یا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردی ئێرانەوە

هەبووە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ دەربارەی سمکۆ و لە کتێبەکەیدا بەدووروودرێژی باسیکردووە کە کتێبەکەی ناوی THE CONFLICT OF TRIBES AND STATE IN IRAN AND AFGANISTAN کە لە ساڵی ۱۹۸۳دا لە لندن چاپی کردووە و بەدووروودرێژی باسی عەشایرە کوردەکانی کوردستانی ئێرانی کردووە لە لاپەڕە (۲۷۰ هەتا ۳۷٦) و لە لاپەڕە (۳۷۹)دا تا (۳۹۳) باسێکی دووروودرێژی بۆ عەشیرەتی شوکاک و بۆ سمکۆ تەرخان کردووە و لەگەڵ باسی شۆڕشەکانیدا کە ئێمە لێرەدا ئەوی پێوەندیی بە بنەماڵەی شوکاکەوەیە پێشکەش خوێنەرانی ئەکەین.

مارتین لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: "عەشیرەتی شوکاک لەناو عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ئێراندا لەدوای عەشیرەتی (کەڵهور) کە لە ڕۆژئاوای کرماشاندا ئەژین، لە هەمووی عەشیرەتەکانی تری کورد گەورەترە.

شوکاک لە ناوچە شاخاوییەکانی (سوما) و (برادۆست)دا و لە ڕۆژئاوای (سەلماس) و (ورمیە)دا ئەژین، لە دەوروبەری ساڵی ۱۹۲۰دا ژمارەیان دووهەزار خێزان بووە.

مارتن ئەڵێ: "دەربارەی عەشیرەت و هۆزەکانی دراوسێی شوکاک لەو سەردەمەدا هیچ ژمارەیەکی ئاشکرا بە دەستەوە نییە، بەڵام ئەم ژمارانەی خوارەوە کە بریتیە لە سەرژمێری ساڵی ۱۹٦۰ (یانی چل ساڵ بەسەر ئەوەی ساڵی ۱۹۲۰دا) ڕەنگە بتوانرێت بە نزیکترین سەرژمێری شوکاک و عەشیرەتەکانی تر بژمێررێت:

| ناوی عەشیرەت | ژمارەی خێزان (سەرژمێری ساڵی ۱۹٦۰) |
|---|---|
| شوکاک | ٤٤۰۰ خێزان |
| هەرکی | ۱۳٥ خێزان |
| زەرزا | ۷٥۰ خێزان |
| حیدرانلی | ۳۰۰ خێزان |
| میلان | ۲۰۳۰ خێزان |
| جەلالی | ۱۱۳٥ خێزان |
| پیران | ٦٥۰ خێزان |
| مەنگوڕ | ۱٥۰۰ خێزان |
| مامش | ۹٥۰ خێزان |
| بەگزادە | ٥۰۰ خێزان |

بەلام ئەبێ ئەوەش بخرێتە بەرچاو کە زۆربەی ئەم عەشیرەتانە بەشێکیان لەودیو سنوورەکانی ئێراندا ئەژین و لاشموایە ژمارەی (هەرکی) و (حیدرانلی) لەوە زۆرترن کە لەو سەرژمێرەی ساڵی ۱۹٦۰دا باسکراوە.

لە ساڵی ۱۹۲۰دا ژمارەی شوکاکە کوچەرییەکان بەرەو کەمبوونەوە ئەرۆیشتن و لە ناوچە و زەوییەکانی شاهانە (ئەمیری) لە ناوچەکانی (تەرگەوەڕ) و (دەشتی بێل)دا نیشتەجێ بوون و لە زستانیشدا ئەچوونە دەشتەکانی (سەلماس) و (ورمیە).

بەو جۆرە زۆریان نیوەکۆچەری بوون.

شوکاکەکان دەسەلاتیان بەسەر زۆربەی کرمانجەکاندا (مەبەست وەرزێر و فەلاحە نیشتەجێبووەکان بووە.) زاڵبوون کە ژمارەی ئەو کرمانجانە سێ ئەوەندەی ژمارەی شوکاکەکان ئەبوون بە کریستیانەکانیشەوە کە لەو ناوچانەدا ئەژیان.

زۆربەی ئەو کریستیانانە دەوڵەمەند بوون کە نەک تەنها وەرزێر و پیشەساز بوون بەڵکو هی واشیان هەبووە خاوەن ئاژەڵ بووە و مەڕوماڵاتێکی زۆری هەبووە کە هی هەندێکیان نزیکی هەزار سەری هەبووە بێجگە لە (٤٠) ئەسپ کە هاوینان چەند کەسێکیان لەگەڵ شوکاکەکاندا ئەچوونە کوێستان و ئەوانی تر لەناو زەوی و زارەکاندا ئەمانەوە و کشتوکاڵیان ئەکرد.

دەرامەت و گوزەرانی شوکاکەکان هەندێ لە ڕێگەی تالانیشەوە پەیدا ئەبوو کە شوکاک لە هەموو عەشیرەتەکانی تری کورد بە تالانکەر ناویان دەرکردبوو هەندێ کەس لەو ڕووەوە ئەڵێن کارو پیشەی سەرەکیی شوکاک بریتی بووە لە تالانکردن ئەوەک بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕوماڵات، وە لەوە ئەچێ بەشێکی زۆری هێرشەکانیان بۆ تالانکردن بۆ سەر کاروانی بازرگانەکان بووە (لە کوردستانی خوارووشدا وەکو چۆن مارتن ڤان برونسون باسی شوکاکی بەو جۆرە کراوە، لەناو جافیشدا تیرەیەک هەبوو کە پێی وتراوە گەلاڵی، کە ئەوانەش دەستیان لەوەدا هەبووە و وا بەناوبانگ بووە بۆ ڕاووڕووتکردن جاری وا هەبووە وتراوە: گەلاڵی لەناوە، هەروەها خەلیفە یونسی دەشتی شارەزووریش کە لە تیرەی ڕوغزایی عەشیرەتی جاف بووە هەمان ڕێگەی گرتبووە بەر و لە کۆتایی ژیانیدا وازی هێنابوو، بووبوو بە خەلیفە و ئەیان وت دوای تۆبەکردنی کە گوێی لە زرەی زەنگی ولاخی کاروان ئەبوو ئەیوت: زرەی زەنگی کاروان دێ و کوێراییم دایە من تۆبەم کردووە.)

مارتن ڤان برۆنسۆن باسی ئەوەی (باسیل نیکتین)ی کردووە کە وتویەتی:

"شوکاک لە تالانکردندا هەموو کەسێکیان هەروەکو یەک سەیر نەدەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکی هەژار و دەستکورتی دانیشتووی دەشتەکان هی وەکو جعفر ئاغای برای سمکۆیان خۆش ئەویست چونکە بەشێک لەو تالانیەی کە لە دەوڵەمەندەکانی ئەسەند بەسەر هەژارەکاندا دابەشی ئەکرد (لەو ڕووەوە لای ڕۆژئاواییەکان جوهر ئاغایان بە (ڕۆبن هوودی کورد ناوبردووە.)

مارتن لە باسەکەیدا دەربارەی بەشەکانی شوکاک وتویەتی: " ژمارەی لکەکانی شوکاک نزیکی (٢٥) هۆزن کە ناوی هەندێکیانی بەم جۆرە باسکردووە کە وتویەتی بە شێوەیەکی گشتی سێ هۆز لەمانە کە (عبدویی) و (مامەدی یا مامدۆی) و (کاردار)ن کە ئەم سیانە لە ڕووی سیاسیەوە دەسەڵاتداربوون و ئەوانی تر کەوتبوونە پەراوێزەکانی ئەو سێ بەشەوە.

مارتن ئەڵێ: "هەروەکو (گی. لان) باسی هۆزی (هەنارە)ی کردووە کە وتویەتی ئەم هۆزە بەسرابوو بە شوکاکەوە و لە سایەی ئەواندا ئەژیان و شوێنی مەڕەکانیان ئەبووایە لەلایەن شوکاکەوە پەسەندکراوبووایە، کە ئەمانە بەدوای شەڕ و کوشتاردا نەدەگەڕان بەڵکو بەزۆری خەریکی بازرگانی و مەڕومالاتداری بوون، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار شوکاکەکان هانیان ئەدان و ناچاریان ئەکردن کە بەشداریی شەڕ بکەن و زۆرجاریش عەشایری ناحەزیان لێ هان ئەدەن."

مارتن ئەڵێ: "کاتێک (بلاو BLAU) لە ساڵی ١٨٥٧دا چاوی بە ناوچەکە کەوتبوو هێشتا هۆزی (هەنارە) هەروەکو هۆزێکی جیاواز لە شوکاکەکان ئەهاتە بەرچاو، تەنها هەر ئەوەیان لەبەیندا بوو کە دراوسێی یەکتر بوون. لەو لیستانەی کە دەربارەی عەشیرەتەکان ئامادەکرابوو، عەشیرەتی (هەنارە HANARA) هەروەکو بەشێک لە عەشیرەتی شوکاک حسابی بۆ کراوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی واش بە دەستەوە بووبێت لەکاتی ئامادەکردنی ئەو لیستانەدا کە ئەمانە وا حسابیان بۆ کرابێت کە پلەیەک لە خوار شوکاکەکانەوە بووبن، کەچی (مامەدی) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکێک بوون لە هۆزە سەرەکییەکانی شوکاک لە ساڵی ١٨٥٧دا بە هۆزێکی کۆچەریی سەربەخۆ ژمێرراون کە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە شوکاکەکان لە نێوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بوون بەو (کونفیدراسیون)ەی ئێستایان، بەلام کۆنفیدراسیونەکانی تر بەرەو نەمان ئەچوون.

ئەگەر بەوردی لە مێژووی ئەو ناوچانە وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە زۆربەی

هۆی بەهێـزبوون و دەسـەڵات پەیداکـردنی ئەو عـەشـیـرەتانە و بەهێـزبوونی سـەرۆکهۆزەکان لە ئەنجامی ڕوودانی ئەو شـەڕانەوە بووە کە لەسـەر سنوورەکاندا ڕوویانداوە.

ناوچەی (سۆمـا) کـە لەلایەن خـانەدانێکی کـوردەوە بەڕێ ئەچوو کـە حکومـەتی عوسمـانی دایـنابوو لەو ناوچەیەدا، حکومـەتی ئێرانیش بەرامبەر بەوە سمکۆی هان ئەدا کە دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت.

داگیرکردنی ئەو ناوچانە لە لایەن شوکاکەوە لە نێوان ١٨٤١هەتا ١٨٩٣ درێژەی کـێشـا و بەرامـبـەر بەو کـارەی شـوکـاک و بۆ ئەوەی بەرگـری بکەن لە تالانی و دەستدرێژیکردن بۆ سەر ناوچەکـانی ژێردەستی ئێـران، بەرامبەر بەوە حکومـەتی ئێران شوکاکەکانی ئەکرد بە حاکمی ناوچەکانی سەرسنوور.

لەناو شـوکاکـەکاندا خـانەدانی حـاکم (کە پس ئاغایان پێ وتراوە) لەناو هۆزی (عەبدویی)دا بینراون و لەدوای ئەوان لەناو هۆزی (کاردار)دا هەڵکەوتووە. بنـەماڵەی (عـەبدوویی) لایان وایە کە بنەچەکەیـان ئەگەڕێتـەوە بۆ ئەو سـەرۆکە کوردانەی کە لە شەڕەکان صلاحالدینی ئەیوبیدا هاوکاری صلاح الدین بوون و بەشدارییان کردبوو.

لەنێـوانی بنەمـاڵەکـانی ئەو دوو هۆزەدا بەربـەرەکانی لەسـەر ڕێبـەرایەتی هەمـوو کونفـیـدراسـیـونەکـە هەبووە و زۆرجـار هەر لایە بە جیـا هەوڵی داوە بەشـێک لە شوکاکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ئەمین زەکی بەگی نووسـەری مێژووی کورد و کوردستان لە لاپەڕە (٣٩١-٣٩٢)دا دەربارەی عـەشـیـرەتی شـوکـاک وتویەتی:(١٤) "شـوکـاک یەکـێکە لە عـەشـیـرەتە بەناوبانگەکانی کورد کە ژمـارەیان نزیکی (٦)هەزار خـێزانە. ئەو عەشـیـرەتە سێ مـانگ لەناو دەواردا ئەژین کە شوێنی نیشتەجێبوونیـان ڕۆژئاوای گۆلی (ورمیە)یە هەتا سەرسنووری تورکیا.

لقەکانی ئەو عەشیرەتە بریتین لە: شکفتی، موکری، شوەلی، بۆتان، شوکاک."

جـەلیلی جـەلیل لە لاپەڕە (٢٩٨)ی کـتـێـبـەکـەیدا (ڕاپەڕینی کـوردەکـانی ئیمپراتۆریەتی عوسمـانی) دەربارەی عەشیرەتی شوکاک وتویەتی:(٢٠) "عەشیرەتی شـوکـاک لە خـاکی کـوردسـتـانی ئێـراندا لە ناوچەکـانی نێوانی (مـەرگـەوەڕ) و (برادۆست) و (سومای) دابوون.

عەشیرەتی شوکاک لەم هۆزە گەورە و سـەرەکییانەی خوارەوە پێکهاتووە: ئاودۆی،

هەنارای، کاردار، شاررا، بۆتا، کوزیکی، کاوتا."

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٨٧)ی کتێبەکەیدا دەربارەی عەشیرەتی شوکاک ئەڵێ:(١٨) "عەشیرەتی توکاک لە ساڵی ١٩١٨دا بریتی بووە لە دوو هەزار خانەوادە. وەرگێڕی کتێبەکە بۆ کوردی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا ئەڵێ: عەشیرەتی شوکاک بەشکراون بە دوو دەستەوە:

یەکەم: عەبدویی کە لە دەوروبەری (چهریق) لە ڕۆژئاوا و، لە کۆتایی سەرووی دەریاچەی ورمیەدا ئەژین.

دووهەم: (مەمدوا) کە نزیک بە خوارووی دەریاچەی (ورمیە)دان کە ئەمانە سەر بە یەکێک لە مامەکانی سمکۆ بوون کە ناوی (عەمەر خان)ە."

لەڕاستیدا ئەو عەمەر خانەی کە کریس کوچرا وتویەتی یەکێک بووە لە مامەکانی سمکۆ، سەرچاوە فارسییەکان بە (عمر خان شریفی) ناویان هێناوە کە سەرۆکی تایەفەی کاردار بووە و پێوەندیی بە بنەماڵەی (عبدویی)یەوە نییە کە سمکۆ لەو بنەماڵەی دواییە (دەربارەی ئەوە لە دوو سەرچاوەی فارسیدا باسی عمرخانی شریفی کراوە کە یەکەم مهدی بامداد بووە و دووهەم ایرج افشاری سیستانی بووە کە نووسەری کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٣٦)دا باسی کردوون.

نووسەری کتێبی (کورد و عەجەم) لە لاپەڕە (٣٣٥)ی کتێبەکەیدا دەربارەی عەشیرەتی شوکاک کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە بریتیە لە کتێبەکەی ایرج افشار سیستانی بە ناوی مقدمەء بر شناخت ئیلها، چادرنشینان و طوایف عشایری ایران، چاپی تهران، ساڵی ١٣٦٦ دەربارەی سەرژمێری عەشایری شوکاک وتویەتی:(١٩)

سەرژمێری عەشیرەتی شوکاکی بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەتەنیشتیەوە نووسراون باسکردووە:

| ناوی نووسەر | ژمارەی خێزان |
|---|---|
| ١- لورد کرزن ژمارەی ساڵی ١٨٩٢ی بە | ١٥٠٠ خێزان داناوە |
| ٢- ماتن ڤان برونسون لە ساڵی ١٩٢٠دا بە | ٢٠٠٠ خێزان داناوە |
| ٣- مسعود کیهان لە ساڵی ١٩٣٢دا بە | ١٥٠٠ خێزان داناوە |
| ٤- هنری فیلد لە ساڵی ١٩٣٨دا بە | ١٥٠٠ خێزان داناوە. |

بێجگە لەو ژمارانەی کە لە کتێبی کورد و عەجەم دا باسکراون، هەندێ سەرچاوەی

تریش بەم جۆرەی خوارەوە لێی دواون.

ا- کریس کوچرا وتویەتی لە ساڵی ١٩١٨دا ژمارەی شوکاک دوو هەزار خێزان بووە.

ب- مارتن ڤان برونسون جگە لە ژمارەی ساڵی ١٩٢٠، لە کتێبە ئینگلیزییەکەیدا هەروەکو لە پێش ئەمەدا لێی دواین لە ساڵی ١٩٦٠دا ژمارەکەی بە (٤٤٠٠) خێزان داناوە.

ج- ئەسکندر نیا (کە لەدواییدا باسی کتێبەکەی ئەکەین) ژمارەی شوکاکی بە هەشت هەزار خێزان داناوە (وە لە کتێبەکەیدا هەندێ جار وتویەتی هەشت هەزار نەفەر)، کە بە حسابی ئەو نیوەیان لە کوردستانی ڕۆژئاوای ژووروی کوردستانی ئێراندا ماونەوە و نیوەکەی تر ڕاگوێزراون بۆ (خوراسان) و (قوچان).

د- وەکو لەپێشتردا باسمانکرد، ئەمین زەکی بەگ لە لاپەڕە (٣٩١-٣٩٢)ی کتێبەکەیدا ژمارەی عەشیرەتی شوکاکی بە هەشت هەزار خێزان داناوە.

نووسەری ئەو کتێبە لە لاپەڕە (٣٣٦)دا بەپێی سەرچاوەکەی ایرج افشار سیستانی و مهدی بامداد، ئەوانە ئێلی شوکاکیان بە دوو تایەفە داناوە (کە لام وایە وەرگێڕی کتێبەکەی کریس کوچراش کە شوکاکی کردووە بە دوو تایەفەوە هەر لەو سەرچاوانەوە وەریگرتووە.)

یەکەم: تایەفەی کاردار، کە ئەم تایەفەیە بەپێی ئەو دوو سەرچاوەیە بریتی بوون لە هەشت تیرە:

١-پز ئاغای کاردار ٢-کەچەلی ٣-نیعمەتی ٤-مامەدی کاردار ٥-سەکری ٦-ادمانی ٧-اوری ٨-چەرکویی، کە لەمانە (پزئاغا) لە (برادۆست) بووە و (کەچەلی) لە (برادۆست و سومای) و (چەرکویی) لە چەند گوندێکدا بڵاو بوونەتەوە و تیرەکانی تر لە (چهریق-چاری) و دەوری (سەلماس)دا بوون.

دووهەم: تایەفەی (عەبدویی) کە ئەم تایەفەیە سیازدە تیرە بوون: ١-دلان ٢-پزئاغای عبدویی ٣-دری ٤-هەناری ٥-سفتک ٦-خلوف ٧-خدری ٨-بوتان ٩-نسیان ١٠-مامەدی عبدویی ١١-مقری ١٢- پاچک ١٣-گەورک.

لەو تایەفانە (پزئاغا، دری، هەناری) لە ناوچەی برادۆست بوون و (خلوف، خدری، نسیان) لە ناوچەی (سومای) بوون، (مقری، پاچک) لە (انزل) بووە و (سفتک) لە سومای، (مام عبدویی لە چهریق ـ چاری و (شیران) لە انزل بووە.

سەرۆكی هەموو تیرەكانی تایەفەی عبدویی و سەرخێلی شوكاك (علی ئاغا) بووە و دوای ئەو محمد ئاغای كوڕی و پاش ئەو سمكۆی كوڕی محمد ئاغا بووە.

سەرۆكی هەموو تیرەكانی تایەفەی (كاردار)یش (عمرخانی شریفی) بووە (كە وەكو لەپێشتردا باسی ئەوەی كریس كوچرامان كرد كە وتبووی عمرخان یەكێك بووە لە مامەكانی سمكۆ و سەرۆكی تایەفەی كاردار بووە كە ئەوەی كریس كوچرا لەگەڵ ئەو دوو سەرچاوە فارسیەدا یەک ناگرێتەوە.)

كاك ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (١٠)ی نامیلكەكەیدا دەربارەی شوكاك وتویەتی:(٤٤) "شوكاكەكان تاقمێک بوون لە كورد كە زمانەكەیان تێكەڵە لە (دری) و (ئازەری) و كوردەكانی موكریان، بەتایبەتی مەنگورەكان كە بە زمانی كوردیی ڕەسەن قسە ئەكەن، لە گفتوگۆكردنیاندا لەگەڵ شوكاک بەئاسانی لە یەكتر نەدەگەیشتن. بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوولایان (سوننی) بوون و لە نەژاردی كورد بوون، لەبەر ئەوە لە دڵ و دەروونیاندا یەک ئەمانجیان هەبووە و بۆ یەک مەبەست تێكۆشاون و لەناو شوكاكدا تیرەیەک هەیە كە ناوی (پساقا-پساكا)یە كە خۆیان بە ئەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە ئەزانن كە هاوكاری صلاحالدینی ئەیوبی بووە لە شەڕی (خاچ)ەكاندا كە لەلایەن صلاح الدینەوە سەركردایەتی بەوان درابوو.

لەڕاستیدا ئەویە كاك ئەحمەی شەریفی باسیكردووە پێویستی بە چەند سەرنج و پرسیارێک هەیە:

یەكەم: لە باسی شێوە (لهجە)ی شوكاكدا ئەڵێ: زمانەكەیان تێكەڵە لە (دری و ئازەری) كە باسی هیچ سەرچاوەیەكی نەكردووە كە ئەمە كاری زمانەوان و شارەزاكانی زمانە، جگە لەوە كە وتویەتی موكریانی و شوكاك بەئاسانی لە یەک نەگەیشتوون، هەر ئەوان نەبوون كە بەو جۆرە لە یەک نەگەیشتوون، شێخ ڕەووفی شێخ محمد لە یاداشتەكانیدا، كە لە باسی پێوەندیی سمكۆ و بنەماڵەی شێخاندا باسی ئەكەین، ئەڵێ: خاڵم و زیوەری شاعیر لە ساڵی ١٩١٩دا كە بەناوارەیی چوونە لای سمكۆ هەردوولایان بە توركی قسەیان ئەكرد چونكە هیچیان لە شێوەی كوردیی لاكەی تر بەباشی تێ نەدەگەیشتن و لام وایە كوردی موكریانیش هەر بەئاسانی لە زمانی ناوچەی بادینان ناگەن كە ئەمە نیشانەی ئەوە نییە شێوەی شوكاک لە زمانی ئازەری پێكهاتبێت هەرچەند بە هۆی دراوسێتیەوە دوور نییە هەندێ وشەیان لە ئازەرییەكانەوە وەرگرتبێت وەكو چۆن هەندێک لە برادەرانی

کوردستانی ئێران چەند وشەیەکی فارسییان وەرگرتوە لە زمانی فارسیەوە.

دووهەم: دەربارەی ئەوەی کە وتویەتی (پساقا-پساکا) خۆیان بە نەوەی ئەو شۆڕشگێرانە ئەزانن کە هاوکاری صلاحالدینی ئەیوبی بوون لە شەڕەکانیاندا دژی (خاچ)ەکان. چاوم گێڕا بە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە باسی عەشیرەتی شوکاک و لقەکانی و تیرە و هۆزەکانی کردووە ناوی هیچ تیرەیەکم نەدی بە ناوی (پساقا-پساکا)، تەنها لەوەی ئەسکەندەر نیادا نەبێت کە بەشێک لە تیرەی کارداری باسکردووە، دوور نییە کاک ئەحمەدی شەریفی مەبەستی لە (پس ئاغا) بوبێت کە بە خانەدانی ناو شوکاک ناسراوبوون لەناو تیرەیی (عبدویی)دا و هەروەکو لەوەی مارتن ڤان برونسوندا باسکراوە بنەماڵەی عەبدویی لایان وابووە کە بنەچەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ ئەو سەرۆکانەی کە هاوکاری صلاحالدین بوون.

لە هەموو سەرچاوەکان سەیرتر، ئەو باسە تێکەڵوپێکەڵەیە کە ابیراهیم اسکندر نیا بە ناوی (ساختار سازمان ئیلان و شیوەء معیشت ئازربایجانی غربی)(٤٧) چاپی کردووە کە پیاو لەدوای خوێندنەوەی بەئاشکرا بۆی دەرئەکەوێ کە نووسەر بە نیازێکی پاک ئەو باسەی دەربارەی عەشیرەتی شوکاک نەنووسیوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆی لە هەندێ شوێندا پێچەوانەی بۆچوونێکی پێشووتری باس کردووە.

نووسەر ئەو باسەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە بە پچڕپچڕی وەرگرتووە وەکو کتێبەکەی احمدی کسروی لە باسی مەشروتیەدا و کتێبەکەی علی دهقان بە ناوی سرزمین زەردەشت.

بێگومان خوێنەری وا هەیە کە پرس بکا و بڵێ: جا کە تۆ لەو سەرچاوەیە بە گومان بوویت بۆچی تێهەڵکێشی باسەکانی ترت کردووە؟؟

بۆ وەرامی ئەوەی عەرزیان ئەکەم کە حەزم کرد بۆچوونی هەندێ نووسەری ناحەز بە کوردیش باس بکەم کە بەڕاستی لەو جۆرە نووسەرانە زۆرن و تەنها ئەوەی ابراهیم اسکندر نیام هەڵبژیراوە بۆ نموونەی ئەوە کە وەکو ئەوترێ مشتێک نموونەی خەروارە بۆ ئەوەی بزانرێ چۆن دوژمنانی کورد و نووسەرەکانیان ویستویانە مێژووی کورد و عەشیرەتەکانی کورد بەچەواشەیی باس بکەن و مەبەستیان لەمەدا ئەوە بووە کە بۆ خوێنەرانی خۆیان باس بکەن کە بەشێکی زۆر لە کوردی کوردستانی ئێران پێوەندیی بە خاکی ئێرانەوە و بە کوردستانی ئێرانەوە نەبووە و بەڵکو هێنراون و بەزۆر لەو شوێنانەی تیادان نیشتەجێکراون.

لە لاپەڕەکانی (٦٨-٧٤)دا بەم جۆرەی خوارەوە باسی شوکاکی کردووە:

٤- هۆزی شوکاک

ناوچەی سەرەکیی ئەم عەشیرەتە ئاسیای بچووک و باشووری ئەوروپا بووە و لە سەردەمەکانی کۆندا هاتوونەتە ئازربایجانی ڕۆژئاوا.

لە سەرەتای هاتنیاندا لە ناوچەی تەوریز خێوەتیان هەڵدا و لەپاشدا حکومەتی ناوەندی ئێران نزیکەی چل هەزار خێزانیان لە ناوچەکانی (هەشتەرۆ) و (گەرمروود) و (سەراب) و (فوریچای) لە زنجیرەی شاخەکانی (سەهەند)ەوە هەتا شاری (میانە) نیشەجێکراون و پاشماوەکەشیان کە چل هەزار خێزانێک ئەبوون لە ناوچەکانی جۆربەجۆری (خوراسان) و (قوچان) نیشتەجێکران.

تیرەی جۆربەجۆری ئەم عەشیرەتە لە ڕەگەزی ئارین و لەسەر مەزهەبی (سوننی)ن، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئەوانەی لە ناوچەی (خوراسان)دا پێوەندی و هاوکارییان لەگەڵ بنەماڵەی سەفەویدا هەبوو بۆیە ئەوانە بوویوون بە (شیعە) و زمانەکەشیان کە بیرتی بووە لە (کرمانجی) لەبیریان چووەتەوە و ئێستە بە زمانی ئازەری ئەدوێن.

کە نووسەر وتویەتی سەرچاوەکەی بۆ ئەوە بریتیە لە کتێبەکەی (حکیم الله توحدی، حرکت تاریخی کورد بە خوراسان، دانشگاه مشهد، ١٣٥٩ جلدی (١) لاپەڕە (٧-٨)).

بەڵام سەیر ئەوەیە لە شوێنێکی تر لە لاپەڕە (٣٦٩-٣٧٧) کە نووسەر نەخشەی چەند عەشیرەتێکی ئازربایجانی تیادا کێشاوە دەربارەی هۆزی شوکاک وتویەتی: ئوستان، ژمارەی هۆزەکانی پتر لە هەشتا هەزار کەسە (کە ئەمەیان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەی پێشوودا یەک ناگرێتەوە کە وتبووی چل هەزار خێزانیان لە ناوچەکانی هەشتەرۆ و گەرمروود و سەراب و قوریچیادا نیشتەجێکرابوون و چل هەزار خێزانیشیان ئاوارەکرابوون بۆ خوراسان و قووچان کە بەپێی باسی پێشووی شوکاک هەشت هەزار خێزان بووە (کە هیچ سەرچاوەیەک ژمارەی شوکاکی لە شەش هەزار خێزان زۆرتر حساب نەکردووە.)

لە لاپەڕەکانی (٣٦٩-٣٧٧)دا لە باسی شوکاکدا وتویەتی: "ئەم عەشیرەتە هەروەکو ڕێکخراوی عێلی (میلان)دا باسم کردووە ئەمانە لەگەڵ هۆزی (میلان)دا پێوەندی و خزمایەتیان هەبووە و لە بنەچەی ئەوان ئەژمێررێن. عەشایری شوکاک بە

شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی (چهریف - چاری) و (شیران) و (شینتال) و (گردیان) و (کوێرەسوننی) و (سومای برادۆست) و (دۆڵ) و (مەرحەمەت ئاوا) و (شارویران)ی ئازربایجانی ڕۆژئاوا و (بناخۆی) مەراغەدا بڵاوبوونەوە.

بەشێکی زۆریان بە هۆی ئاژەڵ بەخێوکردنەوە ئەژین کە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئیتر ناوچەکانیان تووشی نائارامیی بووە و ڕێگەوبانی کۆچکردنیان لێ گیرا و لە کیسیان چوو.

لە هەمووی سەیرتر نووسەر لەو باسەیدا ئەڵێ:

هۆزی شوکاک ئێستە خاوەنی (٥٤) خێزانی کۆچەرە کە لەناو یازدە (ئۆبە)دا ڕێکخراون و ئەڵێ ئەوی پێویستی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە کە:

١- تایەفەی مامەدی لەوانەی سەرەوە (٢٦) خێزانی کۆچەری هەیە کە لە دوو ئۆبەدا ڕێکخراون و لە ناوچەکانی کوێستانی (چیچەک) و (گالیک)ی سەلماس کەڵک وەرئەگرن.

٢- تایەفەی بالکانلو: کە ئەم تایەفەیە (٢٨) خێزانی کۆچەری هەیە لە نۆ ئۆبەدا و بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی کوێستانی (سەهەندئاباد)ی ئازربایجانی ڕۆژهەڵات کەڵک وەرئەگرن.

نووسەر لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕەکانی ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢دا باسی چەند عەشیرەت و تایەفە و تیرەیەکی کردووەکە بۆ هەریەکێکیان نەخشەیەکی کێشاوە کە لە لاپەڕە (٣٧٠)دا نەخشەی ئێلی شوکاکی بەم جۆرە کردووە:

یەکەم: تیرەی کاردار: لە لاپەڕە (٣٧٠)دا بەم جۆرە نەخشەی کێشاوە: ١-پساقا ٢-گوریک ٣-چدری ٤-بوتان ٥-هنارە ٦-کلان ٧-نیسانی ٨-مامدی ٩-فنک ١٠-خلوفان.

دووهەم: تیرەی (عبدویی) کە لە لاپەڕە (٣٧١)دا بەم جۆرەی خوارەوە نەخشەی کێشاوە: ١-کیزبیبی ٢-کچلی ٣-پیساقا (کە ئەمەی لە تیرەی کارداریشدا هەر باسکردووە کە وەکو لەوەی کریس کوچرادا باسکراوە پساقا (پس ئاغا) کە بە خانەوادەکانی عبدویی شوکاکی حساب کردوون.) ٤-بالکانلو ٥-ئەتمانی ٦-شکری ٧-ابوری ٨-نعمتی ٩-مندوکی ١٠-چرکویی ١١-مامدی عبدویی.

وە لە لاپەڕە (٣٧٢)دا نەخشەی تایەفەی (مامەدی) بەم جۆرەی خوارەوە کێشاوە:

١-کلەیوزی ٢-بیزویی ٣-گولویی ٤-رگمی.

وە لە هەمان لاپەرە (٣٧٢)دا نەخشەی تایەفەی (بالکانلو)ی بەم جۆرە کێشاوە:

١-زومە-چراغ عین الله عین ٢-زومە-قنبر قودرت ٣-زومە-احمد عمر ٤-زومە-علی عزت الله ٥-زومە-عوض عبادخان ٦-زومە-موسی محق ٧-زومە-عرب مولا ٨-زومە-اقاخان غفار اقا ٩-زومە-حاج باپیر حاج قاسم.

## دووەم: بنەماڵەی سمکۆ:

بەپێی ئەو باسانەی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا دەربارەی بنەماڵەی سمکۆ نووسراون وا دیارە سەرۆکایەتی عەشیرەتی شوکاک لەناو دوو تایەفەدا هەڵکەوتوون کە بریتی بوون لە تایەفەی عبدویی و تایەفەی کاردا.

کۆنترین شوکاکێک کە لە سەرچاوەکاندا ناوی هاتووە (صادق خان)ە کە دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەرە (٢٣٤-٢٣٥)ی کتێبەکەیدا (تاریخ ایران الحدیث والمعاصر) باسی کردووە کە وتویەتی:

ساتێک محمد خانی قاجاری لەدوای (زەندی)یەکان هاتە سەر کار و دەستی کرد بە زوڵم و زۆر و دەستدرێژیکردن هەتا بەرامبەر بەو کەسانەش کە هاوکارییان لەگەڵدا کردووە و یارمەتیان داوە کە بۆ ئەوە (صادق خان)ی شوکاکی کردووە بە نموونە و وتویەتی صادق خان کە یەکێک بووە لەو سەرۆکی شوکاکانەی کە یازدەهەزار چەکداری لەگەڵدا بووە و هاوکاریی لەگەڵ محمد خاندا کردووە و، خسروخانی ئەمیری ئەردەڵان کە لە ناوچەکەی خۆیدا سەربەخۆ بووە و لایەنگری محمدخان بووە، بەڵام لەگەڵ هەردووکیاندا بەوپەڕی دڵڕەقیەوە رەفتاری لەگەڵدا کردوون و، ساتێک محمد خان خەریکی ئامادەکردنی هێز بوو کە بچێت بەو هێزە پەلاماری (جورجیا) بدا، لە ساڵی ١٧٩٧دا لە شاری (شوش) لەناو چادرەکەی خۆیدا ئەکوژرێ و تاوانی ئەو کوشتنە ئەدرێتە پاڵ صادق خانی شوکاک کە هۆی ئەو گومان لێکردنە بەرامبەر بە صادق خان بریتی بووە لە چەند بەڵگەیەک:

١- داواکردنی عەرشی ئێران (کە دیارە صادق خانیش بەتەمای عەرشی ئێران بووە.)

٢- پاراستنی ئەو یاساوڵانەی کە محمدخانیان لەناو چادرەکەی خۆیدا کوشتبوو.

٣- لەدوای کوشتنی محمدخانی قاجاری، صادق خان یەکسەر کشابووەوە بۆ ناوچەی ئازربایجان و دەستی بەسەر هەموو شارەکانی ئەو ناوچەیەدا گرتبوو.

٤- پێوەندیکردنی صادق خان بە ئازەرییەکانەوە.

٥- پێوەندیکردنی صادق خان بە (جۆرجی)یەکانەوە.

لە ئەنجامی ئەوەدا هێزی ئێران بە سەرکردایەتی (فتح علی شاه) پەلاماری هێزەکەی صادق خانی شوکاکی دابوو کە فتح علی شاه بووبوو بە جێگری محمدخانی قاجاری و لەو شەڕەدا کە لە نزیکی (قەزوین)ەوە ڕوویدابوو شوکاکەکان زۆر خراپ شکابوون و هێزەکەیان شپرزە بووبوو، بەڵام لەدواییدا هەردوولایان ڕێککەوتن بە مەرجێک صادق خان مجوهراتەکەی شاه بداتەوە بە حکومەتی ئێران.

لەدوای صادق خان ئەوەی سەرچاوەکان باسیان کردوون لە تایەفەی (عەبدویی) بریتی بوون لە:

١- ئیسماعیل ئاغا (یا ئیسماعیل خان)ی باپیرەگەورەی سمکۆ.

٢- عەلی خان (یا عەلی ئاغا)ی کوڕی ئیسماعیل خان کە باوکی محمد پاشا بووە.

٣- محمد پاشای کوڕی عەلی خان و باوکی جعفر ئاغا و سمکۆ.

٤- جعفر ئاغا (یا جەوهەر ئاغا هەروەکو دوکتۆر مارف خەزنەدار لە تەرجەمەکەی مینورسکیدا باسیکردووە و مامۆستا علاءالدین سجادیش لە نامیلەکی هەمیشەبەهاردا لەجیاتی جعفر ئاغا بە جوهر ئاغا ناویان بردووە.)، هەروەها لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستانیش کە لە سلێمانی دەرچووە هەر بە جەوهەر ئاغا ناوبراوە.

٤- ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) کە کوڕی محمد پاشا بووە و ئەوەی لە سمکۆ ماوە ئێستە (خسرو)ی کوڕێتی کە تقاعدە و لە ئەستەمبوڵ ئەژی و صفیەخانی کچی کە خێزانی شێخ چتوی کوڕی سید طەی شەمزینیە و ئێستە هەردووکیان ماون و لە شاری هەولێرن.

بەڵام سەیر ئەوەیە ئەوانە یا بە پیلانی کاربەدەستانی ئێران گیراون و کوژراون و یا بۆسەیان بۆ نراوەتەوە و کوژراون بەم جۆرەی خوارەوە:

١- ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی سمکۆ لەلایەن (عەسکەرخانی قاجاری)یەوە لە ساڵی ١٢٣٥هـ.یدا کوژراوە هەروەکو لەدواییدا باسی کوشتنەکەی ئەکەین.

٢- عەلی خان (عەلی ئاغا)ی کوڕی ئیسماعیل ئاغا (یا ئیسماعیل خان) کە لە زینداندا لە زەمانی ضیاءالدولەدا مردووە.

٣- جعفر ئاغا (یا جەوهەر ئاغا) لە ساڵی ١٩٠٥ز.دا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە کوژراوە وەکو لەدواییدا باسی ئەکەین.

٤- ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ یا سیمتقۆ)ی کوڕی محمد پاشا کە ئەویش لە شنۆ لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بۆسەی بۆ نرایەوە و لە ساڵی (١٩٣٠ز.)دا کوژرا.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەستگیرمان بووە هەوڵ ئەدەین لەم بەشەدا باسی ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی سمکۆ و باسی عەلی خانی کوڕی و باسی محمد ئاغا (محمد پاشا)ی باوکی سمکۆ و جعفر ئاغای برای سمکۆ بکەین و لەدوای ئەم بەشە بەشێکی تایبەتیمان تەرخان کردووە بۆ ژیانی سمکۆ و دەرکەوتن و بەناوبانگبوونی سمکۆ کە لەوێدا بەدوورودرێژی لە ژیانی سمکۆ ئەدوێین.

دەربارەی بنەماڵەی شوکاک، بەتایبەتی بنەماڵەی ئیسماعیل ئاغای شوکاک، ڕۆژنامەی بانگ کردستان لە لاپەڕەی (٥-٦)ی ژمارەی ٢ی ڕۆژی ١٩٢٢/٨/١٤ ڕێکەوتی ٢٠ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٤٠ و لە لاپەڕە (٦)ی ژمارە ٣ی ڕۆژی ١٩٢٢/ ٨/٢١ ڕێکەوتی ٢٧ی ذی الحجەی ١٣٤٠ کە لە شاری سلێمانیدا دەرچووە، لەو دوو ژمارەیەدا بە فارسی باسێکی دوورودرێژی بنەماڵەی سمکۆی تیادا کراوە کە ئەمەی خوارەوە تەرجەمەی ئەو دوو ژمارەیەیە بە کوردی:

"ئیسماعیل خان (مەبەست لە سمکۆ بووە) کوڕی محمد پاشا، کوڕی عەلی خان، کوڕی ئیسماعیل خان کە رەئیسی شکاک بووە، ئەمانە لە باووباپیریانەوە سەرکردەی عەشایری شکاک بوون. عەشایری شکاک کە بەشێکی لەناو خاکی ئێراندایە و بەشێکی تری لە ولایەتی (وان) و (هەکاری)دان، بەلام سەرۆکی هەردوو بەشەکە هەر باووباپیری ئیسماعیل خان بووە.

باپیرەگەورەی سمکۆ کە ناوی ئیسماعیل خان بووە بە سوێندی درۆ و بە فڕوفێڵ و تەفرەدانی حکومەتی (ورمیە) دەعوەت کرا و بەڵێن و خەڵات و بەراتی پێ درا، بەلام ئەنجامەکەی بە پیلان کوژرا.

لەدوای ماوەیەک عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل خان لەو ناوچانەدا دووبارە ناوبانگی سەند و حکومەتی ئێران بە هەمان شێوەی جارانی هەوڵی دا و بەڵێنی دا بە عەلی خان و تەفرەی دا و دەعوەتی کرد بۆ تەورێز و ساتێک گەیشتە تەورێز دەستبەسەرکرا و کوژرا.

لەدوای ماوەیەک کوڕانی عەلی خان کە بریتی بوون لە محمد ئاغا (مەبەستی

باوکی سمکۆ بووە) و تەیمور ئاغا دووبارە ناوبانگیان سەند و هەردووکیان بۆ ڕزگاربوونی کورد لە جەور و ستەمی حکومەتی ئێران دەستیان کرد بە خەبات و تێکۆشان.

ئێرانییەکان کە ئەو دەسەڵاتەی شوکاکیان بینی، هەرچەندیان کرد نەیانتوانی ئەو دوو برایە لە یەک جیا بکەنەوە و لەناو خۆیاندا تێکیان بدەن.

محمد ئاغا بە هیچ جۆرێک دڵنیا نەبوو لە پیلان و فروفێڵی ئێرانییەکان، لە ساڵی ١٣٠٩ی ڕۆمیدا لەنێوان (چاری) و (سەلماس) کە نزیکی سنووری عوسمانییە شەڕێک لەنێوانی ئێران و عوسمانیدا ڕوویدا و محمد ئاغا لەلایەن ئەرکانی حەربی عوسمانی کە بکباشی مصطفی بەگ بوو ڕێگە درا بە محمد ئاغا لەو ناوچانەدا نیشتەجێ ببێت. (لەڕاستیدا چاری هەر لەکۆنەوە شوێن و مەڵبەندی سەرکردەکانی شوکاک بووە کە لە ئەنجامی دۆستایەتیاندا لەگەڵ عوسمانییەکان لە شەڕی لەشکری عوسمانیدا لە زەمانی سوڵتان سەلیم خان و شاە ئیسماعیلی سەفەویدا، لەو شەڕانەی کە لە ناوچەی (خۆی) ڕوویدا، ئیتر لەوساوە لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانیەوە چاری-چهریف کراوە بە شوێنی فەرمانڕەواکانی شوکاک)، وە لە ناوچەی (الباق) بە لەقەبی پادشایەتی (محمد پاشا) هێشتبوویانەوە و مانگانەی هەزار قرۆشی بۆ بڕابووەوە.

بەڵام لە پاش ماوەیەک بە هۆی ڕەفتارە خراپەکانی کاربەدەستانی عوسمانیەوە لەو ناوچانەدا و بە فریودان و هەڵخەڵەتاندنی ئێرانییەکان توانرا محمد ئاغا بگێڕنەوە بۆ ناوچەی (چاری) و کە گەیشتە ئەوێ خەڵکێکی زۆر بوون بە لایەنگری محمد ئاغا و گوێیان نەئەدایە ئێرانییەکان و لە ساڵی ١٣١٢ی ڕۆمیدا کە ناصرالدین شاە کوژرا، ولیعهد کە (مظفرالدین شاە) بوو ترسی هەبوو لە ڕێگەی چوونیدا بۆ تاران و بۆ ئەوەی مراجەعەتی بە محمد ئاغای شوکاک کرد و کوڕەکەی محمد ئاغا کە جەوهەر ئاغا بوو بە خۆی و (٦٠٠) سوارەوە لەگەڵ مظفرالدین شادا چووە تاران و فرمانبەرانی ئازربایجان ئەو چوونەی جەوهەر ئاغایان لەگەڵ شادا زۆر پێ ناخۆش بوو، حەسادەتیان بە شوکاکەکان برد بەڵام نەشیان توانی هیچی لێ بکەن.

ڕۆژنامەکە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئەنواعی پیلان و دەسیسە بۆ جەوهەر ئاغا ڕێکخرا و بە بیانووی پێ سپاردنی کارێکی گرنگ دەعوەت کرا بۆ تەورێز و لە کاتی

نانخواردندا لەگەڵ چەند خزمێکیدا پەلاماریان دان و کوشتنیان و یەکێک لەوانە کە خاڵی جەوهەر ئاغا بوو خەبجەرەکەی دەرهێنا و لەو کۆڕی شەڕەکەدا خۆی دەرباز کرد و چووە دەرەوە و لەناو بازاڕی تەورێزدا هەر کەسێکی بهاتایە رێ دەیکوشت هەتا خۆی گەیاندە شار و لەوێ ئەسپێکی پەیداکرد و سواری بوو، روویکردە (خۆی) و (چاری). (ڕۆژنامەکە ئەڵێ: ئێستە کە ساڵی ١٩٢٢ە ئەو خاڵەی جەوهەر ئاغا هێشتا هەر زیندووە و ماوە.)

محمد پاشای شوکاک دەربارەی کوشتنی جعفر ئاغای کوڕی بەڕاستی ڕۆستەمی ئەو ڕۆژانە بوو، بەڵام زۆر خەفەتبار و دڵتەنگ بوو، بۆیە ئێرانی بەجێهێشت و ڕوویکردە ئەستەمبوڵ (ئەستانە) و لەوێ پەنای بردە بەر سوڵتان عبدالحمید.

ئێرانییەکان لە پڕۆپاگاندەکردنیاندا دژی محمد پاشای شوکاک وازیان نەهێنا، بەتایبەتی لەدوای (رضوان پاشا) کە لەو کوشتنەدا بەدرخانییەکانی نیشتەجێبووی ئەستەمبوڵ تاوانبارکران (لە باسی عبدالرزاق بەدرخاندا باسی کوشتی رضوان پاشا کرا.)، و لە ئەنجامی ئەوەدا زۆر کەس ئاوارە کران و ئێرانییەکان ئەو ڕووداوەیان بە هەل زانی و دەستیان کرد بەوەی لە ڕێگەی پەیداکردنی دۆستایەتییەوە محمد پاشایان دەعوەت کرد بۆ باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەستەمبوڵ، بەڵام لەو کاتەدا ڕاپۆرتێک دەربارەی محمد پاشا درا بە بابی عالی کە ئەو ڕاپۆرتە سوودێکی ئێجگار زۆری تێدا بوو بۆ حکومەتی ئێران و لەدوای ئەو ڕاپۆرتە عوسمانییەکان محمد پاشایان ئاوارە کرد بۆ دوورگەی (ڕۆدوس) و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

(ئەوەی شایانی باسە کە محمد پاشا بێجگە لە جەوهەر ئاغا و سمکۆ کوڕێکی تریشی هەبوو کە ناوی عەلی ئاغا بوو کە بە هۆی ئەو نارنجۆکەی بە ناوی شیرینیەوە بە دیاری بۆ سمکۆ نێررابوو کوژرا، هەروەکو لەدواییدا لە شوێنی خۆیدا باسی ئەکەین.) هەروەها بێجگە لە جەوهەر ئاغا و سمکۆ و عەلی ئاغا، محمد پاشا کوڕێکی تریشی هەبوو کە ناوی ئەحمەد ئاغا بووە و کە سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣دا چوو بۆ سلێمانی بۆ بینینی شێخ مەحمود کە مەلیکی خوارووی کوردستان بوو ئەو ئەحمەد ئاغایەش لەگەڵ سمکۆدا بووە.)

### ا- ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی سمکۆ:

دەربارەی ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی سمکۆ، نووسەری کتێبی کورد و

عەجەم لە لاپەرە (٣٣٣)دا ئەڵێ:(١٩) "بۆ یەکەم جار ناوی ئێلی شوکاک لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەزەقی لە کۆتایی سەدەی دوازدە و سەرەتای سەدەی سیازدەهەمی کۆچیدا هاتۆتە ناو ناوان.

ئیسماعیل ئاغای سەرخێڵی شکەفتی هەروەکو پیاوێکی مەزنی شوکاک، یەکێک بووە لە لەشکرکێشەکانی عەباس میرزای نائب السلطنه بۆ سەر خاکی عوسمانی و لەوەدا خزمەتێکی ئاشکرای کردووە، هەروەها لەگەڵ لەشکری ئێراندا بۆ تەمێکردنی ئێلە کوردەکانیش لەگەڵیدا بووە.

ئیسماعیل ئاغا و شەڕکەرەکانی لەو هێرشە گەورەیەدا کە سوپاکانی ئەفشاری، ورمیە و موقەددەمی مەراغە بۆ لەناوبردنی ئێلی بلباس کە لە بناری چیای قەندیلدا لە ساڵی (١٢١٦هـ.)دا کردیان، ئیسماعیل ئاغا لەو شەڕەدا چەرخەچیی لەشکرەکەیان بووە و لەو هێرشەدا بۆ تەمێکردنی میری ڕواندز لە ساڵی (١٢٣١هـ.)دا کردیان ئیسماعیل ئاغا و شەڕکەرەکانی پێشڕەوی عەجەم بوون و وا دیارە تێکەڵاوییەکی زۆریشی لەگەڵدا پەیداکردووە بەوەدا کە کچی خۆی دابوو بە (فرج الله خان)ی کوڕەگەورەی (عەسکەرخان)ی بەگلەربەگی ئەفشار.

ئیسماعیل ئاغا لەسەر لووتکەی چیای (بنای نازلو) قەڵایەکی دروست کردبوو، لەو سەردەمەدا خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی گشتی و ناوچەکانی تری ئازربایجان لەژێر باری گرانی باجسەندنی دەوڵەتیدا دەیناڵاندن و جگە لەوە ئەبووایە پارەیەکی زۆریش بۆ (ڕوسیا)ی براوەی شەڕ لەباتی بژاردنی زیانی جەنگ کۆ بکەنەوە و بیدەن بە ڕوسیا و لەولاشەوە شازادە و کاربەدەستانی ئێران ئەیانویست خۆیان دەوڵەمەند بکەن و زەوی و زاری خەڵکی داگیر بکەن.

دڵسۆزیی ئیسماعیل ئاغا بۆ دەزگای حوکمدارایتی عەجەم و بەشداربوونی لە شەڕ و لەشکرکێشیەکاندا، هەروەها خزمەتیشی لەگەڵ (عەسکەرخان) کە یەکێک بووە لە هەرە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ڕۆژانە کە هەم لە گفتوگۆکردنی نێوان ئێران و ڕوسیادا هەروەکو یەکێکی دەستەی نوێنەرانی ئێران بەشداریی کردووە و جارێکیش کراوە بە سەفیر (باڵیۆز)ی دەرباری قاجار لە پاریس لای (ناپلیۆن)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە هیچ دادێکی نەدا و ئیسماعیل ئاغا لەسەر نەدانی باج و زەویانە ناچاربوو لەناو قەڵاکەی خۆیدا مان بگرێ، بەڵام عەسکەرخان بە تەفرەدان و فروفێڵ توانی ئیسماعیل ئاغا لە ساڵی ١٢٣٥دا بکوژێ و ماڵ و داراییەکەی تاڵان بکا و

دەست بەسەر گوند و زەویەکانیدا بگرێ و لەئەنجامی ئەوەدا (میرزا ئاغا) و (عەلی ئاغا) و (یەحیا بەگ) هەموو هەلاتن و پایەی سەرخێلییان لێ سەنرایەوە و دەسەلاتدارێتی ئێلەکەیان درایە دەست دەسەلاتدارێکی عەجەم.*

لەڕاستیدا کورد بەخۆراریی نەیوتوە:

هەزار سالّ بکەی بێگانەپەرستی ئاخری هەر دەهێنیت نوشوستی

**ب- عەلی ئاغا (یا عەلی خان)ی کوڕی ئیسماعیل ئاغا (باپیری سمکۆ):**

دەربارەی عەلی ئاغا، یاوەکو هەندێ لە سەرەچاوەکان بە عەلی خان ناویان هێناوە، نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (٣٣٤-٣٣٥)دا وتویەتی:(١٩)

"لەدوای کوشتنی ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی سمکۆ، ئێلی شوکاک لەگەلّ دەزگای دەسەلاتدارێتی حکومەتی ئێراندا (کە نووسەر بە عەجەم ناوی هێناون) هەتا سەر لەسەر یەک بار نەوەستا و لەنێوانی ئاشتی و شەڕدا بوون و هەندێ جار لەگەلّ دەزگای دەولّەتیدا بوون و هەندێ جاریش لێی یاخی بوون و بە هۆی ئەوەی مەلّبەندەکەیان سەخت و شاخاوی بوو، کەوتبووە سەر سنووری عوسمانی و ئێران، بۆیە کاربەدەستانی ئێرانی بەئاسانی نەیانتوانیوە دەستی بەسەردا بگرن.

ساتێک لەتارانەوە محمد رحیم مرزا (ضیاءالدولە) کە یەکێک بووە لە کوڕەکانی عباس مرزا نێررا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری (خۆی) و (سەلماس) و (ورمیە) لە سالّی ١٢٦٥ھ دا ئیتر دەستی کرد بە گرتنی پیاوە گەورەکانی کورد، بەتایبەتی سەرکردەکانی (زرزا) کە ئەمانە خۆیان چووبوون بۆ پێشوازیکردن لە ضیاءالدولە.

ضیاءالدولە هەر بۆ چاوشکاندنی یاخیبووەکانی کورد، عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا کە لەسەر باجنەدان و نەدانی مولّکانە بە حکومەتی لە دەولّەت یاخی بووبوو، ڕێگەی بە کاربەدەستانی ئێران نەئەدا باج و مولّکانە لە ناوچەکەی ئەودا کۆ بکەنەوە، بەرامبەر بەوە هێزەکانی ئێران بە فەوجێکی ئەفشار و چەند عەرادە تۆپ، لە مەحالی (سومای) برادۆست چوونە سەر عەلی ئاغا و ڕاویان نا و تالانیان کرد، بەلام دوای ئەوەی (بیوک خان)، بە قسەی خۆش هێنایەوە بۆ (ورمیە) و بەگیراوی ڕەوانەی کرد بۆ تاران و لە جێگەی ئەو (مرزا ئاغا)ی برای کرد بە سەرۆکی خێلّی (شکەفتی). گەڕۆکەکان وایان لێ هاتبوو، ساتێک ئەچوونە ئەو ناوچانەی شوکاک، ئیتر لایان وابوو پیشەی شوکاک بریتیە لە ڕاووڕووتکردن نەک بەخێوکردنی ئاژەلّ.

لەدوای مردنی عەلی ئاغا، ئیتر محمد ئاغای کوڕی (باوکی سمکۆ) بوو بە سەرخێڵی شوکاک."

نووسەر بۆ پەراوێزی ژمارە ١٧ی لاپەڕە ٣٣٤ وتویەتی: بۆ زانینی زۆرتر دەربارەی عەلی ئاغا لە بەڵگەکانی واحد نشر اسناد، گزیدهء اسناد سیاسی ایران و عوسمانی جلدی ٢، دفتر مطالعات سیاسی و بین الملل، تهران، ساڵی ١٣٦٩ھ. کە ژمارەکانیان ٣٢٥، ٣٣٤، ٣٣٦، ٣٤٨، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٧٢، ٣٧٣ باسکراوە.

کاک ئەحمەی شەریفی لە لاپەڕە (١٠)ی نامیلکەکەیدا باسێکی تایبەتی بۆ عەلی خانی سەرۆکی شوکاک تەرخان کردووە و نووسیویەتی:[٤٤] "لە زەمانی حکومەتی ناصرالدین شای قاجاردا عەلی خانی کوڕی محمد ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی شوکاک بووە.

ساتێک شێخ عبیداللە، لە کوردەکانی تورکیا، دەستی کرد بە شۆڕش، شێخ عبیداللە داوای لە خانی شوکاک کرد کە یارمەتیی بدات لە شۆڕشەکەیدا، بەڵام دلێرانە و مەردانە لەجیاتی ئەوەی یارمەتی شێخ عبیداللە بدات بەپێچەوانەوە شانبەشانی (اقبال السلطنه)ی ماکوئی دژی شێخ عبیداللە و تاقمەکەی شەڕی کردووە کەئەو هاوکارییەی عەلی خان بوو بە هۆی شکاندنی کوردەکانی تورکیا (مەبەست شێخ عبیداللە بووە.)

لەو ڕۆژانەدا کە عەلی خان خەریکی شەڕ بووە، لەسەر دەعوەتی (مظفرالدین شا)ی ولیعهد، جعفر ئاغای کوڕەگەورەی عەلی ئاغا چوو بۆ تەورێز و لەدوای چەند ڕۆژێک جەعفەر ئاغا بە دەستی تاقمەکەی مظفرالدین بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوژرا و چەند کەسێک لە پیاوەکانی جعفر ئاغا کە لەگەڵیدا بوون خۆیان گەیاندە ناو شوکاک و ئەو هەواڵەیان بە عەلی ئاغا گەیاند."

کا ئەحمەی شەریفی لە لاپەڕە (١٢)ی نامیلکەکەیدا دەربارەی پێوەندیی جعفر ئاغا و مظفرالدین شا وتویەتی: "پێوەندی مظفرالدین شا و جعفرا ئاغا زۆر بەهێز بووە و دۆستی یەکتر بوون و ڕۆژێک لە باخی (گلستان) لە تەورێز لەنێوانی قسەکردنیاندا وەلیعهد داوای هەزار (ئەشرەفی) کە (جۆرە پارەیەکی ئەو سەردەمە بووە) لە جعفر خان ئەکا و جعفر خان بەنابەدڵی وەلیعهد وەرامی ئەداتەوە و پێی ئەڵێ: خۆت ئەزانی کە خانەوادە و تایەفە و عەشیرەتی من ماوەی ساڵێک بە پارە و

پوولی خۆیەوە لەگەڵتاندا بووە و دژی دوژمنەکانی ئێوە شەڕیان کردوو و لەجیاتی ئەوەی پاداشتمان بدرێتەوە هێشتا ئێوە داوای پارەمان لێ ئەکەن و پێی ئەڵێ: ئەی ئافەرین بۆ ئەو وەلیعهدەی وەکو تۆ.... کە ئەمە لەلایەن وەلیعهدەوە بە وەرامێکی زۆر قورس وەرئەگرێ و لەئەنجامی ئەوەدا بڕیاری کوشتنی دەر ئەکا.

ئەو کارە ناجوامێرانەیەی وەلیعهد وای لە سەرکردەکانی شوکاک و جەلالی کرد کە کۆبوونەوەیەک بکەن و لەئەنجامدا هەموو سوێندیان خوارد کە هەتا دوادڵۆپی خوێنیان دژی قاجاری و حکومەتە خوێنخوارەکەی خەبات بکەن و عەلی خان چەند نامەیەکی نارد بۆ کوردەکانی تورکیا و عێراق و سوریا و داوای لێ کردن کە هاوکاری لەگەڵدا بکەن بۆ سەندنەوەی تۆڵەی ئەو تاوانە و بۆ هەر یەکێک لەوانەی کە نامەی بۆ ناردبوون پارچەیەک لە جلە خوێناوییەکەی جعفر ئاغای بۆ ناردن.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە کێو و دەشتەکانی ورمیە و سەلماسدا ڕووبەڕووی حکومەتی قاجاری بوونەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی چەک لای تاقمەکەی عەلەی خان، ئیتر ناچار بوو بە شێوەی پەناهێندەی سیاسی ڕوو بکاتە تورکیا، بەڵام تورکیاش کە داخلەدڵ بوو بەرامبەر کوردەکان عەلی خانیان گرت و تەسلیمی مظفرالدین شای وەلیعهدی زەمان کرا و لەژێر دار و فەلاقەدا لەناوچوو.

ئەو ڕۆژانەی عەلی خان لە زیندانی قاجاریدا بوو یەکێک لە سەرۆکەکانی شوکاک کە ناوی (هەمز ئاغا) بوو بۆ بەردانی عەلی خان بارەها تەقەلای دا و پێوەندی بە کاربەدەستان و بە وەلیعهدەوە کرد و چاکە و پارمەتیدانی عەلی خانی بۆ گێڕانەوە بەلام وەلیعەهدی دڵڕەق و دڵڕەش بە هیچ جۆرێک دڵی نەرم نەبوو، بەو جۆرە ئێلی شوکاک بێ سەرپەرشت مایەوە."

لەڕاستیدا ئەو باسەی کە کاک ئەحمەی شەریفی لە نامیلکەکەیدا باسی کردووە و هەرچەند لە پەراوێزی لاپەڕە (١٣) وتویەتی ئەو باسەی لە کتێبەکەی احمد کسروی یەوە وەرگرتووە (تاریخ هەژدەسالەی ایران) بەلام بەڕاستی گەلێک هەڵەی زۆر ئاشکرای تیادایە کە ناچارم هەموویان ڕوون بکەمەوە:

١- احمد کسروی لە کتێبی تاریخ مشروطەء ایران دا (چاپی تهران، امیر کبیر ساڵی ١٣٦٢) باسی ئەو کوشتنەی بەو جۆرە نەکردووە و لەدوای باسی عەلی ئاغا کە هاتینە سەر باسی چۆنێتی کوشتنی جوهر ئاغا، بەدووروودرێژی لەو باسەی احمدی کسروی ئەدوێین کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (١٤١)ی

کتێبەکەیدا باسی حورمەتنەگرتنی کەلام اللەی کردووە لە لایەن نظام السلطنەوە دەربارەی کوشتنی جەوهەر ئاغا بەڵام دەربارەی ئەو هەزار ئەشرەفیەی کە باسی کردووە، خواجە نوری لە کتێبی بازگران عصرا طلائی دا وتویەتی: بهرامی شاعر وتویەتی هەشت هەزار تمەنی داوا لێ کرابوو (لە جەعفەر ئاغا).

٢- کاک ئەحمەدی شەریفی بێجگە لە چۆنێتی کوشتنی جعفر ئاغا کە بەو جۆرەی گوایا احمد کسروی لە کتێبی تاریخی هەژدەسالەی ایران دا باسی کردووە چەند هەڵەیەکی تریشی کردوو کە بۆ نموونە: وتویەتی عەلی خان کوڕی محمد ئاغای شوکاک بووە کە ڕاستییەکەی ئەوەیە عەلی ئاغا (عەلی خان) کوڕی ئیسماعیل ئاغا (اسماعیل خان)ی باپیرەگەورەی سمکۆ بووە و محمد ئاغا کوڕی عەلی بووە نەک باوکی. دووهەم جعفرا ئاغا کوڕی عەلی خان نەبوو بەڵکو کوڕەزای بووە، چونکە جعفرا ئاغا کوڕی محمد ئاغای کوڕی عەلی خان بووە.

٣- لەباسەکەیدا ئەڵێ: (مظفرالدین شا)ی وەلیعهد بە شێوەیەکی ناجوامێرانە جعفرا ئاغای کوشت، بەڵام وەکو هەموو سەرچاوەکان باسیانکردووە و لەدواییدا ئێمەش لە باسی کوشتنی جعفر ئاغادا لێی ئەدوێین، ئەوەی کە جعفرا ئاغای کوشتووە نظام السلطنە بووە نەک مظفرالدین شاە، چونکە کاتێک کە جعفرا ئاغا چووە بۆ تەورێز و لەوێ کوژراوە، ئەو کاتە مظفرالدین شاە چووە بۆ ئەورووپا و لەجیاتی ئەو محمد علی مرزای وەلیعهد لە تاران بووە و لەوێوە تەلگرافی ناردووە بۆ نظام السلطنە کە جعفر ئاغا بکوژێ.

### ج- محمد پاشای شوکاک و جەوهەر ئاغا (جعفر ئاغا)ی کوڕی:

لەدوای کوشتنی عەلی خانی باوکی محمد پاشای شوکاک، ئەگەرچی محمد پاشا سەرۆکی بنەماڵەی شوکاک بووە بەڵام جەوهەر ئاغا مرۆڤێکی زۆر چالاک و بەجەوهەر بووە، بۆیە کاربەدەستانی ئێران لە هەڵێک گەڕاون کە لەناوی بەرن.

کوشتنی جعفر ئاغا (جەوهەر ئاغا) بەو شێوە ناپیاوانەی کە زۆربەی نووسەران باسیانکردووە لەسەر ئەوەن کە ئەوە کارێکی ناجوامێرانە بووە و پەیمانشکاندنێکی دوور لە ڕەوشتی ئاینی ئیسلام بووە هەرچەندە ئەو جۆرە کردەوەیە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە لەکۆنەوە هەتا ئێستاش شتێکی ئاسایی بووە و لە هەموو جارێکدا بەڵێن و پەیمانەکانیان پێشێل کردووە و لە هەزار سوێندخواردن بە قورئان

و خوا و پێغەمبەر و موقەدەسات پەشیمان بوونەتەوە و هیچ شەرمیان نەکردووە و نووسەرانی فارسیش خۆیان لە خۆیاندا ئەوەندە داخلەدڵ بوون بەرامبەر بە کورد بە شێوەیەکی گشتی و بەرامبەر هەر سەۆک و سەکردەیەک بۆنی ئەوەی لێ هاتبێت هەستی کوردایەتی تیادا بووە و بە ئارەزووی بێوژدانیی خۆیان و بۆ مەراییکردن بۆ کاربەدەستانی ئێران و بۆ چەواشەکردنی ڕاستیە مێژووییەکان هەوڵیان داوە بەسەرهاتەکان بە ئارەزووی ئەو کاربەدەستانە تۆمار بکەن و بڵاوی بکەنەوە و هەزار درۆ و دەلەسە و ئاین و ئۆینیان دۆزیوەتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر ڕەخنەیەک لە کاربەدەستە تاوانبارەکانی ئێران گیرا بێت و بە شێوەیەکی گشتی درۆ و ڕاستنەکردن پیشەی هەمیشەیی کاربەدەستان و نووسەرانی ئێرانی بووە و نووسەرانی بێگانەش کە بەزۆری خۆیان لەکاتی ڕووداوەکانی ئێراندا ئاگادار نەبوون و ئەوەی نووسیویانە و تۆماریان کردووە یا دەماودەم لە کاربەدەستانی ئێرانەوە بیستویانەتەوە یا لە سەرچاوە فارسییەکانەوە وەریانگرتووە و بە زمانی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە کە هەتا ڕادەیەکیش هەندێ نووسینی ئەو بێگانانە لە ڕاستی بەدەر بووە و لەگەڵ ئەوەشدا هی وایان هەبووە بەپێی تاقیکردنەوەی خۆیان شارەزای درۆ و دەلەسە و بوختانی کاربەدەستان و نووسەرانی ئێران بوون و بۆ گەیشتن بە ڕاستیی ڕووداوەکان چوونەتە بنج و بناوانی بەسەرهاتەکان و هەندێ جار لەگەڵ کوردیشدا پێوەنییان پەیداکردووە و توانیویانە لە ڕێگەی ئەو کوردانەوە کە چاویان پێیان کەوتوون درۆکانی فارسەکان ڕاست بکەنەوە و لەئەنجامی ئەوەدا سەرنجەکانی خۆیان بە شێوەیەکی زانیارانە بڵاو کردۆتەوە.

لە گێژاوی بەسەرهاتەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەتایبەتی لە شۆڕشی بەدرخان پاشا و شێخ عبیداللە و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی عبدالرزاق بەدرخانەوە هەتا دەرکەوتنی سمکۆ و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی دژی حکومەتی ئێران، کورد لەو ماوەیەدا کەوتوەتە خۆی و لە زۆر شوێنی کوردستاندا وەکو ناوچەکانی ئازربایجان و موکریان و سەقز و بانە و سەردەشت و سنە و ناوچەکانی تری ئەردەلان و هەورامان کورد بەرامبەر ڕەفتاری نالەباری کاربەدەستانی ئێران بێزار بووە و مەشروتیەی ساڵی ١٩٠٥ لە ئێراندا و مەشروتیەی تورکیا لە ساڵی ١٩٠٨دا گیانێکی تازەی کردبوو بە بەر دانیشتووەکانی ناوچەکەدا کە لە هەمووان زیاتر میللەتی کورد هەستی بە بەشخوراوی و

چەوساندنەوە کردووە و بۆی دەرکەوتووە کاربەدەستانی حکومەتە داگیرکەرەکان بەوپەڕی بێویژدانییەوە لەگەڵیاندا ڕەفتار ئەکەن و لە هەموو دەرفەتێکدا سەرکردەکانی کورد ئەگەر ماوەیان هەبوو بێ دژی حکومەتی ئێران ڕاپەڕیون و لەگەڵ ئەوەشدا کە نیوەی ئەو ڕاپەڕینانە عەشایریانە بووە و بەشێکی زۆریش سوود و بەرژوەندی چینەکەی خۆیان تیادا بووە بەڵام کورد لە کوردستانی ئێراندا دووجار برژاو بووە و جارێک بەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە بەئاشکرا بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە و قەت دڵیان بەرامبەر بە کورد پاک نەبۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە جیاوازی نەتەوایەتی کورد لەگەڵ فارس و ئازەریدا کە ئەو دووانەی دوایی هەرچەند یەک نەتەوە نەبوون، بەڵام هۆیەکی سەرەکی هەبوو کە هەردوولای یەکخستووە دژی کورد کە یەکبوونی مەزهەبی بووە و، لە گێژاوی ئەوانەدا گەلێک لە سەرۆکی عەشایرەکانی کورد کوژراون کە یەکێک لەوانە جەوهەر ئاغای برای سمکۆ بووە.

چ نووسەرانی فارس و ئازەری و چ نووسەرانی بێگانە و چ نووسەرانی خۆمانە هەر یەکەیان بە شێوەیەک باسی جعفر ئاغا و چۆنێتی کوشتنەکەیان کردووە، کە ئێمە هەندێ لەو سەرچاوانەمان دەستنیشان کردووە بۆ پێشکەشکردنی نووسینەکان بە خوێنەرانی خۆشەویست.



وێنەیەکی جعفر ئاغا کە لە تەورێز بووە، بەر لە کوشتنی.

مینورسکی لەکتێبەکەیدا لە باسی جعفر ئاغای شوکاکدا کە وەرگێڕەکەی لە ڕووسیەوە بۆ کوردی دوکتۆر مارف خەزنەدار بە (جەوهەر ئاغا) ناوی بردووە و ئەو کوشتنەی جەوهەر ئاغا بەو شێوەیەی کە نووسەران باسیانکردووە لەکاتی خۆیدا مامۆستا علاءالدین السجادی کردویەتی بە چیرۆکێک و بە ناوی (هەمیشەبەهار)ەوە چاپی کردووە، هەروەها لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی خوارووەدا (بانگی کردستان) لە باسی بنەماڵەی شوکاکدا دووبارە بە جەوهەر ئاغای ناوبردووە و دوکتۆر مارف خەزنەدار لە نامەیەکیدا کە لە ١٩٤٤/٤/١٤دا بۆی ناردبووم بۆ دڵنیابوون لەو ناوە بۆی نووسیوم کە لە ناوچەکانی هەولێردا گەلێک گۆرانی فۆلکلۆر و بەیت و باڵۆرە بە ناوی جەوهەر ئاغاوە لە خەڵک بیستراوە کە هەر بە جەوهەر ئاغایان ناوبردووە، هەرچەند من خۆم کە ماوەیەک لە کوردستانی ئێراندا بووم لێم بیستوون کە ناوی جعفریان بە (جەفعەر) ناو هێناوە کە دوور نییە جەفعەر بووبێت بە جەوهەر کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی دوکتۆر مارف خەزنەداردا یەک ناگرێتەوە.)، هەر چۆنێک بووبێت مینورسکی دەربارەی جعفر ئاغا وتویەتی: "جعفرا ئاغا لە ناوچەی (چیخرکە-سەلماس)دا ئەژیا، ئەو جعفرا ئاغایە بە هیچ جۆرێک لە دەسەڵاتدارێتی فارسەکان نەئەترسا و لێیان دەسڵەمیەوە، جاروبار لە شاخ ئەهاتە خوارەوە و لەناو دۆڵەکاندا تاڵانی و ڕاوڕووتی ئەکرد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە دانیشتووە هەژارەکانی ئەو ناوچانە ڕقیان لە جعفرا ئاغا نەبووە، بەڵکو بەوپەڕی ڕێزلێگرتن و خۆشەویستیەوە سەیریان کردووە چونکە جعفر ئاغا کە دەوڵەمەندەکانی تاڵان ئەکرد بەشێکی ئەو تاڵانییەی بەسەر هەژارەکانی ناوچەکەدا دابەش ئەکرد.

حکومەتی ئێران هەروەکو ڕەوشتی کۆنی خۆی جعفر ئاغای کرد بە لێپرسراوی سەرسنووری ئێران و عوسمانی کە جعفر ئاغا زۆر شانازیی بەوەوە ئەکرد بەڵام زۆری نەخایاند وازی لەو کارە هێنا و شوێنەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و دەستی کردەوە بە هەمان خو و ڕەوشتی جارانی پێشووی.

مینۆرسکی لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: من بە چاوی خۆم ئەو شەڕکەرانەم ئەبینی کە لە شەڕەکانی نێوان حکومەتی فارس و جعفر ئاغادا ڕووی ئەدا.

جعفرا ئاغا سکرتێرێکی تایبەتی خۆی نەبوو کە فارسی باش بزانێت (مەبەستی ئەوە بووە لەناو کورد و خزمەکانیدا هی وای نەبووە)، لەبەر ئەوە بەنەهێنی

شاعیرێکی بەساڵاچووی فارسی بانگ ئەکردە لای خۆی کە لەڕاستیدا ئەو شاعیرە فارسە هەر خۆشی نووسەر و نامەبەری والی فارسەکان بووە لەو نامانەی کە بۆ سمکۆیان ئەنارد.

ئەو کاتبەی کە جعفرا ئاغا کاروباری نووسین و وەرامی نامەکانی پێ سپاردبوو، وەرامی نامەکانی جعفر ئاغای بە شێوەیەک ئەنووسیەوە و ئەیناردن بۆ فارسەکان کە بە هیچ جۆرێک بەلای مەبەستەکانی جعفر ئاغادا نەدەچوون.

بەڕێکەوت و لە بەدبەختی ئەو کاتبە داماوە، شەوێک لە کاتی هاتوچۆکردنیدا بۆ لای جعفر ئاغا یەکێک لە پیاوەکانی والی ئەیگرێ و هەرچی نەشێ پێی ئەکا و تووشی پەتپەتێنێکی باش ئەبێت بە هۆی ئەوەوە.

مینورسکی لە باسی جعفر ئاغادا ئەڵێ: لەپاش ماوەیەک والیی ئازربایجان بە سوێندخواردن بە قورئان توانیبووی جعفرا ئاغا فریوبدا و دەعوەتی بکا بۆ تەورێز و من بە چاوی خۆم (مینورسکی کە زۆر شارەزای ئێران بووە و لە ساڵانی ١٩٠٤-١٩٠٨دا موستەشاری باڵیۆزخانە ڕوس بووە لە تاران و تەورێز و لە ساڵی ١٩١٣دا بووە بە ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە دانرابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری ئێران و عوسمانی) ئەو سەردارە کوردەم دیبوو کە لەگەڵ هەشت چەکداری خۆیدا کە هەموویان بەرگەکانیان لە یەک ئەچوو، هەموو فیشەکلغیان دابوو لە خۆیان و ئەو چەکدارانەی ئاغا زۆر چالاک و وریا بوون و چاویان لە سەرکردەکەیان نەدەترووکان و هەمیشە پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان لەسەر پێ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیبوو بیپارێزن، چونکە کوشتنەکەی هەر لەسەرەتاوە بە خیانەت نەخشەی بۆ کێشرابوو، لەکاتی چوونیدا بۆ لای والی (کە دیارە جنراڵ بووە) جعفر ئاغا کوژرا.

چەکدارەکانی ئاغا کە بە چاوی خۆیان جعفر ئاغایان بەکوژراوی بینی، بەسەرهاتەکە زۆر کاری تێ کردن و دەستیان کرد بە تەقەکردن و بەرگریان کرد و ڕایان نەکرد کە ئەمە بوو بە هۆی سەرسووڕمانی والی و دڵی خستە مەترسییەوە و چەند کەسێک لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونەدا کوژران و ئەو چەکدارانە هەتا ماوەیەک لە ژوورێکدا خۆیان گرت و زۆری نەمابوو والی بگرن، بەڵام هەر چوار دەوری والی بە چەکداری خۆی گیرابوو بۆیە گرتنەکەی ئاسان نەبوو.

ئەو چەکدارانەی جعفر ئاغا هەتا ئێوارە تاریک داهات و بنمیچی ژوورەکەیان

بینی کە کلاورۆژنەیەکی تیادا بوو، یەکە یەکە چوونە سەر شانی یەکتر و لەوێوە چوونە سەربان و بازیان دابوو بۆ سەربانی دراوسێی ئەو خانووەی تیایا بوون و لەناو باخ و کۆڵانەکانەوە خۆیان دەرباز کرد و توانییان لەو شارە گەورەیەی تەورێزدا خۆیان دەرباز بکەن و بچنە دەرەوە و، ڕۆژی دوایی کە سەربازەکانی والی چووبوونە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدوایاندا بگەڕێن، چەکدارەکانی ئاغا توانییان ئەو سەربازانە بە خۆیان و وڵاخەکانیانەوە بگرن و لەگەڵ خۆیاندا بردبوویانن بۆ گوندی (چیخریکە)، کە لە ئەنجامی ئەوەدا شەش چەکداری ئاغا ڕزگاریان بوو، دووانەکەی تر بەکوژراوی لەگەڵ لاشەکەی ئاغادا لەبەر دەرگای کۆشکی جنراڵ هەڵواسران و ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکانی ئێران دەستیان کرد بە ستایش و سوپاسکردنی ئەو ڕەفتارەی جنراڵ (والی).

مینورسکی لەباسەکەیدا ئەڵێ: "ئا ئەمەیە ئازایەتی بێوێنەی کورد و شێوەی ڕەوشتیان، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە ئەیانەوێ دژی کورد بوەستن، پێویستە هەزار حساب بۆ خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر تورک و فارسەکان کە دێنە سەرباسکردنی کورد پێیان ئەڵێن: لە ئەوەی جنۆکەن و هەر ئەوەش ئەکەن بە بیانوو کە هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدەن هەموو جۆرە پیلان و فێڵ و نەخشەیەک ساز بکەن دژی کوردەکان و هەزار بیانوو ئەدۆزنەوە بۆ پینەکردنی ئەو ڕەفتارەی خۆیان بەرامبەر بە کورد کە زۆرجار بۆ ئەو مەبەستەیان فێڵ و خیانەت لە کورد ئەکەن."

مینورسکی لەکتێبەکەیدا نموونەیەکی زۆر سەیری ئەو فروفێڵ و خیانەتانەی کاربەدەستانی ئێران ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: "لەدوای ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیداللەی نەهری، سەرکردەی لەشکری ئێران کە (ئەمیر نظام) بوو همزاغای سەکردەی کوردەکانی بانگ کرد، (ئەو همزاغایەی مینورسکی لەکتێبەکەیدا باسیکردووە لە کوردەکانی گەڕووس بووە.) و بە قورئان سوێندی بۆ خوارد کە هەتا لەسەر زەمیندا بژی بە هیچ جۆرێک خراپەی لەگەڵدا ناکا، کە ئەو ساتە ئەمیر نظام لەناو ڕەشماڵێکدا ئەژیا کە ڕەشماڵەکە بەسەر چاڵێکدا هەڵدرابوو، ئەو چاڵی ناو ڕەشماڵەشی بۆ ئەوە هەڵکەندبوو کە چاڵەکە بە سەرزەمین حساب نەکرێت و ساتێک همزاغا ئەچێتە ڕەشماڵەکە و ئەچێتە چاڵەکەوە کە ئەمیر نظامی لێ دانیشتبوو، ئەمیر نظام ئیشارەتێک ئەکا بۆ پاشگەزبوونەوە و لەو سوێندە و بۆ پینەکردنی

ڕەفتارەکەی وتبووی گوایا ئەو سوێندی خواردبوو لەسەر زەوی هیچ لێ نەکا، بەڵام ساتێک ئەو دەسرێژەی لێ کرابوو لەسەر زەوی نەبوو، بەڵکو لەناو چاڵێکدا بووە (کە دیارە شوێنی دانیشتنەکە لەژێر چادرەکەدا هەڵکەنراوە و قووڵکراوە و لە ڕیزی سەرزەمین نزمتر بووە.)، بەو شێوەیە سوێندەکەی داپۆشیبوو.

مینورسکی لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: "ئەو کردەوەیە و گەلێک ڕەفتاری تری خیانەتکارانە هەروەکو کوشتنی ئەو سەرۆکعەشیرەتانەی لە ڕۆژی جەژندا لە (مياندواو) ئەبن، هەموویان لەو ڕۆژی چەژنەدا قەلاچۆ ئەکرێن.

هەروەها ئیشارەت بۆ قسیەکی میجرسۆن ئەکا کە وتبووی: "ترسێکی هەمیشەیی وای لە کوردەکان کرد کە هەمیشە خۆشباوەڕ نەبن و وای لێ کردن کە ئازا و چاونەترس و گورج و گۆڵ بن."

مینورسکی دەربارەی ئەو بۆچوونەی میجرسۆن لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: "من لەگەڵ سیفەتی دووهەمی کورددام (کە بریتی بووە لە ئازایەتی و چاونەترسی و گورجوگۆڵی)، کە ئەمە مانای ئەوەیە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمی میجرسۆندا نەبووە کە وتویەتی ترسێکی هەمیشەیی وای لە کورد کردبوو کە هەمیشە خۆشباوەڕ نەبن.

بەڕاستی مینورسکی لەوەدا باشتر بۆی چووە وەک لەوەی میجرسۆن، چونکە بەداخەوە کورد ساڵەهای ساڵە هەر خۆشباوەڕ بووە و بە قسەی لووس و بەڵێنی درۆ هەڵخەڵەتاوە و هەمیشەش ئازایەتییەکەی لە ڕێبازی ئەو خۆشبڕوایی و ساویلکەیەتییەدا دۆڕاندووە و لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە قەت جارێک دەرس لە بەسەرهاتێکی ڕابردوو وەرناگرێ وهەموو جارێک بە هەمان هەڵەدا ئەچێتەوە.)

مینورسکی بۆ ڕاستیی لایەنگرێتی خۆی بۆ بەشی دووهەمی بۆچوونەکەی میجرسۆن دەربارەی ئازایەتی کورد ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: "وا ڕێک کەوت جارێک چوومە جێگەیەک کەبەر لە سێ ساڵ چووبوومە هەمان شوێن، لەوێ لێیان پرسیم: ئەی ئەسپە کۆنەکەت چی لێ هات؟ لەدوای ئەوە هاتنە سەر باسی شێوە و جۆری ئەسپەکۆنەکەم کە خۆم ئەوانەم هەموو لە بیر چووبووەوە، بەڵام ئێستە بۆم دەرکەوت کە ئەوەی لەلای کورد شتێکی ئاساییە، چونکە کوردەکان زۆر کارامە و شارەزان لە چوونە بنجوبناوانی هەموو شتێکدا، زۆر بایەخ ئەدەن بە هەموو شتێک، بەڵام بایەخدانێکی گومانـاوی و هەموو جارێک کە زیارەتی کوردەکانم ئەکرد ئەوەم بۆ ڕوون ئەبووەوە کە بە دەیان کەسیان چاوم تێ ئەبڕن و بە چاوەکانیان وەکو

فوتوگراف وێنەم ئەگرن."

باسـیل نیکتین لە لاپەڕە (١٨٦)ی کـتـێـبـەکـەیدا لە باسی جـەوهەر ئاغـادا وتویەتی:(٣٢) "بەشێک لە (چهریق ـ چاری) و (سەلماس) کە جعفر ئاغای شوکاکی تیادا بوو بە هیچ جۆرێک جعفرا ئاغا لەگەڵ ئێرانییەکاندا ڕێک نەبووە و زۆربەی ئەو ناوچانە لە پەلاماردان و هێرشبردنی جعفرا ئاغا ڕزگاری نەبوو.

باسیل نیکتن، سـەرچاوەکـەی لە مـینورسکییـەوە وەرگـرتووە کـە وتبـووی: زۆر دڵنیابووم هەژارەکانی ئەو ناوچانە لە جعفرا ئاغا زوێر نەدەبوون چونکە بەشێکی زۆر لە هێرشـەکانی جعفـر ئاغا بۆ سـەر دەوڵەمـەندەکان بووە و لەو تالانییـەی کە دەستی ئەکەوت بەشێکی زۆری بەسەر هەژارەکانی ئەو ناوچانەدا دابەش ئەکرد (کە سەرچاوەکانی ڕۆژئاوا جعفرا ئاغایان بە ڕوبن هوودی کورد ناوبردووە.)

باسـیل نیکتین دەربارەی کـوشـتـنی جـعـفـرا ئاغـا دووبارە پەنای بردۆتە بەر باسەکەی مینورسکی و وتویەتی: "حکومەتی ئێران هێز و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە بەشـەڕ جـعـفـر ئاغا لەناو ببـات بۆیە دەسـتـی کـرد بە فـڕوفـێڵ و پیـلانگێڕان بۆ لەناوبردنی و لەسـەرەتادا بۆ بێدەنگکردن و دڵنیـاکـردنـی کـردیان بە فـەرمـاندار و سەرۆکی سـەرسنوور و هەرچەند لەسەرەتادا ئەوەی پێ خۆش بوو و ئارامی گرتبوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو بایدایەوە سەر پیشەی جارانی.

من ئاگاداری ئەوە بووەم کە جـعـفـر ئاغـا زۆر شـارەزای زمـانـی فـارسـی نەبوو، باسیل نیکتین ئەڵێ: لەبەر ئەوە بەشەو پیرەمێردێکی فارس کە شاعیریش بوو بانگی ئەکردە لای خۆی و بەنهێنی ئەو نامانەی کە ئەویست بیاننێرێت بۆ کاربەدەستانی ئێران و هەروەهـا بۆ وەرامی ئەو نامـانەش کـە بە فـارسی بۆی ئەهـات هـەمـووی ئەدا بەو پیرەمێردە و بە نـاوی جعفرا ئاغاوە بە ئیمزای (خـان-حـاکم) پاکنووس ئەکرا و ڕۆژی دوایی ئەنێرران بۆ شوێنی خۆیان.

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ و نامانەدا و لە نامەیەکی (استـاندار)ی ئازربایجانەوە کە بۆ جعفرا ئاغا هـاتبوو بە بەڵێن و سـوێندخواردن بە قـورئان ئەو نامایە بەمۆرکراوی نێـرابوو بۆ جـعـفـرا ئاغـا و بەوە دڵنیـاکـرابوو کـە بچـێـتـە تەورێز بۆ زیارەتی کـاربەدەسـتـانـی ئێران و داوای لێبـووردن بکا لەو ڕەفـتـارانەی کـە لەپێـشـوودا کردبوونی، کە ساتێک جعفرا ئاغا ئەچێتە تەورێز و چەکدارەکانی ئەدرێنە بەر گوللە و بە شێوەیەکی خائنانە ئەکوژرێ و چەکدارەکانی جعفر ئاغا کە هەشت کەس بوون

شەشیان بەسەلامەتی خۆیان دەرباز ئەکەن و دووانەکەی تر لەگەڵ لاشەکەی جعفر ئاغادا هەڵدەواسرێن."

کریس کوچرا لە لاپەرە (٨٧)ی کتێبەکەیدا دەربارەی جعفر ئاغا وتویەتی:(١٨) "لەپاش مردنی محمد ئاغا عەشیرەتی شوکاک لەژێر فەرمان و چاودێری جعفر ئاغا قەراری گرت کە خاوەن قودرەت و نفوز بوو، لە ساڵی ١٨٨٩دا لەلایەن (تسار - قەیسەر)ی ڕوسەوە کە نیکۆلای دووەم بوو لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخان و سید طه شەمزینی دەعوەت کران بۆ ڕوسیا بەڵام حکومەتی شاری تەورێز کە (نظام السلطنه) بوو پێشی لەو دەعوەتە گرت و لە ساڵی ١٩٠٧دا لە پشتی چادرێکدا لەگەڵ هاورێکانی شەهیدیان کرد."

بەڕاستی ئەوەی کریس کوچرا پڕە لە هەڵە کە ئەڵێ لەپاش مردن محمد ئاغا عەشیرەتی شوکاک لەژێر فەرمان و چاودێریی جعفر ئاغادا بووە، چونکە وەکو هەموو سەرچاوەکان باسیانکردووە و ئێمەش لەم بەشدا لێی ئەدوێین جعفر ئاغا بەر لە محمد ئاغای باوکی کوژراوە ئیتر چۆن ئەبێ لەدوای باوکی سەرکردایەتی شوکاکی کردبێت!!

بێجگە لەوە هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن کە جعفر ئاغا لە پشت چادرەوە نەکوژراوە بەڵکو لەناو خانوو و بارەگای والیی ئێران لە تەورێز کە نظام السلطنه بووە کوژراوە و ساڵی کوشتنەکەشی ساڵی ١٩٠٥ بووە نەک ساڵی ١٩٠٧. هەروەها دەربارەی ئەوەی کە کریس کوچرا وتویەتی نظام السلطنه ڕێگەی نەدابوو بە عبدالرزاق بەدرخان و سید طه شەمزینی و جعفر ئاغا کە بچن بۆ ڕوسیا، ئیگلتن نووسەری کتێبی کۆماری مەهاباد، هەروەکو لە باسی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەدا باسمان کردووە، ئەڵێ: هەرسێکیان چوون بۆ ڕوسیا بە دیارییەکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەو چوونە ئاواتێکی تازەیان بەبەردا هات.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (١٤١-١٤٥) بەدووورودرێژی باسی چۆنێتی کوشتنی جعفرا ئاغای کردوو کە لەوەدا سوودێکی زۆری لە سەرچاوە فارسییەکان وەرگرتوە، وەکو کتێبەکەی احمدی کسروی کە یەکێک بووە لەوانەی خۆی لەو ڕۆژانەدا ئاگاداری ڕوودوەکان بووە و لەکاتی ڕوودانیدا ژیاوە، هەروەها کتێبەکەی حسن ارفع (پرنس ارفع) بە ناوی ایران دیروز، چاپی تهران، ساڵی ١٣٤٥هـ. باسی کردووە و ئەو چیرۆکەی مامۆستا علاءالدین سجادی بە ناوی

(هەمیشەبەهار) کە دەربارەی کوشتنی جعفر ئاغایە هەمان باسە.

نووسەری کورد و عەجەم ئەڵێ:(١٩) حورمەتی کلام الله: "ئێلی شوکاک لەمێژ بوو ناکۆک بوون لەگەڵ کاربەدەستانی عەجەمدا و لە ورمیە و تەورێزدا سەرکردەکانی ئەم ئێلە سەربزێوییان ئەکرد چونکە گەلێک لە سەرکردەکانیان بە قسەی خۆشی کاربەدەستانی ئێران تەفرە درابوون و بەوپەڕی ناجوامێرییەوە کوژرا بوون لەبەر ئەوە هەموویان دوردونگ بوون لە هەموو گفتوگۆ و بەڵێنێکی دەوڵەت.

عەلی ئاغای شوکاک، باپیری جعفر ئاغا، (کە هەندێ سەرچاوە بە عەلی خان ناویان بردووە.) لەزینداندا مرد، محمد ئاغای کوڕیشی (باوکی جعفر ئاغا و سمکۆ) لە ناوچەکانی سەرسنوور بەبێ ئەوەی گوێ بداتە کاربەدەستانی ئێران لەناو ئێلەکەی خۆیدا ئەژیا."

محمد علی مرزای وەلیعهد (کە لەدواییدا بوو بە شاه) ئەوسا لە تەورێز والی بوو، لە پەیجوری کوشتنی ئەم پیاوە سەرکێشانەدا بو، سەرەنجام توانییان جعفر ئاغا بخەنە ناو داو و بیکوژن و احمد کسروی کە خۆی شایەدی ئەم ڕووداوە بووە، ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: "ساڵی (١٢٨٤هـ.شمسی-١٢٣٤هـ.قمری) محمد علی مرزا لە تاران لە جێگەی مظفرالدین شا نائب السلطنە بوو، چونکە شا خۆی چووبوو بۆ گەڕانی ئەوروپا، محمد علی مرزا دوای ئەوەی خۆی چوویوو بۆ بەجێهێنانی کاروباری نائب السلطنەیی لە تاران، لە ئازربایجاندا نظام السلطنەی بە پێشکار دانا.

لەو سەردەمەدا لە قەفقاس گەرمەی جەنگی ئەرمەنی و موسوڵمان بوو، ئەو دەنگوباسانەی لەوێوە ئەهاتن تەورێزیان ئەهەژان، مەترسیی هەڵگیرسانی ئاژاوە هەبوو، نظام السطنە جعفر ئاغای بۆ تەورێز بانگ کرد و بۆ ئەوەی دڵنیاشی بکا قورئانێکی بە ئیمزا و مۆری خۆیەوە بۆ نارد، چونکە هەم جعفر ئاغا و هەم محمد ئاغای باوکی لەگەڵ کاربەدەستان ناکۆک بوون.

نظام السلطنە پارێزگاریی ئاسایشی گەڕەکی ئەرمەنییەکانی بە جعفر ئاغا سپارد، ئەوانیش بە جلوبەرگی خۆیانەوە لەناو شاردا ئەسووڕانەوە، محمد علی مرزا بە تەلگراف لەتارانەوە فەرمانی بە نظام السلطنە دا کە جعفر ئاغا بکوژێ، ئەویش پلانی کوشتنی بم جۆرە دانا: محمد حسین خانی ضرغام کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی سوارەکانی قەرەداغ جعفر ئاغا بانگ بکا بۆ سەراکەی خۆ، دەست و

پێوەندەکانی خۆی هەموو چەکدار بکا و لەناو سەردا دایان بمەزرێنێت، جعفر ئاغا بانگ بکا بۆ ئەوێ.

جعفر ئاغا بەبێ دوودڵی ئەچێ بۆ ئەوێ، چەکدارەکانی خۆی لە خوارووی حەوشەکەدا بەجێهێشت و خۆی بۆ بینینی نظام السلطنە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت بۆ سەرێ. فەراشەکان جعفر ئاغایان بۆ ژوورێکی بچووک برد، لەکاتی دانیشتدا ضرغام لە کلاورۆژنەی ژوورەکەوە دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بۆی دانیشتبوو، نیشانەی لێ گرتەوە و کوشتی، دەستوپێوەندەکانی جعفر ئاغا بە دەنگ تەقەکانەوە ئەوانیش بەتەقەکردن سەرکەوتن، فەراشەکان رایانکرد، کاتێ جعفر ئاغایان بەکوژراوی بینی، یەکە یەکە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە خۆیان هاوێشتە خوارێ (مینورسکی لەکتێبەکەیدا وتویەتی لە کلاورۆژنەی بنمیچی ژوورەکەوە یەکە یەکە سەرکەوتوون بۆ سەربان و لەوێوە چوونە سەربانی دراوسێکە و خۆیان دەرباز کردووە.) و لە کۆڵانەکەوە بەدەم تەقەکردنەوە کەوتنە رێ، بە هەر کەس ئەگەیشتن ئەیاندایە بەر گولله و بەم جۆرە لە شار دەرباز بوون، بەڵام چەکدارەکانی نظام السلطنە یەکێکیان لەناو حەوشەکەدا و یەکێکی تریشیان لەکاتی بازداندا لە پەنجەرەکەوە لێ کوشتن و ئەوانەی هەڵاتن دەرباز بوون.

لاشەی کوژراوەکان کە جعفر ئاغا و هەردوو هاورێکەی بوون بە دەرگای عالی قاپودا سەرەوخوار چەند رۆژێک بۆ تەماشاکردن هەڵواسران."

ارفع الدولە، سەفیر (باڵیۆز)ی دەرباری قاجاری لای بابی عالی لە ئەستەمبوڵ ئەو داستانەی بەم جۆرەی خوارەوە تەواو ئەکا: "رۆژێک نووتنفرۆشێکی (سەلماس)ی هات بۆ باڵیۆزخانە و تکای کردبوو من ببینێت، داوام کرد و هاتە مەکتەبەکەم و وتی: بۆ بەدبەختی لەم رۆژانەدا رووداوێک قەوماوە، ئەگەر خوانەخواستە بکەوێتە ناو رۆژنامەکانی ئێرەوە بەتەواوی ریسوا ئەبین و وتی: محمد ئاغای سەرەکی ئێلی شوکاک لەگەڵ ژن و منداڵ و کوڕ و چەند کەسێک لە خزمەکانی هاتوون بۆ ئەستەمبوڵ و رۆژی هەینی پاش رەسمی سەلام ئەوانەیان بردۆتە کۆشکی (یلدز) بۆ حزوری سوڵتان. ژنەکەی محمد ئاغا خۆی هاویشتۆتە بەر پێی سوڵتان، بە دەستێکی قورئان و بە دەستەکەی تری کراسی خوێناویی جعفر ئاغای کوڕی بەگریانەوە خستۆتە بەرچاوی سوڵتان و وتویەتی: ئەم هەموو رێگەمان لە کوردستانەوە بڕیوە بۆ ئێرە بۆ دوو مەبەست هاتوین: یەکەمیان ئەوەیە کە نظام

السلطنەی حاکمی تەوریز حورمەتی کلام اللەی نەگرتووە، قورئانی مۆرکردووە و سوێندی خواردووە کە کورەکەم بەسەلامەتی بە خەلعەت و پایەوە ئەنێریتەوە، داوای لێ کرد بچێتە تەوریز، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا چووبوون بە جۆرێکی زاڵمانە کوشتنی. مەبەستی دووهەمی ئێمەش ئەوەیە کە ئێوە بە چاوی خۆتان کراسی خوێناوی کورەکەم ببینن و خوێنی ئەو کە لە ئەنجامی باوەڕکردن بە کلام اللە چووبوو بۆ تەوریز، ڕژاوە، تۆڵە لە نظام السلطنەی بسێنیت. ئێوە پادشای ئیسلام و خەلیفەی پێغەمبەرن، ئەگەر ئێوە ئەوانەی حورمەتی قورئانیان شکاندووە بە سزا نەگەیەنن ئەبێ کێ بیکا؟

ساتێک سوڵتان خەت و مۆری نظام السلطنە بە قورئانەکەوە ئەبینێت سەری سوڕ ئەمێنێ و بە سەرۆکی تەرشریفاتی ئەڵێ کە بە وەزیری کاروباری ناوخۆ ڕابگەیەنێ، خانوو و مەسرەف و کەرەسەی حەسانەوەیان بۆ ئامادە بکا هەتا لەم کارە ئەکۆڵرێتەوە. ئێستە ئەوانە بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لە خانوویەکی حکومەتیدا دانیشتوون و چاوەڕوانی فەرمانی سوڵتانن.

حسن ارفع ئەڵێ: بە کابرام وت: ئەم هەواڵانەت لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە؟ لەوەرمدا وتی: من بەرلەوەی بێمە ئەستەمبوڵ لە (سەلماس) دوکانی بەزازیم هەبوو، کەسوکارەکانی محمد ئاغا لەگەڵ من سەودایان ئەکرد و زۆرجار ئەهاتن بۆ دوکانەکەم، ئێستەش کە هاتوون بۆ ئێرە ئەیانویست منیش ببەنە لای خۆیان و بە هۆی منەوە هەندێ شت بۆ خۆیان بکڕن لە بازاڕ و ئەم باسەم لە محمد ئاغا خۆی بیستووە.

حسن ارفع ئەڵێ: بە کابرام وت: بارک اللە، هەزار ئافەرین، ئێستەش کەوا بەڕاستگۆیی خزمەتی مەملەکەتەکەی خۆت ئەکەی، محمد ئاغا پشتگوێ مەخە، بچۆ بۆ لای و هەرچی لێ ئەبیستی وەرەوە بە منی بڵێ.

دوو ڕۆژی تر دووبارە کابرا هاتەوە و وتی: بەڕاستی محمد ئاغا خۆی بە پادشا ئەزانێ، پایە و جلوبەرگ بە چەن کەسی پیشەوەر و کۆڵهەڵگری کورد ئەدا و لە هەر یەکەیان دە لیرە و بیست لیرە وەرئەگرێ و پلەی (ئونباشی) و (سەرجوقە)یان ئەداتێ. من بە چاوی خۆم ئەو کەسانەم دی جلوبەرگی سپایی گونجاو لەگەڵ پلەکەیان کڕیوە و شاردویانەتەوە بۆ کاتێ کە لە ئەستەمبوڵەوە ئەجووڵێن.

حسن ارفع ئەڵێ: لەبەر ئەوەی دڵنیا بووم کە ئەو کابرایە درۆ ناکا، دەستبەجێ

چووم بۆ لای فرید پاشای صدری اعظم و بەدرێژی باسەکەم بۆ گێڕایەوە و سەری زۆر سوڕما و وتی: هەتا ئێمە ئەم باسە بە حوزووری سوڵتان دەگەیەنین کاتێکی زۆر ئەخایەنێ، باشتر وایە خۆت لێرەوە ڕاستەوخۆ بڕۆ بۆ سەرای سەڵتەنەتی و بە هۆی تحسین پاشاوە باسەکە بە عەرزی سوڵتان بگەیەنە. منیش بەو جۆرەی ئەو وتبووی کردم و سوڵتان دەستبەجێ فەرمانی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە و سەرۆکی ئەزمیە دەرکرد کە مەئمورەکانیان دەسبەجێ بڕۆن بۆ پشکنینی ماڵی محمد ئاغا و هەرچییەکیان دۆزیەوە بە عەرزی بگەیەنن. لەئەنجامی پشکنیندا لە ماڵەکەی محمد ئاغادا چەندین حوکمیان دۆزیەوە ئامادەکرابوو کە بە کوردەکانی بفرۆشن، لە ماڵی کوردەکانی تریشدا ئەو جلوبەرگە سوپاییانەی کڕیبوویان لەگەڵ حوکمەکانیان دۆزیبووەوە و هەواڵەکەیان گەیاند.

فەرمان دەرچوو هەموویان بگرن و نازناوی پادشایی و میرئالاییان لێسەندنەوە. ژنەکەی محمد ئاغاشیان بۆ نەگیرابوو چونکە خۆی هاویشتبووە ماڵی (شێخ ابو الهدی) و لەوێ بەستنشین بوو.

لەپاش مانگێک فەرمانی بەردانی محمد ئاغا و هەموو کوردەکانی تر دەرچوو، هەندێک خەرجییان دانێ هەتا بڕۆن و خۆیان پێ بگەیننە (چهریق - چاری).

ئەوی شایانی باسە، دەربارەی ئەو چوونەی محمد پاشای شوکاک بۆ ئەستەمبوڵ، لە باسی عبدالرزاق بەدرخاندا، لە کتێبەکەی جەلیلی جەلیدا، کە لەو باسە دواوە باسی پەیداکردنی ئاشنایەتی و ناسیاویی محمد پاشای شوکاک و عبدالرزاق بەدرخانی کردووە لەو ماوەدا کە ئاوارە بوو لە ئەستەمبوڵ و عبدالرزاق بەدرخان بە هۆی کوشتنی (رضوان پاشا) کە سەرۆکی سازمانی حکومەتی عوسمانی بووە لە ئەستەمبوڵ گیرا.

دەربارەی ئە یاداشتەی حسن ارفع کە باسی محمد ئاغای شوکاکی کردووە، لەدوای خوێندنەوەی، خوێنەری بەڕێز لە هەندێ درۆ و خۆهەڵکێشانی حسن ارفع ئەگات و هەندێ شت کە باسیکردووە بەو جۆرە نەبووە و ئەو نیشان و جلوبەرگەی کە کرابوو ئامادە کرابوو لای هەندێک لە کوردەکانی تاقمی محمد ئاغا لە ئەستەمبوڵ گیرابوون هیچی بە فرۆشتن نەدرابوو بەوانەی کە لە گەڵیاندا بوون، چونکە ئەوانە هەموو ئاوارە و دەربەدەر بوون و بێپارە بوون و هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو کەلوپەلانە بەو پارەیە کرابوو کە بەئاشکرا لە لایەن حکومەتی

عوسمانییەوە درابوو بە محمد پاشا بۆ خۆئامادەکردن کە بگەڕێتەوە بۆ تەورێز و بەو هێزەی کە ڕێکی ئەخست بچووایە بە گژ نظام السلطنەی والی تەورێزدا و دوور نییە ئەو پاشگەزبوونەوەی تورکەکانیش بۆ یارمەتینەدانی محمد ئاغای شوکاک بە هۆی فرووفێڵی ئێرانییەکان و باڵیۆزخانەی ئێرانەوە بوو لە ئەستەمبوڵ کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە بەرتیل و سەرانەوەرگرتندا و شارەزاییەکی تەواویشیان هەبوو لە بەرتیلدان و دەمچەورکردنی هەندێک لە کاربەدەستانی عوسمانی بۆ تێکدانی تەقەلاکەی محمد ئاغا.

کاک کەریمی حسامی لەباسەکەیدا دەربارەی کوشتنی جعفر ئاغا نووسیویەتی:(٢٩) "لە ساڵی ١٩٠٥دا نظام السلطنە کرا بە والیی ئازربایجان کە کوردستانیشی ئەگرتەوە. عەشیرەتی شوکاک هەر تاقمەیان لە شوێنی خۆیدا کاروباری خۆی دەبرد بەڕێوە و سەری بۆ حکومەتی عەجەم دانەدەنەواند و نظام السلطنە ویستی عەشیرەتی شوکاکیش وا لێ بکا کە بە دەسەڵاتداریتی ئەو قایل بێت، بەڵام نظام الدین بۆی دەرکەوت ئەو مەبەستەی بە شەڕ بۆ نەدەهاتە دی و دەرەقەتی محمد ئاغای شوکاک نایەت و هەروەکو هەموو دوژمنێکی تری کوردی دەسەڵاتدار دەست ئەکا بە دانانی پیلانێک و جعفر ئاغای کوڕی بانگ ئەکا بۆ تەورێز و پشتی قورئانێکی بۆ ئیمزا دەکا و بۆی دەنێرێ و سوێندی بۆ دەخوا کە خیانەتی لێ ناکا.

جعفر ئاغای دڵپاک و خاوەن بڕوا بە قورئان لەگەڵ (میرزا)ی خاڵی و شەش کەسی تر ئەچێتە تەورێز و لەسەرەتادا پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێ و لەو سەروبەندەدا ئەرمەنی و ئازربایجانی لە قەفقاس لەناو خۆیاندا تووشی کێشە و شەڕ بووبوون و نظام السلطنە پاراستنی گەڕەکی ئەرمەنییەکانی تەورێز ئەسپێرێت بە جعفر ئاغا و لەژێریشەوە نەخشەی کوشتنی دەکێشێ.

کاک کەریمی حسامی دەربارەی کوشتنی جعفر ئاغا وەکو سەرچاوەکانی تریش چۆن زۆربەیان باسیانکردووە ئەویش بەو جۆرە باسی ئەوەی کردووە کە چۆن (حەمە حسین خانی ضرغام-قەرەجەداغی) لە پەنجەرەکەوە دەستڕێژ لە جعفر ئاغا دەکا و دەیکوژێ (هەندێ سەرچاوەی تر وتویانە لە کلاوڕۆژنەی ژوورەکەوە تەقەی لێ کردووە) و پێنج کەسی لەوانەی کە لە کوشتن ڕزگار بوون (کە دیارە ئەو پێنج کەسە میرزای خاڵی جعفرا ئاغ بووە لەگەڵ چوار چەکداری تر، کە هەندێک لە

سەرچاوەکانی تر وەکو بەر لەمە باسمان کردوون وتبوویان شەشیان رزگاریان بووبوو.)

کاک کەریمی حسامی ئەڵێ: ئەوانەی کە دەرباز بووبوون، والی سوارەیان دوا ئەخا و لە گوندی (ئەرونق) دەگەنە سەریان و ئەو پێنج کەسە قارەمانانە پاش شەڕێکی گەرم چەند کەسێک لە سوارەکانی والی دەکوژن و ئەسپەکانیان دەگرن و خۆیان ئەگەیەننە کوردستان. لەو رۆژانەدا ئێران و عوسمانی لەسەر سنووری خاکی کوردستان کێشەیان هەبوو لەناو خۆیاندا و بەپێی بڕیاری بەرلین ناوچەکانی شوکاک بەر ئێران کەوتبوو، بەڵام حکومەتی عوسمانی بەو بڕیارە قایل نەبوو، سمکۆ ویستی سوود لە ناکۆکی ئەو دوو لایەوە وەربگرێ و ئەو ناوچەیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و عەجەمەکانی لێ پاک کردەوە.

یەکێک لەو سەرچاوانەی تر کە باسی کوشتنی جعفر ئاغای کردووە، ابراهیم صفائی لە (پنجا خاطره از پنجا سال) نووسیوێتی:[٣٩] "ئیسماعیل ئاغا و جعفر ئاغا هەردووکیان لە کوڕانی محمد ئاغای شوکاکی سەر خێڵی (ئاودالی) بوون کە ناوچەکەیان، مەڵبەندی ژیانیان، لە دەوروبەری شاری (سەلماس) و (خۆی) و (ماکۆ) بووە بەتایبەتی لە ناوچەی سەلماس موڵک و ماڵێکی زۆریان هەبووە (ئەوەی کە ئەو نووسەرە وتویەتی کە محمد ئاغای سەرئێلی شوکاک (ئاودالی) بووە لەگەڵ هەندێ لەو سەرچاوانەی تر کە لە بنەماڵەی شوکاکدا باسمانکردوون یەک ناگرنەوە، کە ئەوانی تر وتویانە سەرخێڵی شکەتتی بووە.)

ابراهیم صفائی ئەڵێ: ئەمانە ئێرانی بوون بەڵام لای دەوڵەتی عوسمانی پەنابەر بوون و ماوەیەک شارەکانی (خۆی) و (سەلماس) و (ورمیە)یان تاڵانکرد و پاش کوشتوبڕی بەرەو سنوور هەڵاتن و حکومەتی ئێران زۆرجار هەوڵی سەرکوتکردنی جعفر ئاغا و لەناوبردنی دا. جارێکیان لە مانگی گەلاوێژی ١٢٨٢ی هەتاویدا کە (١٩٠٣ز.) ئەگرێتەوە (حسین علی مرزا)ی وەلیعهد ئەرکی سەرکوتکردنی جعفرا ئاغای گرتە ئەستۆی سالار موففەخەم (کێشکچی باشی). (هەندێ لە نووسەرانی تر، وەکو احمدی کسروی کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم باسیکردووە، وەلیعهدی ئێرانی ئەو سەردەمەی بە محمد علی مرزا ناوبردووە نەک حسین علی مرزا.)

ابراهیم صفائی ئەڵێ: "جعفر ئاغا لەدوای تاڵانکردنی (خۆی) و (سەلماس) لە

قەڵای (چهریق ـ چاری)دا بەرەنگاری سوپای دەوڵەت بووەوە، شەڕ و تەقە درێژەی کێشا لەنێوانی سوپای وەلیعەهد و چەکدارەکانی جعفر ئاغادا، ژمارەیەک لە چەکدارەکانی جعفر ئاغا کوژران و بریندار بوون. دوای ئەوە جعفرا ئاغا داوای لە سالار موفەخەم کرد تەقە بەوەستێنێت خۆشی بەیانیی ڕۆژی جومعە بۆ وتووێژکردن دەربارەی چۆنێتی خۆبەدەستەوەدانی ئەچێت بۆ لای وەلیعەهد. سالار موفەخەم تەقەی وەستان بەڵام جعفر ئاغا و هاوڕێکانی لە نیوەی شەودا بەلارێدا خۆیان دەرباز کرد و بەرەو وڵاتی عوسمانی بۆی دەرچوون.

لە ساڵی ١٢٨٤هـ. (١٩٠٣ز.)دا حسین قولیخانی نظام السلطنەی پێشکاری ئازربایجان ناردی بە شوێن جعفر ئاغادا بۆ گفتوگۆکردن لە تەورێز و بۆ دڵنیاکردنیشی لاپەڕەیەکی قورئانی مۆرکرد و سوێندنامەیەکیشی بۆ حاجی ئاغا نووسی (کە ئەو حاجی ئاغایە زاوای شێخ عبیداللەی شەمزینی بووە.) و بۆشی نووسیبوو کە لەلایەن شاوە پلەی (ئێلخان)ی بۆ هەڵبژێراوە بۆ سەرۆکایەتی خێڵەکەی و دەوڵەتی ئێران هەموو جۆرە یارمەتییەکیشی ئەدات.

جعفر ئاغا خۆی و چەند سوارێکی لە مانگی خەرمانانددا گەیشتنە تەورێز و هەروەکو پیاوێکی مەزن لە لایەن حکومەتەوە پێشوازی لێ کرا و خانوویەکی ڕازاوەشی بۆ تەرخان کرا. نوێنەری نظام السلطنە و سەرۆکی کاروباری کۆمەڵگای تەورێز بۆ دیدەنیکردنی جعفر ئاغا چوونە لای بە میوانداریتی ئەویش لەو میوانداریيەدا خواردنەوەی ئەخواردەوە و هەمیشە پێکێکی زێڕینی بچکۆلانەی پێ بوو لەناو پشتێنەکەیدا، ئەم میوانداریيە و دڵنەواییەی کاربەدەستانی حکومەت و ئەو خەڵاتەی کە پێی ئەدرا جعفر ئاغای دڵنیا کردەوە و وای لێ هاتبوو کە لە دانیشتنی میوانداریيەکەیدا چەکداری لانەبوو، خۆشی بەبێ چەک هاتوچۆی ئەکرد و ئاگاداری ئەوە نەبوو کە لەژێرەوە پیلانێکیان بۆ ساز کردبوو. شەوێک لەگەڵ برا شازدە ساڵییەکەیدا سمکۆ لەکاتێکدا کە خەریکی مەیخواردنەوە بوو بەپێی نەخشەیەک کە نظام السلطنە دایِنابوو، لەناکاودا و لەلایەن خانەخوێوە دەستدرێژی لێ کرا و بەر گوللە درا، دوو کەس لە پیاوە چەکدارەکانی جعفرا ئاغا کە لە دەرەوەی ژوورەکە بوون بە دەنگ تەقەکەوە هاتن و ئەوانیش دەسبەجێ کوژران، بەڵام سمایل ئاغا و چەند پیاوێکی تری چەکدار توانیان خۆیان دەرباز بکەن و بۆی دەربچن و پیاوەکانی تری ئاغا کە لە هەمان خانوودا بوون هەموویان بەپێی نەخشەی کێشراو چەککران و بە

دیل گیران.

بەپێی بریاری حکومەتی ئازربایجان لاشەی بێگیانی جعفر ئاغایان دوولەت کرد و سەرەوخوار لە ڕۆخی دەروازەی سەربازخانەی کۆنی تەورێز هەڵیانواسی و چەند ڕۆژێک بەو جۆرە لەبەر چاوی خەڵک هێشتیانەوە بۆ ئەوەی یاخیبووەکانی تر سزای یاخیبوون تێ بگەن و بزانن ئەنجامەکەی چۆن دەبێت. ئیتر لەوساوە ئیسماعیل ئاغا سوێندی خوارد هەتا تۆڵەی براکەی نەکاتەوە ئۆقرە نەگرێ."

خوێنەری بەڕێز لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیدا چەند سەرنجێکی زۆر زەقی دێتە بەرچاو بەرامبەر بەو باسەی ابراهیم صفائی و زۆری درۆکانی بۆ ڕوون ئەبێتەوە، کە ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو سەرنجانە:

١- وتویەتی ساڵی ١٩٠٣ حسین قولیخان، نظام السلطنه، ناردی بە شوێنیدا و لەئەنجامی ئەو چوونەیدا کوژرا، لەکاتێکدا هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن کە جعفر ئاغا لە ساڵی ١٩٠٥دا کوژراوە.

٢- ابراهیم صفائی وتویەتی کە جعفر ئاغا چوو بۆ تەورێز سمکۆی برای لەگەڵیدا بووە، کە هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوەی نەکردووە کە سمکۆ لەگەڵ جعفر ئاغادا چووبێت بۆ تەورێز. زۆربەی سەرچاوەکان وتویانە هەشت چەکداری لەگەڵدا بووە و دووانیان کوژران و لاشەکەیان لەگەڵ لاشەکەی جعفر ئاغادا هەڵواسرا، تەنها کاک کەریمی حسامی لەباسەکەیدا وتویەتی: لەو چوونەیدا (مرزا)ی خاڵی جعفر ئاغا لەگەڵیدا بووە و یەکێک بووە لەوانەی کە خۆی دەرباز کردبوو، و ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە ژمارەکانی ٢ و ٣ی ڕۆژانی ٨/١٤ و ١٩٢٢/٨/٢١ وتویانە ئەو خاڵەی جعفر ئاغا کە لەگەڵیدا بووە لەو چوونەیدا بۆ تەورێز لە ڕۆژی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیەدا هێشتا هەر زیندوو بووە و مابووە.

٣- ابراهیم صفائی بەگاڵتەپێکردنێکەوە باسی جعفرا ئاغای کردووە کە وتویەتی بۆ خواردنەوە هەمیشە پیاڵەیەکی زێڕینی لەبەر پشتێنەکەیدا بوو، ڕەنگە پیاو لە پشتێندا دەمانچە، خەنجەر، دەستەسڕ، یا تەزبیح هەڵبگرێ بەڵام بڕوا ناکەم پیاوی وا بەو جۆرەی ابراهیم صفائی کە بەهاراتی پێوەکردووە و ویستویەتی بۆ خوێنەرانی دەر بخات کە ئەو جعفر ئاغایە مەیخۆر بووە و لەڕێی ئاینی ئیسلام لایداوە لەبەر ئەوە موستەحەقی کوشتن بووە.

٤- ابراهیم صفائی بە هیچ جۆرێک باسی چۆنیەتی دەعوەتکردنی جعفر ئاغای

نەکردووە کە چۆن بە ناردنی قورئانێکی مۆرکرا و بە سوێندخواردن دڵنیا کرابوو کە خیانەتی لێ ناکرێ ئەوسا جعفرا ئاغا چووە بۆ تەورێز و کە چووەتە بۆ کارێکی خێر داواکرابوو وە بۆ ئەوە بووە کە شاری تەورێز لەو کێشەیە رزگار بکات کە موسوڵمانەکانی تەورێز پەلاماری ئەرمەنییەکان نەدەن کە لەو رۆژانەدا کێشەی ئیسلام و ئەرمەنی لە قەفقاسدا لەگەرمەدا بووە، یا وا دیارە ئەو رەفتارە ناجوانمەردانەی کابەربەدەستانی ئێرانی بەرەوا زانیوە بۆیە باسی نەکردووە.

لەراستیدا شتێکی سەیریش نەبووە کە نووسەرێکی وەکو ابراهیم صفائی بەو جۆرە لەراستی لابدا، چونکە گەلێک لە نووسەرانی تری ئێرانی لەو یاداشت و کتێبانەی کە دەربارەی کورد نووسیویانە هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێت کە باسی کورد بکەن و یا باسی شۆرش و راپەرینەکانی سمکۆ و بنەماڵەکەیان کردبێت گەلێک درۆ و دەلەسەیان تێکەلاوی باسەکەیان کردووە. بۆ نموونە و لە کۆتایی باسی سەرچاوەکاندا باسی کتێبێکی تر ئەخەینە پێش خوێنەرانی بەرێز کە بە کۆششی (مهدی رضوی) لە ساڵی ١٢٧٠هـ. (١٩٩١ز.)دا چاپکراوە و کتێبەکە بریتیە لە (٢٥٥) لاپەرە بە ناوی کتێبی (ئێلی قرەپاپاق) کە نووسەرە ئەڵێ:[٦٥] "باوکی جعفر ئاغا یەک دوو جار یاخی بووبوو، جعفر ئاغای کوریشی هەر یاخی بوو لە دەوڵەت. ساتێک جعفر ئاغا بانگ کرا بۆ دیوەخانی (محمد علی شاه) لە تەورێز، ئەوانەی کرابوون بە مەئمور کە ئەوەی پێ رابگەیەنن بریتی بوون لە قرەنی ئاغای مامش و خسروخانی قرەپاپاخ. جعفر ئاغا پێیان ئەڵێ: باشە من چۆن لەوە دڵنیا ببم کە وەلیعهد بریاری کوشتنم نادات؟ بەلام لەدوای نامەنووسین و گفتوگۆکردن بریار درا کە (حاجی پاشاخانی جان ئەحمەد لووی قرەپاپاخ) کە لەو رۆژانەدا گەنج بوو بە بارمتە لە قەلای (چهریق ــ چاری) و لای بنەماڵەی جعفر ئاغا دابنرێ و بمێنێتەوە هەتا جعفر ئاغا دەگەرێتەوە.

جعفر ئاغا لە ئەنجامی ئەوەدا دەچێتە تەورێز، بەلام نظام السلطنه بەپێچەوانەی ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە دابووی رادەسپێرێت جعفر ئاغا بە دەستی (امیر نظام قرەداغی) لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا بکوژرێ بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەو بارمتەیەی لە قەلای چهریق لای بنەماڵەی جعفر ئاغا دانرابوو.

کاتێک هەواڵی کوشتنی جعفر ئاغا دەگاتە (چهریق) هیچ کام لە پیاوانی سمکۆ و جعفر ئاغا لە ماڵ نابن. دایکی جعفر ئاغا روو دەکاتە (پاشاخان)ی بارمتە و پێی

ئەڵێ: کوڕم بە مردنی تۆ کوڕەکەم بۆ زیندوو نابێتەوە، هەستە دەستبەجێ بڕۆ و هەڵێ... پاشاخانیش هەڵدێ و دەچێتە ورمیە کە ساڵی کوشتنەکەی جعفر ئاغا ١٨٤هـ. ١٩٠٥ی ز. بووە)

ئەو کتێبەی کە بە کۆششی مهدی رضوی چاپ کراوە، ئەویش هەروەکو کتێبەکەی ابراهیم صفائی پڕە لە سەیر و سەمەرە و بریتیە لە گەلێک بۆچوونی بێسەروبەر و خوێنەر بەئاسانی بۆی دەرئەکەوێ کە ئەو سەرچاوەیە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و هیچ گومان لەوەشدا نییە کە بێجگە لەوەی ابراهیم صفائی و مهدی رضوی دەیان کتێبی تری لەو جۆرە بۆ زڕاندنی ناوی کورد بە فارسی چاپکراون.

نووسەری ئەم سەرچاوەیەی دوایی بە هیچ جۆرێک باسی ناردنی قورئانی مۆرکراو ناردنی نامەی بەڵێنی پڕ لە سوێندخواردنی نەکردووە و لەوەش سەیرتریش ئەوەیە وتویەتی کە هەواڵی کوشتنی جعفر ئاغا گەیشتە چهریق هیچ کەس لە پیاوەکانی لەوێ نەبوو... ئەبێ ئاخۆ پاشاخان چۆن بارمتەیەک بوبێت کە لە دایکی جعفر ئاغا بەولاوە کەسی تر بەدیاریەوە نەبووبێت. پاش ئەوە باسی هەڵوێستی قرەنی ئاغای مامش و خسروخانی قرەپاپاخی نەکردووە کە ئەوان کەوتبوونە بەینەوە بۆ ئیقناعکردنی جعفر ئاغا کە بچێتە لای نظام السلطنە و ئەو بارمتە قرەپاپاخیەی کە لە چهریق بووە، ئایا هیچ ترسێکیان نەبووە کە ئەو کوڕەیان تووشی شەڕەشەق ببێت. هەر چۆنێک بووبێت چ ئەو نووسینانە و چ ئەو ڕەفتار و کردەوانەی لە کاربەدەستانی ئێران وەشاوەتەوە و بەوپەڕی بێشەرمییەوە پێشیان وتووە (لطایف الحیل) کاری ئیمڕۆ و دوێنێ نییە و بەداخەوە هێشتا کوردی کوردستانی ئێران دەرسێکی کەمی لەوانەوە وەرگرتووە.

هەروەکو دوکتۆر ماف خەزنەداریش باسیکردووە کە لە ناوچەی هەولێردا گەلێک فۆلکلۆری کوردی بە گۆرانی دەربارەی جعفر ئاغا و کوشتنی جعفر ئاغا هەیە و گۆرانیبێژەکان بەگۆرانیەوە دەیڵێن، باسیل نیکتین لەکتێبەکەیدا هەندێک لەو فۆلکلۆرانە سەرنجی ئەویشی ڕاکێشاوە و لە لاپەڕەکانی (٥٤٦-٥٤٨)دا باسی فۆلکلۆرێکی کوردی کردووە کە بەگوێی خۆی لە دەمی گۆرانیبێژێکەوە وەریگرتووە دەربارەی کوشتنی جعفر ئاغا کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (١٤٤-١٤٥)دا ئەو فۆلکلۆرەی لە کتێبە تەرجەمەکراوەکەی بۆ فارسی، کە محمدی قاضی لە ڕوسیەوە کردویەتی بە فارسی، تەرجەمە کردووە بە کوردی، هەر چەند ئەو

فۆلكلۆره هیچ گومان لەوەدا نییە كە وەكو بەرهەمێكی ئەدەبی لە شێوەی ڕەسەنی خۆی لایداوە چونكە باسیل نیكتین لە كوردییەوە كردویەتیە ڕوسی و لە ڕوسیەوە كراوە بە فارسی و لە فارسیەوە كراوەتەوە بە كوردی، بەڵام حەزم كرد بۆ كۆتایی ئەم باسەی جعفر ئاغا ئەو تەرجەمەیەی نووسەری كتێبی كورد و عەجەم پێشكەش بە خوێنەران بكەم:

"ئای ئاغا... ئەی لاو كە لە (چهریق)ی ڕەنگینا دانیشتوی، ئەو شوێنەی لەناو دۆڵێكی قووڵ دایە ڕووبارێكی بەناودا ئەڕوا.

نەخۆشیی تاعون بڵاو بۆتەوە... ئومێدەوارم بچێتە ماڵی شازادە وەلیعهدی ئێرانەوە كە نامەیەكی بۆ باوكی گوڵزار نووسیبوو: وەرە بۆ لام، لەبەر ئەوەی كە ئەو ساڵی ڕابردوو و ساڵی پێشوووتریش بۆ خۆی نیمچە سوڵتانێک بوو، ئەو ساڵە لە خاكی عەجەمستاندایە... ئای ئاغای لاو...

تۆ ئەڵێی لەنگەری لە زەمیندا چەقیوی، دڕكی لە چاوی دوژمندا، تۆ پادشای ڕاستەقینەی بیابانی...

ئای... ئۆی ئاغای لاو! ئاسمان و عەرشی بەرینی لەگەڵ ئێمەدا دوژمنە... باوكی (بۆزكۆ) سواری ڕێشان (كە ناوی ئەسپەكەی بووە)، كولكە قاپووتەكەی دانا و بەرگی قاجاریی لەبەر كرد، فانوسقەی ماوزەرەكەی (جۆرە تفەنگێک بووە.) كردە ملی...

ئومێدەوارم نەخۆشیی تاعون كە لە سەیرانە بكەوێتە ماڵی وەلیعهدی ئێرانەوە ئەوانەی دوو گوللەیان نا بە لەشی باوكی (بوزكۆ)وە كە سواری ڕیشان بوو، لەكاتێكدا ئەوێش سێ جار دەستی بۆ بشكوژی دەمانچە شەستتیرەكەی برد بەڵام بێهوودە بوو...

ئەی ئاغا... مەگەر بەڵا هەر سێ ڕۆژ جارێک ئەبێ بەسەر جیهاندا ببارێ؟

هێزی یارمەتیی لە باوكی (بوزكۆ) دووره و ئیتر پێی ناگا...

لە تەورێزی كاولبوودا جەژن و شاییە، مژدەیان بۆ ساداتی كربلاش بردووە ئەی ئاغای لاو... ئەی باوكی (بزكۆ)، تۆ كە لەناو سواراندا لە هەموویان ئازاتری، هدە ئەگری (لە تەرجەمەی فارسییەكەدا نووسراوە Hede كە ژنی جعفر ئاغا بووە.)، ئەی (مطهره كە لە فارسییەكەدا نووسراوە ژنی دووهەمی جعفر ئاغا بووە)، ئەی ژنی بێچارە هەمیشە سەرپۆشێک بەسەر جلەكانی باوكی (بوزكۆ)دا بدە هەتا تۆز و

خۆڵی لێ نەنیشێت... نەخۆشیی تاعون کە لەسەرایە، ئومێدەوارم بچێتە ماڵی وەلیعهدی ئێران...

بڵێن لوقمانی حەکیم بێ... برینەکانی قووڵن و زووخاویان لێ ئەتکێ!

ئۆی، ئەی ئاغای لاو، ئەی لەنگەری زەمین، ئەی چقڵی چاوی دوژمن، ئەی پادشای بیابان....

هەللا لەو ئاغای لاوە، دڵم بۆ حاڵی دەسووتێ، (هدە) ئەقریشکنێ، بەستەزمان (مطهرە) خوایە تاعوونێک کە ئێستە لەسەیرانە بکەوێتە ناو ماڵی وەلیعهدی ئێرانەوە.

ئەوانە دوو گوللەیان نا بە باوکی (بوزکۆ)ی سواری ڕیشانەوە، ئەو دەمە بۆ باوکی (بوزکۆ) کاتێکی تاڵ و ناخۆش بوو، بۆچی لەو کاتەدا تەمر ئاغا و سمایل ئاغا دەرنەکەوتن (لە تەرجەمە فارسییەکەدا ئیشارەتی کردووە کە تەمر ئاغا مامی جعفر ئاغا و سمکۆ بووە.)

مەگەر بەڵا ئەبێ هەر سێ ڕۆژ جارێک بەسەر ئەم دنیایەدا بباریێ، هێزی یارمەتی لە باوکی (بوزکۆ)وە دوورە و نایگاتێ...

لە تەورێزی لەعنەتیدا چراخانە، مژدەیان بە ساداتی کربلاش داوە.

## بەشی هەشتەم

# سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و دەرکەوتن و بەناویانگ بوونی



وێنەی سمکۆ بە دانیشتنەوە لەگەڵ خورشیدی برابچووکی کە بەو نارنجۆکەی بۆی نێررابوو، کوژرا.

ئەم وێنەیە لە لایەن SUSAN MEISELAS و LURA HABBER لە نیویۆرکەوە بەسوپاسەوە بۆیان ناردووم.

هەروەکو لە باسی عەشیرەتی شوکاک و بنەماڵەی ئیسماعیل ئاغادا باسمانکرد، لەدوای کوشتنی جعفر ئاغا و مردنی محمد ئاغای باوکی، ئیتر سمکۆ بەتەواوی سەرکردایەتی ئێلی شوکاکی گرتە دەست و بوو بە کەڵەسوار و شۆڕەسواری ناو شوکاک و ناوچەکەی خۆی کە ماوەی دە دوازدە ساڵ حکومەتی ئێران و تورکی شڵەژان و هەتا کاتی کوشتنی لە ساڵی ١٩٣٠دا بێدەنگ دانەنیشت و کۆنەقینی بەرامبەر بنەماڵەی قاجاری و پەهلەوی و کاربەدەستانی ئێران دانەمرکایەوە چونکە ئەو تاوانانەی لە بنەماڵەی سمکۆ کرابوو شتێک نەبوو کە بەئاسانی لەبیر بچێتەوە و، هەتا ئەهات هەستی تۆڵەسەندنەوە زۆرتر لە مێشک و دڵیا جۆشی ئەسەند و، لە لایەکی تریەشەوە هەروەکو کوردێکی چاوکراوە هەستی کوردایەتی هەمیشە پاڵی پێوە نابوو کە بیر لە دوارۆژی میللەتەکەی بکاتەوە و ئامادەبوو دەست بۆ هەموو کەس و هەموو لایەک درێژ بکات کە بۆنی ئەومیان لێ هاتبێت دەستی یارمەتی بۆ کورد درێژ بکەن، هەرچەند بەداخەوە لە تەقەلاکانیدا زۆرجار بەهەرەمەیی بۆی چووبوو و لە ئەنجامدا نائومێد بووە و ئەو هەمو ورەنج و تێکۆشانەی لەپێناوی کورددا دابووی بێهوودە بووە کە لە باسی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆدا لە بەشی دوایی ئەم کتێبەدا روونی ئەکەینەوە.

دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی سمکۆ، بەداخەوە هەروەکو ساڵی لەدایکبوونی زۆربەی سەرکردەکانی تری کوردی پێشوومان زۆر روون و ئاشکرا نییە و زۆرم هەوڵدا ساڵی لەدایکبوونی سمکۆ بە شێوەیەکی دوکیومێنتی دەستنیشان بکەم، بەلام بەتەواوی نەگەیشتمە ئەنجام.

لە سەرچاوەکاندا ابراهیم صفائی لەکتێبەکەیدا[٣٩] لە باسی کوشتنی جعفر ئاغای برای سمکۆدا هەرچەند ساڵی کوشتنەکەی جعفر ئاچای بە هەڵە لە ساڵی ١٩٠٢زدا داناوە کە ساڵی راستییەکەی بریتییە لە ساڵی ١٩٠٥ وەکو هەموو سەرچاوەکانی تر باسیان کردووە، لەوەدا باسی ئەوەی کردووە کە وتویەتی ئەو ساڵەی جعفر ئاغای تیادا کوژرا سمکۆی برای لەگەڵیدا بوو کە تەمەنی (١٦) ساڵان بوو، کە ئەگەر (١٦) ساڵ لە ١٩٠٥ دەر بکەین ١٩٠٥-١٦=١٨٨٩ و یا وەکو ئەو باسی کردووە ئەگەر ساڵی ١٩٠٢ حساب بکەین تەمەنی سمکۆ ١٩٠٢-١٦=١٨٨٧ بووە.

دوکتۆر جەمال نەبەز تاقە نووسەرێکە کە ساڵی لەدایکبوونی سمکۆی بە ساڵی ۱۸۷۰ دەستنیشان کردووە کە لە لاپەڕە (۱۲٤)ی کتێبەکەیدا (شۆڕشەکانی کورد) باسیکردووە.

بەرامبەر بەوەی ابراهیم صفائی و ئەوەی دوکتۆر جەمال نەبەز میسونێرێک کە لە کوردستاندا بووە و لە یاداشتەکانیدا بە ناوی (SIMCO KURDISH LEADER IN IRAN IN 1920) کە نووسەرەکە ناوی H. MACKENSENە و کتێبەکەی لە حزیرانی ساڵی ۱۹۲۰دا چاپ کردووە لەوەدا وتویەتی: لە ساڵی ۱۹۱۷دا چوومە لای سمکۆ و پێکەوە نانمان خوارد، تەمەنی (۳٥) ساڵ بوو، کە ئەگەر ساڵی بینینی حساب بکەین ۱۹۱۷-۳٥=۱۸۸۲ دەگرێتەوە، ئەگەر ساڵی چاپکردنی کتێبەکەش حساب بکەین ۱۹۲۰-۳٥=۱۸۸٥ دەگرێتەوە. لە ساڵی ۱۹۲۳دا کە سمکۆ هاتۆتە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود بەپێی کتێبەکەی دوکتۆر جەمال نەبەز لەو کاتەدا تەمەنی سمکۆ ۱۹۲۳-۱۸۷۰=٤۸ ساڵ بووە.

هەرچۆنێک بووبێت وەکو لەپێشتردا لێی دواین سمکۆ هەتا کۆتایی ساڵی ۱۹۲۲ شۆڕش و بزووتنەوەکەی لە برەودا بووە و بەرلەوە لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخاندا هاوکار بووە و وە هاوکاری بووە لە بزووتنەوەی رۆشنبیری و خوێندەواری و دەرکردنی رۆژنامەدا. وە لە دوای ئەوەی خوشکێکی سید طه شەمزینی هێنابوو، ئیتر جگە لە شوێنی بنەماڵەی شوکاک کە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتدار و ناسراو بوون، خزمایەتیشی لەگەڵ بنەماڵەی شەمزینیدا کە لە رووی ئاینیەوە دەسەڵاتدارێکی ئاینی بوون و ئەوانەی لەو ناوچانەدا لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی بوون خۆیان بە دەروێش و سۆفیی ئەو بنەماڵەیە زانیوە و بەوە سمکۆ ئەوەندەی تر ناوبانگی پەیداکردووە و لە رووداني شەڕی جیهانیدا سمکۆ دانی بە خۆیدا گرتووە و خۆی نەئاڵاندبووە ئەو شەڕەی کە زانیبووی هیچ سوودێکی ئەوتۆی میللەتی کوردی تیادا نەبووە، لەدوای شەڕی جیهانی ئیتر چالاکانە چووە کۆڕی خەبات و تێکۆشانەوە و دەستی کرد بە پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ دەرەوەدا بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن بۆ راپەرین دژی رژێمی ئێرانی داگیرکەر. بەو جۆرە ئەو بەشانەی پێشووی ئەم کتێبە هەمووی بۆ ئەوە پێشکەش کراوە کە بزانرێت چ جۆرە زەمینەیەک بۆ سمکۆ خۆش کرابوو هەتا ئەو کاتەی توانی ببێت بە دەسەڵاتدارێکی بەناوبانگ لە کوردستانی ئێراندا و ناوی لەناو وڵاتانی دەوروبەریشدا ناوبانگ بسێنێت. هەتا ئێرە وەکو وتمان

باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بووە کە پێوەندییان بە کوردستانی ئێرانەوە بووە و لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین لە کەسایەتی سمکۆ بدوێین و باسی بکەین کە بۆچی سمکۆ توانی ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینێت و ماوەی پازدە بیست ساڵ بەبێ وچان لە خەبات و تێکۆشان نەکەوێت و لە باسەکانی داهاتوودا کە هەموو بەشەکانی بۆ سمکۆ و بۆ چالاکی سمکۆ و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی تەرخان کراوە دژی ڕژێمی قاجاری و پەهلەوی و ئەو تەقەلایانەی کە بەبێ هوودە دابووی بۆ ئەوەی بگا بە ئامانجی خۆی و میللەتەکەی هەتا کاتی شەهیدبوونی و لە کۆتایی ئەم کتێبەدا باسێکی تایبەتی تەرخان ئەکەین بۆ هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکانی و لەو کەموکوڕیانەش ئەدوێین کە لە بزووتنەوەکانیدا بینراون بەپێی ئەو باسانەی سەرچاوەکان بە دۆست و دوژمنەوە لێی دواون.

لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٩٢دا چوومەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر چوومە خزمەت صفیە خانی کچی سمکۆ کە خۆی وتی لەو مانگەدا تەمەنی (٨٤) ساڵ بووە و خێزانی (شێخ جیتو)ی کوڕی شێخ طەی شەمزینییە کە سید طەی شەمزینی کچی جعفر ئاغای شوکاکی مارەکردبوو بەو جۆرە ئەبێ شێخ چەتۆش کچەزای جعفر ئاغای شوکاک بووبێت.

لەو پرسیارەی لە صفیە خانم کرد بۆی باس کردم کە ئیسماعیل ئاغای باوکی چوار کوڕی هەبووە ١-خسرو ٢-طاهر خان ٣-باباخان (کە ئەم دووانەی دوایی لە ناوچەی (کیلگەچین)دا بوون لە ناوچەی (برادۆست) و ٤- قوبادخان لە ورمیە بووە کە ئەم سێ کوڕەی دوایی هەر سێکیان لە خسرو بچووکتر بوون.

سمکۆ بێجگە لەو برایەی کە ناوی عەلی ئاغا بووە هەروەها بەو نارنجۆکەی بۆ سمکۆ نێررابوو کوڕێکی سمکۆ کوژرا کە ناوی (خورشید) بووە لەکاتی ناردنی ئەو نارنجۆکەی بۆ کوشتنی سمکۆ نێررابوو (کە لە شوێنی خۆیدا باسی ئەکەین) برایەکی تریشی هەبوو کە ناوی ئەحمەد ئاغا بووە (کە لە ساڵی ١٩٢٢دا لەگەڵ سمکۆدا هاتبوو بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود)، ئەو ئەحمەد ئاغایە لە (منجەرسەر) لە برادۆست، سیدەکان، کە بەئاوارەیی چووبووە ئەوێ لەوێ مردووە و نێژراوە. کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٢٠)ی باسەکەیدا ئەڵێ: ئیسماعیل ئاغا قاضی باوەڕپێکراوی تایبەتی هەبوو ناوی (محمد جمال الدینی حەکاری) بوو کە هەمیشە لەتەکیدا بوە و پرس و ڕای پێ کردووە.[٢٩]



وێنەی سمکۆ و خسروی
کوڕی بە منداڵی



وێنەی خسروی کوڕی سمکۆ و
خێزان و منداڵەکانی (کە ئێستە
لە ئەستەمبوڵ خانەنشینە و
لەوێ ئەژی.)

ئەم بەشەی کە بۆ سمکۆ و دەرکەوتنی سمکۆ و ناوبانگ دەرکردنی سمکۆمان تەرخان کردووە ئەیکەن بە دوو بەشەوە.

یەکەم: ئەو بەشەی کە سەرچاوەکان دەربارەی ناوبانگ دەرکردنی سمکۆ دواون.

دووهەم: باسی ئەو تەقەلایەی کە کاربەدەستانی ئێران دابوویان بۆ کوشتنی سمکۆ و بۆ ئەو مەبەستە نارنجۆکێکیان لەناو قوتوی شیرینیدا بۆ ناردبوو.

**یەکەم:** دەربارەی بەشی یەکەم گەلێک لە سەرچاوەکان باسیان کردووە کە ئێمەش کورتەی هەندێکیانمان هەڵبژارد بۆ پێشکەشکردن بە خوێنەرانی خۆشەویست.

کاک مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٢١)دا دەربارەی پێوەندیکردن و ناسینی شێخ عبدالسلام لەگەڵ سمکۆدا وتویەتی:(٣٠) "ساتێک سلێمان نظیف لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە کرا بە لێپرسراوی ویلایەتی موصل، دەستی کرد بە زەبروزەنگ نواندن و چاوترساندنی خەڵک کە بەوە هەڵوێستێکی خراپتری هێنایە کایەوە لەوەی کە جاران هەبوو و، لە ساڵی ١٩١٣دا هێزێکی گەورەی نارده سەر شێخ عبدالسلامی بارزانی کە ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر خاکی کوردستانی ئێران و بوو بە میوانی سید طەی کوڕی شێخ محمد صدیقی نەهری (پێوەندیی بنەماڵەی شەمزینی و بارزانی لەوەدا زۆر بەهێز بووە کە شێخەکانی نەهری و شەمزینی، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بوون و بارزانەکان سەر بە نەقشبەندییەکان بوون و ڕێزیان لە سەرۆکەکانی ئەو تەریقەتە گرتووە.) کە لەو ڕۆژانەدا سەید طە لە گوندی (ڕاژان) بوو لە نزیکی (ورمیە) و بابی عالی لە ئەستەمبوڵ جائزەیەکی زۆر بەنرخی دانا بۆ هەر کەسێک کە بتوانێت شێخ عبدالسلام بەمردوویی یا بەزیندوویی بگرێت.

شێخ عبدالسلام لەو کاتەدا کە لە ئێران بوو زیارەتی سمکۆیشی کرد و هەردووکیان پێکەوە چوونە شاری (تفلیس) و لەوێ مەندوبی قەیسەری ڕوسیان بینی و بەڵێنی ئەوەی دانێ کە ڕوس ببێت بە لایەنگری کورد لەو خەباتەی نەتەوەکەیان ئەیکرد بۆ خۆڕزگارکردن لە جەور و ستەمی عوسمانی و ساتێک گەڕانەوە شێخ عبدالسلام ماڵئاوایی لە سمکۆی شوکاک کرد کە لە سەلماس بوو، کاتێک لەڕێگەیدا بەلای گوندی (گەنگەچین)دا تێپەڕی کرد، سۆفی عبدالله کە خاوەنی گوندەکە بوو خیانەتێکی گەورەی لە شێخ عبدالسلام کرد بەوەی کە لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عبدالسلام میوانی سۆفی عبدالله بوو کەچی بەشەو لەکاتی نووستندا سۆفی عبدالله

شێخ عبدالسلامی دەستبەستکرد و دایە دەست تورکەکان کە لە (سیرۆ) بوون و جائزەی خیانەتەکەی وەرگرت و لەلایەن تورکەکانەوە لە ١٩١٤/١٢/١٤ ئیعدام کرا و بە ڕوایەتێکی تر لە کانونی دووەمی ١٩١٥دا ئیعدام کرا (ئەو کوشتنەی کاک مەسعود باسیکردووە، عبدالمنعم الغلامی لەکتێبەکەیدا الضحایا الثلاث، چاپی موصل، ساڵی ١٩٥٢ بەدووروودرێژی باسیکردووە، کە لەوەدا جگە لە باسی ئیعدامکردنی شێخ عبدالسلام بارزانی باسی چۆنێتی کوشتنی شێخ سەعیدی باوکی شێخ محمودیشی کردووە کە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا[٦١] بەدووردرێژی باسم کردووە.)

ئیگلتن لەکتێبەکەیدا (کۆماری مەهاباد) دەربارەی سمکۆ وتویەتی:[٢٢] "سمکۆ گەنجێکی شۆخی لێهاتوو بوو، هەر لەمنداڵیەوە شارەزا و ڕاهاتووی ژیانی سەخت و پڕ لە شەڕەشەق بووە. ئەو بۆشاییەی بە کشانەوەی ڕوس لە ناوچەکانی ژووروی ئێراندا پەیدابووبوو سمکۆ توانیبووی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

لە ناوچەکانی ئازاربایجاندا ئەو میسونێرانە لەو ناوچانەدا کە هەبوون، گوردون پادوک (GORDON PADOCK)ی کۆنسوڵی ئەمریکا لە تەورێز لەگەڵ سمکۆدا ڕێککەوتن کە پێنج هەزار دۆلار بدرێ بە سمکۆ بۆ ئەوەی ماوە بدرێت ئەو میسونێرانەی لەو ناوچانەدا بوون بەبێ گێچەڵ ئەو شوێنانەی کە تیایدا بوون بەجێی بێڵن بە مەرجێک هیچ شتێکی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا نەبەن و هەموو بەجێ بێڵن و، حکومەتی ئێرانیش ناچار بوو کە دان بە دەسەڵاتی سمکۆدا بنێت و کردی بە حاکمی ئەو ناوچە شاخاوییانەی ئەکەونە ڕۆژئاوای گۆلی ورمیەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەنگ وا بڵاو بوو کە سمکۆ ویستبووی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی دروست بکات، بەلام بڕوا ناکەم لەوە زیاتر چووبێتە مێشکیەوە کە کاروباری خۆی هەر بە شێوەیەکی عەشایری ببات بەڕێوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ماوەی ئەئەدا بە حکومەتی ئێران هیچ کەسێکی سەر بە حکومەتی لە ناوچەکەی ئەودا دابنرێت.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە (١٢٤)ی کتێبەکەیدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:[٥] "ئێودارترین سەرداری کوردی ئەو سەردەمەی دە ساڵی ڕەبەق دژی ڕژێمی تاران لە خەباتێکی بێپساندنەوەدا بوو (ئیسماعیل خانی سمکۆ) بوو.

سمکۆ (١٨٧٥-١٩٣٠) بزووتنەوەکەی لە دەوروبەری ١٩٢٢دا دەستی پێ کرد.

سەرکردەیەکی هێند قارەمان و جەنگاوەرێکی هێند لێهاتوو بوو کە ڕەزا خان بە دڵ لێی دەترسا."

(هەروەکو لەپێشتریشدا لێی دواین کە دوکتۆر جەمال نەبەز تاقە نووسەرێکە کە ساڵی لەدایکبوونی سمکۆی بە ساڵی ١٨٧٥ داناوە کە دوازدە ساڵ لەوەی ئیبراهیم صفائی زیاترە کە وتویەتی لە ساڵی ١٩٠٣دا تەمەنی شازدە ساڵان بووە کە بەوە لەدایکبوونیس مکۆ لە ساڵی ١٨٨٧دا بووە و لام وایە ئەوەی ئیبراهیم صفائی لەگەڵ ڕووداوەکاندا یەک ناگرێتەوە چونکە بە حسابەکەی ئیبراهیم صفائی سمکۆ تەنها (٤٣) ساڵ ژیاوە کە لەگەڵ ئەو هەموو شۆڕش و بەسەرهاتانەی لە ژیانی سمکۆدا ڕوویانداوە یەک ناگرێتەوە.)

ڤیلچیڤسکی لە لاپەڕە (٦)ی باسەکەیدا (مەسەلەی کوردەکان) دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٢٦) "لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ١٩١٤-١٩١٨ حکومەتی ئێران زۆر لاواز و کز و کەمدەسەلات بوو، گەلێک لە سەرکردەکانی کورد ئەو لاوازییەی ئێرانیان بە هەل زانی و ویستیان سوودی لێ وەر بگرن.

ئیسماعیل خانی شوکاک لە ساڵی ١٩١٨-١٩٢٢ پەڕ و باڵی هاویشت و خۆی کۆکردەوە و بەهێز بوو، دەسەڵاتی خۆی بنج بەست کرد، لەولاشەوە جعفر سلطان (جافرسان) دەستی گرت بەسەر هەموو هەورامان و مەریواندا.

لە ساڵی ١٩٢٢دا ڕەزاخان چوو بە گژ کوردەکاندا، سمکۆ ماوەی هەشت ساڵ خەریکی جەنگ و هەرا بوو دژی ئێران و ماوەیەکی زۆر لە دەربەدەریدا مایەوە هەتا ساڵی ١٩٣٠ بە بەڵێنی درۆی ئێرانییەکان هەڵخەڵەتا و بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن بانگیان کرد بۆ شنۆ و لە ڕێگەی قوختە (بۆسە)یان بۆ نایەوە و کوشتیان و لەدوای نەمانی سمکۆ ئیتر کاربەدەستانی ئێران زۆر بە دڵڕەقانە لەگەڵ کورددا ئەجووڵانەوە و دەستیان کرد بە ڕاوڕووت و تاڵانکردن و ئاوارەکردنیان و ڕێگەی ئوتومۆبیل برا بۆ کوردستان و لە گەلێک شوێندا قەڵا و قوڵلەی سەربازی و پۆلیسییان تیادا دروستکرد بۆ سەرکوتکردنی کورد.

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٢٨) "سمکۆ بۆ ئەوەی هەموو دەروازەکان لەبەردەمیدا کراوە بن، خۆی نەبەست بە هیچ لایەکەوە لە ساڵانی شەڕی جیهانیدا و لەو ماوەیەدا سیاسەتێکی هێمنانە و لەسەرخۆی گرتەبەر، بەڵام لەدوای تەواوبوونی شەڕ سمکۆ بوو بە یەکێک لە هەرە تێکۆشەرەکانی کورد لە

کوردستانی ئێراندا کە ناوەڕۆک و مەبەستی ئەو تێکۆشانەی هەتا ئەهات زۆرتر خۆی ئاشکرا دەکرد و هەتا وای لێ هات گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە سیاسەتی ئێراندا بەڕوونی خۆی ئەنواند و خۆی دەچەسپاند، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی ڕەزاخان (کە لەدواییدا بوو بە ڕەزاشا) سیاسەتێکی دژ بە دیموکراتیانەی بەکار ئەهێنا بەرامبەر ڕاپەرینی نەتەوەی کورد کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە کڵپە و بڵێسەسەندندا بوو.

سمکۆ بەرامبەر بەو هەڵە گەورانەی دەربارەی ئاسوری و ئازربایجان کردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو لەناو سەنگەری خەبات و داواکردنی مافی نەتەوەکەیدا و وای لێ هاتبوو بوویو بە ڕەمزی بەربەرەکانیکردنی حکومەتی ئێران. ئەتوانین ئەو هەست و مەبەستەی سمکۆ لەناو ڕۆژنامەکەیدا بەدی بکەین کە ناوی نابوو: ڕۆژی کورد شەوی عەجەم.

سمکۆ لەساڵی ١٩١٣دا بە یەکێک ئەژمێررا لەوانەی کە سەر بە حکومەتی عوسمانی بوو، بەڵام لەدوای ئەوەی یەکێک لە ئازربایجانییەکان (نەیوتووە کێ بووە.) چوویووە لای سمکۆ ئیتر توانیبووی سمکۆ بکا بە دۆستی ڕوسەکان و بۆ پێوەندیکردنی لەگەڵیدا یەکێکیان ناردبوو بۆ لای بۆ گفتوگۆکردن و دوو کەسی تر لە سەرۆکعەشیرەتی شوکاک کە جاران دژی سمکۆ بوون، ڕووسەکان وایان لێ کردبوون کە لەگەڵ سمکۆدا ئاشت ببنەوە و لەو کاتەوە سمکۆ بە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر ئەهاتە بەرچاو.

ساتێک سمکۆ بوو بە زاوای سید طە (کە سمکۆ خوشکێکی سید طەی هێنابوو)، ئیتر بەوە ئەوەندەی تر ناوی سمکۆ پەرەی سەند، چونکە سید طە نەک هەر تەنها مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو، بەڵکو یەکێک بوو لە دەسەڵاتدارانی دین و ئایینی لە ناوچەکەدا.

سمکۆ لە ماوەی ساڵانی شەڕدا خۆی دوورخستبووەوە لە گێژاوی ئەو شەڕە و خۆی بەوەوە خەریک کردبوو کە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێ بدا و بیپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوسەکان گرتیان و ناردیان بۆ تفلیس و لەدواییدا بەریاندا بە مەرجێک لە شاری (خۆی) دابنیشێت و دژی ڕوسەکان نەجووڵێتەوە.

ساتێک ڕوسەکان لەئەنجامی شۆڕشی ئوکتوبەردا هێزەکانی خۆیان کێشایەوە و لەشکرەکەی جەنراڵی ڕوس (باراتوف) ئەو ناوەی بەجێهێشت، سمکۆ ئەوەی بە هەل زانی و توانی ژمارەیەک لە چەکەکانی ئەو لەشکرەی دەستگیر ببێت کە لەناو

ئەوانەدا هەندێ چەکی قورسیشی تیادا بوو و بەوە سمکۆ بەهێزتر بوو، ناوبانگی بڵاو بووەوە.*

ئەوەی شایانی باسە جگە لەو چەکانەی کە مارتن ڤان برونسون باسیکردوون کە بۆ کورد مابوونەوە، ڕوسەکان ژمارەیەکی زۆریان لەو چەکانە دابوو بە ئاسورییەکان کە لەو ڕۆژەدا بەئاوارەیی و لەدوای ڕاونان و دەرکردنیان لە تورکیاوە بۆ ئەو ناوچە کوردییانە، ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر لە چەکی ڕوسەکانیان دەست کەوت کە ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە ترسی خستبووە دڵی سمکۆوە بەرامبەر بە ئاسورییەکان و بە هەڵە و بە هاندانی تورک و ئێران شەڕێکی خوێنڕێژی لەگەڵدا کردن و مارشمعونی کوشت و ئەنجامەکەی بوو بە هۆی ئەوەی کە زیانێکی زۆری بە ئاسورییەکان گەیاند و کوردیش زیانێکی زۆری لێ کەوت وەکو لەدواییدا لە باسی کێشەی ئاسووریەکاندا باسی ئەکەین.

میر بصری لەکتێبەکەیدا (اعلام الکرد) لە لاپەڕە (۲۷۳)دا دەربارەی سمکۆ و کوردستانی ئێران وتویەتی:(٥٢) "ئیسماعیل ئاغا کوڕی محمد ئاغا بووە کە ناوبانگی بە (سمکۆ) بڵاوبۆتەوە و لە ناوچەکەی خۆیدا کە (خۆی) بووە وەکو سەرۆکی عەشیرەتی شوکاک پیاوێکی زۆر بەهێز و دەسەڵاتدار بووە و لە شوباتی ۱۹۱۸دا مارشمعونی کوشت کە بەو کوشتنە ئاژاوە و پشێوی کەوتە نێوان خەڵکی ناوچەکەوە و زۆر کەس لە ئاسورییەکان لەو شەڕەدا کوژران.

کە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات سمکۆ کەوتە سەر خولیای دروستکردنی حکومەتێکی کوردی کە هاوڕێ و موستەشارەکەی سید طەی شەمزینی بوو کە کوڕەزای شێخ عبیداللەی شۆڕشگێڕی ساڵی ۱۸۸۰ز. بوو.

سمکۆ لە ساڵی ۱۹۱۹دا شۆڕشی بەرپا کرد و (رضائیە) و (شاپور)ی گرت، بەڵام لەدواییدا حکومەتی ئێران لەشکرێکی زۆری لە (قۆزاق)ەکان پێک هێنا و بەرەنگاری سمکۆ بووەوە و لەشوێنەکەی خۆی دووری خستەوە کە (چهریق ـ چاری) بوو، دوای ئەوە دووبارە سمکۆ دەستی کردەوە بە بزووتنەوە و شۆڕش، بەڵام ڕەزاخان کە سەرداری لەشکری ئێران بوو و لە ساڵی ۱۹۲۱دا بوو بە وەزیری حەربیە، قائدی عامی سوپا هێزێکی ناردە سەر سمکۆ و ناچاری کرد پەنا بباتە بەر تورکیا کە لەوێش هەرچی چەکێک کە هەیبوو هەمووی لێ سەنرا و دوور خرایەوە.

لە ساڵی ۱۹۲٤دا لەدوای ئەوەی لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو گەڕایەوە بۆ ئێران و لە

ساڵی ١٩٢٦دا دووباره ڕاپەڕی، بەڵام ئەم جاره شکا و ڕایکرده تورکیا و لەوێ گیرا و ماوەیەک مایەوە هەتا لەدواییدا بەریان دا و گەڕایەوە بۆ ئێران و کوژرا.

میر بصری لە لاپەڕە (٢٧٥)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: باوکی قازی محەمەد لە کاتی خۆیدا دۆست و هاوکاری سمکۆ بووە و لەو شەڕەی کە لە ساڵی ١٩٢١دا لە شەڕی سابلاغ و داگیرکردنی سابڵاغدا کرا لەنێوانی سمکۆ و حکومەتی ئێراندا باوکی قازی محەمەد دۆست و هاوکاری سمکۆ بووە.

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٩٢)ی کتێبە تەرجەمەکراوەکەیدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(١٨) 'مافی گشتی و سەربەستیی نەتەوەی کورد، واتا بوونی وڵاتێکی یەکگرتووی کورد ئاوات و مەبەستی سمکۆ بووە. هەرچەند بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سمکۆ، لای هەندێک لە سەرکردەکانی تورک و ئێران وەکو (یوزدمیر) و (حسن ارفع) بە مرۆڤێکی لەخۆبایی و هیچنەزان و تاڵانکەر و مرۆڤێکی نەتەوەپەرست و ناسیونالیست حساب کراوە و زۆربەی ئاغاکان و دەرەبەگەکان هاوکارییان لەگەڵدا کردووە و سمکۆ خۆیشی هەروەکو ئەوان دەرەبەگ بووە و تامی ناسیونالیستی چێشتبوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە هەمووی کوردی نەتەوەپەرست بوون.

دەربارەی شێوە و جلوبەرگی سمکۆ، کریس کوچرا وتویەتی، هەروەکو وەرگێڕ باسی کردووە: سمکۆ کۆتی ڕێ ڕێ و (لام وایە مەبەستی چۆغەی خەتخەتی بووە) پانتۆڵێکی شوکاکی و چەکمەیەکی ڕوسی لە پێ دەکرد و بەپێی نووسەرە ئینگلیزەکان سمکۆ خۆش لیباس بووە و هەمیشە زەردەخەنەیەکی شەرمێونانەی بەسەر لێوەوە بووە. سمکۆ پیاوێکی کەمدووی ماقووڵ و لەسەرخۆ بووە، کانگا و شوێن و مەڵبەندی سمکۆ چهریق (چاری) بووە کە نزیکی سنووری وڵاتی تورکیایە لە کۆتایی ژووروی دەریاچەی ورمێدا.

لەناو چۆمێکدا لەسەر تەقنەبەردێکی بڵند، باوکی سمکۆ قەڵایەکی دروست کردبوو کە نیشانەی هێلانە (هەڵو) بوو.

ماڵێکی دیکەی گەورەشی هەبوو کە ئاشپەزخانە و تەویلەی لەناو خۆیدا هەبووە و گێڕاویانەتەوە کە ساتێک کاربەدەستانی ئێران بزووتنەوەکەی ئیسماعیل ئاغایان تێک شکاندبوو و ماڵەکەیان داگیرکردبوو، لە خانووەکەیدا (پیانۆ)یەکیان دیتبووەوە، مێژوونووسان لە بابەت بوونی ئەو پیانۆیە کە لە خانووەکەی سمکۆدا بینراوە زۆر سەریان سوڕماوە، چونکە لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستاندا کە هێشا ڕام

نەبوویوو بەڕاستی بوونی پیانۆیەکە جێگەی سەرسوڕمان بووە. (وەرگێڕی کتێبەکە محمد ریانی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەی کە باسی پیانۆکەی کردووە وتویەتی: چونکە دەنگی تفەنگ و قاسپەی کەو و هەراهەرای مەیدانی شەڕ و حیلەی ئەسپی زۆر لا خۆشتر بووە لە دەنگی پیانۆ.)

لەڕاستیدا وەکو کریس کوچرا و وەرگێڕی کتێبەکەی باسیانکردووە، ئەگەر لە ماڵی سمکۆدا پیانۆیەک بوبێت ئەوە مانای ئەوە نەبوو سمکۆ پیانۆلێدەر بووە بەڵکو هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەو هەموو میسونێرانەی لەو ناوچانەدا بوون و لە کەنیسە و کۆمەڵگاکانی کریستیانەکاندا شتێکی زۆر ئاسایی بووە و ئاساییە و دوور نییە یەکێک لەو میسونێرانە ئەو پیانۆیەی بە دیاری و بۆ یادگار دابێت بە سمکۆ، ئەگینا سمکۆ خۆی بەدوای بوونی پیانۆدا گەڕابێ شتێکی دوور و نەگونجاو بووە چونکە سمکۆ هەمیشە کۆڵ بە کۆڵ بووە و لە کوێ بۆی دەست داوە پیانۆ بکڕێ و لە ماڵەکەی خۆیدا دایبنێت.

دەربارەی خانووەکەی سمکۆ و شێوەی ژیانی سمکۆ، شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود کە لە ساڵی ١٩١٩دا بەئاوارەیی لەگەڵ هەموو خێزانە ئاوارەبووەکاندا گەیشتونەتە لای سمکۆ لە یاداشتەکانیدا باسی کردووە، کە ئێمەش لەدواییدا و لە شوێنی خۆیدا لە باسی پێوەندی سمکۆ و بنەماڵەی شێخاندا لێی ئەدوێین.)

کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "ئیسماعیل ئاغا بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و خەبەروەرگرتن لە دووری ولاتەوە لە مابەینی شاری مەهاباد و چاری و دیلماندا، هەروەها لە جێگە دوورەکان تری کوردستان تەلەفۆنی هەبووە و ئاگاداری هەواڵ و دەنگوباس بووە و ئاگای لە کاروباری ناوچەکە بووە. (مصطفی پاشای یامولکی لەو گەشتەیدا بۆ لای سمکۆ باسی بوونی ئەو تەلەفۆنەی کردووە.)، وەکو باسیان دەکرد سمایل ئاغا مرۆڤێکی دڵڕەق بووە و دوژمنانی خۆی لەسەر قەڵای کێوەکانەوە هاویشتۆتە خوارەوە و لەو ڕووەوە بەسەرهاتێک دەربارەی سمکۆ دەگێڕنەوە کە لە زمانی یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە سمکۆ لەشەڕدا گرتبوونی بیستراوە (کە ئەم باسەی کریس کوچرا لێرەدا باسی ئەکا تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشووە کە وتراوە سمکۆ دڵڕەق بووە.) کە ئەمە دەری ئەخات سمکۆ بەخۆڕایی خەڵکی نەکوشتووە بەڵکو ویستویەتی تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە.

کریس کوچرا ئەڵێ: "کابرای ئەفسەر دەربارەی ئەوەی سمکۆ خۆی گیراویەتیەوە

کە وتویەتی: "لەدوای شەڕی یەزدیکانی لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١ کە چەند خاوەن مەنسەبێک (کاربەدەستێک) لای سمکۆ زیندانی کرابوون و ویستبووی یەکێک لەو ئەفسەرانە فێری بەکارهێنانی ڕەشاشی بکات. لەکاتی فێرکردندا ئەو ئەفسەرە گوللە ئەخاتە ناو ڕەشاشەکەیەوە و لوولەکەی ئاراستەی سمکۆ دەکا و ویستبووی سمکۆ بکوژێ، لەو کاتە ناسکەدا سمکۆ هەڵیکوتاوەتە سەری و دەستی گرتووە و پێی وتوە: زۆر سوپاست ئەکەم و بەڕاستی فێری بەکارهێنانی ڕەشاش بووم کە چۆن بەکاربهێنرێ و گوللەی پێ بهاوێژرێ.

دوای ئەوە سمکۆ لە ئەفسەرەکە ئەپرسێت: ئایا مەبەستت لە کوشتنی من چی بوو لەناو ئەو هەموو سەرکردانەی کورددا کە تۆ سوور دەتزانی دەکوژرێیتەوە و ڕزگارت نابێ، بەڵام ئەفسەرەکە وەڵامێکی وای ناداتەوە.

پاش ئەوەی ئەو ئەفسەرە لەگەڵ ئەفسەرە گیراوەکانی تردا ئازاد ئەکا، هەر یەکەیان لیرەیەکی زێڕیان ئەداتێ بۆ ئەوەی پێی بگەنەوە شوێنی خۆیان و هەروەکو حسن ارفع لە لاپەڕە (١٢٥)ی کتێبەکەیدا باسیکردووە، سمکۆ هەتا ڕێباز و خەتی ئێران و بۆ شارەزایی ڕێگا پیاوێکیان لەگەڵدا ئەنێرێت.

(لەڕاستیدا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا بەدرێژایی هەموو مێژووی کاربەدەستانی ئێران، تۆ بڵێی تەنها یەکێکیان جوامێرییەکی وەک ئەوەی کریس کوچرا باسیکردووە لێیان بینرابێت؟)

کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "لەدوای کوشتنی جعفر ئاغا، ئیتر سمکۆ هەر لە بیری ئەوەدا بووە کە تۆڵەی خۆی لە فارسەکان بستێنێتەوە و، بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستەی جارێک بۆ لای تورکەکان ئەچوو کە دۆستایەتیان لەگەڵدا بکا و جارێکی تر بۆ لای ڕووسەکان و بۆ لای ئینگلستان، هەر بە جۆرە بوو کە لە وتوێژ و هاتوچۆیەکی دۆستانەدا لە شاری (وان) لەگەڵ وابەستەی نیزامی بریتانیا (مەبەستی ملحق عەسکەرییە) کە ناوی (کاپتن دیکسون) بوو کەڵکی وەرگرت.

لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم سەرۆک ستادی پایەبەرزی ئینگلیز هەوڵی دا یەکێتی و هاوکارییەک لەنێوانی ئەرمەنی و ئاسووری و کوردەکانی سەر بە ئیسماعیل ئاغا لە سنووری ڕووسیادا دژی تورک بەکار بهێنرێ، بەڵام سمکۆ بەوە قایل نەبوو و لە ٢٥ی شوباتی ١٩١٨دا سەرۆکی ڕوحانیی ئەرمەنییەکان کە مارشمعون بوو لەناوی برد.

(کریس کوچرا لەوەدا بە هەڵەدا چووە چونکە مارشمعون سەرۆکی ئاسورییەکان بووە نەک هی ئەرمەنییەکان هەرچەند زۆرجار ئێرانییەکان بە ئاسوریشیان وتوە ارامنە.)

دوکتۆر عەزیز شەمزینی لە کتێبەکەیەدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٦) "لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ئیسماعیل ئاغا کە بە سمکۆ ناسراو بووە یەکێک بوە لە سەرکردەکانی شوکاک و جڵەوی سەرکردایەتی و جووڵانەی کوردی گرتبووە دەست و ڕۆژنامەی (بەریەیانی ڕۆژهەلات) لە ژمارەی (١٣٠٦) ڕۆژی ٢٠ی ئوکتۆبەری ١٩٢٦دا دەربارەی سمکۆ وتویەتی: "سمکۆ مرۆڤێکی سیاسیی مەزنە، بەلام لە چوارچێوەیەکی بچووکدایە."

دوکتۆر شەمزینی لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: سمکۆ شانبەشانی ڕوسەکان توانی تورکەکان لە کوردستانی ئێران دەربەڕێنێت، لەدوای شۆڕشی ئۆکتوبەر کە سوپای ڕوس کشایە داوە و ئێرانی بەجێهێشت چەک و کەرەسەیەکی زۆری بۆ کورد بەجێهێشت. لەو کاتەدا دوڵەتی ئێران هیچ دەسەلاتێکی لە کوردستاندا نەبووە، لەبەر ئەوەی کورد خۆی کاروباری خۆی ئەبرد بەڕێوە و سمکۆ ڕابەرایەتی بزووتنەوەکەی کرد.

نەمانی دەسەلاتی ڕوس لە ناوچەکەدا هەلێکی باشی بۆ سمکۆ ڕەخساند بۆ ئەوەی پەرە بە دەسەلاتدارێتی خۆی بدا و سەرکردایەتی جووڵانەوەکە بکات. لەنێوانی سالانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا سمکۆ لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێدا پێوەنیی پەیدا کرد و ئارام و ئاسایشی ناوچەکەی پاراست. پێوەندیی نێوان سمکۆ و شێخ محمدی خیابانی کە ڕابەری جووڵانەوەی دیموکراتیی ئازربایجانی ئێران بوو، زۆر پتەو بوو.

سمکۆ لەو ماوەیەدا سەربازەکانی تورکی لە ناوچەی (مەراغا) و (میاندواو) دەرپەڕاند و ناچاریکردن کوردستان بەجێ بێڵن و لەدواییدا لە ناوچەی قەراغی باکووری دەریاچەی ورمیەدا دەستێکی کوشندەی لە فیودالی قرەداخییەکان وەشاند و شکستی پێ هێنان."

(ئەوەی دوکتۆر شەمزینی دەربارەی فیوداڵە قرەداخییەکان باسیکردووە بریتیە لەو هێرشەی کە ئەمیر ئەرشەدی قرەداخی کردبووی کە لە باسی شەڕەکانی سمکۆدا باسی ئەکەین کە سروان احمد کاویان پوور لە کتێبەکەیدا لێی دواوە.)

دوکتۆر شەمزینی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لەشکرەکەی سمکۆ لە دە هەزار کەسێک پێک هاتبوو، لە پاییزی ساڵی ١٩٢٢دا ڕایگەیاند کە شای کوردستانە و لەو مەسەلەیەدا پشتی بە مادەکانی پەیمانی سیڤر بەست و ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتەکەی پێک هێنا و ئەنجومەنەکەی هەوڵی دا پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا دابمەزرێنێت و ڕۆژنامەی (کوردستان) هەروەک ئۆرگانی دەوڵەتەکەی سمکۆ دەرئەچوو.

لە ساڵی ١٩٢٦دا سوپای ئێران لە (سەلماس) ڕایگەیاند کە حکومەتی ئێران دژی کورد شەڕ ناکا، لەپاش ئەوە وەزیری بەرگریی ئێران کە جەنراڵ (ئەحمەدی) بوو لە وتارێکیدا کە لە پارلمانی ئێراندا خوێندبوویەوە وتبووی: "سەربازەکانی ئوردوی (سەلماس) یاخی بوون و ئەفسەرەکانی خۆیان کوشت و خانووی ئوردیان سووتاند و پێوەندییان بە حکومەتی سمکۆوە کرد. بەڵام حکومەتەکەی سمکۆ زۆری نەخایاند چونکە سوپای ئێران لەدواییدا پەلاماری کوردستانی دا و لەدوای شەڕێکی خوێناوی بزووتنەوەکەی دامرکێنرایەوە.

لەدوای ئەوەی دوکتۆر شەمزینی کە دەربارەی سمکۆ باسیکردووە، چەند سەرنجێک دێنە بەر چاو:

یەکەم: دوکتۆر شەمزینی وتویەتی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا ئیعلانی پادشایەتی خۆی کرد لە کوردستانی ئێراندا و ئەنجومەنی وەزیرانی دانا و ئەنجومەنەکەی تەقەلای ئەوەی دا کە پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی تردا بکات.

لەڕاستیدا جگە لەوەی دوکتۆر عەزیز شەمزینی هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوەی نەکردووە کە سمکۆ پادشایەتی خۆی ئیعلان کردبێت ئەگەرچی هەندێ لە نووسەرانی تر وتویانە سمکۆ حکومەتی دامەزراندبوو.

نە دوکتۆر شەمزینی و نە هیچ نووسەرێکی تر باسی ئەوەیان نەکردووە کە ناوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە کێ بوون و لەچیدا هەواڵی ئەوە بڵاو کراوەتەوە و ئەگەر شتی وا بوو بێت چۆن لە ڕۆژنامەکەیدا کە ئۆرگانی بزووتنەوەکەی سمکۆ بووە ناوی ئەو ئەنجومەنەی بڵاو نەکردۆتەوە، هەروەکو چۆن شێخ مەحمود لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا کە لە سلێمانی دەرچووە ناوی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی و کاروباریان بڵاوکراوەتەوە.

تۆ بڵێی مەبەستی دوکتۆر شەمزینی لەو حکومەتەی کە باسیکردووە ئەو

کۆبوونەوەیە بوو بێت کە لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکاندا کۆبووبووە و بە هەموویان بڕیاری شۆڕشیان دابوو بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی؟؟

دووهەم: دەربارەی ئەوەی سەلماس لە بەشی شازدەهەمی ئەم کتێبەدا لە چۆنێتی ئەو یاخیبوونە ئەدوێین کە لە پادگانی (سەلماس)دا ڕووی دا و عەزیز شەمزینی ئەڵێ ئەوانە پێوەندییان بە حکومەتەکەی سمکۆوە کردبوو لە ساڵی ١٩٢٦دا. لەڕاستیدا سمکۆ لەو ساڵەدا بەئاوارەیی هاتبووەوە ناوچەکە و نە حکومەتی هەبووە و نە ئەو دەسەڵاتەی جارانیشی مابوو، لەو پەلاماردانەی (سەلماس)یش سەرنەکەوت و شکا و دووبارە ڕوویکردەوە سەر سنووری تورکیا.

کە هەروەکو نووسەری کتێبی (سێ مرد عجیب) نووسینی دوکتور نصرالله شیفتە لە لاپەرە (١٤)دا دەربارەی سمکۆ وتویەتی: "کە ساتێک سەرتیپ محمد حسین ایرم لەجیاتی سرتیپ مقدم کرا بە فەرماندەی هێزی ئازربایجان پادگانی سەلماس یاخی بوو و سەرهەنگ یوسف خان لەو یاخیبوونەدا کوژرا و ناوچەکە نائارامیی تیا پەیدا بوو و سمکۆ ئەوەی بە هەل زانی و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی کە شوێنی باوباپیرانی بووە و دەستی کردەوە بە کۆکردنەوەی هێزی سەرهەنگ (صبری بەگ)ی تورکی لەگەڵ خۆیدا هێنا و دەستی کرد بە ڕێکخستنی هێزەکەی و چەک و فیشەکی بۆ سمکۆ سازکرد."

**سێهەم**: دەربارەی ئەوەی (قرەداغی)یەکان کە دوکتۆر شەمزینی باسیکردووە، مصطفی پاشای یامولکی لەو نامەیەیدا کە بۆ عبدالعزیز یامولکی کوڕی ناردووە دەربارەی چوونی بۆ لای سمکۆ لەگەڕانەوەیدا لەلای سمکۆوە بۆ سلێمانی باسی ئەو قرەداغییانەی کردوو کە وتویەتی: "لە ناوچەی ئازربایجاندا (ئەمیر ئەرشەد) کە سەرۆکی عەشیرەتی (قرەداخی)یە، نزیکی ٦-٧هەزار سواری ئازا و (٤٠-٥٠) تۆپ و ڕەشاشی هەیە، بە لای سمکۆوە وایە کە حکومەتی ئێران پارەیەکی باشی داوە بە ئەمیر ئەرشەد کە ئێستە (ئەو ڕۆژانەی مصطفی یامولکی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی) پێی ئەڵێن (شریف خان) کە شوێنەکەی بەسەر ژووروی دریاچەی ورمیەدا ئەڕوانێت و هێزەکانی بەرەو تەورێز و خۆی چوون و هەندێک لە پێشەنگی ئەو هێزە گەیشتوەتە سەلماس بۆ ئەوەی لەناکاو دەست لە ئیسماعیل ئاغا بوەشێن و ئەمیر ئەرشەد سوارەی خۆی ناردووە بۆ (شکر پاکی) کە لەنێوانی (خۆی) و (سەلماس)دایە (زۆربەی نووسەران بە شکر پازی ناویان بردووە کە شەڕێکی گەورەی تیادا قەوماوە

لەنێوانی هێزی ئێران و سمکۆدا وەکو لە باسی شەڕەکانی سمکۆدا باسی ئەکەین.)

مصطفی پاشای یامولکی دەربارەی ئەوە وتویەتی: بەپێی هەواڵێک کە بە تەلەفۆن گەیشتووە سمایل خان هێزی پیادەی ناردووە بۆ سەرکردەکانی بەرامبەر خۆی و هێزەکەی تری لەگەڵ تۆپهەڵگرەکانیدا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتون و ڕووبەڕووی هێزی ئەرشەد بوونەوە کە هێزەکەی ئەرشەد لە (شریف خان) و (تاسوج)ەوە بەرەو پێشەوە ئەهاتن، بەڵام ئەرشەد هێزەکانی کێشایەوە و شەڕی گەرم ڕووی ئەدا و لە هەردوولا کوژراو هەیە و سمکۆ دوایان کەوت و لەگەڕانەوەیدا (سیس SEYIS) و (تاج الدین)ی سووتاند لەگەڵ دوو گوندی تر و دانیشتووەکانی بردن بۆ (سەلماس) لەگەڵ ئەو چەند دیلەی ئەرشەد کە گیرابوون، بەڵام من بەرەو ساباڵغ ئەڕۆیشتم و هێزی تەلەفون پچڕابوو بۆیە لە هەواڵی شەڕەکانی ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ی نێوانی سمکۆ و ئەرشەد ئاگادار نەبووم.

لەدوای باسی ئەو شەڕ و هەڵوێستانە، بڕوا ناکەم بەوە بوترێ کە ئەو هێزەی پادگانی سەلماس چوونە لای حکومەتەکەی سمکۆ هەروەکو دوکتۆر شەمزینی بۆی چووە.

دەربارەی سمکۆ ئەو نووسەرەی سێ مرد عجیب کە باسی یاخیبوونەکەی پادگانی سەلماسی کردبوو لە لاپەڕە (١٢)ی کتێبەکەیدا دەربارەیٔ سمکۆ نووسیویتی:(٤٣) "لە زمانی کوردیدا زۆر وشە کورت ئەکرێتەوە وەکو ئیسماعیل دەبێتە سمکۆ و نعمەالله دەبێتە نمۆ و حمدالله دەبێتە حمۆ، بەو جۆرە ئیسماعیل ئاغای شوکاکیش بۆتە سیمتقو-سمکۆ. لە ساڵانی پێش کودەتای ساڵی ١٩٢٩، یەعنی ساڵانی دوای شەڕی جیهان لە زۆر ناوچەی ئێراندا بووبوو بە پاشاگەردانی و بەرەڵایی کە ئیسماعیل ئاغا لە ناوچەکانی سەلماس و ورمیە و مهابادا حاکمی موتڵەق بوو بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت لە ڕوویدا بوەستێت و هەرچی بویستایە دەیکرد. لەکاتی شەڕدا کە ڕوسی قەیسەری ئازربایجانی گرت، ئیسماعیل ئاغا کە هەستێکی پڕ لە ئاژاوەچێتی تیادا بوو بە پشتیوانیی ڕوسەکان چوو بە گژ تورکەکاندا، جاری واش هەبوو ئەگەر بەباشی بزانیایە کارەکەی بەپێچەوانەوە ئەکرد.

دوای شۆڕشی ڕوسیا و کشانەوەی هێزەکانیان تورکەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت و سمکۆ کارێکی ناڕەوای کرد کە چوو بە گژ ئاسورییەکاندا و

سمکۆ بۆ ئەوەی خۆی لە تورک نزیک بکاتەوە مارشمعونی بانگ کردە ماڵی خۆی و کوشتی و بەو جۆرە خۆی لە تورک نزیک کردەوە. (هەندێ سەرچاوە هەروەکو سمکۆ خۆی بۆ مصطفی پامولکی گێڕاوەتەوە ئێرانییەکان هانیان دابوو.)

لەدوای ئەوەی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان ئەستەمبوڵیان گرت و تورکەکان ناچار بوون ئازربایجان چۆڵ بکەن هەندێ چەک و تۆپ بەخۆڕایی لە هێزە کشاوەکەی تورک مایەوە بۆ ئیسماعیل ئاغا و چەند سەرباز و ئەفسەری تورک نەگەڕانەوە بۆ تورکیا بەڵکو لە سایەی ئیسماعیل ئاغدا بە جلوبەرگی کوردیەوە بۆ خزمەتی ئیسماعیل ئاغا مانەوە."

نووسەری ئەو کتێبە لە لاپەڕە (١٦)دا هەندێ شتی بێسەروبەری بێبەڵگەی نووسیوە کە سەرچاوە ڕاستەکان ئەوانە بە درۆ ئەخەنەوە.

بۆ نموونە: لەو لاپەڕەیەدا باسی ئەوە ئەکا کە (لورنس) کە نەخشەکێشی ئینگلیزەکان بووە لە عێراقدا لەلایەن موخابەراتی ئینگلیزەوە فەرمانی پێ درابوو نەخشەی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ بکێشێت و لورنس دەستبەجێ لە سمکۆ نزیک بووەوە لەدوای ئەوەی لەدواییدا هێزی سمکۆ بەرامبەر بە ئێران شکا و چووە بغداد لەوێ لورنس ویستی لە سمکۆ کە وەکو پیاوێکی ئاژاوەچی و چاونەترس وابوو سوود وەربگرێ و بۆ سەرگرتنی ئەو نەخشەیەی پێی سپێررابوو سمکۆ سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ ئێران.

لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی نووسەر هیچی بەسەر هیچەوە نییە و تەنها لەوەدا ویستویەتی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکاتەوە کە سمکۆ پیاوی ئینگلیز بوو و لەڕاستیدا ئەگەر نەخشەی وا بووبێ و سمکۆ پیاوی ئینگلیز بووبێت هەروەکو چۆن ڕەزاخان پیاوی ئینگلیز بوو کرا بە وەزیری جەنگ و ڕێگەی بۆ خۆش کرا ببێت بە شای ئێران، ئەوا بەو جۆرەش ئەوەی سمکۆ سەری ئەگرت و ئەو درۆیە هەر تەنها نەدراوەتە پاڵ سمکۆ، بەڵکو دوژمنەکانی خواروی کوردستان و دوژمنەکانی شێخ مەحمود و حکومەتەکەشی بەتایبەتی نووسەرە شوفینیستەکانی عەرەب هەمان شتیان دەربارەی شێخ مەحمود نووسیوە و لەکاتێکدا فڕۆکەکانی ئینگلیز کوردستانی خوارویان بۆردومان ئەکرد و پەلاماری شێخ مەحمودیان دا و بە بەیاننامە و بە بۆمبای تەیارە لە سلێمانیان کردە دەرەوە کەچی دوژمنەکانی کورد نووسیویانە شێخ مەحمود ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی بە هاندانی ئینگلیز دەکرد.

دووهەم دەربارەی نووسەری سێ مردی عجیب کە گوایا سمکۆ چوویێتە بغداد بە هیچ جۆرێک شتی وا نەبووە و لە شوێنی خۆیدا کە باسێکی تایبەتیمان تەرخان کردووە بۆ تەقەلادانی سمکۆ کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پێوەندی پەیدا بکا ئەوەی ئەو نووسەرە بە درۆ دەرئەکەوێ و ئەوەی کە چوبوو بۆ بغداد سید طەی شەمزینی بووە کە ئەویش لە تاقیکردنەوەی ئینگلیزەکاندا سەرنەکەوت کە بیکەن بە حوکمداری خوارووی کوردستان کە ئەوەش پێوەندیی بە کوردستانی ئێرانەوە نەبووە.

(ش. محویان) لەو باسەی لە گۆڤاری (پەیڤ)دا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٤٥) "ئەو وڵاتانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار بوون، هەر لایە بە هۆی بەکرێگیراوەکانیەوە تەقەلای ئەوەی ئەدا کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێنن.

ئەو کاتە سمکۆ سەرکردەی عەشیرەتی شوکاک بوو لە ناوچەی (برادۆست) و (مەرگەوەڕ) و سەرکردایەتی کوردەکانی دەکرد و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی ئەدا.

سمکۆ لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژئاوای شاری (شەملاس) کە (شاپور)ی پێ وتراوە و لە (رضائیە ـ ورمیە) کە عەشایری شوکاکی تیادا دەژیا بە دەسەڵاتدارترین کەسێک بووە لەو ناوچانەدا و هەر لە سەرەتای شەڕی جیهانیەوە ناوبانگی بڵاو بووەوە کە لەو ڕۆژانەدا لایەنگری ڕوس بوو دژی ئێران و تورک شەڕی دەکرد لەناو خاکی ئێراندا. (تورکەکان لەشەڕدا چووبوونە ناو خاکی ئێرانەوە.)

بەر لە شەڕی جیهانی هەندێک لە بنەماڵەی سمکۆ بە دەستی کاربەدەستانی ئێران کوژرابوون، بۆیە ڕەزامەندیی خۆی ئاشکرا کرد کە بۆ سوودی تورک و ئەڵمانەکان دژی ئێران شەڕ بکا. سمکۆ کە لەسەرەتادا دەستی کرد بە ڕاپەڕینەکەی هێشتا ئەوسا دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە ئەو سەرکردایەتییەی خۆی وا لێ بکا کە سەر بگرێ، بۆیە بەدوای دۆست و لایەنگردا ئەگەڕا و لەگەڵ ڕوسەکاندا هێرشی بردە سەر تورکیا.

لە ماوەی ساڵانی ١٩١٥-١٩١٨دا سمکۆ تاکە هێزی دەسەڵاتداری سەرووی ڕۆژئاوای ئێران بوو و لە هەندێ ناوچەی ناوی سنووری تورکیاش دەسەڵاتی هەبوو. سمکۆ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی شەڕیان دەکرد لە ناوچەکەدا زۆر شارەزایانە مناوەرەی دەکرد و هەڵسوکەوتی دەکرد و هەوڵی ئەدا ئەنجامی ئەو شەڕە لە ناوچەکەدا بۆ سوودی خۆی بێت و لەدوای کشانەوەی هێزی ڕوس لە ناوچەکە ئیسماعیل ئاغا

دەستی کرد بە دوژمنایەتیی ئێران و توانی لایەنگریی زۆربەی کوردەکانی سەرووی ڕۆژئاوای ئێران بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

سمکۆ ئەیویست توانا و دەسەلاتی خۆی بەسەر هەموو خێلە کوردەکانی نێوان سنووری تورکیا و گۆمی (ورمیە)دا بسەپێنێت و ناوچەیەکی گەورە لە ڕۆژئاوا و سەرووی ڕۆژئاوای گۆمی ورمیە بە شارەکانی خۆی و ورمیە و سەلماسەوە هەمووی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

هەوڵدانی سمکۆ بۆ دەرپەڕاندنی دەسەلاتدارێتی ئێران لە ناوچە کوردنشینەکان بوو بە هۆی ئەوەی هەموو ئەنجومەنە دیموکراسییەکانی کوردستان لایەنگری بن. هەروەها سمکۆ پێوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ شێخ محمدی خیابانیدا هەبوو کە سەرکردەی جووڵانەوەی دیموکراسیی ئازربایجان بوو (کە دوکتۆر شەمزینیش باسی هەمان شتی کردووە.)

ابراهیم صفائی لە لاپەڕە (٥٨)ی کتێبەکەیدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٣٩)
"لەدوای ئەوەی جعفر ئاغای برای سمکۆ بەو پیلانەی کە بۆی سازکرابوو کوژرا، ئیتر سمکۆ سوێندی خوارد هەتا تۆڵەی براکەی نەکاتەوە ئۆقرە ناگرێ.

سمکۆ لەدوای برا کوژراوەکەی بوو بە سەرۆکی خێلەکەی و بەرەبەرە چەکداری سوارە و پیادەی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لە سالانی ١٢٩٦-١٢٩٧ی هەتاویدا کە ڕێکەوتی ١٩١٨ بوو زۆرجار هەلمەتی بردە سەر شاری سەلماس و خۆی و ورمیە و هەرچی پارەی نەقدی و کەرەسەی سووکەلە و بەنرخ بوو لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیدا لەگەڵ پارەی مالان و تجارەتخانەی شار هەمووی بەتالانی برد و ژمارەیەکی کوشت و چەند کچێکی لێ بە دیل گرتن و بردنی.

ماوەی دە ساڵ تالانی و کوشتاری سمکۆ لە ئازربایجانی ڕۆژئاوادا بەردەوام بوو، هەموو جارێکیش کە حکومەتی ئێران لە ئازربایجان هەوڵی سەرکوتکردنی ئەدا ئیتر بەرەو (وێزاکور) هەڵدەهات کە بنکەی نیشتەجێبوونی بوو لەسەر سنووری نێوان عێراق و تورکیادا و دەوڵەتی تورکیاش پشتیوانیی لێ دەکرد.

لە سالانی ١٣٠١-١٣٠٢ی هەتاوی (١٩٢٣-١٩٢٤)دا کە سوپای تازەی ئێران بڕیاریدا چەک لە خێلەکانی ئێران بسێنێت هەوڵێکی زۆریشی دا کە سمکۆ و هاوڕێکانی چەک بکرێن و جارێکیش سەرتیپ (امان الله جهانبانی) هەتاکو نزیکی سنوور دوای کەوت و ڕاوی نا، بەلام سمکۆ دووبارە ڕووە و شوێنی خۆی هەلات کە

لەناو خاکی تورکیادا بوو و بۆی دەرچوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێک کە دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتایە دووبارە هێرشی ئەهێنایەوە سەر ناوچەکانی سەرسنوور.

دوکتۆر کەمال مەزهەر دەربارەی ناودەرکردنی سمکۆ لە کتێبەکەیدا وتویەتی:(٩) "کە جعفر ئاغای براگەورەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٠٥دا لەلایەن ئێرانییەکانەوە کوژرا، ئیتر سمکۆ دەستی کرد بە پێوەندیکردن لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخان و ڕوسەکان و لە دوکیومێنتێکی دیپلوماسیی ڕوسەکاندا بەم جۆرە ناوی سمکۆ هاتووە: نزیکی ساڵی ١٩١٤ ناوی سمکۆ بە شێوەیەکی فراوان لەناو دەزگاکانی دیپلۆماسیی ڕوس و بریتانیا و تورکیا و ئێراندا زۆر ناوی هاتووە و باڵیۆزخانەکانی هەموویان لە وەزارەتی دەرەوەیاندا فایلێکی تایبەتی گەورەیان تەرخان کردووە بۆ سمکۆ."

دەربارەی سمکۆ (H. MACKENSEN) کە میسونێرێکی ئەمریکایی بووە لە کوردستانی ئێراندا لە یاداشتەکانیدا کە لە حزیرانی ١٩٢٠دا چاپی کردووە لەژێر ناوی A REMARKABLE RESCUE SIMKO-KURDISH TRIBAL LEADER IN IRAN 1920 نووسیوێتی: سمکۆ، یاخود ئیسماعیل ئاغا سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو و لێهاتووە. لەڕاستیدا سمکۆ لەگەڵ هەموو لایەکدا جەنگاوە، لەگەڵ ڕوسیا، ئێران، ئاسوری، ئەرمەنی و بریتانیا (بێگومان لە یاداشتەکەیدا نووسیوە لە ساڵی ١٩٢٠دا هێشتا تا ئەوسا لەگەڵ تورکدا تێک نەچووبوو بۆیە ناوی نەهێناون.) سمکۆ بە هۆی ئەوەی کە شوێنەکەی لەسەر سنووردا بووە بۆیە توانیبووی خۆی ڕابگرێت. ماوەیەک لە ڕوسیا حەپس بووە لە شاری (تفلیس) بەڵام توانی خۆی ئازاد بکات. بۆ ماوەیەک ئەرمەنی و ئاسورییەکان توانییان لە شوێنەکەی خۆی دەری بکەن بەڵام تا سەر نەبوو. حکایەتێک ئەگێڕنەوە دەربارەی سمکۆ کە ساتێک ویستبوویان بیگرن و چووبوونە سەری لەماڵەوە سمکۆ دەستبەجێ بە چنگ هەندێ ئاڵتون بەملاولادا فڕێ ئەدا و ئەوانەی بۆ گرتن چووبوون خەریکی کۆکردنەوەی ئەو ئاڵتوونانە بوون، سمکۆ بە هەلی زانی و بازی دایە سەر ئەسپەکەی و خۆی دەرباز کرد.

بۆ یەکەم جار لە دۆڵی دوونە (DOONE VALLEY) چاوم پێ کەوت لە قەڵایەکی سەختدا بوو بە شوێنێکی بەردەڵانیەوە، ڕۆژی کریسمس بوو دوو کەس بووین نانی ئێوارەمان لا خوارد. سمکۆ لە دیمەن و شێوەدا مرۆڤێکی کارامە و لێهاتوو دێتە پێش چاو و تەمەنی (٣٥) ساڵە و باڵاکەی مامناوەندییە کە زۆربەی عەشایرەکەی باڵابەرزن.

لەڕۆیشتندا زۆر گورج و گۆڵ و تیژڕەوە و دوو چاوی سەیری پێوەیە و مرۆڤێکی خۆشمەشرەبە و کابرایەکی بزێوە و بێدەنگ دانانیشتێت و پیاوێکی چاوقایمە و لە هیچ شتێک سڵ ناکاتەوە و ئامادەیە هەرچی بە بیردا بێت بیکا و خۆی ئەهاوێتە هەموو گێژاوێکەوە.

شانبەشانی ئەوەی چەکهەڵگر و زیرەک و وریایە و بەپێی ڕۆژ سیاسەتی خۆی ئەگۆڕێ. (PADOCK)ی قونسوڵ و تاقمەکەی هەفتەیەک لای سکۆ بوون و لە قسەکانیدا دەرئەکەوێ کە سمکۆ هەمیشە لە بیرکردنەوەی تۆڵەسەندنەوەدایە لەوانەی کە براکەیان کوشتبوو و بە هەموو جۆرێک دژی شایە و ئەوانیش زۆر لێی پڕن و ڕقیان لێیەتی.

لە گفتوگۆیەکدا سمکۆ ڕوویکردە چیاکان و وتی: فریای میللەتی کورد بکەون کە لەو شاخانەدا لەبرساندا ناچار بوون گیا ئەخۆن.

داوای لە هەر سێ دەوڵەتە گەورەکە ئەکرد کە ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمریکایە یارمەتی کورد بدەن و ئەڵێ: من چی بکەم بۆ ئەوەی دەنگم بگەیەنمە پاریس بۆ ئەوەی فریای کورد بکەون. بۆ ئەوەی یارمەتی کورد بدەن. تۆ لەجیاتی ئێمە دەنگمان بگەیەنە بەو وڵاتانە و داوای ناردنی خواردنیان لێ بکە بۆ ئەم میللەتە برسییە. پێویستمان بە قوتابخانە هەیە، پێویستمان بە هەموو شتێک هەیە کە کورد بەرەو شارستانێتی بگەیەنێت. من بڕوام بە ڕوس و تورک و ئێران نییە و هەموو درۆزنن و ڕاستگۆ نین، ئێوەن کە هیوای ئەوەتان تیادا بێت کە یارمەتی کورد بدەن.

دەربارەی سمکۆ و بەناوبانگبوونی، ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٨٦)ی کتێبەکەیدا وتویەتی:(٣٨) "سمکۆ یەکێک بووە لە پیاوە ناودار و گرنگەکانی کوردستانی ئێران. (ولید حمدی الاعظمی بە هەڵە وتویەتی سمکۆ کوڕی جعفر ئاغا بووە کە لەوەدا هەمان هەڵەی حاج مهدی قلی (مخبر السلطنە)ی کردووە لە کتێبەکەیدا بە ناوی خاطرات و خطرات.)

ولید وتویەتی: حکومەتی فارس و بریتانیا لە ساڵی ١٩١٨دا سمکۆیان بە تاوانی کوشتنی بتریارکی نەستورییەکان (ئاسوری) تاوانبار کرد لە ناوچەی ورمیە (مەبەستی کوشتنی مارشمعون بووە.)

سمکۆ بێجگە لەناو کوردستانی ئێران، لە کوردستانی تورکیا و عێراقیشدا زۆر بەناوبانگ بووە. لە ساڵی ١٩٢١دا توانی حکومەتێکی کوردی دروست بکات لە

ئێراندا (ئەویش وەکو دوکتۆر شەمزین باسی هیچ سەرچاوە و بڵاوکراوەیەکی نەکردووە لەو ڕووەوە.) لەو ناوچانەی کە ئەکەوێتە نێوانی گۆلی (ورمیە) و ڕووباری جاکانوو (کە بێگومان مەبەستی ڕووباری جەغەتوو بووە.) و، سمکۆ لە پایتەختی مەهابادا ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بە ناوی (کوردستان)ەوە و ڕۆژنامەکەی بوو بە ئۆرگانی حکومەتەکەی کوردستانی سەربەخۆ، بەڵام حکومەتی ئێران بڕیاری لەناوبردنی هەموو جۆرە حکومەتێکی کوردی دابوو."

ولید حمدی دووبارە هەر بە هەڵەدا چووە کە وتویەتی: ڕۆژنامەی کوردستانی لە پایتەختەکەیدا کە مەهاباد بووە دەرکردووە، چونکە هەروەکو لە باسی چالاکیی ڕۆشنبیری سمکۆدا بەدوورودرێژی باسی ئەکەین ئەو ڕۆژنامەیە ناوی (کورد) بوو نەک کوردستان و لە سابڵاغیش دەرنەچووە بەڵکو لە (ورمیە) دەرچووە.

ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٩١)ی کتێبەکەیدا باسی دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-3858) و ڕۆژی ١٩١٩/١/٣١ی کردووە کە ڕاپۆرتێکی تیادا باسکراوە کە لە تارانەوە نێرراوە و وتویەتی: "سمکۆ بەهاوکاریی سید طه، لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩١٩دا توانی هەموو ناوچەکانی دەشتی ورمیە بگرێت کە چەند شوێنێکی ئەرمەنییەکانیشی ئەگرتەوە لە ناوچەی (قرغیز) و (سەلماس)دا بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنێت کە لەوەدا عەشایرەکانی ناوچەی سابڵاغ لایەنگری سمکۆ بوون."

هەروەها لە دۆکیومێنتێکی تردا (کە ئەمە و ئەوەی پێشوو دۆکیومێنتی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیان لە لندن.) کە ژمارەکەی (F.O.371-3860) و ڕۆژی ١٩١٩/٤/٦دا ڕاپۆرتێکی سیر برسی کوکسی تیادایە کە وتویەتی: "ساتێک دەرکەوت کە بریتانیا نەخشەیەکی داناوە بۆ ئەوەی کوردستانی ترکیا بخرێتە سەر عێراق (لام وایە ئەبووایە تەرجەمەکەی وا بووایە کە کوردستانی عێراق بخرێتە سەر کوردستانی تورکیا چونکە بەپێی مادەکانی پەیمانی سیڤر بڕیار وابووە کە لەپێشدا حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی تورکیادا دروست بکرێ و لەدوای ساڵێک ئەگەر دانیشتوانی خوارووی کوردستان ویستیان بچنە سەر ئەو حکومەتە و عصبە الامم بۆی دەرکەوت کە ئەتوانن کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوە ئەبێ بەپێی ئەوە ڕێگەیان لێ نەگیرێت.)

ولید حمدی الاعظمی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "نوێنەری کورد لە

پاریس کە شەریف پاشا بوو تەلگرافێکی ناردبوو بۆ (نامق بەگ) لە موصل و ئاگاداری ئەوەی کردبوو، هەروەها داوای لە محمود پاشای جافیش کردبوو کە بیر و رای کوردەکانی لای خۆیان وەربگرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا لایان باشە کە بچنە ژێر دەسەلاتی ئێرانەوە، چونکە لای وایە لە رووی نەتەوایەتی و ئاینیەوە بۆ ئەوان وا باشترە کە بچنە سەر ئێران نەک عێراق و شەریف پاشا بۆ ئەوە داوای کردبوو بەپەلە ئەو وەرامە بنێرێت بۆ کۆنگرەی سیڤر.)

بەلای منەوە تۆزێک لە تەرجەمەی ئەو دوکیومێنتە بەگومانم، چونکە محمود پاشای جاف و عەشایری جاف لە خوارووی کوردستاندا ژیاون و ئەوێیان بە خاک و وڵاتی خۆیان داناوە و پێوەندییان لەگەڵ کوردی خوارووی کوردستاندا کە مەزهەبی هەردوو لایان (سوننی) بووە زۆر بەهێزتر بووە لە پێوەندیی محمود پاشا و عەشایری جاف لەگەڵ حکومەتی ئێراندا کە هەر لە زەمانی سوڵتان مورادی عوسمانیەوە ئێرانیان بەجێهێشتبوو لە خوارووی کوردستاندا نیشتەجێ بوون و یەکێک بوون لە هەرە عەشایرە گەورە و ناودارەکانی خوارووی کوردستان کە ئەوانە بە (ئێلی مرادی) ناسراون. جگە لەوە شەریف پاشای خەندانیش (خەڵکی سلێمانی بووە.) کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو چالاکییەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە هەموو کوردستانی خواروو ئازاد بێ و حکومەتێکی کوردی تیا دروست ببێت و شێخ مەحمود لەکاتی خۆیدا بەرلەوەی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا لە ساڵی ١٩١٩ بە بریندارى بگیرێ و ئاوارە بکرێت بۆ هندستان مەزبەتەی بە سەرۆک کوردەکان کردبوو و، کە بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانیش ئەو مەزبەتەیان مۆر کردبوو و بە هەموویان شەریف پاشای خەندانیان کردبوو بە نوێنەری خۆیان، ئیتر بڕوا ناکەم پێشنیازی شەریف پاشا لەوەدا بووبێت کە داوا لە مەحمود پاشا بکا بیروڕای وەربگرێ بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ئێران و هیچ گومانیشم لەوەدا نییە ئەگەر شتی واش بووبێت و داوا لە مەحمود پاشا کرابێت، بە هیچ جۆرێک لەسەر ئەوە نەبوو کە لە خوارووی کوردستان جیا بکرێتەوە و بخرێتە سەر ئێران.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (١٧)ی نامیلکەکەیدا دەربارەی سمکۆ وتویەتی:[٤٤] "سمکۆ خوشکی سید طەی هێنابوو و، لەبەرئەوەی سەید طە بە هۆی تەریقەتی نەقشبەندییەوە پێوەنیی لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا هەبوو ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە پێوەندیی سمکۆش لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا بەهێز بێت. ساتێک

شەڕی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا و ڕوسی قەیسەری هێزەکەی هێنایە ئێرانەوە، بەڕووکەش وای نیشان ئەدا کە بۆ لایەنگرێتی حکومەتی ئێران هاتبووە ناو خاکی ئێرانەوە.

هەواڵی ژنهێنانی سمکۆ و پەیداکردنی خزمایەتی لەگەڵ سەید طەدا لەلایەن (گراندوک یوریس فتو دورویچ) کە حاکمی قەفقاس بوو وا لێک درایەوە کە ئەو ژنهێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لە تورکەکان نزیک ببێتەوە و دوور نییە ببێتە هۆی ئەوەی کورد لە ئەڵمان و ئینگلیزیش نزیک ببێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە گراندوک لە قەفقاسەوە هاتە رضائیە و ئیسماعیل ئاغاش هەروەکو ئەو خەڵکە چوو بەپیریەوە و بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەپێشەوە گراندوک دابووی، سمکۆ و چەند کەسێکی تر لەگەڵیا گیران و نێرران بۆ تفلیس و لەوێوە نێرران بۆ (سیبریا). (لام وایە بێجگە لەوەی کاک ئەحمەدی شەریفی هیچ کەسی تر باسی ئاوارەبوونی سمکۆی نەکردووە بۆ سیبریا و نووسەرانی سۆڤیەت لەوانەی کە هەموو بایەخێکی زۆریان داوە بە کورد و بە سمکۆ هیچیان باسی شتی وایان نەکردووە و کاک ئەحمەدی شەریفی خۆی باسی هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی نەکردووە لەو ڕووەوە.)، و کاک ئەحمەد ئەڵێ: لەدوای ئەوانیش بە چەند ڕۆژێک سەید طە هەروەکو ئەوانی بەسەردا هات و سمکۆ و سەید طە لە زیندانی سیبریادا لە ڕێگای (ئاتاربیگوف)ەوە کە یەکێک بوو لە بۆلشەویکەکانی ئەرمەنستان پێوەندییان لەگەڵ بۆلشەویکەکانی قرغیزستان و ئەرمەنستان دەکرد و سمکۆ و سەید طە هەتا کۆتایی شەڕی جیهانی لە زیندانەکانی ڕوسیادا مانەوە.

لەدوای شەڕ کە زیندانییەکانی ڕوس بەردران، سمکۆ گەڕایەوە بۆ (چهریق ـ چاری) و تاقمێکی لە خۆی کۆکردەوە کە هەندێ چەک و جبەخانەی لەو لەشکرەی ڕوسیش دەست کەوت کە لەو ناوچانەدا بوون بە سەرکردایەتی (باراتۆف).

بێجگە لەوە (ناجی بەگ) کە یەکێک بوو لە کوردەکانی تورکیا ئەویش هەندێ چەکی بۆ ناردبوو، جگە لەوەش ناجی بەگ داوای لە عەلی ئیحسان پاشا کردبوو کە یەکێک بوو لە ئینقلابییەکانی کورد کە چەک و جبەخانە بنێرێت بۆ سمکۆ، ئەویش لە ڕێگەی سوارەکانی بابکر ئاغای (هەرتووش)ەوە کە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بوو بەپێی توانا چەک و جبەخانە بۆ نارد.

دەربارەی سمکۆ، سروان احمد کاویان پوور لە کتێبەکەیدا (تاریخ رضائیە)

دەربارەی سمکۆ وتویەتی:(٥٠)

لە لاپەڕە (١٥٥)دا نووسەر ئەڵێ: سمکۆ کێیە؟

سمکۆ سەرکردەی ئێلی شوکاک بووە کە هێزێکی زۆری هەبووە و هەرای لەگەڵ ئاسورییەکاندا کرد و مارشمعونی کوشت بەو هێزەی کە هەیبوو (چهریق)ی داگیرکرد بەڵام لەدواییدا شکا و ڕایکرد.

ساتێک عوسمانییەکان هاتنە ئازربایجانەوە کە لەو ناوچانەدا ئاسورییەکان لە ورمیە و هەندێ شوێنی تردا نیشتەجێ بووبوون، سمکۆ لەو شەڕانەی لەو ناوچانەدا ڕوویاندا خۆی بێلایەن گرتبوو، خۆی تووشی ئەو شەڕانە نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی ڕێکەوت و هەلێکی ئەکرد کە مەبەستەکانی خۆی بێنێتە دی و هێز و چەکێکی زۆری دەستگیر بوو.

کورد هەر کاتێک فرسەتێکی بۆ هەڵکەوێ یاخی ئەبێت، برای سمکۆ (مەبەستی جعفر ئاغا بووە.) و محمد ئاغای باوکیان هەر یەکەیان لەکاتی خۆیدا سەرپێچیان کرد دژی حکومەت و ئاژاوەیان ناوەتەوە، بەڵام سمکۆ لەو ڕۆژانەدا خودموختاریی بۆ کوردستان ئەویست و بۆ سەرگرتنی ئەو ئامانجەی خۆی کۆ کردبووەوە و دەنگ وا بڵاو بووە کە بێگانەش دەستی هەبوو لە هاندانی سمکۆدا، چونکە ئەو بێگانانە لایان وابوو ئەو ئاشووب و هەرایەی ئەوان ئەیانویست ڕوو بدات بە کریستیانەکان نەدەکرا، بۆیە ئەوەیان لە سمکۆدا ئەبینی، هەرچەند بۆ ئەو شائعاتە هیچ بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نییە بەڵام ڕق و دوژمنایەتی عوسمانی هەموو شتێکی لێ ئەوەشایەوە و گەلێک کەس ئەو بۆچوونەیان پەسەند ئەکرد (مەبەستی ئەوە بووە عوسمانییەکان سمکۆیان هاندابوو.) لەدوای ئەوەی عوسمانییەکان هێزەکانیان لە ئازربایجان کێشایەوە، تاقمێک سەرباز و چەند تۆپچییەک لەگەڵ سوپاکەی عوسمانیدا لای سمکۆ مانەوە و نەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و بوون بە هاوکاری سمکۆ کە یەکێک لەوانەی بوو بە هاوکاری سمکۆ سەید طە بوو کە لە نەوەی شێخ عبیداللە بوو.

سروان کاویان پوور ئەڵێ: ئیمڕۆ سمکۆ بۆ ئازادیی کوردستان هەوڵ ئەدا... ئایا قانونی ئەساسی دەربارەی کوردستان ئامادە ئەکا؟ و ئایا سمکۆ بۆ ئەوە تێدەکۆشێت ئەو ناکۆکییەی لەناو کوردەکاندا هەیە نەیهێڵێ؟ نەخێر ئەمانە هیچیان ناکا... ئەی کەواتە چی ئەوێ؟ پەلاماری ئاواییەکان ئەدا و کێڵگەکان تاڵان ئەکا بە

نامە داوای پووڵ و پارە ئەکا لە (لکستان) و خەڵکی دوودەس بە ناڵەی سەلماس و دەورویشتی ئەڕوتێنێتەوە و داوای سەرانەیان لێ ئەکا کە لەو ناوچانەدا هەندێ کریستانیش تووشی زیانی گیانی و ماڵی بوون لەوانەی کە ئەیانەوێ لە خاک و ماڵی خۆیاندا بەئاسایشی گوزەران بکەن. ئایا مانای ئازادیی کوردستان ئەمەیە کە سیاسەتمەدارانی بێگانە ئەیانەوێ؟ پاش ئەوەی عوسمانییەکان ڕۆیشتن (حاج شهاب الدولە) حوکمدارێتی ورمیەی گرتە دەست بەڵام ئەو کارەی بۆ هەڵندەسوورا بە هۆی دەستدرێژیکردنی کوردەکانەوە کە لە دانیشتن و دەست بە ئەژنۆ گرتن بەولاوە هیچی تری بۆ نەمابووەوە.

لە مانگی بەهمەن (ڕێبەندان)ی ساڵی ١٢٩٧دا سەردار فاتح لە تەورێزەوە بۆ حوکمداری ورمیە نێررا و سردار فاتح بیری لەوە کردبووەوە کە بە جۆرێکی تر ڕەفتار لەگەڵ کورددا بکا و ئاسایش بۆ ناوچەکە ساز بکا، بەڵام سمکۆ تا ئەهات زۆرتر دەستدرێژی ئەکرد، بەو جۆرە (سەلماس) و (ورمیە) جارێکی تر تووشی نائارامیی بوونەوە و هەر ڕۆژەی تەلگرافێک لەلایەن خەڵکی دوودەس بەناڵەوە ئەنێررا و داوای یارمەتیان ئەکرد بۆ تەورێز.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٣٦)ی کتێبەکەیدا بە ناوی (درەوشانەوەی سمکۆ)وە وتویەتی:[١٩] لەدوای مردنی محمد ئاغای سەرۆکی تایەفەی عەبدویی و سەرخێڵی شوکاک، ئیتر ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ)ی کوڕی ناسراوترین و بەهێزترین کەسی ناو ئێلی شوکاک بووە. شوکاک لەدوای کوشتنی جعفر ئاغا ئیتر ڕاو و ڕووت و پەلاماردانیان بۆ سەر عەجەم کردبوو بە پیشە، لەبەر ئەوە ژمارەیکی زۆر پیاوی ئازا و جەربەزە لە سمکۆ کۆبوونەوە ناکۆکیی کۆنی نێوانی کورد و ئازەری بە میرات بۆ سمکۆ مابووەوە و ئەویش بەو کردەوانەی کە ئەینواندن ئەو ناکۆکییەی توندوتیژ کرد و تەقاندیەوە، لەبەر ئەوە لەناو ئێراندا بۆ سەرگرتنی تەقەلا سیاسییەکانی دۆستێکی وای نەبوو، بەڵکو لەلایەن هەمووانەوە دوژمنایەتی لەگەڵدا ئەکرا و بە خراپە ناویان ئەهێنا و لەسەریان ئەنووسی. ناوچەی ورمیە لەکۆنەوە کە مەیدانی ململانێ و ناکۆکی دوژمنانەی کورد (سوننی) و عەجەمی (شیعە) بوو، بەو هۆیەوە پشێوییەکی بەردەوامی تیادا بوو، هاتنی یەکەمی عوسمانی و پەلاماردانی ناوچەکە لەلایەن عوسمانیەوە پەشێوەییەکەی زۆرتر کرد و، لەدوای ئەوەش هاتنی ڕوس و دەرکردنی عوسمانی ئەوەندەی تر بارەکەی ئاڵۆزکرد و هەڵگیرسانی جەنگی

یەکەم و لەشکرکێشیی ئوردوی عوسمانی و کشانەوەی ڕوس و دووبارە لەشکرکێشیی بەرفراوانی ڕوس و هاتنی چەتە ئەرمەنییەکان و داگیرکردنی ناوچەکە وای کرد کە هەندێ ئاسووری لە ناوچەی (هەکاری)یەوە کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوانە و لەدوای ئەوە کشانەوەی یەکجاریی ڕوس لەدوای شۆڕشی ئوکتوبەر و ئەم هەموو ڕووداوە یەک لەدوای یەکانە کە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ڕووی دابوو هەل و مەرجی ناوچەکەی بردبوو بەرەو قۆناغێکی تراجیدییەوە.

سمکۆ بە هۆی مێژووی دووروودرێژی بنەماڵەکەوە و بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی کە لەناو هۆزەکەی و مەڵبەندەکەیدا هەیبوو، مرۆڤێکی ناسراو بوو لەناو کوردەواریدا و پێوەندیی لەگەڵ زۆر سەرۆکهۆز و گەلێک لای تردا هەبوو.

پێش هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی سمکۆ لەگەڵ عبدالرزاق بەگی بەدرخاندا هاوکار و هاوبیر بوو، عبدالرزاق بدرخان ئەو پرۆژە گەورەیەی دانابوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و دامەزراندنی حوکەمتێکی کوردستانی سەربەخۆ پشتی لەوەدا بە سمکۆ ئەستوور بوو، هەر بە هاوکاریی سمکۆش کۆمەڵەی (جیهانداندان)ی دامەزراندبوو کە یەکەم فێرگەی خوێندەواریشی لە (خۆی) کردەوە.

سمکۆ کچێکی شێخ محمد صدیقی هێنا بوو (باوکی سید طە) کە سید طەی ژنبرای یەکێک بوو لە کوردە سیاسی و دەسەڵاتدارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە و سەردارێکی دەستڕۆیوی ناوچەی هەکاری بوو و لەدوای ئینقلابی عوسمانی (مەبەستی مەشروتیەی تورکیا بووە کە لە ساڵی ١٩٠٨دا بووە.) سید طە لە مەجەلیسی مەبعوساتی عوسمانیدا بوو بە نوێنەری ویلایەتی هەکاری کە بەو خزمایەتیە هاوکاریی نێوانی بنەماڵەی شەمزینی و سمکۆی شوکاک پتەوتر بوو.

لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ بە نزیکی (٣)هەزار چەکداریەوە لە نزیک (خۆی) هاوکاری تورکەکان بوو بۆ بەرهەڵستیی سوپای ڕوس (کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە بریتیە لە کتێبی زیندگی سیاسی قوام السلطنه، چاپی تاران ١٣٦٦، نووسینی جعفر مهدی نیا، کە ئەمە لەگەڵ ئەو باسانەدا یەک ناگرێتەوە کە وتراوە سمکۆ لە شەڕی جیهانیدا خۆی بە بێلایەن هێشتەوە و خۆی نەئالاندە ئەو شەڕەوە.)

لەئەنجامی ئەمەدا ڕوس بۆ چەند مانگێک ناوچەکەی چۆڵ کرد و کەوتە دەست عوسمانیەوە بەڵام زۆری نەبرد سوپای ڕوس ئوردوی تورکی لە ناوچەکەدا ڕاماڵی و

ئیتر دوای ئەوە سمکۆ خۆی هەڵنەقورتان لە ڕووداوەکانی دوای ئەوە، بەڵام کاربەدەستانی ڕوس لەسەرەتادا سمکۆ و سید طه و چەند کوردێکی تریان دوورخستەوە بۆ قەفقاس و لەپاش ماوەیەک ئەوسا ڕێگەیان پێ درا کە بگەڕێنەوە بۆ (خۆی).

بەر لە شەڕی ئوکتوبەری ڕوس، سید طه و سمکۆ و چەند کەسێکی تر کۆمەڵی (استخلاصی کوردستان)یان دروست کردبوو و داوایان لە کاربەدەستانی ڕوس کردبوو کە گفتوگۆ بکەن دەربارەی هاوکاریکردنی کورد و ڕوس دژی تورک بەو مەرجەی پشتیوانی لە ئامانجەکانی کورد بکەن.

سمکۆ وەکو یەکێکی ناودار و بەدەسەڵات و، ناوچەکە (ورمیە) وەکو شوێنێکی ناوەندی گرنگ لە ڕووی کاری دیپلوماسی و پڕۆپاگاندەی مسیونێرەکان، هەر لەزووەوە بووبوون بە جێگەی ناسیاوی و هاتوچۆی ئەو و (مەبەست سمکۆیە) گەلێک دیپلوماسی و پیاوی ئاینی.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٤٠)دا دەربارەی ئامانجی سیاسی سمکۆ وتویەتی: "لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم مەسەلەی کورد چووبووە قۆناغێکی گرنگەوە، دەوڵەتە براوەکان لەشەڕدا نەیانوسیت ڕێکەوتنە نەهێنییەکانی سەردەمی جەنگ بەگوێرەی ترازووی هێزەکانی خۆیان لەدوای جەنگ جێبەجێ بکەن و گەلانی ژێردەستیش نەیانویست هاوپەیمانەکان بەڵێنەکانی کاتی جەنگ بەتایبەتی دەربارەی ئازادیی مافی بڕیاردانی چارەنووس جێبەجێ بکرێ.

لەدوای ڕاگرتنی جەنگ ئێران هەوڵی ئەدا کە بریتانیا ڕازی بکا بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێران بکا بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی لەسەر حسابی دەوڵەتی تێکشکاوی عوسمانی و داوای ئەکرد بەشێکی گەورەی کوردستانی تورکیا بخرێتە سەر ئێران.

لە کوردستانی ئێراندا چالاکییەکی سیاسی فراوان نەبوو، بەتایبەتی لە ئوستانەکانی کوردستان (سنە) و کرماشان و ئیلام و سمکۆ ناسراوترین شەخسیەتێکی کوردی ئێران بوو. سمکۆ چی ئەویست؟ داخوازییە سیاسییەکانی چی بوو؟

سمکۆ ڕێکخراوێکی سیاسیی نەبوو، هەروەها کۆمیتەیەکی سیاسیشی پێکەوە نەنابوو کە بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون و دیارکراوی هەبێت. ڕێکخراوەکانی

(جیهاندانی)ی پێش جەنگ و جمعیتی استخلاصی کوردستانی ساڵانی جەنگ نەمابوون، خۆی سەرکردەی جووڵانەوەکە و دانەری نەخشە و بەرنامەکان بوو ئامانجی سمکۆ لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ ئینگلیز و لەو پەیامەدا کە بۆ یەکێتیی سۆڤیێتی ناردبوو و داوای پشتیوانیی لێ ئەکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی شتێکی ڕوون و ئاشکرایە.

نووسەر لەو باسەدا پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی احمدی کسروی (تاریخ مشروطەء ایران) کە کسروی لەبارەی ئامانجە سیاسییەکانی سمکۆوە وتویەتی: "سمکۆ لەم سەردەمەدا سەربەخۆیی (استقلال)ی بۆ کوردستان ئەویست و لەپێناوی سەرگرتنی ئەو ئامانجەدا کەوتبووە خۆئامادەکردن. بڵاوبوونەوەی ئەوروپاییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا گەلێک تۆوی ئاشووبیان نابووەوە کە یەکێک لەوانە تۆوی ئارەزووکردنی سەربەخۆیی بوو کە کەڵکەڵەی چووبووە مێشکی هەندێ کەسەوە.

ئەوانەی ئەو تۆوەیان بڵاو دەکردەوە ساڵەهابوو گەڕۆک و کارگوزارەکانیان لە هاتوچۆی ناوچەکانی کورد و ئەرمەنی و تورکمان و ئاسوری بەختیاری و هەندێ شوێنی تر ئەو تۆوەیان بڵاو کردبووەوە کە کوردیش چەند ساڵێک بوو ئەو قسانەی بەر گوێچکە کەوتبوو و هەندێکیان دوای ئەو خەیاڵە خاوە کەوتبوون. ئیمڕۆ سمکۆ ئەیەوێ ئەو ئارەزووە بهێنێتە دی و ئەیویست پێڕەوی ئازادیخوازانی تورک (ژون تورک) بکا کە ئەمە وای لە هەندێک لە سەرکردەکانی کوردیش کردبوو ئەوانیش دەستەیەک بە ناوی (ژون کورد)ەوە جۆرە تێکۆشانێک بکەن کە دەنگ وا بڵاوبوو مستر (داد)ی ئەمریکایی سمکۆی خستبووە سەر ئەو سەودایە. مستر دادا لەگەڵ ئەمریکاییەکانی تر و لەگەڵ ئاسورییەکان لە (ورمیە)وە کۆچی کردبوو چووبوو بۆ هەمدان، کە گەڕایەوە بۆ تەورێز لەوێوە چووبوو بۆ ورمیە و دەنگ وا بوو کە چەند جارێکیش چووبوو بۆ بینینی سمکۆ، ئەم قسەیە ئەگەر بەڵگەشی نەبووبێت بەڵام لەگەڵ ئەو بەدخوازی و ڕق و کینەی کە لە مسیونێرەکانی ئەبینرا یەکی دەگرتەوە و زۆر کەس ئەوەیان بە ڕاست ئەزانی و ئەیانوت کە ئەمریکاییەکان ساتێک هیوایان لەوە بڕرا کە لە ڕێگەی ئاسورییەکانەوە ئەوە جێبەجێ بکەن، ئیتر هەوڵیاندا ئەو کارە لە ڕێگەی کوردەکانەوە جێبەجێ بکەن (کە کاک ئەحمەدی شەریفیش لە باسەکەیدا ئەمەی وەرگرتووە.)

کە عوسمانییەکان لە ئێران کشانەوە هەندێ لە سوپایی و تۆپچییەکانی

که عوسمانییەکان لە ئێران کشانەوە هەندێ لە سوپایی و تۆپچییەکانی عوسمانی کە چەند سەد کەسێک ئەبوون نەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و بەو تۆپ و تفەنگانەوە کە پێیان بوو چوون بۆ (چهریق) و چوونە ژێر سایەی (سمکۆ)وە کە بەمە ناوبانگ و دەسەڵاتی سمکۆ زۆرتر بەهێز بوو و یەکێک لە هاوکارەکانی سمکۆ سید طە بوو کە لە نەوەی شێخ عبیداللە بوو و بنەماڵەکەیان لە کوردستاندا بەناوبانگ بووە و سید طە خۆشی پیاوێکی لێهاتوو بوو.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٤١)دا ڕەخنەی خۆی بەرامبەر بەو هەڵسەنگاندنەی کسروی بەم جۆرە باسکردووە: "نووسەرێکی مەزنی ئێران ئا بەو جۆرە ئامانجی نەتەوەی کوردی هەڵسەنگاندووە و ئارەزووی سەربەخۆیی لەناو کورددا بە تۆوی گەڕیدە ئەورووپاییەکان دائەنێ کە هەر کسروی خۆی باسی مەلا و بازرگان و پیشەوەرەکانی تاران ئەگێڕێتەوە کە چۆن چووبوونە ناو سەفارەتی بریتانیاوە و ئەوانەی تەورێزیش چووبوونە کۆنسوڵخانەی ئینگلیز و لە ترسی کاربەدەستانی ئێران لەوێ بەستنشین بوون کە جاران بەست هەر لە بارەگای پیاوە ئاینیە پیرۆزەکاندا ئەکرا و ئەو ڕۆژانە بریتانیا گەورەترین دەوڵەتی ئیستعماری دنیا بوو کەچی ئەلقاب و ناوی شیرینی بەسەردا دابەش کردوون. ئەو موجاهیدانەی بە ئازادیخواز داناوە کە پەنایان بردبووە بەر ئەو دەوڵەتە ئیستعمارییە و جگە لەوە هەندێ لەو مەشروتخوازانەی وەکو ستارخان و باقرخان کە پەنایان بردبووە بەر شابەندەرخانەی عوسمانی و ئەوانەی پەنایان بردبوو بەر خاکی عوسمانی و داوای پشتیوانی و یارمەتیدانیان لێ ئەکردن لەگەڵ ئوردووەکەی تورکدا گەڕانەوە کەچی ئەگەر کورد پەنای بۆ جێگەیەکی وا بردبێت بە جەردە و پیاوکوژی داناون.

لەڕاستیدا بێجگە لەوەی کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم وتویەتی شتێکی زۆر ئاشکرا سەرنجی خوێنەر ڕائەکێشێت دەربارەی ئەوەی کە گوایا مستر (داد)ی ئەمریکایی کوردەکانی هانداوە و چاوی بە سمکۆ کەوتووە، چونکە مستر داد کە ئاگاداری ئەوە بووە ئاسورییەکان بە هۆی سمکۆوە ئاوارەکرابوون و مارشمعونی کوشتبوو و لەگەڵ ئاوارەکانی ئاسوریدا چوو بووە هەمەدان، ئیتر چۆن و بۆچی ئەو تەقەلایە بدا لەگەڵ سمکۆدا کە مستر داد سوور زانیوێتی هەستێکی ئاینی وای کردبوو کە مسیونێرەکانی هەمیشە لایەنگری کریستیانەکانی ئەو ناوچانە بن و دژی هەموو هێزێکی تر بوون کە دژی ئەو کریستیانانە ڕەفتاری کردبێت.

## دووهەم: تەقەلای ئێران بۆ کوشتنی سمکۆ بە بۆمبا

سمکۆ وەکو مرۆڤێکی هەڵکەوتووی ئازا و چاونەترس، لەپاش کوشتنی جەعفەر ئاغای برای و مردنی محمد ئاغای باوکی ئیتر هەروەکو چقڵێک وابوو لەناو چاوی کاربەدەستانی ئێراندا و لەسەرەتادا حکومەتی ئێران بۆی دەرکەوتبوو کە لەو ڕۆژانەدا ئەو هێز و دەسەڵاتەی نەبوو بە شەڕ سمکۆ لەناو بەرێت، لەبەر ئەوە بەشێنەیی بیریان لە سازکردنی پیلانێک کردەوە بۆ لەناوبردنی و بەنەهێنی خەریکی بەجێهێنانی ئەو پلانە بوون و بە سەرزاری و بەڕوواڵەتیش دوژمنایەتی خۆیان بەرامبەری ئاشکرا نەکردبوو پلانی کوشتنی سمکۆ لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە وەکو سەرچاوەکان باسیان کردووە بریتی بوو لە ناردنی دیارییەک کە بریتی بووە لە سندوقێک (قوتوویەک)ی شیرینی کە لەناویا بۆمبایەک (نارنجۆک)یان دانابوو بۆ ئەوەی لەکاتی کردنەوەی سندوقەکەدا سمکۆ بکوژێت.

دەربارەی ئەو تەقەلایەی کاربەدەستانی ئێران چەند نووسەرێک باسیان کردووە کە یەکێک لەوانە نووسەری کتێبی (کورد و عەجەم)ە کە لە لاپەڕە (٣٤٥)دا ئەو باسەی لە احمدی کسرەوییەوە وەرگرتووە کە کسروی ڕووداوەکەی بەم جۆرە گێڕانەوەتەوە: "مکرم الملک، نایب الایالە لەبەر ئەوەی سوپایەکی لەبەردەستدا نەبوو کە بینێرێتە سەر کوردەکان، بەناچاری بیری لە دۆزینەوەی چارەیەکی تر کردەوە ئەویش ئەوە بوو کە بۆمبایەک بۆ ئیسماعیل ئاغا بنێرێت و لەناوی ببا. ساڵی ١٢٨٧ لە کاتی جەنگەکانی تەورێزدا (حیدر عمو ئوغلی) و کەسانێکی تر لە ئازادیخوازانی ئەم شارە بۆ کوشتنی (شجاع نظام) بیریان کردەوە و قوتوویەکی شیرینییان بە ناوی ئەمانەتەوە بە پۆستەدا بۆ نارد و کوشتیان. مکرم الملکیش دەیویست هەمان شت لەگەڵ سمکۆدا تاقی بکاتەوە.

بۆ سەرگرتنی ئەو کارەش هاوبیر و هاوکارەکانی بەنەهێنی بریتی بوون لە ئەرمەنییەکان و بۆمباکەش ئەوان دروستیان کردبوو و مکرم الملک ناردی بۆ خۆی. لەبەر ئەوەی خەسووی ئیسماعیل ئاغا لە گوندێکی خۆیدا دائەنیشت بەو ناوەوەی کە ئەوە قوتووی شیرینییە و ئەو ژنە بۆ زاوا و نەوەکەی خۆی ناردووە، ناردی بۆ ئیسماعیل ئاغا لە چهریق.

بەڵام سمکۆ لە شجاع نظام هۆشیارتر بوو، خۆی دەرباز کرد.

لە زمانی ئەوەوە وا ئەگێڕنەوە کە وتویەتی: کە قوتووەکەیان هێنا کوڕەکەم بە ناوی ئەوە کە ئەمە شیرینییە و نەنکی بۆی ناردووە پێی لەسەر کردنەوەی داگرت، من

داستانی شجاع نظامم بیر کەوتەوە و بەدگومان بووم و هۆشیار بوومەوە. لەبەر ئەوەی لەسەر چیمەن دانیشتبووم وتم: لەوێ بیکەنەوە، هەر کە نەخشەکەیان دری و ڕۆشناییەکەی کەمێ دەرکەوت من فرسەتم نەدا و بە پێ تێم هەڵدا و هاویشتم بۆ دوور و باوەشم بە کورەکەمدا کرد و خۆم لەسەر سەوزاییەکە درێژ کرد و بۆمباکە چەند هەنگاوێک دوور لە ئێمە تەقیەوە.

کسروی ئەڵێ: "بەو بۆمبایە عەلی ئاغای برای و چەند کوردێکی کوشت کە ئەمە بەهانەیەکی تری دایە دەستی سمکۆ."

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "کاتی خۆی لە ساڵی ١٢٨٤دا (ساڵێک پێش مەشروتیە) نظام السلطنە تەئمینی دابوو بە جەعفەر ئاغای براگەورەی سمکۆ و بە سوێند و قورئان هێنابوویە تەورێز و خۆی و دوو کەسی لە هاورێکانی کوشت و ئەوانی تر کە لەگەڵیا بوون بەڕاکردن گیانی خۆیان دەرباز کرد و ئەم پلانی بۆمبایەش هاتە سەر و ئەم پلانە سمکۆی بەتەواوی دووردونگ کرد لە ئێران و بۆی دەرکەوت کە هێشتا دەستیان هەڵنەگرتووە لە پیلانگێڕان بۆ کوشتن و لەناوبردنی بە فێڵ و بە دوشمنایەتی لەپەنای دۆستایەتیی درۆدا، ئیتر سمکۆ دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە کاربەدەستانی ئێرانی و هاندانی کورد بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لە پیناوی ئازادیدا."

دەربارەی تەقەلادانی کاربەدەستانی ئێران بۆ کوشتنی سمکۆ بە ناردنی نارنجۆک بۆی، هەندێ نووسەری تر وەکو کاک کەریمی حسامی و کاک ئەحمەدی شەریفی باسیانکردووە کە ناوەڕۆکی باسەکەیان هەروەکو ئەوەی کسروی وایە.

کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٣)ی باسەکەیدا لە باسی ئەو تەقەلای کوشتنەی سمکۆدا وتویەتی: "بەو جۆرە ئەو کردەوە ناپیوانەی (مکرم الملک) لە ساڵی ١٩١٩دا ئەوەندەی تر سمکۆی هاندا کە سوور بێت لەسەر پاککردنەوەی مەڵبەندی شوکاکەکان لە دەسەڵاتی عەجەم و ڕێگای ورمیە و تەورێز بەسرا و وای لێ هات ڕێگەی هاتوچۆی نیوانیان گیرا و تەنها هەر لە ڕێگەی دەریاوە (مەبەستی دەریاچەی ورمیە)یە ڕێگەی هاتوچۆی هەبووە.

کاک ئەحمەدی شەریفیش لە لاپەڕەکانی (٣٤-٣٦)ی نامیلکەکەیدا باسی هەمان پیلانی کوشتنی سمکۆی کردووە کە لەگەڵ ئەوەی کاک کەریمی حسامیدا هەردووکیان لە باسەکەی احمدی کسروی ئەچن، کە کاک ئەحمەدی شەریفی

وتویەتی سمکۆ خۆی وتویەتی لە تەقینەوەی ئەو بۆمبایەدا دوو کەس کوژرابوو.

ئەوەی لەو سەرچاوانەدا باسکراوە کە کوژرابوون بریتی بووە لە عەلی ئاغای برای سمکۆ بەڵام لەو چوونەی کە لە ساڵی ١٩٩٢دا چوومە خزمەت صفیە خانی کچی سمکۆ لە هەولێر بۆی باسکردم کە جگە لە عەلی ئاغای مامی، برایەکیشی کە ناوی (خورشید) بووە بەو بۆمبایە کوژراوە. (وێنەی ئەو خورشیدەمان لەگەڵ سمکۆدا لە سەرەتای ئەم بەشەدا پێشکەش کردووە.)

سروان احمد کاویان پوور لە لاپەڕە (١٥٧-١٥٨)ی کتێبەکەیدا باسی تەقەلای ئێرانییەکان بۆ کوشتنی سمکۆی کردووە کە بەتەواوی لە باسەکەی احمدی کسروی ئەچێت.

بێجگە لەو باسانە، لە ڕۆژنامەکانی بانگی کوردستان ژمارە (٢ و ٣) کە لە ڕۆژانی ١٩٢٢/٨/١٤ و ١٩٢٢/٨/٢١دا لە شاری سلیمانیدا دەرچووە، بە فارسی باسی ئەو تەقەلای کوشتنەی سمکۆی بەم جۆرەی خوارەوە بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە تەرجەمەکەیەتی بۆ کوردی: "ئێرانییەکان هەر لەکۆنەوە ڕەفتاریان ئاشکرایە و بەروواڵەت دۆستایەتیی خۆیان پێشان داوە بەرامبەر بە ئیسماعیل ئاغا و، هەر داخوازییەکی هەبووایە دەستوبرد هەموویان جێبەجێ ئەکرد، بەڵام لەژێریشەوە هەمیشە تەقەلای شکاندن و لەناوبردنیان ئەدا و هەوڵیان ئەدا ئەو هەموو پیاوە ناسراو و لێهاتووانەی شوکاک لەناو ببەن و کە شەڕی یەکەمی جیهان ڕوویدا ئیسماعیل ئاغا ئاگاداری ئەو کارە نارەوایانە بووە و لە بیری نەچووبووەوە کە حکومەتی ئێران لە ورمیە و خۆی چییان بە کورد نەکرد، لەبەرئەوە ڕووبەڕووی کاربەدەستانی ئێران بووەوە و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی ورمیە و سەلماسدا پەرەپێدا و هەرچەند ئێرانییەکان لەقەبی (سردار نصرت)یان دابوو ئیسماعیل خان بەڵام لەژێرەوە بۆ لەناوبردنی تێدەکۆشان، هەتا مانگی شەعبانی ساڵی ١٣٣٧ھ. لەلایەن محمد عەلی شازادەی وەلیعەهدی تەبرێزەوە، لە ڕێگەی عبدالملک زادە (مکرم الملک)، محمد حسن مرزا (٤٥) هەزار تمەنی نارد بۆ ئەرمەنییەکان کە هەموو هێز و دەسەڵاتی خۆیان بۆ لەناوبردنی سمکۆ تەرخان بکەن.

ئەو ئەرمەنییانە لەناو سنوقێکی جوانی ڕازاوەدا کە لە شێوەی سنوقی شیرینی ئەچوو بۆمبا (نارنجۆک)ێکیان تیا دانابوو، ئەو سندوقە لەلایەن (ثقە السلطان) بەدیاری نێررا بۆ ئیسماعیل خان، ئەو کەسەی کە ئەو سندوقە (قوتوو)ەی پیادا

نێررابوو بەرەو سەلْماس ڕۆیشت و گەیشتە گوندی (کانیان)، لەوێ کابرایەکی ساویلکەی بینی کە خەڵکی گوندی (کورەسێن) بوو، بەو کابرایەی وت: من پیاوێکی نەخۆشم و سندوقێکم هێناوە کە بەدیاری بیبەم بۆ ئیسماعیل ئاغا و هەر کەسێک ئەو دیارییە بگەیەنێتە ئیسماعیل ئاغا لێی نزیک ئەبێتەوە و... کە کابرا وتی: باشە، چەند تمەنێکیشی ئەداتێ کە تەنها ئەو دیارییە بەسەلامەتی بگەیەنێتە دەستی ئیسماعیل ئاغا و پێی دەڵێت: وەرامەکەشم بۆ بێنەرەوە.

ئەو کابرا ساویلکەیە بەو قسانە خەڵەتا و بە دڵێکی خۆشەوە چووە خزمەت ئیسماعیل ئاغا و بەسەرهاتەکەی هەموو بۆ گێڕایەوە.

ئیسماعیل ئاغا لە شێوەی سندوقەکە کەوتە گومانەوە و بە پیاوەکانی وت: وریا بن نەوەکو ئەو سندوقە بۆمبایەکیان تیادا دانابێت، بەڵام ئەوانەی سندوقەکەیان کردەوە گوێیان نەدایە قسەکەی سمکۆ و کە سندوقەکە کرایەوە تەقی و برایەکی ئیسماعیل ئاغای کوشت.

لەئەنجامی ئەوەدا عەشایری شوکاک هەموو کەوتنە جۆش و خرۆش و کۆبوونەوە و ڕوویان کردە (خۆی) و چەند گوندێکی ئەو ناوچانەیان سووتان کە ئەوە ئێجگاری بوو بە هۆی گەرمبوونی دوژمنایەتی و ناکۆکیی نێوان کورد و ئێران.

وە لە ٥ی صفری ساڵی ١٤٣٠دا (بێگومان ئەوە هەڵەی چاپەمەنی بووە چونکە ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە ١٩٢٢/٨/٢١ بەرامبەر بە ٢٧ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٤٠بووە کەواتە ساڵی ١٣٤٠ بووە نەک ١٤٣٠) سابلاغ و دەوروپشتی هەموو گیرا و هەموو هێزی ئێرانی لەو ناوچانەدا دەسبەسکران و حکومەتێکی کوردی لە سابلاغ پێک هات و ئێستە بە هۆی دەسەڵاتی ئیسماعیل خانەوە (سەقز) و دەوروبەری (میاندواو) لە دەست ئێرانییەکاندا نەماوە و حکومەتی کوردی تیادا دروست بووە.

## بەشی نۆهەم

# چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەرێتیی سمکۆ

زۆربەی نووسەرانی ئێرانی کە داخلەدڵ بوون بەرامبەر بە میللەتی کورد و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بەرامبەر بە رابەر و سەرکردەکانی کورد، وەکو ڕەوشت و خو و سروشتی شوڤێنێتی لای زۆربەی ئەو نووسەرانە، هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە مێشێک بکەن بە گایەک و بە زەرەبینی قین و ڕەقی ناو مێشک و دڵیان بەدوای ئەوەدا گەڕاون بیانوو بدۆزنەوە و ئەگەر بەڵگەشیان بەدەستەوە نەبوو بێ بەدرۆ هەڵیان بەستووە و بەناو هەموو کەلێن و درز و دەلاقەیەکدا چوون بۆ ئەوەی کورد و ڕابەرانی کورد تاوانبار بکەن و کوردیش کەمتوانا و کەمدەسەڵات و بێدەرامەت لەلایەکەوە و کەمتەرخەم و بایەخنەدەر بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری و شارستانێتی لەلایەکی ترەوە، توانا و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە وەرامی ئەو درۆ و دەلەسانە بداتەوە لەکاتی خۆیدا و ئەوی تواناشی هەبووبێت بەزۆری لەژیانیدا کۆڵ بە کۆڵ و ڕاونراو بووە و نەیتوانیوە کتێبخانەیەک، دەزگایەکی چاپەمەنی هەبێت، یان ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێک دەر بکات و لەو هەموو ساڵانەی پێشوودا کە نووسەرە شوڤینیەکانی ئێران بە ئارەزووی خۆیان دژی کورد و ڕاپەڕینی کورد و شۆڕشەکانی کورد نووسیویانە، کورد لەتوانایدا نەبووە بە چاپکردنی بەرهەمێک وەرامیان بداتەوە و بەرپەرچی ئەو درۆ و دەلەسانە بداتەوە و کەمتەرخەمییەکەش زۆرتر لەوەدا دەرئەکەوێ کە لەو ڕۆژانەدا کورد ئەوەندە کەمتەرخەم بووە کە هیچ نەبێ بە دەستخەتیش بووبێت چەند بیرەوەری و یاداشتێک تۆمار بکا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی لەدواڕۆژدا ببن بە کەرەسەیەکی بەسوود و بەکەڵک بۆ نەوەی دوای خۆیان، کە ئێمڕۆ نەوەی تازە بۆ ئاگاداربوون لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی سەردەمی باو و باپیری ناچارە پەنا بەرێتە بەر کتێب و یاداشت و ڕۆژنامە و نووسراوەکانی تری بێگانە کە زۆربەیان پڕن لە درۆ و دەلەسە و بەئاسانی خوێنەر ناتوانێت شتێکی وایان لێ هەڵگرێنێت کە دڵنیای بکا کە بە سووسە ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە.

نووسەرانی بێگانە، ئەوانەی دەربارەی کورد و شۆڕشەکانی کورد نووسیویانە بەشێکی ئێجگار زۆری بریتیە لە درۆ و دەلەسە و توانج و ڕەخنەی خۆڕایی و پلاری ناڕەوا و زڕندان و سووککردنی ڕابەرەکانی کورد و ئاوەژووکردنی مەبەستەکانیان و هەمیشە ئەو سەرۆک و ڕابەرانەیان بە پیاوکوژ و جەردە و ڕاووڕووتکەر و یاخیبووی

سەر بە بێگانە داوەتە قەڵەم و بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەو هەموو تاوانانە بکرێت کە کاربەدەستانی ئێران لە کوردستاندا بەرامبەر بە دانیشتوان کردویانە و چاویان بەرایی نەهێناوە لە باسێکیاندا هۆی ئەو یاخیبوون و ڕاپەڕین و شۆڕشانەی کورد شی بکەنەوە کە زۆرباش ئاگاداری هەموو شتێک بوون و زانیویانە کە هۆی هەمووی هەر کاربەدەستانی خۆیان بووە کە هەر یەکەیان لەکاتی دەسەڵاتدارێتیدا خەریکی بەرتیلخواردن و سەرانە و جەریمەسەندن و هەڕەشەکردن و سزادانی خەڵک بوون و بۆ ڕووتاندنەوەیان و بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان و ئەو باج و سەرانە و کومرگەی بە ناوی ڕەسمی حکومەتەوە لە خەڵکیان سەندووە بەشێکی زۆری چۆتە گیرفانی خۆیەوە و کاربەدەستانی لە خۆی بەرەوژوورتر، کە وا باوە لە زۆر شوێنی ئێراندا هەندێ کاروبار کە پێوەنیی بە کۆکردنەوەی باج و سەرانە و گومرگەوە هەبوو بە قۆنتەرات دراوە بە کاربەدەستێک و ئەو کاربەدەستە هەرچی لەو قۆنتەراتەی زیاتر دەست بکەوتایە هەمووی ئەکردە گیرفانی خۆیەوە و دوای ئەوەی ئەو کاربەدەستە لائەبرا کاربەدەستێکی تری برسی و چاوچنۆک لەنووکەوە دەستی پێ ئەکردەوە و هەڵپەی ئەوەی بوو کە بە زووترین کات خۆی دەوڵەمەند بکات و ئەو هەموو پارە و پوولانەی لە کوردستاندا بەزۆرەملی کۆکراونەتەوە جاری وا هەبووە لە شوێنێکدا تاقە تمەنێکی بۆ سوودی ئەو شوێنە خەرج نەکراوە و بەو جۆرە کوردستانی ئێران لە چاو شوێنەکانی تردا لە هەموو ڕوویەکەوە دواکەوتوو بووە و نە پڕۆژەیەک و نە شوێنێکی کارسازی و نە قوتابخانەیەک لە کوردستاندا نەکراوەتەوە و بەپێچەوانەوە کاربەدەستانی ئێران دژی تەقەلادانی هەموو جۆرە خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەک بوونەتەوە کە نموونەی ئەوە لە بەرگری و ڕێگەگرتن لەو تاقە قوتابخانە و گۆڤارەی کە لە ساڵی ١٩١٢-١٩١٤دا لە شاری (خۆی) کراوەتەوە و دەرچووە کە ئەوە سەر و دڵی کاربەدەستانی ئێرانیان گرتبوو، بە چاوێکی خەشم و قینەوە سەریان کردبوو.

بێگومان نیشتمانپەروەرانی کوردیش لەو ژمارە کەمەی کە هەبووە، بەڵام ئەوانە هەر چۆنێک بوویێت ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتووە و نەیانتوانیوە گۆشەگیر و بێدەنگ دابنیشن و هەتا سەر ملیان بۆ کەچ بکەن و ناچار بوون بۆ پارێزگاری لە وڵات و میللەتەکەیان کەم و زۆر تەقەلایان داوە و ساتێک توانیویانە دەست بەسەر ناوچەیەکی کوردستاندا بگرن و دەسەڵاتی خۆیان تیادا بچەسپێنن لە بریتی دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئێران، ئیتر ئەو ڕابەرە کوردانەش، ئەو شۆڕشگێڕانەش

پێویستییان به پاره و دەرامەت هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانیان و ئەوانیش لەجیاتی حکومەت دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی باج و مولّکانە، کە ئەو باجسەندنە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەت و لەلای نووسەرانی ئێرانی ئەوە بە ڕاو و ڕووتکردن و تالآنی حساب کراوە و هەروەکو باجسەندنەکانی خۆیان هەمووی بریتی بوویێت لە دابەشکردنی نوقڵ و گوڵ و خێر و خێرات بەسەر میللەتی کوردی چەوساوەدا.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە ڕوونی بکەمەوە نووسەرانی ئێرانی بە هیچ جۆرێک بە لای ڕاستیدا نەچوون و لە تۆمارکردنی باسەکانیاندا ویژدانی خۆیان پێشێل کردووە و هەموو تەقەلا و ڕاپەڕینەکانی کوردیان بە خیانەت و بە هاندانی بێگانە لە قەڵەم داوە و بۆ نموونە هەموو نووسەرەکانی ئێران یەکێکی وەکو سمکۆیان هەمیشە بە چەتە و ڕێگر و پیاوکوژ و تالآنکەر داناوە و جارێک لە جاران هۆی ئەو یاخیبوونەی سمکۆیان باس نەکردووە کە سوور زانیویانە بە هۆی ڕەفتاری نالەباری کاربەدەستانی خۆیانەوە بووە و یاوەکو کاربەدەستانی ئێران هەر لە دەوری قاجارییەوە بۆ دەوری پەهلەوی کەسیان لە بنەماڵەی سمکۆ بە ناجوامێرانەتر نەکوشتبێت و بەوپەڕی بێویژدانییەوە هەمیشە سمکۆیان بە نۆکەری بێگانە داناوە و بە خائنی وڵاتیان حساب کردووە!!

ئەوی ڕاستی بێ، ئەوەی سمکۆ نموونەیەکە لە سەدان نموونەی تر کە هەمیشە دوژمنانی کورد، ڕابەرانی کوردیان بە خائن و نۆکەری بێگانە داناوە. خوێندنەوەیەکی سەرپێی زۆری تری وەکو سمکۆمان بۆ ئاشکرا ئەکات کە نموونەیەکی زەق بۆ ئەوە لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی خوارووی کوردستاندا دەر ئەکەوێ کە ئینگلیزەکان بە زەبەری بۆمبای فڕۆکە و بە هێزی لیڤی و هندی و سیکی بە کێش کرا و لە هندستانەوە حکومەتەکەی شێخ مەحمودیان تێک دا و بەزۆرەملی لکاندیان بە عێراقەوە و، سەرباری ئەو ڕاستیە نەشاراوەیە نووسەرە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق و عەرەب لەباسەکانیاندا شێخ مەحمودیان بە کرێگرتەی ئینگلیز داناوە و هیچ شەرمیش ناکەن ڕاپەڕینەکەی شەریف حسێنی مەککە کە بەئاشکرا بە هاندان و بە پارە و بە چەک و یارمەتیدانی ئینگلیز ڕێکخرا بوو دژی خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانی، ئەمەیان بە نیشتمانپەروەریتی و بە شۆڕشگێری دائەنێ و ئەوەی شێخ مەحمود کە

شۆڕشەكانی بە فرۆكەی ئینگلیز لەناوچووە بە خیانەت و نۆكەری حساب ئەكرێ!!

بێگومان شۆڕشی ڕۆشنبیری و خوێندەواری چەكێكی ئێجگار كاریگەرە و چەكی ناو كۆڕی شەڕ بەبێ بوونی چەكی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ئەگەر بۆ ماوەیەكیش سەر بگرێ ئەگەر هاوكات لەگەڵ چەكی ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا نەبێت زۆری پێ ناچێت تووشی هەرەسهێنان و ڕووخاندن ئەبێت، لەبەرئەوە تاوانە ئەو تەقەلایەی سمكۆ دابووی بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لەگەڵ ئەو كەم و كوورییەشدا كە هەبووە حسابی بۆ ئەكرێ و سمكۆ تەنها هەر بە یەكێكی سەرەڕۆ و بەرەڵا حساب بكرێت.

ئەوەی شایانی باسە، بۆ چاوپێخشاندنێك بەو ڕۆژنامە و گۆڤارە سەرتاییانەی كە لە بەشەكانی كوردستاندا و یا لەلایەن هاوولاتیانیان لە دەرەوە دەرچوون ئەتوانین هەروەكو خوارەوە یەكەم گۆڤار و ڕۆژنامەی هەر لایەیان بەجیا دەستنیشان بكەین:

ا- ڕۆژنامەی (كوردستان) كە لە ١٨٨٨/٤/٢٢ لە لایەن مقداد مدحت و عبدالرحمن بدرخانەوە (٥) ژمارەی لە قاهرە دەرچووە و لە ژمارەی (١٦-١٩)ی لە جنێف و لە (٢٠-٢٣) دووبارە لە قاهرە و ژمارە (٢٤)ی لە لندن دەرچووە و لە ژمارە (٢٥-٢٩) لە شاری (فولكستون) و ژمارە (٣٠-٣١) دووبارە لە جنێف دەرچووە كە دوا ژمارەی كە ژمارە (٣١) بووە لە ١٤ی نیسانی ١٩٠٢دا دەرچووە. (هەروەكو لە ڕابەری ڕۆژنامەگەریتی كوردی، ئامادەكردنی جەمال خەزنەدار باسكراوە.)(٧)

ب- یەكەم ڕۆژنامەی كوردی لە ئەستەمبوڵ ڕۆژنامەی (كورد) بووە كە لە ساڵی ١٩٠٧دا لەلایەن هاوبیرانی شێخ عبدالقادری شەمزینییەوە دەرچووە.

ج- یەكەم گۆڤار كە لە كوردستانی ئێراندا دەرچووە بریتی بووە لە گۆڤاری (كوردستان) كە لە چاری (خۆی) دەرچووە كە لە ساڵی ١٩١٤دا داخرا. (كاك جەمال خەزنەدار لە ڕابەری ڕۆژنامەگەرییدا وتویەتی لە شاری ورمیە دەرچووە، ئەوەی كە لە ورمیە دەرچووە ڕۆژنامە بووە نەك گۆڤار، كە لە ساڵی ١٩١٩ز.-١٣٤٠هـ. لەلایەن سمكۆوە دەرچووە كە سەرنووسەرەكەی مەلا محەمەدی تورجانی بووە.)

د- یەكەم ڕۆژنامە كە لە كوردستانی عێراق لە شاری سلێمانیدا دەرچووە (پێشكەوتن) بووە كە لە ساڵی ١٩٢٠دا دەرچووە.

## یەکەم: قۆناغی یەکەمی چالاکیی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆ:

لە باسی عبدالرزاق بدرخاندا باسی چالاکیی ڕۆشنبیریی سمکۆمان کرد بە هاوکاریی عبدالرزاق بدرخان لە (خۆی)، لێرەدا دووبارە دێینەوە سەر ئەو باسە کە هەندێ سەرچاوە باسیان کردووە.

جەمال خەزنەدار لە لاپەڕە (١٩)ی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کورددا دەربارەی ئەو گۆڤارەی لەلایەن عبدالرزاق بدرخان و سمکۆوە لە (خۆی) دەرچووە وتویەتی:(٧)

"کوردستان: گۆڤارێکی مانگی بووە، لە شاری ورمیە (وەکو وتمان لە خۆی دەرچووە نەک ورمیە) لەلایەن عبدالرزاق بدرخانەوە دەرچووە، لەدوای دوورخستنەوەی عبدالرزاق بدرخان لەلایەن ڕوسی قەیسەرییەوە ئیتر سمکۆ ئاغا ئەرکی بەڕێوەبردنی خستە ئەستۆی خۆی کە ئەو گۆڤارە هەتا ساڵی ١٩١٤ دەوامی کرد."

دەربارەی بزووتنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و بایەخپێدان بە هەردووکیان، هەندێ هۆی ناوەوە و دەرەوە بوون بە هۆی دەستپێکردنیان:

١- بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی پاڵپێوەنەر و هاندەرێکی سەرەکی بووە بۆ بایەخپێدان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری هەرچەند هەندێک لە زانایان زۆرجار بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری ئەکەن بە ماکی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی چونکە خوێندەواری و ڕۆشنبیری میللەتی دواکەوتوو و نەزان هۆشیار ئەکاتەوە و ڕێگە تاریکەکانی ژیانی بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردووی تێ ئەگەیەنێت و هەڵوێستی سەردەمی خۆی بۆ شی ئەکاتەوە و ڕەش و سپیی پێ لەیەک جیا ئەکاتەوە و ئەیباتە سەر ڕێبازێکی پێشکەوتوو شارەزابوون لە گیروگرفتەکانی ژیان و باری سیاسەتی دەوڵەتانی بۆ ئاشکرا ئەکا و دۆست و دوژمنی بۆ لەیەک جیا ئەکاتەوە و ئەو میللەتەی لەو ڕێبازەدا دواکەوتوو بێت تەقەلا و ماندووبوونێکی زۆری ئەوێ بۆ بڕینی ئەو ماوە دواکەوتووەی کە خۆی تیادا ئەبینێتەوە کە کورد یەکێک بووە لەو میللەتانەی لەناوچەکەدا لەچاو میللەتانی تردا بێبەشکراوە لە بەرهەم و بەهرەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بۆیە بارەکەی لە باری هەموو میللەتانی تر قورستر بووە و ڕێگەی خەباتی لە هەمووان سەختتر و پڕ لە دڕک و داڵ و کەندەڵان و کۆسپ بووە و ناچار بووە لە هەموو میللەتانی تری خواپێداو زۆرتر شەهید و لەخۆبووردن و زیان بدا بۆ گەیشتن بە ئامانج و

مەبەستەکانی.

٢- کوردستانی ئێران، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە لە ژووروی ڕۆژئاوای ئێراندا سنووری بەسرابوو بە سنووری خاکی عوسمانیەوە و تێکەڵبوونی کوردی هەردوو سنوور زۆرتر بووە کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی پریشکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کە وڵاتانی ڕۆژئاوای عوسمانی گرتبووەوە و هەموو ڕاپەڕیبوون دژی خەلافەتی عوسمانی و سەربەستی و ئازادیان دەسگیربووبوو، کۆمەڵی نهێنی و ئاشکرا و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیریان هەبووە و کوردەکانی کۆمەڵگای ئەستەمبوڵ لە هەمووان زۆرتر ئەو هەستە کاری تێ کردبوون و لە هەمووان زۆرتر چالاکانە دەستیان کردبوو بە بزووتنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ڕێکخستنی کۆمەڵ و ڕێکخراو و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرهیناوە، بەرهەمی ئەوانە گەیشتبووە ئەو بەشەی کوردستانی ئێران کە بەتایبەتی ناوچەی موکریان بووبوو بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و شانبەشانی کۆمەڵگاکانی تری کورد لە ناوچەی ئەردەڵان و ناوچەی مەریوان و بانە و سەقز هەموو کەوتبوونە خۆیان.

٣- شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥دا کارێکی ئێجگار کاریگەری هەبووە لە ئێراندا و تاڕادەیەک کوردی کوردستانی ئێرانیشی بزواندووە و مەشروتیەی ئێران کە لە ساڵی ١٩٠٥دا کرا، زادەی بەرهەمی ئەو شۆڕشەی ڕوسیا بووە و کورد بە هۆی ئەوەوە چاوی کردۆتەوە و شارەزای ئەوە بوو کە بوونی یاسا بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ژیانە و ئەگەرچی کورد لەمەدا لەچاو میللەتانی تردا درەنگ دەستی پێ کردووە، بەڵام هەر چۆنێک بووبێت ڕۆشنبیر و خوێندەواری وای تیا هەڵکەوتووە کە هانی هاوڵاتەکەی خۆی بدا، ڕێنمایی بکا بۆ بایەخپێدان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری.

دوکتۆر عەزیز شەمزینی لەکتێبەکەیدا لەلاپەڕە (٦٢)دا دەربارەی ئەوە وتویەتی:[٦]

"شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥دا زۆر کاری کردۆتە سەر جووڵانەوەی پێشکەوتنخوازی و ڕۆشنبیری گەلی کورد و لەو بارەوە (گیرگۆف)ی قونسوڵی ڕوس لە شاری (خۆی) نووسیویێتی: کاتێک بازرگانە کوردەکان یارمەتیدەرەکانیان بۆ سەردان ئەچوون بۆ (نیزنی نوڤکورد) و لەوێ چاویان بە دیموکرات و سەربازەکانی ڕوس دەکەوت کە باسی ئەو شۆڕشەی ڕوسیایان بۆ دەکردن و دەستە پێشکەوتنخوازەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری و خوێندەوارەکانیان کە شارەزای ئەو

هەواڵ و باسانە ئەبوون و بێجگە لەوە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەستەمبوڵ و قاهرە و جنێڤ و شوێنەکانی تر کە بانگەوازییان بۆ گەلی کورد بڵاو ئەکەردەوە و داوایان لێ ئەکردن کە لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی میللەتەکەیان تێکۆشن ئەمانە بەشێکی ئەگەیشتە کوردستانی ئێران و هەستی دانیشتووانی ئەبزواند.

٣- مەشروتییەی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥دا، هەرچەند کورد لەو ساڵانەدا چالاکییەکی ئەوتۆی نەدیوە و بەڵکو هی وا هەبووە دژی وەستاوە کە هەروەکو مارتن ڤان برونسون لە باسی ئەوەدا وتویەتی سمکۆ یەکێک بووە لەوانەی لەسەرەتادا دژی ئەو مەشروتییەتە بووە بەڵام لەئەنجامدا هەرچۆنێک بووبێت بناغەیەکی سەرەتایی داناوە کە کوردی کوردستانی ئێرانیش بەپێی یاسا داوای مافی ڕەوای خۆی بکات کە پوختەی هێنانە بەرهەمی ئەوە لە تەقەلاکانی عبدالرزاق بدرخان و سمکۆ و گەلێک لە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی تری ناوچەی موکریاندا دەرکەوتووە.

٤- مەشروتیەی تورکیا لە ساڵی ١٩٠٨دا ئەویش هەروەکو مەشروتیەی ئێران ڕۆڵی خۆی بینیوە و لە ڕێگەی کوردەکانی کوردستانی تورکیاوە کە پێوەنییەکی هەمیشەییان لەگەڵ کوردستانی ئێراندا هەبوو یەکێک بووە لە هۆی چەکەرەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و بایەخدان بە چالاکیی ڕۆشنبیری و خوێندەواری.

دوکتۆر عەزیز شەمزینی لەکتێبەکەیدا لە باسی چالاکی ڕۆشنبیر و خوێندەواری لە کوردستانی ئێراندا وتویەتی: لە ساڵی ١٩١٣دا عبدالرزاق بدرخان لە شاری (خۆی) کۆمەڵەی ڕۆشبیری دامەزراند و یەکەم قوتابخانەی لە شاری (خۆی)دا کردەوە.

بەرلەوە داوای لە ڕوسەکان کردبوو کە ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (ئۆربیللی) بنێرن بۆ کوردستان بۆ دانانی (ڕێزمان) و فەرهەنگ بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی ئەدەبی ڕوسی بۆ کوردی و داوای لێ کردبوون بەشێکی زمانەوانی کوردی لە دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی پترۆگرادا دابمەزرێنرێت (کە بێگومان سمکۆ لەو چالاکییەی عبدالرزاقدا هاوکاری بووە.)

## دووەم: قۆناغی دووەمی چالاکی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی لە لایەن سمکۆوە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی:

لەدوای شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی، سـمکۆ یەکێک بووە لەوانەی کـە نرخی خـوێندەواری و ڕۆژنامـەگـەریتی زانیـوە و هـەوڵیـداوە ئەو تـەقـەلایەی لە سـالانی ١٩١٢-١٩١٤دا دابووی، لەدوای تەواوبوونی شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی، لە شـاری (ورمیـە)دا چالاکییـەک بکا بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆژنامـەیەک دەربکا و لـە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامـەیەوە داوا لە مـیللەتەکـەی بکات کـە خـۆیان وریا بکەنەوە و ئاگـاداری بەسـەرهات و ڕووداوەکـانی بن و ئەوانیش وەکـو مـیللەتانی تر داوای مـافی ڕەوای خۆیان بکەن، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی بوو بە دەسـەڵاتدارێکی بەهێز و چەکدارێکی زۆری لە دەور کـۆبوّوە و چەک و جـبـەخـانەی هـەبووە و پێـوەندی بە سـەرۆک عەشیرەتەکانی تری کوردەوە کردووە کە بە تەقەلای هەموویان بۆ میللەتی کورد تێ بکۆشن، ئیتر پێویستی بە بوونی ڕۆژنامەیەک هەبووە کە ئورگانی ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی بێت. دەربارەی ئەو ڕۆژنامـەیە کـە لە (ورمـیـە) دەری کـردبوو لە چەند سـەرچاوەیەکدا باسیکراوە ئێـمـەش هـەوڵ ئەدەین لێـرەدا پێشکەشی خوێنەرانی بکەین:

دەربارەی ئەو ڕۆژنامـەیە دوکتۆر کەمال مـەزهـەر لەکتێبکدا کە باسی ڕۆژنامـەی تێگەیشتنی ڕاستی کردووە، کە ئەو ڕۆژنامـەیە لەدوای شـەڕی جیهانی لە بەغداد بەسەرپەرشتی (میجر سون) دەرچووە، لەوەدا دوکتۆر کەمال ئەڵێ: "لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم، سمکۆ لە ورمیە ڕۆژنامـەیەکی دەرکرد بە ناوی (ڕۆژی کورد شـەوی عـەجـەم)ەوە لەدواییـدا ناوەکـەی گـۆڕی و کـردی بـە (ڕۆژی کـورد) و لە ژمـارەکـانی دواییدا تەنها بوو بە (کورد)، کە ئەوەش لەدوای ئەوەی بزووتنەوەکەی لەلایەن سوپای ئێرانەوە تێک شکا ئیتر ئەو ڕۆژنامەیەش لە دەرچوون کەوت.

دوکـتـۆر کـەمـال لەو باسـەیدا پەنای بردۆتە بەر کـتـێبـەکـەی (تمدن) کـە وتویەتی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (مەلا محەمەدی تورجانی) بووە کە خەڵکی شاری مەهاباد بووە. (لەڕاستیدا خـەڵکی گوندی تورجان بووە کە لەنێوانی بۆکان و سـەقزدایە نەک مهاباد.)

دەربارەی ئەو ڕۆژنامـەیە کـاک کـەریمی حـسـامی لە لاپەڕە (١٥)ی باسـەکـەیدا

وتویەتی: "سمایل ئاغای سمکۆ بۆ ئەوەی دەنگی کورد و ئامانجی ڕاپەڕینەکەی بە دنیا ڕابگەیەنێت لە ساڵی ١٩١٩دا (١٣٤٠کۆچی)دا لە شاری (ورمیە) ڕۆژنامەیەکی دەرکرد. کاک کەری حسامی لە لاپەڕە (١٥)ی باسەکەیدا کلێشەی ئەو ڕۆژنامەیەی بە فۆتۆکۆپی بلاو کردۆتەوە، بێجگە لەوە سمکۆ ڕێکخراوێکی بۆ وەرگرتنی باجی گومزگ دروست کردبوو لە هەر شتێک کە خەڵک لە ورمیەوە دەینارد بۆ شارەکانی تر وەک (مەراغە، خۆی، تەورێز) گومرگی دەستاند و پەتەی چاپی (پسوولە=وصل)ی باجکراوی بە کوردی دەدانێ. ئەو کتێبەی کە کاک کەرەمی حسامی باسیکردووە لە کتێبخانەی ساواسی جامعەی لندەندا هەیە کە لە لاپەڕە (٣٧١)ی کتێبەکەی (تمدن)دا فوتۆکۆپی ئەو ڕۆژنامەیە بەم جۆرەیە کە لەم کلێشەیەدا بلاوکراوەتەوە لەسەرەوە لێی نووسروە (واعتصموا بحبل الله جميعا ولاتفرقوا...) لە لای ڕاستی لاپەڕەی یەکەمدا وتراوە: جێگەی اداره ورمێ، چاپخانەی غیرت، مدیر محمد تورجانی و لەژێریدا وتراوە:

مقالاتیک منفعت کردان تیدا بی وەردگیری-جاری لە هر هفتەدا یکیک چاپ دکرێ ١٢ مانگ شوال ١٣٤٠.

و لەژێر کلێشەی ڕۆژنامەکەدا کە (کورد)ە نووسراوە:

روژنامیکە سیاسی ادبی اخباری-سرمقالی ترجمە دکری بفارسی دینوسی کردیک بو همو کردان.




فۆتۆکۆپی ڕۆژنامەی کورد کە لە ورمیە لەلایەن (سمکۆ)وە
لە ساڵی ١٩٢٠دا، ڕێکەوتی ساڵی ١٣٤٠ی هجری قمری دەرچووە.
کاک کەریمی حسامی بە ساڵی ١٩١٩ی زایین باسیکردووە.

له لاپەڕە (٣٨٠)ی کتێبەکەی تمدن (تاریخ رضائیە) ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی بە فارسی تیادا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی کوشتنی (خاڵۆ قوربان) کە پەیامنێر، هەواڵنووس،ی ڕۆژنامەکە بۆی ناردووە دەربارەی ئەو شەڕەی کە خاڵۆ قوربان تیادا بەشداری کردووە و لەو شەڕەدا کوژراوە، کە ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن کاک کەریمی حسامییەوە لە لاپەڕە (١٧)ی باسەکەیدا تەرجەمەی کردووە بە فارسی و ئێمەش لە بەشی شۆڕشەکانی سمکۆدا لەدواییدا لە باسی کوشتنی خاڵۆ قورباندا ئەو ڕاپۆرتە تەرجەمەکراوە هەروەکو خۆی پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی ئەکەین. (هەروەها نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٦١-٣٦٣)دا ئەو ڕاپۆرتەی تەرجەمە کردووە بۆ کوردی.)، لەبەرئەوەی ئەو ڕاپۆرتە پێوەندیی بە باسی شۆڕشەکانی سمکۆ و کوشتنی خاڵۆ قوربانەوە هەیە بۆیە لەو باسەدا باسی ئەکەین و پێویستی بەوە نەکرد کە دووبارە لە باسی چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆدا باسی بکەینەوە.

لە کتێبخانەی ساواس لە زانکۆی لندن هەمان کتێبی (تمدن)م دەست کەوت کە لە لاپەڕە (٣٧١)دا فۆتۆکۆپییەکی پاکترم دەست کەوت کە خوێنەرانی بەڕێز فۆتۆکۆلیی کلێشەی ئەو ڕۆژنامەیە دەبینێت، کە لەڕاستیدا، لەو ڕۆژانەدا شتێکی گاڵتەو کەم نەبووە بۆ یەکێکی وەکو سمکۆ کە لەگەڵ ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەی دەربارەی ئەو بڵاوکراوەتەوە، ئەوەندە مشوری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی بخوات.

کاک کەریمی حسامی بێجگە لە تەرجەمەی ئەو ڕاپۆرتە و فۆتۆکۆپیکردنی کلێشەی ڕۆژنامەکە، لە پەراوێزی لاپەڕە (١٦)دا باسی یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەی کردووە کە لەو ژمارەیەدا وتارێکی دوورودرێژی بەکوردی و بەفارسی بڵاو کردۆتەوە سەبارەت بە دەوڵەتانی بێگانە و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد کە لەو وتارەدا وتراوە: "هەر کەسێکیش دەتوانێ ڕاستی و دروستی ئەم مەسەلەیە بە چاوی خۆی ببینێت کە وڵاتی غەدرلێکراوی کوردستان پێشێل بووە و دیهاتی بە جۆرێکی وا وێران بوو کە دڵی هەموو دڵڕەقێک بۆی دەسووتێت.

دەوڵەتی ئێران بەو بێدەسەڵاتییەوە دوای شەڕ لەجیاتی کۆمەک و یارمەتی، ئیدارەی زاڵمانە و دیکتاتۆریانەی خۆی لێ دامەزراندووە.

ئەوەی لە دەستی هات بۆ فەوتاندنی ئەو میللەتە لێقەوماوە کردی. داخۆ میللەتی کورد ئینسان و مەخلووقی خودا نین؟ لە کوشتن و وێرانکردن بەولاوە چی لەگەڵ

کوردستان کردووە؟ سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆر و وێرانییەی کوردستان بێگانەکانیشی هانداوە بۆ وێرانکردنی کوردستان. میللەتی کورد کە لە گیانی خۆی وەڕز بووە، لەناو زوڵم و زۆر راپەڕیوە کەچی پێی ئەڵێن: هار و یاخی!!

کاک کەریمی حسامی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەربارەی کتێبەکەی (تمدن) لەو ڕووەوە کە بە ناوی (اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیە) کە لە ساڵی ١٩٧١دا بڵاوکراوەتەوە وتویەتی: تمدن سەرەڕای ئەوەی جنێوێکی زۆری بە کورد داوە و گاڵتەی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بووە دان بە دەزگا و دەسەڵاتی سمکۆدا بنێت و کلێشەی ڕۆژنامەی (کورد)یش بڵاو بکاتەوە.

بێجگە لەوە کاک حسامی لە لاپەڕە ٢٠ی باسەکەیدا شیعرێکی (سیف القضات) کە وتویەتی نیشتمانپەروەری بەناوبانگ و مامۆستای شاعیران، لەو سەردەمەدا شعرێکی ناردووە بۆ ڕۆژنامەی کورد کە وتویەتی:

سمکۆیٚ خودا کە داویە بەمە ساحیب و ڕەئیس
شوکری بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو
مەقسودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە فیدای بین بە نێر و مێو

دەربارەی ڕۆژنامەی (کورد) کە سمکۆ دەریکردووە، تمدن لە هەمان کتێبدا لە لاپەڕەکانی (٢٦٩-٢٧١)دا دەربارەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کورد باسی تەقەلای سمکۆی کردووە بۆ چاپکردنی و نووسەری کتێبی (کورد و عەجەم) لە لاپەڕە (٣٥٣)دا باسی ئەوەی تمدنی کردووە و بەم جۆرەی خوارەوەی تەرجەمەی کردووە بە کوردی کە هەروەکو تەرجەمەکراوەکەی ئەو بڵاوی دەکەینەوە. تمدن خاوەنی چاپخانەیەکی ورمیە ئەگێڕێتەوە کەوا: "ڕۆژێکیان شێخ عبیداللە (لە کەسانی تێگەیشتووی سمکۆ و لە خزمانی سید طە) هاتە لام و لەناو قسەکانیا دەری خست کە ئاغا (واتە سمکۆ) لەبەر چاوێتی کە بە هۆی نەبوونی بڵاوکراوە لە ڕەضائیە ئەم کەموکورتیە نەهێڵێ و لە رضائیەش ڕۆژنامە بڵاو بکرێتەوە، ئایا بە ڕەئی ئێوە بە چ قەوارە و تیراژ ئەتوانرێ ڕۆژنامەیەک لەم شارەدا بڵاو بکرێتەوە کە هەم سەنگین و هەم جوان بێ و هەم جێگای سەرنجدان بێت. نووسەر لەوەڵامدا ئەڵێ: بەداخەوە حەرفەکانی چاپخانەکەمان زۆر کەمە و بەشی چاپکردنی ڕۆژنامە ناکا.

کە وەختێک شێخ عبداللە (مەبەستی سید عبداللەی شەمزینی بووە کە نامۆزای

سید طه و باوکی عەزیز شەمزینی بووە.) ئەم وەڵامەی بیست زۆر تێکچوو، گوڕا، منیش ترسام و هەستم بە هەڵەی خۆم کرد و وتم: ئەگەر لەگەڵ کرێکارەکانی دامەزراوەکەی خۆمان تەقەلا بدەین لەوانەیە کەموکورییەکانی نەهێڵین و چاپی ڕۆژنامەکە مومکینە، بەڵام ئەبێ زەحمەتی زۆر کێشین هەتا کەرەستەی پێویست ئامادە ببێت. لێرەدا قیافەتی شێخ عبدالله گۆڕرا و وەڵامی نەدایەوە. هەرچەند ئەو بەڵێنی ئەدا کە حەقدەستی کرێکارەکان و کارکەرانی ڕۆژنامەکە بدا، بەڵام نەدەکرا لەو ڕۆژانەدا بڕوا بە قسەی کورد بکەی لەبەرئەوەی یاخیبوون لە فەرمانی سمکۆ لەو هەل و مەرجەدا یاریکردن بوو بە گیان. پاش دوو سێ ڕۆژ هەڵاتم. (تمدن)

تمدن لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: تابلۆی چاپخانەی تمدنیان لابردبوو لە جێگەی ئەو تابلۆی چاپخانەی (غیرت)یان لێ دانا بوو (کە ناوی چاپخانەی غیرەت لەسەر کلێشەی پەرەی یەکەمی ڕۆژنامەی کورددا بووە.)، ڕۆژنامەیەکیان بە زمانی فارسی و کوردی بڵاو کردبووەوە تەنیا بە ناوی ڕۆژنامەی هەفتەیی کورد لەژێر ناوی (ڕۆژی کورد-شەوی عەجەم) بوو.

ئەو ڕۆژنامەیەی کە تمدن باسیکردووە لەدواییدا لە ڕۆژی کورد شەوی عەجەم بووە بە ڕۆژی کورد و لەدواییدا تەنها هەر بە ناوی (کورد)ەوە بڵاو دەکرایەوە کە ژمارەی یەکەمی لە ١٢ی شوالی ١٣٧٠ی هجری قمری دەرچووە کە مدیری ڕۆژنامەکە محمد تورجانی بووە.

مامۆستا علاءالدین السجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە لاپەڕە (٥٥٣)دا دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیە وتویەتی: (کورد) ڕۆژنامەیەکی کوردی و زمانی حاڵی سمایل ئاغای سمکۆ بووە لە ساڵی ١٩٢١دا لە شاری ورمیە دەرچووە، تەنها سێ چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (ئەوەی شایانی باسە مامۆستا حسامی بە ساڵی ١٩١٩ی باسکردووە، جەمال خەزنەدار باسی نەکردووە، علاءالدین بە ساڵی ١٩٢١ باسیکردووە.)

بەشی دەهەم

# پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ وڵاتاندا

سمکۆ وەک شۆڕشگێڕێک و ڕابەری بزووتنەوەیەک بۆ دەسگیربوونی مافی میللەتی کورد لە زۆر دەرفەتدا تەقەلای داوە کە پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ هەندێک دەوڵەتان و کاربەدەستانی وڵاتاندا بکا بۆ مەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەکەی ئەگەرچی بەداخەوە لە زۆربەی تەقەلاکانیدا سەرکەوتوو نەبوو کە هۆی ئەوە هەر باسەی لە شوێنی خۆیدا ڕوونی ئەکەینەوە، کە هۆی سەرەکی سەرنەگرتنی تەقەلاکانی بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بووە شەقڵی بزووتنەوەکەی شێوەیەکی عەشایریی ئاشکرای پێوە دیار بووە و نەیتوانیبوو هەر لەسەرەتاوە بیر لە دامەزراندنی دەزگایەکی سیاسی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەزگایە بەرپرسیار بێت لە دانانی نەخشەو و پرۆژە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکان هەنگا و بە هەنگاو کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی وڵاتان بە گومان بوون لە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی بێجگە لەوە سمکۆ ستراتیجیەکی ڕوون و ئاشکرای نەبوو بۆ دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمن و بەپێی ڕۆژ لەگەڵ لایەکدا بووە و دژی لایەکی تر جووڵاوەتەوە و دوای ماوەیەک گێڕی گۆڕیوە بۆ لایەکی تر کە بەرامبەر بەو هەڵوێستەی ئەوانەش هەموو جارێک سمکۆیان بۆ لایەکی تر کە بەرامبەر بەو هەڵوێستەی ئەوانەش هەموو جارێک سمکۆیان بۆ مەبەستێکی کاتی و تایبەتی خۆیان بەکار هێناوە و هیچیان ڕاستگۆ نەبوون لە بەڵێن و پێوەندییەکانیان لەگەڵیدا کە بۆ سەرکردەی بزووتنەوەیەک لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە ڕێبازێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دابنرێت.

ڕاستە وەکو ئەوترێ لە سیاسەتدا هەمیشە دۆستی دائمی دەست ناکەوێ، بەڵام دوژمنی هەمیشەییش لە سیاسەتدا نییە و زۆرجار ئەوەی حسابی دوژمنی بۆ کراوە ئەگەر بار و هەڵوێست وای بە پێویست زانی ئەو دۆستە ئەبێت بە دوژمن و دوژمن بۆ سوودی خۆی با ئەداتەوە و ئەبێت کە بەداخەوە ئێمە هەر لەکۆنەوە لەو جۆرە سیاسەتە (کوڵەسوارین) و بەزۆری عاتیفە کارمان تێ ئەکا و خۆشبڕواییمان هەر لەکۆنەوە تووشی هەزار دەردیسەری و ماڵوێرانی و هەرەسهێنانی کردوین.

بۆ ئەوەی لە تەقەلاکانی سمکۆ بکۆڵینەوە کە هەوڵی داوە دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و کاربەدەستاندا بکات، حەزمکرد باسەکە بکەم بەم چەند بەشەی خوارەوە:

١- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ڕوسی قەیسەری و سۆڤێتدا.

٢- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم و بەر لە شکاندنی سمکۆ لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران. (بۆ پێوەندیکردنی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەدوای شکاندنی لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران و تورکیا، لەدواییدا باسێکی تایبەتیمان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.)

٣- پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ عوسمانی و تورکە کەمالییەکاندا.

٤- پێوەندیکردنی سمکۆ لەگەڵ کوردەکانی خوارووی کوردستاندا لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و بەر لە شکاندنی لەو شەڕانەی لەگەڵ ئێران و تورکیادا کردبوونی (پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ کوردی خوارووی کوردستاندا لەدوای شکاندنی بۆ ئەوە لە دواییدا باسێکی تایبەتیمان تەرخان کردووە.)

## یەکەم: پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ڕوسی قەیسەری و سۆڤێتدا:

دەربارەی پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ڕوسەکاندا، گەلێک لە نووسەران باسی ئەو تەقەلایانەیان کردووە کە سمکۆ ویستبووی پێوەندی لەگەڵ ڕوسدا پەیدا بکات، کە لە پوختەی باسەکانی ئەو نووسەرانەدا بۆ مان دەرئەکەوێ ڕوسیا وەکو دراوسێیەکی میللەتی کورد، نەک تەنها هەر سمکۆ بەڵکو ڕابەران و سەرکردە و شۆڕشگێڕەکانی تری هەموو بەشەکانی تری کوردستان هەمان تەقەلایان لەگەڵ ڕوسەکاندا داوە و هەمووشیان لە تەقەلاکانیاندا نائومێد بوون و هۆی ئەوەش وەکو ڕووداوەکان ئاشکرایان کردووە ئەوە بووە کە ڕوسیا لە زەمانی قەیسەردا هەموو بزووتنەوەکانی کوردی بە بزووتنەوەیەکی عەشایری داناوە و هەتا ڕادەیەکیش بە هۆی مسیونێرەکانی خۆیانەوە کە چووبوونە کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەو مسیونێرانە پێوەندییان لەگەڵ کریستیانەکاندا بەهێزتر بووە وەک لەگەڵ کوردەکاندا و ئەو میسونێرانە ئەگەرچی بە سەرزاری و بە ڕواڵەت بۆ ئەوە ئەچوون کە باسی ئاینی کریستیانی بۆ کریستیانەکان بکەن و ڕێگەی ئاینیی خۆیان پێشان بدەن بەڵام لەڕاستیدا جگە لەوە دوو هۆی سەرەکیش بووە کە ئەوانە بەو گوڕ و تەوژمەوە لە کوردستاندا کاریان کردووە. یەکەمیان تەقەلایان دابوو کە هەندێک لە کوردە موسوڵمانەکانی بکەن بە کریستیان و ساتێک بۆیان دەرکەوت لە هەموو کوردستاندا تاقە کوردێکیان دەست نەکەوتبوو کە بیکەن بە کریستیان ئەو هیوایەیان لەو ڕووەوە نیتر بە کورد نەما. دووهەم ئەیانویست لە ڕێگەی پتەوکردن و بەهێزکردنی

کریستیانەکانی ئەو ناوچانەوە جێگەپێیەکی قایم بۆ خۆیان لەو ناوچانەدا دابمەزرێنن و لە ڕێگەی ئەوانەوە ببن بە دەسەڵاتداری تەواو و هەرچەند هەندێ جار وەکو تاکتیکێکی خۆیان ئەگەر هەوڵیشیان دابێ تەقەلای ئەوە بدەن کوردەکان و کریستیانەکان بکەن بە دۆست بەرامبەر بە دەوڵەتی فارس و تورک، بەڵام ئەو تەقەلایەشیان سنووری خۆی هەبووە و هەر کاتێک زانیبێتیان هەڵوێست گەیشتۆتە ئەوەی کە تای تەرازووی دەسەڵاتداریتی لەناوچەکەدا بۆ سوودی کورد بووبێت، ئەو میسونێرانە گێریان گۆڕیوە و بوون بە لایەنگری ئێران و تورکیا، چونکە چ ڕوس و چ ئینگلیز سوودیان لەوەدا نەبووە کە دەوڵەتی ئێران لاواز بێت و دەرفەت بۆ عوسمانی و تورک بڕەخسێت کە دەسەڵاتی خۆیان لە ئازربایجان و کوردستاندا بەهێز بکەن. دەربارەی ئەو پێوەندییەی سمکۆ و ڕوس وەکو وتمان هەندێ لە نووسەران باسیان کردووە.

لە باسی عبدالرزاق بدرخانیشدا باسمانکرد کە لای دوکتۆر کەمال عەلی لە گۆڤاری (چوارچرا)دا دەربارەی هۆی پەیداکردنی پێوەندی لەگەڵ ڕووسدا ئەوە بووە کە کورد لە ڕێگەی ڕوسەکانەوە ئەتوانێت ڕزگاری ببێت و هەوڵی ئەوەی ئەدا سوود لەو ناکۆکییەی کە لەنێوانی ڕوس و تورکەکانی عوسمانیدا هەبوو بۆ سوودی کورد بەکاری بێنێت.

سمکۆ یەکێک بووە لەوانەی کە عبدالرزاق بدرخان کاری تێ کردبوو. عبدالرزاق بدرخان قوتابیی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد حاجی قادری کۆیی لای وا بووە کە حکومەتی ئێران کز و لاواز بووە و باشترین شوێن بوو کە لەوێوە دەست بکرێت بە خەبات و شۆڕشی کورد و بە جووتە بە هیوای یارمەتیی ڕوسەکان لە شاری (خۆی) دەستیان کردبوو بە بزووتنەوەیەکی گەرموگوڕی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و کۆمەڵەی (جیهاندان) وەکو تازە نوخشەیەک کە خەریکی گڕوگاڵ بووە هیوای ئەوەی لێ کراوە کە ببێت بە بناغەی ڕێکخراوێکی فراوان بۆ نەخشەکێشانی ڕێبازی ڕێگەی ئازادی و سەرکەوتنی کورد.

عبدالرزاق جگە لە پەیداکردنی دۆستایەتی لەگەڵ ڕوسەکاندا هەوڵی ئەوەشی دا سمکۆ وا لێ بکا کە دڵنیا بێ لەوەی کە تاقە هیوایەکی کورد بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بریتیە لە پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ ڕوسەکاندا و لەمێژ بوو گەیشتبووە ئەوەی کە ئینگلیز مەبەستی لەگەڵ کورددا پاک نەبووە و نییە و، بووبوو بە هۆی

ئەوەی کە شۆڕشەکانی تری کورد لە کوردستانی ئێراندا سەر نەگرێت و هەڵوێستی ئینگلیزەکانی لەبەرچاو بووە کە چۆن دژی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەی نەهری وەستا بوون. دەربارەی تەقەلادانی سمکۆ بۆ پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ ڕوسدا، لەو باسەی (کەمال عەلی)دا باسی نامەیەکی سمکۆی کردووە کە بۆ جێگری قونسوڵی ڕوسیای ناردووە بەم جۆرەی خوارەوە.[٣٦]

"تورکەکان بە هەلی ئەزانن کە کزی و لاوازیی دەوڵەتی ئێران بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن، ئێوەش کە خۆتان بە پاڵپشتێکی ئێران دەزانن و بەرامبەر بە هەر دەسدرێژییەک کە بکرێتە سەر ئێران ئێوە بە وەڵام دێن، بۆیە هیوادارم کە یارمەتیم بدەن دژی تورکیا ڕاپەڕم (کە سەرچاوەی بۆ ئەم باسە لازاریڤە) هەروەک لازاریڤ لەو ڕووەوە باسی کردووە کونسوڵی ڕوس لە (وان) گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە کێشەی کورد لە ئەرازووی هەڵسەنگاندنی ڕوسدا مانایەکی گرنگی هەیە و (گردلیڤسکی) کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ژیا بوو بیر و بۆچوونی خۆی لەو ڕووەوە بەم جۆرە دەربڕیوە: "ڕوسیا ئەرکێکی ڕۆشنبریی زۆر گەورەی کەوتۆتە ئەستۆ کە پێویستە کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا یارمەتییان بدات. ئایا کامیان باشە بۆ کورد، بچێتە پاڵ ڕوس یاخود هەر لەناو چوارچێوەی پێوەندیکردن لەگەڵ تورکدا بمێنێتەوە؟ پێویستە وایان لێ بکەین کە لەو ڕاستیە بگەن کە کولتوری ڕوس بۆ ئەوان باشترە وەک لەوەی تورک."

گردەلیڤسکی دەربارەی چالاکیی عبدالرزاق بدرخان و سمکۆ لەکتێبەکەیدا (دنیای موسوڵمان) چاپی پترۆگراد ساڵی ١٩١٧، وتویەتی: "عبدالرزاق بدرخان لە ماوەی دە ساڵی دوایی ژیانیدا پێوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ کوردەکانی هەردوو پارچەکەی کوردستاندا هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ سمکۆ (لە کوردستانی ئێران) و (کوڕحسێن پاشا و شێخ عبدالقادری شەمزینی و سید طەی شەمزینی) و لە هەموو جموجووڵەکانی خۆی ئاگاداری کردون و بە خۆی و هاوکارەکانیان هەوڵیان ئەدا نەتەوەی کورد لەژێر دەستی هەردوو حکومەتە زاڵمەکە ڕزگار بکەن و عبدالرزاق بەتەواوی سمکۆی لەوە دڵنیا کردبوو کە بڕوای بە ڕوس هەبێت وەکو لایەنگرییەکی کورد ئامادەیە پاڵپشتی بێت.

لەگەڵ ئەوە هەموو تەقەلایانەی لەگەڵ ڕوسیا درا، ئەوەی کە هەبوو تەنها یارمەتیدانی کورد بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە بووە و لە ڕووی

سیاسیەوە ڕوسیا بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا نەدیوە کە لا لە کورد بکاتەوە و بەئاشکرا وتویەتی ئەگەر ئێمە یارمەتیی کورد بدەین بیانوو بۆ تورکاکان ساز ئەکەین و ڕێگیە بۆ خۆش ئەکەین کە لای ولاتان شکاتمان لێ بکات.

زنار سلوپی لە لاپەڕە (١٠٠)ی کتێبەکەیدا دەربارەی پێوەندی ڕوس و کورد وتویەتی:[١١] "لە سەرەتای شەڕی یەکەمدا ساڵی ١٩١٤ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و عبدالرزاق بدرخان لەگەڵ سید طەی کوڕی شێخ عبیداللەدا (لەمەدا زنار سلوپی، قەدری جەمیل پاشا، بە هەڵەدا چووە چونکە سید طە کوڕی شێخ محمد صدیق بوو و کوڕەزای شێخ عبیدالله بووە.) هەر سێکیان لەگەڵ حکومەتی قەیسەری ڕوسدا پەیمانێکیان بەست و بڕیاریاندا پێکەوە خەبات بکەن کە ئەمە هەتا شۆڕشی ئوکتوبەری ساڵی ١٩١٧ درێژەی کێشا و لەدوای وەستانی شەڕ هەر سێکیان ناچار بوون ڕوسیا بەجێ بهێڵن و تورکەکان عبدالرزاقیان گرت و لە موصل بەر لە محاکەمەکردنی خنکاندیان.

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٩٨)ی کتێبە تەرجەمەکراوەکەیدا دەربارەی سمکۆ و ڕوسیا وتویەتی:[١٨] "سمکۆ بۆ پشتیوانێک ئەگەڕا، لەو ڕووەوە هەل و دەرفەتی بۆ هەڵکەوت و لە بەهاری ساڵی ١٩٢٢دا کوڕێکی نارد بۆ (باکۆ) کە کریس کوچرا لەمەدا سەرچاوەکەی وەکو خۆی باسی کردووە بریتیە لە دوکیومێنتی ژمارە (F.O.7808-271) کە ڕاپۆرتی کونسوڵی بریتانیایە لە کرماشانەوە لە ڕۆژی ٣ی حزیرانی ١٩٢٥.

لەڕاستیدا کریس کوچرا لەباسەکەیدا نەیوتوە کام کوڕی بووە و دیارە دوکیومێنتەکەش باسی نەکردووە کە لام وایە (خسرو)ی کوڕی لەو ڕۆژانەدا منداڵ بووە و هی ئەوە نەبوو بۆ کار و فرمانێکی وا ناردبێتی بۆ لای سۆڤیەت.

کریس کوچرا لە باسەکەیدا ئەڵێ: ئەو ڕۆژانە ڕۆژەکەی ناسک بوو و لەڕاستیدا ئیسماعیل ئاغا کاتێکی ناوەختی هەڵبژاردبوو بۆ ئەو تەقەلایەی چونکە لەو ڕۆژانەدا حکومەتی ئێران پێوەندیی خۆی لەگەڵ حکومەتی شورەویدا ئاسایی کردبوو و لە پەیمانی ٢٦ی شوباتی ١٩٢٢دا ئەو کارە سەلمێنرابوو، جگە لەوە شوورەوی یارمەتیی ساز و بەرگ و کەرەسەی کە جاران ئەینارد بۆ شۆڕشگێڕە کومیونیستەکانی (گیلان) لە ساڵی ١٩٢١دا ئەو جۆرە یارمەتیانەشی وەستاندبوو.

لەدوای شکانی لایەنگری شوورەویی لە ئێراندا تەنها مابووەوە سەر سمکۆ بەڵام

شای ئێران دەسەڵاتی پەرەی سەندبوو و خۆی بەهێز کردبوو، بووبوو بە پایەدار و وای لێ هاتبوو تەواوی عەشرەتەکان و دەسەڵاتدارەکانی ئێران سەریان بۆ حکومەتی ئێران شۆڕکردبوو، عەشیرەتەکان وردە وردە ڕام بووبوون و چەکەکانیان لێ سەندرابووەوە و دەسەڵاتی پێشوویان نەمابوو.

لەڕاستیدا ئەوەی کە کریس کوچرا باسیکردووە کە تەقەلاکەی سمکۆ کاتی تێپەڕی بوو، دوای ئەوەی سۆڤیەتی گێرە و کێشەی ناوخۆی چارەسەر کردبوو ئەیویست ناوچەکانی سەرسنووری بێ ئاژاوە و بێ هەرا بێت و تەقەلای ئەوەی ئەدا کە ئێران ببێت بە حکومەتێکی یەکگرتووی دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان دەست نەکێشنە کاروباری ئێرانەوە لەبەر ئەوە لە حسابیا شتێکی وای دەستنیشان نەکردبوو کە لایەک لە کورد بکاتەوە و، بۆ ئەوە نەک هەر لەگەڵ ئێراندا پەیمانی دۆستایەتی بەستبوو، بەڵکو لەگەڵ تورکە کەمالییەکانیش هەمان پەیمانی بەستبوو و بە شێوەی ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئێراندا بەستبووی لەگەڵ تورکەکاندا بەڵێنی ئەوەی دابوو کە نەبێت بە لایەنگری هیچ جۆرە ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەک کە بێگومان چ لە ئێران و چ لە تورکیادا مەبەست تەنها هەر ڕاپەڕینی کورد بووە.

بەرامبەر بەو سیاسەتەی سۆڤیەتیش، ئینگلیزەکان کە بەرژەوەندییەکی ستراتیژی و ئابووریان هەبوو و کومپانیاکانیان دەستیان گرتبوو بەسەر بیرە نەوتەکانی خوارووی ئێراندا، ئەوانیش سوودیان لەوەدا بوو کە حکومەتی ئێران حکومەتێکی یەکگرتوو بێت و دەسەڵاتدار و بەهێز بێت و ڕێگە لەوە بگرێ کە بیر و باوەڕی کۆمۆنیستی لە ئێراندا تەشەنە بکات، بۆیە هەمیشە لایەنگری حکومەتی ئێران بووە بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد.

نووسەری کتێبی (سێ مرد عجیب) لە لاپەڕەکانی (١١–٢٨)دا هەر جارەی سمکۆی بە جۆرێک ناوبردووە و هەموو مەبەستەکەشی بۆ زڕاندنی ناوی سمکۆ بووە.

. لە لاپەڕە (٢٨)دا ئەڵێت: سمکۆ پێوەندی بە ئینقلابییەکانەوە بووە کە سەر بە ڕوس بوون و ئەڵێ ساتێک ڕاستیی ئەو پێوەندییە دەرکەوت کە کاروانێکی قاچاخچی کە قەند و شەکر و کاکا و فیشەکیان لە ڕوسیاوە لە ڕێگای ڕۆژئاوای (پردی دەشتی ماکۆ) لەلایەن ڕوسەوە ئەنێررا بۆ سمکۆ و ئەو بارە قاچاخانە لەلایەن مەئموری گومرگی (خۆی) ناوی (سید علی خان) بوو دەستی بەسەرا گیرا و ئینگلیزەکان بەو

پێوەندیەیان زانی و لە سمکۆ زویر بوون.

ئەوەی تەواو جێگەی گومانە لەمەدا ئەوەیە کە لەو ڕۆژانەی کە ئەو نووسەرە باسی کردووە (خۆی) بەتەواوی لەژێر دەسەلاتی سمکۆدا بووە ئیتر ئاخۆ مەئمورێکی گومرگ ئەگەر ڕاست بوویێت شتی لە ڕوسیەوە بۆ هاتبێت ئەو مەئموری گومرگە چۆن توانیوێتی دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگرێت کە هیچ گومان لەوەدا نییە کە نووسەر وەکو لایەنگرێکی حکومەت ویستیویەتی سمکۆ بەوە تاوانبار بکا کە لایەنگری ڕاپەڕیوەکان ناوچەی ئازربایجان بوو دژی حکومەتی ئێران.

## دووهەم: پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا:

هەرچەند حکومەتی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە شێوەیەکی ڕەسمی تێکەڵ بە شەڕ نەبووبوو، جاڕی بێلایەنیی خۆی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕ کەوتە کوردستانی ئێرانەوە و کوردی ئەو ناوچانەی کە شەڕی تیادا کرا تووشی زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بووبوون وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمانکرد، بۆیە کە شەڕ بڕایەوە کوردی کوردستان ویستی هەروەکو میللەتان تر مافی ڕەوای خۆی دەستگیر بێت و هەواڵی ئازادی و سەربەستیی میللەتانی تری پێ گەیشتبوو و لەگەڵ ئەوەشدا مادەکانی پەیمانی سیڤر بە هۆی ئەوەوە کە ئێران بەڕەسمی نەچووبووە شەڕەوە بۆیە لەو پەیمانەدا ناوی ئێران و کوردستانی ئێران نەهاتبوو بەپێچەوانەی ئەو بڕیارانەی کە دەربارەی کوردی کوردستانی تورکیا و عێراق بەئاشکرا لەو پەیمانەدا دەستنیشانکرابوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەدوای شەڕ هیوای ئەوەی پەیداکردبوو کە ماوەی دوازدەهەمین ئیعلانی ویلسنی سەرەککۆماری ئەمریکا حسابێکیش بۆ کوردی کوردستانی ئێران ئەکا و دامەزراندنی حوکمدارێتی کوردستان لە خوارووی کوردستاندا و ڕێکخستنی دەزگاکانی ئەو حوکمداریەتە بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود هەستی هەموو کوردی ئێرانی بزواندبوو هەندێکیان هاوبەشیی کوردەکانی عێراقیان کردبوو لە مۆرکردنی ئەو مەزبەتانەی کۆکرابوونەوە کە شەریف پاشای خەندان لە کۆنگرەی ئاشتی و پەیمانی سیڤردا نوێنەری میللەتی کورد بێت، ئەمانە هەمووی کارێکی ئێجگار زۆریان کردبووە سەر کوردی کوردستانی ئێران و سید طەی شەمزینی ژنبرای سمکۆ و هاوکارەکانیان کەوتبوونە جموجووڵ و لەدوای ئەوەی هیوایان لە دەستگیربوونی یارمەتیی سۆڤێت شتبوو،

ئیتر ئینگلیزی ئەو ڕۆژانە کە بووبوو بە کەڵەگای ناوچەکە تاقە هیوایەک بوو بۆ کورد کە شتێکی لێوە پەیدا ببێت بۆ کورد کە ئەوەی ئەویش هەر دەستبڕین و فرۆفێڵ بوو بۆ چەسپاندنی مەبەستەکان خۆی و جیاوازی ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ سۆڤێت ئەوە بوو کە ئینگلیزەکانی بەڕووواڵەت و بەدرۆ بەڵێنیان ئەدا بە کورد کە مافی کورد پشتگوێ ناخرێت و ئینگلیز ڕێگەی ئەوە نادا کە مافی کورد پێشێل بکرێ و ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی کە لە بغداد بە کوردی باسی مافی کوردی کردبوو لە کۆتایی شەڕی جیهانیدا و ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە سلێمانیدا دەرئەچوو ئەمانە بە هەموویان هیوایەکی تازەیان دابوو بە گیانی کورد و دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخ مەحمودا تێک چوون و ئاوارەیان کرد بۆ هندستان و تورکەکان هێزێکیان نارده (ڕواندز) بە سەرکردایەتی یوزدمیر بۆ هەڕەشەکردن لە ئینگلیز، ئیتر ئینگلیزەکان بەرامبەر بەوە پێوەندییان لەگەڵ سید طەی شەمزینی ژنبرای سمکۆدا کرد بە هیوای ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی ئەو و بە هێزی چەکدارەکانی سمکۆ بتوانن ئەو هێزەی تورک لە ڕواندز دەر بکەن و سید طە کە چووە بەغداد داخوازییەکانی خۆی دا بە ئینگلیزەکان کە بریتی بوو لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە خوارووی کوردستاندا کە کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە، بەڵام ئینگلیزەکان لەگەڵ سید طەدا ڕێک نەکەوتن و دانیان بەوەدا نابوو کە تەقەلاکانی سید طە لەو پێوەندیکردنەدا لەگەڵ ئینگلیزەکان بۆ مەبەستی دەستگیربوونی یارمەتی ئینگلیز بووە بۆ ڕاپەڕینەکەی سمکۆ.

سمکۆ لەئەنجامی ئاشکرابوونی هەڵوێستی سۆڤێتی ئەو ڕۆژانەدا بۆی ڕوون بووبووە کە سۆڤێت هیوای ئەومیان لێ نەدەکرا کە یارمەتیی بدەن مایەوە سەر ئینگلیز کە بەڕووواڵەت خۆیان وایان پێشان ئەدا کە ڕێگە نادەن مافی کورد پێشێل بکرێت کە دەرکەوت هەموو بەڵێنەکانیان درۆ و دەستبڕین بووە و بەپێچەوانەی ئەوان سۆڤێتی ئەو ڕۆژە نەیانویستبوو دەستی سمکۆ ببڕن و بەئاشکرا تێیان گەیاندبوو کە ناتوانن یارمەتی بدەن و لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێ بەڵێنی درۆی بدەنێ.

سمکۆ لە تەقەلای پێوەندیکردنیدا لەگەڵ ئینگلیزەکان ئەو تەقەلایەی لە دوو قۆناغدا دەرئەکەوێ:

قۆناغی یەکەم: ئەو تەقەلایەی سمکۆ دابووی بۆ پەیداکردنی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزدا لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەکاتی

سەرەتای گوڕ و تەوژمی دەسەڵاتیدا لە کوردستانی ئێران کە مەبەستمانە لەم باسەدا لێی بدوێین.

قۆناغی دووهەم: ئەو تەقەلایەی سمکۆ بوو کە هەوڵی دابوو پێوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکا لەدوای ئەوەی لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران و تورکیا تێک شکابوو، بەناچاری چووبووە خاکی کوردستانی عێراقەوە کە باسی ئەمە لەدواییدا لە باسێکی تایبەتیدا بەدوورودرێژی لێ ئەدوێین.

بەرلەوەی باسی ئەو سەرچاوانە بکەین کە دەربارەی تەقەلاکانی سمکۆ دواون بۆ پەیداکردنی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزدا، حەزمکرد شتێکی کورت پێشکەش خوێنەران بکەم دەربارەی پێوەندی و دۆستایەتیکردنی کورد لەگەڵ وڵاتاندا.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە شوێنی جیوپۆلیتیکی کورد بارێکی زۆر نالەباری بەسەر میللەتی کورددا سەپاندووە و کە ئاشکرایە نەبوونی لەسەر دەریا یەکێک بووە لەو هۆیانەی کە کوردی خستۆتە ناو چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان بەستووە بە وڵاتەکەی خۆیانەوە و لە هەموو لایەکەوە هەر لەکۆنەوە لەلایەن دوژمنانیەوە شەشدەری لێ گێراوە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە دەنگی بگەیەنێتە وڵاتان و ڕێگەی هاتوچۆکردنی لێ قەدەغە کراوە و وەکو دەستوپێ بەسراوێکی لێ هاتووە کە بارەکەی ئەوەندە گران و قورس بوو زۆرجار ئەو بارەی پێ هەڵنەگیراوە و نەیتوانیوە بگاتە مەنزڵ.

بۆ پەیداکردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتێکی بێگانەدا بە هیوای دەستگیربوونی یارمەتی لەو دەوڵەتانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو دەوڵەتانە هەر یەکەیان بە شێوەیەک سوود و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبووە و نەخشەی تایبەتی خۆیان کێشاوە بۆ چەسپاندنی ئەو بەرژەوەندییانە، بەڵام مێژوو بۆی دەرخستووین کە ئەو بەرژەوەندییانە بە شێوەیەکی هەمیشەیی قەت لەگەڵ سوود و بەرژەوەندی میللەتی کوردا یەکی نەگرتۆتەوە و نووسەرانی ئەو حکومەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە تەقەلاکانی کورد و سەرکردەکانیان بە نۆکەری بێگانە لە قەڵەم داوە.

بۆ نموونە ئەگەر کورد هەوڵی دابێت دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتێکدا بکات بە هیوای ئەوەی لە ڕێگەی ئەو دۆستایەتیەوە بتوانێت نەختێک لە بارە گرانەکەی سەرشانی میللەتی کورد سووک بکات بە سەدان باس و کتێب دژی کورد و سەرکردەکانی

نووسراوە و بەهاراتیکی زۆریان پێوە کردووە کە کورد نۆکەری بێگانە بووە و کەچی ئەو پێـوەندییـانەی کـە بۆ سـوود و بەرژەوەندی خـۆیان کـردویانە ناویان ناوە (دیپلوماسیەت) و ئەمانەیان لا هەموو ڕەوا بووە.

لە ئێـراندا لاپەڕەکـانی مـێـژوو زۆر بەئاشکرا ئەوەیان سـەلماندووە کـە ڕەزاشـا کـرێگرتەی ئینگلیـز بووە و ئینگلیـزەکـان پێشـیـان خسـت و هەل و دەرفـەتیـان بۆ ڕەخساند کە ببێت بە وەزیری جەنگ و لەدواییشدا کرا بە شای ئێران، کەچی ئەگەر یەکـێکی وەکـو سـمکۆ یا سـیـد طە تەقـەلای ئەوەیان دابێت بۆ دەسـتگیـربوونی یارمـەتییـەک لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ کورد ئەو تەقەلایەیان بە خیـانەت و بە نۆکـەری داناوە.

دەربارەی پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گەلێک سەرچاوە باسیان کردووە کە ئێمەش لێرەدا نموونەی بۆچوونی هەندێک لەو سەرچاوانە پێشکەش ئەکەین.

مـارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا لەو ڕووەوە وتویەتی:[٢٨] "لە سـاڵی ١٩١٩دا سمکۆ سـەرگـەرمی ئامـادەکردن و خـۆشکردنی زەمینەیەک بوو کـە سـەربەخـۆیی کـوردسـتـانی پێ مـسـۆگـەر بکرێت و بۆ ئەو مـەبەسـتـە پێـوەندیی بە سـەرۆک عەشـیـرەتەکانی کوردەوە کرد بۆ خـۆئامادەکـردن. سـیـد طە کە ژنبـرا و دۆست و هاوکـاری سـمکۆ بوو چووە بەغداد بۆ هـەوڵی مـسـۆگـەرکـردنی پشـتـیـوانیکردنی ئینگلیزی دا بۆ دەستگیربوونی سەربەخۆیی کورد.

سمکۆ نامەیەکی بە سید طەدا نارد بۆ (ا. ت. ویلسن)ی حاکمی گشتیی بریتانیا لە بەغـداد بەڵام نە ئەو چوونـەی سیـد طە و نە ئەو نامـەیەی سـمکۆ بۆ ویلـسن هیچ سوودێکی نەبوو.

مارتن ئەڵێ: "بەپێی سەرچاوەی نووسینەکانی ئەرمەنییەکان، سمکۆ و سید طە لە هەمـان کـاتدا پێـوەندییـان بـە تورکە قـەومیـەکانیـەشـوە کـردبوو لە (وان) تورک لەو ڕۆژەدا ئەیویست سـوود لە سـمکۆ وەربگرێ بۆ بەربەرەکـانیکردنی ئەرمـەنییـەکان لە (ئەنادۆڵ)دا لەبەرئەوە نیمچە بەڵێنێکیان دابوو بە سمکۆ.


ویڵسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە کتێبەکەیدا MESOPOTAMIA IN 1917-1920 بەئاشکرا لەو کتێبەیدا سیاسەتی حکومەتی بریتانیای روون کردۆتەوە بەرامبەر[٥٨] بە کورد و بەرامبەر بە تەقەلاکانی سمکۆ کە بێگومان بەشێکی زۆری ئەو نارەزاییەی بەرامبەر بە سمکۆ دەری بریوە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارە نارێک و چەوتەی سمکۆ لە کوشتنی مارشمعون و ئاوارەکردنی ئاسورییەکان و ئەڵێ: "ساتێک سید طەی شەمزینی هاتە بەغداد و چاوم پێ کەوت بۆم دەرکەوت سید طە بۆ ئەوە هاتبوو کە حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنرێت کە کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە لەژێر چاودێری (ئینتداب) بریتانیادا (کە ئەو تەقەلایەی سید طە بۆ ئەو چاودێرییەی بریتانیا مەبەست لەوە بووە چۆن بریتانیا سەرپەرشتیی کاروباری عێراقی ئەکرد بەو جۆرەش هی کوردستان بکات.)

ویڵسن لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: "بۆ سید طەم روونکردەوە کە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێت ئەوەی ئەو بۆ کوردستانی ئێران داوای کردبوو بەجێی بێنین. سید طە بەوە ئێجگار پەست و مات و غەمبار بوو کە ئەوەم پێ ڕاگەیاند و جگە لەوە سید طە داخوازییەکی تریشی هەبوو کە بریتی بوو لە دەرچوونی بریاری لێخۆشبوونێکی گشتی (کە مەبەستی ویڵسن ئەوە بووە کە سید طە داوای کردبوو ئینگلیزەکان بریارێک دەر بکەن بۆ لێخۆشبوون لە سمکۆ بەرامبەر بەو کوشتارەی لە ئاسوورییەکان کردبووی و مارشمعونی کوشتبوو کە بە جووتە حکومەتی ئێران و بریتانیا بەیانێکیان دەربارەی ئەو ڕووداوە دەرکردبوو سمکۆیان لەو ڕووەوە تاوانبار کردبوو، هەروەها سید طە داوای ئەوەی ئەکرد کە کوردستان بکرێت بە چەند (فیدرالی)یەوە."

بەرامبەر بەو داخوازییانەی سید طە سکرتاریەتی وەزارەتی هندستان (ئەو کاتە لە ئەنجومەنی وەزیرانی بریتانیادا وەزارەتێکی تایبەتی بە ناوی وەزارەتی هندستانەوە هەبووە کە کاروباری میسوپۆتامیا یەکسەر لەلایەن ئەو وەزارەتەوە سەرپەرشتی ئەکرا)، لە ٥/٦/١٩١٩دا سکرتاریەتی وەزارەتی هندستان لە لندن بە

تەلگرافی ژمارە (١٩٢) وەرامی حاکمی گشتی بریتانیای بەم جۆرەی خوارەوە دابووەوە: "بە هیچ شێوەیەک نەسیحەتی ئەوەتان ناکەم کە هیچ جۆرە بەڵێن و پەیمانێک لەو ڕووەوە بدەن (کە بێگومان مەبەست لە داخوازییەکانی سید طە بووە.)" لەچوونی سید طەدا بۆ بەغداد سمکۆ نامەیەکی تایبەتیی خۆی بە سید طەدا ناردبوو بۆ ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا لە بەغدادا، کە هەروەکو بەدوورودرێژی لە لاپەڕەی (٢٤١)ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا باسمکردووە کە لەو چوونەی سید طەدا سید عبداللەی شەمزینی ئامۆزای سید طە و باوکی دوکتۆر عەزیز شەمزینی لەگەڵدا بووە و لەنێوانی گفتوگۆکانی سید طە و ئینگلیزەکاندا هەروەکو سید عبدالله گێڕاویەتەوە ئینگلیزەکان بە سید طەیان وتبوو: جارێ وا ئێمە لەگەڵ تورکەکاندا خەریکی گفتوگۆکردنین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موصل بەئاشتی و بەبێ شەڕ، ئەگەر هات و لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵیاندا نەگەیشتینە ئەنجام و لەگەڵماندا ڕێک نەکەوتن ئەوسا هەر تەنها فڕۆکە نەبێ کە ناتوانین بیدەین بە ئێوە، ئیتر هەموو جۆرە چەک و جبەخانەیەکی تری پێویست ئەدەین بە ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی خۆتانی پێ بکەن لەگەڵ تورکەکاندا و ئەگەر ڕێکیش کەوتین لەگەڵیاندا ئەوسا تۆ ئەتوانیت لە سایەی ئێمەدا بژی و مانگی پێنج هەزار ڕوپیەتی بۆ دەڕینەوە، کە بەڕاستی لەدواییدا کە ئینگلیزەکانی لەگەڵ تورکدا ڕێکە کەوتن ئەو مانگانەیان بۆ بڕیەوە و لەجیاتی حوکمداری کوردستانی بە قائمقامێتی ڕواندوزیش قایل بوو.

دەربارەی پێوەندیکردنی سید طە بە ئینگلیزەکانەوە، لەو ڕۆژانەدا کە حاکمی گشتی بریتانیا ویلسن بووە، ویلسن نامەیەکی بە فارسی ناردووە بۆ سید طە لە ١٩١٩/٦/٢٢دا کە ژمارەکەی (N.O.S.O. 1728) بووە، لەو نامەیەدا ویلسن گلەییەکی زۆری لە شێخ مەحمود کردووە کە فۆتۆکۆپیی ئەو نامەیەی ویلسنم لای صفیە خانی کچی سمکۆ بەسوپاسەوە دەستگیر بوو کە لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٩٢دا لە هەولێر چوومە خزمەتی و وا منیش فۆتۆکۆپی ئەو نامەیە پێشکەش خوێنەران ئەکەم.




H.B.M.'s Consulate-General,
Baghdad.
ادارهٔ حاکم ملکی عام در عراق

بغداد ۲۲ جون ۱۹۱۹

- ٤ -

فۆتۆكۆپی لاپەڕەی یەكەمی ئەو نامەیەی كە حاكمی گشتی بریتانیا لە بەغداد (ویلسن) لە ۱۹۱۹/٦/۲۲دا ناردبوونی بۆ سید طەی شەمزینی.



فۆتۆکۆپی لاپەڕەی دووهەمی ئەو نامەیە، بۆ سید طەی شەمزینی.

ئەدمۆنسی خوێنەخۆریی کورد لەکتێبەکەیدا (کورد، تورک، عەرەب.) دەربارەی چوونی سید طه بۆ بەغداد و گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وتویەتی:[٢٧] "من گفتوگۆکانی سید طەم بە دڵ نەبوو کە لە بەغداد لەگەڵیدا کرابوو، چونکە داخوازییەکانی سید طه ئێجگار زۆر بوون کە داوای چەک و جبەخانە و پارەیەکی زۆری ئەکرد کە بێگومان ئەمەی بۆ بەهێزکردنی تاقمەکەی خۆی بووە. (مەبەستی سمکۆ بووە.)"

مس بیلی سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە لاپەڕە (٢١٦)ی کتێبەکەیدا دەربارەی سیاسەتی حکومەتی بریتانیا لە کوردستانی ئێراندا وتویەتی:[٦٦] "لەدوای بەستنی قراردادی ساڵی ١٩١٩ لەنێوانی ئێران و بریتانیا کە وثوق الدولەی سەرەکوەزیرانی ئێران و سیر برسی کوکس مۆریان کردبوو لەدوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە ئیتر سمکۆ هەتا ڕادەیەکی زۆر هیوای بە پشتیوانیکردنی بریتانیا نەما کە تەقەلایەکی زۆری ئەدا بۆ نزیک بوونەوە لە ئینگلیز بە مەبەستی پێکهێنانی جۆرە یەکێتی و هاوکارییەک لەنێوانی هەموو کوردەکانی ئێران و تورکیا و عێراقدا (باسی ئەو قراردادەی ساڵی ١٩١٩ لەنێوانی ئێران و بریتانیادا لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا دێتە بەرچاو.)

لام وایە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی مس بیل، سمکۆ هەتا چەند ساڵێکی دوای ئەوەش هیوای بە ئینگلیز هەبوو.

کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٢٧)ی باسەکەیدا لەو ڕووەوە نووسیویەتی:[٢٩] "یحیای دەوڵەت ئابادی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویتی کە پێش کودەتای ڕەزاخان، دەوڵەتی ئینگلیز نەخشەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی لە کوردستانی گەورەدا بە دەستەوە بوو، بەڵام پاش ئەوەی کە ڕەزاخانیان هێنایە سەر حوکم کە ڕەزاخان نۆکەری خۆیان بوو، ئیتر کوردستانی گەورە و حکومەتی کوردی لەبیر چووەوە."

بێجگە لەو بیرەوەرییەی یەحیای دەوڵەت ئابادی کە کاک کەریمی حسامی باسیکردووە، حکومەتی بریتانیا بۆ پتەوکردنی جێپێی حکومەتە دەستکردەکەی خۆی لە عێراقدا کە هەروەکو جگەرگۆشەیەک پەروەردەی ئەکرد، تەقەلای ئەدا کە کورد بکا بە لایەنگری ئەو حکومەتە کە لەوەدا تەنها سوود و بەرژەوەندیی خۆی مەبەست بووە و، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی کورد لە خۆی زویر نەکا، بەتایبەتی

ئەو کوردانەی کە باوەڕیان بە سیاسەتی بریتانیان هەبووە بۆ پێنەکردنی مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان دەستیان کرد بە فڕوفێڵ و بەنجکردنی مێشکی کورد و هەروەکو مس بێل لەو کتێبەیدا باسیکردووە کە وتویەتی: "لە حزیرانی ساڵی ١٩١٩دا حکومەتی بریتانیا، حکومەتی عێراقی ڕاسپارد کە بەیانێک دەر بکا بۆ هەموو کوردەکان کە لەو بەیانەدا وترابوو: پاشەڕۆژی ئەو وڵاتەی کە پێی ئەوترێ ئەرمەنیا و کوردستان، پێویستە لە کۆنگرەی ئاشتیدا باس بکرێ و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە کە لەوەدا هیچ گومان نییە ئەبێ بەپێی ئەو نەخشەیە دەستنیشانی ئەوە بکرێت هەموو میللەتێک مافی ئەوەی هەبێت شێوەی بەڕێوەبردن کاروباری خۆی دەستنیشان بکا و بەرلەمە بریتانیا کوردی دڵنیا کردبوو کە مافی کورد پشتگوێ ناخرێت و لە کۆنگرەی ئاشتیدا ئەوە ئەخرێتە بەرچاو، لەبەر ئەوە بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە کە ئاسایش و هێمنی لە ناوچەکانی خۆیاندا بپارێزن بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە سەر بگرێ.

مس بێل لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: بەڵام دەربارەی ئەو کوشتارەی لە ئەرمەنییەکان کرابوو بەپێی بڕیاری حکومەتی تورکیا، پێویستە ئەو کاربەدەستانەی هۆی ئەو کوشتارە بوون سزا بدرێن و ئەو ئەرمەنییانەش کە دەستیان هەبوو لە کوشتار و سەربڕینی ئیسلامەکان ئەوانیش سزا بدرێن و ئەو ژن و منداڵە ئیسلامانەی کە گیراون بەر بدرێن و هەرچییەکیان لێ زەوتکراوە بیاندرێتەوە و هەوڵ بدرێ ناکۆکییەکانی نێوانیان نەهێڵرێ.

مس بێل لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: لەئەنجامی ئەوەدا سمکۆ زۆر خۆی لە حاکمی گشتی بریتانیا نزیک دەکردەوە کە لەپێش شەڕیشدا یەکتریان ئەناسی، بەڵام دوژمنەکانی سمکۆ بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران کە ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بەستووە بوو بە هۆی ئەوەی سمکۆ هیچ هیوایەکی بەوە نەمێنێت کە حکومەتی برتانیا یارمەتیی بدات، بێجگە لەوەی کە ترسی ئەوەشی هەبوو کە سزا بدرێت بەرامبەر بەو تاوانانەی بەرامبەر بە کریستیانەکانی کردبوی کە ئەمە لەدواییدا وای لە سمکۆ کرد خۆی لە تورکەکان نزیک بکاتەوە و بچێتە ژێر سایەیانەوە."

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٩٥)ی کتێبە تەرجەمەکراوەکەیدا دەربارەی پێوەندی سمکۆ و ئینگلیز وتویەتی(١٨): "سمکۆ لەدوای شەڕی جیهانییەوە ئەویست پێوەندیی

خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەهێز بکا و سوود لە یارمەتیی ئەوان وەربگرێت و بۆ ئەو مەبەستە سید طەی لە ڕێگەی هەولێرەوە نارد بۆ بەغداد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەبارەی مەسەلەی کوردی ئێرانەوە وتوێژ بکات. سید طە لەگەڵ ویڵسن (مەبەستی حاکمی گشتی بریتانیایە لە بەغداد) دەربارەی کێشەی کورد زۆر دوا بەڵام سەرەنجام نائومێد بوو و هیچ سوودێکی لەو وتووێژکردنە دەستگیر نەبوو.

ویڵسن لەکاتێکدا لەگەڵ نوێنەری کوردەکاندا گفتوگۆی ئەکرد لەژێریشەوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا خەریکی گاڵتەوگەپی سیاسی بوو، لەئاکامدا ئیدارەی سیاسی دەرەوەی ئینگلیز دەریبڕی کە ئەگەر ئێران چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد نەدۆزێتەوە ئەبێ لەوە بترسێت کە کوردەکان داوای جیابوونەوە ئەکەن کە ئەو کارەش بۆ تاران لەو کاتە ناسکەدا زۆر مەترسی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر هات و کار گەیشتە ڕادەیەک کە لەوەدا دەسەڵاتی ئینگلیز و فارسی تیادا نەمێنێت.

لەدوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢١دا سیر پرسی کوکس (مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد) چووە تاران و لەگەڵ ئێرانییەکاندا کەوتە گفتوگۆکردن و سەرەکوەزیرانی ئێران (وثوق الدوله) پەیمانێکی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەست و ئاشکرا بوو کە دوای هاتنی (ضیاءالدین طباطبائی) و کودەتاکەی مانگی شوباتی ١٩٢١ ئیتر مەسەلەی وڵات ڕەنگ و ڕوویەکی تازەی بەخۆیەوە دی و دەوڵەتی ئێران و ئینگلیز زۆر لە یەک نزیک بوونەوە.

سمایل ئاغا لە مانگی حزیرانی ١٩٢١دا بۆی دەرکەوت کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاربەدەستێکی ئینگلیزدا لە شاری شنۆ و بەدوای ئەوە لەگەڵ سیر پرسی کوکسدا لە مانگی (ئوت-ئاب)ی ١٩٢١دا یەکتریان بینی و لەو چاوپێکەوتنەدا بە پێویستی زانی کە دوو شتی بە چاکی بۆ ڕوون ببێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت:

١- ئایا کوردستان چی بەسەردێت و ئایا کێشەی کورد لە ساڵی ١٩١٤دا کە لەبەر چاوی دەوڵەتانی تورک و سوڤێتدا بووە بە کوێ دەگا؟

٢- دەیەوێ لەوەش بگا کە ئایا لەناوچوونی تەخت و تاجی پاشایەتی قاجار و هاتنی ڕەزاخان دەبێتە هۆی ئەوەی کە سوودی کوردی تیادا بێت؟ و ئایا لەو بابەتەوە هیچ مەترسییەک لە گۆڕێدا نییە؟ (کە دیارە مەبەستی مەترسی بووە بۆ کورد.)، و ئایا ئەگەر دەوڵەتێک کوردەکان لەژێر باڵی خۆیدا ڕانەگرێ چۆن کورد خۆی بە تاقی تەنیا لە جنگی ئێران و تورک ڕزگاری دەبێت؟

سمکۆ لەمەدا مەبەستی ئەوە بوو کە هەرچۆنێک بێت ئینگلیز ڕازی بکا کە ببێت بە لایەنگری و پارێزگاری لێ بکات.

ماوەی سێ مانگ وتووێژ لەنێوانی کوردەکان و کاربەدەستانی ئینگلیزدا درێژەی کێشا، بابەکر ئاغای کورد (مەبەستی بابەکری سەلیم ئاغای پژدەر بووە.)، کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کەوتبووە بەینی هەردوولا و هاوبەشیی دەکرد لە گفتوگۆکاندا، بەلام لەگەڵ ئەو هەموو گفتوگۆ و پێوەندیکردنانەدا ئینگلیزەکان نیگەران بوون بۆیە هیچ نوێنەرێکی خۆیان نەنارد و ئینگلیز لەو گفتوگۆیانەدا تەنها مەبەستیان بوو کە بزانن ئەگەر هات و ئێران هێرشی بردە سەر کورد بزووتنەوەکەیان چۆن بەرگری لەو هێرشە دەکا.

مصطفی پاشای سەرۆکی کوردی تورکیا تەقەلایەکی تری دا بۆ ئەوەی وتووێژێکی تر لەنێوانی کورد و ئینگلیزەکاندا ساز بکات.

دوای ئەوە کوردی تورکیا و ئێران بە ڕابەرایەتی مصطفی پاشایا یامولکی، سید طەی شەمزینی لەگەڵ ئینگلیزەکان وتووێژیان کرد و بە ئینگلیز وترا ئەگەر بێت و بریتانیا بە چەک و جبەخانە و ساز و بەرگی شەڕ یارمەتیی کورد بدات ئەوا دەتوانن ناوچەی (وان) و (ئەرزروم) و سیواس و بتلیس و هەکاری بگرن و ئەو ناوچانە پاک بکەنەوە لە سەربازەکانی تورک و دەرسێکی وا بدەن بە کاربەدەستانی تورک کە قەت بیریان نەچێتەوە و هەتا ڕواندوز بچن و ئەگەر ئینگلیز ڕێگا بدا هەتا شاری (ئەنقەرە)ش دەچن و لەناو ئێرانیشدا دەتوانن بگەنە مەڵبەندی (سنە).

دەوڵەتی فرەنسەش لەلایەکی ترەوە ئاگاداری هەڵوێست بوو و ئەیزانی لەدوای بەستنی پەیمانی نێوانی ئینگلیز و ئێران ئیتر ئینگلیز هیچ کارێکی بە کورد نامێنێت و هیچیشیان بۆ ناکەن و مەسەلەی کورد لەدوای ئەوە ئیتر بوو بە شتێک کەلە ڕیزی نەبووان ئەژمێررا و بەو جۆرە کورد لەوەشدا هیچی دەستگیر نەبوو.

ئەگەر بەوردی بچینە بنجوبناوانی ئەو بۆچوونەی کریس کوچرا هەندێ سەرنج هەیە پێویستە خوێنەر بەسەریاندا تێپەڕ نەکات:

١- وەکو وتمان مصطفی پاشا نوێنەری کوردی تورکیا نەبووە، بەڵکو لە سلێمانیەوە چووە بۆ لای سمکۆ و گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە وەکو لەدواییدا ئەو گفتوگۆیە بەدوورودرێژی باس ئەکەین.

٢- هیچ دوکیومێنتێکی ناو ئەرشیفی دەرەوەی بریتانیا و هیچ سەرچاوەیەک کە

ئینگلیزە شارەزاکانی ئەو ڕۆژانە نووسیویانە وەکو وڵسنی حاکمی گشتی بریتانیا و ئەدمۆنس و مس بیل، هیچیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە سمکۆ سیر پرسی کۆکسی دیبێ وەکو کریس کوچرا باسیکردووە، بەپێچەوانەوە وەکو لە دوکیومێنتەکانی دواییدا دەرئەکەوێ ئینگلیزەکان بە هیچ جۆرێک نەیانویستوە لەناو خاکی ئێراندا لەگەڵ سمکۆدا کۆ ببنەوە، تەنها ئەو نامەیە نەبێت کە سمکۆ بە سید طەدا ناردبووی بۆ ویڵسنی حاکمی بریتانیا کە ئەوە بە چاوپێکەوتن ناژمێررێت، سمکۆ کاتێک چاوی بە ئینگلیزەکان کەوت کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا لەشەرەکانیدا لەگەڵ ئێران و تورکیادا شکا و بەناچاری ڕوویکردە کوردستانی عێراق ئەوسا لەوێ چاوی بە ئینگلیزەکان کەوتووە کە لە باسێکی تایبەتیدا کە بۆ ئەو مەبەستەمان تەرخانکردووە لەدواییدا بەدووردرێژی باسی ئەکەین.

لەوەی کریس کوچرا سەیرتر ئەو باسەیەک کە لە کتێبی (سە مردی عجیب)دا[٤٣] لە لاپەڕەکانی ٢٧-٢٩دا باسی پێوەندی سمکۆ و ئینگلیزەکانی کردووە و هەر جارەی شتێکی لەخۆوە باس کردووە و جارێک لە لاپەڕە (٢٧)دا ئەڵێ: "سمکۆ بازیچەء دست انگلیس ها." کە بۆ ئەو قسەیەی لە لاپەڕەکانی (٢٨-٢٩)دا هەر لەخۆیەوە شتی وای نووسیوە کە هەمووی بێ سەر و بەرە. بۆ نموونە، لە لاپەڕە (٢٨)دا ئەڵێ: "سمکۆ لەگەڵ (نویل)دا ملاقاتی کردووە، لەکاتێکدا لەو ڕۆژانەدا کە ئەو باسیکردووە نویل بە هیچ جۆرێک لەو ناوچانەدا نەمابوو و، لەلاپەڕە (٢٩)دا ئەڵێ: "ئەدمۆنس کە چوو بۆ (پیران) بۆ بینینی شێخ مەحمود لەوێ سمکۆیشی بینیوە و سمکۆ تەقەلای دابوو کە بچێتە بەغداد بەڵام شێخ مەحمود کە پێی خۆش نەبووە هیچ کوردێکی تر لەو ناوچانەدا بێجگە لە خۆی کەسی تر دەسەڵاتدار بێت، شێخ مەحمود ئەدمۆنسی ڕاسپاردبوو کە ڕێگەی ئەوە نەدات سمکۆ بچێتە بەغداد، کە لەڕاستیدا ئەو ڕۆژانەی کە (کورنوالیس) چووبوو بۆ لای شێخ مەحمود لە پیران لە ساڵی ١٩٢٦دا شێخ مەحمود ماوەیەک بوو لە پیران نیشتەجێ بووبوو دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هیوای ئەوەیان بڕا کە حکومەتی ئێران شێخ مەحمود بگرێت و تەسلیمی حکومەتی بریتانیای بکات، ئیتر دەستکرا بە گفتوگۆکردن و کورنوالیس چووە لای شێخ مەحمود و لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە هەر لە پیران دابنیشێت و جووڵە نەکا، تا لە ساڵی ١٩٣٠دا کە شۆڕشی بەر دەرگای سەرای سلێمانی لە شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ڕوویدا ئەوسا جارێکی تر شێخ مەحمود ڕابەری دژی

ئینگلیزەکان، بەو جۆرە سمکۆ کە لە ساڵی ١٩٢٦دا لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا ئاوارە بووە و هەر ماوەیەک لە شوێنێکدا بووە، هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوەی نەکردووە کە سمکۆ لای شێخ مەحمود ئەدمۆنسی دیبێت کە لە لاپەڕەکانی (٦٦٧-٦٧٨)ی بەرگی دووهەمەی ئەو کتێبەدا بەدووروودرێژی باسمکردوەو و ئەو دوکیومێنتە نەهێنییەی کە باسی ئەو چوونەی کورنوالیسی کردووە لەگەڵ شێخ مەحموددا بە هیچ جۆرێک باسی چوونی سمکۆی نەکردووە و نووسەری ئەو کتێبە وەکو بۆچوونە پڕ لە درۆکانی تری نووسەرانی فارس ویستویەتی بڵێ کە سمکۆ پیاوی ئینگلیز بووە.

مصطفی پاشای یامولکی لەو گفتوگۆیەیدا کە لەگەڵ سمکۆدا کردبووی، کە لەدواییدا باسی ئەکەین، مەبەست لەو چوونەی مصطفی پاشایە بۆ لای سمکۆ بەزۆری بۆ ئەوە بووە کە سمکۆ هان بدات دژی تورکە کەمالییەکان شەڕ بکات و خۆی بە شەڕی ئێرانەوە خەریک نەکات و مصطفی یامولکی لە گفتوگۆکەیدا لەو ڕووەوە بە سمکۆی وتبوو: "بۆ ئەوەی کێشەی خۆت لەگەڵ ئێرانییەکاندا چارەسەر بکەی هەوڵ بدە پێوەندییان پێوە بکەی و سوود لە هەل و دەرفەت وەربگری و هەوڵ بدە ئەو شوێنانەی بریتانیایی و ئەوروپایی تیادا نییە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا ڕێک بکەوە و لام وایە ئەگەر ئەو ڕێبازە بگریتە بەر ئەوا ئەوروپاییەکانیش گوێ لە داخوازییەکانت ئەگرن."

بەڵام بێگومان سمکۆ باوەڕی بە سیاسەتی ئینگلیز نەبووە و نەیویستووە سەرومڕ خۆی تەسلیمی سیاسەتی ئەوان بکات و بەسەرهاتەکانی رابردووی زەمانی شێخ عبیداللەی نەهەری و عبدالرزاق بەدرخانی هاوڕێی لەبەر چاو بووە بۆیە نەیویستبوو بەخۆڕایی لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدات بۆیە لە وەرامی ئەوەی مصطفی پاشای یامولکیدا سمکۆ وتبووی: "منیش زۆر ڕقم لە تورکە قەومییەکانە و بە دوژمنێکی گەورەتریان دائەنێم لە فارسەکان بەڵام من چەند جارێک نامەم ناردووە بۆ ئینگلیزەکان (کە ئەمە دەری ئەخا تەنها نامەی بۆ ناردون و نەیبینون.) و ئاگادارم کردوون کە من نامەوێ دژی سیاسەتی ئەوان هیچ بکەم و هەمیشە پێویستیمان بە یارمەتیدانی بریتانیا هەیە، با ئەوان هەستی خۆیان بەرامبەر بە کورد دەرببڕن ئەوسا منیش ئامادەم بە ئارەزووی ئەوان بجووڵێمەوە.

ئێمە پێویستیمان بە چەک و فیشەک هەیە، ئەگەر ئەوەم فریا نەکەوێ تووشی

شەڕشەقێکی زۆر ئەبم و بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان دڵنیا بکەم کە ئەمەیّ بەڕاستی لەگەڵ سیاسەتی ئەواندا بم سید طەم ناردبوو بۆ بەغداد بەڵام ئەو چوونەش هیچ سوودی و ئەنجامێکی نەبوو.

ئەوا ئێستە من و سید طە تۆ ئەکەین بە وەکیلی خۆمان، ئەگەر حکومەتی بریتانیا ڕاستەوخۆ یاخود بە هۆی دۆستە دڵسۆزەکانیەوە لەناو پژدەردا بتوانێت یارمەتیی چەک و جبەخانەمان بدات و بەبێ ئەوەی بمانخاتە ژێر ڕەحمەتی ئەفسەرەکانیەوە ئەگەر ئەمانە بکا ئەوا ئەتوانین (وان و ئەرزڕوم و سیواس و هەکاری) پاک بکەینەوە لە تورک و ئەوسا ئەتوانین دەرسێکی گەورەش فێری ئەوانەی ڕواندز بکەین (مەبەستی یوزدمیر بووە.)، ئەوانەی تریش کە لە شوێنەکانی تردان.

سمکۆ بە مصطفی یامولکی ئەڵێ: 'ئەمە پێشنیازی ئێمەیە و تۆ ئەتوانیت دڵنیایان بکەی کە ئێمە ڕاست و پاکین لەم قسانەماندا. ئەتوانین (ئەنگورە) بگرین و ئەگەر ئینگلیزەکان بێدەنگ بن ئەوا ئەتوانین شاری (سنە)ش لە ماوەیەکی کەمدا بگرین.

لەناو دوکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا هەندێکیان باسی سمکۆیان کردووە و لەهەندێکیاندا دەربارەی تەقەلادانی سمکۆ بۆ پێوەندیکردن و دۆستایەتی پەیداکردن لەلایەن سمکۆوە لەگەڵ حکومەتی بریتانیادا دواون کە حەزمکرد هەندێکیان پێشکەش خوێنەرانی بەڕێز بکەم:

یاداشتێکی نهێنی لە دوکیومێنتی ژمارە (C.O.730-X.63) لە ١٩٢١/٧/٢٠ لە ئەفسەری سیاسیی بریتانیاوە لە (ڕانیە) بۆ ئەفسەری سیاسی بریتانی لە سلێمانی: 'سمکۆ بە هۆی (مەلا سلێمان) کە یەکێکە لە پیاوەکانی بابەکر ئاغا ئەم نامەیەی ناردوە بۆ بابەکر ئاغا و وتویەتی: هیچ دەسەڵاتدارێک نییە لە کاربەدەستانی بریتانیا دەسەڵاتدارتر بێت. ئەوا بولشەویک ئەما و بۆی دەرچوونْ (مەبەستی ڕاپەڕیوەکانی ئێران بووە لە ناوچەی گیلان کە ئازادستانیان دروست کردبوو.) ئێرانیش وەکو هێزێک وایە کە لە ڕیزی نەبووانە، تورکەکانی مصطفی کەمال کە بیست هەزار کەسێک ئەبن وا خەریکی بڵاوکردنەوەی پروپاگاندەن لە ئەنقەرە و ئەڵێن هێزی تورک بەرەو سنووری عێراق ئەڕوات کە ئەو چوونەیان بۆ دوو مەبەستە:

یەکەم بۆ هاندانی عەشایرەکانی دژی حکومەت و، دووهەم بۆ سەندنی باج لە

خەڵک. ئەو تورکانەی گەیشتونەتە ڕواندز (مەبەستی یوزدمیر و تاقمەکەی بووە.) و (کانی ڕەش) لەو کەسانە نین کە لە سەربازێتی ڕایان کردبێت بەڵکو تورکن و بۆ نانەوەی ئاژاوە و کۆکردنەوەی باج نێرراون.

ئەزانم ناوبانگم زڕاوە لای حکومەتان بۆیە ئەمەوێ لەو ڕووەوە بۆ ئێوە بنووسم چونکە ئەزانم ئێوە مەرکەزتان لای حکومەتی بریتانیا باشە. من تا ئێستە هیچ هەڵوێستێکی دوژمنانەم نەبووە بەرامبەر بە حکومەتی بریتانیا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ویستوومە و ئەمەوێ دۆستایەتیان لەگەڵدا پەیدا بکەم، لەبەر ئەوە داواتان لێ ئەکەم لەجیاتی من پێوەندی بە ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیاوە بکە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕێک بکەوم و بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە ئامادەم بێم بۆ (شنۆ) بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ نوێنەرێکی حکومەتی بریتانیاندا گفتوگۆ بکەم.

وا بە باش ئەزانم کە لێپرسراوێکی ئینگلیز بێت بۆ ئەو مەبەستە و ئەگەر ئەوەش بە باش نەزانرا ئامادەم حکومەت بڕوای بە کێ هەیە کە توانای خوێندن و نووسینی هەبێت من گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم و ئامادەم بۆ بەجێهێنانی هەموو فەرمانێکی حکومەتی بریتانیا و زۆر بەپەرۆشم بۆ ئەو پێوەندیکردنەی کە سوودی هەردوو لامانی تیادا بێت. لەکۆتاییدا تکا ئەکەم ئەم نامەیەی کە بۆ تۆی ئەنێرم بەنهێنی هەر لەنێوانی من و تۆدا بمێنێتەوە."

لە هەمان دۆکیومێنتدا یاداشتێکی ئەفسەری سیاسیی بریتانیای تیادایە کە لە سلێمانییەوە ناردوێتی بۆ سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد (کە بێگومان مس. بیل بووە.) کە لەوەدا وتویەتی: ئەم نامە (شفوی-دەماودەم)یە کە سمکۆ ناردوێتی بۆ بابەکر ئاغا (کە دیارە ئەمە بێجگە لەو نامەیەی پێشووە کە سمکۆ ناردوێتی بۆ بابەکری سەلیم ئاغا. ئەفسەری سیاسیی بریتانی لە سلێمانی لەوەدا ئەڵێ: من لەگەڵ کاپتن (کوک)دام دەربارەی ئەو مەوزوعە و حەزمکرد هەندێ سەرنجی خۆم (هی ئەفسەری سیاسیی بریتانیایی لە سلێمانی) هەروەکو خوارەوە دەرببڕم:

١- بەپێی ئەو ئاگادارییەی کە دەستگیرمان بووە ئەتوانرێت سنووری دەسەڵاتی سمکۆ دەستنیشان بکرێت لەو ناوچانەدا کە دەسەڵاتی تورکیا و ئێرانیان تیادا نییە کە هەروەکو خوارەوەیە:

هێڵێک لە (بیرە کەپرە)وە بۆ (زێبار) لەسەر سنووری ژووروی ڕۆژهەڵاتی

(دیلمـان) کە هەتا (خۆی) درێژ دەبێتەوە و، لەوێوە بەرەو خوارووی کەناری گۆلی (ورمـیـە) و بەدرێژایی کـەناری ئەو گۆلاوەدا (سـولدز)یش ئەگـرێتـەوە و لەوێشـەوە دەتوانرێ هێڵێکی ڕاست بکێشرێت هەتا ئەگاتە (بانە) تەنها سابلاغی لێ دەربچێت. بێگومـان ئەگـەر سـمکۆ پشـتگـیـریکردنی ئێـمـەی هەبێت دەتوانێت دەست بەسـەر ناوچەکەدا بگرێ.

٢- ڕەنگە لەم قۆناغەدا سید طه هاوکاری لەگەڵ سمکۆدا بکا و دوور نییە سمکۆ لەسـەر ڕاسپاردە و پێشنیازی سید طەیە کە ئەیەوێ لە حکومـەتی بریتانیا نزیک ببێتەوە.

٣- لە هـەندێ ڕووەوە جۆرە ڕێکەوتنێک لـەگـەڵ سـمکۆدا ئەبێتـە هۆی ئەوەی کـە ببـێت بە پەرژینێک لەنێوانی سنووری ئێـمـە و ئەو شـوێنانەی تر کـە تورکـەکـان دەستـیـان بەسـەردا گرتووە کـە بەمـە لە مـەترسیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ تورکدا ڕزگـارمـان ئەبێت و ئەوەی لـە (ڕواندز)دا ڕوویداوە لە شـوێنێکی تریشـدا تووشی نەبینەوە.

٤- لە لام وایە ئەگەرچی ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی و هەر بە ناو هەندێ ناوچەی لە کیس دەچێت بەڵام بەرپابوونی ئاسـایش سوودێکی زۆر باشی ئێرانی تیادا ئەبێت لەئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی ئێمە و سمکۆدا.

٥- بەڵام دەربارەی دوارۆژی سمکۆ، ئەتوانین بڵێین کە سمکۆ گەنجێکی چالاکی سـەرەڕۆیە (مـغـامـر) بەڵام ڕابردووی وا دەر ئەخـا کـە جێگەی بڕوا نیـیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر سـمکۆ واش نەبووایە نەدەگـەیشـتـە ئەم پلە و پایەی کـە ئێسـتـە هەیەتی.

هەرچەند لەو شەڕانەیدا کە لەگەڵ ئێراندا کردبووی جۆرە سـەرکەوتنێکی هەبووە، بەڵام وەنەبووبێ ئەوانە دەسـتـکەوتێکی ڕاسـتـی بووبن کـە خـۆشی زۆر باش لەوە گەیشتووە کە حکومەتی ئێران هەرچەند کەمدەسـەڵات و بێهێزیش بێت بەڵام ئەوەی لەتوانادایە کە تەنها هەر بە هێزی عەشایر بەسەریدا سەر بکەوێ و لام وایە ئەگەر ئێمـە لەگەڵیـدا ڕێک بکەوین و پشـتگـیـریی بکەین سـمکۆ ئەبێت بە دەسـەڵاتدارێکی بەهێز.

تەلگرافی نێرراوی بە (شفرە) لە ڕۆژی ١٩٢١/٨/١٩دا لە لایەن مـەندوبی سـامی بریتانیاوە کە سیر پرسی کوکس بووە بۆ ئەفسـەری سیاسیی سلێمانی.

ژمارەی S-950 ڕۆژی ١٩٢١/٨/١٩:

نیشانە بە نامەتان ژمارە (٩٦١) و ڕۆژی ١٩٢١/٧/٢٩

پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بخرێنە بەرچاو لەکاتی گفتوگۆکردندا:

١- ئەبێ سمکۆ حسابی ئەوەی بۆ بکرێت کە وەکو سەرکردەیەک ئەتوانێت دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت کە ئاژاوەچییەکان پیایاندا دەڕۆن و گەیشتونەتە (ڕواندز) و دەوروبەری، خۆشتان ئەزانن کە سمکۆ خاوەنی ئەو زەوی و زارانەیە کە کریستیانەکانی لێیە لە (ورمیە)دا.

٢- ئەبێ لە سمکۆ بگەیەنرێت کە کاربەدەستانی عێراق نیازیان پاکە لەگەڵ دراوسێکانیاندا و هەوڵی ئەوە ئەدا بە ئاشتی لەگەڵیاندا گوزەران بکات و چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک بەئاشتی و خۆشی پێک دێت نەک بە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە.

٣- هەوڵ بدرێ کە چۆن (محمد فاضل) و چەتەکانی (ئەفسەرێکی تورک بووە) بەبێ گیروگرفت بەسەر ناوچەکانیدا (ناوچەکانی سمکۆ) هاتوچۆ ئەکەن و بیری سمکۆ چۆنە دەربارەی ئاسایشی سنوور و مەرجەکانی ئەو چییە بۆ ڕێگەدان بە گەڕانەوەی کریستیانەکان بۆ شوێنی خۆیان (مەبەستی گەڕانەوەی ئاسوورییەکان بووە کە لەدوای ئەم بەشە باسێکی تایبەتیمان تەرخان کردووە بۆ تێکچوونی سمکۆ و ئاسوورییەکان.)

٤- هەواڵێک وا ئەگەیەنێت کە سمکۆ بۆیە دژی ئێمەیە چونکە هەڵوێستمان لەگەڵ شێخ مەحمووددا باش نییە. تکایە لێی بپرسە ئایا ئەو هەواڵە ڕاستە یان نا؟؟ هەروەها سمکۆش ئاگاداری دواهەواڵەکانی یۆنان بکە. (مەبەستی ئەو شەڕە بووە کە لەو کاتانەدا لەنێوانی هێزەکانی مصطفی کەمال و یۆنانییەکاندا ڕوویدابوو.)

تەلگرافێک لە (گوڵد سمیث)ی ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە (ڕانیە) بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا، ژمارەی تەلگراف ج-٦٢٢ ڕۆژی ١٩٢١/٩/٨/٢٠ کە لە ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٢دا گەیشتۆتە دەست مەندوبی سامی لەو تەلگرافەدا وتویەتی: نیشانە بە تەلگرافەکانی ژمارە ٩٥٠س و ٩٥٤س: وا پێشنیاز ئەکەم لە ماوەی دوو ڕۆژدا بچمە هاوینەهەوارەکەی بابەکر ئاغا (بابەکر ئاغای سەلیم ئاغای پژدەر) بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم و من بە باشی نازانم کە ئەفسەرێکی سیاسی بنێررێت بۆ لای سمکۆ، ئایا ئێوە موافقن کە نامەیەکی دەماودەم (شفهی) بنێررێت

بۆ سمکۆ کە پێی بوترێ ئەگەر ئەو ڕاست ئەکا با ئەو لە سنووری ئێمە نزیک ببێتەوە بۆ ئەوەی کورتەی تەلگرافەکەی ئێوەی بە دەم پێ بگەیەنم؟

من وای بە باش ئەزانم بەرلەوەی گفتوگۆ لەگەڵ سید طەدا بکرێت، ئەو مەوزوعانە لەگەڵ سمکۆدا بکرێت.

تەلگرافی مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد بۆ (گوڵدسمیث)ی ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە ڕانیە، دووبارە بۆ (مارشاڵ) لە هەولێر و بۆ موستەشارمان لە موصل:

ژمارە ٩٦٤ ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٣

وا ئەم دوو تەلگرافەی خوارەوەتان بۆ ئەنێرین بۆ ئاگاداری:

یەکەم:

لە وەکیلی کۆنسوڵی بریتانیا لە (هەمەدان)ەوە بۆ وەزیری مفەوەزی حکومەتی بریتانیا لە تاران، وێنەی بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد.

ژمارە ٥ ڕۆژی ١٩٢١/٨/١٨ کە لە ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٠ وەرگیراوە:

تەلگرافێک لە شاری (سنە)وە لەلایەن (وارن)ەوە هاتووە ئەڵێ: لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە وا دەرئەکەوێ کە سمکۆ نامەیەکی ناردووە بۆ عەشیرەتە کوردەکانی ئێران و لەو نامایەدا داوای لێ کردوون بە هەموویان هەوڵ بدەن حکومەتی ئێران بڕووخێنن و لەو نامانەدا بەڵێنی ئەوەی داوە بە عەشیرەتەکان کە حکومەتی بێگانەی واش هەیە کە یارمەتییان بدات. و ئەڵێن عەشایرەکانی کوردیش بیر لەوە ئەکەنەوە کە بەو داخوازییەی سمکۆ ڕازی ببن و بۆ ئەو مەبەستە بەم نزیکانە کۆبوونەوەیەک ئەکەن. ئایا هیچ شتێک پێویستە لەو ڕووەوە بکرێ؟

دووهەم:

تەلگرافێک لە وەزیری مفەوەزی حکومەتی بریتانیاوە بۆ (وارن) لە (سنە):

ژمارەی تەلگراف ٢٩م-ژمارە٢٢٦ ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٢، وێنەی بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد:

نیشانە بە تەلگرافی ژمارە ١٩تان، هەتا ئێستە ناتوانین هیچ شتێک بڵێین یا هیچ شتێکی وا بکرێت کە سەرۆکعەشیرەتەکان وا لێ بکەین گوێ نەدەنە ئەو پێشنیازە. ئایا هیچ پێشنیازێکی ترتان هەیە لەم ڕووەوە؟

تەلگرافێک لە کاپتن (گاون)ەوە لە (کرمانشاه) بۆ تاران و وێنەی بۆ بەغداد و

هەمەدان

ژمارەی تەلگراف ١٩١ ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢١:

لەدوای لێکۆڵینەوە بۆمـان دەرکـەوتووە ئەوەی لەو ڕاپۆرتەی (وارن)دا باسکراوە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان شتێکە زۆر مبالەغەی تیادا کراوە و هەندێ کەس وەکو (سـردار ڕشـید) بەگـەرمی باسی ئەکـەن کـە قـسـەی ئەوانە هیچ ناکـەوێ لەسەریان، زۆربەی دانیشتوانی خوارووی کوردستانی ئێران لایەنگری ئەوەن کە لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەی سمکۆدا بن ئەگەر هات و بریتانیا پشتگیری بکا، بەڵام ئەوانە هەتا بەتەواوی لەوە دڵنیا نەبن بە هیچ جۆرێک ناجووڵێنەوە.

مەندوبی سامی بریتانیا کە سیر پرسی کوکس بووە لەو تەلگرافەی کە بۆ وەزیری موستەعمەرانی بریتانیای ناردبوو کە (ونستون چرچڵ) بووە و لە دوکیومێنتی ژمارە (C.O.730-433) و ڕۆژی ١٩٢١/٦/٢٨دا نێرراوە ئەڵێ:

هەندێ ڕووداو لە کوردستاندا هەیە کە کورتەکانی بریتیە لەمانەی خوارەوە:

١- بەپێی ئەو نامانەی پێشوو کە لەو ڕووەوە باسی ڕووداوەکانی تیادا کرابوو، ئێمە بە پێویستمان زانی کە لەکاتی خۆیدا لە مانگی نۆڤمبری ساڵی پێشوودا ١٩٢٠، لایەنگریی خۆمان پێشان بدەین بەرامبەر بە بزووتنەوەکەی عبدالرحمن شرناخی کە دژی تورکەکان بجووڵێتەوە (لەدویا ئەوەی تورکەکان یوزدمیریان ناردبوو بۆ ڕواندز، ئینگلیزەکان بەرامبەر بەوە عبدالرحمن ئاغای شرناخیان هاندابوو کە دژی تورکەکان بجووڵێتەوە و، هەروەک چۆن یوزدمیر لە ڕواندز دەزگایەکی تایبەتی دامەزراندبوو هەندێ لە سەرۆکعەشیرەتەکانی خوارووی کوردستان کە داخلەدڵ بوون دژی ڕەفتاری ئینگلیز و ئەفسەرە سیاسییەکانیان لە کوردستانی خواردوودا، بەو جۆرە عبدالرحمن ئاغای شرناخیش دامودەزگایەکیان دامـەزراندبوو ئەنجـومـەنێک کـاروباری ڕاپەڕینەکـەی ئەبردە بەڕێوە دژی کەمالییەکان.)

لە تەلگرافەکەی پرسی کوکسدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئا ئێستە ئەفسەری سیاسیمان لەناوچەکەدا ئاگاداری کردم کە عبدالرحمن ئاغا ئەیەوێ بەپەلە لە شوێنێکی وەکو (زاخۆ)دا لەگەڵ مەلیک فەیسەڵدا یەکتر ببینن و جگە لەوە عبدالرحمن ئاغای شرناخ ئەیەوێ ئەفسەری سیاسیی ئێمە لە زاخۆ لەگەڵیدا کۆ ببێتەوە و مەبەستی ئەوەیە دەوڵەتێکی بچووک لە ژووری عێراقدا درست بکات کە

ببێت بە دراوسێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە بچووکەی تر کە سمکۆ دروستی ئەکات، کە هەردوولایان ئەیانەوێ هەل و دەرفەت لە لاوازیی تورک و ئێران وەربگرن.

٢- وا دیارە کوردەکانی ناوچەی دەرسیم و خربوت دژی تورک ڕاپەڕیون.

٣- هەروەکو لە تەلگرافی ژمارە (٥٢)ی ڕۆژی ١٩٢١/٤/٢٢دا باسمانکرد، سمکۆ دژی حکومەتی فارس یاخی بووە و دەستی کردووە بە بزووتنەوە، هەرچەند دەنگوباسێکی تەواومان لەو ڕووەوە دەستگیر نەبوو، بەڵام لەوە ئەچێ سمکۆ توانیبێتی جۆرە سەربەخۆییەک لە ناوچەی (ورمیە)دا پێک بهێنێت.

٤- لەدوای لەناوبردنی بزووتنەوەکەی ضیاءالدین (مەبەستی ڕاپەڕینەکەی ضیاءالدین طباطبائی بووە.) دەنگوباسێکی وا بڵاوبۆتەوە کە بەتەواوی جێگەی بڕواش نین کە گوایا تەقەلای ئەوە ئەدرێ کە جۆرە یەکگرتنێک لەناو کورددا ساز بکرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کورد دابمەزرێنرێت ئەگەر هات و ڕووسەکان توانییان وڵاتی فارس پارچەپارچە بکەن و بیکەن بە چەند دەوڵەتێکی بچووکەوە.

٥- ئێران نەک هەر دانی بەوەدا ناوە کە لە وزە و دەسەڵاتیدا نییە پارێزگاری ئەوانە بکات کە سەر بە حکومەتی ئێرانن لە ناوچەی ورمیەدا، بەڵکو هیچ جۆرە مەسئولیەتێکیش ناگرێتە ئەستۆی خۆی و وازی لە پاراستنی ئاسوورییەکان هێناوە و ڕێگە لەوە ئەگرێ کە ئاسوورییەکان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ئێران کە لەئەنجامی ئەو کەمتەرخەمییە و گوێنەدانەی حکومەتی ئێران ژمارەیەکی زۆر لە ئاسوورییەکان لەبرسا مردوون لەپاش ئەوەی کە حکومەتی ئێران بە هێزی چەک لە سنووری ئێران دووری خۆستونەوە و ناچار کرابوون بچنە سەر ئاینی ئیسلام بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوەوە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٦- ئەفسەری سیاسیی ئێمە لە سلێمانی، لە ڕێگەی بابەکر ئاغاوە داوای لە سمکۆ کرد کە لە (شنۆ) یەکتر ببینن، بەڵام من لەو ئەفسەری سیاسییەمان کە لە سلێمانی بوو گەیاند کە پێویستە لە شوێنێکی نزیکی سنووری دەسەڵاتی خۆمان چاوی بە سمکۆ بکەوێ بە مەرجێک پاراستنی خۆی مسۆگەر بکات لەو بینینەی سمکۆدا، کە مەبەست لەو چاوپێکەوتنەش ئەوەیە کە سمکۆ ببینێت و پرسی ئەوەی لێ بکا کە هۆی چییە سمکۆ ڕێگە ئەدا بە تورکەکانی دوژمنمان کە لەو شوێنانەی دەسەڵاتی ئەوی تیادایە بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆی پیادا بکەن و هەروەها باسی

ئەو مەرجانەشی لەگەڵدا بکرێت دەربارەی گەڕانەوەی کریستیانەکان (کە مەبەستی ئاسوورییەکان بووە)، و لە ئەفسەری سیاسی گەیەنرا (کە لەو ڕۆژانەدا گوڵدسمیث بووە) کە بە هیچ جۆرێک نابێ لە هاوینە هەوارگەی بابەکر ئاغا دوور بکەوێتەوە.

٧- هەواڵێک گەیشت کەوا سمکۆ پێوەندیی بە گەلێک کوردی ناسراوەوە کردووە بۆ ئەوەی بە هەموویان هەوڵ بدەن بەیارمەتیی دەوڵەتێکی بێگانە کورد لە دەست فارس ڕزگار بکەن.

دوکیومێنتی ژمارە (نهێنی C.O.730-6P.2134) ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٢٥ نامەیەکی (میجر گۆڵدسمیث)ی ئەفسەری سیاسیی بریتانیای تیادایە کە ناردوێتی بۆ سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد (کە لەو ڕۆژانەدا مس. بیل بووە.) وتویەتی: نیشانە بە نامەی پێشووترم (ژمارە 19-1-1954) و ڕۆژی ١٩٢١/٨/٣٠ ئەوا لەگەڵ ئەم نامەیەدا نامەیەکی شەخسی (سمکۆ)تان بۆ ئەنێرم کە وەرامە بۆ ئەو نامەیەی من بە هۆی بابەکر ئاغای پژدەرەوە بۆم ناردبوو. ئەو کەسەی کە وەرامی نامەکەی سمکۆی هێنایەوە (سید حسن) ناوێکە کە لە ڕێگەی هەمزاغاوە سەرۆکی (مامش)ەوە نێرراوە.

من پێشنیازم کردبوو کە سمکۆ بێتە (واندڵ WANDLE) کە شاخێکە لەسەر سنووری ئێران بۆ ئەوەی لەوێ یەکتر ببینین.

ئەو دە ڕۆژەی کە دانرابوو بۆ هاتنی سمکۆ کە لە ڕۆژی ١٩٢١/٩/٢٠ دەستی پێ ئەکرد ئەو شوێنەی کە ئەو داینابوو کە یەکتری ببینین لە ماڵی هەمزاغا لە (شنۆ) من زۆر بە شوێنێکی دووری ئەزانم بێجگە لەوە بە ڕاست و باشیشی نازانم کە ئەفسەرێکی ئینگلیز بگاتە ئەو شوێنە بۆ ناو خاکی ئێران بۆ مەبەستی وا کە ئەمە ئەشبێتە هۆی ئەوەی کە خۆمان وا پێشان بدەین ئێمە ناچارین سمکۆ ببینین نەک ئەو، لەبەرئەوە پێویست بوو بێتە شوێنێکی نزیکی سنوور.

لەبەرئەوەی سمکۆ نامەیەکی بۆ ناردبووم لەو ڕووەوە بۆیە منیش وا بە باش ئەزانم کە نامەیەک بنرێم بۆ بابەکر ئاغای پژدەر بۆ ئەوەی ئەو نامەیەی منی بگاتێ کە ئەمەوێ بۆ سمکۆی بنێرم، تکا ئەکەم بەرلەوەی نامەکە بنێرم مسوەدەیەک لەو نامەیەی کە ئێوە بە باشی ئەزانن بۆم بنێرن بۆ ئەوەی منیش پێڕەوی نامەکەی ئێوە بکەم.

بەو بۆنەوە، نامەیەکی بابەکر ئاغا کە بۆ ئەفسەرێکی سیاسیی ناردبوو لە (ڕانیە)

لەگەڵ نامەیەکی تەرجەمەکراوی هەمزاغا بۆتان ئەنێرم.

ئیمزا میجەر گۆڵدسمیث ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی

لەگەڵ ئەو نامەیەدا کە میجەر گۆڵدسمیث ناردبووی بۆ سکرتێری مەندوبی سامی لە بەغداد نامەیەکی سمکۆ کە بۆ بابەکر ئاغای پژدەری ناردووە (کە قائمقائمی قەڵادزە بووە لەو ڕۆژانەدا لەلایەن ئینگلیزەکان دانراوە)، کە وتویەتی:

"بۆ هاوڕێی خۆم:

نامەکەتان گەیشت (مەبەستی نامەی بابەکر ئاغا بۆ سمکۆ)، و زۆر پێ خۆشحاڵ بووم بە گەیشتنی نامەکەتان. ئەوانەی لەو نامەیەدا باستان کردبوو پڕبوون لە هەستی باش و بەجێ لە لایەنگریتان و دڵسۆزیتان بۆ بریتانیا زۆر باش ئاگادارم و منیش لەگەڵ پێشنیازەکانی ئێوەدام بە دڵمن.

هیچ چار نەماوە کە ئەبێ خزمەتی ئەو حکومەتە بکەین و جێگەی نیگەرانییە کە هەندێ نەزان لەو ڕاستیە نەگەیشتوون و یا تێیگەیشتوون و لێی لائەدەن کە نازانن خزمەتکردنی ئەو حکومەتە شتێکی باشە. خەڵکی لای ئێمە چەواشەکراون و بە هەڵەدا براون کە ئەمە بۆتە هۆی سەرلێتێکچوونمان.

ئەگەر نەتەوەکەمان لەم ڕۆژەدا وڵاتەکەی خۆی نەپارێزێت ئەوا هەموو شتێکی لە کیس دەچێت، پێویستە میللەتەکەمان بۆ ئەوە تێ بکۆشێ و خەبات بکات کە وڵاتەکەی لە هێرش و دەستدرێژیی بێگانە بپارێزێت کە ئەم کارەشی هەر تەنها بە میللەتی کورد خۆی دەکرێ ئەگەر یارمەتی لە بریتانیاوە وەربگرێت، ئەوی لەو ڕاستییە نەگا پیاوێکی نەزان و گەوج و شێتە. گوێ مەدەرە ئەو جۆرە کەسانە و هەتا ئەتوانیت لەگەڵ بۆچوون و بیر و باوەڕی خۆت ڕاست و سەربەخۆ بە لە دەربڕینی بۆچوون و بیروباوەڕتدا.

حەز ئەکەم لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیزدا کۆ ببینەوە بۆ ئەوەی بیروڕا و بۆچوونی خۆمی بۆ ڕوون بکەمەوە و، ئەو کەسەی کە تۆ بە باشی ئەزانیت بۆ ئەو مەبەستە قسەی لەگەڵدا بکە بائەو کەسە بێتە ماڵی هەمزاغای سەرۆکی مامش بە جلوبەرگی کوردییەوە، هەر کاتێک هەواڵی هاتنیم بیست دەموودەست ئەچمە لای و هەر چیم لە بیر و مێشکدایە دەربارەی مەبەست بۆی باس ئەکەم و ئەو ڕاسپاردانەی ئەو بە باشی بزانێت ئامادەم بەجێیان بێنم بۆ گەیشتنمان بە ئامانج.

بەڕاستی زۆر منەتباری ئەو یارمەتیدانەی ئێوەین. نەک هەر تەنها من بەڵکو

هەموو کوردێکی ساغ لەوانەی کە پێوەندییان بە منەوە هەیە.

ئەگەر ئەوان (ئینگلیزەکان) بیر لە ئەرمەنییەکان ئەکەنەوە، خۆتان ئەزانن ئەو خوێنەی کە ڕژاوە لەناو ئێمەدا هێشتا وشک نەبۆتەوە (مەبەستی ئاسوورییەکان بووە)، ئەوا ئیمڕۆ ئاشتی و ئاسایشی گشتی و سنووری هەموو میللەتێک لەلایەن دەوڵەتە دەسەڵاتدار و گەورەکانەوە دەستنیشان کراوە و کورد ناتوانێت لە یەک وڵاتدا لەگەڵ ئەرمەنی و ئاسووریدا پێکەوە بژین، هەر کاتێک سنووری نێوانی ئەم میللەتانە دەستنیشان کرا، ئەوسا چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکرێ.

دەربارەی ئەوەی ڕواندز، ئەوەی کە هاتۆتە ئەوێ محمود فاضل پاشا نییە، بەڵکو ئەفسەرێکی گەنجی تورکە لەگەڵ (٢٠) سەربازی تورکدا. تکایە وەرامم بدەنەوە و بایەخ بدەن بەم کارە گرنگە."

ئیمزا سمکۆ

بۆ وەرامی ئەو نامەیەی سمکۆ کە ئەفسەری سیاسیی لە سلێمانی ناردبووی بۆ سکرتێری مەندوبی سامی لە بەغداد لە دۆکیومێنتی ژمارە (C.O.730-P.2134-1-19) -823- ڕۆژی ١٩ی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩٢١ سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد نامەیەکی ناردووە بۆ ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی کە ئەمە تەرجەمەی ئەو نامەیەیە:

"نیشانە بە نامەتان ژمارە (P.2134-1-19) و ڕۆژی ١٩٢١/٩/٢٥، هەروەکو لەو تەلگرافەی کە بە دوو سەرنجدان یەکەمیان بە ژمارە (S.D.2172) ڕۆژی ١٩٢١/٨/٣٠ و دووهەم (S.D.2172) ڕۆژی ١٩٢١/٩/١٤ ئاگادارمان کردبوون. سیاسەتی ئێمڕۆی ئێمە بەرامبەر بە سمکۆ و بەرامبەر بە کوردستانی ئێران بریتیە لەوەی کە هچ جۆرە دەستتێوەردانێک لەلایەن ئێمەوە نەکرێت بەتایبەتی بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە پێوەندییان بە ئاسایشی سەرسنوورەوە هەبێت، بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە گلەیی لە بریتانیا دەکرێ کە گوایا ئێمە هانی نانەوەی ئاژاوە و پشێوی دەدەین لە کوردستانی ئێراندا (لەباسی شۆڕشەکانی سمکۆدا لەگەڵ ئێران لەدواییدا لە باسێکی تایبەتیدا لەو دوکیومێنتانە دەدوێین کە لەو هاندانە دواون.) لەبەر ئەوە شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە کە هیچ شتێکی وا نەکرێت کە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئێمەدا یەک نەکەوێ.

مەندوبی سامی لەوەدا لەگەڵ ئێوەدایە کە نابێ ئەفسەری سیاسیی ئێمە بچێتە

ناو خاکی ئێرانەوە بۆ ئەوەی چاوی بە سمکۆ بکەوێت. لەم ڕۆژانەدا پێویستە هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بدرێ بۆ زانینی ڕادەی هێز و توانا و دەسەڵاتی سمکۆ و زانیارییەکی تەواو دەربارەی ئەوە کۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی توانا و دەسەڵاتی هەڵسەنگێنین بۆ ئەوەی بزانین سمکۆ تا چ ڕادەیەک توانای ئەوەی ئەبێت ئەو دەسەڵاتەی دژی حکومەتی ئێران بەکار بێنێت.

هەتا بەتەواوی کێش و قەوارەی دەسەڵات و توانای سمکۆ نەزانرێت و ڕوون نەبێتەوە پێویستە هەموو کۆبوونەوەیەک کە ئەتانەوێ لەگەڵ سمکۆدا بکرێ دوای بخەن. مەندوبی سامی پێی خۆش نییە بەبێ ئاگاداریی ئەو هیچ جۆرە ملاقاتێک بکرێت و وا لەگەڵ ئەم نامەیەدا مسوەدەی ئەو نامەیەتان بۆ ئەنرێین کە ئێوە دەتانەوێ لە ڕێگەی بابەکر ئاغاوە بینێرن بۆ سمکۆ، بەڵام ئاگاداری ئەوە بن ئەو نامەیە نەکەوێتە دەست ئێرانییەکان.

ئیمزا: سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد

لە دۆکیومێنتێکی تردا کە ژمارەکەی (A-C C.O.730-6-1607) ڕۆژی ١٩٢١/١٢/١٠ نامەیەکی تیادایە کە لە ئەفسەری سیاسیی بریتانیاوە نێرراوە بۆ بابەکر ئاغای سەلیم ئاغای پژدەر، بۆ وەرامی نامەیەکی بابەکر ئاغا کە ناردبووی بۆ کاپتن (کوک) ئەڵێ: "ئەو نامەیەی کە ناردبووت بۆ کاپتن کۆک خوێندمەوە کە هەمووی نیشانەی دۆستایەتی و پاکی و دڵسۆزیتانە بەرامبەر بە ئێمە.

زۆرم پێ خۆش بوو کە بۆم دەرکەوت سمکۆ لە نامەکانیدا هەستی خۆی دەربڕیوە و زۆریشم پێ خۆش بوو کە سمکۆ پێوەندی بەو عەشایرانەوە نییە کە دژی ئێمەن و شتێکی زۆر چاکە کە بۆی دەرکەوتووە کە هەر کەسێک دژی ئێمە بوەستێت بە هەڵەدا چووە. ئومێدەوارم ئەو هەستەی سمکۆ بە نامە دەریبڕیوە بە کردەوەش بی هێنێتە دی و لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا ڕێگا بە هیچ دوژمنێکی بریتانیا نەدا کە ئەیانەوێ لە کوردستانی عێراقدا بەتایبەتی لە ناوچەی ڕواندز جموجووڵ بکەن.

نامەکە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "دەربارەی قبووڵ نەکردنی سمکۆ و ڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی ئەرمەنی و ئاسوورییەکان بۆ شوێنی خۆیان، لام وایە ئەو بۆچوون و هەڵوێستەی بە هۆی بوونی سوئی تەفاهومێکەوەیە کە ئەمەش باسێکە دەیهێڵینەوە بۆ دواڕۆژ کە گفتوگۆی لەسەر بکەین و ئەگەر خوا یارمەتیدەر بێت چارەسەرێک بۆ ئەوەش ئەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاسایشتێک بە دڵی هەمووان بێت بەرپا بکرێت.

دەرباری گفتوگۆکردن لەم ڕۆژ و کاتانەدا بە شتێکی مناسب ئازانرێ هەروەکو سمکۆ پێشنیازی کردووە، هیوادارم لە دەرفەتێکدا خۆم لەگەڵیا کۆ ببمەوە و یەکتر ببینین بۆ ئەوەی باسی سوود و بەرژەوەندیی هەردوو لا بکرێت لەگەڵ دابینکردنی ئاسایشی سەرسنوور.

ئومێدەوارم هەواڵی تازەترم پێ بگا و ئەمەوێ لە هەموو جموجووڵێکی تورکەکان ئاگادارم بکا لەسەر سنوور (مەبەستی سمکۆ بووە.) کە ئەمە دەبێتە هۆی دڵنیاییمان لە مەبەست و لە ڕاستگۆیی ئەو بەرامبەر بە حکومەتی بریتانیا.

بەم بۆنەوە سڵاوی منی پێ بگەیەنە و سوپاس بۆ ئەو ئاگادارییانەی تۆش.

ئیمزا: U.E.

(کە ئەفسەری سیاسی بریتانیا بووە لە سلێمانی)

دوکیومێنتی ژمارە (C.O.730-6-1607) نامەیەکی هەمزاغای مەنگوری تیادایە کە ناردویەتی بۆ بابەکری سەلیم ئاغای پژدەر لەو نامەیەدا وتویەتی:

"نامەی برایەتیتان گەیشت و بەچاکی و لەشساغیتان شاد بووم، ئەگەر لێمان ئەپرسێت لە سایەی خواوە ئێمە باشین و تەنها نیگەرانی دووریی ئێوەین.

کە (سید حسن) گەیشت، گفتوگۆیەکی دووروودرێژ لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا کرا، ئەنجامی ئەو گفتوگۆکردنە و بیر و بۆچوونانەی کە کرا لەم نامەیەدا دەرئەکەوێ کە بۆتانی ئەنێرم و هیوادارم بە هۆی ئێوەوە سەر بگرێ.

ئیمزا / هەمزاغا

تەرجەمەی نامەیەکی بابەکری سەلیم ئاغای قائمقامی پژدەر بۆ معاونی ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە (ڕانیە) و لەو معاونی ئەفسەروە نێرراوە بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد کە لە هەمان دوکیومێنتی پێشوودا تەرجەمەی نامەکەی تیایە کە بابەکرئاغا نووسیویەتی و ئەڵێ: "دوێنی سید حسن کە لای ئیسماعیل ئاغاوە هاتەوە گەیشتە لای ئێمە و نامەیەکی سمکۆ و نامەیەکی هەمزاغاشی هێناوە بێجگە لە نامەیەکی تری (سید طه) کە نامەکەی سید طه یەکسەر بۆ مەندوبی سامییە، سید طه نامەیەکیشی بۆ من ناردووە وا هەمووی ئەنێرمە خزمەتتان.

بەرلەوەی سید حسن بگا، سمکۆ نزیکی هەزار کەسی لە ئاغایان و سەرکردەکانی ناوچەکە کۆکردبووەوە و خۆی ئامادە کردبوو کە بچێتە سابلاغ، بەڵام کە سید حسن گەیشتبووە لای و سمکۆ نامەکەی نارد، جارێ هەتا دە ڕۆژی تر ئەو پەلاماردانەی

سابلاغیان دواخست، لەبەر ئەوە وا بەباش ئەزانیت کە یەکێک لەجیاتی ئێوە بێت بۆ ئەو شوێنەی کە سمکۆ دەستنیشانی کردووە کە ماڵی هەمزاغایە.

سمکۆ ئەڵێ: ئەگەر لە ماوەی دە ڕۆژدا ئەو کەسە نەیتوانی بگا، ئەوا من ڕوو ئەکەمە سابلاغ. لە سەردەشتەوە یا لەناو جەرگەی مەنگوڕایەتیەوە ئەگەر حاکم (مەبەستی ئەفسەری سیاسیی بریتانی بووە.) گەیشت ئەوا ئامادە ئەبم لەگەڵیدا دانیشتم و لە گفتوگۆدا وا بە باش زانرا کە شوێنی کۆبوونەوە لە (قەندیل) بێت کە سمکۆ ئەڵێ لەو حاڵەدا ئەگەر بچم نزیکی هەزار سوار لەگەڵ خۆم دەبەم لەبەرئەوە چاوەڕوانی وەرامی ئێوەم.

ئیمزا / حاکمی قەلادزە

(کە بابەکر ئاغای پژدەری بووە.)

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی ١٩٢١دا لە دوکیومێنتی ژمارە (7168/C.O.730-23) لە لاپەڕە (١١)ی ئەو ڕاپۆرتەی ناو ئەو دوکیومێنتەدا چەند شتێکی تیایە کە پێوەندیی بە ڕووداوەکانی ئەو ساڵەوە هەیە، حەزمکرد هەندێکی پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێز بکەم:

بڕگەی ٧١٨- وا پێشنیاز ئەکرێ کە (سید طە نهری) هەڵبژێرێ بە حوکمداری خوارووی کوردستان کە لە لەلایەن پژدەرییەکانەوە بەدڵیانە و جاف و هەمەوەندیش پەسەندی ئەکەن و (لەو بڕگەیەدا ئەڵێ: شێخ مەحمود بۆ ئەوە دەست نادا چونکە ئەمانباتەوە بۆ هەمان بەزمی ساڵی ١٩١٩، کە بێگومان ئینگلیز دژی ئەوە بوون کە شێخ مەحمود بە ناوی حکومەتەوە حوکمداری کوردستان بێت و ویستویانە ناوی حوکمداری بریتانیا بێت وەکو فرمانبەرێکی خۆیان."

لە هەمان بڕگەدا ئەڵێ: "موستەشارەکانی بریتانیا و ئەفسەرە سیاسییەکان لە سلێمانی سید طە هەڵدەبژێرن بۆ حوکمدارێتی ئەو حکومەتە ئۆتۆنۆمیە بەڵام هیچ پێشنیازێکیان لەم ڕووەوە پێشکەش نەکردووە و چاوەڕوانی وەرامەکەی سید طە دەکرێ (بێگومان ئینگلیزەکان لەکۆنەوە پێوەندییان لەگەڵ سیدطەدا هەبووە و بەر لەمە فۆتۆکۆپیی ئەو نامەیەی حاکمی گشتی بریتانیا کە (ویلسن) بووە کە بۆ سید طەی ناردبوو لە ١٩١٩/٦/٢٢دا باسکراوە لەم بەشەدا.)

لە هەمان بڕگەدا ئەڵێ: معاونی ئەفسەری سیاسی لە هاوینەهەوارەکەی بابەکر ئاغاوە (کە لە دوکیومێنتەکەدا بە KAILAI ناوی بردووە) نامەیەکی ناردووە بۆ سید

طەوە لەوە ئەچێ سید طە ئەو دەعوەتە قبووڵ بکات، کە سید طە ئێستا لە میاندواوە و هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕای سمکۆش وەرئەگرێت بەرلەوەی وەرامی نامەکە بداتەوە.

بڕگەی ٧٢١- هەندێ شت وای دەر ئەخا کە ئەویستری بڕوا بە پاڵپشتیکردنی ئینگلیز بکرێت کە نموونەی ئەمە لە نامەیەکی حاجی بایز ئاغای کوڕی حاجی ئیبراهیمی دیبوکریدا دەرئەکەوێ کە بۆ بابەکر ئاغای ناردووە و وتویەتی: "وا دیارە هەندێ عەشایر، لەوانەی کە جاران لە سنووری تورکی جاراندا دژی ئینگلیز دەجووڵێنەوە ئیدعای ئەوە دەکەن کە گەلێک خزم و دۆستیان هەیە لەناو عەشایرەکانی کوردی ئێراندا. من ئەو ئیدعایەی ئەوان بە درۆ ئەخەمەوە و لەوە دڵنیام کە هیچ کوردێکی ئەم ناوچانە دەست ناخاتە کاروبارێک کە پێوەندی بە حکومەتی بریتانیاوە هەبێت.

من وەکو تاقە فەردێک (حاجی بایز ئاغای کوڕی حاجی ئیبراهیمی دیبوکری) مافی ئەوەم نییە کە تەسریحی وا بدەم، بەڵام مەعلوماتێک کە گەیشتووە دەربارەی هەڵوێست و ڕەفتاری (چهریق - چاری CHAHRIQ) وای لێ کردووم کە ئەم نامەیە بنووسم. ئێوە (بابکر ئاغا) وەکو دۆست و هاوڕێیەک ئەتوانن ئەمانە ڕوون بکەنەوە و وا بکەن ئەو حکومەتە (بریتانیا) بە چاوێکی عەتفەوە سەیری هەڵوێست بکا لەگەڵمانا."

لە پەراوێزی لاپەڕەی دوکیومێنتەکەدا سەرنجێکی دەربڕیوە کە وتویەتی: "ڕەنگە ئەو (CHAHRIQ)ی کە لەو نامەیەدا باسکراوە نیاز لەو شوێنەی کە ئەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی باشقەڵاوە کە ٤٥ میل لە ژووری نهری (NERI)یە لەناو جەرگەی وڵاتی تورکدا و، لەوە ئەچێ ئەو تووڕەبوونەی لەو کاغەزەدا باسکراوە (کە لە دوکیومێنتەکەدا ناوی هێناوە.) نیازی لە (محمود خانی دزلی) بێت کە زۆر بە لووتبەرزییەوە نامەیەکی بۆ ئەفسەری سیاسیی ناردووە لە هەڵەبجە بە ناوی حوکمداری (سنە)وە.

بڕگەی ٧٢٢- سید طە لەتوانایدا نییە ببێت بە پاڵێوراوی حوکمداریتی ناوچەی سلێمانی و ڕواندز (بێگومان وەکو لەو دوکیومێنتەدا ئاشکرایە و، لە هەموو هەڵوێستەکانی ئینگلیزدا بەرامبەر بە خوارووی کوردستان هەر لە سەرەتای حوکمداریتی شێخ مەحموودەوە ئینگلیز ئەو حوکمداریتییەیان تەنها بۆ ناوچەی

سلێمـانی ڕواندوز بووه و به هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوەیان نەداوه ناوی کـەرکوک و هەولێر و ناوچەی بادینان له ئارادا بێت و هەمیشه ویستویانه زنجیرەی خەباتی کورد و هەموو دەزگاکانی کورد له خوارووی کوردستاندا لێکپچڕاو بێت که ئەفسەره سیاسییەکانی ئینگلیز هەر یەکەیان له شوێنی خۆیدا ئەو سیاسەتەی حکومەتی بریتانیایان بەجێهێناوه."

له بڕگەکەدا ئەڵێ: "چونکه سید طه خزمایەتی لەگەڵ سمایلخانی شوکاکدا هەیه و، له دوکیـومێنتـەکـەدا ئەڵێ سـیـد طه به هۆی سـمکۆوه دەسـەڵاتی پەیداکـردووه لەناوچەکەدا، هەروەها پێوەندی سمکۆ و دوو نێرراوی کورده قەومیەکانی سلێمانی بۆ لای سمکۆ که ئەو دوو کورده قەومیه لەزستاندا چووبوونه لای سمکۆ و ئێستەش جـارێکی تر داوایان لێ کردووه کـه ڕێگەیان بدەن دووباره بچنەوه لای سـمکۆ. لەو نامەیەدا که کوردەکان بۆ سمکۆیان ناردبوو له ٨ی شوباتدا و له ١ی مانگی مایسدا سمکۆیان وەکو سەرکردەی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد داناوه و داوایان لێ کردووه که نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ ئەوروپا کـه باسەکەی خۆی بخاته بەر چاوی دەوڵەتان و لەو نامەیەدا سـمکۆیان دڵنیا کردووه ئەگەر حکومەتێک لەو ناوچەیەدا دروست بکات و ڕێگا بگرێ له ڕوودانی تاڵانی و دەستدرێژیکردن و هانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بازرگـانی بدرێت زۆر له ڕۆشنبـیـر و خـوێندەوارەکـانی ناوچەی سلێـمـانی دوای ئەکەون، بەڵام ئەو کوردانه سـمکۆیان ئاگادار کردبوو بەو نامانەی که بۆیان ناردبوو که کورد بەتەنها خۆی ناتوانێت لەسەرەتادا ئەو حوکـمەته به باشی ببات بەڕێوه ئەگـەر هێـزێکی بێگانەی گـەورەی وەکو بریتـانیـای گـەورەی لەگـەڵدا نەبێت چونکه ئەمریکا و فەرەنسا ئەوەنده بایەخ نادەن به کورد و ڕووسیش دۆستی کورد نییه و، بەئاشکرا ئەوانه داوایان له سمکۆ کردبوو بەئاشکرا بزووتنەوەکەی بۆ دنیا ئاشکرا بکات و داوای هێز له خەڵک بکا و ئەنجومەنێک ساز بکات بۆ کوردستـان بۆ ئەو مەبەستە و سمکۆ بۆ وەرامی ئەو نامـانه وتبووی: ئامادەیه سەروماڵی خۆی بەخت بکات لەپێناوی کوردستاندا."

دەربارەی ئەوەی لەو بڕگەیەدا هاتووه که دوو کوردی قەومی چووبوونه سەقز بۆ ئەوەی لەوێوه بچن سـمکۆ ببینن ئەو دوو کەسه بریتی بوون له ڕەشید جەودەت و عارف صائب که لەلایەن حزبه نهێنیەکانی سلێمانیەوه نێررا بوون بۆ ئەوەی پێوەندی به سمکۆوه بکەن و داوای لێ بکەن که هێزێکی خۆی بنێرێت بۆ سلێمانی

بۆ هاوکاریکردنی هەردوو لا و لە سەقزەوە ئەو نامانەیان ناردبوو بۆ سمکۆ کە لەو برگەیەدا باسکراوە، بەڵام هەروەکو ئەحمەد خواجە لە یادداشتەکانیا باسی کردووە[٤] سید طە ڕێگەی نەدابوون کە بچنە لای سمکۆ و پێی وتبوون جارێ ئێستا ئێمە کاروبارمان تەواو باش نییە بۆیە پێویست بەوە ناکات کە بچنە لای سمکۆ و داوای لێ کردبوون بگەڕێنەوە و پێی وتبوون ڕەنگە لەدواییدا خۆم بێم بۆ سلێمانی، کە بێگومان سید طە لەو ڕۆژەدا لە گفتوگۆکردندا بووە لەگەڵ ئینگلیزەکان کە بکرێت بە حاکم بۆیە ئەو چوونەی ڕەشید جەودەت و عارف صائبی بەوە داناوە کە بچنە لای سمکۆ ئینگلیزەکانی ئیشەکەی تێک ئەدەن.

برگەی ٧٢٣- ئەڵێن لە مانگی حزیراندا حەیدەر پاشا (لێپرسراوی تورکە کەمالییەکان بووە.) داوای دوو هەزار سوارەی لە سمکۆ کردووە بۆ ئەوەی بیاننێرێت بۆ موصل و داگیری بکا، بەڵام سمکۆ قایل نەبووە بەوە.

برگەی ٧٢٤- ئەو نوێنەرەی سمکۆ ناردبووی بۆ ناوچەی هەورامان و بۆ لای بەگزادەی جاف وەکو ئەڵێن هەڵوێستێکی زۆر دۆستانەی نەبووە بەرامبەر بە ئینگلیز و لە گفتوگۆکاندا لایەنگرێتی مصطفی کەمالیان دەرخستووە و باسی چاکەی تورکی کردووە لەگەڵیاندا و نوێنەرەکەی سمکۆ وتویەتی: ئەگەر فارسەکان لەگەڵ کورددا خراپ بن ئەتوانرێ یارمەتی لە تورک و ئینگلیز وەربگرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک بە خراپە ناوی شێخ مەحمودی نەبردووە.

لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەو برگەیەدا ئەڵێ: "لەوە ئەچوو دۆستایەتیان لەگەڵ شێخ مەحموددا تێک نەچووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی قادر ئاغا (کە دیارە نوێنەری سمکۆ بووە.) زۆر بەجێ نەبوو چونکە بریتی بووە لە بیر و بۆچوونی خۆی بەڵام بەئاشکرا ئەو قادر ئاغایە دەری بڕیبوو کە بەگزادەی جاف و جافر سلطان (جافرسان) لەوە ئەچوو کە ئەوانیش هەروەکو سمکۆ خۆیان بە پیاو زانیبوو لەبەرئەوە بە هیچ جۆرێک لەوە ناچێ بە سەرکردایەتی سمکۆ ڕازی بن.

لە برگەی ٧٢٥دا ئەڵێ: لەکۆتاییدا سمکۆ نیازپاکیی خۆی لەوەدا دەربڕیبوو کە نامەی ناردبوو بۆ هەندێ لە شێخەکانی پژدەر (کە بێگومان مەبەستی ئاغاکانی پژدەر بووە چونکە لەناو پژدەردا شێخی دەسەڵاتدار نەبووە.) کە نابێ دژی بریتانیا بوەستێت و هەڕەشەی لێ کردبوون کە نابێ سەرپێچی بکەن لەو ڕووەوە.

## سێهەم: پێوەندی سمکۆ لەگەڵ تورکدا

دەبارەی پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ تورکەکاندا هەندێ سەرچاوە لێی دواون.

مامۆستا ڕەفیق حلمی لەیاداشتەکانیدا دەربارەی بیر و بۆچوونی تورکەکان بەرامبەر بە سمکۆ ڕوونی کردۆتەوە کە تورکەکان هەمیشە بە گومان بوون بەرامبەر بە سمکۆ و بۆ نموونەی ئەوە لە برگەی (ا)ی ئەو نامەیەدا کە بصری بەگ بە ناوی قوماندانی جەبهەوە، رئیس ارکان حرب، لە ڕۆژی ١٣٣٨/٦/١٤هـ. لە دیاربەکرەوە بە نامەی ژمارە: استخبارات ـ نومرۆ ١٧٤٥ نووسیویێتی:

١- سیمتقو (تورکەکان بە سیمتقو ناویان بردووە.) کابرایەکی فێڵبازە، بە هۆی زرنگیی خۆیەوە ئەو خەنجەرەی کە هەڵیگرتووە شاردویەتیەوە بۆ کاتی خۆی.

ئەو کابرایە بیری سەربەخۆیی کوردی لە مێشکدایە، مەبەستی ئەوەیە کە هەتا لە ئێراندا دەسەڵاتی زیاد ئەبێ و خۆی بەهێز ئەکا جارێ لەگەڵ ئێمەدا تێک نەچێت کە ئەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بە ئامانج و مەرامی خۆی بگات.

٢- سەرکەوتن و دەرکەوتنی سمکۆ لەناو عەشایری کورددا و بەم جۆرە گەورەبوونی و دەسەڵات پەیداکردنی بۆ حکومەتی میللی ئێمە (واتا بۆ حکومەتی تورکی مصطفی کمال) دەست نادات، بەلام لەم ڕۆژەدا تێکچوونمان لەگەڵیدا بۆ ئێمەش شتێکی باش نییە، ئەگەر بتوانن هەوڵی ئەوە بدەن پروپاگاندە دژی بلاو بکەنەوە و شتێکی وا بلاو بکەنەوە کە عەشایرەکانی پێ تەفرە بدەن و بیانکەن بە دوژمنی سمکۆ کە بەڕاستی بەوە خزمەتێکی گەورە بە حکومەت جێبەجێ ئەکەن هەروەکو ئەوەی بلاوی بکەنەوە کە بڵێن سمکۆ بە پارەی ئینگلیز ئەم شۆڕشە ئەگێڕێت و بۆ قانزاجی خۆی و ئینگلیز خوێنی کوردەکان ئەڕێژێت.

دوکتۆر جەمەل نەبەز لە لاپەڕە (١٢٥)ی کتێبەکەیدا ڕەخنەی لە هەڵوێستی سمکۆ گرتوە بەرامبەر بە تورک و وتویەتی: سمکۆ متمانەیەکی نابەجێی بە ئەتاتورکی تورکیا دەکرد بە ئومێدی ئەوەی بتوانێت لە دژی ئێران دایدۆشێت کە ڕەوا وابوو لەو کاتەدا دژی تورکیا شەڕ بکات (کە لێرەدا دوکتۆر جەمال نەبەز لەگەڵ بۆچوونەکەی مصطفی یامولکیدا یەک دەگرێتەوە کە لە باسی گفتوگۆی سمکۆ و یامولکیدا لێی ئەدوێین.)

دەربارەی پێوەندی و هەڵوێستی سمکۆ و تورک بەرامبەر بە یەک، مصطفی پاشا یامولکی لەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ سمکۆدا کردویەتی و لە دۆکیومێنتی (-C.O.730

19-27-34) و ڕۆژی ۱۹۲۲/۱/۲۰دا باسکراوە، لە پرسیاری ژمارە دووی مـصطفی یامولکی کـە لە سمکۆی کردبوو لێی پرسیبـوو: "باشـە تۆ بۆ ئەوەی کورد ڕزگـار بکەیت و ئازادیان بکەی و سـەربەخـۆییـان بۆ سـاز بکەی، بۆچی لە پێش هەمـوو شـتێکدا ناوچەی وان و ئەرزروم و بتلیس و حکاری و خـربوت ڕزگـار ناکـەیو ئەو خەڵکە هەمـووی یەک بخەی و ڕێکیان بخـەیت کە ماوەیەکە لەژێر جـەور و سـتەمی تاقمەکەی مصطفی کەمالدان؟ بۆچی ئاڵای تایبەتیی خۆت هەڵناکەی بۆ ئەوەی بۆ بێگانە دەر بخەی کە مەبەست لە بزووتنەوەکەت خوێنڕشتن نییە، بەڵکو مەبەستت سـەربەخۆیی کوردە لە ڕێگەی ئاشتیەوە و بۆچی هەوڵ نادەی لە ڕێگەی ئاشتیەوە لەگەڵ فارسەکاندا ڕێک بکەوی؟

لە وەرامی ئەو پرسیارەی مصطفی یامولکیدا، سمکۆ ئەڵێ:

من وای بەباش ئەزانم کـە لەپێشدا لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم (بەر لەمە لەوەی شێخ عبیداللەی نەهری و عبدالرزاق بدرخاندا بەدووروودرێژی باسکراوە.)، وە ئێستا من جارێ هیچ بە باشی نازانم لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم چونکە ئەوان یارمەتیم ئەدەن بە تفەنگ و فیشەک و من هیچ بە پێویستی نازانم کە بە هیچ جۆرێک پیشانی بێگانەی بدەم کە مەبەستی من دروستکردنی حکومەتە چونکە زۆرباش شارەزای ئەوەن کـە هێشتـا ئێمـە لە شێوەی عـەشایرداین و جگە لەوە بیـستـومـە دەوڵەتە ئەوروپاییـەکـان لەناو خۆیاندا لەگـەڵ یەکتـر ڕێک نین و لە کـێشـەدان بۆیە ئێمـە پێویستە ئیعتماد بکەینە سەر دەسـەڵاتی خۆمـان و نەیەڵین فارسەکـان بگەڕێنەوە بۆ سـابلاغ و لەو ڕووەوە بـە هیچ جـۆرێک کـوڵ نادەین و هەتا تاقـە پیـاوێکی شـوکـاک مـابێت بەرگری ئەکـەین. جگـە لە پرسـیـاری دووهـەم، لە پرسـیـاری پێنجـەمیـشـدا دەرئەکەوێ، مـصطفی کمـال لەو پێوەندییەی کە تورک هـەیبووە لگەڵ سمکۆدا، تەنها بۆ ئەوە بوو کـە سـمکۆ ڕێگە لـە ئاسـوورییـەکـان بگرێت نەچنەوە شـوێنی خۆیان کـە ئینگلیزەکـانیش لەو تەقەلایانەی لەگـەڵ سـمکۆدا دابوویان لەو ڕووەوە هـەر سـەری نەگرتبوو.

کـریس کـوچرا لە لاپەڕەکـانی (۹۷-۹۸)دا دەربارەی پێوەندیی نێوانی سـمکۆ و تورکەکان وتویەتی:(۱۸) "سمکۆ لای وابوو کە ڕەنگە بتوانێت یارمـەتیی لە تورکەکان دەستگیر ببێت و لەو تەقەلایەیدا دوو شتی مەبەست بووە:

یەکەم: مەسـەلەی نەتەوایەتی کە لەناو تورکـەکاندا ڕەواجی بووە، دووهەم: سـمکۆ

زۆر چاک لای ڕوون بووە کە تورکەکان لە ئێرانییەکان خراپتر بوون بەرامبەر بە کورد و دوژمنی کورد بوون، بەڵام سکۆ لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ جۆرێک پێوەندیی لەگەڵ تورکەکاندا نەبڕی و ئەو چەکەی کە پێویستی پێی هەبوو لە تورکەکانی وەرگرت.

تورکەکانیش وەنەبێ باش سەیری سمکۆیان کردبێت، سەرهەنگ علی شفیق (مەبەستی یوزدەمیر بووە.) کە بە سمکۆی ئەوت پیاوێکی (عەوام و سادەیە) و بیروڕای قووڵ نییە سفەتی حاکم بوونی چاک لەویدا هەیە (لەڕاستیدا ئەم دوو شتە یەک ناگرێتەوە، کە عەوام و سادە بوویێت چۆن سفەتی حاکمێتی چاکی تیادا بووە، ئێمە هەروەکو تەرجەمەکە چۆن نووسراوە بەو جۆرە وەرمان گرتووە، کە لام وایە مەبەستی ئەوە بووە کە بڵێ: سفەتی حاکمێتی چاکی تێدا نییە.)

نووسەر ئەڵێ: ئەو قسانەی یوزدەمیر کاتێک وتبووی کە چەند مانگێک تێپەڕی کردبوو بەسەر سەرکەوتنەکانی سمکۆدا کە بەتەواوی ناوچەی کوردستانی لەژێر دەستدا بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئێرانییەکان هەوڵیان دا ئەوانیش لە تورکەکان نزیک ببنەوە بۆنەوەی هانیان بدەن دژی کوردەکان.

ئێران لە ٢٥ی ئوکتوبەری ١٩٢٢دا کەوتبووە وتوێژکردن لەگەڵ تورکەکاندا دەربارەی ئەو یارمەتییانەی کە تورک ئەیاندا بە سمکۆ، بێجگە لەوە ئێران دەیویست ڕێگە لەوە بگرن کە دەسەڵاتی ئینگلیز و مەلیک فەیسەڵ لەناوچەکدا، واتە لەناو عەشیرەتە کوردەکانی مەڵبەندەکە بگرن و بەرژەوەندەیی خۆیان لەناو کورددا بپارێزن.

لێرەدا بێجگە لەو سەرنجەی پێشوو، کریس کوچرا، باسی سمکۆی کردووە جارێک بە عەوام و سادە گوایا یوزدەمیر وای وتوە، کە لەڕاستیدا تورکەکان سمکۆیان بە جۆرێکی تر ناوبردووە و بە فێڵباز باسیان کردووە کە ئەوە دوورە لە عەوامێتی و ساویلکەیەتی.

جگە لەوە کریس کوچرا باسی ئەوەی کردووە کە ئێران لە ئوکتوبەری ١٩٢٢دا کەوتبوونە وتوێژ لەگەڵ تورکەکاندا کە ڕێگەی یارمەتیدانی تورک لە سمکۆ بگرن، لەکاتێکدا سمکۆ لەدوای شکاندنی لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران و پەنای بردە بەر تورکیا، لەوێش تورکەکان هەرچی هەبوو هەموویان لە سمکۆ سەند و ناچار بوو پەنای بردە بەر کوردستانی عێراق وەکو لەدواییدا لە شوێنی خۆیدا باسی ئەکەین

که ئەمە لە کوێ و یارمەتیدانی تورک لە کوێیە!

کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٢٢)ی باسەکەیدا[٢٩] باسی پێوەندیی سمکۆی کردووە لەگەڵ تورکەکان و وتویەتی: سمایل ئاغا لە سەرەتای ڕاپەڕین و دەستپێکردنی خەباتیا سەبارەت بە بارودۆخی جوگرافیای کوردستان ناچار بووە پێوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیا بکا و بەتەمای ئەوە بوو سوود لە ناکۆکی نێوانی دەوڵەتی قاجاری و تورک وەربگرێ و حکومەتی تورکیاش بۆ سوودی خۆی کە ئەویست بە هۆی سمکۆوە فشار بخاتە سەر ئەرمەنی و ئاسووری و ئێران هەتا ڕادەیەک یارمەتیی سمکۆی داوە و لەدوای شەڕی جیهانی کە تورکە کەمالییەکان هاتنە سەر کار ئەو تورکانە هەوڵیاندا کە لە ڕێگای سمایل ئاغاوە عەشرەتە کوردەکانی خوارووی کوردستان دژی ئینگلیز هان بدەن کە بۆ ئەو مەبەستە (ئەحمەد تەقی) کە باوەڕپێکراوی تورکەکان بوو نێررا بۆ لای سمکۆ و پاش ماوەیەک ئەحمەد تەقی و ڕەشید جەودەت دەچنە لای سمکۆ کە لە گوندێکی ئەرمەنییەکان لە نزیک (باشقەڵآ) دەبێت و ئیقناعی دەکەن کە بچێتە (وان). ئەویش بە هیوای ئەوەی تورکەکان یارمەتیی ئەوەی ئەدەن کە چەک و تەقەمەنی بدەنێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی لە کوردستانی ئێران ئەچێتە وان و تورکەکان پێشوازی لێ دەکەن، بەلام لەدواییدا ئەو تەقەلایەشی هەر بێ ئەنجام دەبێت. کاک کەریمی حسامی ئەو باسەی لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقییەوە وەرگرتووە لەبەرئەوەی لە باسی کاتی ئاوارەبوونی سمکۆدا لەدوای شکانی بەرامبەر بە هێزی ئێران و تورک و لەدوای گەڕانەوەی لای شێخ مەحمود لەو باسەدا بەدوورودرێژی باسی ئەو تەقەلایەی سمکۆ دەکەین بۆ پێوەندیکردن بە تورکەکانەوە لە ڕێگەی ئەحمەد تەقییەوە، بۆیە لێرەدا پێویستی نەکرد ئەوە دووبارە بکەینەوە.

بەرلەوە لە باسی پێوەندی سمکۆ لەگەڵ دەوڵەتان لابدەم بۆ باسێکی تازە کە بریتیە لە پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ کوردەکانی خوارووی کوردستاندا و، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ئەم کتێبەدا باسێکی تایبەتیم تەرخان کردووە بۆ هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ، حەزمکرد لێرەشدا کورتەباسێک پێشکەش بکەم دەربارەی هەڵسەنگاندنی تەقەلاکانی سمکۆ بۆ پێوەندیکردن و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتاندا.

لەڕاستیدا هەرچەند سمکۆ وەک سەرەکعەشیرەتێک ڕووداوەکانی لێک داوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بووە و هەموو ساڵەکانی دوایی ژیانی بۆ

سەرگرتنی ئاواتەكانی تەرخان كردووە كە نەك هەر دۆستەكانی سمكۆ، بەڵكو دوژمنەكانیش زۆرجار بەناچاری دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە و وتویانە سمكۆ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان تێكۆشاوە بەلام بەداخەوە باری زەمانە و هەڵوێستی ناوخۆی و دەوڵەتان نە لەگەڵ كورددا بووە و نە لەگەڵ سمكۆدا بووە و ئەویش لە تەقەلاكانیدا بۆ پەیداكردنی دۆستێكی هەمیشەیی سەرنەكەوتوو بووە و بەرلەوە لە پتەوكردنی پێوەندی و دۆستایەتیدا لەگەڵ سەرۆكعەشیرەتەكانی كوردیش هەر سەرنەكەوتوو بووە، ئەگەرچی ئۆباڵی ئەو یەكنەگرتنە و هاوكارینەكردنەی عەشیرەتەكانی كورد لەگەڵیدا هەمووی بە ئەستۆی سمكۆ نەبوو بەڵكو هەوری ڕەشی دواكەوتن و نەخوێندەواری و نەبوونی ڕۆشنبیری و پارەداری كە لە پلەیەكی زۆر نزمدا بووە و بناغەیكی پتەو و قایمی ئەوتۆی دانەڕشتبوو بۆ شۆڕشەكەی سمكۆ كە بەر لە دەستپێكردنی شۆڕش ئەبووایە دەست بكرایە بە دامەزراندنی ڕێكخراوێكی سیاسی و ئەنجومەنێكی لێهاتوو دامەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری دارایی و سوپایی و لام وایە لەو ڕۆژانەدا ئەگەر لەناو كوردەكانی كوردستانی ئێرانیشدا لەو جۆرە ئەفسەرانە نەبووبن، لە كوردستانی توركیادا بەتایبەتی لەناو كۆمەڵگای كوردەكاندا كە لە ئەستەمبوڵدا بوون ئەوەندە ئەفسەری گەورە و شارەزا هەبووە كە لەتوانایاندا بووە هێزەكەی سمكۆ لە هێزێكی عەشایریەوە بگەیەننە ڕادەی هێزێكی دەوڵەتی و ئەو هێزەش كە لەشكرەكەی سمكۆی لێ پێك هاتبوو بریتی بوو لە چەكدارەكانی سەر بە سەرۆكعەشیرەتەكان كە لە مێژووی سیاسەتدا ئەو جۆرە هێزە بە هیچ جۆرێك پشتی پێ نابەسرێ چونكە بناغەی كۆبوونەوەی ئەو هێزەی عەشایریانە زۆرجار لەسەر بناغەی هەستێكی نەتەوایەتی دروست نەبووە و نابێ و لە بەسەرهاتەكانی سمكۆ و زۆر شۆڕشگێرانی تری كورددا دەرئەكەوێ كە زۆر جار ئەوانە لە سەركردە و شۆڕشگێڕەكانی كورد هەڵگەڕاونەتەوە و چوونەتە پاڵ دوژمن وەكو یزدان شێر كە چۆن بوو بە نۆكەری بێگانە و دژی شۆڕشگێڕەكانی كورد شەڕی كردووە كە لەئەنجامدا خۆشی هەر بە دەستی ئەو بێگانەیەی كە بووبوو بە كرێگرتەی لەناوچووبوو. خالۆ قوربان كە ماوەیەك وەزیری جەنگی جەنگەڵییەكان بووە و سمكۆ تا ڕادەیەك هاوكاری لەگەڵدا كردون، زۆری پێ نەچووە خالۆ قوربان بووە بە كرێگرتەی حكومەتی ئێران و دژی سمكۆ شەڕی كردووە وەكو لەدواییدا لە شوێنی خۆیدا باسی دەكەین.

لەگەڵ ئەو ڕاستیانەشدا، مرۆڤ ئەبێ تۆزێک بەویژدانەوە باسی سمکۆ بکات و بڵێ هەرچەند سمکۆ لە هەندێ هەڵوێست و بۆچوونیدا ڕاڕا و سەرەڕۆ بووە و نەیتوانیبوو مشوری ڕێکخستنی ڕێکخراوێکی سیاسی بخوا و ئەنجومەنێکی پێک نەهێنابوو لەو لێهاتوو و لێوەشاوانەی کە لە بەشەکانی کوردستاندا هەبوون و لام وایە لەو بەشانەی تری کوردستاندا ئەوەندە ڕۆشنبیر و ئەفسەری پایەبەرز هەبووە کە پاڵیان بە شۆڕشەکەی سمکۆوە بنایە و لە ڕاپەڕینێکی عەشایریەوە بیانبردایەتە قۆناغێکی تر کە وڵاتان بایەخیان بە شۆڕشەکەی بدایە و حسابیان بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکەی و بۆ دەزگای ئەنجومەنەکەی بکردایە کە بناغەی دامەزراندنی حکومەتێکی سەرەتایی بووە.

لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕیانەشدا سمکۆ لە هەندێ هەڵوێستی دووربینانە بێبەش نەبووە، بۆ نموونە کە بڕیاری شۆڕشی دا حسابی سێ چوار لای کردبوو. لایەک سۆڤیەتی بوو کە سمکۆ زۆر زوو دەستی لێ شتبوون لەگەڵ ئەوەشدا کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بانگەوازی مافی چارەنووسی گەلانی ئاشکرا کردبوو بەڵام لەو لاشەوە سوڤێت پەیمانی لەگەڵ ڕژێمی ئێران و تورکدا بەستبوو کە بەپێی ئەو دوو پەیمانە ڕوس بووبوو بە لایەنگری ئەو دوو حکومەتە دژی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی ناوچەیی کە لە خاکی ئەو دوو حکومەتەدا بەرپا بکرێت. ئینگلیزیش بەو هەموو فڕوفێڵەوە کە هەیبوو، بوونی ئێرانێکی بەهێزی لا مەبەست بوو کە ببێت بە قەڵایەک دژی بڵاوبوونەوەی بیری مارکسی لە سنووری خوارووی ڕوسیاوە، تورک و ئێران ئەوە هەر لەکۆنەوە بە جووتە خوێنەخۆیی کورد بوون و لەگەڵ هەموو ناڕێکییەکی نێوانیاندا کە ناڕێک دەبوون هەر لایەیان کوردیان ئەخستە کار دژی حکومەتەکەی تر، کە ڕێکیش دەبوون لە هەموو ڕاپەڕینێکی کورددا دەستی یارمەتییان بۆ یەکتری درێژ کردووە و بە جووتە لە شۆڕشەکانی کوردیان داوە و هەر سمکۆش نەبووە تووشی ئەو هەڵوێستە بووە، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستاندا شۆڕشگێڕانی کورد تووشی هەمان بەسەرهات و کارەسات بوون، کە شێخ مەحمود داوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردی کرد، فڕۆکەی ئینگلیز بەربووە گیانی و بەزۆرەملی خوارووی کوردستانی لکاند بە عێراقەوە. کە کوردەکانی تورکیا ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد هیچ لایەک دەستی یارمەتیی بۆ ئەو خەباتکەرانە درێژ نەکرد. لەدوای ئەمانە پەیمانە ئاشکرا و نهێنییەکان وەکو پەیمانی سعداباد و گەلێکی تر ئەمانە هەموویان

لەناوەڕۆکدا دژی هەر ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەک بوون کە کورد کردوێتی. بەو جۆرە تەقەلاکانی کورد لە هەر سێ بەشە داگیرکراوەکەی کوردستاندا زۆر جار وەکو کورتانەکەی جەجاڵی لێ دێ و ئەمێنێتە سەر ئەوەی کە بزانین میللەتی کورد کەی نەگاتە ڕادەی ئەو میللەتەی کە هەموو بەشەکانی یەک بگرێ و هیچ نەبێت لەسەرەتادا ڕێکخراوێکی گشتی لەنێوانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندا ساز بکرێ و نەخشەی دوارۆژ بۆ هەموو لایەکیان بکێشرێت کە ئەمە باسێکی ئێجگار دوورودرێژ و ئاڵۆزە و تەنها لەکۆتاییدا بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە کورد هەتا ئێستە لە پێوەندیکردنی و پەیداکردنی دۆستدا و لە دەستنیشانکردنی دوژمندا کۆڵی سوارە و لە دارەدارەی سیاسەت بەولاوە هەنگاوی نەناوە کە هیوادارین لەمەودوا نوخشەی بەرهەمی ئەوەی نوێ دەر بکەوێ و لە ئاسمانی هیوای میللەتی کورددا خۆی بنوێنێت.

## چوارەم: پێوەندیی سمکۆ لەگەڵ کوردی خوارووی کوردستاندا

سمکۆ بێجگە لەوەی لەناو کوردەکانی ئێراندا بەناوبانگ بووە و ناسراو بووە و هەروەکو سەرۆکعەشیرەتێکی گەورە و دەسەلاتدار ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە کوردستانی ئێراندا و ولاتانی وەکو ڕوسیا و بریتانیا و تورکیا و ئێران هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی حسابیان بۆ کردووە و سمکۆش وەکو ڕابەرێکی تێکۆشەری کوردی سەردەمی خۆی لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەفتارەکانی بەزۆری لە شێوەی عەشایریدا بووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیی لەگەڵ عەشیرەتەکانی کورددا هەبووە و تەقەلایەکی زۆری دابوو کە لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکانی تری کورددا هاوکاری بکات کە لەناو ئەوانەدا وەکو لەپێشتردا باسی لێ کراوە نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ ناوچەی هەورامان بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ جعفر سلطان (جافرسان) سەرۆکی عەشیرەتی هەورامان کە ئەویش ماوەیەک دژی حکومەتی ئێران ڕابەری، هەروەها لەگەڵ بەگزادەکانی جافیشدا پێوەندی کردبوو بۆ ئەوەی بە هەموویان بڕیاری ڕزگارکردنی کورد بدەن لە دەستدرێژیی داگیرکەری ئێران، بەو پێیەش پێوەندییەکی زۆر و پتەوی هەبووە لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا بەتایبەتی کە شێوەی زمانی شوکاک هەروەکو شێوەی کرمانجی ژووروو وابووە و خزمایەتی و تێکەلاوی و هاتوچۆکردنی شوکاک لەو سەرسنوورانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر توانیبوویان بە

ئارەزووی خۆیان ئەمدیو و ئەودیوی هەردوو سنووری ئێران و تورکیا بکەن و بەکورتی زۆرجار بزووتنەوەکەی خۆی لە بزووتنەوەی کوردەکانی تورکیا جیا نەدەکردەوە کە نموونەی ئەوە لە هاوکاریکردنی سمکۆ لەگەڵ عبدالرزاق بدرخان و شۆڕشگێڕەکانی تردا خۆی نواندووە، هەروەها لەگەڵ کوردەکانی خوارووی کوردستانیشدا پێوەندی و دۆستایەتی هەبووە و کوردی خوارووی کوردستان سمکۆیان بە شۆڕشگێڕێکی قارەمان و ئازا و نەبەرد ناداوە و نموونەی تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر بووە بۆ خەبات لە ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا و لە هەندێ شوێنیدا بەر لەمە باسی ئەوە کراوە کە چۆن کۆمەڵە نهێنییەکانی خوارووی کوردستان ڕەشید جەودەت و عارف صائبیان ناردبوو بۆ لای سمکۆ و لە سەقزەوە دەستیان کردبوو بە نامەناردن بۆی و داوایان لێ کردبوو کە هێزێکی خۆی بنێرێت بۆ خوارووی کوردستان و ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەویش بکات و ماوەیەک ئەحمەد تەقی کە نوێنەری تورکەکان بووە لە خوارووی کوردستاندا پێوەندییەکی زۆری بە سمکۆوە هەبووە و لە هاتنی سمکۆدا بۆ لای شێخ مەحمود ئەحمەد تەقی لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمی و چەند کەسێکی تردا لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بوون و هەر یەکەیان لە یاداشتەکانیدا باسی سمکۆ و چالاکییەکانی سمکۆیان کردووە.

شێخانی بەرزنجە کە ساتێک لە ساڵی ١٩١٩دا ئینگلیزەکان گەڕیان لە شێخ مەحمود ئاڵاند و دەزگا و ڕێکخراوەکەیان لە شاری سلێمانیدا تێک دا و شێخ مەحمود ناچار بوو ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان ببێتەوە، ئینگلیز بەو لەشکرە زۆرەی کە کردیە سەر شێخ مەحمود توانی لە ساڵی ١٩١٩دا لە دەربەندی بازیان بیشکێنێت و بە برینداری بە دیل بیگرێ و بینێرێت بۆ هندستان و لەئەنجامی ئەوەدا بنەماڵەی شێخان و دۆست و ناسیاوەکان لەوانەی کە بەشداریی شەڕیان کردبوو لەگەڵ شێخ مەحموددا دژی ئینگلیز لە ترسی جەور و ستەمی میجەر سۆن کە سلێمانی داگیرکرایەوە هەموو ماڵەکانیان ناچار بوون بە خاو و خێزانەوە ڕوو بکەنە کوردستانی ئێران و بۆ ماوەیەک چوونە لای سمکۆ و هەتا سمکۆ لە ناوچەکەی خۆیدا دەسەڵاتی مابوو، ئەو خێزانە ئاوارەبووانە لای سمکۆ حەسابوونەوە و ساتێک سمکۆ لەشەڕێکیدا لەگەڵ ئێرانییەکاندا شکا و (چاری - چهریق)ی بەجێهێشت، خێزانەکانی شێخانیش ناچار بوون لەگەڵیدا ئەو ناوەیان بەجێهێشت و چوونە خاکی کوردستانی تورکیاوە و دوای ئەوەی سمکۆ گەڕایەوە ئەوانیش لەگەڵیدا گەڕانەوە کە

باسی ئەو ئاوارەبوونەی ئەو خێزانانەم بەدووروودرێژی لە لاپەڕەکانی (٥٣٢ هەتا ٥٤٣)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا کردوە کە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، کە بێگومان ئەو پێوەندییەی نێوان بنەماڵەی شێخان و سمکۆ لەدواییدا زۆر بەهێز و پتەو بوو، شێخ مەحمود چاکە و وەفای ئەوەی لە بیر نەچووەوە و ساتێک سمکۆ بەشکاوی بەرامبەر بە هێزی ئێران و تورکیا ناچار بوو روویکردە خوارووی کوردستان کە چووە سلێمانی شێخ مەحمود هەروەکو سەرۆکی دەوڵەتێک پێشوازی لە سمکۆ و هاوکارەکانی کرد و ئەو ڕۆژەی کە ئەو گەیشتبووە سلێمانی هەموو بازاڕ و دوکان داخرا بوو خەڵکی سلێمانی هەمووی چووبوون بەپیریەوە و بۆ نیشانەی ڕێزلێگرتن، حکومەتەکەی شێخ مەحمود حەوت تۆپی تەقاندبوو بە بۆنەی گەیشتنی سمکۆوە بۆ سلێمانی و ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بەدووروودرێژی باسی پێشوازیی سمکۆیان بڵاو کردۆتەوە و چ مامۆستا ڕەفیق حیلمی و چ مامۆستا ئەحمەد خواجە هەردووکیان لە یاداشتەکانیاندا بەدووروودرێژی باسی ئەو چوونەی سمکۆیان کردووە.

لەبەر ئەوەی باسی ئەو هاتنەی سمکۆ لەدواییدا بەدووروودرێژی ئەکەین بۆیە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.

بێجگە لەو پێوەندییەی کە باسمان کرد، یەکێکی تر لەوانەی کە بەوپەڕی ڕێزەوە سەیری سمکۆی کردووە بریتی بووە لە مصطفى پاشا کە شارەزای عەشیرەتی شوکاک بووە و ماوەیەک لەو ناوەدا بووە و هەروەکو میر بصری لەکتێبەکەیدا اعلام الکرد لە لاپەڕە (٧٠)یدا باسی کردووە کە حەزمکرد لێرەدا ئەوەی میر بصری دەربارەی مصطفى یامولکی نووسیوێتی پێشەکەش خوێنەرانی بکەم کە وتویەتی:(٥٣)

"مصطفى پاشای یامولکی لە ساڵی ١٨٦٦دا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و کلیەی عسکری لە تورکیا تەواو کردووە و لە ساڵی ١٨٨٨دا لە مەکتەبی ئەرکانی حربیەوە دەرچووە و لە ساڵی ١٨٩٣دا کراوە بە قونسوڵی عوسمانی لە (خۆی و سەڵماس) و دوای ئەوە گەلێک کارویاری تری گرتوتە دەست و لە ساڵی ١٩١٨دا لە ئەستەمبوڵ کراوە بە سەرۆکی مەحکەمەی عورفی بۆ محاکەمەکردنی مصطفى کەمال ئەتاتورک و لە مەحکەمەیەکی ئەودا بە غیابی بڕیاری مردنی مصطفى کەمال و هەندێ لە ئەفسەرانی تری سەر بەوی دەرکردووە کە لای ئەوانە بە (مصطفى

ئەمردوو) ناسراو بووە و لەدواییدا کە مصطفی کمال دەستی بەسەر تورکیادا گرت و مصطفی پاشای یامولکی گەڕایەوە بۆ خوارووی کوردستان لە زەمانی شێخ مەحمووددا کرا بە وەزیری مەعاریفی خوارووی کوردستان و دەستی کرد بە دەرهێنانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان.

دوای ئەوەی مصطفی یامولکی گەڕایەوە بۆ کوردستان، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە دژی تورکە کەمالییەکان بجووڵێتەوە و خەڵکی لێ هان داون و تورکە جلخوارەکان ڕقیان لێ بووە و ئەگەر بە دەستیان بووایە هەڵیاندەواسی و ئەویش بۆ بەربەرەکانێکردنی تورکەکان لای وابوو کە تەنها هەر ئینگلیزە کە بتوانێت دژیان بوەستێت لەبەرئەوە هیوایەکی تەواوی بە ئینگلیزەکان هەبووە و بە دۆستی کوردی داناون و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەیدا هەمیشە شتی دژی تورکە کەمالییەکان بڵاوکردۆتەوە و بەشێکی زۆریش لە لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی کە لە کاتی ئەو و دوای ئەویش دەرچووە دژی تورکە کەمالییەکان شتی تیادا بڵاوکراوەتەوە.

یەکێک لەو تەقەلایانەی کە مصطفی یامولکی دابووی دژی تورکە کەمالییەکان ئەوە بوو کە لە ئەستەمبوڵ گەڕایەوە و چووە بەغداد، لەوێ ئینگلیزەکان ڕێگەیان دایە کە بچێتە سلێمانی دابنیشێت و بە مەرجێک بەبێ ئاگاداری ئەوان بۆ هیچ کوێ نەچێت.

هەرچەند ئەوترێ کە یامولکی بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ئینگلیزەکان چووبوو بۆ لای سمکۆ بەڵام ئەوە ڕێگەی تێ ناچێت چونکە مەبەست لە چوونەکەی لەگەڵ مەبەستەکانی ئینگلیزدا بەتەواوی یەکیان گرتبووەوە لەبەرئەوە ئەگەر خۆشیان نەیانناردبێت چوونەکەشیان پێ ناخۆش نەبووە.

ساتێک مصطفی پاشای یامولکی لە سلێمانیەوە ڕێگەی گەرتە بەر و بە هەندێ لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا تێپەڕی کرد و کە گەیشتە لای سمکۆ، لەوێ گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ سمکۆدا کردووە و ئەو گفتوگۆیەی هەروەکو یاداشتێک تۆمار کردووە و کە گەڕاوەتەوە بە نامەیەک ئەو یاداشتەی خۆی ناردووە بۆ عبدالعزیزی کوڕی کە لە بەغداد بووە و ئەو یاداشت و نامەیە گەیشتۆتە دەست ئینگلیزەکان کە دوور نییە هەر عبدالعزیزی کوڕی دابێتی بە ئینگلیزەکان کە لەلایەن مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد لە ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا نێرراوە بۆ وەزیری موستەعمەراتی ئەو ڕۆژانەی بریتانیا کە وینستن چەرچل بووە و ئەو دوکیومێنتەم

لەناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دەست کەوت و لەکاتی خۆشیدا لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری مامۆستای کورد کە لە سوید دەردەچێت لە لاپەڕە (٢٦)دا بڵاو کردەوە و وا لێرەشدا دەقی ئەو دوکیومێنتە بە تەرجەمەکراوی پێشکەش ئەکەم:

دوکیومێنتی ژمارە (C.O.730/19.5529.NO.27-34) ڕۆژی ١٩٢٢/١/٢٠! لە مەندوبی سامی بریتانیاوە لە بەغداد بۆ ونستۆن چرچل:

"وا تەرجەمەی ئەو نامەیەی مستەفا پاشای یاملکیتان پێشکەش دەکەین کە باسی چوونی خۆیەتی بۆ (ورمێ)."

مستەفا پاشا ئەفسەرێکی زەمانی تورکە، خەڵکی سلێمانیە، لە نیسانی ساڵی پاردا (واتە ساڵی ١٩٢١) لە قوستەنتەنیە (ئەستەمبوڵ) داوای لە مەندوبی سامی کردبوو کە ڕێگەی بدرێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی (بێگومان ئەوسا بەغداد لەژێر ئیدارە و ئینتدابی بریتانیادا بووە، بۆیە پێویستی بەو ڕێگەدانە هەبووە.)

لەسەر داخوازیی من (سیر پرسی کوکس، مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد) ماوەیەک لە بەغداد مایەوە بەڵام لەو ماوەیەدا بێ ئیش بوو، بێ تاقەت بوو، بۆیە حەزی کرد بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی کاروباری خۆی ساز بکا، لەبەرئەوەی بەرامبەر بە داخوازییەکەی هیچ بەرهەڵستییەک نەبوو، ڕێگەی پێ درا کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لە مانگی ئوکتوبەری ١٩٢١دا گەڕایەوە، بەڵام بە مەرجێک لە سلێمانیدا دەبێ لەژێر چاودێریی ئەفسەری سیاسیی بریتانیادا بێت.

هەرچەند وا بڵاوکرایەوە کە بۆ ئەوە نێردراوە بۆ سلێمانی تا ببێت بە موتەسەریف، بەڵام لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی زۆر ناسراو نییە گەڕانەوەکەی سەرنجی کەسی ڕانەکێشا. ئاگاداری ئەفسەری سیاسیی کرا کە ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکی بێت و بەبێ موافەقەت ڕێگەی پێ نەدرێ لە سنووری ئێران بچێت بەودیودا.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا وا نامەیەکی مەندوبی سامی بریتانیاشتان پێشکەش ئەکەم لە ئەستەمبوڵ کە دەربارەی ئاکار و ڕەوشت و کاروباری مستەفا یاملکییە، ئەو نامەیە لە ٤ی ئوکتوبەردا نووسراوە.

گەشتەکەی مستەفا یاملکی بۆ (ورمێ) نە بە پرس و ڕای من و نە بە هی ئەفسەری سیاسی سلێمانیش بوو، بۆیە هەواڵم نارد لەکاتی گەڕانەوەیدا لەسەر سنوور بیگرن. من کاتی خۆی بەو مەرجە ڕێگەم دابوو بچێتەوە سلێمانی کە بەجێی

نەهێڵێت، ئەم جارەش دووبارە داوای ئەوەی لێ کرایەوە و پێی ڕاگەیەندرا کە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی ئێمە نابێ هیچ جۆرە جموجووڵێکی سیاسی هەبێت.

نامەکەی مستەفا یامولکی باسی گەشتەکەیەتی (سانسور کۆپییەکی نامەکەی وەرگرتووە.) و وا بە تەرجەمەکراوی بۆ ئینگلیزی بۆتان دەنێرم.

ئەو نامەیە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و سیاسیی گرنگ وایە کە زۆر شت دەربارەی سمکۆ و خولیا و توانا و دەسەلاتی لەناو کوردەکاندا ڕوون دەکاتەوە.

حەز دەکەم شتێک هەیە ڕوونی بکەمەوە، ئەویش ئەمەیە کە مستەفا پاشا لەو گەشتەیدا هیچ وا خۆی پێشان نەداوە کە نێردروای بریتانیایە و هیچ شتێکیشی باس نەکردووە کە بۆنی ئەوەی لێ بێ بە ناوی بریتانیاوە لە دژی تورکیا بەڵێنی یارمەتیدانی بە کورد دابێ، هەروەها نامەکەی هەندێ پروپاگاندەی دژ بە تورک لەناو کورددا دەرئەخا.

ئیمزا: پرسی کوکس

تەرجەمەی نامەکەی مستەفا یامولکی (لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی... و لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی.)

سلێمانی: ١٩٢١/١٢/١٢

بۆ کوڕی خۆشەویستم عبدالعزیز بەگ

نامەکەی ٢٠ ی ئوکتوبەری ساڵی ١٩٢١ تم وەرگرت کە وەڵامی نامەی ١٩٢١/٩/١٣ە، هەروەها نامەی ٥ی سێپتمبەر و هی ٦ی ئوکتوبەر، ئەو نامەیەی کە بۆ (کوڕانی نەقیب)ە وەرگرت.

دوای گەڕانەوەم لای ئیسماعیل خانی سمکۆ دەمەوێ هەندێ لەو شتانەی کە بە چاوی خۆم دیومن بۆتان باس بکەم:

سەعات یازدەی ڕۆژی دووشەممەی ٢١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١، سلێمانیم بەجێهێشت و چوومە ناوچەی مەنگوڕایەتی. بابەکری سەلیم ئاغا و عەباسی سەلیم ئاغای برای هەردووکیان زۆر زیرەک و شارەزان. ئینگلیزەکان زۆر ڕێز لە بابەکر ئاغا دەگرن و مووچەیەکی باشی دەدەنێ، قەڵەمڕەوی ئەمان زۆر هێمن و بەئاسایشە و پڕپاگاندەی پارتی یەکێتی ئەناتولیا (هی تورکی ئەنادۆل) کاری تێ نەکردووە. عەشیرەتەکەی زۆر بەهێزە سەرۆکەکانی لەناو خۆیاندا خزم و تێکەڵی یەکن. عەشیرەتەکانی دراوسێیان: مەنگوڕ و مامش و گەورک و دیبوکری و بەگزادە

ئاشتیخوازن (بەگزادە لە دەوروبەری سەقز دەژین.)

عەشیرەتەکەی بابەکر ئاغا نێوانی لەگەڵ خەڵکی ناوچەی دەوربەری شنۆ و شوکاکدا کە لەلایەن سمکۆوە کۆنترۆڵ کراوە، باشە و دەسەڵاتی سمکۆ دەگاتە سەرووی رۆژئاوای ورمیە.

هێزەکانی عەشیرەتی (نورەدین) نزیکی (٢٥٠٠) سوارە و نزیکی (٤٠٠٠) پیادەش دەبێت، ئەوانە وەکو خاوەن هەستێکی نیشتمانی تێگەیشتوون کە سەربەستی و خۆشیی کوردستانی خواروو و خۆشیی نەتەوەی کورد بە سیاسەت و هەڵوێستی بریتانیاوە بەستراوە دەربارەی قوبوڵکردن یا نەکردنی سیاسەتی وێرانکاریی پارتی پێشکەوتووی ئەناتولیای یەکگرتووە لە هەموو کوردستان و ئەناتولیادا.

هەموو دانیشتوانی ناوچەی (پژدەر) و (سەردەشت) و گوندەکانی تری سەر سنووری ئێران لەو ناوچانەدا لەژێر سەرکردایەتیی مێراودەلییەکاندا بە ئاسایش دەژین. بەڵام هەندێ عەشایری بچووک لە ناوچەی (ڕواندز) بە هاندانی هەندێ لەو ئەفسەرە کۆنانەی تورک، کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و خەریکی ئاژاوەن چوونەتە پاڵ تاقمەکەی ئەناتولیا.

لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پیاوی ژیر هەن و دەتوانن لەو ناوچەیەدا بزووتنەوەکە لەناوبەرن و ئاسایش بەرقەرار بکەن، بەڵام لەوە ناچێت کاربەدەستانی ئینگلیز لەم ڕووەوە هیچ جۆرە چالاکییەک بنوێنن.

لەگەڵ ئاغای بایزی سەرۆکی (OJAK KIAK) کە لەناو مەنگوڕایەتی و مامشدا پیاوێکی ناسراوە گفتوگۆم کرد و بیروڕایم وەرگرتووە.

پەلاماری یونانییەکان و شەڕی ناوچەی ئەناتولیا بە هۆی دڕندەیی و دەستدرێژیی پارتی پێشکەوتووی ئەناتولیای یەکگرتووەوە ڕوویداوە کە لە شەڕی جیهانیدا کاری دڕندانەی زۆریان کردوە کە بەتایبەتی لەگەڵ سوڵتانیش هەر دڕندە بوون.

دیدەنیی (کیان خدرخان عزیز)م لە نزیکی (میرغیان MIRGHIAN) کرد و ئومێدەواریی خۆمم بۆ دەربڕی کە ناوچەکەیان هەروەکو ئێستە بە ئارام و ئاسایش بێت و بزووتنەوەی ئەناتۆلیا کاری تێ نەکات.

لەدوای مەنگوڕ، ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر چوومە سابلاغ و چاوم بە کۆچ و باری ئەوانە کەوت کە ڕوویان کردبووە دەورویشتی عەشایری دیبوکری و موکری، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە حکومەتی ئێران لە (میاندواب)ەوە دەهات و عەشیرەتی شوکاکیش لە

(ورمێ)وە بۆ لای ڕاستی شارەکە لە حاڵێکی زۆر شڕ و پەرێشاندا بوون، هەرچەندە تێشم گەیاندن کە ئەوە فێڵ و ساختەیە لێمان دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕابردوودا دەردیسەری و کێشمەکێشی زۆریان دیبوو، هیچ گوێیان نەدامێ و باریان دەکرد.

لەو کاتەدا نزیکەی (٣٠٠) زەلامی شاخاوی ڕوویان کردە من و بۆم ڕوون بووەوە کە ئەمانە لە تاقمەکەی هەمزاغای مامش و شێخ عبداللە ناصری (نوێنەری سمایل خانی سمکۆ)ن، لەگەڵ سید طەدا هاتبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ دیبوکری و مەنگوڕدا وتووێژی پێکەوە هاوکاریکردن بکەن.

شەو لای شێخ عبداللە مامەوە و زۆر شتم لەگەڵدا باسکرد. شەو بە تەلەفۆن هەواڵی گەیشتنی من درابوو بە سید طە لە (BERANDEZ) و بە سمکۆ لە (چهریق ـ چاری) کە بنکەی سەرکردایەتی شوکاکی لێ بوو، دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە (سابڵاغ)، خەڵکەکە باریان کردبوو بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و بازاڕ و دوکان کرابووەوە. لە سابڵاغەوە چوومە (BERANDEZ) بۆ لای سید طە و ڕۆژێکیش لەوێ مامەوە و لەتەکیا پێکەوە چووینە لای سمکۆ.

کە بە ورمیەدا تێپەڕین، لە ڕێگا بە تەلەفۆن هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە هێزی شوکاک لەنێوانی (خۆی) و (تەورێز)دا بینراون (لەدوای داگیرکردنی ورمیە ئەو خەتی تەلەفۆنە لەلایەن سمکۆوە دامەزرابوو.)

کاتێک گەیشتینە چاری (لە دۆکیومێنتەکەدا بە چاریک نووسراوە کە مەبەست چهریق بووە.)، بیستم پیادە و تۆپ و هەندێ سوارەی سمکۆ ڕوویان کردۆتە (سەلماس) و بۆ بەیانی سمکۆمان دی و گفتوگۆیەکی دووروودرێژم لەگەڵدا کرد و لەدواییدا ئەم پرسیارانەی خوارەوەشم لێ کرد:

پرسیاری یەکەم: لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا لە دژی حکومەتی ئێران جووڵاویتەوە و دەجووڵێیتەوە، مەبەستت لەم بزووتنەوەیە چییە و بەتەمای چ جۆرە دەستکەوتێکیت دەستگیرت ببێت؟

وەڵام: فارسەکان ڕقیان لە کوردە، لەبەرئەوە من بە هەموو توانای خۆمەوە هەوڵ دەدەم کوردەکان ڕێک بخەم بۆ ئەوەی لە دەستدرێژیی فارس ڕزگاریان ببێت، هەر بۆیە ساڵی پار شاری ورمیەم گرت لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە لە ڕابردوودا هی کورد بووە، دوای ئەوەش شاری (سەلماس) و وا ئەم ساڵیش فارسەکانم لە سابڵاغ دەرپەڕاند.

پرسیاری دووهەم: باشە تۆ هەوڵ ئەدەی بۆ ئەوەی کورد ڕزگار و ئازاد بکەیت و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەی، ئەوی بۆچی پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزروم و بتلیس و هەکاری و خەرپووت ڕزگار ناکەیت و ئەو خەڵکە ڕێک ناخەی کە ماوەیەک لەژێر جەور و ستەمی تاقمەکەی مصطفی کمالدان؟ بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی هەتا دەری بخەی کە مەبەستت لەو جووڵانەوەیەت خوێنڕشتن نییە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە، بۆچی هەوڵ نادەی بەئاشتی و خۆشی لەگەڵ فارسەکاندا ڕێک بکەویت؟

وەڵام: من وای بە باش دەزانم کە لەپێشدا لەئێرانەوە دەست پێ بکەم، چونکە من هیچ بە چاکی نازانم لەم ڕۆژەدا لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بە تفەنگ و فیشەک یارمەتیم دەدەن، من هیچ بە پێویستیشی نازانم کە (بەیان) بۆ بێگانە بڵاو بکەمەوە چونکە ئەوان زۆر باش شارەزای ئەوەن کە ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی خێڵایەتی دەژین، جگە لەوە بیستومە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان لەناو خۆیاندا لە کێشە و مشتومڕدان، بۆیە ئێمە پێویستە تێکۆشین و پشتیش بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان ببەستین و نەیەڵین فارسەکان بگەڕێنەوە بۆ ورمیە و سابلاغ. ئێمە بە هیچ جۆرێک کۆڵنادەین و هەتا تاقە کەسێکی شوکاک مابێت لەم ڕووەوە بەرهەڵستی دەکەین.

پرسیاری سێهەم: هۆی کوشتنی ئەو (٨٠٠) دیلە فارسەی کە لە سێپتمبەری ساڵی ڕابردوودا گیرابوون چی بوو؟

وەڵام: ئەوانە وەختی خۆی لە شەڕی ورمیەدا گیرابوون و ئێمە لەدوایٔ گرتنیان هیچ خراپەیەکمان لەگەڵدا نەکردن، بەڵکو جل و پارەمان دانێ بەو مەرجەی نەچنەوە پاڵ ئێران دژی ئێمە نەبن بەرەڵامان کردن، بەڵام هەر کە بەربوون کە یەکسەر چوونەوە پاڵ ئێران و دەستیان کرد بە دەستدرێژیکردن و کوشتن و برین، بۆیە ئەم جارە ئێمە لێیان خۆش نەبووین و تۆڵەمان لێ کردنەوە.

پرسیاری چوارەم: هۆی تێکچوون و شەڕکردنت لەگەڵ ئاسوورییەکاندا چی بوو؟ تکایە پێم بڵێ: مارشمعون کە ئاشتی دەویست و دۆستی کورد بوو لەبەرچی کوژرا؟

وەڵام: بێگومان ئاگاداری ئەوەی کە تورک و ڕوس لە جەنگی جیهانیدا چییان بە کورد کرد! حەز دەکەم هۆی کوشتنی مارشمعونت بۆ باس بکەم و بۆت ڕوون بکەمەوە.

لەو هەرایەی لە باکووری کوردستاندا لەنێوان تورک و ئەرمەندیا ڕوویدا، ئاسوورییەکان چوونە پاڵ ئەرمەنییەکان و یارمەتییان دان. لەدوای شۆڕشی ڕوسیا (مەبەستی شۆڕشی ئوکتۆبەر بووە.) ڕوسەکان هێزەکانیان لە سابلاغ و ورمیە کێشایەوە و ژمارەیەکی زۆری چەک و جبەخانە و تۆپ و رەشاش و تفەنگیان بەجێهێشت و هەمووی بۆ ئاسوورییەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی ڕوس (بەوانە وتراوە ڕوسی سپی) و ئاسورییەکان و هەندێ کاربەدەستی ئەوروپایی دەیانزانی ئێران بە هۆی لاوازی و کەمدەسەلاتی و کەمدەرامەتییەوە ناتوانێت داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە ئاسوریە چەکدارەکان ویستیان ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەن و ئازربایجان کە ناوچەیەکی گرنگی نێوان ئەرمەن و تورک و فارسە بیگرن.

لەدوای ئەوەی ئاسورییەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن و بانگەوازی سەربەخۆییان بڵاو کردەوە هاتنە لام و داوای هاوکاریکردنیان لێ کردم بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە، منیش بەڵێنی یارمەتیدانم پێدان، بەڵام ئێرانییەکان بەمەیان زانی کە ئاسورییەکان داوای یارمەتییان لە من کردووە، نوێنەرێکی ئێرانی هات و داوای لێ کردم کە پشتی ئاسورییەکان نەگرم و بەرامبەر بەوە بەڵێنی پاداشت و چاکەدانەوەیان دامێ، لەبەرئەوەی دەمزانی ئاسورییەکان نیازیان وابوو کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆیە مارشمعونم کوشت و ئێرانییەکانیش لە بەڵێنی خۆیان پاشگەزبوونەوە، بۆیە پەلاماری ئێرانییەکانیشم دا و ورمیەم گرت و کاربەدەستانی خۆمانم لێ دانا.

پرسیاری پێنجەم: ئایا هیچ ئاسورییەک لە (جولەمێرگ) ماوە؟ من چەند هەزارێکیانم لە بەغداد دیوە؟

وەڵام: لە (ئەنگورە)ی ناوچەی (وان)ەوە تەلگرافێکی مصطفی کمالم بۆ هاتووە با مرزا بۆت بخوێنێتەوە: "یۆنانییەکان بە سەرۆکایەتی پادشاکەیان و بە یارمەتی و پارەیەکی زۆر و پێشتگیریکردنی حکومەتی بریتانیا، بانگی شەڕکردنیان لەگەڵ ئێمەدا ئاشکرا کردبوو، ئەوا ئێستەش داوای ئاشتی دەکەن و دەیانەوێ ئەوروپاییەکان بکەونە بەینەوە و لە هەموو سەرکەوتنەکانمان ئاگادارت ئەکەین، هەروەها ئاسورییەکان لە ناوچەی کوردستاندا لەلایەن بریتانیاکانەوە هاندراون کە لە ڕێگەی زاخۆ و جزیرەوە بگەڕێنەوە، منیش (مصطفی کمال) هەرچی پێویست بێت ڕامسپاردووە دژیان بکرێت، تکایە ئێوەش چیتان پێ دەکرێ لەم ڕووەوە بیکەن بۆ

ئەوەی ئاسورییەکان لە ئێران و ڕوسیاوە نەگەڕێنەوە بۆ ئێرە.

سمکۆ وتی (بە مصطفی یامولکی) کە ئەمە شتێکی تازە بوو بیستم کە ئاسورییەکان دوژمنی ئێمەن بۆیە ڕێگەیان نادەم بگەڕێنەوە ناوچەی هەکاری و تورکەکان لەمەدا پشتگیریم دەکەن.

پرسیاری شەشەم: ئایا هیچ ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە؟ بۆ نموونە ئایا هیچ بەیداغێکی تایبەتی هەیە؟ ئەی تۆ چۆن حوکمی ئەو شوێنانە کە دەیانخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە ئەکەی؟

وەڵام: ئێستە جارێ هیچ ڕێکخراوێک نییە، من هەر خۆمم لە کوردستاندا، بەڵام چاوەڕێ بکە با ئەم وڵاتە ڕزگاری ببێت ئەسا بزانە چۆن حکومەتێک دێتە کایەوە. گرنگ نییە کێ دەبێتە فەرمانڕەوا و کاربەدەست، من خۆم هیچ چاوم نەبڕیوەتە ئەوە. دەربارەی ئاڵا و شتی تر بڕوا ناکەم جارێ شتی وا پێویست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شوکاکەکان هەروەکو ئێستە خۆت دەیانبینیت بۆ هەر ناوچەیە ئاڵایەکیان هەیە.

پرسیاری حەوتەم: کەواتە هەروەکو کە ئێوە ئەڵێن بۆ نیشتمان هەوڵ ئەدەن و ئایا وا نییە؟ جا کەوایە ئەی بۆچی کە سابڵاغتان گرت دوکانەکانیان تاڵانکرا و هەندێکیشی کوژران کە لەناو ئەوانەدا (قازی لطیف) بوو کە پیاوێکی ناسراو و ڕێزلێگیراو بووە (لەناو کەوانەدا مصطفی یامولکی وتویەتی سابڵاغ: دیبوکردی و بلباس و مەنگوڕ و مامش و عەشیرەتی پێران دەگرێتەوە و ناوچەیەکی گشتیی گەورکە کە پێوەندیی دانیشتوانی لەگەڵ عەشیرەتەکاندا دۆستانە بووە.) ئایا ئەو جۆرە ڕووداوانە ئێرانییەکان دڵخۆش ناکات و بۆ سوودی ئەوان نییە؟ هەروەها وەکو بیستم حاجی ئێلخانی سەرۆکی ناسراوی دیبوکری تاڵانکراوە، لەبەر ئەوە هیچ دوور نییە کە بەشێک لە مەنگوڕ و بەگزادەی گەورک و ناوچەی (سەقز) دژی تۆ یەک بگرن.

وەڵام: وەختێک ڕوومان کردە سابڵاغ، ناردمان بە شوێن هەموو سەرکردەکانیدا، بەڵام نەهاتن و هیچ نوێنەرێکی سەقز نەهات و ئێرانییەکانیش لەناو شاردا شەڕیان دەکرد و شەڕەکە دوو ڕۆژی کێشا، ئەوە بوو لەئەنجامدا ناوشار گیرا و هەندێ کەس کوژران کە لەناو ئەو کوژراوانەدا شوکاکیشی تیادا بوو. تێکبڕژان و ڕەشاش و تۆپی تیادا بەکارهێنرا. لە حاڵەتێکی وادا ناتوانرێ ڕێگە لە تاڵان و بڕۆ بگیرێت ئەگەرچی من خۆم زۆر دژی ئەوە بووم.

ئێمە گومانمان لە عەشیرەتی مەنگوری و دیبوکری هەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گوێمان نەدایە. حاجی ئێلخانی بەوەشەوە نەوەستا کە تەنها هەر ببێتە لایەنگری ئێرانییەکان، بەڵکو بە ناوی کوردەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە بچنە پاڵ خۆی و ئێران و شەڕمان لەگەڵدا بکەن.

عەشیرەتی مامش زۆر دڵسۆزی ئێمەن، کوڕی خوالێخۆشبوو مەحمود ئاغای هەمزاغامان کرد بە حاکمی سابلاغ و کەریم ئەغای برای کرا بە موفەتیشی ناوچەی (حەمەجان) و ناوچەی بانالیس (BANALIS) و گەورک و دراوسێی.

وە لەدوای داگیرکردنی سابلاغ توانیمان فارسەکان لە (سەقز) دەر بکەین، بەلام لەسەر داواکردنی خەڵکی سەقز، دەوڵەتی ئێران (٢٠٠-٤٠٠) جەندرمەی خۆی لە (سنە)وە نارد و (بانالیس)یان گرتەوە و چوار پێنج کەسی سەر بە ئێمە کە لەوێ بوون رایانکرد.

پرسیاری هەشتەم: وا دیارە بڕیاری هێرشبردنتان بۆ سەر ئێران بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەیە چونکە باپیرەگەورە و خزم و کەس و کارتان و برا خۆشەویستەکەتان (مەبەست جعفر ئاغا بووە.) لەلایەن ئێرانەوە کوژرابوون و دوو ساڵی لەمەوبەر بۆمبایەکیان بۆ کوشتنی خۆت ناردبوو کە برایەکتی پێ کوژرا بوو. دەڵێن ئەم بزووتنەوەیەت دوای ئەو کوشتارە کردووە. ئایا وا نییە؟

وەلام: تەواو باش لەوە گەیشتووم کە ئێوە (مصطفی یامولکی) شارەزاییەکی تەواوتان هەیە دەربارەی ڕووداوەکان و ئەزانی کە ئێرانییەکان هەموو دژی کورد بوون، دەزانی کە چۆن باووباپیرم (عەلی خان) و زۆر کەسی تر چۆن بە دەستی ئێرانییەکان کوژرابوون، من هەرچەند ئێستە بۆ میللەتی کورد خەبات دەکەم و تێدەکۆشم، بەلام تۆڵەی خۆشم لە ئێرانییەکان دەکەمەوە.

دوای ئەو پرسیار و وەلامانە، ئەمجا مستەفا پاشای یامولکی لەنامەکەیدا کە بۆ عبدالعزیزی کوڕی ناردووە دەڵێ: ئەمانەی پێشوو لە ڕۆژی ١٩٢١/١٠/١٩دا لەنێوانی من و سمایل خاندا ڕوویدا. ڕۆژی دوایی ١٩٢١/١٠/٢٠ من و سمکۆ و سید طە دووبارە لە ژوورێکی تایبەتیدا کۆبووینەوە و ئەم گفتوگۆیە کرا:

من (مصطفی یامولکی) بە سمکۆم وت: جەنابی ئیسماعیل ئاغا، ئیمڕۆ وەکو ڕۆژگارەکانی زەمانی شێخ عبیداللە نییە، ئیمڕۆ ڕووداوەکانی ناو کوردستان جێگەی سەرنجدانی هەموو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە و ئاگاداری هەموو شتێکن، تەنانەت

ئەمریکای یەکگرتووش ئاگادارە، حکومەتێکی گەورەی وەکو بریتانیا حوکمی سلێمانی و ناوچەکە دەکات و ئاگای لە هەموو بزووتنەوەیەکی کوردە، ئەگەر هەر شتێک ئەو لێی ڕازی نەبێت و لەگەڵ سیاسەتی ئەودا نەگونجێت ئەوا لە ڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە دژی دەوەستێ. ڕاستە ئێوە کاروبارتان لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکانی ئەناتولیادا ڕێکخستووە، بەڵام ئەگەر ئەوان لە بزووتنەوەکەیاندا سەرنەکەوتن (مەبەستی تاقمەکەی مصطفی کمال ئەتاتورک بووە.) ئەوا ئەوسا ئێوەش تیا دەچن و کەس بە هاوارتانەوە نایەت خۆت دەزانی بزووتنەوەیەکی وەکو ئەوەی تۆ بە پشتگیری و یارمەتیدانی دەوڵەتێکی ئەوروپایی بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کە بریتانیا بووە بە دراوسێمان، بەبێ ئەوان بە هیچ مەبەست و ئامانجێک ناگەین.

جەلالەتی سوڵتان (هێشتا ئەو ڕۆژانە بەناو سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵدا هەر مابوو، بزووتنەوەکەی مصطفی کمال بەتەواوی دەستی بەسەر هەموو تورکیادا نەگرتبوو.)، بزووتنەوەکەی ئێمرۆی ئەناتولیا بە یاخیگەریی و سەرپێچیکردن دادەنێ، هەر لەبەرئەوەشە یونانییەکان بەرەو (ئەنگورە) هاتون و ئامادەن کە عەمەلیاتێکی تریشیان دژ بکەن (دژی کەمالییەکان) و لە ئەناتولیاش زۆر کەس پێشوازی لە هاتنی یۆنانییەکان کردووە و داوایان لێ کردون ناوچەکە داگیر بکەن، چونکە زۆر ڕقیان لە تورکە نەتەوەییەکانە، ئەو تورکە نەتەوەییانە دوژمنی کوردن و دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ کە ئەوانەی لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە هەتا ئێستە چەند زیانیان لە کورد داوە، هەر چۆنێک بێت یۆنانییەکان بۆ ئێمە باشترن وەک لە تورکەکان چونکە هیچ نەبێ شارستانی و پێشکەوتنخوازن و تورکەکان زۆر دواکەوتوو و نەزانن. باشتر وایە تۆ لەگەڵ یۆنانییەکاندا پێوەندی پەیدا بکەیت و لەم بارەشەوە ئینگلیزەکان ئاگادار بکەی و بۆ ئەوەی کێشەی خۆت لەگەڵ ئێرانییەکاندا چارەسەر بکەی پێوەندییان پێوە بکە و سوود لە هەل و دەرفەت وەربگرە. هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا ڕێک بکەوێ کە بریتانی و ئەوروپایی تیادا نییە، وا بزانم ئەگەر ئەو ڕێگەیە بگریتە بەر، ئەوروپاییەکان گوێ لە داخوازییەکانت دەگرن.

وەڵامی سمکۆ لەو گفتوگۆیەدا: (کە لە باسی پێوەندیی سمکۆ و ئینگلیزەکانیشدا بەر لەمە باسمان کرد.) منیش زۆر ڕقم لە تورکە نەتەوەییەکانە، بۆ کورد منیش ئەوان لە فارسەکان بە دوژمنتر دەزانم، من چەند جارێک نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردووە و ئاگادارم کردون کە من نامەوێ دژی سیاسەتی ئەوان بم و ئێمە هەمیشە

پێویستمان بە یارمەتیی بریتانیا هەیە. با ئەوان لایەنگری کورد بکەن منیش ئامادەم بەپێی ئارەزووی ئەوان بجووڵێمەوە، ئێمە پێویستمان بە چەک و فیشەک هەیە و ئەگەر لەم ڕووەوە فریامان نەکەوێ تووشی کێشە و سەریەشە دەبین.

سید طەم نارد بۆ بەغداد، بەڵام هیچ سوود و ئەنجامێکی نەبوو.

ئەوا من و سید طە ئێوە دەکەین بە وەکیل، ئەگەر حکومەتی بریتانیا ڕاستەوخۆ یاخود بە هۆی دۆستە دڵسۆزە پژدەرییەکانیەوە بتوانێت یارمەتیی چەک و جبەخانەمان بدات بەبێ ئەوەی بمانخاتە ژێر ڕەحمەتی ئەفسەرەکانیەوە، ئەوا دەتوانین وان و ئەرزروم و سیواس و هەکاری لە تورک پاک بکەینەوە ئەوسا دەتوانین دەرسێکی گەورە و چاکیش بەوانەی ڕواندز (مەبەستی یوزدمیر بووە.) و شوێنەکانی تریش بدەین. ئەمە پێشنیازی ئێمەیە و دەتوانین دڵنیات بکەین کە ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا ڕاستین، ئێمە دەتوانین (ئەنگورە)ش بگرین و ئەگەر ئینگلیزەکان بێدەنگ بن لە ماوەیەکی کەمدا شاری (سنە)ش دەگرین.

مصطفی پاشا لەنامەکەیدا بۆ عبدالعزیزی کوڕی لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئەو شەوە سوارە و پیادە و تۆپ ئامادەکران کە بچن بۆ (سەڵماس)، منیش گەڕامەوە بۆ (ورمیە) و لەوێوە بۆ سابلاغ. لەناوچەی ئازربایجانی ئێراندا سەرۆکی عەشیرەتی (قرەداغ) هەیە کە (ئەمیر ئەرشەد)ی ناوە نزیکەی شەش حەوت هەزار سواری ئازا و ٤٠-٥٠ تۆپ و ژمارەیەکی باشیش ڕەشاشی هەیە، سمکۆ لای وایە دەوڵەتی ئێران پارەیەکی باشی بە ئەمیر ئەرشەد داوە کە ئێستە لە ناوچەیەکدایە پێی ئەڵێن (شەریف خان) کە بەسەر باکووری گۆمی ورمیەدا دەڕوانێت و هێزەکانی بەرەو تەورێز و (خۆی) دەڕۆن و پێشەنگی هەندێکیان گەیشتۆتە سنووری (سەڵماس) بە نیازی ئەوەی دەستپێشکەری لە سمایلخانی شوکاک بکات.

ئەرشەد سوارەی خۆی ناردووە بۆ (شکرپاکی) لەنێوانی (خۆی) و (سەلماس)دا، ساتێک خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادەکردبوو، سمایل ئاغاش لە هەمان کاتدا خۆی تەیار دەکرد کە بەرەو ئەو هێزانە بڕوا و بەرەنگاریان بێتەوە.

بەپێی هەواڵێکی تەلەفۆنی، سمایلخان هێزی پیادەی ناردۆتە گرد و بەرزاییەکانی بەرامبەر بە (خۆی) و ئەو چەکدارانەی تری کە ماون لەگەڵ هێزی تۆپدا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتون. هێزەکانی سمکۆ بەری لەو هێزەی ئەرشەد بریوە کە لە (شەریف خان) و (تاسوج)ەوە بەرەوپێشەوە دەهاتن، ئەرشەد هێزەکانی خۆی کێشایەوە

هەرچەند لە هەردوولا کوشتـار هەبوو، بەلام شـەڕ گـەرم نەبووبوو، سمکۆ دوایان کـەوت و وازی لێ نەهێنان، لەگـەڕانەوەیدا (سـیـیس SEYIS) و (تاجـەدین) و دوو گوندی تری سووتاند و ئەو چەند کەسە کەمەی لە هێزەکەی ئەرشەد لەو ناوانەدا بوو کەلێ خەڵکی ئەو دیهاتانەی هەروەکو دیل لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ (سەڵماس).

مصطفی یامولکی لەنامـەکەیدا دێتە سـەر باسی (ورمیە) و باری پێشکەوتن و شارستانێتی و هەروەها باسی ئەو وێرانکارییەش دەکات کە تورکەکان لە شەڕی دژ بە ئەرمەن و ئاسووری لەو ناوەدا کردبوویان و کەساسی وماڵوێرانییەکی زۆریان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بەجێهێشتبوو.

لە ٢٦ی نوڤـمـبردا (ورمـیـە)م بـەجـێـهێشت و چوومە سابلاغ، لەبەرئەوەی خەتی تەلفۆنی ئەو ناوچەیە پچڕێنرابوو هیچ هەواڵ و دەنگوباسێکی ئەو شەڕەم دەستگیر نەبوو کە لە ٢٦ و ٢٧ی نوڤمبردا لەنێوانی سمکۆ و ئەرشەددا ڕوویدابوو.

لەسـەر داخوازیی هەندێ لە سـەرۆکەکان ڕوومانکردە دیاربەکر DIARBAKR کە گوندی عبدالله ئاغایە و لەوێ لەگەڵ عەلی ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئێلخانی و کاویسی کەریم ئاغا و چەند کەسێکی تردا وتوێژ کرا، مارف ئاغای برای کاویس ئاغا گەیشت و باسی هەڵوێستی ناوچەکەی بۆ کردین و بە هۆی ئەو دەستدرێژییەی کە کرابووە سەر سابلاغ و سووتاندبووی گفتوگۆ و گلەیی و بێزارییان بەرامبەر بە سمکۆ هەتا نیوەشەو درێژەی کێشا و ژمارەیەکی زۆر لە عەشایرەکانی سابلاغ دژی ڕەفتاری سمکۆ و حکومەتی ئێران بوون.

لەکاتی دەمەتەقێدا هەواڵ گەیشت کە لەنێوان (٣) هەزار سواری سمکۆ و چوار پێنج هەزاری ئەرشـەددا شـەڕێکی ڕوویەڕوو و دەسـتـەویەخـە ڕوویدابوو کـە (٣٠٠) کەس لە تاقمەکەی سمکۆ کوژران و بریندار بوون و لە هێزی ئەرشەدیش ژمارەیەکی زۆرتر. لە کاتی کشانەوەی ئەرشـەددا بۆ تەورێز شـوکاکەکان تۆپێکیـان گرتبوو و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بە دیل گرتبوون. هەواڵی ئەو شەڕە هەر بەو شەوە گەیشتە لای شـێخ عـبـدالله و لەو هەواڵانەی لەکـاتی گـەڕانەوەمـدا بیـسـتم ئەوە بوو کـە (بالیـسـەکـان) دووبارە سـەقزیان گـرتۆتـەوە و چاوەڕوانی نوێنەری سـمکۆن کـە پێوەندییان لەگەڵدا بکات.

مـصطفی یامـولکی لەنامـەکـەیدا لەسـەری ئەڕوا و ئەڵێ: کـوڕی خـۆم، بەتەمـام یەکسەر بە هۆی دەسەڵاتدارانی بەغدادەوە ئەو بەڵێن و پەیمانەی سمکۆ و سید طە

بگەیەنم، بەڵام هەندێ ئەنانیەتی تیادایە. سڵاو و ڕێزم بگەیەنە بە (فەهمی ئەفەندی) و خەفەتبارم کە ناتوانم هەموو شتێکی بۆ بنووسم.

دەربارەی (ئەنگورە)، سمکۆ بڕوای بە ئاسووری و ئەرمەنییەکان نییە، چونکە کاتی خۆی بۆمبایەکیان بە ناوی دیارییەوە لەناو سندوقێکی شیرینیدا بۆ ناردبوو کە ئەرمەنییەکانی (ڕیغان) ئەو بۆمبایەیان بۆ ناردووە، بۆیە قەت ناشێ سمکۆ لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا ڕێک بکەوێ.

مصطفی یامولکی لە کۆتایی نامەکەیدا ئەڵێ: لەم گەڕانەمدا نزیکەی (٢٠٠) لیرەم خەرج کرد و تورکە نەتەوەییەکان ئەم گەشتەی منیان زۆر پێ ناخۆش بووە و هەزار لیرەیان تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی کە بمگرێ یا بمکوژێت.

لەنامەکەیدا ئەڵێ: ئەوەی زۆر نیگەرانی کردم ئەوە بوو خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر نەشارەزای دنیان، دەبێ هەموو شتێکیان دوو سێ جار بۆ بڵێیتەوە ئەوسا لێت تێدەگەن و ئەگەر خۆیان شتێکیان مەبەست نەبێت قەت ناچێت بە مێشکیاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەتوانادا نییە کە بزانرێ یارمەتی کێ بدرێ کە بکرێت بە حاکمی کوردستان.



مصطفی پاشا یامولکی

١٨٦٦-١٩٣٦

بەشی یازدەهەم

# کێشەی سمکۆ و ئاسورییەکان

ئاسورییەکان کە زۆربەیان لە ناوچەی هەکاریی خاکی عوسمانیدا ماوەیەک بوو هەستیان بە جەور و ستەمی عوسمانی دەکرد و عوسمانییەکانیش لەوان دڵنیا نەبوون و هەستی دەمارگیریی ئایینی وای لێ کردبوون کە بە لایەنگری ڕوس و ئینگلیز لە قەڵەمیان بدەن و کە شەڕی عوسمانی و ڕوسی قەیسەری کەوتە ناوچەکەوە ئەو دڵنیانەبوونەی هەردوولا لەیەکتری بەتەواوی خۆی ئاشکرا کرد و تاقە هیوایەک کە ئاسورییەکان هەیان بوو بریتی بوو لە سەرکەوتنی ڕوس و ئینگلیز بەسەر عوسمانیدا و لەشەڕدا بەناچاری بوون بە لایەنگری هەردوولایان و بەخێرایی لە شەڕی چاوچنۆکیتی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانەوە بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا بوو بە کێشە و ناڕێکی نێوان ئیسلام و کریستیان، کە لەڕاستیدا ئاسورییەکان بە هۆی ئەوەوە تووشی کارەساتێکی مێژوویی سەخت بوون و بەناچاری لەژێر فشاری لەشکری عوسمانیدا و لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی عوسمانی لەو لایەنگرییەی ئەوان بۆ ڕوس و ئینگلیز لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران بە ژن و ماڵ و منداڵەوە ناچارکران بچنە ناو خاکی ئێرانەوە و لە ئازربایجانی ئێران و کوردستانی ئێراندا نیشتەجێ ببن و هەندێکیشان پەڕیبوونەوە ئەودیو بۆ ناو سنووری ڕوسیا.

باسە مێژووییەکانی کۆنی ناوچەکە دەریخستووە کە کورد و ئاسوری بە هۆی لەیەکچوونی شێوە و جۆری ژیانی هەردوولایان وەکو دوو لای شاخاوی بە زۆری دۆستی یەکتر بوون و ناکۆکی لەنێوانیاندا نەبووە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم کە میسونێرەکانی ڕوس و ئینگلیز لەو ناوچانەدا بەئاشکرا دەستیان کردووە بە چالاکی بە ناوی پارێزکاری لە دینی کریستیان و فێرکردنی ئایینی کریستیان لەناو کەنیسە و لەو بنکە و قوتابخانانەی کە بەڕواڵەت بۆ ئەو مەبەستە کرابوونەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەمووی بنکەی جاسووسی و هەوێنی هەڵگیرساندنی فیتنە و ناکۆکی بوون لە ناوچەکەدا. بەو جۆرە تەقەلای گەلێ کەسی وەکو بەدرخان پاشا بێهوودە بووە کە هەوڵێکی زۆر دابوو کورد و کریستیانەکانی ناوچەکە بکات بە هاوکاری یەکتر و بە هەردوولایان بە شێوەیەکی یەکگرتوو ڕووبەڕووی جەور و ستەمی کاربەدەستانی عوسمانی ببنەوە و تەقەلای بەدرخان پاشا گەیشتبووە ڕادەیەک کە دەرگای ژن و ژنخوازیی لەنێوانی کورد و کریستانەکاندا کرابووەوە بۆ زۆرتر لە یەک نزیکبوونەوە بەڵام ئەوە لەگەڵ تەقەلا و نەخشەی دەوڵەتە ئیمپریالیزم و

سەرمایەدارەکانی ئەو ڕۆژانەدا یەکی نەدەگرتەوە بۆیە دەستیان کردبوو بە پیلان و سەرگرتنی نەخشەکانیان و ئەو تەقەلایەی بەدرخانیان پووچەڵ کردبووەوە و وایان لە ئاسورییەکان کردبوو کە لە ئینگلیز بەولاوە لە کەس دڵنیا نەبوون و کار گەیشتبووە رادەیەک کە ئەو میسونێرانەی لەو ناوەدا بوون بەیداغی حکومەتی بریتانیا بەسەر خانووی دەزگاکانی خۆیاندا هەڵ بکەن و ساتێک بەدرخان پاشا دەستی کردبوو بە ڕێکخستن و دامەزراندنی دەزگاکانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە و دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی باج بۆ پەیداکردنی دەرامەتی دەزگاکانی و رایسپاردبوو لەجیاتی ئەوە باج نەدەن بە حکومەتی عوسمانی، ئینگلیزەکان ئەو کریستیانانەی هاندابوو کە ئەو باجە نەدەن بە بەدرخان پاشا و گوێ لە داخوازییەکانی نەگرن و بەو جۆرە تەقەلای ئەوانە چووە پاڵ تەقەلای عوسمانییەکان کە هەوڵی ڕووخاندنی دامودەزگاکانی بەردخان پاشایان ئەدا و ئەمە بوو بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەدرخان پاشا لەگەڵئەوانەی سەرپێچیان کردبوو لە نەدانی باج و حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بەوە فشاری خستە سەر حکومەتی عوسمانی کە تۆڵەی ئەو پەلاماردانەی بەدرخان بکاتەوە و عوسمانییەکانیش بۆ بیانوویەکی وا دەگەڕان کە لەدەرفەتێکدا لە بەدرخان پاشا بدەن و لەناوی ببەن. بەو جۆرە ئەو تۆوی ناکۆکییەی کە ماوەیەک بوو دەوڵەتە بێگانەکان لەو ناوچانەدا چاندبوویان چەکەرەی کرد و سەرەتای ناکۆکی و ناخۆشییەکی خۆرایی لەناو کوردە موسوڵمانەکان و کریستیانەکاندا پەیدا بوو کە ئەنجامەکەی بە ماڵوێرانی و سەرگەردانی هەردوولایان کۆتایی هات و ئەو ئاسوریانەی کە لە ناوچەکانی خۆیاندا وەکو هاوولاتییەک ژیا بوون هەڵکەنران و ئاوارەکران کە لەم باسەدا ئەمەوێ باسی ئەو کارەساتەی بەسەر ئاسووریەیکان هاتبوو بەم چەند بەشەی خوارەوە لێیان بدوێم.

١- چۆنێتی و هۆی هاتنی ئاسورییەکان بۆ ناوچەی ئازربایجان و ژووروی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران.

٢- هۆی تێکچوون و ناکۆکیی نێوانی سمکۆ و ئاسورییەکان و هۆی کوشتنی مارشمعون.

٣- چۆنێتی کوشتنی مارشمعون.

٤- پەلاماردانی ئاسورییەکان بۆ سەر سمکۆ بۆ تۆڵەسەندەوە و ئەو شەرەی لەنێوانیاندا ڕوویدا.

٥- گواستنەوەی ئاسوورییەکان لە ئێرانەوە بۆ ناوچەی هەمەدان و خانەقین و لەوێوە بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خوارووداـ

سەرنج: سەرۆکی ئاینیی ئاسوورییەکان (یا نەستورییەکان کە لە هەندێ سەرچاوەدا بەو ناوەوە، هەندێ جار نووسەرانی فارس بە ارامنەش ناویان بردبوون.)، هەمیشە پێی وتراوە (مارشمعون یاخود مارشیمون)، لەبەر ئەوەی ئەو ناوە ناوێکی ئاینی بووە و ئەو کەسەی کە بووە بە مارشمعون بێجگە لە ناوە نەسڵییەکەی خۆی لەقەبی مارشمعونیشی پێ دراوە هەروەکو مارشمعون یوحنا، یا مارشمعون بنیامین کە ئەمەی دواییان ئەو مارشمعونە بووە کە لەلایەن سمکۆوە کوژرابوو، وەکو لەدواییدا باسی ئەکەین.

بەرلەوەی باسی هۆی تێکچوونی سمکۆ و شەڕەکانی نێوانی چەکدارەکانی سمکۆ و ئاسوورییەکان بکەین، حەزمکرد کورتەیەک لە باسی ئاسوورییەکان بدوێم و بۆ ئەوە لە سەرچاوەکاندا نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٢٥٥-٢٥٦)دا لە هەندێ سەرچاوەوە دەربارەی ئاسوری دواوە کە بریتییە لە کتێبەکەی دوکتۆر احمد سوسە (ملامح من التاریخ لیهود العراق) چاپی ساڵی ١٩٧٨ و کتێبەکەی لورد کرزن بە ناوی (ایران و قضیەء ایران) ترجمەی وحید مازندرانی بۆ فارسی کە ئێمە هەروەکو تەرجەمەکەی نووسەری کورد و عەجەم بڵاوی ئەکەینەوە. "پێشەوای دینی ئاسوورییەکان لەناو بنەماڵەیەکدا بە میرات دەمێنێتەوە، پێشەوای دینی پێی دەوترێ (مارشیمون)، مارشیمون ماوەیەک لە (ئەلقوش)ی نزیک شاری موصل و دوای ئەوە لە (عەینکاوە)ی نزیکی هەولێر و پاش ئەوە مارشیمونی سیازدەهەم لەنێوان (١٦٦٠-١٧٠٠)دا گوێزرایەوە بۆ گوندی (قوجانس) نزیکی جوولەمێرگ لە چیاکانی هەکار.

نەستورییەکانی ناوچە شاخاوییەکان پارێزگاری زمان و نەریتی دینی و کۆمەلایەتی خۆیان کردووە و تەنانەت ڕێکخراوی خێڵەکیی تایبەتی خۆیان بووە، جیلو، تیاری، بازی، تخومی، ئاشوتی ناوی هەندێک لە ئێلە بەهێزەکانی ئەم گەلی ئاسوورییە بوون.

مەترانەکانی ئاسوری لە موصل لە کاتی خۆیدا ناوی ئێلە نەستوورییەکانی بەم جۆرەی خوارەوە بۆ (ڕیچ) ژماردووە: تیاری، تکوب (تخومی)، جەلودی (جەلو=جیلو)، لێونی، بەرواری، نیرویی کە نیروویی و بەرواری تێکەڵاوبوون لە

مەسیحی و موسوڵمان، هەریەکێک لەم ئێلانە سەرۆکێکی هەبوو کە سەرپەرشتیی کاروباری دنیایی دەکردن کە پێیان دەوت (مەلیک). قەشەیەکیش لەلایەن مارشیمونەوە دائەنرا کە سەرپەرشتیی کاروباری دینی بکا و سەرۆکی دینی و دنیایی هەموویان (مارشیمون) بوو کە بارەگاکەی لە گوندی (قوجانس) بوو لە هەکاری.

هاتنی میسونێرەکان بۆ ناویان تەبایی مەزهەبی نێوانیان تێکدان و لەناو ئاسورییەکانیشدا کاتۆلیک و پرۆتستانت و ئورتودۆکس پەیدا بوون.

ئەو ئاسوریيانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانیدا دەژیان، لەناو سنووری ئەمارەتەکانی هەکاری، بۆتان، بادینان، سۆراندا ئەژیان کە سەر بە ولایەتەکانی وان، دیاربەکر، موصل بوون. ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش لە ورمیە و ئاواییەکانی دەوروبەریدا ئەژیان کە سەر بە ئیالەتی ئازربایجان بوو.

لۆرد کیرزن لە ساڵی ١٨٩١دا ژمارەی هەموو ئاسوورییەکانی بە ١٠٠-٢٠٠ هەزار کەس قەبڵاندووە کە لەوانە (٤٠) هەزاریان لە ئازربایجاندا بوون.

سەرژمێری ئاسوورییەکانی ئازربایجانیش کە بەزۆری لە ناوچە کوردنشینەکاندا بوون هەروەکو مس بیل لەکتێبەکەیدا (فصول من تاريخ العراق الحديث) ترجمەی جعفر خياط چاپی ساڵی ١٩٧١، لاپەڕە (٢١٦) بەم جۆرە بوون.

| | |
|---|---|
| ناحیەی سەلماس | ٧٠٠ خێزان |
| سومای و چرا | ١٠٠ خێزان |
| ناوچەی ورمیە | ٣٦٠٠ خێزان |
| سولدوز | ٤٠٠ خێزان |
| باراندوز | ١٠٠ خێزان |
| تەرگەوەڕ | ٥٠٠ خێزان |
| مەرگەوەڕ | ١٠٠ خێزان |
| هەمووی | ٥٥٠٠ خێزان |

ئاسورییەکان بە زمانی سریانی ئەدوێن کە دەچێتەوە سەر ئارامی، ئەویش وەکو عەرەبی و عیبری لە خێزانی زمانە سامییەکانە.

دوکتۆر احمد سوسە لای وایە ئەو زمانەی ئاسورییەکانی ناو کوردستان کە لەناو خۆیاندا قسەی پێ ئەکەن هەمان زمانە کە مەسیح و جوولەکەکانی فەلەستین لە

سەردەمی خۆیدا پێی دواون، هۆی خۆڕاگرتن و مانەوەی ئەو زمانە سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانە قووڵانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە ئەگەڕێتەوە بۆ دابڕینیان لە ناوچەیەکی شاخاویی سەختدا.

هەتا ئێستەش لە چەند جێگەی کوردستاندا شوێنەواری دێرینەی ئاشوری و دێری مێژوویی ئاسوری ماون، توژینەوەی زمانەوانی دەری ئەخەن کە بنچی زمانەوانی ناوی هەندێ لە گوند و ئاوایی و چیا و ڕووبارەکانی کوردستان سریانییە.

## یەکەم: هۆی هاتنی ئاسوورییەکان و چونێتی نیشتەجێبوونیان لە ئازربایجان و کوردستانی ئێراندا:

نیگلێن لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەوە وتویەتی:(٢٢) "ئاسوورییەکان لە ناوچەی هەکاریدا کە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی تورکیا، هەتا شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ نەکردبوو لە ناوچەکانی خۆیاندا بە ئارەزووی خۆیان گوزەرانیان دەکرد بە سەرۆکایەتی مارشمعون. بەلام لە پاییزی ساڵی ١٩١٥دا بە سەرکردایەتی مارشمعون ڕوویانکردە ئێران (کە بێگومان ئەو هاتنەیان لەئەنجامی جەور و ستەم و فشاری تورکەکاندا بووە.) و لە دەشتەکانی ناوچەی ورمیە و سەلماسدا نیشتەجێ بوون و تێکەڵ بوون بەو کریستیانانەی لەو ناوچانەدا کە لە دێرزەمانەوە لەوێ نیشتەجێ بوویوون.

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا مارشمعون لەئێراندا نزیکی پێنج هەزار چەکداری تفەنگهەڵگری لەگەڵدا بوو کە ئەو چەکدارانە لەدوای کشانەوەی لەشکرەکەی ڕووس بەشێکی زۆری چەکەکانی ئەو هێزەی ڕووس کە کشابووەوە بۆ ئاسوورییەکان مابووەوە و نوێنەرانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان ئەو چەکدارانەی ئاسووری لەگەڵ ئەو سەربازە پەراگەندانەی ڕووس کە نەگەڕابوونەوە و لە ناوچەی ئاسوورییەکاندا مابوونەوە هەموویان کۆکردنەوە و بە هەمویان هێزێکیان لێ ڕێکخرا بە ئومێدی ئەوەی بتوانرێت بەو هێزە بەربەرەکانێی عوسمانییەکانی پێ بکەن، بەو جۆرە ژمارەی هێزی ئاسوورییەکان گەیشتە شەش هەزار چەکدار کە ئەو هێزە بوو بە مایەی هەڕەشەکردن لە ئیسلامەکانی شاری (ورمیە) و بۆ ئیسماعیل ئاغای

سەرۆکی عەشیرەتی شوکاک."

مارتن ڤان برنسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی هاتنی ئەو ئاسوورییانە وتویەتی:[٢٨]

"ئاسوورییەکان لەترسی تورکەکان ناچار بوون شوێنەکانی خۆیان بەجێبێڵن و خۆیان گەیاندە ناوچەکانی (ورمیە) و (سەڵماس) و داوایان لە رووسەکان کرد کە لەو ناوچانەدا بیانپارێزن و هەندێکیشیان لەو شەڕەدا یارمەتیی رووسەکانیان دا کە لەو رۆژانەدا هێزی رووس هاتبووە ناو کوردستانی ئێرانەوە و هەندێ جار لەگەڵ ئیسلامەکانی ناوچەکەدا کەوتبوونە شەڕەوە و ئەنجام بەوە گەیشت کە نێوانی کریستیانەکان و ئیسلامەکان بەتەواوی تێکچوو."

کاک کەریمی حسمای لەباسەکەیدا دەربارەی هاتنی ئەو ئاسوورییانە وتویەتی:[٢٩]

"لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای قەلاچۆکردنی ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکەوە، ئاسوورییەکان لەترساندا نزیکەی (٢٥) هەزار کەسیان روویکردە ناو خاکی ئێرانەوە و لە ناوچەکانی ورمیە و سەلماس نیشتەجێ بوون کە ئەوانە زۆریان لەو شەڕەی لەنێوان رووسی قەیسەری و عوسمانیدا پڕ چەک کرابوون و میسونێرەکانی بێگانەش لایەنگریان بوون و پشتگیرییان لێ دەکردن و ئەو ئاسورییانە بە هیوای ئەوەی لە مەڵبەندی ورمیە و سەڵماسدا تا سنووری هەکاری دەوڵەتێکی ئاسووری دابمەزرێن و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لە کەین و بەیندا بوون.

ئینگلیز و رووس بەو نیازەی کە بتوانن بەرامبەر بە تورکەکان حکومەتێکی دەستنێژی خۆیان دامەزرێنن و لەدواییدا (وان)یشی بخەنە سەر، دەستیان کرد بە هاندانی ئاسوورییەکان بۆ دەستکردن بە جموجووڵ بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

سەرۆکی ئەرکانی ئینگلیز هەوڵی دا لەنێوانی ئاسووری و ئەرمەنی و کورددا جۆرە یەکێتییەک پێک بێت، چونکە ئەیانزانی بەبێ هاوکاریکردن و بەشداربوونی کورد ئەو پلانەیان سەری نەدەگرت.

لەدوای ئەوەی ئاسوورییەکان هاتن و روویانکردە ناوچەی ورمیە، لە شار و گوندەکاندا دەستیان کرد بە دەستدرێژیکردن و کوشتار و تالانیی خەڵک و دەسەڵاتی تەواوی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندا.

مارشیمونی رێبەری ئاسوورییەکان بنکە و بارەگای خۆی لە (خسروئاوا) و نزیکی سەڵماس دامەزراند و دەستی کرد بە فەرمانڕەوایی ناوچەکە.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٠٣)ی کتێبەکەیدا کە سەرچاوەکانی ئەو باسەی بریتی بوون لە کتێبەکانی دهقان و احمد کسروی و دانیال متی، وتویەتی:(١٩) "ئاسوورییەکانی هەکاری نموونەی خەڵکی خێڵەکی دواکەوتوو بوون، تازە لە کوشتاری بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووبوو، بێجگە لەوەی زۆریان لێ کوژرابوو ماڵ و داراییان بە تاڵان چووبوو، لەبەرئەوە لەو کاتەوە کە هاتبوونە ناو ئێران و لە ورمیە و خۆی و سەلماس و ئاوایییەکانی دەوروبەریاندا جێگیر بووبوون، پشێوییان خستبووە ناوچەکەوە و ڕاوڕووت و تاڵانییان ئەکرد و بەشەو ئەیاندا بەسەر دێهات و ماڵاندا و کاروانیان ڕووت ئەکردەوە و دەستیان لە کوشتنی خەڵک نەدەپاراست و تۆڵەی لێقەوماوەکانی خۆیان لە دانیشتوانی موسوڵمانی ئەو ناوچانە دەکردەوە.

هێشتا ڕووسەکان لەو ناوچانەدا بوون کە چاوپۆشییان لەو کردارانەی ئەوان ئەکرد و لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن دۆستایەتی و هاوکاریی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، نەیاری و ناحەزی و دوژمنایەتی خەڵکیان دەکرد کە بەوە دۆستایەتیی کورد و ئازەرییان لە دەست دا.

بۆ پڕکردنەوەیە ئەو بۆشاییەی بە کشانەوەی هێزی ڕووس پەیدا بووبوو، بریتانیا و فەرەنسا ئەو چەکدارانەی ئاسوورییان ڕێکخستبوو کە حکومەتی ئێران ئەو هەنگاوەی ئەوانی پێ خۆش نەبوو و هەموو ئەو هێزەی کە ئێران هەیبوو بریتی بوو لە هەزار (قەزاق) کە لەژێر فەرماندەی ئەفسەرانی ڕووسدا کە لە دەوری شار بوون و ئەمانە گوێیان نەئەدایە فەرمانی حاکمی ورمیەی ئێرانی.

حاکمی ورمیە بۆ دابینکردنی ئاسایش داوای ناردنی هێزێکی کردبوو لە والی تەورێز، ئەویش دوو سەد سواری قەرەداخی بۆ ناردبوو کە لەناو شاردا جێگیر بووبوون.

هێزی ئاسوورییەکان زۆر زیاتر بوون لە هی عەجەم و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆرتر ترس ئەنیشتە دڵی خەڵک لە هەڵگیرساندنی شەڕ.

هەندێ لە نووسەران، بەتایبەتی نووسەرانی ئێرانی ئۆباڵی شەڕ ئەخەنە ئەستۆی ئاسوورییەکان و، کاربەدەستانی تەورێز ئەوەیان بە پیلانێک داناوە کە مەسیحییەکان و کاربەدەستانی بێگانە لە ورمیە بۆ چاوترساندنی موسوڵمانەکان ڕێکیان خستبوو.

ڕاپۆرتی سیاسی و دیپلۆماسییەکانیش بەتایبەتی کاربەدەستانی فەرەنسایی

بەزۆری پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەوە پیلانێک بووە موسوڵمانەکان سازیان کردبوو بۆ ئەوەی بیکەن بە بیانووی کوشتنی بەکۆمەڵی مەسیحییەکانی ورمیە.

دەربارەی ئەوە علی دهقان لەباسەکەیدا وتویەتی: لە ١٩١٨/٢/١٥دا نزیکەی هەزار شەرکەری (جیلو) لەسەر داوای کاپتن (گاسفیلد) هاتبوونە ناو شارەوە و لەناو بازاردا یەخەی خەڵکیان ئەگرت و داوای چەکیان لێ ئەکردن و رووتیان ئەکردنەوە و هەر لەو رۆژانەدا بوو کە دوو موسوڵمان و جوولەکەیەکیان کوشتبوو.

لە ٢/١٩دا رووداوێک قەوما کە بوو بە سەرەتای شەڕی دینیی خوێناوی کە پۆلیسی ئێرانی ویستی چەکداری (جیلو) چەک بکا و ئەویش خۆی نادا بەدەستەوەو کابرای جیلو ئەکوژرێ و هاورێکانی ئەو کوژراوە لەکاتی هەڵاتنندا چوار کەس ئەکوژن بەو جۆرە شەڕ تەنیەوە.

رۆژی ١٩١٨/٢/٢٠ حاکمی ورمیە (اجلال الملک) سەرۆکەکانی کریستیان و (مسیو کوژل) کە سەرۆکی نەخۆشخانەی فرەنسا بووە و (سونتاک)ی نوێنەری پاپای بانگ کرد بۆ بارەگای حکومەتی بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی رووداوەکان، لەو کاتەدا چەند کەسێکی دانیشتووی گوندەکان رژانە ناو بارەگاوە و گازندەیان بوو لە جیلوکان لە دەرەوەی شار کە رێگە بە گوندییەکان ئەگرن و هەر کەسێک دەبینن دەیکوژن.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بڕیاریاندا دەستەیەک سوارەی قرەداخی و دەستەیەک سوارەی ئاسووری بنێرنە دەوری ورمیە بۆ جێگیرکردنی ئاساییش کە لەو رۆژەدا ئاسوورییەکان (١٠٠) موسوڵمانیان کوشتبوو.

لە ١٩١٨/٢/٢١دا لە دەرەوەی ورمیە تاقمێک جیلو و دەستەیەک قازاقی ئێران بوو بە شەڕیان و لە ٢/٢٢دا لەکاتی گفتوگۆکردنی حاکمی شار و کونسوڵی رووس و کونسوڵی ئەمریکایی و سەرپزیشکی فرەنسایی بۆ چەسپاندنی هێمنی، لەو رۆژەدا شەڕ بەگەرمی هەڵگیرسا کە بە هۆی ئەوەوە روویدا بوو کە قازاقەکانی ئێران بە سەرکردایەتی رەزا خان کردبوویانە سەر بارەگای فەرماندەیەتی ئاغا بترس (کە سەرچاوەی بۆ ئەمە باسێکی دانیال متی یە کە لەدواییدا بەدوورودرێژی باسی ئەو

سەرچاوەیە ئەکەین.)، کەچی علی دهقان لەباسەکەیدا وتویەتی: دوو کەس لە خەڵکی ئازای ورمیە بە ناوی قارداش و داداش ئەچن لاشەی مردووەکانیان ببەنەوە بۆ شار، دەمەوئێوارە لە نزیکی دەروازەی هەزاران، تووشی تاقمێک لە (جیلو) ئەبن و ئەبێ بەشەڕ لەنێوانیاندا و بە بیستنی دەنگی دەستڕێژیی کریستیانەکانی ناوشار و هەموو دەستیان کرد بە تەقەکردن کە بەرلەمە ڕێککەوتبوون لەسەر تەقەنەکردن و شەڕنەکردن.

ڕۆژی ۲/۲۳ ئاسوورییەکان گەرەکی عەجەمیان دایە بەر تۆپ و سوارەکانی قرەداخی ساتێک شەڕەتۆپ دەستی پێ کرد بە کۆمەڵ لە شار هەڵاتن بەرەو سەلماس و لەوێوە چووبوونەوە بۆ تەورێز و بۆ قرەداغ و ڕۆژی دوایی ئاسوورییەکان هەڵیانکوتایە سەر بارەگای قۆزاقەکان و هەندێکیان لێ کوشتن و ئەوانی تر ڕایان کرد و چەک و کەلوپەلەکانیان کەوتە دەست ئاسوورییەکان.

پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ تاقمێک ئاخوند و پیاوە ناسراوەکانی ناوشار بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پێکهانی ئاشتی خۆیان هاویشتە ماڵی مارشیمونی پێشەوای ئاسووری و مارشیمون گفتی ڕاگرتنی شەڕی پێدان.

ڕۆژی ۲/۲٤ هەرچەند مارشیمون بەڵێنی شەڕڕاگرتنی دابوو، بەڵام شەڕ هەر نەوەستا چونکە سەرکردایەتی هێزەکانی ئاسووری لەڕاستیدا و بەکردەوە لە دەست ئاغا بتروسدا بوو کە نێوانی ئەو و مارشیمون باش نەبوو. ئاسوورییەکان بەردەوام بوون لە سەر کوشتن و تاڵانکردن و سووتاندان و بەیانی ئەو ڕۆژە تاقمێک لە گەورەکانی ورمیە بە سەرۆکایەتی (عظیم السلطنە) خۆیان هاویشتە کونسوڵخانەی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی وا لە (مستر شید) بکەن هەوڵی ڕاگرتنی شەڕ بدا.

لەو شەڕە خوێناوییەی نێوانی ئاسووری و عەجەمدا، کوردەکان بەتایبەتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هیچ دەستێکیان تیادا نەبوو و ئەڵێن لە کاتی گەرمەی شەڕەکەدا سمکۆ بە (٦٠٠) سوارەی چەکدارەوە چووبوو بۆ یارمەتیدانی حاکمی ورمیە، بەڵام لە گوندی (کریم ئاباد) ساتێک سمکۆ ئەبیستێ عەجەمەکان خۆیان بەدەستەوە دابوو، لەوێوە ئەو سوارانە ئەگەڕێنەوە (سەرچاوەکەی بۆ ئەمە تمدن ٥.)

هەرچەند عەجەم خۆی دابوو بەدەستەوە، بەڵام ئاسوورییەکان دەستیان لە شەڕ و کوشتن هەڵنەگرتبوو مەرجەکانی خۆیان بۆ ڕاگیرتنی ئەم شەڕە بە هۆی کونسوڵی ئەمریکاییەوە کە لە ورمیە بوو و پەناگای پیاوە ناسراوەکانی شار بوو، بەم جۆرەی خوارەوە درابوو بە موسوڵمانەکان:

١- ئەنجومەنێکی تێکەڵاو لە مەسیحی و موسوڵمان بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری شار پێک بێت.

٢- شار لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عەسکەریدا بێ، ئەنجومەنە تێکەڵاوەکە سەرۆکی پۆلیس دابنێت.

٣- ئەو هەموو چەکانەی لای موسوڵمانەکانە لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا بە دەستەوە بدرێ.


٤- چوار کەس لە پیاوە ناسراوەکانی ورمیە بەدەستەوە بدرێن کە بریتی بوون لە: حاجی صمد، ارشد الملک، ارشد همایون، حاجی موید التجار.

٥- ئەگەر کاربەدەستێکی ڕووس یا فرەنسایی، یاخود سەربازێکی ڕووس پەلامار بدرێ و بکوژرێ ئەبێ خەڵکی ورمیە خوێنباییەکەی بدەن.

٦- قازاقە ئێرانییەکان ئەبێ بچنە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ڕوسیاوە.

مەسیحییەکان دەستیان بەسەر ورمیەدا گرت و پشێوی و ئاڵۆزی هەر مایەوە، گوندەکانی دەوری ورمیە تووشی کوشتن و تاڵانی بوون، ئاوایی موسوڵمان نشینەکان بەزۆری چۆڵ و وێران بوو، کومیسونە تێکەڵەکە (ئەنجومەن) کە لە (١٦) کەس پێک هاتبوو عظیم السلطنە سردار بوو بە حاکمی ورمیە و ئاغا بتروس بوو بە بەرپرسیاری ئاسایشی گوندەکان و ئیبراهیم خانی ئەرمەنی بوو بە بەرپرسیاری ئاسایشی ناوشار.

نووسەر لە لاپەڕە (٣٠٦)دا باسی نائارامیی ناوچەکە بەدوورودرێژی ئەکا و ئەڵێ: تەقینەوەی ناکۆکی نێوانی مەسیحی و عەجەم، مەسیحییەکانی ناچار کرد کە هەوڵ بدەن بۆ ڕاستکردنەوەی پارسەنگی هێزەکانی خۆیان و عەجەم خۆیان لە کورد نزیک بکەنەوە و هێزی کورد بەلای خۆیاندا داشکێنن کە بۆ ئەو مەبەستە بریاریاندا مارشمعون بچێتە لای سمکۆ. (وەکو لەدواییدا باسی ئەو چوونەی مارشمعون و کوشتنی ئەکەین.)





سەرچاوەکەی علی دهقان

## دووهەم: هۆی تێکچوونی سمکۆ و ئاسوورییەکان و هۆی کوشتنی مارشمعون:

دەربارەی هۆی کوشتنی مارشمعون و تێکچوونی سمکۆ لەگەڵ ئاسوورییەکاندا گەلێک نووسەر باسیان کردووە کە لەو نووسەرانە هی خۆمانە و هی ئێرانی و هی نووسەرانی تری بێگانە کە سەرچاوەکانیان بەزۆری بریتی بووە لەو ڕاپۆرت و یاداشتانەی کە میسونێرەکانیان تۆماریان کردوون.

لەڕاستیدا تێکچوونی سمکۆ لەگەڵ ئاسوورییەکاندا و کوشتنی مارشمعون لە زیانگەیاندن و ماڵکاولی هەردوولا بەولاوە هیچی تری نەگەیاندووە و ئەو کارەساتە ناخۆشە لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی ئەو سەردەمەیە کە زۆر لەسەر کورد کەوت و ئاسوورییەکانیش بەناڕەوا تووشی ئاوارەیی و ماڵکاولی بوون و هەروەکو ئاغا بتروس لە یاداشتێکی خۆیدا لە لندن بۆ ئینگلیزەکانی نووسیوە ئەو ئاسووریانەی لەئەنجامی ئەو پیلان و بەسەرهاتەی کە ڕوویدا هەروەکو ماسیی بێئاویان لێ هاتبوو، هەتا ئێستەش هەر خۆیان نەگرتۆتەوە و.نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی هەکاری کە شوێنی هەزاران ساڵی باو و باپیرانیان بووە.

دەربارەی هۆی کوشتنی مارشمعون، عبدالرحمن قاسملو لە لاپەڕە (۹۸)ی کتێبەکەیدا لای وابووە ئینگلیزەکان بووبوونە هۆی کوشتنی مارشمعون، بەڵام بە هیچ جۆرێک باسی ئەو هۆیەی نەکردووە و ئیشارەتی بۆ هیچ سەرچاوەیەکیش نەکردووە. لام وایە قاسملو لەوەدا مەبەستی ئەوە بوویێت کە بڵێ ئینگلیزەکان ئاسوورییەکانیان هاندا کە جموجووڵ بکەن، کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی سمکۆی خستە مەترسییەوە و لەئەنجامی ئەوەدا مارشمعونی کوشت. یا دوور نییە مەبەستی ئەوەش بوویێت کە وەکو هەندێ سەرچاوەی تریش باسیان کردووە کە گوایا ئینگلیزەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان سمکۆیان هاندابوو بۆ کوشتنی مارشمعون بۆ ئەوەی ئاغا بتروس جێگەی مارشمعون بگرێتەوە. (کە لام وایە ئەمە تۆزێک دوورە لە واقعەوە و لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئینگلیزدا یەک ناکەوێ کە بەجووتە ئینگلیز و ئێران لەدوای کوشتنی مارشمعون بەیانێکیان دەرکردووە دژی سمکۆ و تاوانباریان کردووە بەرامبەر بەو کوشتنە، هەروەکو لە دۆکیومێنتی ژماری (F.O.371-40219)دا باسکراوە کە حکومەتی ئێران و بریتانیا لە ئازاری ۱۹۱۸دا بڵاویان کردۆتەوە

هەروەكو لە كتێبەكەی ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٨٦)دا بڵاوكراوەتەوە.)(٣٨)

ئەو باسەی كە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤیێتی ئامادەیان كردووە دەربارەی پێوەندی سمكۆ و كورد لەگەڵ ئاسوورییەكاندا و هۆی تێكچوونیان، وتویانە:(١٧) "وەنەبێ هۆی تێكچوونی كورد و ئاسووری هەر لەو كشتنەی مارشمعونەوە دەستی پێ كردبێت، بەڵكو بەرلەوە گەلێك ڕووداوی تر هەبوو كە بوون بە هۆی ئەو تێكچوونە و بۆ نموونەی ئەوە: ساتێك بەدرخان پاشا لە سالآنی سییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوبانگی دەركرد، هەوڵێكی زۆری دا كە پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەرمەنی و ئاسووریەكاندا بەهێز بكات كە ئەوانە هەروەكو دراوسێیەكی دێرین لەگەڵ كورددا ژیابوون (دەربارەی ئەوە لە ڕاپەڕینەكەی بەدرخان پاشادا بەرلەمە بە دووردرێژ باسی كراوە.)، بەڵام زۆری پێ نەچوو بەدرخان پاشا و مارشمعون (كە مارشمعونی ئەو سەردەمە ماریوحنا بووە.) تێكچوو كە هۆی ئەو تێكچوونەش ئەگەڕایەوە بۆ ڕەفتار و كردەوەی ئەو میسونێرانەی ئەمریكا و دیپلۆماسییەكانی ئینگلیز كە لەو ناوچانەدا لەچالاكیدا بوون و ئەیانویست دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچانەدا بسەپێنن و بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە هەوڵیان ئەدا ئاسوورییەكان بكەن بە داردەستی خۆیان و ئەوە بوو بەهۆی تێكچوونی نێوانی كورد و ئاسووری و لەیەكدانی یەكتری كە حاكمی تورك لە موصل ئەو تێكچوونەی كورد و ئاسووری بە هەل زانی بۆ ئەوەی هەردوولایان لاواز بكرێن و لەدواییدا حكومەتی تورك خۆی بتوانێت بەسەر هەردوولایاندا زاڵ بێت و سوڵتانی عوسمانی لەو تەقەلایەیدا مەبەستەكانی خۆی هێنایە دی و كورد و ئاسووری بەگژ یەكتردا چوون و ئاسوورییەكان زۆریان لێ كوژرا و باڵیوزی ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ داوای لە بابی عالی كرد كە سزای بەدرخان پاشا بدا و لەئەنجامدا شۆڕشەكەی بەدرخان پاشا كۆتایی پێ هێنرا."

ئیگڵتن دەربارەی هۆی تێكچوونی سمكۆ و ئاسوورییەكان و كوشتنی مارشمعون، وتویەتی:(٢٢) "سمكۆ گەنجێكی شۆخی ئازا و چاونەترس بوو، هەر لە منداڵییەوە فێری سەركێشی بووبوو و، مێشكی بەوە پڕكرابوو كە تۆڵەی كوشتنی جەعفەر ئاغای برای بكاتەوە. ساتێك سمكۆ مارشمعونی داواكرد بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵیدا لە گوندی كونیشهر (مەبەستی كۆنەشار بووە.) لە سەڵماس و لە كاتی نانخواردندا و بە دڵێكی پاكەوە باسی هاوكاریكردنی كورد و ئاسووری كرا، هەر لەو كاتەدا دەسرێژ لە مارشمعون كرا و كوژرا.

سمکۆ لەو کوشتنەی مارشمعوندا بەرتیلی لەلایەن تورکەکانەوە پێدرابوو."

وەرگێڕی ئەو کتێبە جرجیس فتح‌الله لە پەراوێزی لاپەڕە (٢٧)دا وتویەتی: "وەختی خۆی جەعفەر ئاغای برای سمکۆ بە پلانی وەلیعەهدی ئێران کوژراوە کە ناوی (موختی شمس) بوو کە لە هەمان کاتدا حاکمی ئازربایجانیش بووە." بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی تر وەلیعەهدی ئێرانی ئەو ڕۆژانەی بەو ناوەوە ناو نەبردووە، بەڵکو هەموویان لەسەر ئەوەن کە وەلیعەهد ناوی (محمد علی مرزا) بووە و ئەو موختی شمسییەی کە وەرگێڕ ناوی هێناوە حاکمی تەورێز بووە، نەک وەلیعەهد. (کە احمدی کسروی ناوی محمد مرزای هێناوە.)

هەروەها جرجیس فتح‌الله لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا وتویەتی: "ویگرام لەکتێبەکەیدا بە ناوی (مهد البشریە) وتویەتی سمکۆ ئەو کوشتنەی مارشمعونی بە ڕاسپاردەی حاکمی ورمیە بووە و ساتێک دوای کوشتنی مارشمعون کە ئاسوورییەکان بنکەکەی سمکۆیان داگیرکرد، نامەیەکی حاکمی ورمیەیان لەو بارەوە لەبارەگاکەیدا دۆزیبووەوە." (کە لەڕاستیدا هەروەکو سمکۆ خۆشی لای مصطفی پاشای یامولکی دانی پێدا ناوە مارشمعونی بە هاندانی ئێرانییەکان کوشتبوو، نەک بە بەرتیلی تورکەکان وەکو ئیگڵتن باسیکردووە.)

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی کوشتنی مارشمعون، وتویەتی:(٢٨)
"کە شەڕی جیهانی یەکەم تەواو بوو، سمکۆ تاکەکەس نەبوو کە خۆی پڕچەک کردبوو، بەڵکو ئاسووریەکانیش هەروەکو چۆن ئەرمەنییەکان لە ناوچەی ئەنادۆڵدا هەتاکو تەوقی سەریان لە چەک و فیشەکدا زەردی ئەکردەوە. کە ڕووسەکان شکان و گەڕانەوە ئاسوورییەکان لە چەکی ئەو ڕووسانە خۆیان پڕچەک کرد و ڕوسەکان هانی ئەو ئاسوورییانەنەیان ئەدا کە خۆیان بەهێز و پڕچەک بکەن و بێجگە لە ئینگلیز، فرەنسیەکانیش کاتی خۆی چەکێکی زۆریان بۆ ناردبوون بۆ ئەوەی خۆیان لە تورکەکان بپارێزن.

لە ساڵی ١٩١٨دا کە هەرای ورمیە ڕوویدا، لەبەر ئەوەی مەسیحییەکان چەکدارتر بوون لە ئێرانییەکان بۆیە توانییان هەموو شاری ورمیە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و دەوڵەتی ئێران توانا و هێزێکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت ڕێگەیان لێ بگرێ لەبەرئەوە حاکمی تەورێز کە ناوی (موختی شمسی) بوو داوای لە سمکۆ کرد فریای بکەوێ و بە هاندانی ئەو حاکمە مارشمعونی لە مارسی ١٩١٨دا کوشت

ئەگەرچی کاتی خۆی لە شەڕی نێوانی تورک و نەستورییەکاندا سمکۆ خۆی بەشدار نەکردبوو.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم دەربارەی هۆی کوشتنی مارشمعون پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی (تمدن) کە لەوەدا هۆی هاندانی سمکۆ بۆ کوشتنی مارشمعون ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوەی لێ پەیدابووە:(١٩)

١- ئاسوورییەکان بە کوژرانی سەرکردەکەیان ئەبوو ورە بەردەن و ئیتر نەک هەر توانای ئەوەیان نامێنێت دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، بەڵکو پەرت و بڵاو ئەبنەوە و پەرەوازە ئەبن.

٢- بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لە کۆڵی حکومەتی ئێران ببێتەوە و شەڕەکە بە کورد بکرێ.

٣- بە جێگربوونی ئاسوورییەکان لە ورمیەدا پێکهێنانی ڕێکخراوی چەکدار و دەستگرتنیان بەسەر ناوچەکەدا ئەبوو بە هۆی پەژارە و سەریەشەیەکی قووڵ و دوورودرێژ بۆ ئێرانییەکان، بەڵام لەو ڕۆژانەدا ئێران نە خۆی هێزێکی چەکداری ئەوتۆی هەبوو کە بتوانێت ئەو ئاسوورییانە لەو ناوچانە دەربکا و نە لە هەلومەرجێکی سیاسیی پتەوی ئەوتۆدا بووە کە بتوانێت ئۆباڵی کوشتنی یەکێکی وەکو مارشمعونی ناسراو بگرێتە ئەستۆی خۆی کە لەو ڕۆژانەدا هاوپەیمانەکان بەتایبەت لەلایەن بریتانیاوە پشتگیری لە مارشمعون دەکرا.

دانیال متی لە لاپەڕە (٤٨)ی ئەو باسەیدا کە لە گۆڤاری ئەنستیتوتی پاریسدا بە فارسی بڵاوکراوەتەوە لەو بارەوە وتویەتی:(٢٤) "لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕۆڵی کوردەکان لەو شەڕەدا کە لە شاری ورمیەدا لەنێوانی ئیسلامەکان و ئاسوورییەکاندا لە ڕۆژانی ٢١-١٩١٨/٢/٢٣دا ڕوویدا شتێکە کە شایانە باس بکرێت. بەر لە هەموو شتێک وا باشە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ورمیە هەروەک زۆربەی ئەم بەشەی کوردستان شێوەیەکی تایبەتیی کوردنشینی پێوە دیارنەبوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ناوشار لە شیعەکان (مەبەستی ئازەرییەکان بووە.) پێک هاتبوو. ئەو کوردانەی کە هەبوون بریتی بوون لە پرولیتاریای هەژار و دوودەس بەناڵەی ناوشار و ژمارەیەکی تر لەو کوردانەی کە لە گوندەکانەوە پەنایان بردبوو بەر ناوشار.

بەهۆی ئەوەوە کە ئەو کوردانە (سوننی) بوون و زۆر کەم پێڕەوی شیعەکانیان ئەکرد و بەپێچەوانەی ئەوەوە جۆرە لەیەکچوونێک هەبوو لەنێوانی کوردەکان و ئەو

(جیلو-جلو)یانەی کە هاتبوونە ئەوێ (جیلوکان بەشێک بوون لە ئاسوورییەکان)، هەروەها ئەو کوردانە وەکو چینێکی هەژار و بێبەش ئامادە بوون هەل و دەرفەت لە هەر ئاژاوەیەکەوە وەربگرن کە لەو ناوچەیەدا ڕووی ئەدا.

لەڕاستیدا بەدرێژایی مانگی یەکەم و دووەمی ساڵی ۱۹۱۸ هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ لەنێوانی کورد و (جلو)دا ڕووی نەدا لەناو شاری ورمیەدا، بەڵام لەئەنجامی ئەو هەراو پشێوییەی کە بە هۆی شەڕەوە ڕوویدا هەندێ تاڵانی کرا کە ئەوە کوردە پەنابەرەکان یاخود (جلو) سەرکەوتووەکان کوردبوویان کە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی هیچ نەبێ بتوانن بەو تاڵانییە بۆ تاقەژەمێکیش بوویێت ورگی خۆیان پێ تێر بکەن.

پاش ئەوەی ڕووسەکان لەو ناوچەیە کشانەوە سمکۆ ناچاربوو بۆ پەیداکردنی پشتگیرییەک بڕوانێتە (جلو)کان (سەرچاوەکانی تر بەپێچەوانەی ئەمەوە باسیان کردووە و وتویانە ئاسوورییەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە خۆیان بەتەنها ئەوەیان پێ نەکراوە کە مەبەستیان بووە و هەمووی چەند مانگێک بوو کە هاتبوونە ناوچەکە و جێگر بووبوون بۆیە ئەوان هەوڵیان دابوو پێوەندی لەگەڵ سمکۆدا بکەن.)

دانیال متی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئەوەی کە هانی سمکۆی دابوو ئەو دۆستایەتی و پێوەندییە لەگەڵ ئاسوورییەکاندا پەیدا بکا بە هۆی ئەفسەرە ئینگلیزەکانەوە بوو کە لەگەڵ سمکۆدا پێوەندی و ئاشنایەتیان هەبوو.

قونسوڵی فەرەنسا لە تەورێز لەڕاپۆرتێکیدا باسی دەوری یارمەتیدانی کردووە لەلایەن سمکۆوە بۆ (جەلۆ)کان لە ڕۆژانی شەڕی ورمیەدا (کە لەنێوانی ئازەری ئیسلام و ئاسووریدا ڕوویدابوو.) و لە هەمان کاتدا حاکمی ورمیەش لەلای خۆیەوە چەند تەقەڵایەکی بێسوودی دابوو لەکاتی ئەو شەڕەدا یارمەتیی لە عەشیرەتە کوردەکانەوە دەستگیر ببێت.

کەوابوو لەنێوانی کورد و جەلۆدا زەمینەیەکی هاوکاریکردن دەستی پێ کردبوو و خەریکیش بوو سەری ئەگرت و ئەگەر بهاتایە ئەو تەقەلایە سەری بگرتایە ئەنجامەکەی ئەبوو بە کارەساتێکی دڵتەزێن بۆ کاربەدەستانی تورک و ئێران (کە

هەردوولایان دوژمنی کوردیش و ئاسووریش بوون.)، بەو جۆرە هاوکاریکردنی ئاسوورییەکان لەگەڵ سمکۆدا بوو بە شتێکی پێویست و سەرەکی و لەپێشتریشدا باسی ئەوە کرا کە فرەنسایییەکان بۆ هاوکاریکردن و ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ سمکۆدا سەرنەکەوتبوون کە لەدواییدا زۆر پەشیمانی ئەوە بوون کە زووتر تەقەلای پەیداکردنی دۆستایەتیان لەگەڵ سمکۆدا نەدابوو (لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا بەرلەمە لە باسی کێشەی دەوڵەتان لەسەر کوردستان باسی ئەوەی فرەنسام کردووە.)، بەڵام ئێرانییەکان بەپێچەوانەوە پێوەندییان لەگەڵ سمکۆدا کرد و بە کوشتنی مارشمعون ئەوەندەی تر پێوەندیی نێوانیان بەهێزتر بوو.

بێجگە لەوە، جۆرە ناکۆکییەکیش هەبوو لەناو ئاسوورییەکاندا لەناو خۆیاندا و سەرکەوتنی (جەلو) لە شەڕی ورمیەدا هیچ شتێکی لەو ناکۆکیەی ناوخۆیان کەم نەکردەوە کە لەنێوانی مارشمعون و ئاغا (پتروس)دا هەبوو، بەپێچەوانەوە کوشتنی مارشمعون و ئەو شەڕەی دوای ئەوە لەنێوانی کورد و ئاسووریدا ڕوویدا بوو بە هۆی بەهێزبوونی ئاغا پتروس کە بە هۆی هێزی سوپاییەوە لەشەڕدا دەسەڵاتێکی زۆری لەناو کریستیانەکانی ناو کوردستاندا بە دەست هێنابوو و، ورمیە و ناوچەکەی خستبووە ژێردەستیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی مارشمعون لە ڕووی ئاینی و دنیاییەوە بە هۆی ئەو کارەساتەوە کەم بووەوە و لاواز بوو بۆیە مارشمعون (بەر لە کوشتنی) بە ماوەیەک، هەوڵی ئەوەی ئەدا کە بایەخێکی زۆر بدرێ بە کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستکردن بە وتووێژ (مەبەستی دانیال متی ئەوە بووە ئەو شەڕەی لەنێوانی ئازەری و ئاسوورییەکاندا ڕوویدا بوو زوو ببڕێتەوە کە لەو شەڕەدا ئاغا پتروس وەکو سەرکردەیەکی چەکداری بەهێزتر بووە لە مارشمعونی ڕابەری ئاینی.)

لەکاتێکدا ناکۆکی نێوان ئاغا پتروس و مارشمعون گەیشتبوو ئەوپەڕی، میجەر گاسفیلد کە کۆلۆنێلی کۆنی ڕوس بووە و چووبووە ناو هێزەکانی ئاسوورییەوە سەرکردایەتی هێز و سەربازەکانی ئاسووری دەکرد. بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییە و بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی کارەساتێکی ناخۆش و سەخت لەنێوانی هەردوولایاندا (ئاغا پتروس و مارشمعون)، بڕیاریدا کە مارشمعون بنێرێت بۆ لای ئیسماعیل ئاغا

(کە سەرچاوەکەی لەمەدا کتێبەکەی کریس کوچرایە.) و مارشمعون لە ناوەڕاستی مانگی مارتدا بە خۆی و (٧٠٠) پیاو و دوو تۆپەوە ورمیەی بەجێهێشت و بەرەو سەلماس چوو. لە گوندی (خسروئاوا) کە شوێنی بنکەی میسونێرێکی فرەنسی بوو لە و گوندەدا بنکەیەکی دامەزراند.

لە ١٧ی مانگی مارتی ١٩١٨دا مارشمعون بە خۆی و (٥٠) کەسەوە چوو بۆ (کۆنەشار) بۆ چاوپێکەوتنی سمکۆ و کە مارشمعون چوو بۆ لای سمکۆ هیچ گومانێکی لەدڵدا نەبوو بەرامبەر بە سمکۆ و بەرلەوە ئاگاداری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کوردبوو بەرامبەر بە (جلۆ)کان و لای وابوو سمکۆ ئەبێت بە پشتگیری ئەو لەو کێشەیەدا کە لەنێوانی خۆی و ئاغا پتروسدا هەبوو، بەڵام ئەو تەقەلایە لە مردن بەولاوە هیچ شتێکی تری نەبەخشی بەو قەشە بەرزەفڕە و سمکۆ بە دەستی خۆی کوشتی و پیاوەکانیشی بە دەستی پیاوەکانی سمکۆ کوژران.

ئەو کارەی سمکۆ کردی سەرەتای قۆناغێکی هاوبەشی و پیلانێکی دووقۆڵی نێوانی سمکۆ و کاربەدەستانی ئێران بوو لە تەورێز، چونکە لەدوای کوشتنی مارشمعون دەستوبرد هێزێکی گرنگی قۆزاق و موجاهید لە (شرەفخانە)وە بەرەو سەلماس کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی فریای سمکۆ بکەوێ کە خەریکی ئەوە بوو هێرش بباتە سەر ئەو جەلۆیانەی لەناوچەکەدا کۆبووبوونەوە کە هەروەکو لە ڕاپۆرتێکی قونسوڵی فرەنسا لە تەورێزدا باسیکردووە ژمارەی ئەوانەی کە ئێرانییەکان ناردبوویانن بۆ یارمەتیدانی سمکۆ ئەگەیشتە نزیکی هەزار کەسێک، لەگەڵ ئەوەشدا بە دووریش نازانرێ ئەو کارەی سمکۆ جۆرە داکۆکیکردنێک بووبێت لە ئاینی ئیسلام هەرچەند هەتا ئێستە بەتەواوی هۆی ئەو ڕووداوە ڕوون نەبۆتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە سمکۆ حسابی بۆ دەستگیربوونی یارمەتیدانی تورکیش کردبێت، هەرچەند لەو ڕۆژانەدا هیچ شتێکی وای دەرنەخستووە کە تورکەکان ئامادە بووبن و توانای ئەوەیان هەبووبێت یارمەتی هێزی بۆ بنێرن بۆ سەرکوتکردنی (جلۆ)کان و دوور نییە سمکۆ پێوەندی بە تورکەکانەوە کردبێت و ئەوانیش لەو ڕووەوە بەڵێنیان دابێتێ و دڵنیایان کردبێت.

هەرچۆنێک بوویێت کاربەدەستانی ئێران لە تەوریز زۆر بەباشی بە ئامانجەکانیان گەیشتن و کوشتنی مارشمعون بوو بە هۆی ئەوەی شەڕێکی تەواو لەنێوانی کورد و جەلۆکاندا ڕوویدا. ساتێک لە ورمیە ئەو شەڕەی نێوانیان گەرم بوو، ڕۆژی ۱۹۱۸/٤/۳۰ هەموو ئەو کوردانەی لەو ورمیەدا ئەژیان بەبێ جیاوازیی ژن و منداڵ ژمارەی کوژراوەکانیان گەیشتە ٤۰۰-٥۰۰ کەس.

دەربارەی ئەوەی کە شەڕ و کوشتار لەنێوانی کورد و ئاسووریدا ڕوویدا هەروەکو دانیال متی باسیکردووە لەپێشدا، هەندێ سەرچاوەی تریش باسی ئەو ناکۆکیەی کردووە. لەو ڕاپۆرتەی کە بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۲۱ تەرخانکراوە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی ئاسوورییەکان ئەڵێ: "ساتێک ئاسوورییەکان برانە ژووروی میسوپۆتامیا (بێگومان ئاسوورییەکان دوای ئەو شەڕانەی لەگەڵ سمکۆدا کردیان و شکان ناچار بوون ڕوو بکەنە (هەمەدان) و لەوێوە بۆ خانەقین و پاش ئەوە بەکێشکران بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خواروودا، هەندێ لە عەشیرەتی (جیلو) کە لەژێر سەرکردایەتی مالک قمردا بوون، مالک قمر وای لەو جیلۆیانە گەیاندبوو کە فرەنسییەکان کە لەو ڕۆژانەدا لە ناوچەی (دیرزور)دا بوون بەڵێنیان دابوویە کە لەناو خاکی کوردستاندا حکومەتێکیان بۆ دروست بکەن لەژێر چاودێریی فرەنسییەکاندا.

لەبەرئەوەی کە ئاغا پتروس پێوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ فرەنسییەکاندا بۆیە ڕێگەی پێ درا کە بچێتە ئەوروپا. (ئینگلیزەکان بەوە دووریان خستبووەوە تا پێوەندی لەگەڵ فرەنسییەکاندا نەمێنێت.)

دەسەڵاتی ئاغا پتروس کە کاتۆلیک بوو هەمیشە دژی بوونی پتریارک بوو (کە دیارە پتریارک پرۆتستانت بووە و سەر بە ئینگلیز بووە.)، لەبەرئەوە ئاغا پتروس گەنجەکانی هاندابوو کە ئەبێ پتریارکی لەناویاندا نەهێڵرێ. ئاغا پتروس نەخشەیەکی تایبەتی بۆ ئاسوورییەکان کێشا، بەڵام ئەو نەخشەیە سەری نەگرت لەبەرئەوە نێررا بۆ بەغدا و ڕێگەی پێ نەدرا بگەڕێتەوە بۆ موصل.



وێنەی ئاغا پترۆس کە لە لاپەڕە (١٦٣)ی کتێبەکەی (تمدن)دایە.

ئەو ئاغا پتروسەی لەو دوکیومێنتەی پێشوودا باسکراوە، لە دوکیومێنتێکی تردا بەدوورودرێژی باسیکردووە کە ژمارەی دوکیومێنتەکە (C.O.730-91)ە کە بریتیە لە راپۆرتی ساڵی ١٩٢٥ و باسی ئەوە ئەکا کە هەندێک لەو ئاسووریانەی کە سەر بە ئاغا پتروس بوون رۆژی ١٩٢٥/٩/٢ لە (کلاسکو سنترال هوتێل) یاداشتێکیان دابوو بە سکرتێری وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا کە (F.I. HOM. L.S. AMERY) بووە. لەو یاداشتەدا بەدوورودرێژی ئەو تاقمەی سەر بە ئاغا پتروس (کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دوورخرابوونەوە بۆ ئەوروپا) گلەییەکی زۆریان لە سیاسەتی حکومەتی بریتانیا کردووە بەرامبەر بە ئاسوورییەکان (لەراستیدا ئینگلیز دەستی ئاسووریەکانی بڕی بوو، دەستیان کردن بە زاخدا و ئەو شەڕەیان پێکردن و ساتێک لێیان قەوما پشتگوێیان خستن و هەوڵی ئەوەیان نەدا کە بیانگێڕنەوە بۆ وڵاتی خۆیان کە هەموویان هەمیشە پەرۆشی ئەوە بوون و بردیاننە ناوچەی بادینانی ژووروی کوردستانی خواروو، کردیانن بە سەربازی لیڤی و کران بە کوتەکی دەستی ئینگلیز لە میسۆپۆتامیادا و شەڕیان پێکردن دژی شێخ مەحمود و بارزانییەکان و زیبارییەکان، کە لە کتێبەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی کوردستاندا، بەرگی دووەم، بەدوورودرێژی باسمکردووە و پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.)

وا لە خوارەوە تەرجەمەی ئەو یاداشتەی کە لەلایەن تاقمەکەی ئاغا پتروسەوە درابوو بە سکرتێری وەزیری موستەعمەرات پێشکەش بە خوێنەران ئەکەین.

١- ئاسوورییەکان لە پێش شەڕی جیهانیدا لە ناوچەکانی خۆیاندا زۆر بە خۆشی و شادی ئەژیان و رایان ئەبوارد، بەلام ئینگلیز ئاسوورییەکانی تووش کرد و هەتا ئەم دواییەش ئینگلیز بۆ سوودی خۆی بەکاری هێناون لە ژووروی عێراقدا. (وەکو وتمان ژمارەیەکی زۆر لەو ئاسووریانە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کران بە سەربازی لیڤی و چەکدار کران و لە بنکەکانی ئینگلیزدا لە خوارووی عێراقدا لە شعیبە و حبانیە و سن الذبان ئامادەکران بۆ بەکارهێنانیان دژی شۆڕشگێڕان لە راپەڕینەکانیاندا بەرامبەر بە عراقی پەروەردەکراو و دەستنێژی ئینگلیز.)

٢- ئێمەی ئاسووری لە وڵات و ماڵی خۆمان دوورکەوتینەوە و ئێرانییەکان ئەوەیان بە هەل زانی و ورمیەیان داگیرکرد.

٣- نەمانتوانی کاتی خۆی لە (هەمەدان)ەوە بگەڕێینەوە و ئینگلیزەکان فریویان

داین و پێیان وتین دەتانبەین بۆ خانەقین و لەوێوە لە ڕێگای (سنە)وە ئەتانئێرینەوە بۆ (ورمیە)، بەڵام ئەوە بوو لە خانەقین بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کامپ (ئۆردوگا)دا ماینەوە.

ڕاستە حکومەتی بریتانیا لە پارەی باجی خەڵکی بریتانیا ملیۆنێک پاوەنی بۆ ئێمە خەرج کردووە بەڵام ئێمەش پیاو و ژن و منداڵی زۆمان لە کیس چووە.

٤- بەوەی کە نەتانهێشت بگەڕێینەوە بۆ ورمیە، فارسەکان لە ورمیە (٥٩)کەس لە ژن و منداڵی ئێمەیان کوشت و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ڕۆژانەدا ئاسوورییەکان لە ورمیە لەژێر ئاڵای ئەمریکاییەکاندا بوون.

بەرامبەر بەو کوردانەی کە (MR. HALL) و کاپتن (سکۆت)ی بریتانییان کوشتبوو، ئینگلیزەکان ئێمەیان کرد بە داردەستی خۆیان کە بچین بە گژ ئەو کوردانەدا (لەلاپەڕە ١٩٣ی بەرگی دووەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا باسی ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانە کراوە کە لە ڕاپەڕینەکانی کوردی خوارووی کوردستاندا کوژرابوون و ئینگلیزەکان لەو شەڕانەدا ئەو ئاسوورییانەیان دژی کورد بەکار هێنابوو کە هەروەکو لەو یاداشتەشدا دانی پیادا نراوە.)

لەکاتێکدا لە وەرزی بەهاردا خۆمان و خێزانەکانمان خۆمان ئامادە کردبوو و دڵمان بەوە ئەخشەیە خۆش کردبوو کە بۆ مەبەستی گەڕانەوەمان ئامادە کرابوو، بەڵام ئەو تەقەلایەش سەری نەگرت! بەڵام بۆچی سەری نەگرت، نەمانزانی؟

مستر ویگرام MR. WIGRAM پەیتا پەیتا ڕاپۆرتی دەنارد و لەجیاتی ئەوەی بچینەوە بۆ شوێنی خۆمان ئەو مستر ویگرامە داوای ئەکرد کە نیشتەجێ بکرێین و بەداخەوە بەو جۆرە خەڵکەکەی ئێمە بەناڕەزایی خۆیان و بە نابەدڵی ناچارکران کە بهێڵرێنەوە و لەدوای ئەو هەموو کوشتار و ماڵکاولبوونەی لێمان کرا و بەسەرماندا هات ئێستا ئاسوورییەکان هەروەکو ماسیی بێ ئاویان لێ هاتووە."

عبدالمنعم الغلامی لە لاپەڕە (٨٥)ی کتێبەکەیدا (ثورتنا فی شمال العراق) بەرگی یەکەم، ساڵی ١٩٦٦ کە لە بەغداد چاپکراوە، دەربارەی کوشتنی مارشمعون وتویەتی: "ساتێک سمکۆ و مارشمعون یەکتریان بینی، لەکاتی کۆبوونەوەکەیاندا تاقمێک لە ژنانی کورد چوونە سەر سمکۆ و دەستیان کرد بە قسە پێ وتنی و ڕوویان تێ کرد و پێیان وت: تۆ شەرم و حەیا ناکەی لەگەڵ پیاوێکی وەکو مارشمعوندا کۆ دەبیتەوە و ئەوەت لە بیر چۆتەوە کە لە شەڕی جیهانیدا چۆن

ئاسوورییەکان هەرچی نەشێ و نەکرێ لەو ڕۆژانەدا بە کوردیان کردبوو، ئیتر ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی سمکۆ ڕقی هەڵسێ و دەمارگرتی و مارشمعونی لە ساڵی ١٩١٨دا کوشت." دەربارەی ئەوە، سیفن پولیتیریش لەکتێبەکەیدا (THE KURDS AN UNSTABLE ELEMENT IN THE GULF)(٢٥) باسی کۆنەقینێکی کورد و ئاسوورییەکانی کردووە کە وتویەتی: "ساتێک شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد، ئاسوورییەکان لەترساندا پەنایان بردە بەر ڕوسیا و ساتێک تورکەکان لەشەڕدا شکان ڕوسەکان هێرشیان هێنایە سەر ئازربایجان کە لەوەدا ئاسورییەکان بوون بە پێشڕەوی لەشکرەکەی ڕوس و تۆڵەی کۆنەقینی خۆیان لە موسوڵمانەکانی ناوچەکە کردەوە کە بێگومان کوردەکانیش لەناو ئەو موسوڵمانانەدا بوون."

کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٨)ی باسەکەیدا دەربارەی هۆی کوشتنی مارشمعون ئەڵێ:(٢٩) "دەربارەی کوشتنی مارشیمون لەلایەن سمکۆوە گەلێک بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک ئەو کارەی سمکۆیان بە هەڵە داناوە، هەندێکی تریش لایان وایە کە سمکۆ هەستی بەوە کردبوو کە مارشیمون بە پشتیوانیی ڕوس و ئینگلیز دەیەویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا بسەپێنێت و دوور نییە ئەوانە بۆ بەربەرەکانیکردنی تورکیا هەوڵ بدەن لەناو خاکی کوردستاندا حکومەتێک بۆ ئاسوورییەکان ساز بکەن، بەتایبەتی لەدواییدا کە دەرکەوت ئینگلیزەکان لە کۆنفرانسی لۆزاندا پتروسی ئاسووری (مەبەستی ئاغا پتروس بووە کە لەپێشدا باسی لێوە کرا.) یان لە کۆنفرانسی لۆزاندا ڕاست کردەوە و ئەویش داوای ئەوەی ئەکرد کە جێگایەک بۆ ئاسوورییەکان تەرخان بکرێت کە هەروەکو چۆن بڕیاری تەرخانکردنی فەلەستین درابوو بۆ جوولەکەکان. نووسەر و شاعیری بەناوبانگی ئێران (ملک الشعراء بهار) لەو ڕووە لە کتێبی (کورتە مێژووی حزبە سیاسییەکان) نووسیویەتی: لە کۆنفرانسی لۆزاندا پتروسی ئاسووری بە پشتیوانی لندن ڕاست دەبێتەوە و داوای ئەوەی کرد کە ئاسووری و کلدانی لەکۆنەوە مەڵبەند و نیشتمانی ئەوان بریتی بووە لە سنووری موصل و کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران هەتاکو ورمیە و ئەبێ ئەمانە هەمووی بدرێ بەوان و ناوەند و بنکەی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت و پتروس ئاغا لەوەدا باسی چۆنێتی خزمەتی ئاسوورییەکانی کرد بۆ حکومەتی بریتانیا.

کاک ئەحمەدی شەریفی لەنامیلکەکەیدا هۆی کوشتنی مارشمعونی بەم جۆرە

باسکردووه:(٤٤) "سمکۆ لەکاتی دانیشتنێکدا بۆ دۆزینەوەی بیانووی کوشتنی مارشیمون وتبووی: نابێ ئەوەتان لەبیر بچێتەوە کە ئافرەتانی کورد لە ئاگریداغ چۆن بە مەمک و بە ئەگریجەکانیان هەڵدەواسران! ئایا خوێنی شێخ سعیدی نقشبندی و دوکتۆر فوئاد و ڕەئفەت و سید ڕەزا و عبدالقادر (گەلێک ناوی تریشی هێناوە.) کە نابێ ئەمانەمان لەبیر بچێتەوە.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە پەراوێزی لاپەڕە (٢٤)دا وتویەتی: لەگەڵ ئەوەشدا دەربارەی هۆی کوشتنی مارشیمون بە گەلێک جۆر باسکراوە (کەبەداخەوە ئیشارەتی بۆ هیچ سەرچاوەیەکیان نەکردووە.)، هەروەکو وتراوە گوایان بەرلەوەی مارشیمون سمکۆ ببینێت مارشیمون لەلایەن عومەر ئاغاوە کوژراوە کە عومەر ئاغا یەکێک بووە لە هاوکارەکانی سمکۆ و گوایا سمکۆ بە تاقمەکەی خۆی وتبوو: دوور نییە پلانێک لەئارادا بێ، چونکە مارشمعون لەپێش مندا دابەزی بۆ ئەوەی بزانێت ئایا توانیبووی بەسەر مندا سەر بکەوێ کە ڕەنگە لەنێوانی ئەو و تاقمەکەیدا پلانێکی وا بوویێت. (مەبەستی کاک ئەحمەدی شەریفی ئەوە بووە کە مارشمعون پلانێکی بەدەستەوە بووە بۆ کوشتنی سمکۆ و بەرلەوەی کە یەکتر ببینن بۆیە دابەزیبوو بۆ ئەوەی بزانێ ئایا پلانەکەی سەری گرتبوو یان نا.) و سوارەکانی سمکۆ لەئەنجامی ئەوەدا وایان زانیبێت کە سمکۆ کوژرابوو، بۆیە ئەوانیش دەستیان کردبوو بە کوشتنی مارشمعون (کە کاک ئەحمەدی شەریفی وەکو هەندێ لە نووسەرە فارسەکان، ئاسوورییەکانی بە ئەرامنە ناوبردووە.) کاک ئەحمەدی شەریفی ئەڵێ: لەوانەی لەگەڵ مارشمعوندا هاتبوون تەنها دوو کەسیان ڕزگاریان بووبوو.

دەربارەی ئەو بۆچوونانەی کاک ئەحمەدی شەریفی هەندێ سەرنج دێتە پێشەوە:

١- نابێ ئەوەتان لە بیر بچێتەوە کە ئافرەتانی کورد لە ئاگریداغ بە مەمک و ئەگریجە هەڵدەواسران و نابێ شێخ سعیدی نقشبندی و ئەوانی تر کە ناوی هێناون لەبیر بچێتەوە. لەڕاستیدا ڕەنگە سمکۆ دەربارەی ئافرەتەکان وەکو وتویەتی باسی کردبێت، بەڵام شێخ سعیدی نقشبندی و ئەوانی تر کە لە کوردستانی تورکیا کوژران هیچ پێوەندییەکیان بە مارشمعون و بە ئاسوورییەوە نەبوو کە کارەساتی شەهیدبوونی ئەوان لەپاش حەوت هەشت ساڵی دوای کوشتنی مارشمعون بووە.

٢- دەربارەی چۆنێتی کوشتنی مارشمعون کە وتویەتی بەرلەوەی سمکۆ ببینێت

کوژرابوو گوایا سمکۆ ترسی ئەوەی هەبوو کە مارشمعون لەو چوونەیدا پلانێکی ساز کردبووبێت بۆ کوشتنی سمکۆ ئەوەش هەر ڕێی تێ ناچێت، چونکە هەموو سەرچاوەکانی تر باسی یەکتربینینی سمکۆ و مارشمعونیان کردووە و لەدواییدا باسی ئەو سەرچاوانە ئەکەین کە لەگەڵ ئەوەی ئەو لێی دواوە یەکناگرنەوە.

دەربارەی هۆی کوشتنی مارشمعون، مصطفی پاشای یامولکی لەو گفتوگۆیەی کە ڕووبەڕوو لە ساڵی ١٩٢١ چووبووە لای سمکۆ و لەگەڵیا دانیشتبوو بەئاشکرا لە پرسیاری ژمارە (٤)دا هۆی کوشتنی مارشمعونی پرسیوە و سمکۆش بەبێ پێچوپەنا دانی پیادا ناوە کە سمکۆی چۆن کوشتوە و بۆچی کوشتویەتی، لەبەر ئەوەی لە باسی پێوەندیکردنی سمکۆدا لەگەڵ کوردەکانی خوارووی کوردستاندا دەقی ئەو پرسیارەی مصطفی پاشای یامولکی و وەرامەکەی سمکۆمان باسکردووە، بۆیە پێویستی بەوە نەکرد کە لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.

شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود لە یاداشتە چاپنەکراوەکانیدا کە ساتی خۆی لە ساڵی ١٩١٩دا بەئاوارەیی چووبووە لای سمکۆ، لەو یاداشتەیدا باسی هۆی کوشتنی مارشمعونی بەم جۆرە کردووە: "لە ساڵی ١٩١٩دا کە بەئاوارەیی ڕوومان کردە کوردستانی ئێران، لە ناوچەی (چهریق ـ چاری) ماوەیەک میوانی سمکۆ بووین بە خاووخێزانەوە. کە گەڕاینەوە لەپاش ماوەیەک زیوەر ئەفەندی شاعیر و کاکە حەمەی ئەمینی عەتاری خاڵم (کە وەکو لەپێشتردا لەو یاداشتەی شێخ ڕەووف دواین لە باسی پێوەندی سمکۆ و کوردەکانی خوارووی کوردستاندا کەو وتبووی زیوەر و خاڵم بە تورکی و فارسی قسەیان لەگەڵ سمکۆدا ئەکرد و من هیچیان تێ نەدەگەیشتم.) باسی گفتوگۆی خۆیان بۆ گێڕامەوە کە لەگەڵ سمکۆدا کردبوویان کە یەکێک لەوانە باسی هۆی کوشتنی مارشمعون بووە کە بەم جۆرەی خوارەوەیان بۆ گێڕامەوە کە سمکۆ وتبووی: "ساتێک هێزی ڕوس لەدوای شۆڕشی نوکتوبەری بوڵشەویک لە خاکی تورکیا کشایەوە و هێزی تورک گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ڕوسەکان لەشەڕدا داگیریان کردبوو، لەو شەڕانەدا ئاسوورییەکان خزمەتێکی ئێجگار زۆری ڕوسەکانیان کردبوو دژی تورکەکان، لەبەرئەوە بە کشانەوەی ڕوس و هاتنەوەی هێزی تورکەکان ئیتر ئاسوورییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا نەیانتوانی بژین و خۆیان پێ ڕانەگیرا و ناچار بوون کۆچێکی بەکۆمەڵیان کرد بۆ ناو خاکی ئێران بۆ ئەوەی لە تۆڵەسەندنەوەی تورکەکان خۆیان ڕزگار بکەن.

سەرۆکی ئاینیی ئاسوورییەکان کە مارشمعون بوو لەگەڵ ئاوارەبووەکاندا هاتبووە ئێران و لەو شار و دیهاتانەی ناوچەکانی سەر بە دەسەڵاتی سمکۆدا جێگیر بووبوون و مارشمعون دەستی کردبوو بە ناردنی نامە بۆم و پێشنیازی ئەوەی کردبوو ئاسوورییەکان لە ناوچەکانی تورکمانی ئازاربایجاندا دەوڵەتێک بۆ خۆیان دروست بکەن و سمکۆش لە ناوچە کوردییەکاندا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات و هەردوو حکومەتە تازەکە ببن بە دۆست و هاوکاری یەکتر و ئەگەر ئێران هێرشی بردە سەر هەر لایەکیان." شێخ ڕەووف لە یاداشتەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت: "لەڕاستیدا داخوازییەکەی مارشمعون لای سمکۆ شتێکی بێجێ بوو، چونکە چۆن کەمایتییەکی وەکو ئاسوری کە بەئاوارەیی هاتبوونە خاکی وڵاتێکی ترەوە و تازە تیایا جێگیر بووبوو ئەیتوانی بەئاسانی حکومەتێکی سەربەخۆی دروست بکەن لە شوێنێکی وەکو ئێراندا کە هەر چۆنێک بووبێت حکومەتێکی گەورەی ئیسلام بووە و کەللەڕەق بوون بۆ دینەکەیان."

دەربارەی کوشتنی مارشمعون وەکو زیوەر لە سمکۆی پرسیبوو، لەوەرامدا سمکۆ پێی ئەڵێ: ئەوی ڕاستی بێ من لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی مارشمعون ترسابووم، بۆیە دەستپێشکەرییم کرد و کوشتم.(٣٧)

## سێهەم: چۆنێتی کوشتنی مارشمعون لە لایەن سمکۆوە

بەڕاستی کوشتنی مارشمعون لەلایەن سمکۆوە شتێک بووە زۆر دوور بووە لە ڕەوشتی کورد و زۆر کەم ڕێکەوتووە کورد لە ماڵی خۆیدا دەستدرێژی بکاتە سەر میوانی خۆی و بیکوژێت. ئەو کردەوەیەی سمکۆ پەڵەیەکی چڵکن بووە بە تەوێڵی سمکۆوە و هەڵەیەکی ئێجگار گەورە بووە کە ئەنجامەکەی بوو بە هۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر گەورە بۆ خۆشی و بۆ بزووتنەوەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی و بۆ کورد بە شێوەیەکی گشتی. هەروەکو لەدواییدا باسی ئەکەین سمکۆ خۆشی لەو کارە ناڕەوایەی پەشیمان بووبووە، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

گەلێک سەرچاوە باسی چۆنێتی کوشتنی مارشمعونیان کردووە کە لەڕاستیدا ئێرانییەکان دەستێکی تەواویان هەبوو لە هاندانی سمکۆدا کە ئەبووایە سمکۆ بە هیچ جۆرێک ڕەفتارێکی وای نەکردایە کە لاسایی ئێرانییەکان بکاتەوە و ئەو

هەڵوێستەی لەگەڵ بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی لە ئێرانییەکان لە تۆڵەی کوشتنی جەعفەر ئاغای برایدا و تەقەلای کوشتنی خۆشی بە ناردنی نارنجۆک هیچ ڕێک ناکەوێ و بە هیچ شتێک لێک نادرێتەوە، جگە لەوەی بووترێ کە دوور نییە سمکۆ لەو کاتەدا کە ئەو کردارەی کردووە تووشی هیستریایەکی وا بووە کە خۆی پێ نەگیراوە. لێرەدا هەوڵ ئەدەین هەندێک لە بۆچوونی نووسەران پێشکەش بە خوێنەرانی خۆشەویست بکەین لەوانەی کە دەربارەی کوشتنی مارشمعون لەباسەکانیان لێی دواون.



وێنەی مارشمعون لە لاپەڕە (١٨٧)ی کتێبەکەی (تمدن)دا

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە (١٢٥)ی کتێبەکەیدا دەربارەی کوشتنی مارشمعون وتویەتی:(٥) "لەگەڵ ئەو هەموو ئازایەتی و قارەمانەتیەی سمکۆدا، مرۆڤێکی سیاسەتمەدار نەبوو کە لەئەنجامی ئەوەدا گەلێک هەڵەی کردووە کە یەکێک لەو هەڵانەی بریتی بووە لەو سیاسەتە چەوتەی کە بەرامبەر بە گەلی ئاسووریی برامان هەیبوو وە بەو بۆنەوە گەلێک پێکداپژان لەنێوانی هێزەکانی ئەو و ئاسوورییەکان ڕوویدا و قوربانیی خۆرایی لە هەردوولا هەبوو و بۆتە هۆی ئەوەی دوژمنی هاوبەشی هەردوولایانی پێ بەهێز بێت."

دانیال متی وەکو لەپێشتریشدا باسمان کرد وتویەتی: سمکۆ بە دەستی خۆی مارشمعونی کوشت و ئەو پیاوانەشی کە لەگەڵیدا بوون لەلایەن پیاوەکانی سمکۆوە کوژرابوون.

کاک کەریمی حسامی لەباسەکەیدا دەربارەی کوشتنی مارشمعون وتویەتی:(٢٩) "ئەیویست سمکۆ فریو بدا، بۆ ئەو مەبەستە پەیام ئەنێرێ بۆ سمکۆ بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا چاویان بەیەکتر بکەوێ و لەئەنجامدا بڕیاریاندا ڕۆژی ٢٥ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە (کۆنەشار) پێکەوە دانیشن بۆ گفتوگۆکردن و لە ڕۆژی دیاریکراودا لەگەڵ (١٤٠) سواری هەڵبژاردەی چەکدار خۆی سواری گالیسکەیەک دەبێت و دەچێتە کۆنەشار. (لەڕاستیدا سمکۆ ئەو چوونەی لە مانگی مارسی ١٩١٨دا بووە نەک مانگی شوبات کە کاک کەریم باسیکردووە.)

کاک کەریمی حسامی لەو باسەیدا پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی مامۆستا علاءالدین سجادی (شۆڕشەکانی کورد) کە باسی چۆنێتی کوشتنی مارشمعونی کردووە لەلایەن سمکۆوە.

مامۆستا علاءالدین سجادی لەو کتێبەیدا، هەروەکو کاک کەریمی حسامی باسیکردووە، وتویەتی: "ڕوسی قەیسەری (مەبەستی پەراگەندە و پاشماوەی ئەو ڕوسانە بوو کە لەدوای شۆڕشی ئوکتوبەر نەگەڕابوونەوە بۆ ڕوسیا، کە هەندێکیان لەناو هێزی سوپای ئێراندا و هەندێکیشیان لای ئاسوورییەکان بوون بە کرێگرتە و بەو ڕوسانەیان دەوت سپی کە دژی هێزی شۆڕشگێرانی ئوکتوبەر بوون و تا ماوەیەک ئەو ڕوسە سپییانە دژی ئەوانە بوون کە هەندێک لەو ڕوسە سپییانە لە ناوچەکانی سیبریاشدا هەر بەربەرەکانی ڕوسی سووریان کردووە.) ئەیویست لەو ناوچانەدا بەرامبەر بە بولشەویکەکان کۆسپێک پەیدا بکەن و جگە لەوە لەو

باوەڕەشدا بوون کە دەنگی کوردایەتی لەو ناوەدا هەبوو دەیانویست ئەو دەنگە لەناو ببەن.

ڕوسەکان مارشمعونیان ڕاست کردەوە و قسەیان لەگەڵدا کرد و هەموو جۆرە پەیمانێکیان دایە.

ئیسماعیل ئاغای شوکاک لەو ڕۆژانەدا کۆسپێکی زۆر گەورە بووە لە ڕێگەی قەیسەرییەکاندا و لە ڕێگەی ئاسوورییەکانیشدا لەبەرئەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەوە حسابی ئەوەیان کرد کە باشترین شت ئەوە بووە کە مارشمعون لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا بکەوێتە گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی بە بارێکدا ئیشەکەی لەگەڵدا یەکالا بکەنەوە.

مارشمعون سەرەتاکەی بەوە دەست پێکرد کە حکومەتێکی کوردی و ئەرمەنی (کە مەبەستی ئاسووری بووە کە دیارە لە سەرچاوە فارسییەکانەوە وەرگیراوە کە هەمیشە ئاسوورییان بە ئەرامنە ناوبردووە.) دروست بکەن بەلام مەبەستی ڕاستیی مارشمعون ئەوە بووە کە ئەگەر ئەوە سەری گرت لەدواییدا سمکۆ و کوردەکان لەناو ببا و ڕاستەوخۆ حکومەتە دروستکراوەکە ببێت بە حکومەتێکی ئەرمەنی و ئاسووری کە ئەمەش لەڕاستیدا وا بوو، چونکە مارشمعون بیست و پێنج هەزار تفەنگچیی ڕێکوپێکی مەشقکراوی هەبوو کە هەموویان لەژێر چاودێریی ئەفسەرانی نیزامیدا بوون و لەپشتیەوە ڕوسی قەیسەری پشتیوانی بوو.

هێزی ئیسماعیل ئاغا نە بەو ئەندازە بوو نە ئەوەندەش ڕێکوپێک بوو. هێزەکەی سمکۆ بریتی بوو لە هێزی عەشایری و کەسیشی لەپشتەوە نەبوو کە بە چەک و جبەخانە یارمەتی بدات. کەواتە لەناوبردنی مارشمعون لەلایەن سمکۆوە هەروەکو ئاوخواردنەوە وا بوو (سەیر ئەوەیە احمد کسروی لە باسی گفتوگۆکردنەکەی سمکۆ و مارشمعوندا ئەڵێ: مارشمعون بە سمکۆی وتبوو: ئێمە لە سوپادا تەواوین و سەربازمان زۆرە، بەلام وەکو ئێوە چەکداری سوارەمان نییە.)

کاک کەری حسامی لەو باسەیدا کە لە کتێبەکەی علاءالدین سجادییەوە وەریگرتووە، ئەڵێ: مارشمعون لەو چوونەیدا بۆ لای سمکۆ بە شێوەیەکی پادشاهانە خۆی پیشان داوە و جلوبەرگی ئاڵوالای سەرۆکی ڕوحانیی ئیمڕۆی تیرەیەکی خاوەن دەسەلات و پادشایەکی بەهێزی دەسەلاتداری دوارۆژ پیشان ئەدا کە لەناو گالیسکەیەکی چوار ئەسپیدا بوو، هەموو چوارچێوەی گالیسکەکەی زەرکەفتی ئاڵتون و زیو بووە و شەش ئەفسەری گەورە کە چوار لەو ئەفسەرانە لە ئەفسەرەکانی

ڕوسی قەیسەری بوون و دووانیان لەپێشەوە لەسەر گالیسکە و چواریان لەپشتەوە بەپێوە ڕاوەستابوون و شیرەکانیان بەڕووتی ڕاگرتبوو، کالانی شیرەکانیان لەگەڵ مشتوکانیانا هەمووی بە زمردو ڕازابووەوە و ساتێک تیشکی هەتاو ئەیدا لەم ئاڵوالایە پادشاهییە، سامێکی ئەخستە ئەو ناوەوە و مارشمعون بەو جۆرە چووبووە (کۆنەشار) و لە ماڵی تەیمور ئاغا دابەزی بوو.

ساتێک مارشمعون ئەگاتە کۆنەشار و خۆی دەچێتە ماڵی تەیمور ئاغا و سوارەکانیشی بە خۆیان و وڵاغەکانیانەوە جڵەوبەدەست ڕادەوەستن.

کاک کەریمی حسامی دوای ئەو کتێبەی علاءالدین سجادی، ئنجا لە بابەت گفتوگۆکردنی مارشمعون و سمکۆوە پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی احمدی کسروی و ئەڵێ: سمکۆ لەکاتی گفتوگۆکردنیا لەگەڵ مارشمعون هەست بە پیلانێکی مارشمعون ئەکا و بەزەردەخەنەیەکەوە بەڵێنی هاوکاریکردن ئەدا بە مارشمعون.

لەدوای تەواوبوونی گفتوگۆ مارشمعون دێتە دەرەوە و لەکاتی سواربوونی گالیسکەکەیدا تەقەی تفەنگ دێ و مارشمعون ئەکەوێ بەزەویدا و چەکدارەکانی شوکاک کە بۆسەیان بۆ نابووەوە لە هەموو لایەکوە دەستڕێژ ئەکەن بۆ سوارەکانی مارشمعون و نزیکەی سەد کەسێکیان لێ دەکوژرێ.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (٢١)ی نامیلکەکەیدا بەم جۆرە باسی کوشتنی مارشمعونی کردووە کە ناوی ناوە (شۆڕشی ارامنە)، کە وەکو وتمان ئەویش وەکو نووسەرە فارسەکانی ئێران ئاسوورییەکانی بە ارامنە ناوبردووە و وتویەتی: "ئەو مەسیحیانەی لە دیهات و شارەکانی ڕەزائیە و شاهپور و ماکۆدا بوون بە هاندان و ڕاسپاردەی بێگانەکان دەستیان کرد بە جموجووڵکردن و بەئاسانی دەستیان بەسەر شاری ڕەزائیەدا گرت، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەیان ئەو مەبەستەی کە ئەیانویست ئەیانزانی تەنها بە خۆیان ناچێتە سەر لەبەرئەوە بیریان لە سمکۆ کردەوە کە لەو ڕۆژانەدا لەناوچەکەدا مرۆڤێکی لێهاتوو و هەڵکەوتبوو بوو.

لەپاش دەسگرتن بەسەر ڕەزائیەدا مارشمعون (کاک ئەحمەدی شەریفی لە مانای مارشمعون دواوە و وتویەتی لە دوو وشە پێک هاتووە کە (مار) بە زمانی سریانی مانای (خوا) ئەگرێتەوە و شیمونیش یەکێک بوو لە هاوکارانی مەسیح.) لەگەڵ تاقمێک هێزی چەکداری خۆیدا ئەچێت بۆ سەڵماس بۆ گیرانی ئاهەنگ.

مارشیمون ویستی لەو چوونەیدا بە تیرێک دوو نیشان بپێکێت. یەکەم، بۆ ئەوەی

(شاپور) بگرێ و بیخاته ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دووهەم، بۆ ئەوەی سمکۆ ببینێت و داوای لێ بکا قورخانە و تۆپ و جبەخانەی خۆی بدا بە مارشیمون. (کاک ئەحمەدی شەریفی لەوەدا پەنای نەبردۆتە بەر هیچ سەرچاوەیەک کە لەوە دوابێ و هیچ سەرچاوەیەکیش بەو جۆرە باسی نەکردووە و لەڕاستیدا سمکۆیەک کە خۆی بەرامبەر بە دوژمنێکی هەمیشەیی بینیوە کە ئێرانی براکوژی بووە چۆن بۆی دەستداوە کە چەک و جبەخانەی خۆی بدا بە مارشمعون و جێگەی گومانیشە کە مارشمعون داوای شتی وای لێ کردبێت.)

کاک ئەحمەدی شەریفی لەباسەکەیدا ئەڵێ: مارشیمون نامەیەکی نارد بۆ سمکۆ کە لە (چهریق) بوو و داوای ئەوەی لێ کرد کە یەکتر ببینن بۆ گفتوگۆکردن و دوای ئەوەی ڕۆژی مەبەست دەسنیشان کرا مارشیمون بە خۆی و داروودەستەیەوە بە سواری کالیسکە کە (١٤٠) پیادە و سوارە دەورەیان گرتبوو هەتا گەیشتە کۆنەشار.

ساتێک گەیشتنە ئەوێ مارشیمون دابەزی و بە بەردەمی قاوەخانە و کاروانسەرای سەرڕێگەکەدا تێپەڕی و ئەوانەش کە لەگەڵیا بوون لە وڵاغەکانیان دابەزین و بەپیادە لەگەڵیا ڕۆیشتن. سمکۆش لەگەڵ چەند سوارێکی هەڵبژاردەی خۆیدا گەیشت، بەڵام ڕایسپاردبوو کە دەستەیەک لە سوارەکانی دوا بکەون.

کە هەردووکیان بەیەک گەیشتن مارشیمون باوەشی بە سمکۆدا کرد و دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن و لە ڕاوێژی قسەکردندا مارشیمون بە سمکۆ ئەڵێ: ئەم خاکەی کە ئیمڕۆ ئازربایجان و کوردستانی پێ دەڵێن لەسەرەتاوە شوێنی باوباپیری من و تۆ بووە و با ئیمڕۆ کێشەی جیاوازیی دین بخەینە لاوە و هەردووکمان هەروەکو برا پێکەوە بژین بۆ ئەوەی لە سایەی هەوڵ و تێکشانی هەردوولاماندا بتوانین جەمهوریەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆمان دروست بکەین. ئێمە سوپا و هێزێکی زۆرمان هەیە، بەڵام سوارچاکی هەروەکو لای ئێوەمان نییە، با هەردوولامان دەست بدەینە دەستی یەک بۆ ئەوەی خۆمان لە دەست حکومەتی تورک ڕزگار بکەین.

لەکاتی گفتوگۆکردندا (١٥٠) چەکداری سمکۆ کە ڕایسپاردبوون پەیدا بوون و هەموویان ڕووی چەکەکانیان ئاراستەی مارشمعون کرد و مارشیمونیان کوشت.

دەربارەی چۆنێتی کوشتنی مارشمعون لەلایەن سمکۆوە، نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەرەکانی (٣٠٧-٣٠٨)دا کە سەرچاوەی باسەکەی بریتی بوو لە کتێبەکانی احمدی کسروی و تمدن بەم جۆرەی خوارەوە باسیکردووە:[١٩]

"مارشمعون پێوەندیی لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا کرد بۆ ئەوەی پێکەوە گفتوگۆ بکەن. سمکۆ لەو ڕۆژانەدا یەکێک بووە لە کوردە هەرە ناسراو و دەسەڵاتدارە بەهێزەکانی ناوچەکەی خۆی. بارەگاکەی کە لە (چهریق – چاری) بووە حکومەتێکی بچووک بوو، لەگەڵ مارشمعوندا ڕێک کەوتن کە یەکتر ببینن و شوێنی کۆبوونەوە بە چەند شوێنێک ناوبراوە وەکو سەڵماس و کۆنەشار و شاهپور و دیلمان (بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان وتویانە شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن کۆنەشار بووە.)

احمد کسروی کوشتنەکەی مارشمعونی بەم جۆرە باسکردووە.

"مارشمعون لە بیری هەڵخەڵەتاندنی سمکۆدا بوو، پەیامی بۆ سمکۆ نارد کە لە جێگەیەک پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن و بڕیاریاندا ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٥ی اسفند (٣ی جمادی الثانی هەردووکیان لە کۆنەشار یەکتر ببینن.

مارشمعون ئەو ڕۆژە بە شکۆ و ئارایشتەوە خۆی دەرئەخا و لە گالیسکەیەکدا دائەنیشێت و (١٤٠) سواری هەڵبژاردەی ئاسووری بە ڕەخت و هەوساری لەیەکچووەوە پاش و پێشیان لێ گرت و کە گەیشتنە کۆنەشار، مار شیمون دابەزی و چووە ناو ئەو خانووەوە کە بۆ کۆبوونەوەکە تەرخانکرابوو. سوارەکانیش دابەزین و هەر یەکەیان جڵەوی وڵاغەکەی خۆی گرتبوو بەدەستەوە و لەولاشەوە سمکۆ لەگەڵ چەند کەسێک لە سوارە هەڵبژێرراوەکانی خۆیدا هات و ڕاشی سپاردبوو کە هەندێکیش لەدواوە بێن.

احمد کسروی ئەڵێ: دوو بە دوو سمکۆ و مارشمعون کەوتنە گفتوگۆکردن و ئێمە هەرچەند قسەکانی ئەوان نازانین، بەڵام ئەوەی لە زمانی سمکۆوە بیستراوە ئەوەیە کە مارشمعون پێی وتوە: ئەم سەرزەمینە کە ئێستە ناوی کوردستانە نیشتمانی ئێمەمانان بوو، بەڵام جیاوازی لە دیندا ئێمە و ئێوەی لەیەکتری کرد و بەم حاڵەی ئێستەی گەیاندوین، ئەبێ ئیتر لەمەودوا ببین بە هاودەستی یەکتری و خۆمان ئەم سەرزەمینە بگرینە دەست و پێکەوە بژین. ئێمە سوپامان سازکردووە، بەڵام سوارەمان نییە ئەگەر ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا بن لەبەرئەوەی سوارەتان زۆر هەیە ئەچینە سەر تەورێز و ئەوێش داگیر ئەکەین.

لەو کاتەدا سوارە دواکەوتووەکانی سمکۆ ئەگەن و پشتی سەربانەکان ئەگرن و مارشمعون قسەکانی خۆی تەواو ئەکا و مژدەی هاودەستیی ئەداتێ و هەڵدەستێ بڕوا، سمکۆ بەپێکەنینەوە بەڕێی ئەکا و ئەو ژوورەی لێی دانیشتبوو پەنجەرەکەی

ڕووبەڕووی دەرگای حەوشەکە دەبێ و گالیسکەکەی مارشمعون کە لەبەر دەرگاکەدا ڕاگیرابوو لە ژوورەکەوە ئەبینرا و ساتێک مارشمعون لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە و ئەگاتە گالیسکەکە و دەیەوێ پێ بخاتە ناوی لەناکاو تەقەی تفەنگی سمکۆ دێ و گوللە لە پشتی مارشمعون ئەدا و ئەکەوێ. هەر لەو کاتەدا شوکاکەکان کە لە پشتی بانەکەوە بوون هەموو بەیەکجار دەستڕێژ ئەکەن و ئاسوورییەکان کە لای ئەسپەکانی خۆیانەوە وەستا بوون ئەکوژرێن و هەروەکو ئەڵێن لەیەک دوو کەس بەولاوە هیچیان لێ دەرنەچوو. مارشمعون هێشتا گیانی تیادا مابوو کە عەلی ئاغای برای سمکۆ گوللەیەکی تری پێوە نا و کوشتی.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٠٨) دەربارەی کوشتنی مارشمعون باسی سەرچاوەیەکی تری کردووە کە بریتی بووە لە کتێبەکەی (تمدن) کە ئەویش هەر بەو جۆرە باسی کوشتنی مارشمعونی کردووە، بەڵام لە باسەکەی تمدندا ئەڵێ: مارشمعون (١٠٠) چەکداری لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ (سەڵماس) کۆبوونەوە و احمد کسروی باسی کۆنەشاری کردووە.

نووسەری کورد و عەجەم لەو کتێبەیدا دەربارەی کوشتنی مارشمعون وتویەتی: کوشتنی بەم جۆرە پێچەوانەی ڕەوشتی جوامێرانەی کورد و پەیماشکێنیە کە لەناو کورددا بە ڕیسوابوونێکی گەورە دائەنرێ کە شتی وا لە نەریتی کوردەواریدا نەبوو و یا ئەگەر بووش بێت بەدەگمەن و ناپەسەند و دزێو بووە.

ئەم کارەی سمکۆ لە مێژووی کورددا وێنەی تری نییە، کەچی لە مێژووی عەجەمدا نموونەی زۆرە بگرە هەر لە بنەماڵەی سمکۆدا چەند جارێک ئەمە دووبارە بۆتەوە لەلایەن عەجەمەوە.

ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەی و عەلی ئاغا (علی خان)ی باپیری و جەعفەر ئاغای برای و محەمەد ئاغای باوکی هەموو بەو جۆرە و بەناجوامێرانە لەناوبران و سمکۆش لەوەدا لاسایی عەجەمەکانی کردۆتەوە.

لەکاتێکدا نووسەرانی عەجەم کوشتنی ناجوامێرانەی گەورەکانی کورد لەلایەن خۆیانەوە و لە مێژووی خۆیاندا بەئازایەتی و زیرەکی و لێوەشاوەیی کاربەدەستانی خۆیان دائەنێن، ئەم کارەی سمکۆ بەتەواوی بێ ئەقڵانە و ناجوامێرانە و بێ لێکۆڵینەوە دائەنێن (لام وایە چ تمدن و چ احمد کسروی هەردووکیان زانیویانە کە ئێرانییەکان خۆیان هانی سمکۆیان دابوو کە ئەو کارە ناجوامێرانە بکات کەچی نە ئەوان و نە هیچ نووسەرێکی تری ئێرانی بەلای باسکردنی ئەوەدا نەچوون.)

## ٤- هێرشبردنی ئاسوورییەکان بۆ سەر سمکۆ لەدوای کوشتنی مارشمعون

لەدوای کوشتنی مارشمعون ئاسوورییەکان جۆشیان سەند و پەلاماری بنکەکانی سمکۆیان دا و شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا روویدا و کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا کرا.

گەلێک سەرچاوە باسی ئەو هێرشبردنەوەی ئاسووری و شەڕەکانی نێوان ئەوان و چەکدارەکانی سمکۆیان کردووە کە لە هەموویان بەدووروودرێژتر (دانیال متی)یە کە لە سەرچاوە فرەنسییەکانەوە کۆی کردۆتەوە و بەفارسی لە گۆڤاری دراساتی ئەنستیتوتی کوردی پاریسدا بڵاوی کردۆتەوە کە وتویەتی:(٢٤) "لەدوای کوشتنی مارشمعون شەڕێکی تەواو لەنێوانی کورد و (جەلو)ی ئاسووریدا دەستی پێ کرد، رۆژی ١٩١٨/٣/٣٠ هەموو ئەو کوردانەی لە ورمیەدا ئەژیان بەبێ جیاوازی تەمەن و بە ژن و منداڵەوە لەلایەن ئاسوورییەکانەوە کوژران کە ئەم کوشتارە (٤٠٠-٥٠٠) قوربانیی بەجێهێشت و لەدوای ئەوە هێزی ئاسووری و ئەرمەنی دەستیان کرد بە هێرشبردن بۆ سەر سمکۆ و هاوکارەکانی و دۆستەکانی.

هێزێک لەژێر فەرماندەی ئاغا پتروسدا هێرشی بردە سەر قەڵای (چهریق-چاری) کە بنەکەیەکی قایمی سمکۆ بوو و داگیریان کرد. ئەو هێرشە ئەوەندە توندوتیژ بوو سمکۆ بە پەلەپرووسکێ و بەشەڕەشەق توانیی خۆی دەرباز بکا (کە دانیال متی بۆ ئەوە نیشارەتی بۆ راپۆرتی میجەر چاتیل کردووە و هێرشێکی تریش بە سەرکردایەتی هێزی ستوان گاسفیلد و کۆلۆنێلی روس هێرشیان بردە سەر ناوچەی (قوشچی) و دەوروبەری و شەڕەکە نزیکەی دوو رۆژی خایاند و ناوچەی سەڵماس لە کورد پاک کرایەوە و شاری (دیلمان)یش داگیرکرا (کە دانیال متی لەمەدا سەرچاوەکەی راپۆرتێکی گاسفیلدە) و ئەو فرەنسییانەی لەو ناوچانەدا بوون هەموو هاوکاری (جەلۆ)کان بوون و هەروەکو درندەیەکی بێ وێنە و بەبێ بەزەیی بە هاوکاری جەلۆکان و بەوپەڕی رقنەستوورییەوە هێرشیان ئەبردە سەر گوندەکانی کوردنشینەکان و لە هەموو شوێنێکدا کوشتارێکی گشتییان کرد، بەڵام لەو کاتەدا رووداوێک هاتە پێشەوە کە دەرفەت و هەلی بۆ سمکۆ رەخسان کە بتوانێت لەلایەکەوە تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە پێوەندیی خۆی لەگەڵ

دۆستەکانیدا تازە بکاتەوە (کە مەبەستی تورکەکان بووە.) دەربارەی ئەو ڕووداوە، دانیال متی ئەڵێ: لە کۆتایی مانگی مارتدا پتر لە (٢٥) هەزار ئەرمەنی کە پێک هاتبوون لە ئەرمەنییەکانی ناو سوپای ڕوس و ئەرمەنییە چەکدارەکانی تورکیا و ژمارەیەکی تری غەیری سەربازی لە ئەرمەنییەکان و لەدوای ئەوەی هێزی ڕوس کشابووەوە، تورکەکان دەستیان کردبوو بە پەلاماردانی ئەو ئەرمەنیانە و ڕاویان نان هەتا بەناچاری بەرەو ئێران هەڵاتن هەتا لە ڕێگەی (قتور)ەوە پەنایان بردە بەر ناو خاکی ئێران.

تورکەکان لەوەدا دوودڵ بوون کە ئایا لە ئێرانیشدا هێرش ببنە سەریان یان نا. لەئەنجامی دەربڕینی ناڕەزایی ئێران و کاربەدەستەکانیان لە تەوریز تورکەکان ناچار بوون دان بە خۆیاندا بگرن و ئنجا نۆرە هاتە سەر سمکۆ کە ئەرکی ئەو هێرشبردنە بگرێتە ئەستۆی خۆی و بەرەنگاری ئەرمەنییەکان بووەوە و لەو شەڕەدا کە کرا نزیکەی (٥٠٠) ئەرمەنی کوژرا.

لە گێژاوی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەدا هەڵوێست و بارودۆخی ناو ورمییە هەتا دەهات ڕووی لە خراپتر دەکرد و ئەو پەیمانەی لەکاتی خۆیدا لەدوای سەرکەوتنی (جەلۆ)کان مۆرکرابوو، حاکمی شار و سەرۆکی پۆلیس لە کار لابران (کە لە ئاسووری و ئەرمەنی پێک هاتبوو وەکو لە شوێنی خۆیدا بەر لەمە باسکراوە.) و هەردووکیان خرانە ژێر چاودێرییەوە. لەڕاستیشدا دەسەڵات بە دەست ئاغا پتروس و تاقمەکەیەوە بوو کە لەناو شارەکەدا هەموو جۆرە تیرۆرێکی خوێناویان لێ وەشایەوە، لەبەرئەوە چارەنووسی خەڵکی شاری ورمیە لە مەترسیدا بوو.

لەو ڕووەوە دکتۆرە فرەنسییەکە (کە سەرچاوەی دانیال متییە) نووسیویەتی: "ماوەیەکی دووروودرێژە برسێتی و قاتوقڕی بەتەواوی زەیفی لە خەڵک سەندووە، جاری وا هەیە پتر لە سەد کەس تەنها لە یەک ڕۆژدا لەبرسا دەمرن و کۆڵانەکان پڕن لەو برسییانە و ئەوانە لەسەر پاشماوەی خواردەمەنی فڕێدراو لەگەڵ سەگەکاندا کەوتوونەتە شەڕەوە، ئێمەش هەروەکو ئەمریکاییەکان هەوڵی ئەوە ئەدەین بەپێی توانا و دەسەڵاتی خۆمان ئەم هەژاری و نەبوونیە چارەسەر بکەین.

لە باشووری دەریاچەی ورمیەدا بارودۆخ لەوەی ورمیە خراپترە، کوردەکان وایان لێ هاتووە کە ناچارن تەنانەت گۆشتی مردووش بخۆن.

سەرەڕای ئەو بار و هەڵوێستە ناڵەبارەش، پێوەندیی نێوان (جەلۆ) و نوێنەرانی

ولاتانی هاوپەیمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. پیاوە شەڕکەرە شاخاوییەکانی (جەلۆ) گوێ نادەنە ئەو ڕوسانەش کە سەرکردەی هێزەکانی خۆیانن.

دوکتۆرە فەرەنسییەکە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "لەئەنجامی ئەو تەقەلایەی کە ئەماندا بۆ بەربەرستکردنی کوشتن و تالانی، ئەو (جەلۆ)یانە ئێمەیان (فەرەنسییەکان) بەوە تاوانبار دەکرد کە لایەنگری موسوڵمانەکانین و کار گەیشتە ڕادەیەک کە جێگری قونسوڵی ئەمریکا داوای دوورخستنەوەی چەند سەرۆکێکی ئاسووری کرد.

دانیال متی لەباسەکەیدا دەربارەی بۆچوونی جۆربەجۆری و جیاوازی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ئەڵێ: "ئەمریکاییەکان دەیانویست بەرژەوەندی و بۆچوونی میسۆنێرەکانی خۆیان بپارێزن و هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆیشتن، ڕوسەکانیش بەپێی ڕاسپاردەی کونسولی خۆیان کە (باسیل نیکیتین) بوو فشار بخەنە سەر ئەرمەنییەکان، بەو شێوەیە لە کۆبوونەوەیەکی کۆنسولی فەرەنسی و ئەمریکا و ڕوسیا، نوێنەری ڕوس و ئەمریکا پێشنیازیان کرد کە تەقەلا و سیاسەتی جێنشینکردنی سوپای ڕوس بە هۆی ئاسوورییەکانەوە بەلاوە بنرێ و هەوڵ بدرێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هێزێکی جەندرمە پێک بێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی سنوور، بەڵام ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان دژی ئەو پرۆگرامە بوون چونکە بە بۆچوونێکی بێهوودە و سەرنەگرتوویان دائەنا. لە ئەنجامی ئەو یەکنەبوونی بۆچوونانەدا ڕوسەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و خاچی سووری ڕوس یارمەتیدانەکەی خۆی بۆ نەخۆشخانەی فەرەنسییەکان بڕی و حکومەتی قەفقاس لەو بڕیارەی پاشگەزبووەوە کە بڕیار بوو سوپا بنێرێت بۆ کوردستان بۆ یارمەتیدانی ئاسوورییەکان.

دانیال متی لەباسەکەیدا باسی جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکی ئینگلیز و فەرەنسییەکان ئەکا لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە ئاسووری چونکە فەرەنسا نەیئەویست بەئاشکرا بەشداری کارێک بکات کە حکومەتی ئێران بە هۆی ئەوەوە بکا بە دوژمنی خۆی و ئینگلیزەکانیش نەیانئەویست خۆیان بئاڵێننە ئەو ناکۆکییەی کە سەرەتای سەرەنجامەکەیان بۆ دەرکەوتبوو.

ڕۆژی ٢٧ی نیسانی ١٩١٨ بڕیاردرا کە شاری ورمیە بەجێ بهێڵرێ، بەڵام (ستیوان گاسفیلد) بەپێچەوانەی ئەو بڕیارە ویستی بمێنێتەوە. باسیل نیکیتین کە جێگری قۆنسولی ڕوس بوو لەگەڵ فەرەنسییەکاندا کە لە ورمیەدا بوون شاریان بەجێهێشت و فەرەنسییەکان بەرلەوەی بڕۆن بەشی تەنها (١٥) ڕۆژ داو و دەرمانیان بۆ ناوچەکە بەجێهێشت.



له کتێبەکەی (محمد تمدن)ەوە وەرگیراوە، کە وێنەری باسیل نیکیتینی کۆنسوڵی ڕوس و خێزانەکەی و نوێنەری جلو و حکمرانی ورمیە و چەند کەسێکی تیادایە.

بەو جۆرە ئاسوورییەکان بەتەنها مانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکان کە لەو ڕۆژانەدا تورکەکان هێزەکەیان بەرەو پێشەوە دەهات.

شەڕ لەنێوانی کورد و جەلۆدا بەتوندوتیژی درێژەی کێشا و لە ناوەڕاستی مانگی نیسانەوە کورد و ئازەری بە هیوای گەیشتنی سوپای تورک لە ناوچەی ورمیەدا هێرشیان بردە سەر (جلۆ)کان و ئەوانیش بەتوندوتیژی ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام شاری (دیلمان) کە لە مانگی مارتەوە کەوتبووە دەست جلۆکان لەئەنجامی ئەو شەڕەدا لە جلۆکان پاک کرایەوە و هەزاران کوژراو و بریندار هەبوو. لە هەمان کاتدا تورکەکان بە شێوەیەکی کوتوپڕ گەیشتە ئازربایجان و کۆمیتەی حزبی دیموکرات کە

شارەکەی بەڕێوە ئەبرد (مەبەستی شاری ورمیەیە) بوون بە چەند بەشێکەوە، هەندێکیان لایەنگری تورکەکان بوون بە هیوای ئەوەی بەشکو بە هۆی تورکەکانەوە بتوانن بەسەر دوژمنەکانی خۆیاندا سەرکەون و بەشێکی تریان دەترسان کە بوونی تورکەکان ببێتە هۆی ئاژاوە لە ناوچەی ئازربایجانی شێواو و وێراندا و مەبەست و ئامانجەکانی تورک بەرامبەر بە ئازربایجان و کوردستان مەترسییان لێ نیشتبوو.

ئەم ناکۆکییانە لە ڕوواڵەتدا لە ڕووی سوپاییەوە بە زەقی خۆی دەرنەخستبوو، بەڵام بوو بە هۆی گۆڕانی سیاسەتی تەبریز بەرامبەر بە (جلۆ)کان و کەوتنە سەر ئەوەی ئاسوورییەکانیان ڕانەسپارد و هانیان ئەدات لە ڕێگەی (باکۆ)وە ڕوو بکەنە قەفقاس و ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵن و بیریشیان لەوە کردبووەوە کە تەقەلای ئەوە بدەن کە ئاسوورییەکان بکەن بە گژ ئەو هێزەی تورکدا کە بەرەو پێشەوە هاتبوو، بەڵام ئەو پروگرامانە هیچیان سەریان نەگرت، بەڵام سیاسەتی حکومەتی تەورێز بە شێوەیەکی تەواو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و لە مانگی مایسدا کۆمیسیۆنێکی تر پێک هات و بەرەزامەندی هێزە یەکگرتووەکان ئەو کۆمیسیۆنە نێررا بۆ (ورمیە).

ئەم هەڵوێستە تازەیە بوو بە هۆی ناکۆکیی نێوانی تەورێز و عەشایرە کوردەکان کە پاڵیان دابوو بە هێزەکەی تورکەوە.

نووسەری ئەو باسە (دانیال متی) لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: کاربەدەستانی ئێران چەند جارێک ڕووبەڕووی سمکۆ بوونەوە و توانییان ئاسووری و ئەرمەنییەکان لە کوشتاری سمکۆ ڕزگار بکەن کە سمکۆ خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو. سمکۆ لە ژوورەوە و سید طەی نەهری لە باشوورەوە لەگەڵ سوپای تورکدا کە لە (شنۆ)دا بە یەک گەیشتبوون یەک کەوتن.

لە مانگی مایسدا مەبەستی تەواوی تورکەکان لە جاران باشتر ڕوون بووەوە و دەرکەوت کە ئەوەیان خستبووە بەرچاو کە لە دوو شوێنەوە جموجووڵی خۆیان بکەن.

یەکەم لە ناوچەی بایەزید-ماکۆ دەست پێ بکەن و ئەوی تر لە ناوچەی ڕواندزەوە هەتا ئەگاتە ئەو مەڵبەندەی کەوتۆتە ڕۆژئاوای گۆمی ورمیە، هەمووی ئابڵوقە بدەن. هێزەکانی بریگادی شەشەم چەند جارێک هێرشیان بردە سەر ناوچەی (سەڵماس) بەڵام سەرنەکەوتن. ستیوان گاسفیلد لەو ڕووەوە نووسیویەتی: "ئێمە (گاسفلید سەرکردەی هێزی ئاسوورییەکان بووە، هەروەکو لەپێشتردا لێی دواین گاسفیلد ئەفسەرێکی کۆنی قەیسەری ڕوس بوو لەناو هێزی ئاسوورییەکاندا مابووەوە.) لە

هەموو لایەکەوە دەورە درابووین، تەقەمەنیمان لە کەمبووندا بوو، دابینکردنی خواردەمەنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەگرانتر بۆمان ساز ئەبوو، ناوچەکە لە شەڕی جیهانیدا بە هۆی سوپای ڕوسەوە تووشی هەژاری هاتبوو، توانای تێرکردنی خەڵکی ئاسایی و ئەو هەموو پەنابەرانەی (جەلۆ) و ئەرمەنی کە ئەمانە (٦٥٠٠) کەس دەبوو نەمابوو، برسێتی لەناویاندا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی ئەسەند، نەخۆشیی کولێرە و تیفوس لەناو ئێرانی و مەسیحییەکاندا خەڵکی تەواو پەریشان کردبوو، هەتا ئەهات ئاژاوە زۆرتر پەرەی ئەسەند و کوشتاری بە کۆمەڵ کۆتایی نەدەهات.

گاسفیلد ئەڵێ: بڕیاماندا لە ناوچەی سەڵماس هێرشی ببەینە سەر تورکەکان و هەتا (جولفا) بیانبەینە دواوە بۆ ئەوەی بتوانین پێوەندی لەگەڵ قەفقاسدا ببەستین و یارمەتیی ئەوێمان دەستگیر ببێت، بەڵام هێرشەکەمان تووشی شکستی بوو و بەشێک لە هێزەکانی پێشەوەمان بەرامبەر بە کوردەکان خۆیان پێ ڕانەگیرا و هەڵاتن کە ئەمە بوو بە هۆی کشانەوەی بەپەلەی هەموو هێزەکانی مەسیحییەکان، ئەو مەسیحیانەی لە سەڵماسەوە بەڕێ کەوتبوون ماڵەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو تووشی بارودۆخێکی نالەبار بووبوون و پتر لە پەنجا هەزار کەسیان ڕوویان کردە ورمیە و لە ڕۆژی ١٢ی حزیرانی ١٩١٨دا سەڵماس کەوتە ژێر دەستی تورکەکان.

بارودۆخی ناو ورمیە زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو، هەتا ئەهات بەرەو خراپتریش ئەڕۆیشت و لە کۆتایی مانگی حزیراندا ئەو تەقەلایەی بۆ گفتوگۆکردن درابوو سەری نەگرت."

دانیال متی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ:

لە ڕۆژی ١٠ی تەموزدا فڕۆکەیەکی ئینگلیز لە ورمیە نیشتەوە کە بۆ ئەوە هاتبوو کە بە ئاسووری و کلدانییەکان ڕابگەیەنێت کە بەتەمای هیچ جۆرە پشتیوانییەکی ئینگلیز نەبن.

لەو ڕووە گاسفیلد وتویەتی: "بۆمان دەرکەوت کە ئیتر نەبێ پشت بە خۆمان ببەستین و ئەو فڕۆکەیەی کە هاتبوو ئاگاداری کردبووین کە ئینگلیزەکان شاری (هەمەدان) و ناوچەکانی باکووری ئەو شارەیان گرتبوو بۆ ئەوەی ئاسووری و کلدانییەکان کە ئابڵوقە درابوون لە باشووری گۆمی ورمیەدا، خۆیان دەرباز بکەن و لە ڕۆژی ٢٠ی تەموزدا هێرش برایە سەر هێزەکانی تورک لە باشووری دەریاچەی ورمیەوە و لە ناوچەکانی نەغەدە و ساباڵاغەوە و هێزی تورک لەدوای چەند شەڕێکی

توندوتیژ شکا و بەرەو ڕواندز کشایە دواوە."

ستیوان گاسفیلد لەگەڵ (٣٠٠) سواری جەلۆ ڕێگای (بیجار)ی گرتە بەر چونکە زانیبووی کە ئینگلیزی تیادا بوو و لە ڕێگا تووشی تاقمێک ئینگلیز بوو کە هەندێ کاربەدەستیان بەرەو ورمیە دەچوون بۆ ئەوەی هێزەکەی ئاسووری ڕێک بخەن کە ئەمە هەموو یارمەتیدانێکی ئیگلیز بوو بۆ ئاسوری، بەڵام ئەوەش درەنگ گەیشت و لە شەڕێکی تردا کە لە ٣١ تەموزدا ڕوویدا ورمیە کەوتە دەست تورکەکان و سوارەی کورد و ئازربایجانی کە لەگەڵ تورکەکاندا بوون.

چەند سەد کەسێک لەو ئاسووری و کلدانییانەی پەنایان بردبووە بەر خانووەکەی میسیۆنی فرەنسی و چەند میسونێکی تری ئایینی فرەنسی کە یەکێک لەوانە (سنیور سبنتاک) بوو، هەموو کوژران. وە ساتێک مەسیحییەکانی کوردستان بەرەو هەمەدان کۆچیان کرد، سەرەڕای ئەو نەخۆشی و ئازار و برسێتییەی تووشی بووبوون عەشیرەتە کوردەکان ویستیان تۆڵەی خۆیانیان لێ بسێننەوە، لەبەرئەوە زۆریان کوژران و تەنها پەنجا هەزار کەس لە ئاوارەبووەکان گەیشتنە هەمەدان و لەوێ ئینگلیزەکان دەسبەجێ چەکەکانیان لێ سەندن و بردیاننە ناو کامپی ناو سوپاکانی خۆیانەوە و ئەوانی تریان ناردن بۆ (بەعقوبە) کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا بوو کە لەدواییدا هێزی لیڤییان لێ پێکهێنرا و ئینگلیزەکان لە ڕادەبەدەر سوودیان لەو لیڤییە ئاسووریانە وەرگرت و لە هەمان کاتیشدا بوونیان بەو جۆرە بوو بە هۆی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر بۆ ئێران و بۆ سەرۆکعەشیرەتەکانی کورد لە ناوچەکانی هەکاری و ورمیە بەتایبەتی بۆ سید طە نەهری بۆ سمکۆ.

لە ساڵی ١٩٢٠دا بە نیازی سەرگرتنی تەقەلایەکی پووچەڵ و بێهوودە بۆ نیشتەجێکردنی ئاسوورییەکان لە ناوچەکانی ورمیەدا تاقمەکەی ئاغا پتروس بۆ دواجار لەگەڵ سمکۆدا چوون بەگژ یەکتردا و دوای ئەوە ئینگلیزەکان بیریان لەوە کردەوە کە بیانگوێزنەوە بۆ کەنەدا بەڵام ئەوەش هەر قسە بوو، سەری نەگرت.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (٣٣٩-٣٤٠)دا وتویەتی: "بە فەرمانی ئاغا پتروس، سەرکردەکانی ئاسوری کۆبوونەوەیەکی جەنگیان کرد و هێزەکانی خۆیان ڕێکخست و ئامادەیان کرد و هێرشێکی کوتوپڕیان کردە سەر چهریق و سمکۆ لەناکاودا ئابڵوقە درا، لەو شەڕەدا چەندین کورد کوژران کە لەوانە دایکی سمکۆ و کچێکی جەوهەر ئاغای برای سمکۆ بو." لەدوای شەڕێکی

خوێناوی و سەخت، سمکۆ خۆی و هێزەکانی کشایە دواوە و چووە ناو خاکی تورکیاوە و ئاسووریەکانیش گەڕانەوە بۆ ورمیە بەڵام لە هەلومەجێکی زۆر سەخت و ناخۆشیدا ئەژیان.

لەدوای ماوەیەک سمکۆش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

بەو جۆرە کورد لە ناکۆکییەکی لابەلای ترەوە گلا کە بریتی بوو لە ناکۆکی لەگەڵ ئاسووریەکاندا.

شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود لە یاداشتە چاپنەکراوەکانیدا باسی هەڵوێستی دوای کوشتنی مارشمعونی بەم جۆرە کردووە:(٢٥) "دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی مارشمعون، ئاسوورییەکان پەلاماری سمکۆیان دا و سمکۆ نەیتوانیبوو بەرامبەر بەو هێرشە خۆی بگرێت، لەبەرئەوە بەپەلە خۆی و خێزانەکەی دەرباز کرد و گەیشتە (باشقەڵا) لەناو خاکی تورکیادا و لەوێ باسی چۆنێتی کوشتنی مارشمعونی بۆ تورکەکان گێڕابووەوە، لەو کاتەدا هێزی عەلی ئیحسان پاشای تورک خۆی ئامادە کردبوو کە بچێتە سەر عێراق بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکا، بەڵام کە ئەو کوشتنەی مارشمعونی بەسەردا هات ئیتر بریار دەرچوو کە عەلی ئیحسان پاشا بە خۆی و لەشکرەکەیەوە پەلاماری ئاسوورییەکان بدا و قەلاچۆیان بکات. بەو جۆرە هێزەکەی عەلی ئیحسان پاشا و چەکدارەکانی عەشیرەتەکانی کورد بە هەموویان پەلاماری ئاسوورییەکانیان دا و لە ورمیە و شپرزەیان کردن و ئەوی ڕزگاری بووبوو بەناچاری ڕایکرد بۆ هەمەدان کە لەو ڕۆژانەدا هێزی ئینگلیزەکانی تیادا بوو."

کاک کەریمی حسامی دەربارەی پەلاماردانی ئاسوورییەکان بۆ سەر سمکۆ ئەڵێ:(٢٩) "سمکۆ لەدوای کوشتنی مارشمعون، هەر ئەو ڕۆژە گەڕایەوە بۆ (چاری) و ڕۆژی دوایی بۆ بەیانی لەشکری ئاسووری پەلاماری سمکۆ ئەدەن و لەناو گوندەکانی خۆیدا گەلێک کوشتاری لێ ئەکرێ و ناچار ئەبێ چاری بەجێ بێڵێت. هەروەکو (علی دهقان)، نووسەری کتێبی رضائیە باسی کردووە، فەلە و ئاسووری بۆ ماوەی (١٥٩) ڕۆژ لە ناوچەی ورمیەدا کوشتاریان لە خەڵک کردووە کە (١٤٠) هەزار کەسیان لە ژن و منداڵ کوشتووە و شار و گوندیان تالان کردووە (لام وایە علی دهقان لەو ژمارەیەدا زۆری پێوە ناوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی تر بە جۆرەی باس نەکردووە.)

کاک ئەحمەدی شەریفی لەناملیکەکەیدا دەربارەی تۆڵەسەندنەوەی ئاسوورییەکان

لە سمکۆ بەم جۆرەی خوارەوەی باس کردووە[٤٤] "ساتێک ئاسوری و ئەرمەنیەکان هەواڵی کوشتنی مارشمعونیان بیست هەموو پەژارەیان تێ کەوت و هەر ئەو شەوە دوو هەزار لەوانەی کە لە (کۆنەشار)دا بوون دەستیان کرد بە کوشتنی دانیشتوانی ئیسلام و کلیمی (وشەی کلیمی کە کاک ئەحمەدی شەریفی ناوی هێناوە مەبەست لە جوولەکەیە کە نووسەرە فارسەکان بە کلیمی ناویان بردون کە ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە گوایا موسا پێغەمبەر قسەی لەگەڵ خوادا کردووە، لەوەوە پێی وتراوە موسی کلیم الله)، وە ژمارەیەک ژن و منداڵ پەنایان بردە بەر (دیلمان) و ژمارەیەکیش بە دەستی (مستر شید)ی خوێنخواری سەرکردەی ئەرامنە کوژران. (وەکو احمد کسروی باسی کردووە لەو شەڕەدا دە هەزار موسوڵمان کوژرا و بریندار بوون.)

دوای ئەوە پتروسی ئاغا کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەرامنە بانگەوازێکی بڵاو کردەوە کە پڕ بوو لە دەربڕینی ڕق و قینی خۆی بەرامبەر بە کورد و بە هۆی چەند تۆپچییەکی ڕوسەوە شەڕیان دامەزراند.

هەرچەند سمکۆ تارادەیەک کوشتنی مارشیمونی بە دڵ نەبوو و نائارام بوو بەرامبەر بەوە، بەرلەوەی ئاسوورییەکان هێرشی ببنە سەری و پەلاماری (چهریق) بدەن ژن و منداڵی لە چهریق دوورخستەوە و ناردنی بۆ دێهاتی دەوروبەر.

هەرچەند شوێنەکەی سمکۆ زۆر سەخت بوو، بەڵام لەو کاتەدا ژمارەی ئاسوورییەکان ئێجگار زۆر بوو بۆیە سمکۆ لەدوای بیست و چوار سەعات ناچار بوو بکشێتە ناوچە شاخاوییەکان و ئەوی نەیتوانیبوو دەرباز ببێت کوژران و ئاسوورییەکان دایکی سمکۆ و کچی جەعفەر ئاغایان بە دیل گرت و ناردیان بۆ ورمیە. (بەڵام وەکو لەپێشتردا لە کتێبەکەی کورد و عەجەمدا باسکراوە کە سەرچاوەکەی تمدن بووە وتویەتی ژنەکەی سمکۆ و کچێکی جەعفەر ئاغا کوژرا بوون.)، بەڵام زۆری پێ نەچوو ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی (هەرکی) ڕووبەڕووی ئاسوورییەکان بوونەوە و سمکۆ هاتەوە ناوچەکە و بە هەموویان پەلاماری ئاسوورییەکانیان دا و ناچاریان کرد کە بکشێنە دواوە و ئەنجامی شەڕەکە بە سوودی کورد وەرگەڕا و چەک و جبەخانەیەکی زۆریان لە ئاسوورییەکان دەستگیر بوو، بەو سەرکەوتنە سمکۆ ئەوەندی تر ناوبانگی بەرز بووەوە.

## ٥- گواستنەوەی ئاسوورییەکان بۆ هەمەدان و بعقوبە و لەوێوە بۆ ژووروی کوردستانی خواروو

بەڕاستی باسی چارەنووسی ئاسوورییەکان لەو قۆناغە مێژووییە سەختەی شەڕی جیهانی و هەتا کۆتایی بیستەکان و لەپاش ئەوەش ئەو کوشتارە زۆرەی کە لەدواییدا لە (سمیل) سوپای عێراق دەربارەی کردن، ئەمانە هەموو باسێکی دڵتەزێنە و یەکێکە لە ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی تووشی هەندێک لە میللەتانی جیهان بووە و، گەلی ئاسووریی ئازا و جێگربوونی خاکێکی جوان و ڕازاوەی دراوسێی میللەتی کورد و دۆستێکی دێرینی، بەرلەوەی تۆوی ناکۆکی دەوڵەتە سەرمایەدار و چاوچنۆکەکانی ئەو ڕۆژانە چەکەرە بکا و ببێتە مایەی ناکۆکی و شەڕ و گومان لەیەککردن بە پیلان و نەخشەی ئەو دەوڵەتانە تووشی گێژاوێکی ئێجگار سەخت بوو بە هۆی ئەو مسیونێرانەی کە بەڕواڵەت بۆ سوودی کریستیانەکان لەو ناوچانەدا کاریان ئەکرد، کە دەرکەوت ئەوانە هەموویان ئاگری بێ کا بوون و ئامادەکەری هەواڵ و زانیاری بوون دەربارەی ناوچەکە و هەموویان بۆ حکومەتەکانی خۆیان تۆمار کردووە و ئەو مسیونێرانەی توانیبوویان ڕەگی دەمارگیریی ئایینی لەو ناوچانەدا ببزوێنن و سەرکردە ئاینییەکان چ لەناو کریستیانەکاندا بووبێت چ لەناو ئیسلامەکاندا ئەوانەش بۆ سوودی سەرکردایەتی خۆیان میللەتکەی خۆیان بەخۆڕایی بە گورگان خواردوو داوە و تووشی سەدان بەڵا و دەردیسەری کردووە و تۆباڵی ئەو هەموو خوێنڕشتن و ئاوارەیی و دەربەدەری و برسێتی و نەبوونییەیان هەمووی بە ئۆباڵی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بووە کە لاپەڕەکانی مێژوو دەریخستووە. نەک هەر ئەوەی ئاسووری، بەڵکو دەیان نموونەی لەوە ناخۆشتر و سەختتر هەیە کە هەمووی لەئەنجامی هەڵپەی ئەو دەوڵەتە چاوچنۆکانەدا ئەو هەموو کارەساتانە ڕوویداوە و یەکێک لە سروشتەکانی سەرمایەدار ئەوەیە کە قەت تێرخواردنی بۆ نییە و لە ڕێبازی ئەو تێرنەخۆریی و ئەو چاوچنۆکییەدا هەرچی ڕەوشت و ئاین و بەڵێن و پەیمان هەبوو هەمووی پێشێلکراوە.

بەر لە شەڕەی یەکەمی جیهانی، بەرلەوە ماوەیەک بوو چ ڕوسی قەیسەری و چ ئینگلیزەکان و چ فەرەنسی و ئەمریکایی هەر یەکەیان بە جۆرێک ویستبوویان ئەو

ئاسووری و ئەرمەنی و کریستیانانەی تر کە لەو ناوچەیەدا ئەژیان بە ناوی دینەوە بیانکەن بە ئەڵقەلەگوێی خۆیان و کە شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد ئەو تۆوی قین و دووبەرەکی و نارێکییەی کە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بە هۆی میسیۆنێرەکانەوە چاندبوویان لەو کاتی شەڕەدا چەکەرەی کردبوو، سەیری لە هەمووان سەیرتر کە ڕوواڵەتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەو ڕۆژانە و درۆکانیان دەرئەخا، لەکاتێکدا میسونێرەکانی ئینگلیز و ڕوس بە ناوی ئاینی مەسیحیەوە بەڕوواڵەت پارێزگارییان لەو مەسیحیانە دەکرد، ئەڵمانیای ئەو ڕۆژانە کە هاوکار و دۆست و بەشداری حکومەتی عوسمانی بووە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەو بە جۆرێکی تر بۆ سوودی خۆی پرۆپاگاندەی ئاینی دەکرد، بەڵام لە جۆری ئەوەی ڕوس و ئینگلیز نەبوو، بەڵکو بۆ قورسکردنی تای تەرازووی دەوڵەتی عوسمانیی ئیسلامی هاوکاری بوو، لەو ڕۆژانەدا ئەڵمانەکان پروپاگاندەیان بۆ ئیسلام بڵاو دەکردەوە و لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا باسی لایەنگریی ئەڵمانیان ئەکرد بۆ ئیسلام و بڵاویان ئەکردەوە کە گەلێک لە پیاوە ناسراوەکانی ئەڵمان بوون بە ئیسلام، بەرامبەر بەوەش ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی کە ئینگلیزەکان لە بەغداد دەریان ئەکرد و میجەر سۆن سەرپەرشتی دەکرد لە ئەڵمانەکان زۆرتر بە پەرۆش بوون بۆ ئیسلام و بۆ ئەوەی بە درۆ لە خەڵک بگەیەنن کە ئینگلیز دۆستی ئیسلامە، بۆ نموونە لە ژمارە (٤)ی کانوونی دووهەمی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی ساڵی ١٩١٨دا وتویەتی: "فەرموو... ئەوا مستەر ل. ج. ستیوارت نەک هەر بووە بە ئیسلام، بەڵکو ناوەکەی خۆشی گۆڕیوە و کردویەتی بە جمال الدین و مستەر جاکسن کە تازە موسوڵمانە و ناوی خۆی ناوە (سەعدی حەمدی) ئەو ناوەی لە هەموو ناوێکی تری ئینگلیزی پێ خۆشترە..."

بەرلەوە میجەر سۆن کە لە ساڵی ١٩٠٩دا بە ناوی حاجی میرزا غولامی شیرازییەوە چووبووە خوارووی کوردستان سەری بچووایە نوێژی ئەدەچوو.

بەکورتی درۆ و دەلەسە و هەسان لە بەر پێدانی میللەتە ساویلکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات لەو ڕۆژانەدا لەلایەن دەوڵەتە سەرمایەدارەکانەوە شتێک نەبوو کە شارراوە بێت و هەروەکو دەشوترێ لەسیاسەتدا نە بەڵێن و نە ڕەوشت و نە هیچ شتێکی تر نامێنێت، بەڵام میللەتی وەکو هی ئێمەمانان زۆر دەرنگ لەو فڕو و فێڵ و سیاسەتەی ئەو وڵاتانە گەیشتووین و بگرە ئێستەش تەنها بە فیکەیەکی ئەوان هەموو

ڕابردوومان لە بیر دەچێتەوە.

دوای ئەو کارەسات و بەسەرهاتەی بەسەر ئاسوورییەکاندا هات ئەوسا بۆیان دەکەوت کە چۆن خەڵەتێنراو و دەستبڕاو بوون، بەڵام کورد وتەنی لە پاش باران کەپەنک!!

دەربارەی چۆنێتی ئاوارەبوونی ئاسوورییەکان و بردنیان بۆ ناوچەی بادینان لە ژووروی کوردستانی خوارووی، باسێکی تایبەتیم لە لاپەڕەکانی (٤٤٩-٤٥٥)ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا تەرخان کردووە کە پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.(٦٢)

بەرلەمە لە کاتی شەڕ و پێکاهەڵچوونی کورد و ئاسوورییەکان باسی ئەو سکاڵایەی ئاغا پترۆسم کرد لە بریتانیا دابووی بە سکرتێری وەزیری موستەعمەراتی ئینگلیز کە لەوەدا داخی دڵی خۆی بەرامبەر بە دەستبڕینی ئینگلیزەکان هەڵڕشتبوو کە پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەمەوە. بەداخەوە دەستبڕینی ئینگلیز بەرامبەر بە ئاسوورییەکان هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو بە درۆ و دەلەسە و بە چاووڕاو هەر جارەی بە جۆرێک مێشکیان بەنج ئەکردن و جارێک پێیان ئەوتن دەتانگێرینەوە بۆ وڵاتی خۆتان و جارێک پێیان ئەوتن هەمووتان ئەنێرین بۆ کەنەدا و لەوێ شوێنێکتان بۆ تەرخان دەکەین و وەکو چۆن بەڵێن درا بە جوولەکە کە لە فەلەستین حکومەتێکیان بۆ دروست بکەن (کە کردیان) بەڵام دەرکەوت ئەو بەڵێنەی بە ئاسوورییەکان درابوو تەنها بۆ دەستبڕین بووە چونکە ئەوان لەڕاستیدا ئیشێکی زۆریان بە ئاسوورییەکان هەبوو کە ئەیانویست وەکو سەربازێکی بەکرێگیراوی هەرزان، لەجیاتی ئەوەی ئەفسەر و سەربازەکانی خۆیان بە کوشت بدەن لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا بەرامبەر بە ئینگلیزەکان دەستیان پێ کردبوو، ئەو ئاسوورییانەیان کرد بە سەربازی لیڤی و چەکداریان کردن و ژمارەیەکی زۆریان لە بنکەکانی شعیبە و حبانیە و سن الذبان مەشق پێ کردن و لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود و بارزانییەکان و ناوچەی زێباردا بەکاریان هێنان، هەروەکو ئاغا پتروس لەو سکاڵایەی پێشوویدا باسمانکرد دانی بەو ڕاستییەدا نابوو.

کاک مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا (البارزاني والحركة التحررية الكردية-انتفاضة بارزان الاولى، ساڵی ١٩٣١ - ١٩٣٢)دا دەربارەی ئەوە

وتویەتی:(٣٠) "دوای ئەوەی ئاسوورییەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هێنران بۆ ژووروی کوردستانی خواروو، ئینگلیزەکان ئەو ئاسوورییانەیان بۆ ئەوە هێنا بوو کە شەڕیان پێ بکەن لەو ناوچانەدا کە کورد دژی ئینگلیز ڕاپەڕیبوو، لەئەنجامی ئەوەدا فارس ئاغای زێباری و کەسوکاری عەشیرەتەکەی روویان کردە خاکی ئێران و پەنایان بردە لای سمکۆ، وە لە بارزانیش شەڕێک لەنێوانی بارزانیەکان و ئاسوورییەکان بە سەرکردایەتی ئاغا پتروس ڕوویدا کە لەو شەڕەدا (سعید ولی بەگ) شەهید بوو، بەڵام لەدواییدا هەردوولایان لەو شەڕە پەشیمان بوونەوە."

هەروەها لە دوکیومێنتی ناو ئەرشیڤی وەزارتی دەرەوەی بریتانیا ژمارە (D.O.NO.P-2-19) ڕۆژی ١٩٢٦/٦/١٧ نامەیەکی تیادایە کە لەلایەن (دوبس)ەوە کە مەندوبی سامی حکومەتی بریتانیا بووە لە بەغداد نێرراوە بۆ مەلیک فەیسەڵ دەربارەی چاکەی ئاسوورییەکان و خزمەت و سوودیان بۆ حکومەتی عێراق و بە دووردرێژی باسی سوودی ئەو ئاسوورییانەی کردووە کە چۆن ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود.

ئەو نامەیەی کە لەو دۆکیومێنتەدا باسکراوە دەربارەی ئەوە بووە کە شەڕێک لەناو شاری کەرکوکدا ڕوویدابوو، ئاسوورییەکان چەند کەسێکیان کوشتبوو بە تاوانی ئەو کوشتنە چەند ئاسوورییەک گیران و ماوەیەک لەبەندیخانەدا مابوونەوە و مەندوبی سامی بەو نامەیەی تکای لە مەلیک فەیسەڵ کردبوو کە ئەو گیراوانە بەر بدرێن چونکە خزمەتێکی زۆری عێراقیان کردبوو.

بەر لە کۆتاییهێنان بەم بەشەی کە بۆ کێشەی سمکۆ لەگەڵ ئاسوورییەکاندا تەرخانکراوە، حەزم کرد هەڵسەنگاندێکی مێژوویی بەرامبەر بەو کارە ناڕەوایەی سمکۆ بخەمە بەرچاو کە لە هەندێ شوێنی تریشدا لە وەهەڵەیەی سمکۆ دواوم:

١- کوشتنی مارشمعون چ بە هاندانی ئێران بووبێت، وەکو سمکۆ خۆی لای مصطفی پاشای یامولکی دانی پیادا نابوو، یاخو لە لایەن تورکەکانەوە هاندرابێت کە لەو ڕۆژانەدا پێوەندی سمکۆ و تورکەکان بەهێز بووە و تورکەکان بۆ مەبەستێکی کاتی ڕەنگە جۆرە یارمەتییەکی سمکۆیان دابێت و ڕەنگە سمکۆ ویستبێتی بەو کوشتنەی مارشمعون ئیتر بۆ ڕازیکردنی تورکەکان ڕێگە لەوە بگیرێت کە ئاسوورییەکان بیر لەوە بکەنەوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی هەکاری لە تورکیا. لە هەردوو

حاڵەتەکەدا سمکۆ بەهەڵەدا چووە و هەڵەیەکی زۆر بێجێ بووە کە زۆر کەوتووە لەسەر خۆی و لەسەر بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا و سمکۆ خۆی هەستی بەوە کردبوو کە زۆر شتی بە هۆی ئەوەوە لە کیس چووبوو، یەکێک لەسەرنەگرتنی تەقەلاکانی بۆ پەیداکردنی دۆستایەتی لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیادا ئەوە بووە کە ئینگلیزەکان لەو کارەدا بەتەواوی لە سمکۆ نارازی بوون و ئەوەی بەتەواوی لەدواییدا بۆ ئاشکرابوو کە ساتێک بەشکاوی چووە کوردستانی عێراق و چاوی بە ئینگلیزەکان کەوتبوو لەکاتی گفتوگۆکردنیدا ئەو هەڵەیەی کە بەرامبەر ئاسوورییەکان کردبووی وەکو گرێیەکی نەکراوە وابوو. سورما خانمی خوشکی مارشمعون لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ چووبوو بۆ خوارووی کوردستان، سورما خانمیش چووبوو بۆ بەغداد و شکاتی لە هەڵوێستی سمکۆ کردبوو و پروپاگاندەیەکی زۆری دژی سمکۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە خۆیانی نزیک نەکەنەوە.

٢- ئەوەی کە سمکۆ بۆی چووبوو گوایا ترسی ئەوەی هەبوو ئاسوورییەکان کوردستان داگیر بکەن و بەیارمەتیی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان حکومەتێکیان بۆ دروست بکەن و بەڵێنی ئەوەیان دابوو بە مارشمعون و ئاسوورییەکان کە چۆن وەکو بۆ جوولەکە لە فەلستینیدا بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی جوولەکە دەرچووبوو بەپێی بڕیاری (بلفور)، لام وایە ئەوەش هەر بۆچوونێکی کورتبینانە بووە و نیشانەی بێلێکدانەوەیی سمکۆ بوو، چونکە لەڕاستیدا ئاسوورییەکان ئەو ژمارە زۆرە و ئەو دەسەلاتە زۆرەی ئەوتۆیان نەبوو کە کوردستانی ئێران داگیر بکەن کە لەڕاستیدا خۆی لە خۆیدا ماوەی سەدان ساڵ بووە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە داگیرکراو بووە. ئەگەر سمکۆ بە شێوەیەکی ورد و دووربینانە لێکی بدایەتەوە و هاوکاری لەگەڵ ئاسوورییەکان بکردایە و بە هەردوولایان دەزگایەکی حکومەتی لەژێر هەر پەردەیەکدا بووایە، سەربەخۆ، یا فیدارلی یاخود خودموختاری، لام وایە لەو قۆناغەدا ئەنجامەکەی سوودی کوردی تیادا نەبوو، دەوڵەتە دەسەلاتدارەکانی ئەو ڕۆژانەش حسابێکی تریان بۆ کورد ئەکرد و هیچ دوور نەبوو باری کوردی کوردستانی ئێرانی ئەو ڕۆژانە بەرەو قۆناغێکی تر نەڕۆیشت کە لام وایە چارەنووسی کوردی بەرەو شێوەیەکی باشتر ئەبرد وەک لەوەی کە بەسەر کوردی کوردستاندا هاتووە لەم دەیان ساڵەی ڕابردوودا.

ئەگەر سمکۆ بە شێوەیەکی وردبینانە و بە بۆچوونێکی سیاسەتمەدارانەی لێهاتوو باری ئەو ڕۆژەی خۆی و بزووتنەوەی کوردی هەڵسەنگاندایە تووشی ئەو هەڵە زلە نەدەبوو زیانی بە خۆی و بە ئاسووریش نەدەگەیاند.

کورد لەو ڕۆژەدا ژمارەی ئێجگار زۆرتر بووە لە ئاسوورییەکان و هەروەک مارشمعون خۆشی دانی بەوەدا نابوو کە کورد لەو ڕۆژانەدا چەکداری سوارەی شەرکەری زۆر بەهێز بوو و ئاسوورییەکان بە هۆی بوونی ئەو هێزەوە لای سمکۆ هیواداری ئەوە بوون کە بەهەردوولایان ئێران ناچار بکەن داخوازییەکانی هەردوولایان جێبەجێ بکات و ئەگەر سمکۆ ترسی کێشەی ئایینی کریستانێتی ئاسوورییەکان و ئیسلامەتیی کوردەکان لەدڵدا بووبێت، لام وایە هەرەشەکردن و بوونی ئەو ترسی جیاوازیی ئایینیە لە مەترسی ئەو نارێکی و ناکۆکییەی سەدان ساڵەی نێوانی کوردی سوننی و فارس و ئازەری شیعە ترسناکتر نەبووە.

بەو جۆرە ئەو شەڕە خۆراییەی کە ڕوویدا بوو بە هۆی زیانلێکەوتن لە هەردوولا و بەوە سمکۆ خزمەتێکی خۆرایی ئێران و کەمالییەکانی کرد کە هەردوولایان خوێنەخۆری کورد بوون.

بێجگە لەو سەرەنجامەی کە کوردی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی سمکۆ تووشی بو،و هاتنی ئەو ژمارە شەرکەرە ئازایەی ئاسووری بۆ خوارووی کوردستان و بەکێشکردنیان بۆ ناوچەی بادینان و بەکارهێنانیان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ وەکو هێزی لیڤی کە کران بە کوتەکی دەستی حکومەتی عێراق و بریتانیا بۆ پانکردنەوە بزووتنەوەی کورد ئەنجامێکی زۆر خراپی هەبووە.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستییە تاڵ و ترشەدا کە ئەو بەسەرهاتەی بەسەر ئاسووریدا هێنا و کورد لە ئاسووری زۆرتر تووشی زیان بوو چ لە ڕووی گیانی و ماڵی و چ لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئیمڕۆ ئەو دوو گەلە مارپێوەدراوە، ئەو دوو گەلە مارانگازە، هەتا ڕادەیەکی تەواو نەوەی ئیمڕۆی هەردوولا ئەو بەسەرهاتە هەڵدەسەنگێنن و ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زۆرتر هاوکاری یەکترن وەکو جووتە برایەکی هاودەرد بەرەو ڕووی ڕووداوە مێژووییەکان دەبنەوە.

بەشی دوانزەهەم

# هۆی تێکچوونی سمکۆ لەگەڵ ئێرانییەکاندا

دوای بەشی هۆی ناکۆکیی نێوان حکومەتی ئێران و سمکۆ و تێکچوونیان، وە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەو شەڕانەدا کە لەدوای ئەم بەشەدا دێ، بەشێکی تایبەتی و دوورودرێژمان بۆ ئەو شەڕانە تەرخانکردووە و وەنەبێ شتێکی تازە بوویێت و تەنها هەر لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە سەری هەڵدابێت، بەڵکو ناکۆکییەکی دێرین بووە لەنێوانی کاربەدەستانی ئێران و بنەماڵەی سمکۆدا کە بە میرات لەدوای شەڕی جیهانی هەمووی بۆ سمکۆ مایەوە و هەردوولایان بەرامبەر بەیەکتر بە گومان بوون و ڕق و کۆنەقین و تازەقین شتێک نەبوو لە مێشک و دەروونی هیچ لایەکیاندا بەئاسانی پاک ببێتەوە و کاربەدەستانی ئێران هەر لە زەمانی سەفەوییەکانەوە بەئاشکرا دژی کورد بوون و جیاوازی مەزهەب لەنێوانی کاربەدەستانی ئێرانی شیعە و کوردی سوننیدا دەورێکی کاریگەری هەبوو لە درێژەپێدان و پەرەسەندنی ئەو نارێکی و دوژمنایەتییەدا و کە سمکۆ چاوی کردۆتەوە و پێگەیشتووە بە هەردوو گوێی ئەو بەسەرهات و ڕووداوە ناخۆشانەی بەر گوێ کەوتووە کە چۆن حکومەتی ئێران ڕەفتاری لەگەڵ باووباپیرانیدا کردووە و، هەر لە ئیسماعیل ئاغای باپیرەگەورەیەوە تا عەلی خانی باپیری و کوشتنی جەعفەر ئاغای براگەورەی و ئەو چەرمەسەرییەی بەسەر محەمەد ئاغای باوکیدا هاتبوو، جگە لەو هەموو دەستدرێژی و جەور و ستەمانەی کە لە میللەتەکەی کرابوو، وە بە چاوی خۆشی ئەیبینی کە چۆن کاربەدەستە ڕاوڕووتکەرەکانی ئێران سەرەڕای ئەو هەموو باج و سەرانە و جەریمەسەندنەی کە بەزۆری چەک لە کوردیان ئەسەند، ئەمانە هەمووی لە مێشکیدا پەنگیان خواردبووەو و جەخار و زووخاوی تاوانی ئێرانییەکان شتێک نەبوو کە سمکۆ بتوانێت بەئاسانی لە بیری خۆی بباتەوە و چاویان لێ بپۆشێت. ئەوەشی خستبووە بەرچاو کە خۆشی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەنجامەکەی هەروەکو باووباپیرانی دەبێت. لەبەر ئەوە ئەویش بیری لەوە کردبووەوە کە ببێت بە دەسەلاتدارێکی خاوەنهێز کە خۆی و عەشیرەتەکەی و کەسوکاری بپارێزێت و شانبەشانی ئەوەش خۆی ئامادە بکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک کە بتوانێت میللەتەکەی ڕزگا بکا و لە ماوەی لاوێتیدا بە هۆی ئەو پێوەندییە نزیکەی کە لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخانی هەڵگری ئاڵای شۆڕشی زانیاری و خوێندەواری و ڕۆشنبیریدا هەیبووە ئەوەندە تێشووی ئازادیی لەناو تێشەبەرە و ناو تێلانی پاشکۆی ئەسپی سەرکێشی

ژیانیدا کۆکردبووەوە کە ببێتە هەوێنی مەیاندنی هەستی نەتەوایەتی و ببێتە چەخماخەی تێزی تفەنگی ڕاپەڕین و جموجووڵ بۆ سوودی میللەتەکەی.

بێگومان بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتاندا بە شێوەیەکی گشتی و لەناو کورددا بە شێوەیەکی تایبەتی و بیستنی دەنگوباسی ڕزگاربوون و ئازادبوونی میللەتان و هەواڵی دامەزراندنی حکومەتەکەی خوارووی کوردستان بەسەرکردایەتی شێخ مەحمودی قارەمان و ئەو ڕۆژنامانەی کە لە سایەی ئەو حکومەتەدا دەرئەچوون کە پڕ بوون لە بڵاوکردنەوەی باسی مێژووی کورد و کوردستان و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و بایەخدان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری و کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، جگە لە خەبات و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری لەناو کوردەکانی تورکیادا کە پریشکی ئەمانە یەک لەدوای یەک ئەگەیشتە لای سمکۆ. ئەمانە هەموویان بوون بە هاندەرێکی بەهێز و مێشک و دەروونی سمکۆیان هەژاند، ئەگەرچی بەداخەوە نەیتوانی ئەو کاژی عەشایرییەی بە لەشیدا ئالابوو لاببا و ئەو قۆزاغە ئەستوورەی کە بووبوو بە پەرژین لەنێوانی ئەو و سەرکردەکانی تری عەشایرەکانی کورددا هەمووی بشکێنێ و باز بدا بەرەو قۆناغێکی نوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لەگەڵ ئەو هەموو کەموکورییەشدا لام وایە شتێکی زۆر ڕاست نییە کە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی پتر لە حەفتا ساڵ لەمەوبەر بە کێش و پێوانەی ئیمڕۆ بکێشرێ و بپێورێ و سمکۆ بەوە تاوانبار بکرێت کە هیچی بۆ میللەتەکەی خۆی نەکردبوو، بەڵکو هەر چونێک بووبێت سمکۆ لە هەستی نەتەوایەتی بێبەش نەبووە و هەموو ژیانی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە میللەتەکەی بگەیەنێتە قۆناغی ئازادی و سەرفرازی و بۆ گەیشتن بەو هیوایە بەپێی لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی هەوڵێکی بێوچانی داوە و ئەوی بە ڕاست و باشی زانیبێت بۆ میللەتەکەی خۆی کردووە و، لەگەڵ نەبوونی نەخشە و ستراتیجیەتێکی ئاشکرا لەلای سمکۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەقەلایەکی زۆری داوە کە پێوەندی بە وڵاتانەوە بکا و هاوکاری و دۆستایەتی خۆی پیشانداون بە مەرجێک مافی میللەتەکەی پشتگوێ نەخرێت.

سمکۆ تەقەلایەکی زۆری دابوو کە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا بکا بۆ ئەوەی ئەو ژەنگ و ژارەی لەناو دڵ و مێشکی بێگانەکاندا بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بە کورد کەڵەکە بووبوو کە خۆیان بە پیاوکوژ و ڕاوڕووتکەر و میللەتی کوردیان بە میللەتێکی

دواکەوتووی کێوی و نەزان ژماردبوو کە ئەمانە هەمووی بە هۆی نووسینەکانی نووسەرانی ناحەزی فارس و تورکەوە دەربارەی کورد بڵاوکرابووەوە و سمکۆ هەوڵێکی زۆری دابوو کە مێشکی بێگانەکان بەرامبەر بە کورد مشتومال بکا و تەنها هەر گوێ لە دوژمنانی کورد نەگرن و بچنە ناو جەرگەی میللەتی کوردەوە و گوێ لە داخوازییە ڕەواکانی بگرن کە ئەمە کارێکی ئاسان نەبووە هەرچەند بێگانەکان گوێیان نەداوەتە ئەو ڕاستییانە و لە سوود و بەرژەوەندەی خۆیان بەولاوە چاو و گوێیان بڕی نەکردووە و کوردیش هەتا ڕادەیەک نەبێ دانی پیادا بنێین کە ئێمە خۆشمان وەکو میللەتێکی دواکەوتوو لە خێڵی گەلان وەنەبێ خۆشمان تاوانبار نەبووبین. لەکاتێکدا میللەتان لە سەدان ساڵەوە خەریکی دروستکردنی حکومەت و سازکردنی سوپا و دامەزراندنی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی بوون، ئێمە سەرگەرمی گەرمیان و کوێستان بووین و لەجیاتی ئەوەی بۆ خۆمان تێکۆشین کەچی بە ناوی غەزاوە و بۆ بەجێهێنانی فەرمانی حەزرەتی خەلیفە و سوڵتانی ئیسلامی ئائیسلام، سەرۆکعەشیرەتەکانی کورد لە ڕەشوڕووت و ڕەنجبەرەکانی خۆمان هێزیان پێکەوە ناوە و ناردویانە بۆ شەڕێک کە بای تمەن و قرۆشێک سوودی کوردی تیادا نەبووە.

ساتێک لەشکری سەفەوی شیعە ئەچوو بەگژ عوسمانیی سوننیدا، لە کوردستانی ئێران لە شکر ئامادە ئەکرا و ئەبوو بە هاوکاری سەفەوی دژی عوسمانی سوننی، ئەگەر کۆلکەئەمارەتێکیش جاروبار پێک هاتبێت سنووری ئەو ئەمارەتە لە چەند شار و گوندێک بەولاوە بڕی نەکردووە و هیچیشیان لەگەڵ یەکتردا ڕێک نەبوون و بۆ نموونەی ئەوە ئەردەڵان و بابان، ئەمارەتەکانی تری کوردستانی تورکیا ڕووداوەکانی نێوانیان پڕ لە کارەساتە کە پیاو شەرم دەیگرێ باسیان بکات.

خوێندەوارانی میللەتان بەر لە سەدان ساڵ خەریکی تۆمارکردنی مێژووی میللەتەکانی خۆیان بوون و باسی وڵاتەکەی خۆیان تۆمار کردووە و لەباری ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان دواون و بە سەدان کتێبیان تۆمار کردووە کەچی ئەوانەی ئێمە تەقەلاکانیان لە سنووری حوجرەی ناو مزگەوتەکان و (ئەرێ بابە)ی فەقێ و (ضرب زید عمرا) بەولاوە هیچی تریان نەکردووە و بەو جۆرە کاروانی کورد بە چەندان فەرسەخ لە کاروانی میللەتان دواکەوتووە و ساتێک زەویوزاری خەبات و تێکۆشان نەرمان بووە و ئاسان بووە کە بکرێت بە کێڵگە بۆ ڕواندنی ئەمامی هەستی نەتەوایەتی و دار و پەردوو هەرزان بووە و بەئاسانی دەست کەوتووە ئەوسا

هیچیان نەکردووە و ئێستەش بەئاسانی بە گاسنی ژەنگگرتوو و شکاوی دەستمان زەویزارمان بۆ ناکێڵرێ و تەقەلاکانمان بەرکەی بینبڕکێی دەسەڵاتی داگیرکەران و توانای ئابووری و پێشکەوتنی باری شارستانێتیان ناگرێ و هەتا بڵێی بارەکە قورس و ماندووبوونێکی زۆر و لەخۆبووردنێکی تەواوی ئەوێ هەتا بتوانرێ بەگورجی قۆناغە دواکەوتووەکان ببڕرێ و میللەت بگاتە قۆناغی ئازادی و ڕزگاربوون.

بێجگە لەو هۆیانەی ناوخۆی، باری نالەباری میللەتی کورد لەژێر سایەی نەخشە و پلانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا کە نەخشەی ناوچەکەیان کێشاوە، هێشا هەروەکو جاران وایە و لەنگەری بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتە سەرمایەداران نە هێشتا حسابێکی بەویژدانانەی بۆ میللەتەکەمان نەکردووە و ئەگەر خۆمان بەسەریاندا نەسەپێنین بڕواناکەم بە خێری خۆیان دەستبەردارمان بن.

ئەم هەموو باسەی گێژاوی ناو خۆمان هەمووی بۆ ئەوەیە کە لامان ئاشکرا بێت کە سمکۆ تاقەکەس نەبوو کە هەڵەی کردووە و ڕۆژگار لەگەڵیدا نەبوو کە بگات بە ئەنجام و مەبەستەکانی، بەڵکو هەڵە هەڵەی باوباپیرانمانە کە ئیمڕۆ میللەتی کورد باجی ئەوە ئەدا ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایەت.

دەربارەی هۆی تێکچوون و ناکۆکی نێوان حکومەتی ئێران و سمکۆ کە لەئەنجامدا بوو بە هۆی ڕوودانی گەلێک شەڕی ناخۆش و لەدواییدا بزووتنەوەکەی سمکۆی لەنێوبرد، گەلێک لە نووسەران سەرنجی خۆیان دەربڕیوە و باسیان کردووە.

دەربارەی هۆی تێکچوونی سمکۆ و ئێرانییەکان و ئەو بەسەرهاتانەی کە وای لە سمکۆ کردبوو کە بە هیچ جۆرێک لە حکومەتی ئێران و لە کاربەدەستانی ئێران دڵنیا نەبێت، لە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبەدا باسی زۆر شت دێتە پێش چاوی خوێنەر کە سمکۆ ئێجگار داخلەدڵ بووە بەرامبەر بە تاوان و کردارەی ئێرانییەکان کە وەکو وتمان یەکە یەکە باوباپیرانی خۆی ئەهاتەوە بەر چاو کە چۆن بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوژرابوون و لەناوبرابوون، بۆیە سمکۆ حسابی ئەوەشی بۆ خۆی کردبوو کە کاربەدەستانی ئێران لە خۆشی ناگەڕێن و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵکەوێت خۆشی لەناو ئەبەن و ئەتوانین لێرەدا کورتەی ئەو هۆیانەی کە بووبوون بە ڕق لە دڵی سمکۆدا دووبارە بکەینەوە:

١- کوشتنی باوباپیری کە ئەوەی بە چاوی خۆی و لە ژیانی خۆیدا دیبووی

لەناوچوونی جەعفەر ئاغای برای بووە کە خۆی لە زۆر شوێندا بەوپەڕی داخ و خەفەتەوە باسی ئەو تاوانەی کردووە و هەروەکو لە باسی بنەماڵەی شوکاکدا دەربارەی کوشتنیان بە دووروودرێژی لەوانە دواین، بۆیە لێرەدا پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە.

٢- ناردنی ئەو بۆمبایەی کە لەناو قوتووی شیرینیدا بۆ سمکۆیان ناردبوو، بە هۆی ئەوەوە چەند کەسێک لە بنەماڵەی سمکۆ کوژرابوو کە لە بەشی هەشتەمی ئەم کتێبەدا بەدووروودرێژی باسی چۆنێتی ناردنی ئەو بومبایەمان کردووە.

٣- کتێبەکەی بازیگرانی عصر طلائی نووسینی احمد خواجە نوری،[٤٩] وەکو لە شوێنی تریشدا باسمان کردووە لەوە دواوە کە چۆن ساتی خۆی عبداللەخانی طهماسبی بۆ پێشوازیکردن لە ڕەزا خان کە سەرداری فاتح بووە و (لەدواییدا بووە بە ڕەزا شاە) داوای لە سمکۆ کردبوو کە ئەویش لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەدا ئامادە بێت بۆ پێشوازیکردن لە ڕەزا خان و ساتێک ڕەزاخان ئەگاتە ئەو شوێنەی کە تەرخان کرابوو بۆ گەیشتنی ڕەزاخان و سمکۆ پێشوازی لێ ئەکات، ڕەزا خان زۆر بەسووکی و بە شێوەیەکی سارد و سڕەوە بۆ سووکایەتیپێکردنی سمکۆ وەرامی دابووەوە و هەروەکو هەندێک لە نووسەران باسیان کردووە کە گوایا ساتێک ڕەزاخان بۆ ڕۆژی دوایی ئەو شوێنەی بەجێهێشتووە هیچ بایەخی بە سمکۆ نەداوە و ماڵئاوایی لێ نەکردووە، کە سمکۆ بەرامبەر بەوە ئەوەندەی تر ڕقی جارانی لەدڵدا تازە بووەتەوە و ڕەزاخانیش وەنەبێ داخلەدڵ نەبووبێت بەرامبەر بە سمکۆ، بەڵکو بەو هاتنەی سمکۆ کە گوایا بە خۆی و (٨٠٠) سواری پۆشتە و پەرداخی ڕێکوپێکەوە چووە بۆ پێشوازی ڕەزاخان ئەوەندەی تر ڕەزاخان ڕقی لە سمکۆ هەستاوە و لە بیانوویەک گەڕاوە کە سمکۆ لەناو ببات.

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٩٣)ی کتێبە وەرگێڕاوەکەی بە کوردی دەربارەی هۆی تێکچوونی سمکۆ و ئێران وتویەتی:[١٨] "لەگەڵ ئەوەشدا کە سمکۆ قینی خۆی بەرامبەر بە ئێران نەدەشاردەوە کە وتبووی بزووتنەوەکەی من دژی ئێران تۆڵەسەندنەوەشی تیادا بوو، چونکە باوباپیرم و خزم و خوێشەکانم و جووتێک برام هەموویان بە دەستی کاربەدەستانی ئێرانی کوژرابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سمکۆ زۆرجاریش باسی ئەوەی کردووە کە مەبەست لە بزووتنەوەکەی بۆ سوودی نەتەوایەتی بووە، نەک تەنها هەر بۆ تۆڵەسەندنەوە، کە لەو بارەوە وتویەتی: هەموو

کەسێک دەزانێت میللەتی کورد هەتا ئێستە چی بەسەردا هاتووە، پیاوە گەورەکانی پێشوومان هەروەکو سمایلخان و عەلی خان بە چەشنێکی زۆر زاڵمانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە لەناوبراون، من کە ئێستا بۆ نەتەوەی کورد تێ ئەکۆشم بەڵام باسی تۆڵەسەندنەوەش لە زۆردار و بەدکاران هەر ماوە و لەئارادایە.

کریس کوچرا ئەڵێ: "ئەوەی بۆ سمکۆ ڕوون بووبووەوە ئەوە بوو کە حکومەتی شای ئێران قەت نەیویستووە و نایەوێ دان بە مافی کورددا بنێت کە بریتیە لە سەربەستیی گشتی و مافی ناوخۆیی، واتە ئۆتۆنۆمی."

جا با بڕوانینە ئەو نامەیەی کە ئیسماعیل ئاغا لە ساڵی ١٩٢٢دا دابووی بە (ظفرالدوله) کە فەرماندەی پایەبەرزی ئێران و فەرماندەی گشتی لە ئازربایجان (ئەو نامەیەی سمکۆ لە ١٩٢٢/٥/٣١دا بە فارسی نووسراوە و بە سەرهەنگێکی ئینگلیزدا ناردبووی بۆ ظفرالدوله لە تەورێز.) سمکۆ لەو نامەیەدا وتویەتی: "ئێمە زۆر باش دەزانین کە هەندێ نەتەوە لە دنیادا هەن کە ژمارەیان چواریەکی کورد نابن کەچی بە ئاواتی خۆیان گەیشتوون کە مافی ئۆتۆنۆمییە. سەیری ئەڵمانەکان بکە کە چۆن ئەوە لەناو خۆیاندا دابین کراوە.

لەڕاستیدا ئەگەر نەتەوەی گەورەی کورد لە ئێراندا بە مافی خۆی نەگات ئەوا مردن و نەمانی باشترە لە ژیان و مانی. لەم ڕۆژەدا کە ئێمە ئێستا تیایا دەژین، لەئاکامدا حکومەتی ئێران پێی خۆش بێت یا پێی ناخۆش بێت، ئێمە مافی ئۆتۆنۆمی خۆمان دەوێت، جا ئیتر ئەمە ئاواتی هەموو مرۆڤێکی کوردە و ژیانێکی تازەیە بۆ خەڵکی ئێمە.

جگە لەو هۆیانەی کە باسمانکردن، سمکۆ بەتەواوی لەوە دڵنیا بوو کە ئێرانییەکان لێی نەدەگەڕان و ئەگەر جاروبار بەسەرزاریش لێی بێدەنگ بووبن، بەڵام لەژێرەوە هەمیشە خەریکی بەجێهێنانی پلانی لەناوبردنی بوون. نموونەی ئەوە لەو تەقەلایەی (مکرم الملک)دا بۆ سمکۆ ڕوون بووەوە کە بۆمبایەک لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە ناوی دیارییەوە لەناو قوتووی شیرینیدا نێررابوو کە بیکوژێ و لەئەنجامی ئەوە بۆمبایەدا چەند کەسێک کوژران کە یەکێک لەوانە عەلی ئاغای برای بووە.

بەشی سیازدەهەم

# شەڕەکانی سمکۆ لەگەڵ ئێراندا

## ئا: باسی شەڕەکان

لە باسەکانی پێشوودا لەوە دواین کە چۆن سمکۆ پاش کێشەی ئاسوورییەکان و ئاوارەبوونیان و دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەکانی ئازربایجان و کوردستانی ئێران، ئیتر سمکۆ بوو بە یەکێک لە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەی (خۆی) و بەهێز بوو. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی لە دەور کۆبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چ ئێران و چ تورک لەو ئاوارەکردنەی ئاسووری و دوورخستنەوەیان لە ناوچەکە هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان ئەو کارەی سمکۆیان بە دڵ بوو، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەو بەهێزبوونەی سمکۆ و ئەو ژمارە زۆرە چەکدارەی کە لە دەوری گردبووبوونەوە بە دڵی هەردوولایان نەبوو. بەتایبەتی ئێران کە بۆی دەست نەئەدا لەو ناوچەیەدا بێجگە لە کاربەدەستانی خۆیان هیچ لایەکی تر دەسەڵاتدار بێت. لەبەرئەوە بیریان لەوە کردەوە کە چۆن سمکۆ لەناو ببەن و ئەوە بوو بەر لەمە لە بەشی هەشتەمی ئەم کتێبەدا کە بۆ باسی دەرکەوتنی سمکۆ تەرخانکراوە، بەدووروودرێژی باسی ئەو تەقەلایەی کاربەدەستانی ئێرانمان کرد بۆ کوشتنی سمکۆ بە بۆمبا (نارنجۆک) کە لەناو سندوقێکی شیرینیدا ناردبوویان بۆ سمکۆ و سەرنەگرتنی ئەو پلانە بوو بە هۆی ئەوەی کە سمکۆ ئەوەندەی تر داخلەدڵ بێت بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێران و یاد و بیرەوەری دەستدرێژییەکانی پێشووی هەموو هاتەوە بەرچاو دەربارەی کوشتنی یەک لەدوای یەکی بنەماڵەی شوکاک لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە. ئیتر سمکۆ دوای ئەوە هیچ گومانی لەوەدا نەما کە ئەگەر ئەو جارەش لە مردن ڕزگاری بووبێت لە تەقینەوەی ئەو نارنجۆکەدا، بەڵام ئێرانی ناسراو بە پیلانگێڕ و ڕێکخەری فیت و دەستبڕین و درۆ و دەلەسە بە هیچ جۆرێک وازی لێ ناهێنێت و جار لەدوای جار هەمان تەقەلای خۆیان تازە دەکەنەوە بۆ لەناوبردنی. لەبەرئەوە بەئاشکرا دژایەتی خۆی بەرامبەر بە حکومەتی ئێران ئاشکرا کرد و دەستی کرد بە خۆکۆککردنەوە بۆ لێدانی هێزەکانی ئێران لە ناوچەکانی خۆیدا بە نیازی ئەوەی دەریانبەڕێنێت و خۆی بتوانێت دەزگایەک پێک بێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەی خۆی.

بەرامبەر بەوەش حکومەتی ئێران وەنەبێ ئاگاداری ئەو مەبەستەی سمکۆ

نەبوویێت بەڵکو ئاگای لە هەموو جموجووڵێکی بووە و هەرچەند لەو ڕۆژانەدا حکومەتی ئێران زۆر کز و لاواز و کەمدەسەڵات بووە و نەیتوانیوە لەسەرەتادا ڕووبەڕووی سمکۆ ببێتەوە، بەڵام وەنەبێ کەمتەرخەمی کردبێت لە خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی هێزێکی سوپایی کە بتوانێت دەست لە سمکۆ بوەشێنێت و لەئەنجامی ئەوەدا هەردوولایان خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەگەڵ یەکتردا.

دەربارەی ئەو شەڕانەی کە لەنێوانی سوپای ئێران و هێزە چەکدارەکەی سمکۆدا ڕوویداوە گەلێک لە نووسەرانی بێگانە و خۆمانە بەدووروودرێژی باسی ئەو شەڕانەیان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو نووسەرانە زنجیرەی ڕووداو و شەڕەکانیان وەکو باسێکی مێژوویی یەک لەدوای یەک بەپێی کاتی ڕووداوەکان تۆمار نەکردووە و زۆربەیان دەستنیشانی مێژووی ڕووداوەکانیان نەکردووە و هەرندێکیان باسی چمکێکیان کردووە لە یەکێک لەو شەڕانەی کە ڕوویدابوو، لەبەرئەوە ئێمەش نەمانتوانی لەم بەشەدا کە بۆ شەڕەکانی سمکۆمان تەرخانکردووە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەی شەڕانە یەک لەدوای یەک وەکو باسێکی مێژوویی لێکنەپچڕاو تۆمار بکەین. ئەگەرچی لە چاوپیاخشاندنێک بە سەرچاوەکاندا شێوەیەکی ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەو شەڕانەمان دێتە پێش چاو، کە بەرلەوەی بچینە ناو جەرگە و باسی ئەو شەڕانەوە ئەتوانین بڵێین ئەو شەڕانە بەوە دەستی پێ کرد کە ئێرانییەکان خۆیان کۆکردەوە و خۆیان ئامادەکرد بۆ لێدانی سمکۆ. بۆ ئەو مەبەستە سرداری فاتح (والی) ئازربایجان بوو کە لای حکومەتی ئێران بە کاربەدەستێکی لاواز و کەمدەسەڵات ژمێررابوو، لابرا و لەجیاتی ئەو (ضیاءالدولەی ئەلبورزی) کرا بە والی ئازربایجان و سمکۆش ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەو ئاڵوگۆڕە مەبەست لەناوچوونی بوو. بە قسەی (تمدن) دانانی ضیاءالدولە لە ئازربایجاندا بۆ ئەوە بووە کە دەسەڵاتی کورد لە ناوچەکەدا نەهێڵێت و سمکۆش تاقمێک پیاوی خۆی ناردە سەر ضیاءالدولە کە بیگرن بیا بیکوژن و دوای ئەوەی لە تەقەلاکەیدا سەر نەکەوت، ئیتر بەئاشکرا هێزی هەردوولا خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هێزە چەکدارەکانی سمکۆ ماوەیەک چوونە ناو ورمیە و دوای ئەوە شەڕ گەرم بوو پاش بەهێزبوونی سمکۆ ئنجا پەلاماری مەهابادی دا و هێزی ئێران لەو شەڕەدا تێکشکا و زیانێکی زۆری لێ کەوت و دوای ئەوە شەڕی (چهریق - چاری) دەستی

پێ کرد کە ئیتر سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا هەتا ئەهات تووشی شکست و نشوستی دەبوو. هێزی ئێران پەرەی دەسەند و پڕچەک دەبوو ئیتر سمکۆ بەرگەی ئەو هێزەی ئێرانی نەگرت و ناچار بوو ڕووی کردە ناو سنووری تورکیاوە و تورکەکانیش لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدەن شەبەیخوون دایان بەسەریدا و چەک و جبەخانە و پارەکانیان لێ داگیرکرد و بەناچاری و بەپەلەپرووسکێ خۆی گەیاندە کوردستانی عێراق و پاش ماوەیەک گەڕایەوە بۆ ناو تورکیا و لەو سەرسنوورانەی هەر سێ بەشەکەی کوردستان هەر جارەی بە شێوەیەک کورتە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەبوو لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەتا لەدواجاردا دوا تەقەلای حکومەتی ئێران بۆ لەناوبردنی سمکۆ بەوە سەری گرت کە لە ساڵی ١٩٣٠دا لە (شنۆ) بۆسەیان بۆ نایەوە و کوژرا.

هەروەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسمکردووە، لەبەرئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی گشتی باسی شۆڕشەکانی سمکۆیان کردووە و هەر یەکەیان بە جۆرێک لێی دواون و زۆرجار حساب بۆ مێژووی زنجیرەی بەسەرهاتەکان نەکراوە، بۆیە ئێمەش ناچاربووین بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستماندان هەوڵی ئەوە بدەین لە سەرەتای شۆڕشەکانی سمکۆوە دەست پێ بکەین، هەتا ئەو کاتەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا لە شۆڕشەکانیدا شکا و لە کوردستانی ئێرانەوە ڕووی کردە ناو خاکی کوردستانی تورکیا و لەوێش تورکەکان دەستیان لێ وەشاند.

بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ ئەدەم شۆڕشەکانی سمکۆ بەم شێوەیە خوارەوە لێیان بدوێم:

یەکەم: سەرەتای شۆڕشەکانی سمکۆ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێراندا کە لە ناوچەی ورمێوە دەستی پێ کرد.

دووەم: داگیرکردنی شاری مەهاباد و ئەو شەڕانەی لە مەهاباد و لە ناوچەکانی موکریاندا ڕوویاندا.

سێیەم: شەڕەکانی تری سمکۆ دوای مەهاباد هەتا کاتی شکاندنی و ناچاربوونی کە ڕوو بکاتە کوردستانی تورکیا.

## یەکەم: شەڕی ورمیە، سەرەتای شەڕەکانی سمکۆ

وەکو لە پێشەکی ئەم باسەدا دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ دژی ئێران لەوە دواین کە سەرچاوەکان زۆربەیان باسی ئەو شەڕانەیان بە شێوەیەکی تێکەڵاو کردووە و هەندێ جار لە باسی شەڕێکەوە چوونەتە سەر باسێکی تر و پاش ماوەیەک گەڕاونەتەوە سەر شەڕەکەی پێشوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ لە نووسەران لە باسەکانیاندا سوودیان لە هەندێ سەرچاوە وەرگرتووە بەبێ ئەوەی ئیشارەت بۆ ئەو سەرچاوانە بکەن و لە ئەنجامی ئەوەدا باسەکانیان هەتا ڕادەیەک لە زۆر شتیا لە یەک ئەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی جاروبار شتێکی تازەیان تێهەڵکێشی ئەو باسە کردووە کە لە سەرچاوەکەیان وەرگرتووە، بۆیە حەزمکرد خوێنەرانی بەڕێز ئاگاداری هەمووی ببن، بێ گوێدانە ئەوەی کە کامیان باسەکەی گرنگترە لەوی تر و لە ڕێڕەوی باسەکاندا هەر سەرنجێک کە پێویست بووبێت و لەتوانادا بێ بخرێتە بەر چاو، تەقەلام داوە لێیان بدوێم کە لەوەدا هەر پەنام بردۆتە بەر سەرچاوەکان.

نووسەران دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ لە هەموو باسەکانی تر پتر دواوان چونکە لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە کە نزیکەی ماوەی دە ساڵی خایاند، بوو بە هۆی ئائارامی لەناو حکومەتی ئێراندا و حکومەتی تورکیا و عێراقدا کە بە چاودێری ئینگلیز ئەبرا بەڕێوە. هەر یەکەیان هەڵوێستی خۆیان بووە بەرامبەر بە شۆڕشەکانی سمکۆ و هیچیشیان لەگەڵیدا نەبوون چونکە ئەوانە لەبنەڕەتدا دژی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بوون و تورک هەر ئەوەندە مەبەستی بووە کە جاروبار هانی سمکۆ بدا دژی ئاسووری یا ئێران بۆ مەبەستێکی کاتیی خۆی و ئینگلیزیش بە هیچ جۆرێک مەبەستی نەبووە کە سمکۆ سەر بکەوێ، بەڵکو سیاسەتی بریتانیا لەوەدا بووە کە ئێرانێکی بەهێز هەبێت. یەکەم: بۆ ئەوەی قەڵا و سەنگەرێک بێت بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسی کە لە سنوورەکانی خوارووی ڕوسیا کە جاروبار هەندێ تەقەلای بڵاوبوونەوەی ئەو بیروباوەڕە دراوە، هەرچەند لەئەنجامدا ڕوسیش بە وێنەی ئینگلیز هەر مەبەستی بووە کە ئێران حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز بێت بۆ ئەوەی بەئاسانی مل کەچ نەکا بۆ ئینگلیز و ئەگەر بۆشی بکرایە تەقەلای ئەوەشی ئەدا کە ئێرانییەکان دژی بەرژەوەندی ئینگلیز هان بدات.

کوردیش لەناو خۆیدا، لە هەر سێ بەشەکەیدا هەر لایە بەجیا بووە و هیچ

لایەکـیـان پێـوەندیی بە هیچ لایەکی تریانەوە نەبووە و بە هیچ جـۆرێک بیـر لەوە نەکراوەتەوە کە ڕێکخراوێک ساز بکرێت لەنێوانی کوردی هەر سێ بەشـەکەدا کە هیچ نەبێت پرۆژەیەک یا نەخـشـەیەک دابنێت بۆ ئەو ڕۆژانە و بۆ دواڕۆژی کـورد و کـوردسـتـان و بەداخـەوە ئێـسـتـەش هەروەکو ئەوسا کـورد بیـر لەوە ناکـاتەوە کـە ڕێکخراوێکی گشتی بۆ کورد دروست بکرێت بە مەرجێک بناغەی لەسـەر سوود و بەرژەوەندی ئیـمـڕۆ و دواڕۆژی کـورد دابمەزرێنرێت و ڕێگە نەدرێت هیچ هێـزێکی ئیقلیمی لە کـاروباری ئەو ڕێکخراوەدا لووتی خۆی تێ بژەنێ، کـە لەڕاسـتـیـدا ئەم کـەموکـوڕییـە هۆیەکی هەرە گـەورە بوو کـە هەتا ئێـسـتـە هیچ جۆرە پێوەندییـەکی لەنێـواننی شـۆڕشـەکـانی ئەو سێ بەشـەی کـوردسـتـاندا هەبوو بۆ ئـەوەی لەکـاتی پێـویسـتـدا ببـێت بە ڕاوێژیار و چاودێرێک بۆ ئەو ڕووداو و بەسـەرهاتانەی لەو بەشەی کە شۆڕشەکەی تیادا بەرپاکراوە و بەپێی توانا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەوە یا ئەو ئەنجـومـەنەوە یارمـەتی و هاوکـاری چ لە ڕووی ئابوورییـەوە بووبێت چ لە ڕووی ڕاگـەیاندن و بڵاوکـردنەوە بووبێت و ئەگـەر جـارویار تـەقـەلایەکی واش درابێت ئەو هەوڵە کز و کـەمدەسـەڵات بووە و جارویار نەختە موزایەدەیەکی سیـاسیـشی تیـادا بووە و تەنـهـا بۆ پروپاگـاندەیەکی تایبـەتی بووە کـە بەداخـەوە نەک هـەر لەو بارەوە بەڵکو لە زۆر ڕووی تریشـەوە کـوردی هەمـوو بەشـەکـانی کـوردسـتـان ئەوەندە کـەمـتـەرخـەمن دەربارەی بوونـی دەزگـایەکی لێـوەشـاوە کـە نوێنەرانی هێـزە دەسەڵاتدارەکانی هەموو کوردستان تیادا بەشداری بکەن.

دەربارەی ئەو سـەرچاوانەی کە باسی شـۆڕشەکانی سمکۆیان کردووە هەندێ لە نووسـەران زۆر بە دوورودرێژی و هـەندێک بەکورتی لێیان دواون کە حەزمکرد لێرەدا ئەو سـەرچاوانەی کـە باسی شـۆڕشـەکـانی سـمکۆیان کـردووە و دەسـتگیـرم بوون پێشکەش خوێنەرانی بەڕێز بکەم.

نووسـەری کـتـێـبی کـورد و عـەجـەم لە لاپەڕە (٣٤٦)ی کـتـێـبـەکـەیدا پشت بە سەرچاوەی کتێبەکەی (تمدن) باسێکی دوورودرێژی کردووە دەربارەی دەستپێکردنی شۆڕشەکانی سمکۆ کە وتویەتی:[١٩] "کە ساتێک (ضیاءالدولەی ئەلبورزی) لەجیاتی (سـردار فـاتح) کـرا بـە حـاکـمی تازەی ورمـیـە، ضـیـاءالدولە بۆ ئەوە دانرابوو کـە دەسەڵاتی کورد لە ورمیەدا نەهێڵێت و بە قسەی نووسـەرێکی تر کە (علی دهقان)ە لەکتێبەکەیدا (تاریخ رضائیە-یا سرزمین زردشت) چاپی تهران ابن سیان لاپەڕە

(١٣٤٨)، ضياءالدوله بۆ ئەوە هێنرابوو بۆ ورمیە کە ئاسایش بەرپا بکات لە ورمیەدا دژی کوردی دەستدرێژکەر.

بۆ ئەو مەبەستە دووسەد سوارەی نیزام و تۆپێکی شاخی لە ڕێگەی گۆلی ورمیەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و خەڵکیش هان ئەدا کە لە هەموو گەڕەکێکی شاری ورمیەدا کومیسیونێکی جەنگی لەناو خۆیاندا پێک بێنن بۆ پاراستنی شارەکەیان لەکاتێکدا ئەگەر کورد هێرشی بردەسەر ورمیە.

احمد کسروی لەکتێبەکەیدا دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی سمکۆ و ئێران وتویەتی: "بەر لە هاتنی ضیاءالدوله هەندێ کورد چووبوونە ناو شاری ورمیەوە و لەوێ ئەژیان و لەدوای گەیشتنی حاکمی ورمیە (کە ضیاءالدوله بوو) سەر لە بەیانی (٦٠) چەکداری کورد چواردەوری خانووەکە دەگرن و ئەیانەوێ ضیاءالدوله بگرن و لەئەنجامی ئەوەدا تەقە دەستی پێ کرد وە سەربازی نیزامی بەدەم تەقەمەوە هاتن بۆ یارمەتیدانی حاکم وە خەڵکی وەرمیەش بە تێهەڵچوونی کورد و حاکمیان زانی و ئەوی چەکی هەبوو هەڵی گرت و هات بۆ یارمەتیدانی حاکم و لەئەنجامی ئەوەدا ئەو پەلاماردانەی کورد بۆ گرتنی حاکم سەری نەگرت و لە شار دەرکران. لەبەرئەوەی خەڵکی ورمیە ئەو کارەی کوردەکانیان بە هاندانی (دوکتۆر پاکارد) ئەزانی تاقمێکیان هەڵیانکوتایە سەر بارەگای ئەمریکاییەکان و (٦٠)یان لە مەسیحییەکانی ناو ئەو بارەگایە کوشت کە لەناو ئەو بارەگایەدا داڵدەیان دابوون.

سمکۆ نەی ئەویست ضیاءالدوله جێگیر بێت و لەو ڕۆژانەدا هەموو ئەو ڕێگایانەی ئەچوون بۆ ورمیە گیرابوون و تەنها ڕێگەی بەندەری (گوڵمانخانە) مابوو لەسەر گۆلی ورمیە کە ئەو بەندەرە عەماری گەنمی تیادا بوو.

ساتێک سمکۆ بە هەواڵی سەرنەگرتنی ئەو پەلاماردانەی بۆ سەر ضیاءالدوله بیست، دەستەیەک شوکاکی بەسەرکردایەتی (طاهربەگ) ناردە سەر گولخانە و داگیریان کرد بۆ ئەوەی حکومەت لە تەوریزەوە نەتوانێت یارمەتی بۆ ضیاءالدوله بنێرێت، بەو جۆرە ورمیە کەوتە ژێر ئابلووقەی کوردەکانەوە.

تمدن دەربارەی ئەو ڕۆژانەی ورمیە لەکتێبەکەیدا بەم جۆرە باسکردووە: "چەکدارەکانی کورد لەناو شاری ورمیەدا ئەگەڕان، خەڵکی بە گرتنی (گوڵمانخانە)یان زانی و دوکان و بازاڕیان داخست و هەر کەسە چووەوە ماڵی خۆی. سەرکردەکانی کورد کە بەمەیان زانی کەوتنە تەقەلای دڵدانەوەی دانیشتوانی

ورمیه بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا دایانشکێنن.

رۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢١ی اردیبهشت ١٢٩٨ (١٠ی ڕەمەزانی ١٣٣٧ی شەمسی قەمەری ڕێکەوتی ١٩١٩ی میلادی) کوردەکان لەناو شاری ورمیەدا بەم جۆرەی خوارەوە جاڕێکیان بەناو خەڵکدا بڵاو کردەوە: "خەڵکینە بزانن و ئاگاداربن، ئێمە لگەڵ ئێوەدا هیچ جۆرە ناکۆکییەکمان نییە و هیچ جۆرە دوژمنایەتییەک لەنێوانی ئێمە و ئێوەدا نییە، دڵنیابن و بڕۆن دوکانەکانی خۆتان بکەنەوە و خەریکی کاروکاسبیی خۆتان بن. ئێمە تەنها لەگەڵ حکومەتی بێگانەدا ناڕێکین کە لە دەرەوەی شارەوە هێنراونەتە ئێرە و لەناو خەڵکدا دووبەرەکی و ناکۆکی و دووڕوویی بڵاو دەکەنەوە کە بە کەڵکوەرگرتن لەو دووبەرەکییە ئەکەونە گیرفانپڕکردنی خۆیان. ئەوانە بە گیرفانی بەتاڵ دێن و بە گیرفانی پڕ و کەلوپەلی زۆر و گرانبەهاوە لەم شارە ئەڕۆن.

ئەم جۆرە کاربەدەستانەی حکومەت گوێ نادەنە میللەت و شار، تەنها لە بیری ئەوەدان زۆرترین دەسکەوتی نامەشروعانەی خۆیان دەسگیر ببێت و هەر خەریکی ڕاوڕووتی میللەتن. بەڵێ... ئەهالی موحتەرەم... ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بەوپەڕی توندوتیژییەوە دوژمنایەتی ئەکەین. وەرن و با غیرەت بدەینە بەر خۆمان و فەرماندار لەناو خەڵکی ورمیەدا هەڵبژێرین و ڕێگەی ئەوە نەدەین لەملاوە فەرمانڕەوامان بۆ بێنن.

تمدن لەباسەکەیدا دێتە سەر باسی هەڵوێستی ڕۆژی هەینیی دووی خوردادی ١٢٩٨، ٣ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٧٧ ڕێکەوتی ١٩١٩/٥/١٣ و ئەڵێ: لایەنگرەکانی سمکۆ بەردەوام بوون لەسەر پێوەندیکردن لەگەڵ خەڵک و ناو بازاڕدا لە ماڵان بە خەڵکیان دەوت: "لێرە بەدواوە دەبێ فەرماندارەکان لە لایەن خەڵکی ورمیە و لەناو خەڵکی ورمیەدا هەڵبژێررێن و دابنرێن، تەنانەت سەرۆکی هەموو دائرەکان و لقەکانیش پێویستە هەر لە خەڵکی ورمیە بێت. ئەی ئەم هەموو پیاوە ناسراو و ئەشرافانەی ورمیە کە سەدان ساڵە خەڵکیان بەڕێوە بردووە و شوێنی گرنگیان هەبووە، بۆچی ئێستە لە گۆشە و کەناردا بوەستن و فەرماندارمان لەدەرەوە بۆ بهێنرێ؟؟ بۆچی سەرۆکی (ئەزمیە) و سەرۆکی (ژاندارمی)یان لەدەرەوە بۆ ناردوین؟؟ ئایا لەناو دانیشتوانی ورمیەدا کەسانی بەئارام و ئاگادار کەم هەیە کە لەجیاتی ئەوانە ئەم هێچوپووچانەیان بەسەردا دەسەپێنن. ئەوانە هەمیشە هەوڵ

ئەدەن نێوانی کورد و عەجەم تێک بدەن بۆ ئەوەی گیرفانی خۆیان پڕ بکەن و بە کەش و فش و بە زەرق و بەرقەوە لەسەر حسابی خەڵک بژین!! ئایا ئەوانەی ورمیە خەڵکی ئەم وڵاتە نین و دڵیان بەم ناوەچەیە ناسووتێت؟ هەتا ئێستە لەگەڵ ئەو هەموو مانگانە زۆرانەی کە وەریان گرتووە بایی قرانێک خەریکی ئاوەدانکردنەوە نەبوون و بۆ پێشکەوتنی ئەم ناوچەیە کارێکیان ئەنجام نەداوە!"

تمدن لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "دیسانەوە داروەدەستەی سمکۆ لە کۆڵان و بازاڕ کەوتنە پێوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا و قسەیان بۆ ئەکردن و بیر و بۆچوونی خۆیان بۆ ڕوون دەکردنەوە. وا دیار بوو کوردەکان لەو ڕووەوە لە شوێنێکەوە ڕاسپاردە و ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتی و بیری سیاسی وەردەگرن کە تەنانەت کاروباری ڕاگەیاندنیشیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان (کە بێگومان تمدن لەوەدا مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو ڕاسپاردانە لە کومیسیونی ئەمریکاییەکانەوە وەرگیراوە، کە ئەمە شتێکی سەیرە ئەگەر لەو ڕۆژانەدا تاقمەکەی محمد خیابانی بانگەوازێکی لەو جۆرەیان بڵاو بکردایەتەوە ئەوەیان بە شتێکی ئازادیخوازانە ژماردووە، کەچی ئەو تەقەلا و قسە و ڕوونکردنەوانەی تاقمەکەی سمکۆیان بە هی بێگانە و بە هی ئەمریکا داناوە.)

تمدن لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و دەڵێ: "هێزەکانی سمکۆ ورمیەیان ئابڵووقە دابوو، ڕێگەکانیان بەستبوو، گرانی و قاتوقڕی لەناو شاردا بڵاو بووبووەوە و هەتا ئەهات ئەڵقەی ئابڵووقەدان تەنگتر دەبووەوە چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کورد زۆرتر ئەهاتە پاڵ سمکۆ و شەویش هێرشیان ئەبردە سەر قەڵای ورمیە و خەڵکی ورمیە بەرەنگاریان ئەبوونەوە و نەیان ئەهێشت شارەکە بکەوێتە دەست کورد.

کومیسونی جەنگ چەکدارەکانی ورمیەی بەسەر هەر حەوت دەروازەکەی شار و ناو بورجەکان و دیواری قەڵادا دابەش کرد بۆ ڕێگەگرتن لە کورد، بەڵام ئەو کۆمیسیونە نەیدەتوانی پارەی کڕینی تفەنگ و فیشەک و باروود و مووچەی تفەنگچییەکان دابین بکات لەبەرئەوە داوایان لە مستەر (پاکارد) کرد کە کومیسیونی ئەمریکایی بوو سێ هەزار تومەنیان بداتێ (لەڕاستیدا ئەمەی تمدن کە باسی کردووە کە خەڵکی ورمیە داوای پارەیان لە مستەر پاکارد کردبوو لەگەڵ ئەوەی (احمد کسروی)دا یەک ناگرێتەوە کە بەر لەمە باسمان کرد کە لەکتێبەکەیدا وسەی خەڵکی ورمیە ئەم بەلامارداناەی کوردیان بە هاندانی مستەر پاکارد ئەزانی

بۆیە هێرشیان بردبووە سەر بارەگاکەی)، ئەویش پارەکەی پێدان و بەوە کەوتنە پاراستنی شارەکە.

لە ٢٠ی مایسی ١٩١٩دا هێرش بۆ سەر شاری ورمیە دەستی پێ کرد، سەرەتای شەوی ١٢ی ڕەمەزان هێرشەکەیان توند کرد، بەڵام چەکدارەکانی ورمیە توانییان بەرهەڵستییان بکەن. هێرشەکەی ئەم جارە یەکسەر لەلایەن سمکۆوە دەستی پێ کرد کە سمکۆ خۆی بەتایبەتی هێرشەکەی ئاراستەی دەروازەکانی (نوگچر) و (عەسکەرخان) و (بلو) کردبوو وە تەقەلایاندا کە لە (بلو)وە دەلاقەیەک بکەنە دیواری قەڵاکەوە و هێرشی ئەم جارە لەپاش ئەوەی ٣٦ سەعاتی خایاند، بەڵام سمکۆ نەیتوانی دەست بەسەر ورمیەدا بگرێ بۆیە کشایە دواوە کە ئابڵوقەدانی ورمیە لەم شەڕەدا (٢٥) ڕۆژی خایاند.

خەڵکی شار لەو ڕۆژانەدا ئازایانە بەرگرییان لە شارەکە ئەکرد و نەیانهێشت بکەوێتە دەست کورد.

کونسولی ئینگلیز کەوتە ناوبژیکردن و حاکمێکی تازە بۆ شاری ورمیە دانرا و لە ١٥ی تیرماهی ١٢٩٨ھ. ڕێکەوتی شوالی ١٣٣٧ و حزیرانی ١٩١٩ سمکۆ وازی لە ئابڵوقەدانی ورمیە هێنا و پاراستنی ئاسایشی ڕێگەکان سپێررا بە سمکۆوە بەرامبەر بەم کارە لەلایەن فەرمانداریيەوە مانگانە بۆ سمکۆ بڕایەوە کە ئەویش چەند چەکدارێکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: بەڵام احمد کسروی لەکتێبەکەیدا باسی گفتوگۆیەکی سەرنەکەوتوو ئەکا و ئەڵێ: سردار انتصار تازە بووبوو بە جێگری والی و دەستی کرد بە ئامادەکردنی هێز بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ.

لەسەرەتادا میجەر (میر حسین خان)ی لەگەڵ هێزی ژاندارمەدا ڕەوانە کرد و بە دوای ئەوەدا دەستەی قازاخیشی نارد و داوای ناردنی سوارەی لە هەموو لایەک ئەکرد و پەیتا پەیتا دەیناردن و لەتارانەوە (فیلیپوف) کە سەرکردەیەکی قازاخی بوو بۆ فەرماندەیی لەشکر نێررا.

فیلیپوف لەدوای ئەوەی چاوی بە سردار انتصار کەوت چوو بۆ (شەرەفخانە) بۆ ئەوەی دەست بکات بە کاروباری خۆی.

لەدوای ئەوە چەند شەڕ و تێهەڵچوونێک لەنێوانی کورد و هێزی ئێراندا ڕوویدا کە

گرنگترینیان ئەو شەڕانە بوون لە نزیک (دیلمقان) (کە لام وایە دیلمانی مەبەستە) قەوما، لەو شەڕەدا چل کەس لە سەرکردەکانی قازاخ و چەند کەسێک لە سەرکردەکانی ژاندرمە کوژران و دیلمقان و ناوەندی سەڵماس کەوتە دەست هێزی ئێران. سمکۆ تەلگرافێکی نارد بۆ (عین الدوله)ی والی ئازربایجان. عین الدوله ئەگەرچی والی ئازربایجان بوو بەڵام لە زنجان دائەنیشت و عین الدوله فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی دا و شەڕ وەستا و گفتوگۆی لەنێوانی سمکۆ و سردار انتصار و فلیبوف دەستی پێ کرد.

ئێرانییەکان بەرامبەر بە وەستانی شەڕ ئەم مەرجانەی خوارەوەیان بۆ سمکۆ دانابوو:

١- تالانییەکانی (لکستان) بداتەوە.

٢- پاشماوەی سوپای عوسمانییەکان لای خۆی دەر بکا.

٣- دەستتێوەرنەدان لە کاروباری سەڵماس و ورمیەدا.

٤- سمکۆ خەرجی لەشکرکێشی دەوڵەت ببژێرێت.

٥- هەرچی تفاقێکی جەنگیی لەلایە تەسلیمی دەوڵەتی بکات.

٦- احمد ئاغای برای بنێرێت بۆ تەورێز بۆ ئەوەی لە بنکەی قازاخەکان لەناو سەرکردەکاندا بێت، بەڵام سمکۆ ئەو مەرجانەی قبوڵ نەکرد و زۆری نەخایاند شەڕ و تێهەڵچوون دووبارە دەستی پێ کردەوە.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (٢٥٠-٢٥١)دا دەربارەی درێژەکێشانی شەڕ پەنای بردۆتە بەر کتێبەکانی: مکی و حاجی مزار السلطنه و تمدن و هدایەت و وتویەتی:(١٩) "حکومەتی ئێران لە بەردەمی گۆڕانکارییەکی گرنگدا بوو، پشێوی لە هەموو ئێراندا هەبوو، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کز بوو، دەسەڵاتی زنجیرەی قاجاری خەریک بوو کۆتایی ئەهات، ڕەزاخان لە قازاخێکی بچووکەوە بوو بە ئەفسەرێکی گەورە و لەپاشدا بوو بە سەرداری سوپا وە بە بیانووی ڕزگارکردنی نیشتمان لە پشێوی و لاوازی خۆی ئامادە دەکرد کە ببێت بە شای ئێران (کە لەڕاستیدا وەکو هەموو سەرچاوەکان باسیانکردووە ئینگلیزەکان لەوەدا دەستێکی باڵایان هەبووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕەزاشاوە حکومەتێکی بەهێز لە ئێراندا دروست بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە سۆڤیەت و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی سۆشیالیستی.)

کاتێک مخبر السلطنه بوو بە والی ئازربایجان، ئیتر یەکەمین لەشکرکێشیی گەورە و فراوان بۆ سەر سمکۆ دەستی پێ کرد و سمکۆش لە هەوڵدانێکی بەردەوامدا بوو بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی شۆڕش و ئازادکردنی مەڵبەندە کوردنشینەکان لە دەسەڵاتی عەجەم.

هێزەکانی شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتی سمکۆ ورمیە و سابڵاغ و شنۆ و خۆی گرتبووە ژێر دەست و مخبر السلطنە هێزێکی قازاخی بە فەرماندەی سرتیپ (ظفرالدوله) نارد بۆ (تەسوج) وە هێزێکی ژاندرمەی بە فەرماندەی (ملک زادە) نارد بۆ سابڵاغ، بەڵام هێزەکانی کورد ئەو دوو هێزەی ئێرانیان تەفروتوونا کرد و (ظفرالدوله) بۆ ئەوەی خۆی لە دیلێتی ڕزگار بکا بە بەلەم لە گۆلی ورمیەوە هەڵات و ملک زادە بە دیل گیرا.

سمکۆ دوای ماوەیەک ئەفسەرەکانی ئازاد کرد و بە ملک زادەی وت: "ئاغا برۆ بەو والییە لێنەهاتووە دڵرەقە بڵێ: با شەرم بیگرێ لەم چەند هەنگاوەی تەمەنیا با لاوانی تازە نەکا بە خۆراکی لوولەی تۆپەکان."

لەسەر داخوازیی هەمان والی (١٥٠٠) ژاندرمە بە سەرکردایەتی (لیندبرگ) گەیشتە تەورێز و دوای حەسانەوە ئەو ژاندرمانە ڕەوانەی (شەرفخانە) کران. هێزێکی سێ هەزار چریکی ئازەری بەسەرکردایەتی (ئەمیر ئەرشەد) کۆکرابووەوە و ئەو ئەمیر ئەرشەدە برای محمد حسین ضرغام بوو کە جەعفەر ئاغای شوکاکی کوشتبوو. اقبال السلطنەش لە سوارەکانی ماکۆوە بەشداری ئەم هێرشە بوو.

لە ڕۆژی ٢١ی کانونی دووهەمی ١٩١٩دا (لام وایە ئەبێ ئەو ساڵە هەڵەی چاپەمەنی بێت کە ڕاستییەکەی کانونی دووهەمی ١٩٢٠ە چونکە ڕووداوەکانی پێش ئەوە بەر لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ بوو.)، ڕێکەوتی ٨ی ازرماه، ١٣٠٠هـ.ش. بەرامبەر ربیع الاولی ١٣٣٨ی قەمەری، لە داوێنی کێوی شەکریازی ئەمیر ئەرشەد کوژرا و هێزەکەی پەرەوازە بوو و لاشەکەی لە مەیدانی شەڕدا بەجێ ما. (مصطفی پاشای یامولکی لەو نامەیەدا کە بۆ عبدالعزیز کوڕی ناردبوو، ئێمەش لە باسی پێوەندیکردنی سمکۆ و کوردەکانی خوارووی کوردستاندا باسمانکردووە، باسی هێزی ئەمیر ئەرشەدی کردووە.)

ئەم شەڕە لەبەر خراپیی دانانی پیلانەکەی و ناڕێکوپێکی هێزەکە و لێنەهاتوویی سەرکردەکان، هێزەکانی ئێران تێکشکان و وورەی شۆڕشگێڕانی کوردی پێ بەرز

بووەوە، بەڵام ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی لەشکرکێشییەکی گەورەی حکومەتی ئێران بوو بۆ ڕێگاگرتن لە تەنینەوەی شۆڕشی کورد کە سەرەنجام بەتەواوی لەناوبرا.

لەدوای ئەو شەڕەی کە لە شاری ورمیەدا دەستی پێ کرد، سمکۆ خۆی کۆکردەوە و هێزێکی گەورەی نارد بۆ داگیرکردنی مەهاباد کە لەو ڕۆژانەدا (ملک زادە) کرابوو بە فەرماندەی ژاندرمە و لەلایەن (مخبرالسلطنە)ی والی ئازربایجانەوە نێررابوو وەکو لەپێشتردا باسکرا و لە ئەنجامی ئەوەدا شەڕێکی خوێناوی لەنێوانی سمکۆ و هێزی ئێراندا لە سابلاغ ڕوویدا کە ژمارەیەکەی زۆر لە نووسەران باسی ئەو شەڕەیان کردووە، کە ئێمەش لێرەدا لەدوای شەڕی ورمیە دەچینە سەر باسی ئەو شەڕەی مەهاباد و لەدواییدا دەگەڕێینەوە بۆ تەواوکردنی باسی شەڕەکانی تری سمکۆ هەتا ئەو کاتەی بەرامبەر بە هێزی ئێران شکا و ناچار بوو خۆی بگەیەنێتە ناو خاکی تورکیا، کە لە شوێنی خۆیدا بەدوورودرێژی باسی ئەکەین.

## دووهەم: شەڕی مەهاباد

ئینگڵتن لەکتێبەکەیدا دەربارەی شەڕی مەهاباد و داگیرکردنی لەلایەن سمکۆوە وتویەتی:(٢٢) "سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا بەهێزەکەیەوە پەلاماری مەهابادی دا کە نزیکی (٦٠٠) دەرەک (جەندرمە)ی ئێرانی تیادا بوو (دەربارەی ئەو ژمارەیەی کە ئیگڵتن باسیکردووە سەرچاوەکانی تر هەر یەکەیان بە جۆرێک لێی دواون کە هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیدا دەرئەکەوێ.) و لەو شەڕەدا ئەو هێزەی ئێران هەموو کوژران و سەربڕان و هەندێ لە میسیونێرەکانی (لۆثەر)ی ئەمریکاییش هەر بەو دەردە چوون."

مارتن ڤان برۆنسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی شەڕی مەهاباد وتویەتی:(٢٨) "ساتێک سمکۆ مەهابادی گرت نزیکی (٢٠٠٠) کوشتار و بریندار لەو شەڕەدا هەبوو لەناو هێزەکانی حکومەتی ئێراندا و گەلێک تاڵانیش کرا.

کە سمکۆ مەهابادی گرت، کردی بە پایتەختی خۆی بەڵام خۆی تیایا دانەنیشت بەڵکو هەمزاغای مامشی کرد بە فەرمانداری سابلاغ و شارەکانی تری ئازەری هەروەکو (میاندواو) و (مراغە) و (بیناب) دانیشتووەکانیان بە ناردنی نامە بۆ

سمکۆ هەموو لایەنگریی خۆیانیان بۆ دەربڕی دەربارەی ڕێبەرایەتی سمکۆ لە ساباڵغدا.

ساتێک هێزی سمکۆ چووە مەهابادەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیشتووەکانی هەموو کورد بوون بەڵام گەلێک دەستدرێژییان کرایە سەر و بەرامبەر بەو ڕووداوە کوردە نیشتمانپەروەرەکان زۆر بێزاری و نارەزایی خۆیان دەربڕی بۆ سمکۆ و پێیان وتبوو ئەو ڕەفتارە لە سوودی دوژمن بەولاوە هیچ سوودەێکی میللەتی کوردی تیادا نەبووە.

لە وەرامی ئەو تالانییەی کە کرابوو سمکۆ وتبووی ئەوەی ڕوویدا هەموو خەتای جەندرمەکانی ئێران بوو کە ئەوان دەستیان لێمان کردەوە و چەکدارەکانی ئێمەش ناچار بوون بۆ پاراستنی خۆیان وەرامیان بدەنەوە، بێجگە لەوە لەکاتێکی وادا من توانا و دەسەڵاتی ئەوەم نەبوو کە ڕێگە لەو دەستدرێژکردنە بگرم کە لە ژوور هەموو شتێکەوە من بە گومان بووم لە عەشایری مەنگوڕ و دیبوکری کە لە دەوروپشتی مەهاباددا بوون."

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٨٩) کتێبە وەرگێڕراوەکەیدا بۆ کوردی لەو ڕووەوە وتویەتی:(١٨) "لە شەشی مانگی ئوکتوبەری ساڵی ١٩٢١دا سید طە کە هاوڕێ و ژنبرای سمکۆ بوو لەگەڵ چەند سەد سوارێک هێرشیان بردە سەر شاری ساباڵغ، لەو کاتەدا (٥٥٠) ژاندرمە بەرگرییان دەکرد (وەکو لەم باسانەدا دەردەکەوێت نیکڵتن وتویەتی هێزی حکومەتی ئێران (٦٠٠) چەکدار بووە، مارتن ڤان برۆنسون وتویەتی ژمارەی کوژراو و بریندارى حکومەتی ئێران دوو هەزار کەس بووە، کاک ئەحمەدی شەریفی ژمارەکەی بە (٣٠٠) ژاندارم باسکردووە، کاک کەری حسامی بە (٨٠٠) چەکدار باسی کردووە و زنار سلوپی (قەدری جەمیل بەگ) وتویەتی ژمارەیان دوو هەزار کەس بووە، لە دوکیومێنتێکی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ژمارە (F.O.371-7808) و ڕۆژی ١٩٢٢/٦/١٨ باسی گرتنی (٧٠٠) تفەنگی کردووە.)

کریس کوچرا لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "بۆ ڕۆژی دوایی ئیسماعیل ئاغا بە خۆی و دوو هەزار سواری کوردەوە بۆ ساباڵغ وە ڕێ کەوت و لە ڕێگای هاتنیا هەر قەڵا و پۆستێکی ئێرانی بهاتایەتە ڕێ لەناوی دەبرد و دەستی بەسەردا دەگرت هەتا گەیشتە شاری ساباڵغ و لەناو شاردا وەدووی ژاندرمەکان کەوت وە دەستی کرد بە کوشتاریان و بەرامبەر بەوە هێزی دەوڵەتی خۆی پێ نەگیرا و شکا و

بڵاوەی لێ کرد کە لەو شەڕەدا (٤٠٠) ژاندرمە کوژرا و لەناوچوو، ئەو سێ ئەفسەرەش کە گیرابوون خرانە بەندیخانەوە و شکانی هێزی دەوڵەت لە مەهاباد نەهامەتییەکی زۆر گەورە بوو بۆ دەوڵەت. ئەو شکان و ڕاکردنەی هێزی حکومەت بە هۆی ئەوەوە بوو کە لەناو خۆیاندا ڕێکوپێکی نەبوون وە ئاڵۆزییەکی زۆری تیادا دەبینرا، بەڵام هۆیەکی تریش هەبوو بۆ شکان و لێکبڵاوبوونی هێزی حکومەتی کە بریتی بوو لە کوشتنی دوو پیاوی گەورەی کورد لەلایەن هێزی ئێرانەوە کە بوو بە هۆی بەربەرەکانیکردنی کورد لەگەڵ هێزی حکومەتدا.

بەڵام داگیکردنی سابلاغ تالانی و کوشتنی خەڵکی تریشی بەدواوە بوو، (قازی لەتیف)ی بەناوبانگ لە گەرمەی شەڕەکەدا شەهید کرا و دەوڵەمەند و دەرەبەگەکانی ناوشاریش تالانکران.

کوچرا ئەڵێ: لەدوای چەند هەفتەیەک ئیسماعیل ئاغا لە وتوێژێکدا کە بۆ ئەو کوردانەی باس کردبوو کە لە قوستەنتینەوە (ئەستەمبوڵ) هاتبوون بەسەرۆکایەتی مصطفی پاشا یامولکی پێی وتبوون کە ئێمە دەعوەتی سەرۆکە گەورەکانی سابلاغمان کرد کە بێن بۆ ئەوەی لە پێش داگیرکردنی شارەکەدا چارەسەرێکی هەڵوێست بکرێت، بەڵام وەڵامیان نەدایە و خەڵکی شاری سابلاغ ڕێزیان لێ نەگرتین و ئێمەش شەڕەکەمان هێنایە قەراغ دیواری سابلاغ و شوکاکیش دەستیان کردبوو بە تالانکردن، فارسەکان تا قەراغ دیوار و برجی ناو شار پاشەکشەیان کردبوو وە بە گرتنی شارەکە شەڕ تەواو دەبوو، بەڵام خەڵکی شاریش لەو بەینەدا تاوانبار بوون و بووبوون بە قۆچی قوربانی ئەو شەڕە و شوکاکیش دەستی لە هیچ نەدەپاراست و لەتواناشدا نەبوو ڕێگەی تالانکردنیان لێ بگیرێت، هەرچەند لەدواییدا خەڵکی شار بەتایبەتی گەورەکان و ڕدێنسپییەکان کە لەلایەن سمکۆوە نێررابوون هەوڵیاندا کە دڵی خەڵک بێتەوە جێی خۆی بەڵام خەڵکی ئیمڕۆی مەهاباد لەو ڕووەوە زۆر قەزاوەت دەکەن (شکات دەکەن، گلەیی دەکەن.) لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بێت، خەڵکی مەهاباد سمکۆ لە پیاوە گەورەکانی کوردی ناسیونالیزم دەزانن.

لەدوای داگیرکردنی مەهاباد هێزی دەوڵەتی ئێران لە ئازربایجاندا خرایە ژێر فەرماندەی خاوەن مەنسەبێکی سویدی کە ناوی سەرهەنگ (لونید بیرگ) بوو کە بەکرێگیراو بوو لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە."

دەربارەی ئەو نوێنەرەی کە کریس کوچرا باسی کردووە کە گوایا لە

ئەستەمبوڵەوە هاتبوو لەپێشتردا باسکراوە کە لە سلێمانیەوە چووبوو وە بەتەنها خۆشی چووبوو کەسی تری لەگەڵدا نەبووە.

دەربارەی ئەوەی کە کریس کوچرا باسی کردووە کە گوایان لەپێشدا سید طەی شەمزینی بە خۆی و هێزەکەیەوە چووەتە سابلاغ، لە نامەیەکی مامۆستا محەمەدی حەمەباقی کە لە ڕۆژی ١٩٩٣/٦/٣٠دا لە سەقزەوە بۆی ناردووم دەربارەی بیرەوەرییەکانی کاک موفەقی خاوەنی کتێبخانەی موفقی لە مەهاباد کە پێوەندی بەو ڕۆژانەوە هەیە کە سمکۆ و چەکدارەکانی مەهابادیان داگیرکردووە، لەو نامەیەدا وتراوە (کە دەقەکەی هەروەکو خۆی بۆی نووسیوم بڵاوی ئەکەمەوە): "لەبەرئەوەی سمکۆ لە ڕۆژانی هێرشبردنیا بۆ سەر موکریان و لە داگیرکردنی سابلاخدا گەلێک بەسەرهات و بیرەوەری لای دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی بەجێ هێشتووە، لەبەرئەوە ئەگەر بویستریێ دەنگوباسی سمکۆ دەربارەی داگیرکردنی سابلاخ کۆ بکرێتەوە، دەفتەری سنگی خەڵک گەلێک یادگار و بیرەوەری تیادایە.

لەناو هەندێ نووسراوی دوژمناندا لەسەر سمکۆ وا باس ئەکرێ کە لە پەلاماردانی شاری مەهاباددا پیاوەکانی سمکۆ بە فەرمانی سمکۆ تالان و برییەکی زۆریان لە دانیشتوان کردووە کە ئەمەش لای ئەوەی نوێ شوێنەوارێکی شیرینی نییە. بۆ ئەمە بەندە (حەمەی حەمەباقی) بەتایبەتی لەگەڵ ڕووناکبیرێکی بەساڵاچووی مەهاباددا قسەم کرد کە هەتا ئێستەش هەر لە ژیاندا ماوە و لە شاری مەهاباد کتێبخانەی هەیە بە ناوی (موفقی)یەوە کە کتێبخانەکەی بە ناوی خۆیەوەیە، لە وەرامی ئەو پرسیارەی کە لێم کردبوو فەرمووی: "ڕاستە لە کاتی هێرشهێنانی سمکۆدا بۆ سەر مەهاباد، دانیشتوانی شارەکە تالان کران، بەڵام بناوانی کارەکە لە خاڵێکی زۆر نەهێنی و گرنگدایە و هەتا ئێستەش هەموو کەسێک نایزانێت کە بریتیە لە: سمکۆ کە زاوای سید طە شەمزینی بووە، ئەو سید طەیە چونکە لە دڵ و دەروونیدا بنەماڵەی خۆیانی بەناوبانگتر زانیوە لە چاو بنەماڵەی سمکۆدا، بۆیە بۆ کەمکردنەوە لەناوبانگ و شانوشکۆی سمکۆ سید طە هەوڵی دابوو بە هەر نرخێک بێت ناوبانگی سمکۆ بزڕێنێت و بیشێوێنێت و ئەوەندەش کە پێوەندی بە تالان و بڕۆی مەهابادەوە هەیە، لە پیرەکانی ئەو سەردەمەم بیستووە (قسەی موفقی)یە کە سید طە لەبنەوە پێشمەرگەکانی لای خۆی هانداوە کە تالان و بڕۆی مەهاباد بکەن."

کاک محەمەدی حەمەباقی ئەڵێ: کاک موفقی خوێندەوار و ڕووناکبیر و زیرەک و

وردبینە بۆیە قسەکەی کە بۆ منی کرد جێی باوەڕ و متمانەیە و ئەو قسەیەش بە ئامادەبوونی نووسەری هێژا، مەهابادی کاک سید محەمەدی سەمەدی و کاک عبداللەی سەمەدی کرد."

منیش ئەڵێم سوپاس بۆ هەردووکیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لە هەڵەکەی سمکۆ کەم ناکاتەوە و هەروەکو لەو گفتوگۆیەی کە مصطفی پاشای یامولکی لەگەڵیدا کردووە کە لەدواییدا بڵاوی ئەکەمەوە دەرئەکەوێ کە خۆشی بەشدار بووە لەوەدا چونکە نەیتوانیبوو بەرگری بکا لەو تاڵانکردنە ئەگەرچی لە یاداشتەکانی مرزا کریمی بارام بەگیدا کە لەدواییدا باسی ئەکەین سمکۆ هەندێ لە تاڵانکەرەکانی بە دەستی خۆی کوشتووە.

زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا) دەربارەی شەڕی سابڵاغ لەکتێبەکەیدا وتویەتی:(١١) "ساتێک سمکۆ ڕووبەڕووی هێزەکانی ئێران بووەوە، یەکێک لەو شەڕانەی کە سمکۆ لەگەڵ ئێراندا کردی ئەو شەڕەی سابڵاغ بوو کە نزکەی دوو هەزار چەکداری حکومەتی ئێران لەو ناوچەیەی سابڵاغدا هەبوو، لەو شەڕە گەرمەدا سمکۆ ئێرانی ناچار کرد کە بەڕاشکاوی سابڵاغ بەجێ بێڵێت و لەو شەڕەدا سمکۆ دوو تۆپی قورسی دەست کەوت لەگەڵ حەوت ڕەشاش و ژمارەیەکی زۆر لە چەک و جبەخانە."

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٥١)ی کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو شەڕە نووسیویتی:(٩) "سمکۆ لە ١٩٢١/١٠/٧دا شاری مەهابادی گرت و لەدوای ئەوەی توانی هێزی ژاندرمەی ئێران بەسەرکردایەتی (ملک زادە) بشکێنێت، ئیتر مەهاباد کەوتە ژێر دەستی چەکدارەکانی سمکۆوە و پاش ئەوە سەڵماس و خۆی و سلدوز و سەقز و بانەش ئازاد کران."

میر بصری لەکتێبەکەیدا (اعلام الکرد) لە لاپەڕە (٧٥)دا لە باسی شەڕی سابڵاغدا وتویەتی:(٥٢) "لە ساڵی ١٩٢١دا ئیسماعیل ئاغای شوکاک شاری مەهابادی گرت و لەو شەڕەدا باوکی قازی محەمەد هاوکاری سمکۆ بوو (کە لەڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوەی نەکردووە کە باوکی قازی محەمەد بەشداری ئەو شەڕە بوویێت و هاوکاریی سمکۆ کردبێت، تەنها لە کتێبەکەی ملک زادەدا ناوی هاتووە هەروەکو لەدواییدا باسی دەکەین.)

کاک کەریمی حسامی دەربارەی ئەو شەڕەی مەهاباد لەباسەکەیدا وتویەتی:(٢٩)

"دوای ئەوەی حکومەتی ئێران ڕێگەی هاتوچۆی نێوانی تەورێز و ورمیەی لێ گیرا بوو ئەیەویست لە ڕێگەی سابڵاخەوە لەشکر بنێرێت.

میجەر (ملک زادە) لەگەڵ (٨٠٠) ژاندرمە لە ڕێگەی (مەراغە) و (میاندواو و سابلاغ)ەوە بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ دەکەوێتە ڕێ کە دیارە لەوەدا هیوایەکی تەواویشی بە قەرەپاپاخی سندوسی هەبوو چونکە لەکۆنەوە شاە عەباس (مەبەستی شا عەباسی سەفەوی)یە ئەو قەرەپاپاخانەی لە قەفقاسەوە بۆ بەربەرەکانیکردنی کورد هێنابووە ئەو مەڵبەندە و هەمیشە داردەستی حکومەتی تاران بووە دژی کورد کە ملک زادە ئەم جارە لە پەلاماردانی سمکۆدا هەر ئەو حسابە کۆنەی کردبوو.

کاتێک هەواڵی ئەوەی ملک زادە ئەگاتە سمکۆ لەپێشدا سید طە افندی (سید طەی شەمزینی) ئەنێرێت کە قەرەپاپاخەکانی سندوس چەک بکا، سید طە هێشتا لە (دزەی دۆڵێ) دەبێ، لەوێوە فەرمان ئەدا کە نابێ هیچ کەسێک لە سندوسدا چەکی پێ بێت و پێویستە هەموویان چەکەکانیان دابنێن، قەرەپاپاخەکانیش ئەیانزانی بەربەرەکانێی سمکۆیان پێ ناکرێت، لەبەر ئەوە بەناچاری پێشوازی لە سید طە دەکەن و چەکەکانیان تەسلیم دەکەن.

لەدوای ئەوە سمکۆ لەگەڵ لەشکرێکی پەرداخدا ئەچێتە سابڵاغ و ملک زادە دەگرێ و کوشتارێکی باشیش لە ژاندرمەکان دەکات.

دوای سەرکەوتنی ئەم شەڕە، ئیتر عەشرەتگەلی زرزا و مامش و پیران و مەنگوڕ و دیبوکری و بەگزادە و گەورک سەر بۆ ئیسماعیل ئاغا دادەنەوێنن و لە خۆی و سەڵماسەوە هەتا بانە و دیواندەرە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئیسماعیل ئاغا.

کاک حسامی لە لاپەڕە (١٣)ی باسەکەیدا ڕەخنەی لەو هەڵوێست و ڕەفتارەی سمکۆ گرتووە کە تاڵانی کراوە و زەلامیان ڕووتکردۆتەوە و تەنانەت جلوبەرگیشیان لە خەڵک ستاندووە کە ئەمە لەگەڵ ڕەوشتی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا یەکی نەدەگرتەوە و ئەم کارە ناحەزانە بوونە هۆی ئەوەی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتیوانی لە بزووتنەوەکەی سمکۆ نەکەن و ئێستاش لە ناوچەی موکریاندا عەشیرەتی شوکاک بە تاڵانچی ناو دەبرێت."

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە (١٩)ی بەشی سێهەمی یاداشتەکانیدا لەو ڕووەوە وتویەتی:(٢) "لەدوای ئەوەی سمکۆ هەموو ورمیە و بەشێکی گەورەی ناوچەی

تەوریزی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، لەبەر شدەت و دڵڕەقیی سمکۆ ترسێکی گەورە کەوتبووە دڵی خەڵکی ئازربایجانەوە و لە هەموو لایەکەوە دەستیان کردبوو بە هەڵاتن و چۆڵکردنی وڵات و خەڵکی سابلاغ و سەردەشتیش لەگەڵ ئەو دەوروبەرانەیدا وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتبوو وە بەشێکیان هاتنە سلێمانی و لای خەڵک باسی شدەت و شەکوا و گلەییان لای خەڵک کرد لەبەرئەوە بزووتنەوەکەی سمکۆ تورکەکانی خستە ئەندێشەوە."

کاک ئەحمەدی شەریفی لەنامیلکەکەیدا دەربارەی شەڕی مەهاباد لە لاپەڕە (٤٢)دا وتویەتی:(٤٤) "لە زستانی ساڵی ١٣٠٠دا سمکۆ گەیشتبووە پۆپەی هێز و دەسەڵاتدارێتی لە ناوچەکانی ورمیە و سەڵماسدا، دوای ئەوە کەوتە هەوای ئەوەی پەلاماری شاری مەهاباد بدات. سمکۆ لە ڕۆژێکی سەختدا بڕیاری ئەو پەلاماردانەی دابوو کە (٣٠٠) ژاندرمەی ئێرانی لێ بوو بەسەرکردایەتی ملک زادە کە هەموویان پرچەک بوون، بەڵام بە هۆی لێنەهاتوویی و ناکارامەیی ملک زادە، لە شوێنێکدا کە پێی ئەڵێن (تیپەتابان) کوشتارێکی زۆر لەو ژاندرمانە کرا پاش ئەوەی سمکۆ ماوەیەک لە مەهابادا مایەوە ئیتر گەڕایەوە بۆ چاری و سمکۆ لەو شەڕەدا گەورەترین تاوانی ناشایستەی کرد کە برتی بوو لە قەتڵوعامی دووسەد نەفەر ژاندرمەی ئێران لە وشوێنەدا کە ناوی (تیپە تابان) بوو."

بێجگە لەو یاداشتەی کاک موفقی مەهابادی کە لەپێشتردا باسمان کرد، کاک عمر فاروقی لە سەقزەوە هەندێ لە یاداشتەکانی میرزا کەریمی بارام بەگی بۆ ناردوم، کە کاک عمر فاروقی خەریکی ئامادەکردنێتی و لەژێر چاپدایە. ئەو بەشەی کە پێوەندی بە سمکۆوە هەیە چۆن نووسراوە هەروەکو خۆی پێشکەشی خوێنەرانی ئەکەم کە بیرتیە لە لاپەڕەکانی (٢٨-٤٢) کە ئەو بەشەی بە ناوی شۆڕشی سمایل خانی سمکوە تۆمار کردووە:

"بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی مانگی بوو کە ناوی سمکۆ کەوتە نێوان، ئەلبەت سمایل خان پیاوێکی ناودار و سەرۆکی هۆزی شکاک بوو لە مەڵبەندی خۆیاندا پشتاوپشت میر و مەزن بوون، بەڵام لە ناوچەی موکریان و سەقزدا لەو ساڵە ناوی داکەوت. شۆڕشی سمکۆ بنەڕەتەکەی ئەوە بوو کە جەعفەر ئاغای برای بە حیلە و نامەردیی حاکمی تەورێز لەکاتێکدا لەوێ میوان بوو، شەهید کرا.

پاش ئەم کارە نامەردانەیە سەرتاسەری عەشایر و خێڵاتی شکاک بەسەرۆکایەتی

سمکۆی برای جەعفەرخان بۆ تەڵەئەستاندن ڕاپەڕین. دیارە لە بانەقەتل لەبەرانبەر قەتلدا بووە، چون پیاوی وەک سمکۆ و عەشایەری جەنگاوەری وەک شکاک بێ تۆڵەئەستاندن دادەکەون؟

ڕاپەڕینی سمکۆ لە ماوەیەکی کەمدا هەموو کوردستانی ئێرانی لە ماکۆ و ورمیە و سنوورەکانی ئێران و تورکیە هەتا مەهاباد و سەقز و بۆکانی گرتەبەر.

هاوڕێ لەگەڵ سمکۆدا، سید طە ئەفەندی کە پێشەوای مەزهەبی ناوچە بوو هاوکاری دەکرد، هەر ئەو ڕاپەڕینەی سید طە ئەهری سمایل ئاغای زیاتر پشت ئەستوورتر کردبوو.

لە بەهاری ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاویدا بوو کە من برێک نارد و دانەوێڵەم بارکرد لەگەڵ چەند کەسێک بەرەو مەهاباد چووین تاکو ئەوان بفرۆشم و پێداویستی ماڵی ئاغا (نەیوتوە چ ئاغایەک بووە.) بستێنم و بگەڕێمەوە بۆ (نیسک ئاباد) لەو کاتەدا سەرهەنگ ملک زادە ئامرهێزی سوپای دەوڵەتی بوو لە مەهاباد، کاتێک گەیشتمە شار هەموو شتەکانم لە مەیدانا فرۆشت و بۆ شەو چوومە ماڵی میرزا عەلی مازووچی، بڕیار وابوو بەیانی لە شار دەرچین بەڵام ئەو ڕۆژەش هاواڵەکانم نەیانتوانی و ڕۆژێکی تر ماینەوە و کە دیمان ئیعلانی نیزامی دەرچوو بە فەرمانی سەرهەنگ ملک زادە کە کەس نابێ لە ماڵ دەرکەوێت و ڕاوەستان و کۆبوونەوە لە کۆچە و کۆڵان و شەقامدا قەدەغە کرابوو هەر کەسێک دەرکەوێت بە گوللە دەپێکرێت.

بە بیستنی ئەو ئیعلانە هاوار و شێوەن بۆ جارێکی تر لە مەهابادی لێقەوماودا بەرز بووەوە و هەموو بەرەو ماڵی خۆیان و پەناگا ڕۆیشتن و مەعلوم بوو سوپای سمکۆ گەیشتۆتە نزیکی مەهاباد. ئەو شەوە لە مێژووەی مەهاباددا شەوێکی ئێجگار ترسهێنەر و بەخۆف بوو کەس نەیدەزانی چی بەسەر دێت، بەڵام دەیانگوت شکاک هاتوونەتە ناو باغەکانی کێوی غەزائی لەو کاتەشدا تۆپی گەورەی ئەرتەش لەسەر کێوی (داشامەجید) دابەسرابوو، کە دیمان شکاک و ژاندرمە دەستیان کرد بە تەقە و قرمە و تا بەیانی هیچ کەس لەبەر تەقەی گوللە خەوی لێ نەکەوت و کەسیش نەیدەزانی کێ فایەقە و کێ تێکشکاوە. بەڵام لە تاریک و لێڵی بەیانیدا مەعلوم بوو شکاک دەستیان داوەتە ئەسیرکردنی هێزەکانی سوپای دەوڵەتی و زیاتریان بە دیل گرتبوون و هەموو تەجهیزات و چەک و تەقەمەنیی ئەرتەش کەوتە دەستی هێزەکانی

سمکۆ و ئەو هێزەی سوپای ئێران بەتەواوی تەسلیم بوو. ئەمجار شکاکی ناحاڵی دەستیان کرد بە تاڵانی شاری مەهاباد و هەر کەس خۆی لە ماڵی خەڵک دەخست و هەرچی هەبوو دەیبرد ئیتر نازانم ئەمە چ شۆڕشێکی کوردی بوو. منی بەدبەختیش هەرچیم سەندبوو لێیان سەندم و بردیان. کاتێک هیچم نەما بە ڕەفیقەکانم وت من دەچمە (مەحمود کانی) بزانم لەوێ چ باسە، ئەمەم وت و بەرەو مەحمود کانێ چوم، سەرنجم دا سێ نەفەر شکاک بە کێوی داشامەجیددا سەردەکەون تاکو تۆپە گەورەی سوپای ئێران داگیر بکەن و ئەوانەش کە لای تۆپەکە بوون بەترسەوە خۆیان دا بەدەستەوە.

بەڕاستی من لە دیتنی ئەو کارەساتە زۆر نیگەران بووم و ئەمانەم هەمـوو بە براکوژنان و پیلانی ئیستعمار دەزانی و ئەم فیرقە و دەستەبازییە بۆیە ئیجاد دەکەن تاکو خۆیان بە ئامانج بگەن.

بەهەرحاڵ کاتێک گەیشتمە بەرزایی مەحمودکانی چام کەوت بە سمکۆ تفەنگێکی سێتیری بەدەستەوە بوو بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد مەلیکزادەم بەزیندوویی بۆ بێن و کەس حەقی نییە ئازاری بدات. هەر لەو کاتەشدا ئوردوی شکاک دیلەکانیان بە دەستەی ۳۰ و ۵۰ نەفەری دەهێنا و لەسەر جادەی (کەرێزە) بۆ لای ڕۆژهەڵات و بەرامبەر مەحمود کانی دایان دەنان و بە موسەلسەل و تفەنگ دەستڕێژیان لێ دەکردن و دەیانکوشتن. لەوکاتەدا بە چاوی خۆم دیم یەکێک لە دیلەکان گوللەی بەرنەکەوتبوو هەڵسا و سەراسیمە دەستی کرد بە هەڵاتن و بۆ پەناگایەک دەگەڕا خۆی تیا حەشار بدا.

سمکۆ و ئەو کەسانەی بۆ تاڵانی نەچووبوون تەماشایان دەکرد لەو کاتەدا چەند کەس ئەو کابرایەیان دایە بەر گوللە و نەیگرت، ئەجار سمکۆ بۆ خۆی بەتفەنگەکەی گوللەی تێگرت و پێکای و لەکاتێکدا کابرا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزا بیستم سمکۆ وتی: وەڕزای سەگباب. لەولاشەوە ئوردوی شکاک لەناو شاردا ڕەحمیان بە کەس نەکرد و تەنانەت جلوبەرگی خەڵکیشیان لەبەر دادەکەندن، بۆ وێنە کاتێ دەگەیشتن بە ژنان دەیانوت ئێوە خوشکی ئێمەن پشتێنەکەمان بدەرێ (تۆ گوشکی منی شۆرەکی وەکە)، لەولاشەوە سمکۆ هەر هاواری دەکرد مەلیکزادەم بۆ بێن خەڵک تاڵان مەکەن، بەڵام سوودی نەبوو وەتاڵان هەر درێژەی کێشا هەرچەند سمکۆ بۆ خۆی چەند کەسێکی لە تاڵانکەرانی دایە بەر گوللە بەڵام هێشتا هەر دەرەقەت

نەدەهات. هی واشیان هەبوو کە چاویان بە سمکۆ دەکەوت هەرچی کە تالانیان کردبوو لەژێر دار و ئاوکونج و کەلێندا قایمیان دەکرد.[*]

خاوەنی هەمان یاداشت لە لاپەڕە (٤٠)دا باسی وتەکانی سمکۆ لەگەڵ مەلیکزادە و سەردار عەلی خانی بۆکان دەکا و بەم جۆرەی خوارەوە دەیگێڕێتەوە: "لەو کاتەدا سەرنجم دا مەلیکزادەیان هێنا کە چەند ئەفسەرێکی تریشی لەگەڵدا بەدیل گیرابوون، کە سمکۆ چاوی پێیان کەوت پێشوازی لێ کردن و لەگەڵ هەموویان دەستی لێدا و (مەبەستی تەوقەکردن بووە) زۆر دڵنەوایی کردن، مەلیکزادە و ئەفسەرەکان هەموو جلوبەرگی نیزامی شڕ و کۆنە و پینەکراویان لەبەردا بوو، بەڕاستی کاتێک سمکۆ لەگەڵ ئەوانەدا بەو چەشنە ڕەفتاری دەکرد لەدڵەوە ڕقم لەو هەڵپەرستانە هەڵگرت کە بە ناوی شۆڕشی کورد خۆیان خزاندبووە ڕیزی هەواداران و جەنگاوەرانی سمکۆ لە حاڵێکدا ئامانجی ئەوانە هەر تالان و کوشتوبڕ بوو نەک کوردایەتی، بەڵام سمکۆ بۆ خۆی بەو چەشنەی من دیم سەردارێکی لێهاتوو کوردێکی بێ غەل و غەش بوو. لێرەدا بۆ ئەوەی باش حاڵی ببم لێیان نزیک بوومەوە، سەرهەنگ مەلیکزادە کە سەرنجی تەرمی کوژراوەکانی دا وە چەند ئەفسەرێکی دی کە تازە تەسلیم بووبوون ڕووی کردە سمکۆ و پرسیاری کرد: ئەم بێچارانەت بۆچی کوشتووە؟ لە کام شەڕدا دیل کوژراون؟

سمکۆ وتی: ئەمانە خەڵکی (بوناب) و (مەلکەندی) و (میاندواو) بوون کە هەر یەکێک لەمانە هەتا ئێستە یەک دوو جار بە دیل گیرابوون و قسەم بۆ کردبوون و ئامۆژگاریم کردبوون کە خەریکی وەرزێری و کشتوکاڵی خۆیان بن و چییان داوە لە شەڕ و کێشە، بەڵام بە قسەیان نەکردم پاش ئەوەی خەرجی سەفەر و جلوبەرگم پێدان دیسانەوە جارێکی تر هاتنەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵمدا، ئەوە بوو منیش فەرمانی کوشتنی ئەوانەم دەرکرد و چونکە بە قسەیان نەکردبووم. خۆ منیش دەوڵەت نیم هەتا ئوردوگا و زیندان دایەر کەم و دیلەکان لەوێ ڕابگرم، دیارە تەنیا چارەی ئەوانە نابوودی بوو. بەڵام من لە تۆ کە نوێنەری دەوڵەتی ئێرانی پرسیار دەکەم. مەلیکزادە وتی: فەرموو. سمکۆ پرسی: ئەی ژاندرمەکانی تۆ بۆچی لەکاتی ئاسایشدا دەچنە دەرکی حەمامی ژنان و سەرپۆش و چادریان لەسەر ناموسی خەڵک لادەدا و بە ژن و منداڵی کوردان بێحورمەتییان دەکرد؟ تەنانەت چەند کەسێکی ریشسپی و پیاوماقوڵ هاتن و تکایان لێ کردن کە ئێوە مەئموری دەوڵەتن

و دەبێ پارێزکاری لە نامووسی خەڵک بکەن و نابێ بێحورمەتیی بکەن بە ژن و کچی خەڵکی و حجابیان لەسەر لادەن، بەڵام ژاندرمەکان لەوەڵامدا بێحورمەتیان بەرامبەر بەوانیش کرد.

ئێوە دەبێ بزانن کە نیژادی کورد ئەم چەشنە کردەوە بێناموسیانە قەبوڵ ناکات، بەڵکو ئەو چەشنە ئاکارانە دەبنە هۆی عەداوەت و دوژمنایەتی هەردوولا. ئەوە بزانن کورد هەرچەند لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر خراپ بن، بەڵام لە ڕۆژی تەنگانەدا هەموو یەک دەگرن.

مەلیکزادە بە بیستنی ئەم قسانە سەری داخست و لەم کاتەدا سمکۆ بانگی کردە سید طە ئەفەندی وە داوای لێ کرد لەگەڵ مەلیکزادە و ئەفسەرەکان بێت تاکو خۆی بچێت بۆ سەرکەشی ئوردوو.

کاتێک سمکۆ حەرەکەتی کرد عەلی خانی سەرداری بۆکان پەیدا بوو سڵاوی کرد، سمکۆ سەرنجی سەرداری دا و هەواڵی پرسی، سەردار وتی: ئێمە هەموو کوردین ئێوە بۆچی لەگەڵ ئێمەدا بێ موبالاتن، ئێستا کە ئاغایانی ناوچەی (شارویران) کە دیبوکرین هاتوونەتە پێشوازی و وەفاداری خۆیان دەربڕیوە بەڵام ئێوە بێ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەن هەمووتان چەک کردوون و تەنانەت ڕووتیان کردوونەوە، ئێستەش ئەوەتا کز و سەرلەخوار وێستاون.

سمکۆ لەوەڵامدا وتی: هیچ کەس کاری بەوانەوە نییە. ئەوانە بەچەکەوە لەسەر جادە بوون هێشتا جێگەی شوکرە کە پێش قەراوڵانی من نەیانداونەتە بەر گوللە، ئێستاش هەموویان ئازادن دەستوور ئەدەم چەکەکانیان بدەنەوە و بۆ هەر لایەک دەچن ئازادن. بەڵام جەنابی سەردار (مەبەستی سەرداری بۆکان بووە.) تۆ کە وەک دەڵێن پشتاوپشت سەردار و سالار بوون ئەی بۆچی ئەوەندە لە بەرامبەر غەیرەدا سەری تەسلیم ڕادەخەیت؟ دروستە میللەتی کورد، ڕەگەزێکی حەیا بە خۆ و غەریب نەواز و بەئەدەبن بەڵام هەر کارێ دەبێ دولایانە بێت. من دەبینم کەس بە ڕەی تۆ ناپێوێت و بە هیچت نازانن، بەڵام تۆ هەر خەریکی کڕنووش و تەعزیم بۆ حکومەتی ئێرانی، بەڕاستی هەر ڕەفتاری پیاوی وەکو تۆیە کە خۆت ناو ناوە سەردار و بوویتە هۆی سووکایەتی و بێقیمەتی کوردان و نۆکەریی نامەردان دەکەیت، ئەوان لە تاراندا کاتێ سەرداری کورد وا بەسووکی دەبینن میللەتیش بە هیچ حساب ناکەن.

سەردار عەلی خان بە بیستنی ئەم قسانە هیچی پێ نەما و سەری خەجاڵەتی

داخست، لەم کاتەدا خەبەریان دا بە سمکۆ کە ئەسپی تایبەتی سەردار کەوتۆتە دەستی شکاک، سمکۆ فەرمانی دا ئەسپەکەی بدەنەوە. سەردار وتی: قوربان پێشکەشی خۆتا بێت. سمکۆ وتی: نەخێر ئەسپێ تۆ بە کاری من نایەت هەر لایەقی خۆتە.

سەردار تەعاروفی کرد کە فەرموون بچینە شاری، سمکۆ لەوەرامدا وتی: من ماوەی ئەوەم نییە بێم بۆ شار، حکومەتی سابلاغم داوە بە سید طە و کاک حمزەی برای حاجی قەرەنی ئاغای مامش، بۆ خۆشم دەگەڕێمەوە بۆ ورمیە، ئەمەی وت و بانگی کرد خواحافیز لە گشتتان بێت. ئەجا سمکۆ لەگەڵ مەلیکزادە و ئەفسەرە دیلەکان و سوپا و ئوردوی خۆی بەرەو شاری ورمیە حەرەکەتی کرد.

لەو گفتوگۆیەی سمکۆ و سەرداری بۆکاندا کە میرزا کەریمی بارام بەگی باسی کردووە، یاداشتەکەی زێوەر ئەفەندیی شاعیرم هاتەوە بیر کە بە ناوی گەنجینەی مەردان لە یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری کە لە ساڵی ١٩١٩دا بەئاوارەیی لەگەڵ ماڵە ئاوارەبووەکانی شێخ مەحمود و کەسوکاریا چووبووە ئەو ناوچەیە کە لە لاپەڕە (١٩٢)ی ئەو یاداشتەدا باسێکی ئەو ناوچەیەی سابڵاغی کردووە کە وتویەتی: "دەربارەی دیبوکری، ئەم دیبوکرییانە لەگەڵ بەگزادە و مەنگوڕ و گەورک ناخۆشییەکی هەمیشەییان هەیە. لە کاتی شەڕدا دیبوکری ئەتوانن هەزار سوار کۆکەنەوە. ئەمانە زۆر حەز بە عیلم و مەعریفەت ئەکەن، بەڵام بۆ حکومەتی ئێران زۆر موتیعن و قەمچیی دەستی سابڵاغ بریتییە لە ئاغاکانی دیبوکری."

لە هەمان یاداشتدا زێوەر دەربارەی فیض الله بەگی کە تایەفەیەکە لە بەگزادە وتویەتی: "ئەمانە ناوچەکانی سابڵاخ و سەرحەدی گەورکیان بەدەستەوەیە، خاوەن قۆناغن و خاوەن نان و ساحیب سەیف و قەڵەمن، بەڵام زۆریان خەریکی ڕابواردن و سەفاهەت و خواردنەوەن و لە غەیری عوشرەت و خواردن و نووستن بەولاوە فکرێکی تریان نییە و کەس قسەی کەس ناخوێنێتەوە، بۆ حکومەتیش ئەوەندە ملکەچن کە ساڵدات (ساڵدات مانای سەربازە، کە لەکۆندا جۆرە تفەنگێکیش هەبوو کەهەتا زەمانی منداڵی ئێمە هەر مابوو، پێی ئەوترا تفەنگی ساڵدات.)ێکی ئێران دەتوانێت هەموو جۆرە ئەمرێک لەناویانا بکات.

بەداخەوە ئەو ئازایەتی و جوامێری و شەجاعەتەی کە لە فیضاڵلە بەگی باپیریانا هەبوو لەلای ئەمانەی ئێستە نین، هەرچەند عاشقی کتێب و مەی و عەرەقن و فکری

قەومیەت لە مێشکی هەندێکیانا هەیە، بەڵام زوڵمی زۆریان لەگەڵ ڕەعیەتدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەمە ازهار نەکەن."

ئەوەی زێوەر لەو یاداشتەیدا تۆماری کردووە دوو ساڵ بەر لە ڕوودانی ئەو شەڕەی مەهاباد بووە. زێوەر لەو یاداشتەیدا بەتەواوی نیشانی لەوەدا پێکاوە کە چمکێکی لە ڕەوشتی فیوداڵ و دەرەبەگی خستۆتە ڕوو کە نەک هەر لەو ناوچەیەکدا، بەڵکو لە هەموو شوێنەکانی تری کوردستاندا میللەتی کورد ماوەیەکی زۆرە تووشی ئەو بەڵایە بووە.

دەربارەی ئەو گفتوگۆیەی کە سمکۆ لەگەڵ مەلیکزادە کردویەتی کە میرزا کەریمی بارام بەگی بە چاوی خۆی و بە گوێی خۆی ئاگاداری ئەو گفتوگۆیە بووە، نووسەرێکی تر لە باسی ئیلی قەرەپاپاقدا بە جۆرێکی تر باسی ئەو گفتوگۆیەی نێوانی سمکۆ و مەلیکزادەی کردووە لە لاپەڕە (١٣٧-١٣٨)دا کە وتویەتی:[٦٥]

"سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا هێزێکی گەرەی نارد بۆ داگیرکردنی سابلاغ و شەڕکردن لەگەڵ مەلکیزادەدا و لە هێرشێکی دەستوبرد و نەهێنیدا مەلیکزاد و نایب هاشم خانی ئەمین و (٣٠٠) ژاندرمە ئەگرێ و ئەوانی تر یا دەکوژرێن یا هەڵدێن و ژاندرمە گیراوەکان هەموو دەدرێنە بەر ڕەشاش و هاشم خان بە تکای هەندێک لە سەرکردەکانی کورد و بە مەرجی ئەوەی خوێنبایی کوڕی یەکێک لەو کوردانەی لەو شەڕەدا کوژرا بوو بدات بەرەڵا دەکرێ. مەلیکزادە دێتە بەردەم سمکۆ و سمکۆ لە مەلیکزادە ئەپرسێت: لێرە چیت دەکرد و بۆچی هاتبوویتە سابلاغ؟

مەلیکزادە: هاتبووم تۆ بکوژم و سەربزێوان لەسەر جێی خۆیان دانێم.

سمکۆ: ئەبینی کە ئاواتەکەت نەهاتە دی و کارەکەت سەری نەگرت.

مەلیکزادە: بەخت و شانس ڕووی کردە تۆ، ئەمە شەڕە و شەڕ لەم جۆرە شتانەی زۆر تیادایە.

سمکۆ: بە ئازایەتی خۆتت دەبەخشم و خۆشم دەوێیت.

مەلیکزادە: لێبووردنی تۆم ناوێ، چونکە تۆ دەسەڵاتداری ئەوە نیت لە خەڵک ببووریت، یاساناس نیت بۆیە ناتوانیت بڕیاری چارەنووسی ئەسیری شەڕ بدەی، من وام لەبەر دەستدام و ئامادەم بۆ کوشتنم هەروەکو چۆن ژاندرمە ئەسیرەکانت کوشت.

سمکۆ: پیاوی ئازا ناکوژرێ.

مەلیکزادە: پێویستم بە پیاهەڵدانی تۆ نییە.

سمکۆ: هەستە و برۆ و بەو والییە بێدەسەلاتە دڵڕەقە بڵێ (کە والی حاج مخبرالسلطنە هدایت بووە.) کە شەرم و حەیا بگرێ و بەم ئاخری عومرەوە با بەس ئیتر گەنج و لاوی خەڵک بداتە بەر گوللەتۆپ.

دەربارەی شەڕی مەهاباد، ئەو مەلیکزادەیەی کە لە مەهاباد بە دیل گیرا و لە باسەکانی پێشوودا ناوی هاتووە، دوای ئەو شکاندنەی وە لەدوای ئەوەی سمکۆ لێی خۆش بوو و ئازادی کرد، لەوە ئەچێت یەکێک بووبێت لە ئێرانییە خۆبەزلزان و خۆهەڵکێشەکان کە ئەمەش لەو کتێبەیدا دەردەکەوێت کە بە ناوی (سرگزشت حیرت انگلیز)ەوە نووسیویەتی و لە تاران لە ساڵی ١٣٢٨ی هـ. شمسیدا چاپکراوە کە باسی ئەو شەڕانەی بەم جۆرەی خوارەوە کردووە و لە لاپەڕە (٨٥٧دا وتویەتی:(٥٢)

"گروهانێکی ژاندرمەی ناوچەیی بە فەرماندەی (سلطان اسد اقاخان) کە لە ڕەزائیە بووە، لەدوای ئەوەی لەئەنجامی ستەمی سیمتقودا لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمیەدا ئەو گروهانە پەرەوازە بوو، دەستوبرد بەکەشتیی ئەدمیرال و نائیبی یەکەم محمودخان امین (سرلشکر امین) بە دوور عرادە تۆپەوە بۆ ئەوەی ئەو لەشکرە پەرەوازەیە گرد بکەمەوە کە لە (گوڵمانخانە)دا پەرەوازە کرابوون (گوڵمانخانە وا دیارە بەندەری ورمیە بووە.)، هێشتا دوو سێ کیلۆمەترێکم نەبڕیبوو کە لەناکاو تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی کردین و سێهەم گوللەتۆپ دای لە کەشتییەکەمان و ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە.

دەوڵەت هەتا ئەو کاتە شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو دەربارەی تۆپخانەی دوژمن و دەرکەوت سمکۆ چوار عرادە تۆپی (شنایدر)ی تەواوی هەبوو کە دووانیان لەکاتی شەڕی جیهانیدا تورکەکان دابوویان بە سمیتقو کە شەڕی پێ بکا دژی ئاسوورییەکانی ئێران و دووانەکەی تریشی لەگە چەند مەترەلۆزێکدا لەدوای شکانی سوپای عوسمانی ئەفسەرە کوردەکانی ناو ئەو سوپایە کە لە جەبهەی ڕوسدا بوون چووبوونە ڕیزی هێزەکەی سمکۆ و لەگەڵ خۆیانا بردبوویانن.

بوونی ئەو تۆپانە لای سمکۆ، کە ئینگلیزەکان وایان بڵاو دەکردەوە کە ئەوانە لەلایەن تاقمەکەی ئەتاتورکەوە (مصطفی کەمال) نێررابوون بۆ سمکۆ، بەڵام ئەو قسەیە ڕاست نەبوو چونکە لەو کاتەدا تورکەکانی سەر بە ئەتاتورک تووشی شەڕ بووبوون لەگەڵ یۆنانییەکاندا و خۆیان پێویستیان بە چەک هەبووە و لەو کاتەدا بە

هیچ جۆرێک نەیانویستبوو یارمەتیی سمکۆ بدەن و هانی بدەن دژی ئێران چونکە ئەوە لەگەڵ سیاسەتی کەمالییەکان و ئەتاتورکدا یەکی نەدەگرتەوە.

بەڵام بەداخەوە لەئەنجامی پروپاگاندەی ئەنتلجسی دەوڵەتی ئێران، ئاغای مخبرالسلطنە و کەسانی تری وەکو من هەموومان لەو ڕووەوە بەهەڵەدا چووبووین دەربارەی هەڵوێستی تورک.

لە کەناری ژووروویی ڕۆژئاوای گۆلی ورمیەدا دوورگە (جزیرە)یەک هەیە کە هەموو بەردەڵانە و سەختە بە ناوی (سنگی کاظم قوشچی) و لەنێوانی ئیلاتی سوننی مەزهەبیی شوکاک و لەگەڵ کاظم نامی شیعەی ئازربایجان سەنگەرێک دروست کرابوو لەو دوورگەیەدا پردێکی لە دار و تەختە دروستکراو ئەیبەستەوە بەوشکانیی کەنار گۆلی ورمیەوە.

سلطان اسد اقاخانی شەهید لەگەڵ نەفەرەکانی خۆیدا نزیک بووەوە لە کاظم، زۆر بە شەرەشەق و گران توانرا کەشتییەکە بگەیەنرێتە لای بەردەکەوە بۆ ئەوەی ڕزگار بکرێ، کاظم ساڵەها بوو توانیبووی بەرەنگاری دەستدرێژیکردنی کوردەکان ببێتەوە، بەڵام دەستدرێژیکردنی خائنان و تاوانبار و ئیمپریالیزم بەناڕەوا ئەویش لەناوبرا و ئیعدام کرا.

سمکۆ بەوپەڕی خوێنڕێژییەوە دەستی بەسەر شارەکانی سەڵماس و ورمیە و سڵدوز و شنۆدا گرت و ژمارەیەکی زۆری بێتاوانی کوشت کە تاوانی ئەوانە تەنها ئەوە بوو کە ئێرانی بوون و شیعە بوون و بێجگە لەوە بەوپەڕی بێشەرمییەوە پرچی ژنان و کچانی دەبڕی. هۆی هاندانی سمکۆ بریتی بوو لە سید طە کە لە نەوەی شێخ عبیداللەیە کە یەکێک بووە لەوانەی کەڵکەڵەی سەربەخۆیی کورد چووبووە مێشکیەوە بە هاندانی ئیستیعمار وە لەگەڵ برادەرێکی تریا کە ناوی (سید عبدالله) بوو وە لە کاتی خۆیدا ئەندامی پارلەمانی عوسمانی بوو کە لەئەنجامی خیانەتدا کەمالییەکان ئەویشیان کرد بە دارا و هەڵیان واسی (نووسەر لەمەدا بە هەڵەدا چووە، چونکە سید عبدالله کە باوکی دوکتۆر عەزیزی شەمزینی بووە بەو جۆرە هەڵنەواسراوە بەڵکو شێخ عبدالقادری باوکی هەڵواسرابوو.) عەشایری کورد یا بە هۆی خەڵەتاندن یا لە ڕێگەی چاوترساندنەوە ناچارکرابوون کە ببن بە لایەنگری سمکۆ وەکو شوکاک و عبدویی و زرزا و هەرکی وە نیوە مامش. ئەگەرچی قرەنی ئاغای مامش کە ژمارەیەکی زۆری لەگەڵدا بوو سەر بە دەوڵەت بوو، بەڵام ئەوانی تریان سەر بە

سیمتقو بوون، بەڵام عەشایرەکانی سابڵاخی تری موکری وەکو (دەبگری و بگزادە و منگور) ئەمانە لەسەر دوو پەت یارییان دەکرد و سەرکردەکانیان بە زۆری وەکو ئەمیر ئەسعەد و بایزئاغا و کەریم ئاغا لایەنگری سید طە بوون.

شاری مەهاباد کە شارێک بوو لە سەداسەدی هەمووی کورد بوون و سوننی بوون هەموویان چەکداربوون و تاکولۆکەیان باوەڕیان بە ئێرانیتی هەبوو، بەڵام ئەمانە کەم بوون و بێدەنگ دانیشتبوون.

یەک دوو هەفتە دوای مانەوە لە شرفخانەدا ڕۆژێک ئاغای حاج مخبرالسلطنە کە فەرماندەی هەموو هێزەکان بوو لەگەڵ والیی هەڵبژێرراوی ئازربایجاندا چوونە تەلگرافخانە و لەوێوە لەگەڵ مندا گفتوگۆکیان کرد و بە هەموومان بڕیارماندا ئەگەر واز لە مەهاباد بهێنرێت مانای ئەوەیە هەموو کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستی دوژمنەوە و هەموو وڵاتیش دەکەوێتە مەترسییەوە، لەبەرئەوە بڕیارم دەرگرد کە هێزی ژاندرمە نیمرۆ بە کەشتیی ئەدمیراڵ بنرێم بۆ بەندەری (دانالو) وە لەوێوە ڕوو بکەنە مەهاباد و بڕیار درا کە هەر دەرەجەدارێکی سوپا ئەگەر بەشداری ئەوە بکا کە بچێتە ناو ئەو کەشتییەوە پلەیەک تەرفیعی پێ بکرێت.

بەپێی ئارشیفی تەلگرافخانەی تەورێز و شەرەفخانە و بەپێی شەهادەتی ئەو ئەفسەرانەی کە ماون، من خۆم ئەو تەرفیعەم بە ڕاست نەزانی چونکە هەڵوێستی سەربازی لە مەهاباددا لەوانە نەبوو کە ئێمە بتوانین بیپارێزین و بەرگری لێ بکەین و ئەو (٢٥٠) سەربازەی کە ئەنێررا بەرگەی ئەوەی نەدەگرت، لەبەرئەوە ئەبووایە چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرایەتەوە و بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە (١٥٠٠) نەفەر سوارە و پیادە و تۆپخانەی تەواو هەبوو کە بویسترێت ئەو مەبەستە بهێنرێتە دی.

بەڵام لەئەنجامی زۆرلێکردنی ئاغای فەرماندەی لێپرسراوی هەموو هێزەکان، ناچار بووم ئەو نەفەرانەی کە هەبوون لەژێر فەرماندەی میر حسینیان بە کەشتی بیاننێرم بۆ شرەفخانە.

دوژمن ساتێک لەو ناوەدا دەستی کرد بە گوللەبارانی کەشتییەکە و زیانێکی زۆرمان لێ کەوت ئیتر ناچار بووم بێمە خوارەوە و یاور میر حسینیان نێررا بۆ تەورێز و خۆم بەکەشتی بەرەو (دانلو) ڕۆیشتم لەگەڵ ئەو هەموو بەفرەی کە باریبوو کە نزیکی نیومەتر بوو، بەرەوە میاندواو و سابڵاخ ڕۆیشتم وە بەبێ ئەوەی هیچ بەرگرییەکم بێتەر ڕێ دەستم گرت بەسەر شاری مەهەباددا و ڕۆژی دوایی بەرەو

(سلدوز) ڕۆیشتین و پاش یەک دوو پێکادان قەلای (محمدیار) هەتا دەربەندی حیدرئاباد کە شوێنێکی زۆر باش بوو گەیشتمە ئەوێ.

پاش مانەوەی چەند ڕۆژێک لە (سلدوز) کە لەناو هێزەکاندا وا بلاو بوویبووەوە کە سیمتقو لە طسوج (لە ژووررووی گۆلی ورمیە) پەلاماری هێزی قۆزاقی داوە و مظفرالدولە و تاقمەکەی هەموو کوژراون و بە دیل گیراون وە فەرماندەی بەشی قوزاق (سرلشکر مقدم) پەنای بردۆتە بەر کەشتیی ئەدمیرال و خۆی دوور خستۆتەوە لە کەناری ئاوەکە.

ساتێک بە تەلگراف هەواڵی هەڵوێستم لە ئاغای (هومایون خان) پرسی، بەداخەوە وەرامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو: اغای میجر ملک زادە، مظفرالدولە بێ تەجروبەئیی کرد-شما بیائید.

مەلیکزادە لەکتێبەکەیدا دەست ئەکا بە خۆهەڵکێشان و ئەڵێ: "من بەپێی ڕەفتار و ڕەوشتی سەربازێتی کە لەو ڕووەوە گەلێک کتێبی سەربازیم خوێندۆتەوە وە بەکردەوەش زۆر شتم دیوە و بەسەرما هاتووە، دەستوبرد هەرچی ئەسپ و وڵاخی بەرزەی عەشایر هەبوو هەمووم بەکرێ گرت و نزیکی سەد نەفەر لە ئەفسەران و نەفەری ڕەزاشام سوارکرد و خۆم بووم بە پێشرەو و ڕوومکردە ڕەزائیە و (دیزج)

لەبەرەبەیاندا لە نزیکی گوندێک تەماشامکرد ژمارەیەکی زۆر ئەسپ و ئێسترم هاتە بەرچاو کە لەگەڵ چەند سوارێکدا بەرەو ئێمە دەهاتن بۆ پەلاماردانمان.

لەسەر گردێک دوو سێ دەقیقە مامەوە و بینیم کە (٥٠٠) سوار کە ئەوانیش زۆر بەباشی ئێمەیان ئەبینی دیار بوون.

ئەمری بەپەلە دەرچوو کە لەو ناوەدا سەنگەری زۆر چاک لە حیدرئاباد هەبوو کە ساتی خۆی لە شەڕی ڕوس و تورکدا ئەو سەنگەرانە ئامادە کرابوون خۆمان بگەیەنینە ناو ئەو سەنگەرانە.

پاشنیوەڕۆ هێزی دوژمن لەژێر سەرکردایەتی سید طەدا پەلاماریان داین و هەتا نیوەشەو یەک لەدوای یەک پەلاماری سەختیان ئەداین، بەڵام بە هۆی گوللەبارانی تفەنگ و بە مەترەلۆز و نارنجۆک توانیمان زیانێکی زۆر بە دوژمن بگەیەنین کە لەناو ئەوانەدا لاکی بیست ئەسپ و چەند نەفەرێکی کوژراو هەبوو کە لەڕاستیدا شتێکی گاڵتە نەبوو کە ئەو ژمارە کەمەی ئێمە بتوانێت ڕووبەڕووی (٥٠٠-٦٠٠) نەفەری شەڕکەری تەجروبەدیدە ببێتەوە کە لەگەڵ سید طەدا بوون کە ئەمە جێگەی

شایستەیە و هەر بە دەم خۆشە باس بکرێت.

دەرکەوت کە لەدوای شکاندنی هێزی قوزاق لە طسوج، سیمتقو بە شتێکی سووکی زانیبوو کە بەرەنگاری من ببێتەوە و بۆ ئەوە تەنها سید طەی ناردبوو کە ئەگەر ئەو هێزانەی تری سیمتقو هەموویان بهاتنایە بێگومان لەئەنجامدا ئێمە هەموومان لەناو دەچووین. بەلام لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورە و بەرگریکردنەماندا بەپەلە فەرمانی کشانەوەمم دا کە بەرەو گوندی (ئەندەرقاش) کە لەنێوانی میاندواو و سابلاغدایە بکشێینەوە کە لەو ڕۆژانەدا ئاو هەڵسا بوو وە لەوانە نەبوو کە دوژمن بتوانێت لەو پردە دارینەی کە هەبوو بەئاسانی لە (روخانە) بپەڕێتەوە و لەناکاو پەلامارمان بدات.

ئەو هەواڵانەی کە پێوەندییان بە شکانی شەڕەکەی (طسوج)ەوە بوو، ئەفسەرەکان لەدوای شکان لەو شەڕەدا هاتنە لام و بۆیان گێڕامەوە، وەکو سروان جعفر خان حکیمی، کە یەکێک بوو لەوانەی لە فرەنسا خوێندبووی، دەرکەوت کە سیمتقو بە هێزێکی زۆر گەورەوە پەلامارێکی تری (طسوج)ی داوە و لەو چوار سەد نەفەرە قوزاقەی کە لەژێر فەرماندەری سەرلەشکر (مقدم)دا بوون زۆربەیان کوژرا بوون و بێ سەر و شوێن بوون و ئاقای مظفرالدولە خۆشی بە پەلەپروسکێ ڕای کردبوو خۆی گەیاندبووە کەشتیی ئەدمیراڵ و خۆی لە قەراغی دەریاچە دوور خستبووەوە (بێگومان بۆ ئەوە بووە کە گوللە نەیگاتێ).

لێرەدا نووسەر کە مەلیکزادەیە دەستی کردووە بە سەرزەنشکردن و نەشارەزایی مخبرالسلطنە و وتویەتی: کە گیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەپێناوی نەشارەزایی ئەودا لە کیس چوون. دووبارە نووسەر لەباسەکەیدا هێرشی بردۆتە سەر ئیمپریالیزم و ئەو جۆرە شۆڕش و هەرایەی بە پیلانی ئەوان داناوە. هەروەها گلەیی لەوەدا کردووە کە ئەو تەلگرافانەی کە ئەینارد نەک هەر نەدەگەیشتە شوێنی مەبەست، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەگەیشتە دەستی سمکۆ.

نووسەر لە ڕێبازی ڕەخنەگرتنەکەیدا ئەڵێ: هەندێ لەو ئەفسەرانەی کە لەناو هێزی دەوڵەتدا بوون وەک (لیندبرگ)ی سویدی، ئەمانە هەموویان پیاوی ئەنتلجس سیرڤسی ئینگلیز بوون و ئەڵێ: لەکاتێکدا کە بە قسە بە هەزاران سوارە و پیادە بۆ یارمەتیدانی ئێمە نێررا بوون کەچی لەتەورێز شەو و ڕۆژ خەریکی ویسکی خواردنەوە بوون لەگەڵ کچە ئەرمەنییەکاندا کە لە ڕێگەی ئەوەوە نەخشەی

جاسووسی ئەبرا بەڕێوە و لە ڕێگەی سەفارەتەکانیان لە تاران و موصلەوە و لە سلێمانییەوە هەموو هەواڵەکان دەگەیەنران بۆ سمکۆ.

نووسەر لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: ئینگلیزەکان ئەیانویست هاندانی سمکۆ بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر هێزەکانی ئێران بدەنە پاڵ تورکەکان کە لەڕاستیدا شتەکە بەو جۆرە نەبوو چونکە تورک لەو سەردەمەدا خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی خۆی بوو لەگەڵ یۆنانییەکاندا بێجگە لەوە سیاسەتی کەمالییەکان بریتی بوو لە بێهێزکردن و لەناوبردنی کورد ئیتر چۆن ئەبێ بوترێ کە دەستی یارمەتیی بۆ سمکۆ درێژ ئەکرد.

مەهابادییەکان بێجگە لە ئاغای عەلی حەیدەری کە ئەویش هیچ هێز و تفەنگچییەکی نەبوو ئەوانی تر لە هیچیان دڵنیا نەبووم و دووڕوویی و خیانەتی ئەوان و پێوەندییان لەگەڵ سمیمتقو و سید طەدا شتێکی ئاشکرا بوو. وە بەئاشکرا لەگەڵیدا بوون و سەرەڕای ئەوە لەگەڵ ئەو هەموو دەستکورتی و نەبوونی و لاوازییەی بۆجەشدا، ناچاربووم هەموو مانگێک پارەشیان بدەمێ.

لەو کاتانەدا نامەیەکی سید طەم دەست کەوت دەربارەی ئەمیر ئەسعەد و کەریم ئاغا کە هەردووکیان هەڵبژێررابوون کە بکرێن بە وەزیر لەو دەوڵەتی کوردەی کە بەتەما بوون دروستی بکەن و منیش هەر ئەوەم لە دەست هات کە ئەو نامەیە بنێرم بۆ تەورێز.

هەروەها نووسەر وتویەتی: نائب اول میر مهدی خان کە بە خۆی و پەنجا شەست سوارێکەوە لە (سڵدوز) بوو، دوو نەفەری هندی دەسگیر کردبوو هێنای بۆ مەهاباد، بە هەزار شەڕەشەق هێنایانە قسەکردن و وتیان ئێمە لە (کەراچی)یەوە هاتوین و لەگەڵ ئێوەدا (ئێران) هاوزبان و هاومەزهەبین و ئەمانەوێ بچینە ڕەزائیە، بەڵام دەرکەوت کە نامەیەکیان پێ بوو لە حاکمی عەسکەری ئینگلیزەوە لە موصل کە ئەو نامەیە بۆ سید طە نێررابوو، منیش بەرامبەر بەوە هەروەکو پێویستییەکی سەرشانم و وەکو ئێرانییەک خۆم پێ نەگیرا و ناچار بووم بە تەلگرافێک بێزاری خۆم دەربڕی بەڵام کاشکی ئەوەشم نەکردایە.

نووسەر دوای ئەوە باسی ڕوودانی شەڕێکی تری کردووە لە کتێبەکەیدا و وتویەتی:(٥٢) "بەیانییەک کە تەقە دەستی پێ کرد (ئەوەی ئەو باسی کردووە مەبەستی شەڕی مەهاباد بووە.) نزیکی (٣٥٠) نەفەر کە هەبوو ناردمن بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەڵام لەئەنجامی ئەو خیانەتەی کە لە من کرا، ئەوپەڕەکەی توانیم ژمارەی نەفەرەکانم کە لە هەموو لایەکەوە کۆم کردبووەنوە بیگەیەنمە (٧٠٠) نەفەر و ئەو دەرگا پڕ لە نەگبەتییەی کوردستان کە بە من سپێردرابوو بیپارێزم، بڕیارمدا هەتا دوا دڵۆپی خوێنم شەڕ بکەم.

ئەو ڕۆژە کاتی عەسر، ئاغای ئەمیر حشمت لەو هەموو دارایيەی کە بەدەستەوە بوو (٢٥٠) تمەنم دایە و ناردم بۆ میاندواو و بە هۆی ئەوەوە تەلگرافێکم نارد بۆ تەورێز و بۆ تاران و داوام لێ کردن بەپەلە لە ڕێگەی گۆلی ورمیەوە هێزێک بنێررێت بۆ حیدرئاباد کە کەوتبووە پشت دوژمنەوە، هەروەها داوام کردبوو کە هێزێکی تر لە (دانلو)وەوە بنررێت بۆ سابلاخ.

لە سەرەتای شەودا هێزی دوژمن گەیشتە قەراغ سابلاخ و شەڕ دەستی پێ کرد و هەتا نیوەشەو دوژمن یەک لەدوای یەک هێرشی ئەهێنا و بەڵام ئەمان شکاندن و پاشەکشەیان دەکرد و لە دوو سێ نەفەری بریندار بەولاوە هیچ زیانی ترمان نەبوو، بەڵام خەتی تەلگرافی تەورێز لەو شەوەدا وەستا و ئێمە لە هەموو دەقیقەیەکدا چاوەڕوانی گەیشتنی یارمەتی بووین.

پاشنیوەشەو خوالێخۆشبوو (سروان اسد اقاخان) کە فەرماندەی پیادە بوو داوای کرد کە ڕێگەی بدەم خەتی بەرگری پێشەوەمان بکێشینەوە و بۆ لای روخانە بڕوات، چونکە ئەو خەتەی پێشەوە بەئاسانی بەرگری لێ نەدەکرا.

شەڕ بە شەو هەر درێژەی کێشا بوو، وە هەتا ئەو کاتەی ڕووناک بووەوە و بە دووربین دەتوانرا هێزی دوژمن ببینرێت، بۆمان دەرکەوت کە هێزی دوژمن زۆر لە هێزەکەی ئێمە زیاتر بوو، تۆپخانە و مەترەلۆزەکانیان دەستیان کرد بە ئاگرباران و لەبەیانیدا بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی دوژمن نزیکی چوار هەزار سوارە و دوو هەزار پیادە دەبوو وە بە دوو عرادە تۆپی دوژمن و بە گوللەی مەترەلۆزی ئەڵمانی بەبێ وچان ئاگرباران دەکراین کە ئێمەش بەرامبەر بەوە تۆپێکی شڕ و عرادەیەک تۆپی شنایدەری سەحراییمان هەبوو لەگەڵ چەند تۆپچییەکی قوزاق کە لەژێر دەستی مندا بوون، بەڵام هەردوو تۆپەکە لە پاش تەقاندنی چەند گوللەیەک پەکیان دەکەوت.

من کشانەوەی خۆمم بە هیچ جۆرێک بڕیار نەدا و سووربووم لەسەر ئەوەی کە هەتا دوا گولله شەڕی پارێزگاری بکەم و داوام لە فیداکارانی ژاندرمەی فەوجی (١٤)ی ئازربایجان کرد کە خۆیان ڕابگرن بەرامبەر بە دوژمن بۆ سەندنەوەی تۆڵەی

ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بەسەدەها ژنی ورمیە کردبوویان، بەکورتی هەتا دوو سەعات دوای نیوەڕۆ هەر گرمەی تۆپ و تەقەی گوللەی مەترەلۆز و تفەنگ ئەبیسترا.

هێزەکانمان کە سەنگەریان لە کیسەی خۆڵ دروست کردبوو، من لەو شوێنەدا کە چوار پێنج ئەفسەر و (١٦) ژاندرمە و ڕەشاشێکمان پێ بوو شەڕمان دەکرد، کە ئەو ئەفسەرانە هەروەکو لە بیرم بێ بریتی بوون لە تیمسار سرتیپ محمد مظهری و اقای سرهنگ تقی الب اجودان و اقای سروان نایب میر مهدی خان و سەرکردەکانی هێزی سوارە خۆیان و نەفەرەکانیان کە نزیکی شەست کەسێک دەبوون لەو سەنگەرەدا خۆیان گرت.

کاتێ نیوەڕۆ ئاگادار کرام کە هەرچی فیشەکێک کە مابوو ژمارەی نەوەد هەزار بوو هەمووی نێررابوو بۆ ناو سەنگەرەکان.

پاش نیوەڕۆ بوو کە خوالێخۆشبوو (قاضی علی) کە باوکی قاضی محمد بوو لەگەڵ دوو سێ نەفەری پیاوی ئاینی و بەساڵاچووی شاری مەهاباد بە خۆیان و قورئانەوە هاتن و پێیان وتین کە بەرگریکردنی ئێوە لە خوێنڕشتنی خۆڕایی بەولاوە هیچی لێ دەستگیر نابێت و سمکۆ بەڵێنی داوە کە ئەگەر ئێمە خۆمان تەسلیم بکەین هیچ کارێکی خراپمان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵام من کە سمکۆم ئەناسی کە سوننییەکی زۆر کەللەڕەق بوو و جێگەی بڕوا نەبوو وە لەبەرئەوەی هەڵکردنی ئاڵای خۆتەسلیمکردنم بە شەرم ئەزانی بڕیارم دا خۆم بکوژم. خوالێخۆشبوو (رشید السلطنە قرەپاپاخ) کە یەکێک بوو لە دوژمنانی سمکۆ براکەی خۆی بە قورئانێکەوە نارد بۆ لام و پێی وتم تۆ کابرایەکی ئیسلامیت و لە دیندا خۆکوشتن حەرامە و هێشتا تۆ جوانی و بە بەرتەوە ماوە، لەبەرئەوە پێویستە ڕازی بیت بەم ڕووداوەی ئیمرۆ و لەناکاو (٢٠٠-٣٠٠) نەفەر ئابڵوقەیان داین و بەڕاستی نازانم چۆن باسی ئەو ساتە سەخت و ناخۆشەی ئەو ڕۆژە بکەم.

دوای ئەوە گیراین بردیانینە سەر گردێک کە چادری لێ هەڵدرابوو بۆ سمکۆ و سید طە و هەموو سەرکردەکانی ئێلات لەوێ بوون.

کە چوار پێنج هەنگاوێکم نا بۆ پێشەوە سمکۆ هاواری کرد تۆ چۆن هەروەکو مظفرالدولە فیرارت نەکرد؟ منیش لەوەرامدا پێم وت: بە عروسی و یا برای فرار نیامدە بووم. سمکۆ پێی وتم: کورد کە ژمارەی (١٤) ملیۆنە نایەوێ لەژێر کەڵەمەی دیلێتی عەجەمدا لەوە زیاتر بژی، وە من لەم سەعاتەوە ئیتر ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەم. منیش بە دەنگێکی بەرز بە سمکۆم وت: یەکەم: تۆ ئێرانیت، بەڵام

هەڵخەڵەتێنراوی. دووهەم: ئێوە چوارده ملیۆن نین. سێهەم: ئەو میللەتەی کە بیەوێ سەربەخۆ بێ گەلێک مەرج هەیە کە پێویستە لەو میللەتەدا هەبێت.

سید طه وتی: هەتا ئێستە ئێمە بارەها لەگەڵ ڕوس و عوسمانی و ئێراندا شەڕمان کردووە، بەلام هەتا ئێستە هی وەکو تۆ ئازا و بەجەرگم نەدیوە، لەبەرئەوە تۆ نابێ بکوژرێیت. سید طه دەستی برد بۆ سوارحییەک ئاو و خۆی بە من ناساند، بەلام خاڵی سمکۆ سوراحییەکەی لە دەست سید طه سەند و خۆی لێی خواردەوە و پاشماوەکەی بۆ من هێشتەوە و منیش لێم نەخواردەوە و دام بە زەویدا و شکاندم. ئەویش پێکەنی و وتی: سەیری کەن بەدیلێتیش لە دەمدرێژیی خۆی ناکەوێ.

لەو کاتەدا هێشتا تەقەی گولله دەهات و سرهنگ الپ دەستی گوشیم و پێی وتم: جەنابی ڕەئیس سەیر بکە ئەوە (میر مهدی خان)ە کە تیربارانی دەکەن. منیش وتم: چەهەنەم با نۆرەی من و تۆش بێت.

بە سید طەم وت: ئا بەم وەحشەت و دڕندەییە داوای سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن؟ لەوەرامدا وتی: بەڵێ... ئێمە حەقمانە چونکە زیانێکی زۆرمان لێ کەوتووە، بەلام اقای سرهنگ هاشم ئەمین لەبەرئەوەی سەیدزادە بوو وە لە خانەوادەیەگی ناسراوی ئازربایجان بوو ئازاد کرا، حاجی ئیلخانی باوکی ئەمیر ئەسعەد و بایز ئاغا هەردووکیان بەچۆکدا هاتن و داوێنی سمکۆیان گرت و لێی پاڕانەوە (کە دیارە بۆ ڕزگارکردنی مەلیکزادە پاڕاونەتەوە.)

سیمتقو دوای ئەوە هەستا و وتی: من بۆیە وازم لە کوشتنی تۆ هێناوە کە نامەیەک بنووسیت بۆ حاجی مخبرالسلطنە و پێی بڵێ کە ڕزگاربوونی تۆ و ئەو ئەفسەرە دیلانەی تر بەوەوە بەندن کە ئەوانیش ئەمیر ئەسعەد و کەریم ئاغا و تاقمەکانیان بەر بدەن. منیش بەڕاستی زۆرم لاگران بوو کە کاغەزەکە بەو شێوەیە بنووسم، کە کاغەزەکەم گرت بەدەستەوە نووسیم: "من هەر چاوەڕوانی ئەوەم ئەکرد کە یارمەتی ئێوەم پێ بگا و هەتا دواگولله بەرگریمان کرد، بەلام ئێوە کەستان نەنارد، ئێستاکە وا ئێمە دیلین، ناچارم ئەم کاغەزەت بۆ بنووسم و بڵێم کە بەردانی ئێمە بەنگە بە سەرەنجامی ئەمیر ئەسعەد و ئەوانی ترەوە."

نووسەر درۆیەکی تر دەکا لەکتێبەکەیدا و لە لاپەڕە (٧٦)دا ئەڵێ: سمکۆ پێی وتم: ئاغای ملک زادە، ئەگەر تۆ لە من نزیک ببیتەوە و هاوکاریمان بکەیت، ئامادەم بتکەم بە فەرماندەی هێزی ڕەزائیە. منیش لەوەرامی ئەوەدا پێم وت: ئەگەر ئەوە بە ناوی ئێرانەوە ئەکەی من بە سەر و ماڵمەوە هەروەکو سەربازێک ئامادەم، بەلام ئەگەر من

لەم هەڵوێستەدا ئەوە قبوڵ بکەم لە خیانەت بەولاوە هیچی ترم پێ ناوترێ.


ڕۆژی دوایی چوومە سەڵماس کە ئیسماعیل ئاغا لەو شەش هەزارەی کە شەڕی پێ ئەکردن لەوێ تەنها چەند سەد نەفەرێکی لە خزم و کەسوکاری خۆی لەگەڵیا مابوون و ئەوانی تر هەموو بڵاوەیان لێ کردبوو.

لە سەڵماس لەدوای نانخواردنی ئێوارە سمکۆ هاتە ژوورەکەم و من و سەرهەنگ ئالپی لێ بوو، سمکۆ بە دەستێکی خسروی کوڕی گرتبوو بە دەستەکەی تریش کلام الله (قورئان)ی پێ بوو، لێم نزیک بووەوە وتی: "جەنابی میجەر... بەم قورئانە و بە سەری ئەم تاقە کوڕەم سوێند ئەخۆم، چونکە لەتۆدا نموونەی هەموو شتێکی مەردانەی تیادا ئەبینم کە مردنت لەلا هیچ نییە و هەتا ئێستەش نەمیبستووە تۆ چاوت بڕیبێتە ماڵ و حەیا و نامووسی کەس، وە من لەوە دڵنیام کە تۆ نە بە من و نە بە دەوڵەت خیانەت ناکەی، لەبەرئەوە بەبێ مەرج و چەند و چۆن ئازادت ئەکەم و بڕۆ، ئەگەر دەوڵەت ئامادەیە کە لەمن خۆش ببێت ئەوا ئامادەم وەکو نۆکەرێکی ڕاست و پاک قبووڵ بکرێم و ئامادەم هەموو تۆپ و تفەنگ و جبەخانەیەک کە هەمە تەسلیمی بکەم و ئەگەر کەسێک شکاتێکی لە من هەیە ئامادەی هەموو شتێکم و کە چوویتەوە تەنها تاقە دوو دێڕی تۆ بگاتە دەستم ئامادەم خۆم تەسلیم بکەم.

سمکۆ قسەکانی لەوە ئەچوو بەڕاستی بێت چونکە لە سیما و ڕووخساریدا دیار بوو، ئەویش گلەییەکی زۆری لە کاربەدەستانی دەوڵەت هەبوو.

بەیانی عەرەبانەیەکی چوار ئەسپی هات و من و سەرهەنگ ئالپ و پێشخزمەتەکەم کە ناوی اصغرخان بوو سوار بووین و گەیشتینە لای قوزاقەکان بە فەرماندەی سەرهەنگ ابراهیم خان، کە هەواڵم لێ پرسی لەوەرامدا وتی: فلان کەس، هەرچی ڕوویدا خیانەت بوو... خیانەت. ئەو کاتەی کە سیمتقو بەرەو ئێوە دەهات، ئەوسا من لەوە گەیشتبووم و کاظم قوشچیش لەبەردەکەیەوە ئاگای لێ بوو. ئەو کاتە من داوام کردبوو کە بەشداری بکەم لەو حەملەیەدا بەڵام بە هیچ جۆرێک وەرام نەدرایەوە. حاجی مخبرالسلطنە تەلگرافێکی نارد و لێی پرسیم (لە مەلیک زادە) ئایا ئێوە سمکۆ لێتان خۆش بووبوو یاخود فیرارتان کردووە و خۆتان دەرباز کردووە. منیش پێم وت: من لەو کەسانە نیم کە فیرار بکەم.

کاپتن لاسن بالندبرگ لە تەورێزەوە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا کردم و پێی وتم (بە مەلیک زادە) کە بە دەستوبرد بچم بۆ تەورێز و کە چوومە لای پێی وتم: خەڵک دژی هەڵوێستی تۆ بوون لەبەرئەوە بۆ سەلامەتی خۆت باشتر وایە کە لە دائرە نەچمە دەرەوە.



لە لاپەڕەی (٦٥) لە کتێبەکەی ح-ملکزادە، میربد بە ناوی (سرگزشت حیرت انگلیز) وەرگیراوە
کە وتویەتی ئەمە وێنەی ئەو ژاندرمانەیە کە لە شەڕی سابلاخدا کوژراون.



وێنەی گەورەکانی بەگزادەی دیبوکری و مەنگوڕ و مامش لەگەڵ عبداللەخانی طهماسبی- کە لە
ساڵی ١٩٢٤دا (١٣٠٢) لە گوندی (دوست الی) وەرگیراوە. لە کتێبەکەی حسێن حوزنی موکریانی
(کوردستانی موکریان) چاپی ساڵی ١٩٣٨.
(واتە دوای سێ ساڵ داگیرکردنی سابلاخ ئەو ڕەسمە گیراوە.)

لەکۆتاییدا دەربارەی ئەو شەڕەی سابڵاخ و ئەو تاڵانییەی کە سەرچاوەکان باسیان کردووە مصطفی پاشای یامولکی کە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۲۱دا چۆتە ئەو ناوە کە هەمووی ماوەیەکی زۆر کەم تێپەڕی کردبوو بەسەر ئەو شەڕەی سابڵاخدا، هەروەکو لەو دۆکیومێنتەی ژمارە (C.O.730-19-27-34) و ڕۆژی ۱۹۲۲/۱/۲۰دا باسکراوە لەنێوانی ئەو ڕەخنە و پرسیارانەی کە مصطفی پاشای یامولکی لە سمکۆی کردبوو ئەوی پێوەندی بەم شەڕەی سابڵاخەوە هەیە، لە پرسیاری ژمارەی حەوتەمدا مصطفی پاشای یامولکی و سمکۆ بەم جۆرەی خوارەوە پرسیار و وەرامەکەیان تۆمار کراوە:

پرسیاری ۷: مصطفی پاشای یامولکی لە سمکۆ دەپرسێت: بەو پێیەی ئێوە دەڵێن، ئێوە بۆ تەواوی نیشتمان هەوڵ ئەدەن؟ ئایا شتەکە وا نییە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی سائێک سابڵاختان گرت دوکانەکان تاڵانکران و هەندێکش کوژران کە لەناو ئەوانەدا (قاضی لطیف) بوو کە پیاوێکی زۆر ڕێزلێگیراو بوو؟

ناوچەی سابڵاخ کە دیبوکریی بەهێز و بڵباس و مەنگوڕ و مامش و عەشیرەتی پیران دەگرێتەوە و مەرکەزێکی گشتیی گەورکە لەگەڵ عەشیرەتەکاندا پێوەندیيان دۆستانە بووە، ئایا ئەوەی کە ڕوویدا لە سابڵاخدا ئێرانییەکان پێیان خۆش نەبووە؟ هەروەک بیستم ماڵی حاجی ئیلخانی سەرۆکی دیبوکردی تاڵان کراوە و دوور نییە لەئەنجامی ئەوەدا بەشێک لە مەنگوڕ و بەگزادەی گەورک و ناوچەی سەقز دژی تۆ یەک بگرن؟

سمکۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارە دوورودرێژەی مصطفی پاشای یامولکیدا ئەڵێ: وەختێک ڕوومان کردە سابڵاخ، ناردمان بە شوێن هەموو سەرکردەکاندا، بەڵام نەهاتن و هیچ نوێنەرێکی سەقز نەهات و ئێرانییەکانیش لەناو شاردا شەڕیان دەکرد، شەڕەکە دوو ڕۆژ درێژەی کێشا، ئەوە بوو لەئەنجامدا ناوشار گیرا و هەندێ کەس کوژران کە شوکاکیشیان تیادا بوو. لەو شەڕەدا دانیشتوانی شار و عەشایر تێکەڵ بوون و تێکبرژان و ڕەشاش و تۆپیشی تیادا بەکار هێنرا، لە حاڵەتێکی وادا ناتوانرێت ڕێگا لە تاڵان و برۆ بگیرێت، ئەگەرچی من خۆم زۆر دژی ئەوە بووم.

ئێمە گومانمان لە عەشیرەتی مەنگوڕی و دیبوکری هەبوو، بەڵام گوێشمان نەدایە ئەوە. حاجی ئیلخانی بەوەشەوە نەوەستا کە هەر ببێتە لایەنگری ئێرانییەکان، بەڵکو بە ناوی کوردەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە بچنە پاڵی و شەڕمان لەگەڵدا بکەن.

عەشیرەتی مامش زۆر دڵسۆزی ئێمەن. کوڕی خوالێخۆشبوو مەحمود ئاغای هەمزاغامان کرد بە حاکمی سابڵاخ و کەریم ئاغای برای کرا بە موفەتیشی ناوچەی (حەمەجان) و ناوچەی (بانالیس BANALIS) و (گەورک)ی دراوسێی. دوای گرتنی سابلاخ توانییان فارسەکان لە سەقز دەرکەن، بەڵام لەسەر داوای خەڵکی سەقز، دەوڵەتی ئێران (٣٠٠-٤٠٠) جەندرمەی خۆی لە (سنە)ەوە نارد و بانالیسیان گرتەوە و چوار پێنج کەسی سەر بە ئێمە لەوێ ڕایانکرد.

لەکۆتایی باسی ئەو شەڕەی سابڵاخدا ئەوی بۆمان دەرئەکەوێ هەرچەند سمکۆ لەسەرەتادا توانیبووی لەو شەڕەدا سەر بکەوێ و ئێرانییەکان دەر بکات، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی شتێکی کاتی بووە و بە بڕیارێکی سەرپێی و بەپەلە کراوە و لەپێشدا حسابێکی وردی بۆ نەکراوە شتێکی وا ڕوونەدات کە دانیشتوانی شاری مەهاباد تووشی ئەو زیانە ببن کە لەو سەرچاوانەی لێیان دواین باسکراوە و زۆری پێ نەچوو لەبەرئەوەی نەخشەی ئەو شەڕە لەسەر بناغەیەکی بنج داکوتاو نەبووە، هەروەکو شوێنەکانی تر دووبارە لێی داگیرکرایەوە و لەو ڕۆژانەدا زۆربەی فیوداڵەکانی کورد لەو ناوچانەدا وای بۆ چووبوون و هەندێکیان سوودیان لەوەدا بووە کە لەگەڵ حکومەتدا بن و سزا و ڕاوڕووتکردنی و جەریمەسەندنی کاربەدەستانی ئێرانیان لا باشتر بووە لەوەی کە سەر بۆ کوردێک دابنەوێنن.

لەولاشەوە ئیمپریالیزمی بریتانیا، ئەویش گلەیی خۆی لەو سەرکەوتنەی سمکۆ دەربڕیوە کە بەئاشکرا لە دوکۆمێنتی ناو ئەرشیفی بریتانیا، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی ١٩٢١دا دەربارەی داگیرکردنی مەهاباد لەلایەن سمکۆوە وتراوە: "سەرکەوتنی سمکۆ دژی ئێران کارێکی تەواوی کردە سەر ناوچەی موصل (کە لەو ڕۆژانەدا ئینگلیزەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، پیاوەکانی خۆیان و سیخورەکانیان ئەوێیان کردبوو بە بنکەی چالاکی خۆیان بۆ دابینکردنی سوود و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا و لە ئێراندا نەخشەی ئەوەیان کێشا بوو کە ڕەزا خان پێش بخەن و بیکەن بە شای ئێران بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجەکانی خۆیان) وە لە داگیرکردنی شاری سابڵاخدا گەلێک ماڵی بازرگانی تاڵانکرا."



له کتێبەکەی حسێن حوزنی موکریانیەوە وەرگیراوە.

بە ناوی (کوردستانی موکریان) کە لە ساڵی ١٩٣٨دا چاپکراوە. ئەو وێنەیە لە ساڵی ١٩٢٤دا لە گوندی (دوست ئاڵی) وەرگیراوە.

دەربارەی ئەوەی سەقز کە لە گفتوگۆکەی نێوان مصطفی پاشای یامولکی و سمکۆدا کرابوو وە لەدوای ئەوەی سمکۆ پاش داگیرکردنی سابلاخ ویستبووی دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکانی سەقز و بانەدا بلاو بکاتەوە، دەربارەی ئەوە لە دوو سەرچاوەدا باسکراوە. سەرچاوەی یەکەم بریتیە لەو کتێبەی کاک عومەر فاروقی بە ناوی نظر بە تاریخ فرهنگ سقز-کردستان کە بە فارسی لە ساڵی ١٣٦١دا بلاوی کردۆتەوە و ئەڵێ: "ئوردوی ئیسماعیل ئاغا لەدوای ئەوەی زۆر شوێنی تری داگیر کردبوو گەیشتە سەقز و شارەکەیان گرتە دەست و لەلایەن سمکۆوە حاکمێک دانرا بۆ شاری سەقز، بەلام شێوەی داگیرکردن و باجسەندن لە دانیشتوانی شار دڵی زۆربەی خەڵکی ئێشاندبوو، بەگزادەکان بە ناوی سمکوە حاجی مەحمودی ئیفتخار التجاری خوالێخۆشبوویان کوشت، کە ئەم کارانە بوونە هۆی بێزاربوونی شار و کار گەیشتە رادەیەک کە لەدواییدا هێزەکانی سمکۆ شکان و هێزی دەوڵەتی مەرکەزی هاتەوە ناو سەقز، خەڵکی شار لەخۆشیدا ئاهەنگیان دەگێرا."

(لەڕاستیدا حەزم ئەکرد کاک عومەری فاروقی شانبەشانی ئەوەش تۆزێک بەراوردی ئەوەی هاوکارەکانی سمکۆ کردبوویان لەگەڵ کردەوە و سەرانەسەندن و جەریمەسەندنەکانی کاربەدەستانی ئێرانی بکردایە کە لەوەدا وەکو هەموو کوردێک دەیزانێت فیوداڵەکانی کوردی خۆشمان دەستیان بووە لە هاوکاریکردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا، مەگەر تەنها ئەوەیە کە بوترێ کورد هەمیشە بەداخەوە فێری ئەوەیە باج و سەرانەسەندنی بێگانەی لا خۆشتر و ئاسانتر بووبێت وەک لەوەی دەزگایەکی کوردەواری سەندبێتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، جگە لەوە ئەو فیوداڵانە هەمیشە ترسی ئەوەیان بووە کە حکومەتی بگەڕێتەوە بۆیە بە بوونی دەزگایەکی کوردی ناڕازی بوون.)

سەرچاوەی دووهەم کە باسی سەقزی کردووە بریتیە لە یاداشتەکانی شێخ ڕەوفی ضیائی لە ئامادەکردنی کاک عومەری فاروقی کە لە لاپەڕەکانی (١٠٥-١٠٩)دا وتویەتی:(٤٢) "لەدوای ئەوەی دیوان بەگی (اعظم الدوله) لە لایەن دەوڵەتەوە کرا بە حاکمی سەقز وە حاجی (زەمان خانی بانەیی) لەگەڵدا بوو یەعنی نایب الحکومە بوو. (واتە جێنشینی بوو.)

لەپاش دوو مانگ لە ساڵی ١٣٤٠دا (مانگی هجری قمری) حاجی زەمان خان کاروباری گرتە دەست و ساتێک حاجی زەمان خان هەواڵی گرتنی ناوچەی موکریانی بیست، ئەویش ئاڵای یاخیبوونی دژی حکومەت هەڵکرد و لە ئیسماعیل ئاغا نزیک بووەوە و دەستی کرد بە نامەناردن بۆی و پێوەندیی لەگەڵدا پەیدا کرد و سەفەرێکی کرد بۆ (بانە) و لەوێ حاکمی بانە و ئاغاواتی ئەو ناوچەیەی کرد بە دۆست و هاوکاری خۆی و ژمارەیەک لە خەڵکی بانە بەڕواڵەت و بە ناوی پارمەتیدانی حکومەتەوە هێنایە سەقز. ئەو پارە و پوولەی گومرگ و هەرچی ماڵیاتی حکومەت هەبوو بە ناوی ئەوەوە کە بۆ خەرجکردنی پێویستی کاربەدەستان و بۆ پێویستی ئەسپ و ئێستر دەستی بەسەر ئەو هەموو پارانەدا گرت و کاربەدەستانی حکومەت لەئەنجامی ئەو بزووتنەوەیەی حاجی زەمان خان هەموویان هەڵاتن و سەقزیان بەجێهێشت.

ساتێک حاجی زەمان خان بە هەڵاتنی ئەو کاربەدەستانەی زانی، هەندێک لە ئەرتەشی و سەربازی کە سەرۆکەکەیان ناوی سوڵتان عبدالحمید بوو بانگی کردن و پێی وتن کە ئیتر ئەو هیچ پێویستییەکی بە مانەوەی ئەوان نییە و ئەوانیش لە

هەڵوێست گەیشتبوون و لە خوایان ئەویست بە زووترین کات و بەبێ گێچەڵ ڕزگاریان ببێت و ئەوانیش سەقزیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن. لەدوای ئەوەی لە لایەن حاکمەوە هەندێ کەس بۆ ئیشوکاری باج و گومرگ و پۆلیس هەڵبژێرران و کاروبار کەوتە دەست عەشایر ئیتر ئەوانە دەستیان کرد بە تاڵانی و ڕووتاندنەوەی خەڵک و باجی قورس دانان لەسەر خەڵک.

ساتێک (شجیع السلطنە)ی سەرۆکی پۆلیسخانە بە یازدە پۆلیسەوە لە ترسی ئەوەی چەک بکرێت هەڵات و چووە سەرشیو و لەوێ لەگەڵ هەندێ کەسدا بوو بە هاودەست و شەوێکیان دای بەسەر سەقزدا بۆ ئەوەی بانەییەکان تێک بشکێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەناو خۆیاندا یەک نەبوون و مەبەستەکان ئەوانەی لەگەڵ شجیع السلطنەدا هاتنە سەر سەقز یەکی نەدەگرتەوە بۆیە تێک شکان و لەو شەڕەدا چوار کەس کوژران و هەندێک گیران و چەند ماڵێکیش لە لایەن بانەییەکانەوە سووتێنران. خەڵکی سەقز دوای ئەوە لەتاو زوڵم و زۆری عەشایری بانە کەوتنە ڕێوە و ڕوویان کردە گوندی (داشالوجە) وە لەوێ (خەلیل خان) بە هەندێ سوارەوە بۆ هاوکاریکردن و داکۆکیکردنی مافی خەڵکی سەقز لەگەڵ خەڵکدا کەوتە ڕێ و هاتە سەقز. ئەم کارە ڕەزای خودای لەسەر بوو، هەتا ڕادەیەک جەور و ستەمی عەشایری کەم کردەوە، بەڵام عەشایری بانە بە بیانووی ئەوەی کە ئەچن دوای شجیع السلطنە بکەون چوون بۆ سەر سنوور و گوندی زۆری ئەوێیان سووتان. لەم کاتەدا هێزی دەوڵەتی بەسەرکردایەتی (میجەر نصرالله خان) هاتە سەقز و عەشایری بانەی لە شار دەرکرد.

بەدوای ئەم کارەساتەدا حاجی زەمان خان ویستی ڕا بکا بۆ مەهاباد بەڵام لە ڕێگا کەوتە دەست هێزی دەوڵەتی و دەردەست کرا و ویستیان بیبەن بۆ تەورێز بەڵام لەڕێگادا کۆچی دوایی کرد وە گوایا پارە و لیرەیەکی زۆری پێ دەبێ بۆیە کاربەدەستانی دەوڵەت لە ناوی دەبەن بۆ ئەوەی پارە و پوولەکانی بۆ خۆیان ببەن.

هەر چۆنێک بووبێت ئەم ئاڵوگۆڕەش سوودی خەڵکی تیادا نەبوو، چونکە هێزی ژاندرمە لە عەشایر باشتر نەبوون و لەئەنجامدا ماڵوێرانی هەر بۆ خەڵک مایەوە. دوای ئەوە ئیسماعیل ئاغا شاری مەهابادی گرتەوە هێزی دەوڵەت لە سەقز کشایەوە بەرەو شاری بانە و هێزی ئیسماعیل ئاغا بە سەرۆکایەتی شێخ عبداللە (ئەو شێخ عبداللەیەی لەو یاداشتەدا ناوی هاتووە سید عبداللەی شەمزینی باوکی دوکتۆر



وێنەی سید عبداللەی شەمزینی، کە لای هەندێ کەس بە (سلطان العرف) ناوبراوە، ئامۆزای سید طەی شەمزینی یا (نەهری) بووە و کوڕەزای شێخ عبداللەی شۆڕشگێڕی بەناوبانگ بووە و لەناو کوردەکانی ئێراندا هەتا مابوو پایەیەکی ئاینی بەرزی هەبووە کە پێشەوای ڕێبازی نەقشبەندی بووە. باوکی دوکتۆر عەزیز شەمزینی بووە.

عەزیزی شەمزینی بووە و ئامۆزای سید طە بووە، لەپێشتردا ناوی هاتووە وەکو نوێنەرێکی سمکۆ کە چووبوو بۆ ناوچەی مەریوان و هەورامان بۆ ئەوەی داوا لە سەرکردەکانی ئەو ناوچانە بکات هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەکەی سمکۆدا بکەن)، بە هاوکاریکردنی لەشکری دیبوکری بە سەرۆکایەتی عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد هاتە ناو شاری سەقزەوە و ئەم شارە کاول بووە و خەڵکی ماڵوێرانیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە و عەشایری بانە دووبارە هاتنەوە ناو سەقز و لە جاران زیاتر دەستیان کرد بە توندوتیژی نواندن.

بانەییەکان، من و کاکم (حاجی شێخ عارف) و (معتمد)ی کوڕی قاضی ڕەحمەتییان بانگ کر[illegible]ی ـَردین سوێند بە کەلامی خوا بخۆین کە

لەگەڵیانا نەبین، من لەوەرامدا وتم (شێخ ڕەووفی ضیائی): من قەت سوێندی وەها ناخۆم و هاوکاریی ئێوەم پێ ناکرێت و توانا و دەسەڵاتی بەربەرەکانیکردنیشم نییە و ئەگەر من ئێستا سوێندیشتان بۆ بخۆم دڵنیا بن لەوەی کە ئەو سوێندخواردنەم درۆیە و لە ترسی گیانی خۆمە کە سوێند ئەخۆم.

پاش ئەوە دوو کەسەکەی تر (مەبەستی حاجی شێخ عارف و معتمدی کوڕی قاضی بووە.) یان ئازاد کرد و منیان ڕاگرت و پێیان وتم کە تەنها هەر تۆ لەناویاندا ڕاستگۆ بووی و دەبێ ئێستاش بەڵێنمان بدەیتێ کە دژ بە ئێمە ئاژاوە ناگێڕیت. ئیتر بڕۆ و کارمان پێت نییە.

دوای چەند ڕۆژێکی تر هەندێ بازرگانی سەقزی بەسەرپەرشتیی حاجی ئیفتخار سکاڵایەکیان نووسی و لەو سکاڵایەدا شکاتیان کردبوو دەربارەی ئەو زوڵم و زۆرانەی عەشایرەکان بەرامبەر بە خەڵک دەیانکرد و سکاڵایەکیان نارد بۆ سنە، بەڵام ئەوەی سکاڵاکەی بردبوو لە ڕێگا گیرا و سکاڵاکە کەوتە دەست عەشایر و لەئەنجامی ئەوەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەگەڵ حاجی ئیفتخاردا گیران و لێرەدا من و شێخ عارفی کاکم بووین بە تکاکار و توانیمان بەرامبەر بە لێسەندنی هەندێ پارە لەو گیراوانە ئازادیان بکەین، بەڵام بۆ بەردانی حاجی ئیفتخار وتیان ئەبێ ئیسماعیل ئاغا خۆی بڕیاری لەسەر بدا کە ئەو قسەیە نیگەرانی کردم چونکە چەند شەوێک پێشتر خەوم بینی کە لەناو ئاودا خنکا بوو (مەبەستی حاجی ئیفتخار بووە.)

لەئەنجامدا ڕۆژی ٢٨ی ڕەمەزان جەنازەی حاجی ئیفتخاریان لەسەر چۆمی بینیەوە و دەرکەوت کە عەشایری بانەیی کوشتبوویان.

ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی ناڕەحەتی هەموو لایەک و بە شوێن ئەوەدا بانەییەکان لە سەقز چوونە دەرەوە.

لەم هەلومەرجەدا قەڵای (چهریق) سووتێنرا و ئیسماعیل ئاغا لەلایەن هێزی دەوڵەتەوە شکا و هێزی دەوڵەت هاتەوە ناو سەقز و حاجی سردار مکرمی کوردستانیان کرد بە حاکمی سەقز."

لێرەدا کە لە نووسینەوەی ئەم یاداشتەی ڕەووفی ضیائی بوومەوە یاداشتەکەی زێوەرم هاتەوە بیر کە بەناوی (گەنجینەی مەردان-یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری) بڵاوی کردۆتەوە کە باسی ئاوارەبوونی خۆی و تاقمەکەی ماڵی شێخ مەحمود ئەکا و

منیش لە لاپەڕە (٥٣٥)دا ئەوەی ئەو و تەواوکردنی ئەو بیرەوەرییەی کە لای شێخ بابا عەلی شێخ مەحمود مابوو دەربارەی ئەو ڕۆژانەی چووبوونە ناوچەی سەقز حەزمکرد لێرەدا کورتەیەکی ئەوە لە بەرگی یەکەمی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی کوردستان لە لاپەڕەکانی (٥٣٥-٥٣٧) بڵاو کردۆتەوە پێشەکەش بکەم:

زیوەر لە یاداشتەکانیدا وتویەتی: کە سلێمانیمان بەجێهێشت و چووینە بانە، حەمە تاڵی پیاوی ڕۆستەم خان لەپێش ئێمەدا میوانداریتی شێخ قادری شێخ مەحمود و منداڵانی ئەقیبی کرد و ئێمە ڕوومان کردە ماڵی حەمە تاڵ.

شێخ عارفی سەقز نامەی بۆ ناردین کە ڕوو بکەینە سەقز (کە ئەو ئاوارەبوونەیان لە ساڵی ١٩١٩دا بووە.) کە لەوێ خۆی و ماڵ و منداڵی لە خزمەتدا ئەبن.

بابا عەلی شێخ مەحمود لە تەواوکردنی یاداشتەکەی زێوەردا ئەڵێ: ساتێک شێخ قادری مامم بەر لەوەی کە بگاتە لای سید طەی نەهری لە سەقز لایدابوو، لەو کاتەدا ئێرانییەکان دەچنە ناو سەقزەوە و شێخ قادر ئەگرن و تەسلیمی ئینگلیزەکانیان کرد. بەرلەوەی ئێرانییەکان سەقز بگرن، شاری سەقز حکومەتی تیادا نەبوو، (سعید بەرغەش) کە خەڵکی سلێمانی بوو لە سەقز خۆی کردبوو بە حاکم (کەلانتەر) و لە (بانە)ش (حەمەتاڵ) خۆی کردبوو بە کەلانتەری بانە و ڕۆستەم خانی بانەش لە ناوچەی بانەدا دەسەلاتدار بوو، زۆری پێ نەچوو ئینگلیزەکان گرتیان و ئێرانییەکان خنکاندیان، بەلام بەرلەوەی ئێرانییەکان بچنە ناو شاری (سەقز)ەوە سعید بەرغەش خۆی دەرباز کردبوو، حەمەتاڵیش دوای ئەوە دەسەلاتی نەما و دوای ئەوەی شێخ قادری مام پاش ماوەیەک لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەردرا حەمەتاڵ هاتە سلێمانی و لای مامم مایەوە."

بەڕاستی ئەوەی لەو یاداشتەی زێوەر و (شێخ بابا عەلی)دا دەرئەکەوێ نیشانەیەکی تەواوی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە بووە لە بەشێکی کوردستانی ئێراندا، لەبەینی ئەوەی کە کورد هەندێ جار دەست بەسەر شوێنێکدا بگرێ و خۆی کاروباری خۆی ببات بەڕێوە و زۆری پێ نەچووە لەبەر نارێکی و ناکۆکی و یەکنەبوون نەیانتوانیوە هاوکارییەکی تەواو لەنێوانی هەموو بەشەکانی کوردستانی ئێراندا پێک بهێنن. ڕەنگە بوترێ دەربارەی کوردستانی ئێران ئەوە شتێکی ڕاستە بەلام ئەی بەشەکانی تر بۆچی وانەبوون کە بتوانن یەک بگرن و بە هەموویان چارەسەرێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. لەوەرامدا ئەتوانین بڵێین ڕاستە ئەوەش هەبوو،

بەلام لام وایە جیاوازییەکی زۆر ئاشکرا هەبوو لەنێوانی کوردستانی ئێران و بەشەکانی تردا کە لەو ڕۆژانەدا ئەوەی بۆ سەرکردەکانی تری ناوچەکانی تری کوردستانی ئێران هەڵکەوتبوو بەو هەموو چەک و تفاقەوە کە سمکۆ هەیبوو و شتێکی کاڵتە نەبووە، بەلام بەداخەوە سوود لەو دەرفەتە وەرنەگیراوە.

## سێهەم: شۆڕشەکانی تری سمکۆ دوای شەڕی مەهاباد

هەتا ئێرە بریتی بوو لە شۆڕشەکانی سمکۆ بەر لە داگیرکردنی مەهاباد بەپێی ئەو سەرچاوانەی یەک لەدوای یەک پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز کرا. دوای داگیرکردنی مەهاباد و بۆ شۆڕشەکانی تری سمکۆ گەلێک سەرچاوە باسی ئەو شۆڕشانەیان کردووە هەتا ئەو کاتەی کە سمکۆ لە دواشۆڕشیدا شکا و قەلای (چاری) لە لایەن هێزی حکومەتی ئێرانەوە داگیرکرا و سمکۆ و ئەو چەند کەسەی کە لەگەڵیدا مابوونەوە بەناچاری ڕوویانکردە تورکیا و لەوێش نەیتوانی بگیرسێتەوە و تورکەکان دەستیان لێ وەشاند و ناچار بوو ڕوو بکاتە کوردستانی خواروو، هەروەکو لەدواییدا بەدووروودرێژی باسی ئەکەین.

دەربارەی ئەو شۆڕشانەی سمکۆ گەلێک لە نووسەران باسیانکردووە، کە ئێمەش جگە لەوانەی پێشوو کە لە سەرچاوەکانەوە وەرمانگرتوون، هەوڵ ئەدەین بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستماندان لە هەندێکیان بدوێین، کە لەسەرەتادا وامان بە باش زانی سەرچاوەکان کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە فارسی نووسراون کە هەندێک لەو نووسەرانە یاداشتی خۆیان لە کاتی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا تۆمارکردووە و لەدواییدا چاپکراون، ئەو تۆمارکراوانە هەمووی بووە بە سەرچاوە بۆ نووسەرانی تری بێگانە وەکو مارتن ڤان برونسون و کریس کوچرا. هەروەها هەندێک لە نووسەرانی خۆشمان، بەتایبەتی کوردەکانی کوردستانی ئێران پەنایان بردۆتە بەر ئەو سەرچاوانە و هی واشیان هەبوو یاداشتی خۆی هەبوو یا هی ئەم و ئەوی دەست کەوتووە و بلاوی کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ لەو سەرچاوانە چ ئەوانەی بە کوردی تۆمارکراون یاخود بە فارسی لەبەر هۆیەکی تایبەتی لەکاتی خۆیدا بلاوکراونەتەوە، ئەو کەموکوورییەی کە هەستی پێ ئەکرێ ئەوەیە کە بەشێکی کەم نەبێت وەکو باسەکەی کاک کەریمی حسامی کە نیشارەتی بۆ هەندێ سەرچاوە

کردووه، ئەوی تر هەمووی لەم و لەوەوە وەرگیراوە بەبێ ئەوەی ئیشارەت بۆ هیچ سەرچاوەیەک بکەن کە بێگومان ئەوە زۆرجار لە نرخی نووسین کەم دەکاتەوە، چونکە نووسەر و لێکۆڵەرەوەی دوای خۆی ناتوانێت بەئاسانی بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە لەگەڵ سەرچاوەکانی تر بەراورد بکات کە بەداخەوە ئەمە کاری تەنها لایەک نییە.

شانبەشانی ئەوەش دووبارە جێگەی داخە کە برادەرانی کوردی کوردستانی ئێران لە کاتی ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشەکانی سمکۆ و زۆر ڕووداوی تردا هیچ کەلەپوورێکیان بۆ دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە کە بتوانرێت لەژێر تیشکی ئەو یاداشتانەدا هەندێ بۆچوونی نووسەرانی ئێران و بێگانە بە دوور بخرێنەوە کە هەوڵ دراوە هەمیشە کورد تاوانبار بکرێت.

نووسەرێکی ئێرانی (سروان احمد کاویان پوور) لەکتێبەکەیدا (تاریخی رضائیە) بەدوورودرێژی باسی شۆڕشەکانی سمکۆی کردووە لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا، کە لە سەرەتای باسەکەیدا ئەم بەپێچەوانەی ملک زادە کە وتبووی سوپای تورک هیچ کاری نەبوو بەسەر ئەو شەڕانەوە و ئێمە هەموومان بە هەڵەدا چووبین کە لامان وابوو تورک هانی کوردیان دابوو، بەپێچەوانەی ئەوەی ملک زادەیە، سروان احمد کاویان پوور کاربەدەستانی تورکی تاوانبار کردووە و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەر بە عوسمانی ناوی بردون، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ڕۆژانەدا مصطفی کمال و کەمالییەکان دەسەڵاتدار بوون و عوسمانی ناوی نەمابوو. نووسەری ئەو کتێبە نووسیویێتی و ئەڵێ:(٥٠)

"لە ورمیە (حاجی محتشم السلطنە) حوکمڕانی دەکرد و کاروباری ورمیەی دەبرد بەڕێوە، بەڵام سنووری دەسەڵاتی بە هیچ جۆرێک لە سنووری ناو شار تێپەڕی نەدەکرد. لەبەرئەوە کوردەکان لەبەهاردا هێرشیان هێنایە سەر ورمیە و هێڵی تەلگرافی تەورێز و ورمێیەیان پچڕاند کە لە مانگی (اردبهشت)دا ئەو تەلگرافە دانرابوو.

بەرلەوە تەلگرافێک لە ئەنجومەنی ورمیەوە نێررابوو کە تیایدا وترابوو: ئاگرباران و شەڕێکی قورس دەستی پێ کردووە و دەوروپشتی ورمیە و دیهاتەکان بەر پەلاماردانی هێرش کەوتوون کە نزیکەی (٢٠٠٠) کەس کوژراو هەیە و وە لە گوندی (شیطان ئاباد) و (داش ئاغیل) پتر لە هەزار کوژراو بێ کفن و شتن نێژراون و هەر

چوارلای شار بەسراوە و ڕێگەی هاتوچۆ گیراوە و هەرچی شتی بازرگانی هەبوو هەمووی تالان کرا و حکومەتی بەرامبەر بەو هەڵوێستە هیچی پێ نەکرا. ئەمشەو دووبارە هێرشێکی تر کرایە سەر شار و هێڵی تەلگراف دووبارە پچرێنرا و ئەگەر بار و هەڵوێست هەر بەم جۆرە بمێنێتەوە چەند ڕۆژێکی تر وای لێ دێ کە خەڵک ناچار بن گۆشتی مردوو بخۆن."

نووسەر لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ:

مجد السلطنه و هێزی عوسمانی:

لە ورمیە (مجد السلطنه) کە بە یەکێکی ناسراوی ئەوێ ناو ئەبرا، بە ئاگاداربوونی ئەنجومەنی تەوریز هێزێکی ڕێکخست و هەموو شتێکی ئامادە و سازکرد و لەوەدا ناوی عوسمانی نەهێنرا تەنها هەر باسی هێرشهێنانی کوردەکان دەکرا.

مجد السلطنه بە سوپایەک کە ئاراستەی شاری کردبوو، لە دەرەوەی شار چادری هەڵدا و ماوەیەک یاخیبووەکان (بە غارتگەر ناوی هێناون) کشانە دواوە و ئەختێک ئاسایش بەرپا بوو، بەلام ڕۆژی نۆهەمی مرداد لەناکاو هێزی عوسمانی لە بەرزاییەکانی دەوروبەری شارەوە دەرکەوتن.

مجد السطنه هەتا ماوەیەک باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئەیانوت ئەوانە هێزی عوسمانین و لای ئەو وابوو ئەوانە هەر بریتین لەو کوردانەی کە ئەیانەوێ دووبارە هێرش بهێننە سەری، بەلام ساتێک گرمەی تۆپ بیسترا و گوللەکانی دایان لە سەنگەرەکان، ئیتر دەرکەوت کە ئەوە کاری عوسمانی بوو چونکە کورد شتی وای پێ نەدەکرا.

لەبەرئەوەی مجد السلطنه نەی ئەویست شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکاندا بکا، لەبەرئەوە نامەیەکی نارد بۆ عوسمانییەکان و ئاگاداری کردبوون کە ئەو نایەوێ شەڕ لەگەڵ عوسمانیدا بکا و هەموو وەرامەکەی عوسمانی بەرامبەر بەو نامەیە ئەوە بوو کە داوایان کردبوو ئەبێ هێزەکەی ئێمە لە ماوەی دوو سەعاتدا بکشێتە دواوە.

لەو شەڕەدا کە ڕوویدا ژمارەیەکی زۆر کوژراو هەبوو و هێزەکەی عوسمانی چەکێکی زۆری لە هێزەکەی مجد السلطنه دەست کەوت کە کوردەکان لەو شەڕەدا پێشڕەوی پەلاماردانەکە بوون بە سەرکردایەتی سمکۆ (اسماعیل ئاغا سیمتقو) کە لە ڕقی ئەوەی جەعفەر ئاغای برای لە کاتی خۆیدا کوژرا بوو ئەو شەڕەی ئەکرد کە

ژمارەیەکی زۆر لە شەرکەرەکانی کورد لە کوردەکان تورکیا بوون.

تەلگرافی ئەنجومەنی ورمیە لە یەکێک لەو تەلگرافانەی کە چەند ڕۆژێک دوای شکستی مجد السلطنە لێ درابوو وە ناردبووی بۆ ئەنجومەنی تەورێز وتبووی: "هەموو ناوشار و دیهات هەمووی شێواوە و بڕ لە ئاشووبە و ئێستە نزیکەی (٣٥٠) موسوڵمان کوژراون و لەشی برادەرانمان کە لە لە دەرەوەی شار کوژراون لەتواندا نییە کفن بکرێن و بنێژرێن. ئیمشەو بە هیچ جۆرێک چاوم نەچۆتە خەو و خەڵکی شار هەموویان پەرێشانن و هیچ کەسێک بەتەمای گیانی خۆی نییە.

ئەنجومەنی تەورێز و ورمیە ئەو هەڵوێستەیان بۆ مەجلیسی شورا ڕوون کردبووەوە و منیش بەرامبەر بەو تاوانانەی کە عوسمانییەکان کردبوویان پێشنیازم کرد کە ئێمەش ڕێگە نەدەین زائرەکان بچن بۆ عێراق (مەبەستی بۆ کەربەلا و نەجەف بووە.)

بەپێی ئەو ئاگادارییەی کە لەورمیەوە نێررا بوو بۆ تاران، نزیکی چوار هەزار سەرباز بە (١٢) عرادە تۆپ لەناکاو و لە ماوەی شەش فەرسەخەوە پەلاماری شاری ورمیەیان دا وە لەدوای شکانی هێزی دەوڵەتی لە (سەرقلعە) کە لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە پارێزکاریی لێ دەکرا ئەویش گیرا و شەست کەسیش لەوان بە دیل گیران.

اقای بهبهانی وتویەتی کە تەلگرافێکی تایبەتی نێرراوە بۆ سوڵتانی عوسمانی لەو ڕووەوە.

ڕۆژی شازدەهەمی مرداد جارێکی تر تەلگرافێکی تری پڕ لە نیگەرانی بۆ ورمیە گەیشت. ڕۆژی بیست و نۆهەمی هەمان مانگ دووبارە تەلگرافێک هات کە وتبووی کوشتوبڕ و تاڵانی لەلایەن عەشایرەوە خراپ پەرەی سەندووە و دەستدرێژکراوەتە سەر ژنان و کچان و هەندێ جار ناچار بوون پەنایان بردۆتە بەر ئاڵای دەزگاکانی بێگانە لەناو شاردا وە لەو ناوەدا خۆیان حەشارداوە.

لەپاش گفتوگۆی نێوان (دار الشوری) کار گەیشتە ئەوەی کە پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەوە بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەش بە هیچ نەگەیشت و سوودی نەبوو. ئیتر کاربەدەستان چاریان نەما و بیریان لە ڕێکخستنی پیلانێک کردەوە بۆ کوشتنی سیمتقو (لەبەر ئەوەی باسی ئەو تەقەلای کوشتنەمان لە سەرچاوەکانی تردا کردووە بۆیە بە پێویستم نەزانی ئەوەی ئەمیش دووبارە بکەمەوە.)

نووسـەر لە لاپەڕە (١٥٨)دا ئەڵێ: لەدوای ئـەوە ئەو تەقـەلایەی کـە بۆ کـوشـتنی سمکۆ درا بە ناردنی نارنجۆک سەری نەگرت، ئیتر سمکۆ بەئاشکرا بۆ بیانوویەک ئەگەڕا کە تۆڵەی خـۆی بکاتەوە. کـە سـاتێک سوپاسـالار (ضـیـاءالدولە) نێـررا بۆ حوکمدارێتی ورمیە، خـۆی و دووسـەد نەفەری خـەڵکی (مـەراغـە) بە تۆپێکەوە چوونە ئەو شوێنانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە زیانی پێ گـەیەنرا بوو. تا ئەهات یەک لەدوای یەک ئاژاوە لەناو گـوندەکـاندا پەرەی ئـەسـەند کـە هـۆی ئـەمـەش بریتی بوو لـەمـەی خوارەوە:

دوکتۆر (پاکارد)ی ئەمریکایـی کە ماوەیەک بوو هاتبـووە ورمیە و لە مـەڵبەندی ئەمریکاییەکاندا کاری دەکرد و لەوێ ژمارەیەک لە کریستیانەکان پەنایان بردبووە بەر ئەو مەڵبەندە و لەوێ پارێزرابوون.

موسوڵمانەکان بە هیچ جۆرێک دەستدرێژییان نەدەکردە سەر ئەو کریستیانانە و سەرداری فاتح هەمیشە دڵنەوایی دەکردن کەچی بەرامبەر ئەو هەموو دڵنەواییەی کە بەرامبەر بەوانە دەکرا دوکتۆر پاکارد کە هەر لەکۆنەوە دۆستی سەرکردەکان کورد بوو، بە هەمـوو جـۆرێک بە پارە و پوول یارمـەتیی کوردەکانی ئەدا و، بەرامـبـەر بە کورد ئەمریکاییەکـان خۆیان بە دۆستی کورد ئەزانی و شیـعەکانیـان بە دوژمنی خۆیان ئەژمارد.

ئەو پێوەندی و هاتوچۆکردنە گەرمەی دوکتۆر و سەرکردەکانی کورد و دانی پوول و پارە پێیـان هەمووی وای ئەگەیاند کە کـوردەکان و کریستیانەکان پێکەوە دژی (شیعە) هاوکاری بکەن و لەوە ئەچوو کە ئەنجام بەرەو ڕوودانی شەڕێکی خوێنین بچێت. (ئەمە لەگەڵ قسەی پێشویدا یەک ناگرێتـەوە، کە وتبووی ئەرمەنییەکان پارێزگـاری (سرقلعە)یان دەکرد.) بەڵام بە گـەیشتنی ضیـاءالدولە بە خـۆی و ئەو دووسـەد کەسـە و ئەو تۆپەی کە هێنابووی بۆ ورمیە وایکرد کە خـەڵک تۆزێک ئاهی پیا بێتەوە و دڵخۆشی کردن و هیوایەکی تازەی پێ بەخشین.

ضیاءالدولە مرۆڤێکی لێهاتوو و کارامە بوو. سمکۆ ویستی ضیاءالدولە دەستگیر بکات و هەمووی پێنج ڕۆژ بەسەر گەیشتنی ضیاءالدولەدا تێپەڕی نەکردبوو کە (٦٠) چەکداری کورد سەرلەبەیانی ئابلوقەی مـاڵی ضیاءالدولەیان دا و سـەنگەریان لێ دا و دەستیان کرد بە دەستدرێژی کردن.

بەرامبەر بەوە، حکومەتیش چەکدارەکانی خۆی کۆکردەوە و دەستیان کرد بە

پارێزگاریکردن و، خەڵکی ورمیە کە هەڵوێستی وایان لە حاکمی پێشوودا نەبینیبوو، بەوەی ضیاءالدولە سەرگەرم بوون و ئەوانەی کە چەکیان هەبوو هەموو بوون بە هاوکاری ضیاءالدولە و ئەو چەکدارانە کوردیان لە سەنگەرەکانیان دەرپەڕاند و لەدوای ئەوەی زیانێکی زۆریان لێ کەوت، ناچاربوون شاری ورمیە بەجێ بهێڵن.

لە ٢٧ی شعبانی ١٣٣٧دا (هجری)، ساتێک دانیشتوانی ورمیە ئەو هەڵوێستەی دوکتۆر پاکاردیان بۆ ئاشکرا بوو کە هۆی نانەوەی ئاژاوە بوو (کە لە ورمیە بە دوکترۆ پاکارد ئەوترا: صاحب حکیم.) وە داخی ئەوەشیان لەدڵدا بوو کە پارە و پوولی ئەدا بە کوردەکان، بۆیە هەر کە توانرا کوردەکان لە شار دەر بکەن، ئیتر تاقمێک چەکدار بەبێ ئاگاداری حکومەت چوونە سەر ئەو خانووەی کە (پاکارد)ی لێ بوو، ئەو هێرشبەرانە لە سنووری ڕەوشت لایان دا و پەلاماری ئەو ژن و پیاوانەیان دا کە لە ژوورەکانی ئەو خانووەدا حەوێنرابوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و دوکتۆر و چەند کەسێک بەپەلەپرووسکێ خۆیان دەربازی کرد و پەنایان بردە بەر حکومەت (کە ئەمەی سراون احمد کاویان پوور وتویەتی دوکتۆر پاکارد پارە و پوولی ئەدا بە کوردەکان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ کتێبەکەی تمدن دا یەک ناگرێتەوە کە لە کتێبەکەی کورد و عەجەم دا باسکرا کە تمدن وتبووی کۆمیسیونی ورمیە پارەی نەبوو لەبەرئەوە داوایان لە مستر پاکارد کردبوو کە پارەیان بداتێ و ئەویش سێ هەزار تمەنی دابوونێ بۆ کڕینی فیشەک و بارود و مووچەی تفەنگچییەکان، بەڵام ئەمەی سروان احمد کاویان پوور لەگەڵ ئەوەی احمد کسرویدا یەک دەگرێتەوە کە وتویەتی خەڵکی ورمیە ئەوەی کوردەکانیان بە هاندانی پاکارد زانیبوو.)

نووسەری تاریخ رضائیە لە باسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ساتێک ضیاءالدولە ئەو هەواڵەی بیستەوە کە پەلاماری ماڵی دوکتۆر پاکارد درابوو دەسبەجێ سەربازی نارد و ئەو هێرشبەرانەی دەرکرد و کریستیانەکان بە ژن و منداڵەوە و بە بریندارەکانیشیانەوە گوێزرانەوە بۆ شوێنێک کە لەژێر چاودێریی حکومەتدا بن و بە هۆی دوکتۆرەوە ئەو بریندارانە تیمارکران و ئەوانی تر خواردنیان لەسەر حسابی حکومەتی بۆ تەرخان کرا کە لەئەنجامدا دەرکەوت ژمارەی کوژراوەکانی ئەو ڕووداوە گەیشتبووە شەست کەس.

بەو جۆرە دەست گیرا بەسەر هەڵوێستدا و مایەوە سەر ئەوەی کە ضیاءالدولە

ئەبووایە چی بکردایە بۆ ئەوەی شارەکە لە هێرشی کورد بپارێزێت.

بۆ ئەو مەبەستە دەمودەست کومیسیونێکی جەنگیی لە دانیشتوانی شارەکە دروست کرا و ژمارەیەک چەکدار ئامادەکرا و شوێنە سەرەکییەکانی سەرەڕێگاکان تفەنگچی لێ دانرا و کومیسونەکە زۆر چالاکانە دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی و لەو کاتەدا کە هەواڵی شکاندنی کوردەکانِ گەیشت بە ئیسماعیل ئاغا دەسبەجێ تاقمێک سواری لە ئێلی شوکاک بەسەرکردایەتی طاهر بەگ نارد بۆ پەندەری (گوڵمانخانە) کە ئەوەکو دەوڵەت لە تەورێزەوە بە ڕێگای گۆلی ورمیەدا پارمەتی بنێرێت بۆ ضیاءالدوله.

تاقمەکەی سمکۆ گەیشتنە (گوڵمانخانە) و هەر شتێک کە لە ناو عەمارەکانی ئەوێدا هەبوو هەموویان گواستەوە بۆ چهریق (چاری)، بێجگە لەوە تاقمێکی تری کورد روویان کردە شار (مەبەستی ورمیە بووە.) بۆ ئابڵوقەکانی دانی شارەکە و هەندێکیان پەلاماری گوندەکانیان دا و دانیشتووەکانیان ناچار بوون کە چەند دێیەک لەناو خۆیاندا یەک بگرن و بە هەموویان پارێزکاری لە خۆیان بکەن.

بە کورتی کوردەکان ئابڵوقەی ورمیەیان دا و هەوڵیان دا بچنە ناو شارەوە و خەڵک هێشتا ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی کریستیانەکانی لە بیر نەچووبووەوە وا ئەمەی تازەشی بەسەردا هات.

نووسەر ئەڵێ: ضیاءالدوله دووبارە لێرەشدا توانایی و جوامێری خۆی ئاشکرا کرد و بە هاوکاریی دانیشتوان توانی ڕێگە نەدا بە کوردەکان و خەڵک لەگەڵ ئەو هەموو برسێتی و نەبوونی و دەستکورییەدا خۆیان گرت و ئەو تۆپەی کە هەبوو لە سەنگەردا دامەزرێنرا و لەو شەڕەدا کە لە مانگی رەمەزانی ١٣٣٧هجری قمریدا ڕوویدا، شەو ئەو خەڵکە هەتا بەیانی چاویان نەدەچووە خەو و بەو چەکانەی کە هەیان بوو توانییان شارەکە بپارێزن و لاوەکان چەند سروودێکیان دەست پێ کرد (هەندێ لەو سروودانە بە ئازەری لە لاپەڕە ١٦١ی کتێبەکەدا هەیە.)

بەو جۆرە شاری ورمیە لەلایەن دلاوەرانەوە پارێزرا و هەتاکو ڕۆژی جەژن هەرچی لەتوانادا بوو کردیان.

ئەم شەڕە نزیکەی چل ڕۆژی خایان هەتا ناوەڕاستی مانگی تیرماهدا کە تاقمێک لە لەشکری هندی بە پێشڕەوێتی کونسوڵی ئینگلیزی هاتنە شارەوە و لەئەنجامی ئەوەدا کوردەکان وازیان لە شەڕ هێنا و کشانەوە بۆ چهریق (چاری) (سەیر ئەوەیە

نووسـەر لەمـەدا نەیوتوە کـە ئەو ئینگلیـزانە بوون بە هۆی ئەوەی کـە لە هێـرشی کوردەکان ڕزگاریان ببێت.)

پاش ئەوە سردار فاتح ممتاز لەگەڵ کونسوڵی ئینگلیزدا مقداریکی زۆر پارە و شمشێرێک کە بە مجەوهەرات ڕازێنرابووەوە لەگەڵ بڕیارێک مۆرکرا و کە بەپێی ئەو بڕیارە مەنسەبی (پلەوپایەی) سرداری نصرت درا بە ئیسماعیل ئاغا و چووەوە چهریق (ڕۆژنامەکانی خوارووی کوردستان وەکو بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان کە لە سەردەمی حوکمدارێتی شێخ مەحموددا دەردەچوو هەندێ جار ناوی سمکۆیان بە سرداری نصرتیش ناو بردووە.)

نووسەر ئەڵێ: بەو جۆرە، بەداخەوە و بەوپەڕی سەرشۆڕییەوە بەرامبەر یەک نەفەر کە هەتا ئێستە هەزاران برادەرانی ئێمەی خستۆتە خاک و خوێنەوە و دیهاتی وڵاتی وێران کـردووە، بەو هەمـوو دیارییـەوە و بەو پایە بەرزەوە کـە پێی درابوو جگە لە معاشی مانگانە کە بڕیار بوو بۆی تەرخان بکرێت بۆ خۆی و بۆ پیاوەکانی، ئەمانە هەمووی هەرەشەی ئەوەیان ئەکرد کە لەدوارۆژدا مەترسییەکی گەورەی لێوە پەیدا ببێت و وای لێ بێ کـە ئەوەندەی تر پیـاوەکـانی دەسـتـدرێژی بکەن و وای لێ بێ ئاسایشی ناوچەکە بە ئیسماعیل ئاغا بسپێررێ و ئیسماعیل ئاغا بە مەرجێک ئەو دیارییانەی قبوڵ کرد کە (سرداری فاتح) خۆی نوێنەری حکومەتی بێت لە ورمیە و سەڵماس و ضیاءالدولە کە بە ئازایەتی شاری ورمیە پاراستبوو لە ورمیە لاببرێت و بنێررێتەوە بۆ تەورێز.

سرداری فاتح لەگەڵ کونسڵی ئینگلیزدا و پەنجا نەفەر سەربازی ئینگلیزەکان کە ئەفغانی بوون و سەد سواری قراجەداغی لە ڕێگەی شرەفخانە و دەریاچەی ورمیەوە ڕوویان کردە ورمیە کەشتیی ئەدمیرال کە سرداری فاتحی تیا سوار بووبوو لەگەڵ کۆنسولی ئینگلیز و ئەفسەرێکی ئینگلیزدا وە کەشتییەکی تر کـە هێزەکانی ئەفغانی تیـادا بوو لەگـەڵ ژمـارەیەک بازرگـان و مـوهاجـرینی ورمـیـە گـەیشـتنە بەندەری (گوڵمانخانە).

طابور ئاغـاسی کـە لە لایەن ئیـسـمـاعـیل ئاغـاوە پـارێزگـاریی بەندەرەکـەی پێ سپێررابوو چوو بە پیری سرداری فاتحەوە و ئیسماعیل ئاغا خۆشی لە گوندێک کە شەش کیلۆمەتر لە گوڵمـانخانەوە دوور بوو چاوەڕوانی گـەیشتنی ئەو مـیوانانەی دەکرد و لە هەمـان گوندا چاویان بە ئیـسـمـاعیل ئاغا کـەوت و پاش (٤٨) سـەعات

چوونە ورمیە.

خەڵکی ورمیە کە زۆر لە ضیاءالدولە ڕازی بوون، بەوە قایل نەبوون کە یەکێکی تر لەجیاتی ئەو دابنرێت، بەڵام لەژێر هەڕەشەی ئینگلیز و دەسەڵاتی سمکۆدا وردە وردە ناچار بوون کە سوارە و تۆپخانەکانی خۆیان بکێشنەوە بۆ تەورێز. هەرچەند خەڵک تا ماوەیەک بەرگرییان لە خۆیان کرد و شارەکەیان نەدا بەدەستەوە بەڵام هەندێ ڕووداو هاتە پێشەوە کە ئیسماعیل ئاغا بوو بە دەسەڵاتدار و پیاوی خۆی ناردە سەر گوندەکانی دەورپشت کە لەناو ئەوانەدا طابورئاغاسی سلام بەگ لە ڕۆژهەڵاتدا و (ملا بودی) لەگەڵ چەند سوارێکدا لە شیمال نێرران کە خەڵک زۆر نابەدڵ بوون بەرامبەریان.

لەئەنجامی ئەم هەڵوێستەدا ئازادیخواهانی تەورێز ئەو دەستدرێژییانەی کە لە لایەن پیاوەکانی سمکۆوە ئەکران هەموویان گەیاند بە حکومەت و داوایان لە حکومەت کرد کە هێزێکی خۆی بنێرێت بۆ ورمیە و حکومەت ناچار بوو کە (اسد اقاخان) کە بە (فشنگچی) بەناوبانگ بوو هەڵبژێرێت و ئەو کارەی پێ بسپێرێت بۆ ئەوەی دووبارە ئارام و ئاسایش لە ورمیەدا بەرپا بکرێت.

اسد اقاخان دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروبار لەگەڵ ئەفسەرە لاوەکاندا و ژمارەیەک لە چەکدارانی ورمیەی بە کرێ گرت و دەستی کرد بەوەی کە خۆی کاروباری ورمیە بگرێتە دەست و پیاوەکانی ئیسماعیل ئاغا کە فێری ڕاوڕووت و دەستدرێژیکردن بووبوون بەبێ دەنگ دانیشتن و لەئەنجامی ئەمەدا لێکدان و پێکاهەڵچوون لەنێوانی کورد و جەندرمە و ئەهالیدا ڕوویدا و بوو بە هۆی کوشتنی چەند کەسێک.

ئەوانەی کە کاربەدەستی سمکۆ بوون لە دیهاتی دەوروبەری ورمیەدا بەئاشکرا داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەبێ سرداری فاتح خۆشی شاری ورمیە بەجێ بهێڵێت و ئەگەر ئەوە نەکرێ هەمیشە پەلامار ئەدەنە سەری.

سردای فاتح لەسەرەتادا شاری ورمیەی بەجێهێشت و لەجێی خۆی (علی اکبر خان) کە بە (کونسول) بەناوبانگ بوو داینا و کاروباری ورمیەی پێ سپارد.

لەو کاتەدا کە ڕێگەی هاتوچۆکردن لەنێوانی تەورێز و ورمیەدا تەنها هەر لە ڕێگەی دەریاچەوە بوو وە دەوروبەری شار هەتا چەند کیلۆمەترێک لەژێر دەسەڵاتی کورددا بوو، علی اکبر خانی کونسول بڕیاری دا کە بۆ ئەوەی ڕێگەی تەورێز و ورمیە

نەگیرێ وە هەمیشە ڕێگەی هاتوچۆکردن مسۆگەر ببێت، لە هەر سێ کیلۆمەترێکی ڕێگاکەدا بنەکەیەکی لە چەکداران دانا کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ئیتر ڕێگەی هاتوچۆ نەبەسترێ و سوودێکی زۆری هەبوو، وە پیاوەکانی سمکۆ چونکە تەنها تفەنگهەڵگر بوون بۆیە ئەو دەسەڵاتەیان نەبوو کە بتوانن زیان بە ساختمانەکانی سەرەڕێگاکە بگەیەنن، بەڵام کار بەوەوە نەوەستا چونکە عوسمانییەکان پەنجا سەربازی خۆیان و چوار عرادە تۆپ و چەند مەتەرەلۆزێکیان خستە ژێر دەستی ئیسماعیل ئاغا کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیسماعیل ئاغا بیر لەوە بکاتەوە کە پەلاماری شاری ورمیە بدات.

لەپێشدا ئیسماعیل ئاغا ڕایسپارد کە (ئەرشەد الممالک اغازادە) لەگەڵ چەند سوارێکدا پەلاماری شار بدەن و حاکمی شار علی اکبرخان خۆی پێ نەگیرا و ڕایکرد و شاری بەجێهێشت و ئەرشەد الممالک کاروباری شارەکەی گرتە دەست خۆی.

## شەڕی گوڵمانخانە

اسد اقاخان هەڵوێستی زۆر بە خراپ هاتە بەر چاو، لەبەرئەوە بەپەلە هێزەکەی خۆی گواستەوە بۆ گوڵمانخانە بۆ ئەوەی لەوێوە چاوەڕوانی گەیشتنی یارمەتی و تۆپخانە بکات بۆ ڕزگارکردنی شارەکە و لەتەورێزەوە بەڵێنی ناردنی یارمەتی ناردنیان پێدا و ئەویش بە هیوای ئەوە چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو یارمەتییەی دەکرد.

لەبەرئەوە اسد اقاخان لە ڕێگای بورجەکانەوە هەمیشە پێوەندیی بە شارەوە مابوو وە ئاگاداری هەڵوێست بوو، شەوێک لەناکاو خۆی و هێزەکەی خۆیان کرد بەناو شاردا و بڕیاریدا کە ئەرشەد المالکی نوێنەری سمکۆ دەسبەست بکا و دووبارە خۆی کاروباری شارەکە بگرێتەوە دەست، بەڵام ئەوەی بۆ نەچووە سەر کە بتوانێت ئەرشد المالک بگرێت، چونکە ئەرشەد المالک لەکاتی ئەو هێرشبردنەدا لە خانووی حکومەتدا نەبوو، بەڵکو تەنها توانای ئەوەی هەبوو کە هەرچی ئەموالی حکوەمتی هەبوو لەگەڵ چەند سەرکردە و کاربەدەستێکی حکومەتدا کە لەناو شاردا بوون بیانگوێزێتەوە بۆ گولخانە.

لەتەورێزەوە هەواڵ گەیشت کە بەم زووانە هێزێکی تەواوی حکومەت دەگاتە

گولخانە و داوایان لە اسد اقاخان کردبوو کە پێوەندیی خۆی لەگەڵ ناوشاردا نەپچڕێنێت و بەردەوام بێت لەگەڵیاندا.



وێنەی یەکێک لەو بورجانەی کە اسد اقاخان لە ڕێگەی گولخانە دروستی کردبوو، هەروەکو (علی دهقان) لە لاپەڕە (٥٦٧)ی کتێبەکەیدا وێنەی گرتووە و باسیکردووە.

## شکاندنی ژاندرمە:

سروان احمد کاویان پوور لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: اسد اقاخان بایەخێکی ئێجگار زۆری بەوە دابوو کە بە هەموو جۆرێک بتوانرێت هاتوچۆی ڕێگەکە بپارێزرێت، بەڵام لەناکاو عومەرخانی شوکاک بە خۆی و ئەو تۆپانەی کە نێررابوون بۆ سمکۆ دەستی کرد بە هەڵکەندنی بنکە و گەیشتە ناو شار و لەپێشدا پارێزەرانی بورجەکانی حکومەتی بەرگریان کرد، بەڵام بەبێ بوونی پشتیوانێک لەو کاتەدا بەرگریکردن بەتەنها شتێکی ئاسان نەبوو، لەبەرئەوە یەک لەدوای یەک ئەو بورجانە تێک دران و پارێزگاریکەرەکان ناچار بوون خۆیان بگەیەننە گوڵمانخانە و

بکشێنه دواوه و له ماوەی سێ ڕۆژدا هێزەکەی عومەر خان خۆیان گەیانده گوڵمانخانه که له ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا اسد اقاخان بەبێ وچان داوای له تەورێز ئەکرد که فریای بکەون و یارمەتیی بۆ بنێرن و ئیسماعیل ئاغاش هەستی بەوه کردبوو بۆیه بەپەله داوای له عومەر خان کرد به زووترین کات هێزەکەی اسد اقاخان لەناو ببات و له گوڵمانخانه دەری بکات و خۆی دەستی بەسەردا بگرێت.

لەئەنجامی ئەوەدا لێکدان و پێکاهەڵچوونی هەردوولا بەرامبەر به یەک دەستی پێ کرد و لەو کاتەدا کەشتییەک که هێزی یارمەتیدانی پیادا نێررابوو دەرکەوت و کوردەکان چەند گولەتۆپێکیان تێ گرت و ئەوانەی ناو کەشتییەکه بەبێ ئەوەی له هەڵوێستی کەناری دەریاچەکه ئاگادار بن، تاقمێک له دلاوەرانی ئازایان له ترسناکترین شوێنی دابەزین و بەرەو شەرەفخانه ڕۆیشتن، بەڵام بۆ بەدبەختی، بەفرێکی زۆر قورس باریبوو که هەتا ئەو ڕۆژه بەفری وا به هیچ جۆرێک لەو شوێنەدا نەباریوه (وەکو پێشتر باسمانکرد، مەلیک زاده لەکتێبەکەیدا، سرگزشت حیرت انگلیز، وتبووی ئەو بەفرەی که باریبوو نزیکی نیومەتر دەبوو.) لەبەر ئەوەی که توانای بەرگریکردن نەمابوو اسد اقاخان ناچار بوو له ڕێگەی کەناری دەریاچەوه بەرەو تەورێز ڕۆیشت و گیانی خۆی و ژمارەیەکی تریشی ڕزگار کرد که بەو جۆره شاری ورمیه بەتەواوی کەوته دەست کوردەکانەوه پاش ئەوەی لەو شەڕەدا ژمارەیەک له هێزەکەی اسد اقاخان کوژران و هەندێکیان به دیل گیران و بریندارەکان له ڕێگاکانی ئەو ناو بەفرەدا لەناوچوون و ژمارەیەکی کەمیان توانییان لەگەڵ اسد اقاخاندا بگەنه تەورێز و بەسەرهات و کارەساتەکه هەمووی به حکومەتی گەیەنرا.

دوای ئەوەی شاری ورمیه کەوته ژێر دەسەڵاتی کوردەکانەوه، ئیتر ئەرشەد الممالک که نوێنەری ئیسماعیل ئاغا بوو دەستی کرد به پاره کۆکردنەوه و سەرانەسەندن به ناوی یارمەتیدانی میوانەکانی کوردەوه که زۆر کەس بەرامبەر بەوه دەستیان کرد به شکاتکردن لای سمکۆ و بێزاریی خۆیان دەربڕی و سمکۆش ڕایسپارکه به ناو شاردا جاڕ بدرێت که ئەگەر هەر کەسێک گلەیی و شکاتی هەیه بچێته لای عومەر خان له قەلعەی قیصر خانم (که شوێنی ئاغای حسین خانی ئەفشاری بووه.) بۆ ئەوەی عومەر خان لەو شکاتانه بپرسێتەوه و لێیان بکۆڵێتەوه.

ساتێک ئەو خەڵکەی چوونه لای عومەرخان، که هەندێکیان به زۆر نێررابوون بۆ شکاتکردن عومەرخان کۆی کردنەوه و پێی وتن: "بەپێی بڕیاری سیمتقو پێویسته

دانیشتوانی ورمیە چل هەزار تفەنگ بۆ کورد ئامادە بکەن و لە کۆتایی قسەکەیدا بە کوردی بە چەکدارە کوردەکانی خۆی وت کە ئەبێ ئاگاداری خەڵک بن و پێی وتن کورم لێدەن (پسرم بزن)، بەو جۆرە ئەو خەڵکەی بە هیوای ئەوە چووبوون کە لە داخوازی و شکاتەکەیان بپرسێتەوە، لەژێر لوولەی تفەنگی کورددا تووشی گەلێک سزادان و ئەشکەنجە بوون و ئەوانەی کە چووبوون بۆ لای عومەر ئاغا پێیان سپێررا کە هەر پێنج کەسێک لەوانە پێویستە پێنج چەکداری کورد بە میوانداری ببنە ماڵی خۆیان و، ساتێک ئەو چەکدارانە چوونە ماڵەکانەوە هەموویان بەستنەوە و هەرچی پارە و پوولیان هەبوو لێیان سەندن و بەو جۆرە خەڵکی ڕەزائیە تووشی ئەو هەموو دەردیسەری و سەرگەردانییە بوون.

پاش ئەوە ئیتر شارەکە سپێررا بە یەکێک کە ناوی (تیمور اغا بوو) کە خەڵی (کۆنەشار) بوو و عومەر خان خۆی شاری ڕەزائیەی بەجێ هێشت. (لەڕاستیدا خوێنەری بەڕێز وردە وردە هەندێ لە درۆکانی ئەو نووسەرەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە گوایا عومەرخان داوای چل هەزار تفەنگی لە خەڵکی ورمیە کردبێت، جارێ: ورمیە خۆی چل هەزار خێزانی لەو ڕۆژانەدا تیادا نەبوو کە بتوانێت ئەو چل هەزار تفەنگە ئامادە بکات. دووهەم: سمکۆ خۆی چل هەزاری نەبووە هەتا ئەو چل هەزار تفەنگەیان بەسەردا دابەش بکات. سێهەم: ئەوەی ئەو باسی کردووە کە میوانەکان دەست و پێی خانەخوێکانی خۆیان بەستۆتەوە و ڕاورووتیان کردووە و تاڵانی ماڵەکانیان کردووە شتێکە لە عەقڵ بەدوورە و تەنها هەر ئەو نووسەرە بەو قینە زۆرەوە دژی کورد پروپاگاندەی کردووە، کە بەداخەوە بەرهەمی نووسەری وا هەیە کە نووسەرانی بێگانە کردویانە بە سەرچاوە و هەندێکیشیان بڕواشیان پێ کردون.)

نووسەری کتێبەکە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: پاش ئەوەی اسد اقاخان خۆی گەیاندە تەورێز، ژمارەی (٨٠٠) ژاندرمە و قوزاق بە فرماندەی میجەر مەلیک زادە (ئەوەی کتێبەکەیمان باسکرد بە ناوی سرگزشت حیرت انگیز و لە شەڕی مەهابادا بە دیل گیرا و لە شوێنی خۆیدا باسی بەدیلگرتنی کرا.) کە لە بنەماڵەیەکی بەڕێزە و ناسراوە وە بە هاوکاریی اسد اقاخان لە ڕێگەی میاندواو و سابلاغەوە روویان کردە ورمیە و لە سابلاخ بارگەیان خست و پێشڕەویان بەرەو ورمیە ڕۆیشت، بەڵام ئیسماعیل ئاغا پێشدەستی کرد و لەناکاو خۆی گەیاندە سابلاخ و لەو کاتەدا هێزی دەوڵەت ئاگاداری ئەوەی ئیسماعیل ئاغا نەبوو، پاش ماوەیەک هەردوولا ڕووبەڕووی

یەکتر بوونەوە و هەردوو هێزەکەی دەوڵەت ئابلۆقەدرا و لەپاش کوشتنی اسد اقاخان لەو شەڕەدا ئەوانی تر هەموو بە دیل گیران و ئیسماعیل ئاغا ئەمری کرد هەموو گیراوەکان بە گوللە بکوژرێن.

بەو جۆرە خەڵکی ورمیە بە جارێک سەرگەردان و ماڵوێران بوون و بەهەژاری و بێکەسی مانەوە و ڕۆژ نەبوو کوردەکان بەهانەیان پێ نەگرن و جەریمەیان نەکەن (وشەی جەریمە کە فارسەکان بەکاری ئەهێنن مانای غرامەی عەرەبیە کە مانای ئەوەیە هەر کەسێک تاوانێکی بدرایەتە پاڵ بەپێی تاوانەکەی پارەیان لێ دەسەند)، لەئەنجامی ئەوەدا لەتەورێزەوە هێزێکی ڕێکوپێک و تێروتەسەل لەژێر سەرکردایەتی (ئەمیر ئەرشەد قرەداخی) لە کەناری دەریاچەی ورمیە لە ڕێگەی (طسوج)ەوە بەرەو سەلماس ڕۆیشتن و لەوێ کوردەکان بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕێکی قورس ڕوویدا کە لەئەنجامی ئەو شەڕەدا ئەمیر ئەرشەد کوژرا و پاش ئەوەی هێزەکەی تووشی زیانێکی زۆر بوو ئەو هێزە بەرەو تەورێز گەڕایەوە.

ئەم شکاندنانەی هێزی حکومەت یەک لەدوای یەک لا لایەن هێزەکەی سمکۆی ئازا و بەجورئەت بوو بە هۆی سەرگەردانی و فەلاکەتی خەڵک و ئەمە درێژەی کێشا هەتا کودەتای مانگی اسفند (مانگی ڕەشەمێ) کە پێی وتراوە (طلوع سعادت).

نووسەر لە لاپەڕە (١٦٩)ی کتێبەکەیدا وتویەتی:

بە سەرکردایەتی سەرداری سوپا، ژمارەیەک لە هێزی سەربازیی بە سەرۆکایەتی تیمسار سرتیپ (امان الله مرزای جهانبانی) و بە یاریدەدانی تیمسار سرتیپ مظفرالدوله بڕیار درا کە سمکۆ لەناو ببرێ و هێزەکەی تارومار بکرێ.

هێزەکەی سمکۆ بەرامبەر بەو هێزە ڕێکوپێکەی حکومەت خۆی نەگرت و شکا و لەدواییشدا بەپێی نەخشەیەکی زیرەکانەی حکومەتی سمکۆ کوژرا (مەبەستی کوشتنی سمکۆ بووە لە ساڵی ١٩٣٠دا لە شنۆ.)

وەکو لەپێشتریشدا باس کرا، سمکۆ قەڵایەکی زۆر قایمی لە چهریق (چاری) بۆ خۆی و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی دروست کردبوو، وە لەوێوە بە هۆی ئەو سوارە دەستدرێژیکەرانەی کە هەیبوو هەموو شارەکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا بۆ ماوەیەک لەژێر سم و لەقەی وڵاغەکانیدا دەیانناڵاند و لە هەموو شوێنێکیدا پشێوی و ئاژاوەی بەرپا کردبوو وە دەستی بەسەردا گرتبوو.

بەپێی بڕیاری سەرکردەی لەشکر کە سرتیپ (حبیب الله خان) بوو بە ناوی

سەرکردەی هەموو هێزەکان ئازربایجانەوە، بە هێزێکی گەورە و پۆشتە و پەرداخەوە لە تەورێزەوە هەڵسان بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان. تیمسار (امان الله مرزای جهانبانی) کە لەو شوێنەدا بارەگای سوپای لێ هەڵدا بوو بەرەو ئازربایجان کەوتە ڕێ. (نووسەر لە لاپەڕە ۱٦۹دا بە تیمسار سرتیپ مرزا امان الله جهانبانی و لە لاپەڕە ۱۷۰دا بە سرهنگ روح الله جهانبانی ناوی بردووە) ئەمیر لەشکر (اسماعیل ئەمیر فضلی) کە فەرماندەی لەشکری شمالی غربی بوو لەلایەکەوە و لەولاشەوە (خالۆ قوربان) بە خۆی و چوار هەزار چریکی خۆیەوە و تاقمێکی تری هێزی سەربازیی سەرهەنگ روح الله مرزای جهانبانی (سرلشکر) کیکاوس وە سەرکردەی بنکەی ئەم هێزانە بۆ ماوەیەک کەوتنە سەر بیرکردنەوە لە چۆنێتی داگیرکردنی (چهریق) و ئەو قەڵایەی تیایدا دروست کرابوو.

سرتیپ شیبانی بە شێوەیەکی ڕەسمی خەریکی سەرکردایەتی هێزی ئازربایجان بوو کە خۆی دژی سمکۆ ئامادە ئەکرد، لەو کاتەدا سیدطەی کوڕی شێخ عبیدالله (سید طه کوڕی شێخ عبیدالله نەبوو، بەڵکو کوڕەزای بووە.)، لەناکاو بەشەو بە خۆی و (۸۰۰) سوارەوە پەلاماری هێزەکەی خالۆ قوربانی دا، خالۆ قوربان کە مرۆڤێکی ئێجگار ئازا و چاونەترس بوو وە یەکێک بوو لە کاتی خۆیدا کە لە دۆستە نزیکەکانی مرزا کوچک خان بوو (بە مرزا کوچک خانی جەنگەڵی ناسراو بووە.) وە سەرداری سوپاکەی بوو، ساتێک چووبوو بۆ (گیلان) خۆی تەسلیمی حکومەت کردبوو، ئەو خالۆ قوربانە لەو شەڕەدا بەرامبەر هێزەکەی سید طە لەبەردەمی سرهنگ کیکاوسدا گوللەیەک بەر دڵی ئەکەوێ و دەکوژرێ و چریکەکانی بە جارێک هەموویان بڵاوەیان لێ کرد. و ئەو هەموو تەقەلایەش کە سرهنگ کیکاوس و بهادر السلطنە و سرهنگ شهاب (شهاب فقید) دایان هیچی سەری نەگرت و نەیانتوانی ئەو هێزە یەکبخەنەوە بەو جۆرە هێزەکەی خالۆ قوربان لەدوای کوشتنی خۆی تارومار بوون و بڵاوەیان لێ کرد.

دوای ئەوە سرتیپ جهانبانی بە شارەزایی و وریایی و لێزانینی خۆی دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری خۆی.

نووسەری ئەو کتێبە دەربارەی (چهریق) وتویەتی:

ئەو قەڵا سەختەی کە لە چهریقدا بوو لە ڕۆژئاوای شاری سلدسدا (شاهپور) وە لە سنووری تورکیەوە چەند فرسەخێک دوور بووە، وە لە نزیکی شاری چهریق لە

کاتی خۆیدا شارێک هەبوو کە ساسانییەکان بە (شەرک) ناویان بردووە و لەدواییدا شەرک بووە بە چەرک و لەوە بووە بە چەریق کە مێژووناسە کۆنەکان بە شاری یەکێک لە پادشاکانی ئێرانیان داناوە.

لەو شوێنەدا سمکۆ قەڵا و بنکەیەکی قایم و پتەوی بۆ خۆی دروست کردبوو وە بە خەیاڵی خۆی بیری لە سەربەخۆیی و لە سەڵتەنەتێکی گەورەتر ئەکردەوە.

لەو شوێنەدا کۆشکێکی ڕازاوە بە مەرمەڕی جوان و سپی دروست کردبوو لەگەڵ باخێکی گەورەدا و بە خەیاڵی خۆی بەتەمای ئەوە بوو ئەوێ بکات بە بنکە و بناغەی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ.

سرتیپ جهانبانی پاش لێکداوەنەوەیەکی قووڵ و دوورودرێژ نەخشەی شەڕێکی کێشا بوو بۆ ڕوویەڕووبوونەوە و لێدانی سمکۆ.

## گەورەترین شەڕی نیزامی (عەسکەری):

ئەو کاتەی سرتیپ جهانبانی ئەو نەخشەیەی کێشا بوو هێشتا شارەزاییەکی تەواو بەدەستەوە نەبوو دەربارەی ژمارەی هێزەکانی سمکۆ، بەڵام توانیبووی حسابی ئەوە بکا کە بەو هێزەی بەدەستیەوە بوو دەیتوانی شتێکی وا بکا کە هەموو شارەکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا و چیا و بەرزاییەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ژمارەیەکی زۆر لەو سەربازە ڕاکردووانەی عوسمانی، کە هەندێکیان شارەزای دروستکردنی چەکی خۆماڵییش بوون، ئەوانە بە خۆیان و چەکەکانیانەوە چووبوونە پاڵ سمکۆ.

لەکاتێکدا جاران کە کورد توانیبووی هەر بە تفەنگ شەڕ بکات، لەو ڕۆژانەدا ژمارەیەک تۆپ و ڕەشاش و چەکی قورس کەوتبووە دەست سمکۆ و بە کاری ئەهێنا لەشەڕەکانیدا دژی دەوڵەت.

بەرامبەر بەوە هێزی دەوڵەت لە هەشت هەزار پیادە و هەزار سوارە و پێنج هەزار چریک و هەزار شەڕکەری تری غەیری نیزامی هەبوو کە بە هەمووی ئەیکردە پازدە هەزار شەڕکەر.

لەسەرەتادا کەشتییەکانی ناو دەریاچەی ورمیە بەپێی بڕیاری تیمسار جهانبانی پڕچەک و ئامادە کرابوو، لە ٤ی مرداد (مانگی میوەکەنان)ی ساڵی ١٣٠١ه.شمسی لە ئەنجامی هێرشی دلاوەرانەی ئەو هێزانەی (گوڵمانخانە) و (سەلماس) و

(دیلمقان-کە نیاز لە دیلمانە)، بەو هەموو هێزە تێکەڵاوە بڕیاری ئەوە درا کە لە (شەرەفخانە)وە بەرەو ژووروی دەریاچەی ورمیە ڕوو بکرێتە قەڵای چهریق کە هێزە سەرەکییەکەی سمکۆی لێ بوو. بەو جۆرە قەڵای چهریق لە لایەن هێزی دوو تاقمەوە ئابڵوقەدرا.

لە گەرمەی شەڕدا هەڵوێستی هێزەکان بەم جۆرە بوو:

١- هێزی پیادەی پەهلەوی و هێزەی پیادەی رضاپور، وە هێزێکی استکشاف و چوار ئارابەی شاخی (طوپ ارابە) لە ژێر فەرماندەی سەرتیپ (فضل الله خاز زاهدی) ڕووی کردە بەرزاییەکانی (قزل داغ) و (میشوداغ) و بەرەو قەڵای چهریق پێش کەوتن.

ب- تاقمی شمال، کە بریتی بوو لە هێزی پیادەی لەشکری ئازربایجان و تاقمێ سوارەی استکشاف و ئاتەشبارێک و چوار ئارابەی ڕوسی شاخی، ئەمانە لەژێ فەرماندەی سەرتیپ حسین مقدم (کە بوو بە سرلشکر مقدم) ئەمانە ڕوویان کرد بەرزاییەکانی (شکریازی) لە نزیک قەڵای چهریقەوە. (کە هەندێک لە نووسەرانی ئەو شەڕەیان بە شەڕی شەکریازی ناوبردووە.)

ج- شەڕکەرە غەیری نیزامییەکانیش لەژێر چاودێریی ئەفسەرە ئەرمەنییەکان پێک هاتبوو، ئەوەیان پێ سپێررا کە لە تەختاییەکانی شیمالی کەناری دەریاچە ورمیەوە بەرەو پێشەوە بڕۆن و خۆیان بگەیەننە قەڵای چهریق.

د- ئەو هێزەی کە لە دەربەندی (کاظم داش)دا بوو لەژێر سەرکردایەتی سەرهەن ابوالحسن پورزند (کە وتویەتی خوالیخۆشبوو) ئەوەی پێ سپێررا بوو کە لەگەڵ هێزی (شەرەفخانە)دا بەتەواوی بەشداری بکا و هەردووکی لە ڕۆژێکدا ئەنجا بدرێ.

دوای ئەوەی ئەو شتانە ئامادە کرا، لە ڕۆژی عاشورای ساڵی ١٣٤١ی هجرید شەڕێکی گەورەی تەواو بەرامبەر بە کورد کرا.

لە گەرمەی شەڕدا تیمسار جهانبانی ئاگادار کرا کە دوژمن ڕووی کردۆتە ئە گاردەی کە لە بەرزاییەکانی (قزل داغ)دا ڕووبەڕووی هێزەکانی کورد بووبووەوە، کوردەکان لەو شەڕەدا بەوپەڕی ئازایەتی و چاونەترسییەوە شەڕ دەکەن، توانیبوویان بەشی پیادەی ئێران بکەن بە دوو بەشەوە و دوای ئەوە هەواڵێکی تر گەیشت کە گوللە تۆپ و ڕەشاشی دوژمن بەرەو هەردوو لای گاردی پیادە ئاراستە

کراوه و ئەگەر هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە هەردوو لایان لە یەکتر ئەپچڕێت و ئەوانەی لە بەرزاییەکانی قزل داغدان ئابلوقە بدرێن هەموویان لەناو ئەبرێن. لەبەرئەوە تیمسار جهانبانی دوای گەیشتنی ئەو هەواڵانە فەرمانی دەرکرد کە ئەبێ لەنێوانی ئەو دوو بەشەی پیادە کە لە یەک پچڕێنرا بوون لەنێوانیانەوە پێشڕەوی بکرێت و ئەو هێزەی هاتبوونە نێوان هێزەکانی دەوڵەتەوە پاشەکشەیان پێ بکرێ و بشکێنرێن و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بە چڕی و خەستی دوژمن درایە بەر گوللەبارانی تۆپ و ڕەشاش.

لەبەرەبەیاندا شەڕ تەواو گەرم و سەخت بوو، کوردەکان بە ئازایەتییەکی بێهاوتا تەقەلای ئەوەیان ئەدا کە ئەو شوێنانەی بە دەستیانەوە بوو بیپارێزن و چۆڵی نەکەن و ڕێگەی ئەوە نەدەن ئەو هێزە دوو کەرت بووەی ئێمە یەک بگرنەوە.

بەڵام بە هۆی ئەو پەلاماردانە بێوچانانەی کە دەکرایە سەریان، ناچار بوون بکشێنە دواوە و خۆیان بگەیننە قەڵای چهریق و سەلماس و لەدوای دوو ڕۆژ هێزەکەی دوژمن تەنها قەڵای چهریقی بەدەستەوە مابوو کە خۆی تیا حەشار بدا و هێزەکانی دەوڵەت هەل و دەرفەتیان لەو شکاندنەی سمکۆ وەرگرت و پەلاماریان دان و ناچاریان کردن بەشکاوی قەڵاکە بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە ناو خاکی تورکیاوە.

دەربارەی کوشتنی خالۆ قوربان کە سروان احمد کاویان پوور کە وەکو باسمان کرد زۆر بەکورتی باسی کوشتنەکەی کردووە.

بەڵام لە لاپەڕە (٣٨٠)ی کتێبەکەی تمدن (تاریخ رضائیە) ڕاپۆرتێکی بە فارسی تێدا بڵاو کراوەتەوە دەربارەی کوشتنی خالۆ قوربان کە پەیامنێر (هەواڵنووس)ی ڕۆژنامەی کورد کە ئۆرگانی بزووتنەوەکەی سمکۆ بووە بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە کە لەوەدا ئەو هەواڵنێرە بە دووروودرێژی باسی چۆنێتی ئەو کوشتنەی کردووە.

مامۆستا کەریمی حسامی لە لاپەڕە (١٧)ی باسەکەیدا تەرجەمەی ئەو ڕاپۆرتەی کردووە بە کوردی کە ئێمەش وەکو چۆن تەرجەمەی کردووە پێشکەشی ئەکەین. (هەروەکو لە باسی چالاکیی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی سمکۆدا باسمانکردووە و بەڵێنی بڵاوکردنەوەیامن داوە.) ئەڵێ:

"هەواڵنووسی ئێمە (هی ڕۆژنامەی کورد) دەنووسێ:

کوژرانی خالۆ قوربان و شکانی لەشکرەکەی بۆ ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویست ڕوون دەکەمەوە.

ڕۆژی ٢٨ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٤٠ی هجری، لەکاتێکدا لەشکری کورد لەژێر فەرماندەی سید طه ئەفەندی لە دەوروپشتی گوندی (قوزلوی) هەوشار خۆی بۆ پەلاماردانی (ساینقەلا) ئامادە دەکرد، دوو سواری سەرداری موکری خەبەری دەستدرێژیی (خالۆ قوربان)یان بۆ سەر سابلاخ هێنا، لەبەرئەوە دەسبەجێ بەرەو سابلاخ گەڕانەوە (لەشکری کوردەکان).

شەی ٢٩ی ڕەمەزان، لە (بۆکان)ەوە بەیانی کەوتنە ڕێ و لە دەوروبەری گوندی (دەرمان) سەرۆکعەشیرەتەکان لەگەڵ سید طه ئەفەندی کۆڕێکیان گرت بۆ وتووێژکردن و نەخشەی پەلاماردانیان بۆ سەر خالۆ قوربانی بەم جۆرە کێشا:

جانگیر بەگ لە ئێلی هەرکی، ئەسکەندەرخان خەڵکی برادۆست، همزاغا لە ئێلی مامش. ئەمیر ئەسعەدی دیبوکری و سالار سعید لە خەتی (لاچین)ەوە بەرەو پێشەوە بچن و بڕیار درا لە بانگی شێواندا لە سێ لاوە پەلاماریان بدەن. ئەمیر العشایر و ئەمیر ئەسعەد و سالار سعید بەپێی بڕیاری گشتی لە تاریکوڕوونی بەیانی ٢٩ی ڕەمەزاندا لەشکری (خالۆ قوربان)یان لە تەپکی (داشامجید) پەلاماردا و لە دوولاوە شەڕ دەستی پێ کرد، سوارانی کورد ڕکێف کوت هەڵیان کوتایە سەر لەشکری عەجەم و بە لوولەی تفەنگ لە مەتەرێزوە دەریان هێنان. هەندێکیان بە دیل گیران و هەندێک کوژران و ئەوی دەرچوو بەرەو (ئیندرقاش) هەڵات بۆ لای خالۆ قوربان.

سوارەکانی ئەمیر العشایر (حاجی سطوه السلطنه)ی حاکمی سابلاغیان بە دیل گرت. سوارەکانی ئەمیر ئەسعەد مەتەرەلۆزێکیان وەگیرکەوت، ئەسپ و ئێستر و تفەنگێکی زۆر گیرا.

ئەمیرالعشایر و ئەمیر ئەسعەد و سالار سعید لەپاش ئەوەی لە بەدیلگرتن و کوشتن و ڕاونانی عەجەمەکانی (داشامجید) بوونەوە قۆڵێکی دیکەی لەشکری خالۆ قوربانیان لەسەر کێوی (خەزایی) پەلاماردا و ئەوانیش مەتەرێزیان بەتاڵ کرد و هەڵاتن و هێندێکیان کوژران و هێندێکیش بە دیل گیران و لەوێش ئەسپ و تفەنگێکی زۆر کەوتە دەست. کاتێک لەشکری شکستە گەیشتە ئیندرقاش لەشکری خالۆ قوربان ترسی لێ نیشت و هەموو هەڵاتن.

ئاغایانی مەنگوڕ و هەرکی و زرزا لێیان وەخۆ کەوتن و پەلاماریان دان و خالۆ قوربان و چەند ئەفسەرێک کوژران و زۆریشیان لێ بە دیل گیرا.

پیاوەکانی سید طه ئەفەندی سێ تۆپ و سوارەکانی مەنگوڕ تۆپێک و سوارەکانی

هەرکی دوو تۆپی گەورە و مەترەلۆزێک و ئەسباب و تفەنگێکی زۆریان دەست کەوت. (هێندێک دەڵێن سوارەی ئەحمەدی گولاوی ئاغای مەنگوڕ و هەندێکیش دەڵێن ئەحمەدخانی هەرکی خالۆ قوربانی کوشتووە.)

شکستی لەشکری عەجەم زۆریان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دووسەد کەسیش چوونە تەورێز.

کولونیل (نصرالله خان)ی فەرماندەی ژاندرمە لە (ساینقەلا)وە بەرەو موکری وەڕێ کەوت کە بەتەواوی لەم کارەساتە بێ ئاگا بوو. کە ئەمیر ئەسعەد ئەو خەبەرەی بیست بەپەلە خۆی گەیاندە ئەمیر ئاوای تەنیشت بۆکان و ساتێک کولونیل دەگاتە بۆکان و هەواڵی کوشتنی خالۆقوربان دەزانێت بەرەو ساینقەڵا دەگەڕێتەوە.

سوارەکانی بەگزادە و سەرداری موکری دوایان دەگەون و ئەمیر ئەسعەد و ئاغاکانی دیبوکری خۆیان دەگەیەننە یارمەتیدانی سوارەکانی بەگزادە و لە کێوی پشت گوندی (ئالبلاغ) گەمارۆی ئوردوی ژاندرمە دەدەن و زۆریان لێ دەکوژن و بە دیل دەگرن و دەستکەوتێکی زۆریشیان هەیە.

لەو پەلاماردانەدا (سوڵتان عبدالحمید خان)ی ئەفسەری ژاندرمە کوژرا و کولونیل بەشەو دێتە خوارێ و بەلارێدا هەڵدێ.

ئاغایانی بەگزادەی فەیزوڵابەگی تۆپێکی گەورەیان گرت و ناردیان بۆ (چاری-چهریق) بەڕاستی ئازایەتی و لەخۆبووردنی ئاغایانی موکری بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی نیشمانی و نەتەوایەتی جێگەی سوپاسە. هیوادارم لە ڕێگەی هەقناسیەوە ئەوەی لە ڕۆژنامە تاقانەکدا چاپ بفەرموون. (ع.ش.)

هەروەها دەربارەی کوشتنی خالۆ قوربان کە لەو ڕاپۆرتەی پێشوودا کە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کورد ناردبووی بۆ ئەو ڕۆژنامەیە، لە لاپەڕەکانی (٤٤-٤٥)ی یاداشتەکانی میرزا کەریمی بارام بەگی دا باسی کوشتنی خالۆقوربانی تیادا کردووە کە وتویەتی:(٤١) "پاش ئەوەی سمکۆ بەرەو ورمیە ڕۆیشت و حکومەتی شاری مەهاباد دامەزرا، من و هاوڕێکانم بە دەستی خاڵی چووینەوە تیسک ئاباد. سەرنجمدا حەمە حەسەن بەگ لە حەساری ماڵی خۆی لەسەر تەختی دەسکاری وەستا فەتاحی سەهۆڵان ڕاکشا بوو، لە گرمە و تەقەی ناو شاری مەهاباد پرسیاری لێ کردم، منیش چیم دیبوو بۆم گێڕایەوە.

چەند ڕۆژێک بەسەر حکومەتی نوێنەرانی سمکۆدا ڕابوورد کە لەو ماوەیەدا

نۆکەران و خزمەتکار و گزیرەکانی ئاغایانی مامش دەستیان کرد بە سەندنی ماڵیات و باج و خەراج و تاقمێکیش لە سرۆکعەشیرەت و خێڵانی کوردستان بە دەستووری سید طە ئەفەندی و سمکۆ بە ناوی ئەوەوە کە نوێنەریان بوون چوونە ناو خێڵات و هۆزەکانی گەڵباخی و تیلەکۆیی لەنێوان سەقز و سنەدا و بۆ ناو خێڵات و عەشایری هەورامان و مەریوان و جوانڕۆ و سەنجابی لە ناوچەی کرماشان و سەرحەدی عێراق، هەتاکو ئەوانیش هان بدەن دەست بکەن بە دژایەتی حکومەتی ئێران و یارمەتی شۆڕش بدەن، بەڵام ئەو نوێنەرانە هەموویان بۆ هەلپەرستی ئەو کارەیان قبوڵ کرد و تەنانەت عومەرخانی شەریفی شوکاک لەگەڵ ئەوەشدا کە خزم و کەسوکاری سمکۆ بوو لەژێرەوە خیانەتی کرد و لەگەڵ دوژمنانی سمکۆدا پەیمانی نهێنی بەستبو.

لەم گێرە و کێشەیەدا لەگەڵ ساڵی ١٣٠١هـ. شمسی هەواڵ گەیشت کە قوشونی ئێران بەسەرۆکایەتی و فەرماندەهی سەرهەنگ خالۆ قوربانی سالار ظفر بەرەو مەهاباد حرکتی کردووە.

خالۆ قوربان کوردێکی هەرسینی بوو لەگەڵ خالۆمرادی هاوڕێیدا لە شۆڕشی جەنگەلییەکان بەسەرۆکایەتی میرزا کوچک خانی جەنگەلی بەشدارییان کرد. بەڵام بە هۆی دووبەرەکی ناوخۆی ئەو شۆڕشەوە بە هۆی دەستەیەکی خۆفرۆشی ناوخۆیان شۆڕشەکە تێک چوو وە کە میرزا کوچک خان لە کوێستانەکانی (ئاستاراداو) کوژرا، خالۆقوربانی هەرسینی گەیشتە سەر تەرمی بێ گیانی و سەری ئەو سەردارەی بڕی و بردی بۆ ڕەزاخان (کە لەو کاتەدا هێشتا وەزیری جەنگ بووە و نەبووبوو بە ڕەزاشا.) ئەویش لە پاداشتی ئەو خیانەتەدا ڕوتبە و دەرەجەی سەرهەنگی و لەقەبی (سالار ظفر)ی پێدا و پاش ماوەیەک بە سەرکردایەتی پتر لە چوار هەزار سەرباز و گروبان و ئەفسەر خالۆ قوربان پێی سپێررا کە شەڕ لەگەڵ سمکۆدا بکا و بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێ هەتا سەری سمکۆش وەکو سەری میرزا کوچک بە دیاری ببات بۆ ڕەزاخان و لێهاتوویی خۆشی بسەلمێنێت.

ساتێک هەواڵی ئەو هێرشەی خالۆ قوربان گەیشت، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد لە بۆکانەوە هەواڵی نارد بۆ هەموو عەشایری دیبوکری و وردە ماڵەکانی ناوچەکە کە هەموویان خۆیان ئامادە بکەن و لە بۆکانەوە بەرەو (ئیندرقاش) بکەونە ڕێ،

لەولاشــەوە عـەشـایر و خـێـڵانی مـامش و مـەنگوڕ و پیـران و زەرزا و دیبـوکری بە دەستووری سمکۆ و سید طە بەڕێ کەوتن.

منی هـەژاریش (مـیـرزا کـەریمی بارام بەگی) لەگـەڵ ئاغـایانی (نیـسـک ئاباد) و (قادر ئاباد) بەرەو نوردوی عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی ئێلخانیزادە حەرەکەتمان کـرد کـە هاوکـات بـوو لەگـەڵ هەوەڵ ڕۆژی مـانگی گـوڵانی سـاڵی ١٣٠١ی هـجـری شمسی، بەڵام ساتێک ئێمە گەیشتین بیستمان خالۆ قوربان کوژرابوو، لەو شەڕەدا و سوپای چوار هەزار کەسیی ئێران تارومار بوون و کوشتنی خالۆ قوربان ڕێکەوتی ١٣٠١/٢/٢ بوو لە ئیندرقاشی هەشت کیلۆمەتری مەهاباد ڕوویدا. ئەگـەرچی لەو شـەڕەدا هێزەکانی سـید طە ئەفەندی لە هەشت سـەد سوارەی کـورد زیاتر نەبوون بەرامبەر بەو چوار هەزارەی ئێران و لاشەی خـاڵۆقوربانیان بردە ناو شاری مەهاباد و بوو بە بازیچەی دەستی منداڵان.

سەرگورد جهانبانی، جێگری خالۆقوربانی و پاشماوەی هێزەکەی خالۆقوربانی ڕایان کـرد و هەمـوو تۆپخـانە و قـۆرخـانە و ئازووقـەی جـەنگی کـەوتە دەست جەنگاوەرەکانی کوردستان.

شـەوی ١٣٠١/٢/٣ فـەرمانی ئەمـیر ئەسـعـەد بۆ حـەرەکـەت دەرچوو کـە بەرەو (بۆکـان) بچن، لە بۆکـاندا کـولونیلـی ئەرتەشی ئێـران لەگـەڵ هەشت سـەد نەفـەر نیزامیدا لە نزیک کێوی (ناڵەشکێنە)ی بۆکان دامەزرێنرابوون بۆ پشتیوانیکردن لە هێزەکەی خـالۆقوربان و بڕیار وابوو کە خالۆ قوربان لەوسەری جەبهەوە خەریکی شەڕ و پێشڕەوی بێت کولونیلیش بە هێزی خۆیەوە جەبهەیەکی تازە بکاتەوە و بە هەردوولایان سوپای کوردستان لە چەند لایەکەوە دەستگیر بکەن.

هەڵبـەت زۆربەی عـەشـایری ناوچەکـەش وەکو گـوڵەبەڕۆژە وابوون و سـەرنجی خۆریان ئەدا، ئەگەر دەوڵەت سەر بکەوتایە دەستەی حکومەت ئەبوون و ئەگەر سمکۆ پێرۆز بووایە (سەر بکەوتایە) لایەنگری ئەو دەبوون.

سوپای ئەمـیـر ئەسـعـەدی ئێلخـانیـزادە کە منیشی لەگـەڵدا بووم بە ئەندامـەتی ئاغـایانی دیبـوکـری و ئاغـایانی ناوچـەکـە هـەمـوویان چەکـدار بوون و تەنهـا مەترەلۆزێکیان پێ بوو کە لە بەرزاییەکانی (میرئاوا)ی بەرامبەر بۆکان دامەزران و ئاغایان کەوتنە ڕاوێژکردن دەربارەی ئەوەی چی بکەن و چۆن بجووڵێنەوە.

لەو کاتەدا عەلی خانی سرداری بۆکان هات و هەموویان پێشوازییان لێ کرد و

ڕێزیان گرت، سردار پاش چەند دەقیقەیەک ڕووی کردە عەلی ئاغا و وتی: کولونیل منی ناردووە و دەڵێت ئەمەوێ بڕۆم بۆ لای مەهاباد و بچمە لای ئوردووەکەی خاڵۆقوربان و من لەگەڵ ئاغایاندا شەڕم نییە و نایکەم لەبەرئەوە لێم بگەڕێن با لەگەڵ سوپاکەی خۆمدا بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوم.

عەلی ئاغا لەوەرامدا پێی وت: جەنابی سەردار تۆ چ دەفەرموویت. خاڵۆ قوربانی چی و فەوجی سالار ظفری چی!! هەر ئێستا کەلاکی خاڵۆ لە کۆڵانەکانی مەهابادا وەربەر پێلەقەی مندالان کەوتووە و پاشماوەی هێزەکەی هەموو هەڵاتوون.

سەردار عەلی خانی بۆکان بە بیستنی ئەم هەواڵە تەکانی خوارد و زۆر بەسەیرەوە وتی: بەڕاستیتانە؟ ئەمیر ئەسعەد وەڵامی دایەوە و پێ وت: بەڵێ بە سەری موبارەک درۆت عەرز ناکەم و هیچ خیلافی نییە. سەردار خێرا وتی: دەی تازە کە وای لێ هات منیش ناگەڕێمەوە بۆ لای کولونیل و پیاوێک دەنێرم و ئاگاداری دەکەم و، ئەوە بوو بە نەفەرێکدا خەبەری بۆ کولونیل نارد و کابرا بەپەلە گەڕایەوە و وتی: کولونیل دەڵێت کەواتە من و سوپاکەم لە بۆکان دەڕۆین و تکاتان لێ دەکەم تەقەمان لێ مەکەن و ڕێگەمان بدەن بەبێ شەڕ و کێشە خۆمان دەرباز بکەین.

لەپاش نیوسەعات ئوردوی هەشتسەد نەفەریی کولونیل لە کێو هاتنە خوارەوە و دایان لە چۆم و لەناکاودا تەقەیان لێ کردن. عەلی ئاغا هاواری کرد ئێمە بڕیاری شەڕمان نەداوە لەبەرئەوە تەقە مەکەن، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو سوپای ئێرانیش دەستیان کرد بە تەقە و سەرەنجام لەپاش دوو سەعات شەڕ، ئەوانیش تێکشکان و بە دانانی چەک و تەقەمەنی و ئازووقە بۆی هەڵاتن و نزیکەی سەد کەسێکیان لێ بە دیل گیرا و بە تفەنگی یازدەتیری ئینگلیزی و چەکی جۆراوجۆرەوە لە مقابیلی عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەددا ڕێزکران و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ کوژرا.

لەوکاتەدا یەکێک لە دیلەکان بەهەڵەداوان هاتە لای من و پرسی کرد و وتی: بە قوربانت بم پێم بڵێ لەناو ئێوەدا شوکاک هەیە یان نا؟ وتم: نەخێر ئێمە شوکاکمان تیادا نییە. کابرا دەستی کرد بە گریان و وتی: شوکری خودا کە وە دەست شوکاک نەکەوتین.

لەدوای ماوەیەک پاش پرسیار و ڕاوێژکردن بە دەستووری عەلی ئاغای ئێلخانیزادە هەموو دیلەکان و چەک و غەنیمەکان بەرەو ئاوایی (حەمامیان) بران،

بەڵام مەحمود ئاغای حەمامیان بە هیوای وەچنگهێنانی چەک و تەقەمەنی و غەنایمی زیاتر خۆی و سوارەکانی هەروا بەدوای سوپای تێکشکاوی کولونیل کەوتبوون و عەلی ئاغا پیاوێکی نارد بۆ لای و پێی وت: ئیتر شەوە و با دەست هەڵگرێت و بگەڕێتەوە بۆ حەمامیان و کارێکی وا نەکا کە وەکو شەڕی بەگزادە، تەرم و لاشەی کوژراوەکان بە کەڵ و عەرابەیش کۆ نەکرێنەوە. مەحمود ئاغاغ بە بیستنی ئەوە خۆ و سوارەکانی گەڕانەوە و، هەر تاقمێک لە سوار و جەنگاوەرەکان بە غەنیمەت و چەکەوە لەگەڵ ئاغای خۆیاندا بەرەو جێگەی ئیسراحەت و حەوانەوە وەڕێ کەوتن.

من لەگەڵ دەستەی برایم بەگ و ئەحمەد بەگ و حەمەد بەگ بووم لە (مەرزای یونجە)ی بەرامبەری (میراوا)ی بۆکان و لەوێ نیشتەجێ بووین و حسێنە ڕەشمان نارد بۆ ناو قەسەبچەی بۆکان تاکو لە ماڵی حاجی ساڵحی ناڵبەندی مەردان بەگی نان و چێشمان بۆ بێنێت و بەڕاستی هەموو شتێکی بە تێر و تەسەلی بۆناردبووین و پاش نانخواردن چاوەڕوانی ئەوە بووین کە بزانین فەرمان و حوکم و دەستوور چییە، لەو کاتەدا بە دەستووری عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی ئێلخانی چەند سوارەیەکی چەکدار، باپیر ئاغای حەسەن ئاغایان لە (قوڵغەتەپە) گرتبوو هێنابوویان و کە باپیر ئاغا گەیشت بۆمان دەرکەوت کە هەر لە قوڵغەتەپەوە هەتا بۆکان بەپیادەیی هێنابوویان.

حاجی بایزئاغای ئێلخانی بە دیتنی ئەم کارەساتە ڕوویکردە عەلی ئاغا و فەرمووی: ئەمە چ کارێکە؟ بۆچی بەم چەشنە و بەپیادە ئاغات هێناوە؟ عەلی ئاغا لەوەرمادا وتی: ئەم باپیر ئاغایە پیاوێکی خراپ و ئاژاوەگێڕە و دەبێ لەوە خراپتری لەگەڵدا بکرێت.

باپیر ئاغا بە بیستنی ئەوە تووڕە بوو وتی: عەلی ئاغام مەسەلەی مەشهورە کە دەڵێن (بەزۆرگایین نابێ بە حیزی) عەلی ئاغا کە ئەمەی بیست ڕووی کردە حاجی بایز ئاغا و تی: گوێت لێ بوو چی وت؟ بەڕاستی ئەوەندە خراپکاری کردووە و ئەوەندە قسەی ناخۆشە کە لەمە زیاتر چارم نییە. حاجی بایزئاغا دەستووری دا بە یەکێک لە سوارەکانی کە ئەسپەکەی خۆی بدات بە باپیر ئاغا. سوارەکەش دەستبەجێ دابەزی و ئەسپەکی خۆی دا بە باپیر ئاغا و بەبێ ئەوەی وەڵامی عەلی ئاغا بدەنەوە شانبەشانی یەک بەرەو حەمامیان بەڕێ کەوتن. عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد، لەدوای ڕۆیشتنی ئەوان ڕوویکردە برایم بەگ و براکانی کە منیان لەگەڵدا

بووم و وتی: ئێوەش مەرەخەسن و دەتوانن خۆتان و پیاوەکانتان بگەڕێنەوە.

پاش یەک دوو ڕۆژ باپیر ئاغا کە سەرۆکی هۆزی سولەیمانی بوو، لە حەمامیانەوە مەرەخەس کرا و خەریکی کاری ئاسایی خۆی بوو.

نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب لە لاپەڕە (١٣)ی کتێبەکەیدا، ئەویش بە جۆرێکی تر باسی ئەو شۆڕشانەی سمکۆ و چۆنێتی شکانی کردووە لەلایەن سوپای ئێرانەوە و وتویەتی:[٤٢] "لە کۆتایی ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لەبەر کەمدەسەڵاتی حکومەت، سمکۆ لە ناوچەکان سەڵماس و ورمیە و مەهابادا دەستڕۆیوێکی تەواو بوو وە لەو ناوچانەدا کەسێکی وانەبوو کە ڕووبەڕووی بێتەوە و بەربەرەکانی بکات و هەرچییەکی بکردایە بەرامبەر بە حکومەت سەری نەگرت و بۆی نەچووە سەر.

بەڵام پاش ئەوەی سمکۆ ئاسوورییەکانی لەناوبرد و مارشمعونی کوشت و حکومەت توانی کە بزووتنەوەکەی خیابانی لەناو ببات بە هۆی ئەو بڕیار و نەخشانەی کە (مخبرالسلطنە هدایت)ی والی ئازربایجان داینابوو ئیتر مایەوە سەر کێشەی سمکۆ کە ئەبووایە چارەسەرێکی ئەوەش بکرایە کە لەڕاستیدا توانرا ئەوە بکرێ و مەهاباد لە دەست سمکۆ بسێنرێتەوە و لە ساڵی ١٣٠١ی چەریقدا سمکۆ ناچار بکرێت ڕابکا و پەنا بەرێتە بەر خاکی تورکیا.

دەربارەی چۆنێتی ئەو سەرکەوتنە نووسەر لە باسەکەیدا ئەڵێ: کە بڕیاری نەهێشتنی ئاژاوەکەی سمکۆ درا، بۆ ئەو مەبەستە دوو هێز ئامادە کرا و نێررا بۆ سەڵماس و مەهاباد و خۆی، کە هێزی یەکەم بە سەرکردایەتی میجەر لمبرگی سویدی بوو (سەرچاوەکان هەر یەکەیان بە جۆرێک ناویان هێناوە، بۆ نموونە لە سەرچاوەکانی کتێبی کورد و عەجەمدا بە لیندبرگ ناوی هاتووە، مەلیک زادە لەکتێبەکەیدا سرگزشت حیرت انگیز بە ناوی کاپتن لاسن بالندبرگ ناوی هێناوە.) و هێزی دووەم بە فەرماندەی (ظفرالدولە مقدم) بوو.

ئەو هێزەی کە بە سەرکردایەتی لمبرگ (لیندبرگ) بوو لەنێوانی سەلماس و خۆی دا شکا و پاشەکشەی کرد، بەڵام هێزی دووەم بەرەو پێشەوە ڕۆیشت کە بە سەرکردایەتی (ظفرالدولە) بوو کە قوام السلطنە تازە کرابوو بەر سەرەکوەزیران، ظفرالدولەی کرد بە سەرتیپ و تەشویقی کرد کە مەهاباد بگرێ و سمکۆ ناچار بکا لە خاکی ئێراندا نەمێنێت و ئەوە بوو وەکو وتمان لەدواییدا ناچارکرا ڕا بکا بۆ ناو خاکی تورکیا.

دەربارەی چونێتی ئەو شەڕە لەگەڵ سمکۆدا نووسەر ئەڵێ: ساتێک سەرتیپ محمد حسین اپرم لەجیاتی سەرتیپ مقدم کرا بە سەرکردەی هێزی ئازربایجان بە هۆی هەڵە و نارێکیی سیاسەتی وەزیر و بێزاربوونی سەرباز و ئەفسەرەکان پادگانی سەڵماس بەرامبەر بە هەڵوێست، ئەو سەرباز و ئەفسەرانە ڕاپەڕین و یاخیبوون و لەوەدا سەرهەنگ (یوسف خان) کوژرا کە ئەمە هەلێکی باش و لەباری بۆ سمکۆ ڕەخسان کە لە تورکیاوە بگەڕێتەوە بۆ چهریق کە شوێنی باوباپیرانی خۆی بوو، وە دەستی کردەوە بە کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی چەکدارەکانی سەرلەنوێ (صبری بەگ) ناوێکی تورک کە لە تورکیاوە لەگەڵیدا هاتبوو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی تفەنگ و فیشەک و هاوکارییەکی تەواوی لەگەڵ سمکۆدا کرد.

نووسەر لە لاپەرە (٢٩)ی کتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لە ساڵی ١٣٠٠دا ساتێک کولونیل لوندبرگ (وەکو وتمان لە پێشتردا بە لمبرگ ناوی بردبوو.) کرا بە سەرکردەی ژاندرمە لە ئازربایجان و بۆ ئەو مەبەستە لەتارانەوە چووە تەورێز و ئەو هێزەی ژاندرمەیەی کە لە (زنجان) بوو بەپێی بڕیاری ئەو کۆڵونیلە ڕەفتاری دەکرد. بەر لەو کولونیلە، بەشێک لە هێزی ئازربایجان بە سەرۆکایەتی (یاور ملک زادە) و (اجودان سلطان الپ) نێررا بۆ مەهاباد، وە ئەو ئوردووەی کە گەیشتبووە تەورێز نێررا بۆ (شرەفخانە)وە لەوێوە نێررا بۆ (خۆی).

ئەم ئوردووە بەشێکی بە سەرکردایەتی (سلطان ارفع) نێررا بۆ جەبهەیەک و ئەوی تری لە شاخەکانی (شەکریازی) و (سید تاج الدین)دا سەنگەریان دامەزراند. سمکۆ بۆ ئەوەی ناچار نەبێت کە لە دوو لاوە بەرەنگاری هێزی ئێران بێتەوە، ڕووی کردە مەهاباد و لە کاتی شەڕدا هێرشی بردە سەر سەربازخانە.

سمکۆ لەو هێرشەیدا ئەو کارەی کە کردی مەگەر هەر خۆی کردبێتی کە بەوە کارەکانی مەغۆل و جەنگیزخانی تازە کردەوە و هەموو ئەفسەرەکانی لەبەر چاوی ملک زادەدا دایە بەر گوللە و کوشتنی دوای ئەوە سمکۆ مەلک زادە و سلطانی الپی بە گیراوی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ورمیە و لەوێوە ناردنی بۆ بۆ (شرەفخانە) بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆیَ و زەبروزەنگی خۆی و هێزەکەی پێشانی حکومەت بدات.

نووسەری ئەو کتێبە بۆ دۆزینەوە و هێنانەوەی بیانوو بۆ ئەو شکستەی کە هێزی حکومەت تووشی بوو ئەڵێ: ئەو شکستە هەمووی بە هۆی دوو ئەفسەری تورکی عوسمانییەوە بوو کە لە هاتنەوەی سمکۆ لەتورکیاوە دوای چەکدارەکانی سمکۆ

کەوتبوون و کاروبارییان بۆ ڕێکخستبوو (بەرلەمە تەنها هەر ناوی صبری بەگی هێنا بوو.) نووسەر ئەڵێ: دوای ئەوەی هێزی ژاندرمە بەشەو هێرشیان بردە سەر هێزەکەی سمکۆ، بەڵام لەبەر تاریکی شەو و لەبەر نابەڵەدی لە ناوچەکانی کوردنشین، کاتێکیان بە خۆیان زانی کە لەناو گوندەکاندا کەوتبوونە بەردەستی هێزەکەی سمکۆ کە لەئەنجامی ئەوەدا تەنها سوڵتان ارفع (ئەڵێ: ناسراوە بە سوڵتان فەرەنگی) خۆی و نۆکەرێکی بەزیندووی ڕزگاریان بوو، ئەوانی تر هەموو کوژران.

بێجگە لەو بیانووەی پێشوو کە وتبووی دوو ئەفسەری تورک بوون بە هۆی شکستی هێزی حکومەت لە لاپەڕە (٣٣)شدا بیانوویەکی تری هێناوەتەوە دەربارەی هۆی داگیرنەکردنی (سەڵماس) و شکاندنی هێزی ئێرانی کە وتویەتی: ئەمەیان بە هۆی نەخشەی کولونیل (لورنس) و ئەفسەرەکانی تورکەوە بوو کە ئێران تووشی ئەو شکستە بوو سمکۆ سەرکەوت.

(لەڕاستیدا ئەم بیانووە شتێکی زۆر کاڵ و کرچە، چونکە لورنس ئینگلیزی لە کوێ و ئەفسەری تورک لە کوێ کە لەو ڕۆژانەدا ئینگلیز و کەمالییەکان شیر و تیریان لە یەک دەسوو، هەموو بەڵگەکانی وەکو لە زۆر شوێندا دووبارە کراوەتەوە شاهیدی ئەوەن کە ئینگلیز هەمیشە لایەنگری ئەوە بووە کە ئێران بەهێز بێت و سەرکەوتوو بێت.) هەروەها وەکو لە دوکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دەرئەکەوێ، لەو نامانەی نێوانی سمکۆ و ئینگلیزەکانەوە بە هۆی بابەکر ئاغای پژدەرەوە کە ئینگلیزەکان بە هیچ جۆرێک نەیانویستوە پێوەندی بە سمکۆوە بکەن لەناو خاکی ئێراندا.

نووسەر لە لاپەڕە (٣٣)دا باسی هۆیەکی تریش ئەکات کە بووبوو بە هۆی ئەوەی حکومەت بە شتێکی ترەوە خەریک بێت کە لەوەشدا هەر سوودی سمکۆی تێدا بوو کە وتویەتی: لەو کاتەدا کە سرتیپ ظفرالدولە لە مەهاباد بوو وە ئۆردووی ژاندرمە نێررا بوو بۆ سەر سمکۆ، ئەفسەرانی ئەو ئۆردووە لەناو خۆیاندا (لاهوتی)یان کرد بە سەرۆکی خۆیان و کە بە ناو دژ بە نیشتمانفرۆش و کودەتاییەکان دەستیان کرد بە کارو و لە (شەرەفخانە)وە کەوتنە ڕێ و بەربەرەکانییکەرەکانیان شکان و تەورێزیان گرت و تەورێز بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە دەست ژاندرمەکانەوە مایەوە، بەڵام لاهوتی گومانی هەبوو لە دوو ئەفسەری هاوڕێی خۆی لەبەرئەوە بەشەو ڕۆیشت

و خۆی دەرباز کرد.

کاک ئەنوەر سوڵتانی جارێک بۆی باس کردم کە میرزا ابوالقاسم لاهوتی کرماشانی شاعیر و نووسەر و شانۆنووس و وەرگێڕیی شۆڕشگێڕی ئێران بوو، لە ساڵی ١٨٨٥دا لە شاری کرماشان لە دایک بووە و ژیانێکی پڕ لە کارەسات و بەسەرهاتی بردۆتە سەر لە شەڕی ئێراندا دژی عوسمانی و ڕوس و ئینگلیز بەشداری کردووە. چووە بۆ خاکی عوسمانی و دوای ئەوە گەڕاوەتەوە لە کاتی کودەتای سووردا لە تەورێز و لەئاکامدا ڕایکردووە بۆ سۆڤیەت و لە سەردەمی ستالیندا کراوە بە وەزیری فەرهەنگ لە تاجیکستان وە لە ڕووسیا مردووە و لە گۆڕەپانی سووردا لە مۆسکۆ نێژراوە و جائیزەی لینینی لە دەست ستالین وەرگرتووە و بەرلەوەش لە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەنگەلییەکاندا جائیزەی شۆڕشی لە میرزا کوچک خان وەرگرتووە و لە ڕاپەڕینی مەشروتیەدا (ساڵی ١٩٠٥) دژی کۆنەپەرستان وەستاوە و برایەکی لاهوتی لە شەڕی سمکۆدا کوژراوە و، بەڵام لاهوتی بە هیچ جۆرێک هەستی کوردایەتی تیادا نەبووە و یەکێک بووە لە ئێرانچییە سەرگەرمەکان و لە هیچ شیعرێکیدا ناوی کورد و کوردستانی نەهێناوە.

دەربارەی ئەو لاهوتییە، بێجگە لەوەی کاک ئەنوەر سوڵتانی، علی دهقان لەکتێبەکەیدا (تاریخی رضائیە) لە لاپەڕە (٥٨٨-٥٨٩)دا باسێکی بۆ لاهوتی تەرخان کردووە و وتویەتی: ساتێک لاهوتی ئاژاوەی لەتەورێزدا نایەوە، ئەو هێزەی کە تەخان کرابوو بۆ ئەوەی لە سمکۆ بدات ڕووبەڕووی لاهوتی بووەوە کە لەئەنجامی ئەوەدا سمکۆ سوودێکی باشی لەوە دەستگیر بوو وە لەئەنجامی ئەوەدا دانیشتوانی ورمیە و سەڵماس دووبارە کەوتنەوە ژێر ڕەحمەتی سمکۆ و تاقمە یاخیبووەکەی.

علي دهقان دەربارەی لاهوتی وتویەتی: "ساتێک سمکۆ لە یاخیبووندا بوو، لاهوتی کە بەبێ نانەوەی ئاژاوە گوزەرانی نەدەکرد دەستی کرد بە جموجووڵ و ساتێک کە پێی زانی حکومەت خەریکی کوژاندنەوەی ئاژاوەکەی سمکۆ بوو لاهوتی ئەوەی بە هەل زانی و دەستی کرد بە جموجووڵ.

کە وەختێک سەرتیپ حبیب الله خانی شیبانی هەواڵی ئەوەی لاهوتی بیستەوە، دەستبەجێ فەوجی ژمارە (١٤)ی ژاندرمەی تەورێز و ئەو هێزی قوزاقەی لە سابلاخ بوو، لە میاندواویشەوە هێزی پیادە و تۆپخانە نێررا بۆ تەورێز و بەرلەوەی لاهوتی بتوانێت جێگەپێی خۆی قایم بکات پەلاماری درا و لێ درا و دوای ئەوەی لاهوتی دەستی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتیدا گرتبوو والی تەورێزی دەسبەست کردبوو وە لە

دەزگای ژاندرمەدا زیندانی کردبوو.

ساتێک سەرتیپ شیبانی ڕووی کردە قزاقخانە، هێزی ژاندرمە دەوری قازاقخانەی دا و تەقەلای شیبانی سەری نەگرت و نەیتوانی لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆکردن، ئیتر شیبانی فەرمانی دەرکرد بۆ لێدانی لاهوتی.

لە بەیانی ڕۆژی ١٩ی بەهمەن، ساڵی ١٣٠٠، شەڕی قازاق و ژاندرمە لە تەورێز دەستی پێ کرد و لەو ڕۆژەدا ژاندرمە توانی خۆی ڕابگرێ بەرامبەر بە قازاق، بەڵام لەدوای نیوەڕۆ بەدواوە ئەو هێزەی لەژێر سەرکردایەتی سەرتیپ (ظفرالدولە)دا بوو گەیشتە تەورێز و هێزی ژاندرمە شکستی هێنا و سەعات هەشتی پاشنیوەڕۆ ئیداراتی دەوڵەتی دووبارە کەوتەوە دەست هێزی قازاق و والی تەورێز لە زنیدان بەردرا و وە دوای ئەو شکاندنە ئیتر لاهوتی لەگەڵ چەند نەفەرێکدا خۆیان دەرباز کرد و چوون بۆ ڕوسیا.

نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: سەرهەنگ شیبانی فەرماندەی هێز، لەدوای کوشتنی خاڵۆقوربان لابرا وە لەجیاتی ئەو سەرتیپ جهانبانی دانرا، وە لەدوای کوشتنی ئەو شاکارە مێژووییە، واتا دوای کوشتنی شێخ محمدی خیابانی، خوالێخۆشبوو مخبرالسلطنە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا و بەخێرایی هێزێکی ڕێکوپێکی لە ژاندرمە و قوزاق و سەرباز ڕێکخست و ناردی بۆ ئەو شەڕە.

مخبرالسلطنە شەو و ڕۆژ بیری لە کاروباری ئەو شەڕە دەکردەوە، بۆیە ئەو کارەی گرتە ئەستۆی خۆی و (سام خانی قەرەچەداغی) ناسراو بە (سردار ارشد) هەموو هێزەکەی خۆی نارد بۆ ئەو شەڕە، بەڵام سردار ارشد بە تیری ناگەهان کوژرا.

نووسەر لە لاپەڕە (٣٧)دا ئەڵێ: لەدوای ئەوەی مخبرالسلطنە ڕۆیشت و دکتۆر مصدق السلطنە کرا بە والی ئازربایجان، بەپێی بڕیاری سرداری سوپا کە ڕەزاخان بوو (کە لەدواییدا بوو بە ڕەزا شا.) سەرتیپ (جهانبانی) ئیتر ڕێگەی ئەوەی نەئەدا کە والی ئازربایجان دەست لە کاروباری سوپاییەوە بدات سەرتیپ جهانبانی یەکەم سەرکردە بوو کە دەسەلاتی فەرماندەیی هەموو هێزەکانی پێ درابوو، هەروەها بە هێزێکی پرچەکەوە کرا بە لێپرسراوی کاروباری شەڕ دژی سمکۆ و توانی بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو و پیلان و تەکتیکێکی باش ئەو کارەی ئەنجام بدا و لە هاوینی ساڵی ١٣٠١دا قەڵای چهریقی لەو گورگە خوێنڕێژە سەند و ئیسماعیل ئاغای بەرەو (ساری داش) ڕاونا و هەڵات.



وێنەی عبداللە خانی طهماسبی لەگەڵ سمکۆ و عومەرخانی شوکاکدا.



وێنەی ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) و چەند پیاوێکی تر.

نووسەر لە لاپەڕە (٣٨)دا ئەڵێ: لەدوای ئەوەی کە جهانبانی ئیسماعیل ئاغای ڕاونا، ئیتر ڕووی کردە چیاکان هەتا ئەو کاتەی ئەمیری لەشکر (عبدالله خانی طهماسبی) ناردی بە شوێنیدا و لەوای چەند چاوپێکەوتنێک و دەربڕینی پەشیمانی لە کارەکانی پێشووی، عبداللەخان سمکۆی دڵنیا کرد و دووبارە قەڵای (چهریق)ی بۆ ساغ بووەوە و تیایدا دانیشت.

نووسەری ئەو کتێبە لێرەدا هێرشێکی توندوتیژی بردۆتە سەر عبداللەخانی طهماسبی و وتویەتی: طهماسبی خۆ بەزل زان کە بە دوای ناوی زلدا ئەگەڕا بۆ خۆی، دەیویست کۆتاییهێنان بە کاری سمکۆ بە ناوی خۆیەوە ئەنجام بدرێ و تۆمار بکرێت، بەو جۆرە کوردێکی پیاوکوژ و خۆێنمژ (کە مەبەستی سمکۆ بووە.) کە بە هیمەتی امان الله مرزای جهانبانی و بە لەخۆبووردن و خۆبەختکردنی سەرتیپ مقدم توانرا بوو بشکێنرێ و ڕاوبنرێت کە لە پێناوی ئەوەدا هەزاران شەهید درابوو، کەچی سەرلەنوێ طهماسبی هینایەوە و گرتیە ژێر باڵی خۆی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بۆ ماوەیەکی تریش ژیان و ماڵی هەژاران لەناو ببات."

دەربارەی ئەوەی کە نووسەری ئەو کتێبە وتویەتی ئەوەی سمکۆ لەو شەڕەدا کردبووی مەگەر هەر مەغۆل و جەنگیزخان کردبێتیان، لەو گفتوگۆیەی نێوانی سمکۆ و مصطفی پاشای یامولکیدا کە هەموویمان لە بەشی پێوەندیکردنی سمکۆ و کوردەکانی خوارووی کوردستاندا پێشکەش کرد، لەوەدا مصطفی پاشای یامولکی لە پرسیاری (٣)ی ئەو گفتوگۆیەدا لە سمکۆی پرسیبوو:

پرسیاری سێهەم: هۆی کوشتنی هەشت سەد ئەسیری فارسی چی بوو لە سبتمبەری پار کە لەکاتی شەڕدا لەلایەن ئێوەوە بە دیل گیرابوون؟

سمکۆ لەوەرمادا بە مصطفی یامولکی وتبوو: ئەوانە لە کاتی خۆیدا لە شەڕی (ورمیە)دا بەشدارییان کردبوو گیرابوون بەڵام ئێمە دوای ئەو شەڕە هیچ خراپەیەکمان لەگەڵ ئەوانەدا نەکرد بەڵکو بەپێچەوانەوە جلوبەرگ و پارەمان دانێ و بەرەڵامان کردن بە مەرجێک جارێکی تر نەچنەوە پاڵ هێزی ئێران و دژی ئێمە شەڕ بکەن، بەڵام هەر کە بەرەڵامان کردن دەموودەست یەکسەر چوونەوە پاڵ حکومەتی ئێران و دەستیان کردەوە بە دەستدرێژیکردن و کوشتن و برین، بۆیە ئەم جارە ئیتر لێیان خۆش نەبووین و تۆڵەی ئەو دەستدرێژیانەی دواییمان لێ کردنەوە.

نووسەرێکی تر کە حاجی مهدی قلی (مخبرالسلطنه) کە وەکو سەرچاوەی پێشوو

له کتێبی سێ مرد عجیبدا له لاپەڕە (٣٧)دا باسی ئەو مخبرالسطنەیەی کردبوو کە وتبووی: والی ئازربایجان بووە و لابرا و لەجیاتی مخبرالسطنە مصدق السلطنە کرا بە والی ئازربیجان، ئەو مخبر السلطنەیە لەدواییدا کتێبێکی دەربارەی یاداشتەکانی خۆی چاپکردووە بە ناوی (خاطرات و خطرات) کە لە لاپەڕە (٣٢٣)ی ئەو کتێبەدا دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ وتویەتی:(٤٦)

"سمایل ئاغا کوڕی جەعفەر ئاغایە (کە لێرەدا نووسەر هەڵەیەکی ئاشکرای کردووە چونکە جەعفەر ئاغا براگەورەی سمکۆ بووە، نەک باوکی و لە شوێنی خۆیدا باسمانکرد کە لە ساڵی ١٩٠٥دا بە شێوەیەکی زۆر ناجوانمەردانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە کوژرابوو.)، ئەو جەعفەر ئاغایە قورئانی بە مۆرکراوی بۆ نێررابوو وە بەڵێنی پێ درا بوو کە ئەگەر بچێتە تەوریز هیچی لێ ناکرێ کەچی بە فێڵ کوشتبوویان.

لەئەنجامی ئەو کارە هەڵە و بێجێیەدا حەوت کەسی حکومەتی بە دەستی پیاوەکانی جەعفەر ئاغا کوژران و هەر لەوکاتەوە عەشیرەتی شوکاک ئیتر لە ڕەفتار و مەبەستی کاربەدەستانی دەوڵەت دوودڵ بوون (ئەمە یەکەم سەرچاوەیە کە باسی ژمارەی کوژراوەکانی حکومەتی کردبێت لەو دەستدرێژییەی کە کرابووە سەر جەعفەر ئاغا و سەرچاوەکان تەنها باسی کوژراوەکانی جەعفەر ئاغایان کردووە، هەروەها ئەو سەرچاوەیەش یەکێکە لەو سەرچاوە کەمانەی نووسەرانی ئێران کە دانی بەوەدا نابێت کە کوشتنی جەعفەر ئاغا هەڵە بووە و بە فێڵ بووە.)

نووسەر لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ:

بەپێی بڕیاری لیژنەی سنوور و ناوچەی (قطور)یان دابوو بە ئێران و کۆنگرەی (بەرلین)یش ئەو بڕیارەی سەلماندبوو، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی دانی بەو بڕیارەدا نەدەنا و سمایل ئاغا لەو ناوەدا ئەویش بە دوودڵی ڕای ئەبوارد و دەوڵەتی تازەی تورک (مەبەستی کەمالییەکان بووە.) و حکومەتی باکۆ (ئازربایجانی سۆڤێتی) هەر یەکەیان بە چەشنێک پشتگیریی سمکۆیان ئەکرد و سمکۆش لەگەڵ هەموویاندا خۆی بە ڕاست و بە دۆست پێشان ئەدا و لەگەڵ هەمووشیاندا درۆی ئەکرد. لەولاشەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پێوەندی هەبوو، سید طەی وەزیر و ڕاوێژکاری بە گوێنی تووتنی بۆ قونسولی ئینگلیزەکان ئەنارد.

تورکەکان چوار تۆپی ڕەشاش و دوو تۆپی سەحرایی و حەوسەد سەرباز و چەند

کاربەدەستێکی وایان بۆ ناردبوو کە لە ئەڵمانیادا دەرسیان خوێندبوو، ئەمانە هەمووی خرابوونە بەر دەستی سمایل ئاغا کە ئەو تۆپانەی ئەو هەیبوو لە تۆپەکانی لای ئێمە دوورهاوێژتر بوون و لەئەنجامدا دووجار لەگەڵ سمکۆدا بەرەنگاربوونەوە روویدا. دەنگوباس و هەواڵ وا بڵاو بووبووەوە کە ئیسماعیل ئاغا خۆی ئامادە کردووە کە بدا بەسەر ورمیەدا و ئێمەش دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیمان هێز ئامادە بکەین کە نەخشەکێشی ئەو هێزەی لەو زستانەدا ئامادە کرابوو (ظفرالدولە)ی سەرۆکی هێز بوو کە نەخشەی شەڕەکە و رووبەڕووبوونەوەی بە هەڵە کێشا بوو وە بەبێ وردبوونەوە و لێکدانەوە دەستی کرد بە شەڕ لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا بۆیە هێزەکەی ظفرالدولە بەرامبەر بە ئیسماعیل ئاغا شکا بوو.

لەولاشەوە لە سابڵاغیش هاوار بەرز بووەوە کە ئەوترا ئاغاواتی خائن و ناپاک هەموو درۆیان لەگەڵدا کردین کە ئەیانوت: ئێمە خۆمان بەربەرەکانی سمکۆ دەکەین و نایەڵین بێتە سابڵاغەوە و داوای ئەوەیان کردبوو کە تەنها هەر بۆ رواڵەت لەتەورێزەوە ژمارەیەک سوپاییمان بۆ بنێرن کە توانا و دەسەڵاتی رەسمییان هەبێت ئیتر حەقتان بەسەر هیچ شتێکی ترەوە نەبێت. منیش (مخبرالسلطنە-حاجی مهدی قلی) بەرامبەر بەو داخوازییەی سابڵاخییەکان (مەلیک زادە)م بۆ ناردن کەچی لەوەدا هەم ئاغاکان سەرپێچییان لەگەڵدا کرد و مەلیک زادەش خۆی بێ ئەندازە بێ ئاگادار و کەمتەرخەمانە دانیشت کە لەئەنجامی ئەوەدا کارەستاتێکی گەورە روویدا و لەو شەڕەدا سمایل ئاغا مەلیکزادەی گرت و بردی بۆ قوتور.

(لێرەدا و لەم باسەی مخبرالسلطنەدا کە خۆی والی ئازربایجان بووە و ئاگداری هەمو ورووداوەکان بووە درۆکانی مەلیک زادە دەرئەکەوێ کە لەکتێبەکەیدا ئێجگار زۆر خۆی هەڵکێشاوە و ئێمەش لە باسی شەڕی سابڵاخدا باسی ئەو کتێبەی ئەومان کردووە کە بەمەی مخبر السلطنەدا درۆکانی بەتەواوی کەوتونەتە روو.)

مخبرالسلطنە لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: اقبال السلطنەی حاکمی ماکۆ گاڵتەی بە بزووتنەوەکەی سمکۆ ئەکرد و ئەیوت: من لێرەم ئیتر سمکۆ بۆ کوێ دەچێت؟ منیش لەو ناوەدا سەرم لێ شێوا بوو، بەرلەوەی مەلیکزادە لە سابڵاخ بگیرێت بە تەلگراف ئاگادارم کردبوو کە وریا بێ و ئاگاداری خۆی و هەڵوێست بێت و تەلگرافم لەو ڕووەوە بۆ ناردبوو بەڵام کوردە خائنەکان تەلی تەرلگرافخانەیان بڕیبوو، ئیسماعیل ئاغاش لەناکاودا هێرشی بردبووە سەر مەیلکزادە و خۆی و

سەربازەکانی گەمارۆ دابوو.

ئەگەر مەلیکزادە ئەوەندە کەمتەرخەمی نەکردایە و ئاگاداری خۆی بووایە دەیتوانی لەکاتی هێرشبردنی سمکۆدا بەرەو (میاندواو) بکشایەتە دواوە کە لەڕاستیدا کوردەکان (مەبەستی کوردەکانی مەهاباد بووە.) لەوەدا دەستخەڕۆیان کردبوو.

نووسەر دێتە سەر گلەییکردن و ئەڵێ: بەداخەوە لەم دەورەیەدا پیاوی کارامە و لێهاتوو فێر نەکراون و دەوری خۆیان نەدراوەتێ و بۆ ئەوە لە لاپەڕە (٣٢٦)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: قوام السطنە هێنراوەتە جێگەی مشیر الدولە، کە قوام السلطنە پێی داگرت کە ئەبێ بینێرم بۆ شەڕکردن دژی ئیسماعیل ئاغا، کە ڕاستە و ناتوانرێ دان بە ئازایەتییەکەیدا نەنرێ (مەبەستی لە قوام السلطنە بووە.) بەڵام لەگەڵ ئەو ئازایەتییەیدا پیاوێکی سەرەڕۆ و سەرچڵ و گێرەشێوێنە، چونکە لەو کاتەدا کە ئەو داوای ئەوەی ئەکرد وە لەبەر چاوی براکەی کە ئەویش لەوکاتەدا ئامادە بوو هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا دا کە بە پێچ و پەنا داخوازییەکەی ڕەد بکەمەوە، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ئەو چوونەی و منیش ناچار بووم داخوازییەکەیم قبوڵ کرد ، ساتێک خەریکی خۆئامادەکردن بوو سێ هەزار چەکداری سوارە و پیادە لە (شرەفخانە) ئامادە بوون و پێنج سەد جەندرمەش لە (خۆی) هەبوو، نەسیحەتم کرد کە لەناو ئەوانەدا تەنها هەر هەزار سوار هەڵبژێرێت.

لە لاپەڕە (٣٢٦)دا ئەڵێ: بەیانیی ڕۆژی (٢٨) مانگی قەوسی ساڵی ١٣٠٠ کە شەڕ دەستی پێ کرد من ئەو کاتە لە تەورێز بووم، بەپێی نەخشە و پیلان شەڕەکە دەستی پێ کرد و دوو سەعات پێش ڕۆژئاوابوون هەواڵی کوشتنی (ئەمیر ئەرشەد) گەیشت، ئێمە هەرچەند بەڕاستی لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بووین، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدەستەوە و، کوشتنی ئەمیر ئەرشەد کە لەدوای شکان و ڕاکردنی کوردەکان ڕوویدابوو دەیخستینە گومانی ئەوەوە کە بوترێ دوور نییە دەوروپشتەکەی خۆی کوشتبێتیان.

(لیندبرگ)ی سوید ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەو شەڕە دا کە وتویەتی: نەبووایە شوێنی ڕەشاشەکانی ئێمە زوو زوو بگۆڕرایە، چونەک ئێمە هەر شوێنێکی دوژمنمان هەڵدەبژارد کە ڕەشاشی تێ بگرین سێهەمین گوللە تۆپی هێزەکانی ئیسماعیل ئاغا لەو شوێنی ڕەشاشەی ئێمەی ئەدا کە ئەمە دەریخست کە

شارەزایانی تورک لەناو هێزەکەی ئیسماعیل ئاغادا بوون، چونکە بەڕاستی کورد خۆی ئەو شارەزاییەی نەبوو ئەوە بکا.

له لاپەرە (٣٢٨)دا نووسەر ئەڵێ: ئەو خەیاڵەی کە کورد هەیەتی بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ تەقەلاکانی سمکۆ بۆ سەرگرتنی مەبەستەکان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوە ژمارەی هەزار و پێنج سەد ژاندرمە و ژمارەیەکی کەم قازاق بەشی ڕێکخستنی کاروباری ئازربایجان ناکات.

له لاپەڕە (٣٥١)دا ئەڵێ: لە بەهاری ١٣٠١دا (١٩٢٢) دەست کرا بە چەککردنی عەشایرەکان کە بەر لە هەموو شتێک بۆ سەرگرتنی ئەوە ئەبووایە دەستدرێژی و خراپەی ئیسماعیل ئاغای شوکاک نەهێڵرێ. ئەوە بوو هێزی سوپا توانی (چهریق) لە ئیسماعیل ئاغا بسێنێتەوە و خۆشی بەرەو خاکی تورکیا ڕابکات.

له لاپەڕە (٣٦١)دا ئەڵێ: شوێنکەوتنی ئیسماعیل ئاغا کە مایەی فەسادە هێشتا هەر درێژەی هەیە بەلام داگیرکردنی (چهریق) بە سەرکردایەتی (امان الله مرزای جهانبانی) و هەلاتنی سمکۆ بۆ ناو خاکی تورکیا دەوری وەزارەتی جەنگی (کە لەو ڕۆژانەدا ڕەزاخان بووە) بەرز کردەوە و کەوتە سەر بارێکی ڕێکوپێک. کاتی خۆی ئیسماعیل ئاغا و ڕاپەڕیوەکانی (خیابانی) پێوەندییان بە یەکترییەوە کردبوو نامەکانیانمان کەوتبووە دەست.

نووسەرێکی تر کە (اسکندر نیا)یە لەکتێبەکەیدا (ایلات وشیوەی معیشت عشائر ئازربایجان غربی) لە لاپەڕەکانی (٦٨-٧٤)دا باسی ئەو شۆڕشانەی سمکۆی کردووە، هەرچەند باسەکەی لە کتێبەکانی احمد کسروی (تاریخ مشروطه) و کتێبەکەی علی دهقان (سرزمینی زەردەشت)ەوە وەرگرتووە، بەلام وەکو نووسەرێکی ئێرانی حەزم کرد بۆچوونی ئەویش بخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز، کە وتویەتی:[٤٧] "لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٩٨دا (١٩١٩)، سپهداری اعظم کرا بە والی ئازربایجان و ضیاءالدولەش کرا بە حاکمی ورمیە، ئیسماعیل ئاغا هەوڵیدا کە حاکمی ورمیە بفرێنێت و بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکی بەنهێنی نارد بۆ ورمیە و گەمارۆی شوێنی حاکمیان دا و دەستاین کرد بە تەقەکردن، بەلام حاکم خۆی نەدا بەدەستەوە و خەڵکیش بەخێرایی چوون بە دەنگیەوە و یارمەتیان دا و ئاژاوەکەیان دامرکاندەوە.

ضیاءالدولە کۆسپێکی گەورە بوو لە ڕێگەی سەرگرتنی ئاوات و مەبەستەکانی

سمکۆدا، بەڵام بەداخەوە لەلایەن والی تەورێزەوە لابرا و لەجیاتی ئەو (سردار فاتح) دانرا.

سردار فاتح لەگەڵ قونسولی ئینگلیز لە ڕێگەی دەریاچەی ورمیەوە هاتنە ناوچەکە و لەلایەن ئیسماعیل ئاغاوە پێشوازییان لێ کرا، ئیتر لەدوای ئەوە هاتوچۆکردنی کوردەکان بۆ ورمیە دەستی پێ کرد و ئاسایشی گوندەکان کەوتە دەستی پیاوەکان و دەستوپێوەندەکانی سمکۆ و شوکاکەکان لەجیاتی ئەوەی ئاسایش بەرپا بکەن دەستیان کرد بە ڕاوڕووتکردن و تالانی و خەڵک ناچار بوون چوونە سەر (دارالحکومە) و داوای لابردنی کاربەدەستانی دەوڵەتیان کرد کە نەیان ئەتوانی چارەسەرێکی ئەو کێشەیە بکەن (نووسەر لەمەدا ئەمەی لە باسەکەی سروان احمد کاویان پوورەوە وەرگرتووە تاریخ رضائیە کە خۆی ئاگاداری هەولێستەکان بووە.)(٥٠)

نووسەر لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: سردار فاتح کە بە چاوی خۆی ئەم کارەساتەی دەبینی لەگەڵ ئەوەشدا هیچی لەتوانا و لەباردا نەبوو کە بیکات، بەڵام دوای ئەوە بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژیکردنی سوارەکانی شوکاک بۆ سەر ورمیە و سەڵماس، ئازادیخوازانی تەورێز (دیموکراتەکان) بەرامبەر بەو هەڵوێستە ڕاست بوونەوە و والی تەورێز بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەڵماس و ورمیە (ئەسەدخان)ی ڕاسپار کە هێزێکی ڕێکوپێک ئامادە بکات بۆ بەربەرەکانیکردن و چارەکردنی ئەو هەڵوێستە.

سمکۆ کە بەپێی نەخشەی خۆی دەیویست دەست بگرێت بەسەر ئازربایجاندا، دەستووری دا کە سوارەکانی هێرش ببەنە سەر گوند و شارەکان و هەموو ڕۆژێک لەنێوانی هێزەکانی سمکۆ و ژاندرمەدا شەڕێک ئەقەوما.

سمکۆ بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت خەبەری نارد بۆ سردار فاتح کە ئەگەر ورمیە بەجێ نەهێڵێ و نەگەڕێتەوە بۆ تەورێز ئەوا بە هیچ جۆرێک هێزەکانی دەست لە پەلاماردان و کوشتن و برین هەڵناگرن.

بە هۆی ئەوەوە کە سەردار فاتح هەر لەسەرەتاوە سیاسەتێکی توندوتیژی نەگرتبووە بەر بۆیە ورمیەی بەجێهێشت و کاروباری ورمیەی بە (مرزا علی اکبرخان)ی جێگری خۆی سپارد.

ڕێگەوبانەکان هەمووی بە دەست کوردەکانەوە بوو و ڕێگەی هاتوچۆکردن

بەسترابوو، بە دەستووری حاکمی تازە، بۆ پاراستنی ڕێگا لەناو دەریاچەی ورمیەوە لە هەر سێ کیلۆمەترێکدا بورجێکیان دروست کرد و ژمارەیەکی باش (قەراول)یان تیا دانا بەو جۆرە بەستنی پێوەندی و ڕێگەی هاتوچۆ لەنێوان تەورێز و ورمیەدا لە ڕێگەی دەریا و ئەو بورجانەوە ئاسایشی ناوچەکەی بەهێز کرد (بەر لەمە فۆتۆکۆپی یەکێک لەو بورجانەمان وەرگرتووە، کە علی دهقان لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە.)

ئیسماعیل ئاغا بەرامبەر بەوەی حاکمی ورمیە (ئەرشەدی ئاغازادە)ی ناردە ورمیە و بەئاسانی گەیشتە ناوشار و علی اکبرخانی حاکمی ورمیەی گرت و خستیە بەندیخانەوە و شار کەوتە دەست ئێلی شوکاک و لەئەنجامی ئەوەدا (اسد اقاخان) بەندەری (گوڵمانخانە)ی قایم کرد کە کەوتبووە کەناری دەریاچەی ورمیە و چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی یارمەتی بووە لە تەورێزەوە.

عومەرخان کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی شوکاک، لەلایەن ئیسماعیل ئاغاوە ڕاسپێررا کە گوڵمانخانە بگرێ. ئەویش سوودی لەو تۆپانە وەرگرت کە ئەو عوسمانیانەی چووبوونە لای سمکۆ لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان و بەو تۆپانە بورجەکانی ڕێگەی ورمیە و گوڵمانخانە هەمووی داڕووخێنران و هێرش برایە سەر گوڵمانخانە و شەڕێکی زۆر قورس لەنێوانی هێزی عومەرخانی شوکاک و اسد اقاخاندا ڕوویدا و زۆری پێ نەچوو هێزی یارمەتیدەر لەتەورێزەوە بە ڕێگای دەریادا گەیشت، بەڵام گوللەی تۆپەکانی عومەر خان ئەو هێزەی ناچار کرد کە بکشێتە دواوە.

کوردەکان ئەیانزانی کە هێزی یارمەتی ئەگاتە اسدخان بۆیە بەپەلە هێرشەکەیان توندوتیژ کرد و هێزەکەی اسدخان لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا لەبەرئەوە خۆڕاگرتنی بە شتێکی خۆڕایی ئەزانی بۆیە بەشەو لە ناو بەفر و تۆف و باران و سەرمادا لە ڕێگەی (ئەروەنەق)ەوە بەرەو تەورێز کشایە دواوە و بەو جۆرە گوڵمانخانە کەوتە دەست هێزی شوکاک.

دوای گرتنی گوڵمانخانە هێزەکانی شوکاک ڕوویان کردە ناوچە گوندنشینەکانی (لکستان)ی سەلماس کە لەسەرەتادا هێرشیان بردە سەر (سلطان احمد) و دوای ئەوە بۆ سەر (قەرەقشلاق)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ناوچەکە زۆر ئازایانە دەستیان لێ کردنەوە و پەلاماریان دان هەرچەن نەشیانتوانی خۆیان بەرامبەر بە تۆپ و ڕەشاش بگرن، بەو جۆرە ئەو ناوچانەش کەوتنە دەست هێزەکەی سمکۆ کە

لەوەشــدا ژمــارەیەکی زۆر کــوژرا و ئەوی مــابوو بە ژن و منداڵەوە بەرەو ڕێگەی بەندەری (شرەفخانە) ڕێگەیان گرتەبەر بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن، بەلام بە هۆی بەفر و بارانەوە زۆریش لەوانە لەناو چوون.

بڵاوبووەنەوەی هـەواڵی پڕ مـەترسیی ناوچەی لکستـان هەستی خـەلکی تەورێزی بزواند و (سردار انتصار)ی جێگەی (عین الدولە) قشوونێکی بەرەو سەڵماس نارد و لەتارانیشەوە ئەفسەرێکی ڕوس بە ناوی (فیلیپوف)ەوە نێررا بۆ تەورێز و لەوێوە بۆ شرەفخانە.

فیلیپوف قشوونێکی لە هێزەکانی دەوڵەت و قازاق و سوارەی ناوچەکە پێک هێنا و لە سـەرەتای مانگی ڕەشـەمێی ١٣٩٨دا (بەرامبەر شوباتی ١٩٢٠) هێرشـبردنی هێزەکانی حکومـەت بۆ سەر کوردەکان دەستی پێ کرد و لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی ڕەشەمێدا هێزی دوڵەت سەرکەوت و سەڵماس ئازاد کرا.

ئیسماعیل ئاغا لەدوای ئەو تێکشکانە کشایەوە بۆ قەڵای (چهریق) بەڵام زۆربەی سەرۆکە کوردەکان لەوانەی کە بووبوون بە هاوکاری سمکۆ لەدوای ئەو شکانە لە سمکۆ دوور کەوتنەوە و بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەسە چووەوە بۆ ناوچەکەی خۆی و سرداری انتصاریش گەڕایەوە بۆ تەورێز و کاروباری بۆ (فیلیپوف) بەجێهێشت و ئەویش گەمارۆی (چهریق)ی دا و شەڕێکی خوێناوی لەنێوانی هەردوولادا ڕوویدا.

ساتێک سمکۆ ئەو سەرەنجامەی بینی تەلگرافێکی نار بۆ (عین الدولە)ی حاکمی تەورێز کە لە (زنجـان) دانەنیشت و لەو تەلگرافـەدا نیـازپاکیی خـۆی بۆ حکومـەت دەربڕیبـوو و وە عین الدولە کە ئەو تەلگرافەی پێ گەیشت دەسـتووری وەسـتاندنی شەڕی دەرکرد کە بەمە سمکۆ دەرگایەکی تازەی بۆ ڕزگاربوونی خۆی کردەوە و بوو بە هۆی ئەوەی لە جاران زیاتر چاوقایمی بکا و کوردی زۆری لە خۆی کۆکردەوە و سەرلەنوێ ناوچەی سەڵماس و ورمیە کەوتەوە دەست هۆزی شوکاک و بۆ مانگێکی تەواو عومەرخانی نوێنەری شوکاک دانیشتوانی ورمیەی تووشی سزا و ئەشکەنجە کرد و دەستی کرد بە سەندنی سەرانە و باج بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان.

لەناو گـوندەکـاندا بار و دۆخ لە هـی شـارەکـان خـراپتـر بوو، زۆریان بەناچاری ڕوویان کردە شـار و (حاجی مخبر السلطنە)ی والی ئازربایجان بۆ چارەسەری ئەوە ملک زادە و اسـد اقـاخانی کرد بە لێپرسـراوی بەرگریکردن لە زوڵم و زۆری شوکاک و ئوردووەکانیان ویستیان لە ڕێگای میاندواو و مەهابادەوە بچێتە ورمیە

بەڵام لەناکاو مەهاباد گیرا و ئەو جەندرمانەی کە لە مەهاباد بوون کوژران.

لەدوای ئەو ڕووداوە سەختە (ئەمیر ئەرشەد)ی کوڕی ڕۆستەم خانی حاجی عەلیلو کە لە سەردەمی وەلیعەهدی (مظفرالدین شاه)دا سەرۆکی تایەفەی (حاجی عەلیلو) بوو لە لایەن قوام السلطنەی سەرەکوەزیرانەوە کرا بە لێپرسراوی لەناوبردنی سمکۆ، لەو کاتەدا حاجی مخبرالسلطنە کە والی ئازربایجان بوو وە نێوانی ئەو و ئەمیر ئەرشەد باش نەبوو وە لەگەڵ یەکتری ناڕێک بوون.

ئەمیر ئەرشەد لە شرەفخانە هێزی خۆی ئامادە کرد و بڕیار وابوو (اقبال السلطنە) حاکمی (ماکۆ) دوای قشوونەکەی بکەوێ بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە هۆزی جەلالی تێکەڵاوی ئاژاوەکە بووبوون لەبەرئەوە لە ماکۆ مایەوە لەجیاتی خۆی کورەکەی نارد.

هەرچەند لەنێوانی سەرۆکەکانی کورددا یەککرتوویی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕ لە ناوچەی (شەکریازی) دەستی پێ کرد و سوپای کورد لەو شەڕەدا شکا و دووبارە پەنایان بردەوە بەر قەڵای چهریق. پاش ئەوە گوللەیەک لە ئۆردووی دەوڵەتەوە بەر ئەمیر ئەرشەد کەوت و کوشتی. بەو جۆرە ئۆردووەکەی ئەمیر ئەرشەد، کە جێگەی هیوای خەڵک بوو، تێکچوو سەرلەنوێ سوارەکانی سمکۆ دەستیان گرتەوە بەسەر ناوچەکەدا کە ئەمە هەتا کودەتای ٢٤ی ڕەشەمێی ساڵی ١٢٩٩هـ. (بەرامبە بە ١٩٢١ی میلادی) کە ڕەزاخان هاتە سەر کار درێژەی کێشا.

ڕەزاخان لەدوای چل و پێنج ڕۆژ بەسەر کوردەتاکەی لە ١٨ی مانگی گوڵانی ١٢٩٩دا یەکەم هێزی لەشکری بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ نارده ئازربایجان. لەو شەڕەدا هێزی کورد گەمارۆ درا، بەڵام ڕاپەڕینی لاهوتی لە تەورێزدا نیشەکەی داخست (نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب وەکو لەپێشدا لێی دواین ئەویش باسی ئەوەی لاهوتی کردووە.)، دوای ئەوەی لە لایەن (سرتیپ شیبانی)یەوە بزووتنەوەکەی لاهوتی لەناو برا ئیتر بڕیاری کۆتاییهێنان بە کێشەی سمکۆ خرایە بەرچاو.

دوای لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی لاهوتی هەواڵ بڵاو بووەوە کە کوردەکان لە جاران زۆرتر خەریکی خۆکۆکردنەوە و ئامادەبوونن و دەستیان کرد بە جموجووڵ و سید طە کە لە نەوەی شێخ عبیداللە بوو و هاوکار و ڕاوێژکاری سمکۆ بوو، بەشەو دای بەسەر هێزی دەوڵەتیدا و خاڵۆ قوربانی کوشت کە فەرماندەی دەوڵەتی بوو وە بە دوای ئەوەدا عەشایری گیلان تێک چوون و هەر یەکەیان بەرەو شوێنی خۆی گەڕایەوە.

هەواڵی کوشتنی خالۆ قوربان و بڵاوەلێکردنی ئۆردووی دەوڵەت هەڵوێستێکی تازەی هێنایە ئاراوە و ئەم جارە (سرتیپ جهانبانی) کرا بە لێپرسراوی دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەی ئازربایجاندا.

لەدوای کوشتنی سەردار ئەرشەد و خالۆ قوربانی و تێکچوونی ئۆردووی دەوڵەت، لە (طسوج) و (مەهاباد)دا سمکۆ لەڕادەبەدەر لە خۆی بایی بوو وە کوردەکانی ئازربایجانی بەتەواوی بە لای خۆیدا داشکاند.

پاش ئەوە شەڕ لەنێوانی هەردوولادا لە ڕۆژی عاشورای ساڵی ١٣٠١ی هـ. هەتاوی کە بەوپەڕی توندوتیژی دەستی پێ کردبوو، ئەو شەڕە شەو و ڕۆژێک درێژەی کێشا و ئەنجامەکەی بە تێکشکانی هێزی کورد کۆتایی هات و ڕایان کرد بۆ چهریق و هێزی دەوڵەت دوای ئەوەی بە (مشیوداغ) و (قزل داغ)دا تێپەڕین چوونە ناو شاری سەلماس و گرتیان و لەوێوە بێ وەستان ڕوویان کردە قەڵای چهریق و لەوێوە ڕوویانکرد ناو خاکی تورکیا (کە لەمەدا ئیشارەتی بۆ کتێبەکەی علی دهقان کردووە.)

نووسەرێکی ناسراوی ئێرانی حسین مکی لەکتێبەکەیدا (تاریخ بیست سالەی ایران) لە لاپەڕە (٤٤٦)دا دەربارەی پشێوی ئازربایجان لەو ڕۆژانەدا نووسیویەتی:[٥١] "ڕۆژی هەشتەمی بورجی سرطان دەوڵەت بڕیاری دا ئەو پشێوییەی کە لە ئازربایجاندا هەبوو ڕەگ و ڕیشەی دەربێنێت و دەوڵەت داوای لە وەزارەتی جەنگ کرد (کە ڕەزاخان بوو.) هێزی تەواو بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکا و ڕۆژی نۆی بورجی سرطان هێزی قوزاق و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئێرانی و سویدی (مەبەستی لیندبورگ بووە.) نێرران بۆ ئازربایجان بۆ ئەوەی کاروباری ئەو ناوچەیە بگرێتە دەست و سەرۆکی وەزیران داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە ئیتر دەستبەرداری ئەوە بێت کە یارمەتی ئیسماعیل ئاغا بدات.

لەگەڵ ئەو دەستکورتی و نەبوونی داراییەی حکومەتدا توانرا پارە و پووڵی پێویست بۆ سەرگرتنی ئەو پرۆگرامە تازەیەی ئازربایجان ئامادە بکرێت و سیمتقو لەو ڕۆژانەدا بەهاوکاریی سید طە نزیکەی سێ هەزار چەکداریان هەبوو جگە لە چەند سەربازێکی ڕاکردووی سوپای عوسمانی کە نزیکەی چوار سەد نەفەرێک دەبوون کە هاتبوونە لای سمکۆ و لەژێر سایەی ئەوا کاریان دەکرد. چەکی سمکۆ بریتی بوو لە دوو ئارابە تۆپی شاخی کە دروستکراوی کارخانەی (کروپ)ی

ئەڵمانی بوو لەگەڵ سێ مەترەلۆزدا کە لە لایەن ئەفسەرەکانی عوسمانیەوە کە لای سمکۆ بوون بەکار دەهێنران.

لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی لەنێوانی حکومەت و یاخیبووەکاندا (مەبەستی کورد بووە.) ڕوویدا، اقبال السلطنه (کە مخبرالسلطنەی نووسەری کتێبی خاطرات و خطرات بوو و لە پێشدا باسمانکردووە وتبووی حاکمی ماکۆ بووە.) توانی بە هێزەکانی خۆی و بە هاوکاریکردنی ئۆردووی ژاندرمە ڕووبەڕووی هێزەکەی سمکۆ ببنەوە.

لەبەرئەوەی سمکۆ و هاوکارەکانی ئاگاداری ئەوە بوون کە حکومەت خۆی ئامادە دەکرد کە لەناویان ببات لەبەرئەوە سمکۆ و هێزەکەی لە جنوب و شیمالی غەربی دەریاچەی ورمیەوە دەستیان کرد بە پەلاماردان، بەڵام هێزی سوپای حکومەت هێزەکەی سمکۆی شکان و سمکۆ ئیتر دوای ئەوەی نەیتوانی خۆی بەرامبەر بە سوپا ڕابگرێت و هێزی دەوڵەت ڕۆژی ۲۳ی سرطانی ۱۳۰۰ی هجری شمسی لەدوای شەڕێکی خوێناوی هێزەکەی سمکۆ شکا و پاشەکشەی کرد.

دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ، کریس کوچرا، تەرجەمەی محمد ریانی، لە لاپەڕە (۸۸)ی کتێبەکەیدا ئەڵێ:(۱۸) "سمکۆ لەدوای کوشتنی مارشمعون لە ساڵی ۱۹۱۸دا وردە وردە هێزی پەرەی سەند و توانی لەپاش شەڕێکی قورس لەگەڵ لەشکرەکانی ئێراندا بەسەر زۆربەی وڵاتی کوردستاندا زاڵی ببێت، واتە لە دەوروبەری کەناری دەریاچەی ورمیەوە هەتا سنووری تورکیا ئەو ناوچانەی هەموو داگیرکرد.

ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە، هاوکات لەگەڵ تەسلیمبوونی تورکەکان (مەبەستی شکستی عوسمانی بووە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا.) لە ئۆکتوبەری ساڵی ۱۹۱۸دا کە تەواوبوونی شەڕی سەلماند.

ڕاپەڕینی سمکۆ لەگەڵ لەناوچوونی زنجیرەی بنەماڵەی پادشایەتی قاجار لە ئێراندا هاوکات بووە و ئەوەی ڕوون بۆتەوە ئەوەیە ئەو کاتەی لە سەرتاسەری خاکی ئێراندا هەموو چەکدارەکانی وڵات لە (۱۲) هەزار و قوزاقەکان لە (۷) هەزار کەس تێپەڕی نەکردووە کە خەرجییان لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیز و ڕووسەوە دەدرا.

هەتا ئەو کاتەی ڕەزاخان لە ساڵی ۱۹۲۱دا کوودەتاکەی کرد، سەربازە قوزاقەکانی ئێران لەژێر فەرماندەی ئەفسەرە بێگانەکاندا بوو، واتە ڕووسە سپییەکان مەشقیان پێ دەکردن و خەرجی ئەو ئەفسەرانەش هەر لەلایەن حکومەتی

بریتانیانەوە دەدرا کە لەڕاستیدا تەواوی دەرامەد و مالیات و خەراجیاتی ئێران لەژێر چاودێری ئینگلیزەکاندا بوو.

حکومەتی ئێران بە هەموو زەبروزەنگی خۆیەوە هەولی ئەوەی ئەدا سمکۆ لەناو بەرێت وە بۆ کوشتنی سمکۆ بە فێڵ و تەڵەکە بەستەیەکی بۆ نارد (قوتووی شیرینی مەبەستە.) بەلام ئەو بەستەیە کە بریتی بوو لە بۆمب لەکاتی کردنەوەیدا تەقی و چەند کەسێکی لە سەرۆکەکانی شوکاک و یەکێک لە براکانی سمکۆی لەناوبرد، بەلام سمکۆ لەو پیلانە ڕزگاری بوو.

لە سالی ١٩١٩دا سمکۆ شاری ورمیەی ئابلوقە دا، حکومەتی ئێران سەرهەنگ (فیلیپوف)ی ڕوسی کە سەرۆکی قازاقەکانی ئێران بوو وە لە قشوونی ئێراندا خزمەتی دەکرد لە ڕێگای شەرەفخانەدا نێررایە سەر ئیسماعیل ئاغا وە پیاوە چەکدارەکانی سمکۆ هەتا (چەریق) پاشەکشەی کرد، بەلام لەناکاو داوای لە سمکۆ کرد کە دەست بکەن بە وتوێژکردن وە لەکاتی وتووێژکردنندا فیلیپوف پێی ڕاگەیاندا کە نایەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر ورمیە و ئەیەوێ بگەڕێتەوە.

دوای ئەوە سمکۆ وردە وردە مەلبەندی ورمیەی گرت و لە سالی ١٩٢١دا هەتا ناوەڕاستی سالی ١٩٢١ ناوچەکە لە هێمنی و ئارامیدا بوو، بەلام قشوونێکی تازە لەتەورێزەوە کەوتە ڕێ کە ئەو هێزە لە ناوچەکانی تارانەوە هاتبوو.

بەو جۆرە ناوچەکانی کوردستان ئاژاوەی تیادا پەیدا بوو، بەلام بەرلەوەی ئەو هێزەی ئێران بگاتە ناوچەکە سمکۆ شاری مەهابادی دەورە دا و خەریکی گرتنی بوو.

کریس کوچرا لە لاپەڕە (٩١)دا لەسەر باسەکەی ئەڕواو و ئەلێ: لەدوای داگیرکردنی سابلاخ لەلایەن سمکۆوە، هێزی دەولەتی ئێران لە ئازربایجاندا چووە ژێر فەرمانی خاوەن مەنسەبێکی سوید کە ناوی سەرهەنگ (لوئیدبیرگ) بوو. بێجگە لەوەش هێزێکی دیکە لەژێر ئەمر و فەرمانی سەرۆکێکی ئێرانی کە ناوی (ئەمیر ئەرشەد) بوو کە قشوونەکەی بریتی بوو لە چریک و پارتیزانی خەلکی ناوچەی ئازربایجان کە بە هەموویان پتر لە دوو هەزار کەس دەبوون، ئەو هێزە هێرشێکی بردە سەر چەکدارەکانی کورد و سمکۆ لە قەراغ شاردا هێرشکەی ئێرانی تێک شکاند و پتر لە دوو سەد کەسیشی لێ کوشتن و ئەمیر ئەرشەدیش کوژرا و پاشماوەی هێزەکەی ئێران بە ئالۆزی و شکاوی پاشەکشەی کرد بۆ دواوە.

ئەو هێزە ڕێکوپێکەی لەژێر فەرماندەی لوئیدبرگی سویدیدا بوو، ژاندرمەکانی ئەو هێزە بە چەک و جبەخانەی ئینگلیز پڕچەک کرابوون، بەڵام ئەسباب و یەدەکی شەڕ کە بۆ پشتیوانیکردنی هێزەکە دانرابوو بریتی بوو لە چەکی فەرەنسی یا ساز و بەرگی ڕوسی بوو.

دوو هێزی دیکەی دەوڵەتی، کە یەکێکیان لە ناوەڕاستی مانگی نوڤمبەری ساڵی ١٩٢١ هەتا مانگی دیسمبەری هەمان ساڵ بەرگری لە شاری (خۆی) کرد و هەر لەوێدا مایەوە. هێزەکەی تر هێرشی بردە سەر ناوچەی (قەرەتەپە)، بەڵام هەردوو هێزەکە بەرامبەر هێزەکەی ئیسماعیل ئاغا شکان و کشانە دواوە.

لەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە وەدەست سمکۆ کەوت و حورمەت و ڕێزی سمکۆ لەناو عێل و عەشرەتە کوردەکانا و لەناو خەڵکی کوردا بەتێکڕایی زۆر بەرز بووەوە و گەورەکان سەریان بۆ دانەواند.

سەرەنجام ولات و مەڵبەندێکی کە ئیسماعیل ئاغا توانیبووی بە هێز و دەسەڵاتی خۆی داگیری بکات بریتی بوو لە ناوچەی باشووری دەریاچەی ورمیە هەتا شاری (خۆی) و وە لە شمالیشەوە بۆ لای جنوب هەتا شاری (بانە).

هەر بەو جۆرەش سید طەی برای خێزانەکەی سمکۆ، ولاتی ناوچەی (بیرەکەپرە) هەتا ناوچەی (زێبار)ی لەژێر دەستدا بوو وە بەڕێوەی دەبرد.

## شەڕی میاندواو لە ئاوریلی ساڵی ١٩٢٢

نووسەر لە لاپەرە (٩٩)دا ئەڵێ:(١٨) سەرلەشکر شیبانی فەرماندەی هێزی تازەی نیزامی ئێران لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٢٢دا هاتە شاری تەورێز وە مەبەست لەو هاتنە ئەوە بوو کە ناوچەی کوردستان لە ڕوانگەی نیزامییەوە هەڵسەنگێنێت و باری کارەساتەکەی سووک بکات.

لە مانگی ئاوریلدا ١٩٢٢ ئەو مەبەستەی بەجێ گەیاند، واتە (٥٠٠) چەکداری سەربزێوی سەرکێشی خەڵکی (گیلان)ی لەژێر فەرماندەی خاڵۆ قوربانی دانا کە هێرش بەرێتە سەر شاری مەهاباد، کە ئەو هێزە ڕووی کردە مەهاباد، ئیسماعیل ئاغا لەپێشدا دەستی لێوەشاند و هێزەکەی ئێران تێک شاک و خاڵۆ قوربان لەو شەڕەدا کوژرا.

ڕێنسپییەکانی مەهاباد دەگێڕنەوە کە خاڵۆ قوربان بە دەستی کاک سوارەی

مەنگوڕ لە دێی ئەندرقاشدا کوژرا.

کە ساتێک خاڵۆ قوربان کوژرا، فۆلکلۆرێک بەسەر زمانی خەڵکەوە بوو کە ئەیانوت:

ئافەرین سوارەی ئەسلە مەنگوڕی    لنگی دا خاڵۆ، خاڵۆ زگ دری

خالە قوربانیی ڕدێن پاش و پێش    هەستە لە خەوێ............

خالە قوربانی ڕدێن کلکە کەر    هەستە لە خەوێ مەنگوڕت هاتە سەر.

(بەڵام کاک کەریی حسامی لە نیوە دێڕی دواییدا ئەڵێ فۆلکلۆرەکە بەم جۆرە بووە هەستە لە خەوێ سمکۆت هاتە سەر.)

کریس کوچرا ئەڵێ: ئیتر هێرشی دیکەی دەوڵەت سێ مانگ دواکەوت و سمکۆش کە لە کەمیندا بۆیان وەستا بوو، هێزەکەی خاڵۆ قوربان لە یەک پچڕابوو و بڵاو بووەوە و وازیان لە شەڕ هێنا و پرش و بڵاوبوونەوە و هەتا ماوەیەک واز لە بەرەنگاربوونەوەی کورد هێنرا.

ڕەزاخانی وەزیری تازەی شەڕ بە وابەستەی نیزامی ئینگلیزی ڕاگەیاند (مەبەستی ملحقی عسکری ئینگلیز بووە لە باڵیوزخانەی ئینگلیز لە تاران) کە دەوڵەتی ئێران تووشی گێچەڵێکی زۆر زل بووە، لەبەرئەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە پێویستی بە پارە و پوول هەیە و پێی وت: ئەگەر ئەو یارمەتیدانەی زوو دەستگیر ببێت ئەتوانێت لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا هێزی سمکۆ بشکێنێت و تەفروتوونای بکات.

ئەوەی کە زۆر ڕەزاخانی سەغڵەت کردبوو ئەیدەتوانی لەگەڵ سمکۆدا ڕووبەڕوو ببێت بریتی بوو لەوەی ئەو هێزەی کە لە (سنە) بوو، (٤٠٠) پیاوی کەمچەک و بێ ساز و بەرگ، فیشەکی کۆن کە بۆ تفەنگی ڕوسی لە قشوونی ئەسفەهاندا ئامادە کرابوو لەگەڵ ئەو فیشەک و تفەنگانەی هێزی دەوڵەت کە لە کوردستاندا بوو لێک جیاواز بوو، سمکۆش لەو ڕۆژانەدا زۆر باشی بۆ هاتبووە بپێش و کاتێکی لەباری بۆ هەڵکەوتبوو، هەرچەند لە بابەت ساز و بەرگی هێزدا زۆر تەیار نەبوو، بوغز و کینەی هەندێ کەس و هەواڵدەرەکان بە حکومەت ڕێگەی لە کارەکانی گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی دەسەڵاتی خۆی هەتا ناوچەکانی خوارووی کوردستان پەرە پێ بدات و بەرگریشی لێ بکا.

مانگی ژوئیە (تەموز)ی ساڵی ١٩٢٢ هەمو تەدارەکاتی تاران ئامادە کرابوو،

خاوەن مەنسەبی تازەی ئێران کە سەرلەشکر (جهانبانی) بوو، لەشکری گاردی تاران و هێزی تەوریزیشی لەژێر فەرماندەدا بوو، ئەو هێزەی لەتارانەوە هات و بە هەموویان لەگەڵ تەوریزدا هێزێکی گەورەی ئازربایجانی پێک هێنا بوو، بێجگە لەوە هێزێکی تری ئەرمەنی کە لەژێر فەرماندەی خاوەن مەنسەبێک کە ناوی (بەگزورابوف) و کۆنە ئەفسەری زەمانی تزاری ڕوس بوو، ئەویش ئامادە بوو.

بەو پێیە ژمارەی هەموو هێزەکان بریتی بوو لە هەشت هەزار کەس کە لە ژووروری دەوروبەری گۆلی ورمیەدا جێگیر بووبوون.

کە ئەو هێزە لە (٢٣)ی ژوئیە (تەموز)ی ساڵی ١٩٢٢دا بۆ لای شاری سەلماس وەڕێ کەوت (وەرگێڕی کتێبەکە مامۆستا محمد ریانی لە پەراوێزی لاپەڕە (١٠١)دا نیشارەتی بۆ کتێبەکەی تمدن کردوە وەکو سەرچاوەیەک (تاریخ رضائیە) کە لەو کتێبەکەدا تمدن ژمارەی سەرباز و چریکەکانی بە پتر لە پازدە هەزار کەس تۆمارکردووە کە ئەو هێزە هەمووی بە جارێک هێرشی بردبووە سەر سمکۆ).

## شەڕی (شەکریازی) لە (٢٥)ی ژوئیەی ساڵی ١٩٢٢دا:

کریس کوچرای نووسەر لە باسی ئەم شەڕەدا نیشارەتی بۆ کتێبەکەی حسن ارفع کردووە وەکو سەرچاوەیەک و ئەڵێ: شەڕی ئەو مەڵبەندە زۆر قورس بوو کە لە (٢٥)ی ژوئیەدا لە (شکریازی) دەستی پێ کرد. کوردەکان چوار جار هێرشیان بردە سەر هێزی پیادەی ئێران و توانییان خۆیان بگەیێننە ناوجەرگەی هێزی پیادەی نیزام. شەڕ گەیشتە ئەوەی بە خەنجەر و شمشێر بکرێت و زۆر ئازایانە لە هێزی ئێرانیان دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرنەکەوتن و ناچار بوون پاشەکشە بکەن.

گوللەتۆپی کوردەکان کە دەنگی دەهات و دەهاوێژرا زۆر چاک بەر نیشانەکان دەکەوتن و نیشانگرەکان تورک بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی گوللەکان نەدەتەقین و سەرنەجام کوردەکان لە پاشنیوەڕۆدا گەڕانە دواوە و پاشەکشەیان کرد.

سمکۆ لەو شەڕەدا دە هەزار کەسی لەگەڵدا بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا لە هەزار کەس بەولاوە کەسی تری لەگەڵدا نەمایەوە کە ئەویش بریتی بوو لە عەشرەتەکەی خۆی کە هەتا دوایی لەگەڵیدا مابوونەوە.

بەو جۆرە سمکۆ بەرامبەر بە هێزی ئێران شکا و شاری ورمیە کە ماوەی چوار ساڵ بوو لەژێر دەستیاندا بوو ئێرانییەکان گرتیانەوە.

دوای ئەوە هێزی ئێران ڕووی کردە (چهریق) کە بنکەی هێزەکەی سمکۆ بووە، سمکۆ لەوێش کشایە دواوە و ناچار بوو ڕووی کردە سنووری تورکیا و تورکەکان ویستیان چەک لە چەکدارەکانی کورد بسێننەوە.

## شەڕی (ساری تاج) مانگی ئوت (ئابی) ١٩٢٢:

سمکۆ هێرشی بردە سەر ئەو هێزەی ئێران کە هەتا سنووری تورکیا دوای کەوتبوو لە شوێنێکدا کە پێی وتراوە (قەلەڕەش) و ئەو هێزەی ئێران ناچار کرد بگەڕێتە دواوە، بەڵام لەو کاتەدا کە لە هەزار پیاو زیاتری لەگەڵدا نەمابوو، هێزی گەورەی نیزامی ئێران بۆ یارمەتیدانی ئەو هێزە کشاوە گەیشت کە تاقمێکیان تۆپخانەیان لەگەڵدا بوو، وە کوردەکان ئیتر ناچار بوون و پەنایان بردە بەر کێوی (ساری تاج) و لەولاشەوە هێزی تورک پەلاماری سمکۆی دا و پاش ئەوەی شەڕێکی قورس ڕوویدا هاوڕێکانی سمکۆ لەلایەن تورکەکانەوە چەک کران.

دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ، مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا ئەڵێ:(٢٨) "بە کۆتاییهێنان بە شەڕی یەکەمی جیهان، کۆتایی هێنرا بە بوونی سوپا و هێزی تورک لە ناوچەکانی ئازربایجاندا، بەڵام لەو ڕۆژانەدا حکومەتی ئێران لاواز بوو، کەمدەسەڵات بوو، بۆ بەهێزکردنی خۆی حاکمێکی تازەی نارد بۆ تەورێز و ورمیە بەڵام بەوەش هەر نەیتوانی ئاسایش لەناوچەکەدا بەرپا بکات و دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بریتی بوو لە سمکۆ کە لەلایەن هەندێ کاربەدەستانی عوسمانییەوە بەهێز کرابوو، بەشێکی زۆر لەو سەربازانەی عوسمانی کە هێزەکەی عوسمانی کشایەوە هەستێکی ناسیونالی پاڵی پێوەنان کە نەگەڕێنەوە بۆ تورکیا و ئەوانەی کورد بوون چوونە پاڵ سمکۆ و ئەوانەی تریش کە کورد نەبوون هەروەکو کرێگرتەیەک نەگەڕانەوە و چوونە لای سمکۆ و ئەویش پارەی دانێ و ژنی بۆ هێنان و خێزانی بۆ پێکەوەنان.

هێزەکانی سمکۆ بە چەکی قورسەوە (کە هەندێکیان لە ڕوسەکانەوە دەست کەوتبوو)، وە بە ڕەشاشەکانیانەوە بەئاشکرا دیار بوو کە زۆر لەو سەربازە نەشارەزایانەی ئازربایجان فێرکراوتر و شارەزاتر بوون.

سمکۆ لە جاران زۆرتر درێژەی بە هێرشکردن و تاڵانکردنی ناوچە دەشتاییەکان ئەدا و حکومەتی ئێرانیش بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی نەبوو، نەیئەتوانی ڕێگەیەکی وا

بدۆزێتەوە سمکۆ بهێنێتە ژێر بار و دەسەڵاتی خۆیەوە.

حاکمی ورمیە کە (سردار فاتح) بوو ئاگاداری ئەوە بوو کە سمکۆ لە قەڵا سەختەکەی خۆیدا لە (چهریق) خۆی قایم کردبوو، ئەو قەڵایە کەوتبووە باشووری رۆژئاوای دیلمان و سردار فاتح بارەها هەوڵی دا کە لە ڕێگەی ئاشتییەوە سمکۆ بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و سمکۆش ئەو هەڵوێستەی سرداری فاتحی بە لاوازی و کەمدەسەڵاتی حکومەتی ئێران لێک دابووەوە و تەنانەت پەرەدان بە سەندنی باج لەو شوێنانەی تر کە جاران دەسەڵاتی بەسەردا نەبووە (بێگومان سمکۆ وەکو کاربەدەستێکی ناوچەکەی خۆی حسابی بۆ هێزەکەی کردووە کە پێویستی بە پارە و دەرامەت هەبووە و بۆ ئەوە باجی سەندووە لە خەڵک هەروەکو ئەو باجەی کە حکومەتی ئێران دەیسەند کە حکومەتی ئێران ئەوەی سمکۆی بە تاڵانکردن داناوە، وە بە لای سمکۆوە ئەو باجسەندنە شتێکی پێویست و ناچاری بوو) وە مکرم الملك بەرامبەر بەوە بۆ لەناوبردنی سمکۆ ڕێگەیەکی تری گرتە بەر و بۆمبایەکی لەناو قوتووی شیرینیدا بە دیاری بۆ نارد بەڵام سمکۆ بەو پیلانەش هەر لەناو نەچوو.

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لەکاتێکدا سمکۆ زەمینەی بۆ سەربەخۆیی ئامادە دەکرد، لە مانگی شوباتی ١٩١٩دا کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ سەرۆکە کوردەکاندا پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا بەو سەرکردانەی ڕاگەیاند کە پێویستە ڕاپەرینێک ساز بکرێت، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە جارێ چاوەڕوانی هەڵوێستی دەوڵەتان بکەن و هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکانیان بۆ ڕوون بێتەوە ئەوسا دەست بە کار بکەن.

سید طە لەگەڵ سمکۆدا هاوکاریی ئەکرد بەبێ ئەوەی سوودی تایبەتیی خۆی مەبەست بووبێت لەوەدا و سید طە لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩دا چووە بەغداد بۆ ئەوەی لایەنگری و پشتیوانیی حکومەتی بریتانیای دەستگیر ببێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، سمکۆش بە سید طەدا نامەیەکی ناردبوو بۆ (ا.ت. ویلسن)ی حاکمی گشتی بریتانیا و ئەویش داخوازییەکەی وەکو ئەوەی سید طەی خستبووە بەر چاوی ئینگلیزەکان بەڵام هەردووکیان وەڵامێکی ئەوتۆیان لەو ڕووەوە دەستگیر نەبوو.

سەرچاوە ئەرمەنییەکان سمکۆ و سید طەیان بەوە تاوانبار دەکرد کە لەگەڵ ئەوەدا هەردووکیان هەوڵیان ئەدا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پێوەندی بکەن، لە هەمان

کاتیشدا لەژێرەوە لەگەڵ تورکە ناسیونالیستەکانیشدا پێوەندی هەبوو. ناسیونالیستە تورکەکان ئەیانویست سوود لە سمکۆ و سید طە وەربگرن بۆ ئەوەی بەربەرەکانیکردنی گەڕانەوەی ئەرمەنییەکان بە هۆی ئەوانەوە بکەن و ڕێگە نەدەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی ئەنادۆڵی ڕۆژهەلات و بەرامبەر بەوە بەڵێنیان پێدان کە یارمەتییان بدەن.

مارتن ئەڵێ: لە ساڵەکانی دوای ساڵی ١٩١٩ش هەردوو سەرکردە کوردەکە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ تورکیش و ئینگلیزەکانیشدا هەر دەپاراست.

لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆبوونەوەیەی کە سمکۆ لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا کردبووی و بڕیار درابوو چاوەڕوانی هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان بکەن، سمکۆ بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی بڕیاری سەرۆکعەشیرەتەکانی تری کورد بکات پەلاماری شاری (دیلمان)ی دا و تالانی کرد و ئابڵوقەی شاری ورمیەی دا و بەشێک لە دانیشتووە ئازەرییەکانی شارۆچکەی (لکتان) بە دەسەڵاتدارێتیی سمکۆ قایل نەبوون و باجیان نەئەدایە و لەئەنجامی ئەوەدا سمکۆ ڕووبەڕوویان بووەوە و کوشتارێکی زۆری لێ کردن و ئەوی توانی خۆی دەرباز کرد و خۆی گەیاندە (شەرەفخانە) کە لە لێواری باکووری دەریاچەی ورمیەدا بوو. بە درێژایی پاییزی ساڵی ١٩١٩ سمکۆ ناوچەکانی باکووری دەریاچەی ورمیەی خستە ژێر دەستی خۆی.

لەو کاتەدا فەرماندەیەکی تازەی سوپایی بە ناوی (انتصار) نێررا بۆ تەورێز و دەستی کرد بە ڕێکخستنی هێزێکی چەکدار لە جەندرمە و قوزاق و سەربازی پەراگەندە و بەربلاوی ئازەری کە ئەم هێزەی خستە ژێر دەسەڵاتی (فیلیپوف) کە کۆنە ئەفسەرێکی قوزاقی ڕوس بوو لەتارانەوە نێررابوو. ئەو هێزە توانی هێزەکەی سمکۆ ناچار بکات بکشێتە دواوە و زیانێکی زۆری پێ گەیەنرا و سمکۆ ناچار کرا کە بگەڕێتەوە بۆ قەڵا سەختە شاخاوییەکەی لە (چهریق) و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی بەجێیان هێشت و هەندێک لەو کۆنە سەربازانەی عوسمانیش کە لای بوون بەجێیان هێشت.

بەڵام لەجیاتی ئەوەی فیلیپوف درێژەی بە شەڕەکەی بدا و سمکۆ ناچار بکات بەبێ هیچ مەرجێک خۆی بدات بە دەستەوە، دەستی کرد بە وتووێژکردن لەگەڵ سمکۆدا و هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە سمکۆ تالانییەکانی لکستان

بداتەوە بە خاوەنەکانی و ئەو سەربازانەی عوسمانی کە لای سمکۆ مابوون هەموویان دەر بکا و بیاننێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان و هەموو چەکەکانیشی بداتە دەست کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران.

بەڵام ئەو بەڵێنانەی سمکۆ دابووی هیچی بەجێ نەهێنا و ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کە سمکۆ دووبارە لای کوردەکان بە دەسەڵاتدارێکی بەهێز تەماشا دەکرا.

بەدرێژایی ساڵی ١٩٢٠ سمکۆ سەرلەنوێ دەسەڵاتی بەسەر دەشتی ورمیە و سەڵماس و باشووری ناوچەکەی خۆیدا گرت.

سمکۆ لە شاری ورمیەدا پیاوی تایبەتی خۆی کرد بە بەڕێوەبەری شار و خەڵکێکی زۆر لەژێر فشاری سمکۆدا بوون کە ئەمەی بۆ ئەوە ئەکرد چەک و پارەی دەستگیر ببێت بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی خۆی.

ڕۆژێک لە باخێکدا بە هەزاران کەسی خەڵکی شار لە هەموو چینەکانی ورمیە کۆ ئەکەنەوە و داوای ئەوەیان لێ ئەکرێ کە ئەبێ چل هەزار تفەنگ و چل هەزار لیرەی ئاڵتوون کۆ بکەنەوە و بیدەنێ (کە وا دیارە مارتن ڤان برونسون باسی ئەو چل هەزار تفەنگەی لە کتێبەکەی سروان کاویان احمد پوور (تاریخ رضائیه) وەرگرتووە، کە بەر لەمە بە دووردرێژی باسی ئەو کتێبەمان کرد، بەڵام ئەوەی مارتن ڤان برونسون چوار هەزار لیرەشی خستۆتە سەر، کە لەڕاستیدا داواکردنی چل هەزار تفەنگ مانای ئەوە بووە سمکۆ چل هەزار پیاوی هەبوو بێ کە هەموو سەرچاوەکان باسیان کردووە کە ژمارەی چەکدارەکانی لە (٦-٧) هەزار کەس تێپەڕی نەکردووە کە هەر ماتن ڤان برونسون دانی بەوەدا ناوە کە ژمارەی چەکدارەکانی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا بریتی بووە لە (١٥٠٠) کەس و لام وایە ئەوەی کە داوا کراوە چوار هەزار تفەنگ بووە نەک چل هەزار کە کاک کەریمی حسامیش هەر بە چوار هەزار تفەنگ باسی کردووە.)

مارتن ڤان برونسون لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئەو جەندرمانەی لەلایەن کاربەدەستانی تەورێزەوە نێررابوون بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی لەلایەن کوردەکانەوە بە بارمتە گیرابوون بە تێکشکاوی گەڕانەوە بۆ پشت (شرەفخانە) و ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە لایەنگرانی سمکۆ جارێکی تریش پەرەبسێنن و سەرکەوتنەکانی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا هەتا ئەهات کوردی هان ئەدا کە بچنە لای سمکۆ و بەو جۆرە ژمارەی چەکدارەکانی لە هەزار و پێنج سەد کەسەوە لە هاوینی ئەو ساڵەدا گەیشتە

نزیکی چوار هەزار وە لە وەرزی پاییزدا گەیشتە نزیکی دە هەزار.

هەروەکو زانرابوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا لە دانیشتنەکانی شورای سەرۆکەکانی کورددا بە سەرکردایەتی سمکۆ کە نەک عەشیرەتە گەورەکانی ئازربایجان وەکو هەرکی و بەگزادە و حیدرانلی و شوکاک ئامادە بووبوون، بەڵکو سەرۆکەکانی کۆنفیدراسیونی ئەرتووش و وە عەشایری دیکەی ناوچەکانی هەکاریش هاتبوون و بەشدارییان کردبوو.

وایان ئەگێڕایەوە کە سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٠دا (خان ئەحمەد خان) ناوێکی کردبوو بە سەرۆکی هەرکییەکان وە ئەو بڕیارەی سمکۆ لەلایەن ئەو عەشیرەتە گەورەیەشەوە قبوڵ کرابوو (مەبەستی ئەوەیە ئەمە نیشانەی دەسەڵاتداریتی سمکۆ بووە.) وە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢١دا ناوچەی دەسەڵاتی سمکۆ هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێیەی ئەگرتەوە و لەوێشەوە بەرەو باشوور ئەڕۆیشت هەتا بانە و سەردەشت و هەندێک لەو شوێنانەی ژووروی ڕۆژهەڵاتی عێراقیشی ئەگرتەوە کە لەو ڕۆژانەدا ئینگلیز و تورکە کەمالییەکان لەسەر داگیرکردنی ئەو شوێنانە لە بینبڕکێدا بوون.

بێجگە لە هەموو کونفیدراسیونی شوکاک و هەرکی و مامش و دیبوکری و مەنگوڕ و پیران و زرزا و گەورک و فیض اللەبەگی، عەشیرەتەکانی پژدەر و هۆزە بچووکەکانی دەوروبەری (بانە)ش لەگەڵ سمکۆدا بوون و لە ئوکتوبەری ساڵی ١٩٢١دا هێزی سمکۆ گەیشتە سابلاخ کە هەتا ئەو کاتە هەر بە دەست سەربازەکانی حکومەتی ئێرانەوە بوو.

لەو شەڕەی سابلاغدا دووسەد کەس لە هێزی ژاندرمەی ئێران لەلایەن تاقمەکەی سمکۆوە کوژران و، (١٥٠) کەسیش بریندار بوون، کە شارەکە داگیرکرا دەست کرا بە تالانی لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیشتوانی سابلاغ هەموو کورد بوون بە پێچەوانەی دانیشتوانی ورمێیە و دیلمان. ئەو تالانییە بوو بە هۆی بێزاربوون و نارەزایی ناسینالیستەکانی کورد و ای لێ هات کە هەندێکیان بوون بە لایەنگری دوژمنانی سمکۆ.

ساتێک ئەو گلەیی و بێزارییە لەلایەن یەکێکی ناسراوی شاری سلێمانی خرایە بەردەم سمکۆ (مەبەستی مصطفی پاشای یامولکی بووە کە بەرلەمە بە دوورودرێژی باسی گفتوگۆکەی ئەو و سمکۆمان کرد و سمکۆ هۆی ڕوودانی ئەو تالانییانەی ناو

سابلاغی بۆ مصطفی یامولکی ڕوون کردبووەوە.) سمکۆ لەوەرمدا پێی وتبوو:

هۆی یەکەم ئەوە بوو کە ژاندرمەکانی ناوشار ناچاریان کردین پەلاماری ناوشار بدەین بۆ ئەوەی دەریان بکەین و ساتێک چووینە ناوچارەوە ئیتر جڵەو لە دەست دەرچوو وە شتێکی ئاسان نەبوو کە بتوانرێ ڕێگەی ئەو تالانیکردنە بگیرێت. دووهەم: هەڵوێستی هێزەکانی دیبوکری و مەنگوڕ دۆستانە نەبوو بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لێیان دڵنیا بین و لێیان کەوتبووینە گومانەوە.

مارتن لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: سابلاخ کرا بە پایتەختی سمکۆ، بەڵام خۆی لەوێ دانەدەنیشت و سەرۆکی عەشیرەتێکی لایەنگری سەربەخۆی کە همزاغای مامش بوو کردی بە فەرماندەی شار (مەبەستی مەهاباد بووە.) و شارەکانی تری ئازەری وەکو میاندواو، مەراغە، بناو، کە لەمانە لە هەموویانەوە نامەیان ناردبوو بۆ سمکۆ و ئیتاعەتی خۆیان بۆ حکومەتی سابلاخ دەربڕیبوو (دوکتۆر کەمال مەزهەر وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمانکردووە، وتویەتی: قازی فەتاحی بەناوبانگ کە برابچووکی باپیری قازی محەمەد بووە لەو هەڵوێستەدا هاوکاری سمکۆ بووە.)

مارتن لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: سەرکەوتنی هێزەکانی سمکۆ بەسەر هێزەکانی حکومەتدا هەتا ئەهات ئەبوو بە هۆی ئەوەی لایەنگرانی سمکۆ لە پەرەسەندندا بن و لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٢دا دەسەڵاتی گەیشتە ئەوپەڕی کە لەلای ڕۆژهەڵات و باشوورەوە ئەگەیشتە شاهین قەڵا و شاهین دز و سەقز سەرەڕای ئەوە پێوەندییەکی بەهێزیشی هەبوو لەگەڵ هۆزەکانی باشور کە ئەگەیشتە ناوچەی مەریوان و هەورامان و هەندێ جار ئەگەیشتە لورستان کە پشتیوان و لایەنگری بوون، و بەو جۆرە گەلێک لە سەرۆکعەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا و عێراقیش پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵدا پەیدا کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە پیلان و پرۆگرامێک ساز نەکرابوو بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی ئەو هاوکاریکردنەیان.

پاش ئەو سەرکەوتنانە، هەڵوێست گەیشتە ڕادەیەک کە حکومەتی ئێران بیر لەوە بکاتەوە کە لەو ڕۆژانەدا خودموختاری بدات بە کورد چونکە بۆی دەرکەوتبوو کە لەتوانایدا نەبوو بەئاسانی بیانخاتە ژێر بار و ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام ئەو بیرلێکردنەوەیە زۆری پێ نەچوو لە مێشکی کاربەدەستانی ئێراندا نەما چونکە پاش ماوەیەک کە ڕەزاخان بوو بە دەسەڵاتدار زۆری پێ نەچوو سمکۆ بەرامبەر بەو هێزە زۆر و ڕێکخراوەی ڕەزخان خۆی پێ نەگیرا و هێزەکەی تێک شکێنرا.

بەو جۆرە دەوروبەرەکەی سمکۆ وردە وردە بڵاوەیان کرد و سمکۆ بەرامبەر بەو هەڵوێستە و بەرامبەر بە بێبەڵێنیی تورک و ئینگلیزەکان ئێجگار داخ لە دڵ بوو، ئەو تورکەی بەڵێنی یارمەتیدان و هاوکاریکردنیان ئەدا بە سمکۆ، زۆری پێ نەچوو لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی سمکۆ و هێزەکەی کرد و ئینگلیزیش سمکۆی فەرامۆش کرد.

دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ ولید حمدی الاعظمی لەکتێبەکەیدا لە لاپەرە (٣٩٢)دا باسی دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-7808) و ڕۆژی ١٩٢٢/٦/١٨ی کردووە کە ڕاپۆرتێکی تیادایە کە لەلایەن قونسوڵی بریتانیاوە لە (تەورێز)ەوە نێرراوە ئەڵێ: "سمکۆ لەنامەیەکیدا کە بۆ (ظافرالدولە)ی ناردبوو کە سەرکردەی یەکێک لە لەشکرەکانی قۆزاقی ئێران بوو لە ناوچەی ئازربایجاندا، کە ئەو نامەیەی سمکۆ لە ڕۆژی ١٩٢٢/٥/٣١دا نێرراوە، لەو نامەیەدا سمکۆ بیر و بۆچوونی خۆی بۆ ئاشکرا کردووە و دەربارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) وە بیر و بۆچوونی خۆی بۆ ڕوون کردۆتەوە و بە چاوێکی سووکەوە لەنامەکەیدا ناوی ظافرالدولەی هێناوە و پێی وتوە چۆن ئەتوانیت کوردستانی ئێران بەئاسانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانەوە. لەو نامەیەدا سمکۆ باسی ئەو شەڕە گەرمەی مکردووە کە لەنێوانی هێزی کوردی سەرکەوتوو لەگەڵ لەشکری (قلی قوربان) لە ناوچەی مەهاباددا لە ڕۆژی ٣٠ی مانگی ڕەمەزاندا کە لەدوای دوو سەعات و نیوی ئەو شەڕە لەشکرەکەی ئێران چۆن تێک شکاوە و حاکمی ئێران کە (سطوه السلطنه) بووە خۆی و دووسەد سەربازی ئێرانی بە دیل گیراون و لەگەڵ دەسکەوتنی حەوت ڕەشاش و دوو تۆپی گەورە و (٧٠٠) تفەنگ و جبەخانەی زۆر و کوشتنی قلی قوربان (دوور نییە مەبەست خاڵۆ قوربان بووبێت.) لەو شەڕەدا کە سەرەنجامی ئەویش هەروەکو سەرەنجامی سەرکردەیەکی تر بووە کە ناوی (ئەرشەد) بووە کە لە شەڕێکی تردا لە پێش چەند مانگێکدا لەلایەن کوردەوە کوژرا بوو وە دووبارە ئەوەی هێنابووەوە بەر چاوی ظفرالدولە کە ئەو هەموو سوارانەی لەپێش شەڕەکەدا ناردبوونی هیچی بەرگەی هێرشی هێزی کوردی نەگرتبوو.

سمکۆ لەو نامەیەدا شەڕێکی تری خستبووە بەر چاوی ظافرالدولە کە تەنها ڕۆژێک دوای شەڕەکەی سابڵاخ ڕوویدابوو بە سەرکردایەتی نصراللەخان کە پەلاماری (بۆکان)ی دابوو لەو شەڕەدا هێزەکەی سمکۆ توانیبووی دوو تۆپی شاخی

و ڕەشـاشـتیک و (٥٠) دیلی هەبێت و پاشـمـاوەی هێـزەکـە هـەمـووی لەناوچووە و ئەنجامی ئەویش وەکو ئەنجامی هێزەکەی قلی قوربان وابووە.

سمکۆ لە کۆتایی نامەکەیدا خەفەتی ئەوەی خواردبوو کە نەیتوانیبوو ظافرالدولە خۆشی بکرێ و بیکات بە دیاریی دەستی بۆ هاتنی ساڵی تازە.

سمکۆ لەو کۆتاییەدا بە ظافرالدولە ئەڵێ: (سەرچاوە فارسییەکان هەموویان بە ظفرالدولە ناویان بردووە.) ئەبێ زۆر باش بزانیت و تێبگەیت کە کورد درۆزن نییە و ئەویش وەکو کوردێک ئەوەی لەو نامەیەدا باسی کردووە هەمووی بریتیە لە ڕووداوی ڕاست و ئەوەی بیر دەخاتەوە کە کورد میللەتێکی گەورەیە و میللەتی تری وا هەیە کە ژمـارەیان چوار یەکی کـورد نابێت کەچی مافی ئۆتۆنۆمی دراوەتێ لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە هەروەکو ئەڵمانیا.

سـمکۆ بە ظافـرالدولە ئەڵێت: ئەم مـیللەتە گـەورەیەی کـورد ئەگـەر مـافی خـۆی دەسـتگیـر نەبێت ئەوا مـردنی باشـتـرە لە ژیان و مـانی. حکومـەتی ئێـران دان بەو مافەی کورددا بنێت یاخود دانی پێدا نەنێت کورد هەر مافی خودموختاری (نووسەر بە عەرەبی لەکتێبەکەیدا کە تەرجەمەی دۆکیومێنتەکەی کردووە، نووسیویەتی: الحکم الذاتی المستقل) خۆی هەر دەستگیر نەبێت لەبەرئەوە باشتر ئەوەیە کە ظافرالدولە ئیتر نەبێت بە هۆی زیانی گیانی خەڵک."

کاک کەریمی حسامی بەرلەوە کە بەکورتی باسی شەڕو و چۆنێتی داگیرکردنی مـەهابادی کـردبوو، دەربارەی شـۆڕشـەکـان تری سـمکۆ بەرامـبـەر بە ئێـران لەباسەکەیدا وتویەتی:(٢٩) "لەدوای دامرکاندنەوەی ئاژاوەی جیلو (مەبەستی هەرای ئاسـوورییەکـانە.) لە هاوینی ١٩١٩دا، سـمکۆ بۆ پەرەپێـدانی دەسـەلاتی خـۆی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکیی خـۆی توندتر دەکـات، وە ڕێگەی هـاتوچۆی ورمـیـە و تەورێز ئەخـاتە ژێر کـۆنتـرۆڵی خـۆی و لە سـاڵی ١٩١٩دا سـوپاهداری اعظم (سـوپاسـالار) دەبێتە والی ئازربایجان و ضیاءالدولەش دەکرێت بە حاکمی ورمیە.

ناوبراو دەست ئەکات بە پڕچەککردنی خەڵک بۆ بەربەرەکانێکردن ئیسماعیل ئاغا و دەروازەکان شار ئەگرێ و دەیەوێ بەرگری لە شار بکات.

سمکۆ ئەیویست حاکمی شار بگرێت، بۆ ئەوە شەست کەسی چەکدار دەنێرێ کە حـاکم لە شـار دەرنێن، بەڵام پیاوەکانی سـمکۆ بە ئەزانی کـاتێک دەگەنە دەوروبەری خـانووی حاکم دەست ئەکەن بە تەقەکردن و حـاکم و خـەڵکی شـار لێیان ڕادەپەڕن و

پیاوەکانی سمکۆ بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە.

سمکۆ لەو سەرنەکەوتنە تووڕە دەبێت و دەنێرێ ڕێگەی (گوڵمانخانە) دەگرێ کە تاکە ڕێگەی دەریاچەی نێوان ورمیە و تەورێز بووە.

طاهربەگی پیاوی ئیسماعیل ئاغا دەچێتە سەر ئەو ڕێگایە و بەو جۆرە ورمیە بەتەواوی ئابڵوقە دەدرێ.

کە سوپاهداری والی ئازربایجان بۆی دەردەکەوێ کە بەشەڕ دەرەقەتی سمکۆ نایەت و ڕێگەی بۆ ناکرێتەوە، سردار فاتح ناوێک لەگەڵ کونسولی ئینگلیز دەنێرێ بۆ لای ئیسماعیل ئاغا هەندێک پارە و شیرێکی جەوهەرداری بەنرخی بۆ دەنێرێت و لەقەبی (سردار نصرت)یشی لەلایەن دەوڵەتەوە پێ دەبەخشرێت.

ئیسماعیل ئاغا بە مەرجێک ئەو دیاری و لەقەبە قبوڵ دەکا کە ضیاءالدولەی حاکمی ورمیە لاببرێت و پاش گەڕانەوە قونسولی ئینگلیز، والی داخوازییەکەی سمکۆ قبوڵ دەکا و، لەجیاتی ضیاءالدولە، سردار فاتح دەکا بە حاکمی ورمیە.

حاکمی تازە لەگەڵ کونسولی ئینگلیز بە پاپۆڕ دەچنە گوڵمانخانە و ئیسماعیل ئاغاش هەتا گوندی (میاوە) بە پێشوازییانەوە دەچێت و لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێتە ناوشار و دوای ئەوە ئیتر ئاسایشی شار دەسپێررێت بە چەکدارەکانی سمکۆ و خۆشی دەست ئەکات بە دامەزراندنی دامودەزگاکانی.

لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت (ئەسەدخانی فیشەکچی) لەگەڵ تاقمێک قازاخدا ئەنێرێ بۆ بەشداریکردن لە دابینکردنی ئاسایشی ورمیە و ناوبراو لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی سمکۆدا لەناو شار دەست ئەکا بە بەربەرەکانێکردن و ڕێگەی گوڵمانخانەش دەخاتە ژێر دەستی خۆی و قازاخی لێ دادەنێت.

ئیسماعیل ئاغا خەبەر بە سردار فاتح دەنێرێت کە شار بەجێ بێڵێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی شەڕ و خوێنڕشتن و حاکم گورج بارگە و بنەی دەپێچێتەوە و بەرەو تەورێز دەکەوێتە ڕێ. دوای ڕۆیشتنی سردار فاتح، سمکۆ عەلی اکبرخان دەگرێ و عومەرخانی شوکاک دەکا بە حاکم و شاری ورمیە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سمکۆ.

کە حکومەتی ئێران ئەو هەواڵانەی پێ دەکا لەشکرێکی گەورە بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێکی ڕوس کە (فیلیپوف) بوو دەنێرێت بۆ سەر سمکۆ.

لە مانگی ڕەشەمێی ساڵی ١٩١٩دا شەڕێکی قورس لەنێوانی سمکۆ و ئەو

لەشکرە گەورەیەدا دەست پێ دەکات و ڕۆژی پێنجی ڕەشەمێ لەشکری دەوڵەت شاری (سەڵماس) دەگرێت و هێزی کورد ناچار دەبێت بەرەو چیا پاشەکشە بکات و فیلیپوف دوایان دەکەوێ و (چاری) گەمارۆ دەدا، هەرچەند هێزەکانی سمکۆ بەربەرەکانییەکی توند دەکەن بەلام لەشکری عەجەم پەرێشانیان دەکەن و ساتێک سمکۆ ئەو هەڵوێستە دەبینێت تەلگرافێک ئەنێرێت بۆ عین الدولەی والی ئازربایجان وە ئامادەیی خۆی پێشان ئەدا بۆ وتووێژکردن و سەردانەواندن و والی ئەمر دەدا کە فیلیپوف گفتوگۆی لەگەڵدا بکا و لەئەنجامی گفتوگۆکردنیاندا بڕیار ئەدەن شەڕ ڕابگرن بە چەند مەرجێک. (کە کاک کەریمی حسەمای لەباسەکەیدا باسی پێنج مەرجی کردووە و کاک ئەحمەدی شەریفییش وەکو لەدواییدا باسی ئەکەین باسی حەوت مەرجی کردووە و نووسەری کتێبی کورد و عەجەم کە سەرچاوەکەی احمدی کسروییە باسی شەش مەرجی کردووە و لام وایە هەر سێکیان سەرچاوەکەیان هەر ئەوەی کسروییە کە لەپێشیدا لە کتێبی کورد و عەجەم دا لێی دواین بۆیە پێویستی نەکرد دووبارەی ئەوەی کاک کەریمی حسامی و ئەوەی کاک ئەحمەدی شەریفی بکەینەوە.)

پاش ئەوە سمکۆ لەجیاتی ئەوەی ئەو مەرجانە بهێنێتە دی دەست ئەکات بە کۆکردنەوەی لەشکر و سەرلەنوێ عومەرخان دەکاتەوە بە حاکمی ورمیە و باسی مەسەلەی بەگلگی (مەبەستی ئەمارەتە) و سەربەخۆیی کوردستان دەهێنێتە گۆڕێ وە دامودەزگای حکومەتی دادەمەزرێنێت (بەداخەوە چ لەم باسەی کاک کەریمی حسامیدا و چ لەو سەرچاوانەی تر کە وتویانە سمکۆ دامودەزگای خۆی دامەزراندبوو وەکو کتێبەکەی دوکتۆر عەزیز شەمزینی و هەندێکی تر، هیچ لایەکیان بە هیچ جۆرێک باسی چۆنێتی ئەو دەزگایەیان نەکردووە و ناوی کاربەدەستانی ئەو دەزگایە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس نەکراوە کە لە کێ پێکهاتبوون و تەنها هەر شتێک ڕوون بووەتەوە ئەویش بریتی بووە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی کورد کە وەکو وتراوە ئۆرگانی ڕێکخراوەکەی سمکۆ بووە کە لە شوێنی خۆیدا لێی دواین.)

کاک کەریمی حسامی لەباسەکەیدا نوکتەیەکی شوکاکەکان دەگێڕێتەوە (کە دیارە دەماودەم بیستراوە.) کە ساتێک عومەرخانی شوکاک کرا بە حاکمی ورمیە، ڕۆژێک بەناو شاردا جاڕ ئەدرێت کە خەڵک لە باخی (قەیسەرخانم) کۆ ببنەوە و چاوەڕوانی وتاری حاکم بکەن. کە عومەرخان دێت و دەست ئەکا بە قسەکردن ئەڵێ: پێویستە

خەڵکی ئەمشارە چوار هەزار تفەنگ و چل هەزار لیرە کۆ بکەنەوە و بیدەن بە شوکاکەکان و عومەرخان بۆ ئەوە چەند کەسێکی شوکاک دانەنێت کە ئەو پارە و چەکانە کۆ بکەنەوە و ئەڵێن شوکاکێک کابرایەکی عەجەم دەگرێت و پێی دەڵێ: ئەبێ ئەوەندە پارە بدەی. کابراش دەپاڕێتەوە و ئەڵێ ئەو پارەیەم نییە بیدەم. کابرای شوکاک بە ئازەرییەکە ئەڵێ: سەن وێر قۆ ئولماسن. واتە: تۆ بیدە با ئەشت بێت.

هەروەکو بەرلەمەش باسمانکردووە هەندێ لەو باسانەی کە هەندێک لە نووسەران لێی دواون جێگەی گومانە، هەروەکو لەوەی سراون احمد کاویان پوور و لە باسی کتێبەکەی مارتن ڤان بروسنۆنیشدا باسمکردووە هەندێ سەرنج خۆیان دەسەپێنن: بۆ نموونە سروان احمد کاویان پوور لەکتێبەکەیدا (تاریخ رضائیە) وەکو باسمان کرد داخوازییەکەی عومەرخانی شوکاکی تەنها بە چل هەزار تفەنگ باس کردووە، بەڵام مارتن ڤان برونسون وەکو بەرلەمە ئەوەی ئەویشمان باسکرد بێجگە لەو چل هەزار تفەنگە باسی چل هەزار لیرەشی کردووە، بەڵام کاک کەریمی حسامی باسی چوار هەزار تفەنگ و چل هەزار لیرەی کردووە، کە لام وایە ئەگەر عومەرخان داخوازی لەو جۆرەشی بووبێت ئەوەی کاک کەریمی حسامی لە هەموویانەوە نزیکترە کە چوار هەزار تفەنگ لەگەڵ ژمارەی هێزەکەی سمکۆ و لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەو ڕۆژانەی ورمیەدا لە یەک نزیک بوون و لام وایە عەقڵ نایبڕێت کە داوای چل هەزار تفەنگ کردن بۆ پیاوەکانی سمکۆ کە لەو ڕۆژانەدا وەکو نووسەران دانیان پیادا ناوە کە (٤-٥) هەزار کەس تێپەڕی نەکردووە و ئەگەر هەموو خێزانێکی ئەو ڕۆژەی ورمیە تفەنگێکیان پێ پەیدا کرابێت هێشتا ژمارەکە نەگەیشتۆتە چل هەزار.)

کاک کەریمی حسامی دوای ئەوەی ورمیە، لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ساڵی ١٩٢١ حکومەتی ئێران لەشکرێکی گەورەی بەسەرۆکایەتی ئەمیر ئەرشەدی قرەداخی ناسراو بە (سامخان) ئامادە دەکا و دەینێرێتە سەر سمکۆ کە هەر وەک (هیدایەت) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە، سامخان بە سێ هەزار سوار و پیادەوە کەوتۆتە ڕێ و لە شاری (خۆی)ش هەزار و پێنج سەد ژاندرمە هەڵدەگرێ و لەولاشەوە (اقبال الدو)ی ماکۆش بە هەزار سوارەوە ڕەگەڵ کەوتووە و هەموو لەشکرەکە بۆتە (٥٥٠٠) کەس و لە ٢٨ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٢١دا لە (شکریازی) لەنێوانی (سەڵماس و دۆڵی خوێناوی) بەرەنگاری لەشکرەکەی سمکۆ

دەبنەوە و شەڕێکی توند دەست پێ دەکرێت و لەسەرەتادا لەبەر لافاوی لەشکری عەجەم کوردەکان پاشەکشە دەکەن، بەڵام لە پاش کوشتنی سامخان، (کوشتنی ئەمیر ئەرشەدی قرەداغی ـ سامخان، لەو باسەی ولید حمدی الاعظمی دا کە لە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-7808) و ڕۆژی ١٩٢٢/٦/١٨دا باسکراوە.) سەرکردەی لەشکری ئێران، عەجەم تەقەیان تێ دەکەوێ و دەشکێن و ڕادەکەن و شوکاکەکان دەکەونە دویان تا نزیک (خۆی) و شاری خۆیش دەکەوێتە مەترسیەوە.

پاش ئەم سەرکەوتنە دەسەڵاتی ئیسماعیل ئاغا لە کوردستان مسۆگەر بوو، عومەرخان لە حاکمێتی ورمیە لادەبا و تەیمورئاغای خەڵکی کۆنەشاری سەڵماس دەکات بە حاکمی ورمیە و بناغەی حکومەتەکەی قایم دەکات.

مانگی فیوریە (شوبات)ی ساڵی ١٩٢١ ڕەزاخانی قازاخ بە پشتیوانیی ئینگلیز لە ئێران کوردەتا دەکا و خۆی دەکاتە فەرماندەی گشتی چەکدارەکانی هێزی ئێران. یەکەم هەنگاوی ڕەزاخان ئەوە بووە کە هەوڵی داوە لەشکری ئێران ڕێک و بەهێز بکات و لە هەمان کاتدا دەشیویست پیاوی مەزن و سەرۆکعەشیرەتەکانیش سەرکوت بکات.

ڕەزاخان بۆ ئەوەی پشتی جەبهەی ئیسماعیل ئاغا کز بێ و ڕگای تورکیای لێ ببەسترێت، لەگەڵ ئەتاتورک (مصطفی کمال)دا دەکەوێتە وتوێژ و لە ٢٥ی ئوکتوبەری ساڵی ١٩٢٢دا بۆ بەربەرەکانی بزووتنەوەی کورد لەنێوانی ئێران و تورکیادا پەیمانێک مۆرکرا.

ڕەزاخان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی (مرزاکوچک خان) لە گیلان دەچێتە ئەو ناوچەیەی و دوای شکاندنی ئەو بزووتنەوەیە کوردێکی کرماشانی بە ناوی خالۆ قوربان کە لەگەڵ مرزا کوچک خان بووە خۆی تەسلیمی ڕەزاخان دەکات و ئەویش لێی خۆش دەبێت بەو مەرجەی بچێت بۆ کوردستان و سمکۆی بۆ سەرکوت بکات. خالۆ قوربان کە بە زاراوی ئێستە دەبێت بە جاش، لەگەڵ دار و دەستەی خۆی دێتە تەورێز و لەوێشەوە بەرەو سابلاغ دەکەوێتە ڕێ و لە گوندی (ئیندرقاش) نزیک شار خێوەت و خێمەی خۆی بە عەرزیدا دەدا و بەو نیازەی دوای حەسانەوە بچێتە ناو سابلاغ.

هێزی کوردان بە سەرۆکایەتی سید طه کە خەبەر دەزانێ کەوا لەشکری عەجەم گەیشتۆتە ئیندرقاش، ئیتر ڕێگەی ئەوە نادەن هێزەکەی خالۆ قوربان بحەسێتەوە،

هەر بەشەو ئەدەن بەسەریا و لەشکری عەجەم فریای هیچ ناکەوێ و ناتوانێت دەست بکاتەوە و ئەوی دەکـوژرێ لەو شـەڕەدا ئەکـوژرێ و ئەوی تر ڕادەکـا و بە جـارێک بلاوەی لێ دەکەن و لە موکریان وا قاوە کە گوایا سوارەی گولاوی ئاغای مەنگور غار دەداتە سەر خاڵۆ قوربان و دەیکوژێ.

لە کوردستانی موکریان بەو بۆنەوە بەیتیان هەڵبەستووە کە وتویانە:

خاڵە قوربانی ڕدێن کلکەکەر هەستە لە خەوێ سمکۆت هاتە سەر.

(هەروەکو لە باسـەکـەی کـریس کـوچرا چەند بەیـتـێکی تری لەو جـۆرە هـەیە کـە باسمانکرد بەرلەمە.)

پاش کـوشتنی خـاڵۆقوربانی، کە لەو ڕۆژانەدا ڕەزاخـان بووبـووە سـوپاسـالاری ئێران، لەشکرێکی گەورەی بە سەرکردایەتی (امان اللەی جهانبانی) ئامادە دەکات و دەینێرێتە سـەر سـمکۆ (لێرەدا کاک کەریمی حسـامی لە لاپەڕە (٢٢)ی باسـەکەیدا پەنا دەباتە بەر کـتێـبـەکـەی سـروان احـمـد کاویان پوور کـە وتویەتی ژمـارەی ئەو لەشکرە پازدە هەزار کەس بووە.)، بە تۆپخانە و سوار و پیادە و جاشەوە.

پاش دوو ڕۆژ شـەڕی قـارەمـانانە، هێـزی شـوکاک نـاچار دەبێت سـەڵمـاس بەجێ بڵێت و بۆ لای (چاریە) پاشـەکشە بکات و لەشکری دەوڵەت دوای دەکـەوێ و قەڵاکەی چارییەش گەمارۆ دەدا و لەدوای شـەڕێکی توند سمکۆ ئەوێشی بەجێ هێشت و ڕوو دەکـاتە خـاکی کـوردسـتـانی تورکـیـا و هێزی دەوڵەتی چاریە دەگـرێ و پاش ئەوەی تالانی دەکەن ماڵی ئیسماعیل ئاغا و گوندەکەش وێران دەکەن.

بەکـورتی پاش چوار سـاڵ دەشـتی سـەڵمـاس و شـاری ورمـیـە دەکـەوێتـەوە بەر دەستی حکومەتی عەجەم و سمکۆش بە هێزێکی کەمەوە دەگاتە کوردستانی تورکیا، بەڵام تورکەکان چەکیان دەکەن و سمایل ئاغا دەبەن لە نزیک (باشقەڵا) لە گوندێک بەدەستبەسەری ڕایدەگرن.

لەناو نووسەرانـی کوردا کاک ئەحمەدی شەریفی بە دووروودرێژی باسی سمکۆی کـردووە کـە بەشـێکی ئێـجگار زۆری بۆ ڕەخنەگـرتن لە سـمکۆ تەرخـان کـردووە و هێرشێکی خەستی کردۆتە سەر، بەداخـەوە لە باسی شۆڕشـەکان سمکۆدا تەنها لە یەک شوێندا باسی ئەو سەرچاوەیەی کردووە کە باسەکەی لێوە وەرگرتووە کە بریتیە لە بازیگران عصر طلائی، نووسینی: ابراهیم خواجە نوری و ئەوانی تر کە پێوەندی بە سـەرچاوەکانی ترەوە بوو‌بێت ئیشارەتی بۆ نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەکو

سەرچاوەی نووسەرێکی کورد هەندێک لەو باسە دوورودرێژە پێشکەش بە خوێنەران دەکەین لەگەڵ هەندێک ڕوونکردنەوە بەرامبەر بە بۆچوونەکانی بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستمدان.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (٣٤)دا باسی ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی مکرم الملکی کردووە کە بۆمبایەکی لەناو قوتووی شرینیدا ناردبوو بۆ کوشتنی سمکۆ، لەبەرئەوەی لە زۆر سەرچاوەی تردا باسی ئەو تەقەلایە کراوە کە ئێمەش پێشکەشمان کردووە بۆیە پێویستی بەوە نەکرد کە لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

کاک ئەحمەدی شەریفی دوای باسکردنی ئەو بۆمبایە کە لە مانگی اوردیبهشتی ساڵی ١٩٢٨دا ڕوویدا بوو ئەڵێ: دوای ناردنی ئەو بۆمبایە ئیتر سمکۆ هیچ بڕوایەکی بە حکومەت نەما.

لە لاپەڕە (٣٧)دا ئەڵێ: سمکۆ نامەیەکی نارد بۆ (مکرم الملک) وە بۆی نووسیبوو ئەگەر (شازادە قاجار) و (میرهیدایەت) و (سرهنگ علی محمد خان) هەرسێکیان بە دەستی بەستە ئەنێرێت بۆی ئەوا لە تاوانی کوژراوەکانی ئەو بۆمبایەی کە نێررابوو خۆش نابێت. مکرم الملک بەرامبەر بەو داخوازییەی سمکۆ هەر سێکیان دەستبەست ئەکا و بە (١٣) سوارەدا ئەیانێرێت بۆ سمکۆ لە (چهریق) و لە ڕێگا (محمد هدایت) خۆی دەرباز ئەکا و دووانەکەی تر تەسلیم بە سمکۆ ئەکرێ و دەکوژرێن.

ساتێک ئەو سوارانە دەگەنە لای سمکۆ و دەیانەوێ بگەڕێنەوە، سمکۆ لێیان دەپرسێت ئێوە خەڵکی کوێن؟ لەوەرامیانا دەر ئەکەوێ کە لە تاقمەکەی (قرەداخی) بوون و لەبەرئەوەی جەعفەر ئاغای برای سمکۆ لە کاتی خۆیدا بە دەستی نظام السلطنەی قرەداخی کوژرا بوو، لەوێشدا لە تۆڵەی جەعفەر ئاغای برایدا ئەو (١٣) سەربازەش دەکوژێ. (کە بەداخەوە باسی سەرچاوەکەی نەکردووە.)

پاش ئەوە سمکۆ هەواڵ ئەبیستێت کە حاکمێکی تازە دانراوە بۆ رضائیە، سمکۆ بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی پێشان بدات (٦٠) سوار ئەنێرێت بۆ سەردانی ئەو حاکمە تازەیە بۆ ئەوەی دڵسۆزیی خۆیان بە ناوی سمکۆوە پێشان بدەن، بەڵام وا لە حاکم گەیەنرابوو کە ئەو سوارانە بە مەبەستێکی پاک نەنێررابوون بۆ رضائینە، دانیشتوانی رضائیە بۆ ئەوە توانا و دەسەڵاتی خۆیان و لایەنگریان بۆ حاکمی تازە پێشان بدەن ئەبن بە هاوکاری چەکدارەکانی دەوڵەت و لەنێوانی چەکدارەکانی

سمکۆ و ئەوانی تر دەبێت بە شەڕێکی خوێناوی و پاش ئەوەی چەند کەسێک لە کوردەکان بریندار بوون ناچار بوون کشانەوە دواوە.

دانیشتوانی رضائینە بەر لەو ڕووداوە، لەنێوان کوردەکان و ئەمریکاییەکاندا کە لە رضائیەن بوون پێوەندییان هەبووە لەگەڵ یەکتردا، بەلام هەتا ئەو ڕووداوە ئەقەوما هیچ بەڵگەیەکی وا بە دەستەوە نەبوو کە ئەو پێوەندیکردنە بسەلمێنێت وە لەدوای تێکشکانی سوارەکانی سمکۆ چەکدارەکانی دانیشتوانی رضائیە و هی حکومەت پەلاماری ئەمریکاییەکانیان دا و (٦٠) کەس لە ئەمریکاییەکان و هاوکارەکانیان کوژران کە یەکێک لەوانە دوکتۆر (پاکارد)ی دۆستی سمکۆ بوو کە بریندار کرابوو.

ساتێک هەواڵی شکاندنی سوارەکان گەیشتە لای سمکۆ، بە سەرکردایەتی طاهربەگ نامەیەکی نارد بۆ گوڵمانخانە و سمکۆ بە طاهر بەگی وت ئاگاداری ئەوە بێت کە ڕێگەی ئەوە نەدا لە ڕێگای ئاوەوە (دەریاچەی ورمیە)وە یارمەتی حکومەت بگاتە رضائیەنو بەپەلە هەرچی کەلوپەل و ماڵی بازرگانی لەو بەندەرەدا هەیە دەست بەسەر هەموویدا بگیرێ و بینێرێت بۆ (چاری) و خۆی و (طاهر بەگ) و سوارەکانیشی لەوێ (گوڵمانخانە) جێگیر بن.

لەو شەڕەدا کە لە نزیک (شرەفخانە)دا ڕوویدابوو لەنێوانی هێزی دەوڵەتی بە سەرکردایەتی (ضرغام قرەداخی) و چەکدارەکانی کورددا، کوردەکان سەر کەوتن و ضرغام قرەداخی گیرا و خۆی و براکەشی هەردووکیان کوژران. (دەربارەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە کاک شەریفی باسی هیچ سەرچاوەیەکی نەکردووە، بەلام لام وایە کە سوودی لە کتێبەکەی سروان احمد کاویان پوور و کتێبەکەی احمد کسروی وەرگرتووە.)

دوای ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەیە کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (٤٤)دا باسێکی بە ناوی (حملەی لکستان)ەوە بڵاو کردۆتەوە کە وتویەتی: "دوای ئەوەی سمکۆ شەڕی سابڵاخی تەواو کرد، ئیتر ماوەیەک بێدەنگ و بەئارام دانیشت بەلام سەرکەشی و بزێوی سەرلەنوێ ڕەوشستە کۆنەکانی پێ تازە کردەوە و پەلاماری خەڵکی دوو دەست بە ناڵە و هەژاری لکستانی دا وە دواوای لێ کردن کە بەبێ قەید و شەرت خۆیان بدەن بە دەستەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکەکەش ئامادەی شەڕکردن نەبوون بۆیە خۆیان دا بە دەستەوە.

دانیشتوانی ناوچەکانی لکتان کە هەموویان بریتی بوون لە (٩) گوندی گەورە و

بچووک ژمارەیان (٨٧٠٠) نەفەر بوو، لەناو ئەوانەدا تەنها (٣٤٠) کەس چەکدار بوون کە ئەو ژمارە کەمە بەرگەی ئەو هێزە زۆرەی کوردی نەدەگرت، کە ژمارەی سوارەکانی سمکۆ و ئەو تۆپخانەیەی کە سوپای عوسمانی دابووی بە سمکۆ بە هەمووی ژمارەیان چوار هەزار کەسێک دەبوو.

دەستدرێژیکردن و پەلاماردانی کوردەکان بۆ سەر دانیشتوانی لکستان وای لەو دانیشتوانە کردبوو کە هەموو بێزار بن و گوندەکانیان لەژێر سمی ولاغی سوارەکانی کورددا هەموو کشتوکاڵ و کێڵگەکانیانی وێران کردبوو، لە پەلاماردانی گوندی (سلطان احمد)دا خەڵکی ئەو گوندە لەدوای بەرگریکردن بۆ ماوەی دوو سەعات خۆیان پێ نەگیرا و شکان و بەناچاری روویان کردە گوندی (قرەقشلاق) و کوردەکان لەو ناوچانەدا دەستیان بکەیشتایەتە هەر شوێنێک کاولیان ئەکرد و ژن و کچانیان بە دیل ئەگرتن.

طاهر بەگ کە یەکێک بوو لە لێپرسراوەکانی سمکۆ، دوای ئەو راکردووانە کەوت و لەناو دوو گونندا ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتووەکانی کوشت و سوارەکانی بەبێ وچان دەستیان کرد بە تالانی و دەستدرێژی کردن.

پاش ئەوە هێزەکە رووی کردە (قرەقشلاق) و لەوێ خەڵکەکە بە سەرکردایەتی سێ برا کە ناویان صادق، منصور، ابراهیم بوو خۆیان ئامادە کرد و خەڵکەکانیان هاندا کە خۆیان رابگرن و بەرگری بکەن و خەڵکەکە توانیان بۆ ماوەی یازدە سەعات بەرگری بکەن، بەڵام کوردەکان لەنیوەشەدا سەرکەوتن و چوونە ناو ناواییەوە کە ئەو شەوە شەوێکی زۆر سارد و تۆف بوو، ژنان و منداڵان بەتەواوی پەرێشان و سەرگەردان بوون و ناچار بوون روویان کردە دەشت و دەر بۆ ئەوەی لە کوشتنی کوردەکان رزگاریان ببێت.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە تێهەڵکێشی ئەو باسەدا ئەڵێ: ئەوەی کوردەکان لەو ناوچانەدا کردیان مەگەر سەرکردەکانی مەغۆل لە کاتی خۆیدا کردبێتیان کە لەئەنجامی ئەو شەڕەدا نزیکەی چوار هەزار کەسی تیا چوو.

ئەو تەلگرافەی دەربارەی ئەو کارەساتە گەیشتە تەورێز، خەڵکی بەتەواوی بێزار کرد و بەرامبەر بێ دەسەلاتی حکومەتی کە نەیتوانیبوو بەربەستی ئەو تاوانانە بکا خەڵک تەواو بێزار و نارەزابوون.

لە تەورێزەوە لەشکرێک بۆ دەستگیرکردنی سمکۆ کەوتە رێ و رووی کردە

ناوچەی کوردنشینەکان و شەڕێکی قورس و دژوار لەنێوانی ئەو لەشکرەی حکومەتی و سوارەکانی سمکۆدا ڕوویدا و بە هۆی ئەوەوە کە چەکدارەکانی حکومەتی زۆرتر بوون لەبەرئەوە کوردەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن (کاک ئەحمەدی شەریفی بەر لەمە وتبووی کە ژمارەی چەکدارەکانی سمکۆ بە سوار و تۆپخانەکەیەوە چوار هەزار کەس دەبوون، بەپێی ئەوە دەبێ هێزەکەی حکومەتی لە چوار هەزار چەکدار پتر بووبێت لەو شەڕەدا)، وە هێزەکەی سمکۆ لەدوای پاشەکشەکردن گەڕانەوە بۆ (چهریق) و خۆیان لەناو سەنگەرەکانی ئەوێدا حەشاردا، بەڵام کوردەکان لە (چهریق)یش تووشی بارێکی زۆر گران و سەخت بوون چونکە نەیانتوانی خۆیان بەرامبەر بە هێزی حکومەتی ڕابگرن و بۆ چارەسەری ئەو هەڵوێستە بیریان لەوە کردەوە کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ خۆ ڕزگارکردن.

سمکۆ بۆ ئەو مەبەستە (تەیمور ئاغا)ی کۆنەشاری بە ناوی نوێنەری خۆیەوە نارد بۆ تەورێز و سمکۆ لەنامەیەکیدا کە لەو ڕۆژانەدا بۆ سید طەی ناردبوو کە لە بەغداد بوو باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ نووسیبوو وە داوای لێ کردبوو کە داوا لە (فرانسوا همفریس)ی جێنشینی پیرسی کۆکس بکا کە چارەسەرێک بدۆزێتەوە و ئەگەر زوو فریای نەکەون ئەوا ئەشکێ و لەناو ئەچێت.

لەو هەڵوێستەدا کە سمکۆ لەو بارە دژوارەدا بوو وە ڕووەو لەناوچوون ئەچوو بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە لە چیاکانی کوردستان دوو مەتر بەفر باریبوو وە هەموو هێزەکەی ئابڵوقە درابوو وە خۆراک و ئازووقەی هاتبووە کزی و خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە فیرار بکا، لەپڕ سەرهەنگ فیلسوف (بێگومان ئەمە هەڵەی چاپەمەنی بووە چونکە هەموو سەرچاوەکان بە فیلیپوف ناویان بردووە کە کۆنە ئەفسەرێکی ڕوس بووە لەناو سوپای ئێراندا و کرێگرتە بووە.) چووە (چهریق) بۆ لای سمکۆ وە دەستی کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا و لە سمکۆی گەیاند کە حکومەتی ئامادەیە لێی خۆش ببێت بە مەرجێک ئەو حەوت مەرجەی کە بۆی دائەنێت بەجێی بێنێت. (کاک ئەحمەدی شەریفی لەو باسەیدا باسی حەوت مەرجی کردووە و، کاک کەریمی حسامیش وەکو لەباسەکەیدا لەپێشدا لێی دواین باسی پێنج مەرجی کردووە و هەردووکیان لە یەک ئەچن و هەردووکیشیان لەوە ئەچێت لە کتێبەکەی احمد کسروییەوە وەریان گرتێ کە احمد کسروی باسی شەش مەرجی کردووە و لە کتێبەکەی کورد و عەجەمدا باسی ئەوەی کسروی کراوە بۆیە پێویست بە

دووبارەکردنەوە ئەوەی کاک کەری حسامی و کاک ئەحمەدی شەریفی ناکات.)

کاک ئەحمەدی شەریفی لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٧)دا هێرشێکی توندوتیژی کردۆتە سەر سمکۆ و وتویەتی: هەتا ئەو کاتەی خۆشبەختانە (رضا شاه کبیر) هاتە سەر کار ئەو دڵڕەقە بێڕەحمە (کە مەبەستی سمکۆیە) هەمیشە بووبووە مایەی ژانەسەر و دەردیسەر بۆ شا و بۆ مەملەکەت و بۆ میللەت و لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٨)دا هێرشەکەی خەستتر کردوە دژی سمکۆ و بە شان و باهووی (اعلیحضرت)دا هەڵداوە کە وتویەتی بە هۆی ئەوەوە توانرا ئێران لەو جۆرە گێرەشێوێنانە ڕزگار بکات.

کاک ئەحمەدی شەریفی لەباسەکەیدا گەلێ ڕەخنە و توانجی تری لە سمکۆ گرتووە و وتویەتی: سمکۆ پێوەندی بە قاچاغچییە چەکفرۆشەکانەوە هەبووە و ئەو قاچاخچییانەی لە سنوورەکانی عێراق و تورکیا و ئێراندا خەریکی قاچاخچێتی بوون زۆربەی شتەکانیان بۆ سمکۆ ئەهێنا و دەوڵەتی ئێرانیش ئاگاداری ئەوە بوو کە سمکۆ چی لە مێشکدا بووە، بۆیە کاربەدەستان دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بۆ ئەوەی تێ بگەن و بزانن سمکۆ چی بە دەستەوەیە کە بیکات.

لەسەرەتاوە لە ڕێگەی لێپرسراوی گومرگەوە دەرکەوت کە چا و تفاق و خواردەمەنی بۆ سمکۆ بە کێش دەکرێت و جارێک لەناو بارێکدا نامەیەکی (اتاربیکوف)ی شۆڕشگێڕی ناسراو دەگیرێت کە لەو نامەیەدا دەرئەکەوێ بۆلشەویکەکانی ئەرمەنستان و گورجستان یارمەتی بۆ سمکۆ دەنێرن و جار لەدوای جار هەواڵی تازەتر دەگەیشتە دەست ستاردی ارتەش و ئینگلیزەکان نەیانئەزانی کاربەدەستانی ئێران ئاگاداری هەموو شتێکی سمکۆ بوون.

کاک ئەحمەدی شەریفی ئەڵێ: میجەر ئەدمۆنزی ئینگلیزی بە تەبدیلی قیافەت خۆی دەگەیەنێتە (خۆی) و (ورمیە) و (میاندواو) بۆ ئەوە بزانێت ئەو هەواڵانە هەتا چ ڕادەیەک ڕاست بووە و ئایا ئینقلابییەکانی ڕوس هەتا چ ڕادەیەک یارمەتی سمکۆ ئەدەن. سمکۆش کەم و زۆر ئاگاداری ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە ڕووسەکان یارمەتیی ئەدەن، لەبەر ئەوە سمکۆ جارێکی تر دەستی کردەوە بە یاخیبوون و لەگەڵ تاقمێک سواری ئازا و ئەبەردا خۆیان گەیاندە زنجیرە شاخەکانی (ئارارات) لە سنووری تورکیا.

لە ڕۆژانی شەڕی پارتیزانی ئەو بەشەی کوردستان (مەبەستی کوردستانی

تورکیایە) لە شاخەکانی ئاراراتدا و بەپێی ئەو شارەزاییەی کە قاچاخچییەکان هەیان بووە و گێڕاویانەتەوە و باسیان کردووە، ئەو شۆڕشگێڕانە جەزرەبەیەکی باشیان لە تورکەکان دابوو کە ئیسماعیل ئاغا لەو ڕۆژانەدا گەیشتبووە لای ئەو پارتیزانانە.

سمکۆ کە ماوەیەک لەناو ئەو شۆڕشگێڕانەدا بووبوو بە میوانی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا وە دوای ئەوە ئارەزووی کرد کە سەر لە کوردستانی عێراق بدات، لەپێشدا لە ناوچەی (سنگلاخ) کە لە ناچەی بارزاندایە لای مەلا مستەفای بارزانی و شیروانی مایەوە کە لەو ماوەیەدا ژیانێکی زۆر نارەحەت و سەختی بردە سەر لەبەرئەوە بەناچاری گەڕایەوە بۆ ناو خاکی ئێران و سەرلەنوێ ئەویش بەتەمای ئەوەی کە شۆڕشێکی وەکو ئەوەی ئیحسان نوری پاشا بەرپا بکات کە لە کوردستانی تورکیادا کردبووی و ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراقدا کردبووی، ئەویش شۆڕشێکی لەو جۆرە بەرپا بکات.

کاربەدەستانی ئێران لە مەبەستی سمکۆ گەیشتبوون و فەرماندەی عەشایری مەهاباد کە (بزرگ ابراهیمی) بوو ڕاسپێررا کە پێوەندی بە سمکۆوە بکات بۆ ئەوەی واز لە ئاژاوە و شەڕکردن بێنێت، (تەیمور ئاغای هەرتووشی) کە لە شەڕی ئاراراتدا بریندار کرابوو وە لە ئێراندا لای حکومەت بووبوو بە پەناهەندە داوای لێ کرا کە پێوەندی بە سمکۆوە بکات، ئەویش نامەیەکی نووسیبوو بۆ سمکۆ کە بگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی ئێران و هەڵوێست و ڕەفتاری خۆی بەرامبەر بە (شاه) چاک بکات و دوای ئەوە ئەتوانێت بە ئازادی و سەربەستی لە ئێراندا بژی.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (٦٣)دا باسی شتێکی سەیری کردووە کە ئەخۆی لەوەدا هیچ بەڵگەیەکی پێشان داوە و نە هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوەی کردووە کە گوایا شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا لە سنووری ئێران دەستی کردبوو بە دامەزراندنی بنکە و سەنگەر چونکە دوور نەبوو لەو ڕۆژانەدا لە ڕێگەی سەردەشت و بانەوە یاخود لە ڕێگەی هەورامانەوە بچێتە ناو خاکی ئێرانەوە و هێزەکەی خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی سمکۆ بۆ ئەوەی بە هەمووان شۆڕشێکی تازە بەرپا بکەن.

ئیبراهیمی کە فەرماندەی عەشایری مەهاباد و زنجیرە شاخەکانی جنوبی مەهاباد و سنووری عێراق بوو هەندێ لە عەشایری کورد وەکو مەنگوڕ و مامش بڕچەکی کردن بۆ ئەوە ڕووبەڕووی هەر مەترسییەک ببنەوە کە لە کوردەکانی عابین

النهرين (مەبەستی کوردستانی عێراقە) بە هۆی چەکدارەکانی بارزانییەوە بکرێ کە لەو ڕۆژانەدا سمکۆ چووبووە بارزان و ناوچەی شێروان بۆ ئەوەی لەوێوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران.

بەرلەوەی سمکۆ بکاتە پێشەوە، ئیبراهیمی هێزی ئەو عەشایرانەی ئامادە کردبوو وە بە تەلەفون پێوەندی کردبوو بە سەرهەنگ (نوروزی) فەرماندەی هێزی دەوڵەتی و عەشایرە دۆستەکانی ئێران لە ناوچەی شنۆدا و ئاگاداری کردبوون کە سمکۆ هاتۆتە ناو خاکی ئێرانەوە و لەوانەیە چەند ڕۆژێکی تر بێتە پێشەوە وە لە هەمان ڕۆژدا ئیبراهیمی لە مەهابادەوە چوو بۆ (شنۆ).

دوای ئەوە کاک ئەحمەدی شەریفی باسی چوونی سمکۆ ئەکا بۆ شنۆ کە لەوێ کوژرابوو کە لەدواییدا بەدووروودرێژ باسێکی تایبەتیمان بۆ کوشتنی سمکۆ تەرخان کردووە لەوەدا پاشماوەی باسەکەی کاک ئەحمەدی شەریفی تەواو ئەکەین.

بەرلەوەی ئەو باس و بۆچوونەی کاک ئەحمەدی شەریفی بەجێ بێڵم، حەزمکرد چەند سەرنجێکی خۆم پێشکەش بە خوێنەرانی بەرێز بکەم:

یەکەم. دوور نییە لە کاتی خۆیدا کە کاک ئەحمەدی شەریفی ئەو ناملیکەیەی چاپ کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، لەو ڕۆژانەدا باوی ئەوە بووبێت کە بە شان و باهووری شای ئێراندا هەڵ بدرێ و دوور نییە ئەگەر بەو جۆرە نەینووسیایە ڕێگەی چاپکردنیان نەدەدا.

دووهەم: کاک شەریفی ئەڵێ: ئەدمۆندز بە تەبدیلی قیافەت چۆتە (خۆی) و ورمیە و میاندواو بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە بووبێت یا ئیشارەت بۆ سەرچاوەیەک بکات لەو ڕووەوە.

لام وای شتی وا نەبووە و ئەدمۆندز نەچۆتە ئەو ناوانە، چونکە لەکتێبەکەیدا کورد و عەرب و تورک بە هیچ جۆرێک باسی ئەوەی نەکردووە لەکاتێکدا هیچ شتێکی تری نەشاردۆتەوە تا بوترێ نەیویستووە باسی ئەوە بکات، هەروەها لە دۆکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بە هیچ جۆرێک باسی ئەوەی تیادا نییە و بەپێچەوانەی ئەوەوە هەروەکو لەو دۆکیومێنتانەی کە لەدواییدا لە بەشی چواردەهەمدا کە بۆ پێوەندیکردنی سمکۆ و ئینگلیزەکان تەرخان کراوە، لەوەدا بەئاشکرا وتراوە کە ئینگلیزەکان نەیانویستوە بە هیچ جۆرێک ئەفسەرێک یا لێپرسراوێکی خۆیان بچێت بەودیو سنووردا بۆ ئێران و کاشکی کاک شەریفی

باسی ئەو سەرچاوەیەی بکردایە کە باسەکەی لێ وەرگرتووە.

سێیەم: دەربارەی ئەوەی گوایا سمکۆ یارمەتی لە سۆڤیەتەوە وەرگرتووە، دووبارە بۆ ئەوەش هیچ بەڵگەیەکی نییە و باسی هیچ سەرچاوەیەکیش نەکردووە کە لام وایە شتی وا نەبوو، چونکە وەکو لەباسەکاندا بەرلەمە لێی دواوین ئێران و سۆڤیێت پێوەندییان بەهێز بووە و پەیمانێکی دوو قۆڵی لەنێوانی هەردوولادا مۆرکراوە و لە یاداشتەکان (ئەحمەد تەقی)دا کە لەو ڕۆژانەدا زۆر چالاک بووە و لەگەڵ سمکۆدا یەکتریان بینیوە لە سلێمانی کە لە ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ چۆتە لای شێخ مەحمود وەکو لەدواییدا لە باسێکی تایبەتیدا لێی ئەدوێین، لەو یاداشتانەی (ئەحمەد تەقی)دا دەرئەکەوێ کە سمکۆ کردبووی بە نوێنەری خۆی بۆ پێوەندیکردن بە سۆڤیەتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، بەڵام سۆڤیەتەکان بەئاشکرا بە (ئەحمەد تەقی)یان وتبوو: ناتوانین یارمەتی سمکۆ بدەین و ناشمانەوێ بە درۆ دەسخەڕۆی بکەین و دەستی ببڕین.

چوارەم: دەربارەی ئەوەی شێخ مەحمود کە گوایا بە تەما بووە بچێتە لای سمکۆ بە خۆی هێزەکەیەوە، دیسانەوە شتی وا نەبووە چونکە ئەوانەی یاداشتەکانیان لەو ڕۆژەدا نووسیوە وەکو ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە و ئەحمەد تەقی و لەدوای ئەوانیش شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود بە هیچ جۆرێک باسی شتی وایان نەکردووە و شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا لە پیران بووە و لەگەڵ ئێرانییەکاندا ناڕێک نەبووە کە شتی وا بکا و ئینگلیزەکان و عێراق لە پیران بە زۆر نیشتەجێیان کردبوو شێخ مەحمودیش خوا خوای بوو لە پیران جێگر بێت هەتا خوا دەرووییەکی لێ دەکاتەوە.

## ب- باسی شەڕەکانی سمکۆ بەپێی دوکیومێنتەکان

### دۆکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ

دەربارەی ئەو شۆڕشانەی نێوانی حکومەتی ئێران و سمکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا سمکۆ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دابوو یارمەتی وڵاتانی دەستگیر ببێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەی یارمەتیدانی ئەوانەوە شۆڕشەکەی بەهێز بکا و یارمەتی چەک و جبەخانەی دەستگیر ببێت بۆ چەسپاندن و سەرکەوتنی شۆڕشەکەی و بتوانێت خۆی بگرێ بەرامبەر بە سوپا و لەشکری ئێران کە بەبێ وچان لەگەڵ ئەو هەموو لاوازی و

کەمدەرمەتییەیدا وازی لە سازکردنی پیلان نەدەهێنا بۆ لەناوبردنی سمکۆ و سەرۆکعەشیرەتەکانی کوردی لێ هان ئەدا و ئەفسەری سویدی و ڕوسی قەیسەری بە کرێ ئەگرت و لەڕاستیدا لە زەمانی بوونی ڕەزاخان بەولاوە کە بووە بە وەزیری جەنگی ئێران کە بەئاشکرا دەستنیژی ئینگلیز بووە ە ئینگلیزەکان لە قازاخێکی سادەوە پێشیان خست هەتا بوو بە وەزیری جەنگ و لەدواییشدا زەمینەیان بۆ خۆش کرد کە بنەماڵەی قاجار نەمێنێت، چونکە سوود و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزیان دابین و مسۆگەر نەدەکرد و لەجیاتی ئەوان ڕەزا خانیان هێنایە پێشەوە کە ببێتە سەرەتای بنەماڵەی پەهلەوی بۆ دابینکردنی ئاسایش لە ئێراندا و پاراستنی بیرە نەوتەکانی خوارووی ئێران بۆ کۆمپانیاکانی ئینگلیز و لە سەرووی ئێرانیشدا ببێتە قەڵایەکی سەخت بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی بۆلشەفی، سمکۆش بەرامبەر بەو نیاز و مەبەستەی ئێران هەوڵێکی بێوچانی داوە کە یارمەتی وڵاتانی دەستگیر ببێت کە سمکۆ لەو تەقەلایانەیدا لە هیچیاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا بوو کە بتوانێت جێگەپێی خۆی بچەسپێنێت و ئەگەر سمکۆ چەند یارمەتییەکی کاتی لە تورکەکانەوە دەست کەوتبێت، ئەو یارمەتیدانەیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان بووە. بۆ نموونە: کە شەڕی یەکەمی جیهانی برایەوە هەندێک لە سەرباز و ئەفسەرانی عوسمانی کە زۆربەیان کوردبوون نەگەڕابوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان بەڵکو لای سمکۆ مابوونەوە و سمکۆ لەو ڕۆژانەدا توانیبووی ئەوانە وەکو کرێگرتەیەک لای خۆی بیانهێڵێتەوە هەروەکو چۆن ئێرانییەکانیش تەقەلایەکی زۆری لەو جۆرەیان دابوو بۆ بەکرێگرتنی ئەفسەرانی بێگانە وەکو لیدمبرگی سویدی کە بەر لەمە لە سەرچاوە فارسییەکاندا ناوی هاتوە، هەروەها (فیلیپوف)ی ڕوسی کە ئەفسەرێکی ڕوسی زەمانی قەیسەری بووە لەگەڵ گەلێک سەربازی تری ڕوس کە وەکو چۆن کوردەکانی سوپای عوسمانی نەگەڕابوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئەو سەبازە ڕووسانەش کە لەو ڕۆژانەدا پێیان وتاروە (ڕوسی سپی) بە ککرێگرتەیی لای ئێران مابوونەوە، کە لەڕاستیدا ئەو سەربازە کوردانەی عوسمانی کە لای سمکۆ مانەوە بە یارمەتیدانی تورک ناژمێررێت بۆ سمکۆ چونکە بە ڕاسپاردەی تورکەکان نەبوو، بەڵکو بە ئارەزووی سەرباز و ئەفسەرەکان بووە. بەلام لەدواییدا کە سمکۆ ڕووبەڕووی ئاسوورییەکان بووەوە (کە دەرکەوت ئێرانییەکان خۆیان لەو ڕووەوە دەورێکی سەرەکییان بووە لە هاندانی سمکۆدا دژی ئاسوورییەکان.)، تورکەکان بۆ

ئەوەی لە ڕێگەی سمکۆوە بتوانن ڕێگا لە گەڕانەوەی ئەو ئاسووریانە بگرن و نەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی هەکاری، بۆ مەبەستێکی کاتی یارمەتی سمکۆیان داوە و هەندێ چەکو جبەخانەیان بۆ ناردووە و یارمەتییان داوە کە ئەو یارمەتیدانەش وەکو وتمان شتێکی کاتی بووە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی بووە و دوای ئەوەی تورکە کەمالییەکان لە ئەنقەرە جگەپێی خۆیان قایم کرد و ترسی ئەوەیان نەما کە ئەرمەنی و ئاسوورییە دەرکراەکان بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئیتر تورکەکان ئیشیان بە سمکۆ نەماوە و بەپێچەوانەوە دژی وەستاون لە ترسی ئەوەی ئەوەکو لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا لەناو کوردەکاندا ڕاپەڕینێکی وەکو ئەوەی سمکۆ بەرپا بکرێت و ساتێک سمکۆ لەشەڕەکانیدا لەگەڵ ئێراندا شکا و بەناچاری پەنای بردە بەر خاکی کوردستانی تورکیا، تورکەکان لە سمکۆیان دا و ژنەکەیان کوشت و (خسرەو)ی کوڕیان بە دیل گرت و چەک و پارەکانیان لێ سەند و ناچار بوو بەپەرێشانی و سەرگەدانی ڕوو بکاتە کوردستانی خواروو. ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا ویستیان ئەو ئاوارەبوون و شکاندنەی سمکۆ بۆ خۆیان بقۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن و بیکەن بە داردەستی خۆیان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سید طەی نەهرییەوە بتوانن بە اکری بێنن دژی ئەو تورکانەی بە سەرکردایەتی (یوزدمیر) لە ڕواندزدا بنکەیان دامەزراندبوو بۆ ئەوەی لەوێوە لەگەڵ هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکانی خوارووی کوردستاندا دژی ئینگلیز شەڕ بکەن.

لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە بەئاشکرا هێزی کۆکردبووەوە و ڕووبەڕووی سوپای ئێران بووبووەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەسەر هێزەکانی ئێراندا سەر دەکەوت، کاربەدەستانی ئێران و نووسەرانی فارس و عەجەم لە یاداشت و نووسینەکانیاندا بۆ پینەکردنی سەرنەکەوتنەکانی خۆیان هەر یەکەیان بە جۆرێک هەوڵیان داوە کە بڵێن ئەو ڕاپەڕینانەی سمکۆ بە هاندانی ئینگلیز بووە لەکاتێکدا ئێرانییەکان خۆیان لە هەموو کەس زۆرتر سوودیان لە یارمەتیدانی ئینگلیز دەست کەوتووە و ئینگلیز ڕێگەیان پێشان داوە کە چۆن دەوڵەتەکەیان بەهێز بکەن.

لێرەدا بێجگە لەو سەرچاوانەی کە بەر لەمە لێیان دواین، لەوانەی کە باسی شۆڕشەکانی سمکۆیان کردووە و بێجگە لەو هەواڵانەی کە لەو ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکانی خوارووی کوردستاندا کە شێخ مەحمود بوو بە مەلیکی کوردستان وەکو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژی کوردستان کە لەدواییدا لەوانەش ئەدوێین،

حەزم کرد لێرەدا باسی هەندێک لەو دۆکیومێنتانە بکەم کە باسی سمکۆیان کردووە و لەوانەدا دەر ئەکەوێ ئەو پروپاگاندانەی کە دەربارەی شۆڕشەکانی سمکۆ بڵاو دەکرانەوە کە سمکۆ بە هاندانی ئینگلیزەکان ڕاپەڕیبوو، هەمووی درۆ و دەلەسە بووە.

لەو ڕووەوە دوکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا (دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر) لەو ڕووەوە نووسیویتی کە:(٩) "دوای ئەوەی شۆڕشەکەی سمکۆ لەلایەن سوپای ئێرانەوە پانکرایەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا و سمکۆ ناچار بوو ڕوو بکاتە خاکی تورکیا و لەوێشەوە ڕاونرا و دەرکرا و ناچارکرا کە ڕوو بکاتە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە کە بەشی ژووروی لەو ڕۆژانەدا لەژێر دەستی ئینگلیزدا بووە و ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز بردویانە بەڕێوە، لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەکانی بریتانیا بەئاشکرا پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیبوو دەربارەی سەرکەوتنەکەی حکومەتی ئێران بەسەر سمکۆدا.

میجەر ئەدمۆنسی شارەزای کاروباری ناوچەکە و موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەدواییدا لەکتێبەکەیدا بە ناوی (THE NEAREAST AND AINDIA) لە لاپەرەکانی (٣٩،٢)دا چاپی لندن ساڵی ١٩٢٨ باسی ڕۆژنامەکانی بریتانیای ئەو ڕۆژانەی کردووە کە سمکۆیان بە (ڕوبن هوود ROBIN HOOD)ی ڕۆژهەڵات داناوە و بە دز و بە جەردە لە قەڵەمیان داوە کە ئەمە پڕ بە پڕ بە دڵی کاربەدەستانی ئێران بووە.

ئەدمۆنس لەو کتێبەیدا ئەڵێ: ئێجگار سەرم لەوە سوڕماوە کە بۆچی ئێمە (ئینگلیز) بەو جۆرە بایەخ ئەدەن بە سەرکەوتنی فارسەکان لەگەڵئەوەشدا کە هەمیشە و بەدرێژایی سنوورەکانیان هاوکارییان لەگەڵ تورکەکاندا کردووە، ئەو تورکانە لە (ڕواندز) و (ڕانیە)دا ئێمەیان دەرکردبوو، کە ئەو لایەنگرییەی ئێمە بۆ ئێران وای لە سمکۆ کرد کە هیچ هیوایەکی بە ئێمە نەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاوارە و دەربەدەر کرابوو کەچی بەوە قایل نەبوو بەپەناهەندەیی لای ئێمە بمێنێتەوە، بەڵکو گەڕایەوە بۆ ناوچە و لای عەشیرەتەکەی خۆی بۆ ئەوەی لەوێوە بە دەسەڵات و بە توانای خۆی هەوڵ بدات درێژە بە شۆڕشەکەی بدات دژی ئێران.

لە دوکیومێنتی ژمارە (C.O.730-19) ڕۆژی ١٩٢٢/١/٤ ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا باسی پێوەندی سمکۆ و سید طەی کردووە لەگەڵ تورکەکاندا و

ئەڵێ: "لەوە ئەچێت مصطفی پاشای یامولکی لە بەغداد ڕێگەی ئەوەی پێ درابوو کە لە شاری سلێمانیدا دابنیشێت و لەگەڵ میجەر سۆنی ئەفسەری سیاسی بریتانیا لە سلێمانیدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بەبێ پرسی میجەر سۆن ئەچێتە دەرەوە و سلێمانی بەجێ نەهێڵێت (لام وایە ئەگەر مصطفی پاشای یامولکی بەپێی ڕەزامەندی میجەر سۆنیش نەچووبێتە دەرەوە بەڵام کاربەدەستانی ئینگلیز لە بەغداد ئاگاداری ئەوە بوون)، ساتێک مصطفی یامولکی چوو بۆ زیارەتی سمکۆ و سید طە، بۆی دەرکەوت کە سید طە دوای مەبەستەکانی خۆی کەوتبوو و... سمکۆش خۆی نزیک کردبووە لە کەمالییەکان و ویستویەتی هاوکاریان لەگەڵدا بکات و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بۆ خۆی دانابوو هەوڵی دابوو سوود لە ناکۆکی کەمالییەکان و ئینگلیز وەربگرێت. پروپاگاندەی تورکەکان و ئێرانییەکان دژی بریتانیا زۆر کاری کردۆتە سەر سمکۆ (لەڕاستیدا نەک هەر پروپاگاندەی ئێران و تورک کاری کردبووە سەر سمکۆ، بەڵکو ڕابردووی ئینگلیزیش لای سمکۆ بەرامبەر بە کورد لاپەڕەیکی زۆر ڕەش هەبوو و بەسەرهاتەکانی ڕاپەڕینەکانی پێشووی کوردستانی ئێران وهەڵوێستی ئینگلیز لە مێشکیدا چەسپابوو ڕەفتاری ئینگلیزەکانی لە بیر نەچووبووەوە لە کاتی عبدالرزاق بەدرخاندا کە سمکۆ هاوکارێکی گیانی بە گیان بووە، وەکو لە باسێکی تایبەتیدا دەربارەی عبدالرزاق بدرخان باس کراوە.)

لە دوکیومێنتەکەدا ئەڵێ: محمود خانی دزلی نامەی ناردووە بۆ مصطفی کمال و سمکۆ کە چەک و جبەخانەی بۆ بنێرن بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە سلێمانی و هەڵەبجە دەر بکات..

تازەترین هەواڵ وا ئەگەیەنێت کە سید طە زۆر لە سمکۆ نزیک بۆتەوە و ڕێکن بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ بەربەستکردنی هێرشی ئێرانییەکان.

لە بڕگەی (٣٩)ی هەمان دوکیومێنتدا ئەڵێ: "هەڵوێستی کورد زۆر ناسکە... بەئاشکرا سیاسەتی کەمالییەکان لەوەدایە کە کوردەکان بەلای خۆیاندا داشکێنن و بەڵێنی ئۆتۆنۆمییان داونەتێ بە مەرجێک لەژێر سایەی تورکیادا بژین. لەبەرئەوە شتێکی زۆر پێویست و گرنگە کە حکومەتی بیرتانیا و عێراق بەجووتە لەگەڵ تورکە ناسیونالیستەکاندا (تاقمی مصطفی کمال) ڕێک بکەون بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی دەربارەی شیمال پەیدا بووە نەهێڵرێ هەرچەند ئەمەش دەبێتە هۆی زویربوونی ئەوانەی کە خۆیان بە دۆستی بریتانیا دائەنێن.(مەبەستی هی وەکو سید طە و

مصطفى يامولكى بووه.)

لەلایەکی تریشەوە هاتنی خالد بەگ بەردخان و مصطفى پاشا یامولکی کە ئێستە هەردووکیان لە بەغدادن و هەردووکیشیان هەوڵی سەربەخۆیی کورد ئەدەن، ئەم هاتنەیان ئەبێتە هۆی گەرمبوونی دوژمنایەتی ئێران و تورک بەرامبەر بە ئێمە.

لە برگەی (٤٠)ی هەمان دوکیومێنتدا ئەڵێ: هەرچەند گومانم هەیە لەوەی کە سمکۆ هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ کەمالییەکاندا هەبێ، بەڵام هەڵوێستی سمکۆ وا ئەگەیەنێت کە بۆ دۆستایەتی پەیداکردن لەگەڵ بریتانیادا بەگومانە و خۆی دوورەپەرێز ئەگرێ و لەو دۆستایەتییە ئەسڵەمێتەوە.

دوانامەیەک کە سمکۆ بۆ ئەحمەد هەولێری کە (SUB MUTASARIF ئەو رۆژانە هەولێر نیمچە موتەسەرفییەتێک بووە و تا ئەو دەمە هەر سەر بە کەرکوک بووە و نیمچە موتەسەرفێک کاروباری بردووە بەڕێوە هەتا لەدواییدا لە کەرکوک جیا کرایەوە و ئەویش بوو بە موتەسەریفیەت.)، سمکۆ لەو نامەیەیدا پیرۆزبایی لە ئەحمەد ئەفەندی کردووە بە بۆنەی ئەو فرمانەی کە پێی درابوو، لە نامەکەیدا پێی ئەڵێ: ئێوە جێگەی رێز و رەزامەندی حکومەتی بریتانیان بۆیە ئەو فرمانەتان پێ سپێرراوە و لە نامەکەدا داوای لێ کردووە کە هەوڵ بدات شتێکی وا بکرێت کە پێوەندی و دۆستایەیت لەنێوانی ئەو و (سمکۆ) و بریتانیادا پەیدا ببێت

دەربارە پێوەندیی سۆڤێتیش بەرمبەر بە سمکۆ و راپەڕینەکەی، سۆڤیتە ئەو راپەڕینەی سمکۆی بە دڵ نەبووە و لێی بە گومان بووە و بە هاندانی ئینگلیزی زانیوە.

لەو رووەوە لە راپۆرتی ژمارە (١٤٨)دا کە لە دوکیومێنتی (فارسەکان بەو جۆرە دوکیومێنتە دەڵێن اسناد محرمانە.) ژمارە (C.O.730-8) و رۆژی ١٩٢١/١١/١٥دا باسکراوە، باسی تەلگرافێکی مولحەقی عەسکەری بریتانیای کردووە کە لەتارانەوە ناردوێتی بۆ مەندوبی سامی بریتانیا کە سیر پرسی کوکس بووە (لە بەغداد) ئەڵێ: لێرە وا دەنگ بڵاو بۆتەوە کە لە بەینی (٤-٥)هەزار چەکدار و (٦) تۆپ و (١٢) رەشاش و (٢٠٠) سەربازی تورک نێرراون بۆ ناوچە کوردییەکانی ئێران و گوایا بریتانیا سمکۆی هانداوە بە هۆی سید طەوە کە ئێستە لە بەغدادە کە دژی ئێران بجووڵێتەوە و ئەڵێن مەلیک فەیسەڵ سەعاتێکی بە دیاری ناردووە بۆ سمکۆ."

لە وەرامی ئەو تەلگرافەدا لە هەمان دۆکیومێنتدا، راپۆرتی ژمارە (٣٩١) رۆژی

١٩٢١/١١/٢٨ وتویەتی: ئەو هەمـــوو پروپاگــاندانە هەمـــووی درۆ و دەلەســەی بۆلشــەویکەکانە چونکە ئەوانە دژی ئێمـە (بریتـانیـا) پروپاگاندە ئەکەن و وا لە ئێرانییەکان دەگەیەنن کە ئێمە هانی کورد ئەدەین دژی حکومەتی ئێران.

ئەو هێمنی و ئاسایشەی کـە ئێستە لە کـوردستـاندا هەیە و جێگر بووە حەز ناکـەین و نامـانەوێ بە هۆی سـمکۆوە هیچ جـۆرە نائارامی و پێشـێـوییـەک لەو ناوچانەدا پەیدا ببێت، ئەو پروپاگاندانەی کە بۆلشەویکەکان بڵاویان کردۆتەوە وەکو پروپاگاندەکانی تریان وایە کە ئەڵێن ئێمە هانی یۆنانییەکان ئەدەین و یارمـەتییان ئەدەین کە شەڕ لەگەڵ تورکەکاندا بکەن.

لام وایە ئەوەی کـە لەو دوکـیــومـێنتــەدا باسـی کـردووە کــە وتویەتی هـەمـووی پروپاگاندەی بۆلشەویکەکان بووە، دەستی کاربەدەستانی ئێرانیشی تیادا بووە و هەمووی بۆ پینەکردنی ئەو شەرمـەزارییە بووە کە بەسـەر سوپای ئێراندا هاتبوو لەو شــەڕانەدا کــە ســمکۆ دەســتی لێـوەشــاندبوون و هەرجــارە بە جــۆرێک ئەو پروپاگـاندانەیان بڵاو کـردۆتەوە و کـردویانە بە ڕاپۆرت. جـارێک وتویانە سـمکۆ ئینگلیزەکان یارمەتییان ئەدا و هانیان ئەدا کە ئەو دوکیومێنتە بەتەواوی ئەوە بە درۆ دەخاتەوە ، هەندێکی تریش بۆ پینەکردنی شەرمـەزاری خۆیان وتویانە تورکـەکان یارمـەتی سمکۆیان ئەدا، بەلام هەروەکو لە پێشدا لێی دواین مەلیکزادەی نووسەری کتێبی (سرگزشت حیرت انگیز) کە خۆی لێپرسراو بووە بەئاشکرا ئەوەی بە درۆ خستۆتەوە و وتویەتی: ئەو پروپاگاندانەی کە ئینگلیز بڵاویان ئەکردەوە کە گوایا ئەو تۆپانەی لای سـمکۆ بووە تاقـمـەکەی مـصطفی کمـال بۆی ناردبوو شـتـێکی ڕاست نەبوو چونکە تورک خۆی لەو کاتەدا لەشەڕدا بووە لەگەڵ یونانییەکاندا ئیتر چۆن تۆپی خۆی ئەنێرێت بۆ سمکۆ، جگە لەوە تورکیـا لە ئێران زیاتر دوژمنی سمکۆ و بزووتنەوەی کورد بووە.

لە دۆکیومنێتێکی تردا ژمارە (C.O.730-8) ڕاپۆرتی ژمـارە (2505) کـە لە ٢٠ی نوڤمبەری ساڵی ١٩٢١دا لەلایەن مولحەقی عەسکەری بریتانیاوە لە تاران نێرراوە بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد (کە سیر پرسی کوکس) بووە و ڕاپۆرتەکە ڕۆژی ٢٢ی نوڤـمــبــەر گــەیشــتـۆتە دەست پرسی کـوکس، ئەڵێ: "هەواڵێک لەلایەن (BALAEFF)وە کـە قونسـولی ڕوسـە لە کرمـانشـاە بڵاو کراوەتەوە کە گـوایا بە دەستەوەیە لە کوردستانی ئێراندا شۆڕشێک بەرپا بکرێت بە هاندانی ئینگلزەکان وە

بۆ ئەو مەبەستە ئەفسەرێکی ئینگلیزی بەکارهێنراوە و ئەو قونسولی ڕوسە بە هۆی کاربەدەستانی ئێرانەوە ئەو هەواڵە بڵاو ئەکاتەوە."

لە ڕاپۆرتێکی تردا کە ژمارەکەی (C.O.730-8) ڕاپۆرتی ژمارە (363-2505) ڕۆژی ١٩٢١/١٢/١٠ ئەڵێ: لە BRIDGEMAN لە تارانەوە بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد:

لە قیادەی ئێرانەوە لە تەوریز تەلگرافێک هاتووە ئەڵێ: (TASUZ) ئەڵێ: سمکۆ خۆی و هەزار کەس لە دەست و پێوەندەکانی کە بە تفەنگ چەکدارن لەگەڵ هەزار قات جلوبەرگیان بە درووای لە وەکیلی ئینگلیزەکانەوە وەرگرتووە، بەڵام من بۆ وەرامی ئەوە ئەگاداری وەزارەتی جەنگی ئێرانم کرد (کە بێگومان لەو ڕۆژانەدا ڕەزاخان بووبوو بە وەزیری جەنگ) کە دڵنیا بن کە ئەو هەواڵانە هەمووی درۆن و هیچی ڕاست نییە و لە درۆ و دەلەسە بەلاوە هیچی تر نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنم پێدان کە پرس لە ئێوەش بکەم لەو ڕووەوە. ئایا ئێوە هیچ ئاگادارییەکتان هەیە دەربارەی ئەوە یان نا، وە ئایا هیچ جۆرە یارمەتییەکی لەو جۆرە دراوە بە سمکۆ؟"

لە دوکیومێنتێکی تردا ژمارە (C.O.730-23) ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٦ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد سیر پرسی کوکس ڕاپۆرتێکی ناردووە بۆ کاربەدەستانی بریتانیا لە لندن (لەو ڕۆژانەدا بووە کە شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلزەکانەوە ئاوارەکرابوو بۆ هندستان و هێشتا نەهاتبووەوە بۆ سلێمانی.) لەو ڕاپۆرتەدا وتبووی: "داوای سەربەخۆیی کوردستان لە خوارووی کوردستاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە کە بێگومان سەرکەوتنەکانی سمکۆ لە ئێراندا ئەو هەستی نەتەوایەتییەی لەم ڕۆژانەدا ئێجگار بەهێزتر کردووە و کوردەکانی خوارووی کوردستان داوای بوونی سەرکردایەتییەک ئەکەن بۆ کورد و بە هیچ جۆرێکیش نایەنەوێ بچنە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقەوە."

لە هەمان دۆکیومێنتی پێشوودا لە برگەی (٤٧٦)دا ئەڵێ: دەربارەی پێوەندیی سمکۆ و ئێران: دەنگ وا بڵاوبۆتەوە کە تورکەکان ئەیانەوێ بکەونە نێوانی سمکۆ و حکومەتی ئێرانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون و ئەو نارێکی و شەڕەی لەنێوانیاندا هەیە نەیهێڵن هەروەها دەنگ وایە کە سمکۆ چووە بۆ زیارەتی (وان) و لەوێ داوای لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ئەو ناوچانە کردووە لەوانەی کە بە

دۆستی خۆیان ئەزانێت کە کۆبوونەوەیەک ڕێک بخرێت کە هێشتا مەبەست لەو کۆبوونەوەیە ئەزانراوە بۆچی بووە.

هەروەها سمکۆ داوای لە شێخانی بەرزنجەی خوارووی کوردستان کردووە (کە مەبەسیت شێخ مەحمود بووە.) وە لە مەحمودخانی دزڵی کردووە کە لەگەڵ نوێنەرەکانیدا لە پێنجوین یەکتر ببینن بۆ گفتوگۆکردن و ئەڵێن حکومەتی ئێران شاری (سنە)ی بەجێهێشتووە و ئەو بەجێهێشتنەی لەساوە دەست پێکردووە کە بیستویەتی هێزەکانی سمکۆ بەرەو شاری (سنە) ئەڕوات.

سمکۆ هەوڵی ئەوە ئەدا کە هەتا لەتوانایدا بێ دەسەلات و توانای خۆی ئەخاتە داوی تورکەکانەوە، هەرچەند دوور نییە لەشەڕەکانیدا ئەگەر بەسەر ئێراندا سەرنەکەوێ ئەوا ناچار ئەبێت داوای یارمەتیی لە تورکیا بکات کە بێگومان بەرامبەر بەوە تورکەکانیش داوا لە سمکۆ ئەکەن کە هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە و هاوکاریی تورک بکات دژی حکومەتی عێراق.

من بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو شتێک ببم، بەوردی ئەچمە بنجوبناوانی هەموو شتێکەوە و ئاگادارتان ئەکەم.

دەربارەی شکانی سمکۆ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا، دۆکیومێنتی ژمارە (E.8676-6-NO.48) ڕۆژی ١٩٢٢/٨/٣٠ لە باڵیۆزخانە بریتانیاوە لە تاران لەلایەن (SIR. A. LARAINE) نامەیەک نێرراوە بۆ (MARGNES CURZON) کە وەزیری دەرەوەی بریتانیا بووە بە نامەی ژمارە (٣٢٤) ڕاپۆرتێکی نووسیوە ئەڵێ: 'وەزارەتی جەنگی ئێران بڵاوی کردەوە کە لەو شەڕەی ڕوویدا، سمکۆ بەتەواوی شکا و هەندێ وردە شەڕی پەراگەند مابوو ئەویش تەواو بوو و سوپای ئێران لەو شەڕەدا شەڕێکی زۆرباش و ڕێکوپێکی کردووە و نزیکی (٢٥٠) کوژراو و بریندار لە ڕیزی هێزەکانی حکومەتدا هەیە.

حاکمێکی تازە بۆ ناوچەکە دانراوە و وەزیری جەنگ لای وایە (کە ڕەزاخان بووە.) کە پێویستی بە ملیۆنێک تمەن و دانەوێڵەیەکی زۆر هەیە بۆ بووژاندنەوەی خەڵکی ناوچەکە و سەرگرتنی ئارام و ئاسایش.

## ج- دەنگوباسی شۆڕشەکانی سمکۆ لە ڕۆژنامەکانی خوارووی کوردستاندا:

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەگەرچی پێوەندی نێوانی کوردی هەر سێ بەشەکەی کوردستان (تورکیا، ئێران و عێراق) لەو ڕۆژانەدا کە ئوتومۆبیل نەبووە و ڕێگەی ئوتومۆبیل لە شارەکانی کوردستاندا نەبوو تاقە هۆیەک کە توانربێت هاتوچۆی پێ بکرێت بریتی بووە لە ولاغ. لەبەرئەوە شتێکی ئاسان نەبووە کە دەنگوباسی لایەک لەکاتی خۆیدا بەباشی بگاتە لاکانی تر و جاری وا هەبووە لەپاش ماوەی چەند هەفتەیەک ئەوسا دەنگوباسی ڕووداوەکان گەیشتۆتە بەشەکانی کوردستان، بەلام هەستی نەتەوایەتی ئەوەندە بەهێز و تین بوە کە خەڵک زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵیانداوە دەنگوباسەکان ببیستن.

لەو ڕۆژانەدا کە شۆڕشەکانی سمکۆ کوردستانی ئێرانی گرتبووەوە، ڕۆژنامەی بانگی کوردستان و ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە شاری سلێمانیدا، کە ئالای حکومەتی کوردستانی تیادا هەڵکرابوو شێخ مەحمود ئەنجومەنی وەزیرانی هەبووە و دانیشتوانی خوارووی کوردستان زۆر بەپەرۆش بوون بۆ بیستنی هەواڵی شۆڕشەکانی سمکۆ کە بە قارەمانێکی کوردی ئازا و نەبەردیان داناوە و هیوای ئەوەیان لێ کردووە کە لە شۆڕشەکانیدا سەر بکەوێ و شانبەشانی حوکمەتەکەی خوارووی کوردستان وەکو جووتەبرا میللەتی کورد لە هەردوو بەشەکەیدا بەرەو ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی بڕوات. بە هیوای ئەوەی کوردی کوردستانی تورکیاش هەمان ڕێگە بگرێتە بەر و لە هەموو لایەک داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکرێن دەست لە بەرۆکی کورد هەڵبگرن.

بۆیە حەزمکرد لە کۆتایی باسی شۆڕشەکانی سمکۆدا لەو دوو ڕۆژنامەیەدا کە کاتی خۆی دەردەچوون چۆن باسی شۆڕشەکانی سمکۆیان کردووە بیانخەمە بەر چاوی خوێنەران.

لام وایە لەو ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکانی ئێرانیشدا کەم و زۆر باسی کوردستانی خواروو و حکومەتەکەی شێخ مەحمود بە چاک و خراپ کراوە، بەلام بەداخەوە هەتا

ئێستە مشووری ئەوە نەخوراوە کە ئەو دەنگ و باسانەی لەو ڕۆژانەدا بڵاوکراونەتەوە وەکو سەرچاوەیەک کۆ بکرێنەوە.

یەکەم ژمارەی (بانگ کردستان) کە لە ڕۆژی ١٩٢٢/٨/٢دا دەرچووە و بەرامبەر بە ٨ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٤٠ کە خاوەنەکەی مصطفی پاشای یامولکی بووە، لەلاپەڕە (٦) دا بە فارسی داوای لە کوردەکانی ئێران کردووە کە بەشداری بکەن لەناردن و نووسینی هەواڵ و دەنگوباسی کوردستانی ئێران و نووسینی مەقالاتی نیشتمانی.

هەروەها لە هەمان لاپەڕەی ئەو ژمارەی یەکەمدا بە فارسی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە تەرجەمەیەتی بە کوردی: "دەربارەی شکستی کوردەکان لە (خۆی) کە ڕۆژنامەکانی ئێران باسیان کردووە، ئەو هەواڵانە زۆریان ڕاست نین و نابێ بڕوا بە قسە و بڵاوکراوەکانی حکومەتی ئێران بکرێت.

باسی بەرگریکردنی سمکۆ بەرامبەر بە هێزەکانی ئێران و توانای سمکۆ لەو بەرگریکردنەدا، لە ژمارەی داهاتووی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو ئەکەینەوە."

لە ژمارە (٢)ی هەمان ڕۆژنامەدا ڕێکەوتی ڕۆژی ١٩٢٢/٨/١٤ بەرامبەر ٢٠ی ذی الحجەی ساڵی ١٣٤٠ لە لاپەڕە (٤)دا بە فارسی ئەو هەواڵانەی بڵاو کردۆتەوە کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەربارەی شکانی شۆڕشی شۆڕشگێڕانی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە کە ئەمەی خوارەوە تەرجەمەکەیەتی بە کوردی: "ایران ٣ی ذی القعدەی ساڵی ١٣٤٠، ڕاپۆرتێک کە بە تەلگراف گەیشتوە دەربارەی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕۆژی ٥ی سرطان ڕێکەوتی ٢٦ی جونی ١٩٢٢، هێزی کوردەکان هێرشیان بردە سەر گوندی (رهال) و شەڕێکی قورس ڕوویدا و لەئەنجامدا هێزی کوردەکان شکا و ژمارەیەکیان لێ کوژرا و بریندار بوو، علي تقي خان کە یاوەری فەوجی نۆهەمە لە (خۆی) لەگەڵ (٢٠٠) سەربازدا بریندار بوون.

ئێران ٧ی ذی القعدە:

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژی ٧ی سرطاندا گەیشتووە، ئەو هێزەی کە لە (خۆی)دایە لەگەڵ ئەشرارەکان شەڕێکی قورسیان کرد و سەرکەوتن بۆ هێزەکانی

دەوڵەت بوو.

ئێران ٩ی ذی القعدە:

بەپێی تەلگرافێک کە لە ئازاربایجانەوە گەیشتوە، لە (خۆی) شەڕێک ڕوویداوە کە لەو شەڕەدا (٢٨) نەفەر لە هێزی کوردەکان کوژراون بەپێی ئەمەی خوارەوە:

(٢) ئەرمەنی، (٦) سەرباز، (٢٠) کورد.

هەروەها (٢٨) سەر ئەسپ و محمد ئاغا ناوێک کە لە هاوکارەکانی سمکۆیە و سەرکردەی (٦٠٠) نەفەرە لەو شەڕەدا کوژراوە و ژمارەی زیانەکانی ئێمە بریتیە لە هەشت بریندار.

تاران، ئێران.

لە لاپەڕە (٥)ی هەمان ژمارەی بانگی کوردستاندا بۆ بە درۆخستنەوەی ئەو هەواڵانە هەر بە فارسی بەم جۆرەی خوارەوە ڕۆژنامەکە وەرامی داوەتەوە:

بانگ کردستان:

"ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە هیچیان جێگەی بڕوا نین، چونکە بوونی ئەرمەنی لەناو هێزی کورددا شتێکی ئێجگار دوورە و درۆیە.

هەموو ئاگاداری ئەوەن کە چۆن بە فێڵ و بە شێوەیەکی ناجوامێرانە لە مانگی شەعبانی ساڵی ١٣٣٧دا حکومەتی ئێران بە هاوکاریی ئەرمەنییەکان بۆمبایەکی نارنجۆکیان ناردبوو بۆ کوشتنی سمکۆ، ئیتر تێ ناگەین چۆن کورد و ئەرمەن لە شەڕی ئاوادا هاوبەشی لەگەڵ یەکتر دەکەن؟

بێجگە لەوە تێ ناگەین کە مەبەست لە ناوهێنانی سەرباز لەناو هێزی کورددا چییە؟"

لەدوای ئەو وەرامدانەوەیە هەر لە لاپەڕە (٥)ی هەمان ژمارەی پێشوو لە پاشکۆی ئەو وەرامەدا بە فارسی باسێکی دوورودرێژی دەربارەی بنەماڵەی سمکۆ و هۆی تێکچوونی ئەو بنەماڵەیەی کردووە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا و لە لاپەڕە (٦)ی ژمارە (٣)ی دوای ئەوە کە لە ڕۆژی ١٩٢٢/٨/٢١ ڕێکەوتی ٢٧ی ذی الحجە ١٣٤٠ پاشماوەی ئەوەی پێشووی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی بنەماڵەی شوکاک و چۆنێتی

ناردنی بۆمبایەکی نارنجۆک بۆ کوشتنی سمکۆ. لەبەرئەوەی بەر لەمە باسی ئەو نارنجۆکەی کە نێررابوو بۆ کوشتنی سمکۆ بڵاو کراوەتەوە، هەروەها لە باسی عەشیرەتی شوکاک و بنەماڵەی سمکۆدا هەردوو بەشەکەمان بە کوردی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی عەشیرەتی شوکاک، بۆیە پێویستی نەکرد دووبارە لێرەدا باسی بکەمەوە.

لە ژمارەی (٤)ی هەمان رۆژنامەدا کە لە رۆژی ١٩٢٢/٨/٢٨ ڕێکەوتی ٥ی محرم ١٣٤١ لە لاپەڕە (٤)دا دوو هەواڵی تیادا بڵاو کراوەتەوە بە کوردی کە هەر بە ئیملاکەی خۆی پێشکەش ئەکەم:

یەکەم: دەربارەی سمکۆ: وکو خبرمان زانیوە لە اطراف (شرفخانە) لە ریکەی تبریز لە ساحل شمال گول ورمیە لشکر سک لە گل لشکر عجم شەریکی بەشدتیان بوە. کوردان غالب و عجم وکو پیشو هر مغلوبن.

بانگ کردستان

دوهەم: نظر بە مسموعات: قسمیک لە بانەیی و مریوانی خریکن لەگل هورامی بە شر بین. هورامی بە قوت ترن و جیگایان بو مدافعە محکمترە. خدا بکا فتنە لە بین ام دو طایفە لاچی.

بانگ کردستان

لە ژمارەی (٥)ی هەمان رۆژنامەدا کە لە رۆژی ١٩٢٢/٩/٤دا دەرچووە ڕێکەوتی ١٢ی محرم ١٣٤١ لە لاپەڕە (٥) دەربارەی سمکۆ نووسیویەتی کە وەکو خۆی بڵاوی ئەکەینەوە.

بنا لە اخبار استامبول. غزتەء الرافدین نوسیویە کە لشکر سمکو داخل تبریز بوە وزارت طهران لە خوفا طلب معاونت و امدادی لە فرقەء یازدهم بولشنەویک روسیە کردوە.

صبا هلسە دخیلت بم     برو بو چاری لای سمکو
بلی تاوی بدا اسپی     هتا تبریز و قافلانکو
همو کرمانج کرمانشاە     بەئاواتن بە جان و دل
سنە حاضر، همو خلقی دلین بێ لشکر سمکو

لە لاپەڕە (٥)ی ژمارەی (٦)ی ڕۆژی ١٩٢٢/٩/١٨ ڕێکەوتی ٢٦ی محرم ١٣٤١ هەواڵێکی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی سمکۆ هەروەکو خۆی بڵاوی ئەکەینەوە: "بنا بە اخبارێکی تازە کە لە بانەوە وەرگیراوە، جناب اسماعیل خان (سمکۆ) لپاش امە کە مقری خوی یعنی (چاری) ترک کرد و تحصنی بە موقع منع شاخان سومای، لشکرێکی عجم بی شمار، چاری و اطرافیان همو أستیلا و یغما کرد، سمکو چند ڕوژی ام احوالە سیروتماشا و بم وسیلە وە عجمەکان اغفال و تدارکاتی خوشی اکمال کرد. لپاش ام استحضاراتە شویک بسر لشکر عجمدا شبیخونیکی ما هرانەء کرد. بە ڕوایتیکی موثوقە قریب پینج هزار نفر تلفیات و برینداری بە اوردوی عجم دا و لپاش امیش بو اطراف تعمیمی نوسیوە کە حسب الانسانیە، هر کس و همو عشیرتیکی کورد بە قدر امکان خوی بو کفن و دفن او عجمانە معاونت نقدیەی طلب کرد. لسر ام غالبیەتەش دیسان جناب سمکو عودتی بو چاری مناسب ندیوە و لگل ترتیباتیکی مخصوصەء خوی مشغولە. بزانین ام حملەء دووەمە بۆ کوی یە، والحاصل جناب سمکو دیسان غالبە، ایمە ذاتا تا ایستا بە مغلوبیتی او چونکە بەراستی باورمان نکردبو هر بحث غالبیتی اومان دنوسی و انشاءالله هیچ کوردیک لسر حق مغلوب نابی و لەخودا تمنا دکین کە ام اختلاف و منازعاتە لە بین کردان، یعنی قوم پهلوی و عجمدایە بەزوویی مبدل خیر بی تا لە هردو طرف نوع بنی بشر و موسولمانان ایتر ضرر دیدە نەبن، چونکە کورد چند بو ایمە مطلوبە دوستی همو ایران و عجمان کە خاندانی محترم و مندران بەقیمتی زۆرە، بۆ ئیمە اوندە بەقیمت و پیویستە.

بشارت بی دلین سمکو هجومی کردە سرایران
بلاوەی کرد عجم تیکچون و کوریوی لبر شیران
شبیخونیکی مەردانە شوکاک و هەرکیان کردی
بلندی کرد بحمدالله کلاە و طلبەء کوردان
دسا کوردان فیداتان بم همو هلسن بەیکجارە
نتیجەء ام شرە خیرە کە استقلالە بۆ کوردان

لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا ناوی ئیسماعیل ئاغای بە سردار نصرت (سمکۆ)

ئیسماعیل خان ناو هێناوە. ئەو سرداری نصرتەی کە لەو ڕۆژنامەیەدا باسی کردووە، ڕوتبەیەک بووە کە کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە درابوو بە سمکۆ لەکاتی سەرکەوتنەکان و دەستڕۆینی سمکۆدا کە حکومەتی ئێران بۆ هێمنکردنەوەی سمکۆ. سرداری فاتح کە والی ئازربایجان بوو لەگەڵ قونسولی ئینگلیزدا ئەچنە لای سمکۆ و چەند دیارییەکی بۆ ئەبەن و ئەو ڕوتبە تازەیەشی پێ دەگەیەنن کە حکومەتی ئێران کردبووی بە سردار نصرت هەروەکو بەرلەمە لە باسی کتێبەکەی سروان احمد کاویان پوور (تاریخ رضائیه)دا باسمان کرد.(٥٠)

لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی بانگ کردستان ٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٢ ڕێکەوتی ٧ی صفری ١٣٤١دا هەواڵێکی دەربارەی سمکۆ بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە: "بنا لە کاغزیک کە لە (بانە)وە هاتوە، جناب سمکو هتا ئیستا دو دفعە لەگل عجم دا مصادمەی واقع بوە و هردو دفعەکە تلفیاتیکی زۆری لە عجم داوە و بە موفقیت گەراوەتەوە بۆ چاری.

لە ژمارە ٩ی هەمان ڕۆژنامەدا کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ ڕێکەوتی ١٦ صفری ١٣٤١ لە لاپەڕە (٥)دا هەواڵی سمکۆی بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە.

"مدەیی کە لطرف اسماعیل خانەوە هیچ خبری نبو، دوینی لە (بانە)ەوە خبری هاتوە کە سردار نصرت (سمکو) لپاش امە کە چاری (مقر قدیمی خویان) کە عجمان بە زۆر گرتەوە، لشکر مظفر شکاکانی بو طرف سلماس روانە کرد و دیلمان کە مرکز محال (قضا)ی سلماسە لە دشمنان خۆی پاک و استرداد کردوە. خدا کردان لسر حق لە همو جیگایکا غالب بکا و بە ماموران مغرور عجم دوشمانیش انصاف و فهمیکی با سیاست بدا تا ام خوێن ڕژاندنە لە بین دو فرقەء اسلامدا تواو ببی.

بکێشە خنجرت سمکۆ، بدە نعرە هتا توران

سلامی کە کە شاە رای کە یارە بو همو کوردان

نهایت دە بە قاجاران کە جای قاجار لە تورانە

ولی جیا پهلوی و فرسان تواوی ملک ایرانه(۱)

دسا دیبوکریان هلسن لەگل منگور بە ئازانە

ببستن رەی فرار (.........) اسیری کن بەمردانە

(۱) لەڕاستیدا ئەوەی ئەو شعرەی وتوە (کورد و پەهلەوی بە یەکێک داناوە کە مەبەستی بووە بڵێ ئێران وڵاتی کورد و فارسە و جێگەی عەجەم لە تورانە کە قاجارییەکان عەجەم بوون.)

لە ژمارە (۱۰)ی ئەو ڕۆژنامەیەدا کە لە ۱٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۲۲ ڕێکەوتی ۲۳ی صفری ۱۳٤۱ لە لاپەڕە (٤)دا دوبارە باسی سمکۆی بەم جۆرە کردوە:

سمکو (سردار نصرت اسماعیل خان)

لە میناغا کە رئیس عشرت گورک طرف ساقزە و خوی ایستاکە لە دیی کندەسورە (تابع بانە)یە روایت دکن جناب سمکو (اسماعیل خان-سردار نصرت) از سرنو شهر ورمیەی استیلا و استرداد کردەوە و عشایر کوردان او طرفانە حتی گەلباخی وسائرەی جهت ساقز و جواری (سنە)ش بو معاونت سمکو بالعموم حاضرن و حکومت ایرانیش ام جارە لە همت و ثبات کوردان تی گیشتوە و بو مذاکرە و ریکوتن خبری بو سمکو ناردوە. معلوم دبی کە خبر تشکیل حکومت مستقلەی کوردستان لە سلیمانیدا دەمار حمیت و غیرت کوردانی هیناوەتە حرکت.

دسا کوردان بە قربانتان، همو یک بن وکو شیران

رەها بن تا خودا بیکا لە ظلم دائمی ایران

تا ئێرە باسی ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە بوو کە لە ڕۆژنامەی بانگ کردستاندا دەربارەی سمکۆ و کوردستانی ئێران بڵاو کرابووەوە، لەدوای بانگ کردستان ئیتر ڕۆژنامەیەکی تر دەرچووە کە ئۆرگانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بووە و لەوەدا هەواڵ و باسەکانی تری سمکۆی تیادا بڵاو کراوەتەوە کە پێوەندی بەو باسانەوە هەیە کە لە بەشەکانی داهاتوودان و لە شوێنی خۆیدا لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد ئەدوێین.

بەشی چواردەهەم

# ئەنجامی شکانی سمکۆ لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێران و تورکیا

لە باسی پێشوودا بەدووروودرێژی لە چۆنێتی شەڕەکانی سمکۆ دواین کە بەرامبەر بە سوپای ئێران کردبوونی و ئەو سەرچاوانەی کە باسی ئەو شەڕانەیان کردووە، هەر یەکەیان بە جۆرێک باسیان کردووە و نووسەری وا هەبووە خۆی بەشداری ئەو شەڕانە بووە و یاداشتەکانی خۆی تۆمار کردووە ئەگەرچی دوورنییە لە هەندێ باسدا لە ڕاستی لایاندابێ و ئەو ڕووداوانەی بەدڵیان نەبووبێت گۆڕێزیان لێ کردووە و لە هەندێ جاردا بۆ هەڵکیشانی خۆیان هەندێ شتیان خستۆتە سەر ڕووداوەکان کە خوێنەر لەبەراوردکردنیاندا بەئاشکرا هەندێک لەو ڕاستیانەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە و لەم بەشەدا ئەمانەوێ باسی ئەو شکاندنە کۆتاییەی سمکۆ و ئەو سەرەنجامەی کە لەو شکاندنەوە پەیدا بوو بکەین و بۆ ئەو مەبەستە لەم بەشەدا پەنامان بردە بەر هەندێ سەرچاوە کە ئەگەرچی لە باسی بەشی پێشوودا بەدووروودرێژی هەندێ سەرچاوەمان هەروەکو خۆیان پێشکەش کردبوو وەکو (تاریخ رضائیە) نووسینی: سروان احمد کاویان پوور(٥٠) و کتێبی (خاطرات وخطرات) نووسینی: حاجی مهدی قلی (مخبرالسلطنه)(٤٦ وە هەندێ سەرچاوەی تر. بەلام بۆ ئەم بەشە ئەوەی نووسەری کتێبی کورد و عەجەم باسی کردووە دەربارەی دواشۆڕشەکانی سمکۆ کە تیایاند شکا و بەناچاری پەنای بردە بەر تورکیا، لەبەر ئەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو شۆڕشانەی دوایی بە زنجیرە و یەک لەدوای یەک باسکردووە و دەستنیشانی ئەو سەرچاوانەشی کردووە کە لەباسەکەیدا وەریگرتووە هەروەکو کتێبەکەی حسین مکی (تاریخ بیست سالەی ایران) و کتێبەکەی علی دهقان (تاریخ رضائیە یا سرزمین زردشت) لەبەرئەوە ئەو باسەم هەڵگرت بۆ ئەم بەشە و لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی تردا کە باسی چۆنێتی پەنابەرێتی سمکۆیان کردووە بۆ تورکیا و پەلاماردانی تورکەکان بۆ سەر سمکۆ و ڕاونانی بۆ ناو خاکی خوارووی کوردستان وا ئەوانەم لەم بەشەدا پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێز ئەکەم.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٦٣)ی ئەو کتێبەدا دەربارەی شکانی سمکۆ ئەڵێ: "سرتیپ امان الله مرزای جهانبانی سەرۆکی ئەرتەشی ئێران کرا بە فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئازربایجان و دەسەلاتی کیشوەر و لەشکری پێ درا و کەوتە کۆکردنەوە و سازدانی هێزەکانی ئێران و کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ شارەزابوون دەربارەی هێز و توانا و دەسەلاتی سمکۆ و داڕشتنی پلانی

پەلاماردانی بۆ سەر سمکۆ کۆکردەوە (دەربارەی ناوی امان الله مرزای جهانبانی هەروەکو لە باسەکەی سروان احمد کاویان پوور، کە لە بەشی پێشوودا بەدوورودرێژی لێی دواین، لە کتێبەکەی ئەودا لاپەڕە (١٦٩)دا ئەویش هەر بە مرزا امان اللەی جهانبانی ناوی بردووە، بەڵام لە لاپەڕە (١٧٠)ی کتێبەکەیدا (تاریخ رضائیە) بە روح الله مرزای جهانبانی ناوی بردووە.) و دوای ئەوە کەوتە سەر داڕشتنی پلانی هێرشەکەی و بۆ ئەو مەبەستە فەرمانێکی بەم جۆرەی خوارەوەی دەرکرد (کە لەو فەرمانەدا دەرنەکەوێ حکومەتی ئێران هەرچی هێزی خۆی بووە بۆ ئەم شەڕە ئامادەی کردووە.):

یەکەم: ئەو هەموو هێزانەی لەتارانەوە هاتبوون بێجگە لە سوارەی نیزام کە لەژێر فەرماندەی ئەمیرلەشکر اسماعیل ئاغای ئەفضلی دا بوو، ئەبێ بەنەهێنی لە بەندەری (دنلو)ەوە بەزووترین کات خۆی بگەیەنێتە بەندەری (شرەفخانە).

دووهەم: بە زووترین کات هەموو هێزەکانی ئازربایجان لە بەندەری (شرفخانە)دا کۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێران بتوانن دەست بەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمیەدا بگرن و لەوێوە دەست بکەن بە جووڵە.

هێزی کورد لە کەناری ڕۆژئاوای گۆلی ورمیەدا بەندەرەکانی (قۆچی) و (گوڵمانخانە)ی بە دەستەوە بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی هۆی گواستنەوە نەیتوانی کەڵکی تەواو لەو بەندەرە وەربگرێت وە لەنێوانی ئەو دوو بەندەرەشدا (سەنگی کاظم) بە دەست کوردەوە نەبوو، بەڵکو بە دەست کابرایەکی یاخیبووی عەجەمی بوو کە ناوی (کاظم) بوو، ئەو سەنگەش هەر بە ناوی ئەوەوە ناو دەبرا و پێی ئەوترا سەنگی کاظم.

هێزەکانی دەوڵەت نەیانتوانی لە ڕێگەی گۆمی ورمیەوە مناوەرەی خێرا بکەن و بۆ لای ڕاست و چەپ بجووڵێن و لە شوێنێکی کەناری ڕۆژئاوای گۆلەکەدا کە بە دەست کوردەوە بوو لەبەرئەوە جهانبانی بڕیاری دا:

١- لەبەرئەوەی لەبەردەمی گۆمی ورمیەدا دیوارێکی تەخت هەیە کە بریتیە لە هەورازی (قزل داغ) و لە شارستانی (سەلماس)دا تەواو ئەبێت، لەبەرئەوە وا بڕیار درا کە ئەو هێزانەی لە بەندەری شرەفخانەدا کۆبووبوونەوە بە دزەکردن لە دیواری تەختی سەروو، لە بەرزاییەکانی (قزل داغ)ەوە تێپەڕ بکەن و دوای گرتنی سەلماس ڕاستەخۆ هێرش ببەنە سەر قەڵای (چهریق ـ چاری) و بۆ ئەمەش نەبووایە لەو

شوێنانەدا دابەزن کە بە دەست (کاظم)ی یاخییەوە بوون.

ب- هێزی چریک بە ناوی (گوردانی مرادی) ناو ئەبرا کە لە پاشماوەی هێزەکەی خالوقوربانی پێک هێنرا بوو لەژێر سەرکردایەتی مرادخانی کورددا (وا دیارە کورد وتەنی: بۆرە لە جێی بازە بووە.) وە لەگەڵ هێزێکی بچووکی نیزامیدا لەژێر فەرماندەی ڕاستەوخۆی سەرهەنگ (ابوالحسن پورزند) کە ئەبوایە لە کەناری ڕۆژئاوادا لە بەندەری کاظم دابەزن. فەرماندەی ئەو هێزە هەمووی بە پوورزەند سپێررا.

هێزەکانی دەوڵەت کە بە سەرکردایەتی سەرتیپ (امان الله مرزا جهانبانی) بوو لە (شرەفخانە) کۆبووەوە کە لەم بەشانەی خوارەوە پێک هاتبوو:

١- ستادی فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئازربایجان کە جهانبانی ویستی سوود لە ئەفسەرە لاوەکان و خوێندەوارەکان وەربگرێت، بۆ ئەمە سەرهەنگ (سیف الله شهاب)، سەرهەنگ (روح الله میرزا)، سەرهەنگ (شاهرخ میرزا)، سەرهەنگ (احمد خان چارلسکی کە لەدواییدا ناوی خۆی گۆڕی و کردبووی بە اقصی) ئەمانە هەموویان بۆ سەرۆکایەتی ستادی ئەرتەشی دانران و سەرهەنگ (یوسف خان) و سروان (مهینی) هەر لەوێ کاروباریان پێ سپێررا.

٢- سنوورەکانی گارد: لە هەندێ پیادەی پەهلەوی پێکهێنرابوو لەگەڵ هەندێ پیادەی رضاپور و اسوارێک سواری اکتشاف، وە ئاتەشبارێکی ڕووسی و چوار عرادە تۆپ بە سەرکردایەتی سەرتیپ فضل الله خانی زاهدی (کە لەپێشدا ناوی بصیر دیوان بوو.)

٣- سنووری ژووروی ڕۆژئاوا پێکهاتبوو لە هەندێ پیادەی لەشکری ئازربایجان و سوارانی اکتشاف و ئاتەشبارێک و چوار عرادەی ڕوسی شاخی کە ئەمە بە سەرکردایەتی (حسین مقدم) بوو.

٤- ستوونی سوارە کە پێک هاتبوو لە هەندێ سواری لەشکری ژووروی ڕۆژئاوا و هەندێ سواری چەکداری قورس و یەک ئاتەشباری (شنایدەر)ی سەحرایی و دەستەیەک تۆپخانەی (ابوخوفی) سەحرایی کە ئەمە بە سەرکردایەتی سەرهەنگ (کربلائی علی خان نەخچوان) بوو.

٥- شەڕکەرە غەیرەنیزامییەکان کە هەزار کەس بوون بە سەرپەرشتیکردنی ئەفسەرانی ئەرمەنی.

٦- ئاتریادی همدان بە سەرکردایەتی سەرهەنگ (رضا خان کندیؒ) وە بۆ ئیحتیات لەبەر دەستی فەرماندەی گشتیدا دانرابوو.

٧- سەرهەنگ (محمود خانی پولادین) لەگەڵ هێزێکی بچووکی نیزام و سوارەی چریک و ژاندرمەی لە ساخلوی نیزامی خۆی بن.

هێزەکانی دەوڵەت کە هەمووی بریتی بوو لە هەشت هەزار پیادە و هەزار سوارە و پێنج هەزار چریک و هەزار شەڕکەری غەیرەنیزامی کە بە هەموویان (١٥) هەزار بوون.

هێزی دەوڵەتی توانی بەبێ شەڕ لە (سەنگی کاظم) دابەزێت کە بەوە جێگەپێیەکی گرنگیان بۆ خۆیان لە ناوچەکانی شۆڕشدا کردەوە.

کاظم (کە وترابوو کابرایەکی عەجەمی یاخی بووە، وا دیارە چۆتە پاڵ حکومەت) هەموو تاقمەکەی خۆی بۆ چاوساغێتی ئەرتەش تەرخان کرد و کوێرە ڕێگەکانی چهریقیان پێشان دان.

فەرماندەی گشتی بڕیاری عەمەلیاتی جەنگی بەم جۆرەی لای خوارەوە بە هەموو سەرکردەکان ڕاگەیاند:

ا- ستونی گارد: هەندێ پیادەی پەهلەوی، هەندێ پیادەی رضاپوور، اسوارانی سوارەی اکتشاف، ئاتەشباریک، چوار عەرەبانەی کۆهستانی، لەژێر سەرکردایەتی (فضل الله خانی زاهدی)دا کە ئەبوایە ئەم هێزە لە بەرزاییەکانی (قزل داغ) و (میشورداغ)ەوە بەرەو قەڵای چهریق پێشڕەو بکەن.

ب- ستوونی ژووروی ڕۆژئاوا، هەندێ پیادەی لەشکری ئازربایجان، یەک اسواران اکتشاف، یەک ئاتەشبار، (٤٠) کوهستانی لەژێر سەرکردایەتی سرتیپ (حسین مقدم) ئەبووایە لە بەرزاییەکانی (شکریازی)یەوە بەرەو قەڵای چهریق پێشڕەو بکەن.

ج- جەنگاوەرانی غەیرەنیزامی لەژێر سەربەرشتیی ئەفسەرانی ئەرمەنیدا، ئەبووایە لە لێواری رووی سەرووی کەناری گۆلی ورمیەوە بەرەو قەڵای چهریق پێشڕەوی بکات.

د- ستونی چریک لە بەندەری سەنگی کاظمدا لەژێر سەرکردایەتی سەرهەنک ابوالحسن پورزند، ئەبووایە لەگەڵ عەمەلیاتی هێزەکانی بەندەری (شرەفخانە) پێکەوە هاوکار بێ و لە یەک ڕۆژدا دەست پێ بکەن.

## داگیرکردنی چهریق (چاری):

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٤ی مردادی ساڵی ۱۳۰۱، بەرامبەر بە ۱۰ی محرمی ۱۳٤۱ بەر فەرمانی سەرتیپ جهانبانی لە هەموو لایەکەوە شەڕ دەستی پێ کرد و لە بەرزاییەکانی (قزل داغ)دا شەڕێکی سەخت لەنێوانی ستونی گارد و هێزەکانی سمکۆدا ڕوویدا، هێزەکانی کورد توانییان کەرتەکانی ئەو هێزە لە یەکتر دابڕن و دەلاقەیەکی گەورە بکەنە ڕیزەکانیانەوە.

جهانبانی دەستبەجێ فەرمانی دا ئەو ستوونی سوارەیەی کە وەکو هێزێکی ئیحتیات هێشتبوویەوە و لای خۆی گلی دابووەوە ئەو کەلێنەی پێ پڕ بکاتەوە.

شەڕ و تێهەڵچوون شەو و ڕۆژێکی خایاند. بەڵام کوردەکان لەوە زیاتر بەرگرییان پێ نەکرا و بە تێکشکاوی گەڕانەوە بۆ سەلماس و چاری، بەڵام هێزەکانی ئێران ماوەی ئەوەیان نەدا بە کوردەکان کە هێزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە و ڕێکیان بخەن، جهانبانی بڕیاری دا دوای هێزەکەی کورد بکەوێ و لەپاش دوو ڕۆژ بەرهەڵستیکردن کوردەکان ناچار بوون واز لە سەلماس بێنن و بەرەو چهریق ـ چاری کشانەوە. سەرتیپ جهانبانی بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکەی خۆی بەتەواوی مسۆگەر بکات و ڕێگەی ئەوە نەدا هێزی کورد پشوو بدات و خۆی ڕێک بخاتەوە، فەرمانی دەرکرد کە هێرش ببرێتە سەر چاری.

هێزی ئێران لەدوای بڕینی هەشت فرسەخ توانی ڕێگەی سەختی شاخاوی قۆناغ لەدوای قۆناغ بەرهەڵستییە پچرپچڕەکانی کورد بشکێنێت و بگاتە قەڵای چهریق و گەمارۆی بدەن.

ڕۆژی ۲۰ی مردادی ساڵی ۱۳۰۱ قەڵای چهریق داگیرکرا و هێزەکانی سمکۆ بەتێکشکاوی بەرەو خاکی تورکیا کشان.

جهانبانی مژدەی ئەم سەرکەوتنەوەی بەپێی ئەم تەلگرافەی خوارەوە نارد بۆ ڕەزاخان:

لە چهریقەوە... ژمارە ٦٤١

بۆ مەقامی مەنیعی بەندەگانی حەزرەتی ئەشرەف وەزیری جەنگ و فەرماندەی گشتی قشون... دامت عظمته:

بە دوای ڕاپۆرتی ژمارە (۱۷۱)دا، بە عەرزی حضوری موبارەکت نەگەیەنین کە

هێزەکانی ئێمە بە دوای دوژمنەوە، ئیمڕۆ بیستەمی بورجی ئەسەد، سەعات (١١)ی بەیانی قەڵای چهریقی گرت و ئەو تۆپ و موسەلسەلانەی لە ڕابردوودا لە هێزی دەوڵەت گیرا بوون هەمووی گێڕایەوە. (ئەمە ئەوە بە درۆ ئەخاتەوە کە هەندێ لە نووسەرانی فارس وتویانە تورکەکان تۆپ و چەکیان ناردبوو بۆ سمکۆ، لێرەدا دەرئەکەوێ کە سمکۆ ئەوانەی لە هێزی ئێران دەستگیر بووبوو.)، دوژمن بەلێقەوماوی ڕایکرد و شکا و هێزەکانی ئێمە بۆ ڕاونانی دوژمن بەخێرایی لە پێشڕەویدان.

ئیمزا

فەرماندەی هێزەکانی ئازربایجان سەرتیپ امان الله

حسین مکی لەکتێبەکەیدا تاریخ بیست سالەی ایران، جلد اول، دەربارەی گیرانی چهریق نووسیویتی:[٥١] "داگیرکردنی چهریق ناوباگێکی گەورەی پەیدا کرد و لە هەموو ئەیالات و ولایەتەکاندا دەنگی دایەوە و زەمینەیەکی باشی خۆش کرد بۆ ڕۆژنامەکانی لایەنگری سەرداری سوپا کە بۆ ماوەیەک قەڵەمی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. (مەبەستی ڕەزاخان بووە.)

تەلگرافی پیرۆزبایی لە هەموو شارەکانەوە بۆ سەرۆکی حکومەت و سەرداری سوپا نێررا وە لە زۆر شارەکاندا لەلایەن فەرماندەکانی لەشکرەوە بەشانازییەوە ئەم سەرکەوتنەیان کرد بە جەژن و چراخان.

بۆ سەرداری سوپا کە کابرایەک بوو زۆر بایەخی ئەدا بە ڕووکەش و هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوت کە هێزە ناوچەییەکان خۆپێشاندانێک ساز بکەن.

بەم بۆنەوە، لە ٢٨ی مانگی اسدی ساڵی ١٣٠١دا بەشانازیی سەرکەوتنی ئۆردووی دەوڵەتی لە ئازربایجان، بەپێی فەرمانی وەزیری جەنگ لە مەیدانی مەشقکردندا کردیان بە جەژن و هەموو ئەفسەران لەم ئاهەنگ و بەزمەدا بەشدار بوون.

لە دوای نانخواردن لەلایەن سەرداری سوپاوە وتارێکی گرنگ خوێنرایەوە و وتاری سەرداری سوپا لە باخی سەوزدا بەتەواوی جێگەی سەرنجدان بوو چونکە ئەوانەی ئەو وتارەیان بۆ سەردار نووسیبوو ئامادەیان کردبوو ئەو وتارەیان بێنەندازە بە شێوەیەکی باش ڕێک خستبوو."

دەربارەی سەرەنجامی ئەو شکاندنەی سمکۆ و ڕاکردنی بۆ تورکیا و لەوێوە ڕووکردن بۆ خوارووی کوردستان بەناچاری، چەند نووسەرێک دەربارەیان نووسیوە.

مارتن ڤان برونسون وتویەتی:(٢٨) "لە مانگی اغستوسی ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ لەو شەڕانەدا کە بەرامبەر بە هێزەکانی حکومەت کردنی تووشی شکستییەکی خراپ بوو. ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون ژمارەیەکی کەم نەبێ لەگەڵیدا مابوونەوە ئەوانی تر هەموو لێی جیا بوونەوە و ئیتر چاری نەما خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕوویان کردە خاکی تورکیا."

ولید حمدی الاعظمی لەکتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٣٨٧)دا ئەڵێ:(٣٨) "سمکۆ لەو شەڕەدا کە لە مانگی اغستوسی ساڵی ١٩٢٢دا لەگەڵ ئێرانییەکاندا کردی لە (تشریک قەڵا) کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ورمیەوە، شکا و بەناچاری ڕوویکردە ناو خاکی تورکیاوە و بوو بە لایەنگری تورک و چووە ئەنقەرە (لام وایە نووسەر لەوەدا بەهەڵەدا چووە چونکە هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوەی نەکردووە کە سمکۆ دوای ئەو شکانەی کە چووە ناو خاکی تورکیاوە چووبێت بۆ ئەنقەرە، هەروەها سمکۆ نەشبووە بە لایەنگری تورک، چونکە تورکەکان بەپێچەوانەوە لێیان دا و ڕاویان نا و لە خاکی تورکیا دەریانکرد دوای ئەوەی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا لەگەڵ تورکەکان کوڕەکەیان بە دیل گرت و هەرچی چەک و جبەخانەی هەبوو لێیان سەند و خسرەوی کوڕیان بە دیل گرت و پارەکانیان برد بۆ خۆیان.



ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ)
و خسرەوی کوڕی

دەربارەی شکاندنی سمکۆ و ڕاکردنی بۆ ناو خاکی تورکیا، سروان احمد کاویان پوور لە لاپەڕە (١٧٤)ی کتێبەکەیدا وتویەتی:(٥٠) "دوای شکانی سمکۆ لە چهریق، سمکۆ و ئەوانەی لێی نزیک بوون ڕایان کرد و بەرەو سنووری تورکیا ملیان نا و تیمسار جهانبانی ئاگاداری لێپرسراوەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێرانی کرد کە ئەو یاخیبووە بگرن و تەسلیمی سوپای دەوڵەتی ئێرانی بکەن. بەڵام تورکەکان کە بیستبوویان هێزەکەی سمکۆ شکا بوو وە دەشیانزانی کە لەناو بارخانەکانیدا سمکۆ لیرەیەکی زۆری هەبوو، تورکەکان بۆ ئەوەی دەست بگرن بەسەر ئەو لیرانەدا لەناکاو پەلاماری سمکۆیان دا و لەئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ژنێک و کوڕێکی سمکۆ کوژران (لەمەدا نووسەر بە هەڵەدا چووە دەربارەی کوڕەکەی چونکە کوڕەکەی کە ناوی خسرەو بوو نەکوژرابوو بەڵکو بە دیل گیرابوو وە لەدواییدا لەلایەن علی سعید پاشای سەرکردەی هێزی ڕۆژهەڵاتی تورکیەوە نێررا بۆ قوتابخانە و لەپاشدا بوو بە ئەفسەر و ئێستەش لەژیاندایە لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ بووە، هەروەکو لە باسەکانی دواییدا باسی سەرەنجامی خسرەو دەکرێت.)

مامۆستا ڕەفیق حلمی لە لاپەڕە (٢٠)ی بەشی سێهەمی یاداشتەکانیدا دەربارەی ئەو پەلاماردانەی تورک بۆ سەر سمکۆ ئەڵێ: "کاتی خۆی کە مصطفی پاشای یامولکی چووبوو بۆ لای سمکۆ، بۆ ئەو مەبەستە چووبوو کە سمکۆ هان بدات بچێت بە گژ تورکەکاندا و بۆ ئەوەی لە کوردستانی تورکیادا شۆڕشێک بەرپا بکات دژی کەمالییەکان و مصطفی یامولکی هەندێ پارە و موجەوهەراتیشی بە دیاری بردبوو بۆ سمکۆ، بەڵام سمکۆ بەڵێنی ئەوەی نەدابوو بە مصطفی یامولکی کە ئەو داخوازییەی بەجێبێنێت و داخوازییەکەی ڕەد کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مصطفی کمال ئەتاتورک لەوە ترسا بوو کە بکەوێتە نێوانی دوو ئاگرەوە، کە ئاگری ئەولایان شەڕی یۆنانییەکان بوو کە هەتا شاری (ئەزمیر)یان داگیر کردبوو وە ئاگری ئەملاش ئەگەر سمکۆ رابپەریایە دژی ئەو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا اسمکۆ ئەو داخوازییەی مصطفی یامولکی پەسەند نەکرد و هیچ خراپەیەکی لەگەڵ تورکدا نەکردبوو کەچی ساتێک سمکۆ لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێراندا شکا و لێی قەوما و چووە ناو خاکی تورکیاوە مصطفی کمال لە ترسی ئەوەی کە ئەوەکو بزووتنەوەیەک لە کوردستانی تورکیادا ڕوو بدات دەستی خۆی وەشاند و مەفرەزەیەکی سووک و خێرای بەنەهێنی و بەدزییەوە نارده سەر ناوچەی

لەشکرگاکەی سمکۆ و لەکاتێکدا سمکۆ لە تورکەکان ئەمین بوو چونکە هیچ خراپەیەکی لەگەڵدا نەکردبوون و بەپێچەوانەوە چاوەڕوانی یارمەتیدانی لە تورک نەکرد و بەتەمای ئەوە بوو یارمەتییان لێ دەستگیر ببێت، کەچی کاتێک بە خۆی زانی بە نارنجۆک و بە تفەنگ دایان بەسەریا و لەو شەبەیخوونەدا کە تورکەکان کردیان گەلێک لە پیاوماقووڵەکانی سمکۆ و یەکێک لە ژنە زۆر خۆشەویستەکانی کوژران. (نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب، دوکتور نصرالله شیفتە، لەکتێبەکەیدا[٤٢] باسی کوشتنی ئەو ژنەی سمکۆی کردووە کە ناوی جواهیرخان بووە.)، و خسروی کوڕی بە دیل گیرا و خەزنەی پارە و بارەگاکەشی هەمووی بە تاڵان ڕۆی، بەڵام سمکۆ خۆی و براکەی و هەندێ دەستەودایرەی بەپەلەپرووسکێ لە کوشتن ڕزگاریان بوو وە لەوێوە خۆیان گەیاندە دەوروبەری ڕواندز.

ڕەفیق حیلمی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "ئەو تاقمە لاوەی کە لەسلێمانیەوە بۆ یارمەتیدانی سمکۆ چووبوونە ئێران، ئەوانە بەرلەوەی بگەنە لای سمکۆ، هەر لە سەقزەوە کە باسی ئەو بەسەرهاتەی سمکۆ ئەبیستن بەنائومێدی گەڕابوونەوە."

دەربارەی شکاندن و ڕاکردنی سمکۆ بۆ تورکیا، نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب کە دوکتۆر نصرالله شیفتەیە لە لاپەڕە (٢٨)ی کتێبەکەیدا نووسوێتی و ئەڵێ:[٤٣] "لە تاران تاقمێک کە بریتی بوون لە ئاوارەبووەکانی رضائیە و شاهپور، هەموو کۆبوونەوە و داوایان لە ئەنجومەنی شورای نەتەوایەتی کرد کە ناوچەکانیان بۆ ڕزگار بکەن لە چنگی سمکۆ بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. لە مانگی اردیبهشتی ساڵی ١٣٠١ (ڕێکەوتنی مانگی مایسی ١٩٢٢) ڕەزاخان (کە لەو ڕۆژانەدا وەزیری جەنگ بووە.) بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕایگەیاند کە امان الله مرزا کراوە بە لێپرسراوی تێکشکان و لەناوبردنی کوردە یاخییەکان وە ئەگەر پێویست بکات خۆشی ئامادەیە بچێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازربایجان و کە دەوڵەت هێزی نارده سەر سمکۆ شکا و ڕایکرد بۆ تورکیا و لەوێش تورکەکان تاڵانیان کرد و جواهیرخانی ژنی کوژرا و هەموو چەکە قورسەکانی و لیرەکانی دەستیان بەسەردا گیرا و سمکۆ تورکیای بەجێ هێشت و ماوەیەک چووە خاکی شەمزینان و لەوێوە چووە ناوی خاکی عێراقەوە."

دەربارەی شکانی سمکۆ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا لە

دۆکیومێنتی ژماره (E.8676-6-34) NO.48 ڕۆژی ۳۰ی ئابی ۱۹۲۲ ڕاپۆرتێکی تیایه که لەتارانەوه لەلایەن (SIR. P. LARAINE) نێرراوه بۆ (MARQUES CORZON) که دیاره مەبەستی لورد کرزنی وەزیری دەرەوەی بریتانیان بووه، ژمارەی ڕاپۆرتەکه NO.324، ئەڵێ: "وەزارەتی جەنگی ئێران بڵاوی کردەوه که سمکۆ لەو شەڕەی که لەنێوانی ئەو و سوپای ئێراندا ڕوویدا، بەتەواوی شکا و ورده شەڕێک مابوو، بەڵام ئەویش کۆتایی هات و بڕایەوه.

سوپای ئێران لەو شەڕەدا شەڕێکی باش و ڕێکوپێکی کرد و نزیکی ۲۵۰ کوژراو و بریندارێکی هەبوو. حاکمێکی تازه بۆ ناوچەکه دانرا و وەزیری جەنگ لای وایه (که لەو ڕۆژانەدا ڕەزاخان بووه.) بۆ خەڵکی ناوچەکه پێویستییەکی زۆر به خەرجکردنی ملیۆنێک تمەن هەیه لەگەڵ ئامادەکردنی دانەوێڵەیەکی زۆر بۆ ئەوەی ناوچەکه بەتەواوی ئاسایشی تیادا بەرپا بکرێت." (لەپێشتریشدا ئەمه باسکرا.)

دەربارەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی که لەنێوانی تورکه کەمالییەکان و سمکۆدا ڕوویدا که وەکو لەپێشتردا باسکرا، سمکۆ به نیازی ئەوه پەنای بردبووه بەر تورکیا که ڕێگەی بدەن لەوێ ماوەیەک وەکو پەناهەندەیەک بمێنێتەوه هەتا خۆی کۆ ئەکاتەوه وه له دەرفەتێکدا ئەگەڕێتەوه بۆ ناوچەکەی خۆی بۆ ئەوه دووباره درێژه به شۆڕشەکەی بدات دژی حکومەتی ئێران.

دەربارەی ئەو پەلاماردانەی تورکه کەمالییەکان بۆ سەر سمکۆ له دۆکیومێنتی ژماره (BW.13-1925-991-NO.49)دا کورته ڕاپۆرتێکی ئەنتلجسی بریتانیای باس کردووه که ژماره (۲) بووه دەربارەی شکانی سمکۆ و باسی کردوه لەلایەن تورکیاوه که ئەڵێ ئەو ڕاپۆرته له (S.S.O.KIRKUK) له کەرکوکەوه وەرگیراوه تیایدا وتراوه:

کوردستانی مرکزی...

سیاستی تورکیا...

مەعلوماتێک که له پۆلیسەوه وەرگیراوه.

له پەلاماردانێکی تورکیادا بۆ سەر سمکۆ لەلایەن سوپای تورکیاوه هەواڵ وا ئەگەیەنێت که لەو شەڕەدا سمکۆ کوژرا بێت، بەڵام لەوه ئەچێت ئەو هەواڵه ڕاست نەبێت و دەنگوباس وا بڵاوه که سمکۆ بەشداری کردووه له ڕاپەڕینی (جولەمێرگ)دا.

## سەرەنجامی شۆڕشەکانی سمکۆ هەتا شکاندنی:

هەتا ئێرە باسی ئەو کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤار و دۆکیومێنتانە بوو کە لە بزووتنەوە و شۆڕشەکانی سمکۆ دوابوون دژی حکومەتی ئێران و کورتەی ئەو باسانە بە زنجیرەی یەک لەدوای یەک ئەوەی بۆ دەرخستوین کە سمکۆ هەرچەند لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیدا هەتا ساڵی ۱۹۲۲ توانیبووی خۆی بەهێز بکا و چەکدارێکی زۆر لە خۆی کۆ بکاتەوە و گەلێک سەرکەوتنی دەسگیر ببێت و هەتا ماوەیەک توانیبووی خۆی بەرامبەر بە پیلان و نەخشەکانی ئێران گرتبوو کە ئەیانویست لەناوی ببەن، بەڵام ئەو دەزگا ڕێکخراوە عەشایرییەی کە هەیبووە و ئەو ڕێبازە بێ نەخشەیەی کە گرتبوویە بەر بەشی ئەوەی نەکردووە کە بتوانێت هەتاسەر بەربەرەکانی سوپای ئێران بکات وەکو دەوڵەتێکی خاوەن دەرامەت و دەوڵەتێکی دانپیادانراو لەلایەن دەوڵەتانەوە کە چ ئینگلیز و چ سۆڤیەت مەبەستیان بووە دەوڵەتی ئێران بەهێز و یەکگرتوو بێت و لە دەسەڵاتی حکومەتی ئێران بەولاوە هیچ لایەکی تری دەسەڵاتداری تیا نەبێت، جگە لەوەی ئەو سەرۆکعەشیرەتە کوردانەی کە هەر یەکەیان لە قۆناغێکدا و بۆ مەبەستێک هاوکارییان لەگەڵ سمکۆدا کردووە و هەتا سمکۆ سەرکەوتوو و دەسەڵاتدار بووە لەگەڵیدا بوون و کە هەستیان بە لاوازی و شکستی هێزەکەی کردووە یەکە یەکە لێی تەکیونەتەوە و هەروەکو سروشتی چینی فیوداڵ کە هەمیشە بە دوای سوودی خۆیدا ئەگەڕێت و زۆر جار بۆ سەرگرتنی سوود و بەرژەوەندی خۆی ئەبێت بە لایەنگری دوژمنانی میللەتەکەی خۆی، بۆیە ئەوانە شتێکی مسۆگەر نەبوون لە هاوکاریکردنیاندا لەگەڵ سمکۆدا.

سمکۆ لەو تەقەلا بێسوودانەی کە دابووی بۆ دەسگیربوونی دۆستایەتی دەوڵەتان لە هیچیاندا سەرکەوتوو نەبووە و لەڕاستیشدا باری سمکۆ شتێکی ئاسان نەبووە و بناغەی شۆڕشەکەی وەنەبێ لەسەر بناغەیەکی پتەوی هەستی نەتەوایەتی خەملیووی هەموو کوردی ئێران دامەزرا بێت، بەڵکو ئەوانەش کە هاوکارییان لەگەڵدا کردووە هەیان بووە بەنابەدڵ لەگەڵیدا بوون و هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێت پشتیان تێ کردووە و خیانەتیان لێ کردووە و لە زوور هەموو شتێکەوە ڕاستییەکی مێژووی هەیە کە نابێ فەرامۆش بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە کورد زۆر درەنگ دەستی کردبوو بەوەی کە مشووری خۆی بخوات و وەکو میللەتێکی خاوەن ماف بۆ خۆی تێ بکۆشێت و

ساڵەهای ساڵ بوو بە ناوی ئاینەوە خەڵەتێنرابوو، لە لایەکەوە خەلافەتی عوسمانی کە ئاڵای ئیسلامەتی هەڵکردبوو مێشک و هەستی نەتەوایەتی کوردی بەنج کردبوو جەڕاندبووی وە بەربەرەکانیکردنی ئەو خەلافەتی سوننیە لەگەڵ ئێرانی شیعەدا کە کورد بایی تەمەنێک سوودی لەو بەربەرەکانیکردنەدا نەبووە، ماوەیەکی دوورودرێژ کورد ئاڵێنرایە ئەو گێرە و کێشەیەوە و ساتێک بە خۆی زانی کە میللەتان بە چەند قۆناغێک لە پێشەوەن و کورد وەکو کۆڵە سوارێک کە دەستی کرد بە لۆقە و وردە وردە فێری ئەرمەغارکردن بوو لەو کاتەدا میللەتانی دەوروپشتی هەموو بووبوون بە دەسەڵاتدار و بە خاوەن سامان و بە خاوەن ڕۆشنبیر و ڕۆژنامە و دەزگای دەوڵەتی و کوردی دوودەس بەناڵەش هەر خەریکی پەیداکردنی ژەمی خواردنی ڕۆژانەی خۆی بووە و ئەگەر جاروبار یەکێکی کارامە و لێهاتووی تیادا هەڵکەوتبێت ئەوا ڕێکەیەکی تری لەوە زیاتری نەدۆزیوەتەوە کە بچێتە ناو کۆڕی دەزگایەکی ئەو حکومەتەی وڵاتەکەی داگیرکردووە کە بەداخەوە بارەکە ئەوەندە گران بووە و ئێستەش ئەوەندە گران و سەختە کە بەئاسانی ناتوانرێت بەو گاسنە کۆڵەی کە هەیەتی ئەو زەمینە ڕەقەنەی وڵاتەکەی بکێڵێت و ئەمامی ئاواتەکانی تیادا بنێژێت.

بەو جۆرە تەقەلاکانی سمکۆ بە هاوکاری سید طەی نەهری ژنبرای و بەرلەوە بە ڕێنمایی عبدالرزاق بەدرخانی مامۆستای و ئەو دەرسە سەرەتاییانەی کە خۆی و هاوکارەکانی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانەوە فێری بووبوون بەشی بەرگریکردنی پیلان و ڕەفتاری کاربەدەستانی ئێران و بەشی کەڵەک و جامبازیی دەوڵەتانی نەدەکرد، بۆیە ئەنجامی تەقەلاکانی سمکۆ بێ هوودە بوو.

بەشی پازدەهەم

# پێوەندیکردنی سمکۆ بە ئینگلیزەکانەوە لەدوای شکانی لەلایەن ئێران و تورکیاوە

هەروەکو لە بەشی پێشوودا باسکرا، لەدوای ئەوەی سمکۆ بەرامبەر بە سوپای ئێران شکا و بەناچاری ڕوویکردە ناو خاکی تورکیا بە هیوای ئەوەی لەوێ بۆ ماوەیەک بتوانێت بگیرسێتەوە تا ئەو کاتەی ئەتوانێت خۆی کۆ بکاتەوە و خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکا ت کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ تەواوکردنی شۆڕشەکەی و لەکاتێکدا لە تورکەکان ئەمین بوو کە هیچ جۆرە خراپە و دەستدرێژییەکی ناکەنە سەر، چونکە هەتا ئەو کاتە هیچ جۆرە ناکۆکی و ناڕێکییەک لەنێوانیاندا ڕووی نەدابوو. تورکەکان ئاگاداری ئەوەش بوون کە سمکۆ بە قسەی ئینگلیزەکان هەڵنەخەڵەتابوو کە لە کوردستانی تورکیادا هیچ جۆرە جموجووڵێک بکات بۆیە هەتا ڕادەیەک دڵنیا بوو بەرابەر بە تورکەکان، بەڵام لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ شکابوو، تورکە کەمالییەکان لە تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر گەورە ڕزگاریان بووبوو، بەوەی کە توانیبوویان بەسەر یۆنانییەکاندا سەر بکەون کە لەوەشدا هەر کورد پارمەتیدەری مصطفی کمال و تاقمەکەی بووە و بە هۆی کوردەوە توانیبوویان ئەو سەرکەوتنەی تورک بەسەر یۆناندا بەئەنجام بێنن. کاتێک بۆ ئاهەنگی ئەو سەرکەوتنە پەردە لەسەر سەربازی نەناسراو (جندی المجهول) لائەدەن، ئەو سەرکردەی تورکە بەبێ پێچ و پەنا لەکاتی هەڵدانەوەی ئەو پەردەیەدا وتبووی: بێگومان ئەو سەربازی نەناسراوە کورد بووە، کە باسی ئەمەمان لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا بەدوورودرێژی کردووە. بەو جۆرە لەکاتی شکاندنی سمکۆدا نیتر تورکەکان پێویستیان بە دۆستایەتی سمکۆ نەمابوو، بگرە جۆرە ترسێکیان لەدڵدا بووە کە نەوەکو لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا هاوکاری بکات لەو بزووتنەوەیەی کورددا کە سەرەتاکەی دەستی پێ کردبوو بۆیە بەشەو هێزێکیان نارده سەری و تاڵانیان کرد و ژمارەیەکیان لە تاقمەکەی سمکۆ کوشت و ئەویش ناچاربوو بەپەلەپروسکێ خۆی دەرباز بکات و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی شەمزینان ولەوێ بە هۆی یارمەتیدانی سید طەی نەهریەوە کە ئەویش لەو ڕۆژانەدا چووبووەوە سەر موڵکەکانی خۆی لە ژووری کوردستانی خواروودا، دەستی کرد بە پێوەندیکردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا و لەو ڕۆژانەدا هێشتا یوزدمیری تورک لەگەڵ مەفرەزەیەکی تورکدا لە ڕواندز بوو،

ژمارەیەک لە سەرۆکعەشیرەتەکانی کورد لە ڕقی ڕەفتارە نالەبارەکانی ئەفسەرانی ئینگلیز بووبوون بە لایەنگری یوزدمیر و شێخ مەحمودیش دیسانەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێک چووبوو، لێیان کەوتبووە گومانەوە و وردە وردە بۆی ڕوون بووبووەوە کە ئینگلیزەکان فێڵیان لێ دەکرد و لە بەڵێنەکانی پێشوویان بەرامبەر بە کورد و مافی کورد و بەرامبەر حکومەتەکەی شێخ مەحمود پاشگەز بووبوونەوە و بەئاشکرا لە شێخ مەحمودیان گەیاندبوو کە پێویستە دەزگاکانی حکومەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە و بەوە قایل ببێت کە بچێتە ژێر سایەی حکومەتی عێراقەوە، بە سەرکردایەتی مەلیک فەیسەڵ و شێخ مەحمود بەرامبەر بەوە کەوتبووە خۆکۆکردنەوە بۆ ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ ئینگلیزدا و بە هۆی تورکخوازەکانەوە کەوتبووە پێوەندیکردن لەگەڵ یوزدمیر و تورکەکانی تردا، کە حکومەتی کەمالییش لە ڕۆژانەدا هێشتا هەر بەتەمای ویلایەتی موصڵ بوو، تەقەلای ئەدا کە بە هۆی کوردەوە لە خوارووی کوردستاندا ئەو ویلایەتەی دەستگیر ببێتەوە و بۆ ئەوە بە هۆی پیاوەکانی خۆیەوە بەڵێنی درۆی ئەدا بە شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان لەو هەڵوێستەدا ویستیان سوود لەو شکاندنەی سمکۆ و لەو هاتنەی وەر بگرن و بە هیوای ئەوەی کە سمکۆ بتوانێت شێخ مەحمود ڕازی بکات کە بەر هەردوولایان هێزەکەی تورک لە ڕواندز دەر بکەن بەبێ ئەوەی ئینگلیز خۆی لەوەدا هیچ زیانێکی تووش ببێت و جگە لەوە ئینگلیزەکان لەو تەقەلادانەیان بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاریکردنی شێخ مەحمود و سمکۆ مەبەستیان ئەوە بووە کە دڵی تورکەکان کرمێ بکەن بەرامبەر بە شێخ مەحمود بەو چوونەی سمکۆ بۆ سلێمانی، لە شێخ مەحمود بکەونە گومانەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی تورکەکان دەستیان لە سمکۆ وەشاندبوو و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندبوو.

گەلێک سەرچاوە باسی هاتنی سمکۆیان کردووە کە هەوڵ ئەدەین لەم بەشەدا شتێک دەربارەی ئەو سەرچاوانە پێشکەش بە خوێنەران بکەین.

ئەتوانین ئەم باسە بکەین بە دوو بەشەوە:

یەکەم: هاتنی سمکۆ بۆ خوارووی کوردستان و پێوەندیکردنی بە ئینگلیزەکانەوە.

دووهەم: چوونی سمکۆ بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود.

## یەکــــەم: هـاتنی ســـــمکۆ بۆ خـــوارووی کــــوردســــتـــان و پێوەندیکردنی بەئینگلیزەکانەوە.

لە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.731/5068) ساڵی ١٩٢٢دا، ڕاپۆرتێکی کاپتن های تیادایە (کاپتن های ئەفسەری سیاسیی بریتانیا بووە، ماوەیەک لە کویسنجق بووە و لەدوایدا هێنراوە بۆ هەولێر و بووە بە ئەفسەری سیاسی) ئەڵێ: "کە لە باتاس بووم نامەیەکم لە سید طە وەرگرت، لەو نامەیەیدا بێزاری خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر بەو شەڕ و ڕووداوانەی کە لە ناوچەکانی عەقرەدا ڕوویدابوو وە نووسیبووی کەوا لەلایەن خۆیەوە ئەو عەشایرانەی کە دۆستی ئەو بوون و سەر بەو بوون ڕایسپاردبوون کە یارمەتیی پیاوکوژەکان نەدەن، بەڵام کە من چوومە ناوچەی ڕواندز، لەوێ بۆم دەرکەوت کە سید طە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو، ئەو تەقەلایەی کە سید طە ئەیدا بۆ نزیکبوونەوە بوو لە ئێمە بۆ ئەوەی یارمەتی لە حکومەتی بریتانیا وەربگرێت بۆ سمکۆ."

دەربارەی ئەو شەڕ و ڕووداوانەی کە سید طە لەنامەکەیدا بۆ کاپتن های باس کردووە، بریتی بووە لە ڕاپەڕینی کوردی خوارووی کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا بەرامبەر بە ڕەوشت و هەڵوێستی ئەفسەرە ڕوتبە بەرزەکانی ئینگلیز کە لەئەنجامی ئەو ڕاپەڕینانەدا ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئینگلیز کوژرابوون، کە لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخم مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی کوردستاندا بەدوورودرێژی باسی ئەو ڕووداوانە و ناوی ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی کە لەلایەن ڕاپەڕیوەکانی کوردەوە کوژرابوون کراوە کە ئەمە بەر لە هاتنی سمکۆ بووە بە دوو ساڵ.

بێجگە لەو ڕاپۆرتەی کاپتن های کە لەو دۆکیومێنتەی پێشوودا باسی کردووە، لەکتێبەکەشیدا بە ناوی دوو ساڵ لە کوردستاندا (TWO YEARS IN KURD-ISTAN) باسی چۆنێتی هاتنی سمکۆی کردووە بۆ خوارووی کوردستان و وتویەتی:(٣٢) "ساتێک سمکۆ لەشەڕەکانیدا لەگەڵ ئێراندا شکا و تورکەکانیش لەناو خاکی خۆیاندا ڕاویان نا، ئیتر بەناچاری ڕووی کردە کوردستانی عێراق و بە هیوای ئەوەی پێوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پەیدا بکا و بتوانێت بە هۆی ئەوەوە یارمەتی دەستگیر ببێت و پشتیوانی لێ بکرێت دەستی کرد بە پێوەندیکردن.

لە مانگی سپتەمبەردا (مەبەستی ساڵی ١٩٢٢ بووە.) هەڵویست لە هەولێر و ناوچەکانی خۆشناو و سورچی زۆر ئاڵۆز بووبوو، لەو ڕۆژانەدا سید طەی شەمزینی کە بڕیاری شۆڕشی دابوو بۆ سەربەوخۆیی کورد دژی تورکەکان هاتە ناوچەکە.

سید طە یەکێک بوو لەوانەی کە بیری لێ کرابووەوە کە لەجیاتی شێخ مەحمود بکرێت بە حوکمداری کوردستان و ڕواندزیش بخرێتە ژێر دەستی (ئەوە بەر لە هێنانەوەی شێخ مەحمود بووە لە هندستانەوە، کە لەو ڕۆژانەدا چووبووە بەغداد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ ئەو مەبەستە کە لەو گفتوگۆیانەیدا لەگەڵ ئینگلیزەکان سەرنەکەوت، کە بەدووورودرێژی لە لاپەڕەکانی (٢٣٧-٢٤١)ی بەرگی دووهەمی شێخ مەحموددا باسی ئەوەم کردووە و پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.)

کاپتن های لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: بەڵام لەو ڕۆژانەدا سەرکەوتنەکانی سمکۆ ناوبانگی سید طەی کز کردبوو (بێگومان ئەوەی کە کاپتن های لێی دواوە ئەو کاتانە بووە کە هێشتا سمکۆ ئەشکابوو.)، کە سمکۆ هاتە عێراق هات بۆ هەولێر (لەڕاستیدا هەندێ لە سەرچاوەکان بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان لەو ڕۆژانەدا ئاگادار بوون وتویانە سمکۆ نەچووە بۆ هەولێر بەڵکو چووبووە بەحرکە و لەوێوە بە تەلگراف پێوەندی بە شێخ مەحمودەوە کردبوو وەکو لەدواییدا بەدووورودرێژی لێی ئەدوێین.)

کە سمکۆ هات چوار ڕۆژ لە هەولێر مایەوە (دوور نییە مەبەستی کاپتن های ناوچەی هەولێر بووبێت، نەک شاری هەولێر کە لەو ڕۆژانەدا ماڵی مەلا ئەفەندی هەولێری کە بە مەلا گچکە ناسراو بووە لە (باداوە) بووە و ئەوسا لەسەر شاری هەولێر حساب کراوە.) وە لەگەڵ مەلا ئەفەندیدا هاتە لای من.

سمکۆ بۆ ئەوە هاتبوو کە ئینگلیز بە پارە و سەرباز یارمەتی بدا بۆ ئەوەی کوردستانێکی سەربەخۆی لە ئێراندا ساز بکات.

سمکۆ لە کاتی گفتوگۆکردندا وتی: پڕوپاگاندەی بریتانیا لەناو کوردستانی ئێراندا زۆر کرز و بێ کاریگەرە بەپێچەوانەی پڕوپاگاندە و چالاکییەکانی تورکە قەومییەکان.

ویستم (کاپتن های) لەگەڵ سمکۆدا باسی نیشەجێکردنی ئاسوورییەکان بکەم، بەڵام دەربارەی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان سمکۆ لەگە ئەو بۆچوونەی ئێمەدا

ئەبوو.

های ئەڵێ: سەیر ئەوەیە کە لەگەڵ سمکۆدا لە ماڵی خۆمان دانیشتبووین، لەسەر مێزەکەم سمکۆ چاوی بە وێنەیەک کەوت و لێی پرسیم: ئەوە وێنەی کێیە؟ لەوەرامدا منیش پێم وت: ئەوە وێنەی (سورماخانم SURMA KHANIM)ە. سمکۆ وتی: ئەو ئاسوورییانە بەئاسانی و بەبێ جەنگ ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان (مەبەستی بۆ ناوچەی هەکاری بووە لە تورکیا.) سمکۆ لەسەری ڕۆیشت و وتی: جا باشە ئەوانە کە ئەوەندە بەپەرۆشن بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەی بۆچی ئەو خاتوونەی کە وێنەکەی لەسەر مێزەکەی تۆدا دانراوە پیلانی کوشتنی منی ساز کردبوو؟ (لە لاپەڕە (٤٤٧)ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحمووددا باسێکی دوورودرێژم بۆ سەرەنجامی ئەو ئاسوورییانە تەرخان کردووە، ئەو سورما خانمەی کە کاپتن های باسی کردووە خوشکی مارشمعون بووە.)

دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆ خوارووی کوردستانی خواروو دوای شکانی لەلایەن تورکەکانەوە و تەقەلادانی بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بە ئومێدی ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە تورکەکان دەستیان لێوەشاندبوو وە زیانێکی زۆریان پێ گەیاندبوو، بەوە سمکۆ لای وابوو کە ڕەنگە ئینگلیزەکان ئەو هەستەیان بجووڵێت کە سمکۆ بە دوژمنی تورکەکان دابنێن کە لەو ڕۆژانەدا مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد، نامەیەکی سمکۆی پێ ئەگا و سیر پرسی کوکس کە مەندوبی سامی بریتانیا بوو لە بەغداد لە ڕۆژی ٢ی نوڤمبەری ساڵی ١٩٢٢دا نامەیەک ئەنێرێت بۆ وەزیری موستەعمەرات لە لندن (کە لەو ڕۆژانەدا وینستن چرچل بووە) کە ئەو نامەیە کە دۆکیومێنتی (B.W.D-1922-948) و ژمارەی نامەکە (781-NO.403) بووە و ئەڵێ: "نامەیەکی دۆستانەم لە سمکۆوە پێگەیشت کە لە گوندێکەوە ناردوێتی لە ژووروی شاری هەولێردا وە لەو نامەیەدا داوا ئەکات کە ڕێگەی پێ بدرێت بێتە شاری هەولێر.

(وێنەیەکی ئەو تەلگرافە نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا)

دەربارەی ئەو تەلگرافە، لە باڵیوزخانەی بریتانیاوە لە تاران تەلگرافێک لە ڕۆژی ٣ی نوڤمبری ١٩٢٢دا نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە ئیشارەت بۆ ئەو تەلگرافەی پێشووی مەندوبی سامی بریتانیا ئەکات کە سیر پرسی کوکس بووە (کە

دیاره سیر پرسی کوکس وێنەیەکی تەلگرافەکەی پێشووی ناردووە بۆ باڵیوزی بریتانیا لە تاران.)، کە ئەو تەلگرافەی باڵیوزخانەی بریتانیا لە تاران لە دوکیومێنتی ژمارە (E.12087-NOV.NO.1422) ئەڵێ: "هیچ گومان لەوەدا نییە کە لێرە (مەبەستی حکومەتی ئێران بووە.) قبوڵکردنی مرۆڤێک کە دژی حکومەتەکەیان بێت، ئەبێتە مایەی نیگەرانی و بێزاربوونیان وە هەر بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی سمکۆ دەست ئەکەن بەوەی کە داوای ئەوە بکەن سمکۆیان تەسلیم بکرێت.

(وێنەیەکی ئەو تەلگرافەی تاران نێرراوە بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد.)

جگە لەو تەلگرافەی پێشوو، لە باڵیوزخانەی بریتانیا لە تارانەوە تەلگرافێکی تریش نێرراوە بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیا لە لندن کە ژمارەی دوکیومێنتەکە (E.12399-198) و ڕۆژی ١٠ی نوڤمبری ساڵی ١٩٢٢ کە ئەڵێ:

تەلگرافێکی بەپەلە

حکومەتی ئێران بەئاشکرا گفتوگۆ ئەکا لەگەڵ تورکە کەمالییەکاندا وە گلەیی ئەوەی کردووە کە شێخ مەحمود هەموو عەشایرە کوردەکانی ناوچەی (بانە)ی هانداوە کە دژی حکومەتی ئێران ڕاپەڕن و دەستی کردووە بە پڕوپاگاندەکردن بۆ ئەو مەبەستە لەناو کوردەکاندا و هەڵوێستی حکومەتی ئێران لەو ڕووەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە.

ئەگەر ئێمە ڕێگە بدەین بە سمکۆ، ئیتر ئەوە ئەبێت بە بیانوویەک بە دەست حکومەتی ئێرانەوە و ئەوە بە هاندانی ئێمە ئەزانێت و ئێمەش بەرامبەر بەوە ناتوانین هیچ جۆرە وەرامێکیان بدەینەوە کە ئێمە بەئاشکرا ڕێگەی چالاکی سمکۆ ئەدەین و بەوە کوردەکانی ئێرانیان لێ هان ئەدەین.

ساڵی پار سیر برسی کوکس لە بەغداد پرسی پێکرا و منیش لەئەنجامی وەرامی ئەوەدا کاربەدەستانی ئێرانم دڵنیا کرد کە ئێمە لایەنگری سمکۆ نین.

بەڵام بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی سمکۆ ئەو دڵنیاکردنەمان بە درۆ دەرئەچێت، لەبەرئەوە دووبارە سوورم لەسەر ناوەڕۆکی تەلگرافی پێشووتر کە بە تەلگرافی ژمارە (٤٠٣) ڕوون کراوەتەوە.

تەلگرافێکی تری باڵیۆزی بریتانیا لە تاران کە ژمارەکەی (٤٢٩) بووە لە ڕۆژی ٢٩ی نوڤمبەری ساڵی ١٩٢٢دا نیرراوە لە دۆکیومێنتی (B.W.D-1922-946)دا باسکراوە و ئەڵێ:

بۆ ئەوەی کاربەدەستانی ئێران لە سەرچاوەیەکی تری جیاواز لە ئێمەوە بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی سمکۆ نەکەونە پەژارە و گومانەوە، بۆیە حەزم کرد و وام بە باش زانی کە سەرەکوەزیرانی ئێرا لەو هەواڵە ئاگادار بکەم و تێی بگەیەنم کە ئەو شوێنەی سمکۆ بۆی چووە بریتییە لە بەشێک لەو بەشانەی کە لەژێر کۆنترۆلی عێراقدا نییە.

سەرەکوەزیرانی ئێران زۆر منەتباری ئەو گفتوگۆیە بوو، وە بەو بۆنەوە داوای کرد کە سمکۆ دەر بکرێ و بدرێتە دەست ئێران لە هەر کاتێکدا کە بگاتە ناوچەکانی سنووری دەسەلاتی بریتانیا.

بۆم دووبارە کردەوە کە سمکۆ نەهاتۆتە ناوچەیەکەوە کە لەژێر دەسەلاتی ئێمەدا بێت و لەگەڵ ئەوەشدا سێر پرسی کوکس لەگەڵ ئەوەدایە کە نابێ بە هیچ جۆرێک ماوە بدرێ بە سمکۆ کە شتێکی وا بکات لەو ناوچانەدا کە دژی حکومەتی ئێران بێت و لەبەرئەوەی تا ئێستە هیچ پێوەندییەکی ڕەسمی لەنێوانی حکومەتی ئێران و عێراقدا نییە (هەتا ئەو کاتە هێشتا ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی دانی بە حکومەتی عێراقدا نەنابوو، کە بێگومان ئەو سیاسەتەی ئێران لەو ڕۆژانەدا و هەتا ماوەیەک، بۆ ئەوە بوو کە دڵی تورکە کەمالییەکانیان لێ زویر نەبێت کە هێشتا ئەوان هەر بە تەمای داواکردنەوەی ویلایەتی موصل بوون)، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق ناتوانێت پەنابەرێکی سیاسی بدات بە دەستەوە.

تەلگرافەکە لەکۆتاییدا ئەڵێ: داوای بیر و بۆچوونی ئێوە ئەکەم لەو ڕووەوە.

لە تەلگرافێکی تردا کە لە ٦/١/١٩٢٣دا ژمارەکەی (٦) بووە و لە دۆکیومێنتی ژمارە (E.12409) و ڕۆژی ٨/١/١٩٢٣ باسکراوە کە ئەو تەلگرافە لە باڵیۆزی بریتانیاوە لەتارانەوە نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و کۆپیەکیش بۆ بەغداد، مەندوبی سامی بریتانیا.

لەو تەلگرافەدا وتراوە:

دوێنی گفتوگۆیەکی ئاشکرام لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئێراندا کرد دەربارەی کێشەی کورد و پاش گفتوگۆ سەرەکوەزیران دانی بەوەدا نا کە حکومەتی ئێران بە هیچ جۆرێک حەز بەوە ناکا کە تورکەکان دەسەلاتیان بەسەر ژووروی عێراقدا

هەبێت و ویلایەتی موصل بچێتەوە ژێر دەستیان، وە منیش بەرامبەر بەوە تێم گەیاند کە نە بە گەڕانەوەی تورک بۆ ویلایەتی موصل سوودی ئێرانیش دەپارێزرێت لەبەرئەوە پێویستە ئێران بەئاشکرا لایەنگرمان بێت هەر گلەیی لەوە نەکا کە ئێمە لایەنگری سید طە و سمکۆین وەیا هانی هەردووکیان ئەدەین کە کێشە لەناو کوردی ئێران پەیدا بکەن.

پاش ئەوە ناوەڕۆکی برگەی یەکەم و سێهەمی تەلگرافەکەی پرسی کوکسم بۆ خوێندەوە کە بە تەلگرافی ژمارە (٢) باسکراوە کە لەوەدا وتراوە حکومەتی بریتانیا نەیەوێ ئاسایش و ئارام لە کوردستانی ئێراندا هەبێت وە بۆشم ڕوونکردەوە و تێمگەیاند کە ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە کوردستانی عێراقدا هەیە (مەبەستی بوونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بووە لە خوارووی کوردستاندا.) بەپێی پەیمانی (سیڤر) پێک هاتووە و کوردستانی ئێران هیچ پێوەندییەکی بەو پەیمانەوە نییە.

لە وەرامی ئەوەدا سەرەکوەزیرانی ئێران چەند سەرنجێکی خۆی دەربارەی ئەو ئیدارەیەی کە لە سلێمانیدا پێکهاتبوو باس کرد و وتی شێخ مەحمود لە سلێمانیدا ناوی خۆی ناوە مەلیک و ئەنجومەنی وەزیرانی دامەزراندووە و نوێنەرانی خۆی ناردووە بۆ کوردستانی ئێران و داوای ئەوەی لێ کردوون کە هاوکاریی لەگەڵدا بکەن.

منیش لە وەرامی ئەوەدا پێم وت: ئەگەر شتی وا هەیە کە شێخ مەحمود هانی کوردەکانی ئێرانی دابێت لەو ڕووەوە چ بەڵگەیەکتان بە دەستەوەیە ئاگادارم بکە، کە زۆر دڵنیام ئەگەر شتی وا بووبێت ئەوا سیر پرسی کوکس بە هیچ جۆرێک بەرامبەر بەوە بێدەنگ نابێت و ڕێگەی هیچ جۆرە کردەوەیەکی وا نادات.

لەئەنجامدا سەرۆکوەزیرانی ئێران بەڵێنی دا کە لەو ڕووەوە هەرچی لەلا بێت ئاگاداری ئەکات.

داوام لە سەرۆکوەزیرانی ئێران کرد کە جۆرە خۆشبوون و لێبووردنێک بۆ سمکۆ دەر بکا، لەوەرامدا وتی: ئەنجومەنی وەزیرانمان بە هیچ جۆرێک لایەنگری ئەو لێخۆشبوونە نییە کە بۆ سمکۆ و سید طە دەربچێت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەگەر شتی وا کرا ئاگادارم ئەکات.



وێنەیەکی سمکۆ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی چەکداریدا



دوو وێنەی سمکۆ لە خوارووی کوردستان

دوکتۆر نصرالله شیفتە نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب[٤٢] دەربارەی چوونی سمکۆ بۆ خوارووی کوردستان نووسیوێتی: "کە سمکۆ لە شەڕەکاندیا شکا و پەنای بردە بەر تورکیا و لەوێش ڕایکرد، ئیتر چووە ناوچەی شەمزینان و لەپاش ماوەیەک کاپتن چپاتن (کە مەبەستی چپمن بووە کە ئەفسەری سیاسی بریتانیا بووە لە سلێمانی و لەدوای ئەوەی میجەر نویل لای شێخ مەحمودی بەجێ هێشت ئیتر ئینگلیزەکان (چپمن)یان بە دیار شێخ مەحمودەوە دانا و پاش ئەوەی شێخ مەحمود دەرکەوت کە لە تورکەکان نزیک بووەوە ئیتر ئەویش سلێمانی بەجێهێشت و ڕۆیشت.)

نووسەر ئەڵێ: ئێستا لە ساڵی ١٣٢٢دا (کە دیارە ئەو ساڵە ساڵی نووسینی کتێبەکەی بووە کە لەدواییدا لە ساڵی ١٣٢٦دا چاپی کردووە و چاپی دووهەمی لە ساڵی ١٣٦٣دا کراوەتەوە.) ئەو چیتنە سەرۆکی دائیرەی سیساسی و ڕاگەیاندنی نەوتی کەرکوکە، کە لەو ڕۆژانەدا سمکۆ هاتبوو لە (پژدەر) بوو لەوێ چاوی بە سمکۆ کەوتبوو وە بە هۆی سید طەی شەمزینییەوە سمکۆ بەرەو دۆستایەتی خۆی ڕاکێشا بوو، وە پاش ماوەیەک بە هۆی کۆلۆنیل (نویل) کە لای شێخ مەحمود بوو و میجەر (ئاموند)ی بەجێهێنەری کودەتای ئێران وە لە کاتی خۆیدا کومیسەری ناوخۆی عێراق بوو پاش ماوەیەک بانگکرا بۆ سلێمانی."

نووسەری ئەو کتێبە جگە لەو هەڵانەی کە لە ناوەکاندا کردوێتی کە چپمنی کردووە چیتن و ئەدمۆنسی کردووە بە ئاموند، کە ئەدمۆنس موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە و ئینگلیزەکان لە هەموو وەزاراتەکانی عێراقدا نوێنەرێکی خۆیان بە ناوی (موستەشار)ەوە دائەنا کە لەژێرەوە هەموو کاروباری عێراقیان ئەبرد بەڕێوە)، نووسەر هەڵەیەکی تریشی کردووە کە وتویەتی نویل ئاگاداری هاتنی سمکۆ بوو کە ئەوە ڕاست نییە چونکە لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ لە تورکیاوە ڕای کرد و هاتە کوردسانی خواروو، میجەر نویل لە کوردستاندا نەمابوو هەروەکو وتمان (چپمن)ی جێنشینی لەجیاتی ئەو مابووەوە بە ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە سلێمانی (سمکۆ ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٤ هاتە کوردستانی خواروو وە هەروەکو لە ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی ڕۆژ کردستان کە لە ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٠دا باسی هاتنی سمکۆ کراوە بۆ سلێمانی.)

دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆ خوارووی کوردستان لەدوای شکاندنی، ئەدمۆنس

لەکتێبەکەیدا (کورد. تورک. عەرەب) بەدوورودرێژی باسی ئەو هاتنەی سمکۆی کردووە کە وتویەتی:[٢٧] "کە سمکۆ لە ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٤دا هاتە وکوردستانی عێراق، من بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیدا لەپێشدا چوومە کۆیسنجق (وەکو لەمەوپێش لە باسەکەی کاک ئەحمەدی شەریفیدا کە وتبووی ئەدمۆنس بە تەبدیلی قیافەت چووبووە ناو خاکی ئێرانەوە و سمکۆ دیبوو، لەمەی ئەدمۆنسدا دەرئەکەوێ کە سمکۆ لە کۆیسنجق دیبووی، نەک لەناو خاکی ئێراندا.) ڕۆژی دوایی چوومە هەولێر و ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٦ لەگەڵ کاپتن (های)دا کە ئەویش لە کۆیسنجقەوە بە ئوتوموبیل هاتبوو لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندی هەولێری و (لیتل ویل) بە ئوتوموبیل چووینە گوندی (بەحرکە)، سمکۆ لەگەڵ ئەحمەد ئاغای برای و دوو سێ خزمی و نزیکەی بیست کەسێک لە کەسوکار و هاوڕێکانی هاتبووە ئەوێ.

سمکۆ بۆ ئەوە هاتبوو وە بەتەمای ئەوە بوو ئێمە یارمەتی بدەین بۆ سەرگرتنی ئەو ئاواتەی کە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی میللەتی کورد لەژێر چنگی ئێران و تورک.

ئەدمۆنس لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: سمکۆ پێی وتین ئەگەر ئێوە (ئینگلیز) ئەو داخوازییەی منتان لا گرانە و بە شتێکی ڕاستی نازانن ئامادەم بگەڕێمەوە بۆ ناو عەشایرەکەی خۆم، چونکە من بۆ ئەوە نەهاتوومەتە ئێرە کە لای ئێوە ببم بە پەناهەندە.

سمکۆ وتی: من لەگەڵ ئێرانییەکاندا هیچم نییە، چونکە ئەوان چییان بە من کرد، منیش بەرامبەر ئەوەی ئەوان دەستم نەپاراستووە و هەرچییەکم لەتوانادا بووبێت بەرامبەر بە ئێرانییەکان کردومە، بەڵام داخی تورکەکانم قەت لە دڵ دەرناچێت، چونکە درۆیان لەگەڵدا کردم و دەستاین بڕیم و لەجیاتی ئەوەی یارمەتیم بدەن پەلاماریان دام و زیانێکی زۆریان پێگەیاندم.

ئەدمۆنس ئەڵێ: هاتنی سمکۆ لە سنووری تورکیا و ئێرانەوە لە ناوچەی (قطور)ەوە ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە سمکۆ پیاوێکی زۆر دەسەڵاتدار و بەناوبانگ بوو، کاتی خۆی هەموو ناوچەکانی هەر لە (دیلمان)ەوە هەتا (بانە)ی داگیرکردبوو، لە شۆڕشێکدا کە ئەیویست بەرگێکی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بەبەر بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکەیدا بکا، کە لە ئێرانەوە ڕایکرد و چووە تورکیا، لەوێش هەرچی تۆپەکانی بوو لەگەڵ ڕەشاشەکانیدا هەمووی لە کیس چووبوو وە جبەخانەکانیشی بە باری چەند ئێسترێکەوە لێ داگیرکرابوو وە زۆرکەسی لێ

کوژرابوو کە لەناو ئەوانەدا ژنەکەی و کوڕێکی شەش ساڵە بوو (ئەدمۆنس لەمەدا هەروەکو هەندێ نووسەیر تر وەکو سروان احمد کاویان پوور دەربارەی کوشتنی خسروی کوڕی سمکۆ بەهەڵەدا چووە، چونکە خسرو لەو شەڕەی لەگەڵ تورکدا کرا نەکوژرابوو بەڵکو بە دیل گیرابوو وە هەروەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسم کردووە خسرو ئێستەش ماوە و تەقاعودە و لە ئەستەمبول ئەژی.)

ئەدمۆنس لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: دوای ئەوەی سمکۆ هاتە عێراق و داوای پارمەتیدانی لە ئێمە کرد، ئێجگار بەوە پەست بوو کە ڕێگەمان نەدا بێتە ناو شاری هەولێرەوە (لێرەدا ئەمەی ئەدمۆنس لێی دواوە کە وتویەتی ئێمە ڕێگەمان نەدا بێتە هەولێر لەگەڵ ئەوەی کاپتن هایدا یەک ناگرێتەوە کە وتویەتی هاتە هەولێر و لای من وێنەی سورماخانمی خوشکی مارشمعونی چاو پێکەوت، هەروەها ئەوەی ڕەفیق حیلمیش کە لە یاداشتەکانیدا باسی کردووە کە لە دەمی (عزت مدفعی)یەوە بیستویەتی کە لەگەڵ سمکۆدا بووە هەر لە بەحرکەوە هەتا سلێمانی، بەپێی ئەوەی ڕەفیق حیلمی سمکۆ خۆی نەیویستبوو بچێتە ناو هەولێروە هەروەکو لەدواییدا باسی ئەوەی ڕەفیق حیلمی دەکەین.)

ئەدمۆنس لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: کاتی خۆی میجەر نویل تەقەلایەکی زۆری دا کە سید طە و سمکۆ و شێخ مەحمود یەک بخا بۆ ئەوەی هەر سێکیان پێکەوە هاوکاری بکەن بەڵام تەقەلاکەی سەری نەگرت چونکە شێخ مەحمود مەبەستێکی تری هەبوو کە ئەو هەڵوێستە سوودوێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمە.

ئەدمۆنس لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا بە سووکی و گاڵتەپێکردنێکەوە باسی چوونی سمکۆ ئەکا بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود و ئەڵێ: "پاڵەوانی مەزن، سمایل خانی سمکۆ گەیشتە سلێمانی و هەروەکو ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی باسی کردووە (مەبەستی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بووە کە وەکو وتمان لە ژمارە (٨)ی ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٠دا بەدووروودرێژی باسی پێشوازیکردنی سمکۆی بڵاو کردبووەوە.) ئەدمۆنس لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: هاتنی سمکۆ هەرچەند هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ شێخ مەحموددا نەهێنایە ئەنجام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوتی کرد بەسەر ئاگردا و خەڵکەکەی پێ هاتە جۆش."

دەربارەی ئەوەی کە ئەدمۆنس وتویەتی سید طە و سمکۆ و شێخ محمود ڕێک نەکەوتن حەزمکرد ئەو مەبەستەی ئەدمۆنس و هۆی ئەو ڕێکنەکەوتنە باس بکەم.

وەکو وتمان لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحمود لە مەبەستی تەواوی ئینگلیزەکان گەیشتبوو ئەیزانی کە سیاسەتی حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بە کورد گۆڕرابوو و بڕیاری بریتانیا لەو ڕووەوە ئەوە بوو کەئەبووایە شێخ مەحمود ئەو دەزگای حکومەتییەی کە پێکی هێنابوو هەڵیوەشێنێتەوە و بەوە ڕازی ببێت کە بچێتە ژێر سایەی مەلیک فەیسەڵەوە و کوردستانیش بە زۆرەملی بلکێنرێت بە عێراقەوە. بێجگە لەوە ئینگلیزەکان تەقەلایەکی زۆریان دابوو کە شێخ مەحمود ڕازی بکەن هێز بنێرێتە سەر یوزدمیری تورک لە ڕواندوز بە هێز و بە چەکی خۆی تورکەکان لەبەر خاتری ئینگلیز لە ڕواندز دەر بکات بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە یارمەتییەکی مالی و چەکداری بدەن، بۆ ئەوەی ئەرکی دەرکردنی ئەو تورکانە نەخاتە سەر شانی خۆی و ئینگلیز دەیویست بە هیچ جۆرێک لەوە نزیک نەبێتەوە کە دان بە مافی کورددا بنێت، ئەوەی کە ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا کردیان بریتی بوو لەوەی کە سید طەی ئەهریان کرد بە قائمقامی ڕواندز (لە حوکمداریتی کوردستانەوە کە بەتەمای بوو، بۆ قائمقامێتی ڕواندز.) شێخ مەحمودیش بەرامبەر بەوە بە بەیانێک نارەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سید طە کە لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا دەقی ئەو بەیانە بلاوکراوەتەوە. دوای ئەوەش کە سمکۆ چاوی بە شێخ مەحمود کەوت کە لەو ڕۆژانەدا تاقمی تورکخوازان دەورەیان دابوو، بە هەموویان توانییان سمکۆ وا لێ بکەن لەجیاتی ئەوەی ئەو شێخ مەحمود ڕازی بکا کە ببێت بە هاوکاری ئینگلیز بۆ دەرکردنی تورکەکان لە ڕواندز، بەپێچەوانەوە سمکۆ خۆی چووە سەر ئەو بۆچوونەی شێخ مەحمود و بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەوێ خسروی کوڕی دەست بکەوێتەوە و پارەکانیشی دەستگیر ببێتەوە و لەوێوە سەرلەنوێ دەست بکات بە خۆئامادەکردن بۆ دەستکردن بە بزووتنەوەیەکی تازە هەروەکو لە بەشی دوای ئەمە بە دووروودرێژی لێ ئەدوێین.)

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی شکانی سمکۆ و چوونی بۆ خوارووی کوردستان وتویەتی:(٢٨) "ساتێک سمکۆ لەشەڕەکانیدا بەرامبەر بە ئێران شکا و پەنای بردە بەر تورکیا، کاتێک بە خۆی زانی تورکەکان بەپێچەوانەی ئەوەی کە سمکۆ چاوەڕێی بوو پەلاماریان دا و ناچاریان کرد ڕوو بکاتە خاکی عێراق،

ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە سمکۆ بەشکاوی لە دەست تورکەکان هەڵاتبوو لەگەڵ ئەو شکستی و لاوازییەیدا ئینگلیزەکان ویستیان سوودی لێ

وەربگرن و دژی تورک بەکاری بهێنن.

سمکۆ هەرچەند هەروەکو پەنابەرێک هاتبووە ناو خاکی عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگ و دەستەپاچە دانەنیشتبوو، بەڵکو هەوڵێکی زۆری دا پێوەندی لەگەڵ سەرۆکعەشیرەتەکانی کورددا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. سمکۆ ئەچووە هەر شوێنێک ڕێزی لێ ئەگیرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسی وا نەبوو کە دەستی یارمەتیدانی بۆ درێژ بکات.

ئەحمەد خواجە لە یاداشتەکانیدا لە لاپەڕەکانی (١٣٧-١٤١) باسی چۆنێتی هاتنی سمکۆی کردووە و ئەڵێ:(٤) "لەو ڕۆژە تەنگو تاریکەدا کە ئینگلیزەکان بەسەر کوردیان هێنا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزەکان بەوەوە نەوەستان بەڵکو حکومەتی ئێرانیشیان لە کورد ورووژان و بڵاویان ئەکردەوە کە بەم زووانە حکومەتێکی توندوتۆڵ بۆ کورد دروست ئەبێت و ئەو حکومەتی کوردستانەش تەنها هەر لە عێراقدا نابێت بەڵکو شۆڕش ئەخەنە ناو ئێرانیشەوە.

بەرامبەر بەوە ڕۆژنامەی (ستارەی ایران) لە ژمارە (٧٠)ی ڕۆژی ٩ی ربیع الاول ساڵی ١٩٤١ (بێگومان ئەوە هەڵەی چاپەمەنی بووە و ساڵە ڕاستییەکە ساڵی ١٣٤١ بوو چونکە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ژمارە (٧)ی ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/٣٠ ڕێکەوتی ١٦ی جمادی الاول ١٣٤١ کە لە سلێمانی دەرچووە وەرامی ئەو ڕۆژنامەی ستارەی داوەتەوە کە لەدواییدا لەکاتی باسی ئەو تەلگرافانەی کە لەنێوانی سمکۆ و شێخ مەحموددا بووە بڵاوی ئەکەینەوە باسی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد ئەکەین.)، بەڵام شێخ مەحمود بەگورجی لە ئێرانییەکانی گەیاند کە ئەو ئاشووبە هی ئینگلیزە.

دوای ئەوەی سمکۆ لە شۆڕشەکانیدا سەرنەکەوت و ئینگلیزەکان ئێرانیشیان لە سمکۆ شێواند و هێنایانە هەولێر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆیان و لەوێوە تەلگرافیان پێ نووسی بۆ شێخ مەحمود.

(ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیدا ناوەڕۆکی ئەو تەلگرافانەی نێوانی سمکۆ و شێخ مەحمودی بەتەواوی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە دەقی ئەو تەلگرافانە کە لەکاتی خۆیدا لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد کە ئۆرگانی دەوڵەکەتەی شێخ مەحمود بووە هەومووی هەروەکو خۆی بڵاو دەکەینەوە بۆیە پێویست بە دووبارەکردنەوەی ئەوەی ئەحمەد خواجا ناکات.)

هەروەكو لەپێشتردا باسمانكرد كە لەدوای هاتنی سمكۆ بۆ خوارووی كوردستان، هەروەكو چۆن لە باسەكانی كاپتن های و ئەدمۆنسدا لەوە دواین و باسی ئەوەشمان كرد كە ئینگلیزەكان بە هیوای ئەوە بوون سمكۆ بنێرن بۆ لای شێخ مەحمود بۆ ئەوەی بەجووتە هاوكاری بكەن بۆ دەركردنی یوزدمیر و هێزەكەی تورك كە لە ڕواندزدا جێگر بووبوون و لە (بەحركە) كە نزیكی شاری هەولێرە تەلگراف لەنێوانی سمكۆ و شێخ مەحموددا ئاڵوگۆڕ كرا.

ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە (٤٤)ی زنجیرەی شەشەمی یاداشتەكانیدا دەربارەی ئەوە وتویەتی:(٢) "ئینگلیزەكان لەو ڕۆژانەدا بۆ ڕێكەوتن لەگەڵ شێخ مەحموددا لە تەقەلایەكی بێسووددا بوون، ئەو هاتنەی سمكۆ لەو ڕۆژانەدا بۆ سنووری عێراق ئینگلیزەكانی خستە سەر ئەوەی كە سوود لەو بەسەرهاتەی سمكۆ وەربگرن و سمكۆ بكەن بە هۆی تێكدانی نێوانی شێخ مەحمود و توركەكان و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئینگلیزەكان داوایان لە سمكۆ كرد كە بچێتە هەولێر بۆ ئەوەی لەوێوە دەست بكا بە موخابەرەكردن لەگەڵ شێخ مەحموددا.

هەندێ لەو كەسانەی لەو ڕۆژانەدا لە هەولێر بوون دەیانوت سمكۆ نەچووبوو بۆ ناو شاری هەولێر كە ئینگلیزەكانی لێ بوو (كە ئەدمۆنس وتبووی سمكۆ پێی ناخۆش بوو كە ئێمە ڕێگەمان نەدا بچێتە هەولێر كە وەكو وتمان ئەوەی ئەدمۆنس لەگەڵ ئەوەی كاپتن هایدا یەك ناگرێتەوە كە وتبووی هاتە هەولێر و لای من وێنەی سورماخانمی خوشكی مارشمعونی دیبوو.)، چونكە سمكۆ ئاگای لەوە بوو كە خوشكەكەی (مارشمعون)ی كوژراو لە بەغداد بوو لە دەست سمكۆ شكاتی بردبووە بەر ئینگلیزەكان. لەبەرئەوەی سمكۆ كەمێك ترسی لەدڵدا ئەبێت و لە ڕێگەی هەولێر، كاتێك فڕۆكەیەكی ئینگلیز ئەبینێت بە ژوور سەریەوە ئەكەوێتە گومانەوە و دەست ئەداتە دەمانچەكەی و ئوتومبیلچییەكە ناچار ئەكا بگەڕێتەوە بۆ گوندی (بەحركە).

ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەكانیدا ئەڵێ: عزت توپچی (عزەتی فاتە) بۆی گێڕامەوە كە عزت خۆی لەلایەن ئینگلیزەكانەوە نێررابوو بۆ لای سمكۆ كە لەگەڵیدا بێ كە هەوڵێكی زۆری لەگەڵ سمكۆ دابوو كە نەگەڕێتەوە و بچێتە هەولێر، بەڵام كەڵكی نابێت ئینجا دوای ئەوە عزت لە هەولێرەوە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ (بەحركە) ئەكا و قسەكانی سمكۆش بە تەلگراف ئەدا بە شێخ مەحمود لە سلێمانی، هەتا سمكۆ لە (بەحركە) وە یا (هەولێر) بوو شێخ مەحمود بە مەرامی ئینگلیزەكان و بەپێی

قسەکانی عزەت وەڵامی نەدایەوە، وە لەدواییدا بۆ گفتوگۆی تایبەتی ناوخۆی داوای کرد سمکۆ بچێت بۆ سلێمانی. بەڵام سمکۆ و شێخ مەحمود وەکو ئینگلیزەکان خەیاڵیان کردبوو دوژمنی یەکتر نەبوون."

(مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەوەدا ئەچێتە سەر باسی پێوەندیی سمکۆ و بنەماڵەی شێخ مەحمود کە لە باسی پێوەندیکردنی سمکۆ و ئەو بنەماڵەیەدا بەدووردرێژی باسی چوونی ئەوانەمان کرد کە ماوەیەک بە ئاوارەیی لای سمکۆ بوون و خزمەتێکی زۆری کردبوون لەدوای ئەوەی ئەو خێزانانە لە ساڵی ۱۹۱۹دا دوای شەڕی دەربەندی بازیان و گرتنی شێخ مەحمود بە بریندارى و ئاوارەکردنی بۆ هندستان چووبوونە کوردستانی ئێرانەوە.)

ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە (٤٦)ی زنجیرەی شەشەمی یاداشتەکانیدا دەربارەی پێوەندی سمکۆ و شێخ مەحمود ئەڵێ: "دوای ئەوەی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان بە دیل گیرابوو و ڕەوانەی هندستان کرابوو شتی وا ڕوویدا کە ببێتە هۆی پێوەندییەکی بەهێز لەنێوانی ئەو دوو کوردە گەورەیەدا. دوای بە دیل گیرانی شێخ، ماڵ و منداڵەکانی لەگەڵ شێخ قادری برایدا پەنایان بردبووە بەر خاکی ئێران و لەوێ بە دەسیسە و هاندانی تاجرباشی کورد شێخ قادر گیرا و نێررا بۆ هندستان (ڕەفیق حیلمی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا لە باسی ئەو تاجرباشییەدا ئەڵێ ئەو تاجرباشییە یەکێک بوو لە ئاودارەکانی سابڵاغ کە لە ڕەگەزدا خەڵکی سلێمانی بوو، لە شەڕی یەکەمی گەورەدا لە ترسی ڕوس لەگەڵ سەرداری بۆکان هاتبوونە سلێمانی و لە خانووکەی سید ئیبراهیم ئەفەندی باوکی سید حەکیمی باوکی شاکر حەکیم دائەنیشت.)

ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە (٤٧)دا ئەڵێ: منداڵەکانی شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا کەوتبوونە حاڵێکی ناخۆش و زۆر گرانەوە، بەڵام سمکۆ لەو ڕۆژانەدا ئەستێرەی بەختی لە ئاسۆی هیوادا پرشنگی ئەدایەوە و لە باکووری خۆرئاوای ئێراندا بووبوو بە شای دووهەم و نزیکەی هەموو (ئەزربایگان-ئازربایجان)ی گرتبووە ژێر چنگی خۆی. ماڵ و منداڵەکانی شێخ هەموویان خۆیان گەیاندە لای سمکۆ و ئەویش باڵی باوکێتی بەسەردا کێشان و حەساندنیەوە. ئەم جارە ئیتر نۆرەی شێخ مەحمود بوو ئەیویست بەزیادەوە چاکەی سمکۆ بداتەوە.

تەلگرافەکانی بەینی سمکۆ و شێخ مەحمود، ئینگلیزەکانی خستبووە هیواوە،

لەبەرئەوە ئینگلیزەکان ڕێگەیان دا بە سمکۆ کە بچێتە سلێمانی.

ساتێک ئەم دەنگە بڵاو بووەوە، سلێمانی بە جارێک خرۆشا، ناو و شۆرەتی سمکۆ و باس و حکایەتی ئازایی ئەم قارەمانە کوردە ناودارە دەمێک بوو گەیشتبوو کوردستانی عێراق، لەبەرئەوە هاتنی بۆ سلێمانی بۆ مەسەلەی کورد بە مزگێنی ئەژمێررا و هیوای نیشتماپەروەرەکانی تازە ئەکردەوە.

(سمکۆ) و یا (ئیسماعیل ئاغای سەرەکعەشیرەتی شوکاک) لە دڵی هەموو کوردێکدا جێگەیەکی بەرزی هەبوو وە بە قارەمانێکی میللی ئەدرایە قەڵەم و حکومەتەکانی تورک و ئێران بە چاوێکی پڕ لە کین و شکەوە تەماشایان ئەکرد، لەبەر ئەمە هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی شتێکی کەم نەبوو."

## دووهەم: هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی:

دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی و ئەو تەلگرافانەی کە لەنێوانی سمکۆ و شێخ مەحموددا بۆ یەکتری نێررابوون، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە ئۆرگانی دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان بوو بە زینجیرە ئەو تەلگرافانەی لەکاتی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە کە بە کوردی و بە تورکی نێررابوون. لێرەدا منیش ئەو تەلگرافانە بەپێی ئەوەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کرابووەوە پێشکەش خوێنەرانی ئەکەم هەرچەندە هەمووی لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا بڵاو کراوەتەوە.

لە لاپەڕە (١ و ٢)ی ژمارە حەوتی ئەو ڕۆژنامەیەدا کە لە ١٩٢٢/١٢/٣٠دا دەرچووە بە کوردی و بە تورکی ئەو تەلگرافەی کە سمکۆ لە ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/١٤دا ناردبوونی بۆ شێخ مەحمود بڵاو کراوەتەوە کە لە پێشەکی بڵاوکردنەوەی ئەو تەلگرافەدا لەلایەن ڕۆژنامەکەوە ڕوونکردنەوەیەک بڵاوکراوەتەوە و ئەڵێ:

بە تاریخ ٩ی ربیع الاول ١٣٤١ی رومی لە ژمارە (٧٠)ی غزتەی (ستارە)ی ایراندا مخالف حقیقت بعض نشریاتی کردبوو. بۆ افکار عموم سرداران و منوران کورد مجبور بوین مخابراتی کە لە بین حضرت ملک کردستان و جناب سمکو و سید طەدا جریانی کردوە درج و نشری بکەین.

سلیمانی: بۆ حضور حکمدار اعظم کردستان

امرو مقدرات کوردستان توردیع دست مبارکتان کراوە، مناسبی نازانین هیچ

ایشیک بێ امر ذات حکمدارانەتان بکرێ. بزەوتیان نایێتەوە بە ایمە مانان کە ملت کورد مغدورین. استرحام اکین لە همو خصوصیکەوە معاونت بفرمون بو استخلاص ام وطنەمان.

سمکو

١٤ی کانون اول ١٣٣٨

(کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٢٢ بووە.)

لە هەمان ژمارەدا وەرامەکەی شێخ مەحمود بۆ سمکۆ بەم جۆرە بڵاو کراوەتەوە:

"اربیل: قهرمان کوردستان حضرت اسماعیل اغا

ج: البتە تقدیری افرمون کە بە تاق تەنیا لە ریگای سندنی حقوق ملت کوردا لە پیش همو کەسیکەوە بە چ درجە، فیداکاریم کردوە و بەو نیسبەتەش فەلاکتم دیوە.

امروش بە اتفاق قهرمانیکی وکو ذات وطنپرورانەی ایوە بو گەیشتن بە عین غایە درجەء ارزوم احتیاج بە ایضاح ناکات، حوالەء تقدیر وجدان جنابتانی ئەکم. لکن ابی بو مدافعەء حقی بی کە بی قوەت، بێ مال، بی معاونت، بی حق خومان بهاوینە ناو جدال و معرکەء شر و شور و بو سندنی غایەی ملت کورد بی کە حیاتی ام قومە سوق فنا بکین. امرو حقیکی ڕەسمی ندراوە بە میلتی کورد ایمە کە بیتە جنبش و مدافعەی دشمنان خارجی.

هرچند ئیمە داوای لطف و حقوقمان کردبیت بە نوعی وعدو بهانە اهمال کراوە، (٣) مانگ لەوپیش حکومت فخیمەی بریتانیا او معاونتە کە وعدی فرموە لە صەدا یەکیکی بەجی نەهیناوە تاکو منیش میلتی کورد بە استقبالەوە طماعداریان بکم. بۆ حقیک شر و شورم پی خوشە، بەلام بۆ ناحەقی پیم خوش نیە کە خوینی موسولمانی کورد بریژم.

اگر لطفا حق خومان پی ببخشری حاضرین بۆ همو فداکاری و دفع دورخستنەوەی معترضەکانمان، اگینا هر بو اطاعەی مطلقەی حکومت فخیمە بە قطعی قەول ئەدم کە بی طرف و صادق امینمەوە برامبر دولت معظمەی بریتانیا اگر لە زیاتر لزوم بە مذاکرە هیە، بو تشریف فرمونتان رجا و تایید احترام اکم.

محمود

١٤ی کانون اول ١٣٣٨ رومی

١٩٢٢

لە هەمان ڕۆژدا سمکۆ تەلگرافێکی تری ناردووە بۆ شێخ مەحمود کە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٧)دا بڵاو کراوەتەوە وەکو خوارەوە:

سلیماني: بو حضوری حکمدار افخم

لە حکومت انگلیس بەولاوە کس نیە حقوق بە ایمە ببخشی و مقابل ئەو لطفە کە لەگلمان اکات چاوروانی خدمت ایمەیە. ام حقوقە بی شبە اتوانین بی ستینین اگر هر لە جناب حکمداریتانەوە ارادەیەکی درکردنیان ببیی بە عون خودا بی خوین رشتن مسلمانان لیرە دریان اکم و حقوقیشمان بە همو نوعی وراگرین وا مصلحت ابینم کە بەیەکەوە دوژمن لەناو خومان درکین و حقوقیشمان هر بەیکەوە لە حکومت بریتانیا و عرەب ورگرین.

سمکو

١٤ی کانونی اول

لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٧)ی هەمان ڕۆژنامەدا دووبارە وەرامێکی شێخ مەحمود بڵاوکراوەتەوە کە بە تەلگراف ناردبووی بۆ سمکۆ دەڵێ:

"اربیل: قهرمان کوردستان حضرت اسماعیل اغا

جواب: حقیقتا بو همو نعمتی اختیار زحمت و بو همو لطفی عرض تشکر لازمە، لکن بو لطفی کە ڕەوا نەبینری اختیار کلفت کردن لوە اچی کە فدای موجودیت بکریت بۆ منافع خلق تر. غیری حکومت بریتانیا اوی حق حیاتمان بداتی و امید سعادت لی بکری کس شک نابم، وکو قیام کردن لە مقابل معترض او حقوقەمان کە بە مرحمت پیمان ابخشری بە مشروعی ازانم بەبی سبب چونە مجادلەشەوە اوندە بە غیر معقول ازانم، همو ملت کورد بی تردد حاضرە بو دفع دوشمنی خوی بشرطی وکو حکومت بریطانیا وعدی داوە، وعدەکەی بەجی بینی و اعتراف بە ملیتمان بکات و بە مرحمت تقدیر حقوقمان بفرمون و لە حرکاتیکدا کە برامبر دشمنان اکری بە مادە یاریەمان بدات بلام امرو معترض وطن و دشمن ملیتم ناناسم. کی حقمان اداتی و چ حکومتیک تعرض حقمان اکات، بی زانین سبب، بی چاوپیکوتنی حق مجادلە بوچی بکین و بو منفعت کی خوین بریژین. اگر بم حالە راضی بین معاونیکی کورد لە دوای خومانەوە نابینین چونکە اگر بپرسن بو چ حقیک مدافعە و خوینی میلت فدا اکەن؟ جوابمان نیە بیدەینەوە. ایتر لەجیاتی دشمنایەتی غیر رسمی اطاعت کردن حکومت و بی طرفانە لە مالی خومدا دانیشتن

به مناسبتر ازانم.

محمود

١٤ی كانون اول.

له لاپەڕە (٤)ی هەمان ژمارەدا سید طەی شەمزینی (ژنبرای سمكۆ) تەلگرافێكی وەكو خوارەوە ناردووە بۆ شێخ مەحمود.

سلیمانی: بو حضور عالی حكمدار... دستتان ماچ اكم، اگر مظهر توجهتان بم خوم به بختیار ازانم بو معروضاتم بو حضرت اسماعیل اغا ترک كرد افندم.

سید طه

١٤ی كانون اول

وەرامی شێخ مەحمود بۆ سید طه لە هەمان لاپەڕەی ئەو ژمارەیەدا بۆ سید طه ئەڵێ:

اربیل: بو حضرت برای محترم خوم سید طه افندی

بی قید و شرط تشكر او لطف و توجهات داغی خوازانەتان اكم كه له حقم ڕەوا بینراوه.

جواب امرەكانی اسماعیل اغام تقدیم كردوه، من كوردم، چونكه به كوردی ژیان به سعادت ازانم. مفتون سویەی میلیتپرورانەی همو قهرمانیكی كوردم.

محمود

١٤ی كانون اول

بەلای منەوە ئینگلیزەكان بەتەواوی ناوەڕۆكی ئەو تەلگرافانەیان هەڵسەنگاندووە و هیچ دووریش نییە هەر پیاوەكانی خۆیان بە ئاگاداربوونی سمكۆ ئەو تەلگرافانەیان ناردبێت بۆ شێخ مەحمود، كە بەئاشكرا لەوەدا پێیان لەسەر سمكۆ داگرتووە كە بڵێ ئەوی ئینگلیز نەیكا بۆ كورد سەر ناگرێت، دووهەم لەگەڵ ئەوەشدا كە شێخ مەحمود ئیعلانی مەلیكیەتی كوردستانی كردبو،و وە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژ كوردستان) كە ئۆرگانی حكومەتەكەی بوو، سمكۆ ناوەڕۆكی ئەو ژمارانەی دیوە و زانیوێتی كە شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا مەلیكی كوردستان بووە، بەڵام ئینگلیزەكان چونكە دانیان بەو حكومەتەی كوردستاندا نەنابوو (هەروەكو لە بەرگی دووهەمی كتێبەكەی شێخ مەحموددا سەرچاوەكان ئاشكرایان كردووە كە كاربەدەستانی ئینگلیز بەڕوواڵەت وە بۆ شتێكی كاتی لەسەرەتاوە ئەو حكومداریەتەی كوردستانیان, ڕێكە

پێدابوو، کە ساتی خۆی هات و ئیشیان بەوە نەما ئیتر پاشگەزبوونەوە و داوایان لە شێخ مەحمود کرد کە واز لە حکومەتەکەی بێنێت و دەزگاکانی هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە ڕێگەی ئەوەیان نەداوە کە سمکۆ تەلگرافەکانی بە ناوی مەلیکی کوردستانەوە بنێرێت و هەر بە ناوی حوکمداری کوردستانەوە نێررابووە.

پاش ئەوەی ئینگلیزەکان ڕێگەیان دا بە سمکۆ کە بچێت بۆ لای شێخ مەحمود بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستەی خۆیان ئەیان ویست و کە سەریشی نەگرت، ئیتر سمکۆ چوو بۆ سلێمانی بۆ لای شێخم مەحمود.

دەربارەی چوونی سمکۆ بۆ سلێمانی دوو سەرچاوەمان بە دەستەوەیە کە هەردووکیان بەدووروودرێژی باسی ئەو چوونەیان کردووە کە سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژ کورد) و سەرچاوەی دووهەم بریتیە لە یاداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەگەرچی نووسەری تریش وەکو ئەحمەد خواجا باسیان کردووە.

سەرچاوەی یەکەم کە بریتیە لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان، لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٨)ی ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٠دا بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە کە هەروەکو چۆن نوسراوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی ئەکەینەوە:

قهرمان کوردستان-حضرت اسماعیل اغا (سمکو)

هفتەء لو پیش جناب طاهر افندی سر کاتب حضرت ملوکانە (ڕۆژنامەکە نیازی لە طاهری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بووە.) بە قوتیکی سواری یەوە تشریفی حرکتی کرد بو استقبال حضرت قهرمان کوردستان جناب اسماعیل اغا.

ڕۆژی ١٩٢٣/١/٧ کە جناب اغا قوناغیک نزیک سلیمانی بوەوە حضرت رئیس الروسا جناب شیخ قادر افندی کە لە معیت مبارکی دا قوماندان طابور ژاندرمە بە قوتیکی زورەوە گلیک اشراف مملکت موجود بون و استقبال حرکت فرمابو و نزیکی منزلی تشریفی چو بە پیریەوە.

ڕۆژی ١٩٢٣/١/٨ دوایر حکومت تعطیل کرا، اهالی دکانیان هلگرت، عموم سادات کرام و ماموران عسکری و مولکی و روساء و اشراف و منوران و اهالی محترمە بو مراسم استقبال نزیکی نیو سعات بە سواری و بە پیادە حرکت و رویان کردە ریگای استقبال و انتظار.

جناب رئیس داخلیە لگل جناب کاپتن چپمن وکیل فخامت مندوبی سامی دا بە

اوتوموبیل و سایر روءسای عشایری که له سلیمانی حاضر بون هر کسه به خوی و دەسته و دایرەیەوه به صورتێکی منتظم و جیاواز داخل مراسم استقبال بون.

لپاش ترتیب و تنظیم ام مراسمه گردونه‌ء حضرت جلالت ملک معظم دام شوکته ساعت له شەش کوردی له شارەوه نزیکی نیو سەعات ریگا بو استقبال تشریفی فرمو و له جیگای مخصوص انتظار و اسراحتیان فرمو، که تشریفی مبارکی حضرت اغای نامدار نزیک بوەوه له ڕیاست و قوماندان قوای ملک قطعات سواری مللی ملوکانه ساعت ریگا له شار دور تا کنار شار له هردو لای ڕیگادا صف بستەء اقدام و سلام بون و عرض تعظیمان و تبریکیتیان کرد.

لپاش قدری که حضرت اغای نامدار لگل جناب احمد اغای برای محترمی و سایر خزمان و معیتی مبارکی و روءسای کرام و ذوی الاحترام عشیرت پشدر جناب بابکر اغا و جناب عباس اغا و سایر روءسای عشایر پشدر و منکور و اوجاغ له خزمەت جناب رئیس الروءسا حضرت شیخ قادر افندی دا به تواوی نزیک موقع مخصوص جلالت حضرت ملک بونەوه، اوسا گردونه‌ء حضرت تاجداریش توزی چوه پیشەوه هردو طرف دابزین و مصافحه و بیان خوش امدی و تبریکات لوازم محبت و حرمت فوق العاده له هردو جهتەوه بەجی هینرا و با ارادە‌ء ملوکانه حضرت اغای محترم له گردونه‌ء مخصوصه‌ء ملوکانەدا اخذ موقعی فرمو و له خدمت حضرت ملکدا گرانەوه بۆ شار.

امرا و ضابطان و عساکر منصورە‌ء کردستانیش له خارج شاردا به صورتیکی منتظم صف بستە‌ء احترام و سلام بون راسمە‌ء تعظیمات و سلامیان ایفا و گلیک گورانی وطنی خوشیان خویندەوه و دعای ترقی و موفقیت حکومت و ملت کوردیان کرد.

له طرف جلالت حضرت ملک و حضرت اغای نامدارەوه تفتیش عسکرەکان کرا و یکه یکه مظهر سلام بون.

لەدوایدا به عمومی عودت کرایەوه بۆ خانو و موقع مخصوص حضرت اغای محترم و لبر درگا توقفیان فرمو. لەوی همو شاگردانی مکتب به صورتیکی ڕیک و پیک له صف حرمت و انتظاردا راوستان، گلیک گورانی و اشعاری کوردی وطنی به تاثیریان خویندەوه که دلی سامعینی اکرد به ئاو. له طرف یکی له شاگردان مکتبەوه بمناسبت او روژه مبارکه و او ذاته محترمەوه نطقیکی جوان و روان

خوێنرایەوە کە عرضی خوش امدی حضرت اغای نامدار، دوعای بقای موفقیت و ترقی حضرت ملک و ملت کورد بو.

لم استقباله منتظمه و لم منظره محتشمه عادتا عالم کوردیت و قومیت احیا بوەوە. لە پاشدا مسافرین محترمه لە خزمت حضرت جلالت ملکدا تشریفیان چوە مقام خصوصی خویان.

حقیقت ام روژە روژیکی تاریخی و زور مقدسه، ایمه ناتوانین درکی معالی و مدح و ثنای و خدمات وطنپرورانه و اقدامات مذاکرانهء حضرت اغای نامدار بکین. لکن بناوی عموم ملت کوردەوە عرض خوش امدی و تبریکات حضرت ام قهرمان کوردستانه و رفیقانی محترمی اکین و بە تشریف هاوردنیان اعلان مسار و افتخار و سعادت و موفقیت همو قوم کورد لە بارەگاه کبریا استرحام اکین.

روژ کوردستان

لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ١٩٢٣/٢/١٧ ڕوونکردنەوەیەکی تیادایە دەڵێ: وەختی کە حضرت قهرمان کوردستان اسماعیل اغا داخل شار سلیمانی بو بە شرف و حرمت ام ذاته مقدسەوە حەوت عدد طوپ سلام و احترام انداخت کراوە، لە نسخەی پیشوی روژی کوردستاندا لە مراسیم استقبالدا ام خصوصەمان لە بیر چو بو عرض معذرت اکین.

روژ کوردستان

بەرامبەر بەو پێشوازییەی کە بۆ سمکۆ کرابوو لە لاپەڕەی (٣)ی ژمارە (٨)ی ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٠دا سمکۆ سوپاسنامەیەکی بڵاو کردبووەوە کە ئەمەی خوارەوە ئەو سوپاسنامەیەیە کە سمکۆ لەو ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردا بڵاوی کردبووەوە.

"لە سر دعوت و ارادەء حضرت جلالت ملک کوردستان و سید السادات جناب ملک محمود اول دام شوکته بە کمال شوق و شطارتەوە بو کسب شرف زیارتی حضرت ملک معظم هاتمه سلیمانی. لە همو خصوصیکەوە مظهر توجهات و عنایات شیوەء انسانیت و حسیات قومیت پرورانەء کە لە مراسم استقبالدا لە طرف جناب رئیس الروساء و سادات کرام و روسا و ماموران عسکری و مولکی حکومت اشراف و منوران و اهالی کوردستانەوە در حق بە شخصی من رەوا بینرا بو گەلی متشکر و مفتخرم بلکو هر فلاکت و اذیتی لە ریگای خذمت ازادی و خلاصیء ام ملتەدا بسرما هاتوە لە بیرم چوتەوە بە واسطەء روژ کوردستانەوە بیان

ممنونيت مسروری له همو برادرانی کودی سليمانی اکم. خدا همو لايکمان موفق بکات.

سمکۆ

سەرچاوەی دووەهەم کە باسی هاتنی سمکۆی کردووە بۆ سلێمانی بریتیە لە یاداشتەکانی مامۆستا رفیق حلمی کە لە لاپەرە (٤٤)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیدا بەم جۆرەی خوارەوە باسی کردووە: "کە دەنگی هاتنی سمکۆ بە سلێمانیدا بڵاو بوەوە، سلیمانی بە جارێک خرۆشا. ناو و شورەتی سمکۆ و باس و حکایەتی ئازایی و قارەمانیتی ئەم کوردە ناودارە دەمیک بوو گەیشتبوە سلیمانی، لەبەر ئەوە گەورە و بچووک بە ژن و پیاوەوە لەم هاتنە ئەدوان و بێ ئۆقرە چاویان لە ڕێ بوو چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم قارەمانەیان دەکرد و دەیانویست ساتیک زووتر بە دیداری شاد بن.

ئەوانەی کورد و نیشتمان پەروەر بون سمکۆیان بە قارەمانێکی میللی دەهاتە بەر چاو هیوای ئەوەیان دەکرد ئەم هاتنەی ببێتە هۆی گۆڕینی (مەجرای سیاسەت) و تای ترازووی کوردایەتی سەرکەوێ و شێخ مەحمود لەو دووریانەی لێی وەستا بو بخرێتە سەر ڕێی مەبەست، واتا ڕووی بکرێتە مەسەلەی کوردستان.

مصطفی پاشا یامولکی لە هەموو کەس زۆرتر بە کەیف بوو، لەو حاڵەی کە تیادا بوو چو بوە حاڵێکی ترەوە، خۆی قیت کردەوە و بوو بە کوڕێکی چواردە ساڵە. ئەویش لە سەودایەکی تردا بوو، بە تەمای ئەوە بوو سمکۆ و شێخ مەحمود بەرەو ئامانجی خۆی بەرێ، لەو خەیاڵەدا بوو کە سیاستی انگلیز بێتە جێ (رەفیق حلمی ئەڵێ: دوژمنایەتی مصطفی پاشا بەرامبەر بە تورک سنووری نەبوو تاکە ئومیدیک کە هەیبوو دژی تورک بریتی بوو لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئنگلیز لە ناوچەکەدا لەبەر ئەوە تورکخواکان هەمیشە بە پیاوی ئینگلیزیان دادەنا.) مصطفی یامولکی دەیویست تورکەکان لە رواندز دەر بکرێن بە هیوای ئەوەی خەبات و ئاژاوە بکاتە ناو کوردستانی تورکیا، بە کورتی مصطفی یامولکی بۆ شکاندنی مصطفی کمال ئەتاتورک هەوڵی ئەدا.

لەسەر فەرمانی ملک، خانووەکەی شێخ مصطفی نقیب پاک کرایەوە و ڕێکخرا، ڕۆژی هاتنی سمکۆ سەرپاکی خەڵکی سلێمانی هاتنە دەرەوە، زۆربەی سوارەی عەشایری دەوروپشت چون بە بپیریەوە و شاری سلیمانی هەروەکو بووک ڕازابوەوە

و لەناو ئاهەنگێکی گشتی و زەماوەندێکی میللی و نەتەوایەتیدا بەرەو پیرچوونێکی زۆر شیرین و شاهانەی بۆ کرا.

شەوێک پێش گەیشتنی سمکۆ، شاری سلێمانی بە سانی میرووله ورووژابوو، دەرزیت بهاویشتایە نەدەکەوتە سەر ئەرز، هەتاکو ڕۆژ خەو لە چاوی زۆر کەس نەدەکەوت، سەیر ئەوە بوو تورکخواکانیش لە کەیفدا بوون، بەڵکو ئەوان لە کوردپەروەرەکان زیاتر (ئەشئە)یان پەیدا کردبوو.

وا دەردەکەوت بەلای دەستەی تورکخواکانیشەوە هاتنی سمکۆ جێگەی هیوا بوو، بەیانی پێش هەتاوکەوتن ئەهالیی شاری سلێمانی ورد و درشت بە پیاو و ژنەوە ڕژابوونە کۆڵانەکان، قوتابیان لەو کۆڵانەی کە دەچوو بۆ ماڵی شێخ مصطفی نقیب لەگەڵ عسکر و پولیس بەرامبەر بە یەک بە ڕیز وەستابوون. بۆ ڕاگرتنی ئەمانە و ڕێکخستنیان (زابت)ە کوردەکان و مامۆستاکان بە چوستی لە هاتوچۆدا بوون، هەتا دەهات خەڵک زۆر دەبوون و لەو دەشت و کۆڵانانەدا جێگەیان نەدەبوەوە، تەلار و پێش هەیوان و پەنجەرەی خانوەکان و سەربانی مزگەوتی گەورە و دوکان و بازاڕ جمەی دەهات، لادێیی نزیک شار بە جارێک ڕوویان کردبوە ناو شار، نزیکی نیوەڕۆ ئوتومبیلی سەرەک ڕئیسان دەرکەوت، خەڵکەکە بە جارێک خرۆشان و بەیەکاچوون، مامۆستا خوێنگەرمەکان و زابتەکان چوون بە لای ئەو قوتابیانەوە و بۆ سلاو چاوەڕوانی ئیشارەتیان دەکرد.

ڕیزی قوتابیان چاویان بڕیبوە دەمی زابت و مامۆستاکان، لەپڕ ئوتومبیلێک گەیشتە پێشەوە و دەرگاکەی کرایەوە، بە تەنیشت شێخ قادرەوە بالای بەرز و قەدی شمشاڵی سمکۆ دەرکەوت، پلنگی کوردستان لە بەرگی عەسکەریدا بە وێنەی جنراڵێک هاتە پێشەوە، سمکۆ چاوێکی بەو خەڵکەدا خشاند و بۆ سلاو هەردوو دەستی بە جارێک بڵند کردەوە، ئیتر لەگەڵ هەلهەلە و چەپڵەڕێزانی ژنان، لەلایەکەوە گوڵباران و دەنگی بژی بژی، وە لەلایەکی تریشەوە گرمەی تۆپ بۆ پێشوازی دەستی پێ کرد. فرمێسکی شادمانی بەری چاوی نیشتمانپەروەرەکانی گرتبوو وە بۆ ماوەیەک لە هۆش خۆیان چوون، لە مێژووی ڕۆژە گرنگە پیرۆزەکانی سلێمانیدا دوای ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هندستانەوە ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی شادی و پیرۆزی بوو لە سلێمانیدا.

قوتابیان لەگەڵ گۆرانیدا بەخێرهاتنیان کرد بە گوڵباران و عەسکەر و پۆلیس بە

تفەنگە بریسکەدارەکانیانەوە لە سلاودا وەستان، وێنەی ئەو ساتەی سمایلخان و دەستە سوارەکەی پڕ لە چەکی شوکاک دەشیا بچێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەوە.

سمکۆ هەرچەند بەرگی عەسکەریی لەبەردا بوو بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی رەگەزی کوردایەتی ئەو بە جێگەیەکی بەرزەوە دەبینرا، واتا کلاوێکی کوردانەی شوکاکی لە سەر نابوو، وە چەند هەوری و مشکییەکی بە دەوری ئەو کلاوەدا پێچا بوو تێی ئالاندبوو، ئەو پیاوانەی لەگەڵیا بوون بە بەرگی کوردیی شوکاکەوە لە کوردستانی باکوورەوە دیارییەکی بەنرخ، واتا دیمەنێکی شیرینی براکانی ژوورووییان بۆ هێنابووین.

مصطفی پاشا یامولکی دۆستی دێرینی سمکۆ بە وتارێکی گەرم و بەهێز داستانی دوورودرێژی ئەم بێچووە شێرەی بۆ گێڕاینەوە، مێژووی پاڵەوانێتی و نیشتمانپەروەرێتی سمکۆ و ئەو کارەساتانەی بۆ هۆنینەوە کە لەم ڕێگەیەدا بەسەریا هاتبوو.

گومان نییە تورکەکان لەم هاتنەی سمکۆ کەوتبوونە ترسەوە، چونکە مصطفی پاشا یامولکیی دوژمنی خۆیان باش ئەناسی و بەخۆڕایی ناویان نەنابوو (مصطفی نمرود)، هەر لەبەر ئەوەش بوو تورکەکان لە کاتی خۆیدا هەڵیان کوتایە سەر سمکۆ، تورکەکان وەنەبێ سمکۆیان نەناسیبێت، بەڵکو هەر لە دەمێکەوە دەیانناسی وە دەیانزانی سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کورد خەبات دەکات.

رفیق حلمی لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٣)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا (ئەگەرچی لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا لە لاپەڕە (٣٨٧)دا بەدوورودرێژی باسی ئەو هاتنەی سمکۆ و ئەو یاداشتەی ڕفیق حلمیم کردوە دەربارەی هاتنی سمکۆ و هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر بەو هاتنەی، بەلام لەبەر پێوەندییەکی تەواو بەم کتێبەی سمکۆوە حەزمکرد دووبارەی بکەمەوە لێرەدا.)، لە بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا رفیق حلمی تەرجەمەی نامەیەکی لە تورکیەوە کردووە بە کوردی لە کاتی خۆیدا بە ناوی (قوماندانی جەبهە)وە کە (بصری بەگ)ی سەرەک ئەرکانی حرب بە ئیمزای خۆیەوە ناردویە بۆ (یوزدمیر) لە ڕواندز، یوزدمیر لەژێر ناوی (وثیقەی ژمارە ٩ لە دەفتەری یاداشتەکانیا نووسیویەتی و دەڵێ: (کە ئەمە پێش شکاندنی سمکۆ بووە وەکو لە شوێنی تریشدا باسمان کردووە.)

دیاربکر ١٣٣٨/٦/١٤ی ڕومی

بۆ یوزدمیر بەگی قائمقام-استخبارات، نومرۆ (١٧٤٥)

١- سـیـمـتـقـۆ (سـمکۆ وەک تورک و ئـیـرانـیـیـەکـان بەو جۆرە نـاویان بردووە) کابرایەکی فێلّبـازە، بە هۆی زرنگیی خۆیەوە ئەو خـەنجـەرەی کە هەڵی گرتووە بۆ کاتی خۆی دەیشـاریتەوە، ئەم کابرایە بیری سـەربەخۆیی لە کەللەدایە، مەبەستی ئەوەیە هەتا لە ئێراندا دەسەلاتی زیاد ئەکا و بەهێز ئەبێت لەگەڵ ئێمە تێکی ئەدا و بەم جۆرە بە مەرام و ئامانج بگات.

٢- سەرکەوتنی سمکۆ لەناو عەشایری کورددا بەم جۆرە و گەورەبوونی دەسەلات پەیداکردنی بۆ حکومەتی میللی ئێمە (واتا حکومـەتی مصطفی کمـال) دەست نادا، بەلام لەم رۆژەدا تێکچوونمان لەگەڵیا بۆ ئێمەش باش نییە، ئەگەر ئێوە بتوانن ئێوە (یوزدمـیـر) هەوڵی ئـەوە بدەن و پروپاگـانـدە بـلاو بکەنـەوە لەناو عـەشـایرەکـاندا و تەفرەیان بدەن کە بێن بە دوژمنی سمکۆ (ئینگلیزەکانیش هەر ئەو رێگەیان گرتبووە بەر لەگەڵ شێخ مەحموددا)، بەڕاستی بەوە خزمەتێکی گەورە بۆ حکومەت جێبەجێ ئەکەن وەکو ئەوەی بلاوی بکەنەوە کە سمکۆ بە پارەی ئینگلیز ئەم شۆڕشە ئەگێڕێت و بۆ قانزاجی خۆی و ئینگلیز خوێنی کوردەکان ئەڕێژێت."

ئەم نامـەیەی بصری بەگ کە رفیق حلمی باسی کردووە بەر لە شکاندنی سمکۆ بووە، لە پاش شکاندنی و هاتنی بۆ سلێمانی تورکەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە سمکۆ بتوانێت رووی شێخ مەحمود وەرگێڕێ و لە تورکەکانی دوور بخاتەوە.

ڕفیق حلمی لە لاپەڕە (٨٣)ی بەرگی شـەشـەمی یاداشـتـەکـانیـا دەربارەی ئەو مـەترسـییـەی کـە لە تورکـەکـان نیشـتـبـوو بە هاتنی سـمکۆ بۆ ناوچەی هەولێر و سلێمـانی ئەڵێ: "ئەو نامـەیەی یوزدمیر بە ئەهێنی بۆ کۆمەڵی -کرکوک مدافعـەیی حقوق جمعیتی- ناردبوو، پڕ بوو لە باسی خراپەی سمکۆ و ترسی ئەوەی هەبووە کە سمکۆ بتوانێت شێخ مەحمود لە تورکەکان دوور بخاتەوە و یوزدمیر لەو نامـەیەدا وتویەتی: ئەو نامانەی سمکۆ بۆ سەرۆکعەشیرەتەکانی کوردی ناردبوو کەوتە دەست ئێـمـە، بەڕاسـتی خـیـانـەت و جنایـەت هەر ئەوەنـدە دەبێت، سـمـکۆ لەو نـامـانەدا نووسیویەتی بەو هێزەی لە سلێمـانی و هەولێر پێکیـەوە دەنێم، پەلاماری تورکەکانی ڕواندز دەدەم، ئێوەش (مەبەست سـەرۆکعەشیرەتەکان بوو کە گوایا سمکۆ نامەی بۆ ناردبوون) بە خـۆتان و عـەشـایرتانەوە بەڕواڵەت بۆ کـۆمـەکی تورکـەکـان و یارمەتیدانیان بچنە لای یوزدمیر لە ڕواندز و بیگرن، دوای ئەوە منیش بە هێزەکەی

خۆمەوە هەڵدەکوتمە سەر رواندز و هەر ئەفسەر و عەسکەرێکی تورکی لێ بێ دەیان کوژین و شارەکە لە تورک پاک دەکەینەوە (هیچ دوور نییە لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ لە ناوچەی دەسەڵاتی ئینگلیزدا بووە کە رفیق حلمی باسی ئەو نامەیە یوزدمیری کردووە لەوانەیە ئینگلیزەکان هەر خۆیان ئەو نامانەیان ڕێک خستبێت و بە ناوی سمکۆوە ناردبێتیان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد و هەر خۆشیان وێنەی نامەیەکیان ناردبێت بۆ تورکەکان بۆ ئەوەی بۆ نێچکاری دوژمنایەتی سمکۆ و تورکەکان بەهێز بکەن بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ ئەچوو بۆ لای شێخ مەحمود بۆ ئەوەی تورکەکان لە هەردووکیان لە سمکۆ و لە شێخ مەحمودیش بکەونە گومانەوە کە ئینگلیزەکان لە گێڕانی ئەو جۆرە پیلانانەدا دەستێکی باڵایان هەیە و لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا پیلانێکی تری وەکو ئەوە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ساز کرابوو بە ناردنی نامە بە ناوی حمدی بەگی بابانەوە کە رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا ئەڵێ دوور نەبوو ئینگلزەکان بۆ تاقیکردنەوەی حەمدی بەگی بابان خۆیان بە ناوی یوزدمیرەوە کاغەزیان ناردبوو بۆ حەمدی بەگ و بەو کەسەشدا کە نامەکەیان بۆ ناردبوو نامەکەی حەمدی بەگ کە گوایا بۆ وەرامی ئەو نامەیەی بۆ یوزدمیری دابووەوە درابووەوە بە ئینگلیزەکان.)

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: یوزدمیر لە نامە نهێنییەکەیدا بۆ کۆمەڵی کرکوک نووسیویەتی: "من لەو باوەڕەدام هەتا سمکۆ لە سلێمانیدا بێ هەرچی دەکرێ و بمانەوێ بیکەین لەوانەیە سەر نەگرێ و بەپێچەوانەی مەبەستی ئێمە بێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر کۆمەڵەکەتان بە هەموو هێزێکتانەوە هەوڵی دوورخستنەوەی سمکۆ بدەن لە سلێمانی و وا لە شێخ مەحمود بکرێت هەتا لە سنووری پژدەریشدا ڕێگە نەدا بە سمکۆ کە تیایا بحەوێتەوە."

کە سمکۆ هاتە سلێمانی و لەگەڵ شێخ مەحموددا کۆ دەبووەوە، تورکەکان بە دەستوبردی وەفدێکیان نارد بۆلای شێخ مەحمود.

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٩٧)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا باسی گفتوگۆی نهێنی دوای نیوەشەوی نێوان سمکۆ و شێخ مەحمود ئەکات و ئەڵێ: "کە چوومە خزمەت شێخ مەحمود و سمکۆی لابوو، شێخ بە تایەر ئەفەندی (مەبەستی تایەری ئەمین ئەفەندی بووە کە سەرکاتبی ملوکانە بووە) وت: تۆ بچۆرە ئەودیو بۆ لای میوانەکان و بۆ سبەینێ زانیم کە ئەو میوانانە (فەوزی بەگ) و هاوڕێکانی بوو (کە

ئەندامی ئەو وەفدە نێرراوەی تورک بوون.) دەربارەی ئەو فوزی بەگە بەر لەمە رفیق حلمی لە لاپەڕە (٩٤)دا وتبووی لە لایەن یوزدمیرەوە بۆ سلێمانی بە فوزی بەگ و رمزی و ئەحمەد تەقی دا و لەلایەن شێخ مەحمودەوە بۆ ڕواندز بە سید محمدی موفتی و عبدالله ئاغای حاجی حەمەسەعید و مەجید بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگدا پەیتا پەیتا نامە سیاسی و گرنگەکان ئەهات و ئەچوو، گرنگترینی ئەو نامانە هەروەکو بیستمەوە ئەو مەزبەتەیە بوو کە بۆ سەرگرتنی پێکەوەژیانی کورد و تورک چەند مەرجێکی تێ خرابوو، ئەیانوت هەتا ئەم مەزبەتانە نووسرابوو تەواوکرابوو شەوەها ڕۆژ کرابووەوە، بەڵام لەئەنجامدا هەر بریاری لەسەر درابوو وە لەلایەن سەرەکعەشیرەتەکان و گەورەکانی کوردەوە ئیمزا کرابوو و نێررابوو بۆ یوزدمیر. ئنجا (فەوزی) و (رەمزی) و (ئەحمەد تەقی) لە وەڵامی ئەم مەزبەتەیەدا بوو کە مەرجەکانی تورک یا هی یوزدمیریان هێنابوو بۆ سلێمانی.

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: دوای ئەوە تایەر ئەفەندی چووە لای ئەو میوانانە و شێخ مەحمود دەستی برد فایلێکی دایە دەستم کە پڕی بوو لە کاغەز و نامە و وتی: بیانخوێنەرەوە کە گەلێک نامەی تیادا بوو یەکێک لەوانە نامەیەکی مەلیک فەیسەڵ بوو بۆ شێخ مەحمود.

دەربارەی هەڵوێستی سمکۆ رفیق حلمی ئەڵێ: "سمکۆ لەڕاستیدا تورکی خۆش نەئەویست و بێجگە لەوە تازە تورکەکان دەستیان لێ وەشاندبوو وە برینیان کولاندبووەوە، لەبەرئەوە ئەگەر پێی بکرایە و هیوای سەرکەوتنی هەبووایە بە هەموو جۆرێک هەوڵی ئەدا تۆڵەی خۆی لە تورکەکان بکاتەوە، بەڵام سمکۆ هەڵوێستی بە جۆرێکی تر هاتە پێش چاو و پروپاگاندەی یوزدمیر و تورکخواکان کە لەو ڕۆژانەدا لەناو سلێمانیدا بە جلخوار ناو ئەبران ئێجگار بەهێز و وەستایانە بوو، تای تەرازووی تورک لەسەرەوە بوو، لەولای تریشەوە (خسرو)ی کوڕی پارچەی جگەری سمکۆ لای تورکەکان بە دیل گیرابوو وە لە خەزێنە پارەکەشی لەدوای تالانکردنی لەلایەن تورکەکانەوە نزیکی بیست هەزار لیرەی ئاڵتونی لە سندوقی فیرقەدا لە (وان) دانرابوو دەستی بەسەردا گیرابوو (ئەحمە تەقی لە یاداشتەکانیا وتویەتی دەهەزار لیرە بووە.) چ لە ئێران و چ لە تورکیا بستێک زەوی دەست نەدەکەوت کە تیایا بحەوێتەوە لەبەرئەوە لەگەڵ تورکەکاندا ڕێک کەوت و تورکەکان لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەدا بڕیاریاندا گیراوەکانی سەر بە سمکۆ بەر بدەن و لێی بگەڕێن لەناو

مولکەکانی خۆیدا کە لەناو خاکی تورکیادا هەیبوو تیایا دابنیشێت و بەو جۆرە سمکۆ سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو باشقەلا ڕۆیشت کە نزیکی مەڵبەندی ژیانی بوو.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا (چیم دی)(٤) دەربارەی ئەو میوانە تورکانەی کە رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا ناوی هێناون، ئەڵێ ئینگلزەکان ئاگاداری هاتنی ئەو وەفدەی تورک بوون کە گوایا بەنهێنی هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود، هەروەها ئاگاداری گفتوگۆکانی نێوانی سمکۆ و شێخ مەحمودیش بوون. لەو ڕۆژانەدا کە وەفدەکە هاتبوو سمکۆ لای شێخ مەحمود بوو، مستەر چپمن خۆی نەخۆش خستبوو (کە ئەفسەری سیاسی بریتانی بووە لە سلێمانی) و بۆ هەواڵپرسینی تەندروستی چپمن بە من سپێررا کە بچمە لای بۆ هەواڵ پرسین و پێش ئەوەی پرسیارەکەی لێ بکەم، چپمن وتی: میوانەکانی شێخ مەحمود ڕۆیشتن؟ منیش لێم پرسی کام میوان؟ لەوەرامدا وتی: تورکەکان. منیش پێم وت: شتی وا نییە... تورکی چی! چپمن بە ڕوو گرژبوونێکەوە وتی: قەیناکا من لە پێش میوانەکاندا ئەڕۆم... بەو جۆرە چپمن سلێمانی بەجێ هێشت."

دەربارەی ڕۆیشتنی چپمن کە ئەحمەد خواجا باسی کردووە، مستەر ئارشیبالد لە کتێبەکەیدا ROADS THROUGH KURDISTAN باسی کردوەو کە لەدوای چپمن (کلارک) چووتە جێگەی چپمن و لە پاش یەک دوو ڕۆژ ئینگلیزەکان لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٣دا بەیاننامەیەکیان بە فڕۆکە فڕێ دایە خوارەوە لە سلێمانی بۆ سمکۆ داوایان لێ کردبوو دەستبەجێ سلێمانی بەجێ بێڵێت بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبێت و سمکۆ لە ١٩٢٣/٢/٢٨دا سلێمانی بەجێ هێشت.

ئەدمۆنس لەکتێبەکەیدا لەو ڕووەوە وتویەتی:(٢٧) "لەدوای ئەوە مەندوبی سامی بریتانیا و کاپتن لاین و کاربەدەستانی تری بریتانیا بڕیارپیاندا هەڕەشە لە شێخ مەحمود بکرێت وە داوای لێ بکرێت بچێتە بەغداد و وە سمکۆش لەوە ئاگادار کرا کە مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغداد داوای لە حکومەتی ئێران کردووە کە لێخۆشبوون بۆ سمکۆ دەر بکات لەبەرئەوە داواش لە سمکۆ کرا کە دەستوبرد بکا و سلێمانی بەجێ بێڵێت."

ئەحمەد تەقی کە یەکێک بوو لەو کوردانەی کە بەئاشکرا دژی سیاسەتی ئینگلیزەکان بوو لە کوردستاندا وە یەکێک بوو لە تورکخواکانی ئەو ڕۆژە و ئەندامی

ئەو وەفدە تورکە بووە کە هاتبووە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ هاتبوو بۆ لای شێخ مەحمود، لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو هاتنەی سمکۆ بۆ سلێمانی وتویەتی:[٣] "ساتێک یوزدمیر لە ڕواندز بڕیاریدا کە فوزی بەگی یوزباشی و ڕمزی بەگی قائمقام و من (ئەحمەد تەقی) بچینە لای شێخ مەحمود، کە چوومە خزمەت شێخ مەحمود عەرزم کرد کە لە بەستنی پێوەندیکردنا لەگەڵ تورکەکان تۆزێک پەلەی کردبوو، بەڵام بۆم دەرکەوت کە سمکۆ لەو پەلەکردنەی شێخ مەحموددا دەورێکی زۆر گەورەی هەبووە و ئەو بووە کە داوای لە شێخ مەحمود کردبوو بەپەلە داوا لە یوزدمیر بکات کە وەفدەکەی خۆی بنێرێت بۆ سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن. لەو کاتەدا سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێک نەکەوتبوو وە لەگەڵ سید طەی ژنبراشیدا ناکۆک بوو. (سید طە بەئاشکرا بەبێ قەید و شەرت لایەنگری ئینگلیزەکان بووە و لای وابووە کە هەر چۆنێک بوبێت ئینگلیز بۆ کورد بەسوودتر بووە وەک لە تورک، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساتی ئاوارەبوونی شێخ مەحموددا بۆ هندستان لە ساڵی ١٩١٩دا ئەو و حەمدی بەگی بابان پاڵێورا بوون بۆ جێگەی شێخ مەحمود کە یەکێکیان بکرێن بە حوکمداری کوردستان و هیچیان لە ئیمتحانەکەی ئینگلیزدا سەرکەوتوو نەبوون، وە لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ هاتە سلێمانی بۆ چاوپێکەوتنی شێخ مەحمود لە سلێمانی، سید طە لەگەڵ سمکۆدا نەهاتبوو وە سەرەتای نارێکی سمکۆ و شێخ مەحمود لەگەڵ سید طەدا دەرکەوتبوو، ئینگلیزەکان پاش ماوەیەک سید طەیان ڕازی کرد کە ببێت بە قائمقامی ڕواندز بۆ ئەوەی دژی یوزدمیر بێت و شێخ مەحمود بەیانێکی دژی ئەو هەڵوێستەی سید طە بڵاو کردەوە کە بەدووردرێژی ئەو باسە و دەقی ئەو بەیانەی شێخ مەحمودم لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا بڵاوکردۆتەوە.)

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "کە چوومە سلێمانی و لە سمکۆم پرسی: بۆچی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێک نەکەوتبوو، لەوەرامدا سمکۆ وتی: ئینگلیزەکان درۆمان لەگەڵدا ئەکەن و دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هەموو قسەکانیان درۆ و دەلەسەیە و بۆ خەڵەتاندنە و ئەیانەوێ هەموو کوردێک وەکو نۆکەری خۆیان تەماشا بکەن و هەڵی سوورێنن و بەکاری بێنن بۆ سوودی خۆیان و ئەیانەوێ هەروەک مەیموون بە ئارەزووی خۆیان هەڵمانپەرێنن، کە قبووڵکردنی ئەمانە لەلایەن نەتەوەکەمانەوە ئەبێتە هۆی شەرمەزاری بۆیە ئەو جۆرە ڕەفتارانەی

ئینگلیز ئەیەوێ بە من ناکرێت."

ئەحمەد تەقی لەیاداشتەکانیا ئەڵێ: "سمکۆ پێی وتم کە ساتێک تورکەکان هێرشیان هێنایە سەرم، بەپێی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی سید طە ڕووم کردە ناوچەی (دیری) بۆ ڕێک کەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، حاکمی سیاسی ئینگلیز لەگەڵ سید طەدا هاتنە لام بۆ دیری بۆ دیدەنیم و بە دووروودرێژی قسەمان کرد و بە حاکمی سیاسیم وت: من کوردم و لێم قەوماوە و دوژمنی حکومەتی فارسم لە ئێران و ئەوا ئێستا بووشم بە دوژمنی تورکیا چونکە ژنیان کوشتوم و کورەکەیان بە دیل گرتووم، ئێوەی ئینگلیزش گەلێک پێوەندی و قسەتان لەگەڵ (کۆمەڵی کورد) کردووە لەئەستەمبوڵ و بەڵێنی زۆرتان داونەتێ دەربارەی کورد، بەڵام هەتا ئێستە هیچ بەڵێنێکتان بەجێ نەهێناوە، لەبەرئەوە کوردەکانی تورکیا ناچار بوون لەگەڵ مصطفی کەمالدا ڕێک بکەون. (لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ باسی کردووە، هەندێک لە کوردەکانی تورکیا، مصطفی کمال بە فێڵ ڕازی کردبوون کە داخلی ئەو ڕێکخراوە بن کە مصطفی کمال و تاقمەکەی لە ئەنادۆڵدا ڕێکیان خستبوو و لەو کاتە تەنگوچەڵەمەیدا کە یۆنانییەکان پەلاماری ڕۆژئاوای تورکیایان دابوو هەتا شاری ئەزمیریشیان داگیرکردبوو، مصطفی کمال بۆ بەکارهێنانی کوردەکان بۆ دەرکردنی یونانییەکان وە بۆ چەسپاندنی جێگەپێی خۆی بە درۆ و بە ڕواڵەت دڵی کوردەکانی ئەلاوانەوە و بەڵێنی دابوونێ کە لەدوای سەرکەوتن بەسەر یۆناندا ئۆتۆنۆمی ئەدات بە کورد، بەڵام لەدوای چەسپاندنی خۆی و سەرکەوتنی بەسەر یۆنانییەکاندا لە بەڵێنەکەی پاشگەزبووەوە و دەستی کرد بە کوشتار لە کوردەکانی تورکیا.)

سمکۆ لە قسەکەیدا بۆ ئەحمەد تەقی لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: بێجگە لەوەی کە بەڵێنەکانتان (ئینگلیزەکان) بەرامبەر بە کوردی تورکیا بەجێ نەهێناوە، لە خوارووی کوردستانیشدا ئیدارەی حکومەتەکەی شێخ مەحمودتان تێک داوە و ئەوانیش ناچار بوون لەگەڵ تورکەکانی سەر بە کەمالییەکاندا ڕێک بکەون و تورکیان هێنایە ڕواندز. ئێستا من (سمکۆ) بە ناوی هەموو کوردی کوردستانەوە پێتان ڕائەگەیەنم: ئەگەر ئێوە ئامادەن و ڕاست ئەکەن وە بە ڕاستی لەگەڵماندا دێنە پێشەوە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان، منیش خۆم ئامادەم و بەڵێن ئەدەم کوردەکانتان لەگەڵدا ڕێک بخەم و ئەگەر ئەوەش ناکەن داواتان لێ ئەکەم یارمەتیم بدەن کە بکەڕێمەوە بۆ شوێنی خۆم، ئەو گەڕانەوەمە بە شۆڕش بێت یاخود لە ڕێگەی ئاشتبوونەوەوە بێت لەگەڵ ئێراندا بە مەرجێک ئەمە لەژێر گفتوگۆ و بەڵێنی ئێوەدا بێ.

وەكو ئەحمەد تەقی باسی كردووە، حاكمی سیاسی لە سمكۆ ئەپرسێت: حەز ئەكەم بزانم پارەتان چەند پێویستە بۆ دابینكردنی ژیانی خۆتان؟ لەوەرامدا سمكۆ پێی ئەڵێ: هیچ جۆرە پێویستییەكی بە پارە نییە، چونكە لێرە میوانی برا كوردە بەڕێزەكانێتی و شێخ مەحمودی بەڕێز (٥٠٠) لیرەی ئاڵتوونی بۆ ناردوم.

حاكمی سیاسی لە سمكۆ ئەپرسێت: ئەی ئەوەتان لەلا چۆنە كە سید طە بكرێ بە حاكمی رواندز و حەریر و ئەحمەد ئاغای براشت بكەین بە حاكمی ناوچەی بادینان؟

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەكانیا ئەڵێ: سمكۆ بەو پرسیارەی حاكمی سیاسی زۆر دڵگیر ئەبێت و وەرامی ئەداتەوە و پێی ئەڵێ: من و سید طە هەردووكمان كۆچەرین و لە (دیری) دانیشتووین كە دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئێوەدا لە شۆڕشدان، ئەگەر ئێوە، هەروەكو لەپێشتریشدا بۆم باس كردن، ئەگەر ڕاست ئەكەن لە پێش هەموو شتێكدا سەربەخۆیی و ئازادی كوردستان بخەنە بەرچاو كە ئەبێ تەشكیلات و دامەزراندن و دانانی خەڵك بەپێی ئارەزووی دانیشتوان بێت نەك بە ئارەزووی من و تۆ.

سمكۆ لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: بە حاكمی سیاسیم وت لام وایە ئێوە ئەتانەوێ بە قبوڵكردنی ئەو داخوازییانەتان ئێمە بكەن بە دوژمنی كوردەكانی خوارووی كوردستان و ناومان بزڕێنن و سووكمان بكەن لەناویانا.

بۆچی لەبریتی باسكردنی دانانی حاكمی ڕواندز و حریر باسی تەشكیلات و دامەزراندنی سەربەخۆیی كوردستان ناكەن و بۆچی بۆ ئەو مەبەستە نامەكەن بە نوێنەری خۆتان كە بچم بۆ لای شێخ مەحمود بۆ ئەوەی ئەویش بەشداری بكات لەم كێشەیەدا.

سمكۆ ئەڵێ: بەداخەوە زۆر بە دڵتەنگیەوە ئەیڵێم كە داخوازییەكەتان (هی ئینگلیز) هیچی لە شوێنی خۆیدا نییە.

ئەحمەد تەقی ئەڵێ: حاكمی سیاسی لە وەرامی ئەو قسانەی سمكۆدا ئەڵێ: ئەو داخوازی و پێشنیازانەی تۆ لێی دوای هیچی بە من قبوڵ ناكرێت چونكە لە سنوری دەسەڵاتی مندا نییە، فەرموو وەرە با بچین بۆ هەولێر و لەوێوە نوێنەری مەندوبی سامی لە بەغدادەوە بانگ ئەكەین بۆ گفتوگۆكردن لەو ڕووەوە.

ئەحمەد تەقی ئەڵێ: بەو جۆرە ئینگلیزەكان ڕێگەیان دا بە سمكۆ كە بچێتە سلێمانی بۆ چاوپێكەوتنی شێخ مەحمود.

وەکو بەر لەمە باسمانکرد کە سید طە زۆر لایەنگری ئینگلیزەکان بووە و بە لای ئەوەدا بوو کە کورد تەنها لە ڕێگەی ئینگلیزەکانەوە ئەتوانێت شتێکی دەستگیر ببێت، کە دەرکەوت وەکو چۆن سمکۆ و شێخ مەحمود لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون کە لایان وا بوو تورکەکان یارمەتیان ئەدەن و ئەوانیش هەروەکو ئینگلیزەکان تەنها هەر سوودی خۆیان مەبەست بوو، بەو جۆرەش سید طە بەهەڵەدا چووبوو چونکە ئینگلیزەکان بۆ کورد وەکو دارێکی زڕی بێبەر وا بوون و لەگەڵ ئەوەشدا کە سید طە بۆی ڕوون بووبووەوە کە ئینگلیزەکان هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەنابوو کە سوودی کوردی تیادا بووبێت، بەڵام هێشتا هەر نائومێد نەبووە لێیان و لەوەدا خۆی لە شێخ مەحمود و سمکۆ جیا کردەوە و دۆستایەتی خۆی و پێوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نەپچڕاند و ئینگلیزەکان دوای ئەوەی یوزدمیریان لە ڕواندز دەرکرد (کە لەو ڕۆژانەدا لەدوای بوردومانکردنی سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە شێخ مەحمود چووبووە ئەشکەوتی جاسەنە و لەوێ ڕۆژنامەی (بانگ حق)ی دەرئەکرد و بەیانێکی دژی ئەو هەڵوێستەی سید طە بڵاو کردەوە کە دەقی ئەو بەیانەم لە لاپەرە (٤١٧)ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا هەروەکو خۆی بە فۆتۆکۆپی بڵاو کردۆتەوە بۆیە پێویستی بەوە نەکرد کە لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.

دەربارەی کردنی سید طە بە قائمقامی ڕواندز، مفتش ئیداری بریتانیا لە ڕۆژی ٩/٥/١٩٢٣دا (کە مفتشی ئیداری حکومەتی عێراق بووە) نامەیەکی ناردووە بۆ سید طە بە عەرەبی کە ئەمە فتۆتۆکۆپییەکەیەتی و تەرجەمەی ئەو نامایە بۆ کوردی ئەڵێ: (فۆتۆکۆپی عەرەبییەکەم بە سوپاسەوە لە صفیەخانی کچی سمکۆم دەست کەوت کە لە هەولێر ساڵی ١٩٩٢ چوومە خزمەتی)

بۆ حضرتی سید طە افندی

بەپێی ئەو ڕاگەیاندنەی لە وەزارەتی ناوخۆیەوە لە بەغداد پێمان ڕاگەینراوە، ئێوە کراون بە قائمقامی قەزای ڕواندز کە عائدی لوای (اربیل)ە.

بۆ ئەوە پێویستە کاربەدەستانی دادگا و مالیە و ئیدارە و پۆلیس دانێن بەپێی ئەو بۆجەیەی کە موافەقەتی لەسەر کراوە و دەسەڵاتی ئەوەتان پێدراوە کە هەتا شەش هەزار ڕوپیە لە مانگێکدا خەرج بکەن وە بۆ دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەتی عێراق (لە ڕواندز)دا بڕیار درا کە (٣٠ هەزار) ڕوپیەتان بۆ تەرخان بکرێت و دەربارەی دەسەڵاتی دادگاییتان لەژێر باسدایە و هیوادارین بەم نزیکانە لەوەش ئاگادارتان بکەین لەگەڵ تەعلیماتی تر کە پێوەندی بە وەزیفەکەتانەوە هەیە.

ئیمزا - مفتش ئیداری - ٩/٥/١٩٢٣

جناب مستطاب اجل اکرم احمد آقای سید طه افندی دام اجلاله العالی

فۆتۆکۆپی بەرگی ئەو نامەیە کە مفتش ئیداری بریتانیا ناردبووی بۆ سید طە لە ڕۆژی ١٩٢٣/ ٥/٩دا کە بڕیار درابوو بەپێی ئەو نامەیە بکرێت بە قائمقامی ڕواندز.

ال[illegible] سيد طه افندي

بموجب تبليغات الواردة من وزارة الداخلية في بغداد

قد تعين حضرتكم الى وظيفة قائمقام قضاء الرواندوز

التابعة للواء اربيل .

[illegible] تعين [illegible] العدلية والمالية والادارة و[illegible]

بموجب بيانات [illegible] المعروفه عليه . ولكم الصلاحية

ان تصرفوا بموجب توزيعات الموازنة [illegible] سنة الان

روبية كل شهر [illegible] ناحية التشكيلات [illegible]

قد تقرر باعطاء ثلاثين الف روبية

في مادة [illegible] بعد [illegible] المخابرة ولوصل ان

على ترتيب [illegible] تبليغات السابقة. العائدة الى [illegible]

مفتش ادارة [illegible]

9/5/23

فۆتۆکۆپی ئەو نامەیەی کە لەلایەن مفتش ئیداری بریتانیاوە لە بەغدادەوە نێررابوو بۆ سید طە بە عەرەبی بە بۆنەی بڕیاردان کە بکرێت بە قائمقامی ڕواندز.

بەو جۆرە سید طە کرا بە قائمقامی ڕواندز ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش بوو (هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەو فرمانەی بەجێ هێنابێت، بەڵکو سەرچاوەکان تەنها باسی ئیسماعیل بەگی ڕواندزیان کردووە کە کرابوو بە قائمقام.

هەر چۆنێک بووبێت، سید طە ئەو فرمانەی قبوڵ کردبێت یان نا، بەڵام بۆ ماوەیەک لەناو موڵکەکانی خۆیدا کە لە زووری کوردستانی خواروودا هەیبوو، گوزەرانی کردوە و پێوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەر بوە.


هەر وەکو بیرەوەرییەک کە ئەو ڕۆژانە سید طە پێوەندی بە هەندێ کەسەوە بوە کە یەکێک لەوانە ساڵح زەکی بەگی ساحێبقران بوە کە لە زەمانی حوکمداریتی و مەلیکیەتی شێخ مەحموددا سەرکردەی سوپای کوردستان بوە و لەدوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی خوارووی کوردستان ساڵح زەکی ساحێبقران چۆتە بەغداد و لە ساڵی ١٩٢٥دا لە بەغداد گۆڤاری (دیاری کوردستان)ی دەرکردوە.

لەو ڕۆژانەدا کە ساڵح زەکی لە بەغداد بوە سمکۆ پێوەندی پێوە کردوە لە وەرامی نامەیەکی سید طەدا کە ساڵح زەکی وتویەتی ئەو نامەیەم لە ٣ی تەموزی ١٩٢٥دا وەرگرتوە. ساڵح زەکی لە ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٢٥دا وەرامی سید طەی داوەتەوە (کە بە سوپاسەوە فۆتۆکۆپی ئەو نامەیە دووبارە لە صفیەخانی کچی ئیسماعیل ئاغای (سمکۆ)وە دەست کەوت لە هەولێر کە لە ساڵی ١٩٩٢دا چوومە خزمەتی.

وا بۆ بیرەوەری ئەو نامەیە ساڵح زەکی هەروەکو خۆی پێشکەشی ئەکەم بە فۆتۆکۆپی.



فۆتۆكۆپی بەرەی یەكەمی نامەكەی سالح زەكی بەگی ساحێبقران بۆ سید طە.



فۆتۆکۆپی پەڕەی دووهەمی نامەکەی ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان بۆ سید طه لە ١٥ی تەموزی ١٩٢٥دا.

بەشی شازدەهەم

# بەجێهێشتنی سلێمانی

هەروەکو لە باسی پێشوودا لەوە دواین کە دوای ئەوەی سمکۆ چوە سلێمانی و چاوی بە شێخ مەحمود کەوت و لە ڕێگەی تورکخواکانەوە سمکۆ لەجیاتی ئەوەی بتوانێت شێخ مەحمود ڕازی بکات کە ببێتەوە بە دۆستی ئینگلیزەکان و دژی تورکەکان بێت کەچی سمکۆ لەدوای ئەو گفتوگۆیانەی لە سلێمانیدا کردی، خۆی لە و بۆچوونەی پێشووی پاشگەزبوەوە لەپاش ئەوەی لێکی دابوەوە ئەو مەبەستەی کە ئینگلیزەکان ئەیانویست لە ڕێگەی شێخ مەحمود و ئەوەوە بۆ سوودی خۆیان بیهێننە دی، بۆ میللەتی کورد هەروەکو دارێکی زڕی بێبەر وابوە و بێهوودە بوە و هیچ سوودێکی کوردی تیادا نەبوە و سمکۆ لە دڵیا هەر لەکۆنەوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان بە گومان بوە و لە قسەکانیان نابەدڵ بوە و زانیبووی کە ئینگلیز بە هیچ جۆرێک لە نەخشە و پیلانیا نیە کە دان بە مافی کوردا بنێت بەو شێوەیەی کە کورد بۆی تێکۆشا بوو خەباتی بۆ کردبوو، بۆیە ئەویش چوە ڕیزی تورکخواکان کە بەڵێنیان پێ دابوو ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی تورکیا و لەوێ حکومەتی تورکیا کوڕەکەی و پارەکانی ئەداتەوە و ئەتوانێت لەوێوە خۆی کۆ بکاتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.

بێگومان ئینگلیزەکان وەکو لە باسی پێشوودا ڕوون بۆتەوە، ئاگایان لە چوونی ئەو وەفدە بوو کە یوزدمیر ناردبووی بۆ لای شێخ مەحمود لەکاتێکدا کە سمکۆش لای شێخ مەحمود بوە و ئاگاداری گفتوگۆکانیش بوون بۆیە بە فڕۆکە بەیاننامەیان بۆ فڕێدایە خوارەوە لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٣دا کە پێویستە دەسبەجێ سلێمانی بەجێ بێڵێت و سمکۆش بەرامبەر بەوە ناچار بوو لە ١٩٢٣/٢/٢٨دا سلێمانی بەجێ هێشت و چوو بۆ تورکیا، بەو پێیە سمکۆ لە سلێمانیدا مانگێک و بیست ڕۆژ ماوەتوە.

هەندێک سەرچاوە باسی ئەو بەسەرهاتانەیان کردوە کە بەسەر سمکۆدا هاتبوو لەدوای بەجێهێشتنی سلێمانی، کە لەم بەشەدا لەو سەرچاوانە ئەدوێین، بۆ ئەوەی بزانین ڕێبازی سمکۆ لەو ماوەی ئاوارەبوونەیدا لە ماوەی ١٩٢٣/٢/٢٨ هەتا ساڵی ١٩٣٠ کە ئێرانییەکان لە شنۆ بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان چی بەسەردا هاتوە.

ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٩٣)ی کتێبەکەیدا[٣٨] دەربارەی سمکۆ باسی دۆکیومێنتێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای کردوە کە ژمارەکەی (F.O.7017)

ڕۆژی ۱۹۲۳/۳/۲۲ لەو دۆکیومێنتەدا باسی ئەو ڕۆژانە ئەکا کە سمکۆ چووبوو بۆ سلێمانی و لەوێ تەواو نائومێد بووبوو کە یارمەتی لە هیچ لایەکەوە دەستگیر ببێت و، ئەڵێ: "حکومەتی ئێران لێخۆشبوونێکی بۆ سمکۆ دەرکرد بە مەرجێک خۆی تەسلیمی کاربەدەستانی ئێران بکا و بچێتە تاران نیشتەجێ بێت و لە سنوور دوور بکەوێتەوە."

لەڕاستیدا ئەوەی لەو دۆکیومێنتەدایە کە ولید حمدی الاعظمی باسی کردوە، حکومەتی ئێران ئەو بڕیارەی لەسەر داخوازی و فشاری ئینگلیزەکان دەرکردبوو بۆ ئەوەی لەلایەکەوە سمکۆ لە سنوورەکانی عێراق دوور بخرێتەوە و نەبێت بە هۆی ئاژاوە بۆ حکومەتی عێراق و بریتانیا لەلایەکی ترەوە ئینگلیزەکان لەوە ترسا بوون کە تورکەکان سمکۆ فریو بدەن و بیکەن بە لایەنگری خۆیان دژی عێراق و ئینگلیز کە لەو ڕۆژانەدا لە کێشەدا بوون لەگەڵ عێراق و ئینگلیزدا و داوای ویلایەتی موصڵیان ئەکردەوە، بەڵام سمکۆ لەو فێڵەی ئینگلیز گەیشتبوو وە بە هیچ جۆرێک متمانەی بە حکومەتی ئێرانیش نەدەکرد لەبەر ئەوە ئەو جارە نەگەڕایەوە و ماوەی چەند ساڵێک لەو سەر سنوورانە مایەوە هەتا لەدواییدا لە ساڵی ۱۹۳۰دا کەوتە داوی ئێرانییەکانەوە و لە شنۆ کوشتیان وەکو لە باسێکی تایبەتی دوای ئەم بەشەدا بە دووروردرێژی باسی ئەکەین.

وەکو لەپێشدا باسمانکرد ئەحمەد تەقی یەکێک بوە لەو وەفدە تورکەی کە یوزدمیر ناردبووی بۆ لای شێخ مەحمود لەو کاتەدا کە سمکۆ لای شێخ مەحمود بوە، وە بە تەقەلای تورکخواکان کە ئەحمەد تەقی یەکێک بوە لەوانە توانیبوویان سمکۆ ڕازی بکەن کە بچێتە ناو خاکی تورکیاوە بۆ ئەوەی خسروی کوڕی دەستگیر ببێتەوە و ئەو پارانەشی کە لە سندوقی فیرقەی (وان)دا بوو لای تورکەکان وەر بگرێتەوە (ئەحمەد تەقی وەکو لە یاداشتەکانیا باسی کردوە ڕەخنەی لە شێخ مەحمود گرتبوو کە تۆزێک پەلەی کردبوو لە بەستنی پێوەندی لەگەڵ تورکەکاندا.

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لەو ڕووەوە ئەڵێ:

دوای ئەوەی وەفدەکەمان کە لای شێخ مەحمود بوو بەتەواوی نەگەیشتبوە هیچ ئەنجامێک بۆیە بڕیار درا وەفدێک بچێت بۆ ئەنقەرە و من ڕاسپێررام کە لەو وەفدەدا بووم لە ڕێگا لا بدەمە مەرکەزی جەبهەی ڕۆژهەڵاتی تورک لە (سەروقامیش) بۆ کارەکەی ئیسماعیل ئاغا و کوڕەکەی.

که گەیشتینە سەروقامیش و فەریق (علی سعید پاشا)مان بینی کە وەکیلی (کاظم قەرەپاشا) بوو بۆ سبەینێ ناردی بە شوێنمدا لە دانیرەی رەسمی خۆیدا و کە چووم بۆ لای ناردی بە شوێن خسروی کوری ئیسماعیل ئاغادا کە خسرو هات تەمەنی لە نێوانی ١٠-١٢ ساڵان بوو، دەستێک جلی ئەرکانی حەربی لەبەردا بوو، ئەفسەرێکی بەدواوە بوو. منیش تەوقەم لەگەڵدا کرد و هەواڵیم پرسی، خسرو بە تورکی قسەی ئەکرد. علی سعید پاشا وتی: من و خێزانەکەم منداڵمان نیە و خسرومان کردوە بە کوری خۆمان و ئیستە لە مەکتەبدایە پێی ئەخوێنم و باشتر وایە کە لای من بمێنێتەوە.

منیش عەرزم کرد کە ئیسماعیل ئاغا مەراقی بۆ ئەخوا و باشتر وایە جارێ بینێرێتەوە لای باوکی و ئەوسا خۆی بینێرێتەوە بۆ لاتان بۆ خوێندن.

لەوەرامدا وتی: ئێستا ئیسماعیل ئاغا هاتۆتە سەر سنووری ئێمە و رازی بوە بەوەی کە بە خۆی تاقمەکەیەوە لەوێ دابنیشێت، منیش خەریکی تەرتیبات کردنم لەگەڵ مەرکەزدا کە رازی بن خسروی بدەینەوە، هەروەها پارەکانیشی لای ئێمە پارێزراوە و دەیدەینەوە، بەڵام با کەمێک چاوەرێ بکات.

منیش تکام لێ کرد کە بە هۆی والی (وان)ەوە ئەم بریارە بگەیەنێت بە سمکۆ و سوپاسم کرد.

ئەحمەد تەقی لە لاپەرە (٧٩)ی یاداشتەکانیا لەسەری ئەروا و ئەڵێ: لە گفتوگۆیەکما لەگەڵ خالد بەگ جبران (ئەو خالد بەگەی ئەحمەد تەقی باسی کردوە لە سوپای تورکدا مەرتەبەی میرئالای بوە و ئەخشەکێشی شۆرشی کوردستانی تورکیا بوە لە ساڵی ١٩٢٥دا و لەدوای ئەو شۆرشە لەلایەن تورکەکانەوە کوژراوە.) خالد بەگ فەرمووی: لە ئەنجامی... (ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا هەر نوقتەی داناوە) تورک و فیلێبازیی ئینگلیزدا زەحمەتە بتوانرێت پارێزگاری لە ئاشتی بکرێت هەتا هەلێکیان دەستگیر نەبێت.... خالد بەگ فەمووی: ئەم قسانەت بۆیە بۆ ئەکەمەم بۆ ئەوەی بەئەهێنی بیانگەیەنیتە سمکۆ لەگەڵ ئەم نامە و شفرەیەدا کە ئەم کارە تەنها هەر بە تۆ ئەکرێت چونکە تورکەکان لە ئێوە ئەمینن، هەروەها فەرمووی: عەرزی سمکۆ بکە کە ئەویش لای خۆیەوە هاوکاریی زیاد بکا و هەوڵ بدا پێوەندی لەگەڵ روسەکاندا (سۆڤیەت) پەیدا بکات بەڵکو یارمەتیمان بدەن.

ئەحمەد تەقی ئەڵێ: ئیسماعیل ئاغا لە گوندێکی ئەرمەنی کە (باشقەڵا) بوو

لەنزیکی سنووری ئێران دائەنیشت، کە چوومە لای، ڕەشید جەودەتیشی لەلا بوو (ڕەشید جەودەت یەکێک بوو لەو ئەفسەرە کوردە شۆڕشگێڕانەی لای شێخ مەحمود بوە و کە سمکۆ لە سلێمانییەوە گەڕابوەوە و چووبوە ناو خاکی تورکیا، ڕەشید جەودەت لەگەڵ سمکۆدا ڕۆیشتبوو.) منیش هەموو ڕاسپاردەکانی خالد بەگ جبرانم عەرز کرد و نامە و شفرەکەیشم دا بە سمکۆ و ئیسماعیل ئاغا زۆر سوپاسی کردم و پێی وتم: ئەگەر بە من ڕازی ئەبیت ئەوا بە ڕابەری خۆم دەتنێرم بۆ (ورمیە)، منیش بە شانازییەوە داخوازییەکەیم قبوڵ کرد و فەرمووی: لە تۆ باشتر کەسێکی ترم دەست ناکەوێ بۆ ئەم مەبەستە و لە ورمیە قونسوڵی ڕوس ببینە و بە ناوی منەوە داوای یارمەتی و دۆستایەتی لێ بکە لەگەڵ کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیە بۆ سوودی هەردوو لامان و تێی بگەیەنە کە من پەیمان و قسە و ڕاسپاردەی هەموو لایەکم پێ سپێرراوە (هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکەرەوە، ئەگەر ڕوسیا ئامادە بێت بۆ ئەم یارمەتیدانە هەتا یاداشت و تەرتیبات لەم بارەوە پێک بهێنین و ئەگەر ئەمەش ناکا با هەر هیچ نەبێ شەخسی خۆم بپارێزێت لە خاکی ئێراندا کە بتوانم لە جێگەی خۆمدا پارێزکاری دەسەڵاتی خۆم بکەم هەتا بزانین پاشەڕۆژ چۆن ئەبێت. ئیسماعیل ئاغا بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی خۆی دامێ کە وا من باوەڕپێکراوی ئەوم و پیاوێکیشی لەگەڵدا ناردم کە لە ورمیەوە وەرامەکەی قونسوڵی ڕوسی پیا بنێرمەوە بۆ سمکۆ.

کە چوومە ورمیە، پاش ڕۆژێک بەئاشکرا چوومە قونسوڵخانەی تورکیا چونکە پەساپۆرتی تورکیم پێ بوو (ئەحمەد تەقی کاتی خۆی ئەفسەر بوە لە سوپای عوسمانیدا و دوای شەڕی جیهانی گەڕابوەوە بۆ سلێمانی)، دوای ئەوە بە دزییەوە خۆم کرد بە قونسوڵخانەی ڕوسدا و لە مترجمی قونسوڵخانەکەم گەیاند کە کابرایەکی ئازربایجانی بوو کە وا عەرزی قونسوڵ بکا کە پیاوێک لای ئیسماعیل ئاغاوە هاتوە و دەیەوێ بتبینێت.

کە چوومە لای قونسوڵ زۆر بەگەرمیەوە بەخێرهاتنی کردم و هەواڵی ئیسماعیل ئاغای لێ پرسیم و منیش ئەوسا هۆی هاتنەکەم بۆ لای ئەو بۆ باس کرد و، داخوازییەکانی سمکۆی پرسی و منیش هەردوو ڕاسپاردەکەیم پێ وت... لەپاش بیرکردنەوەیەکی زۆر قونسوڵ وتی: "پێویستە لەگەڵ مۆسکۆدا قسە بکەم، لەبەرئەوە ئەگەر بتوانیت بمێنیتەوە پاش هەفتەیەک وەرەوە بڕیاری حکومەتی مۆسکۆت پێ ئەڵێم."

منیش تێمگەیاند کە من هاتنەکەم تەنها بۆ ئەو مەبەستەی سمکۆیە لەبەرئەوە چەند پێویست بکات ئامادەم بمێنمەوە.

لەکاتی دیاریکراودا دووبارە چوومەوە لای قونوسڵ و فەرمووی: "مۆسکۆ داخوازیی یەکەمی پێ جێبەجێ ناکرێت (کە بریتی بوە لە یارمەتیدانی کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا)، چونکە ئێمە کوردمان خۆش ئەوێت و ئامانەوێ بیانخەڵەتێنین و بڵێین ئەیکەین، لەبەرئەوە ئەم داواکارییە ڕەد ئەکەینەوە و دووریش نییە لە پاشەڕۆژدا هەر ڕێک بکەوین، بەڵام داخوازیی دووهەم ڕەنگە بتوانین و با ئیسماعیل ئاغا لەمەودوا زوو زوو پێوەندیمان لەگەڵدا بکا بۆ ئەوەی ئاگاداری هەڵوێستی بکەم و مژدەی ئەوەی دامێ کە ئینگلیزەکان لەژێر فشاری وڵاتاندا سلێمانیان بەجێ هێشتوە و ئێستە شێخ مەحمود حاکمە و کە چویتەوە سەلامی ئێمە بگەیەنە بە شێخ مەحمود و ئەگەر پیاویشمان نارده ناوچەی هەورامان بۆ بینینی جەنابی شێخ با یارمەتیمان بدات (مەبەست لەوەی کە قونسوڵی ڕوس بۆ ئەحمەد تەقی باس کردبوو ئەوە بوو ساتێک ئینگلیزەکان هیچ هیوایەکیان بەوە نەمابوو کە شێخ مەحمود بەبێ مەرج فەرمانەکانی ئەوان بەجێ بێنێت، ئیتر سلێمانییان بەجێ هێشت و پاش ماوەیەک دەستیان کرد بە بۆردومانی سلێمانی.)

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا ئەڵێ: منیش ئەم زانیاری و هەواڵانەم بە پیاوەکەی ئیسماعیل ئاغادا ڕەوانە کرد و خۆم گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

ئەحمەد تەقی لە لاپەڕە (٨٣)ی یاداشتەکەیدا ئەڵێ: "لەپاش ماوەیەک چوومە (وان) و دوای چەند ڕۆژێک ڕەشید جەودەت کە لە لایەن ئیسماعیل ئاغاوە نێررابوو گەیشتە (وان) و پێی وتم کە وەزعی ئیسماعیل ئاغا باش نییە، هەرچەند خسروی کوریان داوەتەوە، بەڵام پارەکانیان نەداوەتەوە و کوردەکانیش یارمەتی نادەن لەبەرئەوە پێویستە چارەسەرێکی بکرێت.

منیش بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای (سلیمان صبری) کە والی (وان) بوو و قوماندانیش بوو، پیاوێکی باش بوو، بەپێی توانا حەزی بە یارمەتیدانی کورد و سمکۆ ئەکرد و بەدوورودرێژی باسی پەرێشانی وەزعی سمکۆم بۆ کرد و ئەویش وتی: هەلێکی باشە ئەگەر بتوانم خزمەتی ئیسماعیل ئاغا بکەم بەو مەرجەی بڕوا و متمانەمان پێ بکات و گوێڕایەڵمان بێت. ئێستە ئاسوری و ئەرمەنییەکان زوو زوو پەلاماری سنووری موسوڵمانان ئەدەن، لەبەرئەوە حکومەتی تورکیا نیازی هەیە

بەرەنگاریان ببێتەوە، ئەگەر ئسماعیل ئاغا نیازی هەیە یارمەتیمان بدات و بێتە (وان) ئەوا پێشوازییەکی باشی ئەکەم و چەک و جبەخانەی زۆری ئەدەمێ و هەزار لیرەش لە پارەکەی خۆی ئەدەمەوە و لەکاتی هاتنیا لەسەر گەلێک شتی تریش ڕێک دەکەوین.

سلێمان صبری پێی وتم: ئێستا ئێوە لەگەڵ (یوزباشی وەهبی) و ڕەشید جەودەتدا بچن بۆ لای ئاغا و دووسەد لیرەشی بۆ ببە و ڕازی بکە کە بێتە (وان) بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی پێشان بدات کە ئەمە بۆ پاشەڕۆژی کورد و ئیسماعیل ئاغا باشتر ئەبێ و سوێندی شەرەفی بۆ ئەخۆم کە نیازم لەگەڵیا پاکە.

دووسەد لیرەکەی دامێ و بەرەو لای ئیسماعیل ئاغا چوین و ئەوەی شایانی باسە کە وەختی خۆی کە مەفرەزەکەی تورک ئیسماعیل ئاغای تالآن کردبوو دەهەزار لیرەی ئاڵتوونیشی لێ زەوت کردبوو (ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە ٥٧ی بەشی شەشەمی یاداشتەکانیا وتویەتی نزیکی بیست هەزار لیرە بوە.) کە سمکۆ هەمیشە داوای ئەکردەوە، ئەو دوو سەد لیرەیە لەو دە هەزار لیرەیەی خۆی بۆی نێررابوو.

کە گەیشتنینە لای ئیسماعیل ئاغا بەدوورودرێژی باسی وەزعمان کرد، لەدواییدا موافەقەتی کرد کە بچێتە (وان) هەرچەند دیار بوو کە حەزیشی بەوە نەدەکرد، بەڵام چاری ناچار بوو، وتی: من لە داخی ئەم کوردە سەگبابانەیە کە خۆم ئەخەمە باوەشی تورکەوە، ئەوان ئێستا لەم کوێرەوەرییەدا وەکو قازی کوێر بەجێیان هێشتووم (کوردەکان) و خۆم تێ ناگەیەنن و بێکەس کەوتووم.

پاش ئەمە ئێمە گەڕاینەوە بۆ (وان) بۆ ئامادەکردنی تەرتیباتی پێشوازیکردن لە ئیسماعیل ئاغا و لەپاش یەک دوو ڕۆژ ئیسماعیل ئاغا گەیشت و (سلیمان صبری) بە تیپێک سەربازەوە چوو بەپیریەوە و بەڕێز و ئیحترامێکی زۆرەوە لە کۆشکێکی گەورەدا میواندارێی کرد و زۆری پێ ئەچوو کوردەکان لە هەموو لایەکوە هاتن و لە دەوری کۆبوونەوە و کڕنووشیان بۆ برد و، سمکۆ بەدزییەوە بەچرپە پێی وتم: تەماشایان کە هەتا دوێنێ بوو مەرحەبایان لێ نەدەکردم کەچی ئێستا هەروەکو گەماڵ لەبەر پێمدا ئەکەون، بەڵام چارم چییە ئەبێ ئیدارەیان لەگەڵدا بکەم.

(سلیمان صبری بەگ) تفەنگ و جبەخانە و هەزار لیرەی لە پارەکەی خۆی دایە و وتی: حکومەتی تورک بڕیاری داوە هەزار سەربازی تورک بە جلی مولکییەوە بە هەموو چەک و جبەخانەوە بخاتە ژێر دەستتەوە (سمکۆ) وە هەروەها ڕێگەی بە

هەموو عەشایرەکانیش داوە کە لەگەڵتا بەشداری بکەن و لەئێرانەوە بزووتنەوەکت دەسست پێ بکە و ناوچەی خۆتان بگرنەوە و ئەحمەد ئاغای براشت لە جێگەی خۆت دابنێ و بە خۆت و هەموو هێزەکەتەوە بچن بۆ بەرەوخوار بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحمود و هەباس ئاغا و (مەبەست عەباس ئاغای مەحمود ئاغای پشدەر بوە.) ئەوانی تر.

ئیسماعیل ئاغا کە ئەم قسانەی بیست وەکو لەدۆزەخەوە بیبەن بۆ بەهەشت گەش بوەوە. لەپاشدا والی (سلیمان صبری) وتی: با جارێ ئەم باسە بەنەهێنی بمێنێتەوە، ئێوە بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆتان و خەریکی تەرتیبات بن، منیش هەزار سەربازەکە لەگەڵ ئەفسەرەکانیان ئەنێرمە (باشقەلا) و تەدبیری گۆڕینی جلەکانیان ئەکەم و کە هەمووش شتەکان تەواو بوو خۆم لەگەڵ ئەحمەد تەقیدا دێین بۆ (باشقەلا) و ئێوەش بانگ ئەکەین، هەر لەوێشەوە ئەتوانیت (سمکۆ) جوولانەوەکەی خۆت دەست پێ بکەی.

ئیسماعیل ئاغا زۆر بەدڵخۆشیەوە گەڕایەوە جێگای خۆی و سلێمان صبری بەک دەستی کرد بە خۆئامادەکردن و ڕەوانەکردنی سەربازەکان بۆ باشقەلا.

ڕۆژی پێ نەچوو لەگەڵ سلێمان صبری بەگدا چوینە باشقەلا و ئیسماعیل ئاغا هات، ئێمە خەریکی دوا تەرتیبات بوین تەلگرافێک هات کە سلیمان صبری بەگ خوێندیەوە ڕەنگی تێکچوو، بانگی کردینە ژارەکانی خۆی و تەلگرافەکەی بۆ خوێندینەوە کە لە لایەن مصطفی کمالەوە نێررابوو کە تیایدا وترابوو: "لەبەر وەزعی نێوان وڵاتان، ناچارین بزووتنەوەکەی ئیسماعیل ئاغا دوا بخەین، سەربازەکان بنێرنەوە بۆ (وان)، زۆر سەلامم (هی مصطفی کمال) بگەیەنە بە ئیسماعیل ئاغا و ڕێزی بگرن و هەموو هۆیەکی حەساندنەوەی بۆ ئامادە بکەن و خوا یار بێ لەپاشەڕۆژدا یارمەتی ئەدەین...

ئیسماعیل ئاغا بە بیستنی ئەوە وەکو مردووی لێ هات، بەڵام چاری نەبوو، لەوە پاش پێی وتم: تازە هەرگیز هەلی وام دەست ناکەوێ، هەر ئەوەندە بچوومایەتە ناو خاکی ئێران و جێگاکانی خۆم بگرتایەتەوە ئیتر نەدەکەوتمە داوی سیاسەتەوە."

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لە لاپەڕە (٨٧)دا ئەڵێ: ئاشکرایە تورکەکان سمکۆیان بۆ ئەوە ئەویست ئاسوری و نەستوریەکانی پێ تەفروتوونا بکەن کە لەسەر سنووری تورکیا لەگەڵ لەشکری تورکدا لە جەبهەی (جولەمێرگ) و

(هۆرەمار)دا پێکدا هاتبوون، بەڵام ساتێک تورکەکان بەپێی پەیمانی برۆکسل لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە نەخشەی سنوور بکێشرێ ئیتر وازیان لە ئیسماعیل ئاغا هێنا...

ئەحمەد تەقی لەیاداشتەکانیا ئەڵێ: دوای ئەوە نامەیەکم لە سلێمان صبری والی (وان)ەوە وەرگرت کە نووسیبووی بەداخەوە تورکیا ناچار بووە کە واز لە ویلایەتی موصڵ بهێنێت.

دەربارەی چۆنیەتی گەڕانەوەی سمکۆ و ئەو وەفدەی کە لای شێخ مەحمودەوە بڕیاربوو بچێتە ئەنقەرە کە ئەحمەد تەقی و ڕەفیق حیلمی بەجووتە هەردووکیان ئەندامی ئەو وەفدە بوون و لە یاداشتەکەی ئەحمەد تەقیدا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن لایدابوو بۆ بەردانی خسروی کوڕی سمکۆ و چۆن سمکۆی دیبوو بە نوێنەری ئەو چووبوە ورمیە بۆ لای قونسوڵی ڕوس و لەئەنجامدا ئەو بەڵێنەی کە تورک دابووی بە سمکۆ سەری نەگرتبوو وەکو سلیمان صبری بەگی والی وان بۆ ئەحمەد تەقی نووسیبوو، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەشی سێهەمی یاداشتەکانیا چاپی ساڵی ١٩٩٢، بەغداد، دەربارەی ئەوە وتویەتی: "دوای ئەوەی چوومە ئەنقەرە و بەنائومێدی گەڕامەوە، لەگەڕانەوەدا بۆ شاری (وان) بەرلەوە کە لە ئەنقەرە بووم بیستبووم کە ئینگلیزەکان یوزدمیریان لە ڕواندز دەرکردبوو وە سەربازەکانی بە هەرێمی شەمزینان و باشقەڵادا بڵاوبووبوونەوە و هەندێکیشیان هاتبوونە وان و لەو کاتەدا (علی سعید پاشا) کە قوماندانی ئەو جەبهەیە بوو لە (ساروقامیش) دانەنیشت و ئەحمەد تەدقی کە بۆ مەسەلەی سمکۆ چووبوو بۆ لای علی سعید پاشا، هێشتا هەر لەوێ بوو، خسروی کوڕی ئیسماعیل ئاغا لەلایەن عەلی سعید پاشاوە خرابوە مەکتەبی عەسکەرییەوە.

کە چوومە وان باس و هەواڵی یوزدمیر و سمکۆم پرسی، بۆم دەرکەوت کە سمکۆ لەدوای گەڕانەوەی لە سلێمانی، لە نزیک (سەرای) کە ناوچەیەکە لە ولایەتی وان لە بەینی سنووری تورکیا و ئێراندا بە خۆی و سەد کەسێکەوە لە دۆڵێکا دامەزرابوو، ئەو و ڕەشید جەودەت (وەکو لە شوێنی تریشدا باسمان کرد ڕەشید جەودەت ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بوو، هەر لەکۆنەوە پێوەندی بە سمکۆوە هەبوو، شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود وەکو لەیاداشتەکانیا لە باسی پێوەندی سمکۆ و بنەماڵەی شێخاندا کە بەئاوارەیی لە ساڵی ١٩١٩دا چووبوونە لای سمکۆ ئەوساش ڕەشید

جەودەت لای سمکۆ بوو، مرافقی بوو).

ڕەفیق حیلمی ئەڵێ: بێجگە لە ڕەشید جەودەت، فایەق ئیسماعیلیشی لەلا بوو کە ئەویش هەر ئەفسەرێکی کورد بوو هەردووکیان لەسلێمانیەوە لەگەڵ سمکۆدا هاتبوون، ڕەشید جەودەت لای سمکۆوە لەگەڵ مندا (ڕەفیق حیلمی) کەوتە مخابرەوە و ئاگاداری کردم کە سمکۆ هەتا ئێستە هەر چاوەڕوانی ئەنجامی تەقەلاکەی ئەحمەد تەقی دەکا لای علی سعید پاشا و لەنامەیەکیدا گەلییە ئەوەی ئەکرد کە نە علی سعید پاشا و نە فرقەی (وان) وەڵامی نامەکانی سمکۆ بە ڕاست و ڕەوانی نادەنەوە و تا ئێستە هیچ ئەنجامێکی دەستگیر نەبوە و چ علی سعید و چ فیرقە ئەیانویست سمکۆ بەبێ چەند و چۆن هەستێ و بچێتە (وان)، واتا خۆی بخاتە ژێر ڕەحمەتی تورکەوە کە سمکۆ نەیئەوێرا بچێتە ژێر چنگیانەوە، مەسەلەی شێخ مەحمود و یوزدمیریش سەری ئەگرتبوو وە سمکۆ ئەیزانی ئەگەر بچێتە (وان) ئەبێ بە تەڵەوە...، بەرلەوەی من بگەمە وان لە بەینی فرقە و سمکۆدا موخابەرەیەکی زۆر و دوورودرێژ کرابوو بەڵام هەمووی بێ سوود و بێ ئەنجام بوو.

ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا ئەڵێ: هەرچەند من لە (علی ڕەزا بەگ) و (کەنعان بەگ)ی قوماندانی فرقە زۆر ئەوازشم ئەبینی بەڵام نەمویست خۆم لە مەسەلەی سمکۆ بگەیەنم چونکە لەوە ئەترسام کە ببم بە هۆی کردەوەیەک کە پەشیمانی لەدوا بێ.

جەژنی قوربانی بەسەردا هات و سمکۆ و علی سعید پاشا هەردووکیان تەلگرافی جەژنە پیرۆزەیان بۆ ناردم و سمکۆ داوای لێ کردم کە بچمە لای، لە پێش ئەوەشدا لە فرقەوە یەک دوو جار بە گوێیانا دام کە بچمە لای سمکۆ کە هێمنی بکەمەوە کە متمانە بە تورکەکان بکات و بچێتە وان بەڵام من عوزرم بۆ هێنانەوە ساتێک نامەکەی سمکۆ هات و داوای ئەوەی لێ کردم کە بچمە لای، فرقە ئەمەی بە هەل زانی و ناردیان بە شوێنما و هەموو موخابەراتی بەینی فرقە و قۆڵ ئوردویان خستە بەردەمم کە لە لایەن سمکۆوە نووسرابوو.

بەڕواڵەت فرقە لەگەڵ سمکۆدا بوو، منیش نزیکەی مانگێک لە وان چاوەڕوانی ئەوە بووم کە یارمەتیم بدەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەکی ئەمینەوە بمنێرنەوە بۆ سلێمانی خۆم نامەیەکم بۆ علی سعید پاشا نووسی و لەوەرامدا پێی وتم کە بچم سەر لە فرقە بدەم کە چوومە فرقە بۆم دەرکەوت هیچی پێ نەگەیشتبوو لەو ڕووەوە، ئنجا

مراجەعەتم بە والی کرد و ئەو موخابرەی لەگەڵ فرقەدا کرد و ئاگادارکرام کە لە ڕێگەی شەمزینانەوە بگەڕێمەوە باشترە بەڵام ئەوەش هەر ئێمڕۆ و سبەینێ بوو، لەم کاتەدا فرقە باسی سمکۆی کردەوە، دەستبەجێ بڕیارم دا بچمە لای سمکۆ و ئەمزانی کە سمکۆ لەناو عەشایری عێراق و عەجەمدا نفوزێکی گەورەی هەبوو وە ئەتوانێ بمگەیەنێتە سنووری ڕواندز.

دوای چەژن سێ سواری تورک لەلایەن فرقەوە لەگەڵ ناردم و چوومە لای سمکۆ. من هەتا ئەو کاتە نەمئەزانی کە سمکۆ چۆن وە کەی هاتبوە ئەو ناوە و ڕەشید جەودەت لای سمکۆ چی ئەکرد؟ بەرلەوەی بچمە لای سمکۆ ڕەشید جەودەت نامەیەکی بۆ ناردبووم بە تورکی بۆ (وان) کە ئەمەی خوارەوە تەرجەمەی ئەو نامەیەیە بۆ کوردی:

برای زۆر خۆشەویست

زۆر بەخێربێیەوە (مەبەست لە ئەنقەرەوە) و انشاءالله بە خۆشی دەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆشەویست، هەروەکو لە جەنابتانەوە مەعلومە ئێمە لەدوای جیابوونەوەتان لە سلێمانی بە پێنج ڕۆژی چوینە پژدەر، بە قەبری باوکم و بە شەرەفم خۆشم ئاگام لە وەختی حەرەکەتمان نەبوو، ئەو شەوە کە بۆ بەیانی حەرەکەتمان کرد لە سەعات دووی نیوەشەو ئاگادارکرام لەبەرئەوە ئەو شتانەی کە بۆ سەفەرێکی وا پێویست بوو زۆریم بۆ ئامادە نەکرا، لەبەرئەوە نابێ لێم بگریت کە ئەوەی لە ڕواندزەوە بۆت نووسیبووم لەپەشۆکاویدا لە بیرم چوو، بەیانی زوو هەوڵم دا ئەسپێکی باش پەیدا بکەم، لەلایەکەوە بۆ ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) و لەلایەکەوە بۆ خۆم بە کۆکردنەوەی هەندێ شتەوە خەریک بووم لەبەرئەوە ئەو جلانەی لەبەرمدایە، لە دەستێک کراس و دەرپێ بەولاوە شتێکی ترم بۆ هەڵنەگیرا و هەتا نەمتوانی بچم بزانم منداڵەکانی تۆ لەچیدان، بەڕاستی ئەبێ لێم ببووریت (وەکو بەر لەمە باسکرا ئینگلیزەکان بە فڕۆکە سمکۆیان ئاگادار کردبوو دەستبەجێ سلێمانی بەجێ بێڵێت) ئینگلیزەکان یەک دوو جار سلێمانیان بۆردومان کرد بەڵام زەرەر و زیانێکی زۆری نەدا،ماڵی ئێوە شوکر سەلامەتن، وەختی بۆمباربارانەکە هەندێ لە ئەهالی چوونە دێهاتەکان، بەڵام ئینگلیزەکان بە مەنشور بڵاویان کردەوە کە زیان بە ئەهالی و بێگوناه ناگەیەنن، لەبەرئەوە زۆریان گەڕاونەتەوە و لە بۆمبارانەکەدا لە فەقیرەکان بە ژن و منداڵ و پیاوەوە نزیکی دە کەس شەهید بوون و ئەو خانوانەی وێرانیش کراون، لە خانوە

دیارییەکان خانووی حاجی ئەمینی کاکەحەمەیە و خانووی کەریم بەگی خانزادە جوانێ وە بەشێک لە تەویلەکەی ماڵی حاجی مەلا سعید.

لە دوابەشی یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمیدا کە بەشی سێهەمە و هەروەکو وتمان لە ساڵی ١٩٩٢دا لە بەغداد چاپکراوە کە دوکتۆرە پاکیزەی کچی بڵاوی کردۆتەوە ئەڵێ: من لە دەستنووسەکانی باوکم هەتا ئێرەم لاماوە.

بەو پێیە، هەروەکو لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی و مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا دەرئەکەوێ سمکۆ ئەو ماوەیەی کە لەدوای بەجێهێشتنی سلێمانی لەناو خاکی کوردستانی تورکیادا بردیە سەر لە وان و باشقەڵا و دوای ئەوەی هیوای لە تورکەکان بڕا کە بە هیچ جۆرێک یارمەتی بدەن، ئیتر دوای ئەوەی ماوەیەک لەوێ مایەوە ناچار بوو خاکی تورکیا بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی کوردستانی ئێران.

دەربارەی سمکۆ و چۆنێتی گەڕانەوەی بۆ سەر سنووری ئێران و بۆ ناو خاکی ئێران هەندێک لە سەرچاوەکان باسیان کردوە.

کریس کوچرا لە لاپەڕە (١٠٤)ی کتێبە وەرگێڕراوەکەیدا بۆ کوردی وتویەتی:(١٨) "کە سمکۆ لەلایەن ئێرانییەکانەوە شکا و چوە خوارووی کوردستان و لەوێوە دووبارە گەڕایەوە بۆ ناو خاکی تورکیا وە ماوەی ساڵێک لەوێ (لە تورکیا) خۆی حەشاردا، لە ساڵی ١٩٢٤دا هاتەوە ناو خکای ئێرانەوە و لەگەڵ سەرلەشکر طهماسبی کە سەرکردەی هێزی شمالی ئێران بوو چاویان بە یەکتری کەوت و دوای ئەوە پاش ساڵێک لە ساڵی ١٩٢٥دا چوە (چهریق) و ڕەزا شاە دڵنەوایی کرد و ئەویش سوێندی خوارد کە هەتا ماوە بێدەنگ دانیشێت، بەڵام لەپاش ساڵێک دووبارە سەری بەرز کردەوە و بە یارمەتی چەند کەسێک لە عەشیرەتی (هەرکی) هێرشیان بردە سەر شاری (سەلماس) و گەمارۆی شارەکەیان دا، بەڵام ئەو جارەش شکا و هەتا سنووری تورکیا کشایە دواوە و لەوێ تورکەکان گەمارویان دا و بێ چەکیان کرد و لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦دا چوە ناو خاکی عێراقەوە وە لە ساڵی ١٩٢٧دا دووبارە چوەوە ناو خاکی تورکیاوە و سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٢٨دا لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا چوە ناو خاکی عێراقەوە کە ساتێک ئێران داوای سمکۆی کرد لە عێراق، حکومەتی عێراق لەوەرامدا وتی سمکۆ پەنابەری سیاسیە، دووبارە پاش چەند مانگێک گەڕایەوە بۆ ناو خاکی ئێران و بوو بە حاکمی شنۆ (کێ کردی و چۆن کرا

بە حاكمی شنۆ هیچ سەرچاوەیەكی تر باسی شتی وای نەكردوە و كریس كوچرا خۆشی لەكتێبەكەیدا باسی هیچ سەرچاوەیەكی نەكردوە و هیچ بەڵگەیەكیش بەدەستەوە نەبوە لەو ڕووەوە.)

بەڵام وەرگێڕی كتێبەكەی كریس كوچرا بۆ كوردی لە پەراوێزی لاپەڕە (١٠٤)دا وتویەتی: ئەوەی لە كتێبی كورد و كوردستاندا وتراوە (مەبەستی كتێبەكەی ئەمین زەكی بەگ بوە) ڕاستترە لەوەی كریس كوچرا، كە كتێبی كورد و كوردستان وتویەتی سمكۆ بۆ وتوێژكردن بانگ كرابوو بۆ شنۆ (بێجگە لەوەی ئەمین زەكی كە كاك محمد ریانی وەرگێڕی كتێبەكەی كریس كوچرا باسی كردوە دەربارەی ئەمین زەكی، هەموو سەرچاوەكانی تریش هەر بەو جۆرەی ئەمین زەكی باسیان كردوە.)

دەربارەی ئەو پەلاماردانەی بۆ سەر (سەلماس) لەلایەن سمكۆوە كە كریس كوچرا باسی كردوە، دوو سەرچاوەی تر هەر یەكەیان بە جۆرێك باسیان كردوە.

سەرچاوەی یەكەم: بریتیە لە كتێبەكەی دوكتۆر عەزیز شەمزینی كە لە دەم جەنراڵ ئەحمەدییەوە گێڕاویەتیەوە كە وتویەتی هێزی سەڵماس لە ساڵی ١٩٢٦دا دژی حكومەتی ئێران یاخی بوون و ڕاپەڕین و چوونە پاڵ سمكۆ.(٦)

سەرچاوەی دووهەم: بریتیە لە كتێبی سێ مرد عجیب نووسینی دوكتۆر نصرالله شیفتە كە وتویەتی:(٤٢) "ساتێك سەرتیپ (محمد حسین ایرم) لەجیاتی سەرتیپ (مقدم) كرا بە ئامرهێزی ناوچەی ئازربایجان، لە ئەنجامی بێ سەروبەری و هەڵە و ناڕێكیی بەجهێنانی كاروبار بوو بە هۆی ئەوەی لەشكرەكەی پادگانی (سەڵماس) دژی حكومەتی یاخی بن وە ڕاپەڕن كە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی هێزەكانی حكومەتی لەناو خۆیاندا بەر ببنە گیانی یەكتری كە ئەم ڕووداوە هەل و دەرفەتێكی باش و لەباری ڕەخسان بۆ سمكۆ كە بگەڕێتەوە بۆ (چهریق) كە شوێنی باوباپیری خۆی بوو. كە سمكۆ گەڕایەوە دەستی كرد بە كۆكردنەوەی هێز لەناو چەكدارەكانی كورددا و سەرهەنگ (صبری) ناوێك كە تورك بوو ئەویش چوە خزمەتی سمكۆ وە بۆ ئامادەكردنی تفەنگ و فیشەك و جبەخانە هاوكاری لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا كرد.

دەوڵەتی ئێران بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە كە بە هۆی هاتنەوەی ئیسماعیل ئاغاوە پەیدا بووبوو لە ناوچەكەدا (محمد حسین ایرم) كە كرابوو بە فەرماندەی هێزی ئازربایجان لابرا وە لەجیاتی ئەو سەرتیپ (ظفرالدولە مقدم) كرا بە فەرماندەی پادگان و تیپی تەورێز و بە ڕێكوپێكخستنی هێزەكانی توانی ئیسماعیل ئاغا بشكێنێت.

سمکۆ لە هێز و دەسەڵات و توانای دەوڵەت بەتەواوی تێگەیشتبوو بۆیە یەک لەدوای یەک داوای ئەکرد و ئەینووسی کە ئامادەیە خۆی تەسلیم بکات، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی درۆزن بوو ئاژاوە چی بوو، بۆیە ڕەزاخان فەرمانی دا ئەگەر بچێتە تاران و لەوێ دانیشێت ئەوا حکومەت لێی خۆش دەبێت، بەڵام سمکۆ نەیوێرا بچێتە تاران و ئەو هەڵوێستە هەروا مایەوە هەتا لەدواییدا کوژرا.

ش. محویان لەو باسەیدا کە لە گۆڤاری (پەیڤ)ی لەندنیدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی دوای گەڕانەوەی سمکۆ لە کوردستانی عێراقەوە ئەڵێ:(٤٥) "لەدوای ئەوەی سمکۆ لەلایەن ئێرانییەکان و تورکەکانەوە شکا و چوە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە و لەوێوە گەڕایەوە، لەبەرئەوەی لەو ڕۆژانەدا هێزێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەمابوو بۆیە خۆی سەربەخۆ هیچی پێ نەدەکرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٥دا توانی بگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی ئێران و دەستی کرد بە تۆڵەسەندنەوە لە (عومەرخانی واڵان) کە لە کاتی کوردستانی ئازاددا خیانەتی لێ کردبوو.

جموجووڵی سمکۆ جارێکی تر بوو بە هۆی نائارامیی لەسەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران لەبەرئەوە کاربەدەستانی ئێران و تورکیا لەناو خۆیاندا دەستیان کرد بە وتووێژکردن وە بە هەردوو لایان بڕیاریاندا سمکۆ لەناو ببەن.

بێگومان حکومەتەکانی ناوچەکە هەروەکو لە زۆر شوێنی تریشدا باسکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ یەکتردا ڕێک نەبوون و گەلێک کێشەی گرنگ و سەرەکی بوویبوو بە هۆی ئەوەی هەمیشە لەگەڵ یەکتردا ناڕێک بن و کێشە بۆ یەکتری پەیدا بکەن، بەڵام بەرامبەر بە کورد و بە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی میللەتی کورد لە هەر یەکێک لە بەشەکانی کوردستاندا ئەو ناکۆکی و ناڕێکیانەی خۆیان ئەخستە لاوە و لەگەڵ یەکتردا هاوکارییان ئەکرد بۆ لەناوبردنی ئەو بزووتنەوەیە چ بەئاشکرا بووبێت و چ بەنهێنی.

بۆ نموونە بەستنی ئەو پەیمانانە لەنێوانی ئەو حکومەتانەدا دژی کورد ئەتوانین بۆ نموونە باسی چەند پەیمانێک بکەین کە ئەوانە لەناو خۆیانا یاخود لەگەڵ دەوڵەتێکی بێگانەدا ئەیان بەست کە مەبەست لەوەش هەر سەرکوتکردنی شۆڕش و بزووتنەوەکانی کورد بوە.

ئەو باسەی کە تاقمێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤیەتی ئامادەیان کردوە دەربارەی ئەوە نووسیویانە:(١٧) "لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦دا پەیمانێک لەنێوانی

ئێران و تورکیادا له تاران مۆرکرا که ناوی نرا (پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریکردن) که بریتی بوه له (١١) ماده که له مادەی (٥و٦)دا ئەڵێ: هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن که هیچ لایەکیان لەناو خاکی خۆیدا ڕێگه بەوە نەدا که هیچ جۆره چالاکییەک لەلایەن ڕێکخراوێک یا کۆمەڵێک هەبێت که دژی لاکەی تر بێت و هەردوو لایان بەجووته به شێوەیەکی هەمیشەیی هاوکاری لەگەڵ یەکتردا ئەکەن بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی هەر جموجوولێک که لەلایەن عەشایرەکانی سەرسنووری هەردوولاوه ڕوو بدات.

بەو جۆره، لەگەڵ ئەوەشدا که ئێران و تورکیا لەگەڵ یەکتردا نارێک بوون لەسەر زۆر شتی سەرەکی، بەڵام بەرامبەر به کورد وازیان لەو ناکۆکیانەی نێوان خۆیان هێنا."

دەربارەی ئەو پەیمانەی که لەلایەن تورک و ئێرانەوه مۆرکرا بوو که ئەو ڕۆژهەلاتناسانه باسیان کردوه، نووسەری کتێبی کورد و عەجەم له لاپەڕه (٣٨٨)ی کتێبەکەیدا باسی کردوه و وتویەتی که هەندێک له مادەکانی ئەو ڕێکەوتن و پەیمانه له ترسی بزووتنەوەی کورد ڕێک خرابوو بەتایبەتی دژی شۆڕشی سمکۆ له ئێران و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران له کوردستانی تورکیا.

بێجگه لەوه عبدالرزاق الحسنی له دوو سەرچاوەدا باسی هاوکاریکردن و بەستنی پەیمانی نێوان ئێران و عێراقی کردوه.(٥٦)

سەرچاوەی یەکه: بریتیه له کتێبی (تاریخ العراق السیاسی، چاپی بەغداد، ساڵی ١٩٨٣، که وتویەتی:(٥٦) "لەدوای شکاندنی سمکۆ لەلایەن ئێران و تورکیاوه وه ڕاکردنی بۆ عێراق، بەپێچەوانەی ئەو هیوا و ئومێدەی که سمکۆ هەیبوو که بەتەما بوو ئینگلیزەکان یارمەتی بدەن، مەندوبی سامی بریتانیا (که لەو ڕۆژانەدا سیر پرسی کوکس بوه) داوای له کاربەدەستانی عێراق کردبوو که هاوکاری بکەن لەگەڵ حکومەتی ئێراندا (لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا حکومەتی ئێران به شێوەیەکی ڕەسمی دانی به حکومەتی عێراقدا نەنابوو وه مەلیک فەیسەڵ بۆ دەستگیربوونی دانپیانانی ئێران به حکومەتی عێراقدا تەقەلایەکی زۆری دابوو، بەڵام ئەو دانپیانانه دواکەوت هەتا لەئەنجامدا ڕەزاشا که دەستنێژ و پیاوی ئینگلیزەکان بوو وه بوو به شای ئێران لەسەر داخوازیی ئینگلیزەکان کێشەی عێراق و ئێرانی چارەسەر کرد بۆ ئەوەی هەردووکیان بزووتنەوەکانی کوردی ناو خۆیان سەرکوت بکەن و هەردوولا بۆ ئەو

مەبەستە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن کە لە شوێنی خۆیدا لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا بەدووروودرێژی باسی ئەوە کراوە.)

سەرچاوەی دووهەمی عبدالرزاق الحسنی بریتیە لە زنجیرە کتێبەکەی بە ناوی (تاریخ الوزارات العراقیه) کە وتویەتی:[٥٦] "ساتێک معتمدی سامی (مەندوبی سامی بریتانیا) لە بەغداد پێشنیازی کردبوو کە حکومەتی عێراق و ئێران هاوکاری بکەن بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی بزووتنەوەکەی سمکۆ، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٢٧/٧/١٤دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد: (کە سەرەکوەزیرانی عێراق لەو ڕۆژانەدا کە ئەو بڕیارەی دەرکردوە جعفرالعسکری بوە)

"حکومەتی عێراق لەسەر ئەوە ڕۆیشتوە و هەر لەسەر ئەوەش ئەڕوا کە چەک لە هەموو عەشایرەکان بسێنێتەوە، لەبەرئەوە بڕیاردرا کە نابێ هیچ کەسێک بەبێ ئیجازە چەک هەڵبگرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵاتی کاربەدەستان بەهێز کرا کە ئەمە ئەنجامێکی زۆری باشی هەبوو چونکە سەندنەوەی چەک لە ڕێگەی حەملەی عەسکەریەوە سەرەنجامێکی باشی نابێت ئەگەر کاربەدەستانی هەر کەسەیان لە ناوچەکەی خۆیدا دەسەڵاتێکی تەواو و بەهێزیان نەبێت و بە لای حکومەتی عێراقەوە وایە کە دواخستنی پێوەندی نێوانی عێراق و ئێران (وەکو لەپێشتردا باسمانکرد دانپیانانی ئێران بە حکومەتی عێراقدا دواکەوت) وە نەبوونی هاوکاری لەنێوانی هەردوولادا یەکێکە لەو هۆیانەی کە عەشایرەکانی تەشجیع کردوە کە ڕێگەی یاخیبوون بگرنە بەر کە حکومەتی عێراق زۆر بێزارە لەو هەڵوێستە و لەگەڵ نەبوونی ئەو پەیمانەشدا حکومەتی عێراق سمکۆی شۆڕشگێری ناچار کرد کە بچێتە ناو خاکی تورکیاوە."

ئەوی شایانی باسە، تورکەکان دەمێک بوو لەگەڵ سۆڤیەتدا پەیمانێکیان بەستبوو، مەبەست لە بەستنی ئەو پەیمانە لەگەڵ سۆڤیەتدا، مصطفی کمال ئەیویست بۆ هەڕەشەکردنی لەگەڵ ئینگلیزەکان کە هێشتا تورکیا بەتەمای سەندنەوەی ویلایەتی موصڵ بوو، ئینگلیزیش بەرامبەر بەو هەڕەشەکردنە کوردی لێ هان ئەدا، مصطفی کمال لەو ڕۆژانەدا خۆی وا پێشان دابوو کە لایەنگری سۆڤیەتە و بەڕواڵەت (حقی بهیج) ناوێک کە کابرایەکی تورانی بوو بە ڕواڵەت خۆی کردبوو بە سۆسیالیست و کرابوو بە سەرۆکی حیزبی شیوعی تورکیا و ئەو ڕۆژنامانەی ئەو حیزبە لە تورکیا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەریان ئەکرد لە ڕێگەی تورکمانەکانی سەر

بە تورکیاوە ئەگەیشتە کوردستان کە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامانە و بیروبارەڕی بۆلشەوی سەرودڵی ئینگلیزەکانی گرتبوو، بێجگە لەو مەبەستەی کە مصطفی کمال هەیبوە بۆ هەڕەشەکردنی لە ئینگلیز، ویستبووی لە ڕێگەی ئەو پەیمانەوە ئەوە مسۆگەر بکات کە سۆڤیەت هیچ جۆرە یارمەتییەکی کورد نەدات بۆ داواکردنی مافی خۆی ئەگەرچی بناغەی حکومەتی سۆڤیەت لەسەر ئەوە دارێژرابوو کە دان بە مافی چارەنووسی میللەتاندا بنێت و تورکەکان توانیبویان کە ئەوە بئاخننە مێشکی سۆڤیەتەکانەوە کە بزووتنەوەی کورد بزووتنەوەیەکی سەر بە ئیستعماری ئینگلیز بوە، سۆڤیەت بێجگە لەو پەیمانەی کە لەگەڵ تورکیادا بەستبویان لە هەمان کاتیشدا پەیمانێکی لەو جۆرەشیان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا مۆر کردبوو.

بەو جۆرە لەو ڕۆژانەدا سۆڤیەت بزووتنەوەی کەمالییەکانی تورکیای ئەو سەردەمە و حکومەتی تورکیای بە حکومەتێکی ئازادیخواز لە قەڵەم دابوو بزووتنەوەی کوردیش فەرامۆش کردبوو چونکە بزووتنەوەکەیانی بە هاندانی ئینگلیز حساب کردبوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو بۆچوونە هەڵەیەی کە سۆڤیەتی پیایدا ڕۆیشتبوو ئاشکرا بوو، ئینگلیزی پیلانگێڕ و نەخشەکێش زۆری پێ نەچوو بە فێڵ و تەڵەکەبازی توانی وا لە تورک بگەیەنێت کە ئامادەیە پەیمانی سیڤر کە مافی کوردی تیادا باس کرابوو هەڵوەشێنێتەوە و پەیمانی لۆزانی هێنایە گۆڕێ کە لەوەدا مافی میللەتی کورد بەتەواوی پێشتگوێ خرابوو. ئینگلیزەکان بەئاشکرا بە تورکەکانیان وت ئێوە واز لە داواکردنەوەی ویلایەتی موصڵ بێنن و خۆتان دوور بخەنەوە لە سۆڤیەتی ئێمەش بەرامبەر بەوە حکومەتەکەی شێخ مەحمود هەڵدەوەشێنینەوە و بایەخ نادەین بە هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی کورد.

ئەو پەیمانەی کە لەنێوان سۆڤیەت و تورکیادا مۆکرابوو لە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-6349) لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٢دا لە لاپەڕە (١٥٤)ی ئەو ڕاپۆرتەدا بە دووروردرێژ باسی ئەو پەیمانە کراوە کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو مادانەیە کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبوە، پەیمانەکە ئەڵێ: "هەردوولا، حکومەتی سۆڤیەتی و حکومەتی تورکیا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە هیچ لایەکیان پەیمان لەگەڵ هیچ لایەکی تردا نەبەستێت کە ئەو لایە دژی حکومەتی سۆڤیەت یا تورکیا بێت وە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە سنووری تورکیا بریتی دەبێ لەو سنوورەی کە لەلایەن جەمعیەتی نیشتمانی تورکەوە دەستنیشان کراوە (کە بەپێی ئەو دەستنیشانکردنەی

جەمعیەتی نیشتمانی تورک ویلایەتی موصڵ کە خوارووی کوردستان بوە بە بەشێک لە خاکی تورکیا ژمێرراوە و لەو دەستنیشانکردنەدا وتراوە ئەگەر بە خۆشی و بە ئاشتی نەستێنرێتەوە ئەوا بە زەبری چەک و بە شەڕ داگیر دەکرێتەوە.)

مادەکانی ۲ و ۳ی ئەو پەیمانە پێوەندی بە کوردەوە نیە.

مادە ٤ ئەڵێ: هەردوولا (سۆڤیەت و تورکیا) دان بەوەدا ئەنێن کە دانیشتوانی بەشی ڕۆژهەڵات مافی سەربەخۆیی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباریان (کە بێگومان سۆڤیەتی لەودا مەبەستی ئەو بەشەی ئەرمینیا بوە کە لەژێر سایەی سۆڤیەتدا بوە وە هیچ پێوەندییەکی بە کوردەوە نەبوە. کە ئەمەی خوارەوە دەقی مادەی چوارهەمە، هەروەکو خۆی چۆن بە ئینگلیزییەکەی لەو دۆکیومێنتەدا نووسراوە دەربارەی ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە باسمان کرد: THE CONTRACTION PARTIES RECOGNIZED THE RIGHT OF INDEPENDENT AND SELF GOVERNMENT OF EASTERN PEOPLES.

لە لاپەڕە (١٦١)ی هەمان دۆکیومێنتدا باسی ئەوە ئەکا کە لە ١٩٢١/١٢/١٨ یشدا پەیمانێکیش لەنێوانی سۆڤیەت و ئێراندا مۆرکراوە.

دەربارەی ئەو پێوەندییە کۆنەی سۆڤیەت و تورک کە هەندێ مادەی وەکو وتمان ئاراستەی کورد کرابوو، ئیحسان نوری پاشا لەکتێبەکەیدا، ڕاپەڕینی ئاگردی داغ (یاداشتەکانی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا) تەرجەمەی صلاح برواری، چاپی بەیروت، ساڵی ١٩٩٠، لە لاپەڕە (١٠٤)دا دەربارەی ئەو لایەنگرییەی سۆڤیەتی بۆ تورکەکان لەو شەڕەی کە لە ساڵی ١٩٣٠دا لەنێوانی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی تورکیا و دەوڵەتەکەی مصطفى کمال ئەتاتورکدا ڕوویداوە، لەو یاداشتەیدا نووسیوێتی: "لە کاتی شەڕدا فرقەیەک لە هێزی سۆڤیەت لە ئاوی ئاراس پەڕینەوە و هاتنە ئەمدیو بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی تورکیا دژی شۆڕشگێڕانی کورد و ئەو هێزەی سۆڤیەت ناوچەی ژووروی ڕۆژهەڵاتی شاخی ئاگری داغی بچووکی داگیرکرد.

ئیحسان نوری پاشا لەیاداشتەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لەئەنجامی ئەو یارمەتیدانەی سۆڤیەت و حکومەتی ئێران بە جووتە بۆ تورکیا، هێزەکانی حکومەتی تورکیا توانیان بنکەی شۆڕشی شۆڕشگێڕەکان داگیر بکەن کە لەگەڵ ئەوەشدا کە کود چەکی ئەما بوو کار گەیشتە ڕادەیەک کە بە خەنجەر پەلاماری دوژمنەکانی

خۆی بدا و هێزی دوژمن دوای ئەو شکانەی کورد دەستیان کرد بە کوشتنی ژن و منداڵ و هەر کەسێکی تر کە بهاتایەتە بەردەستیان."(کاشکی ئیحسان نوری پاشا لەو یاداشتەیدا دوای ئەو یارمەتیدانەی سۆڤیەتی بۆ تورک بیوتایە: بژی دروشمی مافی چارەنووسی گەلان و بژی ئومەمیەت!!)

دەربارەی تەقەلای سمکۆ بۆ پێوەندیکردن و هاوکاریکردنی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی کوردی کوردستانی تورکیا، دوو سەرچاوەمان بە دەستەوەیە کە باسی ئەو تەقەلایەی سمکۆیان کردوە.

سەرچاوەی یەکەم: بریتیە لە کتێبەکەی (زنار سلوپی، قدری جەمیل پاشا) کە وتویەتی:(١١) "لە ساڵی ١٩٢٥دا کە شۆڕشی کوردستانی تورکیا دەستی پێ کرد، خالد بەگ جبران ناچار کرا بچێتە ناو خاکی ئێرانەوە و ماوەیەک لای سمکۆ مایەوە، بەڵام لەدواییدا گەڕایەوە بۆ ناو شۆڕشگێڕەکانی بۆ درێژەپێدانی خەبات و لەئەنجامدا لەلایەن تورکەکانەوە شەهید کرا."

ئەو خالید بەگی جبرانە کە زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا باسی کردوە، ئەخشەکێشی شۆڕشی کوردستانی تورکیا بوە و بەرلەوە شۆڕش دەست پێ بکات میرئالای بوە لەناو سوپای تورکدا و هەروەکو بەر لەمە لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا باسکراوە بە هۆی ئەحمەد تەقیەوە خالد بەگ جبران پێوەندی بە سمکۆوە کردوە و بە هۆی ئەوەوە نامە و شفرەی بۆ ناردوە و داوای لە سمکۆ کردبوو کە هەوڵ بدات پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەتدا بکات کە ئەو تەقەلایەی سمکۆ وەکو ئەحمەد تەقی باسی کردوە و قونسوڵی سۆڤیەتی لە ورمیەش بە ئەحمەد تەقی ڕاگەیاندبوو بێ سوود بوە.)

سەرچاوەی دووهەم: بریتیە لە یاداشتەکانی ئیحسان نوری پاشا کە لەلاپەرە (٦٧)دا وتویەتی:(٢٢) لەکاتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیا، داوا لە (کوڕحسین پاشا) کرا کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی (حەیدەری) کە لە ناوچەی (وان) و بایەزیدا بوو وە داوای لێ کرا ئەو بەڵێنەی دابووی بۆ بەشداریکردنی شۆڕش بەجێی بێنێت.

کوڕحسین پاشا کە دەوڵەمەندێکی زۆر دەستڕۆیوو بوو لە ناوچەکەی خۆیدا پێوەندییەکی زۆر بەهێزی هەبوە لەگەڵ سوپای تورکدا، بەڵام بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنا و لێی پاشگەزبووەوە و بیانوەکەشی ئەوە بوو کە وتبووی جارێ چاوەڕوانی وەرامی نامەیەکی ئەکا کە بۆ سمکۆی ناردبوو هەتا بەپێی ئەو وەرامەی سمکۆ ڕەفتار بکات.

دوای ئەوەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران شکستی هێنا و شۆڕشگێڕەکان شکان، ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی عەشیرەتی (جبران) و (زرکان) و (هسنان) بە سەرۆکایەتی شێخ مەهدی کە برای شێخ سەعیدی پیران بوو لەگەڵ عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید ڕوویان کردە سنووری ئێران و لەکاتی تێپەڕبوونیانا بەناو عەشیرەتەی (حەیدەری)دا کوڕحسێن پاشا لەجیاتی ئەوەی یارمەتییان بدات کەچی بەپێچەوانەوە ڕێگەی پێ گرتن و بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئەو ڕێگەگرتنە درێژەی کێشا بەڵام لەدوای شەڕێکی قورس و گەرم لەنێوانی ئەو شۆڕشگێڕانە و چەکدارەکانی کوڕحسێن پاشادا شۆڕشگێڕەکان توانیان خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێرانەوە و حکومەتی ئێران تەقەلایەکی زۆری دابوو چەکەکانیان لێ بستێنێت، بەڵام بەرگرییان کرد و خۆیان گەیاندە لای سمکۆ کە لەو ڕۆژانەدا لەو سەرسنوورانەدا بوە.

سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەو هەموو خیانەتەی کە کوڕحسێن پاشا لە کوردی کرد و بوو بە نۆکەری حکومەتی تورکیا، زۆری پێ نەچوو لەبەرئەوەی ئەویش کوردێکی دەستڕۆیو بوو ناسراوبوو، بە خۆی و خاوخێزانەکەیەوە لە چلەی زستاندا و بەناو سەهۆڵبەنداندا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئاوارەکران بۆ ڕۆژئاوای تورکیا.

وەکو لە پێشەوە باسمانکرد کە سمکۆ چەند جارێک چووبووەوە ناو خاکی ئێران و سەرچاوەکان باسی ئەوەیان کردوە کە ساتێک عبداللەخانی طهماسبی کراوە بە فەرماندەی لەشکری شیمالغەربی، حکومەتی ئێران بە ناو لەو ڕۆژانەدا لە سمکۆ خۆش بووبوو.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕە (٣٨٦)ی کتێبەکەیدا باسی چاوپێکەوتنێکی سمکۆ و ڕەزاخانی کردوە کە لەو ڕۆژانەدا سەرداری سوپا بووە (وە لەدواییدا بوو بە ڕەزاشاە)، کە سەرچاوەکەی بۆ ئەو باسە بریتیە لە کتێبەکەی حسین مکی (تاریخ بیست سالەی ایران) کە لە ساڵی ١٣٦٣دا چاپکراوە لە تاران و نووسەری ئەو کتێبە وتویەتی: "دوای ئەوەی رضا خان بوو بە سەرداری سوپا و وەزیری جەنگ لە مانگی ذی القعدەی ساڵی ١٣٤٢دا (ڕێکەوتی ساڵی ١٩٢٤/١٩٢٥) سەردانێکی ئازربایجانی کرد کە ئەوسا عبداللەخانی طهماسبی فەرماندەی سەرلەشکری شیمال غرب بوو (ناوی هێزەکە وابووە) حکومەتی ئێران بە ناو لەو سەردەمەدا لە سمکۆ خۆش بووبوو، لەو سەردانەدا رضاخان و سمکۆ یەکتریان

بینی لە شاری (سەلماس).

نووسەری ئێرانی لە زمانی دبیری اعظم بهرامی یەوە کە سەرۆکی کابینە و هاورێی ڕضاخان بوە لەو سەفەردا چیرۆکی ئەو یەکتربینینەی ڕضاخان و سمکۆی بەم جۆرەی خوارەوە گێڕاوەتەوە "لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا فەرماندەی لەشکر (کە مەبەستی عبداللەخانی طهماسبی بوە)، بەوپەڕی خۆشیەوە کەوتە پێشاندانی نیشە باشەکانی زەمانی خۆی وەکو کردنەوەی ڕێگەی زۆر و جادەی شۆسەدار و دروستکردنی سەربازخانە و سەرۆک عەشیرەتەکانی بانگ کرد کە یەێک لەوانە سمکۆی ناسراو بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرداری سوپا (ڕضاخان) بە یەکتریان بکەیەنێت لەکاتی پێشاندانی ئەو نیشانەدا کە ڕضاخان بۆ ئەو مەبەستە ئەهات. عبداللەخانی طهماسبی تەلگرافی بۆ ئیسماعیل ئاغا کرد کە لە سەڵماس ئامادە بێت هەتا بە خزمەتی حەزرەتی ئەشرەف شەرەفیاب بگا و حەزرەتی ئەشرەفیش (کە ڕضاخان بوە) لەگەڵ عبداللەخان و چەند نەفەرێک لە هاورێکانی خۆی کە لەتارانەوە لەگەڵیا هاتبوون چوونە سەڵماس. ئیسماعیل ئاغا لەگەڵ (٨٠٠) نەفەر سواری کورد هەموو بە جلوبەرگی قەشەنگی کوردییەوە بەچەکەوە ڕیزیان بەستبوو چاوەڕوانی فەرماندەی گشتی لەشکر بوون. ساتێک سەرداری سوپا ژمارەی هاورێکانی خۆی بینی کە بریتی بوون لەوانەی ناو ئوتومومبیلەکە و ئەو هەشتسەد سوارەی کوردیشی بینی کە لە پشت سمکوە بوون و تەماشای کرد سەرباخانەکەش چۆڵە بەبێ ئەندازە ترسا و هەقیشی بوو لەوەدا کە بەو جۆرە بترسێت چونکە ئایا ئەمە هەر ئەو ئیسماعیل ئاغایە نییە کە چوارسەد نەفەری ژاندرمەی بێچارەی کوشتبوو!؟ ئایا ئەمانە هەمان سوارەکانی سمکۆ نین کە بەوپەڕی دڵڕەقیەوە خەنجەرە ترسناکەکانی خۆیان هەڵکێشا و ورگی ئەدرین و مەمکیان ئەبڕی و سەریان ئەپەڕاند!؟ ئەم فەرماندەی لەشکرەمان (مەبەستی عبداللەخانی طهماسبی بوە) گەوجێکی چەند سەیرە کە من و خۆشی بەم جۆرە بە دەستبەسراوی خستۆتە داوی ئەو جانەوەرانەوە ئێستە تەنها فەرمانێکی ئیسماعیل ئاغا بەسە بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو ئەو جەندەرمانە لێ بکات!

لەگەڵ ئەو ترسە زۆرەشدا دیسان سەرداری سوپا خۆی ئاسایی ڕۆڵی خۆی بەباشی یاری کرد و هیچ جۆرە پەشۆکاوییەکی دەرنەبڕی و یەک دوو کەس لەوانەی چاک شارەزای ڕەوشتی بوون ئەوانە لەناو دڵی و دەروونی گەیشتبوون.

ئیسماعیل ئاغا هەر بە بینینی سەرداری سوپا لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە بە شێوەی خۆیان سڵاوی کرد، بەڵام سەرداری سوپا بەئەنقەست زۆر گوێی نەدایە ئیسماعیل ئاغا و بە لووتبەرزییەکی زۆرەوە وەڵامێکی ساردی دایەوە و یەکسەر رووی کردە سەربازخانە.

ئەفسەرێک لەبەردەمی سەربازخانەکەدا راوەستابوو بەوپەڕی رێزەوە سڵاوی کرد بەڵام فەرماندەی گشتی کە بە هۆی شتی ترەوە نارازی و توورە بوو گوێی نەدایە سەربازەکە و لوتفی پێشان نەدا تەنانەت شەلاقەکەی (گۆچان یا داردەست) لەتوورەییدا شکا، غەزەبی حەزرەتی ئەشرەف نەنیشتەوە و دوایی چوە سەربازخانە و ئامادەبووان هەموو بەسەرسامی راوەستابوون و کەس لە هۆی ئەو هەڵوێستە نەدەگەیشت.

سەرداری سوپا لەوێوە رووی کردە ئەو ماڵەی کە بۆی تەرخان کرابوو کە بەشەو تیایا بێت و ئەو شەوە هەتا بەیانی نەنووست و هەر لە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد کە لەراستیدا هەقیشی بوو.

ئایا هۆی چی بوو کە سمکۆ بەشەو بە خۆی و هەشت سەد سوارەکەیەوە نەیدا بەسەر ئەو دە پازدە کەسەدا؟ هێشتا هیچ کەسێک لەوە نەگەیشتبوە، تەنانەت بیستم (نووسەر حسین مکی) سمکۆش لەدواییدا سەری سوڕما بوو لە کێلێتی خۆی و خەفەتی خواردبوو.

(ئەوەی حسین مکی لەو کتێبەیدا باسی کردوە، وەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسمکردوە منیش لە ساڵی ۱۹۹۲دا لە هەولێر کە چوومە لای صفیەخانی کچی سمکۆ باسی هەمان شتی باوکی بۆ کردم و بۆی گێڕامەوە و وتی: باوکم هەتا دوارۆژەکانی ژیانی خەفەتی بۆ دوو شت ئەخوارد. یەکەم: خەفەتی ئەوەی ئەخوارد کە بەخۆڕایی مارشمعونی کوشتبوو، خەفەتی دووهەمی: بۆ ئەوە ئەخوارد کە هەلێکی باش و لەباری بۆ هەڵکەوتبوو کە بەئاسانی رضاخان بکوژێت و خۆشی و کوردیش و ئێرانیش لە دکتاتۆریەتی رضاشاه رزگار ئەکرد کە دوور نەبوو سەرەنجامی زۆر شت بەوە بگۆردرایە.)

نووسەری ئەو کتێبە (مکی) هەروەکو نووسەری کتێبی کورد و عەجەم باسی کردوە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لەپاش ماوەیەک کە ئیسماعیل ئاغا بە خۆی و هێزەکەیەوە ئەچێت بۆ شەڕ دژی لەشکری شمال غرب بیستم کە سمکۆ بە

نزیکەکانی خۆی وتبوو: هیچ بە دووری نازانم کە لەم شەڕەدا بە تێکشکاوییەوە لەناو بچم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەجەنگم چونکە ئەمە چارەنووسی منە و ئەبێ گوێڕایەڵی چارەنووسی خۆم بم ئەگینا ئەو شەوەی سەرداری سوپا و عبداللەخانی طهماسبی و لەگەڵ چەند کەسێکی دەستوپێبەستراودا هەروەکو مەلیکی دەستەپاچە کەوتبوونە داوای منەوە هەق وابوو کەڵکم لە ئیقبالی خۆم وەرگرتایە و هەموویانم بکوشتایە، لەبەرئەوەی کە شەقم لە بەختی خۆم هەڵداوە بۆیە مەحکومم بە لەناوچوون.

نووسەر ئەڵێ: پاش بەسەربردنی تەشریفاتی سەردان و پشکنینی پێویست و بەخشینی خەڵات بە سمکۆ، سەرداری سوپا سەلماسی بەجێ هێشت و لەگەڵ هاوڕێکانیا گەڕایەوە بۆ تەورێز.

نووسەرێکی تر کە ئیبراهیم خواجە نوری یە لەکتێبەکەیدا (بازیگران عصر طلائی) کە لە لاپەڕە (١٢٣)ی کتێبەکەیەوە باسێکی تەرخان کردوە بە ناوی امیر طهماسبی و عشایر لەوەدا باسی چاوپێکەوتنێکی ڕەزاخان و سمکۆی کردوە کە لە لاپەڕە (١٣٥)دا وتویەتی: "ساتێک سەرداری سوپا (کە رضاخان بوە و لەدواییدا بە رضاشاە) ویستی سەر لە ئازربایجان بدات، امیر طهماسبی (کە مەبەستی لە عبداللەخانی طهماسبی بوە) عبداللەخان ویستی ئەو سەردانەی سەرداری سوپا ئەختێک دوا بکەوێت بۆ ئەوەی کاتێک ئەگاتە ئەوێ ڕێگەی (قافلانکۆ) تەواو بێت، کە لەو ڕۆژانەدا عبداللەخان بە یارمەتی و هاوکاری خەڵک کەلێک جادە و سەربازخانەی دروست کردبوو، وە بۆ ئەوەی پێشوازییەکی گەرمی سەرداری سوپا کە یەکێک لەوانە ئیسماعیل ئاغا (سیمتقو) بوو کە عبداللەخان بەرلەمە تەلگرافی بۆ کردبوو کە بێتە (سەلماس) و ئامادەی دیداری سەرداری سوپا بێت و ئەویش بە خۆی و (٨٠٠) سوارەوە کە هەموویان بە بەرگی پۆشتە و پەرداغەوە و پڕ چەک بوون هەموو بەڕیز وەستان و چاوەڕوانی گەیشتنی فەرماندەی هەمو ولەشکری ئێران بوون. سەرداری سوپا و هاوڕێکانی بەتەنها لەناو دوو ئوتومبیلدا بوون کە چاوی بەو هەشت سەد سوارەی کورد کەوت کە لە پشت سەری ئیسماعیل ئاغاوە وەستابوون و سەربازخانەش چۆڵ بوو، زۆر ترسی لێ نیشت کە هەقیشی بوو بترسێت چونکە ئەمە هەر ئەو ئیسماعیل ئاغایە نەبوو کە چوارسەد ژاندرمەی بێبەزەییانە کوشتبوو؟ هەر ئەم سوارانە نەبوون کە بە خەنجەرە سامناکەکانی بەرپشتێنەکانیان سکی

گەلێک کەسیان دڕیوە و مەمکەکانیان بڕیوە و سەریان لە لەشی جیا کردۆتەوە؟ فەرماندەی لەشکر (مەبەستی لە عبداللەخانی طهماسبییە) چەند نەفامە کە ئێمەی بەم شێوە دەردەست و باڵبەست کردوە و خستوینیەتە داوی ئەم کێویە دڕاندانەوە؟ ئێستە، تەنها ئیشارەتێکی ئیسماعیل ئاغا بەسەر بۆ ئەوەی وەکو ژاندرمەکان لەتوپەتمان بکەن.

هەرچەند سەرۆکی سوپا ترسێکی زۆری لەدڵدا بوو بەڵام وەک هەمیشە زیرەکانە جووڵایەوە و ڕووی کردە سەربازخانەکە. ئەفسەرێک کە لە دەرکی سەربازخانەکەدا وەستابوو بەگەرمیەوە ئادابی سەلامی بەجێهێنا بەڵام سەرۆکی سوپا لەبەر تووڕەیی خۆی هیچ ئاوڕی لەو ئەفسەرە نەدایەوە. دوو کەس لەوانەی شارەزای ڕەوشت و ئاکاری شا بوون ئەیانزانی چی لەناو دڵی و دەروونی ڕەزاخاندایە، ئیسماعیل ئاغا کە سەرۆکی سوپای بینی لە ئەسپەکەی دابەزی و بەپێی داب و نەریتی خۆی سڵاو و بەخێرهاتنی کرد، بەڵام سەرۆکی سوپا بەئەنقەست گوێی پێ نەدا و زۆر بەفیزەوە وەڵامێکی ساردی دایەوە و ڕووی کردە سەربازخانەکە.

خەڵکەکە هەموو مات و بێدەنگ ڕاوەستابوون کەس لەمە تێ نەدەگەیشت و سەرۆکی سوپا چوە ئەو شوێنەی کە بۆ شەو بۆیان ئامادە کردبوو. ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی، تا بەیانی بەناو ژوورەکەدا پیاسەی ئەکرد، بەڕاستیش هەقی بوو. لەبەرچی سمکۆ بە (٨٠٠) سوارەوە نەیاندا بەسەر ئەو دە پازدە کەسەدا؟ ئێستاش کەس هۆی ئەوە نازانێت! تەنانەت بیستم کە لەدواییدا خودی سمکۆ لەم کەمتەرخەمییەی خۆی سەری سوڕمابوو وە لێوی پەشیمانی گەستبوو وە لەدواییدا کە هێزەکەی هێنایەوە و چوو بۆ شەڕی لەشکری باکووری خۆرئاوا (وەکو نووسەر پێی وتوە لەشکری شمالغەربی) بە دۆستەکانی خۆی وتبوو: زۆر لەوە ئەچێ من لەم شەڕەدا بشکێم و تێدا بچم بەڵام هەر شەڕ ئەکەم ئەمە چارەنووسی منە و ئەبێ فرمانبەری چارەنووسی خۆم بم ئەگینا ئەو شەوە سەرۆکی سوپا و عبداللەخان و هاوڕێکانیان وەک مەلی باڵ و پێ بەستراو کەوتبوونە ناو داومەوە، هەق وابوو کەڵکم لە بەختی خۆم وەرگرتایە و هەموویانم بکوشتایە. کەواتە دەستم نابوو بە بەختی خۆمەوە بۆیە هەقە بکوژرێم.

ئەو شەوە سەرۆکی سوپا بەختەوەر بوو، سمکۆ وەک خۆی وتبووی کەڵکی لە بەختی خۆی وەرنەگرتبوو بۆ بەیانی هەموویان بە سەلامەتی لە (سەڵماس)ەوە بەرەو

(سەلماسەکۆن) کەوتنە ڕێ، سمایل ئاغا لە ساردی و گوێپێنەدانی سەرۆکی سوپا دڵگیر بوو، لای عبدللەخان گلەیی کرد، ئەویش هیچ خۆی تێک نەدا و خێرا وتی: تێکچوونی سەرۆکی گەورە هەر لەبەر ئەوە بوو کە تۆ لەو کاتەدا جوان ڕانەوەستابوویت و قاچت بڵاو کردبووەوە و بە شێوەیەکی بێ ئەدەبی لە حزوری سەرۆکی سوپای ڕزگارکەری ئێراندا ڕەفتارت کرد.

سەرۆکی سوپا کە ئاگاداری مەسەلەکە بوو، بە سکرتێری گەورەی وت: تۆ سمایل خان سواری ئوتوموبیلەکەی خۆت بکە (نیازی لەم کارەش ئەوە بوو لە سوارەکانی خۆی دووری بخاتەوە و نەتوانێت نیازی خراپیان لەگەڵدا بکات) ڕواڵەتی ئەم دەستووره وا دیار بوو ڕێز و حورمەتی تیادایە. کە گەیشتنە سەلماسەکۆن بەپێی پێشنیاری عبداللەخان ئادابی ڕێز و حورمەتی بۆ سەرۆک بەجێ هێنا.

دەست و پێوەندانی سەرۆکیش بە پێشوازیی گەرم و گوڕ دڵخۆشیان کرد، ڕەفتاری فێڵبازانەی عبداللەخان بە چەشنێک کاری کردبوو، سمکۆ کە هەڵوێستی سەرۆکی مەزنی بینی، بەتایبەتی پاش بێ حورمەتیکردنی دوێنێ، تەواو شاد و دڵمەندی کرد. گەرم و بە دڵ بەخێرهاتنی پێ و قەدەمی سەرۆکی مەزنی کرد، بەڵام سەرۆک وتی: من تەنیا شتێکم لە تۆ ئەوێ، ئەگەر بەڵێنم بدەیتێ پێت ئەڵێم ئەو شتە چییە. سمکۆ لە دڵی خۆیدا خەیاڵی بۆ لیرە و ئەسپەکانی ئەچوو، وتی: هەرچی بفەرمویت ئامادەم پێشکەشی بکەم. سەرۆک پێی ئەڵێ: ڕابردوو هەرچی بوو تازە ڕۆیشت و بەسەرچوو، شتێکی کەم لە تۆ ئەوێ ئەوەیە کە بەڵێن بدەیت لەمەودوا ئێرانییەکی ڕاست و نیشتمانپەرست بیت.

لە گەڕانەوەی سەلماسەکۆن، بهرامی، بە هەستی شاعرانەی خۆی هۆگری ڕوخساری جوامێرانەی سمکۆ ئاغا بووبوو، بە پیاوێکی خوێنگەرم و سەنگین و زانا هاتبووە بەر چاوی و لێی پرسیبوو: میرخاسێکی بەئەدەب و زانای وەک جەنابت چۆن ئەبێ ئەو هەموو تاوانە بکات؟ ئەو هەموو چوارسەد ژاندرمە بێتاوانەت بۆچی بەو چەشنە کوشت؟؟ ئایا ئەمە ئەفسانەیە یاخود ڕاست بوون!

سمایل ئاغا لە وەڵامدا پێی ئەڵێ: بەڵێ هەمووی ڕاستە و ئەفسانە نەبووە، بەڵام پێت وا نەبێ من تاوانبار و مرۆڤ کوژم. نەخێر. لەو ڕۆژەوە کە پیاوێکی گەورەی دەوڵەت براکەمی لە بارمتەی هەشت هەزار تمەندا خستە زیندان، منیش هەرچیم هەبوو هەمووم فرۆشت و بەوە تەنها چوار هەزار تمەنی ئەو بەرتیلەم بۆ سازکرا،

بەڵام ئەو پیاوە دڵسۆزەی دەوڵەت چوار هەزار تمەنەکەی بە کەم زانی و براکەمی کوشت. منیش لەو ڕۆژەوە سوێندم خواردووە لە هەر کوێ پیاوی دەوڵەتم چنگ بکەوێ بیکوژم.

بەڵام ئێستا ئەبینم بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە، هەڵوێستی فەرماندەی لەشکر و قسەکانی ئیمرۆی سەرۆکی گەورەی سوپا بە جوانی دیارە کە پیاوانی دەوڵەتی ئیمرۆ هیچ پێوەندییەکیان بە پیاوانی دەوڵەتی ڕابردووەوە نییە، بۆیە منیش بەڵێنم داوە هەر بەو جۆرەی سەرۆکی گەورە داوای لێ کردم، لەمەودوا ئیتر ئێرانییەکی ڕاستەقینە و نیشتمانپەرست ئەبم و هەرواش ئەبم.

نووسەر لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: ئەمە بوو کورتە باسێکی چاوپێکەوتنی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و سەرۆکی مەزنی سوپا. هەروەک دیتان بچووکترین ئیشارەتێکی سمکۆ ئەیتوانی هەموویان لەناو ببات.

سەرۆکی سوپا پاش گەلێک تەشریفات و سەردان خەلاتێکی پێشکەش سمکۆ کرد و سەلماسی بەجێ هێشت و لەگەڵ هاوڕێکانیان بەرەو تەورێز گەڕانەوە.

نووسەر ئەڵێ: ڕوایەتبێژێک وتویەتی: کە سەرۆکی سوپا ماوەیەک لە سمکۆ دوور کەوتەوە لە چاخانەیەکی لاڕێ لایدا و هەناسەیەکی ئاسوودەیی پێ هەڵکێشا و وتی: تووشی تەڵەیەکی سەیر هاتبووین. بەڕاستی ئەم کابرا گێلە نەفامە (مەبەستی عبداللەخانی طهماسبی بوە) خستبووینیە گێژاوێکی سامناکەوە. زۆری نەمابوو بەخۆڕایی تیا بچین... سوپاس بۆ خوا... ئاکامی خێر بوو... بەڵام هەتا لە خاکی ئازربایجاندام بە باشی نازانم بچوکترین سەرکۆنەی فەرماندەری لەشکر بکەین... با لێرە دەرچین... هەقی خۆی ئەنێمە مشتی.

لەدوای خوێندنەوەی ئەو باسەی کە لە کتێبی بازیگرانی عصر طلائیە باسی یەکتربینینی ڕضاخان و سمکۆی کردووە و بەراوردکردنی لەگەڵ هەمان باس کە سەرچاوەکانی تر باسیان کردوە وەکو کتێبەکەی حسین مکی کە لە کتێبەکەی کورد و عەجەمدا ناوی هاتوە وەکو ئەوەی کاک ئەحمەدی شەریفی هەندێ شتی پێچەوانەی یەکتری بەدی ئەکرێ. هەرچەند حسین مکی و کتێبەکەی ئیبراهیم خواجە نوری لە زۆر شتدا لەیەک ئەچن وە نازانرێ کامیان لە کامیانەوە وەری گرتوە بەڵام هیچیان وەکو ئەوەی کە کاک ئەحمەدی شەریفی باسی کردوە (کە دوای ئەمە باسی کتێبەکەی ئەکەین.) باسی ئەوەیان نەکردوە کە ڕضاخان بەبێ ماڵئاوایی

سمکۆی بەجێ هێشت و هیچیان باسی قومارکردن تاوڵەی سمکۆ و ئاغای بزرگ ئیبراهیمییان نەکردوە.

کاک ئەحمەدی شەریفی دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی رضاخان (ڕەزاشای دوایی) و سمکۆ و ئەو مشتومڕەی لەنێوانیاندا ڕوویدا هەرچەند لەنامیلکەکەیدا لەو باسەدا ئیشارەتی بۆ سەرچاوەیەک کردوە کە کتێبەکەی خواجە نورییە کە باسمان کرد لە لاپەڕە (٥٠)ی نامیلکەکەیدا بە ناوی ملاقاتی سرداری سوپا لەگەڵ سمکۆدا ئەڵێ: "ڕەزاشای گەورە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت پێشانی خەڵکی ناوچەی ئازربایجان بدا ڕۆژێک لە ساڵی ١٣٠٤دا لە ڕێگەی تەوریزەوە لەگەڵ ئەو هێزەی کە هەبوو چوو بۆ (سرند) (خۆی) و (ماکۆ) وە لەوێوە بەرەو شاهپوور ڕۆیشت.

بەرلەوەی بگاتە ئەوێ داوا لە سەرۆک عەشیرەتەکان کرابوو کە پێشوازی لە سەرداری سوپا بکەن (لەو ڕۆژانەدا عبداللەخانی طهماسبی لێپرسراوی تەوریز بووە.)، ئیسماعیل ئاغا بە خۆی (١٢٠٠) سوارەوە گەیشتە (میانجق) و چاوەڕوانی گەیشتنی سەرداری سوپای کرد (وەکو لەپێشتردا باسمانکرد ئیبراهیم خواجە نوری وتبووی ژمارەی چەکدارەکانی سمکۆ ٨٠٠ کەس بوون.)

کاک شەریفی ئەڵێ وەک ئەگێرنەوە، سمکۆ سوارەکانی خۆی کردبوو بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمی ئەو سوارانە هەموو ئەسپەکانیان سپی بوو، بەرگەکانیشیان ڕانکوچۆغەی سپی بوو. دەستەی دووهەم ئەسپەکانیان شێ بوو (سور) وە سوارەکانی بەرگەکانیان سوور بوو، وە سمکۆ سەرکردەی عەشایرەکانیش ڕانکوچۆغەی شیروانییان لەبەردا بوو (بە شیروانی ناوی بردووە) کە ڕەزاشا و سمکۆ یەکتری ئەبینن و ڕەزاشای لە ئوتومبیلەکەی دێتە خوارەوە و سوارەکانی سمکۆ بەو شێوەیە ئەبینێت کە هەر یەکەیان جۆرە جامانەیەکیان بەستووە و پشتێن لە قەد و دەمانچە بەلایدا شۆڕبۆتەوە لە دڵی شا و لەسەر لێو و ڕووخساریا نیشانەی ڕق و پەستی ئەبینرا.

نووسەر ئەڵێ: خواجە نوری، دانەری کتابی بازیگران عصر طلائی لەو ڕووەوە وتویەتی: کە اعلا حضرت (مەبەستی ڕەزاخان بووە) لەو دیمەنە تەواو نیگەران بوو بە طهماسبی ئەڵێ: ئایا ئەمانە هەر ئەو کوردانە نین کە کاتی خۆی خەنجەرەکانیان لە پشتێنەکانیا دەرئەهێنان و پرچی ژنا و کچانیان پێ ئەبڕی و خەنجەرەکانیان ئاراستەی سنگی پیاوەکانمان دەکرد؟

ساتێک ڕەزاخان و سمکۆ بە یەک ئەگەن سمکۆ لە ئەسپەکەی دێتە خوارەوە و شانی ڕەزاخان ماچ دەکا و ڕەزاخان بە سمکۆ ئەڵێ: ئەو کارە بێبەزەیی و دڵڕەقیانەی تۆ کردوتە لەمێژوودا وێنەیان نییە، بەڵام مادام لەلایەن سەرداری سوپاوە دڵنیا کرابوو پێی وترا کە هیچی لێ ناگرێ بە مەرجێک واز لە کردەوەکانی پێشووی بهێنێت.

کە ڕەزاخان چوو بۆی ئەو ناوچەیە تەنها (٤٢) نەفەری لەگەڵدا بوو لەکاتێکدا سمکۆ (١٢٠٠) چەکداری لەگەڵدا بوو، وە هەروەکو ئاقای (رضا رفیع) وتویەتی: سمکۆ نزیکی چوار هەزار چەکداری تریشی لەدوورەوە لەو دەوروبەرانەدا کۆکردبوەوە و سەرداری سوپا زۆر بەسارديیەوە لەگەڵ سمکۆدا جووڵایەوە و بڕیاریاندا کە ڕوو بکەنە (کۆنەشار).

سمکۆ شوێنێکی ئامادە کردبوو، کورسی و مێزی لێ دانابوو هەتا ڕەزاشاە لەوێدا ئیستراحەت بکا و ڕەزاشاە لەسەر کورسییەک ڕووبەڕووی سمکۆ دانیشت.

سەرداری سوپا و هاوڕێکانی ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە نەوەکو چەکدارەکانی سمکۆ لەناکاودا پەلاماریان بدەن.

نیو سەعاتی پێ چوو وێنەگری تایبەتی سمکۆ هاتە پێشەوە و سمکۆ تکای لە سەرداری سوپا کرد کە پێەکوە وێنەیەک بگرن، بەڵام لەوەڵامدا فەرمووی: نەخۆشە بۆیە داوای لێبووردنی لێ کرد.

ڕەزا شاە بە رضا رفیع (قائممقام الملک)ی فەرموو کە با ئەو وێنەیەک لەگەڵ سمکۆدا بگرێ، بەڵام ئەویش هەر ڕازی نەبوو، بەڵام طهماسبی چەند وێنەیەکی لەگەڵ سمکۆدا گرت.

کاک ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە (٥٥)دا ئەڵێ: دوای نانخواردن لە هەمان شوێندا چەند ژوورێک بۆ میوانەکانی ئامادەکرابوو و، هەرکەسە چووە ژووری خۆی، یەکێک لە ڕەوشتەکانی اعلاحضرت ئەوە بوو کە هەموو شەوێک دەستوێژی خۆی دەشت ئەوسا دەچووە جێی نووستن و کە پێی خۆی شت و چووە جێگەکەی بە رضا رفیعی وت: من لەم کابرا دڕندە و بەخوێن تینوە دڵنیا نیم، چونکە هەر نیشارەتێکی بچووکی ئەو بەسەر بۆ ئەوەی کارەساتێکی جەرگبڕمان بەسەر بێت.

رضا رفیع پێی ئەڵێ: لەو ڕووەوە عبدالله طهماسبی پێشبینی خۆی کردوە و هەمیشە لەگەڵیان ئاگاداری یەکترین.

بۆ ئەوەی سمکۆ بە شتێکەوە خەریک بکرێ، ئاقای بزرگ ئیبراهیمی نائبی یەکەم ڕاسپێررا کە بەقسەوە خۆی لەگەڵ سمکۆدا خەریک بکا و بە یاریی تاوڵەکردن لەگەڵیا شەو ببەنە سەر و وا بکا لەو یاریکردنەدا پارەشی پێ بدۆڕێنێت.

ئیبراهیمی ناچار بوو هەتا بەیانی بە تاوڵەکردنەوە سمکۆ بخلافێنێت و بەیانی زوو سەرداری سوپا و هاوڕێکانی کە هەتا بەیانی چاویان نەچووبووە خەو لەترسدا، سواری ئوتوموبیلەکەیان بوون و بەبێ ماڵئاواییکردن لە سمکۆ کۆنەشاریان بەجێهێشت و ڕوویان کردە رضائیە و لە ڕێگا خێرا لێیان ئەخوڕی و زوو زوو ئاوڕیان ئەدایەوە بۆ ئەوە بزانن ئایا سوارەکانی سمکۆ دوایان کەوتوون بۆ ئانەوەی هەرایەک یان نا. سمکۆ کاتێک بە خۆی زانی کە مەل لە قەفەس ڕایکردبوو، ئەگەرچی هەزاران تمەنیشی بردبوەوە بەڵام لەو ماڵئاوایی نەکردنە زۆر سەخت و پەست بوو، ئەوەندەی تر قینی بە دڵدا چوو دژی دەوڵەت.

هەروەکو لەو سەرچاوانەدا ڕوون بۆتەوە کە سمکۆ دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران نەیتوانیوە هەتا سەر لە شوێنێکدا نیشتەجێ بێت و بە هیچ جۆرێک لە ڕەفتار و نیازی ناپاکی کاربەدەستانی ئێران دڵنیا نەبووە و کاربەدەستانی ئێرانیش هەندێکیان بۆ ڕاووڕووتکردن و بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان لەناو کوردستاندا هەمیشە دەستدرێژییان کردوە و هەڕەشەیان لە دانیشتوان کردوە و ڕەزاخان دوای ئەوەی بوو بە ڕەزاشا و بوو بە دکتاتۆری سەرانسەری ئێران و هەرچی دوژمنەکانی خۆی هەبوو هەمووی پاک کردبوونەوە و وڵاتی بۆ تەخت بووبوو، ئەیویست لاسایی مصطفی کمال ئەتاتورک بکاتەوە و ڕووپۆشێکی شارستانیەتی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتەکەیدا بدا و هەر ڕۆژ فەرمانێکی دەرئەکرد کە گرتنی سەربازی بەزۆرەملی کە لەو ڕۆژانەدا پێی وتراوە (عەسکەری اجباری) دەرگایەکی تازەی کردەوە بۆ پارە پەیداکردنی کاربەدەستانی ئێران بەتایبەتی لەناو کوردستاندا کە فێری ئەوە نەبووبوون و شتێکی ئاسان نەبوە لایان کە بین بە سەربازی حکومەت و ڕەزاشا بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو ڕایسپارد لە کوردستاندا کورد وا لێ بکرێت کە

واز لە لەبەرکردنی جلی نیشتمانی هەزارساڵەی باووباپیری خۆیان بهێنن و جلی فرەنگی لەبەر بکەن و کڵاوی پەهلەوی لەسەر بکەن کە ئەم زۆرداری و زۆرەملییەی ڕەزاشا و دامودەزگاکانی بوو بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٩دا لە ناوچەکانی مەهاباددا گەلێک پشێوی ڕوویدا و حکومەتی ئێران بۆ کپکردنەوەی ئەو ڕاپەڕین و بێزاربوونە نزیکی چوارهەزار سەربازی نارد کە لەئەنجامی پێکدانی کورد لەگەڵ هێزی حکومەتدا هەروەک دوکتۆر کەمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٥٢)ی کتێبەکەیدا (دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر) باسی کردوە سەرکردەی هێزی ئێران لە ئازربایجان گوللەی بەرکەوت و لەئەنجامی جەور و ستەمی حکومەتی ئێران هەندێک لە سەرکردەکانی کورد ئێرانیان بەجێ هێشت و پەنایان بردە بەر خاکی عێراق و بێجگە لەوەی دوکتۆر کەمال مەزهەر باسی کردوە لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٩ی حکومەتی بریتانیادا کە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا هەیە کە نێرراوە بۆ عصبه الامم باسی ئەو ئاژاوانەی کردوە.

بەشی حەڤدەهەم

# کوشتنی سمکۆ



وێنەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٣٠دا بەر لە کوشتنی بە ڕۆژێک، لەگەڵ سەرهەنگ صادق خانی فەرماندەی پادگانی شنۆ، کە لە صفیەخانی کچیەوە دەستم کەوتوە

لەدوای ئەوەی سمکۆ ماوەیەک بەسەر سنوورەکانی عێراق و ئێران و تورکیاوە بوو وە ئەی ئەتوانی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە شوێنێکدا جێگری ببێت، هەتا ساڵی ١٩٣٠ بەو شێوەیە مایەوە تا حکومەتی ئێران ئەو نەخشەیەی کە بۆ کوشتنی سمکۆ ئامادەی کردبوو خستیە کار و سمکۆیان بە کێش کرد بۆ ناوچەی شنۆ و لە ڕێکا بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان.

دەربارەی ئەو پیلان و نەخشەیەی کە کاربەدەستانی ئێران سازیان کردبوو بۆ بەکێشکردنی سمکۆ بۆ شنۆ و چۆنێتی کوشتنی گەلێک لە نووسەرانی بێگانە و خۆمانە دەربارەیان نووسیوە و هەیە ئەو ڕەفتارەی کاربەدەستانی ئێرانیان بە شتێکی ناپیاوانە و ناجوامێرانە لە قەڵەم داوە و نووسەرە ئێرانییەکان خۆیان کە هەمیشە ئەو جۆرە ڕەفتارەیان بە شتێکی زیرەکانە و ئازایانە ژماردوە کە پێی ئەڵێن (لطایف الحیل) هەزار درۆ و دەلەسەیان ڕێکخستوە بۆ پینەکردنی ئەو تاوانەیان کە نەک هەر بۆ ئەو تاوانە بەڵکو کە هاتبێتە سەر ئەوەی کە بڕیاری سەرگرتنی شتێک بدەن قورئان و سوێند و ئاین و سوێند بە شەرەف خواردن و بەڵێنیان پێشێل کردوە

و کە پەڕەکانی مێژوو پڕ لەو جۆرە هەڵوێستە کە ئێرە شوێنی باسکردنی ئەو جۆرە ناجوامێری و تاوانانە نیە و کتێبکی تایبەتی ئەوێ دەربارەی هەمووی بنووسرێت.

ئەوانەی دەربارەی کوشتنی سمکۆ شتیان نووسیوە، هی وا هەبوو نزیک بوە لە ڕووداوەکەوە و ئەوەی کە لەو ڕووەوە نووسیوێتی بەپێی مەبەستی خۆی لێی کەم و زیاد کردوە و هی وا هەیە پەنای بردۆتە بەر هەندێ سەرچاوە و، نووسەری واش هەیە هەر دەماودەم بیستویەتی کە ئەمەی دوایی زۆر جێگەی متمانە نییە. لێرەدا وا بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان لەو باسە ئەدوێین.

یەکێک لەو نووسەرانەی کە باسی کوشتنی سمکۆیان کردوە زنار سلوپی (قەدری جەمیل بەگ) بوە کە وتویەتی:(١١) "لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا کە ڕەزاخان بەتەواوی کاروباری ئێرانی گرتە دەست و ئیعلانی کرد کە شای ئێرانە (بوو بە ڕەزاشاه) ئیتر دەستی کرد بە بەکارهێنانی سیاسەتێکی دڵڕەقانەی بێبەزەیی بەرامبەر بە کورد بۆ تواندنەوە و نەهێشتنی ناونیشانی (لەڕاستیدا ڕەزشا لەوەدا بەتەواوی لاسایی مصطفی کمالی ئەکردەوە کە چۆن ئەو هەوڵی دابوو ئاسوری و ئەرمەنی و کورد لەناو بەرێت بەو جۆرەش ڕەزاشا دەستی کرد بە کارهێنانی هەمان سیاسەت بەرامبەر بە کورد و ئەیویست شتێک لە ئێراندا نەمێنێت کە پێی بوترێ کورد و کوردایەتی و یەکێک لەوانەی کە بەربەرەکانێی ئێرانی ئەکرد بەرامبەر بەوە سمکۆ بوو بۆیە حکومەتی ئێران پیلانێکی ناجوامێرانەیان ساز کرد بۆ کوشتنی.) ڕەزا شا بۆی دەرکەوتبوو کە لە ماوەیەکی دووردرێژدا کە لەشکری ئێرانی هێرشی ئەبردە سەر سمکۆ، هەرچەند ئەیتوانی زیانی پێ بگەیەنێت و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی بکوژێت، بەڵام نەیتوانیبوو بە شەڕ لە ناوی ببات لەبەرئەوە بانگیان کرد بۆ شنۆ بە ناوی گفتوگۆکردنەوە و لە شنۆ بوو بە میوانی سەرهەنگ (ساراخان) کە حاکمی شنۆ بوو (وا بزانم زنار سلوپی لەو ناوەدا بەهەڵەدا چووە یاخود هەڵەی چاپەمەنی بوە چونکە ئەوەی مەبەستی بوە سەرهەنگ صادق خانی نوروزی بوە کە وەکو سەرچاوەکانی تر باسیان کردوە.)

ئەو سەرهەنگە کاتێک کە سمکۆ گەیشتە شنۆ پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد و بە ڕواڵەت ڕێزی لێ گرت و وای لێ کرد کە سمکۆ بەتەواوی لە حکومەتی ئێران ئەمین بێتەوە و لەکاتێکدا سمکۆ و سوارەکانی چاوەڕوانی بینینی ڕەزاشایان ئەکرد کە سمکۆ چووبوو بۆ پێشوازیکردنی، حاکمی شنۆ ئەو فەرمانەی کە ڕەزاشاه پێی

ڕاسپاردبوو بەجێی هێنا و سمکۆ کوژرا."

قەدری جەمیل بەگ بێجگە لەو هەڵەیەی کە لە ناوی سەرهەنگ صادق خاندا کردوێتی کە وتویەتی ساراخان بوە، هەڵەیەکی تریشی کردوە کە وەکو هەندێ سەرچاوەی تریش هەمان هەڵەیان کردوە کە وتویانە سمکۆ وەختێ کوژرا کە چاوەڕوانی ڕەزاخانی ئەکرد. ڕاستییەکەی ئەمە ئەو جارە نیە کە چاوەڕوانی ڕەزخانی ئەکرد، ئەوەی کە چاوەڕوانی ڕەزخانی ئەکرد لە ساڵی (١٣٤٣)دا بوە کە هێشتا ڕەزاخان سەرداری سوپا و وەزیری جەنگ بوە و نەبووبوو بە ڕەزاشا. ئەوەی کە سمکۆی تیا کوژرا ساڵی ١٩٣٠ بوو کە ڕێکەوتی ساڵی ١٣٤٩ بوو کە چاوەڕوانی بینینی عبداللەخانی طهماسبی ئەکرد کە سەرکردەی لەشکر بوو هەروەکو لە سەرچاەکانی تردا باسکراوە.

ئیگڵتن لەکتێبەکەیدا (جمهوریەتی مهاباد) دەربارەی کوشتنی سمکۆ وتویەتی:[٢٢]
"ساتێک ئەستێرەی ڕەزاخان دەستی کرد بە درەوشانەوە، سەرکردەی لەشکرەکەی ڕەزاخان کە (عبدالله طهماسبی) بوو بە هاوکاریی عەشیرەتەکانی ئازربایجان پەلاماری سمکۆیان دا و شکاندیان و لەسەرەتادا لە خاکی ئێران دەریان پەڕاند و لەدواییدا کە هێز و دەسەڵاتی سمکۆ هاتە کزی، لە ساڵی ١٩٣٠دا ئێرانییەکان بە فێڵ سمکۆیان بانگ کرد بۆ شنۆ و لەوێ بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان. لەگەڵ ئەوەشدا ناوی سمکۆ هەر زیندوە و لەبیر ناچێتەوە.

ولید حمدی الاعظمی لە لاپەڕە (٣٨٧)دا دەربارەی کوشتنی سمکۆ وتویەتی:
"لەدوای ئەوەی سمکۆ لە تورکیا گەڕایەوە، خۆی تەسلیمی عبدالله طهماسبی کرد و کوژرا."

لەڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەک بەو جۆرە باسی نەکردوە کە خۆی تەسلیمی عبدالله طهماسبی کردبێت، بەڵکو بە هۆی فێڵی ئەوەوە کە سمکۆی بانگ کردبوو بۆ شنۆ بۆ گفتوگۆکردن لە ڕێگا بۆسەی بۆ نابوەوە و کوژرا وەکو هەموو سەرچاوەکانی تر باسیان کردوە.

مارتن ڤان برونسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی کوشتنی سمکۆ نووسیوێتی:[٢٨]
"لەدوای ئەوەی سمکۆ لە لایەن لەشکری ئێرانەوە شکابوو، ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢٤دا لێی خۆش بوو. سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٦دا جارێکی تر تەقەلای سەربەخۆی کوردی دا و بە هاوکاریی عەشیرەتی هەرکی و بەگزادە نابڵوقەی شاری (دیلمان)ی

دا بەڵام دەرەقەتی هێزی ئێران نەهات و شکا و دووبارە گەڕایەوە بۆ سەر سنووری عێراق. لە ساڵی ١٩٢٩دا ئێرانییەکان کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵیا بە ناوی ئەوەوە کە بیکەن بە حاکمی شنۆ، بەڵام لە ڕێگادا لە ساڵی ١٩٣٠دا کەهات بۆ شنۆ بۆسەیان بۆ نایەوە و ئێرانییەکان کوشتیان.

دوکتۆر عەزیز شەمزینی دەربارەی کوشتنی سمکۆ وتویەتی:[٦] "دەوڵەتی شای ئێران داوای لە سمکۆ کرد کە کێشەی کورد بە ئاشتی و لە ڕێگەی وتوێژەوە چارەسەر بکرێت و بۆ ئەو مەبەستە سمکۆ بانگ کرا بۆ (شنۆ) وە لەسەرەتادا پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و بەو بۆنەوە ئاهەنگێک گێڕرا، بەڵام کۆنەپەرستانی ئێران لە ڕێگادا بۆسەیان بۆ نایەوە و بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە لە ساڵی ١٩٣٠دا کوشتیان کە بێگومان هێزی ئێران لەو هەڵوێستەیدا پشتی بە لایەنگرێتی سوپای عێراق و تورکیا کردبوو دژی سمکۆ."

کاک کەریمی حسامی لە لاپەڕە (٣٢)ی باسەکەیدا دەربارەی کوشتنی سمکۆ وتویەتی:[٢٩] "دوای ئەوەی سمکۆ لە مانگی شوباتی ١٩٢٣دا ماڵئاوایی لە شێخ مەحمود ئەکات لە سلێمانی وە ماوەیەک لە کوردستانی تورکیا دەبێت، لە ساڵی ١٩٢٤دا سەرلەشکر عبداللەخانی طهماسبی فەرماندەی لەشکری ئێران لە ئازربایجان پێوەندی پێوە ئەکات وە بەڵێن بە سمکۆ ئەدا کە ئەگەر بگەڕێتەوە و لە (چاری) دابنیشێت حکومەت لێی خۆش دەبێت و کەس دەستی بۆ نابات.

سمکۆش لەسەر بەڵێنی سەرلەشکر طهماسبی دێتە گوندی چاریە و لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕەزاشا دێتە ئازربایجان و سەڵماس و چاوی بە سمکۆ دەکەوێ و بەڵێنی ئەداتێ ئەگەر دانیشێ و سەربزێوی نەکات کەس کاری پێی نابێت.

بەڵام سمکۆ دیسان دوای ساڵێک دەست ئەکاتەوە بە لەشکر کۆکردنەوە و پەلاماری شاری (سەڵماس) ئەدا و لەدوای چەند ڕۆژێکی شەڕ سمکۆ خۆی بەرامبەر بە لەشکری ئێران پێ ناگیرێ و پاشەکشە دەکا و دەچێتە کوردستانی تورکیا.

ساڵی ١٩٢٨ دەچێتەوە ناو خاکی عێراق و دەوڵەتی ئێران داوا لە حکومەتی عێراق ئەکات کە سمکۆ تەسلیم بە ئێران بکات، بەڵام لەبەرئەوەی سمکۆ وەک پەنابەرێک لە عێراقدا بوە بۆیە نایداتەوە بە ئێران و لە هەمان کاتدا عێراق داوا لە ئێران دەکات کە لێخۆشبوون بۆ سمکۆ دەر بکات و حکومەتی ئێران بەرامبەر بەوە بەڵێنی لێخۆشبوونی سمکۆ ئەدا.

سمكۆ لەسەر بەڵێن و پەیمانی ئێران لەگەڵ خورشید ئاغای هەرکی و کەریم خانی خێلانی و خسروی کوڕی و چەند سوارێک دێنە شاری شنۆ کە چاویان بە سەرلەشکر (مقدم) بکەوێ کە فەرماندەی لەشکری (٣)ی ئازربایجان بوە.

سەرهەنگ صادق خان کە فەرماندەی پادگانی شنۆ بوە پێشوازی لێ دەکات و دەڵێ: سەرلەشکر بەیانی دەگاتە شنۆ... ڕۆژی دوایی سمکۆ لەگەڵ سوارەکانی خۆی بۆ پێشوازیی سەرلەشکر دەچێتە دەر. پاش ڕۆیشتنی سمکۆ، سەرهەنگ صادق خان سەربازان لە کوچە و پەسێوی دەوروبەری مەنزڵی سمایل ئاغا دادەنێ و بۆ ئیسماعیل ئاغای ئامادە دەکا و فێریان دەکا لە گەڕانەوەی سمکۆدا دەستڕێژی لێ بکەن و بیکوژن.

لای ئێوارە خەبەر بە سمکۆ دەدەن کە ماشینی سەرلەشکر لە ڕێگا تێکچوە و سبەی دەگاتە شار، سمکۆ لەسەر ئەوە لەگەڵ سوارەکانیا دەگەڕێتەوە بۆ شنۆ و کە دەگاتە بەر هەیوانی مەنزڵەکەی لە کۆڵان و سەربانەوە دەستڕێژی لێ دەکرێ و بە برینداری سمکۆ دەکوێ، بەڵام کە دەگەڕێتەوە بۆ هێنانی خسرۆی کوڕی، گوللەیەکی تریش بەر سمکۆ دەکەوێ و شەهید ئەبێ و خورشیدا ئاغای هەرکیشی لەگەڵدا ئەکوژرێ.

بەو جۆرە یەکێک لە سەردارە مەزن و هەڵکەوتوەکانی نەتەوەی کورد بە فێڵ و درۆی حکومەتی عەجەم لە ڕۆژی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا شەهید دەکرێ و تەرمی سمکۆی قارەمان دەبنە ورمیە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ دیتنی خەڵک لە مەیدانا هەڵی دەواسن.

دەربارەی هاتنی سمکۆ و کوشتنی لە (شنۆ)، کاک ئەحمەدی شەریفی، لە لاپەڕە (٦٥)ی ئامیلکەکەیدا وتویەتی:(٤٤) "پاش هاتنەوەی سمکۆ بۆ ئێران، لەپاش چەند ڕۆژێک سمکۆ لەگەڵ (٢٠) سواری تایبەتی خۆیدا هاتە (شنۆ) و چووە ماڵی سەرهەنگ نوروزی (کە صادق خانە) کە ئەوە زۆر جێگەی سەرسوڕمانی کاربەدەستانی دەوڵەت بوو کە چۆن سمکۆ بەبێ ترس و تەنها لەگەڵ بیست نەفەردا هاتبوە شنۆ، لەکاتێکدا کە شنۆ (٥٠) سەربازی لێ بوو، بەڵام ئەو سەرسوڕمانە زۆری پێ نەچوو چونکە کەریم خانی خێلانی لەگەڵ سەد سواری تری هەڵبژاردەی شەرکەر و شارەزا بە ناوی ئەوەوە هاتوە بۆ سەردانی خانی (مەبەستی سمایلخانی سمکۆ بوە) لە شنۆ. لە هەمان ڕۆژیشدا خورشید ئاغای هەرکی بە خۆی و (١٥٠)

نەفەر و عومەر ئاغا ناوێک لەگەڵ (١٠٠) کەس لە عەشایری سورچی مندەمرە هاتن و ڕیشسپیەکی ئێلی شوکاک بە (٦٠-٧٠) نەفەرەوە بۆ دیدەنی هاتن کە بەرامبەر بەوانە دەوڵەت تەنها هەر (٥٠) نەفەری هەبوو، بەو جۆرە نزیکی (٦٠٠) نەفەر سواری شۆڕشگێڕی کورد هاتبوونە شنۆ.

کاربەدەستانی دەوڵەتی کە چاویان بەمە کەوت تەلگرافیان نارد بۆ ستادی ئەرتەش لە ڕەزائیە و داوایان کرد کە تیپێک بە خۆی و تۆپ و ڕەشاشەوە بەپەلە بکەنە (شنۆ).

ئاقای ئیبراهیمی کە لە ماڵی سەرهەنگ نوروزی بوو کە لەگەڵ خورشیدا ئاغا و کەریم خان و سەرۆکعەشیرەتەکانی تردا ئاشنا بوو لەپێشتریشدا لەگەڵ سمکۆشدا هەر ئاشنایەتیان هەبوە، لە کاتی نیوەڕۆدا کە خەریکی نانخواردن بوون ئوتومبیلێک هات و دەرکەوت کە لەلایەن سەرتیپ (مقدم)ی فەرماندەی لەشکرەوە نێررابوو.

لەدوای نانخواردن محمدی پێشخزمەتی سەرتیپ هات و نامەیەکی دایە دەست سەرهەنگ نوروزی کە لەو نامەیەدا جۆرە بەخێرهاتنێکی بۆ سمکۆ تیادا بوو کە سمکۆ بەوە دڵخۆش بوو. ساتێک سمکۆ لە محمدی پرسی کە جەنابی سەرتیپ کەی ئەگات؟ لەوەرامدا وتی: نزیکی ٣-٤ سەعاتی تر دەگات.

دوای ئەوە کە چەند کیلۆمەترێک لە (شنۆ) چوونە دەرەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی سەرتیپیان ئەکرد، ئیبراهیمی کە ئاگاداری هیچ نەبوو لەو بەزمە نەگەیشت بەڵام لەدواییدا ئیبراهیمی بە هۆی محمدی یەوە بۆ دەرکەوت کە ئەو قسانە تەنها هەر بۆ خەلافاندنی سمکۆ بوە چونکە سەرتیپ نیازی نەبوە بەو زوانە بکاتە ئەوێ.

بە دەم لە سەرهەنگ نوروزی ئاگاردارکرابوو کە هەر چۆنێک ئەبێت پێویستە هەتا (٢٤) سەعاتی تر سمکۆ بخلافێنێت هەتاکو هێزێکی گەورە لە تەورێز و ڕەزائیە و مهابادەوە ئەگەنە شنۆ.

لەژێر درەختێکدا لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە بۆ (نەغەدە) ئەچوو، لەوێدا چاوەڕوانیان کرد، سمکۆ لە ئیبراهیمی پرسی: ئایا هێزی دەوڵەتی و ئەوانەی لەگەڵ سەرتیپدان لە کوێ ئەبن؟ لەوەرامدا ئیبراهیمی بە سمکۆ ئەڵێت: ئەوەی کە من تۆ بناسم و لێت شارەزا بووم ئەوەیە کە تۆ هیچ کاتێک حەز ناکەی لە هێزی چەکداری حکومەتەوە نزیک بکەویتەوە و لەگەڵیانا دابنیشیت (کاک ئەحمەدی شەریفی ئەمەی لە لاپەڕە

(٥٦٧) کتێبەکەی جعفر مهدی نیاوە وەرگرتوە بە ناوی زندگی سیاستی قوام السطنە، چاپی تهران، ساڵی ١٣٦٦ی هجری بێ ئەوەی نیشارەتی بۆ بکات.)، سمکۆش لەوەرامدا وتویەتی: پیاوی ژیر و دانا پێویستە نە دۆستی نیزامی بێت و نە پێوەندی لەگەڵیا هەبێت. سەرهەنگ نوروزیش کە تێگەیتشبوو کە سەرتیپ مقدم نەیویستبوو بێت، دەوری ئێوارە بە سمکۆی وت: تەلفونیان بۆ کردوم کە ئوتومبیلەکەی سەرتیپ لە ڕێگا پەکی کەوتوە بۆیە نەگەیشتوە و ڕەنگە ئەم شەویش نەتوانێت بگاتە ئێرە و ئەیەوێ ئەمشەو لە (ئەغەدە) بمێنێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە منیش بچم بۆ لای بۆ ئەغەدە.

ئیبراهیمی لە شنۆوە بەرەو ئەغەدە ڕۆیشت و لە ڕێگا لە گوندی (گندەویلە) بە مام عەزیزی خزمی قەڕەنی ئاغای سەرۆکی مامش ئەکات و مام عەزیز زۆری لێ ئەکا کە ئەو شەوە لەناو مامشەکاندا بمێنێتەوە.

کاک ئەحمەد شەریفی لە لاپەڕە (٧٠)دا باسی چۆنێتی کوشتنی سمکۆی بەم جۆرە کردووە.

کوشتنی سمکۆ و کۆتایی ئاژاوەی کوردستان و ئازربایجان: کە سمکۆ تەماشای کرد هیچ کاربەدەستێکی ئێرانی لەگەڵدا نەماوە و بەتەنها ماوەوە خۆی، ئیتر کەوتە گومانەوە و بڕیاریدا کە هێزی دەوڵەت لە شنۆدا بە بێدەنگی لەناو ببات و بۆ ئەو مەبەستە چاوەڕوانی کرد هەتا بەیانی بۆ ئەوەی کە سەرتیپ مقدم گەیشت دەردەستی بکا و خۆی لەگەڵ چەند ئەفەرێکدا ڕووی کردە ئەغەدە و سەرتیپ مقدم هێشا لە خەودا بوو کە سمکۆ خەتی تەلفۆنی شنۆی بڕی و خورشید ئاغا و چەند ئەفەرێکی نارد بۆ دەستگیرکردنی سەرهەنگ نوروزی و تفەنگچییەکانی خورشید ئاغا چوونە باڵەخانەکەی بەڵام یەکێک لە سوارەکانی سەرهەنگ نوروزی گوللەیەکی نا بە خورشید ئاغاوە و محمدی پێشخزمەتی سەرتیپ مقدم کە چاوی لێ بوو سمکۆ خۆی و سوارەکانی پێش و پاشی مەنزڵی سەرهەنگیان گرتبوو گوللەیەکی گرتە سمکۆ و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و دوای ئەوە گوللەیەکی تری پێوە نرا و پاش ئەوەی بریندارکرا لەلایەن (استوار اسماعیل) ناوێکەوە بە گوللەی سێهەم کوژرا کە ئەو کوشتنەی ڕێکەوتی تیرماهی ساڵی ١٣٠٩ بوو وە ڕۆژی دوایی جەنازەی سمکۆ بە ئوتومبیل برا بۆ ڕضائیە.

دەربارەی شوێنی ناشتنی سمکۆ هەندێک کەس دەڵێن لە نزیک (چاری) نێژراوە و

هەندێکی تر ئەڵێن لە شوێنێکی تر ناشتبوویان.

لە هەموو سەرچاوەیەک سەیرتر ئەوەیە کە نووسەری کتێبی خاطرات وخطورات، نووسینی حاج مهدی قلی لە لاپەڕە (٣٨٥)ی کتێبەکەیدا درۆیەکی ئێجگار زۆر زلی کردوە و وتویەتی ئیسماعیل ئاغا کە گەڕایەوە بۆ خاکی ئێران بە گوللەی ناگهان کوژرا!!

دەربارەی چۆنێتی کوشتنی سمکۆ نووسەرێکی تر کە (علی دهقان)ە لەکتێبەکەیدا (رضائیە یا سرزمین زردشت) لە لاپەڕەکانی (٥٩٥-٥٩٧)دا بەم جۆرەی خوارەوەی باسکردوە:(٦٠) "سمکۆ لە ناوچەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێراندا هەتاکو ساڵی ١٣٠٩ دەربەدەر و ئاوارە بوو، لەو ساڵەدا نامەیەکی نارد بۆ سەرهەنگی دووهەم کە (صادق خان) بوو وە بەو نامەیە دەعوەتی صادق خانی قبوڵکرد و لەگەڵ خورشید ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی کە ئەویش یەکێک بوو لە کوردە یاخیبووەکان، هەردووکیان بە جووتە چوونە (شنۆ) و صادق خانیان بینی.

لەو رۆژانەدا فەرماندەی لەشکری سێهەمی تەورێز سەرلەشکر (مقدم) بوو، بەلام بە ئیجازە چووبوو بۆ تاران و ساتێک هەواڵی هاتنی سمکۆ گەیشتە تاران، شاهنشاە کە ڕەزاشا بوو بەپەلە فەرمانی دەرکرد کە سەرلەشکر مقدم دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ ئازربایجان و سمکۆ لەناو ببات.

کە سەرلەشکر مقدم ئەگاتە تەورێز ڕادەسپێرێ کە سەرهەنگ (هاشمی) کە فەرماندەی هێزی (سپهبان) بوو لەگەڵ فەرماندەی لەشکر بکەوێتە ڕێ. سەرلەشکر مقدم لە (شرەفخانە)وە ڕائەسپێرێت گوردانێکی پیادە خۆی ئامادە بکا و لەنێوەشەودا ئەگەنە (ورمیە-رضائیە) سەرهەنگ هاشمی ئەو گوردانی پیادەیە لەگەڵ خۆیدا ئەبا و لە دەوروبەری (قاسلمو)وە ڕوو ئەکاتە ئەو بەرزاییانەی کە بەسەر شاری شنۆدا ئەڕوانن و سێ استوار گروهبان ئەنێرن بۆ شنۆ بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەن کە تیمسار سەرلەشکر مقدم سبەینێ بۆ بینینی سمکۆ دەگاتە شنۆ.

ڕۆژی ٢٧ی مانگی تیرماه کە دانرابوو سەرلەشکر بۆ بینینی سمکۆ بگاتە شنۆ، دوای نیوەڕۆژی ئەو ڕۆژە سمکۆ لەگەڵ تاقمێک لە سوارەکانی و کوڕەکەی بۆ پێشوازیکردن لە سەرلەشکر مقدم ئەچنە دەرەوەی شار و لەوێ بۆ چاوەڕوانی پێشوازیکردن خۆیان ئامادە دەکەن، بەلام هەتا ئێوارە هیچ هەواڵێکی (مقدم) نابێ

که بگاته شنۆ، لەو کاتەدا ئاگادار ئەکرێن کە لەبەر ئەوەی ئوتومـوبیلەکەی مـقدم پەکی کەوتوە بۆیە هاتنەکەی خراوەتە ڕۆژی دوایی، بەو پێیە ئیسماعیل ئاغاش دەگەڕێتەوە بۆ شنۆ.

نووسەر لە لاپەڕە (٥٩٦)دا ئەڵێ: سەرهەنگ صادق خان ئەوەی کە مەبەستی بوو پێشەکی ڕێکی خستبوو وە چەند کەسێکی چەکداری لە شوێنێکی نەهێنیدا دانابوو کە ئەوانە بۆسەیان بۆ سمکۆ نابوەوە و ساتێک ئیسماعیل ئاغا گەیشتە کۆڵانەکە، لە باڵەخانەیەکەوە دەستڕێژی لێ کرا و گوللەیان پێوەنا و لەسەرەتادا هەوڵی دا بە برینداری خۆی دەرباز بکات، بەڵام کە تەماشای کرد کوڕەکەی بەجێ ماوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات، ئیتر گوللەیەکی تری پێوە ئەنرێ و ئەکوژرێ و هەر لەوێشدا خورشید ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکیش دەکوژرێ.

علی دهقان لەو لاپەڕەیەدا کە سەرچاوەی کتێبەکەی سروان احمد کاویان پوورەوە وەریگرتوە ئەڵێ: کە بەو دووربینەی سمکۆ کە بە ئەمانەت لای سەرهەنگ صادق خان دابنابوو، سەرهەنگ صادق خان بینیبووی ئەو نەفەرانەی کە لەپەنجەری باڵەخانەکەوە کە بەسەر جادەی کۆڵانەکەدا ئەیڕوانی و چاوەڕوانی گەیشتنی ئیسماعیل ئاغایان ئەکرد، هەر کە سمکۆ گەیشتە ئەو ماوەیەی کە گوللە بیگرێتەوە لە باڵەخانەکەوە دەستڕێژی لێ کرا (بەڵام لە تاریخ ارسباران سرهنگ بابیوردی) لە لاپەڕە (١٤٤)دا نووسیوێتی کە وا زانراوە سمکۆ لەلایەن استیوار محمدخان قرەداخی یەوە کوژراوە، لەکاتێکدا وەکو باسمان کرد کاک ئەحمەدی شەریفی لەکتێبەکەیدا وتویەتی ئیسماعیل ئاغا بە گوللەی سێهەمی (استوار اسماعیل) ناوێکەوە کوژرابوو (باسی سەرچاوەیەکی نەکردوە.)

علی دهقان لە لاپەڕە (٥٩٦)ی کتێبەکەیدا لەسەر باسەکەی ئەڕوا و ئەڵێ: هەر لەو کاتانەدا سرگورد هاشمی (جارێک بە سەرهەنگ و جارێک بە سەرگورد ناوی براوە.)، ئەو بەرزاییانەی گرتبوو کە بەسەر شانۆ شنۆدا ئەیڕوانی، وە توانیبووی بە شەو تاقمەکەی سمکۆ لە شنۆ بکاتە دەرەوە و ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانی تاقمی ئەشرار سێ جار هێرشیان هێنایە سەر شنۆ، بەڵام لەبەرئەوەی سەرگورد هاشمی بەرلەوە ئەو شوێنانەی گرتبوو کە بۆ پارێزگاریکردنی پێویست بوون، بۆیە تاقمەکەی سمکۆ نەیانتوانی لاشەکەی سمکۆ ببەنەوە.

نووسەر علی دهقان لە لاپەڕە (٥٩٧)دا ئەڵێ: جەنازەکەی سمکۆیان برد بۆ

ڕضائیە و بۆ ئەوەی خەڵک تەماشای لاشەکەی بکەن و یەکێک لە ژنەکانی سمکۆ کە لە ڕضائیە بوو کە چاوی بە لاشەکەی سمکۆ کەوت بەوەدا ناسیەوە کە لەکاتی خۆیدا مار دابووی بە پەنجەیەکیەوە و ئەویش ئەو پەنجەیەی خۆی بڕیبووەوە، کە دوو گرێی بڕیبوەوە، بەوەدا ناسیەوە و ئاشکرا بوو کە ئەوە لاشەی سمکۆ بوە.

لەدوای سێ ڕۆژ لاشەکەی سمکۆیان هەڵگرت و لە دەرەوەی (دەروازەی هەزاران) لە نزیک جۆگەئاوی (دهوار) لاشەکەیان ناشت.

بە کوشتنی سمکۆ بنەماڵەی سمکۆ تارومار بوون و یەکێک لە خێزانەکانی لە سنووری تورکیادا کوژرا و خێزانێکی تری لە تورکیا شووی کرد بە کوردێک و کوڕەکەی نێررا بۆ تاران و شاهنشاهی خوالێخۆشبوو (مەبەستی ڕەزاشا بووە) بە خێوی کرد و تەرتیب و تەعلیمی ئەو کوڕەی گرتە ئەستۆی خۆی کە لەپێشدا لە ئێران خوێندی و لەدواییدا نێررا بۆ ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن و لە ساڵی ١٣٣٦ی هجری شمسیدا لەلایەن دەوڵەتەوە بەپێی بڕیارێک مانگی هەزار تمەن بۆ کوڕەکەی بڕایەوە بەپێی بڕیاری مەجلیسی شورا و میللی و بێزاربوون و نارەزابوونی تیمسار (جهانبانی) وە چەند کەسێکی تر بەرامبەر بەو بڕیارەی مەجلیسی شورا هیچ کەڵکێکی نەگرت.

ئەو کوردانەی لەگەڵ سمکۆدا بوون هەندێکیان پەنایان بردە بەسەر خاکی تورکیا و عومەرخانی شوکاک کە بۆ ماوەی مانگێک لە کاتی خۆیدا دانیشتوانی ورمیەی خستبوە ژێر ئەشکەنجە و جەوری خۆیەوە دەستگیرکرا و ساڵەها لە بەندیخانەی (قصری قاجاری تاران)دا مایەوە و لە ساڵی ١٣٢٠ی هجیر شمسیدا ئەویش هەروەکو گیراوەکانی تر بەردرا و لە ناوچەی جێنشینی شوکاکەکان لەنێوانی ورمیە و سەڵماسدا جێگربوو وازی لەوە هێنا کە ئیتر هیچ سەرپێچییەک بەرامبە بە حکومەت بکات.*

لەڕاستیدا ئەوەی علی دهقان باسی کردوە کە گوایا ڕەزاشاه کوڕی سمکۆ بەخێو کردبێت هیچ سەرچاوەیەک باسی شتی وای نەکردوە و لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٢دا کە چوومە خزمەتی صفیەخانی کچی سمکۆ بە هیچ جۆرێک باسی شتی وا نەکرد کە برای وای هەبوویێت کە ڕەزاشاه بەخێوی کردبێت و ئەگەر مەبەست لە (خسرو)ی کوڕی سمکۆ بوویێت، هەرچەند لە وێنەکاندا کە لە دوارۆژی ژیانی سمکۆدا گیراون هەمیشە وێنەی ئەو کوڕەی لەگەڵدا بوە بەلام خسرو چۆتە تورکیا و

لەوێ لە کولیەی عەسکەری خوێندویەتی و بوە بە ئەفسەر لە سوپای تورکیادا و ئێستەش ماوە و تەقاعودە و لە ئەستەمبوڵ دەژی.

جگە لەوە (تمدن) لە لاپەڕ (٤١٣-٤١٦) کتێبەکەیدا باسی خسروی کوڕی سمکۆ کردوە کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەی علی دهقاندا یەک ناگرێتەوە و ئەوەی تمدن زۆر نزیکترە لە ڕاستی بەوەی کە خسرو چۆتە تورکیا و لەوێ بووە بە ئەفسەر. محمد تمدن لەو لاپەڕەی کتێبەکەیدا ئەڵێ: کە سمکۆ کوژرا، خسروی کوڕی سمکۆش بریندار کرا، بەڵام چەکدارەکانی سمکۆ توانییان خسرو بە برینداری دەرباز بکەن و بیگەیێننە دەرەوەی ئەو شوێنەی کە سمکۆی تیادا کوژرابوو (هەروەکو لە باسەکەی محمد تمدندا دوای ئەمە دەرئەکەوێت.)



وێنەی سمکۆ لەگەڵ سەرهەنگ صادق خانی فەرماندەی هێزی شنۆ کە نەخشەی کوشتنی سمکۆ ڕێک خستبوو، هەروەکو لە لاپەڕە (٥٩٦)ی کتێبەکەی علی دهقان (تاریخ رضائیه)دا پێشکەش کراوە.

دەربارەی کوشتنی سمکۆ لە (شنۆ)، محمد تمدن لەکتێبەکەیدا تاریخ رضائیە بەدووروودرێژی باسی چۆنێتی کوشتنی سمکۆی کردووە (کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لەو سەرچاوەوە باسی چۆنێتی کوشتنی سمکۆی کردووە بە کوردی و لە لاپەڕە (٣٩٢)دا بڵاوی کردۆتەوە.) بەپێی ئەوە محمد تمدن ئەڵێ: (کتێبەکەی لە کتێباخنەی جامعەی لندن-ساواس دا هەیە.)

لە ٢٧ی مانگی تیرماهی ساڵی ١٣٠٩دا (کە ساڵی هجری شمسی بوە و بەرامبەر ساڵی ١٩٣٠ی میلادییە)، لەکاتێکدا تورکەکان خەریکی سەرکوتکردنی عەشایرەکانی کورد بوون لە ناوچەکانی خۆیاندا، سمکۆ پاش ئەوەی تۆبەکردنی خۆی دەربڕی، داوای لێبووردنی لە کاربەدەستانی ئێران کرد و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ تاقمێک لە کوردەکانی هەکاری کە سەربە خۆی بوون هاتنە شنۆ و ملکەچی خۆی دەربڕی لەکاتێکدا لە فرۆفێڵ بەولاوە هیچ شتێکی تری مەبەست نەبوە (ئەوەی کە تمدن وتویەتی لەگەڵ چەند کەسێک لە کوردەکانی هەکاری هاتبوو، یا محمد تمدن بەهەڵدا چوە یاخود هەڵەی چاپەمەنی بوە، چونکە ئەوانەی کە لەگەڵیا هاتبوون (هەرکی)یەکان بوون نەک هەکاری، کە ئەو هەرکییانە بە سەرۆکایەتی خورشیدا ئاغا هاتبوونە شنۆ هەروەکو لە کتێبەکی علی دهقانیشدا باسکراوە.)

تمدن لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: کە سمکۆ هاتە شنۆ، چەند شەوێک میوانی سەرهەنگ صادق خان (فەرماندەی هێزی شنۆ بوە) ئەبێ وە داوا ئەکا کە لەگەڵ سەرتیپ (ظفرالدولە) یەکتر ببینن (کە سەرتیپ مقدم بوە) بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆکردن بۆ لێبووردنی و بەستنی پەیمانێک لەو ڕووەوە، بەڵام سمکۆ لەژێرەوە جگە لە بەجێهێنانی پلانێکی نیازخراپانە هیچ مەبەستێکی تری نەبوە.

(تمدن) کە لەو ڕۆژانەدا پەیامنێری ڕۆژنامەی (حبل المتین) بوە کە ڕۆژنامەیەکی فارسی بوە کە بە فارسی لە (کلکتا) دەرچوە، لە گەرمەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەدا لە ڕاپۆرتێکیا کە لە ژمارەکانی (٢٣-٢٤)ی ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٣٠ ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی چۆنێتی کوشتنی سمکۆی بەم جۆرەی خوارەوە باس کردوە:

"لە رضائیەوە:

ئاشنایانی مێژووی ئێران بەتەواوی ئەزانن کە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ لە یاخیبوە بەناوبانگەکانی ئازربایجانە و یەکێک بوە لە سەرکردەکانی (ئەشراری

طوائف الملوک) وه ماوەی بیست ساڵی تەواو ئازربایجانی کردبوو بە مەیدانی ڕاوڕووت و تاڵانی و سەرگرتنی ئامانجی هیوا ناپاکەکانی.

تاوێک لەگەڵ قشوونی قەیسەری ڕووس هەنگاوی ئەنا و لەگەڵیاندا بوە و زۆری پێ نەئەچوو زیانی بەوانیش ئەگەیاند و خیانەتی لێ دەکردن، ئنجا دوای ئەوە ئەچوە پاڵ قشوونی تورکەکان و دوای ئەوانیش لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی هەلپەرستی و فێڵبازی و ئامانجی خۆیەوە ئەیروانیە هەڵوێست و ڕووداوەکان زۆری نەئەبرد ئنجا ئەچوە ناو قشوونی ڕووسەکانەوە.

سمکۆ لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا دەستی کردەوە بە هەمان ڕەفتاری جارانیو زیانێکی زۆری گەیاند بە ورمیە و سەلماس و سابلاغی موکری وە بوو بە هۆی خوێنڕشتن و کوشتارێکی زۆر و ئەو هەڵوێستەی سمکۆ بەو جۆرە مایەوە هەتا لە مانگی تیرماهی ساڵی ١٣٠٩دا بە خۆی و (٢٠٠) سوار و پیادەی خۆیەوە هاتە شنۆ (وەکو لەپێشتردا باسکراوە کاک ئەحمەدی شەریفی ژمارەی ئەو چەکدارانەی سمکۆی گەیاندوە بە نزیکی (٦٠٠) کەس) وە پەشیمانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ڕەفتارەکانی رابردووی و داوای لێخۆشبوونی کرد لە شاهنشاهی پەهلەوی.

لەبەرئەوەی دڵنەرمی و بەزەیی شاهنشاهی پەهلەوی بەتوانا بەرامبەر بە هەموو چینەکانی میللەت شتێکی ئاشکرا و نەشاراوە بووە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەش کرا کە هاتنی ئەم جارەی سمکۆ بەرامبەر بەو هەڵوێستەی شاهنشاه بە نیازێکی پاک و ڕاستگۆیانە بێت، بەڵام دەرکەوت کە سەرلەنوێ لە ڕێگەی پێشوو جارانی لای نەداوە و خەیاڵی خیانەتێکی تازەی لە کەللەدا بوە و بۆ ئەوە هاتبوو کە ئاگری فیتنەیەکی تازە هەڵگیرسێنێتەوە.

ئەوە بوو فەرماندەی لەشکری (شیمالغەرب) کە سەرتیپ (ظفرالدولە) بوو بەو نیازەی سمکۆی زانی و دەستی کرد بە دانانی نەخشەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سمکۆ و فەرمانی بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە دەرکرد.

هەروەکو چۆن لەسەرەتاوە لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە هەموو شتێک ئامادەکرابوو حسابی بۆ کرابوو، وە لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی تیرماهدا بەتەواوی دەستی سمکۆ کەوتە ڕوو کە ئەیویست ئامانج و مەبەستە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام سمکۆ ئاگاداری ئەوە نەبوو کە وا هەل و مەرج و باری ئێستای ئیمڕۆی

ئێران زۆر جیاوازە لەگەڵ ڕۆژانی پێشوودا و، کاربەدەستانی ئێستای لەشکری شاهنشاهی ئاگاداری هەموو جموجووڵێکی خائینانن و ئەوەی لە دڵیانایە دەیخوێننەوە لەکاتێکدا و لە سەعاتی دەستنیشانکراودا کە سمکۆ بەتەمای ئەوە بوو خیانەت لە سەرهەنگ صادق خان بکات، نیزامیە ئازا و وریاکان کە ئاگاداری هەڵوێست بوون کەوتنە خۆیان و ڕووبەڕوویبوونەوە دەستی پێ کرد کە ئەمە هەتا سەعات (٤) درێژەی کێشا و سەرەنجام سمکۆ لەوەدا کوژرا و خسروی کوڕیشی بریندار بوو. چەکدارەکانی سمکۆ توانیان خسرو بە برینداری دەرباز بکەن (وەکو وتمان علی دهقان بە جۆرێکی تر باسی ئەوەی خسروی کردبوو کە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تمدن باسی کردوە.)

تمدن لەکتێبەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ:

ڕۆژی ٢٨ی مانگی تیرماه تەرمی سمکۆیان هێنایە ڕەزائیە و خەڵکی چەوساوە و زۆرلێکراو کە بە هۆی سمکۆوە تووشی زیانی گیانی و ماڵی بووبوون، لاشەکەی سمکۆیان لەو ئوتوموبیلەی کە پێی هێنرابوو پەلاماری ئوتوموبیلەکەیان دا و نرکەی هەورئاسایی خەڵکی و هاواری هەربژی شاهنشاهی پەهلەوی مەزن خلدالله ملکە و سلطانە (وا نووسراوە) و بژی فەرماندەی ئازا و گەورەی ئازربایخان و پایەدار بێت نیزامیان، بەو دەنگانە هەموو ناوشار ئەلەرزایەوە."

بەرلەوەی چەند سەرنجێکی خۆم دەربارەی ئەو باسەی تمدن دەربڕم، حەزمکرد باسی ئەو ڕۆژنامەی (حبل المتین)ەی کە تمدن باسی کردوە و خۆی پەیامنێری بوە، لە لاپەڕە (٤١٣)ی کتێبەکەی (تمدن)دا فۆتۆکۆپیەکی ڕۆژنامەی حبل المتینی بڵاو کردۆتەوە وە لە لاپەڕە (٣٢٧)یشدا وێنەیەکی سمکۆی بڵاو کردۆتەوە کە بەر لە کوشتنی سمکۆ بە چەند ڕۆژێک گیراوە، لەبەرئەوەی ئەو وێنەیەمان لەلایەن صفیەخانی کچی سمکۆوە دەستکەوتبوو بەرلەمە بڵاومان کردوە لەگەڵ ئەوەی علی دهقان لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە پێویست بەوەی محمد تمدن نەبوو.

کە محمد تمدن لە لاپەڕە (٣٢٧)دا لە ژێر وێنەکە نووسیوێتی:

شرح عکس دسته جمعی اسماعیل اقا سیمتقو قبل از کشته شدن:

١- اسماعیل اقا (سیمتقو) یکروز قبل از کشته شدن در اشنویه /مرداد/ ١٣٠٩ شمسی.

٢- سرهنگ صادق خان نوروزی (فەرماندەی پادگان شنۆ)

٣- کوڕی اسماعیل اغا که له کاتی کوشتنی سمکۆ لەگەڵیا بوه (مەبەستی خسروی کوڕی بوه)

٤- مبشر نظام اجودان (هنگ اشنویه)

٥- خورشید اغای هرکی




فۆتۆکۆپی رۆژنامەی (حبل المتین) که به فارسی له (کلکتا) دەرچوه و محمد تمدن هەواڵنێری ئەو رۆژنامەیه بوه و لەو راپۆرتەدا که لەو رۆژنامەیەدا بڵاوی کردۆتەوه وەکو باسکرا چۆنێتی کوشتنی سمکۆی ناردوه بۆ رۆژنامەکە.

پاش ئەو باسەی محمد تمدن و راپۆرتەکەیمان پێشکەش کرد که له رۆژنامەی (حبل المتین)دا بڵاوی کردەوه حەزمکرد چەند سەرنجێکی خۆم بەرامبەری دەرببڕم:

١- محمد تمدن، ئەو کابرایەیه که خاوەنی چاپخانه بوه له (ورمیه) و له باسی چالاکی رۆشنبیری سمکۆدا که بەرلەمه بەشێکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردبوو، که له ساڵ ١٩٢١دا سمکۆ ویستبووی رۆژنامەکەی (که لەپێشدا ناوی: رۆژی کورد شەوی عەجەم بوه و لەدواییدا گۆڕیویتی به رۆژی کورد و له کۆتاییدا هەر به ناوی (کورد)ەوه چەند ژمارەیەکی لێ دەرکردبوو، لەبەرئەوەی محمد تمدن لەو رۆژەدا نەیویستبوو ئەو رۆژنامەیه له چاپخانەکەی ئەودا چاپ بکرێت، بۆیه چاپخانەکەی بەجێ هێشتبوو. سمکۆ رۆژنامەکەی خۆی پێ دەرکردبوو که بێگومان ئەو قینەی پێش (٩)ساڵی لەمەوبەری هەر لەدڵدا بوه لەبەرئەوه بۆ تەسکینی دڵی خۆی رقی خۆی بەرامبەر به سمکۆ دەربڕیوه.

٢- محمد تمدن بۆ ڕەزامەندی شاهنشاهی ئێران و کاربەدەستانی ئێران و بەتایبەتی بۆ خاتری سەرهەنگ صادق خان و بۆ پینەکردنی ئەو ناپیاوییەی ئەو کاربەدەستانە، لەکاتێکدا کە بەڵێنیان بە سمکۆ دابوو کە هیچی لێ ناکەن و لەسەرەتادا پێشوازییان لێ کردبوو، کەچی لەژێرەوە پیلانی کوشتنیان بۆ ساز کردبوو، وە بۆ پینەکردنی ئەو تاوانە تمدن لەخۆیەوە و بەبێ هیچ بەڵگەیەک وتویەتی لەکاتێکدا کە سمکۆ خەریکی بەکارهێنانی تاوانی خۆی بوو بەرامبەر بە صادق خان، سەربازە ئازاکان دەستپێشیان لێ کرد و کوشتیان، لەکاتێکدا زۆربەی سەرچاوەکان بەئاشکرا باسی ئەوەیان کردوە کە هەر لەسەرەتاوە مەبەست لە بانگکردنی سمکۆ بۆ گفتوگۆکردن بۆ لەناوبردنی بوە.

٣- دەربارەی ئەوەی کە تمدن گاڵتەی بە سمکۆ کردوە و بە هەلپەرست و خۆپەرست ناوی بردوە وتویەتی هەر ڕۆژەی لەگەڵ دەوڵەتێکدا بوە، لەڕاستیدا سمکۆ بە هەر چوارپەل سەمای کردوە و تەقەلای داوە کە دۆست و لایەنگر بۆ خۆی و شۆڕشەکەی و میللەتەکەی دەستگیر ببێت و هەروەکو چۆن ئێران خۆی هەوڵی داوە ئەفسەری سویدی و ڕوس و بیگانەی تر بەکار بێنێت سمکۆش هەوڵی داوە سوود لە بێگانە وەربگرێ، بەڵام تەرازووی سیاسەتی دەوڵەتان هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستە زۆردار و خوێنڕێژەکانی دەزگاکانی تورکیا و ئێراندا بوون و هەموویان ویستویانە ڕەزاشای ئەو ڕۆژە بەهێز بێت و بەئاشکرا و بەنهێنی هەموو تەقەلای ئەوەیان داوە کە ئێران بەسەر شۆڕشی سمکۆ و کورددا زاڵ ببێت و سمکۆی بێ کەس و بێ دەریش لە هەر کوێیەک تەنها ترووسکەی هیوایەکی بەدی بکردایە هانای بۆ ئەبرد بۆ ئەوەی کورد لە جەور و ستەمی کاربەدەسانی ئێران ڕزگار بکات کە لاپەڕە ڕەشەکانی ئەو کاربەدەستانە لە ڕاوورووتکردن و تالانیدا ئەوەندە زۆرن بە سەد کتێبی وەکو ئەوەی تمدن ناشارێتەوە کەچی تمدن بۆ خۆی چێشتیش باسی یەکێکیانی نەکردوە.

نووسەرێکی تری ئێران (جعفر مهدی نیا) لە لاپەڕە (٥٦٧)ی کتێبەکەیدا باسی تەلگرافێکی سەرتیش حسن مقدمی کردوە کە باسی چۆنێتی کوشتنی سمکۆی ناردوە بۆ وەزارەتی جەنگی ئێران.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم لە لاپەڕەکانی (٢٩٥-٢٩٦)دا تەرجەمەی ئەو تەلگرافەی حسن مقدمی کردوە بۆ کوردی کە لە کتێبەکەی (مهدی نیا)دا باسکراوە.

تەلگرافەکە وتویەتی: (کە ڕۆژی ناردنی تەلگرافەکە ٣٠ تیرماهی ساڵی ١٣٠٩ هجری شمسی بووە.)

بۆ: وەزارەتی جەلیلەی جەنگ.

دوابەدوای ڕاپۆرتی ژمارە (٢٣٦٧) و تەلگرافی (٢٩٩٧) لەو ڕۆژانەوە کە بەندە هاتومەتە ڕەزائیە، لەو ڕاپۆرتانەوە کە دەربارەی سمکۆ ئامادە کراون دەرئەکەوێ کە سمکۆ خاوەنی بیر و ڕای ڕاست و دروست نیە و لەم سێ ڕۆژەی کە لە شنۆدایە، بەشێنەیی بەناوی دیدەنیەوە هەندێ کوردی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و ئامادەی ئەوە نەبوە کە بچێتە شوێنێک کە بکەوێتە ناو هێزەکانی لەشکرەوە و لە لایەکی تریشەوە درێژەپێدان بە گفتوگۆکردن لەگەڵیا شتێکی باش نەبوو، بێ سوود بوو، لەبەرئەوە شەوی ٢٧ی ئەم مانگە سێ ستوون بەم جۆرەی خوارەوەی لە ڕێگای جیاجیاوە نێرران بۆ شنۆ:

یەکەم: ستوونێک لە ڕەزائیە کە لە گوردانێکی پیادە و گوروهانێکی موسەلسەل پێک هاتوە.

دووهەم: گوردانێک لە سابڵاخەوە.

سێهەم: یەک ستوون سوار کە لە کەرتەکانی سواری لەبەر دەست ئەرکانی حەربی سیار لەشکر پێک هاتبوو وە لە تەوریزەوە لەگەڵ خۆمدا هێنابووم.

فەرمان بە (ساخلو)ی شنۆ درا کە ئاگاداری سمکۆ بن و چەکی بکەن و لە حاڵەتی یاخیبووندا خۆی و تاقمەکەی بکوژرێن.

هەروەکو واش لێکدرابوەوە، سمکۆ سەرپێچی کرد لەوەی کە بچێتە نێوانی لەشکرەوە و چەکیشی نەدا بەدەستەوە (وەکو لەپێشتردا لەوەی کاک ئەحمەدی شەریفیدا باسکراوە کە لە گفتوگۆیەکی ئاقای ئیبراهیمی و سمکۆدا باسی ئەوە کراوە کە سمکۆ وەرامی ئاقای ئیبراهیمی دابوەوە و وتبوی: پیاوی ژیر و دانا پێویستە نە دۆستی نیزامی بێت و نە پێوەندیشی لەگەڵیانا هەبێت بۆ وەرامی ئەو پرسیارەی کە ئیبراهیمی لێی کردبوو دەربارەی ئەوەی کە سمکۆ حەز ناکا لە هێزی چەکداری حکومەت نزیک بێتەوە.) لەبەرئەوە هێزەکەی ساخلو ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێنا و ستوونە نێرراوەکانیش کە بەگورجی جووڵابوونەوە لە ئێوارەی ٢٧دا شنۆیان دەورەدا و سمکۆ خۆی کوژرا و ژمارەیەکیش لە تاقمەکەی کوژران و بریندار بوون و ئەوانی تر هەڵاتن و ڕاونران.

تەلگرافەکەی لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ:

ئەوا بەشانازییەوە عرضتان ئەکەین کە کۆتایی بە ژیانی ئەم مرۆڤە موفسدجۆیە هێنرا...

بەم بۆنەیەوە جووڵانەوەی ئەو ستوونانەی ئەم عەمەلیاتەیان پێ سپێرابوو هەتا ڕادەیەک مایەی سەرنجڕاکێشان بوو.

دوو ستوونی پیادەی ڕەزائیە بە پێ، ماوەی دوازدە فەرسەخیان بە هەژدە سەعات بڕی و ستوونی پیادەی سابلاخ ماوەی دە فەرسەخ بە شازدە سەعات بڕی و ستوونی سوار بەوپەڕی خێرایی و باش ئەنجامیەوە توانییان بگەن بە ئەنجامی تەواوی فرمانەکەیان و، باشی و چاکی پەروەردەکردنی لە ژیانی نیزامیانی وەزیفەی یەک ساڵەدا بەتەواوی جێگیر کرد.

سەعات ٩ی ٩/٤/٢٧

ژمارەی تەلگراف ٢٤١١ سپار

ئیمزا

فەرماندەی لەشکری شمالغەرب

سەرتیپ حسن مقدم

نووسەرێکی تری کە سروان احمد کاویان پوورە لەکتێبەکەیدا تاریخ رضائیە لە لاپەڕە (١٧٥)دا وتویەتی:(٥٠)

چونێتی کوشتنی سمکۆ:

ساتێک ئیسماعیل ئاغا نامەیەکی ناردبوو کە حەز ئەکا چاوی بە سەرهەنگ (صادق خان) بکەوێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتردا، سەرهەنگ داخوازییەکەی سمکۆ قبوڵ ئەکا و سمکۆ کە لەو سنوورانە خۆی ئامادە کردبوو بە هاوکاری لەگەڵ خورشیدا ئاغای سەرۆکی هەرکی کە ئەویش یەکێک بوە لە پیاوخراپەکانی ئەو ناوچەیە، سەرهەنگ صادق خانی نوروزییان ئیغفال کرد و هاتنە شنۆ و بێجگە لەوە کە سمکۆ هاتە شنۆ ژمارەیەک لە عەشایرەکانی کورد پێوەندییان بە سمکۆوە کرد.

لەو کاتەدا سەرلەشکر مقدم کە فەرماندەی لەشکری سێی تەورێز بوو بە ئیجازە چووبوو بۆ تاران و هەر کە هەواڵی گەیشتنی سمکۆ گەیشتە تاران، مقدم ڕاسپێررا کە خۆی بچێت و بەرەنگاری سمکۆ ببێتەوە.

هەر کە سەرلەشکر مقدم گەیشتە تەوریز فەرمانی دا سەرگورد هاشمی کە هێزی سوارە ئامادە بکرێت و ساتێک گەیشتە (شرەفخانە) لە ڕەزائیەوە تەلگرافێکی پێ گەیشتبوو کە بەتالیۆنێک (گردان)ی پیادە ئامادە بکا.

سەرلەشکر مقدم و سەرگورد هاشمی نیوەشەو گەیشتنە ڕەزائیە و بەبێ پشوودان سەرگورد هاشمی ئەو بەتالیۆنە پیادەیەی کە لەگەڵ خۆیدا بردبووی لە ڕێگەی (قاسملو)وەوە ڕووی کردە بەرزاییەکانی شنۆ وە لەوێوە بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بەر لەمە ئامادەکرابوو تیمسار مقدم خۆی دواخست، وە لەڕاستیشدا بڕیار وانەبوو کە تیمسار مقدم خۆی بچێت. بەو جۆرە نەگەیشتنی تیمسار مقدم وای لە سمکۆ کرد کە بگەڕێتەوە ئەو خانوەی کە لێی بوو و سەرهەنگ صادق خان بەو دووربینە باشەی ئیسماعیل ئاغا کە لای سەرهەنگ صادق بوو وە بەئەمانەت لای دانابوو وە لەگەڵ چەند کەسێکدا لە باڵەخانەیەکدا کە پەنجەرەکەی ڕووبەڕووی جادە بوو دائەنیشت و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئیسماعیل ئاغا ئەکات.

ساتێک ئیسماعیل ئاغا گەیشتە ئەو شوێنەی کە حسابی بۆ کرابوو گوللە باش ئەیگرێتەوە گوللەیەک بە سمکۆوە نرا و بە بریندارکراوی خۆی کرد بە کۆڵانەکەدا و ویستی ڕابکا لەوکاتەدا کوڕە بچووکەکەی سمکۆ بەجێ مابوو، سمکۆ ویستی دەستی بگاتە کوڕەکەی و لەو گەڕانەوەیەدا گوللەیەکی تری بەرکەوت و سمکۆ کوژرا و لەدوای ئەو خورشیدا ئاغای هەرکیش کوژرا.

سەرگورد هاشمی کە بەرزاییەکانی شنۆی گرتبوو، بۆ شەو دەست و پێوەندەکەی سمکۆ ناوشاریان بەجێ هێشت و بەیانی چەکدارەکانی پەلاماری بنکەی سەربازەکانیان دا بەڵام شکان و لاشەکەی سمکۆ نێررا بۆ ڕەزائیە و لەوێ لاشەکەی سمکۆ بە هۆی یەکێک لە ژنەکانیەوە کە لە ڕەزائیە بوو ناسرایەوە لەدوای ئەوە لاشەکەی بۆ تەماشاکردنی خەڵک بۆ دوو سێ ڕۆژ مایەوە و لە دەرەوەی دەرگای ڕەزائیە لە نزیکی دیواری دەرگاکەوە نێژرا. (سروان احمد کاویان پوور لە لاپەڕەکانی (٦٣٣،١٧٨)دا دوو وێنەی سمکۆ و سەرهەنگ صادق خانی بڵاو کردۆتەوە کە هەروەکو ئەوانە وایە کە لەپێشتردا فۆتۆکۆپییان هەیە.)

نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب لە لاپەڕە (٤١)ی کتێبەکەیدا دەربارەی کوشتنی سمکۆ نووسیوێتی:(٣٩) "لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٠٩ی هـ.د (١٩٣٠ی میلادی) کێشەی نێوانی ئێران و تورکیا لەسەر هێڵی سنوور گەیشتبوە ئەوپەڕی توندوتیژی

سەرکردەی هێزی ئازربایجان بانگکرابوو بۆ تاران بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک بدات دەربارەی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە لە ئازربایجاندا (سەرچاوەکانی تر زۆربەیان وتویانە کە سەرکردەی هێزی ئازربایجان کە مقدم بوە بە ئیجازە چووبوو بۆ تاران وەکو لەپێشتردا باسمان کردون.)

لەکاتێکدا کە سەرکردەی هێزی ئازربایجان خەریکی گەڕانەوە بوو تەلگرافێکی نهێنی (بەشفرە) لە ئازربایجانەوە هات بۆ تاران کەوا ئیسماعیل ئاغا هاتۆتە ناو خاکی ئێرانەوە و لەگەڵ چەند چەکدارێکی خۆیدا هاتۆتە شنۆ.

ئەو هەواڵە بە ڕەزا شاە گەیەنرا و ئەویش ئەم جارە بڕیاری دا کە پێویستە بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوە نەدرێ سمکۆ خۆی دەرباز بکات.

نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب باسی چۆنێتی هاتنەوەی سمکۆی بەم جۆرە کردوە:(٤٢)

سەرهەنگ صادق خانی نوروزی کە حاکمی شاری شنۆ بوو (هەموو سەرچاوەکانی تر وتویانە صادق خان ئامێرهێزی پادگانی شنۆ بوە نەک حاکمی شنۆ)، بە نامەیەکی سمکۆ فریو ئەدرێ بە ناوی ئەوەوە کە سمکۆ بۆ ئەوە دێ کە خۆی تەسلیم بکا و بەو جۆرە ڕێگەی پێ ئەدرێ کە لە سنوورەوە بێتە ناوەوە و سمکۆ بەو پێیە لەگەڵ ژمارەیەکی سێ هەزار کەسی کوردی چەکدار دێتە شنۆ (سەیر ئەوەیە وەکو لەپێشتردا باسمان کردوە تمدن لەکتێبەکەیدا ژمارەی ئەوانەی کە لەگەڵ سمکۆدا بوون بە دوو سەد کەسی داناون، کاک ئەحمەدی شەریفی ئەو ژمارەیەی گەیاندۆتە ٦٠٠ چەکدار وەکو لەباسەکەیدا باسی کردوە، وا نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب ژمارەی چەکدارەکانی سمکۆی گەیاندۆتە (٣) هەزار چەکدار، یەعنی پازدە جار ئەوەندەی کە تمدن باسی کردەوە و پێنج ئەوەندەی کە ئەحمەدی شەریفی باسی کردوە، کە هیچ دوور نییە ئەوەی تمدن لە هەموویان ڕاستتر بووبێت، چونکە سمکۆ لەوپەڕی کزی و لاوازی و شکستیدا هاتوە بۆ شنۆ بۆ گفتوگۆکردن چوە نەک بۆ شەڕکردن وە نووسەرێکی تر کە ایبراهیمی صفائی بوە بە (٧٠٠) کەسی لە قەڵەم داون.)

نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب ئەڵێ: سەرتیپ مقدم کە قوماندانی هێزی ئازربایجان بوو بەخێرایی لە ڕۆژی جومعەدا ئەگەڕێتەوە بۆ تەورێز و تەلگرافێکی نهێنی (بە شفرە) کە لەلایەن سەرتیپ دوکتۆر علام حسین اعلەم، کە سەرۆکی

خستەخانە بوە کە بۆ زانینی هەواڵی سەلامەتی سەربازەکانی پادگانی شنۆ نێررابوو، ئەو دوکتۆرە تەلگرافێکی ناردبوو بۆ سەرتیپ مقدم وە پێی وتبوو کە سمکۆ ئەیەوێ لە شنۆ چاوی بە ئێوە بکەوێ، بەڵام لە تەلگرافەکەشیدا بۆی نووسیبوو کە ئەم کارە پڕە لە مەترسی.

سەرتیپ مقدم لە وەڵامی ئەو تەلگرافەدا پێی ئەڵێ:

لەبەرئەوەی من ئێمڕۆ تازە لەتارانەوە هاتوومەوە، لەبەرئەوە دوو ڕۆژی تر دێم بۆ شنۆ.

سەرتیپ مقدم سەرلەشکری هێزی ئازربایجان بە دەستوبردی بە سەرگورد باستی (نووسەر ئەڵێ: کە لەپێشتردا بە ملک الکتاب ناسراو بوە) کە فەرماندەی هێزەکانی مهاباد بوە دەستوور ئەدا کە بەبێ وەستان هێزەکەی بەرەو شنۆ بخاتە ڕێ و ڕۆژی یەکشەمە دەوروبەری سەعات (٢-٣)ی دوای نیوەڕۆ بچێت بەرزاییەکانی ڕووبەڕووی شنۆ داگیر بکات و هەمان دەستووریش ئەدات بە سەرهەنگ (ایزەدپەناە) کە فەرماندەی پادگانی ورمیە بووە و هەندێ سەربازی پیادەی تر لە ورمیە بە سەرکردایەتی سەرگورد (هاشمی) کە ئەویش بەرەو ئەوێ (شنۆ) بڕوات و سەرتیپ مقدم خۆشی بۆ فریودانی سمکۆ لۆرییەک کەرەسە و پێویست بۆ چێشتخانە لەگەڵ (١٢) کەسی هەڵبژێرراو لەژێر چاودێریی ستوار محمد قرەداخی کە نۆکەری تایبەتی سەرتیپ مقدم بوو ناردی بۆ شنۆ و دوو نامەی ئەهێنی دەنێرێت بۆ فەرماندەی پادگانی شنۆ بە سەرهەنگ صادق خاندا.

بەو جۆرە سمکۆ ڕۆژی یەکشەمە چاوەڕوانی گەیشتنی سەرکردەی هێزی ئازربایجان دەبێت. پادگانی شنۆ کە تەنها (١١٠) کەسی لێ دەبێت (وەکو لەپێشتردا باس کراوە کاک ئەحمەدی شەریفی وتبووی لە پادگانی شنۆدا تەنها پەنجا سەربازی لێ بوە.)، بەئەهێنی و بەدزییەوە لە دەماڵی دەوروبەری ئەو ماڵەی کە بۆ سمکۆ تەرخان کرابوو ئامادەکران.

لە سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ نامەی دووهەم ئەدرێ بە سمکۆ کە پێویستە خۆی بە تاقی تەنیا بچێتە ڕەزائیە، وە هەتا ئەو سەعاتە هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری شنۆ لەلایەن هێزە نێرراوەکانەوە گیرابوون.

هێزی سەرگورد هاشمی تووشی چەند سوارێکی کورد ئەبێت، کە بریتی بوون لە پاشەڕۆکی هێزەکانی سمکۆ کە بۆ ئەوە هێڵرابوونەوە و دواخرابوون کە ئەگەر هەر

مەترسییەک هاتە ڕێگەی سمکۆ زوو فریای بکەون و ڕزگاری بکەن، بەڵام چونکە ژمارەی لەشکرەکەی سەرگورد هاشمی زۆر دەبێت، ئەو سوارانەی سمکۆ کە چاویان پێیان دەکەوێت ڕادەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ سنووری عێراق.

لە سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە، کە سمۆ چاوەڕوانی هاتنی فەرماندەی هێزی ئازربایجانی دەکرد نامەیەک کە لەلایەن فەرماندەوە نێررابوو بە هۆی گوربانێک کە (سەرجنت) بوو ئەدرێتە دەست سمکۆ. کە سمکۆ نامەکە دەخوێنێتەوە هاوار ئەکات: فریودراوین. دەستوبرد دەمانچەکەی هەڵدەکێشێت و ئەینێت بە ناوچەوانی (سەرجنت)ییەوە، دوابەدوای ئەو تەقەیەی سمکۆ، سەربازەکانی پادگانی شنۆ کە خۆیان لە چەند ماڵێکی دەوروبەردا حەشار دابوو دەست ئەکەن بە گوللەباران و ئەو سێ هەزار چەکدارەی سمکۆ (ئای لەو درۆ زلە) هێرش دەبەن و هەوڵ ئەدەن خۆیان بگەیەننە بەرازییەکانی دەوروبەری شار، بەڵام ئاگربارانی هێزەکانی دەوڵەت کوردەکان ئەخەنە ناو خۆیانەوە و دنیا وردە وردە تاریک دەبێت و کوردەکان بەتەواوی ئابڵوقە دەدرێن. پاش کوشتنی سمکۆ ڕۆژی دوایی جەنازەی سمکۆیان بردە بەردەم فەرماندەی هێزەکانی دەوڵەت."

بەڕاستی ئەوی ئەو کتێبەی دوکتۆر نصراللە شیفتە (سێ مرد عجیب) بخوێنێتەوە، بۆی دەرئەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک ئەو کتێبە و کتێبە فارسییەکانی تر دوورن لەڕاستییەوە

چەند سەرنجێک دەربارەی ئەو کتێبەی دوکتۆر نصراللە شیفتە دێنەر بەرچاو:

یەکەم: وتویەتی کە هەواڵی هاتنی سمکۆ لەلایەن دوکتۆری خەستخانەکەی پادگانی شنۆوە نێرراوە بۆ سەرتیپ مقدم کە لەو ڕۆژانەدا تازە لەتارانەوە گەڕابووەوە، لەکاتێکدا سمکۆ بە نامەی صادق خان هاتۆتە شنۆ و هیچ گومان لەوەدا نییە کە صادق خان بەر لەو دوکتۆرە سەرتیپ مقدمی ئاگادار کردوە لە گەیشتنی سمکۆ.

بێجگە لەوە وەکو لەو کتێبەی سێ مرد عجیبدا باس کراوە گوایا سەرتیپ مقدم کە گەڕاوەتەوە بۆ تەورێز ئەوسا بە گەیشتنی سمکۆی زانیوە، لەکاتێکدا سەرچاوەکانی تر یەکێک وتویەتی کە بە ئیجازە چووبوو بۆ تاران و یەکێکی تر وتویەتی بۆ پێشکەشکردن ڕاپۆرت چووبوو بۆ تاران و هەر لەتارانەوە بە تەلگراف هەواڵی گەیشتنی سمکۆی پێ گەیشتبوو کە چوەتە شنۆ.

دووهەم: نووسەر باسی سێ هەزار چەکداری سمکۆی کردوە کە لەگەڵیا چووبوون بۆ شنۆ کە وەکو وتمان تمدن (کە خۆی ئاگاداری ڕووداوەکانی بوە و ماوەیەک خاوەن چاپخانە بووە و سەردەمێک هەواڵنێری ڕۆژنامەی حبل المتین بوە و هەتا ڕادەیەک نووسینەکانی ئەو لە سەرچاوە نزیک باوەڕپێکراوەکان ئەژمێرری ژمارەی چەکدارەکانی سمکۆی بە دووسەد کەس داناوە.

لام وایە ئەگەر سمکۆ لەو ڕۆژەدا لە شنۆ خاوەنی سێ هەزار چەکدار بوایە، نەک بەو هێزانەی کە سەرتیپ مقدم کۆی کردبوونەوە و ناردبوونی بۆ شنۆ، بەڵکو بەو دوو ئەوەندەی تریش نەیاننەتوانی ئەو کارەساتە بەسەر سمکۆ و بەسەر هێزەکەیدا بهێنن و ئەو سێ هەزار چەکدارەی سمکۆ لەدوای کوشتنی سمکۆ هەروا بەئاسانی وازیان لەو هێزەی حکومەت نەدەهێنا و وایان لێ دەکردن کە با بە دەواری شڕی نەکردایە.



• وێنەی جەنازەی سمکۆ لە دوای کوشتنی لە لاپەرە (١٤٣)ی یاداشتەکانی ئیحسان نوورییەوە وەرگیراوە



وێنەیەکی تری سمکۆ کە سەربازێکی ئێراتی دوای کوشتنی سمکۆ بە قژ سەری سمکۆ بەرز ئەکاتەوە بۆ ئەوەی دەموچاوی دەر بکەوێ لە کاتی فۆتۆگراف گرتنیا.

دەربارەی کوشتنی سمکۆ لەلایەن حکومەتی ئێران لەدوای ئەوەی کە لە ناوچەی (شنۆ) بۆسەیان بۆ نابوەوە، ڕۆژنامەی تایمس (TIMES) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٢ی حزیرانی ساڵی ١٩٣٠دا هەواڵی کوشتنی سمکۆی بڵاو کردۆتەوە کە نووسیویەتی:
مراسلەکەمان لەتارانەوە ڕۆژی ١٩٣٠/٦/٢١ ئەم هەواڵەی خوارەوەی بۆ ناردوین:
دائرەی وەزارەتی حەربی ئێران کوشتنی سمکۆی سەرکردەی شوکاکی بڵاوکردۆتەوە، ئەو سمکۆیەی کە لە ساڵی ١٩٢٢دا گەلێک ئاژاوەی نابوەوە و بووبوو بە هۆی گەلێک کێشە لە ناوچەکەیدا و بەرلەوە لە ساڵی ١٩٢١دا لە سابڵاغ کوشتارێکی زۆری لەو چەندردمە ئێرانیانە کرد کە بە دیل گیرابوون.
لە مانگی ئابی ١٩٢٧دا قەڵاکەی سمکۆ لە (چهریق) لە لایەن هێزی ئێرانەوە داگیر کرابوو وە ناچار کرابوو کە پەنابەرێتە سەر سنوورەکانی تورکیا.
دوا سەرچاوەی کە بۆ باسی چۆنێتی کوشتنی سمکۆمان هەڵبژاردوە بریتیە لە کتێبی پنجا خاطره از پنجا سال، نووسینی ابراهیم صفائی کە نووسەر لە لاپەڕەکانی (٥٣-٥٩)دا ئەڵێ:(٣٩)

له مانگی گولانی سالّی ١٣٠٩هـ.شمسی (ڕێکەوتی ١٩٣٠)دا شاری سەلّماس کەوتە بەر بوومەلەرزەیەکی سامناک و کاولکەر کە ئەو بوومەلەرزەیە زیانێکی زۆری گەیاند بە شارەکە دوکتۆر (ئەمیر ئەعلەم) کە دوکتۆری هێزی سوپا بوو، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بوومەلەرزەی ئەو ناوچەیەی پێ سپێرابوو (کە لە کتێبی سێ مرد عجیب نووسینی دوکتۆر نصرالله شیفتەدا وەکو لە پێش ئەمەدا باسمان کرد بە سەرتیپ دوکتۆر علام حسین اعلم ناوی بردوە و وتویەتی سەرۆکی خەستەخانەی سەربازخانەی شنۆ بوە و ئەو بوە کە تەلگرافی ناردبوو و بۆ سەرتیپ مقدم دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆ شنۆ)، کە لەو ڕاپۆرتەدا کە ئامادەی کردبوو بە کارەساتێکی تۆقێنەر و سامناک ناوی هێناوە و نووسیوێتی:

جوولانەوە و زەوی لەرزە هەر بەردەوامە و هەموو دەقیقەیەکیش ڕووخان و تێکدانی ناوچەکە لە پەرەسەندندایە.

سمکۆش کە موڵکەکانی بە زۆری لە سەلّماسدابوو کاول بووبوو وە خزم و کەسوکارەکانی بە هۆی ئەو بوومەلەرزەوە گیرۆدەی بەلاّ بووبوون و سمکۆش لەو ڕۆژانەدا نامەیەکی نووسیبوو بۆ سەرهەنگ صادق خان فەرماندە و سەرۆکی سەربازخانەی شنۆ وە داوای لە سەرکردەی لەشکری باکووری ڕۆژئاوا (کە لە کتێبە فارسییەکاندا بە شمالغەرب ناوبراوە) کرد کە دەوڵەتی ئێران بۆ سەردانی موڵکەکانی و کەسوکارە لێقەوماوەکانی و بتوانێت بچێت بە دەنگیانەوە کە وایان لێ هاتبوو زۆربەیان لەژێر دار و پەردووی خانوە ڕووخاوەکاندا مابوونەوە.

سەرکردەی لەشکری باکوری خۆرئاوا سەرتیپ حسین مقدمی خەڵکی مەراغە (ظفرالدولە) وەرامی نامەکەی سمکۆی دابووەوە بەبێ ئەوەی کە باسی لێبووردن و لێخۆشبوونی بکات بۆی نووسیبوو کە دەوڵەت ڕێگەی ئەدا بگەڕێتەوە و لەو نامەیەدا بەڵێنی یارمەتیدانیشی پێ درابوو.

ئەو نامەیە بە هۆی سەرکردەی سەربازخانەی شنۆوە نێررا بۆ سمکۆ (کە صادق خان بوە) وە جگە لەو نامەیەی بۆ سمکۆ نێررابوو نامەیەکیش نێررابوو بۆ ئامۆژگاریکردنی دەربارەی ڕێنوێنی ئەو سەرکردەیە.

سمکۆ لدوای وەرگرتنی ئەو نامەیە (٤٠٠) سوار و (٣٠٠) پیادەی چەکداری ڕێک خستوو لەگەڵ خۆیدا هاتنە شاری شنۆ و سەرکردەی سەربازخانەکە چوو بە پیریانەوە و خانوویەکی گەورەشی بە هەموو کەرەسە و پێویستیەکی ژیانەوە بۆ

تەرخانکرابوو.

نووسەر ئەڵێ: بەڵام سمکۆ ئەیویست بچێت بۆ سەڵماس بۆ سەردانی خزم و کەسوکارە لێقەوماوەکانی و بۆ سەیری موڵکە وێرانبوەکانی. لەپاش چەند ڕۆژێک پێشوازیلێکردن و میواندارێتی، سەرکردەی سەربازخانەی شنۆ (کە سەرهەنگ صادق خان بوە) بە سمکۆی ڕاگەیاند کە سەرکردەی لەشکری ئازربایجانی خۆرئاوا دێت بۆ دیدەنیکردنی (سمکۆ) لە شنۆوە ئەو سەرکردەی سەربازخانەیە تکای لە سمکۆ کرد کە ئەویش لەو ڕۆژەدا بچێت بۆ پێشوازیکردن لە سەرکردەی لەشکر (کە مقدم بوە وەکو لە سەرچاوەکانی تردا باسکراوە.)

سمکۆ ئەو داخوازییەی قبوڵ کرد و بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی مانگی تیرماهی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٠ سمکۆ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیا کە یەکێک لەوانە خورشید بەگی سەرۆکی خێڵی کوردی هەرکی بوو (نووسەرانی تر هەموو بە خورشید ئاغا ناویان بردوە) کە دەستەیەکی پەنجا سواری چەکدار بوو هەموویان لەگەڵ سەرکردەی سەربازخانەی شنۆدا (صادق خان) کە ئەویش چەند سەربازێکی چەکداری لەگەڵدا بوو هەموویان بەرەو (ورمیە) بەڕێ کەوتن و سمکۆ کوڕە شازدە ساڵەکەشی لەگەڵدا بوو (کە بەو پێیەی ئەبێ خسرو کە لە ساڵی ١٩٣٠دا شازدە ساڵ بوو بێت ئەبێ ئێستە کە تەقاعودە و لە ئەستەمبوڵدا ماوە و ئەژی ئەبێ تەمەنی (٨٠) ساڵی بێت (لە ساڵی ١٩٩٤دا) دوای ئەوەی چەند کیلۆمەترێک لە شار (شنۆ) دوور کەوتنەوە، سوارێک بەپەلە دەگات و بە سەرکردەی سەربازخانەی شنۆ ڕادەگەیەنێت کە ئوتوموبیلەکەی سەرکردەی لەشکری ئازربایخان لە ڕێگا پەکی کەوتوە، لەبەرئەوە سبەینێ بەیانی ئیجان دەگاتە لایان.

دوای ئەوەی سەکردەی سەربازخانەی شنۆ ئەو هەواڵە ئەگەیەنێت بە سمکۆ، ئیتر بڕیار ئەدەن کە بگەڕێنەوە بۆ شنۆ بۆ ئەوەی سبەینێ جارێکی تر بۆ پێشوازییکردنی سەرلەشکر دووبارە بکەونەوە ڕێ.

سەرکردەی سەربازخانەی شنۆ (کە وەک وتمان صادق خان بوە) بە بیانووی ئەوەی کە ئەیەوێ لە ڕێگا سەردانێک بکا بۆ یەکێک لە بنکەکانی سەربازی لە سمکۆ جیا دەبێتەو سمکۆ و هاوڕێکانیشی بەرەو شنۆ دەگەڕێنەوە کە لەو کاتانەدا دەیان سەربازی چەکدار لە ناو چەند سەنگەرێکی ئامادەکراوی ئەمبەرەوبەری سەرە ڕێگا کە خۆیان حەشار دابوو وە بۆسەیان بۆ سمکۆ نابوەوە.

سمکۆش که باڵابەرز و چوارشانه بوو سێ ڕیز فیشەکلغی بەقەدیەوە بەستبوو، دوو ڕیزیش ڕاست و چەپ لەسەر شانیەوە بۆ سنگی تا ناوقەدی، سەربەستەکەی بە دەستووری کوردانه گەورە و ئاوریشمین بوو، هەروەک قارەمانێکی ئەو ناوچانە دەهاتە بەرچاو و بە هەیبەتەوە لەسەر زینی ئەسپەکەی دانیشتبوو، لەناکاودا وێنەگرێکی لێ پەیدا بوو، وێنەگرەکە بە کامێرا و سێپیاکەیەوە هاتە بەردەمی سمکۆ و کڕنووشێکی بۆ برد و تکای کرد کە ڕێگەی بدا وێنەیەکی ئەو سەردارە ئازا و بەجەرگە بگرێت هەر بەو شێوەیە کە بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو، سمکۆ لەوەدا دوودڵ بوو بەڵام لەئەنجامدا لەبەر زۆرپێداگرتنی کابرای وێنەگر ڕازی بوو. بەبێ ئەوەی هیچ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو وێنەگرە لەو ڕۆژەدا بە کامێرا و سێپاوە لەو دەشتەدا چی ئەکا و لەکوێوە لەو کاتەدا سەری دەرهێناوە.

سمکۆ بۆ گرتنی وێنەکە لغاوی ئەسپەکەی توند کرد و ڕاوەستان و خۆشی زۆر بە ڕێکوپێکی و بەهەیبەتەوە لەسەر زینی ئەسپەکەی دانیشتبوو، سواران و یارانی سمکۆش هەموو سەرنجیان لای ئەو وێنەگرە بوو، هەر لەو چرکاندنی کامێرایەدا کە وێنەگر لە پشت سێپا و کامێراکەیەوە بوو وە سەری کردبوو بە ژێر پەردە ڕەشەکەی کامێراکەدا وای کردبوو کە هەموان تەنها هەر سەرنج بدەنە ئەو و لەناکاو لە سەنگەرەکانی قەراغی جادەکەوە سەدان گولله ئاراستەی سمکۆ کرا و خورشید ئاغا و سیازدە کەسی تر لە سوارەکانی سمکۆ دەسبەجێ کوژران و باسک و ڕانی سمکۆ گوللەی بەرکەوتبوو، بریندار بووبوو، بەڵام هێشتا لەسەر زینی ئەسپەکەی مابوو وە هاتبوە دەست و تەقەی دەکرد بەڵام پاش نیو سەعات شەڕکردن و بەربەرەکانی خوێنێکی زۆر لە لەشی ڕژابوو لەسەر ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی تەقەکە کابرای وێنەگر ون بوو، بەڵام کامێرا و سێپاکەی هەر لە شوێنی خۆیدا مابوو.

کوڕەکەی سمکۆ (مەبەستی خسرو بوە) و ژمارەیەکی زۆر لە سوارەکانی تر بۆی دەرچوون و هەر لەوێوە خۆیان گەیاندە ئەودیو سنووری ئێران (خاکی تورکیا)، چەند کەسێکی تریش لە چەکدارەکانی سمکۆ، چ پیادە و چ سوارە کە لە شنۆ بوون، ئاگاداری ئەم ڕووداوە نەبوون بە دەستی سەربازەکانی گاردی شنۆ لەپاش نەختێک بەرگریکردنی چەک کران کە دیارە ژمارەیەکیش لە سەربازەکانی دەوڵەت کوژران و بریندارکران.

نووسەر ئەڵێ:

بەو جۆرە کێشەی سمکۆ کۆتایی هات و سنوورەکانی ئێران ئارام بوونەوە، بەڵام هەر لەو ڕۆژەدا کە سمکۆ کوژرا فڕۆکەکانی تورکیا هاتنە سەر ئاسمانی خاکی ئێران و لە دەوروبەری شاری سەلماس و ورمیە چەند چادرێکی خێڵی (جەلالی)یان بۆردومان کرد، (فروغی) کە وەزیری دەرەوەی ئێران بوو بەرامبەر بەو کارەی تورکیا بەتوندی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە تورکیا دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش وەڵامی دایەوە کە ئەو فڕۆکانە بەهەڵەدا چووبوون.

لاوەکانی عەشیرەتی هەرکی (دیوی عێراق) بۆ تۆڵەسەندنەوەی خورشید ئاغا و خزمەکانی سمکۆش بۆ ماوەیەکی زۆر لە سنوورەکان خەریکی دەستدرێژیکردن بوون بەڵام سوپای ئێران بەهێز بوو، ئەوانە بەرگەی ئەو هێزەی ئێرانیان نەدەگرت، دەوڵەتی عێراقیش بەرامبەر بە کوشتنی خورشید ئاغای هەرکی نارەزایی لە حکومەتی ئێران دەربڕی و داوای دوو هەزار لیرەی ئاڵتوونی لە حکومەتی ئێران کرد لە بریتی خوێنی خورشید ئاغا. لەوەرامدا حکومەتی ئێران وتی: خورشید ئاغا هەتا ئێستە چەند جارێک شنۆی تالانکردوە و ئەبێ لە ماڵ و موڵکەکانی خورشیدا ئاغا زەرەر و زیانی خەڵکی شنۆ بدرێتەوە.

بەڵام ئەم ناکۆکی و نارێکیانەی کە پێوەندییان بە کاروباری سنوورەکانەوە هەبوو لەدوای سەفەری مەلیک فەیسەڵی پادشای عێراق بۆ تاران لە مانگی گوڵانی ١٣١١ی قمری شمسی ڕێکەتی ساڵی ١٩٣٢وە سەفەری ڕەزا شا بۆ تورکیا لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠١ی ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٤ ئیتر کۆتایی بە هەموو نارێکییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق و تورکیادا هات.

## چەند سەرنجێک دەربارەی کوشتنی سمکۆ:

لە کۆتایی ئەم بەشەدا بۆ چونێتی کوشتنی سمکۆ تەرخان کراوە خوێنەری بەڕێز بەئاشکرا چەند ڕاستییەکی بە شێوەیەکی زەق دێتە بەرچاو و بۆی دەرئەکەوێ کە ئەو باس و کتێبانەی کە لەلایەن نووسەرە فارسەکانەوە دەربارەی کوشتنی سمکۆ تۆماریان کردوە پڕن لە درۆ و دەلەسە و لادان لە ڕاستی و بە پێچ و پەنا و بە پینەکردن ویستویانە ڕەفتاری کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بشارنەوە و ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێران پێیان خۆش بوە بەو جۆرە باسەکانیان نووسیوە و خوێندەوار

لە ڕێبازی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە تمدن و علی دهقان و مکی و نصراللە شیفتە و سروان کاویان پوور و ئەوانی تر چاپیان کردوە و بڵاویان کردۆتەوە هەموو ڕێبازێکی بازرگانییان گرتۆتە بەر و نەیانویستوە دڵی کاربەدەستانی ئێرانیان بشکێنن و خوێندەواری و ڕیا و بیرتیژ بەئاسانی بۆی دەرئەکەوێ کە زۆربەی ئەو باسانەی دەربارەی سمکۆ و شۆڕشەکانی و چونێتی کوشتنی نووسراون هیچیان بە مەبەستێکی پاک نەنووسراون و هەر یەکەیان بە شێوەیەک هەوڵی داوە لە نووسینەکەیدا بیانوو بدۆزێتەوە بۆ پینەکردنی ئەو تاوانانەی کاربەدەستانی ئێران کردویانە و ئەو جۆرە نووسیانەنە هەروەکو ڕەفتارەکانیان چۆن هەمووی خواروخێچ و ناجوامێرانە بوە کە هەروەکو خۆیان پێیان وتوە (لطایف الحیل) کە لە سیاسەتدا پێی ئەوترێ ڕێبازی (مکیاڤیلی) کە فەلسەفەکەی بریتیە لەوەی ئەو شتەی کە ئەتەوێ بێتە دی و سەر بگرێ هیچ شەرم و شووڕەیی پێ ناوێ و دەم و دەستت مەپارێزە و ئابروو و شەرم و حەیا و نامووس و بەڵێن و پەیمان و سوێندی درۆ بە خوا و بە پێغەمبەر و بە ئاین و بە هەموو موقەدەسات هەمووی پێ شێل بکە و گوێ مەدەرە ڕەخنە و توانج و سەرزەنشت و گوێ مەدەرە دڵەلەرزەی ویژدان، ئەمانە هەمووی پرۆگرام و ڕەوشتی کاربەدەستانی ئێران بوە هەر لە کۆنەوە کە بەئاسانیش لێی لانادەن. لەگەڵ ئەو هەموو بێنە و بەرە و درۆ و دەلەسە و پینە و پەڕۆ و بیانووگرتن و لە ڕاستی لادانانەی کە لەو کتێبانەدا دەرئەکەوێ، ڕاستییەک هەیە کە تەنها مرۆڤی بە ویژدان لەوەدا دانی پیادا دەنێت ئەویش ئەمەیە کە سمکۆ لەو چوونەی دواییدا بۆ شنۆ بە هیچ مەبەستێکو بۆ هیچ مەرامێکی شەڕفرۆشانە نەچوە بۆ شنۆ و سمکۆ گەیشتبوە ئەوەی کە ئیتر ئەو دەسەڵات و توانایەی جارانی نەمابوو کە بتوانێت ڕووبەڕووی سوپای ئێران ببێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕەزاخان توانیبوی لەشکرەکانی ئێران ڕێک بخات و پڕ چەکیان بکات و سمکۆش دەرسی لە ڕابردوو وەرگرتبوو، ئەوەی خستبوە بەرچاو کە جارەها ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانەی کە لە کاتی بەهێزبوونی سمکۆدا هاوکاریان لەگەڵدا ئەکرد، هەر کە بۆیان دەرئەکەوت حکومەت بەهێزە و سمکۆ ئەشکێت، ئەوانە دەستبەجێ دەستبەرداری سمکۆ ئەبوون و لە کۆڕی شەڕدا بەجێیان ئەهێشت، لەبەرئەوە سمکۆ ئەیویست ئەو چەند ساڵەی کە لەژیانیا مابوو لەناو موڵکەکانی خۆیدا و لەگەڵ کەسوکاریا بەئاساییشی بژی ئەگەر درندەکانی ئێران و ڕاوڕووتکەر و چاوچڵێسە کاربەدەستەکانی حکومەتی ئێران

وازی لێ بێنن، بەڵام دەرکەوت کە کاربەدەستانی ئێران لەو چوونەی سمکۆدا بە هەلیان زانیوە و ویستویانە لەناوی ببەن و نووسەرانی فارس لەو درۆ و دەلەسانەی کە دەربارەی سمکۆ ڕێکیان خستوە کە گوایا سمکۆ بۆ ئەوە گەڕابووەوە ئاژاوەیەکی تر و شۆڕشێکی تر بنێتەوە هەمووی درۆ و دەلەسە بوە.

لەکۆتاییدا حەزمکرد ئەم چەند سەرنجەی خوارەوە دەربارەی لەیەکنەچوونی نووسەرە فارسەکان دەربارەی کوشتنی سمکۆ بخەمە بەرچاو کە بێگومان خوێنەری بەڕێز بێجگە لەو سەرنجانە گەلێک سەرنجی تریشی دێتە بەر چاو لەدوای خوێندنەوەی سەرچاوەکان.

سەرنجەکان:

١- دەربارەی هۆی چوونی سمکۆ بۆ شنۆ کە لەو چوونەیدا کوژرا:

أ- هەندێ لە نووسەران وتویانە کە سمکۆ نامەی ناردبوو بۆ سەرهەنگ صادق خان و لەوەدا دڵسۆزی خۆی دەربڕیبوو و بەرامبەر بە حکومەت و داوای کردبوو کە لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا بکەوێتە گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی حکومەت لێی خۆش بێت لەپاش ئەوەی پەشیمانی خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر بە کردەوەکانی جارانی و بۆ ئەوەی لەناو موڵکەکانی خۆیدا بەئاساییش بژی.

ب- بەڵام ئیبراهیم صفائی، باسی ڕوودانی بوومەلەرزەیەکی کردوە کە لەو بوومەلەرزەدا موڵکەکانی سمکۆ لە (سەڵماس) هەمووی وێران بوە و ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسوکاری سمکۆ بەهۆی ئەو بوومەلەرزەوە تووشی زیان وماڵکاولی بووبوون و سمکۆ ویستبوی حکومەتی ئێران لێی خۆش بێت کە بچێت سەر لەو خزم و ماڵ و موڵکەی بدات، بەڵام وەکو هەندێک لە نووسەرانی فارس لە باسەکانیانا بۆ پینەکردنی ئەو تاوانی کوشتنەی سمکۆ وتویانە سمکۆ بە نیازێکی پاک نەهاتبوو وە ویستبووی کارێکی خیانەت بکات بۆیە سەربازەکانی حکومەت دەستپێشکەرییان کردبوو کوشتبوویان.

٢- دەربارەی ژمارەی ئەو چەکدارانەی کە لەگەڵ سمکۆدا هاتبوون بۆ شنۆ: بێگومان سمکۆ لەو ڕۆژانەدا لەوپەڕی لاوازیدا بوە و هێزی حکومەت لەوپەڕی پڕچەکی و ڕێکوپێکی لەشکرەکانیا بوە، لەبەرئەوە بڕوا ناکەم سمکۆ لە چەند کەسێکی خزم و کەسوکاری بەولاوە زیاتر کەسی تری لەگەڵدا بووبێت و دوای ئەوە خورشیدا ئاغای هەرکیش بە چەند چەکدارێکیەوە لەگەڵیا هاتوە. بێجگە لەوانەش

هەروەکو ڕەوشتێکی عەشایری کە سمکۆ چۆتە شنۆ لەوێ ئاسیا و ئاشنای بوە و ئەوانە بۆ سەردان چوونە تەلای و دوور نییە هەندێک لەوانە شەرمەزاری ڕەفتاری پێشوویان بووبن بەرامبەر بە سمکۆ کە لە کاتی خۆیدا لێی دوور کەوتبوونەوە و یارمەتییان نەدابێت، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو ژمارانەی لەو سەرچاوانەدا باس کراون بەشێکی ئێجگار زۆری دووره لە ڕاست.

ا- محمد تمدن ژمارەی هەموو چەکدارە سوار و پیادەکانی سمکۆی بە (٢٠٠) نەفەر دانەوە.

ب- کاک ئەحمەدی شەریفی ژمارەکەی گەیاندوە بە نزیکی (٦٠٠) چەکدار.

ج- ابراهیم صفائی بە (٧٠٠) چەکدار کە (٤٠٠) سوار و (٣٠٠) پیادە بوون.

د: بەلام دوکتۆر نصرالله شیفتە ژمارەی ئەو چەکدارانەی کە لەگەڵ سمکۆدا بوون بە (٣) هەزار چەکداری لە قەڵەم داون کە ئەمەیان ئێجگار دوور بوە لە ڕاستی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە باسی ئەو سەرچاوەیەدا ڕوونمان کردۆتەوە.

٣- دەربارەی چوونی سەرتیپ مقدم بۆ تاران و گەڕانەوەی:

أ- سروان احمد کاویان پوور لەکتێبەکەیدا وتویەتی کە سەرتیپ مقدم بۆ ئیجازە چووبوو بۆ تاران وە لەوێ کە هەواڵی گەیشتنی سمکۆ بۆ شنۆ گەیشتە تاران دەمودەست گەڕایەوە بۆ تەورێز هەروەها علی دهقانیش لەکتێبەکەیدا هەروای باس کردوە.

ب- نووسەری کتێبی سێ مرد عجیب کە دوکتۆر نصرالله شیفتەیە، وتویەتی سەرتیپ مقدم بە نیشی ڕەسمی چووبوو بۆ تاران بۆ ئەوەی لەوێ ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات بە کاربەدەستانی خۆی دەربارەی هەلوێستی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکانی ئازربایجاندا و ساتێک سەرتیپ مقدم لە تاران ئەبێت دەمو دەست ڕەزاشاه سەرتیپ مقدم ڕادەسپێرێت کە ئەم جارە ڕێگەی ئەوە نەدا کە سمکۆ بەسەلامەتی دەرچێ و خۆی ڕزگار بکات. کەواتە هەر لەبەر بووره و بەرلەوەی هیچ شتێک ڕوویدابێت ڕەزاشا و سەرتیپ مقدم و کاربەدەستانی تری ئێران بڕیاری لەناوبردنی سمکۆیان دابوو.

ج- نووسەری کتێبی پەنجا خاطره از پنجا سال، کە ابراهیم صفائیە، لەباسەکەیدا وا دەری ئەخا کە سەرتیپ مقدم وەختێک بە هاتنی سمکۆی زانیوە بۆ شنۆ کە تەلگرافێکی لەلایەن دوکتۆر علام حسین اعلم کە لێپرسراوی خەستەخانەی پادگانی شنۆ بوە پێ گەیشتوە.

٤- دەربارەی چۆنێتی کوشتنی سمکۆ:

ابراهیم صفائی لەکتێبەکەیدا پنجاه خاطره از پنجا سال وتویەتی کە سمکۆ گەڕایەوە بۆ شنۆ دوای ئەوەی هاتنی سەرتیپ مقدم دواخرا بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕێگا کابرایەک بە خۆی و کامیراکەیەوە بۆ سمکۆ ڕاوەستا و لەکاتی ڕەسمکرتنیا لە سەنکەرەکانی سەر ڕێگەی گەڕانەوەی سمکۆدا کە ئەو چەکدارانە بۆ ئەو مەبەستە ئاگادار کرابوون دەستڕێژیان لە سمکۆ کردوە و کوشتویانە.

ب- سروان احمد کاویان پوور و چەند نووسەرێکی تر وتویانە کە سمکۆ گەڕایەوە بۆ شنۆ لە دەوروپشتی ئەو خانووەی کە بۆ سمکۆ تەرخان کرابوو لە پەنجەرەی باڵەخانەی یەکێک لەو خانوانەوە دەستڕێژ لە سمکۆ کراوە و لەو کۆڵانەی بەر ئەو ماڵەدا کوژراوە.

ج- لە هەموویان سەیرتر نووسەری کتێبی خاطرات و خطرات، کە مخبرالسلطنە (حاج مهدی قلی) بە سووک و باریک وتویەتی سمکۆ بە گوللەی وێڵ (تیر ناگهان) کوژراوە.

٥- دەربارەی خسروی کوڕی سمکۆ:

ا- محمد تمدن وتویەتی کە دەستڕێژ لە سمکۆ کرا و کوژرا، کوڕەکەی سمکۆ لەگەڵ چەند چەکدارێکدا خۆی دەرباز کرد (نەیوتوە گیراوە یا بریندار کراوە.)

ب- نووسەری کتێبی پنجا خاطره از پنجا سال وتویەتی چەکدارەکانی سمکۆ کوڕەکەی سمکۆیان بە بریندارکراوی دەرباز کرد و بۆی دەرچوون.

ج- علی دهقان لەکتێبەکەیدا وتویەتی دوای کوشتنی سمکۆ کوڕەکەی لەلایەن ڕەزاشاوە مانگانەی بۆ بڕایەوە و لە تاران نێررایە مەکتەب و لەدواییشدا نێررا بۆ ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەکاتێکدا شتی وا نەبوە و خسرو دوای کوشتنی باوکی چۆتە تورکیا و لەوێ کولیەی عەسکەری تەواو کردوە و بوە بە ئەفسەر و وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمانکرد نیستەش زیندوە و لەگەڵ خێزانەیەکدا لە ئەستەمبوڵە.

بەشی هەژدەهەم

# هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ

وەکو ئەوتریّ، میّژوو زۆر دڵڕەقە و بەزەیی بە هیچ کەسێکدا نایەتەوە و لە هیچ کەسێک و لە هیچ ڕووداوێکی چەوت و ناڕێک و خواروخێچ خۆش نابێت و بە پینەوپەڕۆی نووسینی ناو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ناتوانرێت ڕاستییە مێژووییەکان بشاررێتەوە و دیزە بە دەرخۆنە بکرێت و ئەگەر بشکرێت هەتا سەر نابێ. ئەو هەموو تەقەلایانەی لە ڕێبازی تۆمارکردنی مێژوودا چەند نووسەر و مێژوونووسێک داویانە بۆ پینەکردنی ئەو کەموکوڕی و چەوتی و دەستدرێژی و تاوانانەی لەلایەن کاربەدەستێکی حکومەتەوە، یا لەلایەن هەر کەسێکی تری دەسەڵاتدارەوە کرابێت ئەو نووسەر و مێژوونووسانە هەوڵیان داوە پرۆپاگاندەی بۆ بکەن و کەموکوڕییەکانی داپۆشن و تاوانەکانی دیزە بە دەرخۆنە بکەن.

بەڵام ئەوانە... ئەگەر توانیبێتیان لەناو چەند کەسێکی خوێندەوار و و گوێگردا بۆ ماوەیەکی کەم ئەو پینە و پەڕۆ و بۆداپۆشینە وا لێ بکەن کە سەر بگرێ، بەڵام زۆری پێ نەچوە، دەرەنگ و زوو ڕاستییەکان ئاشکرا بوون و ئەو هەموو بۆیاخ و ڕەنگە زەرد و سوورانەی کە وشەی دێڕی لاپەڕەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە هەمووی کاڵ بۆتەوە و ئەو نووسین و بەرهەمانە لای خوێندەوارانی زانا و ڕۆشنبیری دوای خۆی ئەچنە ڕیزی ئەو بەرهەمانەی ترەوە کە بە چاوی پەشمەوە سەیری ئەکرێن و بە دەست و پەنجەی زەمانە توور ئەدرێنە ناو سەرەنوێلکەکانی مێژوەوە و تۆف و وەیشوومەی دوارۆژ لاپەڕەکانیان شڕ و وڕ ئەکا و ئەیدا بەدەم باوە.

دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە و ڕاپەڕینێک، دەربارەی خەبات و شۆڕشی میللەتێک، دەربارەی تێکۆشانی تێکۆشەرێکی خەباتکەر ئەگەر نووسەری ئەو خەبات و شۆڕشە هەر لەسەرەتاوە بە مەبەستێکی زانیارانە و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست باسەکەی تۆمار ئەکات، زۆرجاری وا هەیە نووسەری ئەو باسە بەبێ ئەوەی هەست بە خۆی بکا خۆی تووشی هەڵەی وا ئەکات کە خوێندەوار دوای ڕوونبوونەوەی ئەو هەڵە و درۆیانە لە باسە ڕاستەکانیشی ئەکەوێتە گومانەوە و لەئەنجامدا هەموو تەقەلاکەی لەو ڕەوەوە بێ سوود ئەبێ و بەرهەمەکەی لە ڕیزی دەهۆڵی دڕاوی لۆتییەکاندا حساب ئەکرێت، مەگەر دەستکەوتەکەی لەوەدا تەنها هەر ئەو شاباشە بووبێت کە لەکاتی سووڕدان و باپیادانی وشەی دێڕەکانیا لەدوای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی دەستگیری بووبێت کە لەڕاستیشدا

مەبەستی زۆربەی ئەو جۆرە نووسەرانە تەنها بریتی بوە لە دەستگیربوونی ئەو گوێزەبانە و شاباشانەی کە دەستیان کەوتوە و هیچ مەبەستیان نەبوە کە ئایا نووسین و بەرهەمەکانیان لەدوارۆژدا ڕێزیان لێ ئەگیرێت یان نا.

لێرەدا ئەوەی زەمانی شێخ مەحمودم هاتەوە بیر، کە ساتێک ئینگلزەکان لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە بەرامبەر بە کورد و لەگەڵ تورکە کەمالییەکاندا ڕێک کەوتن کە تورک واز لە دۆستایەتی سۆڤیەت بێنێت و واز لە داواکردنەوەی ویلایەتی موصل بێنێت، ئینگلیزیش بەرامبەر بەوە بەڵێنی بە تورکە کەمالییەکان دابوو کە حکومەتەکەی شێخ مەحمود هەڵوەشێننەوە کە ئەوە یەکێک بوە لەو ئامانجە هەمیشەییەی کە تورکەکان بۆی تێکۆشابوون.

لەو ڕۆژانەدا بۆ پینەکردنی ئەو تاوانە و ئەو هەڵوێستەی ئینگلیز، نۆکەرەکانی ئینگلیز و کاسەلێسەکانیان دەستیان کردبوو بە پروپاگاندە دژی شێخ مەحموْد و بەناو خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە کە شێخ مەحمود بووبوو بە هۆی تێکچوونی حکومەتەکەی خواروی کوردستان چونکە نەیزانیبوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بڕوات بەڕێوە. ئەوانە نەیانئەزانی کە ڕۆژێک دێت ئینگلیزەکان هەر خۆیان ئەو پروپاگاندانەی نۆکەرەکانی خۆیان بە درۆ ئەخەنەوە و نەیانئەزانی کە ڕۆژێک دێت دۆکیومێنتەکانی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بەئاشکرا دەری ئەخەن کە ئینگلیزەکان پاشگەزبووبوونەوە لە دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە خواروی کوردستاندا و بەئاشکرا شەڕیان بە شێخ مەحمود ئەفرۆشت و بەزۆرەملی ئەیانویست بیکەن بە نۆکەری مەلیک فەیسەڵ و کوردستانیش بلکێنن بە عێراقەوە.

دەربارەی بزووتنەوەکەی سمکۆ و شۆڕشەکانی وەکو قۆناغێک لە قۆناغەکانی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی کوردستانی ئێران لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە مافی چارەنووسی گەلان لەلایەن (ویلسن)ی سەرەککۆماری ئەمریکاوە بڵاو کرابوەوە و، لە خواروی کوردستاندا شێخ مەحمود و هاوکارەکانی حکومەتی خواروی کوردستانیان دامەزراندبوو کوردەکانی تورکیا بەداخەوە لەو ڕۆژانەدا بە هۆی ناڕێکی نێوانی تاقمەکەی شێخ عبدالقادری شەمزینی و بەدرخانییەکان بووبوو بە هۆی ئەوەی نەتوانرێت لەو ڕۆژە ناسک و گرنگەدا یەکێتییەک لەنێوانی کوردەکانی تورکیادا ڕێک بخرێت کە کەمالییەکان سوودێکی زۆریان لەوە دەست کەوت و هەتا کاتی هەڵوەشاندنەوەی سیڤر و دەستپێکردنی گفتوگۆکردن بۆ پەیمانی لوزان، لەو

ماوەیەدا مصطفی کمال توانیبووی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی تورکیا لە خشتە ببا و لە ئەنجومەنی نیشتمانیی خۆیدا بەشداریان بکات و دوای نەمانی ترسی پەیمانی سیڤر و شکاندنی یونانییەکان ئیتر تورکی کەمالی کاری بەو کوردە هاوکارانە نەما و دەستی کرد بە شەڕفرۆشتن بە کورد و بڵاوی کردەوە کە دانیشتوانی تورکیا هەموو تورکن و هیچ کەسێکی تر مافی نیە بە ناوی نەتەوەیەکی ترەوە قسە بکا... ئا لەو ڕۆژانەدا سمکۆ ڕاپەڕینەکەی دەست پێ کردبوو کە نەیتوانیبوو نە لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا و نە لەگەڵ کوردی کوردستانی عێراقدا هیچ جۆرە هاوکارییەک بکا و ئەوانی تریش لەگەڵ یەکتردا هەر بەو جۆرە بوون، بۆیە ئێرانیش وەکو تورکیا، بەتایبەتی دوای بەهێزبوونی ڕەزاخان و بوونی بە وەزیری جەنگ، ئیتر هەمان ڕێبازی مصطفی کمالی گرتە بەر و سمکۆش لە گێژاوی ئەو پاشاگەردانی و عەشایرییەی کە لەناو کوردەکانی ئێراندا هەبوو نەیتوانیبوو ڕێکخراوێکی سیاسیی یا ئەنجومەنێک پێک بێنێت بۆ بەجێهێنانی کاروباری بە شێوەیەکی ڕێک و پێک.

بێگومان هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکانی سمکۆ و بزووتنەوەکەی لە باس و کتێبەکانی زۆری نووسەراندا خراوەتە پێش چاو و بەرلەوەی بچینە ناوەڕۆکی ئەو سەرچاوانەوە وە ڕاستییەک هەیە کە ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت و نابێ ئێمەش هەروەکو نووسەرە بێگانەکان هەوڵ بدەین هەڵە و ناڕێکییەکانی سمکۆ پێنە بکەین و چاوی لێ بپۆشین و لەڕاستیشدا ئێمە لە باسکردنی ئەم هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنەدا ئەمانەوێ باسی ئەوە بکەین کە تا چ ڕادەیەک پێویستە شۆڕشگێڕان و سەرکردە و خەباتکەرەکانی کورد دەرس لەو هەڵانەی سمکۆ وەربگرن بۆ ئەوەی دووبارە نەکرێنەوە، کە بەداخەوە لەدوای تێپەڕبوونی پتر لە شەست حەفتا ساڵ بەسەر ئەو بزووتنەوەیەی سمکۆدا بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەوانەی ئیمڕۆ ڕوو ئەدەن لەوانەی پێشووتر باشتر نییە و لەوە ناچێ دەرسێکی ئەتۆ لە بەسەرهاتەکانی ڕابردوو وەرگیرابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سمکۆ مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کوردێکی دلاوەر و شۆڕشگێر و خەباتکەر بوە و چاونەترس بوە و سەرکەوتنی کورد و ئازادی کورد و ڕزگاربوونی کوردستان یەکێک بوە لە ئامانجە سەرەکییەکانی و بارەها وتویەتی کە ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە تەرخانکردوە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشـدا وەكـو فـيـودالّێک كـە هەر لەمنداڵيـەوە كـە چاوی كـردۆتەوە و گـوێی زرنگاوەتـەوە، مـلاشـووی بە هـەسـتی عـەشـايری و سـەركـردايەتی عـەشـيـرەتەكـەی هـەنووراوە و، لەگـەڵ ئـەوەشـدا كـە گـەورەش بوە بـەپێـچـەوانەی زۆربـەی سـەرۆكعـەشيـرەتەكـانی تری كـورد حـەزی بە شـارسـتـانێتی و بە خـوێندەواری و ڕۆشنبيـری و ڕۆژنامەگەرێتی كردوە و پزيسكی چەخماخەی هەستی نەتەوايەتی و ڕۆشنبيـری يـەكێكی وەكو عـبدالرزاق بدرخانی قـوتابيی حـاجی قـادری شـاعری نيشتمانپەروەر ئاگری دڵ و مێشكی جۆشداوە و هەستی كورديەتی و ڕزگاربوونی كـوردسـتـان لە دڵ و دەروونيـا چەكـەرەی كـردوە، بەڵام ئەمـانە بە هـەمووپان نەيان توانيـبـوو سـمكۆ لەو ڕێبـازی عـەشـايری و لەو بۆچوونانەی كـە وەكـو سـەرۆكعـەشيـرەتێكی دەسـەڵاتداری ئەو ڕۆژانە لێكی ئەدايەوە خـۆی ڕزگار بكات و لەڕاستيشدا شتەكە ئاسان نەبوە كە بتوانرێت لەناو كۆمەڵگايەكی دواكەوتوی وەكو كۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا بتوانێت گوڕم بداتە خۆی و بەئاسانی بتوانێت مێشكی لە ژەنگ و ژاری عـەشايری پاک بكاتەوە و سمكۆيەک كە لەو ڕۆژانەدا هێزەكەی بريتی بوە لە چەكدارەكانی ئەو عـەشايرانـەی كە لەكاتی دەسـتـرۆيين و دەسـەڵاتدارێتـيدا هاوكـاری بوون و لەگـەڵيـا بوون و كـە شكاوە و لێی قـەومـاوە هەمـوويان لێی تەكيونەتەوە، مرۆڤێک كە لەو ڕۆژانەدا و لەو ناو گێژاوەدا سـەركـردايەتی شـۆڕشی ميللەتێكی كردبێت، نەيتوانيوە هەتا سـەر بەرامبـەر بە ڕووداوەكان خـۆی بگرێت و لەكاتی ڕاپەڕين و شـۆڕشـەكانيا زەمينەيەكی سـەخت و قـايم و پتەوی ئەوتۆی لەژێر پێدا نەبوە كە بتوانێت ديواری شۆڕشەكەی لەسەر ئەو بناغەيە دابڕێژێت و ئەوەی كە لەتوانايدا بوە دروسـتـی بكات بريتی بوە لە هـەڵچنينی ديوارێكی قـوڕ لەسـەر زەمينەيەكی نەرمی ئەوتۆ كە تەنها بـە پاڵپێوەنانێک هەرەسـی هێناوە و ڕووخـاوە و ناچار بووە سـەرلەنوێ دەست بكاتەوە بە شـێـلانی قـوڕێكی تازە بۆ هەڵچنينی ديوارێكی لە هـەمان شێوەی جاران كە دوژمنەكەی بەرامبەری هەميشە خاوەنی قەڵا و خـاوەنی دەرامـەتێكی زۆر و دەسـەڵاتدارێكی ئەوتۆ بوە كـە هـەر چۆنێک بووبێت ئەگەر سمكۆ لە چەند شەڕێكيشدا بەسـەريا سەركەوتبێ، بەڵام ئەنجامەكەی بە هۆی ئەو دەزگـا سوپاييـانەی كە لەلايەن ئـەفسـەرانـی شارەزا و مـەشق پێكراوە و براون بەڕێوە توانيويانە بەسـەر سمكۆدا سـەر بكەون و ئەنجامـەكـەی بەوە گەيشت كە لە ساڵی ١٩٣٠دا لە (شنۆ) لەناوی ببەن.

ئەگەر بەوردی لە هەڵەکانی سمکۆ وردبینەوە، کە جگە لە نەبوونی ئەنجومەنێکی وا کە بتوانێت نەخشەی کورت و درێژی بۆ بکێشێت، ئەو تاکڕەوییەی کە سمکۆ گرتبویە بەر تووشی هەڵەی وا زەقی کردبوو کە لە زیان بەولاوە هیچ سوودێکی تری پێ نەگەیاندبوو.

بۆ نموونە لەو کورتبینییەیدا کە بەبێ لێکدانەوە، یا لە کاتێکی هەڵچوون و کەفوکوڵ و تووڕەییدا بوویێت یا لەبەر ساویلکەیەتی بوویێت کە کاربەدەستانی ئێران خەڵەتاندبوویان، ئەو کوشتنەی مارشمعون و ئەو شەڕە خۆڕاییەی کە لەگەڵ ئاسوورییەکاندا کردبووی کارێکی ئەوەندە نالەبار بوو کە وەکو ئەگێڕنەوە هەتاکو مابوو خەفەتی ئەو کارە نارەوایەی دەخوارد و بارەها دانی بەوەدا نابوو دووبارەی دەکردەوە کە وتبوی: لەژیانمدا دوو هەڵەی زۆر گەورەم کردوە، یەکەم کوشتنی مارشمعون و ئەو شەڕەی لەگەڵ ئاسوورییەکاندا کردم، دووهەم ئەو گێلی و هەل لە کیسچوونەی کە بۆم هەڵکەوتبوو کە ساتی خۆی بەئاسانی ئەمتوانی ڕەزاخان و تاقمەکەی بکوژم کە بەوە خۆشم و کوردیش و ئێرانیشم لە گێچەڵ و پیلانی ڕەزاشا ڕزگار دەکرد، لەڕاستیدا بێجگە لەوەی کە سمکۆ بە کوشتنی مارشمعون زیانی بە خۆی و بە شۆڕشەکەی و بە کوردی ئێران گەیاند، بەو کارەی زیانێکی ئێجگار زۆریشی بە کوردی کوردستانی خواروو گەیاند لە ئەنجامی ئەوەی کە ئینگلیزەکان ئەو ئاسووریە ئاوارەبووانەی بە کێش کرد بۆ کوردستانی عراق و چەکداری کردن و بۆ ماوەیەکی زۆر کردنی بە داردەستی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ شێخ مەحمود و شۆڕشگێڕانی بارزان و شۆڕشگێڕەکانی تری کوردستاندا کە ئینگلیز لەوەدا مەبەستی بوو حکومەتەکەی شێخ مەحمود نەمێنێت و کوردستان بە زۆرەملی بلکێنرێت بە عێراقەوە.

سمکۆ بێجگە لەو هەڵە زلەی کە مارشمعونی کوشتبوو ئاسوورییەکانی بە ناڕەوا لەو شوێنەی کە تیایا جێگیر بووبوون لەدوای ئەوەی تورکەکان ئاوارەیان کردبوون، سمکۆ هەڵەیەکی زۆر گەورەی تریشی کرد بوو کە بریتی بوو لەوەی کە لەکاتی داگیرکردنی مەهابادا هیچ حسابێکی بۆ ئەوە نەکردبوو کە ئەو شەڕە ئەبێتە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شاری مەهاباد و ئەو عەشایرە چەکدارانەی کە چووبوونە ناو مەهابادوە بە شێوەیەکی بەرەڵایی دەستیان کردبوو بە تاڵانی هەندێ لە دانیشتوانی سابڵاخ کە ئەمە بوو بە هۆی نیگەرانی دانیشتوان کە

زۆربەیان نیشتمانپەروەر بوون و هەروەکو سمکۆ چۆن داخلەدڵ بوە بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێران سابڵاخییەکانیش لە سمکۆ زیاتر پڕ بوون لەو کاربەدەستانە، بەڵام سمکۆ بەبێ حساب نەخشەی ئەو داگیرکردنەی سابڵاخی کێشا بوو، ئەگەرچی هەندێ لە نووسەران لەوەدا بە زۆری گلەییان لە سید طەی شەمزینی کردبوو وە وتبویان لەژێر سەرکردایەتی ئەودا مەهاباد گیرا.

سمکۆ هەرچەند لەدواییدا پاکانەیەکی زۆری کردبوو، وە وتبووی بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبوە بەو تاڵانکردنە، بەڵام لە دەسەڵاتی ئەو چووبوە دەرەوە و هەندێ بیانووی تێریشی هێنا بوەوە و خەتای ئەو پێکدان و کوشتارەی خستبوە ئەستۆی هەندێک لەو دەستڕۆیوو و سەرۆکعەشیرەتانەی کە لەجیاتی ئەوەی هاوکاری لەگەڵ سمکۆدا بکەن وەکو کوردێک کەچی بەپێچەوانەوە هاوکارییان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا کردبوو، خەڵکیان هاندابوو کە ببن بە لایەنگری حکومەت.

مصطفی پاشای یامولکی لەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ سمکۆدا کردبوی لەدوای داگیرکردنی سابڵاخ، سمکۆ پاکانەی خۆی لەو ڕووەوە بۆ مصطفی پاشای یامولکی کردبوو لەبەرئەوە لەو گفتوگۆیەدا بەدووروودرێژی ڕەخنەکەی مصطفی پاشا و وەرامەکەی سمکۆمان بەرلەمە باس کردوە بۆیە پێویستی بە دووبارەکردنەوەی ئەوە نەکرد.

بێجگە لەوە رفیق حلمییش لە یاداشتەکانیدا باسی ئەو ڕەخنەیەی کردوە کە لە سمکۆ گیرابوو لەکاتی داگیرکردنی سابڵاخدا و وتویەتی کە هەندێ لە دانیشتوانی سابڵاخ دوای ئەو هێرشبردن و تاڵانکردنە بۆ شکات چووبوونە سلێمانی و لای خەڵک گلەیی و شکاتیان لەو ڕەفتارەی سمکۆ کردبوو.

سەرباری هەموو شتێک لە دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمندا زۆر کۆڵ بوە و لە بڕیارەکانیا هەمیشە ڕاڕا بوە.

دەربارەی ئەو ڕەخنانەی لە سمکۆ گیراوە و چونێتی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی و شۆڕشەکەی گەلێک لە نووسەران لە کتێبەکانیانا باسیان کردوە کە ئێمەش لەم بەشەدا هەندێ لە نووسینی ئەو نووسەرانە ئەخەینە بەرچاو.

ئەوی چاوێک بە کتێب و ڕۆژنامە و باسەکانی نووسەرانی فارسدا بکێڕێت، لەوانەی کە لەباسەکانیانا دەربارەی سمکۆ دواون، بۆی دەرئەکوێ کە هیچیان دانی خێریان بە سمکۆدا نەناوە و زۆربەی ئەو نووسەرانە هەروەکو ڕەگەزپەرستێکی

داخلەدڵ و هەلپەرست نابێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکرێ کە بە دەم و بە پێنووس سمکۆ و میللەتی کورد بە خاوەن ماف دابنێن و هیچیان بە دەمیانا نەهاتوە کە بڵێن کوردیش وەکو میللەتانی تر مافی ڕەوای خۆیان هەبوە و، ئەو مافەیان پێشێل کراوە بۆیە کورد و شۆڕشگێڕانی کوردی وەکو سمکۆ بەرامبەر بە حکومەتی ئێران و کاربەدەستانی ئێران ڕاپەڕیون و شۆڕشیان کردوە و گیانی خۆیان بەخت کردوە لە پێناوی داواکردنی ئەو مافە ڕەوایەدا.

ئەو نووسەرانە هەمیشە بە چاویلکەی کاربەدەستە ڕەقهەڵگر و دەغەزارەکانی ئێران و بە زمانی ڕاووڕووتکەرەکانی ئێرانەوە باس و نووسینەکانیان تۆمار کردوە و بۆ ڕەزامەندی کاربەدەستانی ئێران و بۆ خۆبردنە پێشەوە و خۆنزیککردنەوە لێیانەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووی ئەو کاربەدەستانە پێنووسەکانیان خستۆتە کار و بە شان و باهووی شا و کاربەدەستانی ئێراندا هەڵیان داوە و سمکۆ و شۆڕشگێڕانی تری کورد و میللەتی کوردیان بە تاوانبار داناوە و هەزار درۆ و دەلەسەیان بۆ هەڵبەستوون و جارێک لە جاران لە نووسینەکانیانا باسی ئەو هەموو دەستدرێژی و ڕاووڕووتکردن و تاڵانکردنانەی ئەو کاربەدەستانەیان نەکردوە و ئەوەی ئەوان کردویان خستویانەتە سەر تاڵانییەکانی سمکۆ، ئەو سەرچاوانە بەر و دوا کە ئەیانخوێنیتەوە بۆت دەرئەکەوێ کە ئەڵێی هەموویان بە دەمی یەکتردا ڕشاونەتەوە و وەکو ئەوترێ: گشتی لە تۆوێک کاڵەک...

دوکتۆر جەمال نەبەز لەکتیبەکەیدا (کوردستان و شۆڕشەکەی) لە لاپەڕە (١٥٤)دا وتویەتی:(٥)

"سمکۆ دە ساڵی ڕەبەق دژی ڕژێمی تاران خەباتی کرد، بزووتنەوەکەی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٢دا دەستی پێ کرد و سەرکردەیەکی هێند قارەمان و جەنگاوەرێکی هێندە لێهاتوو بوو کە ڕەزاخان (ڕەزاشا) بە دڵی لێی دەترسا.

گەورەترین خەوشی سمکۆ ئەوە بوو کە سەرەکهۆزێکی تەقلیدی بوو، مەخابن سیاسەتمەدار نەبوو، بە وهۆیەوە گەلێک هەڵەی کردوە.

بۆ نموونە: هەڵوێستی سیاسیانەی چەوتی بەرامبەر بە گەلی ئاسووری برامان و بەو بۆنەوە گەلێک پژان لەنێوانی هێزەکانیان و هێزی ئاسوورییەکاندا ڕوویداوە و قوربانییەکی زۆری لە هەردوولا خواستوە و بۆتە هۆی بەهێزبوونی دوژمنی هاوبەشی هەردوولا. بێجگە لەوە متمانەیەکی نابەجێی بە ئەتاتورکی دکتاتۆری

تورکیا کردوە بە ئومێدی ئەوەی بتوانێت لە دژی ئێران دایدۆشێت کە هەق وا بوو لەو کاتەدا دژی تورکیا خۆی بجەنگایە.

چونکە سمکۆ سەرەکهۆز بوو، بۆیە زێتر بە لای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دایدەشکاند و نەیتوانی لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی وەک شێخ مەحمود و سید طه شەمزینیدا پێک بێت و ئەوانیش بەوە ڕازی نەبوون کە سمکۆ بە ڕێبەر و سەرکردەی خۆیان قبوڵ بکەن.

لەگەڵ ئەو هەموو مەردایەتی و دلێری و نەبەردیەیدا، هەتا ڕادەیەک خاوەن باوەڕێکی پتەو و تەواو بوو، بۆیە ڕژێمی تاران توانی بە فەند و فێڵ بیکوژێت و هەر لەدوای مردنی لایەنگرەکانی بڵاوەیان لێ کرد، چونکە باوەڕیان بە پاڵەوانێتی تاکەکەس هەبوو، نەک بە بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە، لەئەنجامدا ڕژێمی تاران توانی خۆی بچەسپێنێت و زوڵم و زۆرداری بەسەر کورددا بسەپێنێت."

دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ، مامۆستا جەلال تاڵەقانی لە لاپەڕە (١١٥)ی کتێبەکەیدا وتویەتی:(١٠)

"بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا لاواز و نارێک بوو، بزووتنەوەکەی سمکۆی شوکاک لە شێوەیەکی عەشایری توندوتیژدا بوو کە ئەو بزووتنەوەیەی ماوەیەکی خایاند، بەڵام لەدواییدا خاو بووەوە و ڕاپەڕینەکەی کپ بووەوە چونکە نەتوانرا ئەو بزووتنەوەیە لە ڕاپەڕینێکی عەشایرییەوە بەرەو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی ببرێت بەڕێوە کە ئامانجێکی نیشتمانیی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، لەبەرئەوە هەڵوێستی سمکۆ و ڕەفتارەکانی لە شێوەی بزووتنەوەیەکی عەشایریدا خۆی ئەنواند، بۆیە زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەکەی گەیاند و ئەو غەدرەی لە برا ئاسوورییەکانی کرد گەلێک کێشەی لێ پەیدا بوو بۆ میللەتی کورد کە ئێستەش شوێنەواری ئەوە هەر ماوە."

مامۆستا کەریمی حسامی لەباسەکەیدا، لە لاپەڕەکانی (٢٩-٣٠)دا دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ وتویەتی:(٢٩)

"مێژوونووسانی کورد بەداخەوە زۆر خۆیان بە شیکردنەوەی ڕاپەڕینی سمکۆوە ماندوو نەکردوە، بەڵام زۆربەی مێژوونووس و نووسەرانی شۆڤینیزمی فارس لەسەر ڕاپەڕینی سمکۆ نووسیویانە و بە ڕێگر و پیاوکوژ و تالانچی باسیان کردوە. کسروی مێژوونووسی بەناوبانگی ئێران لە بارەی سمکۆوە نووسیویەتی:

"عوسمانییەکان، کوردنشینەکانیان هان دەدا هەتا خەڵک بکوژن و گوندەکان تاڵان بکەن، کوردیش هەمیشە لە کاری ئاوا دەگەڕێن، سمایلاغای سمکۆ یەکێک بوو لە پێش قەرەوڵی ئەو تاڵانچیانە کە لە تۆڵەی کوشتنی جەعفەر ئاغای برایدا دەستی بە خوێنی بێتاوانان سوور کرد."

کاک حسامی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: هەروەک دەبینین بە درێژایی مێژوو، شوڤێنیزمی بالادەست بۆ بەدناوکردنی کورد لەم چەکە ژەنگاویە و ژاراوەیەی وەک ڕێگر و تالانچی و هاندانی بێگانە و جیاوازخواز بەیت و بالورەی پڕوپووچی لەو جۆرە کەڵکیان وەرگرتوە. بەپێچەوانەی بوختان و درۆی نووسەرانی بێگانە، سمکۆ لە سەردەمی خۆیدا پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو خاوەن کولتور بوە، کاتێک لەشکری عەجەم دەگاتە (چاری)یە و ماڵی سمکۆ تالان دەکەن، دەبینن لە ماڵەکەیدا تلفون و پیانۆ هەیە و لە چاریە بە تلفون لەگەڵ ورمیە و ساباڵاخ و شوێنە دوورەکانی کوردستان قسەی کردوە و دەنگ و باسی وەرگرتوە.

دوژمنانی کورد هەرچی لەبارەی سمکۆوە بڵێن، ناتوانن ئەو ڕاستیە بشارنەوە کە ڕاپەڕینی سمکۆ ڕاپەڕینێکی میللی بوە و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کورد تێکۆشاوە.

عەلی ئازەری لە کتێبەکەیدا (مێژووی هەژدە ساڵەی ئازربایجان) لەگەڵ دەربڕینی قین و ژاراوی بوختانکردن بە کورد، دیسان ناچار بوە کە ددان بە ڕاستیەکدا بنێت و بنووسێت: "سەربزێوی و یاخیبوونی سمکۆ لەلایەن بێگانەوە پشتیوانی لێ دەکرا، سمکۆیان هان دەدا کە لە دەوڵەت هەڵگەڕێتەوە، سمکۆ لەو سەردەمەدا داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد و بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی، خۆی ئامادە دەکرد کە یەکێک لەو تۆوە ئاژاوەچیانەی کە ئەوروپاییەکان لە ڕۆژهەلاتدا چاندیان بریتی بوو لە ئاواتی جیابوونەوە، کاربەدەستانی ئەوروپا چەند ساڵی لەنێو کورد و ئاسوری و ئەرمەن و تورکمەن و بەختیاریدا کاریان کردوە و ئەو تۆوەیان لەناو دڵی ئەوانەدا چاندوە... کوردەکانیش چەند ساڵی پێشتر ئەم قسانەیان بیستوە و بەدوای ئەو خەیاڵەدا کەوتبوون و هەندێ جار لەو بارەوە کتێب و وتاریشیان نوسیوە، ئێستاش سمکۆ دەیویست بەو ئاواتە بگات و بە لاساییکردنەوەی ئازادیخوازانی عوسمانی کە (ژون تورک)یان پێک هێنابوو ئەویش (سمکۆ) دەیویست دەستەیەک بە ناوی (ژون کورد)ەوە ساز بکات، هەر چۆنێک بێ،

بێگانەکان ئەم ئاواتەیان خستبوە دڵی سمکۆوە و هانیان دابوو وە کردبوویان بە قارەمان."!

(حاجی مخبرالسلطنە هدایت)ی والی ئازربایجان لە بیرەوەرییەکانیا نووسیویتی: "لەو کاتەدا سمکۆ هەنگاوی بەرزتری تالانی و ڕێگری هاویشت، ئیتر کەوتە خەیاڵی دەستگرتن بەسەر شار و ناوچەکان و سەپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی. لە (چاریە) حکومەتی خۆی دامەزراند، وە لە شارەکانی دەوروبەر، وەستا و بەنای هێنا و چاریەی ئاوەدان کردەوە و کۆشک و باغاتی لێ دروست کرد.

حسن ارفع دەنووسێ: ڕاپەڕینی سمکۆ هەوەڵین تێکۆشانی کوردەکانی ئێران بوو بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

کاک حسامی لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: لە ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ نامەیەک دەنێرێت بۆ والی ئازربایجان و بۆی دەنووسێ کە: "چۆنە کە نەتەوە بچووکەکانی دنیا کە ژمارەیان چواریەکی ژمارەی کوردیش نابێت، خودموختارییان لە دەوڵەتە گەورەکان ستاندوە. بنوارە ئەڵمانییەکان چۆن دابین کراون!

لەڕاستیدا ئەگەر نەتەوەی کورد لە ئێراندا بە مافی خۆی نەگات، مردن و نەمانی لەو ژیانە چاکترە کە ئێستە ئێمەی تیادایین.

حکومەتی ئێران پێی خۆش بێت یا پێی ناخۆش بێت، ئێمە مافی خودموختاریمان دەوێ کە ئەمە ئاواتی هەموو کوردێکە و ژیانێکی نوێیە بۆ خەڵکی ئێمە."(٢٨)

مارتن ڤان برۆنسۆن دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ وتویەتی: "یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنی سمکۆ بریتی بوە لە نەبوونی دەزگایەکی ڕێکوپێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری و زۆربەی ئیشەکانی لەلایەن خزم و دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە ئەبران بەڕێوە، نە لیژنەیەک نە ڕێکخراوێک نە دەزگایەکی هەبوە بۆ ڕاوێژکردن و هێزەکانی لەلایەن دەزگایەکی سوپاییەوە نەدەبرا بەڕێوە و ئەوەی کە لە ورمێیە و سابڵاغدا هەیبوە بریتی بوە لە سەرۆکی عەشیرەتەکان کە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ دانیشتوانی شارەکاندا نەبوە و بڕیار و نەخشە و پلانێکی ڕێکوپێکی تایبەتی نەبوە بۆ کۆکردنەوەی باج و چۆنێتی خەرجکردنی ئەو باجانە و ئەوەی کە هەیبوو بریتی بوو لەو دەرامەتانەی کە لە ڕاوڕووت و تالانیدا چەکدارەکانی دەستگیریان ئەبوون. زۆربەی هێزەکەی سمکۆ بریتی بوە لە کۆنەسەربازەکانی زەمانی عوسمانی، بەڵام ئەوانە زوو وازیان لێ هێنا

و هەر کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لێخۆشبوون بۆ ئەو سەربازانە دەرچوو هەموو سمکۆیان بەجێهێشت و لە ساڵی ١٩١٩دا گەڕانەوە.

سمکۆ هەوڵێکی زۆری دا کە بە هۆی سید طەی دۆستییەوە یارمەتی لە ئینگلیزەکانەوە دەستگیر ببێت بەلام ئەو تەقەلایەی بێ سوود بوو، پێوەندی لەگەڵ کەمالیەکانیشدا هەبوو بەڵام ئەوانیش درۆیان لەگەڵدا کرد و دەستیان بڕی. هەوڵیدا لەگەڵ سۆڤیەتدا پێوەندی دۆستایەتی پەیدا بکات لە ناوچەی قفقاسدا، هەندێک لەو نامانەی کە لەگەڵ ڕوسەکاندا بۆ یەکتریان ئەنارد گیرا و ئینگلیزەکان و ئێرانییەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە کەمالییەکان هەندێ لە هێزەکانی خۆیان ناردبوو بۆ لای سمکۆ، بەڵام لەکاتی تەنگانە و پێویستیدا هیچ هێزێکی بێگانە فریای نەکەوت.

نووسەری کتێبی کورد و عەجەم دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ لەکتێبەکەیدا وتویەتی:[١٩] "سمکۆ لە بزووتنەوەکەیدا هەینەتێکی ئەرکانی جەنگی نەبوو، ڕێکخراوێکی سیاسی یاخود ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی نەبوو، هەروەها ستراتیجیەتێکی جەنگی و سیاسی دیاریکراوی نەبوو هێزەکانی لە چەکدارەکانی هۆزەکان پێک هاتبوو کە هەموو ناڕێکوپێک بوون و مەشقپێکراو نەبوون و شارەزای شەڕی نیزامی نەبوون و تەنها بە شەڕی چەتەگەری ڕاهاتبوون، وە بۆ بەرهەڵستکردنی هێزەکانی سوپای نیزامی ڕانەهێنرابوون و فێر نەکرابوون و بە باشی نەیانئەتوانی ناوچە ڕزگارکراوەکان ببەن بەڕێوە و نەیانئەتوانی پارێزگاریی جەنگی ناوچە و شارەکان بکەن لەبەردەمی هێزی ئێراندا.

لەدوای ڕزگارکردنی شارەکانی ورمێ و سەڵماس و سابڵاغ، جووڵانەوەکەی سمکۆ تووشی سستی بوو نەتەنیەوە بۆ شوێنە کوردنشینە گرنگەکانی تری وەکو کوردستان (سنە) و کرمانشاە (ایلام).

هەندێک لە سەرۆک کوردەکانی ئێران کە هاوکارییان لەگەڵ شێخ مەحموددا ئەکرد (نووسەر مەبەستی لە مەحمودخانی کانیسانان و مەحمودخانی دزڵی و هەندێکی تر بوە لە ناوچەی مەریواندا) ئەوانە نەچوونە پاڵ سمکۆ، بەو جۆرە بزووتنەوەکەی سمکۆ لە ناوچەیەکی جوگرافیی تەسکی کەم بایەخ پێدراو لە ڕووی ستراتیجیەتی ئێرانەوە قەتیس مابوو.

هێزەکانی سمکۆ لەشەڕەکانیا هەندێک دەستکەوتیان وەدەست هێنابوو، جەزرەبەی کاریگەریان بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران سرەواندبوو، بەڵام

هێزەکانی سمکۆ لە چەکدارەکانی ئێلاتی کورد پێک هاتبوو، هەرچەند ئێرانییەکان بۆ پاساودانی (پینەکردنی) تێکشکاندنەکانی خۆیان ئەیانوت ئەفسەرەکانی تورک لەناو هێزی سمکۆدا بوون، بەڵام لەڕاستیدا هیچ پسپۆڕێکی بێگانەی تورک یا هی غەیری تورک لەناو هێزەکانی سمکۆدا نەبوو.

ئەو هێزانەی سمکۆ نە سەرکردایەتییەکی شارەزای هەبوو کە بەڕێوەی ببات و نە هەیئەتێکی ئەرکانی هەبوو بە شێوەیەکی نوێ ڕێکیان بخا و پلانی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دوژمنیان بۆ دابنێت، تەنانەت ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە (جمعیتی کوردستان) ناردبوونی (مەبەست ڕەشید جەودەت و عارف صائب بوە کە جەمعیەتی کوردستان کە لە خوارووی کوردستاندا ناردبوونی، لە یاداشتەکانی ئەحمەد خواجادا باسکراوە.)، بۆ هاوکاریکردنی لەگەڵ سمکۆدا، هێشتا ئەوانە لە (سەقز) بوون و نەگەیشتبوونە ناوچەکانی دەسەڵاتی سمکۆ، کە هەواڵی شکاندنی سمکۆ و سەرکەوتنی ئەرتەشی ئێرانیان بیست بە دڵشکاوی گەڕانەوە، ئەگەرچی لەو کاتەدا توانای ئەوە هەبوە کە چەند ئەفسەرێکی لێوەشاو و خاوەن تەجروبەی کورد کە لەکاتی خۆیدا لەناو ئوردوی عوسمانیدا فێر بووبوون، ئەوانە ئامادەبوون کە هاوکاری لەگەڵ سمکۆدا بکەن و بەدڵسۆزییەوە لە ڕیزی هێزەکانیا کار بکەن، بەڵام سمکۆ کەڵکی لەو جۆرە کەسانە وەرنەگرت، هەر لەسەر شێوەی کۆنی عەشایری هێزەکەی ئەبرد بەڕێوە و هەموویان فەرمانەکانیان ڕاستەخۆ هەر لە سمکۆوە وەرئەگرت و بە خۆیەوە بەسرابوون، بۆیە چارەنووسی بزووتنەوەکەی بە چارەنووسی سمکۆ خۆیەوە بەند بوو.

سمکۆ سوودی لە هەل و دەرفەتی لاوازبوونی ئێران وەرنەگرت بۆ پێکهێنانی لەشکرێکی ڕێکوپێک و دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەوتۆ لە کوردستاندا کە ماف و ئاسایش و سەر و سامانی خەڵک دابین بکات کە لەو کاتەدا ئێران بە تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵدا تێپەڕی ئەکرد و لە چەند شوێنێکی جیاجیادا هەڵگەڕانەوەی چەکداری (یاخیبوونی چەکداری) دژی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دەستی پێ کردبوو، بەڵام سمکۆ لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی پێوەندی و هاوکاری و هاودەنگی دامەزرێنێت، لەبەرئەوە زەمینەی ناوەکی تێکشکانی بزووتنەوەکەی هەتا ئەهات تەختتر ئەبوو وە حکومەتی ئێران لەپاش خۆگرتنەوە، بە چەند هێرشێک یەک

لەدوای یەک توانیبووی ناوچە ئازادکراوەکان لە سمکۆ بسێنێتەوە و بزووتنەوەکەی بەتەواوی بشکێنێت.

ئەحمەد خواجا لەیاداشتەکانیا ئەڵێ:(٤)

"دوای ئەوەی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان بە بیرنداری بە دیل گیرا و ئاوارەکرا بۆ هندستان، ئینگلیزەکان بەتایبەتی میجەر سۆنی ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە سلێمانی داخی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی کە کورد دژی ئینگلیز کردبووی بە خەڵکی سلێمانی ڕشت و لەڕقدا لە مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کتێبە بەنرخ و دەستخەتەکانی زەمانی بابان کە لەو مزگەوتەدا پارێزرابوون هەبووی هێنایە حەوشی مزگەوتەکەوە و سووتاندنی هەروەکو لە یاداشەکانی شێخ ڕەووفی شێخ مەحموددا باسکراوە، لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژی و هەڕەشە و گرتن و بگرە و بەردەیەی ئینگلیزەکان لەناو سلێمانیدا، چەند کۆمەڵێکی نهێنی پێکهێنرا بۆ خەبات و ڕاپەڕین دژی ئینگلیزی داگیرکەر و دژی تاوانەکانی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لە سلێمانی و لە گەلێک شوێنی تری خوارووی کوردستاندا و ئەو کۆمەڵانە دەستیان کرد بە چالاکی و بڵاوکردنەوەی بەیانات دژی ئینگلیز و پێوەندییان بە سەرکردەی عەشیرەتەکان و دەسەڵاتدارەکانی کورد کرد کە هاوبەشی بکەن لەو خەباتەدا کە یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆمەڵە ئەوە بوو کە پێوەندی بە (سمکۆ)وە بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە ڕەشید جەودەت و عارف صائب نێرران کە چاویان بە سمکۆ بکەوێت کە هەردووکیان ئەفسەربوون لە سوپای عوسمانیدا. لەو ڕۆژانەدا هێزێکی کوردی سەر بە سمکۆ بە سەرکردایەتی سید طەی شەمزینی گەیشتبوە ناوچەکانی (سەقز) و (بانە) و ڕەشید جەودەت و عارف صائب گەیشتنە سەقز بۆ ئەوەی لەوێوە بچنە لای سمکۆ بەڵام سید طەی شەمزینی پێی وتن: جارێ ئێمە کاروبارمان تەواو نییە و ڕەنگە خۆم بەم نزیکانە بێم بۆ سلێمانی، بۆیە پێویست ناکات ئێوە بچن بۆ لای سمکۆ لەبەرئەوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان (لام وایە ئەحمەد خواجا لێرەدا مەبەستی ئەوە بوە کە بڵێ سید طە حەزی نەکردوە بە بەشداریکردنی نوێنەرانی کومەڵەی کوردستان لە سلێمانی.)

لەڕاستیدا چ ئەوەی پێشوو کە نووسەری کتێبی کورد و عەجەم باسی کردوە و چ ئەوەی لە یاداشتەکانی ئەحمەد خواجا و شێخ ڕەووفی شێخ مەحموددا باسکراوە، نموونەیەکن لەو نەگبەتی و چارەڕەشییەی کە تووشی میللەتی کورد بوە کە بریتی بوە

لە ڕازی نەبوونی هیچ کوردێک بە سەرکردایەتی کوردێکی تر ئەگەرچی ئەو کوردە لێهاتوو و لێوەشاوەش بووبێت و مەبەست و ئامانجێکی زۆر فراوانتری لە دڵ و مێشکیا بووبێت وەک لەوەی لە دڵ و مێشکی خۆیدا هەبووە کە ئەمانە هەمووی پاشەڕۆکی بەشەمیراتی خێڵایەتی و کۆچەرێتی ساڵەهای ساڵی کورد بوە کە بەداخەوە لەچاو میللەتەکانی تری دراوسێیدا لە هەمووان درەنگتر دەستی لە کۆچوباری گەرمیان و کوێستان هەڵگرتوە و لە هەمووان درەنگتر کۆمەڵگای فراوان و شاری گەورەی دروست کردوە و هەر تیرە و هەر هۆزە سەرکۆماری خۆی هەبوە و هیچیان خۆی بە هەموو دنیا نەگۆڕیبوەتەوە و ئاگاداری ئەوە نەبوە کە لە دنیای وڵاتان و میللەتاند چ باسە و چۆن حکومەتی و دەزگای بەڕێوەبردنی حکومەت دروست ئەکرێ و بە مردنی پەزێک لە پەزەکانی ناو ڕانەکەی زۆر دڵگیرتر بوە لە کوشتنی سەرۆک و سەرکردەیەکی کورد کە دژی بێگانەی داگیرکەر خەباتی کردوە و کەللەڕەقی و پچڕپچڕی و لێکجیاوازی و تێکەڵنەبوون کارێکی وای کردبوو لەناو کوردەواریدا کە هەستی خێڵایەتی و ناوچەگەرێتی زاڵ بوە بەسەر هەموو هەستێکی تردا و مەگەر تاک و تەرا هەستی نەتەوایەتی هەبووبێت و ئامادە نەبوە لەگەڵ هاومیللەتی خۆیدا هیچ هاوکاری و بەشدارییەک بکا و زۆرجار بە دەسەڵاتدارێتی بێگانە قایل بوە هەر تەنها بۆ ئەوەی کە خۆی لە کوردێکی تر بە کەمتر دانەنێت کە ئەم نەگبەتیە هەر لە بەشێکی کوردستاندا نەبوە بەڵکو هەروەکو شێرپەنجە لەشی هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتبووەوە کە ئیمڕۆ نەوەی تازەی کورد باجی ئەو کەللەڕەقییەی جارانی باووباپیران ئەدەنەوە.

بەرلەوەی سەرنجی خۆم دەربارەی ئەو یاداشتەی نووسەری کورد و عەجەم و ئەحمەد خواجا پێشان بدەم شتێکی (ئەرنۆڵد ویڵسن)ی حاکمی گشتی بریتانیام هاتەوە بیر کە لەکتێبەکەیدا (LOYALITIES MESOPOTAMIA 1917-1920) چاپی ئۆکسفۆرد، بریتانیا، کە لە ساڵی ١٩٣١دا چاپکراوە، لەو یاداشتەی ئەرنۆڵد ویڵسندا باسی چوونی خۆی کردوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩١٨دا کە بڕیار درا شێخ مەحمود بکرێت بە حوکمداری خوارووی کوردستان و پاش ئەوەی هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە و ناسراو و ڕۆشنبیران لەبەر دەرگای سەرا کۆبوونەوە و هەموویان بڕیارياندا کە شێخ مەحمود بکرێت بە حوکمدار، ویڵسن ئەڵێ: دوای ئەوە یەکە یەکە لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەهاتنە لام و بەدزییەوە پێیان

ئەوتم کە بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود قایل نین. کە لێم ئەپرسین: باشە کە بەو قایل نین ئەی لەجیاتی ئەو کێی تر بە باشتر دائەنین کە بیری لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بکرێت بە حوکمدار. لەوەرامی هەموویاندا بۆم دەرئەکەوت کە هیچیان بە سەرکردایەتی هیچ کەسێکی تریش ڕازی نەبوو، بۆیە بۆم دەرکەوت کە کورد بە هیچ جۆرێک بە سەرکردایەتی یەکێک لەناو خۆیاندا ڕازی نابێت. (لەڕاستیدا مەبەستی ئەرنۆڵد ویلسن لەو باسەدا ئەوە بووە کە بڵێ دیارە کورد هەر بە سەرکردایەتی بێگانە ئەتوانرێ ببرێت بەڕێوە!!)

ئەوەی ئەرنۆڵد ویلسن حەفتاوشەش ساڵ لەمەوبەرم بۆ ئەوە هێنایەوە بە نموونە کە بەداخەوە لەوە ئەچێت هێشتا هەر لەسەر ئەو عەقڵەی جاران ماوین و شتەکەش هەر لە خوارووی کوردستاندا نییە بەڵکو بەداخەوە هەروەکو شێرپەنجە هەموو لەشی بەشەکانی تری کوردستانیشی گرتۆتەوە.

ئەوەی نووسەری کتێبی کورد و عەجەم و ئەحمەد خواجا باسیان کردوە دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی سید طە شەمزینی لەگەڵ ڕەشید جەودەت و عارف صائبدا ئەو سەردەمە بوە کە سید طەی شەمزینی بە شتێکی ترەوە خەریک بوە و ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا بیریان لەوە کردبوەوە کە سید طە بکەن بە حوکمدارای کوردستان پاش ئەوەی لە خوارووی کوردستاندا لەدوای ئاوارەکردنی شێخ مەحمود هەموو ناوچەکان ئاژاوە و ڕاپەینی تێ کەوت و ئینگلیزەکان ویستیان لە ڕێگەی سید طەوە ئەو پشێوی و ڕاپەڕینانە بێدەنگ بکەن، بەڵام سید طەش لە ئیمتحانەکەی ئینگلیزدا سەرنەکوت و لەدواییدا وەکو باسمانکرد بۆ قائمقامێتی ڕواندز پاڵێورا دوای ئەوەی ئینگلیزەکانی توانییان یوزدمیر لە ڕواندز دەر بکەن.

بەلای منەوە کە سید طە ڕێگەی عارفی صائب و ڕەشید جەودەتی نەداوە کە بچنە لای سمکۆ هیچ دوور نییە کە بۆی دەست نەدابێ ئەوانە بچنە لای سمکۆ بۆ ئەوەی ڕازی بکەن کە بەشداری بکات لەو ڕاپەڕینانەی لە خوارووی کوردستاندا دژی ئینگلیز دەستی پێ کردبوو لەکاتێکدا کە سید طە ڕاوێژکەری سمکۆ خۆی لە گفتوگۆکردندا بوە لەگەڵ ئینگلیزەکان وەکو باسمانکرد.

بێگومان بێجگە لەو سەرچاوانەی کە لەم بەشەدا باسمانکردن کە دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ دوابوون، لە باسی پێوەندی سمکۆ و کوردەکانی خوارووی کوردستاندا باسی ئەو گفتوگۆیە سمکۆ و مصطفی

یامولکیمان بلاوکردەوە کە لەو گفتوگۆیەیدا زنجیرەیەک رەخنەی لە سمکۆ گرتوە بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی و ئەویش یەک بە یەک وەرامی داونەتەوە، بۆیە لێرەدا پێویستی بەوە نەکرد کە ئەو رەخنانەی مصطفی پاشا یامولکی دووبارە بکەمەوە.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا کە بۆ هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکەی سمکۆ تەرخان کراوە و رەخنەی نووسەرانمان تیادا باسکردوە دەربارەی ئەو هەڵە و ناڕێکیانەی کە بزووتنەوەکەی سمکۆدا روویدا بوو... بە یادی خوێنی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەستیی میللەتی کورد و تێکۆشەرانی خەباتکەری ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان داوا لە هەموو میللەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی و لە سەرکردە و سەرۆکەکانی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی ئەکەم کە لە ڕێبازی کۆن لادەن و دەماری خۆخۆیی و ناوچەگەریتی بمرێنن و بازبدەن بۆ قۆناغێکی نوێ کە وەکو میللەتانی تری خواپێداو چۆن بە ڕێبازێکی دیموکراتی و شارستانیدا ئەڕۆن ئەوانیش هەمان ڕێباز بگرنە بەر و خوێندەواری و ڕۆشنبیری و زانیاری بکەن بە چەکێکی سەرەکی و شانبەشانی چەکی تێکۆشان و خەبات و ڕاپەڕینی چەکدارانە بەکاری بێنن و لە بۆچوونی کۆنی خێلایەتی و کەللەرەقی و ناوچەگەریتی لادەن و لاپەرەکانی مێژووی کورد بخوێننەوە بۆ ئەوەی سوود لە بەسەرهات و ڕووداوەکان وەربگرن نووسەرانی کورد پێویستە لەسەریان بە شێوەیەکی دوور لە قینی تایبەتی لەم و لەو ڕاستییەکان تۆمار بکەن و ڕوونیان بکەنەوە و شی بکەنەوە و سڵ نەکەنەوە لە گلەیی و نارەزایی ئەم و ئەو پێویستی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکە کە لەم ڕۆژە گرنگ و ناسکەدا دەوری خۆی بەبێ پێچ و پەنا بەجێبهێنێت و هەر کەموکوڕی و هەڵەیەک لە ڕاپەڕینەکان و لە سەرکردەکانی کورددا ئەبینێت هەمووی بخرێتە بەرچاو و هیچ شتێک دیزە بە دەرخۆنە نەکرێت.

جارێک لە خزمەت شێخ مەحموددا باسی زنجیرە نووسینەکەی جەمیل صائب کرا کە بە ناوی لە (خەوما) لە ڕۆژنامەیەکی سلیمانیدا بڵاوی دەکردەوە، هەروەها باسی ئەو شعرەی پیرەمێردیش کرا کە ڕەخنەی لە شێخ مەحمود گرتبوو، ئەوەی جەمیل صائب لە شێوەی چیرۆکێکدا باسی کەموکوڕییەکانی دەزگا و داروودەستەکەی شێخ مەحمودی بەئاشکرا کردبوو... پیرەمێردیش لەو شیعرەی وتبووی:

شەوێک دەست ئەهریمەن کەوت خاتمی موڵکی سلێمانی
کەچی میر و گزیری پێ ئەکە قەدری وەها زانی

شێخ لە وەرامی هەردووکیانا بە سنگێکی فراوانەوە فەرمووی: هیچ دوور نییە ئەوەی کە جەمیل صائب لەخەوما باسی کردوە شتی لەوە خراپتریش ڕووی دابێت. ئەوسا وەکو ئێستە نەبوو، خوێندەوار زۆر کەم بوو دەسەڵاتداری ئەو ڕۆژانە سەرۆک عەشایر بوون، ئێوە خۆشتان ئەزانن کە ڕۆژی تەنگانە ئەهات چۆن ئەوانە تاکەتاکەیەکیان نەبێت ئەوانی تر هەموو خۆیان کێشایەوە و هەموو چوونە پاڵ دوژمنی کوردیش... بەڵام هیوادارم لەمەودوا سەرکردە و دەسەڵاتداران و شۆڕشگێڕانی دوارۆژی کوردی ڕێگەی ئەوە نەدەن هەمان هەڵەی زەمانی من دووبارە ببێتەوە.

لێرەدا ئیمڕۆ کە ساڵی ١٩٩٤، لە سەرۆک و سەرکردە و لێپرسراوانی ئیمڕۆی کورد ئەپرسم: تو ویژدانیان بەرامبەر بە ئیمڕۆ و بەراوردکردنی لەگەڵ زەمانی شێخ مەحموددا چی ئەڵێن؟! لەگەڵ ئەوەشدا کە حەفتا ساڵ تێپەڕی کردووە بەسەریا!!

# سەرچاوەکان

سەرنج: لەهەر شوێنێکی کتێبەکەدا ناوی سەرچاوەیەک هاتبێت، تەنها ئیشارەت بۆ ژمارەی زنجیرەی ئەو سەرچاوەیە کراوە کە لەم سەرچاوانەدا بۆ هەر یەکێکیان ژمارەیەکمان داناوە و پێویستە نەبوە کە لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا باسیان بکەین.

نووسەر



| زنجیره | ناوی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامه | ناوی نووسەر و وەرگێڕ | شوێن و ساڵی لە چاپدانی |
|---|---|---|---|
| ١ | دۆکیومێنتەکانی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا | -- | — |
| ٢ | یاداشتەکانی رفیق حلمی (کوردستانی عراق و شۆڕشەکەی شێخ مەحمود) | رفیق حلمی | بغداد |
| ٣ | یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی (خەباتی گەلی کورد) | نووسینی: ئەحمەد تەقی و کۆکردنەوە و لەچاپدانی جەلال تەقی | چاپی ساڵی ١٩٧٠ بغداد، چاپخانەی سلمان الاعظمی |
| ٤ | چیم دی | یاداشتەکانی ئەحمەد خواجا | چاپخانەی شفیق، بغداد، ساڵی ١٩٦٨ |
| ٥ | کوردستان و شۆڕشەکەی | دوکتۆر جەمال نەبەز و ترجمەی لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی لەلایەن دوکتۆر کوردو عەلی | چاپی ستۆکهۆڵم -سوید، ١٩٨٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | جوولانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان | دوکتۆر عزیز شمزینی، ترجمەی (ئەسەسەرد) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی | چاپخانەی ابراهیم عزو، سالی ١٩٨٧، کوردستان |
| ٧ | رۆژنامەکانی خواروی کوردستان و رابەری رۆژنامەگەری | کۆکردنەوەی جەمال خەزنەدار | سالی ١٩٧٤، بغداد. |
| ٨ | چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد | دوکتۆر کەمال مەزهەر | چاپی بغداد، سالی ١٩٨٥ |
| ٩ | دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر | دوکتۆر کەمال مەزهەر | چاپی بغداد، سالی ١٩٨٥ |
| ١٠ | کردستان والحرکه التحرریه | جلال تاڵەبانی | چاپی بیروت، دار الطلیعه، سالی ١٩٨١. |
| ١١ | فی سبیل کردستان | زنار سلوپی (قدری جمیل باشا) | چاپی بیروت، سالی ١٩٨٧ |
| ١٢ | ماضی الکرد وحاضرهم | دوکتۆر بلەچ شیرکوه (جلادت بدرخان) | چاپی بیروت، سالی ١٩٨٦ |
| ١٣ | کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی | دکتۆر کەمال مەزهەر | چاپی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | یەکەمدا | | بغداد سالی ١٩٧٥ |
| ١٤ | مێژووی کورد و کوردستان | امین زەکی بەگ و ترجمەی محمد علی عونی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی | چاپی یەکەم ١٩٦١ و چاپکردنەوەی چاپی دووهەم لە لندن . |
| ١٥ | خەبات لەرێی کوردستاندا | ن. ا. خالفین. جەلال تەقی لە روسیەوە کردویەتی بە کوردی | چاپی سالی ١٩٨٢ |
| ١٦ | الاكراد | مینورسکی، ترجمەی دوکتۆر مارف خەزنەدار لە روسیەوە بۆ کوردی | چاپی دار کاوە للنشر، بیروت سالی ١٩٨٧ |
| ١٧ | الحركه الكرديه فی الزمن الحديث والمعاصر | نووسینی تاقمێک لە رۆژهەلاتناسانی رووس و ترجمەی چاپنەکراوی کریم السویدی | چاپی رووسیەکەی سالی ١٩٨٧ |
| ١٨ | مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا | نووسینی کریس کوچرا و ترجمەی محمد ریانی | چاپی دووهەم، تاران سالی ١٣٦٩شمسی و ٢٦٠٣ی کوردی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | کورد و عەجەم | نووسینی: صالح محمدامین | جاپی ساڵی ١٩٩٢ |
| ٢٠ | ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا | نووسینی: جلیلی جلیل و ترجمەی دوکتۆر کاوس قەفتان لە روسیەوە. | گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بغداد ساڵی ١٩٨٦ |
| ٢١ | نهضه الاکراد الثقافیه والقومیه فی القرن التاسع عشر وبدایه القرن العشرین | جلیلی جلیل، ترجمەی بۆ عەرەبی لە روسیەوە لەلایەن (باقی نازی) ولاتو | بیروت، رابطه کاوه، ساڵی ١٩٨٦ |
| ٢٢ | جمهوریه مهاباد | ئیگلتن، ترجمەی بۆ عرەبی لەلایەن جرجیس فتح الله | بیروت، ساڵی ١٩٧٢ |
| ٢٣ | انتفاضه اگری داغ، مذکرات جنرال احسان نوری پاشا | احسان نوری پاشا، ترجمەی صلاح برواری بۆ عەرەبی. | بیروت، ساڵی ١٩٩٠ |
| ٢٤ | رویدادها از ارومیه وکردستان | ترجمەی دانیال متی لە فرەنسیەوە بۆ فارسی | گۆڤاری دراساتی انستیتوتی پاریس، کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٨٤ |
| ٢٥ | یاداشتە چاپنەکراوەکانی شێخ روفی شێخ مەحمود | شێخ ڕەووفی شێخ مەحمود | ---- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | مسئلەی کوردەکان | نووسینی: و.ج.ایلفنستن. ترجمەی عبدالقادر حشمت | نامیلکەیەکی دەنکی گێتی لە بغداد سالّی ١٩٤٦ |
| ٢٧ | کورد. تورک. عرب. | نووسینی: ادمونس، ترجمەی جرجیس فتح الله بۆ عەرەبی | چاپی بغداد سالّی ١٩٧١ |
| ٢٨ | THE CONFLICT OF TRIBES AND STATE IN IRAN AND AFGANISTAN | MARTIN. VAN. BRUINOSEEN | چاپی لندن، سالّی ١٩٨٢ |
| ٢٩ | یادی قارەمانێکی نەتەوەی کورد (سمکۆ)ی شوکاک | کەریمی حسامی | گۆڤاری بەربانگ ژمارەکانی ٧٠ و ٧٣ سالّی ١٩٩١ |
| ٣٠ | البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، انتفاضه بارزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢ | مسعود بارزانی | چاپخانەی خەبات، ١٩٨٦. |
| ٣١ | کۆماری میللی مەهاباد | نووسینی: مەحمودی مەلا عزەت | چاپخانەی ابراهیم عزو، ١٩٨٤ |
| ٣٢ | کورد و کوردستان | باسیل نیکتین، ترجمەی لە روسیەوە بۆ فارسی لە لایەن محمدی قاضی | چاپی ئێران، ١٣٦٦ھ. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | TWO YEARS IN KURDISTAN | نووسینی کاپتن های | جابی لندن، سالی ١٩٢١ |
| ٣٤ | دۆخی جیهانی کوردستان له سەرەتای سەدەی بیستەمەوە | نووسینی: لازریف، ترجمەی دوکتۆر کاوس قەفتان له روسیەوە | گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٥) |
| ٣٥ | THE KURDS AN UNSTABLE ELEMENT IN THE GULF | STEPHEN C. PELLETIRE | جابی سالی ١٩٨٤ |
| ٣٦ | کورتەیەک له خەباتی عبدالرزاق بدرخان | دوکتۆر کەمال عەلی | گۆڤاری چوارچرا، سوید، ژمارەی (٢)ی سالی (١)، ١٩٨٦ |
| ٣٧ | گەنجینەی مەردان، یاداشتی رۆژانی دەربەدەری | مەلا عبداللەی زیوەر، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم | بغداد، سالی ١٩٨٥ |
| ٣٨ | الکرد وکردستان فی الوثائق البریطانیه | دوکتۆر ولید حمدی الاعظمی | چاپی لندن ١٩٩٢ |
| ٣٩ | پنجا خاطره از پنجا سال | ابراهیم صفائی | چاپی سالی ١٣٧١ هـ. هەتاوی |
| ٤٠ | نظر به تاریخ و فرهنگ سقز کردستان | عمر فاروقی | ١٣٦٩، انتشاراتی محمدی سقز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | کوردستان و بیرەوەرییەکانی من | یاداشتەکانی مراز کەریمی لەژێر بارام بەگی، ئامادەکردنی عمر فاروقی | جابدایە |
| ٤٢ | یاداشتها از کردستان | خاطرات شیخ روفی ضیائی، سەرپەرشتیکردنی عمر فاروقی | انتشاراتی صلاح الدین، سالی ١٣٦٧هـ شمسی |
| ٤٣ | ٣ مرد عجیب، لورنس. سمکو. سییر فرهاد | دوکتۆر نصرالله شیفته | تاران، جابی کاویانی، سالی ١٣٦٣هـ |
| ٤٤ | اسماعیل اغا شکاک | احمدی شریفی | جابی ١٣٤٨/ ١٢/١٢هـ |
| ٤٥ | بزووتنەوەی کوردەکانی کوردستانی خواروو و سیاسەتیی ئیمپریالیزمی ئینگلیز | نووسینی: ش. مَحویان، ترجمەی سەیوان عەلی رەز لە روسیەوە | گۆڤاری پەیڤ، لندن، ١٩٨٨ |
| ٤٦ | خاطرات وخطرات، توشەء از تاریخ شمس پادشاه و گوشەء از دوزیدگی من | حاجی مهدی قلی (مخبرالسلطنه) | جابی چهارم، تهران، ١٣٩٣هـ ١٩٨٤ |
| ٤٧ | ایلات وعشایر ازربایجان غربی، تاریخ ایلات و عشایر | ابراهیم اسکندر نیا | جابی تهران |
| ٤٨ | شارویران | عەلی حەسەنیانی (هاوار) | جابی ١٣٦٤هـ. انتشاراتی صلاح الدین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩ | بازیکران عصر طلائی | ابراهیم خواجه نوری | تاران، ۱۳۵۷هـ. ۱۹۷۸ |
| ٥٠ | تاریخ رضائیه | سروان احمد کاویان پور | چاپی تهران، کتێبخانەی ساواس، جامعەی لندن (ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە) |
| ٥١ | تاریخ بیست ساله، ایران، جلد اول | حسین مکی | طهران، انتشاراتی امیر کبیر، ۱۳۵۸هـ.ش مس |
| ٥٢ | سرگزشت حیرت انگیز | ح. ملکزاده | تهران، ۱۳۲۸هـ. |
| ٥٣ | اعلام الکرد | میر بصری | چاپی قبرص، لندن، ۱۹۹۱ |
| ٥٤ | راپۆرتێکی تایبەتی حکومەتی بریتانیا بۆ عصبه الامم | حکومەتی بریتانیا | ساڵی ۱۹۲۹ |
| ٥٥ | کتاب سبز | با مقدمه رضا قلی نظام مافی | چاپی اول نشر تاریخ ایران ساڵی ۱۳۶۳ هـ. شمس |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | ا- تاريخ الوزارات العراقيه | عبدالرزاق الحسنى | چاپی سالّی ١٩٨٨=١٤٠٨هـ |
| | ب- تاريخ العراق السياسى | عبدالرزاق الحسنى | چاپی بغداد، سالّی ١٩٨٣ |
| ٥٧ | کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی | دوکتور جلیلی جلیل، روسی، ترجمەی دوکتور کاوس قەفتان، کوردی | چاپی بغداد، سالّی ١٩٨٧ |
| ٥٨ | MESOPOTAMIAN IN 1917-1920 | نووسینی: ارنولد ویلسن | چاپی لندن، سالّی ١٩٣٠ |
| ٥٩ | عیلی قرەپاپاق، تاریخ اداب، رسوم، فولکلور، مونوگرافی | ب کوشش مهدی رضوی | تهران، سالّی ١٩٩١، ١٣٧٠هـ |
| ٦٠ | رضائیه-یا سرزمین زردشت | علی دهقان | چاپی تهران، چاپخانەی ابن سینا، سالّی ١٣٤٨هـ |
| ٦١ | شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم. | م. رسول هاوار | چاپی سوید-ستۆکهۆلم. ١٩٩٠ |
| ٦٢ | شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی | م. رسول هاوار | چاپی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم. | | لندن، ١٩٩١ |
| ٦٣ | کردستان والاکراد | دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو | چاپی بیروت، سالی ١٩٧٠. |
| ٦٤ | کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا | دوکتۆر کەمال مەزهەر | چاپی بغداد، سالی ١٩٨٧ |
| ٦٥ | ئاترۆپاتین | حسێن حوزنی موکریانی | چاپخانەی رواندز. |
| ٦٦ | فصول من تاريخ العراق الحديث | مس. بيل. ترجمەی جعفر الخياط | چاپی بغداد، سالی ١٩٧١ |
| ٦٧ | عەشیرەتەکانی موکریان | حسێن حوزنی موکریانی | چاپخانەی رواندز، ١٩٣٨م. |

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



نووسەری ئەم کتێبەی (سمکۆ)، محمد رسول هاوار لە ساڵی ١٩٢٤دا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی خوێندوە و کولێژی (قانون و سیاسە)ی لە بەغداد تەواو کردوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

□ یادی بادینان، یەکەم کۆمەڵە شیعر کە لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سلێمانی چاپکراوە.

□ پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العانی) لە بەغداد ساڵی ١٩٧٠.

□ یادی نیشتمان، کۆمەڵە شیعری دووەم، زنجیرەی یەکەم، ساڵی ١٩٨٣، لندن.

□ هەڵبژاردە، کۆمەڵە شیعری سێهەم، زنجیرەی دووەم، ساڵی ١٩٨٣، لندن.

□ کاروانی شۆڕش، کۆمەڵە شیعری چوارەم، زنجیرەی سێیەم، ساڵی ١٩٨٤، لندن.

□ پاش ئاشبەتاڵ، کۆمەڵە شیعری پێنجەم، زنجیرەی چوارەم، ساڵی ١٩٨٤، لندن.

□ کوێرەوەری و بیرەوەری، یاداشت، لندن، ساڵی ١٩٨٤، بنکەی چاپەمەنی ئازاد لە لندن.

□ هۆرەی دەروێشی یاخی، بەرگی دووەمی یاداشت، چاپی ستۆکهۆڵم، سوید، ساڵی ١٩٨٦، چاپخانەی ئازاد.

□ وڕێنە و تاسەی نیشتمان، کۆمەڵە شیعری شەشەم، شیعر، دەستخەت، لندن، ساڵی ١٩٧٨.

□ شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، چاپی سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠، بەرگی یەکەم.

□ شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، چاپی لندن، ١٩٩١، بەرگی دووەم.

□ سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپی سوید، ستۆکهۆڵم، چاپخانەی APEC ساڵی ١٩٩٥

ئەوەی ئامادەیە بۆ چاپکردن:

□ ئاوارە و شیعر، مێژووی ئاوارەبوون و شیعر و ئەو شیعرانەی لەو ڕووەوە وتراون.

□ کۆمەڵە شیعری حەوتەم، لە هەڵبجەوە بۆ بادینان.

SIMKO
(ISMAIL AGHA SHUKAK AND THE KURDISH NATIONAL MOVEMENT)
By M. R. Hawar
Sweden 1996
ISBN: 91-87730-90-1
APEC